# قورئان

پەیامی خۆشەویستی یا پەیامی ڕق و کینە

# محەمەد

تۆڵەساندنەوە

# ئیسلامی فاشیستی

نووسینی: حامید عەبدولسەمەد




وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە: شوانە

گەڵارێزانی ساڵی ٢٠١٧

## پێرست:


پێشەکی وەرگێڕ ........ ٦
پێشەکی نووسەر ........ ١٠
ڕوونکردنەوە ........ ١٤
قورئان چییە؟........ ١٨
قۆناخە جیاوازەکانی قورئان ........ ٢٢
قورئان لە سەرووی مرۆڤەوە........ ٣٠
خودا مرۆڤ ئازار دەدات........ ٣٤
خودا تەنیا ڕێزی بۆ ئەو کەسانە هەیە، کە وەدوای قسەکانی کەوتوون ........ ٣٩
قورئان لە سەرووی ژیانەوە ........ ٤٤
خودا و چرای جادوویی........ ٤٩
ژیانی ڕاستەقینە لە بەهەشتەوە دەستپێدەکا ........ ٥٣
هەڕەشەکانی قورئان........ ٥٧
لە ئاگری جەهەننەمدا........ ٦٤
نان شەکری لەجیاتی قامچیکاریی ........ ٧٠
چاولێکەری لە ئینجیل ........ ٧٣
لاوازیی محەمەد و نیشانەکانی خودا ........ ٧٩
تولەرانس و ناتولەرانسی لە قورئاندا........ ٨٣
ئایینی هاوبەش یا کێبەرکێی ناوخۆی ئیسلامی ........ ٨٧
بێ هێزیی پێغەمبەر ........ ٩٠
هیچ زۆرداریيەك لە باوەڕەکەدا نییە، یا: مەزنترین "خراپ تێگەیشتن" ........ ٩٥
شەڕ و ئاشتی لە قورئاندا ........ ١٠٢
چاوپۆشیکرن لە شەڕخوازییەوە بۆ شەڕی مان و نەمان........ ١٠٦
کۆیلایەتی، پەرستن و کولتوری شەهیدبوون........ ١١٠
سەردار و شەڕکەری دوورنوار ........ ١١٥

ئاشتی – کات بۆ خۆ پتەوکردن ........................................ ١١٨
سوورەی ٩ ، مانیفێست "بەیاننامە" ی کۆتایی ........................................ ١٢١
رق و کێنەی پیرۆز........................................ ١٢٥
دووڕوو، زەکات نەدەر و گاڵتەجاڕ ........................................ ١٢٩
پارە و خوێن بۆ جیهاد........................................ ١٣٤
یەهودییەکان لە قورئاندا ........................................ ١٣٧
ئایینی نموونە و ئارەزووی یەکگرتن ........................................ ١٤٢
یەکەم ڕاونان و دەرکردنەکان ........................................ ١٤٥
زمانی قورئان توند و تیژتر دەبێتەوە........................................ ١٤٨
تووناکردنی هۆزی بەنوقورەیزە........................................ ١٥٥
مەسیحییەکان لە قورئاندا ........................................ ١٦٠
چەواشەکرانی "پەرتووك" ........................................ ١٦٤
قەدەغەی دۆستایەتیکردن، دواتریش شەڕ ........................................ ١٦٧
ژن لە قورئاندا ........................................ ١٦٩
ژن و پیاو لە یەك ڕیزدا ........................................ ١٧٣
هاوسەری و سێکس ........................................ ١٧٧
لادان لە ڕێی خودا و زینا........................................ ١٨١
سزادان و ناوبژیوانی........................................ ١٨٥
داپۆشراو و هەڵپێچراو ........................................ ١٨٨
موزاحیمەتی سێکسی........................................ ١٩٢
هۆمۆسێکسوالیتە(هاوجنس بازی) لە قورئاندا........................................ ١٩٧
چیرۆکی سدوم و عموره (گمورا)........................................ ٢٠٠
خودا ڕقی لە تاوان و تاوانبارانە ........................................ ٢٠٣
لێکۆڵینەوە لە پرسیار، ئەزمونەکەی مەترسیە بۆ گیان ........................................ ٢٠٦
ئەو شتەی لە پەرتووکی قورئان دەمێنێتەوە........................................ ٢٠٩
هۆگری بۆ زانست........................................ ٢١٤
مەعنەوییەت لە قورئاندا........................................ ٢١٨

زێدەڕۆیی خەون و خەیاڵێك ............................................... ٢٢٠
ژیاندنەوەی دووبارەی محەمەد ............................................... ٢٢٨
ئەمەوییەکان، سەردەمی محەمەدیان نوێ کردەوە............................ ٢٣٥
ئایا محەمەد لە ڕاستیدا بوونی بووە؟ ........................................ ٢٤٣
محەمەد و ئیسماعیل، "چیرۆکی کێشەی کەسایەتی"........................ ٢٥٤
ئیسماعیل، هۆکاری چیرۆکی ئایینی ئیسلام ................................. ٢٦٦
بیسمارکی عەرەب، یاخود 'کۆزا نۆسترا'ی عەرەبی ......................... ٢٧٣
پرۆژەی کۆنی یەکگرتوویی نەتەوەی عەرەب .................................. ٢٧٧
محەمەد و ٤٠ هەزار چەتەی عەرەب.......................................... ٢٨٢
ئەلسەعالیك "Al-Saa'alik" ................................................ ٢٩٠
گرتنەوەی مەککە: پێك گەیشتنی دوبارەی خەڵکی مەککە و محەمەد ........... ٢٩٨
ئایا دەتوانین ئیسلام و مافیا لەگەڵ یەك هەڵسەنگێنین؟........................ ٣٠٢
کێشە و لاوازیی محەمەد لە هەنبەر ژناندا .................................... ٣١١
خەدیجە وەك دایکێکی یەدەکی.................................................... ٣١٦
زێنەب ئەو ژنەی پێغەمبەری بەزاند ............................................ ٣١٩
ئایشە، مناڵێک، کە محەمەد هەرگیز نەیدەتوانی وەك ئەو بێ....................... ٣٢٣
سەفییە، ژنێکی جوولەکەی بەدیلگیراوی شەڕ ................................... ٣٢٧
زێنەب بن جەهش، بووکی محەمەد، و ... ژنی محەمەد ........................... ٣٣٠
ئیرەیی کردنی پێغەمبەر.......................................................... ٣٣٦
محەمەد، دادوەرێکی ناعادڵ ........................................................ ٣٤٠
سێکس، هاوسەرایەتی و کەسایەتیی ژن: لە ڕاستیدا محەمەد چ ئاڵوگۆڕێکی پێکهێنا؟٣٤٢
توندوتیژی بە وشە دەست پێدەکات ............................................... ٣٥١
محەمەد و قورئان، گوتەی خودا یا خەونی تێکەڵ و پێکەڵ؟ ........................ ٣٥٦
پەرجۆی پەیامە ئیلاهیەکەی محەمەد - "وەحی" .................................. ٣٦٤
سەرچاوەکانی قورئان ............................................................ ٣٦٧
ئایاتی شەیتەنی.................................................................. ٣٧٦

قورئان دوای مردنی خەدیجە ........................................ ٣٨١
قورئانی مەدینە ........................................ ٣٨٥
محەمەد و جوولەکەکان ........................................ ٣٩٢
بلیمەت، سەرشێت، نەخۆشییەکانی پێغەمبەر ........................................ ٤٠٣
Hypergraphia (هیپپێرگرافیا) ........................................ ٤٠٨
خۆ پەرستی و شەیدایی بۆ بەڕێوەبردنی کاری ناحەز ........................................ ٤١٤
ئاڵۆزی و وەسواسی فیکری و کردەوەیی ........................................ ٤١٧
پارانۆیا ........................................ ٤٢١
ناتەوانیی گوێڕایەڵی لە ڕەخنە ........................................ ٤٢٤
خەڵاتی شارلی هێبدۆ بۆ موسوڵمانان ........................................ ٤٣٠
فاشیزم و ئیسلام ........................................ ٤٣٥
**بەردی بناعەی فاشیزم** ........................................ ٤٣٦
برایانی موسوڵمان (اخوان المسلمین) یا نوێنەرانی ئیسلامی فاشیستی ........................................ ٤٤٢
برایانی موسوڵمان و نازییەکان ........................................ ٤٤٧
پرۆگرامی پەنجا خاڵە ........................................ ٤٥٤
پێکهێنانی گرووپی تێرۆر بە چاولێکەری لە SA و SS ........................................ ٤٥٦
دێموکراسی بە ناوی 'ئەسپی ترۆیا'وە ........................................ ٤٥٩
ئیبراهیم و دامەزرانی بناغەی فاشیزم ........................................ ٤٦٣
ئیبراهیم، محەمەد و برینی لێکدابڕان ........................................ ٤٦٦
ابن حەنبەل، سەلاحەدین و خەونی یەکگرتن ........................................ ٤٧٣
ابن تەیمییە (Taymiyya)، سەید قوتب و پرنسیپی جیهاد ........................................ ٤٧٥
دوژمنایەتیی وڵاتانی عەرەب لەگەڵ یەهوودیەکان ........................................ ٤٨٠
چیرۆکی ئاندالۆزی (ئیسپانیا) ........................................ ٤٨٤
سەهیۆنیزم، ئیسلامیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەب ........................................ ٤٨٨
بێگانە لە وڵاتی خۆ، بارودۆخی کۆپتەکان ........................................ ٤٩٤
پێکهاتنی دیکتاتۆریی ئیسلامی ........................................ ٤٩٧
ئیمپراتۆری عوسمانی و ئوورووپا ........................................ ٥٠٠

عەبدول وەهاب و چەمکی نوێکردنەوە ........................ ٥٠٣
فەرهەنگی گووگل و ئینترنێت............................................ ٥٠٧
بژی ئوسەما، هەرەسهێنانی کۆمەڵگا، تیرۆریزم..................... ٥١٠
جیهاد و ئارەزووی سێکسیی پیاوانی عەرەب لە بەهەشت ............................ ٥١٤
"ژن" وەك کۆیلەی پیاو لە شەریعەتی ئیسلامیدا ........................ ٥٢٠
شیعە و فاشیزم........................................................... ٥٢٣
فاشیزم وەك سیستەمی دەوڵەتی....................................... ٥٢٨
"تەقییە" درۆکردن لە ڕێگای خودا....................................... ٥٣٥
چارەنووسی ئاتێئیستەکان لە میسر ....................................... ٥٣٩
فتوای تیرۆری مەلاکانی ئێران.......................................... ٥٤٢
ئەوە چ چەشن باوەڕێکە، ئەوە چ خودایەکە؟................................. ٥٤٥
سەلەفییەکان و جیهادیستە فاشیستەکان لە ئورووپا ........................ ٥٤٩
شێوەکانی زێدەڕۆیی و توندڕەوی....................................... ٥٥٣
قسەی کۆتایی .............................................................. ٥٥٩

## پێشەکی وەرگێڕ :

بە درێژایی تەمەنی دامەزراندنی ئایینی ئیسلام لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بارودۆخێک بۆ مرۆڤی وڵاتانی ئیسلامی پێك هێنراوە کە ئیزن بە کۆمەڵانی خەڵک نادرێ ڕەخنەیەك لە ئایینەکە بگرن. هەر کەسیش هەوڵی ئەو کارەی دابێ، دەستبەجێ فتوای کوشتنی دراوە. ئایینێك کە خۆی بە ڕاستەقینە و هەموو بۆچوونەکانی تر بە هەڵە دادەنێ، خۆڕاگریی لە هەنبەر هیچ ڕەخنەیەکدا ناکات.

ئێمە وەك نەتەوەی کورد هەر وەك هەموو نەتەوەکانی تری ناوچەکە ساڵیانی درێژە ئایینی ئیسلاممان بەسەردا سەپاوە. بە بێ ئەوەی لە مێژووی ئەو ئایینە ورد بینەوە و بزانین لە کوێوە و چلۆن ئەو دۆڵپایە سواری شانمان بووە، وەچە بە وەچە بە شێوەیەکی جیددی ئەو بیروبۆچوونە بە منداڵەکانمان دەسپێرین. بە بێ لەبەر چاوگرتنی ڕوخساری ڕاستەقینەی پێکهێنەرانی ئەو ئایینە، و بە بێ ئەوەی بزانین هەڵس و کەوتی ئەو مرۆڤە بە خەیاڵ ئیلاهییانە چلۆن بووە، وەك سیمبۆل یاخود بوتێکی چێکراو سالیانی درێژە کەوتووینەتە شوێنیان، خۆمانی پێ فریو دەدەین و مێشکی خۆمان و مناڵەکانمانی پێ ئالوودە دەکەین.

حامید عەبدولسەمەد یەك لەو کەسانەیە، سەرەڕای ئەویکە خۆی لە بنەماڵەیەکی ئیمامی سوننی هەڵکەوتووە، وەك مرۆڤێکی بەجەرگ قۆڵی لێ هەڵکردووە و پەردەی لەسەر ئەو چیرۆکە خیاڵییە لابردووە، کە کەم کەس وێراویە خۆی لێ بدا. بۆ باشتر نیشاندانی ڕوخساری ڕاستەقینەی ئیسلامییە فەناتیکەکان و پێکهێنەرانی ئەو ئایینە سێ کتێبی بەناوەکانی "ئیسلامی فاشیستی"، "قورئان" و "محەمەد" نووسیوە کە من لەو نووسراوەیەدا بەشە گرنگەکانی ئەو سێ پەرتووکە دەخەمە بەر چاوی خوێنەری کورد.

حامید عەبدولسەمەد یەکەمی فیبرواری ۱۹۷۲ لە وڵاتی میسر و لە شارێکی نیزیك قاهیرە وەك سێهەمین منداڵ لە پێنج منداڵی بنەماڵەیەکی موسوڵمانی سوننە، لە دایك بووە. وەك خۆی لە بیوگرافییەکەیدا دەگێڕێتەوە، لە تەمەنی چوار ساڵیدا لە لایەن کوڕێکی ۱۵ ساڵە و هەروەها لە تەمەنی ۱۱ ساڵەیی دا لە لایەن گرووپێکی پێنج

کەسیەوە دەستدرێژی سێکسی لەسەرکراوە، کە ئەوە خۆی ناپاك بوونی کۆمەڵگای ئیسلامی نیشان دەدات. لە تەمەنی ٢٣ ساڵەییەوە لە وڵاتی ئاڵمان دەژی، زمانی ئینگلیزی، فەرانسە و ژاپۆنی لە قاهیرە فێربووە و هەروەها لە زانکۆی ئاوکسبۆرگی ئاڵمان تەوەری سیاسەتی تەواو کردووە.

حامید عەبدولسەمەد لەو کتێبانەدا لە کەسایەتیی محەمەد دەدوێ، بەڵام نەك وەك پێغەمبەر بەڵکوو وەك مرۆڤێکی ئاسایی و خەیاڵی کە لە ڕوانگەی خۆیەوە دەبێ لە خودا نیزیك بووبێتەوە و قسەی ئەوی بە خەڵکی ڕاگەیاندبێ. نووسەر هەوڵ دەدا ئەو ڕاستیانە بنووسێ کە لە مێژووی ناوچەکە بە چاك و خراپ لەسەر محەمەد بڵاوبوونەتەوە. هەروەها ڕوونیشی دەکاتەوە ئاشتیخوازەکان و ئیسلامیستە فناتیکەکانی ئەوڕۆیی چلۆن لەسەر بنەمای ڕاستەقینەی ژیانی محەمەد هەڵوێست دەگرن. مەبەستی سەرەکی نووسەر ڕاهێنانی مرۆڤ بۆ بە چاوی ڕەخنە سەیرکردنی ئایین لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندایە.

سەبارەت بەم پەرتووکانە:

حیزبی برایانی موسوڵمان (ئیخوان المسلمین) ی میسریش وەك فاشیستەکانی ئیتالیا و ناسیۆنال سوسیالیستەکانی ئاڵمان لە ئەنجامی کاولکاریی و ڕووخاویی بەجێماو لە شەڕی جیهانی یەکەمدا پێکهات. هەرسێك ئەو تۆفانە سیاسییانە بنەمایەکی ئیدیۆلۆژی وەك یەکیان هەیە. مرۆڤی ناسیۆنالیست، نەتەوە پەرەست، ڕەگەز پەرەست و ئایینییان تێدا کۆبۆتەوە، کە بەوپەڕی زۆرەملییەوە بۆ وەدەستهێنانی هێز و دەستبەسەرداگرتن بەسەر دنیا، لە هیچ کارێکی نائینسانی چاوپۆشییان نەکردووە و نایکەن.

حامید عەبدولسەمەد یەك لە ڕەخنەگەرانی گرنگی ئینترناسیۆنالی ئایینی سیاسییە. ئەو ئەدیبێکی بە توانای عەرەبە کە تا ئێستا جیا لەو نووسراوانەی وا ئێستا دەکەوێتە بەر دەستتان، چەند کتێبی دیکەشی نووسیوە کە "ماڵاوایی من لە ئاسمان" و "ڕووخانی دنیای ئیسلام" دوانیانن. ناوبراو کەوتۆتە بەر گوشار و ڕەخنەیەکی زۆری وڵاتانی ئیسلامی و ئایینیەکان و تەنانەت بۆ تێزی فاشیست بوونی ئیسلام کە لەو کتێبەی

بەردەستتاندا باسی لێکردووە، لە ساڵی ٢٠١٣ دا فتوای کوشتنی لە لایەن بەرپرسانی ئایینیەوە بۆ دەرچوو.

هەر کەس لە وڵاتانی ئیسلامی غەیری عەرەبی رەخنە لە سوورەکانی قورئان، حەدیس و بە گشتی ئایین بگرێ، روبەرووی بەرگریکردنی ئایینییەکان دەبێتەوە. ئارگۆمێنتیان ئەوەیە کە بەهۆی زمانی ئاڵۆزی قورئانەوە واتە عەرەبی، وەرگێرانی بۆ سەر زمانێکی دووهەم ئەو مانایەی لە زمانی دایکدا هەیەتی ناگەیێنێ و مرۆڤ تووشی هەڵە دەکات.

بەڵام حامید عەبدولسەمەد خۆی عەرەبە و لە میسر لەدایك بووە. نەتەنیا عەرەبی زۆر باش دەزانێ و زمانی دایکییەتی، بەڵکوو وەك مرۆڤێکی ئەدیب و نووسەر شارەزاییەکی زۆری لەسەر ئەو زمانە هەیە. بەهۆی بنەماڵەکەی و باوکی کە مەلا بووە، قورئانی هەر لە منداڵییەوە خوێندوە و سەردەمی لاویەتی خۆی بەو کتێبە و مێژووی ئایینی ئیسلامەوە تێپەر کردووە. وەك خۆی باسی لێوە دەکا هەر ئەو سەردەمەش هەستی بە دژ و پێچەوانەبوونی سوورەکان کردووە و کاتێ هۆکاری ئەو هەڵانەی لە باوکی پرسیوە، هیچ وەڵامێکی نەدراوەتەوە. هەر وەك دەزانین لە وڵاتانی ئیسلامیدا پرسیار و وەڵام لەسەر تەوەری ئایین و بەتایبەت قورئان، کەسایەتی محەمەد و حەدیس بە تاوان لە ئەژمار دێ.

محەمەد لە سەردەمی کاری بازرگانیدا لەگەڵ نەتەوەکانی یەهوودی و مەسیحی و ئایینەکەیان ناسیاویی پەیدا کردووە. بە لاساییکردنەوەی باپیری کە هەوڵی یەکگرتوویی نەتەوە عەرەبەکانی داوە، و بە هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی عەرەبستان کە زۆربەی خەڵکەکەی بوت پەرەست بوون، ویستوویە بە تێکەڵاوییەك لە مێژووی ئایینی ئیبراهیمی، ئایینێکی نوێ پێک بێنی کە بتوانێ نەتەوە و هۆزەکانی عەرەب یەکگرتوو بکات. لە سەرەتاوە وەکوو هەموو مرۆڤە ئایینیەکان و بوت پەرەستەکانی شاری مەککە لەو شارە بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە بانگەوازی بۆ ئایینەکەی داوە. سوورەکانی ئەو سەردەمەی قورئان زۆربەیان ئاشتیخوازانەن و قاو بۆ پێکەوە ژیانی بۆچوونە هەمەرەنگەکان دەدەن. دوای ماوەیەك لەبەر ئەوەی کەس گوێراگری لێ ناکا، لەگەڵ چەندکەس لە یارانیدا دەچنە یثریب (دواتر مەدینةالنبی یان مەدینە). لەوێ لەگەڵ چەندین باندی چەتە و دزدا هێزێکی نیزامی پێك دێنن کە

زۆربەی چالاکییەکانیان بریتی بووە لە هێرش بۆ سەر بازرگانان و کاروانەکانی ڕێگای مەککە و مەدینە. لێرەبەدواوە زمانی قورئان بەتەواوی دەگۆڕێت و روخسارێکی شەڕخوازانە پەیدا دەکات.

چەند دەیە دوای مردنی محەمەد ئایەکانی قورئان لە لایەن عوسمانەوە کۆ دەکرێنەوە. لە سەردەمی ئەمەویی، عەباسییەکان و حاکمانی دواتردا، دەقەکەی عوسمانیش لەناو دەچێ و قورئان سەرلەنوێ دەنووسرێتەوە. بەداخەوە هەرچەند لە سەدەمی محەمەد دوور کەوتووینەتەوە، کتێبی قورئان و حەدیس پیرۆزتر بوونەتەوە و ڕەخنەلێگرتنیان ئاستەمتر بۆتەوە. هەڵس و کەوتە شەڕخوازییەکانی سەردەمی محەمەد وەك کارێکی نموونە لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە تەنانەت تا ئەمڕۆش لاسایی دەکرێتەوە.

شەڕی ناوخۆیی وڵاتە موسوڵمانەکان هەروەها ناکۆکی و بەربەرەکانی نێوان ئایینیەکان لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا بەڵگەیە بۆ ڕەنگدانەوەی گوتەکانی قورئان و پێکهێنانی شەڕی سەردەم. نوسراوەکانی ناو قورئان خۆیان بەرپرسن بۆ دروستکردنی ئەو کێشەیە، چونکە لە لایەکەوە پەیامی ئاشتیان پێیە و لە لایەکیتریشەوە هەوڵی بەفەرمیکردنی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان مرۆڤدا دەدەن. ئەو دژایەتی و پەرچەکردارە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی محەمەدەوە هەبووە، کە لە سەرەتاوە ئاشتیخوازانە بانگەوازی بۆ ئایینەکەی داوە بەڵام لە کۆتاییدا تووی شەڕ و ڕق و کینەی چاندووە.

هیوادارم بەو چەشنە کتێب و نووسراوانە بتوانرێ لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا و بەتایبەت کۆمەڵگای کوردەواری ڕچەی رەخنە بشکێندرێ و نەوەی نوێ بە چاوێکی کراوە و رەخنە ئامێزەوە سەیری هەموو بابەتەکان و تەوەرەکان بکات.

بۆ وەرگێڕانی ئایەکان لە ئاڵمانییەوە، لە دەقەکەی مامۆستا هەژار کەڵکم وەرگرتووە.

شوانە خاکەلێوەی ٢٠١٧ی زایینی

## پێشەکی نووسەر

جارێك لەسەر فەیسبووك وێنەیەکم بینی کە بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دروستکرابوو. وێنەکە پیاوێکی ریشدار نیشان دەدا کە پلاکارتێکی بە دەستەوە گرتووە و لەسەر پلاکارتەکە نووسراوە: **"پێستی ئەو کەسە هەڵقەنین کە پێیوایە ئیسلام ئایینی زۆرەملییە"!** من لە ناخی دڵمەوە بەو ڕاستییە تاڵە پێکەنیم. پێکەنینەکەم لەسەر دڵم گیرا، کاتێك لەپڕێکدا هەر لە فەیسبووکدا فتوای کوشتنی خۆمم بینی: "Wanted Dead"

هۆی ئەو فتوایەی لەسەر من دەرکرابوو، کۆبوونەوە و کۆنفرانسێکی من لە چواری ژانویەی ٢٠١٣ لە قاهیرە بوو. ناوی تەوەری ئەو ڕۆژەم "ئایینی فاشیستی لە میسر" بوو. من گوتم ئیسلام داوا لە لایەنگرانی دەکات بە بێ ئەملا و ئەولا گوێڕاگری نوێنەرانی ئایینی بکەن، تەحەمولی هیچ بۆچوونێکیتر جیا لە ئیسلام ناکەن و بۆ گەیشتن بە حکوومەتی جیهانی ئیسلامی گیانی لایەنگرەکانیان بەخت دەکەن. بەو هۆیانەوە دەتوانین ئەو ئایینە بە ئیسلامی فاشیستی دابنێین. ویدیۆی باسی ئەو ڕۆژەی من لەسەر تۆڕی ئینترنێت داندراوە و دواتریش چەند کەسێك لەسەر تلەویزیۆن بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەرنامەیەکیان دژ بە ئارگۆمێنتەکانی من بڵاوکردەوە. بەدوای نموونە هێنانەوە لە قورئان و قسەکانی محەمەد، لەسەر تۆلەرانس، سەبووری و ڕێزلێنانی ئایینی ئیسلام لە هەنبەر ئایین و بۆچوونەکانیتر، دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە و قسەکردن، لەسەر چۆنیەتیی تەمبێکردن و سزادانی من. بڕیارەکەیان زۆر بە گورجی دەرچوو و زۆربەیان لەسەر ئەوە سوور بوون کە من دەبێ بکووژرێم. یەکیان گوتی: "دەبێ ئەو هەلەی پێبدرێ کە داوای لێبووردن بکا و بگەڕێتەوە بۆ سەر دینی ئیسلام. ئەگەر بێتوو من ئەو پێشنیارە رەد کەمەوە، ئینجا بمکووژن." پرۆفسۆرێکی زانستگەی (ئەلئەزهەر) و هەروەها سەرۆکی ڕێکخراوەی تێرۆریستیی "DschamaaIslamiyya" داوای کوشتنی بەپەلەی منیان کرد و گوتیان پێویست بە پرس ناکات چونکە من سووکایەتیم بە محەمەد کردووە. بۆ سەلماندنی بڕیارەکەیان پرۆفسۆرەکە گێڕاوەیەکی لە بیوگرافی محەمەد بەو شێوەیە هێناوە:

*"ڕۆژێک محەمەد لە بەر دەرکەی مزگەوت لاشەی ژنێکی مردوو دەبینێ. ئەو لە نوێژکەرەکان پرسیار دەکات کێ ئەو ژنەی کوشتووە. پیاوێکی کوێر هەستا سەر پێی و گوتی: رەسووڵی خودا من ئەو ژنەم کوشتووە. ئەو ژنە کۆیلەی من بوو و دوو منداڵی وەك دەنکی یاقووتم لێی هەیە. ئەو دوێنێ سووکایەتی بە رەسووڵی خودا کرد. من پێم گوت کارەکەی باش نییە و نابێ شتی وا بڵێی. بەڵام ئەو سەرەڕای ئەوەش هەمیسان سووکایەتییەکەی خۆی دووپات کردەوە. لەسەر ئەو کارەی، من ناچار بە کوشتنی کرام، چونکە خۆڕاگریی ئەو سووکایەتییەی ئەوم نەبوو. لەسەر قسەی ئەو پیاوە محەمەد رووی دەکاتە نوێژکەرەکان و دەڵێ:* **ئێوە هەمووتان شاهیدن کە خوێنی ئەو ژنە بە حەڵاڵ ڕژاوە."**

تا ئێستا زۆر جار ئایینیەکان لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان بۆ کوشتنی دژبەرانیان ئەو رەوایەتە وەك ئارگۆمێنت دێننەوە و لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەرکەس سووکایەتی بە ئایینی ئیسلام و بەتایبەت محەمەد بکات، بە بێ محاکمە دەبێ بڕیاری سزای کوشتنی بۆ دەربکرێت.

ماوەیەکی زۆری نەکێشا و سەرۆکی سەلەفییەکان ئەبوو ئیسحاق ئەلحوەینی (Abu-Ishaq Al-Huwayni) لەسەر تلەفیزیۆن لەسەر من قسەی کرد. ئەبوو ئیسحاق زۆر جار دێ بۆ ئاڵمان و سەلەفییەکانی ئاڵمان ئورگانیزە دەکا و هانیان دەدا. ئەو لە وتەیەکیدا دەڵێ: ***"لە ئێستاوە هەتا قیامەت لە مابەین ئیمە و کافراندا تەنیا شەڕ و تۆڵە سەندنەوەی خوێناوی حوکم دەکات."***

تەواوی ئەو چەشنە بۆچوونانە و کەسایەتییە فەناتیکانە، ئایینەکەیان بەرەو بازنەیەکی داخراوی ئیدیۆلۆژیکی هیدایەت کردووە. خۆشیان هەستی پێ ناکەن کە بڕیارەکەیان تەنیا ئارگۆمێنتەکانی من بەهێزتر دەکەن. ئەوان بە شێوەیەکی وەها فەناتیکانە محەمەد دەپەرستن کە ئامادەی کوشتنی هەر کەسێکن وا دژ بەو ڕاوەستێ یاخود تەنیا ڕەخنەی لێبگرێت. کاتێك ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، کەسێك کە تەنیا بیر و بڕوای ئەوانی نەبێ، بیکووژن، ئیتر جیا لە ناوی "ئیسلامی فاشیستی" دەبێ چ ناوێکیتر لەو ئایینەی ئەوان بنرێت؟

بەدوای بڕیاری کوشتنی من دەبوو چەند حەوتوویەك خۆم بشارمەوە. لەوەتی هاتووشمەتەوە ئاڵمان لەژێر چاوەدێریی پۆلیسی ئالماندام چونکە لە ئاڵمانیش هێندە فەناتیکی ئیسلامیی زۆرن و بە خوێنی سەری دوژمنانی ئیسلام تونین، کە تەنانەت لێرەش ناتوانم بە ئازادی بژیم.

لای کەم دوای ڕووخانی لایەنگرانی موورسی لە میسر، سزای زیندان بەسەر دوو کەس لەوانەی فتوای کوشتنی منیان دابوو، دراوە و تلەفیزیۆنەکانیان داخراون. سەرەڕای ئەوانەش تا ئەمڕۆش فتوای کوشتنی من پووچەڵ نەکراوەتەوە. ئەو مرۆڤە فەناتیکانە وەنەبێ تەنیا ئەو کاتە مەترسیداربن کە هێزیان بەدەستەوە بێ، بەڵکوو بە پێچەوانەکەشی ئەو ئایینییانەی وا دۆڕاون، خۆیان بە قوربانی دادەنێن و لە پێناو تۆڵە سەندنەوەدا هەزار جار مەترسیدارتر و چاو تینووترن. من لەسەر خۆم هیچ ترسێکم نییە، خەریکی نووسینم و درێژە بە کارەکەم دەدەم. تەنیا نیگەرانی من بۆ بنەماڵەکەم لە میسرە کە تا ئێستا چەندین جار لە لایەن فەناتیکەکانەوە هەڕەشەیان لێکراوە. ئەوان ڕەنگە بتوانن ئازادیی و جووڵانەوەی من تێك دەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن بۆچونەکانم خەفە بکەن. ئەو کارەی ئەوان بۆتە هۆی گەورەبوونەوەی بازنەی خۆێنەری بابەتەکانم لە دنیای ئیسلام و دەروە. بە پێی ئەو کەسانەی بەهۆی ئیمەیل و فەیسبووك و ... هوە پەیوەندییان لەگەڵ گرتووم، زۆرکەس لەوانەی تا ئێستا لەگەڵ ئەو فەناتیکانە بوون، لێیان بێزار بوون و دەستخۆشی منیان کردووە کە ڕوونم کردوونەتەوە. لە نێو ئەو هەموو هەواڵانە کە تا ئەوڕۆ پێم گەییون، یەکیانم زۆر بەدڵ بووە کە لە لایەن گەنجێکی ناوخۆی میسرەوە بۆم نێرراوە و تێیدا گوتوویەتی: *"من سپاسی ئەو تێرۆریستانە دەکەم کە منیان لەگەڵ تۆ و بیروبۆچوونەکەت ناسیاو کردووە. تکایە کارەکەتان درێژە پێبدەن."*

ئەم کتێبە ئیلەمێنتێکی گرنگە بۆ درێژەپێدان بەو ڕێگایە و هەروەها سەلماندنی فاشیست بوونی ئیسلام. بە بڕوای من بەو کارە و بە تووڕەکردنیان، زیاتر ڕوخساری ڕاستەقینەی ئیسلامە فەناتیکییەکان ئاشکرا دەبێت.

ئەو کتێبە پێشکەش باوکم، کە لە تەمنی منداڵیدا منی فێری قورئان کرد. یەکەم پرسیار و رەخنەی منی لەسەر کتێبی قورئان لە تەمەنی گەنجیدا بە تووڕەییەوە وەڵام نەدامەوە. بەڵام دواتر کە مرۆڤێکی گەورەبووم پێکەوە لەسەر شێوازێکی ڕێزدارانە لەسەر ئەگەری ئیلاهیبوونی تێکستەکانی قورئان باس و لێکۆڵینەوەمان دەکرد. کاتێ مرۆڤە فناتیکە ئیسلامییەکان لە میسر گوشارییێکی زۆریان بۆ باوکم وەك مەلا هێنابوو کە دژ بە تێزەکانی من لەسەر ئیسلام هەڵوێست بگرێ، پشتی منی بەر نەدا. زۆر بەداخەوە ئیتر ناتوانم لەگەڵی لەسەر تەوەری ئایین باس و ڕاوێژ بکەم چونکە چەند مانگ پێشتر کۆچی دوایی کرد.

## ڕوونکردنەوە

دڵنیام ئەو شتە بەسەر ئێوەش هاتووە، کاتێ لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا باس و گفتوگۆی نێوان ڕەخنەگرێکی ئیسلامی و باوەڕپێکراوێکی ئایینی ئیسلام لەسەر هۆکاری پەنگراوی زۆرداریی و تووڕەیی قورئان سەیر دەکرێ، و لە کۆتاییدا ناتوانین بزانین قسەی کامیان ڕاستە؟ لایەکیان بەڵگە لە سوورەی قورئان دێنێتەوە کە تووڕەیی لە هەنبەر ئایینیەکانیتر، بێ دینەکان و ژنان دەسەلمێنێ، ئەویتریشیان سوورە لە قورئان دەخوێنێتەوە کە بانگی ڕەنگاڵەیی، خۆشەویستیی و لێبووردن دەدات.

ئەوەی نەتوانین پشتیوانی لە لایەنێك لەو دوانە بکەین، هەڵەی ئێمە نییە، هەڵەی بەرپرسی وتووێژەکەش نییە. لە زۆربەی ئەو چەشنە وتوویژ و باسانەدا، هەردوولا پەیتا پەیتا بۆچوونی یەکتر پووچەڵ دەکەنەوە و لە کۆتاییدا بە هیچ ئەنجامێك ناگەن. لە ڕاستیدا ئەو ناکۆکی و جیاوازییەش پەیوەندیی بە خودی قورئانەوە هەیە کە بەڵگە بۆ هەردووك بۆچوونەکە دەداتە خوێنەر: **"پەیامی خۆشەویستی و هەروەها پەیامی ڕق و کینە"**. سەیر ئەوەیە کە لە زۆربەی ئەو بارودۆخانەدا نە بەرپرسی وتووێژەکە و نە تەماشاڤانەکان بە وردی لە ناوەرۆکی ئەو سوورانە و کێشەی نێوان دوو لایەنەکە تێناگەن و لایەنەکانیش بە ئانقەست یاخود لەڕووی نەزانییەوە لەسەر بەستێن و بوونی تێکستەکان بێدەنگی ڕەچاو دەکەن. مرۆڤ لەوناوەدا ئەگەر زانیاریی پێویستی لەسەر قورئان، ئایینەکە و چۆنیەتیی پێکهاتنی مێژووەکەی نەبێ، سەرلێ شێواو، مات و سەرگەردان دەمێنێتەوە.

هەرکەس سەری خۆی بە مێژوو و چۆنیەتیی پێکهاتنی کتێبی قورئانەوە خەریك کردبێ، دەبێ بزانێ کە نووسراوەکانی قورئان لە باری کات و سەردەمەوە، خۆیان بەسەر دوو سەردەمی مەککە و مەدینەدا دابەش دەکەن. لە یەکەمیاندا سوورەکان باس لە ئاشتی دەکەن و لە سوورەکانی دووهەمدا بانگی تووڕەیی و شەڕ دەدرێ. بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری ئەو دوو بەشە بکرێ، دابەشکردنەکە بەو شێوەیە نییە کە

دایان ناوە. ئەگەرچی لە سوورەکانی مەککەدا نابینرێت کاری چەکدارانە دژ بە بێدینەکان بەڕێوە بچێ، بەڵام زۆرێك لە سوورەکانی ئەو قۆناغە قاو بۆ هاندانی هەستی ڕقلێبوونەوە دەدەن. هەر بەو شێوەیەش لە سوورەکانی مەدینەدا کە بەسوورەی پێکهێنانی جیهاد ناسراون، سوورەی وای تێدایە کە سەبارەت بە ئازادی ئایین و ژیانێکی پڕ لە ئاشتی بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەکان دەدوێ.

بەڵام پرسیار ئەوەیە: کام لەو سوورانە جێی باوەڕە و دەبێ متمانەی پێ بکرێ؟ هەروەها چ شتێك بۆتە هۆی پێکهێنانی ئەو پارادۆکس و دژوازییە؟- کێشەیەك کە ڕاڤەکارانی قورئان و ئایینیەکان ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ خۆیان ڕایدەکێشن. ئەوان یارمەتیدەری یەکتر بوون بۆ پێکهێنانی پرەنسیبی کوێرکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی ئەو باس و وتووێژانەی وا لە سوورەکانی پێشتردا گوتراون، یان بۆ بێ بایەخکردنیان.

سەرجەم مێژووی داگیرکەریی لەئیسلام، کە بە کۆنترۆڵی محەمەد بەسەر عەرەبستاندا دەستیپێکرد و بە هەرەسهێنانی عوسمانییەکان لە سەدەی بیستەمدا کۆتایی پێ هات، بە متمانەکردن و بەفەرمیکردنی سوورەکانی قورئانی سەردەمی مەدینە پێکهاتن. هەوڵدان بۆ گەشەپێدان، هەڵماسان و گەورەکردنەوەی ئەو کێشەیە، چەوسانەوە و ڕاوەنانی مرۆڤی بێ دین بە ناوی خوداوە، تەواوی ئەو کارەساتانە ڕەنگدانەوەی خۆیان لە سورەکانی قورئاندا دەبیننەوە. بەهۆی پرەنسیپی کوێرکردنەوە و پووچەڵکردنەوە کە هەر وەك گوتمان لە لایەن وتووێژکەران و ڕاڤەکارانی قورئانەوە پێکهاتوە، سوورەکانی مەدینە، بە پێی ئەو پرەنسیپە سوورەکانی مەککەیان کە باس لەسەر ئاشتی و تولەرانس دەکات، پووچەڵ کردۆتەوە.

کێشەیەك کە تەنیا لە ناوەرۆکی بەشێك لە قورئان سەرچاوەی گرتووە. بەگشتی قورئان وەك گوتەی خودا سەیر دەکرێ، و بەو هۆیەشەوە هەموو سوورەکان لە ڕوانگەی کاتییەوە تەفسیری ئەخلاقییان بۆ لێدراوەتەوە. ئەگەر خودا ویستبێتی وەحی، واتە قسەکانی پێشووی وەلابنرێت و پووچەڵ بکرێتەوە، ئەدی بۆ بە شەفافی باسی لێوە نەکردووە؟ پرسیارێکی کافرانە، کە لە لایەن ڕێفۆرمیستی سوودانی محەمەد محەمەد تەها (١٩٠٩- یا ١٩١١)وە کراوە، و سزایەکی لە گوێن سزاکانی سەردەمی سەدەکانی

ناوەڕاست لە جیهانی مەسیحیدا بەسەردا سەپاوە. محەمەد تەها سووڕەکانی سەردەمی مەدینە وەك كاردانەوە و دژکردەوەی پەرەسەندنی بارودۆخی سیاسی و نیزامی سەردەمی خۆی سەیر كردووە كە بە هیچ شێوەیەك مەبەستی پووچەڵکردنەوەی 'وەحی'یەکانی پێش خۆی نەبووە. بەو هۆیەش یاساکانی شەریعەت كە خۆیان لە سووڕەکانی مەدینەدا دەدۆزنەوە، بە كێشەی سەردەم نازانێ. تەها ویستوویە ڕێنێسانسێك لە رۆحی مەککەدا پێك بێنێ، سەردەمێك كە قورئان قاوی بۆ پرەنسیپێکی گشتیی دەدا و هەوڵدانێکی كەمتری بۆ كاری پڕتووڕەیی و كاردانەوەی ناحەز تێدایە. ئەو لە ناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتادا لە خارتووم لەسەر تێزە ئایینیەکەی لە سێدارە درا.

بە بڕوای من نە سووڕەکانی مەککە و نە هی مەدینە كارتێکەری بە فەرمیکردنی كردەوەی ئەخلاقییان بۆ هەڵس وكەوتی سیستماتیکی موسوڵمانی مودێرنی ئەوڕۆییان تێدا بەدی ناکرێ. نەك لەبەر ئەوەی من نکۆڵی و حاشا لە پرەنسیپی ئەخلاقیی قورئان دەکەم، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەکەی و لەبەر ئەوەی ئەگەر پرەنسیپی حاشاهەڵنەگری پەیام و وەحیەکانی محەمەد وەك پێغەمبەر رەد بكرێتەوە، كە ٢٣ ساڵ درێژە و كارتێکەریی بووە، ئەدی چلۆن موسوڵمانان چاردە سەدە دواتر هێشتا هەر پشتی پێ دەبەستن؟ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ كە شێوازی ژیانی پێغەمبەر كە وەحی و پەیامەکانی خودای وەرگرتووە، دەبێ لەو سەردەمە و بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت.

بەوهۆیەوە، لێکدانەوەی قورئان تەنیا كاتێک دەتوانێ بەر و میوە بدات، كە مرۆڤ خۆی لە هێزی تێکستەکەی وەك نووسراوەیەکی خودایی، ئیلاهی و هەمیشەیی ڕزگار بکات. خودا نە بە كات و نە بە بەستێنەوە دەبەسترێتەوە، بەڵام بە گوتە و كردەوەی مرۆڤەوە بەستوویانەتەوە. تەفسیر و لێکدانەوەی قورئان بە بێ رەخنە و بە بێ هاوتایی و هاو ئاستی كاتیی هیچ مانای نابێ.

ئەو چەشنە تیئۆریی و فەلسەفی كردنانە تەنیا كاتێک گونجاو دەبێت كە ئێمە كتێبی قورئان وەك بەرهەمێکی ئینسانی ئەوتۆ سەیر بکەین كە تەنیا پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕی كۆمەڵگایەکی ٢٣ ساڵەی ئەو سەردەمە لەخۆی دەگرێ. لە مەککە كۆمەڵگاكە زۆر

لاواز و لەژێر گوشاردا بووە و هیچ دەرەتانێکی بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیی چەکدارانە نەبووە و ویستی زیاتر پێکەوە ژیان بووە.

بارودۆخی مەدینە جیاوازیی هەبوو، کۆچەرانی موسوڵمان بە سەرکردەیی محەمەد هێزێکی نیزامی بەقەوەتیان پێکهێنابوو و چەندین شەڕی سەرکەوتووانەیان بەڕێوە بردبوو. لەوێ بارودۆخێکی تایبەت بۆ چارەسەری کێشە لە ڕێگای زۆرداریی و شەڕەوە پێکهات، لەبەر ئەوەی ژیانی کۆمەڵگاکە بە دەسکەوتی سوپایی و فرۆشتنی کۆیلەی شەڕەوە بەسترابۆوە. ئەوپەرەسەندنە بە باشی لە قورئاندا ڕەنگی داوەتەوە، لای کەم سوورەکانی سەردەمی کۆتایی مەدینە بە ئاشکرایی بۆنی شەڕخوازانە و دوژمنایەتییان لێوە دێت.

## قورئان چییە؟

وشەی قورئان لە زمانی عەرەبیدا بە مانای "ذكر" واتە باسكردن، خوێندنەوە، دەربڕین، خوێندنەوەی نزا و ویرد هاتووە و دەگەڕێتەوە بۆ وشەی سوریانی قیریان"qiryan" كە بە پەرتووكی سەڵانامە گوتراوە و مەسیحییەكانی سەردەمی محەمەد لە كلیساكانیاندا بۆ دۆعاكردن كەڵكیان لێ وەرگرتووە. قورئان، كتێبی ئایینی موسوڵمانان لە ١١٤ سوورە پێكهاتووە كە درێژاییان جیاوازە. درێژترین سوورە ی قورئان سوورەی دووهەمە بە ٢٨٥ ئایەوە. كورتترین سوورە (سوورەی ١٠٨) تەنیا لە سێ ئایە پێكهاتووە. ژمارەی سوورەكان كرۆنۆلۆگی مێژووی كاتیی گوتنی وتەكان پیشان نادەن و لە لایەن خەلیفەی سێهەم عوسمان (خەلافەتەكەی لە ساڵی ٦٤٤ تا ٦٥٦) ەوە تەنیا بۆ ڕێكوپێككردنی سوورەكان دانراوە.

عوسمان هەوڵی داوە سوورەكان بە پێی درێژیەكەیان بەدوای یەكتردابێن. بەو هۆیە یەكەم سوورە خراوەتە ژێر ژمارەی ٩٦ و ئاخرین سوورە لە ژێر ژمارەی ٩ دایە. سوورەكان نەك بە نووسراوە بەڵكوو لە ڕێی بیستنەوە بە محەمەد ڕاگەیاندراون. پێغەمبەریش ئەو سوورانەی وا بۆی نازڵ بوون هەر وەك لە بیوگرافییەكەیدا دەبینرێ، دەبێ هەر بەو شێوەیەی گوێی لێ بووبێت، بۆ لایەنگرەكانی گێڕابێتەوە. نیزیكەی دوو دەیە دوای مردنی محەمەد سوورەكانی قورئان و گوتەكانیتری محەمەد كە دواتر ناوی حەدیسی لەسەر دانرا، كۆكرانەوە. لە كاتی كۆكردنەوەكەدا زۆربەی ئەو كەسانەی ڕاستەوخۆ گوتەكانیان لەزمانی محەمەد بیستبوو، نەمابوون و قسەكانی زار بە زار گەڕاون و مرۆڤیش بە ئیشتیای خۆیان شتیان لێ زیاد كردووە و ڕازاندوویانەتەوە، بە شێوەیەك كە وەچەكانی داهاتوو زۆر دژوار دەیانتوانی جیاوازی نێوان ئەفسانە و ڕاستییەكانی ئەو سەردەمە بناسن.

سەرەڕای ئەوەش كێشەی هەڵنەبژاردنی جێگر لە لایەن محەمەدەوە هێندەی تر مەسەلەكەی ئاڵۆز كردوە. بارودۆخەكە وای لێهاتوە كە بەدوای مردنیدا چەندین

گرووپ لەسەر بەدەستەوەگرتنی هێز لەگەڵ یەکتر بەربەرەکانیان کردووە. شەڕ لەسەر بەدەستەوە گرتنی حکوومەت  لە ڕۆژی ٨ی ژوئێنی ساڵی ٦٣٢ ڕاست ئەو ڕۆژە دەستیپێکرد کە مێژوونووسانی ئیسلامی بۆ مردنی کوتوپڕی محەمەدیان دیاریکردووە. هەرکام لە گرووپ و لایەنەکان نەک هەر مافی حکوومەتی تەنیایان بە خۆ رەوا دەبینی، بەڵکوو بەهۆی جیاوازی مێژوویی گێراوەکانیانەوە، لە سەرەتادا بەسەر دوو لایەنی شیعە و سوننەدا دابەش کران. شیعەکان تا ئەمڕۆش لەسەر ئەوە سوورن کە جێگری محەمەد دەبێ تەنیا لە لایەن یەك لە ئەندامانی بنەماڵەی پێغەمبەرەوە دابندرێت. سوننەکان کە زۆریەی موسوڵمانانی جیهان پێکدێنن بە پێچەوانەی شیعەکان، سێ ڕێگایان بۆ ئەو جێگرییە دیاری کردووە: هەڵبژاردنی کەسێك بە شێوەی دەنگدان لە نێوان مرۆڤە ئایینیەکان، وەدەستهێنانی هێز بەهۆی سەرکەوتوویی لە شەڕدا و هەروەها وەرگرتنی هێز لەناو ئیمپراتۆرییەکەدا بە شێوەی میراتی.

مرۆڤ دەتوانێ وێنای بکات کە لەو بارودۆخە ئاڵۆز و تێکەڵپێکەڵەدا هەرکام لە گرووپەکان بە هەموو تواناوە هەوڵیان داوە خۆیان بە فەرمی بکەن و دوای پێغەمبەر هێز بەدەستەوە گرن. ئەگەر لەو بارودۆخەدا ئەوپەڕەکەی بە هێزی شەڕ و ئاژاوەگێران کارەکە بۆیان سەری نەگرتبێت، هەوڵێتریان بۆ وەرگرتنی هێز داوە. لەو قۆناخەدا هیچ چەکێك لە گوتە و وشەکانی پێغەمبەر کاراتر نەبووە و بۆ وەپێشخستنی نیازەکەیان بە ئیشتیای خۆیان گوتەیان لێ زیاد کردووە.

بەتایبەت عوسمان ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە و دەستی بە کۆکردنەوە و نووسینی گێڕاوەکانی محەمەد لەسەر پێستی مەڕ کردووە. تا ئەمڕۆش ئەگەرچی عوسمان وەك کەسایەتییەکی کزی سیاسی ناسراوە، شانازی بە کۆکراوەکەی دەکرێ، کە وەك پایەی سەرەکی دارشتنی کتێبی قورئان لە ئەژمار دێت. مرۆڤ ناتوانێ ئەو بۆچوونە رەد بکاتەوە کە ڕەنگە چەندەهایەک لە گوتەکانی قورئان لەو سەردەمەدا لە ناوچووبن یا خود بە ئانقەست قرت کرابێتن. خەلیفە خۆی لەو سەردەمەدا ئەمری لەناوبردن و سووتاندنی هەموو ئەو دەقانەی داوە کە جیاوازیان لەگەڵ کۆکراوەکەی خۆی هەبووە. بەڵام دەقە سەرەکییەکەی خۆیشی چلۆن و چۆن بووە، ناتوانین ئەمڕۆ بزانین، چونکە ژمارێکی زۆر لە دەقەکانی دوای ئەو سەردەمە لە ویترینەکانی جیهانیدا ماون و

دەبینرین. تازە ئەو دەقانەش بۆ قایمکردن و داسەپاندنی حکوومەتی خەلیفەکانی سەردەمی خۆیان گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتووە.

هەموو مرۆڤێکی موسوڵمان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە قورئان ڕاستەوخۆ لە لایەن خوداوە و بەهۆی فریشتەی سەرەکی جوبرائیل بۆ محەمەد ناردراوە. لە خودی قورئاندا نە باس لەسەر جێ و شوێنی وەحیەکان کراوە و نە باس لەسەر چۆنیەتی پێکهاتنیان. تەنیا لە سووڕەی ٢٧ ئایەی ٦ دا خودا لەگەڵ پێغەمبەر دەدوێ: ***"تۆ ئەم قورئانەت هەر لە لای کارزانێکی زۆر زاناوە، پێ فێر دەکرێ."*** .

مێژووی ئەو سەردەمە بەهۆی بیوگرافییەکانی محەمەدەوە کە ١٣٠ ساڵ دوای مردنی کۆکراونەتەوە و بەتایبەت کۆکراوەکانی حەدیسەکەی البخاری[١] زانیاریی وردمان دەدەنێ. لەوێدا دەخوێنینەوە کە محەمەد لە تەمەنی ٤٠ ساڵاندا خۆی لە کۆمەڵ دوور خستۆتەوە و بۆ بیرکردنەوە لە ناو ئەشکەوتێکی دەرەوەی شاری مەککە گیرساوەتەوە. دەبێ لەخەودا بووبێ و زۆریش ترسابێ، کاتێ کەسێك لە خەوەکەدا رایچڵەکاندووە و پێی گوتووە: "*بخوێنەوە!*" محەمەد وەڵامی داوەتەوە: "*من ناتوانم بخوێنمەوە*" کەسەکە هەمیسان یەخەی گرتووە و دووجاریتر دووپاتیکردۆتەوە: "*بخوێنەوە!*" کاتێ محەمەد هەمیسان پێی گوتۆتەوە کە ناتوانێ بخوێنێتەوە، کەسەکە خۆی بە فریشتەی سەرەکی واتە جوبرائیل پێ ناساندووە و یەکەم سووڕەی قورئانی بۆ خوێندۆتەوە:

*" وانە بەناو پەروەرەندەت! کە زیندەوەر کاری ئەوە. جنسی مرۆی لە جڵتەیی وەدی هێنا "*

ئەو ئایانە سەرەتای سووڕەی ٩٦ پێکدێنن. لە قورئاندا باس لەسەر کاتی گوتنی ئەو وەحیانە نەکراوە. تەنیا لە سووڕەی ٢ دا بە شێوازێکی نادیار باس کراوە:

*"مانگی رەمەزان مانگێکە قورئان لەودا کل کراوە، کە رێ بە مەردم نیشان دا و زۆر نیشانەی شارەزایی و هۆی لێکترهەڵوەژاردنی پاك و ناپاکی تێدایە. جا هەر کەسێ مانگی رەمەزان دەبینێ لەسەریەتی بەڕۆژووبێ، هەرکەسێکیش لەش بە بارە یان*

[١] Sahīh al-Bukhāri: Hadith Nr. ٣

*ڕێبوارە، ئەو ژمارە لە ڕۆژانی دیکە پێ بێ. خوا سانایی ئێوەی دەوێ و نایەوێ ئەرکو گران بێ. ڕۆژەکانی تەواو - پێ بن و یادی خودا بکەنەوە؛ کە ئەو ڕێگەی نیشان داونو پێویستە شوکرانەی بکەین."* (سوورەی ٢ ئایەی ١٨٥)

هەمیسان بەڵگەی سەرچاوەی جیا لە قورئان ئەو باسە بە وردی روون دەکەنەوە، کە سوورەکانی قورئان نە لە یەك مانگدا بەڵکوو لە ماوەی ٢٣ ساڵ دا گوتراون، واتە لە نێوان ساڵەکانی ٦١٠ و ٦٣٢ دا لە دوو شاری مەککە و مەدینە. لەو دوو شارەی کە محەمەد تێیاندا هەڵسووڕاو بووە و لەو کاتەدا کە بۆ پەرەپێدانی ئایینەکەی بەدوای کۆمەڵدا دەگەڕا. لەسەر ئەو باسە، پاشان زیاتر دەدوێین.

قورئان نە مێژووی محەمەد دەگێڕێتەوە و نە مێژووی جیهان. سوورەکانیشی وەدوای هیچ ساختارێکی بابەتی یا ریوایەتێك نەکەوتوون. تەنانەت چیرۆکی پێغەمبەرەکانیش لە قورئاندا وەك شێوازی کتێبی ئینجیل نین کە سەرەتا و بە لووتکە گەیشتن و کۆتاییەکیان هەبێ، بەڵکوو تەنیا بە شێوازی وێنەیەکی کاتی باسیان لێوە کراوە. تەوەرەکانیش ئەگەرچی لە قورئاندا جیاکراونەتەوە بەڵام وەك چەمك و لایەنی تایبەت و لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکتردا نەهاتوون و تەنیا بەسەر سوورەکاندا دابەشکراون، وەك:

بانگەوازی یەک خودایی، یاسا و یاساخەکان، ئاگادارکردنەوە لە ئاگری جەهەننەم، وێناکردنی بەهەشت، باسی نەتەوەکانی یەهوودی و مەسیحی، بەڵگە و پرۆتۆکۆلی شەڕەکان، چیرۆکی پێغەمبەران و ئەفسانەکان.

## قۆناخە جیاوازەکانی قورئان

بڕێك وردتر سەیری سەردەمی کاتی (مەککە / مەدینە) و قاتبەندیی بابەتوانییەکەی دەکەین:

### قۆناخی خۆ سەلماندن

یەکەم کورتە سوورەکانی قورئان بەشێوەی شیعر پێکهاتوون کە شێوازی بیر کردنەوەییان هەیە و زیاتر بێ لایەنن. بیرۆکەی تەوحید و مانا و چەمکەکانی بەهەشت و جەهەنەم زۆر بە ئەسپایی و ئاستەمی باسیان لێوەکراوە. لێرەدا محەمەد تەنیا ئەو ویستەی هەیە کە وەك پێغەمبەر سەیر بکرێ و بسەلمێندرێ.

### قۆناخی نیزیکبوونەوە لە عەڕەبەکان

قورئان بە شێوازێکی ئارام هەوڵی بانگەشەکردن دەدات. بیرۆکەی تەوحید ئەگەرچی وەك خاڵی سەرەکی لە ناوەڕاست سووڕەکاندا جێی گرتووە، بەڵام ڕاستەوخۆ مرۆڤی "polytheismus"[٢] یا "paganismus"[٣] ی شاری مەککە ناگرێتەوە. لە قورئانی ئەو قۆناغەدا هیچ سووکایەتییەك بەو مرۆڤانەی تێدا نابینرێ. ئەو سەردەمە کاتی خۆپارێزییە و محەمەدی بە تەواوی بە خۆیەوە خەریك کردووە چونکە خەڵکەکە لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە محەمەد درۆ دەکات یا قورئانی لە رووی کتێبەکانیتر نووسیوەتەوە و لە ئەفسانە کۆنەکانی کەڵك وەرگرتووە.

---

[٢] پەرستنی چەند خودایی
[٣] بێ بڕوایی یاخود بێ دینی

## قۆناخی شکاندنی دابو نەریت و سوننەت

دوای ئەوەی محەمەد هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە خەڵکانی مەککە پەیامەکەی بە جیددی وەرناگرن و گرنگایەتی پێنادەن، دەنگی قورئان دەگۆڕێ و لەگەڵ خەڵک و خوداکانیان زۆر بە تووڕەیی دەدوێ. ئەو قۆناخە بە تایبەت دژایەتیکردنی کافرانی بە ئاشکرا تێدا دەبینرێ، ئەگەرچی هێشتا باسی ڕاستەوخۆی شەڕی چەکدارانەی تێدا نییە. هاوکات تۆوی رق و کینە و چەقەرەی زۆرداریی لە ناو دڵی خەڵکیدا دژ بە بێدینەکان دادەچێنێ. ئەو کەسەی مرۆڤی بێدین وەك کافر سەیر بکات، کە بۆ هەمیشە لە جەهەننەمدا دەسووتێن، پردێکی دیالۆگ و باسکردنەوە لە ناو خەڵکیدا پێك دێنێ. بەهۆی بێ بەش بوون و کورتی هێنان و ناتەواوی، مرۆڤ دەتوانێ خۆی بە خوداکانەوە هەڵواسێ: ئەگەر تەنانەت خودا خۆی رقی لە بێ دینەکان بێ و ویستی ئەوە بێ بە توندی تاوانیان بدا، بۆ دەبێ مرۆڤێکی موسوڵمان بەزەیی پێیان دابێ و لە ڕێزی مرۆڤیان دابنێ؟

## قۆناخی هێنانەدەری ئیسلام لە ناو عەڕەب

لەبەر ئەوەی گۆڕینی دەنگی قورئانیش لە ناو کۆمەڵگای شاری مەککە لایەنگری بۆ محەمەد بە دیاری نەهێنا، ناهومێد و هیوابڕاو لە مەککەوە کۆچ دەکا بۆ مەدینە. لەوێ لە سەرەتاوە هەوڵی نیزیکبوونەوە لە نەتەوەی یەهوودی دەدا بەو هیوایەی بیسەلمێنن، پشتیوانی لێبکەن و باوەڕی پێ بێنن. لەو قۆناخە سەرەتاییەی شاری مەدینەدا زۆربەی داب و نەریت و گێڕاوەکانیی یەهوودی ئاوێتەی ناو گوتەکانی قورئان دەکرێن. لایەنێك لە قورئان لەو قۆناخەدا پێك دێ کە بانگەوازی پێکەوەژیانی ئایینەکان دەدا و نەتەوەی یەهوودی وەك نەتەوەی ئەهلی کتێب دەناسێنێ. تەنانەت مەسیحیەکانیش لەو قۆناخەی قورئاندا بە شێوەی رێژەیی وەبەر تولەرانس دەکەون و رەحمەتیان بەسەردا دەبارێ.

## قۆناخی بە عەڕەبی کردنەوە

لەبەر ئەوەی یەهوودییەکان نە پەیامەکەی بە فەرمی دادەنێن و نە پشتیوانی خۆی و هێزە نیزامییەکەی دژ بە خەڵکانی مەککە دەکەن، محەمەد خۆیان لێ دەکێشێتەوە دواوە. بە پێی کات محەمەد هەم لە ڕوانگەی سیاسییەوە و هەم ئایینی، یەهوودییەکان وەك رەقیبێک سەیر دەکا. دەنگی قورئان تووڕەتر دەبێ: لەجیاتیی یەکەم هەڵبژاردەی نەتەوەی یەهوودی لە لایەن خوداوە و خەڵکی ئەهلی کتێب، بە ناوی درۆزن، ساختەچی کتێب و تەنانەت وەك بن و بنەچەی مەمیمون و بەراز ناودەنرێن. هاوتەریب لەگەڵ بێ نرخکردنی یەهوودییەکان، بۆ ماوەیەکی کورت مەسیحییەکان و باوەڕەکەیان دەکەوێتە ژێر ڕەخنەوە. بەڵام ئەو رق و کینەیە بو ماوەیەکی زۆر نامێنێتەوە و وەك قۆناخە سەرەتاییەکانی قورئان، لە نێوان باوەرەکانیتردا یەهوودی و مەسیحی، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بۆچوونەکانیتر جیاوازی دادەنرێ و هەموو باوەرەکانیتر جیا لەو دوانە بە بێ دین لە ئەژمار دێنن.

## قۆناخی خاوێنکردنەوە و سڕینەوە

چەمکی پێکەوەژیانی فرە ئایینی لە مەدینە بەهۆی بەرزەفڕی و مەقامخوازی محەمەدەوە چ لە باری سیاسی و چ لە ڕوانگەی ئابوورییەوە سەر ناکەوێ. خۆکێشانەوە و دوژمنایەتی لە هەنبەر یەهوودییەکان تەنیا وەك ناخۆشیی و دڵشکانێك نامێنێتەوە، بەڵکوو لەشکریان دەکاتە سەر و ناچاریان دەکات هۆز بەدوای هۆزدا مەدینە بەجێ بێڵن. لە هەنبەر هۆزێك بە ناوی بەنوقورەیزە"Banū Quraiza" کارەساتێکی پیاوکوژی پێك دێنێ، کۆمەڵکوژییەک کە دەبوو وەك نموونە و چاوترسێنێك بۆ مرۆڤەکانی ناوچە لە ئەژمار بێت. کتێبی قورئانیش وەك بەڵگەنامە، ڕێخۆشکەر، رێدەر و بەفەرمیکەری کاری شەڕخوازانەی دژ بە یەهوودییەکانە.

## قۆناخی شەڕی تەواوعەیار

سووڕە کۆتاییەکانی ناو قورئان قاو بۆ شەڕی سەروماڵ دژ بە هەموو بێ دینەکان دەدەن. ئەگەر لە قۆناخی سەرەتایی بارودۆخی مەدینەدا قورئان ئیزنی شەڕی پارێزگاریکردن لە خۆی، بەفەرمی کردبوو، ئەمجارەیان سووڕە کۆتاییەکان بەتایبەت سووڕەی ٩ بە تەواوی هێزەوە ئایینییەکان هان دەدات بۆ کوشتنی بێ دینەکان. شاری مەککە دەگیررێتەوە، هەموو خوداکانی عەرەب و نەتەوەکانیتر لەبەر دەرکی کەعبە توونا دەکرێن. ڕێککەوتە کۆنەکانی لەسەر ئاشتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان، بە پێی سووڕەکانی قورئان، هەڵدەوەشێندرێنەوە. هۆزە بەجێماوەکانی سەر نیوچە دوڕگەکانی عەرەبی و بەتایبەت مەسیحییەکان لە ترس و وەحشەتدا ناچار بە کۆچکردن دەکرێن.

ئەگەر مرۆڤ ئەو قۆناخە جیاوازانە بە وردی سەیر بکات، دەبینێ کە کتێبی قورئان بە ئاشکرایی و ڕاستەوخۆ لەسەر بارودۆخی سیاسیی کاتییەک هەڵس و کەوتی کردووە کە بە بێ پسانەوە لەگەڵ کەسایەتیی و بارودۆخی محەمەد وەك سەرۆکی ئایینی و سیاسیدا جۆشی خواردووە. لە سەردەمی کاتیی محەمەد دا قورئان بە شێوەی دەم بە دەم و زارەکی ڕادەگوێزرا و هەڵس و کەوتێکی کاتی بووە کە لەهەنبەر هەموو بارودۆخەکانی سەردەمی خۆی بە شێوازی سەرزارەکی هەڵوێستی گرتووە و وەڵامی داوەتەوە. مرۆڤ ئەگەر بە وردی سەرنجی بداتێ، دەبینێ کە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا بە پێی بەرژەوەندیی، هەڵس و کەوتەکان دەگۆڕرێن و چاکسازی دەکرێنەوە.

چەند دەیە دوای مردنی پێغەمبەر، کتێبی قورئان وەك نووسراوەیەکی پیرۆز و ئیلاهی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی، ئابووری و یاسایی وڵاتە ئیسلامییەکان، زیندوو کراوەتەوە. هەرچەندە زیاتر مەودای کاتیی موسوڵمانان لەگەڵ سەردەمی محەمەد دوورتر دەبێتەوە، بەو ڕادەیەش زیاتر کتێبی قورئان پیرۆزتر و ڕەخنەلێگرتنی دژوارتر دەبێتەوە. لە ڕوانگەی ئایینیە موسوڵمانەکانەوە وێناکردنی ئەو کتێبە وەك ئاخرین کتێبی ئیلاهیی و نووسراوەیەکە کە ڕاستەوخۆ لە لایەن خوداوە بۆ مرۆڤ

نێرراوە، پلەیەکی وەها بەرزی پێدراوە کە بە گوێرەی کات، خۆی لە هەنبەر رەخنەدا بەهێزتر پاراستووە.

حاکمان و سەرۆك هۆزانێک کە دوای محەمەد هاتوونەتە سەر کاری حکوومەتداریی، بۆ باشتر حکوومەتکردن و لەشکەرکێشان بۆ سەر دراوسێ و وڵاتانی دەوروبەریان و پشتیوانی و وەرگرتنی متمانەی موسوڵمانەکان، بەردەوام بۆ بەفەرمیکردنی حکوومەتەکەیان بەدوای بەڵگە و یاسای ناو قورئاندا گەڕاون و هەمیشەش شتێکی پڕبە پێستیان تێدا دۆزیوەتەوە یاخود لێیان زیاد کردووە. ئایینیەکان بۆ پشتیوانی ئەخلاقی و رووحانی، هەمیشە پێویستیان بە نووسراوەکانی ناو قورئان هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی قورئان تێکستی دژبەیەک وپێچەوانەی زۆری تێدایە و عالمانی ئیسلامیش پەیتا پەیتا بۆ بارودۆخی جۆراوجۆر کەڵکیان لێوەرگرتووە، بە پێی کات سەرنجیان بۆ ئەو دژایەتی وپێچەوانەبوونە ڕاکێشراوە و هەرکام بە شێوازی خۆیان هەوڵی روونکردنەویان داوە.

ئەو گۆڕانکارییانە نیزیکەی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا کۆتاییان پێ هاتووە. لەو سەردەمەدا چوار قوتابخانەی ئیسلامی پێکهاتبوون، بەڵام هێشتا بۆچوون و باسی هەمەڕەنگ لەسەر تێکستەکانی قورئان لە ئارادابووە. بۆ کۆتایی هێنان بەسەر ئەو جیاوازییانە، چوار قوتابخانەی ئیسلامی هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە یاسایەکی گشتیی پێك بێنن: عالمانی هەر چوار قوتابخانەکە هاتنە سەر ئەو بڕیارە کە نوسخەی قورئان و نووسراوەکانی حەدیس بە فەرمی بناسن. بەو شێوەیە دەرگایان لەسەر شیکردنەوە و پەرەسەندنی ئەو نووسراوانە داخست. لێرە بەدواوە عالمانی ئایینی نووسراوەکانیان وەك نوسخەیەکی تەواو و کامیل سەیر کردووە و لە پەیوەندیی لەگەڵ کات و شوێندا گرنگایەتیی و بڕواپێکراوی گشتییان پێداوە. ئەو کارە بووە هۆی قایم و پتەوکردنی ئیدیۆلۆژییەك کە تا ئەمڕۆش ئەزموونێکی تاڵ و فناتیکانەی بۆ بیرکردنەوەی ئایینی و کۆمەڵگایی ئیسلامی لەخۆی بەجێ هێشتووە.

ڕەخنەگرتن و بەربەرەکانیکردن دژ بە نووسراوەکانی کتێبی قورئان ئەوکاتە پێکدێت، کە مرۆڤ ئەو پەرتووکە نەك وەك تێکستێکی ئیلاهی و گوتەی کۆتایی خودا سەیر بکا، بەڵکوو وەك تێکستێکی ئینسانی هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکرێت. چونکە

کێشەی مەزن، نووسراوەی ئەو چەشنە نییە، بەڵکوو چەسپاندن و بایەخپێدان بە گوتەی ڕاستەوخۆی خودایە کە ناکرێ گۆڕانکاریی بەسەردا بێ و کارەکە دژوار دەکات. بە پێچەوانەی تێکست و نووسراوەکانی کتێبی ئایینی یەهوودی و مەسیحییەکان، کە ئەگەرچی ئەوانیش وەك وەحی لە لایەن خوداوە سەیر دەکرێن، لە لایەن مرۆڤەوە نووسراون و بەپێی زمان و شێوازی ماناکردنەوە و لێحاڵیبوونی ئەو مرۆڤانە لە نووسراوەکان، کارتێکەریی و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، کتێبی ئایینی ئیسلام لە لایەن هەموو موسوڵمانەکانەوە بە کتێبێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی دادەنرێ کە لە هەوەڵ ڕۆژەکانی خوڵقاندنەوە بە زمانێك و ناوەڕۆکێکی نەگۆڕ لای خودا پارێزراوە. تەنانەت لە تێکستەکانی قورئاندا خودا خۆی بەڵێنی داوە ئەو کتێبە لە گۆڕان بەسەرداهاتن دەپارێزێت. بەو هۆیەوە پرەنسیپی نەسخ کردن دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. هاوکات وەك خۆڕاگریی تێکستەکانی قورئان کە ١٤٠٠ ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕ بووە، دەبێتەهۆی کۆسپێك لەسەر ڕێ و شێوازی ژیانی مودێرنی ئەمڕۆیی و کەس ناتوانێ دوای ئەو کاتە دوورودرێژە بڵێ من دەزانم کە خودا بەو نووسراوانە ویستوویە چ شتێك بە مرۆڤ بڵێ.

هەر وەك گوتمان قورئان کتێبێکی ئاڵۆز و هەمەلایەنەیە کە دژ و پێچەوانەییەکی زۆریشی تێدایە. دەتوانین لەگەڵ سوپرمارکتێکی گەورە هەڵیسەنگێنن: مرۆڤ هەمووشتێکی تێدا دەدۆزێتەوە: بەزەیی پێداهاتن و رق و کینە، ئاشتی و شەڕخوازیی، سەبووری، تولەرانس و ناسەبووری و نا تولەرانسی، بەخشین و تۆڵەسەندنەوە، پێکەوە ژیان و ڕاوەنانی باوەڕەکانیتر. هەرکەس قورئان وردتر بخوێنێتەوە، هەست بە دژ و پێچەوانەیی نێوان سووڕەکانی دەکات کە لە لایەکەوە قاو بۆ بەخشین و بەزەیی پێداهاتن دەدات و لە لایەکیتریشەوە باوەڕپێکراوەکانی بۆ شەڕخوازی دژ بە بێدینەکان یاخود دیندارەکانی جیا لە ئیسلام هان دەدا.

ئەگەر موسوڵمانی مودێرنی ئەمڕۆیی خۆیان لە ئیسلامیستەکان دوور خەنەوە و بیانەوێ ئایینەکەیان وەك ئایینی ئاشتی و تولورانس نیشان بدەن، دەبێ خۆ بە سووڕەکانی سەرەتای سەردەمی مەککەوە هەڵواسن. هەروەها ئەو ئیسلامیستە ڕادیکاڵە فناتیکانەی وەداوی شەڕخوازی و تووڕەیی دژ بە ئایینییەکانیتر کەوتوون،

دەبێ خۆیان لەگەڵ سووڕەکانی مەدینە ڕێکبخەن. لیبرالەکان هەر وەك ڕادیکاڵەکان بەدوای ئەو بەشە لە قورئان کەوتوون کە بتوانن مەقام و بارودۆخی خۆیانی پێ پتەو و قایم بکەن.

هەر بۆیە لە وتووێژەکاندا هەر وەك ئەو باسە تەلەفیزیۆنییەی لە سەرتای نووسراوەکەدا باسمان لێکرد، ناتوانرێ بە دیالۆگێکی سالم و پڕ سوود بۆ لایەنەکان کۆتایی پێ بێت، بەڵکوو بە دژکاری و پێچەوانەکارییەکانی ناو قورئان تەنیا وەك یاری شەترنج، دەبنە هۆی ماتکردنی یەکتری.

زۆربەی ڕەخنەگران و ڕاوێژکارانی ئیسلامیی ئەو پارادۆکس و جیاوازییەی نێوان نووسراوەکانی قورئان بە ئاوێنەی سەردەمی پێکهاتنی کاتیی دانانێن. هەروەها هەڵس و کەوتەکانی ئەو سەردەمە نەك وەك هەڵوێستگرتن لە هەنبەر بارودۆخی تایبەتیی سەدەی حەوتەم بەڵکوو وەك ڕێنوێنییەك و دەستوورێکی کاریی بۆ گشت کاتێکی دەبینن. چونکە ڕاوێژکارەکە خودی خودایە و قورئانیش کەلامی کۆتاییە بۆ مرۆڤایەتیی. لەبەر ئەوە، زۆر بۆیان گرانە قورئان وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی سەردەمی خۆی سەیر بکەن. زۆربەی موسوڵمانی موحافەزەکار و خۆپارێز لەسەر ئەو باوەڕەن کە خودا بۆ ئاخافتن پێویستی بە بەستێن نییە، چونکە ئەو بە کاتەوە نابەسترێتەوە و گوتەکانی بە شوێن و بارودۆخەکانەوە نابەسترێنەوە. بۆ فامکردنی گوتەکانی قورئان، ئەوە هاوکات، هەم بەفەرمیکردن و هەم وەئەستۆگرتن و پەیمان دانە.

من پێمخۆشە لەو کتێبەدا هەوڵ بدەم بەشە دژ و پێچەوانەکانی قورئان لەسەر مرۆڤ و وێناکردنی وێنەی خودا، لەسەر تاوان و خەڵات، شەڕ و ئاشتیی، لەسەر یەهوودی و جیهانی مەسیحی و هەروەها وێنەی ژن لە بەستێنی پێکهاتنەکەیدا نیشان بدەم. من پێمخۆشە نیشانی بدەم کە قورئان ئەزموونی پەرەسەندنی کۆمەڵگایەکی ٢٣ ساڵەی ئەو سەردەمە وێنا دەکا و ئاشتیخواز بوو ئەوکاتەی نە هێز و نە چەکەمەنیی هەبوو، و شەڕخواز بوو ئەو کاتەی پوتانسیەلی نیزامی لە دەستدابوو. تەنیا ئەگەر مرۆڤ ئەوە لەبەر چاوی خۆی وێنا بکات، ڕوون دەبێتەوە کە قورئان لە دەوری ئەو باس و کێشانەی مرۆڤی سەدەی حەوتەم دەخولایەوە کە لە پەیوەندایەتیی خەڵکانی ئەو

سەردەمە بووە. وەك مەیلێکی پارمەتیدەری ئەخلاقی بۆ مرۆڤی سەدەی بیست و یەکەم، تەنیا دەتوانێ بە مەرجداری خزمەت بکات. لێکدانەوەی کاتیی قورئان ناتوانێ ڕێگاچارە بێ، بەڵکوو ڕزگاربوون لە پارێزراویی و ڕاگیراویی تێکستەکانی قورئان وەك تێکستێکی خودایی دەتوانێ ڕێگا چارە بێ.

## قورئان لە سەرووی مرۆڤەوە

هەر وەك دواتر لەو نووسراوەیەدا دەیبینین، لە قورئاندا نەك هەر دژ و پێچەوانە لەسەر سوورەکانی ئاشتی و شەڕخوازیدا بوونیان هەیە بەڵکوو وێنە و روخساری جیاواز لە خودا و مرۆڤیش نیشان دەدرێ: لە لایەکەوە خودایەکی بە بەزەیی کە ڕێز بۆ مرۆڤ دادەنێ، باوەڕی پێی هەیە، خوڵقاندنەکەی بەرز ڕادەگری و بە کارێکی باشی دادەنێ، لە لایەکیترەوە خودایەکی ناهومید و زاڵم و تووڕە کە خوڵقاندنی مرۆڤ وەك کارێکی ناسەرکەوتوانە و بە ئاکام نەگەیشتوو دەبینێ و بەردەوام تف و لەعنەتی لێ دەکات.

لە سەرەتاوە سەیری ئەو بەشە دەکەین کە لەڕاستیدا بە گوێرەی قورئان چلۆن خودا هاتە سەر ئەو بڕیارە کە مرۆڤ وەك بەشێکی خوڵقاندنەکەی بە حیساب بێنێ و ژیانی بداتێ: مێژووی خوڵقاندنی ئادەم، وەك یەکەم مرۆڤ، لە زۆر ڕوانگەوە لە چیرۆکی ناو کتێبی تەورات دەچێ بەڵام بەو جیاوازییە کە لە قورئاندا خودا فریشتەکان لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و پێیان ڕادەگەیێنێ کە دەیهەوێ بوونەوەرێکی نوێ بخوڵقێنێ:

*"ئەو کاتەی پەروەردەی تۆ بە فریشتانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێك لەسەر زەمین دیاری بکەم، گوتیان: تۆ کەسی وادێنی لەوێدا خراپە بکا و خوێن بڕێژێ، کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەدەین؟ گوتی: ئەوەی من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نییە.* (سوورەی ٢ ئایەی ٣٠)

### ستایشی خودا و شانازیکردنی بە خوڵقاندنە نوێیەکەی

کەوابوو، خودا پێش ئەوی ئادەم بخوڵقێنێ، وەك نوێنەری خوی یاخود جێگرێکی سەرزەوی دەیناسێنێ. ئەو کارە پیشان دەدا کە خودا ڕێزێکی تایبەتی بۆ مرۆڤ هەیە

و دەیهەوێ کارێکی گرنگی پێ بسپێرێ. نارەزایەتیی فریشتەکان لەبەر چاو ناگرێ و نگەرانییەکەیان کە مرۆڤ بە شەڕخواز و خوێنڕێژ لەقەڵەم دەدەن، لە بڕیارەکەی پەشیمانی ناکاتەوە. خودا باوەڕی بە خوڵقاندنە نوێیەکەی هەیە و تەنانەت دواتر ئەمر دەکا کە فریشتەکان بۆ رێز گرتنی ئادەم لە بەرانبەریدا بچنە سەر ئەژنۆ، کارێک کە تەنیا لە بەرابەر خودا دا دەبوو بکرێ:

*"ئێمە ئێوەمان لەم هەردە جێ کردەوە؛ هەر لەوێشدا بژیومان بۆ بڕینەوە. کەمتان شوکرانە بژێرن. ئێمەین ئێوەمان ساز داوە و لە پاشانا بەو شکڵەمان دەرێناون، پاشان بە فریشتەکانمان گوت: سەر بۆ ئادەم نەوی بکەن. هومویان سەریان دانەواند ئیبلیس نەبێ؛ ئەو لە کۆڕی کڕنۆش بەران خۆی هەڵاوارد.* (سوورەی ٧ ئایەی ١٠ و ١١)

لە سوورەیەکیتردا خودا دەڵێ کە ئەو سەروەرییەی بەسەر هەموو خوڵقێنراوەکانیتر بۆ ئادەمم دیاری کردووە، نەک هەر بۆ ئادەم وەك یەکەم مرۆڤ، بەڵکوو بۆ هەموو منداڵەکان و مرۆڤی دوای ئەویش هەر بەحیساب دێت:

*"ئێمە ڕێزمان لە تورەمەی ئادەم گرت و لە وشکانی و لە زەریادا هەڵمان گرتن؛ ڕۆزی پاکژمان پێداون؛ لە چاو زۆرێک لە کردەی خۆمان، پتر قەدرمان گرتوون."* (سوورەی ١٧ ئایەی ٧٠)

بە چ خواردەمەنی و شتومەکێکی باش خودا بیری مرۆڤی کردووە و ئەو هەموو کارەی بۆ مرۆڤی بەجێ هێناوە، لەم سوورەیەدا باسی لێوەکردووە:

*"ئەو خودایەی ئاسمانەکان و زەمینی داهێناوە و لە حەواوە ئاوێکی داباراندوە، بەروبوی بژیوی ئێوەی پێ دەڕوێنێ؛ گەمیەشی داوەتە دەست - کە هەر بە پێی فەرمانی ئەوە - لە زەریا دا بێت و بچێ و ئەم هەموو ڕووبارانەشی بۆ ڕام کردوون. خۆر و هەیڤی بۆ ئێوە خستۆتە بەر کار؛ وەستان و وچانیان نیە. ئەم شەوگار و ڕۆژگارەشی هەر بۆ ئێوە دەستەمۆ کرد. هەرچی لێتان خواستوە، پێی ڕەوادیون. ئەگەر بێینە سەر ژماری چاکەی خودا، لە ژماردن دا دەمێنن. بەڕاستی کە مرۆ گەلێ ناهەقیکار و سپڵەیە."* (سوورەی ١٤ ئایەکانی ٣٢، ٣٣، و ٣٤)

کەوابوو خودایەکی زۆر بەخشەندە، هەرچییەك مرۆڤ لێی داوا بکا، بە بێ مەرج بۆی فەراهەم دەکا؟ ڕەنگە مرۆڤ ئەو هەستەی تێدا پەروەردە ببایە، ئەگەر لە کۆتایی سوورەی ١٤دا ئەم دێرە نەبایە:

*"بەڕاستی کە مرۆ گەلێ ناهەقیکار و سپڵەیە."*

لە کۆتایی زۆربەی سوورەکاندا ئەو دێرە دەگوترێ و سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ: شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە، کە خودا، مرۆڤی بەو شێوەیەی کە هەیە، خوڵق کردووە، ژیانی بە ئاو، خواردەمەنی، ڕۆشنایی و گەرماوە بەستۆتەوە، چاوەڕوانیشی لێ دەکات کە بۆ دابینکردنی ئاو، خواردەمەنی، ڕۆشنایی و گەرما، ئەمەگناسیی لە خۆی نیشان بدا. خوڵقاندنێك کە خودا خۆی و بە بێ دەستەڵاتی مرۆڤ بڕیاری دابێ، بەستنەوەی مرۆڤ بەو شتانەی کە بە بی ئەوان ژیانی بۆ گونجاو نابێ، شتێکی نالۆژیکییە. ئەگەر خودا بیویستایە بوونەوەرێکی خۆبژێو و خۆبەڕێوەبەر بخوڵقێنێ، دەی خۆ دەیتوانی بیکا، چونکە خودا هەموو کارێکی لە دەست بەردێت. لەجیاتی ئەوە بوونەوەرێکی خوڵقاند کە بە لێهاتووییەکانیەوە بەستوویەتەوە. دەتوانین بڵێین: خودا بەو کارەی یا بەرهەمێکی ناتەواو و سەقەتی خوڵقاندووە، یاخود ویستی خۆی بووە کە بە بەستراوەیی مرۆڤ بەخۆیەوە ئەمەگناسی هەمیشەیی بۆخۆی دابین بکات.

لە سووڕی ٢١ ئایەی ٣٧ دا دەخوێنینەوە کە خودا لە خوڵقاندنی مرۆڤ پەلەی کردووە. دیارە کەس ئەوی ناچار بەو کارە نەکردبوو یاخود هیچ گوشارێکی بۆ ئەو کارە لەسەر نەبوو، تەنانەت ناڕەزایی فریشتەکان لەو کارەی نەبووە هۆی ئەوەی بیرێکی زانایانە لەو خوڵقاندنەی بکاتەوە. بە بڕوای من دووهەم چەشنی خوێندنەوەی دێرەکە دەبێ ڕاست بێ: ئەو کاتەی خودا بڕیار بۆ ئەو کارە دەدا، مرۆڤ لە بارودۆخێکی بەستراوەیی وەهادا بخوڵقێنێ، کە چاوەڕوانی داواکاریی و داخوازیشی لێ هەبێ. بۆ وێنە خودا دەتوانێ هەڕەشەی لێ بکا ئەگەر مرۆڤ ئەم یاخود ئەو ئەرکە بەجێ نەهێنی یا گوێ لە فەرمانەکانی ڕانەگرێ، بتوانی تاوانی بدا.

ئەوەی کە خودا لە ناتەواویی و کەم وکوڕی خوڵقاندنەکەی واتە مرۆڤ ئاگادار بوو، لێرەدا هەستی پێ دەکەین: ئەگەرچی خودا دەبێ عالم و زانایەکی تەواو و بێ عەیب بێ، لەسەر خوڵقاندنەکەی هەستی بێ متمانەییەکی وەهای تێیدا پێك دێ کە دوو فریشتە

بۆ مرۆڤ دەنێرێ و لەسەر شانی چەپ و ڕاستی دادەنێ بۆ نووسین و ڕاگرتنی هەموو ئەرك و گوتەكانیان. چەشنە ڕێكخراوێكی ئەمنییەتیی ئیلاهی:

*"دیارە ئێمە مرۆمان دروست كردوە و دەشزانین چۆن خەیاڵاتی بەدڵدادێ. ئێمە بۆ ئەو لە شادەماری ملی نیزیكترین. ئەوێ كاتێ لە لای ڕاست و چەپیشەوە جووتێ فریشتە ڕۆنیشتوون [بۆی دەنووسن]. هەر ورتەی لە دەم دەربچێ، چاوەدێرێكی لا هەیە."* (سووڕەی ٥٠ ئایەی ١٦ تا ١٨)

خودا نیزیكتر لە مرۆڤە تا مرۆڤ لەخۆی، سەرەڕای ئەوەش بۆ هاتوچۆی لەسەر زەوی دوو جاسووسی بۆ داناوە. بە روونی لەوە دەترسێ مرۆڤ لە ڕێگای ڕاست لابدا. لە روانگەی خوداوە ئەو ڕێگایە چلۆنە، لە سووڕەی ٢ دا دەتوانین بخوێنینەوە:

*"هەرگایەكی عەبدەكانم لەمەڕ من لە تۆ دەپرسن، من نزیكم؛ هەر كەس هانام وەبەربێنێ، بێ وەرامی ناهێڵمەوە. با ئەوانیش لە فەرمانی من دەرنەچن، بڕوای تەواویان بە من بێ؛ بەشكوو ڕێی ڕاست بەدی بكەن."* (سووڕەی ٢ ئایەی ١٨٦)

وشەی "بەشكوو" لەو پەیوەندییەدا مرۆڤ سەرسووڕماو و سەرسام دەكات. باوەڕ بە خودا پێداویستییە - بەڵام وادیارە بەشێوەیەكی ئوتوماتیكی، دەستەبەر نییە كە مرۆڤ بەرەو ڕێگای راست ڕابكێشێت.

## خودا مرۆڤ ئازار دەدات

ئەگەر لە سوورەکانی کتێبی قورئاندا زیاتر بەدوای وشەی "مرۆڤ"دا بگەڕێن، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو وشەیە هەمیشە بە شێوەی نەرێنی باسی لێکراوە. جێی باوەڕ نییە، کە خودا لە لایەکەوە ویستوویە کارێکی ئەوها گرنگ بە جێگرەکەی بسپێرێ، کەچی لە لایەکیترەوە ئاوا ئازاری پێ بگەیێنێ؟ بڵێی فریشتەکان لە بۆچوونەکەیاندا سەبارەت بە مرۆڤ راستیان نەگوتبێ؟ بڵێی مرۆڤ سەرنەکەوتوو و ناکام نەبووبێ؟ یاخود بڵێی ئەو سەرنەکەوتووییە لە پلانی خودا دا بە ئانقەست بۆی دیاری نەکرابێ؟

لە سوورەی ٩٥ دا دەخوێنینەوە:

*"ئێمە مرۆمان لە ڕێکترین شێوەدا وەدی هێناوە. پاشان گێڕاومانەتەوە بۆ پلەی هەرە بەرەژێر؛"* (سوورەی ٩٥ ئایەی ٤ – ٥)

لە جێگایەکیتردا دەخوێنینەوە: *"لە ڕاستیدا مرۆڤ دۆڕاوە"* (سوورەی ١٠٣ ئایەی ١). لە زیاتر لە ٤٠ سوورەی قورئاندا بە گشتی مرۆڤ بە درۆزن، دۆڕاو، لەخۆڕازی، نادادگەر، لەچەر، خۆبەزل زان، ناشوکر و ... ناوبراوە. ئەگەر مرۆڤ لەسەر هەڵس و کەوت و بڕیارەکانی ئازاد بایە، توورە بوونی خودا جێی خۆی دەبوو، بەڵام مرۆڤ ئازاد نییە. هەر ڕێگایەکی هەڵیبژێری لە دەستی خۆیدا نییە و بەستراوەتەوە بە خوداوە. چونکە:

*"هەرکێ ئازار بدەم کەیفی خۆمە."* (سوورەی ٧ ئایەی ١٥٦)

ئەو سوورەیە بە ڕاگەیاندنێکی کارەسات ساز دەستپێدەکات. خودا سزا دەدات ئەگەر پێی خۆش بێ. بیرۆکەیەك کە لە زۆربەی سوورەکانی قورئاندا دووپات دەکرێتەوە:

خودا ڕێگای ڕاست بە مرۆڤ نیشان دەدا، تا ئەو جێگایەی خودا خۆی پێی خۆش بێ. خودا سەرلێشێواوی پێك دێنێ، **ئەگەر پێی خۆش بێ** و **هەر کاتێك بیهەوێ**.

بەڵگەکان: بۆچی خودا جارێك بە ڕێی ڕاستدا دەبات و جارێکیش سەرلێشێواوی پێکدێنێ؟ ئەو کارە خودایەکی دادگەر و توانا بەیان ناکات. وێدەچێ زیاتر خۆسەرانە مرۆڤ ڕەوانەی لایەنەکان بکات. تەنیا ئەو شتە روونە کە لە روانگەی خوداوە کام لایەن ڕاستە:

*"هەرکەسێ خودا حەز بکا بۆخۆی ڕێگەی نیشان دەدا و بۆ بڕوا بە ئیسلامەتی دڵی گوشادی دەداتێ. کێش حەز بکا گومڕای بکا، هێندە نەفەس تەنگی دەکا، وەك بەرەو ئاسمان سەرکەوێ. خودا ئاوا ئەو کەسانەی بڕوا ناهێنن تووشی رسوایی دەکا."* (سووڕەی ٦ ئایەی ١٢٥)

جارێکیتر کورتی دەکەینەوە: خودا مرۆڤی خوڵقاندووە، وەسەر هەموو بوونەوەرانی دەخات و لە کۆتاییدا بەرەو نزمترین پلە دایدەبەزێنێ. لەو جێگا تەفروتوونایەوە هەڵیاندەبژێرێ کە کێ ئیماندار و کێ بێ ئیمان بێ. لە چوارچێوەی کافرەکاندا چەند دەستەیەك بۆ هیدایەتکردن هەڵدەبژێرێ. بەهۆی دەست پێدانانی دوگمەیەکی تایبەت لە ناو دڵیاندا بڕیار دەدا کە ئیسلام هەڵبژێرن. ئەوانیتریش، بۆ ئەوەی ئیمان نەهێنن بەهۆی دەست پێدانانی دوگمەیەکیتر دڵیان تەنگ و دژوار دەکاتەوە و لە دنیایەکی سەرلێ شێواویدا دەیانهێڵێتەوە.

خودا چی دەوێ؟ چلۆن دەتوانێ مرۆڤێك بەهۆی کافربوونیەوە سزا بدا، لەحاڵێکدا ئەو کەسە خۆی دەسەڵاتی لە هەڵبژاردنیدا نەبووە و یاخود دەتوانین بڵێین لە سەرەوە کونترۆڵ کراوە! کە ئەو بارودۆخە بەو شێوەیە، خودا خۆی دانی پێدا دادەنێ. هەر خۆیەتی کە مرۆڤ لە لایەکەوە بۆ لایەکیتر هیدایەت دەکا. ئەوە هەڵس و کەوتە تاوانبارەکەی مرۆڤ نییە کە بەرپرسە بۆ ئەو کارە، بەڵکوو تەنیا خوڵقێنەر خۆی بەرپرسە:

*"ئاخۆ ئێوە گەرەکتانە کەسێ خوا ڕێگەی لێ گوم کا، بیخەنەوە سەر ڕاستەڕێ؟ هەر کەسێ کە خودا ڕێگەی لێ بگۆڕێ، تۆ ناتوانی ڕێگایەکی بۆ پەیداکەی."* (سووڕەی ٤ ئایەی ٨٨)

ئەو راگەیەندراوە ئەو مانایەشی دەتوانێ هەبێ کە تەنانەت کافرێکی تۆبەکار شانسی وەرگەڕانەوەی نییە، ئەگەر خودا پێی خۆش نەبێ.

بەپێی پلانی ئیلاهی مرۆڤی لەڕێدەرچووگ بەدشانسییەکی زۆر گەورەی هێناوە. خودای توانا شەیتان دەنێرێتە جەستەی بۆ ئەوەی هێندەیتریش بەدبەخت و قوڕبەسەری کات. خودا لەگەڵ محەمەد ئاخەفتن دەکات:

*"تۆ نەتزانی ئێمە شەیاتینیەکانمان ناردۆتە سەر خوانەناسان ختووکە و هانەیان دەدەن؟ هیچ پەلەیەکیان لێ مەکە، ئەوا ئێمە بەژماردەن لەسەر ئەوانی دەژمێرین."* (سووڕەی ١٩ ئایەی ٨٣)

لە جێگایەکیتردا لەسەر کافران دەخوێنینەوە:

*"دڵیان دەغەزێکی هەیە و خوا دەغەزی پتر کردوون."* (سووڕە ی ٢ ئایەی ١٠)

مرۆڤ لەبەرچاوی خۆی نەخۆشێك وێنا دەکات کە بۆ لای دوکتۆر دەچێ. دوکتۆرەکە بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی سارێژ نەبێ، نەک هەر یارمەتی کەسەکە نادا، بەڵکوو بە تاوانی نەخۆشبوونی، نەخۆشییەکەی لێ خراپتر دەکات. هەروەها دوکتۆرەکە چاوەڕوانی لێ دەکا کە بۆ ئەو کارەی بە دڵسۆز و دڵنەرمی دابنێ!

تەواو ئەو چەشن دڵسۆزییە لە لایەن خوداوە شکایەتی لێ دەکرێ. ١١٣ لە ١١٤ سووڕەی قوڕئان بەو فورمۆلە دەستپێدەکات: بە ناوی خودای دڵسۆز و میهرەبان. تەنیا لە سووڕەی ٩ دا لەو فورمۆلە کەڵك وەرنەگیراوە و توونابوونی کافران رادەگەیێنێ.

سەرەڕای ئەوانەش خودا لە ٧٢ جێگای کتێبی قوڕئاندا و لە سووڕەکانی هەم مەککە و هەم مەدینەدا، خەڵک بۆ پەشیمانی، بانگهێشتن دەکات و خوێشی بە دڵسۆز، میهرەبان و سەخی و دڵئاوا دادەنێ: سووڕەی ٢ (١٧٣، ١٨٢، ١٩٢، ١٩٩، ٢١٨، ٢٣٥)، سووڕەی ٣ (٣١، ٨٩، ١٢٩، ١٥٥)، سووڕەی ٤ (٢٣، ٢٥، ٩٦، ١٠٠، ١٠٦،

١١٠، ١٢٩، ١٥٢)، سوورەی ٥ (٣، ٣٤، ٧٤، ٩٨، ١٠١)، سوورەی ٦ (٥٤، ١٤٥، ١٦٥)، سوورەی ٧ (١٦٧)، سوورەی ٨ (٦٩،٧٠)، سوورەی ٩ (٥،٢٧،٩١،٩٩،١٠٢)، سوورەی ١٠ (١٠٧)، سوورەی ١١ (٤١)، سوورەی ١٢ (٥٣، ٩٨)، سوورەی ١٤ (٣٦)، سوورەی ١٦ (٥، ٢٢، ٣٣، ٦٢)، سوورەی ٢٥ (٦، ٧٠)، سوورەی ٢٧ (١١)، سوورەی٢٨ (١٦)، سوورەی٣٣ (٥، ٢٤، ٥٠، ٥٩، ٧٣)، سوورەی٣٤ (٢)، سوورەی٣٩ (٥٣)، سوورەی٤١ (٣٢)، سوورەی٤٢ (٥)، سوورەی٤٦ (٨)، سوورەی٤٨ (١٤)، سوورەی٤٩ (٥، ١٤)، سوورەی٥٧ (٢٨)، سوورەی٥٨ (١٢)، سوورەی٦٠ (٧، ١٢)، سوورەی٦٤ (١٤)، سوورەی٦٦ (١)، سوورەی٧٣ (٢٠).

لە قورئاندا ڕەش لەسەر سپی نووسراوە کە دڵسۆزی و میهرەبانیی خودا هەموو شتێك دەگرێتەوە. (سوورەی ٧ ئایەی ١٥٦ کە پێشتر باسمان لێوە کرد) زۆربەی موسوڵمانان زۆر جار بە مەیلەوە ئەو سوورەیە دەهێننەوە، بەڵام سەرنج نادەنە ئەوەی ئایەکانی پێش و دوای ئەو چییان تێدا نووسراوە. ئەگەر مرۆڤ بە پتوونی سوورەکە بخوێنێتەوە، بۆی روون دەبێتەوە کە دڵسۆزی و میهرەبانیی خودا نەك هەمووشتێك ناگرێتەوە بەڵکوو زۆر بەهێز باریك دەکرێتەوە و بە بارودۆخی تایبەتەوە دەبەسترێتەوە:

*"گوتی: هەرکێ ئازار بدەم کەیفی خۆمە. بەزەییشم هەموو شتی داگرتووە. چاکەی ئەوانە دەنووسم کە لە خراپە خۆپارێزن و زەکات دەدەن؛ ئەو کەسانەش کە بڕوایان بە خوا هەیە."* (سوورەی ٧ ئایەی ١٥٦)

لە سوورەیەکیتردا دەڵێ:

*"ئەم کتێبە پیرۆز و پڕ لە پیتەشمان ناردۆتە خوار. گشتوو پەیرەوی لێ بکەن و ترسیشتان لە خودا هەبێ، بەشکوو بەزەیی پێودابێ."* (سوورەی ٦ ئایەی ١٥٥)

کە وابوو هەرکەس باوەڕی بە قورئان هەبێ و دەستوورەکانی بەڕێوەبەرێ، دەبێ چاوەڕوانی هیواداربوونی دڵسۆزیی و میهرەبانی خودا بێت. بەو پێیە، ئەو گوتەیە کە

"دڵسۆزی و میهرەبانیی خودا هەموو شتێك دەگرێتەوە" دروست دەرنایەت. عالمی ئایینی هەن کە دەڵێن خودا لە سزاداندا زۆر دڵسۆز و میهرەبانە، ئەگەرچی کافران لە ئاگری جەهەننەمدا دەسووتێنێ. خودی پێغەمبەریش هەمیشە دڵسۆز و میهرەبان بووە، تەنانەت ئەو کاتەی کافرانی سەربڕیوە و ژنەکانی بە کۆیلە گرتوون. هەر بۆیە زۆربەی وێژەرانی داعیش بۆ ئاخەفتن ئاوا دەست پێدەکەن: "سپاس بۆ ئەو خودایەی، بە شمشیری پێغەمبەرەکەی دڵسۆزیی و میهرەبانی بۆ ناردوون."

## خودا تەنیا ڕێزی بۆ ئەو کەسانە هەیە، کە وەدوای قسەکانی کەوتوون

خودا مرۆڤی وك زیندەوەرێکی بەستراوە بەخۆیەوە ئەفراندووە کە بە زانابییەوە بەرەو ڕێگای ڕاست یاخود ڕێگای هەڵە هیدایەتی دەکا. شەیتانی بۆ ناردووە، بۆ ئەوەی هێندەیتر سەری لێ بشێوێنێ. خۆی بڕیار دەدا کەنگێ مرۆڤ بێتە سەر دنیا، چلۆن ژیان بکا و کەنگێ کۆتایی پێ بێ:

*"من هەر بۆیە جندۆکە و مرۆم دروس کرد، بمپەرستن."* (سوورەی ٥١ ئایەی ٥٦)

وێدەچێ پلانەکەی خودا بەو شێوەیەی ویستوویە بەجێ نەهاتبێ، چونکە خوای گەورە و توانا لە سوورەی ١٢ دا دەڵێ:

*هەر چەندە زۆریش پاپا بی، ئەم مەردمە زۆربەیان بڕوا ناهێنن."* (سوورەی ١٢ ئایەی ١٠٣)

ئەو دوو دڵی و ناهومێدیەی وا لەو سەردەمە هەڵدەقوڵێ، بۆنی هێزێکی مەزن و بەتوانای خودایی لێ نایەت. بۆچی مەگەر بەو شێوەیە نەبوو کە خودا لە ناوەندی ژووری کونترۆڵەوە پەنجە بەم دوگمە یاخود ئەو دوگمەوە دەنێ و مرۆڤی باوەڕدار و بێ باوەڕ دیاری دەکا؟

ئەو چەشنە دژ و پێچەوانەکارییە، وەك گرێ پووچکەیەك، سەرجەمی قورئانیان داگرتووە. بەڵام کاتێ سەیری کەسایەتیی و بیۆگرافییەکانی محەمەد وەك پێغەمبەری ناردراو لە لایەن خوداوە بکەین، دەتوانین هۆی گرێ پووچکەکانیش بناسین.

محەمەد لەو سەردەمەدا خۆی بەوەوە خەریك کردبوو کە کۆمەڵێك لایەنگر کۆ بکاتەوە. ئەو لەو سەردەمەدا هێزی قەناعەت پێکردن، دزە پێکردن، زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتنی زۆر لاواز بووە. ئەویش وەك زۆربەی ئامۆژگاریدەرەکانی دەوری

کەعبە لە مەککە، بەربەرەکانی بۆ ئەوە کردووە گوێگر و لایەنگر وەدەست بێنی. وێدەچێت کۆمەڵانی ناو کۆمەڵگا هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ پەیامەکەی نەبووبێت، تاقمێك چاوپۆشی و کەسانێکیش گاڵتەیان پێ دەکرد. لە سوورەی ٣٦ دا خودا لەگەڵ مرۆڤ دەدوێ و دەڵێ:

*"مخابن بۆ ئەو عەبدانە، هەر پێغەمبەرێکیان بۆهات، هەر گاڵتەوگەپیان پێکردوون."*
(سوورەی ٣٦ ئایەی ٣٠)

لە زمانە ئوریجینالەعەرەبییەکەیدا دەڵێ: "*ya hasratan a'lal-ibad*" واتە: "حەیف بۆ ئەو مەردمەی" (*ya hasra*) چەمك یاخود واتایەکی تەواو مرۆڤانەیە و لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی عەرەبستان تەنیا کاتێك بەکاردەهێندرا کە مرۆڤ لەوپەڕی تووڕەیی و داماویدا لەسەر چارەنووسی خۆی هەڵس و کەوت بکا. ئەو چەشن هەڵس و کەوتە بۆ خودایەکی خوڵقێنەر، بە توانا و بێ هەڵە، گەلێك سەیر و سەمەرەیە، بەڵام پڕ بە پێستی محەمەدە کە لەگەڵ هۆزەکەی لە دوژمنایەتیدابوو چونکە پەیامەکەیان رەدکردبۆوە و تەنانەت گاڵتە و قەشمەرییان پێ دەکرد. هەروەها سووڕی ١٠٣ ش زۆر بە باشی ئەو بۆچوونە دەچەسپێنێت کە محەمەد بە گشتی مرۆڤی وەك دۆڕاو ناو بردووە و بەرەو سەبر و خۆڕاگری هانیان دەدات. وێدەچێ ئەو ئایەیە ڕاستەوخۆ مەبەستی تەنیا محەمەد بێ:

*"سوێند بە هەڕەتی ئێوارە، مرۆ گشتی زیانبارە؛ مەگین ئەوەی بوونەتە خاوەن باوەڕ و کار چاك بوون و یەکتریشیان بۆ کاری ڕاست دنەداوە و بۆ خۆگری ڕاسپاردوە."*
(سووڕەی ١٠٣ ئایەی ١ - ٣)

پسپۆرانی ئەو بوارە دەنووسن: ئەو بارودۆخەی لەو سووڕەیەدا بۆ کاری ڕاستی باوەڕپێکراوان و هاندانیان بەرەو سەبر و خۆڕاگری هاتووە، دەبێ زۆر دواتر و ئەو کاتە درابێتە دەرێ کە محەمەد بە سەرکەوتوویی کۆمەڵێکی لە دەوری خۆی کۆ کردبێتەوە و کۆمەڵگایەکی ئیسلامی پێکهێنابێت. لایەنگرەکانی بەهۆی ئەو گشت کردنەوە و بڕیاردانە دەبێ هەستی برینداربوون و دڵشکاوییان لەخۆ نیشان دابێ و دژ بەوە هەڵوێستیان گرتبێ، کە بۆ دەبێ قورئان بەگشتی مرۆڤ وەك دۆڕاو سەیر بکات.

سوورەیەکی هاوچەشن ئەو شتە روون دەکاتەوە: "ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوە و کاری ڕاستیان پیشەکردووە، پاداشیان دەدرێتێ".

"مەر ئەوانەی باوەڕدار و ئاکار چاك بوون، کە پاداشیان دوایی نایە." (سووڕەی ٩٥ ئایەی ٦)

محەمەد بۆ قەناعەت پێ هێنانی کۆمەڵانی مەککە پێویستی بە سەبر و هەناسەیەکی دوور و درێژ هەبووە بۆ سەلماندنی پێغەمبەرییەکەی و ئەوەی کە لە لایەن خوداوە نێردراوە. لە ڕاوێژەکانیدا بەردەوام ناوی پێغەمبەرانی مێژووی پێش خۆی هێناوە و باسی لە پەرجۆکانیان کردووە. دیارە سروشتییە کە خەڵکانی مەککە بۆ سەلماندنی پێغەمبەرییەکەی داوای پەرجۆیان لێ کردووە، بەڵام محەمەد نەیتوانیوە ئەو ئارەزووەیان وەدی بێنێ و نیشانەیەك لە خودایان پێشان بدا. سەرەڕای ئەوانەش خەڵکی مەککە تۆمەتباریان کردووە کە پەیامەکەی لە مێژوو و گێڕاوەکانی پێش خۆی پێکهێناوە و دەیهەوێ چێشتێکی مجێور لە ئەفسانەکانی ناو مێژوو دەرخواردی خەڵك بدات.

دەبێ ئەو هەڵس و کەوتەی خەڵک بۆ محەمەد زەربەیەکی کاریگەر بووبێ. وەك منداڵێکی هەتیو کە لە دەرەوەی هۆزەکەی گەورە ببوو، بە بێ ئەو هەڵس و کەوتەی خەڵکیش، بە چاوێکی گۆماناوی و هاوڕێ لەگەڵ دوو دڵی و دڵ کرمۆڵی سەیری خەڵکی دەکرد. چەندین ساڵ کاری ئامۆژگارییی لە شاری مەککە درێژە پێدا. هەموو کاتی ژیانی ئەو سەردەمەی بە بێ هیچ سەرکەوتوویيەك بۆ خزمەت بە پەیامە ئیلاهییەکەی تەرخان کردبوو. هەستی ناهومێدی و تووڕەبوونی لە هەنبەر خەڵکدا بە ڕادەیەکی زۆر تێدا پەروەردە ببوو. هەر تەواو ئەو ناهومێدییە، ڕەنگدانەوەی دژ و پێچەوانەبوونی نووسراوەکانی ناو قورئان وێنەی ئاکار و هەڵس و کەوتێکی ئینسانی دەسەلمێنێ. تێکستی ناو قوڕئان بەردەوام زانیاریی لەسەر بارودۆخی ڕۆحی و کێشەکانی ناوەوە و دەرەوی محەمەد بەدەستەوە دەدات. لە سەرەتای کارتێکەرییەکەیدا ئەرکێکی مەزنی بە دەستەوەبوو، باوەڕی بە مرۆڤ و بەوە هەبوو کە ئەوان یارمەتی

دەدەن. بەڵام ئەوان یارمەتیان نەدا، خۆیان لێ وەرگەڕاندەوە و بە ناهەقیکار و سپڵە و ناشوکر لە ئاو دەرچوون.

محەمەد، نەیدەتوانی ئەو تووڕەییەی وا بەهۆی سەرنج نەدانی خەڵک بە پەیامەکەی تێدا پەروەردە ببوو، بە شێوەی کاریگەر لەخۆی نیشان بدا، لە ڕاستیشدا بە چ شتێك دەیتوانی هەڕەشە لە خەڵکی بکا؟ ئەو خودا دەکاتە بڵیندگۆی قسەکانی. هەر بەو شێوەیەی دەیبینین خودا وەك هێزێکی بە هێز و توانا ناجووڵێتەوە، بەڵکوو تەواو بە شێوەیەکی ئینسانی ئاخافتن دەکا: بە ناهومێدی و دوودڵییەوە لەگەڵ خەڵکە یاخی و سەربزێوەکەی هەڵس و کەوت دەکا.

لە هەموو ئەو سووڕانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ئەو ئایانەی نزای خراپ لە مرۆڤ دەکرێ و بە درۆزن، ناشوکر، خەیانەتکار و ناڕاست لە قەڵەم دەدرێ، دەتوانین هەست بە بێ هیوایی و ناهومێدی محەمەد بکەین کە هەر کارێکی کردووە و هەرچەند هەوڵی داوە، نەیتوانیوە بە ئەزموونێك بگا یاخود بیسەر بۆ گوتەکانی بدۆزێتەوە و سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەو چی دەتوانی لەهەنبەر ئەو کارە بکات؟

خودا دەبوو بۆ یارمەتی محەمەد بێتە ناو مەیدانەوە. لە وەحیەکانی دواتردا کە بۆ محەمەد نازڵ دەبێ، تەنیا وەك ناهومێدی و هەڕەشەکردن نامێنێتەوە، بەڵکوو بە چەکی قورس وەڵام دەدرێنەوە: ئەو کەسانەی کە گوێ ناگرن و وەدوای پەیامەکەی ناکەون، بە ئاگر و سووتاندن لە جەهەنەم دەترسێنرێن. لەسەر ئەوە دواتر دەدوێین.

لە سووڕەی ٥٥دا خودا هەڕەشە لە مرۆڤ و جندۆکە دەکا کە خوڵقاندوونی بۆئەوەی بیپەرەستن:

*"ئێمە بە کارتان ڕادەگەین، ئەی گرۆی مرۆ و جنۆکان."* (سووڕەی ٥٥ ئایەی ٣١)

ئەو شێوازە ئاخافتنە: "ڕاوەستن با من دستم بەتاڵ بێت، جا ئەو کات بە حیسابتان ڕادەگەم" لە زمانی عەرەبیدا بۆ هەڕەشەکردن زۆر باوە. بەڵام دەبێ خودا سەری بە چ کارێکەوە خەریك بووبێ کە نەیتوانیوە دەستبەجێ مرۆڤ سزا بدات و تاوانی بەسەردا بسەپێنێت؟ ئەگەر مرۆڤ وەبیرخۆی بێنێتەوە کە محەمەد لە مەککە چەند ناهومێد و داماو بوو، هەڕەشەکردنی ئەو چەشنە سووڕانەی بۆ روون دەبێتەوە. ئەو

کات هێشتا محەمەد ئەو کەسایەتییە خاوەن هێزەی ناو کۆمەڵگا نەبوو کە دواتر لە شاری مەدینە پێی گەیی. کەوابوو ئەو هەڕەشانەی لە دژبەرەکانی دەکرد، تەنیا دەیتوانی بۆ داهاتووی ڕاگوێزێ.

سەرنجڕاکێش لەو پەیوەندییەدا ئەوەیە: کاتێ محەمەد لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچی کرد و لەوێ هێزێکی نیزامی گەورەی پێکهێنا و کۆمەڵێکی مەزنی خەڵکی لە دەور کۆ ببۆوە، لە پڕێکدا ئەو وێنە نەرێنییەی لە مرۆڤ هەیبوو، بە تەواوی لە قوڕئاندا کۆتایی پێهات و لەناو چوو. تەنیا "دوژمنایەتیی" لە هەنبەر بێ دینەکان وەك خۆی مایەوە. بەڵام تۆڵەکردنەوە و سزادانی بێ دینەکانی بە خودا نەسپارد و ئەو کارەی بە زەربی شمشیری خۆی وە ئەستۆ گرت.

## قورئان لە سەرووی ژیانەوە

لە قورئاندا، نەك هەر لەسەر مرۆڤ بە شێوەی نەرێنی دەدوێت، بەڵکوو بە گشتی لەسەر ژیانیش، یاخود لای کەم ژیانی سەر دنیا. وشەی ژیان"al-hayat" لە قورئاندا هەمیشە لەگەڵ ئاوەڵناوی "دونیا"دا دێ، کە وشەی دونیا"dunya" لە عەرەبیدا مەبەست "کەم"ی یاخود "بێ مانا"ی یە.

ئەو سووڕانەی خوارەوە ڕوونی دەکەنەوە کە ژیانی ڕاستەقینە لەو دنیا چاوەڕوان دەکرێ، لای کەم بۆ ئەو کەسانەی بڕوایان بە خودا هەیە:

*"بزانن، ژی لە دنیایە هەر گەمە و بادی هەوایە و بۆ خۆ بە جوان نیشان دان و خۆ لەسەر یەکترڕانان و فرەبوونی عەولاد و دارایتانە و وەك چنراوێك بەهۆی بارانە شین بوە و وەرزێری پێ خەنی بووە و بەرەبەرە وشك دەبێ و دەبینی زەرد هەڵگەڕاوە و لە دواییدا بوەتە کاوکۆتی بەرەبا. لەولاش ئازاری دژوار و لێ خۆشبوون و ڕەزامەندی خودا هەیە. ژینی دنیا هەر مایەی خەڵەتاندنە و چی تر نیە."* (سووڕەی ٥٧ ئایەی ٢٠)

*"ڕکە بکەن بۆ بەخشینی پەروەرندە و ئەو بەهەشتەش کە پانایی، بە پانایی ئەم ئاسمان و زەمینەیە و بۆ ئەوانە ئامادەیە کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەرانی خودا هەیە. ئەم چاکەیە لە خواوەیە و دەربارەی کەسێکی دەکا کە بۆخۆی مەیلی لەسەر بێ. چاکەی خودا زۆر گەورەیە."* (سووڕەی ٥٧ ئایەی ٢١)

*"ئەگەر لەمانە بپرسی: کێیە وا لەو حەوایەوە بارانە دادەبارێنێ و هەر بەو ئاوە زەوی زیندوو دەکاتەوە پاش مردنی؟ بێ گومان دەبێژن: خودا. بێژە: شوکرانە بۆ خودا. بەڵام زۆربەی ئەمانە دەوانە ناکەن. ئەم ژیانەی سەر دنیایە، هەموو هەر گەپ و گاڵتەیە و چیتر نییە؛ ژیانی ڕاستەقینە هەر لەو دنیایە، ئەگەر ئەوانە بیزانن."* (سووڕەی ٢٩ ئایەی ٦٣ و ٦٤)

## تەنیا گاڵتە پێکردن و کات تێپەڕ کردن

ئەو دوو سوورەیە بە ڕوونی دژ و پێچەوانەی سوورەی ٢١ ن کە تێیدا دەڵێ:

*"ئێمە ئاسمان و زەوینمان و هەرچی لە ناو ئەواندایە بۆ لەیستۆك دروس نەکرد. ئەگەر ئێمە گەرەکمان با لەیستۆکێك هەڵبژێرین، هەر لای خۆمان هەڵمان دەبژارد. ئەگەر بمانویستایە ئەو کارە بکەین[هەر دەمانکرد]. ناخێر، ئێمە گەرەکمانە پڕوپۆچ لە بەین بچێت و ڕاستی جێگەی بگرێتەوە. واوەیلا هەر بۆ ئێوەیە لەو باسی خوداکردنەتاندا."* (سوورەی ٢١ ئایەی ١٦ – ١٨)

زۆر بە دژواری بۆ مرۆڤ جێی باوەڕپێکردنە کە خودا ژیان، ئەو ژیانەی خۆی خوڵقاندوویەتی، بە ئاشکرایی بە هیچی دادەنێ. لەویش گرنگتر ئەوەیە کە لە بەشێکی کتێبی قورئان دا کە وەك کتێبی کۆتایی بۆ مرۆڤی سەر زەوی ناردووە، هەڵس و کەوتی خۆی بەو شێوە نەرێنییە لە هەنبەر مرۆڤ و بە تایبەت لەسەر ژیانی دنیا نیشان دەدا. لەو شێوازە تۆڵە سەندنەوەیە تەنیا ئەوکات مرۆڤ دەکرێ لێێ تێ بگا کە بە چاوێکی کراوە سەیری قۆناخەکانی تایبەتیی ژیانی محەمەد لە مەککە بکرێ. پێغەمبەر لەو سەردەمەدا لە ڕوانگەی ماڵییەوە مرۆڤێکی فەقیر بووە و کوڕیشی نەبووە. بازرگانەکانی مەککە هەموویان دەوڵەمەند بوون و هەر کامیشیان چەندین منداڵیان بووە. ئەوان نە کاتیان بووە و رەنگە هیچ حەوسەلەشیان نەبوبێ گوێ لە هەڕەشەکانی محەمەد بگرن. لەو بارودۆخەدا محەمەد بە ئایەکانی قورئان ژیان، پارە و کوڕ بێ مانا و کەم نرخ نیشان دەدا و تەنانەت بە نەحلەت و نەفرینی دادەنێ:

*"سەیرت نەیە لە دارایی و زاروزێچێ کە هەیانە، خوا دەیەوێ لە دنیادا بە مانە ئازاریان دا و هەر بە خوا نەناسی بمرن." (سوورەی ٩ ئایەی ٥٥)*

لێرەدا جارێکیتر دژ و پێچەوانەیی گوتەکانی ناو قورئان ڕوون دەبێتەوە: خودای میهرەبان منداڵ و ماڵی دنیا، ئاو و خواردەمەنی، تیشك و گەرما وەك دیاری بە مرۆڤ دەدا و لە بەرابەریشیدا لە مرۆڤ داوا دەکا کە شوکرانە بژێر بێ. هاوکات لەولاشەوە

دەڵێ ئەو نیعمەتانەی داوەتێ بۆ ئەوەی ئازار بکێشێ و بە بێ دینی لەم دنیایە بڕوا. ئەو کارە لە ڕوانگەی خوداوە هیچ مانایەکی نابێ. بەڵام لە ڕوانگەی محەمەدەوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ماوەیەکی درێژ ژیانێکی تەرکە دنیای پیشەکردبوو، یاخود ناچار بەو ژیانە کرابوو، ماڵی دنیای بە هیچ دانەدەنا.

بەڵام کاتێ محەمەد لە مەدینە لەپڕێکدا مرۆڤێکی بەهێزی لێ دروست بوو، و لە ڕاستیدا تەنیا لە کەل و پەلی وەدەستهاتوو لە شەڕ ژیانی دابین دەکرا و سەر و کاری زیاتر لەگەڵ پارە و زێڕ و ماڵی دنیا بوو، وردە وردە ئەو هەڵس و کەوتەی پێشتر لە سەر ماڵی دنیا هەیبوو وەلای نا. لێرەوە قورئان ئایەی دەنارد کە باسی لەسەر دابەشکردنی کەل و پەلی شەڕ، سەرانە و سەدەقە دەکرد. بەکردەوەش سووڕەیەك هاتە خوارەوە کە ڕاستەوخۆ باس لەوە دەکا:

*"ئەگەر باوەڕتان بە خودا و باوەڕیتان بەوەش هەیە کە ڕۆژی لێك هاڵاواردن بۆ عەبدی خۆمان ناردە خوار، ئەوەی ڕۆژێ کە دووکۆمەڵ تووشی یەك بوون؛ دەبێ ئەوەندەش تێ بگەن هەر تاڵانێکو دەس کەوت، پێنج یەکێکی بەشی خودا و پێغەمبەرە و بۆ خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە. خودا توانای بەسەر هەمووشت دا هەیە." (سووڕەی ٨ ئایەی ٤١)*

ئیتر کاتی بێ بەشبوون و خۆپارێزی بەسەر چوو. شتە جوانەکانی ژیان لە پڕێکدا ئیتر بە تاوان لە ئەژمار نەدەهاتن:

*"بێژە کێیە، جلکی جوان و خشڵ و بژیوی پاکژێ - کە خوا بە عەبدەکانی خۆی ڕەوادیوە - لای وایە کە ناڕەوایە؟ بێژە: ئەمانە شایانی ئەو کەسانەن کە لە ژیانی دنیادا بڕوایان بە خوا هێناوە و ڕۆژی سەڵاش هەر تایبەتی بە خۆیانە. ئێمە ئاوا نیشانەکان بۆ ئەوانەی کە زانا بن ڕۆشن دەکەین."(سووڕەی ٧ ئایەی ٣٢)*

هەمان ئەو قورئانەی کە پێشتر هەموو ئەو ئیمکاناتانەی بۆ چێژ بردن لە ژیانی فریودەرانە بەیان دەکرد، لە پڕێکدا بۆ چێژ بردنی محەمەد و لایەنگرانی ئەو شتانە بە باش و چاك دادەنێت. بەسەر ئەوانەشدا دەیانتوانی هاوکات لەگەڵ چەندین ژن زەماوەند بکەن، ئیزنی دەستدرێژی سێکسی بەو ژنانەیان پێدرابوو کە لە شەڕدا بە دیل گیراوان،

هەروەها ژنێکی زیاتر بۆ خۆیان هەڵگرن و وەك دیاری بە پێغەمبەریشی بدەن. خودای میهرەبان ئەو کارە بە پێغەمبەرەکەی پێشنیار دەکا و دەڵێ:

*"ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد کە بەزەیی و چاکەیەك بی بۆ هەموو خەڵکی دنیایە." (سوورەی ۲۱ ئایەی ۱۰۷)*

"ئەی پێغەمبەر! ئێمە ئەو ژنانەتمان بۆ ڕەوادیوی، کە مارەییت پێ گەیاندوون، *ئەوانەش کە لە تاڵانێ دەس کەوتوون و خودا کردوونیە پشکی تۆ. هەروەها دۆت مامەکانت و دۆت پلکانت دۆت خاڵانت و کیژەکانی خوشکی خاڵت کە لەگەڵ تۆ ئاوارە بوون، بە تۆ دەشێن. هەر ژنێکی باوەڕداریش - بەو مەرجەی خۆی ببەخشێ بە پێغەمبەر و پێغەمبەریش گەرەکی بێ مارەی بکا - ئەمەش هەر تایبەتیی تۆیە؛ نەك بۆ باوەڕدارانی تر. ئێمە خۆمان زانیومانە کە دەربارەی ئەو ژنانەی بەوان ڕەوان و ئەوانەی دەبنە کەنیزان، چلۆن بڕیارێکمان داوە، تا هیچ گیر و گرفتێك بۆ تۆ روو نەدا. خودا لە گوناە دەبووری و دڵۆڤانە."(سوورەی ۳۳ ئایەی ۵۰)*

بڵێی قوربانیانی شەڕەکانی محەمەد و ئەو ژنانەی لەژێر ناوی ئەو بە کۆیلەکران و دەستدرێژی سێکسییان پێکرا، هەستیان بە کارەکانی محەمەد و رەحمەتی ئەو نەکردبێ؟ ئەو سوورەیەی سەرەوە بەڵگەیە بۆ دەستبەسەرداگرتنی محەمەد بەسەر ئەو ژنانەی لە شەڕدا گیراون، یاخود لە دەوروبەری بوون، پێش ئەوەی "شەڕکەرەکانی"دەستیان بەو ژنانە ڕابگا. تەنانەت ئایشێی ژنیشی بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئەو سوورەیەی کردووە و گوتوویەتی:"دەبینم کە خوداکەت وەدوای ئارەزوو و هەوەسی تۆ کەوتووە"[٤]

بە پێچەوانە محەمەد چاوەڕوانی لە لایەنگرەکانی دەکرد کە چاویان لە خۆشی ئەم دنیایە نەبێ و خۆیان زیاتر بە شۆڕش بۆ وەدەستهێنانی ژیان لە دنیای ڕاستەقینەدا قوربانی بکەن. هەروەها بۆ هاندانیان دەبوو قەناعەتیان پێ بێنێ کە تەنیا ژیان لە دنیای دووهەم ژیانی ڕاستەقینەیە. ژیانی سەر زەوی بە هەموو تاقیکارییەکانیەوە تەنیا

---

[٤] Sahīh Muslim, Hadith Nr. ١٤٦٤

وێستگەیەکی ناو ڕێگایە و بە ژیانێکی "هیچ"ی دادەنا. بەو هۆیەوە لە سوورەی ٩ دا هاتووە:

*"خودا، گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە و لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە. باوەڕدارانیش ئەوانەن کە لە ڕای خوا شەڕ دەکەن و دەکووژن و دەشیانکووژن. لە تەوڕات و ئنجیل و قورئانیشدا بەڵێنی وەها دراوە. ساکێ لە خوا بۆ پێکهێنانی دروسترە؟ دەسا ئێوە بەو سەودایە و مزگێنی بە یەکتر بدەن، کە دەسکەوتێکی زۆر گەورەو دەس کەوتوە." (سوورەی ٩ ئایەی ١١١)*

## خودا و چرای جادوویی

لە لایەکەوە قورئان لە باوەڕپێکرانی داوا دەکا محەمەد وەك نموونەیەك سەیر بکەن(سووڕەی ٣٣ ئایەی ٢١) کەچی لەولاشەوە لە زۆربەی ئەو کارانەی بۆ پێغەمبەر دیاری کراوە، بێ بەشیان دەکات. ئەو هەڵس و کەوتە بۆتە هۆی پێکهێنانی نارەزایەتی و ورووژاندن و پێکهێنانی پرسیار لە ناو لایەنگرەکاندا. بۆ هێورکردنەوەیان باشترین ڕێگاچارە تێکەڵاویی ویستی محەمەد و خودا لەگەڵ یەکتردا بووە. بەو هۆیە، وشەی "خودا و ڕەسووڵەکەی" داتاشراون کە زیاتر لە ٧٠ جار وەك یەکەیەك دووپات کراونەتەوە، بۆ نموونە، سووڕەی ٣٣:

*"ئەگەر خوا و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان بە هەر کارێك دا، هیچ پیاوێك و هیچ ژنێکی خاوەن باوەڕ ناتوانن پەسەندی نەکەن. هەر کەسێکیش لەفەرمانی خودا و پێغەمبەری دەرچێ، ڕێگەی زۆر هەڵە کردووە." (سووڕەی ٣٣ ئایەی ٣٦)*

پەیوەندیدان و بە یەککردنی خودا و ڕەسووڵەکەی دەبوو پێش بە پرسیار لەسەر مافی تایبەتی محەمەد بگرێ کە لە لایەن لایەنگرەکانیەوە دەکران، وەك لە سووڕەی ٥٩ دا:

*"هەر تاڵانێ لە دانیشتووی ئەو شارانە خوا بۆ پێغەمبەری ناردووە، بۆ خودا و بۆ پێغەمبەریە و بۆ خزمە نزیکەکان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە؛ نەك ببێتە سەرمایەی ئاڵ وگۆڕکردن لە ناو دەوڵەمەندەکان و هەرچی پێغەمبەر دەوداتێ، لێی وەرگرن؛ لە هەر چیشتان بێ بەش کا، دەستی بۆ مەبەن. دەبی لە خودا بترسن؛ کە تۆڵەی خودا زۆر دژوارە." (سووڕەی ٥٩ ئایەی ٧)*

بڕێك بە تیژی ئەگەر بدوێین، دەتوانین بڵێین، خودا محەمەدی وەك نموونەیەك لە خۆی نەخولْقاندووە، بەڵکوو ئەوە محەمەدە قسە دەخاتە زاری خوداوە، بۆئەوەی لە

بارودۆخی تەنگانەی ژیانیدا بە فریای بگا. وێدەچێ لەو کارەیدا سەرکەوتوو نەبووبێت، چونکە سوورەیەکی تری قورئانی پێویست بووە بۆ قەناعەت پێهێنان و خستنە ژێر کونترۆڵی بە تەواوەتیی لایەنگرەکانی، کە پەیتا پەیتا پرسیاری دڵناخۆشکەریان لێ دەکرد:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەو شتانە پرسیار مەکەن ئەگەر بۆتان روون کەنەوە، پێی تووشی دڵمەندی دەبن. ئەگەر پرسەکەو هەڵگرن بۆ ئەو کاتەی کە قورئان دێتە خوارەوە، وەرامەکەو دەدرێتەوە. خوا لەو پرسیارە نابەجێگایانەی ئێوە چاوی پۆشی؛ خوا لە گوناە دەبووریێ و لەسەر خۆیە." (سوورەی ٥ ئایەی ١٠١)*

بەهۆی ئەو سوورەیە بارودۆخێکی دژوار لە ڕوانگەی وێناکردنی ڕاهێنان و جیهانبینی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دەستپێدەکا. پرسیارکردنی ئەو قۆناغە واتە پرسیار لەسەر کولتوور و فەرهەنگ و کێشەی بە چاوی ڕەخنە سەیر کردن نەک هەر وەلادەنرێ، بەڵکوو هەوڵی دروستکردن و بەفەرمیکردنی کولتووری وەڵامی نەگۆڕ و فۆندامێنت دەدرێ. پرسیارکردن، بە قۆناغی شك کردن و ڕەخنەگرتن لە ئایین دادەنرێ و هەر وەك دەزانین شك کردن لە ئیسلام بە تاوان دەناسرێ. لە کاتێکدا شك کردن و پرسیار کردن لە دنیای مودێرن و مرۆڤدۆستی ئەمڕۆییدا دوو پایەی سەرەکی ڕەخنە لێگرتنن.

بە پێچەوانە، ڕەخنەگرتن لە ئایینی ئیسلامدا بە مانای بێدەنگی کردنە. لایەنگرانی محەمەد ئیزنی گوتنی بۆچوونی خۆیان کە جیاوازی لەگەڵ هی پێغەمبەر بووبێ، یاخود قسە لە قسەی ئەودا کردنیان نەبووە:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ناشێ دەنگتان سەر دەنگی پێغەمبەر کەوێ. دەنگیش هێندە بەرز مەکەن، وەك وەل یەکترا داخێون؛ کە کارتان لێ پووچەڵ ببێ و خۆتان بە خۆتان نەزانن. ئەو کەسانەی لجەم پێغەمبەری خودا دەنگیان نزم دەکەنەوە، ئەو کەسانەن خوا دەربارەی پارێزگاری، دڵی تاقی کردوونەوە. لێ خۆشبوون و پاداشی مەزن بۆوانە." (سوورەی ٤٩ ئایەکانی ٢ و ٣)*

جێ سەرنج لێرەدایە کە گوتەی محەمەد وەسەر گوتەی خوداش دەکەوێ. لێرەدا ناگوترێ کە دەنگی خۆتان لەسەر دەنگی خودا بەرز مەکەنەوە، بەڵکوو دەنگتان لە حاند پێغەمبەر بەرز مەکەنەوە. لەبەر ئەوە، هەر ڕەخنەیەك و هەر پرسیارێك دژ بە محەمەد بە چاوی تاوانێکی قورس و گران سەیر دەکرێ. بە درێژایی مێژووی ئیسلام مرۆڤێکی زۆر لەسەر ئەو "تاوانە" ژیانی خۆیان بەخت کردووە.

لە دەستەیەک لە مەکتەبە ئیسلامییەکاندا موسوڵمانێك ئەگەر ڕەخنەی لە خودا گرتبێت، یاخود سووکایەتی بە خودا کردبێ، ئەگەر پەشیمان بووبێتەوە، ئارام کراوەتەوە و لێی بووردراوە، بەڵام هەر کەس سووکایەتی بە محەمەد کردبێ یاخود ڕەخنەی لە پێغەمبەر گرتبێ، تەنانەت ئەگەر پەشیمانیش بووبێتەوە، دەبێ تۆڵەی لێ بسەندرێتەو و بکووژرێ. تاوانی "سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر" لە مێژوودا زۆر جار وەك بەهانەیەك بۆ سەرکوتکردن یاخود تووناکردنی دوژمنان کەڵکی لێ وەرگیراوە. تەنانەت ئەو سووکایەتییە گوتەکانی حەدیسیش دەگرێتەوە کە لە زمانی محەمەدەوە گوتراون. زۆربەی گوتەکانی ناو حەدیس بە ئەرك بۆ موسوڵمانان دادەنرێن کە گوێڕایەڵی لە حاکمانی ئیسلامی بکەن ئەگەر تەنانەت کارەکەیان دژ بە ئەخلاق و ناعادڵانەش بێ. هەر موسوڵمانێك دژ بەو بۆچونە بووبێ و هێزداریی حکوومەتی حاکمانی ئیسلامی لەژێر پرسیار خستبێ، وەك بێ دین سزا دراوە چونکە ئەمری پێغەمبەری بە جێ نەهێناوە.

بۆ منی نووسەر ئەو کاتەی برایانی موسوڵمان [اخوان المسلمین] لە میسر لەسەر کار بوون و پارلمانیان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان گرتبوو باروودۆخێکی هاوچەشن رووی دا کاتێ ساڵی ٢٠١٣ لە قاهیرە ئاخەفتنم لەسەر ئیسلامی فاشیستی کرد. کاتێ حوکمی کوشتنی من لە لایەن عالمێکی ئایینییەوە دەرچوو، وێدەچوو ئەو کارەی نەك بەهۆی سووکایەتی بە پێغەمبەر یاخود ئایینی ئیسلام، بەڵکوو زیاتر بەهۆی نیگەرانی لەژێر ڕەخنەگرتنی هێزی برایانی موسوڵمان لە میسر بووبێ. هەر تەواو بەو شێوەیەی خودا خۆشی کەرەسەیەك بۆ محەمەد بووە، کەسایەتیی پێغەمبەر لە ڕابردوودا زۆرجار وەك کەرەسەیەکی سیاسی سەیر کراوە و تا ئەمڕۆش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە.

چونکە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا خودا بۆ محەمەد وەك گەلالەکار و قوڕئانیش وەك چرای جادوویی بووە کە هەموو ئارەزووەکانی بۆ وەدی هێناوە.

ئەوەی کە سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر بۆ موسوڵمانێکی باوەڕپێکراو زۆر چەتوون دەنوێنێ، هۆیەکەی ئەوەیە قوڕئان وەك تێکست یاخود نووسراوەیەکی نەگۆڕ و ئیلاهی سەیر دەکرێ. لە قوڕئاندا هاتووە:

*"ئەو کەسانەش کە پێغەمبەر ئەزیت دەدەن، تووشی ئازاری بە ژان دێن." (سوورەی ٩ ئایەی ٦١)*

ئەو پرەنسیپە پەیتا پەیتا خۆی دووپات کردۆتەوە: محەمەد خۆی ئەوکات ئەو هێزەی نەبووە کارتێکەری لەسەر دژبەرانی هەبێت و سزایان بدا، هەر بۆیە بۆ پارێزگاریی لە خۆی یارمەتی لە سەرەوە وەرگرتووە. خوداش هاوتەریب لەگەڵ ئارەزووەکەی ئەو، وەك مرۆڤێکی ئاسایی هەڵس و کەوتی کردووە. خودا جوێنی داوە، لەعنەتی ناردووە، هەڕەشەی کردووە و تەڵەی بۆ مرۆڤی کافر و بێ باوەڕ داناوە (سوورەی ٧ ئایەی ١٨٢ تا ١٨٣). هەروەها خودا تۆڵە لەو کەسانە دەکاتەوە کە سووکایەتیان بە پێغەمبەرەکەی کردبێ. ڕۆژێك دێ کە "خودا تۆڵەیان لێ بکاتەوە و سەرگەردانیان بکا". (سوورەی ٢ ئایەی ١٥)

خودا وەك باشترین "فێڵەباز" (سوورەی ٣ ئایەی ٥٤) نیشاندەدرێت، هەروەها وەك کەسێك کە کەڵك لە فیتنە و سووکایەتیکردن وەردەگرێ. دەڵێی خودا بەو هەموو هێز و زانستەیەوە لەجیاتی ئەو هەڵس و کەوتە ئینسانیانە هیچ ڕێگاچارەیەکیتری بۆ سزادانی ئەو چەشنە مرۆڤانە نەبووە. بۆچێ دەبێ ئەو خودا مەزنەی خۆی مرۆڤی خوڵقاندووە ئاوا سووکایەتیشی پێ بکا؟ لە ڕاستیدا سووکایەتیکردنی خودا دەبێ چۆن بێ؟ هەر بەو شێوەیەی مرۆڤ دەیکا؟ نا، تەواو بەو شێوەیەی محەمەدی بێ دەسەڵات ئارەزووی کردووە؟

## ژیانی ڕاستەقینە لە بەهەشتەوە دەستپێدەکا

هەرچەند محەمەد بەهێزتر دەبوو، بەو ڕادەیەش پێویستی بێ ئەملا و ئەولای بە هاوڕێیی لایەنگرەکانی پەیدا دەکرد. کەسایەتییەکەی دەبوو لە هەنبەر هێرشی دەرەوە و ناوەوە پارێزگاری بکرێت. ئەو پارێزگارییە بۆ شەڕکەرەکانی بە مانای سەردانەواندن و گیانی خۆ بەختکردن بوو. کارێکی زۆر ساکار نەبوو، بەڵام بە چاوەڕوانی پاداشی چوون بۆ هەشت لەو دنیا، دوای ژیانی سەر زەوی، بارودۆخەکەی بۆ لایەنگرەکانی شیرینتر و ئەوانی تامەزرۆتر کردبوو.

٦٦ جار ناوی بەهەشت لە قورئاندا هاتووە. بۆ وێنە سوورەی ٢، کە لەوێدا خودا هەموو مرۆڤێك بۆ ئەو شوێنە بانگێشتن دەکا. سەرکردەی ڕێکخراوەی سەلەفیەکانی ئاڵمان پییێرە فۆگل "Pierre Vogel" لەسەر دروشمی "بانگەشە بۆ بەهەشت" جەختێکی زۆر دەکا.

*"ئەوان گەرکیانە ئێوە بەرەو جەهەننەم ڕاکێشن؛ خواش گەرەکییە بە ئیزنی خۆی لە گوناهانتان ببوورێ و بتانگەیێنێتە بەهەشت. خودا ئەم نیشانانەی خۆی بۆ مەردم ڕوون دەکاتەوە." (سوورەی ٢ ئایەی ٢٢١)*

خودا بەو هیوایەیە کە مرۆڤ بانگهێشتنەکەی لێ قەبووڵ بکات و نیشانەی خوداییەکەی لێ وەربگرێ و بیسەلمێنێ. ئەو سوورەیە ڕوخسارێکی دۆستانە لە خودا نیشان دەدا کە بۆ بەهەشتەکەی پرۆپاگەندا یاخود بانگەواز دەکات. بەڵام سەیر ئەوەیە کە وشەی بەهەشت زۆربەی جار لە پەیوەندایەتی لەگەڵ ترساندن و هەڕەشەی سووتاندن لە جەهەننەمدا دێت، وەك لە سوورەی ٣دایە:

*"هەموو کەسێك تامی مردنێ دەچێژێ؛ ڕۆژی سەڵاش هەقی خۆتان دەنێنە مشت. کێ لە ئاگر کلاکرێ و ببرێتە نێو بەهەشتەوە، دەیباتەوە و بەختەوەرە. ئەم ژیانەی سەر دنیا تەنیا بنەمای فریوە." (سوورەی ٣ ئایەی ١٨٥)*

بەرەنگاربوونەوەی دوو وشەی بەهەشت و جەهەننەم هەم وەك ئاگادارکردنەوە و هەم وەك هاندان بەکار هاتووە:

*"جەهەندەمی لە بەهەشتیەکان دەخوازن: لەو ئاوە یا لەو زۆرەی خوا پێیداون شتێکیش بەشی مە بدەن. ئێژن: خودا ئەم شتانەی بەشی بێ دینان نەداوە." (سوورەی ٧ ئایەی ٥٠)*

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە: هەموو مرۆڤێک بۆ بەهەشت بانگێشتن نەکراون و چوونی مرۆڤی بێ دین بۆ ئەو شوێنە قەدەغە کراوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی ژیانی سەر زەوی بە **"بنەمای فریو"** ناودەبرێت، بەهەشت بە شوێنێکی بەچێژی شەهوانی و زۆر بە ئالۆش نیشان دەدرێ. بەڵام هەر بەو شێوەیەی پێشتر باسمان لێکرد، تەنیا ئەو کەسانەی گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی دەبن، هیوادارن بەهەشتیان بە نەسیب بێ. لەوێ بەهەشتییەکان چاوەڕوانی خانووچکەی جوان و ئاپارتمان (سوورەی ٣٩ ئایەی ٢٠ و سوورەی ٢٩ ئایەی ٥٨) و هەروەها باغ و ژیانی پڕ لە کامەرانی (سوورەی ٥٦ ئایەی ١٢) دەکەن:*"لە باغاتی تژی لە خۆشیدا دەژین"* .

ئەدی بەهەشتییەکان تەواوی کات لە بەهەشت سەری خۆیان بە چییەوە خەریك دەکەن؟ لەسەر ئەوەش لە قورئاندا زانیاریی هەیە:

*"کە ئەوانە لە ئێمەوە نزیك کەوتوون. لە باغاتی تژی لە خۆشیدا دەژین. بەشێك لەوانی پێشینە، کەمێکیش لەوانی پاشین، لەسەر تەختی جەواهیربەند، هەمبەر بەیەك پاڵ دەکەفن. تازەلاوی هەمیشە لاو، لە دەوریان دێن و دەچن. بە زەرك و بە تونگە و پیاڵە، بادەی ڕەوان لەسەر چاویان دەدەنێن. نە لە خومار سەریان دێشێ و نە ئاوەزیش لە دەست ئەدەن. میوەجاتیش، هەرکامی هەڵی دەبژێرن، گۆشتی مەلیش، لەوانەی ئارەزووی دەکەن، کیژی سپی چاوبەلەکیش، هەموو ئێژی مروارین لەناو قاپۆڕدا،*

*پاداشی کردەوەیانە. کە لەوێدان، نە قسەی هەرزە دەبیستن، نە وتارێکی ناڕەوا. " (سووڕەی ٥٦ ئایەی ١١ - ٢٥)*

لە جێگایەکیتری قورئاندا ڕوونکردنەوەکە درێژەی پێدەدرێت:

*"ئەوانەی وا خودێ ترس بوون، وان لە بەهەشت و خۆشیدا. بەختەوەرن لەو شتانەی پەروەرینیان پێی بەخشیون؛ لە ئازاری جەهەندەمیشی پاراستن. لە هەنبەر کردەوەکانتان بخۆن و وەخەون، نۆشتان بێ. لەسەر تەختی لە پەنای یەك پاڵ کەفتوون و کیژی سپی چاوبەڵەکمان پێ بەخشیون. ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و تۆرەمەشیان چوونە سەر باوەڕی ئەوان، مە تۆرەمەی ئەوانیش وەك خۆیان دەبەینە بەهەشت و لە پاداشی کردەوەیان هیچ شتێ کەم ناکەینەوە. هەموو کەسێ بارمتەی کاری خۆیەتی. هەر میوەیەك و هەر گۆشتێ بۆخۆیان ئارەزووی دەکەن، پێمان داون. پیاڵە پێکتر دەگۆڕنەوە و نە هەرزەوێژی تێدایە و نە هۆی تووشی گوناهبوونێ. تازەلاوانی خولامیان بە دەوردا دێن و دەچن؛ هەر ئێژی دانەی مروارین لە قاپۆڕدا. ڕوو لە یەکتری دەکەن و پێکەوە وتو وێژیانە. ئێژن: ئێمە لە پێشوودا لەناو کەس و کاری خۆمان نیگەران بووین. ئیتر خودا خۆی چاکەی دەگەڵ کردین و لە ئازاری گڕە و هالاوی پاراستین. ئێمە بەرێ هاوارمان هەر لەو کردەوە؛ هەر ئەویشە خاوەن چاکەی دلۆڤانە." (سووڕەی ٥٢ ئایەی ١٧ - ٢٨)*

چ شتێك لە بەهەشتدا نییە؟ ڕۆژ و سەرما (سووڕەی ٧٦ ئایەی ١٣).

*"لە بەهەشتا لەسەر تەخت پاڵ ئەکەفن و نە تینی تاوێ دەبینن، نە سەرمایێ"*

لە بەهەشت هەموو ئەو شتانەی لێیە کە پیاوێکی بیابانی ئارەزوویان دەکات: باغی پڕ لە سێبەر، کورسی و مۆبلی نەرمونۆڵ، گۆشتی باڵندە و شەڕاب و سروشتییە کچی باکرە و کوڕی جوان چاك کە خواردەمەنی چێژدار دەگێڕن. لە جێگایەکیتری قورئاندا تەنانەت جوانی و خڕی مەمکۆڵەی کچەکانیش وێنا دەکرێ. دەڵێی خودا پێویستییەکی زۆری بەوەیە کە باوەڕپێکراوەکانی لە فۆڕم و چۆنیەتی مەمکۆڵە ئاگادار بکاتەوە:

*"باغستان و ڕێزی ڕەزان. پۆلە کیژی مەمك خڕی هاوتەمەنیش." (سووڕەی ٧٨ ئایەی ٣٢ ـ ٣٣)*

ژنانیش لە بەهەشتدا لای کەم لە خواردەمەنی و خواردنەوەی بەچێژ بڕێکیان وەبەر دەکەوێ، بەڵام هەر ئەوەندە و بەس! لەوانەیە کارێکی بەناچار و پارێزهەڵنەگر بێت کە کتێبێکی وەك قورئان، مرۆڤ و ژیانی سەر زەوی بە کەم دەگرێ، ژیانی ئەو دنیا و بەهەشت بە گرنگ دادەنێ. محەمەد بە جیاکردنەوە و دروستکردن و دۆزینەوەی ئەو دوو ڕێیە، تامەزرۆییەکی بێ ژومار لە نێوان لایەنگرەکانی پێکدێنێ بۆ ئەوەی بەرەو شەڕ و گیان فیداکردن هانیان بدا. دواتر حاکمانی ئیسلامی وەك کەرەسەیەکی گرنگ لەو هەڵس و کەوتە بۆ ئارامکردنەوە و هەروەها بۆ بەرگریکردن لە ڕەخنەی خەڵکی لە کارە ناحەزەکان و چەشنی ژیانی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرت و دەنگی لایەنگر و کۆمەڵگایان لە ناوکدا پێ خنکاند. لە قورئاندا هاتووە کە محەمەد لە زۆر کار و هەڵس و کەوتدا وەپێش لایەنگرەکانی خراوە و جێیەکی تایبەتی بۆ داندراوە. بەو هۆیەش حاکمانی جێگری محەمەد لە ڕێگەی ئەو کارەوە، پاکانە و پاساویان بۆ هەڵس و کەوتی خۆیان لە هەنبەر مرۆڤی ناو کۆمەڵگاکانیان هیناوەتەوە. ئەمڕۆش ئیسلامیستی شەڕخواز بۆ پێکهێنان و بەڕێوەبردنی جیهاد بە فریودانی گەنجانی کۆمەڵگا ڕێگای بەهەشتی هەمیشەییان بۆ دیاری دەکەن. بە پێی ئەو ڕێنوێنییە، تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن بە تامەزرۆییەوە وەدوای کەون و بەڕێوەی بەرن کە بۆ ژیانی خۆیان و دژبەرانیان هیچ بەهایەك دانەنێن.

## هەڕەشەکانی قوڕئان

لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەم پێکرد کە ووشە و چەمکی بەهەشت زۆرجار لە پەیوەندایەتی ووشەی سووتاندن دا هاتووە. چەمکی سووتاندن لە ئاگری جەهەننەم، بە ڕاشکاوی لە کتێبی قوڕئاندا کەرەسەیەکی کاریگەرە بۆ هەڕەشەلێکردن. بەڵام تەنیا هەڕەشەلێکردن نییە، ئەگەر سوورەکانی قوڕئان بە شێوازی کرۆنۆلۆگی، و نەك بەشێوەی درێژبوونیان وەك لە دەقەکەی ئێستایدایە، بەڵکوو بە پێی کاتی پێکهاتنیان بخوێنینەوە، مرۆڤ بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ستراتێژی هەڕەشەلێکردنەکە لە قوڕئاندا، دوای فۆڕم و شێوەیەکی تایبەتی کەوتووە. ئەو فۆڕم و شێوە تایبەتە خویشی پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی لەگەڵ بازنەی وەرگرتن، سەلماندن و کارتێکەریی ژیانی محەمەد دا هەیە.

لە سەرەتاوە محەمەد بە سووتاندنی جەهەننەم هەڕەشە لە خەڵکانی مەککە دەکا چونکە وەدوای پەیامەکەی نەکەوتبوون. بوتپەرستان و بێدینەکانی عەرەب کە بە بێ ئەوەش باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن نەبوو، سناریۆی ترسێنەرەی دنیا ڕاستەقینە دوورەکەی ئەویان بە جیددی نەگرت و هیچ بەهایەکیان پێ نەدا. لەبەر ئەوە، پێغەمبەر هەوڵی دەدا بە ترس و خۆف لە کارەساتە سرووشتیەکان کە دەکرا بەسەریاندا داباریێ، هەڕەشەیان لێ بکات. بە دووپاتکردنەوەی کارەساتی لە چەشنی گێڕاوەکانی ئایینی یەهوودی کە دەبێ مووسا بە یارمەتی خودا بەسەر مرۆڤی میسر و هەروەها نووح بەسەر خەڵکەکەیدا هێنابێ، هەوڵی ترساندن و هەڕەشەلێکردنی خەڵکی دەدا. دوای کۆچی محەمەد لە مەککەوە بۆ مەدینە و هێزگرتنی لەو شارە، هەڕەشەلێکردنەکانیش فۆڕمێکی نوێیان بە خۆیانەوە گرت. ئەمجارەیان نەک هەر جەهەننەم و کارەساتە سرووشتییەکان، بەڵکوو بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی، هێزی شمشێریش کارتێکەری خۆی نیشان دا.

بەڵام با بە وردی و بە شێوەی کرۆنۆلۆگی سەیری ئەو هەڵس و کەوتانە بکەین و بە یەکەمین سوورەی قورئان واتە سوورەی ٩٦ کە دەبێ پێی وەحی کرابێ، دەست پێبکەین. ئەو پەرتووکە دەبێ یەکەم پەیام و ئاخرین کتێب بێت کە خودا بۆ مرۆڤی دەنێرێ، سروشتییە دەبوو ئەو کتێبە بڕیاری مانیفێست و هەوڵی ڕاگەیاندنێکی لەو چەشنەی بە وردی و شەففافی بۆ مرۆڤ تێدا ڕوونکرابێتەوە.

دەستپێکی مانیفێستێکی ئەوها دەبێ چلۆن بێ؟ مرۆڤ دەبوو لە یەکەم سوورەدا چاوەڕوانی پێناساندنی ئایینی ئیسلام بکات و ناوەڕۆکی کارتێکەریی ئەو ئایینە نوێیەی بۆ ڕوون بکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش لای کەم ڕوونکردنەوەیەك لەسەر کەسایەتیی خوداکەی و ئەوەی چی لە مرۆڤ دەوێ، تێدا گونجابێ. بەڵام بەدوور لەوانە یەکەم سوورە ئاوا دەست پێدەکا:

*"وانە بەناو پەروەرندەت! کە زیندەوەر کاری ئەوە. جنسی مرۆی لە جڵتەیێ وەدی هێنیا. بخۆنە کە خودانی تۆ لە هەر کەس دەهەندە ترە. ئەو خودایەی بەهۆی بنووسی ڕاهێنیا. مرۆی لە شتێ ڕاهێنیا کە زووتر پێی نەزانییوو. نەخێر، دیارە مرۆ سەربزێوی دەکا؛ کاتێ دیتی لە خەڵکی دی بێ نیازە. دیارە بۆ لای پەروەرێنەت گەڕانەوە." (سوورەی ٩٦ ئایەی ١ - ٨)*

کات و مەکانی وەحیەکە وەبیر خۆمان دێنینەوە: محەمەد لە بارودۆخێکی ئاڵوز و قەیرانی سەلماندنی کەسایەتی خۆی لە ئەشکەوتێکدا بیری کردۆتەوە و خەوی لێ کەوتووە و لەپڕێکدا لە خەوەکەی ڕاچڵەکاوە. لەو بارودۆخەدا زمختی لێدەکرێ شتێك بخوێنێتەوە، کە نەیناسیوە و نەیتوانیوە بیخوێنێتەوە. وەدوای خودا و پەیامەکەی بکەوێ کە ئەوانیش تا ئەو کات بۆی نەناسراو بوون. بەڵام ڕەنگە لە سوورەکانی دوای ئەودا بۆی ڕوون کرابنەوە:

*"ئاخۆ ئەو [زەلامەت] بینی بەری دەگرت، لە بەندەیێ کە خەریك بوو نوێژی دەکرد؟ کو ئەبینی ئەگەر لەسەر ڕاستەڕێ با، یان فەرمانی بە لە خودا ترسی دابا؟ هیچ بیرت لێ کردۆتەوە، ئەگەر باوەڕی نەهێنیا و ڕووی وەرگێڕا، [خۆی تیا دەبا]؟ مەگەر ئەو نەیدەزانی کە خودا دەبینێ؟ نا، ئەو هەر وازی نەهێنا، لە پێشەسەری دەنەوین؛*

*پێشەسەری درۆکەری خەتاکاری. دەبا ئەوسا هاوار بۆ یانەکەی بەرێ. ئێمەش گزیری دۆژەهی لێ دەنگ دەدەین." (سوورەی ٩٦ ئایەی ٩ - ١٨)*

ئەو سوورەیەش وەك روونکردنەوەیەکی ئاسایی نانوێنێ، زیاتر وێدەچێ کە کارەساتێکی تایبەت وێنا بکات. هەر ئەو کارە سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ. جارێکیتر بۆ وەبیرهێنانەوە: هێشتا هەر لای سوورەی یەکەمی قورئان دەمێنینەوە. خودا چاوپۆشی لە تەواوی ئونیوێرسام دەکات، و خۆی تەنیا بە تاقمێك مرۆڤی عەرەبی ئەو ناوچەیەوە خەریك دەکات. خودا، بۆخۆی دژ بە یەك لەو مرۆڤانە کە دەبێ پێشی بە دۆعا و نوێژدابەستنی محەمەد گرتبێ، دێتە مەیدانەوە. وەك دەمەتەقە و شەڕێکی ئاسایی نێوان مرۆڤی سەر شەقام، خودا هەڕەشە لەو پیاوە دەکات کە کاکۆڵی بە چنگ دەگرێ. ئەگەریش شەڕەکەیان گەورە بێتەوە و پیاوەکە دەستبکاتەوە، خودا بانگ لە کێشکچی جەهەنەم دەکات!

بۆچی یەکەم سوورەی کتێبی قورئان کە دەبێ کەلامی خودا بۆ ڕوونکردنەوی مرۆڤ و پێناسینی پەیامەکەی بێ، بەو شێوە بێ کلاسەییە دەست بە شەڕ و جوین بکات، شتێکی سەرسووڕهێنەرە و جێی پرسیارە. لەویش سەرسووڕهێنەرتر، ئەگەر مرۆڤ بە وردی بیری لێبکاتەوە ئەوەیە، ئەو کەسەی هێرشی کراوەتە سەر وەدوای پەیامی خودایەك کەوتووە کە تەنانەت خوێشی نایناسێ. بەڵام ئەگەر مرۆڤ قورئان وەك کتێبێکی ئاسایی بخوێنێتەوە، کە پەرەسەندنی کۆمەڵگای محەمەدی ئەو سەردەمە و کێشە کەسییەکانی لە هەنبەر تاجرانی بەهێز، کە لە بەرابەریاندا خۆی بە دۆڕاو دەزانی، نیشان بدا، بە چاوێکیتر و ڕاونگەیرکیترەوە ئەو ڕووداوانەی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

"خودا" بە شێوەیەکی هاوچەشن لە سووڕەی ١١١ ەدا هەڵوێست دەگرێ، کە ئەگەر بە شێوازی کرۆنۆلۆگی سەیر بکرێ، هەڵس وکەوتەکە یەکەم سووڕەکانی قوڕئان وێنا دەکا. بەستێنی ئەو سووڕەیە بەو شێوازەیە:

محەمەد دەیویست هۆزەکەی واتە هۆزی قوڕەیش لە وەحی یاخود پەیامە خوداییەکەی ئاگادارکاتەوە. بەوهۆیەوە دەبێ هۆزەکەی و زۆربەی خەڵکی مەککەی

بۆ ئەو کارە کێشابێتە بەر داوێنی کێوێك و لەوێ پێی ڕاگەیاندبێتن: *"من پێغەمبەری ناردراو لە لایەن خوداوەم، بۆ ئێوە."*

بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە کە چاوەڕوانی هەواڵێکی باشتر لەوە بوون، هەستی توورەیی و ناڕازیبوونیان تێدا پێکهاتووە. مامی محەمەد "ئەبوو لەهەب" کە ئەو ڕووداوەی زۆر پێناخۆش بووە، و خۆی بەرپرس بۆ ئەو کارەی محەمەد زانیووە، لە ناو کۆمەڵەکەدا لە محەمەدی پرسیوە: *"تەنیا بەو هۆیە ئێمەت لێرە کۆکردۆتەوە؟ هەی لەعنەتت لێبێ محەمەد!*[٥]

بەڵام لەجیاتی ئەوەی محەمەد ئەو پرسیارە هاندەر و ڕەخناوییەی مامی بە هۆکارێك دابنێ و دەرسی لێ وەربگرێ، بۆ یارمەتیدان هاوار بۆ خوداکەی دەبا. هەر وەك لە یەکەم سوورەی قورئاندا هاتووە، محەمەد هەڵوێستی لەهەنبەر هێرشی مامی گرتووە. (دیارە لەوێدا ئەوە محەمەد نییە کە جنێو بە دژبەرەکەی دەدا بەڵکوو خودا خۆی دێتە مەیدانەوە)

پێغەمبەر لەو کۆبوونەوەیەدا هیچ گرنگاییەتیەك بە ڕەخنەی مامی نادا بەڵکوو پەنا بۆ خوداکەی دەبا و خودا نەتەنیا سووکایەتیی بە مامی محەمەد دەکات، بەڵکوو جنێو بە ژنەکەشی دەدات، کە هیچ پەیوەندییەکی بەو کارەوە نەبووە.

*"ئەبوولەهەب هەر دوو دەستی شەلە بی و عەمری نەمێنێ. نە سامانی و نە ئەوەی پەیدای کردووە بەهرەی بۆ بدا. هەربینا، ئاگری بەگڕ ئەیسووتێنێ. ژنەکەشی دەستە چیلە بەکۆڵ دێنێ. گوورزە هۆنی سیرمەی دووبادی دەملدا." (سوورەی١١١ ئایەی ١ - ٥)*

١٤٠٠ ساڵ دوای مردنی پێغەمبەر هێشتا موسوڵمانان هەموو ڕۆژێ لە نوێژدا ئەو سوورەیە دەخوێننەوە و دۆعا لە مامی پێغەمبەر و ژنەکەی دەکەن. لە ڕوانگەی منەوە لای تاقمێك لە لایەنگرانی ئایینی هەڵس و کەوتێك پەروەردە بووە کە هەر کەس پەیامەکەی پێغەمبەر و ئیسلام ڕەد کاتەوە یاخود ڕەخنەی لێ بگرێ، ئەگەر تەنانەت

[٥] al-Tabari: tafsīr, Sure ١١١

نیزیکترین کەسیشی بێ، لێی قەبووڵ ناکرێ، دەبێ جنێوی پێبدرێ و سووکایەتی پێ بکرێ.

به شێوەیەکی هاوچەشن دەبێ خودا خۆی بە گژ سەرۆك هۆزێکی شاری مەککە دا هاتبێ که قورئانی به "خورافات و ئەفسانەی چێکراو" ناوبردووە. خودا لەسەر ئەو کاره تووڕه بووه و سەرۆك هۆزەکەی به "زۆڵ" ناوبردووه و ڕایگەیاندووە، به حیسابی ئەو کەسە دەگا که وەك ساختەچییەك لە بەرابەر قورئاندا ڕاوەستاوه:

*"حەز دەکەن گەر تۆ نەرم بی، ئەوانیش نیانی بنوێنن. نابێ گوێش بەو کەسە بدەی، کە زۆر سوێندخۆرە، خوێڕییە؛ هەر تانە لە خەڵك دەدا و قسە بۆ ئەم و ئەو دەبا؛ لە کاری چاکە لەمپەرە؛ شەڕفرۆشە، تاوان کەرە؛ ڕزاقورسە، لەپاش ئەمەش زۆڵێکە خۆی سەپاندووە؛ هەر بەو هۆیە کە زەنگینە و چەند کوڕی هەن، گەر نیشانەکانی ئێمەی بۆ وەخێنن، ئێژێ: ئەمە چیرۆکی پێشینەکانە. بەم زوانە سەری بێڤلی داغ دەکەین." (سووڕەی ٦٨ ئایەی ٩ - ١٦)*

سەرسووڕهێنەرە کە خودا تا ئەو ڕادەیە خۆی بچووك دەکا و لەگەڵ مرۆوێکی ئاساییدا دەمەتەقە دەکا و ...

ئەو سووڕەیەش لە دۆعاکاندا زۆر جار دەخوێندرێتەو، هۆیەکەی بە دڵنیاییەوە ئەوەیە که دێڕێکی کورت، شاعیرانە و زۆر ساکار بۆ لەبەرکردنە. مرۆڤ لەبەر چاوی خۆی وێنای دەکا کە ئەو کەسە دواتر سەری بۆ ئایینی ئیسلامی دانەواندبێ و بووبێ به موسوڵمان و هەموو جارێك بە خوێندنەوەی ئەو دۆعایە خۆی بە "زۆڵ" ناسیاو کردبێ!

لای کەم لەو سەردەمەدا مرۆڤ لە هەنبەر ئەو کەسە هەڵس و کەوتێکی میهرەبانانەی بەجێ هێناوە: ئەگەرچی ئەو قورئانی بە نووسراوەیەکی ئینسانی داناوە، بەڵام تەنیا مۆری "زۆڵ" بوونی لێ نراوە. لەمڕۆدا کارێکی هاوچەشن لە وڵاتێکی ئیسلامی دەتوانێ تاوانێکی گەورەتری بۆ دەرچێ. لە باشترین بارودۆخدا دەکرێ بە مناڵی قەحبە نێودێر بکرێ، کاکۆڵی بە پەنجە بکێشرێ و دەم وچاو و لووتی بشکێندرێ.

دواتریش ئیسلامیستەکان تەنیا بەو هۆیەی گوتوویەتی :"قورئان کەلامی خودا نییە، بەڵکوو ئەفسانەی ناو مێژووە"، بە دەنگی بەرز بڵێن: بیکووژن!

دایدەنێین لە ڕاستیدا موسوڵمانی میانەڕەوی ئەمڕۆیی ئارگۆمێنت بێنێتەوە:"مرۆڤی موسوڵمانی شەڕخواز، موسوڵمانی ڕاستەقینە نین. چونکە ئیسلام ئایینی ئاشتیە و خودا خۆی بەڵێنی رەحمەت و بەخشینی داوە." کە لە ڕاستیشدا لە قورئاندا هاتووە:

*"هەر گا ئەوانە دێنەلات کە بە نیشانانی ئێمە بڕوادارن، پێیان بێژە: دڵنیا بن پەروەردێنتان هەر خۆی نوسیویە بەر بەزەیی خۆیتان بخا؛ دیارە خودا هەر کەسێکی لە ئێوە - لە نەزانی خۆی - کاری خراپی لێ روویدا و پاشان پەشیمان بێتەوە و ئاکاری چاك ڕچاو بکا، لە گوناحەکانی دەبووری و دڵۆڤانە." (سوورەی ٦ ئایەی ٥٤)*

کەوابوو: کۆمەڵە کۆکراوەکە کە بۆچوونێکیتریان بووە، ڕەخنەیان گرتووە، متمانەیان پێ نەکردووە و دژ بە پەیامەکەی محەمەد و لایەنگرەکانی ڕاوەستاون، هەر ئەو کارەیان کردووە کە خودا خۆیشی لە قورئاندا لەهەنبەر مرۆڤدا ڕایگەیاندووە.

تەنانەت بانگەوازی " بیکووژن!" خۆی لە کۆنتێکستیکی هاوچەشن لە قورئاندا دەبینێتەوە و دەتوانێ دژ بە ئارگۆمێنتی موسوڵمانی میانەڕەو ڕاوەستێ. بەستێنی دروستبوونی ئەو سوورەیە کێشە و دەمەتەقەیەکی ئاسایی نێوان بازرگانێکی دەوڵەمەند و محەمەد بووە، لە لە کۆتاییدا بازرگانەکە سووکایەتی بە قورئان کردووە. خودا خۆی بۆ یارمەتی پێغەمبەرەکەی هاتۆتە مەیدان:

*"تۆ لێم گەڕێ بۆ ئەو کەسەی من تەنیا وەدیم هێناوە؛ دارایی فرەشم دایە؛ چەند کوڕێکیش کە ئاگاداری لێدەکەن؛ هەموو کارێکم بۆ ڕێك خست؛ هێشتا هەر چاوی لەوەیە بۆی پتر کەم. هەرگیز! چون بۆنیشانانمان لاسار بووە. تووشی ئازاری وای دەکەم، پێی هەڵبچێ. ئەو هەر ڕاما و هەڵی سەنگاند. ئەی مەرگی بێ؛ خۆی چۆنی لێکداوەتەوە؟ دیسان نەژی؛ چۆنی بۆچوو؟ لە پاشانا تواشای کرد. ئەوسا کە ڕووی گرژ کرد و ترش هەڵگەڕا. لەپاشان پشتی هەڵکرد و فیزی نواند. ئەوسا گوتی: ئەم قورئانە - ببێ و نەبێ - جادوێکە لە کۆنەوە دەیگێڕنەوە. ببێ و نەبێ، ئەمە هەر وتەی*

*مرۆیە. بەم زوانە دەیهاوێمە دۆزەقەوە. کوا ئەزانی دۆزەق چییە؟ نە دەهێڵی و نە واز دێنی. پێستی مرۆ ڕەشەو دەکا و دەیبرژێنێ." (سووڕەی ٧٤ ئایەی ١١ - ٢٩)*

ئەو سووڕەیە وەك دووهەم سووڕە بۆ محەمەد وەحی کراوە. پێش ئەوەی خودا پەیامە ئایینیەکەی بۆ مرۆڤ ڕوونبکاتەوە، چاوەڕوانی لە مرۆڤ دەکات کە کوێرانە سەری بۆ دانەوێنن. هەرکەس ئەو کارە نەکات و نەیسەلمێنێ، دەبێتە دوژمنی ڕاستەوخۆی خودا و دەبێ هێندە لە ئاوری جەهەننەمدا بسووتێ کە هیچی لێ نەمێنێتەوە. لەجیاتی ئەوەی ئەو مرۆڤە لە لایەن خوداوە ڕاستەوخۆ سزا بدرێ، چونکە دەبێ خودا توانایی بەسەر هەموو شتێک و هەموو کارێکدا هەبێ، بە پێچەوانە خودا وەك مرۆڤ هەڵس و کەوت دەکا و قاوی "بیکووژن!" دەدا، هەر وەك چۆن ئیسلامیستی ئەمڕۆیی لە مانگرتنەکان و ڕێپێوانەکانیاندا بانگ دەکەن: "مردن بۆ ئەمریکا!"

## لە ئاگری جەهەننەمدا

ئەو پیاوە چ هەڵەیەکی گەورەی کردبوو؟ لە سوورەی ٢٣ دا هاتووە: "ئەو دژ بە نیشانەکانی ئێمە یاغی بووە". [نیشانە] ئەو گوتانە بوون کە تا ئەو کاتە دەبێ بە محەمەد وەحی کرابن! تا سەردەمی کێشەکە، دەبێ بڵێین سوورەیەکی زۆری پێ وەحی نەکرابوو. سەیر ئەوەیە پێش ئەوەی محەمەد ئایینەکەی بۆ خەڵکانی مەککە ڕوون بکاتەوە و کەسایەتیی خوداکەی بناسێنێ، لێدەگەڕێ خوداکەی بە جوێن و سوکایەتییکردن دەست پێ بکات. ئاگری جەهەننەم لەو قۆناخەدا وەك باشترین کەرەسە بۆ هەڕەشە لێکردن دێتە کایەوە، هەر وەك لەو سوورەیەی خوارەوەدا هاتووە. لێرەشدا مەبەست بازرگانێکی دیکەیە کە ڕەخنەی لەسەر پەیامەکەی محەمەد هەبووە:

*"هەوارە لە کەسێکی بەتەشەری خوسپ کەرە؛ ئەوی ماڵی کۆکردووە و دەیبژێرێ. خەیاڵ دەکا دراوەکەی لە مردنی دەپارێزێ. نانا، با وا خەیاڵ نەکا؛ بێ شك فڕێ دەدرێتە ناو"حوتەمە"وە. کوا دەزانی نیاز لەو "حوتەمە" چیە؟ ئاگرێکە خودا هەڵیگیرساندیە. بەسەر پەڕەی دالاندا دێ. کە ئەمەیان بەسەردا گاڵە دراوە؛ لە ئەستوونەگەلێکی بەرز و بڵندا." (سوورەی ١٠٤ ئایەی ١ - ٩)*

ووشەی جەهەننەم و ئەشکەنجەکەی کە چاوەڕوانی مرۆڤ دەکات، زیاتر لە ٤٠٠ جار لە قورئاندا هاتووە. جێی سەرنجە کە ئەو هەڕەشانە لە یەکەم سوورەکانی قورئانەوە وەبەر چاو دێن. بۆچی؟ کاتێ ئایینێکی نوێ پێکدێ، ئایا مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە ناکات کە لە هەوڵەوە خاڵە ئەرێییەکانی نیشان بدرێن؟ نەدەبوو پەیامەکەی خودا کە دەبێ لە هەمووشتێك گرنگتر بێ، و پێش ئەوەی هەڕەشەی جەهەننەم لە مرۆڤ بکرێ و بە بێ ئەوی تەنانەت بچووکترین ئاماژە بە پەیامەکە کرابێ، بخرێتە سەرەتاکەیەوە؟

بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە، باشتر وایە سەیری هەڵس و کەوتەکانی پێغەمبەر بکرێ. بە چاوپێداخشاندن بە شێوازی کرۆنۆلۆگی یەکەم سوورەکاندا، ئێرەیی کردن و

تووڕەبوونی محەمەد لە هەنبەر بازرگانە دەوڵەمەندەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بە پێچەوانەی پێغەمبەر پارەیەکی زۆریان پێکەوە نابوو و چەندین منالْ بە تایبەت "کوڕ"یان هەبوو. لە کۆمەڵگای سەدەی حەوتەمی عەڕەبستاندا کارێکی زۆر ناحەز و دزێو بوو ئەگەر مرۆڤ کوڕی نەبایە. لە شیعرەکانی پێش سەردەمی هاتنی ئیسلامدا باو بووە نەتەوەی عەڕەب بەسەر بنەماڵە کەیاندا هەڵبلێن و بەردەوام شانازی بە کۆلکەی بنەماڵە کەیانەوە بکەن. محەمەد خۆی وەك منالێکی هەتیو کە بە بێ ئەوەش لە ناو بنەماڵەکەیدا بێگانە بوو، تەنانەت لە ناو هۆزەکەی خویشیدا بارودۆخێکی زۆر دژواری هەبوو، بە هۆی زەماوەند کردن لەگەڵ یەکەم ژنەکانی ("خەدیجە" ی بێوەژن) کە کاروانسەرایەکی گەورەی ئیدارە دەکرد و بە یارمەتی ئەو، کەوتە ناو بازنەی بازرگانەکانەوە کە لە ڕاستیدا ئەوانیش محەمەدیان لەناو خۆیاندا بە باشی وەرنەگرت.

محەمەد بەهەموو شێوەیەك هەوڵی ڕاکێشانی خەڵکانی مەککەی بۆ ئایینەکەی دەدا و دەیویست پەیامی خوداکەی خۆی ڕابگەیێنێ بەڵام لەو کارەدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو. هەرچەند محەمەد تووڕەتر و ناهومێدتر دەبوو، بەو ڕادەیەش نەرێنی تر لە هەنبەر مرۆڤ هەڵس و کەوتی دەکرد و ئاگری جەهەننەمی لە نووسراوەکانی قوڕئاندا بەتینتر دەکرد.

وێدەچێ کاتێ خوداکەی پێغەمبەری خۆی ئاگادار کردۆتەوە، سادیسمێکی خۆشحاڵیی تێدا پێك هاتبێ :

*"ڕۆژێ دەبێ کە بە جەهەندەمێ ئێژن: ئاخۆ پڕ بووی؟ ئێژێ: ئاخۆ پتریش هەیە؟" (سووڕەی ٥٠ ئایەی ٣٠)*

لە سووڕەی ٣٢ دا هاتووە:

*"ئەگەر حەزمان بکردایە، هەموو کەسمان بەرەوخۆ شارەزا دەکرد؛ بەڵام من بەڵێنم داوە کە جەهەندەم - لە خێڵی جنۆکە و مرۆ - تژی دەکەم." (سووڕەی ٣٢ ئایەی ١٣)*

لەو سووڕەیەدا بۆچوون و پەیامێکی گەلێك پەرۆشی تێدایە: ئەڵڵا وەك خودایەك نیشان دەدرێ، کە بە ئاشکرایی و لەسەر ویستی داڕێژراو و بە پلانەوە دەیهەوێ

مرۆڤێکی زۆر لە ئاگری جەهەننەمدا بسووتێنێ و توونایان بکا. ئەو دەیتوانی ڕێگای ڕاست بە هەموو مرۆڤێك نیشان بدا، بەڵام نەیویستووە، چونکە ئەو بەڵێنی بەخۆی داوە جەهەننەم لە مرۆڤ پڕ بکات: واتە ئەو کەسانەی، کە خودا خۆی لەسەر ویستی خۆی ڕێگای ڕاستیان پێ پیشان نادات.

*"ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی ئێمە حاشا دەکەن، لە دوارۆژدا بە ئاگر دەیان سووتێنین هەتا پێستیان داپلۆخا، پێستی تریان بۆ دەگۆڕین تا ئازار پتر بچێژن. خودا خاوەن دەستەڵاتی لە کارزانە." (سوورەی ٤ ئایەی ٥٦)*

مرۆڤ دەبێ لەبەر چاوی خۆی خودایەك وێنا بکا کە دەبێ ڕەحمەت و دلۆڤانییەکەی هەموو شتێك بگرێتەوە، بە دڵنیاییەوە بۆخۆی و لەسەر مەیلی خۆی ئەو میهرەبانییەی کردۆتە ئەرکی خۆی و هاوکاتیش بڕیار دەدا زۆربەی مرۆڤ بئاخنێتە ناو جەهەننەمەوە، بۆ هەمیشە بیانسووتێنێ، کاتێ پێستیان بە تەواوی سووتا، پێستێکی نوێیان بە خانەی دەماریی نوێوە بۆ دروست بکاتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەی سیستماتیك ئەشکەنجەیان بدا و ئێش و برینیان هەرگیز ساڕێژ نەکرێ!

ئایا ئەو کارە ئەمەگناسی خودایە لە هەنبەر خوڵقاندنەکەی؟ باوەڕی بە مرۆڤ هەیە؟ هەروەها ئایا ئەو هەڵس و کەوتە پەیوەندییەکی لەگەڵ سوورەی ٢ دا هەیە کە دەڵێ خودا ویستوویە مرۆڤ وەك جێنشینی خۆی لەسەر زەوی دیاری بکا؟ ئەوە، دلۆڤانبوون نییە کە خودا پیشەی کردووە، و هاوکات وێدەچێ نیگەرانبوونی فریشتەکان لە هەنبەر مرۆڤ بە شێوەی چاوەڕوان نەکراو بەڕاست گەڕابێت. لە پلەی یەکەمدا ئەوە خودایەکە وا بە ئەشکەنجە و ئاگری جەهەننەم هەڕەشە لە مرۆڤ دەکا.

خوای توانا لەسەر سووتاندن لە جەهەنەمدا فانتازیای خۆی ئازادانە وەکار دەخات. تەنانەت بۆ دانیشتوانی ناو جەهەننەم بەرگ دروری تایبەتیش سفارش دەدا.

*"ئەو دوانە لەسەر پەروەندی خۆیان کێشەیانە: ئەوانەی بوونە خوا نەناس، کراسێکی ئاگریان بە بەژنێ بڕا؛ ئاوی گەرمی داتوڵێنیان لەسەرڕا بەسەردا دەکرێ. هەر بەو ئاوە قژکوڵاوە، هەناویان بە پێستیانەوە دادەپلۆخێ. بەر گورزی ئاسنیش دەدرێن. تا*

*گەرەکیان بێ لە مەینەت ڕزگار بن، هەس دەدرێنەوە بۆ ناوی: دەی ژانی ئاگر بچێژن!" (سوورەی ٢٢ ئایەی ١٩ - ٢٢)*

لە جەهەننم خواردن و خواردنەوەش بوونی هەیە، بەڵام بە ڕاشکاوی لەگەڵ هی بەهەشت جیاوازن:

*"بەری دارەکەی ژەقنەموت، خواردنی گوناهبارانە. کە چەشنی خڵتەی ڕۆن زەیتوون، لە ناو سکاندا دێتە کوڵ؛ وەك کوڵینی ئاوی گەرم. سا بیگرن و ڕاییکێشن بۆ ناوەڕاسی جەهەندەم. ئەوساکەش هەر بۆ ئازاردان، ئاوی کوڵاوی بەسەرداکەن. دە بچێژە! تۆیەکی کە لە دنیادا هێژای خاوەن دەستەڵات بووی. ئەوە ئەو شتە هاتە دی کە ئێوە لێی بە گومان بوون." (سوورەی ٤٤ ئایەی ٤٣ - ٥٠)*

*"بێژە: ئەمەیە بەڕاستی لە پەروەرەندەتان ڕایە؛ کێ بڕوای پێدەکا، بیکا و کێش بڕوا ناکا هەر نەیکا. ئێمە بۆ ناهەقیکاران کڵێڵی وامان نێڵ داوە، کە بڵێسەی هەروەکوو کۆن دەوری گرتوون؛ تا هاواری چارە دەکەن ئاوێکیان دەفریاد دەخەن وەك مسی تواوە وایە؛ دەم و چاویان دەبرژێنێ و وەخواردنێکی کرێتە و ژێگەیێ زۆر نالەبارە." (سوورەی ١٨ ئایەی ٢٩)*

لە شێوازی ئاساییدا بۆ نیشاندان و سەلماندنی ئازادبوونی ئایینی ئیسلام تەنیا لە نیوەی ئەو سوورەیە کەڵك وەردەگیرێت: وێدەچی خودا زۆر بەخشەندە و دلۆڤان بێ و باوەڕ پێکردن یا نەکردنی بە مرۆڤ ئەسپاردبێ. بەڵام بەشی دووهەمی سوورەکە نیشان دەدا کە لێرە باس لەسەر ئازادیی هەڵبژاردن نییە، بەڵکوو هەڕەشەلێکردنە. هەرکەس باوەڕ نەکا، دەخرێتە ناو ئاگرەوە. هەر کەس باوەڕ نەهێنێ، تاوانبارە. هەر کەس باوەڕی نەبێ، دوژمنە. خوڵقێنەر لە توانایدایە ئەو ئێش و ئازارە ڕابوەستێنێ، بەڵام بە تامەزرۆییەوە سەیر دەکات کە دوژمنەکەی چلۆن دادەپلۆخێت.

ئایا ئەو هەڵس و کەوتە کارێکی ئاسایی و لۆژیکییە؟

ئەو پارادۆکس و دژوپێچەوانەییە کاتێك چارە دەکرێ کە مرۆڤ نووسراوەکانی قوڕئان نەك وەك گوتەی خودا بەڵکوو وەك تێکستێکی ئینسانی سەیر بکات. ئەو

سەردەمە ژمارێکی زۆر دژبەر و نەیاران دەوروبەری محەمەد یان گرتبوو و بە هیچ چەشنێك پێغەمبەر نەیدەتوانی بەربەرەکانیان لەگەڵدا بکات. ئەو، لاواز و ناتەوان ببوو و بەو هۆیەوە کەوتبووە فانتازیکردن و لای خۆی خەون و خەیاڵی دەکرد. پێغەمبەر تووڕەیی و تۆڵەسەندنەوەکەی خۆی وەك ئاوێنەیەك لە لای خودا و لە زمانی ئەوەوە بەیان دەکا و بەو کارەی خۆی، خودای توانا وەها نزم دەکاتەوە، کە دەیهێنێتە ڕادەی مرۆڤێکی ئاسایی. "سا بیگرن"، "ڕاییکێشن بۆ ناوەڕاستی جەهەندەم"، "ئەوساکەش هەر بۆ ئازاردان"، "ئاوی کوڵاوی بەسەرداکەن!" ئەو چەشنە ئاخەفتنانە هەر هەموویان بەیانکردنی گوماناوی، تێکەڵاو لەگەڵ تووڕەیی و بێ دەرەتانی و داماویی هێزێکی بەتوانا نیشان دەدەن. تێکەڵاوییەك کە دەبێتە هۆی دروستبوون و پەروەردەکردنی مرۆڤی زێدەڕۆ، توندرەو و دەمارگرژ.

فۆرمۆلی قورئان کە دەڵێ: [مرۆڤ دۆڕاوە، ژیانی "دنیایی" هیچ بەهایەکی نییە، بەهەشت جێی چێژ و جەهەنەم ناخۆشترین فیلمی ترسێنەرە]، ڕێگاخۆشکەرە بۆ کەسانێکی بێ هێز کە توانایی بەرپرسایەتی لە هەنبەر ژیانی خۆیان نییە و ناتوانن لە ئاشتیدا لەگەڵ مرۆڤەکانیتر ژیان بکەن. ترس لە هەنبەر خودایەکی تووڕە و پێشبینی نەکراو، کە تینی ئاگری جەهەننەمەکەی و ئێش و ئازارەکەی مرۆڤ دەخاتە گوێگرییەکی ناوخۆیی کە ئەزموونەکەی دەبێتە هۆی جیابوونەوە و دوور کەوتنەوە. ئەو چەشن مرۆڤانە هەوڵ دەدەن بە وردی لەگەڵ ڕەمزی کردەوی ئیسلامیدا خوو بگرن و بە گشتی چلۆنایەتیی هەڵوێست لە هەنبەر ڕێ و رەسم، خواردن، خواردنەوە، هەڵس و کەوت لەگەڵ ژن و هەروەها پەیوەندیی لەگەڵ بێگانە دیاری بکەن. خۆیان بە ڕێوڕەسم و داب و نەریتێکی پێشتر دیاریکراو دەبەستنەوە کە ژیانی ڕۆژانەیان بۆ دیاری دەکات و تەنانەت یاسای بۆ سەر ئاودەست چوون و با لێبوونەوەشیان بۆ روون دەکاتەوە و هیچ ڕێگایەکیان بۆ مامەڵەکردن بۆ ناهێڵێتەوە. لەسەرووی هەمووشیانەوە تەم و مژی "ترس" وا دەوروبەری گرتوون کە جێی ساغکردنەوەی هەڵەیان لێ قەدەغە کراوە. زۆربەی داب و نەریت و یاسای ئیسلامی لە هەڵس و کەوتی دووپاتکراوە و چەند پاتکراوە پێکهاتوون، بە تایبەت لە کاتی نوێژ و خۆ خاوێنکردنەوە. بە پێی ئەو یاسایانە هەر موسوڵمانێك دەبێ پێنج جار لە ڕۆژدا بۆ نوێژ کردن خۆی بشواتەوە و هەرکام لە ئەندامان دەبی سێ جار بە ئاو بخووسێندرێن. لەو ناوچانەی ئاو بە ئەندازەی پێویست دەست ناکەوێت، مرۆڤ دەتوانێ بە شێوازێکی

هێمایی، بەو شێوەیەی وا دیاریکراوە لە خۆڵ و زیخ کەڵك وەربگرێت. محەمەد بە لایەنگرەکانی گوتووە: "هەر کەس بە وردی ئەو کارانە بەڕێوە نەبا، دەبێ لە سزای خودا بترسێ. ئەو ئەندامانەی خاوێن ڕانەگیرێن، لە قیامەت لە لایەن خوداوە دەسووتێنرێن."

ترس هرگیز ئامۆژگاریدەر نەبووە. سزاش هیچکات کەرەسەیەکی باش بۆ قانعکردنی مرۆڤ نییە. زۆرجا ترس لە گوناهکردن یاخود تووڕەیی خودا، دەبێتە هۆی لە داوخستنی گەنجانی موسوڵمان بۆ ناو داوی ئیسلامیستەکان. زۆربەی ئەو مرۆڤانەی وا دەکەونە داوی ئیسلامییە فناتیکەکانەوە، مەبەستیان کورتکردنەوی ڕێگا و تەنیا شوشتنەوەی تاوانەکەیان و ڕزگاربوون لە ئاگری جەهەننەمە. لەبەر ئەوەی لە کتێبی قوڕئاندا هیچ زامنێك بۆ چوونە ناو بەهەشت و گەیشتن بە ژیانی هەمیشەیی تەنانەت بۆ مرۆڤی موسوڵمانیش نییە، شەڕی چەکدارانە دژ بە ئایینەکانیتر و بێدینەکان، واتە جیهاد، بە تەنیا ڕێگای ڕزگاری دادەنرێت، چونکە تەنیا ئەو کەسانەی لە ڕێگای جیهاد دا شەهید دەبن، جێگایەکی هەمیشەیی لە بەهەشت بۆ خۆیان تەرخان دەکەن.

دیارە سروشتییە و دەبێ بڵێم بەختەوەرانە هەموو گەنجێکی موسوڵمان ڕێگای شەڕخوازی پیشە ناکەن، بەڵام ئەو فۆرمولەی لەسەرەوە باسمان لێوە کرد و زۆربەی سووڕەکانی لەو بابەتە، دەبنە هۆی ناخۆشکردنی پەیوەندی نێوان موسوڵمان و ئایین و مرۆڤەکانیتر. دەنا چلۆن دەکرێ پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ کەسانێك بگیرێت کە خودا خۆی ناخۆشی دەوێن و ڕقی لێیانە؟ چلۆن مرۆڤ دەتوانی لایەنگریی لە مافی مرۆڤەکانیتر و بۆچوونەکانیان بکات، کاتێ بزانین کە خودا لەو دنیا بە خراپترین و سامناکترین شێوە دەیانسووتێنێ؟ چلۆن دەتوانین بانگی ژیانی تولەرانس و پێکەوە ژیانی ئایینە جۆراوجۆرەکان بدەین کاتێ لە قوڕئاندا نووسراوە، "تەنیا ئەو کەسانەی وەدوای نیشانەکانی ئیمە کەوتوون، ڕێگای ڕاستیان گرتووە."؟

## نان شەکری لەجیاتی قامچیکاریی

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ هەڕەشەی ئاگری جەهەننەم خراپترین و سامناکترین کارەساتە کە چاوەڕوانی هەر مرۆڤێك دەکات. بەڵام، هەر وەك گوتمان، ئەو سناریۆیە هێندە لە ڕاستەقینەی ژیان بە دوورە، کە کارتێکەرییەکەی بەربڵاو و زۆر کاریگەر نەبووە. دەبێ ئەو کارەساتە بۆ محەمەد کاریگەرتر بووبێ، کە بە سناریۆ دروستکراوەکەی لەسەر ئاگر و ئەشکەنجەی جەهەننەم نەیتوانیوە خەڵکانی مەککە بترسێنێ. حەواڵەی تاوان بۆ ڕۆژی قیامەت، بە کارێکی پووچ و بێ نرخ دادەنرا، دیارە ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە ڕۆژی قیامەت نەبایە.

کە وابوو محەمەد دەبوو بە شێوازێکیتر هەوڵی بۆ ئەو کارە بدایە. قامچی کۆکردەوە و نان شەکری بڵاو کردەوە. دوای زەماوەند لەگەڵ یەکەم ژنی واتە خەدیجە، و لەبەر ئەوەی هەر وەك ئاماژەمان پێکرد، کاروانسەرایەکی ئیدارە دەکرد، ئەزموونێکی بەنرخی لە کاری بازرگانیدا کۆکردەوە. بەڵێنی یەکیەتی و داهاتێکی زۆری بە هۆزەکەی دابوو، بەو مەرجەی باوەڕبە خوداکەی بهێنن:

*"بۆ پێکەوەمانی قورەیش، کە ساڵانە دوو جار دەچن بەرەو زۆزان و گەرمیان، با خودانی ئەم خانوە بپەرستن؛ کە ئەوانی لە نیزی بێ نیاز کرد و دڵنیای کردن نەترسن." (سوورەی ١٠٦ ئایەی ١-٤)*

لە سووری ٢ دا دەڵێ:

*"کێ ماڵی خۆی بە دەستەواو دەدا بە خوا، هەتا ئەویش چەند ئەوەندەی بداتەوە؟ کەم بژێوی و فەرحانیش هەر بە دەس ئەوە و هەمووش هەر دێنەوە لای ئەو." (سوورەی ٢ ئایەی ٢٤٥)*

هەر لە هەمان سوورەدا محەمەد لایەنگرەکانی هان دەدا داراییەکەیان لەژێر ئیختیاری ئەودا دابنێن:

*"بەسەرهاتی ئەوکەسانەی ماڵیان لە ڕاهی خودادا بەخت دەکەن، وەك بەسەرهاتی دەنكێكە حەوت گوڵ دەدا و هەر گوڵەی سەد دانەی تێدا. خودا چەند ئەوەندە پاداش دەدا بە هەرکەس بیەوێ. خودا چاکەی یەکجار زۆرە و زۆر زانایە. ئەو کەسانەی ماڵ لە ڕای خودا دەبەخشن و چاویان دانادەنەوە و تووشی ئازارێکیان ناکەن، خودا تێی هەڵدێنێتەوە و نە هیچ ترسێکیان لە سەرە و نە خەم دەخۆن." (سوورەی ٢ ئایەی ٢٦١ - ٢٦٢)*

بەڵام تاجرەکانی مەککە هەر وەك پێشوو ملیان نەدا و لەسەر ڕێگای خۆیان مانەوە. محەمەد دەبوو هەمیسان تاکتیکەکەی بگۆڕێ. هەر وەك شێعرێکی کلاسیکی سەردەمی پێش ئیسلامی وڵاتانی عەرەبی هەڵس و کەوتی کرد کە هۆزی خۆیان تا ئاسمان هەڵدەکێشا و هۆزە دوژمنەکانیشیان وەبەر پەلاماری سووکایەتی دەدا. کتێبی قورئان ئەو دابونەریتە دەکاتە شێواز و ڕێبازی خۆی: بەسەر لایەنگرانی محەمەد دا هەڵدەڵێ و سووکایەتی بە سەرجەم مرۆڤایەتی دەکات.

لەو قۆناخەدا ئەفسانە، چیرۆك و گێڕاوە لەسەر خەڵکانی پێشوو لە ناو قورئاندا زیندوو دەکرێنەوە، کە زۆربەیان لەبیر چووبوونەوە و تۆزی مێژوویان لەسەر نیشتبوو. لە سەرەتاوە باسی ئەفسانەی ناسراو لە ووڵاتە عەرەبییەکان وەك "سەموود و عاد" ی دەکرد کە بە شێوەیەکی وەستایانە لە گەڵ خوداکەیدا پەیوەندی دابوون:

*"کارەساتەکە ڕوودەدا. کام کارەسات؟ تۆ چوزانی ئەو کارەساتە چلۆنە؟ سەموود و عاد ڕوداوە دڵکوتەکەیان بە درۆ دانا. هۆزی سەموود بە نەعرەتێکی بێ وێنە، قڕانیان کرد. هەرچی هۆزەکەی عادیش بوو، بە بایەکی هەرە بەهێز لەبەین چوون. ماوەی حەو شەو و هەش ڕۆژان، بەبێ وچان، ناردیە سەریان. لەم ماوەدا لاشەیان لێ تخێڵ ببوون؛ دەت وت کۆتەری دار خورمای ناو ڕزاون. ئاخۆ ئەتۆ پاشماوەیەکیان دەبینی؟" (سوورەی ٦٩ ئایەی ١-٨)*

پەیامی محەمەد بۆ خەڵکانی مەککە زۆر ڕوون بوو: ئەگەر ئێوە باوەڕ بە من نەهێنن، خودا ئەو کارەساتەتان بەسەردێنێ کە بەسەر "سەموود و عاد" ی داهێنا. نەک هەر لە قیامەت دەبێ لە ئەشکنجەی جەهەننەم بترسن، بەڵکوو لەم دنیایەش کارەساتی سروشتی و کاولکاریی وەك سزا مەترسیان بۆ دروست دەکات.

## چاولێکەری لە ئینجیل

دواتر محەمەد دەستی کرد بە قەرزکردنی ئەفسانەکانی ناو کتێبی ئینجیل بۆ ئەوەی بە خەڵکانی مەککە پیشان بدا کە مرۆڤی پێش ئەوانیش دەبوو تاوانێکی گران بدەن، چونکە پێغەمبەرەکانیان بە درۆزن زانیوە. چیرۆکی ئیبراهیم، مووسا و نووح بە چەندین جار لە قورئاندا دووپاتکراونەوە.

بە پێی یەکەم کتێبی مووسا، باوکی ئیبراهیم تارح"Terach" کە لە قورئاندا بە ئازەر"Azar" ناوی هاتووە، وڵاتی بابی کە لە باشووری عێراقی ئەوڕۆیی بووە بەجێ هێشتووە و بەرەو تورکییەی ئەوڕۆیی کۆچی کردووە. ژنی کوڕەکەی واتە سارا "Sarai" و کوڕی خوشکی واتە لۆت "Lot" لەو سەفەرەدا هاوڕێییان کردووە. کاتێ تارح دەمرێ، ئیبراهیم کۆچ دەکا بۆ کەنعان. هاوکات لەگەڵ ئەویکە لە کتێبی ئینجیلدا هیچ باسێك لەسەر کێشەی نێوان ئیبراهیم و باوکی نەکراوە، لە کتێبی قورئاندا ئیبراهیم نەتەنیا دەکەوێتە بەربەرەکانی لە هەنبەر هۆزەکەی، بەڵکوو لەگەڵ باوکیشی لەسەر خودایانی درۆیین (بوتەکان)، کێشەیەکی وەهای لێ پەیدا دەبێ کە هەڕەشەی بەردەبارانکردنی لێ دەکرێ. لێرەدا ئیبراهیم وەك مرۆڤێکی ئیشکی فەناتیك و تووڕە نیشان دەدرێ کە بە تەور هەموو ئەو خودایانەی هۆزەکەی باوەڕیان پێی هەبوو، دەشکێنێ. دوای ئەو کارەی، چونکە ئەتکی بەسەر خوداکانیان هێناوە لە لایەن خزمەکانییەوە دەگیرێت و لەناو ئاگر دەخرێت. بەڵام خودا ئاگرەکە دەکووژێنێتەوە و ئیبراهیم ڕزگاری دێ.

ئەو چیرۆکە چلۆن بەو شێوەیە گۆڕدراوە و بۆچی جیاوازی لەگەڵ دەقەکەی ئینجیلدا هەیە؟ سوورەکە (سوورەی ٢١ ئایەکانی ٥١ تا ٧٠) چیرۆکی سەردەمی مەککە دەگێڕێتەوە، ئەو قۆناخەی کە محەمەد هێشتا تێیدا بێ هێز بوو. ڕەنگە لەو سەردەمەدا یەك لە ئارەزووەکانی دەروونیی محەمەد ئەوە بووبێ کە بوتەکانی ناو کەعبە لەناو

بەرێت، بەڵام لە ترسی ئاکامەکەی دەستی لێ هەڵگرتووە. لە جێی ئەو کارە، چیرۆکەکەی ئیبراهیم دەگۆڕێ و بەو شێوەیە نیازەکەی تەنیا وەك ئارەزوویەك وەبیر خەڵکانی مەککە دێنێتەوە. بەڵام بۆچی محەمەد لە چیرۆکەکەیدا دەهێڵێ ئیبراهیم لە لایەن هۆزەکەیەوە لە ئاگردا بسووتێ، جێی باس و لێکۆڵینەوەیە. لەوانەیە بە دروستکردنی ئەو چیرۆکە محەمەد ویستبێتی ناخۆشی نێوان خۆی و هۆزی قورەیش لەگەڵ ئیبراهیم و هۆزەکەی هەڵسەنگێنێ. بە لە ناوبردنی سەرکەوتووانەی بوتەکان، محەمەد کە لە ناخی دڵیەوە ئارەزووی کردووە و بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە سوکنایی پێ وەرگرتووە کە لە سەرەتاوە تەنیا وەك ئارەزوویەك بووە. هەوڵی سووتاندنی بە زیندوویی ئیبراهیم دەتوانێ وەك هەڵس و کەوت و وێناکردنی بارودۆخی ڕۆحی محەمەد لەو قۆناخەدا مانا بکرێتەوە. گرنگ نیە چ کارێکی کردبێ، گرنگ نییە بە چ ڕادەیەك کارە خوداییەکەی بە گیان و دڵەوە بەڕێوەبردبێ، بەڵام پاداشی کارەکەی لە لایەن خەڵکییەوە تەنیا جەفەنگ پێکردن و ڕووبەروبوونەوە لەگەڵ نەزانی بووە.

ئەم جارەش وەك جارەکانیتر خەڵکی مەککە هەڕەشەلێکردنەکەیان لێ بە جیددی نەگرت چونکە دەیانزانی محەمەد لاوازە و لایەنگری کەمە و ئەو هێزە نییە کە بتوانێ ئازارێك بە پەرەستگاکەیان بگەیێنێ.

تەنیا ئەو سەردەمەی وا محەمەد لە مەدینە دەوڵەتی پێکهێنا و هێزی نیزامی بەتوانای لە پشت بوو، توانی شاری مەککە کە شوێنەزای خۆی بوو، بگرێتەوە و بە تەورێك هەموو بوتەکانی ناوەوە و دەرەوەی کەعبە بشکێنێ و توونایان بکا. هەر وەك چۆن ئیبراهیم کە بۆ محەمەد وەك سیمبولێك بۆ ئەو کارەی بوو، محەمەدیش خۆی بوو بە سیمبولێك بۆ تالەبانەکان کاتێ لە مانگی مارسی ٢٠٠١ دا هەیکەلەکانی بوودایان لە شاری بامیانی ئەفغانستان بۆمباران کرد. هەروەها محەمەد بوو بە سیمبولێك بۆ شەڕکەرانی داعیش کاتێ سەرتای ساڵی ٢٠٠٥ لە شاری موسڵ هەیکەلەکانی مووزەی ئەو شارەیەن تێک شکاند و لە ناویان برد و کارە هونەرییە مێژووییەکانی سەردەمی پێش مێژوویان لە شاری پالمیرای سووریا توونا کرد. سەرەڕای ئەوەش، زۆربەی موسوڵمانان لەمڕۆدا هێشتا لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ئەو کارانە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە!

لە پەنا ئیبراهیم و نووح، مووساش ڕۆڵێکی مەزن لە پەرتووکی قورئاندا دەگێڕێ. هیچ کەس بە قەرا مووسا هێندە ناوی لە قورئاندا نەهاتووە؛ ١٣٩ جار لەوێدا نێوی هاتووە. مێژووی مووسا بۆ محەمەد وەك کەرەسەیەکی زۆر گرنگ بووە: کێشە و بەربەرەکانیی نابەرانبەری مووسا لە هەنبەر فیرعەوونەکانی میسر دەبوو وەك ئاوێنەیەك بێ بۆ کێشەکانی نابەرانبەری محەمەد و خەڵکانی مەککە. دەیەویست بیسەلمێنێ ئەگەرچی مووسا لاواز و بێدەسەڵات بووە، بەڵام بەوهۆیەوە کە خودا پشتیوانی بوو، لە هەنبەر فیرعوونە خاوەن دەستەڵات و زۆردارەکاندا، سەرکەوت:

*"فیرعەونیش و ئەوانەی بەر لەویش بوون و مەردمی شارە ژێروڕووکراوەکانیش، خەتایان کرد. دژایەتی پێغەمبەری پەروەرەندەی خۆیان دەکرد. سا گرتیانی، گرتنێ لە ڕادەبەدەر. ئێمە - کاتێ لەهی هات و بواری بڕی، لەو شتەدا کە بەسەر ئاودا دەگەڕێ - هەڵمان گرتن. تا بیکەینە بیرهێنەرەوە بۆ ئێوە و ئەو گوێیانەی لەسەر هەستن، وەری بگرن." (سوورەی ٩٦ ئایەی ٩ تا ١٢)*

هەر وەك تەوەری یەکتاپەرستییەکی ئیبراهیم، مرۆڤی شاری مەککە هیچ لەو چیرۆکەش تێ نەگەیشتن و گرنگایەتییان پێ نەدا. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا یەهوودییەکی زۆر لە شاری مەککە دەژیان، بەڵام ئاڵوگۆڕکردنی فەرهەنگ و کولتوور لەو کاتەدا بە تامەزرۆییەوە بەڕێوە نەدەچوو، کە عەڕەبەکان بە وردی لە چیرۆکی ئایینی یەهوودیەکان بکۆڵنەوە. لە لایەکیتریشەوە یەهوودیەکان خۆشیان هەوڵێکیان بۆ ناساندنی ئایینەکەیان نەدەدا. لەوانەیە محەمەد لەبەر ئەوە گرنگایەتی بەو چەشن چیرۆکانە دابێ کە ڕەنگە کارتێکەرییەکی ئەرێنییان لەناو خەڵکیدا هەبێ، بەڵام هەم خەڵکانی مەککە و هەم یەهوودیەکان خۆیان لێ دوور دەخستەوە. ئەو بارودۆخە دەبوو هەڵوێستیتری بەدواداببێ کە چ بەسەر ئەو کەسانەدا دێ کە پێغەمبەری خودا ئازار دەدەن. لە چەندین سووڕەی قورئاندا خودا باس لەسەر کاولکردنی شار و گوندەکان بەهۆی بۆمەلەرزە دەکا کە بەهۆی ئەو چەشن سووکایەتیانە پێکی هێناون:

*"مخابن بۆ ئەو عەبدانە، هەر پێغەمبەرێکیان بۆ هات، هەر گاڵتە و گەپیان پێکردوون. چۆن ئەمانە نەیاندیوە کە چەندین چین لە مرۆمان - لە پێش ئەمان - قڕ کردووە و تازە*

*نایەنەوە لایان؟ بێ گومانە هەموو لاشیان هەر دەهێنینەوە لای خۆمان. هەر لە زەوی ڕابمێنین، نیشانەی بۆ ئەوان تێدا، بە مردوویی ئێمە زیندومان کردەوە و دەنکمان لێ بەرهەم هینا، کە خۆراکە بۆ ئەمانە. هەر لە زەویش چەندین باغی خورمابن و ڕەزی زۆرمان وەدی هێنا و چەند کانیاومان لێ هەڵقوڵاند. هەتاکوو لە میوەی خودا و لە دەسترەنجی خۆیان بخۆن. ئاخۆ هێشتا شوکر ناکەن؟"(سووڕەی ٣٦ ئایەی ٣٠ تا ٣٥)*

لە بەشەکانیتری قوڕئاندا خودا ڕوونی دەکاتەوە، خودایەکە کە بە مەیلەوە کاولکاری دەکا. بەڵام لێرەشدا تەنیا وەك هەڕەشەیەکی ناڕاستەوخۆ لە خەڵکانی مەککە دەمێنێتەوە:

*" هەر کە ویستمان شارێك قڕ کەین، دەوڵەتمەنە خۆشگوزەرەکانی وان، دنە دەدەین بۆ بەدفەڕی و خراپکاری و لە ئاکامدا ئازاریان بۆ واجۆ دەبێ، ئەو ساکە تێکی دەهاڕین. زۆر بەرەشمان لە پاش نۆح لەناو بردوە. بۆ تۆ ئەوەندە بەسە کە پەروەرەندەت لە گوناحانی عەبدانی ئاگادارە و دەیانبینێ. هەر کەسێکی خۆشی هەر لە دنیا دەوێ، ئەگەر ئێمە بمانەوێ، ئاواتەکەی زوو پێک دێنین، باشان بە ئابڕوونەماوی و دەرکراوی دۆژەهێکمان بۆ داناوە، دەیبرژێنێ. کێش خۆشی ئەو دنیایەی دەوێ و - بەپێی توانا - بۆی دەکۆشێ و باوەڕدارە، کۆششیان بە فیڕۆ ناچێ و لەبەر چاوە. هەموو لایان - چ ئەوان و چ ئەمانە - لە خەڵاتی پەروەرندەت بێ بەش ناکەین. خەڵاتی پەروەرندەی تۆ هیچ لەمپەری لەبەر نییە. دە بڕوانە، چۆن بازێکمان لە چاوبازێك سەر خستووە، دیارە کە لە دواڕۆژیشدا پلە و پایە و سەرخستن لەمە زۆرترە. دەگەڵ خودا هیچ شتێ تر مەپرسە، دەنا ئەوسا بە وەبەر تەشەر دراوی و دەرکراوی ڕۆدەنیشی." (سووڕەی ١٧ ئایەی ١٦ تا ٢٢)*

ئەو سووڕەیەش وەك زۆربەی سووڕەکانیتر دژبوون وپێچەوانەیی لێ دەوەشێتەوە. لە سەرەتاوە خودا لەسەر پرەنسیپی ئازادی هەڵبژاردنی ئایین دەدوێ، کەچی دواتر خۆی ئەو پرەنسیپە هەڵدەوەشێنێتەوە. خودا کافرەکان لەناو دەبات لەبەر ئەوەی ئەوان لە مافی خۆیان کە پێشتر بۆی داناون، کەڵکیان وەرگرتووە و نایانەوی باوەڕ بێنن. ئەدەی ئەو سزادانەی لەچییە، ئەگەر بێ دین تەنیا زەرەر بە خۆی دەگەێینێ؟ هەر ئەوندەی کردوونی بە کافر، سزایەک نییە بەسیان بێت؟ نا. هەرکەس باوەڕی بە خودا

نەبێ، هەم لەم دنیایە و هەم لەو دنیا سزا دەدرێ. هەر بەوەش ڕزگاریی نایەت. خودا دەڵێ:

*"هەر کە ویستمان شارێك قڕ کەین، دەوڵەتمەنە خۆشگوزەرەکانی وان، دنە دەدەین بۆ بەدفەڕی و خراپکاری و لە ئاکامدا ئازاریان بۆ واجۆ دەبێ، ئەو ساکە تێکی دەهاڕین."*

ئەو دەیتوانی هەر لە سەرەتاوە هەر شارێك کە پێی خۆش بێ، بیڕووخێنێ و کاولی بکا، هیچ پێویستییەکیشی بە پاساودان نەبووە و بە سزادانی گوناهی دەوڵەمەندەکان، ئەو گوناهانەی هەر بە فەرمانی خوێشی پێك هاتوون، نەک هەر چەند گوناهکار سزا دەدات بەڵکوو بە کاولکردنی شار و گوندەکان هەموو کەسێکیتریشی وەبەر دەخات.

لە سووڕەی ٢٥ دا چەندین چیرۆکی تێدایە کە ئاماژە بە کاولکاریی ناوچەکان داکات:

*"کتێبیشمان دا بە مووسا، هاڕوونی براشیمان کرد بە وەزیری. ئەوسا گوتمان: بڕۆن بۆ لای ئەو هۆزە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ ژمارد؛ ڤێگاڤێ تێکمان شکاندن. هۆزی نوحیش - کاتێ بە پێغەمبەران باوەڕیان نەکرد - نوقمی بناومان کردن و کردمانن بە نیشانە بۆ مەردم و ئازارێکی بەژانیشمان ساز داوە بۆ ناهەقەکان. عاد و سەموود و خاوەنی چاڵاوەکانیش و گەلێ بەرەوچینی نێوانیان [هەر بەو دەردەوە چوون]. بۆ هەموانیان چەند نەزیلەمان هێناوە و لە ئاکامدا ونجڕ بە ونجڕمان کردن. خۆ ئەوانە بەو شارەدا ڕابردوون کە بارانەی بەڵامان بۆ باراندوون؛ مەگەر بە چاوی خۆیان ئەویان نەدی؟ بەڵام بەهیوای زیندووبوونەوە نەبوون. هەر کە تۆیان چاو پێ کەوت، دەتکەنە گەپجاڕی خۆیان: هەر ئەمەیە کە خودا ڕای سپاردووە؟" (سووڕەی ٢٥ ئایەی ٣٥ تا ٤١)*

لە ئایەی کۆتایی ئەو سوڕەیەدا بەستێنی ئەو هەڕەشە لێکردنە ڕووندەبێتەوە: هەر کات خەڵکانی مەککە محەمەدیان دیبا، پێی پێ دەکەنین و تف و لەعنەتیان لێ دەکرد. نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن کە خودا ڕاست ئەو کەسەی بە پێغەمبەر هەڵبژاردووە کە

لای خەڵکی هیچ پلەیەکی نەبووە. دیارە ئەوان هیچیان ئاتێئیست نەبوون و باوەڕیان بە خوڵقێنەریش هەبووە و پێش هاتنی ئیسلامیش ناوی ئەڵڵایان لە خوداکەیان دانابوو.

## لاوازیی محەمەد و نیشانەکانی خودا

خەڵکانی مەککە داوایان ئەوە بوو: ئەگەر محەمەد لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێغەمبەری نێردراوی لای خودایە، "با ئاسمانیان بەسەردا بڕووخێنێ" و بەو شێوەیە پێغەمبەرییەکەی بسەلمێنی:

*"گوتیان: بڕوات پێ ناهێنین تا لەم عەرزە، کانیەکمان بۆ هەڵدەقوڵێنی؛ یان باغێکی خورما و ڕەزت هەبێ و کارێکی وا بکەی کە جۆباران لەناویانا فڕکەیان بێ؛ یان - وەك خۆت خەیاڵت دەکرد - پاژپاژی ئەم ئاسمانەمان بەسەردا دابوەڕێنە؛ یا خودا و چەند فرشتەیەك بێنە و ڕووبەڕوومان بکە؛ یان ماڵێکت لە زێڕ هەبێ؛ یان بە ئاسماندا هەڵبچی و سەریش کەوی. باوەڕناکەین تا کتێبێکمان دەگەڵ خۆت بۆ دێنی و دەیخوێنینەوە. بێژە: پاکی هەر بۆ پەروەرندەکەمە، ئاخۆ من چیم بل لەمرۆیێ پێغەمبەر؟ تەنیا بیانوی ئەم مەردەمە - کە شارەزاییشیان بۆ هات و بڕوایان پێ نەکرد - ئەمەیە ئێژن: جا چۆن خودا مرۆڤێکی بە پێغەمبەر ناودێر دەکا؟ بێژە: ئەگەر فریشتە بە ئەرخەیانی لەم هەردەدا ڕۆیشتبان، دیارە ئێمە لە ئاسمانەوە پێغەمبەرێ فریشتەمان بۆ دەناردن. بێژە: خودا بەسە بۆ شایەت لە نێوان ئێمە و ئێوە؛ هەر ئەو دەربارەی عەبدانی ئاگادارە و دەیانبینێ." (سوورەی ١٧ ئایەی ٩٠ تا ٩٦)*

محەمەد کە لە سەرەتاوە دەهۆڵی بۆ سەلماندنی پێغەمبەرییەکەی لێدەدا، لە پڕێکدا وەردەگەڕێتەوە و دەڵێ: "من زیاتر لە مرۆڤێکم؟"

لە قورئاندا ئاماژە بە پێغەمبەری وەك مووسا و نووح دەکرێ و لەسەریان دەگێڕدرێتەوە کە پەرجۆیان کردووە و دنیایان بەسەر ئەوکەسانەی باوەڕیان پێ نەهێناون، ڕووخاندووە. هەروەها چەندین پەرجۆی عیسا بە وردی لە قورئاندا لیستە کراون. هەم مووسا و هەم نوحیش وەك مرۆڤ و ناردراوە لە لایەن خوداوە ناسێنراون.

عیساش نەك وەك کوڕی خودا(وەك مەسیحییەکان بە کوڕی خودای دادەنێن) بەڵکوو ئەویش وەك مرۆڤێکی ئاسایی و پێغەمبەرێکی خاوەن پەرجۆ پیشان دەدرێت. بەڵام وێدەچێ خودا لێهاتوویی پەرجۆی بە محەمەد نەدابێ.

ئەو سووڕەیەی سەرەوە دەبێ دە ساڵ دوای هەڵبژاردنی بە پێغەمبەریەتی لە لایەن خوداوە، بۆی نازڵ بووبێ. مرۆڤ لەبەر چاوی خۆی وێنای دەکا کە محەمەد وەك ئامۆژگاریدەرێك کارە بازرگانییەکەی وەلاناوە و دە ساڵی ڕەبەق هەوڵی داوە پەیامی خوداکەی بە خەڵکی ڕابگەیێنێ. بەڵام هەر ڕێگایەکی چ بە بانگەشە، هەڕەشەی جەهەننەم یا لەناوبردنی مرۆڤ هەڵبژاردبێ، لە کۆتاییەکەیدا تەنیا چەند مرۆڤ باوەڕیان پێ هێناوە، کە زۆربەشیان مرۆڤی لاواز و کۆیلە بوون. دەبێ ئەو سەردەمە کاتێکی زۆر ناخۆش و تاڵ بۆ محەمەد بووبێ چونکە هاوکاتیش ژنە خۆشەویستەکەی خەدیجە کە لە تەواوی پرۆسەی پێغەمبەرییەکەی پشتیوانیی هەم رووحی و هەم ماددی لێکردووە و گرنگترین مرۆڤی ژیانی بووە، ڕاست لەو سەردەمەدا فەوتی کرد و بەتەنیای هێشتەوە.

لە کۆتاییدا هیچ پەرجۆیەکی بۆ پێك نەهات، ئاسمان بەسەر مرۆڤدا نەڕووخا و تەنانەت فریشتەکانیش خۆیان پیشان نەدەدا. ناهومێد شاری مەککەی بەجێ هێشت و ماوەیەکی زۆر هەوڵی دا پەیامەکەی لە دەرەوەی مەککە و بەتایبەت لە شاری تائیف بە خەڵکی ڕابگەیێنێ. لەوێش هەر وەك مەککە، سووکایەتی پێ کرا و لێی درا. لەو قۆناخەدا کە کەسایەتییەکەی گەیشتبووە نزمترین و کەمترین پلەی خۆی، دەستی کرد بە خەون و خەیاڵ و فانتازیا کردن. دوای گەڕانەوەی بۆ شاری مەککە گێڕاویەتەوە: "لە کاتی نوێژکردندا کۆمەڵێك جندۆکە لێی نیزیك بوونەتەوە، گوێیان لێ ڕاگرتووە و لە گوتەکانی قورئان سەریان سووڕ ماوە و ئیمانیان پێ هێناوە. سەرجەم سووڕەیەکی قورئان (سووڕەی ٧٢ "جندۆکە) بۆ ئەو پەرجۆیەی تەرخان کراوە و بەو شێوەیە دەست پێدەکات:

*"بێژە: پێم ڕاگەیەنراوە، چەند کەسێ لە جنۆکەکان گۆیان هەڵخست؛ ئەوسا وتیان: ئێمە قورئانی سەیرمان بیست. بۆ ڕاستەڕێیە ڕێبەرە و ئێمە باوەڕمان پێ هێناو هرگیز کەسێ ناکەینە شەریکی خودا." (سووڕەی ٧٢ ئایەی ١ تا ٢)*

دوای گێڕاوەکەی محەمەد(یاخود گێڕاوەی قورئان) جندۆکەکەن دەوریان داوە و وەك قارەمانێك هۆڕایان بۆ کێشاوە:

*"لەودەمەشدا کە عەبدی خودا(محەمەد) هەڵوێستا نوێژێ بکا، ئەوان (جندۆکان) وایان گوشار بۆهێنا خەریك بوو هەناسەی لێ ببڕن، بێژە: من تەنیا بانگ لە خودا دەکەم، شەریکی بۆ دانانێم."  (سوورەی ٧٢ ئایەی ١٩)*

هاوکات لەگەڵ ئەویدا قورئانەکەی محەمەد، نە لە لایەن خەڵکەکانی خۆی لە شاری مەککە و نە لە لایەن بێگانەکەنی شاری تائیفەوە سەلمێنرا، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر لە فانتازیای خۆشیدا بووبێ، بۆی بووە یارمەتیدەرێك بۆ سەرکەوتوویی لە وەحیەکانیدا. دێو و درنجی ناو ئاگر ئەو پاداشەی دەدەنێ کە تا ئەو کات لە لایەن مرۆڤەوە وەرینەگرتبوو: ئەوان باوەڕ بە گوتەکانی دێنن و سەری بۆ دادەنەوێنن. محەمەد وەك پێغەمبەری خودا دەسەلمێنن و پەیامەکەی بە هاوڕەگەزەکانیان ڕادەسپێرن.

پێش ئەو "پەرجۆ"یە محەمەد هەم لە ڕوانگەی فیکری و هەم سیاسیەوە خۆی ڕادیکاڵ کردۆتەوە. لە سەرەتاوە دەیگوت بە سواری ئەسپ بۆ زیارەتگای ناوچەیەکی پیرۆز هەڵفڕیوە. قورئان بە تاقە ئایەی سوورەی ١٧ ئاماژە بەو سەفەری دەکا:

*" پاکی و بێ عەیبی بۆ کەسێ لە شەوێکدا شەوڕۆیی بە عەبدی خۆی کرد؛ ئەو مزگەوتەی ئێمە و پیرۆزیمان داوە بە دەوروبەرەکەی؛ بەو نیازەی کە هێندێك بەڵگەی خۆمانی پیشان بدەین. هەر خۆی بیسەر و بینایە."  (سوورەی ١٧ ئایەی ١)*

پسپۆڕانی ئیسلام ناس ئەو شارەی بە شەو سەفەری بۆ کردووە، بە ئورشلیم دادەنێن. دوای مردنی خەدیجە و ناهومێدی و بە تایبەت سوکایەتی پێکردنی خەڵک لە تائیف، دەبێ ئەو سەفەرە بۆ محەمەد وەك سوکناییەك بووبێت. لە ئورشلیم دەبێ محەمەد چاوی بە هەموو پێغەمبەرەکانی ناو کتێبە ئایینیەکانی تەورات و ئینجیل کەوتبێ. هەروەها باوکە گەورەی هۆزەکەی واتە ئیبراهیمیش دەبێ لەوێ بووبێ. کاتێ هەموو پێغەمبەرەکان پێکەوە نوێژی جەماعەتیان دەستپێکردووە، محەمەد دەکەنە پێش نوێژ و ئیمامی خۆیان. بۆ محەمەد دەبێ ئەو کارە وەك مەزنترین بەفەرمی ناسین بووبێ.

بەڵام ئەو خەون و فانتازییە درێژەی دەبێ و خودا لێدەگەڕێ محەمەد بە هۆی پەیژەیەکی درێژەوە بەرەو ئاسمان وەسەر کەوێ و لەوێ بەهەشت و جەهەنەمی پێ پیشان دەدا. تاقمێک لەو پێغەمبەرانەش وەسەر ئەو پەیژەیە کەوتبوون بەڵام هیچکامیان بە قەرا محەمەد هێندە بەرز سەرنەکەوتبوون و هیچکامیان جیا لە محەمەد ڕاستەوخۆ چاویان بە چاوی خودا نەکەوتبوو.

هەڵفڕینی ئاسمانیی سەرەنجام دەبوو وەك پەرجۆیەك بۆ محەمەد لە ئەژمار بێ کە تەواوی کات لە لایەن خەڵکانی مەککەوە داوای لێدەکرا. بەڵام هەر وەك چیرۆکی ئیمان هێنانی جندۆکەکان، لێرەشدا محەمەد تەنیا خۆی شاهیدی ئەو ڕووداوە بووە. سەرەڕای ئەوەش چیرۆکی سەرکەوتن بۆ ئاسمان بە هۆی پەیژەوە لە زۆربەی فەرهەنگی خەڵکانی ناوچەکەدا ناسراو بوو. یەك لە سەرچاوەکان دەتوانێ کتێبی ئینجیل "١٧-٢٨:١١" بووبێ: بە پێی گێڕاوەی ئینجیل کاتێ یەعقووب لە بئرشبع "Be'er Scheva"ەوە بەرەو حەڕڕان "Harran" ڕادەکا، لە خەیاڵیدا پەیژەیەکی دوور و درێژ دەبینێ کە لە زەویەوە بەرەو ئاسمان ڕاکێشراوە. ئەو بینیویە کە لەسەر پەیژەکە فریشتەکان هات و چۆ دەکەن و لە سەرسەرەوەش خودا ڕاوەستاوە.

سەفەری شەو بەرەو ئورشلیم و هەڵفڕینی ئاسمانیی، لە یەکەم ڕوانیندا وەك کەسایەتییەکی بێگانەی سەیروسەمەڕ لە بیوگرافی محەمەددا دەبینرێ. بەڵام ڕەنگە نیشانە و بەیانێکی بەهێز بن بۆ قۆناخە ژیانێکی پڕ لە ئازار و دژ و پێچەوانە و ئارەزووی وەدی نەهاتوو.

## تولەرانس و ناتولەرانسی لە قورئاندا

قورئان دوو ڕوخساری هەیە، ڕوخساری خۆشەویستی و ڕوخساری ڕق و کینە. چەندین سوورە لە قورئاندا هەن کە بانگەشە بۆ موسوڵمانان دەکەن لەهەنبەر سووکایەتی پێکردندا سەبر و حەوسەلە لە خۆ نیشان بدەن و هەڵسوکەوتی لێ بوردنیان هەبێ. هەروەها لەسەر دۆستایەتیان لەگەڵ بێگانە و بێ دینەکان بانگی تولەرانس بڵاو دەکەنەوە و لە چەند لە ئایەکانی قورئاندا ئیزنی ئەو کارە بە موسوڵمانان دەدرێت. مرۆڤی باوەڕپێکراو بە هەڵس و کەوتی باش لەهەنبەر مرۆڤی ناموسوڵماندا بەتایبەت لەسەر باسی ئایینی بە مرۆڤی لەسەرە خۆ نیشان دەدرێ. تەنانەت ئەگەر ناموسوڵمانان لەو باسانەدا سووکایەتی بە خوداش بکەن، مرۆڤی موسوڵمان ئیزنی سووکایەتیکردن بەوانی نییە. بە پێچەوانە ئایە لە قورئاندا هەن کە دۆستایەتیی مرۆڤی موسوڵمان لەگەڵ یەهوودی و مەسیحی قەدەغە دەکەن، قاوی کاری ناحەز و شەڕخوازی دژ بە لایەنگرانی ئایینەکانی تر دەدەن و ئایینی ئیسلام بە تاقە ئایینی فەرمی دادەنێن.

ئەو دژبەری و پێچەوانەییە هەر وەك گوتمان دەبێتە هۆی ماتکردنی دوو بەرەی ڕەخنەگر و داکۆکیکاری پەرتووکی قورئان. مرۆڤ بۆ هەر دوو لایەنەکە لەو کتێبەدا ئارگۆمێنت دەدۆزێتەوە.

من خۆم لە لایەن موسوڵمانەکانەوە پەیتا پەیتا نامە و ئیمەیلم بۆ دەنێردرێ کە ڕقی خۆیان لەسەر ڕەخنەگرتنم لە کتێبی قورئان، نیشان دەدەن. لێم دەپرسن: "ئایا لە قورئاندا تەنیا ئایەی شەڕخوازی و توند و تیژی هەیە؟"، "ئایا لە قورئاندا نەهاتووە: هەرکەس ڕۆحێك بکووژێ، تەواوی مرۆڤی کوشتووە؟" یا "خودا ئەمری بە پێغەمبەر نەکردووە، ئەو بێ دینانەی سووکایەتیان پێ کردووە، لێیان ببووری؟" هەروەها مەگەر "لە قورئاندا نەنووسراوە: ئەگەر دەتانەوێ بێدینێك سەر بۆ ئاشتی دانەوێنێ، ئاشتی لەگەڵدا بکەن؟"

بەڵێ، ئەو ئایە ئاشتیخوازانە هەر هەموویان لە قوڕئاندا هەن. نەك هەر ئەوانە بەڵکوو ئایەی ئاشتیخوازانەی زۆر زیاتریشی تێدایە. بەڵێ ئەو ئایەتانەش جێی ڕێزلێگرتنی خۆیان هەیە و دەبێ شی بکرێنەوە. بۆ من قوڕئان کتێبێکی ئینسانییە کە هەم سەری خۆی بە کێشە دەروونییەکانی پێغەمبەر و هەم بە پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگاکەیەوە خەریك کردووە. هەر بەوهۆیەش قورئان لە ڕوانگەی ناوەڕۆك و زمانەوانییەوە سوورەی جیاوازی تێدا دەبینرێ. ئایەی زۆری تێدایە کە بۆ مرۆڤی موسوڵمان وەك کانییەکی بێ خەمی و بڕوابەخۆیی سەیر دەکرێن. فێرکردنی کۆمەڵایەتی و بیر و باوەڕی یەکیەتی لەگەڵ مرۆڤی لاواز و فەقیر لە کتێبی قوڕئاندا ڕێزی خۆیان هەیە و هەر ئەو خاڵە ئەرێییانەشە کە تا ئەمڕۆ زۆربەی کۆمەڵگای ئیسلامیی پێکەوە ڕاگرتووە.

تەنیا کێشە لێرەدایە: هەر وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، کتێبی قوڕئان بە شێوەیەك لە شێوەکان لە سووپێرمارکتێکی گەورە دەچێ. مرۆڤ هەموو شتێکی تێدا دەدۆزێتەوە. بەزەیی پێداهاتن و رق وکینە؛ ئاشتی و شەڕخوازی؛ تولەرانس و ناتولەرانسی؛ بەخشین و تۆڵەسەندنەوە؛ پێکەوە ژیان و ڕاوەنانی لایەنگرانی باوەڕەکانیتر. هەر وەك کەل و پەلی ناو سوپێرمارکتەکەش کە دەکرێ ڕێکەوتیان بەسەرچووبێت و ئیتر بۆ کەڵك لێوەرگرتن نەبن، چەند لە سووڕە و ئایەکانی قوڕئانیش، کاتی کەڵک لێوەرگرتنیان بەسەر چووە و جێیان لە کۆمەڵگای مودێڕندا نەماوە.

هەر کەس قوڕئان بە وردی بخوێنێتەوە، لە دژ و پێچەوانەیی سووڕەکانی تێ دەگا: سووڕە هەیە کە بانگی لێبووردن و بەزەیی پێداهاتن دەدا، و سووڕەش هەیە کە تا قیامەت مرۆڤ بۆ شەڕخوازی و رق وکینە هان دەدا. مرۆڤ دەتوانێ ئەو دژوپێچەوانەییەی بەوە ڕوون بکاتەوە کە محەمەد بە ئەگەری زۆر کەسایەتییەکی دوو ڕوخسارەی بووە. دیارە سروشتییە وەك مرۆڤێکی ئاسایی لە نێوان ئەو دوو ڕوخسارەیدا هەڵس و کەوتی کردووە. بەڵام ئەو کارە بە تەنیا دژوپێچەوانیی کتێبی قوڕئانمان بۆ ڕوون ناکاتەوە.

مرۆڤ دەتوانێ محەمەد وەك دادوەرێکی یاسا داتاش سەیر بکات کە هەوڵیداوە بە شێوازێکی زەینی هەڵس و کەوت بکا و خۆی لەگەڵ بارودۆخی سیاسی سەردەم

ڕێکبخات. کاتێ لاواز و لەژێر گوشار و سەرکوت بووە، بانگی بۆ ئاشتی و ژیانی پێکەوەی داوە، چونکە لاواز بوونی کەسێك بە تولەرانسی مرۆڤەکانیترەوە بەستراوەتەوە. بەڵام کاتی بەهێز بووە و بەسەر مرۆڤەکانیتردا زاڵ بووە، خۆی لە هەڵس و کەوتی پێشووی دوورخستۆتەوە و شێوازێکی توند و تیژ و هێرشکارانەی پیشە کردوە.

مرۆڤ دەتوانێ بڕێك بێ لایەنانە ئارگۆمێنت و بەڵگە بێنێتەوە و بڵێ: محەمەد لە مەککە تەنیا چەند کەسێك لایەنگری بوون و ناچار بە بەڕێوەبردنی ژیان و مووچەیان و دابینکردنی ئەمنییەتیان نەبووە. بە پێچەوانە، لە مەدینە بەرپرسایەتی کۆمەڵێکی گەورەی لەسەر شان بووە کە دوژمنیش دەور و بەری لێ گرتبوون. ئەو تەنیا سەرکردەی ئایینی نەبوو بەڵکوو هاوکات سەرۆکی دەوڵەت، وەزیری بەرگری، وەزیری ئابووری، یاسا دانەر، دادوەر و پۆلیس بووە و ئەویش بۆ ماوەی دە ساڵ. ڕۆڵی کەسیی و بڕیاری جۆراوجۆری ئەو وەك خەتێکی سوور بەناو قورئاندا شوێنی خۆی داناوە و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی کارتێکەریان لەسەر ناوچەکانی تازەدروستکراوی ئەو وڵاتە لە عەرەبستان داناوە. نووسراوەکانی قورئان ڕاستیی ئەو قۆناغە لە مێژوو دەگێڕنەوە کە بۆ سەردەمی ئەمڕۆی ئێمە زۆر نا ئاشنایە.

محەمەد ٢٣ ساڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵگایەکی کردووە، کە لایەنگرەکانی پەیتا پەیتا پرسیاریان لێ کردووە: لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ژیانی ڕۆژانەیان، لەسەر سیاسەت و زانستی ئابووری، لەسەر شەڕ و ئاشتی، سەدەقە، میرات، سێکس و خواردنەوەی ئەڵکۆڵ و ... هتد. قورئان لە سەر ئەو پرسیارانە هەڵوێستی گرتووە و کاردانەوەی لە خۆی نیشان داوە و بەو شێوەیە یاسا پێکهاتوون کە تا ئەمڕۆش وەك یاسای شەریعەت دەسەلمێندرێن، جا لە یاسای مارەیی و تەڵاق، سزادانی دزیکردن و میرات وەرگرتنەوە بگرە، هەتا پارە قەرزکردن و دووریکردن لە ژن لە کاتی خوێن هاتن و عوزر شوشتنی.

زۆربەی ئەو یاسایانە بۆ سەردەمی خۆی شتێکی پێویست و ڕەنگە تەنانەت زۆر پێش کەوتووش بووبێتن. بەڵام مرۆڤ دەبێ ئەو یاسایانە وەك دژکردەوەی

پێویستییەکانی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە سەیر بکات و لێیان تێ بگات. ئەو یاسایانە ناتوانن وەڵامدەرەوەی کۆمەڵگا ئاڵۆزەکانی چەند ئایینی و چەند کولتووری ئەمڕۆیی ئێمە بن.

لە ڕاستیدا کتێبی قورئان لەو سەردەمەدا کراوەتر و پەیوەندیدارتر بووە لە هەنبەر هەڵس و کەوتی موسوڵمانان، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەمڕۆ. ئەو کتێبە بۆ هەر پرسیارێکی باوەڕپێکراوانی کراوە و ئامادە بووە تا ئەو کاتەی پێغەمبەریان لە بارودۆخێکی ناچار بە ڕوونکردنەوە نەخستبێ. تەنانەت ئەو کاتەی محەمەد وەك دیکتاتۆر و حاکمێکیش هەڵس و کەوتی کردووە، هەمیشە گوێیەکی کراوەی بۆ خەم و پێداویستی کۆمەڵگاکەی هەبووە. زۆربەی سوورەکانی سەبارەت بە پرسیاری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ تەنیا بە هۆی کارتێکەری دوولایەنەوە پێکهاتوون. بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە ئەمڕۆ بە پێچەوانەی سەردەمی پێکهاتنی، قورئان وەك کتێبێکی تەواو و تێکستێکی کامیل و بێ عەیب و گوتەی کۆتایی خودا سەیر دەکرێ. ئەزموونی ئەو کارە دەڵێ: "خودا قسەی کۆتایی خۆی کردووە، باوەڕپێکراوان ئیزنی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەودا نییە، بەڵکوو دەبێ وەدوای گوتەکان و یاساکانی بکەون، چونکە خودا خۆی باشتر دەزانێ و هەر فەرمانێکی بە مرۆڤی داوە بۆ چاکەی خودی مرۆڤە، تەنانەت ئەگەر ئەو کاتەی گوتەکانی لۆژیکیش نەبن."

ئەو ئیدعا، نەهایی و یەکجارەکییە زۆربەی سوورە ئەرێیی و نەرێنییەکانی ناو قورئان واتە سوورە ئاشتیخوازەکان و هەروەها سوورە شەڕخوازەکانیش کە لە بارودۆخێکی تایبەت بەخۆیاندا پێکهاتوون، دادەپۆشی و پارێزگارییان لێ دەکات. هەر بەهۆی ئەوەوە ڕوون دەکرێنەوە و بەویشەوە بەستراونەتەوە. سەیر ئەوەیە زۆربەی سوورەکان لە سەردەمی محەمەد بە هۆی هاتنی سوورەی نوێوە پووچەڵ کراونەوە. ئەوە خۆی ئاماژەیەك یاخود نیشانەیەکە بۆ ئەوی گوتەی خودا لەسەر بەرد هەڵنەکەندراوە. دەنا بۆچی دەبوو یاسایەك هەڵە یاخود قەدیمی بێت و هەڵوەشێتەوە، شتێك کە سەردەمی خۆی یاسا بووە؟ ئەو کارە تەنیا کاتێك گونجاو دەبێت، کە بارودۆخی ژیان گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و قورئان ناچار بە هەڵوێستگرتن کرابێت.

## ئایینی هاوبەش یا کێبەرکێی ناوخۆی ئیسلامی

بە وردی سەیری بڕێك سوورەی ئاشتی و شەڕخوازانەی ناو کتێبی قورئان لەبەستێنی پێکهاتنیاندا دەکەین: ئەو سوورەیەی لە باس و گفتوگۆی نێوان موسوڵمان و غەیری موسڵماندا زۆر بەمەیلەوە دەگوترێ، بەم شێوەیە:

*"ئەی خەڵکینە! هەر لە نێر و مێویکەوە ئێوەمان وەدی هێناوەو کردوومانن بەچەند گەلێك و چەند هۆزێك هەتا یەکتری بناسن. بەڕێزترینتان لای خودا، پارێزگارترەکانتانن. خودا زانایەو ئاگادارە." (سوورەی٤٩ ئایەی ١٣)*

ئەو سوورەیە دەبێ بیسەلمێنێ کە ئایینی ئیسلام نەک هەر پارێزگاری لەهەنبەر هەمەرەنگیی ئایینی دەکات، بەڵکوو بەتایبەت داواشی دەکات، چونکە خودا خۆی ویستویە نەتەوەی هەمەرەنگ (لەگەڵ ئەوانیش ئایینی جیاواز) بوونیان هەبێ و لە ئاشتی لەگەڵ یەکتردا بژین. بەڵام هەر لە بەشی دووهەمی سوورەکەدا ڕوون دەبێتەوە کە لێرەدا مەبەست ئازادیی ئایینی نییە، بەڵکوو تەنیا پلەبەندی کردنە: "بەڕێزترینتان لای خودا، پارێزگارترەکانتانن."

لێکۆڵینەری کاتی زووی قورئان، ئەلتەبەری "al-Tabari" لەو ئایەیەدا هیچ سەلماندنێکی ئایینەکانیتر نابینێ و ئاوای لێکداوەتەوە: ئەو کەسەی ڕێوڕەسمی ئایینی ئیسلام بەڕێوەبەرێ، وەدوای یاسا و قەدەغەکانی کەوتبێ، بەڕێزترین و پارێزگارترینیانە[٦].

[٦] al-Tabari: tafsīr, Sure ٤٩:١٣

بەشێوەیەکی هاوچەشن لێکۆڵێنەری عەرەب ئەلقورتوبی (al-Qurtubi) لە دایکبووی ساڵی ١٢١٤ لە سپانیا و فەوتی ساڵی ١٢٧٢ لەمیسر، کە عالمێکی مەکتەبی مالکیەکان بووە، دەڵێ ئەو سوورەیە ئاماژە بەبارودۆخێکی تایبەت دەکا: محەمەد ویستویەتی پیاوێکی موسوڵمان لەهۆزێکی ئاسایی و بێ ناو لەگەڵ کچێکی هۆزی بەیەدا "Bayada" کە ناوبەدەرەوە بوون، پەیوەند بدا، کە ئەویش ئایینی ئیسلامی قەبووڵ کردبوو. بەڵام سەرکردەی هۆزەکە ئەو پێکگەیشتنەی رەدکردۆتەوە و گوتویەتی پیاوەکە هاوشانی ئەو کچە نییە. سوورەکە بە محەمەد وەحی کراوە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە پێك بێنێ: با هۆزەکان جیاوازیشیان هەبێ، بەڵام بەهۆی باوەڕیان بە خودا وەك یەك وان.[٧] محەمەد لێرەدا بەئاشکرایی و زۆر عەمەلی و پراکتیزە هەڵس و کەوتی کردووە: لە یەکەم ساڵەکانی سەردەمی مەدینەدا، لایەنگرەکانی پێغەمبەر گیرۆدەییەکی زۆریان بۆ هۆزەکانیان پێک هێنا، بەتایبەت ئەو کەسانەی ئیسلامیشیان رەدکردبۆوە. بەو هۆیەوە محەمەد هەوڵی دەدا هۆگرایەتیی کۆمەڵی ئایینی ئیسلام لەجێی سیستەمی کۆنی ناو عەرەبەکان واتەخزمایەتی خوێنیی دابنێ. ئیتر خزمایەتی تەنیا پێوەر بۆ وەفاداری بەمحەمەد و خوداکەی نەبوون.

بەڵام سەیر ئەوەیە محەمەد لەو پرەنسیپەش خۆی دوور ڕاگرت کاتێ دەیویست شاری مەککە بگرێتەوە و پێویستی بەهێزی نیزامی هەبوو. لەگەڵ سەرکردەی هۆزەکان ڕێك کەوتن و یەکیەتیەکیان پێکهێنا کە ئەو پێشتر ڕەدی دەکردەوە و دەیگوت: "مرۆڤ وەك کانزای زۆر بەنرخ وایە، باشترینیان پێش سەردەمی ئیسلام، دوای ئیسلامیش باشترینیانە.[٨] تەنانەت ئیزنی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی زیارەتی ناو کەعبەی وەك سەرپشکێك، هەمیسان بەسەرکردەی هۆزەکان دایەوە کە لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕێوڕەسمێکی کافرانەبوو.

بەواتایەکیتر: ئەو سوورەیە کە بەتامەزرۆییەوە لەلایەن موسوڵمانانەوە دەخوێندرێتەوە، باس لەسەر نەتەوە و ئایینی جیاواز ناکات بەڵکوو تەنیا ڕەنگاڵەیی هۆزەکانی نێوان ئایینی ئیسلام نیشان دەدا. کێبەرکێی زۆرانبازیی بۆ نیشاندانی باشترین

---

[٧] al-Qurtubi: tafsīr, Sure ٤٩:١٣

[٨] al -Bukhari: sahih, Hadith Nr. ٣٣٨٣

بەندەی خودا تەنیا لەنێو کۆمەڵی ئیسلامیدا بەڕێوەدەچێ. هەر کەس کاری باشتر بکا و بۆ سەلماندنی بەندەبوونی لە هەنبەر محەمەد و ئایینی ئیسلام زیاتر هەوڵ بدا، ئەو کەسە لەهەموو کەس زیاتر لای خودا خۆشەویستە. هەر کەس لەو زۆرانبازی و کێبەرکێیەدا وەپێش بکەوەی و خۆی باشتر نیشان بدا، دەتوانێ هومێدی وەرگرتنی ئیزننامە بۆ ناو بەهەشتی هەبێ.

ئەوەش ڕوونە کە هەموو موسوڵمانێك بەشێوەی ئۆتوماتیك ڕێگای چوونە ناو بەهەشتیان نییە. تەنیا باشترین مرۆڤی نێوان ئەوان هەڵدەبژێردرێن. موسوڵمانی تاوانبار و لایەنگری ئایینەکانیتر بەداخەوە دەبێ لەبەر دەرکەی بەهەشت بمێننەوە و ئیزنی چوونە ناو بەهەشتیان لێ ئەستێنراوەتەوە. چوونی کافرانیش بۆ ناو بەهەشت ئیتر پێویستی بەباسکردن نییە. (هەڵس و کەوتی کتێبی قورئان لەهەنبەر ئایینەکانیتر لەبەشێکیتری ئەو نووسراوەیەدا ڕوون دەکەمەوە.)

## بێ هێزیی پێغەمبەر

مرۆڤ دەتوانێ ئیدعا بکا و بڵێ لە قورئان دا سوورەی وای تێدایە کە بەپێی ئەوان پێغەمبەر ناتوانێ هیچ کەس ناچار بەباوەڕپێهێنان بەئایینی ئیسلام بکات. ئەوەڕاستە. ئەوەش بڵێین، ئەو سووڕانە هەر هەموویان لەسەردەمی مەککەدا گوتراون، ئەو سەردەمەی کە محەمەد نەیدەتوانی هیچ بڕیارێك لەسەر کەسێك بدا یاخود ناچار بەسەلماندنی ئایینەکەی بکا.

لەدیالۆگێکی خەیاڵیدا، خودا بۆ محەمەدی ناهومێد کە لەسەر باوەڕ پێنەهێنانی خەڵکانی مەککە زۆر تووڕەیە، ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێ:

*" ئەگەر خودا کەیفی لێ با، دیارەهەرکێ لەم زەمینەن، تێکڕا باوەڕیان دەهێنا. ئاخۆ تۆ دەتەوێ بەزۆر ئەم مەردمە بڕوا بێنن؟" (سووڕەی ١٠ ئایەی ٩٩)*

هەروەها لەسووڕەی شەشەمدا دەڵێ:

*" ئەگەر تۆ لەلات گران دێ کە بەدەنگتەوە نەهاتوون، سا ئەگەر لەتوانات دایە، ڕەهۆڵێکی لەم زەمینەدا بکۆڵە، یان پەیژەیەك کەپێی هەڵچی بۆ ئاسمان و بەڵگەیەکی پێەو بۆ ئەمانە بێنە [بڕوات پێ بکەن]. ئەگەر خوا خۆی مەیلی لێ با، هەموویانی شارەزای ڕاستەڕێ دەکرد. ئیتر ناشێ تۆ لەڕێزی نەزانان بی." (سووڕەی٦ ئایەی ٣٥)*

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنج بداتە ئەو دوو سووڕانە، ڕوون دەبێتەوە کە خوا ئەو هێزەی هەیە مرۆڤ بەرەو ڕێگای ڕاست هیدایەت بکا، دیارە ئەگەر خۆی پێی خۆش بێت. کەوابوو ئەو کارە ناکەوێتە سەر مەسەلەی نەتوانین، هەرەسهێنان، بەزین و دۆڕانی محەمەد یاخود کەمبوونی هێزی باوەڕپێکراویی بەکارەکەی. تەنیا، بۆچی خودا ژیانی پێغەمبەرەکەی بەو کارە، ئاوا دژوار و ناخۆش دەکا؟ پرسیارێکی بەجێیە.

وێدەچێ هەردووك سوورەكان زیاتر خەیاڵێك یاخود لەگەڵ خۆ قسەكردنێك بن كە محەمەد دڵخۆشی خۆی دەداتەوە و هەرەس هێنانی كارەكەی دەخاتەسەر بڕیار و شانی خوداكەی.

لەو سێ سوورەیەی خوارەوەشدا پرەنسیپێكی هاوچەشن دەبینرێت:

*" سا تۆ ئامۆژگاری بكە، ئەتۆ هەر تەنیا پەندێری. تۆ لەسەریان نەبوویە خاوەن دەستەڵات." (سوورەی٨٨ ئایەی ٢١ تا ٢٢)*

*" ئەركی سەرشانی تۆ نیە ئەمانە بخەیەسەر ڕێ؛ بەڵام هەركات خودا بۆخۆی مەیلی لێ بێ، شارەزای ڕاستەڕێیان دەكا. هەرچی بەخێر دەیبەخشنەوە بۆ خۆتانە و دیارە ئێوە هەر بۆ ڕەزامەندی خودا خێرێ دەكەن. هەر شتێ بەخێری دەدەن تەواوی پێو دەدرێتەوە و هیچ ناهەقیو لێ ناكرێ." (سوورەی٢ ئایەی ٢٧٢)*

*"تۆ ناتوانی كەسێ بۆخۆت خۆشت بوێ شارەزای كەی؛ بەڵام خودا كێ بخوازێ ڕێگەی ڕاستی نیشان دەدا. هەر خۆشی چاتر دەزانێ كێ هێژای ئەم ڕێبازەیە." (سوورەی٢٨ ئایەی ٥٦)*

بارودۆخێكی زۆر دژوارە. لەمەككە، خەڵكانی بێ دینی زۆر لێیە. خودا دەیەوێ باوەڕی پێ بێنن و خزمەتكاری بن. بۆ ئەو كارە، پێغەمبەرەكەی دەنێرێ، بەڵام ئەو بێدینانە نایانەوێ باوەڕی پێ بێنن. بۆچی؟ چونكەخودا خۆی پێی خۆش نییە ئەوان باوەڕ بێنن! ڕێگا و شێوازی ڕوونكردنەوی ئیلاهی وێدەچێ زۆر ئاڵۆز و گێژكەرەوە بێ....

ئەوەی بەڕواڵەت جێی سەرنجە ئەوەیە كە ئەو چەشن سوورانەی وا بانگاشە بۆ ئایینی ئیسلام دەكەن، كێشەیەكیتریان لێ دروست دەبێ. سوورەی ٨٨ وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێكرد، *"سا تۆ ئامۆژگاری بكە، ئەتۆ هەر تەنیا پەندێری، تۆ لەسەریان نەبوویە خاوەن دەستەڵات"*، بەپێی ڕوونكردنەوەكەی ئەلتەبەری (٨٣٩ لە شاری ئامول هاتوتە دنیا و ٩٢٣ لەبەغدا فەوتی كردووە) وەك سنووردانانێكی كاتی دەبێ سەیر بكرێ. ئەو سوورەی ٩ بەنموونە دێنێتەوە:

*"ئەی پێغەمبەر! دەگەڵ خودا نەناسان و ئەوانەی دوڕوویی دەکەن، بەشەڕوەرە و بەتوند و تیژی ڕەفتاریان دەگەڵ بکە. ئەنوای ئەوان جەهەندەمە و دوارۆژی دژواریان هەیە."* [٩]

لێرەدا ئیتر قسە لەسەر ئامۆژگاریدەرێکی بێ هێز نییە، بەڵکوو لەسەر کەسێکە کە بەربەرەکانی لەهەنبەر بێدین و دوڕوو دا دەکا و هیچ ڕێگایەك بۆ ماملەکردن ناهێڵێتەوە. ئەگەر مرۆڤ ئەو دوو سووڕەیە لەگەڵ یەکتر هەڵسەنگێنێ، جیاوازیی نێوان محەمەدی سەردەمی پێشوو کە لایەنگری گەلێک کەم بوو لەگەڵ محەمەدی سەردەمی دواتر وەك سەرکردەی نیزامی، بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بەهێزی لەشکر و شمشیر وەدەست دێنا.

بەپێی بۆچوونی تەبەری ئەو سووڕەیەی خوارەوەش هەر لەو چەشنەیە:

*" بەکارزانی و ئامۆژگاری پەسند، مەردم بەرەو ڕێگەی پەروەرندەت گاز بکە و بەچاکترین شێوە لەگەڵیانا بدوێ. پەروەرندەت لەو کەسانەی لەڕێگای ئەو لایان داوە- لە گش کەس - ئاگادارترەو هەر خۆیشی باشتر دەزانێ کێیە لەسەر ڕاستەڕێ یە." (سووڕەی١٦ ئایەی ١٢٥)*

بەبۆچوونی ئەلتەبەری ئەو سووڕەیەش کەدەبێ دواتر جێی متمانەی خۆی لەدەست دابێ و پووچەڵ بووبێتەوە، هەر دەگەڕێتەوەبۆ سەردەمی مەککە، و هەوڵ دەدرێ بەپارێزەوە و بەو ئاواتەوە کە لەڕێی ژیرییەوە، خەڵکی بانگێشتن بکا، سەرنجیان ڕابکێشێ. ئایەی ٥ی [ئایەی - شمشیر] سووڕەی ٩ دواتر ئەو سووڕەیەی پووچەڵ کردۆتەوە. تەنیا بۆ موسوڵمانی تاوانکار ئەو سووڕەیە ئیعتباری خۆی هەر ماوەتەوە. ئەو سووڕەیە دەبێ لەبارودۆخێکی ئاشتیانەدا هەڕەشە لەمرۆڤ بکا کە خۆیان لەتاوان بکشێننەوە و ئایینی ئیسلام بەدروستی بەڕێوەبەرن. [١٠]

بە پێی کات هەرکام لە(ئایەی - شمشیر) هەر وەك دەیبینین هەنگاو زیاتر هەڵدێننەوە:

---

[٩] al-Tabari: tafsīr, Sure ٩:٧٣

[١٠] al-Tabari: tafsīr, Sure ١٦:١٢٥

*" هەر کەمانگەحەرامەکان بڕانەوە، ئەو بت پەرستانەو لەکوێ وەدەس کەوێ، لەگرتن و بەندکردن و کوشتنیان دەس مەپارێزن و بۆسەیان بۆ بنێنەوە. ئەگەر پەشیمان بوونەوەو بوونەنوێژکەر و زەکات دەر، ئەوسا دەستیان لێ هەڵگرن. خودا لەگونا خۆش دەبێ و دڵۆڤانە." (سوورەی٩ ئایەی ٥)*

قاوی شەڕ دژ بەهەموو بێدینەکان دەدرێ و باوەڕپێکراوان هان دەدرێن چالاکانە هەڵس و کەوت بکەن. بێدینەکان دەبێ بکووژرێن، تەنیا لەو کەسانە ببووردرێ کە بۆ ئایینی ئیسلام هەڵگەڕێنەوە و لێرە بەولاوە نوێژ و ڕۆژوو بەجێ بێنن و زەکات بەمحەمەد بدەن. تەنیا ئەو کاتە، ئەو بەختەوەرییەیان پێ دەدرێ کە هەست بە ڕەحمەتی خودا بکەن و درێژە بە ژیان بدەن.

جارێکیتر، لێکی دەدەینەوە، ئەو کارەچلۆن بوو؟ مرۆڤ ئیزنی نییەگوشار بۆ کەسێك بێنێ کەناچار بکرێ باوەڕ بێنێ؟ قەناعەتی دەروونی مرۆڤ دەبێ چەندە مەزن بێ کاتێ کەسێك بەهەڕەشە و شمشیر لەدەستیدا لەسەرت ڕاوەستابێ و ناچار بەگەڕانەوە بۆ ئایینێکت بکا؟

دەبێ چەندە جێی سوکنایی بێ کاتێ سوورەیەك هەبێ کە لەویدا خودا محەمەد ئامۆژگاری دەکات لەهەنبەر بێدینەکاندا نەرمی نیشان بدا و لێیان ببوورێ:

*" چاو بپۆشە و فەرمان بەکاری چاك بدەو لەو نەزانانە وازبێنە." (سوورەی٧ ئایەی١٩٩)*

ئەلتەبەری لە ڕوونکردنەوەیەکی قوڕئاندا ئاماژە دەکا کەخودا ئەمری بەپێغەمبەرەکەی کردووە دەساڵێ ڕەبەق لەهەنبەر بێدینەکاندا سەبوور بێ، واتەسەردەمی مەککە. ئایەی ٥ی سوورەی ٩(ئایەی - شمشیر) دواتر ئەو بۆچوونە کاتییەی پووچەڵ کردۆتەوە. [١١]

[١١] al-Tabari: tafsīr, Sure ٧:١٩٩

ئایەیەکیتر لەسوورەی ٨ ئەو بۆچوونە پشت ئەستوورتر دەکا:

*"وەلیان شەڕکەن هەتا ئاژاوە نامێنێ و دین گشتی دینی خودا دەبێ. سا ئەگەر تەمێ گرتوو بوون ئەوسا هەر کارێکی بیکەن خوا دەیبینێ."   (سوورەی٨  ئایەی ٣٩)*

ئەو شەڕە دەبێ هێندە درێژەی هەبێ تا ئەو کاتەی "فیتنە" لەسەر زەوی نەمێنێ و هەموو مرۆڤێك باوەڕ بەخودا پەیدا بکات. تەنیا ئەو کاتەی ئایینی خودا سەرکەوتوویی کامیلی وەدەستهێنابێ، ئاشتی دەگەڕێتەوە و شەڕەکە کۆتایی پێ دێت.

## هیچ زۆرداریيەك لە باوەڕەكەدا نییە، یا: مەزنترین "خراپ تێگەیشتن"

سوورەی ١٠٩ وەك بەڵگەیەك بۆ بەڕێوەبردنی پرەنسیپی ئازادیی باوەڕی محەمەدی، بەردەوام لە لایەن ئیسلامییەکانەوە دووپات دەکرێتەوە. لەو سوورەیەدا محەمەد خەڵکانی مەککە بۆ پێکەوەژیان هان دەدا و دەڵێ: "دینی خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی خۆم بۆخۆمە."

*"بێژە: ئەی خوانەناسەکان! ئەوی ئێوە دەیپەرستن، ناپپەرستم. ئێوەش ئەوی دەیپەرستم، ناپپەرستن. ئەوەش پەرستوتانە من ناپپەرستم. ئێوەش ئەوی دەیپەرستم، ناپپەرستن. دینی خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی خۆم بۆ خۆمە." (سوورەی١٠٩ ئایەی ١ -٦)*

ئەو سوورەیە لە یەکەم سەیرکردندا زۆر لۆژیکی و دادپەروەرانە دەنوێنێ. بەڵام **یەکەم:** مانای "دینی خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی خۆم بۆ خۆمە" بەو شێوەیە نییە کە محەمەد ئیزنی ئایینێکی تر لە پەنا ئایینی ئیسلامی بە مرۆڤ دابێ. ئەو دێرە زیاتر وەك جیا کردنەوە و کشانەوە لە ئایینەکانی تر دەنوێنێ. "دینی [هەڵە] خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی [ڕاستەقینە]ی خۆم بۆ خۆمە" ئەگەر لێرەدا مەبەستی محەمەد ئازادی ئایین بایە، نەدەبوو لە سەرەتای سوورەکەدا ئەوانیتر بە بێ دین ناو بهێنێت. **دووهەم:** ئەو سوورەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی مەککە کە محەمەد تەنیا ئامۆژگاریدەرێکی بێکار بوو.

لە ڕاستیدا با بزانین کاتێ محەمەد شاری مەککەی گرتەوە، چ کارێکی گرنگی بەڕێوە برد؟ بە ئاشکرایی و بە هێزی شمشیر ئایینەکەی پەرە پێدا. ئەو دیارە ئایینی خۆی ڕاگرت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەک هەر پێشنیاری بە مرۆڤی ئایینیەکانیتر نەکرد کە دەتوانن ئایینەکەی خۆیان ڕاگرن، بەڵکوو هەموو بوت و وێنەی خوداکانی ناو و

دەرەوەی کەعبە کە ساڵیانی درێژ بوو وەك ناوەندێکی گرنگی ئایینی بۆ هەموو خەڵکەکانی ناوچەی لێهاتبوو، شکاند و تووناى کردن.

سەرکردەی هۆزەکانی شاری مەککە کە پێشتر سووکایەتییان پێکردبوو و ئازاریان پێ گەیاندبوو، بەخشی، چونکە بۆ بەهێزکردنی خۆی لە شارەکە پێویستی بەوان هەبوو. بەڵام ئەو تەنیا بەو مەرجە دەیبەخشین کە بێنە سەر ئایینی ئیسلام. ئەو کەسانەی ئایینەکەیان لێ قەبووڵ نەکرد، فەرمانی کوشتنی دان. کاتێ لایەنگرەکانی هەواڵیان بۆ هێنا کە چەند کەسێك لە ترسی گیانیان پەنایان بۆ کەعبە بردووە و لەوی خۆیان حەشار داوە، ئەمری کرد: بیانکووژن ئەگەر تەنانەت خۆیان بە عەبای کەعبەشەوە هەڵواسیبێ![12]

لە ناو کووژراوەکاندا شاعیرێك بە ناوی عەبدوڵڵا ابن قەتاڵ "Abdullah ibn Khatal" و کەنیزەکەی تێدا بوون. ابن قەتاڵ پێشتر لە شیعرەکانیدا گاڵتەی بە محەمەد کردبوو و کەنیزەکەشی شیعرەکانی خوێندبوونەوە. ئەوەش لەسەر تولەرانس بوون و سەبووری محەمەد!

ئەگەر سەیری پرەنسیپی جێگری و گۆڕانەوەی سوورەکانی مەدینە لەگەڵ مەککەدا بکەین، واتە پووچەڵکردنەوەی سوورەکانی سەردەمی مەککە بەهۆی سوورەی مەدینەوە، دەبێ لە سوورەکانی دواتر بەدوای تولەرانس لەهەنبەر مرۆڤی ئایینەکانیتردا بگەڕێین. لەیەك لە سوورەکانی مەدینەدا دەڵێ:

*"لەم دینەدا بەزۆر داسەپاندن نییە. شارەزایی لە گومڕایی هاوێر کرا. هەرکێ لە تاغووت نەبانە و بڕوای بە خودا بهێنێ، هەنگڵێکی هێندە توندی بە دەستەوە، هەرگیز پسانی بۆی نییە. خوداش بیسەر و زانایە." (سوورەی٢ ئایەی ٢٥٦)*

ئیسلامناسانی پێشوو ئەو سوورانە وەك ئیزنێکی گشتی بۆ ئازادی ئایین ناخوێننەوە و پێیان وا نیە کە مرۆڤ توانیبێتی ئایینی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ.

---

[12] sunan al-nisaai'i, Hadith Nr. ٤٠٦٧

بۆ وێنە ئەلتەبەری لێرەدا ئاماژە دەکا کە ئەو سوورەیە بە بارودۆخێکی تایبەتەوە بەستراوەتەوە: ژنێك پێش کۆچی محەمەد و هەڤاڵانی بۆ مەدینە مناڵە ساواکانی یەك بەدوای یەکدا لە بار دەچوون. ئەو ژنە لە مەدینە پەیمانی بەخۆی داوە کە ئەگەر مناڵەکانی داهاتووی زیندوو بمێنن، بە پێی ڕێ و ڕەسمی ئایینی یەهوودی گەورەیان بکا. کاتێ محەمەد کۆچی بۆ مەدینە کرد، ئەو ژنە بەڕاستی دوو منداڵی یەهوودی هەبوو. کاتێ دواتر ژنەکە بوو بە موسوڵمانیش هیچ گۆڕانێك پێك نەهات. ژنەکە کەوتە بارودۆخێکی دژوارەوە کاتێ محەمەد دەستی بە ڕاوەنانی یەکەم هۆزەکانی یەهوودی لە شارەکەدا کرد. دایکەکە پێیخۆش بوو کە مناڵەکانی ببنە موسوڵمان بۆ ئەوەی ئیزنی مانەوەیان لە شاری مەدینە هەبێت. محەمەد پێشنیاری ئەو ژنەی ڕەد کردەوە، گیانیانی پێ بەخشین و لە شارەکەی دەرکردن. مناڵەکان باوەڕیان بە ئایینی یەهوودی هەیە و نابێ ناچار بە ئایینێکی تر بکرێن.[١٣]

ڕاست لەو پەیوەندییەدا ئەو سوورەیە نووسراوە. ئەلتەبەری لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە ئەو سوورەیە بەهۆی سوورەیەکیترەوە پووچەڵ کراوەتەوە:

*"وەل ئەوانە دا بجەنگن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە ناڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ بەنگو دەدەن." (سوورەی٩ ئایەی ٢٩)*

هەموو ئیسلامناسان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە فورموولە کردنی "ئەهلی کتێب" مەبەست تەنیا ئایینی یەهوودی و مەسیحین. ئەوان دەبێ ڕاوەبنرێن نەك لەبەر ئەوەی چالاکانە دژ بە ئایینی ئیسلام ڕاوەستابێتن، بەڵکوو بەو هۆیەی ئەو دوو مەکتەبە ئایینییە لە ڕوانگەی محەمەدەوە وەك کافر لە ئەژمار دەهاتن. ئەو شەڕ و ناکۆکییە تەنیا ئەو کاتە کۆتایی پێ دەهات کە سەرکوت کرابان و 'جەزیە' یانیماڵیاتی سەرانەیان بە محەمەد دابێت.

[١٣] al-Tabari: tafsīr, Sure ٢:٢٥٦

ئیتر لێرەدا کوا ئازادی باوەڕ؟ یاخود کاتێ محەمەد مرد، چی لەو ئازادی باوەڕە بە جێ ما؟ ئایا ئیتر لە مەدینە تاقە یەهوودییەك ژیانی دەکرد؟ نا. ئەوان زۆر لە مێژ بوو ڕاونرابوون یا سەریان بڕابوو. تەنانەت ئەگەر ئیماندارانی دوو ئایینی یەهوودی و مەسیحی دوای مردنی محەمەد لە لایەن حاکمانی ئیسلامییەوە، لە ناوچە داگیرکراوەکانی وەك میسر، سوریا، فەلەستین و عێراق لەژێر حوکمی ئیسلامدا بە بێ کێشەیەکی گەورە لە ئاشتیدا ئیزنی ژیانیان پێ درابێت، چلۆن دەتوانین لەسەر ئازادی باوەڕ بدوێین کاتێ بە پێی قورئان ژیانێکی سووکانەیان بۆ دیاری کراوە؟

سووڕەیەکیتر لە قوڕئاندا نیشانی دەدا کە ئازادی باوەڕ هیچکات بە جیددی وەرنەگیراوە. خودا لە قوڕئاندا لەسەر خۆی و محەمەد دەدوێ:

*"ئەو خودایە پێغەمبەری خۆی بەڕێ کرد، بۆ ڕێبەری و ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، تا سەری خا بەسەر هەموو دینەکاندا؛ جا با بت پەرستەکانیش خۆشیان نەیە." (سووڕەی٦١ ئایەی ٩)*

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، کە ئیسلام بۆ ئەوە نەهاتووە لە پەنا ئایینەکانیتر جێ بۆ خۆی بکاتەوە و لەگەڵیان لە ئاشتیدا بژی، بەڵکوو بۆ ئەوە هاتووە کە بەسەر هەموو ئایینەکانیتردا زاڵ بێ و زەفەریان بەسەردا بەرێ و ئەوانیتر پووچەڵ کاتەوە. ئەو کارەی محەمەد بەسەر یەهوودی، مەسیحی و بێ دینی وڵاتە عەرەبییەکانیدا هێنا و هەروەها هەڵس و کەوتی جێگرەکانی لە داهاتوودا، ئەو بۆچوونە پشت ئەستوورتر دەکەن.

کاتێ مرۆڤ سووڕەیەك بخوێنێتەوە بە بێ ئەوەی ئاگاداری بەستێنەکەی بێ، دەتوانێ وای لێ تێ بگا کە ئەو ئایینانەی بەربەرەکانی لە هەنبەر ئایینی ئیسلامدا ناکەن، لە ئەمان دان و دەتوانن بێ کێشەی ئایینی بژین:

*"خودا بەرتان لێ ناگرێ کە ئێوە دەگەڵ ئەوانەی بەگژ ئێوەدا نەچوون و لە زێدەوە دەریان نەناون، چاکەیان دەربارە بکەن و بە یەکسانی ڕەفتاریان دەگەڵدا بکەن. خوا مرۆی خاوەن ئینسافی خۆش گەرەکە. تەنیا هەر ڕێگاتان نادا دەگەڵ ئەوانە ببنە دۆست کە لەسەر دین، شەڕیان دەگەڵتانا کرد و ئێوەیان لە زێدی خۆتان ئاوارە کرد. لەسەر*

*دەرکردنی ئێوەش، بوونە پشتیوانی یەکتر. هەرکەسیش ببێتە دۆستیان، دیارە غەدری لە خۆ دەکا." (سوورەی٦٠ ئایەی ٨ -٩)*

گەلێك لە داکۆکیکارانی ئیسلامی ئەو سوورەیە بە تامەزرۆییەوە دەخوێننەوە کاتێ بیانەوێ بیسەلمێنن کە ئایینی ئیسلام هەموو بێ دینەکان بە چاوێك سەیر ناکا، بەڵکوو تەنیا دوژمنایەتی لەگەڵ ئەو کەسانە دەکا کە دژ بە محەمەد شەڕ دەکەن و پێشتر ئەو و لایەنگرەکانیان لە شاری مەککە وەدەر ناوە. هەموو ئەوانیتر بە دادپەروەری و چاکە لەگەڵیاندا هەڵس و کەوت دەکرێ.

با چاوێك بەسەر بۆچوونی ڕاڤەکارانی قورئاندا بگێڕین:

پسپۆر و لێکدەرەوەی قورئان، القرطبی (al-Qurtubi)، تەنیا کەسێکە کە لەسەر ئەو باوەڕەیە، ئەو سوورەیە ئایینی هەموو ئەو مرۆڤانەی سەر زەوی دەگرێتەوە کە دژ بە ئیسلام چالاکییان نەکردبێت و هەر بۆیە دەبێ بە دادپەروەری و کاری چاکە لەگەڵیاندا هەڵس و کەوت بکرێ. بەڵام ئەلقورتبی لێرەدا هیچ نیشانەیەك بۆ دۆستایەتیکردن لەگەڵ مرۆڤی غەیری موسوڵمان نابینێ. ئەو هەروەها دەڵێ ئەو بارودۆخە تەنیا ژنان و منداڵانیان دەگرێتەوە، چونکە ئەوان توانایی بەربەرەکانی دژ بە ئیسلامیان نەبوە.[١٤]

ئەلتەبەری دەنووسێ، ئەو سوورەیە کۆنتێکستێکی تایبەتی هەیە:

ئایشەی ژنی محەمەد زڕخوشکێکی بووە بە ناوی ئەسما "Asmaa". ئەسما باوەڕی بە محەمەد بووە بەڵام دایکی باوەڕی پێی نەبووە. ڕۆژێکیان دایکەکە بە میوانی چووە بۆ لای کچکەی و خەڵاتی بۆ بردووە، بەڵام ئەسما دایکی دەر کردووە و گوتوویەتی تۆ بێ دینی. سەرئەنجام دایکەکە زۆر ناڕەحەت بووە و بۆ چارەکردنی ئەو ناخۆشییە نێوانیان پەنای بۆ محەمەد بردووە. بەوهۆیە ئەو سوورەیە بۆ محەمەد نازڵ بووە و ئیزن بە ئەسما دراوە کە پەیوەندیی لەگەڵ دایکی درێژە پێ بدا. لە کۆتایی نووسراوەکەیدا ئەلتەبەری وەبیر دێنێتەوە کە ئەو سوورەیە لە ڕوانگەی کاتییەوە سنووردار بووە و بە

---

[١٤] Ibn Kathīr: tafsīr, Sure ٦٠:٨-٩

هاتنی سووڕەیەکیتر پووچەڵ کراوەتەوە. سووڕە نوێیەکە ئیزن بە باوەڕپێکراوان دەدا کە دژ بە هەموو ئایینەکانیتر بوەستن و بەربەرەکانییان بکەن.

ئەلتەبەری کۆنتێکستیکی تریش لەسەر ئەو سووڕەیە ناو دەبا: ئەو پەیامە دەبێ رووی لەو موسوڵمانانە بێ کە کاتی خۆی لەگەڵ کۆچی محەمەد بۆ مەدینە هاوڕێییان نەکردووە. لە سەرەتاوە محەمەد لەسەر ئەو هەڵس و کەوتەیان زۆر تووڕەبووە و ئیزنی بە یارانی نەداوە لەگەڵ ئەو کەسانە پەیوەندی بگرن:

*"ئەوانەی خاوەن باوەڕن و زێدی خۆیان جێ هێشتووە و لە ڕای خودا بە گیان و ماڵ خەزایان کرد، ئەو کەسانەس کە ئەمانیان حاواندەوە و ئاریکار بوون، بوونە کەس و کاری یەکتر. ئەو گرۆی باوەڕدارانەش کە هەر لە وشوێنەکەی خۆیان ماونەتەوە و نەهاتنە دەر، هەتا ئەوانیش دەرنەچن، نابێ دۆستایەتیان بکەن. بەڵام گەر ئەوان دەربارەی دینەکەیان یاریدەر لەنگۆ بخوازن، لەسەرتانە کە ئێوە کۆمەگیان بکەن؛ مەگین لە دژی ئەوانەی دەگەڵ ئێوە هاوپەیمانن. هەرچی بیکەن خوا دەیبینێ." (سووڕەی٨ ئایەی ٧٢)*

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە بە ئاشکرایی محەمەد باوەڕپێکردن لە پلەی یەکەمدا دانانێ بەڵکوو هاوڕێیی لا گرنگترە. هەر کەس ئەو هاوڕێییەی ڕەد کردۆتەوە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی باوەڕەکەی، ئوتوماتیك بۆتە دوژمنی. بڕوامەندان بە فرە خودایی، یان جوولەکە و تەنانەت ئەو موسوڵمانانەش کە بۆ چوونی مەدینە هاوڕێی نەبوون، هەستیان بە تووڕەیی محەمەد کردوە و دەبوو دواتر تاوانی لەپێناو بدەن.

پرەنسیپی "هەر کەس لەگەڵ ئێمە نەبێ، دژ بە ئێمەیە" تا ئەمڕۆش وەك کۆڵەکەیەکی قایمی ڕاهێنانی ئیسلامی کلاسیکی ماوەتەوە. بەهۆی ئەو هەڵس و کەوتەوە دواتر پرەنسیپێکی تر بە ناوی "بەڕەڵڵاکردن و وەفاداری" (الولاء والبرائة alwalaa' wal-baraa')پێکهات کە مامۆستای سەدەی ناوەڕاستی ئیسلامی ئیبنی تەیمە (ابن تمیمه " Ibn Taiymīya") (لەدایکبووی ساڵی ١٢٦٣ لە حران و مردن لە ساڵی ١٣٢٨ لە دیمەشق) بونیاتی نا و تا ئەمڕۆش نەک هەر لە لایەن وەهابی و سەلەفیەکانەوە بە ڕاست دادەنرێ، بەڵکوو لە لایەن زۆربەی موسوڵمانانی ئاشتیخوازیشەوە دەسەلمێندرێ. ولاء "walaa" بە مانای دۆستایەتی و وەفاداری هاتووە و دەبێ ببێتە هۆی ڕازانەوەی

موسوڵمانێکی ڕاستەقینە. برائە "baraa" بە مانای بەڕەڵڵاکردنە و یەکەم وشەی سووڕەی ٩ یە کە لەوێدا خودا ئەمر بە باوەڕپێکراوان دەکا خۆیان لە بێ دینەکان جیا بکەنەوە و ...

لە قورئاندا سووڕەی تر هەن کە پرەنسیپی وەفاداربوون و بەڕەڵڵابوون دەسەلمێنن بۆ ئەوی ئیدەی پێکەوە ژیانی ئایینی هەمەڕەنگ لە گەرووودا بخنکێنن:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەم موسایی و مەسیحیانە؛ با ئەوان دۆستی یەکتر بن. هەر کەسێکیش لە ئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش لەوان دەژمێردرێ. ئەوانەی لەسەر ناهەقین، خودا ڕێیان نیشان نادا. ئەو کەسانەی نەخۆشی لە دڵیاندایە، دەبینی کە بەلەزن بۆ چوونە لایان؛ دەڵێن: ئێمە دەترسین تووشی بەڵا بین [بۆیە دۆستایەتیان دەکەین]. هیچ دوور نییە خودا ڕۆژێ سەرتان بخا، یا خۆ کارێکی تر بکا. ئەوسا ئەوان لەو ڕازەی دە دڵیاندایە، تووشی پەشیمانی دەبن. کەسانی خاوەن باوەڕیش ئەوسا ئێژن: ئاخۆ هەر ئەمانە نەبوون بە سوێنددان ڕەش دەبوونەوە کە هەتا سەر دەگەڵتانن؟ ئەو کارە ئەوان کردیان بە فیڕۆ چوو؛ دوایییەکەشی تووشی خوسار و زیان بوون." (سووڕەی٥ ئایەی ٥١ ـ٥٣)*

## شەڕ و ئاشتی لە قورئاندا

هیچ شتێك نییە لە خوێندنەوەی سوورە شەڕخواز و ئاشتیخوازەکانی ناو قورئان زیاتر سەر لە خوێنەر بشێوێنێت. ئەو سەرلێ شێواوییە لە چەندین ڕوانگەوە کێشە پێکدێنێ. لە سەرووی هەموویانەوە کێشەی تێگەیشتن و لێ حاڵیبوونە. مەبەستی تەواو لە "ئاشتیخوازی" چییە؟ جیاوازیی مانای وشەی عەرەبی سیلم/سەلام (silm/salam) کە ئەمڕۆ کەڵکی لێ وەردەگیرێت لەگەڵ وشەی سیلم/سەلام (silm/salam) ی سەردەمی سەدەی حەوتەمی ناو قورئان چییە؟ هەروەها ئایا ئەو وشانە لەگەڵ وشەکانی ئاشتی (peace/paix/Frieden) هاومانان؟ جیاوازی نێوان قیتال/ حەرب (qital/harb) و جیهاد چییە؟ لە قورئاندا مەبەست لە ماڵی ئاشتی چییە؟

دووهەم کێشە، کێشەی کرۆنۆلۆگییە. کام سوورە لە سەرەتاوە گوتراوە؟ کام سوورە جێی متمانەیە و کامیان پووچەڵ کراونەتەوە؟ لە پەیوەندی لەگەڵ کام کۆنتێکستدا پێکهاتوون؟

بە هۆی چەمکی "salam" ەوە لە سەردەمی محەمەددا بارودۆخێکی بەردەوامی ئاشتی پێك نەهاتووە بەڵکوو تەنیا تەرك کردن و وازهێنانێکی کاتیی بووە لە شەڕ. وەك فەرماندەیەکی بە کردەوە محەمەد هەمیشە بۆ کاتێکی دیاریکراو هەوڵی وەستانی شەڕی داوە تەنیا بۆ ئەوەی سەربازەکانی باشتر ئورگانیزە بکا، تەنانەت ئەوانەش لە قورئاندا بە بەڵگە تۆمار کراون. چەمکی ئاشتی، بەو شێوەیەی ئێمە ئەمڕۆ لێی تێ دەگەین، لە قورئاندا مەبەست سەردەمێکە کە حکوومەتی ئیسلامی لەسەر کار بووە و مرۆڤی موسوڵمان لەو ناوچە حوکمڕانییەیدا ڕازی بووە.

لە سوورەی شەڕخوازی پڕ کێشەتر کە ڕەنگە بتوانرێ لە بەستێنی کۆنتێکستەکەیدا پووچەڵ بکرێتەوە، بەڵگەی نووسراوەیی لەسەر کوشتنە. لەوێدا کە باسی مان و نەمانە و دەبێ گرنگایەتی پێ بدرێ، لە زۆربەی سوورەکاندا قورئان بە ناشەفافی لەسەریان دەدوێ و باسەکە بۆ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ دەهێڵێتەوە. لێرەشدا قورئان لە دژایەتی و

پێچەوانەییدا لە قەدەغەکردنی کوشتنەوە هەتا ئیزندان بە کۆمەڵکوژی و بڕینی ئەندامی لەشی مرۆڤ وەک دەقێکی متمانە پێکراو دەمێنێتەوە.

## کوشتن تاوانە

دوو سوورە لە قورئاندا هەن کە کوشتن وەك کردەوەیەکی قورس و گران سەیر دەکەن:

*"بێژە: وەرن ئەوشتانەی پەروەرەندەو لێی بە ناڕەوا زانیون، من بۆتانی بخوێنمەوە، کە هیچ شتێك بە شەریکی خوا مەزانن. دەگەڵ دای و بابی خۆشتان چاکە بکەن. لەترسی لەبرسان مردن، فەرخزەندی خۆتان مەکووژن؛ ئێمە بژیو بە ئێوە و بە وانیش دەدەین. بە ئاشکرا و بە نهێنی خۆ تووشی خراپە مەکەن. کەسیش مەکووژن کە خودا کوشتنی حەرام کردووە؛ مەگین لە ڕووی حەقەوە بێ. خوا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردووە؛ شایەتا ئێوە تێ بگەن. مەچنە قەرەی ماڵ و دارایی هەتیوان؛ مەگین بەچەشنێ کە باشتر [بپارێزرێ]؛ تا کاتێ کە خۆی پێدەگا. با پێوانە و تەرازوشتان بەرامبەر بێ و کەم و کووڕی تێدا نەبێ. ئێمە لە توانای بەدەر هیچ ئەرکێ ناخەینە سەر کەس. کاتێ [بۆ ناوبژی یان بۆ شایەتی دان] قسە دەکەن، عەداڵەتتان لەبەر چاو بێ؛ جا با دژی خزمی نزیکی خۆشتان بێ. پەیمانی خواش - بە تەواوی - بەجێ بێنن. خوا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردووە، شایەتا هەر لەبیرتان بێ." (سوورەی٦ ئایەی ١٥١ -١٥٢)*

لەو سوورەیەدا دەنگی قەدەغەکردنی کوشتنی بە ڕوونی پێوە دیارە. بەڵام وێدەچێ ڕەستەی "*مەگین لە ڕووی حەقەوە بێ*" لە بارودۆخێکی تایبەتدا قاو بۆ بە فەرمیکردنی کوشتن بدات.

دووهەم سوورە کە کوشتن بە تاوانێکی مەزن دادەنێ، دەڵێ:

*"هۆی ئەم کارە فەرمانێکمان بۆ سەر بەرەی ئیسڕائیل نارد، کە هەر کەسێ بێ تاوانێکی بکووژێ - کە نە گوناهی کردبێ و نە خراپەی لە زەویندا لێ ڕوو دابێ - وەك ئەمەیە کە گش خەڵکی سەر زەوی لەناو بردبێ و هەر کەسێکیش بێ تاوانێك*

*ڕزگار بکا، وەك ئەمەیە کە هەموو خەڵکی سەر زەوی لە مردن ڕزگار کردووە. پەیغەمبەرانیشمان گەلێ بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایان بردە لایان؛ بەڵام زۆریان - دوای ئەم گشتە - هەڵەڕۆ و سنووربەزێن بوون." (سوورەی٥ ئایەی ٣٢)*

زۆرجار ئەو سوورەیە بە ئانقەست کورت دەکرێتەوە و دەگوترێ: "*هەر کەسێ بێ تاوانێکی بکووژێ وەك ئەمەیە کە گش خەڵکی سەر زەوی لەناو بردبێ و هەر کەسێکیش بێ تاوانێك ڕزگار بکا، وەك ئەمەیە کە هەموو خەڵکی سەر زەوی لە مردن ڕزگار کردووە*". سەرەتای ئایەکە قرت دەکرێ بۆ ئەوەی وێنای بکەن کە قسە لەسەر یاسایەکی ئیسلامییە.

لەڕاستیدا ئەو ئایەیە گێڕاوەیەکی تەلمود "Talmud"ە کە یاسایەکی یەهوودییەکانە سەبارەت بە کوشتن: "تۆ نابێ بکووژی". لە قورئاندا ئەو ئایەتە دوای سوورەیەکی دوور و درێژ هاتووە، کە مێژووی قابیل یا کائین و ئابیل دەگێڕێتەوە. لەبەر ئەوەی کوڕەگەورەکەی ئادەم براکەی خۆی کوشتووە، خودا بە یەهوودییەکانی ڕاگەیاندووە کە کوشتنی ڕۆحێك بە تەنیایی، قورساییەکەی بە قەرا کوشتنی تەواوی مرۆڤایەتیە.

بۆچوون و ڕوانگەی ئیسلامیی لەسەر کوشتن، لە ئایەتێکیتری هەمان سوورەدا ڕوونکراوەتەوە:

*"گۆڕی گیانی ئەو کەسانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەری دەکەن، لە عەرزا دەبنە خراپکار، کوژرانە یان لە داردانە یان بڕینی دەست و قاچە پێچەوانە، یان لە وڵات دوورخرانە؛ کە ئەم سزایە بۆ ئەوان ڕیسوابوونە لە دنیادا و بەشیان لە ڕۆژی سەڵادا جەزرەبەدانی برژانە." (سوورەی٥ ئایەی٣٣)*

ئەو ئایەیەش هەر وەك ئایەی ١٥٢ی سوورەی ٧ ئایەیەکی پڕکێشەیە کە جێگا بۆ لێکۆڵینەوە دەهێڵێتەوە. باس لەسەر مان و نەمان، ژیان و کوشتنە و سەرەڕای ئەوەش قورئان ناشەفاف هەڵس و کەوت دەکا. ئەوە بە چ مانایە؟:"*گۆڕی گیانی ئەو کەسانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەری دەکەن، لە عەرزا دەبنە خراپکار*". ڕاڤەکاران و عالمانی قورئان ڕێگایان بۆ فانتازیاکردن ئاواڵە کراوە. تاقمێك پێیان وایە مەبەست لەو ئایەیە ئەو شەڕکەرانەن کە بە زەبری چەك دژ بە محەمەد بەربەرەکانیان کردووە.

دەستەیەکیش دەڵێن مەبەست چەتە و شەڕکەری شەقامەکانن کە ئاشتی کۆمەڵگایان خستبوە ژێر مەترسییەوە.

ڕاڤەکار ئەلتەبەری لەسەر ئەو کۆنتێکستە باس لەسەر هۆزی چەتەی سەر شەقامەکان بە ناوی عەرینە "A'rina" دەکا کە پێغەمبەریان فریو داوە و گەڕانەوەیان بۆ سەر دینی ئیسلام تەنیا قەڵب و تەزویری بووە. ئەوان ژیانی لغاوپچڕاوی خۆیان درێژە پێداوە، شوانێکیان کوشتووە، وشتریان دزیوە کە پەیوەندی بە کۆمەڵی محەمەدەوە هەبووە. محەمەدیش ئەمری کردووە هێرشیان بکەنە سەر، دەست و قاچیان بپەڕێنن، چاویان بە شوژنی ئاورین کوێر بکەن و دوای ئەو کارانەش لە بەر تیشکی گەرمادا لە تونیانە بیانخنکێنن. ئەو ڕووداوە دەبێ بەڵگە بێ بۆ نازڵبوونی ئەو سووڕەیە.

گێڕاوەیەکی هاوچەشنیش لە کۆکراوەی حەدیسی ئەل بوخاریدا هاتووە.[١٥] عالمانیتری ئیسلامی پێیان وایە هەر کەس لە ئیسلام وەربگەڕێتەوە، سووکایەتی بە پێغەمبەر بکات یاخود لە بانگەشە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئایینی ئیسلام پێش بە موسوڵمانێك بگرێت، وەك دوژمنی خودا و پێغەمبەرەکەی، مافی خۆیەتی ئەو تاوانەی بەسەر بێنن. تەنانەت ئەو موسوڵمانانەی نوێژ و ڕۆژوو بەجێ ناهێنن، بۆ ئیمام ئەحمەد ئبنی حەمبەڵ (لە دایکبووی ساڵی ٧٨٠ لە بەغدا و فەوتی لە ساڵی ٨٥٥ لە ئێبندا"ebenda")، پێکهێنەری یەکەم قوتابخانەی ئیسلامی، تاوانێکی گەورە لە ئەژمار دێ و دەبی سزای کوشتنیان بۆ ببڕرێتەوە. سێ قوتابخانەکانیتر لەو پەیوەندییەدا بڕێك بەخشەندەترن: هەر کەس نوێژ نەکا دەبێ ئولتیماتۆمێکی پێ بدرێ و پەشیمان بێتەوە. ئەگەرکو ئەو کارە هیچ بەهەرەیەکی نەدا و کەسەکە هەمیسان خۆی لە بەجێهێنانی نوێژ کێشایەوە، ئینجا بکووژرێت.[١٦]

[١٥] Sahīh al-Bukhāri: Hadith Nr. ٦٤٢٠

[١٦] Ibn Rajab al-Hanbali: jamii' al.u'luum wal-hikam, ١:١٤٧; Kairo ٢٠٠١

## چاوپۆشیکرن لە شەڕخوازییەوە بۆ شەڕی مان و نەمان

ئەگەر مرۆڤ قورئان بە شێوەی کرۆنۆلۆگی بخوێنێتەوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە لە سەرەتاکانی ئەو نووسراویەدا هیچ هەڵس و کەوتێك لە هەنبەر شەڕخوازی نادۆزرێتەوە. بە پێچەوانە، سوورەکان بانگەوازی چاوپۆشیکردن لە شەڕخوازی دەدەن. لە دووهەم قۆناخی کتێبەکەدا قورئان ئێزن بە مرۆڤ دەدا ئەگەر هێرشی کرایەسەر، بەرگری لە خۆی بکا. لە هەنگاوی سێهەمدا بەسەر شەڕخوازیدا هەڵدەگوترێ و گرنگایەتی بە شەهید بوون دەدرێ و لە کۆتاییشدا قاو بۆ شەڕی مان و نەمان دژ بە هەموو بێ دینان دەدرێت.

پەرتووکی قورئان چلۆن هاتۆتە سەر ئەو بڕیارە؟

هەر وەك دەزانین لە سەرەتاوە محەمەد لە مەککە هیچ لەشکرێکی نەبووە و تەنیا تاقمێك لایەنگری لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە و دیارە دەسەڵات نوێنی هیچ مانایەکی نەدەبوو. زۆربەی سوورەکانی سەردەمی مەککە باوەڕپێکراوانی بۆ سەبووری و لێ بووردن هان داوە. سووکایەتیپێکردن و ئازاردان دەبوو بە لێبووردن، کاری باش و ئاخەفتنی ڕازاوە و جوان وەڵام بدرێتەوە وەك لە سوورەی ٤١ دا دەبینین:

*"کێ لەو کەسە قسەی بەڕێ و جێ ترە، کە بەرەو خوا گازی دەکا و خۆشی ئاکاری پەسەندە و ئێژێ: منیش یەکێ لە موسوڵمانانم؟ چاکە و خراپە هەمبەر نین؛ تۆ هەمیشە وەرامی چاکتر بدەوە، ئەوسا کەسێ کە لەگەڵ تۆدا دوژمنە، دەبێتە دۆستی نزیکت." (سوورەی ٤١ ئایەی ٣٣ ـ٣٤)*

سوورەیەکیتر لە وەحیەکانی سەردەمی مەککە تەنانەت پێغەمبەریش بۆ بەخشینی دوژمنانی هان دەدا:

*"ئاسمانەکان و زەوین و هەرچی لە ناو ئەو دووداناەیە، بۆ ڕاستیمان وەدی هێنان. ڕۆژی قیامەتیش هەر دادێ؛ سا تۆ(محەمەد) گەرەك چاوپۆشی بکە بە پیسەو چاوپۆشیت بێ گازەبدە بێ." (سووڕەی١٥ ئایەی ٨٥)*

ڕاڤەکار ئەلتەبەری لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە هەڵس و کەوتی ئەو بەخشینە تەنیا پەیوەندیی بە بارودۆخێکی کاتیی سەردەمی مەککەوە هەبووە، چونکە خودا دواتر ئیزنی بە پێغەمبەرەکەی داوە لە سەرەتاوە دوژمنانی خۆی زۆر بە توندی سزا بدا و قۆناخێك دواتر تەنانەت ئیزنی کوشتنیانی پێ داوە.[١٧]

بە بۆچوونی ڕاڤەکاران یەکەم سووڕە کە تۆوی شەڕی چەکدارانە بۆ بەڕێوەبردنی جیهاد دژ بە ئایینەکانیتر و بێ دینان دادەچێنێ، ئەوەیە:

*"ئەو کەسانەی شەڕیان بەسەردا سەپاندوون، چونکە ناهەقیان لێکراوە، دەتوانن تۆڵەی خۆوەکەن. خوداش سەریان خا. ئەوانەی هەر لە ناهەقی لە زێدی خۆیان دەرکران، گوناهیان هەر ئەوەندە بوو کە دەیانوت: خودا پەروەرەندەمانە. ئەگەر خودا هێندێکانی بە هێندێکیان ڕاونەنابا، دێر و کلیسا و کەنشت و مزگەوتەکان - کە لەواندا فرە ناوی خودا دەبرێ - وێران دەکران. خودا دەهانای ئەوانە دێ کە یاریدەری خودا دەدەن؛ دیاریشە خوا زۆر بەهێز و دەستەڵاتە." (سووڕەی٢٢ ئایەی ٣٩ -٤٠)*

ئەو سووڕەیە بانگەوازێکی ڕاستەوخۆ بۆ توند و تیژی یان بۆ بەڕێوەبردنی شەڕخوازی نییە، بەڵکوو ئەو مافە بە باوەڕپێکراوان دەدا کە بەرگری لە خۆیان بکەن و زوڵم و زۆرداریی دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە.

با چاوێك بە کۆنتێکستی مێژوویی ئەو سووڕەیەدا بگێڕین. بە تەنیا لەڕووی نووسراوەکانی قورئانەوە مرۆڤ ناتوانێ بزانێ کە ئایا ئەوە محەمەد بووە شەڕی دژ بە خەڵکانی مەککە هەڵگیرساندووە یاخود بە پێچەوانەکەی بووە و بۆتە هۆی بەرگریکردنی ئەو و یارانی. بیۆگرافی پێغەمبەر و حەدیسەکانی وێنەیەکی باش دەخەنە بەر چاوی مرۆڤ: محەمەد هەوڵی بە تاڵان بردنی کاروانە بازرگانییەکانی شاری

---

[١٧] al-Tabari: tafsīr, Sure ١٥:٨٥

مەککەی داوە بۆ ئەوەی ماڵ و دارایی خۆی و یارانی کە بەهۆی دەرکردنیان لە مەککە لە خۆیان بەجێ هێشتبوو و لەدەستیان دابوو، قەرەبوو بکاتەوە. بەو هۆیە، یەکەم شەڕ و پێکدادان بە ناوی شەڕی بەدر پێکهات.

تەنانەت تا ئەمڕۆش موسوڵمانانی جیهان هەموو ساڵێ لە مانگی ڕەمەزاندا یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە کە شەڕەکە بە سەرکەوتوویی محەمەد کۆتایی پێ هاتووە. ئەو قۆناخە وەك کارێکی بەرچاو و زەق شایی و جێژنی بۆ دەگیرێ چونکە ئەو ڕۆژە سەرەتای پێکهێنان و پتەوکردنەوەی کۆمەڵگای محەمەدی لە مەدینە بووە. بەڵام کێشە ئەوەیە کە بەو سەرکەوتووییە نەتەنیا گێچەڵی شەهید کردن دۆزرایەوە، بەڵکوو یەکگرتوویی خەمناکی نێوان باوەڕ و شەڕیش دەستیپێکرد. چونکە مێژووی ئەو شەڕە لە قورئاندا نەك وەك هەڵس و کەوتێکی پارێزگاریی و پێویستییەکی لازم، بەڵکوو وەك بەشێك لە پلانی خودایی سەیر دەکرێ. خودا بەهۆی قورئانەوە بە باوەڕپێکراوان ڕادەگەیێنێ خوی لەو شەڕەدا بەشدار بووە و بە پشتیوانی لە محەمەد و شەڕکەرانی ئەو، بێ دینەکانی کوشتووە.

*"ئەوان ئێوە نەتان کوشتن؛ خوا کوشتنی. کە هاویشتت، هاوێژەرەکە تۆ نەبووی؛ خوا هاویشتی. ئەو دەیویست باوەڕداران بە باشی تاقی کاتەوە. خودا بیسەر و زانایە." (سوورەی٨ ئایەی ١٧)*

سەرەڕای ئەوەش خودا فریشتەکانی وەك سەرباز بۆ پشتیوانیکردن لە باوەڕپێکراوان ناردۆتە مەیدانی شەڕەوە:

*"وا دیتیشوو کە خودا لە شەڕی بەدرا سەری خستن؛ هەرچەند کەم و بێهێزیش بوون. سا هەر لە خودا ترسوبێ؛ بەشکەم شوکری بەجێ بێنن. ئەوسا کە تۆ بە خاوەن باوەڕەکانت ڕاگەیاند: ئەگەر خودا پێنج هەزار لە فریشتەکانی بۆ ئێوە بنێرێتە خوار، بێنە یاریو، بەستان نییە؟" (سوورەی٣ ئایەی ١٢٣ - ١٢٤)*

تەنانەت خودا بە فریشتەکان ڕادەگەیێنێ چلۆن لەو شەڕەدا بێدینەکەن بکووژن:

*"خوا فریشتەی تێگەیاندن کە: خۆشم لەگەڵ ئێوە دام، غیرەت وەبەر خاون باوەڕەکان بێنن، منیش ترس وەبەر خوانەناسان دێنم. سا ئێوە لە ملیان دەن و هەموو ئەنگوستەکانیشیان بپەڕێنن." (سووڕەی٨ ئایەی ١٢)*

بە چاولێکەری لەو سووڕانە، شەڕکەرانی داعش نەک هەر لاسایی پێغەمبەر دەکەنەوە و ئەو وەك سیمبۆلێك بۆ کارەکانی خۆیان لە ئەژمار دێنن، بەڵکوو فریشتەکانیش بە سیمبوڵ دادەنێن کە لە لایەن خوداوە نێردراون.

## كۆیلایەتی، پەرەستن و كولتوری شەهیدبوون

شەڕی محەمەد، كە خودا خۆی تێیدا بەشدار بووە و كوشتنی بێ دینانی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، لە ڕوانگەی سیاسییەوە كە دەبوو دیاردەی شەریك بوون لەو كارەدا گوماناویی سەیر بكرێ، تەنانەت بۆتە خزمەتێك لە ڕێگا و بۆ ویستی خودا. مەزنترین پەرستن و خزمەتكاری، شەهید و شەهیدبوونە و تەنیا ئەو كەسە دەتوانێ سەداسەد متمانەی هەبێ ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو بەهەشتەوە كە گیانی خۆی لە ڕێگای خودادا بەخت بكا. سووڕەكانی قوڕئان لەسەر شەهید ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن:

*"بەو كەسانەی لە ڕاهی خودا دەكووژرێن، مەڵێن: مردوون؛ بەڵكە زیندوون، بەڵام ئێوە پێ نازانن." (سووڕەی٢ ئایەی ١٥٤)*

خودا باوەڕپێكراوان هان دەدا كە بەردەوام و چالاك لەو شەڕانەدا گیانی خۆیان بەخت بكەن:

*"ئەی گەلی خاون باوەڕان! ئێوە وەك ئەوانە مەبن كە خودایان نەدەناسی و سەبارەت بە براكانیان - كە لە سەفەر یان لە شەڕی دوژمنان بوون - دەیانگوت: ئەگەر ئەوانە لامان مابان، نەدەمردن، نەدەكووژران. هەر بۆیە خودا بیكا بە ئاخ و داخی سەر دڵیان. خودایە كە ژینی دەدا و دەشمرێنێ و هەر كارێكی ئێوە دەیكەن، خودا دەیبینێ." (سووڕەی٣ ئایەی ١٥٦ )*

خودا بە دەستی خۆی شەهیدەكان زیندوو دەكاتەوە و كولتووری شەهیدبوونی لێ دروست دەكا. ئەوان نەمردوون بەو مەرجەی لە ڕێگای خودادا گیانیان بەخت بكەن، بەڵكوو ئەوان ڕازین و بە خۆشحاڵییەوە دەژین:

*"ئەو كەسانەی لە ڕێ خودا دا كوژراون، هەرگیز نابێ بە مردوویان حیساب بكەن؛ هەر زیندوون و خودا بژیویان دەداتێ؛ دڵیان خۆشە بەو چاكەیە كە خودا دەربارەی*

*کردوون. شادن بەوەش کە ئەوانەی وا نەگەیشتوونە ئەمان و بەجێ ماون، هیچ ترسێکیان لەسەر نابێ و هیچ خەمێکیان لەبەر نابێ. دڵیان خۆشە بە نیعمەتی خودا و زیادە بەشانەی ئەو. بەوەش کە خوا پاداشی باوەڕدارەکان ون ناکا." (سوورەی٣ ئایەی ١٦٩ -١٧١)*

مرۆڤ نابێ زۆری پێ سەیر بێ کە ئیسلامیستەکانی ئەمڕۆیی لە سەراسەری ئەم دنیایە فەرهەنگی شەهیدبوون پەرەپێدەدەن و بۆ هاندان و بەشداریکردنی گەنجانی موسوڵمان ئایەکانی سەبارەت بە شەهیدبوونیان کردۆتە دروشمی خۆیان. بۆ ڕاوکەرانی مرۆڤی ڕادیکاڵ کارێکی زۆر ساکارە سەرنجی گەنجێکی ناهومێد بەرەو شەڕ ڕاکێشن کاتێ باوەڕی پێ بێنن کە خودا و فریشتەکانی لە بەرەی ئەواندان و لەگەڵیاندا شەڕ بەڕێوەدەبەن. هەروەها ئەو باوەڕەیان تێدا پێك بێنن کە لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بن یا نا، هەر لە بەرەی سەرکەوتووانن. ئەگەر شەڕەکە ببەنەوە، ئەوە مڵك و ماڵ و ژن و کەنیزی جوانی کۆیلەیان پێ دەبڕێ، و ئەگەریش شەڕەکە بدۆڕێنن و شەهید کرێن، ڕاستەوخۆ دەچنە ناو بەهەشتەوە و ژیانێکی هەمیشەیی و پڕ لە خۆشیان دەبێ.

ئەمڕۆ ئەگەر مرۆڤ لەسەر شەقامی شارەکانی غەززە، بەیرووت، بەغدا یا سەنعا پیاسەیەك بکا، لەسەر دیواری ماڵەکان چاوی بە وێنەی شەهیدانی ئیسلامی دەکەوێ کە لەژێریشیاندا بە نووسراوە و شیعر بەسەریاندا هەڵدەگوترێ. تەنانەت لە بزووتنەوەی بەهاری وڵاتانی عەرەبیدا کە لە سەرەتاوە لە لایەن مرۆڤە سیکۆلارەکانەوە بەڕێوە دەچوو، کولتووری شەهید بە یادکردنەوە لە شەهیدکراوانی ناو ڕێپێوانەکانی میسر و تونێس گرنگایەتییەکی زۆریان پێ درا.

با سەیرێکی کۆنتێکستی سەرەتایی پێکهاتنی سوورەکان بکەین: هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پی کرد، محەمەد دەیویست بۆ قەرەبووکردنەوەی ماڵ و دارایی لە دەستچووی هاوڕێکانی، بەشداری لە شەڕدا بکات. مرۆڤ دەبوو باوەڕێکی تێدا پێك بێ کە بە تامەزرۆییەوە بەشداری لەو شەڕەدا بکا. بەڵام خودا ناچار بە ناردنی چەندین

ئایە کرا بۆ ئەوەی سەرنجی باوەڕپێکراوان لەو یەکەم شەڕە دا کە تەنیا بۆ وەرگرتنی مافی خۆیان و بۆ قازانجی خۆیان بووە، بۆلای خۆی ڕابکێشێت:

*"خەزاتان لەسەر نووسراوە، هەرچەند خۆشتان لێی نایە. ڕەنگە لە شتێك حەز نەکەن بەڵام بۆتان وەخێر گەڕێ، ڕەنگیش هەیە ئاوات بۆ شتێ بخوازن کە ئاکامەکەی باش نەبێ؛ خوا دەزانێ و ئێوە سەری لێ دەرناکەن. " (سوورەی٢ ئایەی ٢١٦)*

لەو سوورەیەدا پەرەسەندنێکی سەیر و سەمەرە بەر چاو دەکەوێ: تا ئێستا ئیمانداران تەنیا کاتێ شەڕیان بەڕێوە دەبرد کە گونجانێکی ئاشکرا و روونی شەرعی، بوونی هەبایە (بۆ وێنە ئەگەر هێرشیان کردبانە سەر). ئێستا ئیتر لە ناکاو شەڕ هەڵایسان بەهۆی ئەمرپێکردنەوە دەبوو بەڕێوە بچێ، لەکاتێکدا بە ئاشکرایی ئاواتەخوازی و تامەزرۆیی ئیماندارانەی لە پشت نەبووە. لێرەدا وێدەچێ بڕیاری ئەو شەڕخوازییە نەك لە لایەن باوەڕ پێکراوانەوە بەڵکوو لە لایەن خودا و پێغەمبەرەکەیەوە دەرچووبێت.

لێرەدا خودا خۆی دەبێتە هۆی شك کردن لە تێئۆری بەرگری لە خۆ. بە پێی سووڕە (ژیننامە) و حەدیسەکان، نە محەمەد و نە لایەنگرانی هیچ هێرشیان نەکراوەتە سەر، بەڵکوو محەمەد ویستوویە هێرش بکاتە سەر خەڵکانی مەککە. ئەگەر ئەو کارە چالاکییەکی بەرگری لە خۆ بایە، هیچ پێویستییەکی بە ئەمرکردن و هاندان نەدەبوو. بۆ هەڵگرتنی چەك و بەرگری لە خۆ تەنیا ئیزنێکی محەمەد بەس بوو.

کەوابوو نازڵبوونی ئەو سوورەیەی لە چی بووە؟ بەڵام هەر ئەوە بۆ ئیسلامیستەکان وەك ئەمرێکی ئیلاهی، بەڵگەیەکە بۆ بەڕێوەبردنی جیهاد و وەك ئەرکی هەموو موسوڵمانێك سەیر دەکرێت. لەوەش زیاتر: محەمەد هەموو ئەو کەسانە بە تاوانبار دادەنێ کە تەنانەت باوەڕیشیان بە محەمەد هەبوو، بەڵام لە شەڕەکەیدا بەشدارییان نەکرد. خودا جوێنیان پێ دەدا و هاوکاتیش دەیەوێ سەرنجیان بۆ شەڕەکە ڕابکێشێت:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەمیشە هۆشی خۆو هەبێ و ئامادە بن. دەستە دەستە، یان پێکەوە و بە تێکڕایی، بچنە خەزا. هێندێکی واتان دەناودان کە لە ئانقەست خۆ وەدوا دەدا و ناوگاتێ. ئەگەر ئەوسا ئێوە تووشی چورتمێك بن، ئێژی: خودا منی بە چاکە*

خوێندەوە کە من دەگەڵیاندا نەبووم . ئەگەر ئێوە لە سایەی چاکەی خوداوە دەسکەوتێ باشوو دەسکەوت، وەك کەسێک کە دەپێشدا هەر یەکترو نەناسیبێ و دۆستایەتیتان نەبووبێ، ئێژی: خۆزی منیش ڕەگەڵیان کەوتبام؛ ئەوسا منیش لەو خێر و بێرە گەورەیە بەشدار دەبووم. با ئەوانەی بۆ قیامەتێ دەس لە دنیایە هەڵدەگرن، بچنە خەزا لە ڕای خودادا . ئەوەش کە دەچێتە خەزا لە ڕێی خودا، چ بکووژرێ و چ سەرکەوێ، لەو دنیا پاداشێکی گەورەی دەدەینێ. بۆچی ئێوە ناچنە خەزا لە ڕای خودا و لەبەر هێزلێ گیراوەکان؟ لەبەر پیاوان و ژنان و منداڵانێ کە دەڵێن: ئەی پەروەرینمان! لەم شارە وا خەڵکەکەی ناهەقیکارن، ڕزگارن کە و لە لای خۆتەوە یار و یاوەرێکمان بۆ دیاری بکە! ئەوانەی خاوەن باوەڕن، خەزا لە ڕای خودا دەکەن. ئەوانەش کە خوا نەناسن لە ڕێگەی تاغوت شەڕ دەکەن. دەسا ئێوە بچنە شەڕی ئەوانەی دۆستی شەیتانن، فێڵی شەیتان زەبوون و بێ هێز و پێزە. ئاخۆ ئەوانەت نەدیوە، پێیان گوترا: هەتا لە مەککەن شەڕ مەکەن؛ نوێژ بکەن و زەکات بدەن. کاتێ بیستیان خەزایان لەسەر نووسراوە و زانیان دەبێ بچنە شەڕێ، ئەوەندەیان لەو خەڵکەی کە دەچنە گژیان ترس ڕێ نیشت، کە لە خوداش هەر ئەوەندە ترساون و بگرە پتریش دەترسان؟ دەیانگوت ئەی پەروەرینمان! بۆچی خەزات بۆ نووسیوین، چی دەبوو تا ماوەیەکیتر دوات خستبایین؟ بێژە: ژیانی دنیایە کەم و کورتە و بۆ ئەوانەی کە ترسیان لە خودا هەیە، ژیانی ئەولا زۆر باشترە و بەقەد داوی زراوی ناو دەنکە خورما، کەس ناهەقی لی ناکرێ. لەهەر کوێ بن تەنانەت ئەگەر لە قەڵای زۆر قایمیش [خۆ وەشێرن]، مردن دەتاندۆزێتەوە. هەرگا چاکەیان دێتە ڕێ، ئێژن: ئەمە لە خواوەیە. ئەگەر تووشی ناخۆشیش بوون، ئێژن: ئەمە لە تۆڕابوو. بێژە: خۆشی و ناخۆشی هەر بە دەس خوایە. ئەرێ ئەم مەردمە چیانە؟ وەکوو دە هیچ قسەیەك تێ نەگەن وایە! تووشی هەر چاکەیەك ببی، لە خواوەیە. نالەباریشت بێتە ڕێ، بزانە کە لە خۆت ڕایە. تۆمان کل کرد کە بەسەر ئەو مەردمەوە پێغەمبەر بی. هێندەت بەسە کە خودا ئاگای لێت هەیە. هەر کەسێکی بە فەرمانی پێغەمبەرە، دیارە بە فەرمانی خوایە؛ هەرکەسیش خۆی لێ ببوێرێ، ئێمە بۆیەمان توو نە نارد کە لەسەریان چاوەدێر بێ." (سووڕەی٤ ئایەی ٧١-٨٠)

لێرەشدا تێزەکە پتەو دەکرێتەوە، مرۆڤ ناتوانێ بە موسوڵمانێکی باش نێوبرێت بێ ئەوەی لە ڕێگای خودا دا شەڕ بکات. هەرکەس ژیانی ئەم دنیایە فیدای ژیانی قیامەت بکا و خوێنی لە ڕێی خودادا بڕێژێ و خۆی قوربانی بکات، باوەڕپێکراوی ڕاستەقینەیە. لە کۆتاییەکەیدا ڕوون دەبێتەوە کە بەشداریکردن لە شەڕ ئارەزووی محەمەد بووە. لەخۆوە نییە کە ئایەی کۆتایی هەڕەشە لە باوەڕپێکراوان دەکا: "*هەر کەسێکی بە فەرمانی پێغەمبەرە، دیارە بە فەرمانی خوایە* ..."

## سەردار و شەڕکەری دوورنواڕ

نابێ مرۆڤ لەبیری بچێتەوە کە محەمەد و لایەنگرەکانی لە مەدینە نە کار و پیشەیەکیان هەبوو و نە داهاتێك. دوای ماوەیەك پاشەکەوتیان تەواو بوو و هیچیان بەدەستەوە نەمابوو، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەیان بەدوای سەرچاوەیەکی ئابووریدا دەگەڕان. شاڵاوبردن و تاڵانکردنی کاروانەکانی سەرڕێ و بەڕێوەبردن و هەڵایساندنی شەڕ دەبوو ئەو بۆشاییە پڕ کەنەوە. لە ڕاستیدا یەکەم شەڕی محەمەد داراییەکی زۆری بۆ خۆی و لایەنگرانی بەدیاری بۆ هێنان، چونکە ژمارێکی زۆر خەڵکی مەککە لەو شەڕەدا بەدیل گیران و بۆ ئازادکردنیان پارەیەکی زۆریان لێ وەرگیرا. لای کەم لێرەبەولاوە ئیتر شەڕ وەك "بەرگری لەخۆ" سەیر ناکرێ، بەڵکوو زیاتر وەك "خۆ تێرکردن" دەبینرێ. کەل و پەلی وەدەستهاتوو لە شەڕ، پارەی ئازادی ئەسیرانی شەڕ و پارەی فرۆشتنی کۆیلە، بوونە سەرچاوەی سەرەکی ئابووری بۆ محەمەد و کۆمەڵەکەی.

هەر بەو هۆیەوە محەمەد هاوکات لەگەڵ شەڕی مەککە هەوڵی دەدا کاولی و سووتان لە شوێنەکان پێك نەهێنێت. بوی گرنگ نەبوو چەند مرۆڤ دەکووژرێن، بەڵکوو گرنگ ئەوە بوو چەندە تاڵان و کەل و پەلی وەدەست کەوێ. ڕاست ئەو ستراتێژییە بۆووە هۆی دوڕاندنی شەڕەکانی داهاتووی لە هەنبەر خەڵکانی مەککە. خەڵکانی مەککە ئەوەیان دەزانێ کە محەمەد و شەڕکەرەکانی گرنگایەتی بە ماڵ و دارایی دەدەن، هەر بۆ ئەو کارە لە زۆر جێ بە ئانقەست ماڵەکەیان بۆ بەجێ دەهێشتن و لە کاتی ڕاو و ڕووتدا هێرشیان دەکردنە سەر.

خودا محەمەد و شەڕکەرەکانی دوای دۆڕاندنی ئەو شەڕانە ئامۆژگاری دەکات و بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ئەمجارەیان ٥ هەزار فریشتەی بۆ یارمەتیان نەناردووە:

*"خوا بەڵێنی بە ئێوە دا و بەجێی هێنا: ئەوسا کە بە دەستووری خوا دەتان کوشتن، تا ئەو کاتەی ئەو تاڵانەی کە بە تەمای بوون هاتە بەر چاو، ئیتر کێشەو لەناو خۆتان لێ پەیدا بوو؛ لە فەرمان سەرپێچیتان کرد. ئی وا هەبوو حەزی لە ماڵی دنیا بوو، ئی واش هەبوون خۆشی ئەو دنیایان دەویست. پاشان هەر تا بتان ئەزموێ، لە شەڕیانی گێڕانەوە. وا ئەو هەڵەش لێتان خۆش بوو. خودا خاوەنی چاکەیە لەسەر خاوەن باوەڕان. ئەو کاتەی کە ڕاتان دەکرد و ئاوڕتان وەسەر هیچکەس نەدەداوە، پێغەمبەریش لەدواوە گازی دەکردن؛ جا خوا جەزای خەمی هەر بە خەم دانەوە. نەکا لەبەر ئەوەی وا لە دەستتان چوە و ئەوەی کە وا تووشتان بوە خەفەت بخۆن. خودا لەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە." (سوورەی٣ ئایەی ١٥٢ ـ ١٥٣)*

بۆ ئەو دۆڕاندنانە و پشتیوانی نەکردنی ئاسمانی، ڕوونکردنەوەیەکی زۆر باش هەیە: خودا دەیویست باوەڕپێکراوان تاقی بکاتەوە و بزانێ ئایا ئەوان لە بارودۆخێکی نەگونجاودا هێشتا لەگەڵ پێغەمبەرەکەیان دەمێننەوە؟ لە ڕاستیشدا دوای ئەو دۆڕاندنانە تاقمێك لە موسوڵمانان لێی دوور بوونەوە. خودا دەیویست بەو کارە بە محەمەد نیشان بدا کە دەبێ هەمیشە ئاگاداربێ و جیاوازیی نێوان مرۆڤی خوێڕی و باوەڕپێکراوی ڕاستەقینەی لەبەر چاو بێ.

هەروەها بەهۆی دوورنواڕی خودا و بۆ قەرەبووکردنەوەی هاوکارینەکردنەکەی هۆیەکیتریشی بۆ ئەو دۆڕاندنانە پێ ڕاگەیاندن: سەردارانی مەککە کە ببوونە هۆی تێکشکان و بەزینی محەمەد، لە مەککە بە چاوی پاڵەوانانە و زۆر بەڕێز لە لایەن خەڵکەوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکرا. دوای گرتنەوەی شاری مەککە لە لایەن محەمەد و شەڕکەرەکانییەوە بۆ بەشدار بوون لە حکوومەتی شارەکە هەر ئەو سەردارانە خۆیان خستە ژێر فەرمانی محەمەدەوە و بوونە خزمەتکاری. دوای فەوتی محەمەد تاقمێک لەو سەردارانە بوونە هۆی سەرکەوتوویی لەشکری ئیسلام لە ناوچەکان، تەنانەت تا سوریا، میسر و عیراقیش.

ئەگەر محەمەد ڕۆژێک لە ڕۆژان ئارەزووی کونترۆڵی ناوچە عەرەبییەکانی لەسەردا بووبێ، وادیارە ئاگای لە پلانی ئیلاهی بووە کە درەنگ یا زوو دەبوو خۆی لەگەڵ خەڵکانی مەککە بگونجێنێ و یەکیەتی پێك بێنێ. هەر بەو هۆیەشەوە پرەنسیپی

تووناکردنی وڵاتەکەی پیشە نەکردووە. بەوهۆیەوە تێکنیکی شەڕی دۆزیوەتەوە کە توند و تیژی لەڕادەبەدەر وەك کوشتنی ژن و منداڵ و تەنانەت بڕینی دارستانیشی لە کاتی شەڕدا قەدەغەکردووە.

محەمەد دەبوو پەیتا پەیتا ئەو هەستە لە لایەنگرەکانیدا پێك بێنێ کە هاوکات لەگەڵ خەباتکردنیان شەڕەکە بە شتێکی بەرحەق و ڕەوا مانابکاتەوە. بەردەوام دەیگوت کە نابێ زێدەڕۆیی لە شەڕدا بکەن:

*"ئێوە دەگەڵ ئەوانەدا کە شەڕ بە ئێوە دەفرۆشن، لە ڕاهی خودا بجەنگن. نابێ دەس درێژی بکەن؛ خودا لە دەس درێژیکەران خۆشی نایە. لە هەر شوێنێ دەستوو کەوتن بیانکوژن. لەو شوێنەشیان وەدەر بنێن کە ئێوەیان لێ وەدەر نا. سۆدرەبیش(شەڕهەڵایساندن) زۆر لە کوشتنێ خراترە. لە دەوروبەری "مسجدالحرام"یشا نابێ شەڕیان دەگەڵ بکەن؛ مەگین ئەوان لەوێ شەڕتان پێ بفرۆشن؛ ئەگەر لەوێش شەڕیان بۆ ئێوە هەڵگیرساند، لە کوشتنیان ڕامەوەستن؛ پاداشی خودانەناسان هەر ئەمەیە. ئەگەر دەس بەرداریشتان بوون، خودا لە گوناە دەبووری و دڵۆڤانە. لە کوشتنیان وچان مەدەن تا ئاژاوە لە دنیا بنەبڕ دەبێ و دین هەر دینی خودا دەبێ؛ ئەگەر ئەوان دەس بەردار بوون، دەست درێژی هەر لە دژی ناهەقانە. مانگی شەڕبەس بەرانبەر بە مانگی شەڕبەس؛ شکاندنی هەر ڕێزێکیش تۆڵەی هەیە. سا هەر کەسێ دەس درێژی لە ئێوە کرد، ئێوەش هەر بە ئەندازەی ئەو دەس درێژی بکەنەوە و لە خودا ترستان هەبێ؛ خودا دەگەڵ خواپارێزانە." (سوورەی٢ ئایەی ١٩٠ - ١٩٤)*

ئەو سوورەیە بارودۆخێکی لۆژیکی و وێناکردنێکی هاوسەنگی شەڕخوازی نیشان دەدا. دەرگایەکی نهێنی بۆ گەیشتن بە ئاشتی دەهێڵێتەوە بەو مەرجەی دژبەران مل بدەن. سەیر ئەویە کە خودا لە کۆتایی ئایەکەدا ئیتر لە باوەڕپێکراوان داوا ناکا کە خۆیان بەخت بکەن ئەگەرچی لە ئایەی پێشتردا خۆبەختکردن لە ڕێگای خودا بە باشترین کار دادەنێ.

## ئاشتی – کات بۆ خۆ پتەوکردن

ئەم ئایەیە زۆر بە تامەزرۆییەوە بۆ قاوکردنی ئاشتی لە قورئاندا دەخوێندرێتەوە:

*"ئەگەر داوای شەڕبەسیان کرد، قەبووڵی کە و هەر خۆت بە خودا بسپێرە؛ هەر خۆی گوێدێر و زانایە." (سوورەی٨ ئایەی ٦١)*

بەڵام ڕاوێژکارانی قورئان ئەو ئایەیە واتە ئیزنی ئاگربەس بە کارێکی ستراتیژیکی دەبینن بەو مەرجەی خاڵێکی ئەرێنی بۆ موسوڵمانان تێدا بێ. ئەم ئایەیەی خوارەوە ئەو بۆچوونە پشت ئەستوور دەکا:

*"سس مەبنەوە و داوای شەڕوێستانێ مەکەن؛ هەر ئێوە بەسەر ئەواندان؛ ئێوە خوداتان دەگەڵە و هەرگیز پاداشی خەباتەکەتان لێ کەم ناکاتەوە." (سوورەی٤٧ ئایەی ٣٥)*

بە واتایەکیتر: مەسوڵمانان ئیزنی ئاشیخوازیان پێ نەدراوە کاتێ بارودۆخێکی باشتریان لە دوژمن هەبێ. بەڵام کاتێ لەژێر گوشاردابن و پێویستیان بە پشوودان هەبێ، بۆ ئۆرگانیزەکردنی نوێ یاخود بۆ بەهێزکردنی خۆیان، بۆ ماوەیەکی کورت خایەن دەتوانن پەیمانی ئاگربەس ئیمزا بکەن. هەرکاتیش شەڕکەرانی ئیسلامی لە بارودۆخێك دابوون کە بتوانن درێژە بە شەڕەکە بدەن، ئیزنی هەڵوەشانی پەیماننامەکەیان پی دەدرێ. ئەو کاتە کورتەی ئاگربەس لە لایەن موسوڵمانانەوە دەبێ بە باشی کەڵکی لێ وەربگیرترێ:

*"تا بۆودەکرێ چەك و جبەخانەی شەڕ و ئەسپی سواری پەیدا بکەن؛ دوژمنی پێ بترسێنن؛ کە دوژمنانی خوداشن. غەیری وانیش دوژمنو هەن نایان ناسن، بەڵام خودا دەیان ناسێ. هەر ماڵێکی لە ڕاهی خودای بەخت کەن، خودا دەیبژێرێتەوە و هیچ ناهەقیو لێ ناکرێ." (سوورەی٨ ئایەی ٦٠)*

بە پێی 'ئەلتەبەری' لە ڕوانگەی گشتیی ئیسلامییەوە هیچ چالاکییەکی ئاشتی هەڵناوەرێ. بەڵام ئەگەر دژبەرەکە داوای ئاشتی بکا و ئاشتییەکە بە قازانجی موسوڵمانەکان بێ، ئیزنی ماوەیەکی کورت خایەن بۆ ئیمزاکردنی پەیمانی ئاشتی پێ دەدرێ. بەسەر ئەوەشدا ئەو ئایەیە دواتر لە لایەن ئایەی سووڕی ٩وە پووچەڵ کراوەتەوە کە باوەڕپێکراوان لە هەر جێگایەك کە بۆیان هەڵکەوێ، بۆ کوشتنی بێ دینەکان هان دەدا.[١٨]

بەڵام ئەو ئایەیە چلۆن لەگەڵیدا دەگونجێ؟

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەمووڵاتان ئامادەی فەرمانبەری بن. پێ مەنێنە جێ پای شەیتان؛ ئاشکرایە کە شەیتان پێتان دوژمنە." (سووڕەی٢ ئایەی ٢٠٨)*

لە وەرگێڕاوێکیتردا هاتووە "ئاشتی بەجێ بێنن" چونکە بە پێی وشەی عەڕەبی "السلم" (al-silm) دەکرێ هەم بە (ئاشتی) و هەم بە (ڕزگارکردن) مانا بکرێتەوە. ئەلتەبەری لەسەر ئەوە دەنووسێ کە لێرەدا وشەی "al-silm" بە مانای ئیسلام هاتووە. ئەو دووپاتی دەکاتەوە کە لە ئیسلام دا هیچ لێهاتووییەك و دەست پێشخەری بۆ ئاشتی نەبووە. هەمیشە دەبوو دوژمن داوای ئاشتی بکا.

ئایەیەکی هاوچەشن کێشەیەکی وەك یەك ساز دەکا:

*"خودا بۆ ماڵی هێمنی گازی دەکا و هەرکەسێ ئەو خۆی حەز بکا، ڕێگەی ڕاستی نیشان دەدا." (سووڕەی١٠ ئایەی ٢٥)*

"ماڵی ئاشتی و هێمنی" بە پێی ئەلتەبەری دەبێ مەبەست بەهەشت بێ.[١٩] ئایەی دواتر کۆنتێکستەکە روون دەکاتەوە. لە تێکستە ئۆریگینالەکەیدا نوسراوە "dar-al-salam". Al-salam بە مانای ئاشتییە و یەك لە ٩٩ ناوی خوداشە. کەوابوو "dar-al-salam" بە مانای ماڵی خودا، واتە بەهەشت هاتووە:

---

[١٨] al-Tabari: tafsīr, Sure ٨:٦٠

[١٩] al-Tabari: tafsīr, Sure ١٠:٢٥

*"بۆ ئەوانەی چاکە دەکەن، چاکەی دەکەین و زیاتریش؛ تۆزی ڕەش و سووکایەتی نانیشێتە سەر ڕوخساریان. ئەوانە بەهەشتییەکانن؛ تا هەتایە تیادەبن." (سوورەی١٠ ئایەی ٢٦)*

ڕاست لەسەر ئەو ئایەیە تیۆلۆگی-ئیسلامی دابەشکردنی جیهان پێکهاتووە. بە پێی ئەو ئایەیە جیهان بەسەر سێ ماڵدا دابەش دەکرێ: دارالحرب، دارالسلام و دارالعقد: dar-alharb (ماڵی شەڕ)، dar-al-salam (ماڵی ئاشتی) و dar-al-aqd (ماڵی پەیمان).

"ماڵی شەڕ" لەو جێیگایانە دەبینرێ کە هێزی ئیسلامی تێدا بێ هێزە. "ماڵی ئاشتی" ئەو قۆناخانە دەگرێتەوە کە ئیسلام حوکم دەکا، و "ماڵی پەیمان" بەستراوەتەوە بە کاتێکی دیاریکراو بۆ سەردەمێکی کورتی ئاشتی لەنێوان موسوڵمان و غەیری موسوڵمان بەو مەرجەی نەک هەر غەیری موسڵمان لە هەنبەر موسوڵماندا شۆڕش نەکەن و لە سەر ڕێگای گەورەبوونەوە و بە جیهانیکردنی ئیسلام قوت نەبنەوە، بەڵکوو تەنانەت هەوڵیشی بۆ بدەن و پشتیوانی لێ بکەن. لەو پەیوەندییەدا لە سەدەی ١٣ پەیمانێك لە نێوان لەشکری ئیسلام و خاچ پەرەستان دژ بە مەغوولەکان پێکهات.

با جارێکیتر کۆی کەینەوە: لە قورئاندا هیچ پلانێکی گشتی بۆ ئاشتی، بوونی نییە، چونکە لە ڕاستیدا ئەگەر خودا ئەمری بە پێغەمبەر و باوەڕپیکراوانی کردبێ کە ئاشتی پێکبێنن، دەبوو ئەو لە هەمان ئایەتیشدا ڕوونی کاتەوە کە چلۆن ژیان درێژە پێ بدەن، چونکە تا ئەو کاتە شەڕخوازی تەنیا دوکان و بازاری ئەوان بوو و محەمەد و شەڕکەرەکانی تەنیا بەهۆی کەل و پەلی شەڕەوە دەیانتوانی ژیانیان دابین بکەن.

## سوورەی ٩ ، مانیفێست "بەياننامە" ی کۆتایی

بە بۆچوونی ئەلبوخاری سوورەی ٩، ئاخرین سوورەی قورئانە کە دەبێ بۆ محەمەد نازڵ بووبێت[٢٠]. بەو هۆیەوە ئەو سوورەیە بەشێوەیەك لە شێوەکان مانیفێستێکە لەناو مانیفێستدا. لەودا بە ڕاشکاوی ڕوون دەکرێتەوە کە هەڵس و کەوتی پێغەمبەر لەهەنبەر بێدینەکان، گوناهباران و موسوڵمانە دوودڵەکان ، هەروەها جوولەکە و مەسیحی و عەرەبی سارا بە چ شێوازێك بووبێت.

سوورەکە بە کۆتاییەکی یەك لایەنەی پەماننامەیەکی ئاشتییانە کە لە ڕابردوودا لەگەڵ بێدینەکان بەسترابوو، دەست پێدەکات. تەنانەت ئەو کەسانەی کە دژ بە محەمەد و هاوڕێکانیشی هیچ چالاکییەکیان بەڕێوە نەبردبوو، هیچ دەرەتانێکی دەربازبوونیان پێ نادرێ. دوای تێپەڕبوونی مانگە پیرۆزەکان دەبێ محەمەد و هاوڕێیانی هێرش بەرنە سەر بێدینەکان و هەموویان بکووژن:

*"دەربڕینی بێزاریە لە خودا و پێغەمبەریەوە، لەو شەریك دانەرانە وا ئێوە بوونە هاوپەیمانیان. هەتا چوار مانگ ڕێتان هەیە لەم زەمینەدا بگەڕێن؛ دەبێ ئەوەندەش بزانن کە ناتوانن خۆتان لە خودا ڕزگار کەن. خوا هەموو دوژمنانی دین ڕیسوا دەکا. خودا و پێغەمبەری خودا لە ڕۆژی حەجی مەزن دا، بە مردم ڕادەگەیەنن کە خودا و پێغەمبەری خوا لە بت پەرەستان بێزارن. ئەگەر پەشیمان ببنەوە، قازانجتانە؛ ئەگەریش قەبووڵی نەکەن، لێتان ڕوون بێ کە لە دەس خودا دەرناچن. مژدەش بدە بەوانەی خودا نەناسن، بەشیان ئازاری بەژانە. غەیرەز بت پەرستانێ کە پەیمانوو دەگەڵ بەستوون و لەسەر پەیمانەکەیان لانەکەوتوون و دژی ئێوە یاریدەی کەسیان نەداوە، هەتا ماوەی پەیمانەکە بەسەر دەچێ، ئێوە پەیمانتان مەشکێنن. خوا پارێزگاری خۆش دەوێن.*

---

[٢٠] ئەلبوخاری، حەدیسی ژمارە ٤٣٢٩

*هەرکە مانگە حەرامەکان بڕانەوە، ئەو بت پەرستانەو لەکوێ وەدەس کەوێ، لە گرتن و بەندکردن و کوشتنیان دەس مەپارێزن و بۆسەیان بۆ بنێنەوە. ئەگەر پەشیوان بوونەوە و بوونە نوێژکەر و زەکات دەر، ئەوسا دەستیان لێ هەڵگرن. خودا لە گوناە خۆش دەبێ و دڵۆڤانە." (سوورەی٩ ئایەی ١ - ٥)*

بە پتوونی سوورەی ٩ خۆی بە وەوە خەریك دەکا کە چلۆن لەهەنبەر بێدینەکان و ئەو کەسانەی بە هۆی جیاواز متمانەیان بە محەمەد نەکردووە، هەڵس و کەوت بکرێ. لە بەشێکی ئەو مانیفێستەدا شەڕ وەك "پێشبینی بۆ بەرگری لەخۆ" ڕوون دەکرێتەوە. لایەنگرانی محەمەد بەوە هاندەدرێن کە خەڵکانی مەککە ئەو شەڕەیان هەڵایساندووە، ئەوکاتەی بە پلانەوە پێغەمبەریان لە شارەکە دەرکردووە. نیزیکەی هەشت ساڵ بەسەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕ ببوو و ئەو کەسەی لە کۆتاییدا بانگەوازی بۆ شەڕی چەکداریش دەدا، ئێستا ئیتر ناسراو بوو. وێدەچوو پاساوێك بۆ مێژووی ڕابردوو دەبێ بدۆزرێتەوە:

*"ئێوە دەگژیان ڕابچن؛ خودا هەر بە دەستی ئێوە تووشی ئازاریان دەکا و ژێریان دەخا و سەروو دەخا بەسەریان دا و کارێك دەکا کوڵی دڵی باوەڕداران دابمرکێ. رکی دڵیان رادەماڵێ و خودا حەز کا، هەر کەسێکی لە گوناهان دەس هەڵگرێ، لێی وەردەگرێ. خودا زانای لە کارزانە. پێتان وایە کەس خۆتان تێ ناگەیێنێ و خواش لەوانەی لە ئێوە چوونە خەزایە و غەیرەز خودا و پێغەمبەر و باوەڕداران هیچ کەسێ ڕازداریان نەبووە، بێ ئاگایە؟ خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە." (سوورەی٩ ئایەی ١٤ - ١٦)*

ئەگەرچی چوونە ماڵی کەعبە، وەك داب و نەریتی پێشوو، بۆ هەموو مرۆڤی ئەو سەردەمە ئازاد بوو، لێرە بەدواوە جیا لە موسوڵمانان چوونە ناو کەعبە بۆ مرۆڤەکانیتر قەدەغە کرا. مەککە، کە زیاتر لە چەندین سەدە وەك شارێکی کراوە، هەموو مرۆڤێکی ئایینی لێی دەژیان، بەهۆی ئەو سوورەیەوە تەنیا وەك جێ و شوێنی موسوڵمانانی لێهات. تەنیا ئایینی ئیسلام ئیزنی مانەوەی هەیە و تەنیا ئەو کەسانە ئیزنی چوون بۆ ئەو شوێنە پیرۆزەیان هەیە کە زەکات بە پێغەمبەر بدەن:

*"نوێژگەی خودا ئاواکردن بۆ بت پەرستان نەشیاوە. خۆیان ئێژن: خوا ناناسین؛ هەرچی دەیکەین فیرۆ دەچێ و هەتا سەر لە دوژەە دەبن. هەر ئەوانە بۆیان هەیە*

*نوێژگەی خودا ئاوا بکەن، کە باوەڕیان بە خوا و ڕۆژی سەڵا هەیە و نوێژ دروست و زەکات دەرن و - لە خوا نەبێ - ترسیان لە هیچ کەسێ نییە. لەوانەیە ئەمانە ڕێزانەکان بن." (سووڕەی٩ ئایەی ١٧ - ١٨)*

محەمەد لە لایەنگرەکانی هەڕەشە دەکا کە تەنانەت ئەگەر باوك، دایك، خوشك، برا و خزمەکانیان باوەڕ بە ئایینی ئیسلام نەهینن، دەبێ پەیوەندیان لەگەڵدا ببڕن. لێرەش ئایەیەکی سووڕەی ٩ ئایەیەکی پێشوو پووچەڵ دەکاتەوە کە ئیزنی بە ئەندامانی کۆمەڵگا دەدا هەوڵی پەیوەندییەکی سالم و باش لەهەنبەر بێدینان و ئەندامانی بنەماڵەیان بدەن. لەجیاتی ئەوە، ئێستا دروشمە مەنشوورەکە "هەرکەس لەگەڵ ئێمە نەبێ، دژ بە ئێمەیە" قوت دەکرێتەوە:

*"ئەی گرۆی خاوەن باوەڕان! ئەگەر باب و برای ئێوە لایان وابوو ناباوەڕی لە باوەڕهێنان باشترە، ئێوە توخنیان مەکەون و خۆشتان نەوێن؛ هەرکەس لەنگۆ خۆشی بوێن، دیارە ناهەقیکارە. بێژە ئەگەر باب و کوڕ و برا و ژن و خزمەکانوو ئەو ماڵەی پەیداو کردووە و کەل و پەلی بازرگانی - کە دەترسن لە برەو کەوێ - و خانوبەرەی رند و دڵخۆشکەری خۆتان، پێ لە خودا و پێغەمبەر و خەزاکردن لە ڕێی خودا دا گرینگ ترە؛ چاوەنۆڕ بن تا فەرمان لە خوداوە دێ. ئەوانەی لە ڕێ لادەرن، خودا شارەزایان ناکا." (سووڕەی٩ ئایەی ٢٣ - ٢٤)*

خودا بە وردی لیستەی دەکا کە بۆچی لایەنگرەکانی محەمەد لە بارودۆخێکی جیددی دا لە دایك و باب و براکانیان چاوپۆشی بکەن:

*"خودا لە گەلێك شوێناندا دەهاناو هات؛ ڕۆژی حونەینیش هەروەها؛ کە هەرچەندە بە زۆری خۆتان دەنازین، کەچی هیچ بەهرەی بۆ نەدان؛ ئەم زەمینە گوشادەتان لێ تەنگ هەڵات. لە دواییدا هەموو پاشەکشەتان کرد و بەرەودوا گەڕانەوە. پاشان خودا دڵنیایی بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی و بڕواداران بەرێ کرد و زۆر پێشمەرگەشی دابەزاند کە نەودەدین. خوانەناسانی سزا دا و سزای خودانەناسەکان هەر ئەمەیە. لە دوای ئەوەش هەرکێ خودا مەیلی لێ بێ پەژیوانی قەبووڵ دەکا و خودا دەبووری و دڵۆڤانە." (سووڕەی٩ ئایەی ٢٥ - ٢٧)*

خودا خۆی بەهۆی سەربازانی نادیار، باوەڕپێکراوانی لە شەڕەکانیاندا پشتیوانی کردووە، هەر بۆیە دەبێ بۆ هەمیشە سوپاسگوزاری بن و سەر لە پێناویدا فیدا بکەن.

## رق و کێنەی پیرۆز

جێی سەرنجە کە ئەو سوورِانەی بۆنی رق و کینەیان لێ دێ، زۆرجار لە کۆتایی نووسراوەکاندا بە دێری **"*خودا لە گوناە دەبووریّ و دڵۆڤانە*"** تەواو دەبن. بە ڕاشکاوی نووسەری کتێبی قورئان ویستوویە بەو کارەی، پاکانە بۆ رق و کینە بکات. شەڕکەرێکی باوەڕدار نابێ ئەو هەستەی تێدا پەروەردە بێ کە ناچار بە کوشتنی مرۆڤ بکرێت بۆ ئەوەی پێغەمبەرەکەی یەك لە پێنجی تالاّن و دەسکەوتی شەڕ بۆخۆی هەڵگریّ، بەڵکوو ئەو کارە تەنیا لە ڕێگای خودا و بۆ خودای دەکات. خوداش تەنانەت ئەو کاتەی ئیزنی کوشتنی مرۆڤ دەدا یاخود بانگەوازی رق و کینە دەکا، هێشتا هەر لە گوناە دەبووریّ و دڵۆڤانە.

ئەو رق و کینەیە لە سوورِە کۆتاییەکانی قورئاندا بەردەوام دەمێنێ. لەو سوورِەیەی خوارەوەدا خودا بێ دینەکان بە ناپاك و "گڵاو" ناو دەبا و هەر بەو هۆیەش ئیزنی نیزیکبوونەوەیان بە کەعبە لێ دەستێنێتەوە:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەو کەسانەی شەریك بۆ خودا دەناسن ناپاکن، نابێ - پاش ئەمساڵ - لە "مسجدالحرام" خۆ نزیك کەنەوە. ئەگەر لە ئاتاجیش ترسان، خوا بخوازێ لە چاکەی خۆی هەمووتان بێ نیاز دەکا. خودا زانای لە کارزانە." (سوورِەی٩ ئایەی ٢٨)*

ئەو وێناکردنە لە "ناپاکبوون"ی بێدینەکان تا ئەمڕۆش لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە بەڕێوە دەچێ. بۆ ئەوان هەر مرۆڤێکی جیا لە موسوڵمان ئوتوماتیك گڵاوە و دەبێ دووری لێ بکرێ. شەیدایی پاکبوون، موتوڕێکی باوەڕپێکراو و جێی متمانەیە بۆ زێدەڕۆیی و بیرتەسکی ئیسلامیستەکان. ئەگەر گەنجێکی موسوڵمان لە وڵاتێکی بیانی ناموسوڵمان بژی، لە ڕاستیدا لە بارودۆخێکدایە کە دەوروبەری ناپاکە و ئەو ناپاکییە

پێش بە چۆنیەتیی ژیانی ڕاستەقینەی دەگرێ. دەوروبەری پڕە لە بێدین کە خەریکی خواردنەوەی ئەڵکۆڵن و بە ئاشکرایی زیناح دەکەن. بەردەوام هەوڵی لادان لە ڕێگای ژیانی دەدەن، فریوی دەدەن، بۆ ئەوەی ناچار بە گوناهی بکەن. تووش بوون بە گوناه یاخود تەنیا لە فانتازیدا گوناه کردن، دەبنە هۆی پێکهاتنی هەستی گوناهباری و هەروەها پەروەردەبوونی ئارەزووی شوشتنەوەی ئەو ناپاکییە.

لە ئیسلامدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئایینی مەسیحی "دان پێدانان بە گوناە" بە نیازی لە گوناه خۆشبوون، واتە کەسێك بچێتە کلیسا بڕێک پارە بۆ بەخشینی گوناهەکەی بدا، بوونی نییە. لە ئایینی ئیسلامدا بۆ ڕزگاربوون لە گوناه ڕێگایەکی ئاڵۆز دەخرێتە ژێر پێی مرۆڤ. تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگا یەکێك لە پێداویستیەکانە کە بە مەبەستی پاکبوونەوەی، لەسەر ڕێگای مرۆڤ دادەنرێت. ئیسلامیستەکان زۆرجار هەوڵی کۆسپ خستنە سەر ڕێ لە نێوان لایەنگرێکی نوێی کۆمەڵگا و ژینگەی پێشوویان دەدەن. لە دایك و باب و خوشك وبرا، تەنانەت ئەگەر موسوڵمانیش بن، ناسڵەمێنەوە. بارودۆخی تەنیایی ئەوتۆ، "کار لەسەرکردن و ڕاهینان" لەسەر ئەو بنەماڵانە بۆ مرۆڤی فناتیك هاسان دەکاتەوە. شوشتنەوەی مێشك لە چەند هەنگاودا بەڕێوە دەچێ: بنەماڵەکە ئیزۆلە دەکرێ، چونکە هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان لە کۆمەڵدا جێگر بکەن. ئەو ئیزۆلە بوونە دەبێتە هۆی ئەوەی بە چاوی گۆماناوی لە لایەن خەڵکییەوە سەیر بکرێن و لە پلەی بێدینان دابنرێن. رق و کینەیان تێدا پەروەردە دەکرێ و لە گەڕانەوەیان بۆ لای فناتیکەکان رق و کینەیەکی زۆر لە هەنبەر هەموو دنیا لەخۆیاندا پەروەردە دەکەن. پارانۆیا و تیئۆری پیلان نانەوە دەبنە بەشێکیتری شوشتنەوی مێشك. لە کۆتاییشدا هەنگاوی تۆڵە سەندنەوە دێتە ئاراوە!

مرۆڤ ناتوانێ لەو پرەنسیپە تێبگات ئەگەر لە لۆجیکی "رق و کینەی پیرۆز" لە سووڕەی ٩ تێ نەگەیشتبێ. دوای تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکانی مەککە ئینجا نۆبەی جوولەکە و مەسیحی دەگا. لێرەدا ئیتر تەنیا ناکۆکی لەسەر کێشەیەکی ئاسایی ئایینی نییە، بەڵکوو لەسەر مان و نەمانی مرۆڤەکانە. بێ ئەوەی پەلاماری محەمەد و کۆمەڵەکەیان دابێ شەڕێکی گرانیان بەسەردا دادەسەپێنن:

*"وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە ناڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بەدەستی خۆ، سەرانەی خۆ بەنگۆ دەدەن. جوولەکەکان گوتیان: عوزەیر کوڕی خوایە. فەلەش گوتیان: مەسیح فرزەندی خودایە. ئەو قسانەی دەمی ئەوان ئەیدرکێنێ، وێنەی قسەی خودا نەناسانی پێشوون. خوا بیان کووژێ، چۆنین لە حەقێ لادەدرێن؟ لەبری خودا، مەلاکان و ڕەبەنەکانی خۆیان و مەسیحی فرزەندی مەریەمیان کردە خودا؛ فەرمانیشیان پێدرابوو بێژگە لە خوای تاك و تەنیا نەپەرستن. لە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرەستن ناشێ. خودا بێ عەیبە و بەدووره لەو شتانەی بە هاوتای ئەوی دەزانن. دەیانەوێ بە فووی دەمیان، تیشکی ڕۆشنایی خودا وەکوژێنن؛ خوداش خۆی بڕیاری داوە کە ئەم تیشکەی هەر سەرکەوێ، جا با خودا نەناسەکانیش حەز نەکەن. خودا بۆ ڕێ نیشاندان و ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، پێغەمبەری خۆی ناردووە؛ تا گش دینەکانی دیکە بەرخۆی بدا؛ هەرچەند ئەوانەش حەز نەکەن کە شەریك بۆ خودا دادەنێن." (سوورەی٩ ئایەی٢٩ - ٣٣)*

لێرەدا ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەك بۆ شەڕخوازی دژ بە جوولەکە و مەسیحی ناکرێت، سەرەڕای ئەوەش ئەوان ئایینی هەڵەیان هەیە چونکە پەیامەکەی محەمەد و هێزە کامڵ و تەواوەکەی ناسەلمێنن. خودا جارێکیتر هەڕەشە لەو باوەڕپێکراوانە دەکا کە لە شەڕدا بەشداری ناکەن:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! چیتانە کە پێتان ئێژن: وەدەر کەون بۆ خەزا لە ڕای خودادا، تەمەڵن و لە جێی خۆ نابزوون؟ ئاخۆ ژیانی دنیاتان لە قیامەتێ پێ خۆشترە؟ گوزەرانی ئەو دنیاتان شتێکی زۆر کەم بایەخە. ئەگەر نەڕۆنە خەزایە، لە خواوە تووشی جەزرەبەی بەژان دێن و دەستەیەکی تازە بابەت دەخاتە شوێنەکەی ئێوە و لەم بارەوە هیچ زیانێکی پێ ناگەێنن. خوا بۆ هەموو شت توانایە. ئەر ئێوە یاریدەی نادەن، خودا بۆخۆی دەهانای هات: وەختێ خودانەناسەکان ئەوەیان دەرکرد، ئەودەمەش کە لە ئەشکەوتەکەدا بوون و هەر یەکێك بوو لە دووکەسان، ئەوێ کاتیش بە هەواڵەکەی خۆی دەگوت: خەمت نەبێ! ئێمە خودامان دەگەڵە؛ ئۆقرەی لە خوداوە بۆ هات و چەندین پێشمەرگەشی بۆ نارد یاری بکەن؛ کە ئێوە نەتان دەدیتن. قسەی خوداناسەکان*

*وەبن کەوت و هەر قسەی خودا لەسەرە. خودا خاوەن دەستهەڵات و لەکارزانە. سووکبار بن یان گرانبار بن، بۆ خەزایە ڕێ دابگرن و لە گیان و ماڵ بەخت کردن درێغ مەکەن. گەر بزانن هەر بە قازانجی خۆتانە." (سوورەی٩ ئایەی ٣٨- ٤١)*

## دووڕوو، زەکات نەدەر و گاڵتەجاڕ

قورئان لە هەنبەر ئەو کەسانەی ئایینی ئیسلام قەبووڵ دەکەن، چلۆن هەڵس و کەوت دەکا؟ ئەگەر لەبیرمان بێ لە سەرەتاکانی بانگەوازکردن بۆ ئایینی ئیسلام، دەبوو لەو کەسانە ببووردرێ ئەگەر ئایینی ئیسلام  بە فەرمی بناسن و قەبووڵی کەن. بەڵام لە سوورەی کۆتایی واتە سوورەی ٩ دا لە هەنبەر ئەو کەسانە هەستی متمانە پێ نەکردن و رق و کینە پەروەردە دەکرێ. بڵێی هۆی ئەو کارە چی بێت؟ من پێشتریش ئاماژەم پێکرد، کە مرۆڤیان بە زۆری و بە زەبری چەك لەسەرڕاگرتن و ئەوپەڕی توورەیی، هەروەها ئەشکەنجە و کوشتن، ناچار بە باوەڕپێهینان دەکرد. مرۆڤ گیانی خۆی ڕزگار دەکرد ئەگەر 'بەڵێ' و 'ئامین'ی گوتبا. کێشەیەك کە محەمەد بە ڕاشکاوی هەستی پی کردبوو.

کۆمەڵگاکەی محەمەد بەهۆی سەرکەوتوویی لە شەڕدا پەیتا پەیتا گەورەتر دەبووەوە، بە شێوەیەك کە ئیتر بە دڵنیاییەوە نەیدەتوانی بزانێ لە ڕاستیدا کێ باوەڕی بەو و بە پەیامەکەی هەیە و کێ تەنیا لە ترسانە و یاخود بەهۆی هەڵپەرستییەوە خۆی وەك موسوڵمان نیشان دەدا. دەستەیەك لەو نوێ موسوڵمانانە سەبارەت بە یاساکان بۆڵەبۆڵیان دەکرد و دانی زەکاتیان بە گران دەزانی. محەمەد ئەوکەسانەی ناو لایەنگرەکانی بە دوڕوو و درۆزن دادەنا:

*"بە سوێندەوە ڕەش دەبنەوە، دەڵێن: ئێمەش لە خۆتانین؛ درۆش دەکەن لە ئێوە نین؛ بەڵام ئەوان گرۆیەکی ترسەنۆکن. گەر ئەنوایەك یان ڕەهۆڵێك یان ئەشکەوتێکیان شك بردبا، بە هەڵەداوان بۆی دەچوون." (سوورەی٩  ئایەی ٥٦ ـ ٥٧)*

*"نێر و مێ لەم دۆڕانە وەکویەکن؛ فەرمان بە خراپە دەدەن و ڕێگە لە بەر چاکە دەگرن؛ دەستی خۆشیان لە خێر کردن دەقووچێنن؛ خودایان لەبیر بردەوە و خوداش ئەوانی*

*لەبیر کرد. ئەوانەی دووڕوویی دەکەن، هەموویان لەڕێ لادەرن. بڕیاری خودا هەر وەك بۆ خودا نەناسەکان هەیە دۆڕانی ژن و پیاویش دەگرێتەوە؛ بە تێکڕایی دەیانخاتە جەهەندەم و تا هەتا هەر تیا دەبن؛ کە ئەمە بۆ ئەوان بەسە؛ بەر نەفرینی خواش کەوتوون و ئازاردانیان بنەی نایە." (سووڕەی٩ ئایەی ٦٧ - ٦٨)*

محەمەد لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا چلۆن هەڵس و کەوت دەکا؟ دیارە بە تووڕەیی و شەڕخوازی:

*"ئەی پێغەمبەر! دەگەڵ خودانەناسەکان و ئەوانەی دووڕوویی دەکەن بەشەڕ وەرە و بەتوند و تیژی ڕەفتاریان دەگەڵ بکە. ئەنوای ئەوان جەهەندەمە و دواڕۆژی دژواریان هەیە." (سووڕەی٩ ئایەی ٧٣)*

ئاگری جەهەنەم بۆ بێدینەکان ئامادەیە، یەهوودی و مەسیحی و تەنانەت ئەو موسوڵمانانەی بە ڕەواڵەت لە قووڵایی دڵیانەوە لەگەڵدا نەبوون، یاخود بە ڕادەی پێویست زەکاتیان نەدەدا و لە کوشتنی مرۆڤ دڵەکوتە نەیدەگرتن، دەخرانە ناو ئاگرەوە. تەنیا: چلۆن دەکرێ کا لە گەنم جیا بکرێتەوە، بە بێ ئەوەی پارانۆئید نەیگرێ؟

خودا خۆی دەزانێ کێ لەڕاستیدا لایەنی ئەوی گرتووە:

*" هەندێك لەناو ئەواندا پەیمانیان لەگەڵ خودا بەست کە: شەرتە ئەگەر خودا لە چاکەی خۆی بەشمان بداتێ، ئێمەش خێر و خێرات دەکەین و دەچینە ڕێزی پیاوچاکانەوە. کە خوا کردی و لە چاکەی خۆی زێدەی دانێ، ڕژدایەتیان لەسەر کرد و دیسان پشتیان هەڵکرد و ڕوویان وەرگێڕا. چونکە ئەوان پەیمانی خوایان شکاند و درۆیان لەگەڵ خودا کرد، دووڕوویيان هەر لە دڵیاندا هێشتۆتەوە، تا ئەو ڕۆژەی دێنە بەر بارگای خودا." (سووڕەی٩ ئایەی ٧٥ - ٧٧)*

ئەو کارە سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ، تا چ ڕادەیەك باوەڕ، دووڕوویی و پارە پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگیان بەیەکەوە هەیە. ئایا سەرەڕای سەرکەوتوویی لە شەڕ و تاڵان و دەسکەوتی بەزۆر وەرگیراو لە خەڵکی، هێشتا کێشەی ماڵیی لەناو کۆمەڵەکەدا هەبووە؟ ئایا بەشێک لە کۆمەڵەکەی شۆڕشیان دژ بە بیری سیاسی سەرکردەکەیان کردووە؟

ڕەپاڵدانی ناوی دووڕوو لەگەڵ خۆبواردن و خۆلادان لە دانی زەكات پێكەوە گرێ دراون. هەر كەس پارە نەدا، ئوتوماتیك ناوی دووڕووی لەسەر دا دەنرێ. تەنانەت ئیسلامیستەكانی ئەمڕۆییش ئەگەر موسوڵمانێک جیهاد ڕەد كاتەوە یاخود پارەی پشتیوانیكردنیان پێ نەدا بە دوڕووی ناو دەبەن. هەر وەك وشەی "كافر"، وشەی دووڕوو(منافق)یش تاوانە و لە بارودۆخی خۆیدا مرۆڤی لەسەر دەكووژرێ.

لە پەنا پشتیوانی نەكردنی دارایی، چەند بەڵگەیتر دەهێننەوە بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤانە بە دووڕوو دابنرێن:

*"ئەوانەی بەوە دڵخۆشن كە لە ماڵە خۆیان مان و لە هاوڕی بوون دەگەڵ خودا و پێغەمبەری خۆیان بوارد و نەیانویست كە ماڵ و گیانیان لە ڕاهی خودا بەخت كەن و دەیانگوت: لەم گەرمایەدا دەرمەكەون. بێژە: ئەگەر تێگەیشتنیان هەبوایە، خۆ ئاگری جەحەنەم زۆر گەرمترە. با كەم بخەنن و زۆر بگرین لە سزای ئەو كارانەدا كە دەیانكرد." (سووڕەی٩ ئایەی٨١- ٨٢)*

ئاگری جەهەننەم تەنیا چاوەڕوانی موسوڵمانی سپڵە یا شەڕكەری ماندوو و لادەر ناكات، بەڵكوو ئەو كەسانەی سووكایەتیش بە پێغەمبەر دەكەن و ئازاری دەدن، بە خراپترین شێوە هەڕەشەیان لی دەكرێت:

*"لەوانەشدا ئی وا هەیە پێغەمبەر ناڕەحەت دەكەن؛ ئێژن: هەموو شت دەبیسێ. بێژە: گوێ لە چاكە دەگرێ كە بە قازانجی ئێوەیە؛ باوەڕی بە خودا هەیە؛ بە باوەڕدارانی تریش بڕوای هەیە و بەزەییشە بۆ ئەوانەی لە ئێوە كە بڕواو هێناوە. ئەو كەسانەش كە پێغەمبەر عەزیەت دەكەن، تووشی ئازاری بەژان دێن." (سووڕەی٩ ئایەی ٦١ - ٦٣)*

دەستەیەك لە ئیسلامیستەكان كە مرۆڤكوژیی هاوكارانی ڕۆژنامەی چارلی هێبدو "Charlie Hebdo" بە كارێكی باش دادەنین، بە هۆی ئەو سووڕەوە پاكانە بۆ كارەكەیان دەكەن. بە گوێرەی هەندێک قوتابخانەی ئیسلامی، ئەو كەسەی وا خودا پێشتر لە ڕێگای ڕاست ترازاندویە و قسەی بە خودا گوتووە، تۆبە بكا، بەو تۆبەیە تاوانەكەی

لەسەری لا دەچێ. بەڵام هەرکەس سووکایەتی بە پێغەمبەر بکا دەبێ بکووژرێ، تەنانەت ئەگەر لە کارەکەی خۆی پەشیمانیش بێتەوە. جێی سەرسووڕمانە کە تاوانی سووکایەتی کردن بە پێغەمبەر زۆر قورس و گرانترە لە سووکایەتی کردن بە خودا.

لە کۆتایی سووڕەکەدا ناو لە "خۆشەویستانی خودا" دەهێنرێت. ئەوانە تەنیا ئەو کەسانەن کە بە پارە و خوێنی خۆیان لەڕێگای خودا دا بەشەڕ دێن:

*"بەڵام پێغەمبەری خودا و ئەوانەی دەگەڵ ئەودان و باوەڕدارن، بە ماڵ و گیان چوونە خەزا؛ خۆشی و چاکی بۆ ئەوانە و ڕزگارەکانیش ئەوانن." (سووڕەی٩ ئایەی ٨٨)*

جێی باسە کە قورئان دژ بەو هۆزە بەدوی و سارانشینانەش هەڵوێستی گرتووە، کە تەنانەت باوەڕیان بە پێغەمبەر بووە، بەڵام زەکات واتە باج و ماڵیاتیان پێ بە زۆر بووە. لە سەرەتای سووڕەکەدا بە گشتی هەموو هۆزە سارانشینە عەرەبەکان بە بێ دین ناو دەبا، بەڵام دواتریش جیاوازیان دەخاتە ناو. هەرکام لە ئەندامانی باوەڕپێکراوی کۆمەڵی سارانشین کە لە دانی زەکات تێ دەگەن، دەزانن کە ئەو کارە نیزیکبوونەوە لە خودایە:

*"عەرەبەکانی دەشتەکی لەمەڕ خودانەناسین و دوڕوویی، بێ ڕەزاترن و بۆ سنوور پێ نەزانینی هەرچی خودا بۆ پێغەمبەری ناردووە، کۆڵی ترن. خودا زانای لە کارزانە. هەندێك هەر لەو دەشتەکیانە، هەرچی بیدەن وای دەزانن کە خاوەیان لێ سەنراوە؛ لێو دەخەفتێن کە بەڵایەکتان بەسەر بێ؛ بەڵا هەر بەسەر خۆیان بێ. خودا بیسەر و زانایە. هەر لەناو ئەو دەشتەکیانەش ئی وا هەیە بڕوای بە خوا و ڕۆژی قیامەتێ هەیە و هەرچی لەم ڕێیەدا دەیدا، بۆ نزیکی لە خودایە و بۆ ئەمەیە کە پێغەمبەر بە نزا لەبیریان نەکا با بزانن هەر بینا نزیك دەبنەوە لە خودا و دەیانخاتە بەر بەزەیی خۆی. خودا دیارە گوناەبەخش و دڵۆڤانە." (سووڕەی٩ ئایەی ٩٧ - ٩٩)*

هەمیسان و دووبارە باس باسی پارە و شەڕە – ئەو جووتە پایەی سەرەکی و گرنگی باوەڕپیکردنیان بنیات ناوە. هەر کەس یەك لەو دووە یاخود هەردووکیان رەد کاتەوە، دوژمنی محەمەد و دیارە سروشتییە کە دوژمنی خوداشە، چونکە خودا تەواو ئەو شتەی دەوێ، کە محەمەد دەیهەوێ: "پارە و خوێنی باوەڕپێکراوان".

هیچ کەس جیا لە خودا خۆی، دووڕوو و ئەو کەسەی بەشداریی لە شەڕدا ناکەن، بە باشی ناناسێ. محەمەد بەرەوام مرۆڤی دەوروبەری خۆی بە دوژمن دادەنا و متمانەی پێ نەدەکردن:

*"لەو عەرەبە دەشتەکیانەی - کە لە دەور و بەری ئێوەن - هێندێکیان و هێندێکیش لە خەڵکانی مەدینە دوڕوون و هەر بۆ دوڕوویی ڕاهاتوون؛ ئەتۆ ئەوانە ناناسی، ئێمە زۆر باشیان دەناسین. دووجار ئازاریان دەدەین و لە دواییدا دەیانخەینە بەر جەزرەبەی هەرە دژوار." (سووڕەی٩ ئایەی ١٠١ - ١٠٢)*

پێغەمبەر بەردەوام و لە هەموو شوێنێك بۆنی دوڕوویی و خەیانەتی دەکرد. کاتێ دەستەیەکی موسوڵمان لە دەرەوەی مەدینە مزگەوتێکیان دروست کرد، قورئان ئەو کەسانەی بە لادەر ناو برد، چونکە جیا لە هی پێغەمبەر هیچ مزگەوتیکیتر جێی پاك نییە:

*"ئەوانەش وا مزگەوتێکیان چێ کردەوە تا هۆی زیان و خوا نەناسی و پژگ و بڵاوی نێوان باوەڕدارەکان بێ و تا ڕوانگە بێ بۆ ئەوانەی لە پێشوودا دژی خودا و پێغەمبەری ڕاوەستابوون، سوێندیش دەخۆن کە: جگە لە چاکە کردن نیازێکی ترمان نەبووگە؛ خوا شایەتە کە ئەوانە درۆزنن. هەرگیز لەوێدا نوێژ مەکە. ئەو مزگەوتەی ڕۆژی بەرێ لەسەر هەستی خوداترسی دامەزرابێ، هێژاترە کە تۆ نوێژی تێدا بکەی. لەوێندەرێ پیاوی وا هەن حەز دەکەن بە پاکی بژین؛ خوداش لە پاکان خۆشی دێ. ئاخۆ کەسێ کە هیمی مزگەوتەکەی خۆی لەسەر هەستی خواپەرستی و ڕەزای خودا دارشتبێ هێژاترە، یان ئەو کەسەی کە بناغەی مزگەوتەکەی لەسەر لێواری کەنداڵی فشەڵە و رووخەك داناوە و دەگەڵ ئەودا دەکەوێتە ناو ئاگر و کڵپەی دۆژەوە؟ خودا دەستەی ستەمکاران شارەزای ڕاستەڕێ ناکا. ئەو خانووەی سازیان داوە، هەر مایەی دڵخورتیانە؛ جا مەگین ئەو داڵانایان کوت کوت ببێ. خوداش زانای لە کارزانە." (سووڕەی٩ ئایەی ١٠٧ - ١١٠)*

## پارە و خوێن بۆ جیهاد

لە کۆتاییەکانی سوورەی نۆ، لەپڕێکدا هۆی ئەوەی بۆچی خودا یاخود پێغەمبەر پووڵی زۆریان لە لایەنگرەکان دەویست، ڕوون دەبێتەوە:

*"خودا گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە و لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە. باوەڕدارانیش ئەوانەن کە لە ڕای خوا شەڕ دەکەن و دەکوژن و دەشیانکوژن." (سوورەی٩ ئایەی ١١١)*

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! دەگەڵ ئەو خوانەناسانەی هاوساتانن بەشەڕ وەرن؛ با زەبر و زەنگۆ ببینن. بیشیزانن خوا دەگەڵ خۆپارێزانە." (سوورەی ٩ ئایەی ١٢٣)*

جیهادی ئینترناسیۆنالی [ئەمڕۆ] زۆر سەرکەوتووە، نەک هەر لەبەر ئەوەی لاوانی باوەڕپێکراویان لەگەڵە کە ئامادەن ژیانی خۆیان لەو ڕێگایەدا بەخت بکەن، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە بەشێکی مەزنی وڵاتانی کەنداو و وڵاتە موسوڵمانەکانیتر بە دڵفراوانییەوە یارمەتی ماڵیی ئەو شەڕە دەدەن. زۆربەی موسوڵمانان دەزانن کە جیهاد ئەرکێکی ئایینیە، بەڵام هەمووشیان ئامادە نین گیان و بنەماڵەی خۆیان لەو ڕێگایەدا بدۆڕێنن و ڕاستەوخۆ لەو شەڕەدا بەشداری بکەن. بەوهۆیە دەستەیەکی بەرچاوی موسوڵمانان چەشنە جیهادێکی ماڵی بەڕێوەدەبەن.

مەبەستی سەرکەوتوانەی پرۆپاگەندای ئیسلامی لە لایەکەوە ڕاکێشانی سەرنجی گەنجانە و لە لایرکیتریشەوە پێکهێنانی نارەحەتی ویژدانە لە دەوڵەمەندەکاندا، چونکە ئەوان لە ئارامی، ڕاحەتی، سوڵح و بێ کێشەیی دا ژیان دەکەن، لە حاڵێکدا گوایە برا موسوڵمانەکانیان لە عێراق، سووریا و ئەفغانستان لە ڕێگای خودادا شەڕ دەکەن و گیانی خۆیان بەخت دەکەن. هەر کەس خۆی نەتوانێ یاخود نەیهەوێ بەشداری ئەو جیهادە بکات، لای کەم دەبێ لە باری ماڵییەوە پشتیوانییان لێ بکات. بە بێ ئەو پشتیوانییە ماڵییە هیچکات گرووپێکی تیرۆریستی وەك داعیش نەیدەتوانی بەو شێوەیە

چەندین ساڵ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و کونترۆڵی زیاتر لە هەشت ملیۆن مرۆڤ لە عێراق و سووریا بە دەست خۆیەوە بگرێ.

خودا خۆی بڕیاری داوە، پەرتووکی کۆتایی بۆ مرۆڤ بنێرێ، سەرەڕای ئەو هەموو دژ و پێچەوانەییەشی. ئەو لە سوورەی کۆتایی ئەو کتێبەدا چ دەکا؟ پرەنسیپ و چۆنیەتی ئایینی ئیسلام دیاری دەکات؟ یاخود بۆ وێنە ڕوونی دەکاتەوە هەڵس و کەوتی کۆمەڵگای ئیسلامی دوای نەمانی پێغەمبەر چلۆن بێ و بە پێی یاساکان چ کەسێك جێنشینی محەمەد بێ؟

نا، خودا لە سوورەی کۆتایی قورئاندا بۆ وەخەبەر هێنانی هەستی محەمەد و کۆمەڵەکەی کە لە دەرەوە و ناوەوە لە لایەن دوژمنانەوە مەترسیان بۆ دروست کراوە، کەڵك وەردەگرێ. مانیفێستی کۆتایی دەڵێ: مرۆڤ دەبێ بە خراپترین شێوە دژ بەو دوژمنانە هەڵس و کەوت بکات. لە ڕاستیدا ڕوونی دەکاتەوە کە هەر هەموو مرۆڤێکی غەیرە موسوڵمان دوژمنی ئیماندارانی ئیسلامین. ئیتر کەس نەماوە و لەگەڵ کێ دەکرێ پەیمانی ئاشتی و پێکەوە ژیان ببسترێ؟ نە لەگەڵ بێدینەکان، نە لەگەڵ یەهوودی و مەسیحی، نە لەگەڵ هۆزە بەدوی و سارانشینانەکان، نە لەگەڵ دووڕووەکان، نە لەگەڵ زەکات نەدەرەکان و نە لەگەڵ ترسنۆکەکان.

ئەو فۆڕمەی پارانۆیا کە تەنیا ئاشتی بۆ خۆ داوا دەکەن، تا ئەمڕۆش لە ناو زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا ماوەتەوە. مرۆڤی موسوڵمان ئەو هەستەی لەخۆیدا پێکهێناوە کە جیا لە خۆی، هەموو دنیای دەوروبەری فێڵباز، کافر و نائینسانە و پەیتا پەیتا هەوڵی فریودانی ئەو دەدرێت. بارودۆخێکی ئەوتۆی ناباوەڕی و بێ متمانەیی دژ بە ناموسوڵمان و حاڵەتیکی بەردەوامی ڕقبوونەوە، زۆر زوو دەبێتە هۆی پێکهێنانی ڕق و کینە لە ناو دڵی مرۆڤی موسوڵماندا. شك، ڕق و کینە و تووڕەیی دەتوانن شەڕخوازیی و هەڵس و کەوتی شەڕخوازانە لە مرۆڤدا پەروەردە بکەن، ئەگەر ژاراوی پڕۆپاگاندای ئیسلامیستەکان لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە پلەی خۆی گەییبێ. لێرەدا ئەو چەشنە بارودۆخەی کە سوورەی کۆتایی قورئان پێکیهێناوە و ئەزموونەکەشی بۆتە هۆی پووچەڵکردنەوەی زۆربەی سوورەکانی پێش خۆی، ناتوانین بڵێین ڕق و کینە هیچ

پەیوەندییەکی بە پەرتووکی قورئانەوە نییە. لە قورئاندا دوای ئەو هەموو سوورە ئاشتیخوازنە، و ڕێی ڕاست پێشاندانە و پەیامە خۆشەویستییانە، دەکرا سوورەی کۆتاییش درێژە بەو ڕێبازە بدا و مرۆڤ هان بدا بۆ پێکەوە ژیان و سەلماندن و ڕێزلێنانی ئایین و بۆچوونەکانیتر. دەتوانرا دەنگی رق و کینە و بانگەوازی شەڕخوازی لە گەرووا بخنکێنرێت. بەڵام بەداخەوە پێچەوانەکەی رووی دا.

دیارە بە بێ قورئانیش رق و کینە و شەڕ و دوژمنایەتی نێوان مرۆڤەکان هەزاران ساڵە درێژەی هەیە. بەڵام لێرەدا قورئان ئەو شەڕە دەکاتە ئەرکێکی ئیلاهی و خودایی و کارێکی کردووە کە مرۆڤ زۆر دژوار دەتوانێ گوێڕایەڵیی پەیامەکانیتری ئەو پەرتووکە بکا.

## یەهودییەکان لە قورئاندا

پەرتووکی قورئان بە شێوەیەکی هاوچەشنی تەوەرەکانی شەڕ و ئاشتی، هەڵس و کەوت لەگەڵ یەهوودی و مەسیحییەکان دەکات. لێرەشدا دیارە مەسەلەکە بەستراوە بە کۆنتێکستی قۆناخە جیاوازەکانی ژیانی پێغەمبەرەوە. ئەو سەردەمەی محەمەد هێشتا بە دوای دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکدا دەگەڕا کە بتوانی دژبە خەڵکانی مەککە بەربەرەکانی بکا، هیوادار بوو یەهوودی و مەسیحی بەهۆی باوەڕیان بە خودای یەکتاوە، پشتیوانی لێ بکەن. تەنانەت محەمەد چەندین گێڕاوەی ناو کتێبەکانی تەوڕات و ئینجیل لە قورئاندا دووپات دەکاتەوە. ئەو گێڕاوانە دەبوو بۆ خەڵکانی مەککە وەك پەندێك بێ، و بۆ یەهوودی و مەسیحیش وەك نیزیکی قورئان لەگەڵ ئایینەکەیان وێنا بکرێ. لەو قۆناخەی سەردەمی مەککە کتێبە پیرۆزەکانی یەهوودی و مەسیحی وەك نووسراوەی ئیلاهی سەیر دەکرێن کە ڕاستەوخۆ لە لایەن خوداوە بو پێغەمبەرەکانیان نێردراون و بەو هۆیەشەوە بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر دادەنرێن. بەڵام ماوەیەکی زۆر ناکێشێ و بۆچوونی محەمەد و قورئانەکەی لە هەنبەر تەوڕات و ئینجیل بە ڕاشکاوی دەگۆڕدرێت.

پەیوەندیی محەمەد لەگەڵ یەهوودی مێژوویەکی خۆشەویستیی ناهومێدانەیە. لە سەرەتاوە دەبوو یەهوودییەکان وەك پشتیوانێکی محەمەد دژ بە عەرەبی بوت پەرست بێنە مەیدان، دواتر بە یاساکان و کۆمەڵگا کاریگەرەکەیانەوە لە خزمەت محەمەد دابن و ببنە سیمبولێک بۆ کۆمەڵگا نوێیەکەی.

لەسەر نیوە دورگەی عەرەبی و لە سەردمی ژیانی محەمەددا هۆزێکی زۆری یەهوودی نیشتەجێ بوون. ئەوان زیاتر لە ناوچەکانی وادی ئەل-قورا "Wadi al-Qura"، فەدەك "Fadak"، خەیبەر "Kaybar" و یەثریب "Yathrib" ئەو جێگایەی کە دواتر لە لایەن محەمەدەوە ناوی مەدینەی لەسەر دانرا، کۆ ببوونەوە. چەند لە هۆزە

شەڕخوازە عەرەبەکان بەردەوام هەوڵیان دەدا یەهوودییەکان لەو ناوچە عەرەبیانە دەر کەن، بەڵام یەهوودییەکان بە درێژایی پێنج سەد ساڵ توانیبویان بوونیان لە ناوچەکەدا بسلمێنن. هەندێک لە یەهوودییەکان کاری بازرگانی و کاری هونەری دەستییان دەکرد ، بەڵام زۆربەیان ژیانیان بەهۆی کاری کشتوکاڵەوە دابین دەکرا، کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ناوچەکانیتر کارێکی نائاسایی بۆ کۆمەڵی یەهوودی بوو. چونکە کۆمەڵی یەهوودی، وەك خەڵکێکی کەمینەی بێ وڵات، دەبوو لە بارودۆخی تەنگانەدا زۆر بە پەلە بتوانن ماڵ و حاڵیان بپێچنەوە و بۆ جێگایەکی ئەمنی ڕاگوێزن. بەڵام خانووبەرە و دوکانەکانیان لە ناوچەکان لێ بەجێ دەما. سەرەڕای ئەو کێشانەش یەهوودییەکان بە ڕاشکاوی وڵاتە عەرەبییەکانیان بە ماڵی خۆیان دەزانی و ئەو هێرشکارییە و مەترسیانەیان دەبەر چاو نەدەگرت، هەتا سەر و گوێلاکی محەمەدان لێ وەدیار کەوت.

ئەو شتە ڕوون نیە کە ئایا محەمەد دەسپێڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆی لەسەر نوسراوە یەهوودییەکان بووە یاخود تەنیا وەك گێڕاوە و ڕیوایەت لە سەفەرەکانیدا بە گوێی گەیشتوون. بەڵگە ئەوەیە: قورئان نەک هەر گێڕاوەکان لە ڕووی تەوڕات دەنووسێتەوە، بەڵکوو کەڵکی لە "تەلموود"ی بابیلییەکان و کتێبی تەفسیری یەهوودییەکان وەك میدرەش رابا "Midrasch Rabba"، وەرگرتووە کە لە ناو عەرەبەکاندا زۆر ناودار بوو. سەیر ئەوەیە کە لێرەدا قورئان جیاوازی لە نێوان کتێبی پیرۆز و نووسراوەی دەستی مرۆڤ دانانێ. بۆ قورئان هەر هەموو نووسراوەکان ئاخەفتنی خودا بووە لە تەوڕاتدا. لەوەش زیاتر: لە سووڕەکانی سەردەمی زووی قورئاندا یەهوودیەکان بە میراتوەرگری زانیاریی خودا و سەرچاوەی ڕووناکبیری بۆ مرۆڤایەتی ڕوون کراوەتەوە:

*"ئێمە کتێب و کارزانی و پلەی پێغەمبەرایەتیمان دابە تۆرەمەی ئیسرائیل؛ بژیوی پاك و چاکیشمان پێ گەیاندن. لە چاو هەموو خەڵکی دنیاش سەرمان خستن." (سووڕەی٤٥ ئایەی ١٦)*

ئەو ڕێز لینانە تەنیا لەو سەردەمەدا پێکهاتووە کە لە گێڕاوەکان بۆ سەلماندنی پێغەمبەر و بوونی محەمەد کەڵکیان لێ وەرگیراوە: ئایا محەمەد هەر ئەو چیرۆکانەی

نەدەگێڕاوە کە یەهوودی و مەسیحیش دەیانناسی؟ ئایا هەر عالمانی یەهوودی نەبوون کە پەیامی محەمەدیان پێش هەموو ئەوانیتر وەرگرت و بە فەرمی ناسییان؟

خاڵی دووهەمیان زیاتر ئارەزووی محەمەد بوو، کە لەو سووڕەیەدا ڕوون دەبێتەوە:

*"[روح الامین] هێنایە خوار، بۆ سەر دڵت؛ تا تۆ لە ترسێنەران بی. بە زوانێکی عەرەبی ڕەوان و هاسان. لە کتێبەکانی پێشوشدا باسی هەیە. داخۆ ئەمە بۆ ئەوان بەڵگەیەك نییە؟ کە زاناکانی تۆرمەی ئیسڕائیلیش، هەر لەوە ئاگایان هەیە." (سووڕەی٢٦ ئایەی ١٩٣- ١٩٧)*

زانایان و عالمانی ئایینە یەکتا پەرەستەکان بەو شێوەیە ئەویان نەسەلماندبوو کە محەمەد خۆی ئارەزووی دەکرد. بەڵام بارودۆخەکە بە دەست لەسەر دانان و سوور بوون و پێداگرتنی چەند جارەکیی مرۆڤی یەهوودی کە لە لایەن خوداوە هەڵبژێردراوە، هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەدەهات. محەمەد بەردەوام و هەمیسان دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکان دەکردەوە. بۆ وێنە خەڵکانی بێ دینی مەککەی لەگەڵ فیرعەوونە لووت بەرز و لەخۆ ڕازییەکان هەڵدەسەنگاند، (مێژووی موسا کە خەڵکەکەی لە کۆیلەیی میسرییەکان ئازاد کرد)، خۆی وەك بەشێکی خەڵکانی ئیسرائیل دەبینی:

*"تۆرەمەی ئیسڕائیلیشمان لەو ئازاری پڕ سووکایەتییە ڕزگار کرد: لە فیرعەونێ کە خۆی زۆر بە زل دەزانی و لەوانە بوو کە لە ئەندازە دەردەچن. ئەوانیشمان بە دانستە - لە چاو خەڵکی هەموو دنیا - بەڕێزتر گرت. هێندەشمان نیشانە دانێ کە ئاشکرا، ببن بە مایەی ئەزموونێ." (سووڕەی٤٤ ئایەی ٣٠ - ٣٣)*

تەنانەت دوای کۆچ بۆ مەدینەش لە سەرەتاوە محەمەد پەیوەندیی و دۆستایەتیکردن لەگەڵ خەڵکانی یەهوودی هێشتەوە و دوو جاریتریش دووپاتیکردەوە کە ئەو کۆمەڵە هەڵبژاردەی خودایە:

*"ئەی بەرەی سەر بە ئیسڕائیل! لەبیر مەکەن چەندم چاکە دەگەڵ کردن، لەچاو خەڵکی هەموو دنیا، پتر ڕێزم لە ئێوە نا." (سووڕەی٢ ئایەی ١٢٢ و سووڕەی ٢ ئایەی ٤٧)*

لێکدەرەوی قورئان ابن کثیر "Ibn Kathīr" دەڵێ: خودا مرۆڤی یەهوودیی هەڵبژاردووە و کتێبی تەورات و چەندین پێغەمبەری بۆ ناردوون.[٢١]

سەیر ئەوەیە کە کتێبی قورئان مافی خودایی کۆمەڵی یەهوودی دەناسێنێ و وڵاتێکی پیرۆزیشان بۆ دیاری دەکات:

*"ئەو دەمانەش کە مووسا بە هۆزی خۆی گوت: گەلۆ! دەبێ هەرگیز ئێوە ئەو چاکەیەی لەبیر نەکەن کە خودا دەربارەی کردوون، کە ئەو هەموو پێغەمبەرەی هەر لەناو خۆتان بۆ ناردوون، چەندین پادشای لە خۆتان پەیدا کردووە و ئەوشتەی بە ئێوەی داوە، بە هیچ کەسی لەم دنیایەدا نەداوە. گەلۆ! بچنە ئەو سەرزەمینە پیرۆزەی خوا بۆ ئێوەی بڕیار داوە و بۆونووسراوە و بەرەوپاش مەگەڕێنەوە. گەر لە پەیمان خۆببوورێن، بە زیانتان تەواو دەبێ." (سوورەی٥ ئایەی ٢٠ - ٢١)*

لە سوورەی ١٧ دا ئەوە خودایە کە وڵات بە یەهوودیەکان دەبەخشێ. بەڵام ڕوون نییە مەبەستی لەو وڵاتە "فەلەستین"ە یا میسر. یەکەمین سوورەکانی قورئان ئاماژە بە وڵاتی فەرعوونەکان دەکا:

*"ویستی گەڕیان تێ هاڵێنێ و لەو سەرزەمینە دەریان کا، ئێمەش ئەم و خڕ ئەوانەی دەگەڵیان بوون، نوقمن کردن. لەپاش ئەویش بە بەرەی ئیسراییل مان گوت: نیشتە جێ بن لەم وڵاتە و هەر دەمێکیش سەڵا ڕابوو، ئەوسا گشتوو پێکەوە کۆدەکەینەوە." (سوورەی١٧ ئایەی ١٠٣ - ١٠٤)*

لە جێگایەکیتر واتە سوورەی ٢٦دا هاتووە:

*"ئێمە مووسامان تێگەیاند: عەبدەکانم لە شەوێدا وەڕێ بخە، کە دیارە بەدووتاندا دێن. فیرعەون وەکۆکەرانی نارد بۆ شارەکان. [وتی:] ئەوان کۆمەڵەیەکی هێندکن. بەڕاستی کە ئێمەیان توورە کردووە. ئێمە هەموو وریایانین. ئیتر باغات و کانیاون پێ جێ هێشتن. وێڕای هەموو گەنجینە و خانووە خۆشەکان. هەر بەو جۆرە ئەم هەموومشان دا بە تۆرمەی ئیسرائیل." (سوورەی٢٦ ئایەی ٥٢ - ٥٩)*

---

[٢١] Ibn Kathīr: tafsīr, Sure ٢:١٢٢

خودا ویستوویە وڵات بە خەڵکە هەڵبژاردراوەکەی ببخشێ، کە نیزیکەی ٤٠ ساڵ کۆیلە بوون؟ ویستوویە ئەو ڕەنج و کۆیلەییەی ئەوان قەرەبوو بکاتەوە؟ سەداوسەد ناتوانین بزانین کە ئەوە چیرۆکە ڕاستە، چونکە هەندێك لە ڕاوێژکاران باس لە وڵاتێکی پڕ لە گەنج و باغ لە فەلەستین دەکەن، برێکیشیان دەڵێن ئەو وڵاتە دیمەشق، فەلەستین و بەشیکی ئۆردۆنیش دەگرێتەوە.

ئەلتەبەری لەسەر ئەو بۆچوونەیە، هەموو ڕاوێژکاران لای کەم لەسەر ئەو خاڵە سوورن کە وڵاتەکە لە نێوان ناوچەکانی مابەینی چۆمی فورات لە عێراق و سینا لە میسر هەڵکەوتووە.[٢٢]

چەند و چۆنیەتی هەوڵی محەمەد بۆ هەڵسەنگاندن و وەك یەك دانانی کۆمەڵەکەی لەگەڵ دوو ئایینی یەکتا پەرەستی تا چ ڕادەیەك بووە، لەوەدا دەبینرێ کە بە پێی قورئان یەهوودی و مەسیحیش لە پەنا موسوڵمانەکان بەڵینی ڕۆژی قیامەتیان پی دەدرێ چونکە ئەوانیش باوەڕیان بە خودا هەیە:

*"ئەوانە بڕوایان هێناو ئەوانەش بوونە جوولەکە، سوببییان و فەلەکانیش، هەر کامێکیان باوەڕی هەبی بە خودا و ڕۆژی سەڵا و ئاکاری چاك ڕچاو بکا، نە هیچ ترسیان لەسەر هەیە و نە خەم دەخۆن." (سوورەی٥ ئایەی ٦٩)*

محەمەد کۆمەڵەکەی ئامۆژگاری دەکا کە بە ئەخلاقێکی باشەوە کێشەکەیان لەگەڵ یەهوودی چارە بکەن:

*"ئەگەر دەگەڵ ئەهلی کتێب دەکەونە وتووێژەوە، بەو پەڕی نەرم و نیانی قسەیان لەتەکا بکەن؛ مەگین لەتەك ئەوانەیان کە ناهەقی یان کردووە. ئێوە بێژن: بەو قوڕئانەی کە بۆ ئێمە هاتۆتە خوار و بەو کتێبەی بۆ ئێوە هاتۆتەخوارێ، بڕوا دەکەین؛ خودای ئێمە و خودای ئێوە هەر یەکێکە، ئێمە خۆمان بەو دەسپێرین." (سوورەی٢٩ ئایەی ٤٦)*

---

[٢٢] al-Tabari: tafsīr, Sure ٢٦:٥٧

## ئایینی نموونە و ئارەزووی یەکگرتن

محەمەد لە مەدینە ئایین، یاسا، ڕێگا و شوێنێکی نوێی بۆ خۆی دۆزیبۆوە کە تا ئەو سەردەمە بۆ عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە نەناسراو بوو. زۆربەی ئەو ڕێ وڕەسمانەشی لە ئایینی یەهوودیەکانەوە وەرگرتبوو. وەك: خۆ شوشتنی پێش نوێژ و غوسڵ کردن دوای نیزیکی سێکسی، نەخواردنی گۆشتی بەراز و خەتەنەکردنی کیژ و لاو و ... . وشەی عەرەبی "شەریعەت"یش تەنیا وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی وشەی هەلاخا "halakha" لە زمانی عیبرییەوەیە کە بە گشتی یاساکانی ئایینی مووسا دەگرێتەوە. هەردووك وشەکان بە "ڕێگا" یا " وەڕێ کەوتن" مانا دەکرێنەوە. تەنانەت لە سەرەتاوە محەمەد قیبلەی نوێژکردنیشی، کە شاری ئورشلیم بوو، لەگەڵ یەهوودییەکان بەش کرد و لە دوو ساڵی سەرەتای چالاکیی ئایینیی و بانگەوازەکەی لە مەدینە باوەڕپێکراوان دەبوایە بەرەو ئورشلیم نوێژ و دۆعا بکەن.

لە ساڵی ١٨٣٣ ی زایینی لە شاری بۆن لە وڵاتی ئاڵمان گرووپێکی مەلایانی ئایینی یەهوودی و ڕۆژهەڵات ناسێك بە ناوی ئیبراهیم گەیگر "Abraham Geiger" نووسراوەیەکیان بە ناوی "ئەوشتانەی محەمەد لە ئایینی یەهوودی وەرگرتووە" بڵاو کردەوە کە ڕێگای لە پسپۆڕانی مودێرنی ئیسلامی و قورئان ناسان شێواند. لەوێدا بۆ یەکەم جار زۆربەی نووسراوە، چیرۆك، یاسا و شتە یاساغەکان کە محەمەد لە سەرچاوە یەهوودیەکانی وەرگرتبوو، بە بەڵگەوە بڵاو کرانەوە.

پێغەمبەر لەو سەردەمەدا لە لایەکەوە بۆ شێوازپێدان بە کۆمەڵەکەی، وەك کۆمەڵەیەکی نموونە، پێویستی بە یەهوودیەکان هەبوو، و لە لایەکیتریشەوە لە هەنبەر کافرە عەرەبەکان یارمەتی و یەکیەتی یەهوودیەکانی زۆر لا گرنگ بوو، لای خۆی وای دانابوو کە یەهوودیەکان لە بەربەرەکانی لەگەڵ کافرەکاناد یارمەتی دەدەن و لە داهاتووشدا ئایینی خۆیان وەلا دەنێن و دەچنە سەر ئایینی ئیسلام. لە گەڵاڵەکردنی یاسای مەدینەدا محەمەد ئیزنی ئازادیی ئایینی بە یەهوودیەکان دابوو. هاوکاتیش دەبوو

یەهوودیەکان لە ئەگەری هێرش کردنی دوژمن بۆ سەر شاری مەدینەدا، یارمەتی موسوڵمانەکان بکەن. سەرەڕای ئەوەش یەهوودیەکان لە لایەکەوە دەبوو یارمەتی ماڵیی بە شەڕەکانی محەمەد بکەن کە بە پێی کات گەورەتر و بەربڵاوتر دەبۆونەوە و لەولاشەوە ئیزنی مامەلەکردن لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامیان لێ سەندرابۆوە. بۆ کەشاوەرز و وەرزێری یەهوودی کە خورمای شاری مەککەیان دابین دەکرد، هەروەها بۆ بازرگان و هونەرمەندان و کارزانانی یەهوودی کە زۆربەی بەرهەمی کارەکەیان بە دەرەوەی سنووری شاری مەدینەدا تێپەڕ دەبوو، کێشەیەکی جیددی دروست کرا. مرۆڤ دەتوانی لەبەر چاوی خۆی وێنای بکا کە بەو هۆیانە کۆمەڵی یەهوودی لە پێکهاتنی بارودۆخێکی ئەوتۆ زۆر ناڕازی بوون.

لە سەرتاوە هۆزە یەهوودیەکان بە هیوا بوون تا ئەو جێگایەی بۆیان مومکین دەبوو شێوەیەکی بێ لایەنانە پێشە بکەن و بتوانن خۆ لە کێشەکانی محەمەد لادان. بەڵام زۆر زوو بۆیان ڕوون بۆوە کە ڕاستیەکە زۆر تاڵتر لەوەیە کە ئەوان بیریان لێ دەکردەوە. تەنیا چەند مانگ دوای کۆچ بۆ شاری مەدینە محەمەد دەستی بە هێرش بۆ سەر کاروانەکانی مەککە کرد کە هەم یەهوودیەکان و هەم هۆزە عەڕەبەکان هەوڵی خۆ تێکەڵکردن لەو شەڕانەیان نە دەدا و خۆیان لێ دوور ڕاگرتبوو. بەڵام ئەو بارو دۆخە گۆڕانی بەسەر دا هات کاتێ لە ساڵی ٦٢٤ لە شەڕی بەدردا بۆ یەکەمجار شەڕی ڕاستەوخۆ لە نێوان خەڵکانی مەککە و شەڕکەرەکانی محەمەد بەڕێوەچوو. لەبەر ئەوەی شەڕەکە لە مەدینە بەڕێوە نەچووبوو، یەهوودیەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خۆتیهەڵنەقوتان و بێ لایەنیان لەو شەڕەدا بە پێی یاسا بە زیانیان تەواو نابێ. بەڵام محەمەد ئەو کارەی بە شێوەیەکیتر سەیر دەکرد. ئەو وەدوای دروشمە ناسراوەکە کەوت کە دەڵێ: "هەرکەس لەگەڵ ئێمە نەبێ، دژ بە ئێمەیە." بێ لایەنی لای ئەو وەك خەیانەت وابوو.

ئەو هەڵس و کەوتە لە قورئانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. یەهوودییەکان لەو کاتە بەدواوە، بە درۆزن دەناسرێن:

*"بۆ درۆ، گوێ هەڵدەخەن و بە حەرام خواردنی فێرن. جا ئەگەر جارێ دێنە لات، تۆ، بە نێوانیان ڕابگە یان خۆیان تێ مەگەیێنە. ئەگەر وازیشیان لێ بێنی، هیچ زیانێك لە تۆ نادەن. خۆ ئەگەر تۆ بە نێوانیشیان ڕابگەی، کێشەکەیان بە لاگری و بە یەکسانی بۆ پێك بێنە. خودا پیاوی بێ دەغەز و ڕاست و ڕەوای خۆش گەرەکن." (سوورەی٥ ئایەی٤٢)*

ئازادیی ئایینی کە لە بەرنامەی یاسایی مەدینەدا بۆ یەهوودییەکان دیاریکرابوو، وردە وردە کەم کرایەوە و لە هەوەڵەوە لە پشت پەردە و دواتر بە ئاشکرایی هان دەدران کە دەبێ ئایینی ئیسلام قەبووڵ بکەن:

*"ئەی زار و زێچی ئیسڕائیل! لەبیروبێ چەندم چاکە دەگەڵ کردوون. پەیمانی من بەجێ بێنن؛ منیش پەیمانی پێم داون، پێك دێنم و هەر تەنیا لە خۆم بترسن. بڕواو هەبێ بەوەی کە ناردوومەتە خوار، کە ئەمەش بەڕاست دەزانێ وا ئێستا لە لای ئێوەیە. مەبنە پێشەنگی ئەوانەی حاشا لەم کتێبە دەکەن؛ ناشێ نیشانەکانی من بە نرخێکی کەم بفرۆشن. سا هەر لە خۆم ترسوهەبێ. ڕاستی ڕەوا بە ناڕەوا دامەپۆشن. حاشاو لەو ڕاستیە نەبێ، کە بۆخۆتان ناسیوتانە. نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ دەگەڵ کڕنۆش بەرەکاندا کڕنۆش بەرن." (سوورەی٢ ئایەی ٤٠-٤٣)*

زۆربەی هۆزە یەهوودییەکان ئەو بانگەشەیان رەد کردەوە و لە سەر داب و نەریت و ئایینی خۆیان مانەوە. محەمەد نە توانی سەرنجی ئەوان بۆ لای ئایینەکەی ڕاکێشی، و نە توانیشی یەکیەتییەك لە موسوڵمان و یەهوودی دژ بە بێدینەکان پیك بێنێ.

## یەکەم ڕاونان و دەرکردنەکان

دوای سەرکەوتوویی لە شەڕی بەدر دژ بە خەڵکانی مەککە، محەمەد دەستیکرد بە دەرکردن و ڕاونانی یەك لەدوای یەکی هۆزە یەهوودیەکان. محەمەد دەیویست تەنیا ئەو کەسانە ئیزنی ژیانیان لە شاری مەدینە هەبێ کە بەشداریی شەڕەکانیان دەکرد. ئەو، پرۆژە "پاکسازی"یەکەی لە لاوازترین هۆزەکانەوە دەستپێکرد. ڕیوایەتی سەرچاوەی ئیسلامییەکان لەسەر ئەو پرۆژەیە ئاوا دەدوێن:

"ژنێکی موسوڵمان ویستوویە لای زێڕفرۆشێکی جوولەکە لەهۆزی بەنی قەینوقە "Banū Qainuqā" زێڕ بکڕێ و لەهەمان دوکاندا لە لایەن جوولەکەیەکەوە سووکایەتی پێکراوە. دواتر دەبێ جوولەکەکە چارشێوی ژنەکەی لەسەری لابردبێ. پیاوێکی موسوڵمان لەوی خۆی تێکەڵاوی کێشەکە کردووە و بارودۆخەکە وا ئاستەم بۆتەوە کە موسوڵمانەکە پیاوە جوولەکەکەی کوشتووە. دوای ئەو کارەساتە یەهوودییەکان توورە بوون و پیاوە موسوڵمانەکەیان کوشتۆتەوە. محەمەد ئەو کارەی بە شکاندنی ڕێکەوتنەکەی مەدینە داناوە و دوو حەوتووی تەواو جێی ژیانی هۆزی "BanūQainuqā"ی گەمارۆ داوە، هەتا هەموویان خۆیان تەسلیمی محەمەد کردووە. لە ڕاستیدا لە ناخی دڵیەوە ویستوویە هەموویان بکووژێ، بەڵام بە نێوبژیکاریی هۆزێکی نوێ موسوڵمان بە ناوی خەزرەج "Khasradsch" سزاکەیان بۆ کەم کردوونەتەووە: هەموو ئەندامانی هۆزەکە ناچار بە ڕۆیشتن لە مەدینە کراون بە بێ ئەوەی ئیزنی بردنی ماڵ و دارایی خۆیان پێ بدرێ."

وێدەچێ ئەو چیرۆکە تەنیا بیانوویەک بووبێت بۆ ڕاونانی یەکەم هۆزی جوولەکە لە مەدینە و دەستپێك و بەڕێوەبردنی پلانێك کە ماوەیەکی درێژ بوو دارێژابوو. پلانێک کە دوای ئەو ڕووداوە بە شێوەیەکی سیستماتیك لە لایەن محەمەد و شەڕکەرەکانیەوە دژ بە هۆزە یەهوودیەکان بەڕێوە چوو. لەو کارەساتانەدا محەمەد یا بە پتوونی هەموو

هۆزەکەی لە شار دەردەکرد یا فەرمانی کوشتنی هەموو پیاوەکانی هۆزەکەی دەدا و ژن و منداڵەکانیانی لە شارەکە دەر دەکرد. لە ماڵە چۆڵەکانیشیاندا شەڕکەرە نوێیەکانی خۆی جێگر دەکرد کە بۆ یارمەتیی ئەو و یارانی هاتبوونە شاری مەدینە.

بە هەمان شێوە بڕیاری ڕاو و رووتکردنی دووهەم هۆزی جوولەکە واتە هۆزی بن النذر "Banū N-Nadīr" ی دەرکرد. ساڵێك دوای سەرکەوتوویی لە شەڕی بەدر، لە پەنا ناوچەی ئوحود "Uhud" شەڕکەرەکانی لە شەڕێك کە دژ بە خەڵکانی مەککە و هاوپەیمانەکانیان بەڕێوە چوو، شکستیان خوارد. لە مێژووی ئیسلامدا ئاماژە بە دۆڕاندنی ئەو شەڕە کراوە، کە لە پەنا شاخێکی نیزیك بە شاری مەدینە رووی داوە و دەبێ خودا بۆ تاقیکردنەوەی باوەڕپێکراوان بەڕێوەی بردبێ. بەڵام بەهۆی ئەو هەرەسهێنانەوە نەک هەر ئازار بە ورە و هەستی دەروونی محەمەد و شەڕکەرەکانی گەیشت، بەڵکوو درزێکی گەورەشی لە کیسەی داراییاندا پیک هێنا، واتە لە: "دەسکەوت و تاڵانی شەڕ و هەروەها پارەی گۆڕینەوەی کۆیلە و ئەسیرانی شەڕ." محەمەد و شەڕکەرەکانی تووشی بارودۆخێکی دژواری ماڵی هاتبوون. سەرەڕای ئەوەش، بەهۆی ئەو هەرەسهێنانەوە کە لە ڕوانگەی ڕۆحییەوە محەمەد و شەڕکەرەکانی بە ڕادەیەکی زۆر لاواز کردبوون، ئەگەری ئەوەش پێکهاتبوو کە ئایا خودا لە لایەنی ئەواندا ماوەتەوە؟ ئایا خودا نەیدەتوانی ئەمجارەش بۆ یارمەتیان فریشتەکان بنێرێ و پێش بەو شکستە بگرێ؟

محەمەد هەوڵێکی زۆری دا شەڕکەرەکانی تێبگەیێنێ کە خودا بە زانایی و مەیلی خۆیەوە هەوڵی تاقیکردنەوەی باوەڕپێکراوانی داوە و ویستویە پلەی باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام بپێوێت. محەمەد بۆ ئەوەی بتوانێ پێشگری لە هەڵوەشانی کۆمەڵەکەی بکات و بۆ قەرەبوو کردنەوەی دەربڕینی وەفاداریی شەڕکەرەکانی لە هەنبەر ئایینەکەی خەڵاتیان بداتێ، بڕیاری دا دژ بە دووهەم هۆزی یەهوودیی (بن النذر) لە مەدینە هێرشکاریی بکا و بۆ ئەو کارە پێویستیی بە بیانوویەك هەبوو:

" محەمەد لەو پەیوەندییەدا گوتوویەتی فریشتەی سەرەکی جوبرائیل هاتۆتە لای و پێی گوتووە پیاوێکی هۆزی نذر پلانی داڕشتووە محەمەد بکووژێ. دوای ئەو پەیامە ئیلاهیە، محەمد هێرشی کردۆتە سەر ئەو هۆزە کە ژیانیان بە کاری وەرزێریی دابین

دەکرد، دەستووری سووتاندنی بەرهەم و مەزراکانیانی دەدا، لە ئەنجامدا، هۆزەکەیان لە ناوچەکە دەرکرا و ماڵ و داراییان لێ زەوت کرا."

کتێبی "قورئان"یش بۆ ئەو کارەساتە ئافەرین دەنێرێ:

*"کە هەر ئەو کۆمەڵی پێ نەزانانی، لەوانەی ئەهلی کتێب بوون – لە وەدەرنانی هەوەڵ دا – لە زێدی خۆ تەرە کردن. ئێوە پێتان وانەبوو کە دەردەکەون؛ خۆشیان وایان خەیاڵ دەکرد قەڵاکانیان لە خودایان دەپارێزێ. خودا لە شوێنێکی واوە پارێزی بردە سەر ئەوان، کە لە خەیاڵیشیاندا نەبوو. وای ترس هاویشتە دڵیان، ماڵی خۆیان بەدەستی خۆ و بە دەستی خاوەن باوەڕان، کاول دەکرد. سا ئێوە دەرس وەرگرن، ئەی گرۆی خاوەن ئاوەزان! ئەگەر خودا ئاوارەیی لەسەر ئەوان نەنووسیبا، هەر لە دنیا تووشی ئازاری دەکردن و لەو دنیاش بەشیان ئازاری بە ئاگر بوو. ئەمەش چونکە ئەوان دژی خودا و پێغەمبەرەکەی بوون. هەر کەس دژی خودا و پێغەمبەری ئەو بێ، تۆڵەی خودا زۆر دژوارە. هەر دار خورمایەکتان بڕی، یان لێی گەڕان لەسەر ڕەگی خۆ بمێنن، هەمووی بە ئیزنی خودا بوو؛ تا ئەو لەڕێ لادەرانە تووشی سووکایەتی بکا." (سوورەی٥٩ ئایەی ٢ - ٥)*

## زمانی قورئان توند و تیژتر دەبێتەوە

سەیر ئەوەیە بۆچی قورئان زۆربەی جاران ڕێگاپێشاندەر نییە بەڵکوو تەنیا هەڵس و کەوت لەهەنبەر ڕووداوەکاندا دەکا. هاوتەریب لەگەڵ یەکەم ڕاوانەکان، زمانی ئاخافتنی قورئانیش لە هەنبەر یەهوودییەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت. ئیتر باسی ڕاهێنەری زانا نەدەکرا بەڵکوو وەك ئاژاوەچی و سەرچاوەی ڕق و کینە نێو دەنران:

*"ئەی پێغەمبەر! خۆت بەوانە دڵتەنگ مەکە کە بۆ لەدین وەرگەڕانێ پەلەیانە و دێنە لات و بە دەم دەڵێن: بڕوامان بە تۆ هێناوە و دڵیان بڕوای نەهیناوە. هەروەها لەو جوولەکانەش خۆت تووشی خەمباری مەکە، کە گوێ بۆ درۆ هەڵدەخەن، فێر بوون قسە لە خەڵکیتر دەبیسن و دەی قۆزنەوە، کە ئەوانەش هەرگیز نەهاتوونە لای تۆ، جێ گۆڕکێ بە قسەکان دەکەن؛ دەڵێن: ئەگەر فلان قسەیان بۆ گوتن، وەریگرن، دەنا خۆی لێ بپارێزن. هەر کەسێکیش خودا ویستی جەزرەبەی بۆ ببڕێتەوە، تۆ ناتوانی لە خودای بی نیاز بکەی و هیچ کارێکی بۆ ڕێك بخەی. ئەمانە خودا نایەوێ دڵیان لە گوناە و پیسی بسڕێتەوە؛ بەشیان لە دنیا سووکییە و لە قیامەتیش جەزرەبەیان دژوار دەبێ." (سوورەی٥ ئایەی ٤١)*

هەروەها لە سوورەی چواردا هاتووە:

*"هێندی کەس لە جوولەکەکان، وتاری خودا دەگۆڕن و قسەی تری دەخەنە جێ. بە تۆش دەڵێن: بیستمان و گوێمان نەدا؛ تۆش ببیسە: دەك قەت گوێت لە ئێمە نەبێ! زمانیان دەلالچ دەگرن و تانە لە دینت دەدەن و بە تەشەر ئێژن: "راعنا"[واتە ئێمە ڕەچاوی دەکەین']. ئەگەر ئەمان بیانگوتایە: بیستمان و بە قسەت دەکەین و لێمان بیسی و دەبێ چاوێکت لێمان بێ، بۆیان چاکتر و ڕاستتر بوو. بەڵام خودا لەسەر ئەو ڕێ و گۆڕینەیان نەفرینی خۆی لێ کردوون و لەوانە – کەمێکیان نەبێ – نایانەوێ بڕوا بێنن." (سوورەی٤ ئایەی ٤٦)*

دوای دەرکردنی هۆزی قەینوقە لە مەدینە نەک هەر زمانی ئاخافتنی قورئان دژ بە یەهوودییەکان توند و تیژتر بۆوە، بەڵکوو کارتێکەرییەکانی ڕاستەوخۆ، ژیانی ڕۆژانەی لێ تاڵ کردن. محەمەد قیبلەی نوێژ و تاعەتی بۆ مەککە گواستبۆوە. لێرەدا مرۆڤ هەست بە مەسڵەحەتخوازیی پێغەمبەر دەکا. لە سەرەتاوە دەیویست ئایینی ئیسلام تەنیا بۆ نەتەوەی عەرەب نەبێ و ئایینەکە تێکەڵاوییەك لە داب و نەریتی یەکتاپەرەستی یەهوودی و مەسیحی بێ، کەچی کاتێ لە یەهوودییەکان ناهومێد دەبێ، کەم تا کورتێک دەگەڕێتەوە سەر داب و نەریتی کۆنی عەرەبی. عەرەبەکان هیچ تامەزرۆییەکی ئەوتۆیان بە شاری ئورشلیم وەك قیبلە نەبوو، بەڵام بە پێچەوانە کەعبەی مەککە ناوەندێکی مەزنی ئایینی ناوچەکە بوو و نیازی گەڕانەوەی سەرکەوتوانەی بۆ سەر ئایینی ئیسلام دابین دەکرد.

[لە ڕوانگەی ئیسلامیەکانەوە]، ئەوەیکە ئایینی ئیسلام لە لایەن خوداوە نازڵ بووە بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ئایینەکانیتردا زاڵ بێ، هیچ شکی تێدا نییە:

*"جوولەکەکان گوتیان: عوزەیر کوڕی خوایە. فەلەش گوتیان:مەسیح فەرزەندی خودایە. ئەو قسانەی دەمی ئەوان ئەیدەرکێنێ، وێنەی قسەی خودانەناسانی پێشوون. خوا بیان کووژێ چۆنین لە حەقێ لا دەدرێن؟ لەبری خودا، مەلاکان و ڕەبەنەکانی خۆیان و مەسیحی فەرزەندی مەریەمیان کردە خودا؛ فەرمانیشیان وێ درابوو بێژگە لە خوای تاك و تەنیا نەپەرەستن. لە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرەستن ناشێ. خودا بێ عەیبە و بە دوورە لەو شتانەی بە هاوتای ئەوی دەزانن. دەیانەوێ بە فووی دەمیان، تیشکی ڕۆشنایی خودا وەکووژێنن؛ خوداش خۆی بڕیاری داوە کە ئەم تیشکەی هەر سەرکەوێ، جا با خودانەناسەکنیش حەز نەکەن. خودا بۆ ڕێ نیشاندان ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، پێغەمبەری خۆی ناردووە؛ تا گش دینەکانی دیکە بەرخۆی بدا؛ هەرچەند ئەوانەش حەزنەکەن کە شەریك بۆ خودا دادەنێن." (سوورەی٩ ئایەی٣٠ تا٣٣)*

یەهوودیی و مەسیحییەکان ئیتر وەك باوەڕپێکراو بە خودای تاقانە سەیر ناکرێن بەڵکوو بە موشریك دادنرێن، کە لە پەنا خودا سەر بۆ کاسانیتریش دادەنەوێنن. لایەنگرانی هەردوك ئایینەکە بەوە تاوانبار دەکرێن کە بۆ لەناوبردنی ئایینی ئیسلام

پیلانێکیان دژ بەو ئایینە ڕاستەقینەیە سازکردووە. بەڵام خودا خۆی ئەوان وەك بێ دین سزا دەدا.

لە پەرتوکی قورئاندا چەندین سوورەی لەسەر خەڵكێك تێدایە کە لە لایەن خوداوە هەڵبژێردراون بەڵام پەیمانەکەیان لەگەڵ خودا شکاندووە و بەوهۆیەوە تاوانێکی گران چاوەڕوانیان دەکا:

*"ئەوسا لەسەر پەیمان شکاندنیان و خۆبواردنیان لە نیشانەکانی خوا و هەر لە ناهەق کوشتنی پێغەمبەرانیان و گوتیان: "ئێمە دڵمان داخراوە"، [بەر نفرینی خۆمان خستن.] هەر خودا خۆی دڵی بە مۆر داخستبوون. ئیتر بەشی کەمیان نەبێ، لە باوەڕهێنیان بێ بەشن." (سوورەی٤ ئایەی ١٥٥)*

یەهوودیەکان نەک هەربەوە تاوانبار ناکرێن کە عیسا مەسیحیان کوشتووە، بەڵکوو بە خۆهەڵکێش و ساختەچی دەناسرێن:

*"لەبەر لارێ خوا لادانو ئەو بوختانە گەورە بۆ مەریەمیان هەڵبەست؛ لەبەر ئەوەش کە دەیانگوت: ئێمە عیسای کوڕی مەریەمن لەناوبرد – کە پێغەمبەری خوا بوو – کەچی نە ئەوان کوشتیان، نە توانیان لە قەنارەی دەن؛ بەڵام سەریان لی تێکچووبوو، لە ڕایەکەیان دوودڵن لەو باوەڕە و هەر پەیرەوانی گومانن. بێگومان نەیان کوشتووە؛ بەڵکوو خوا بەرەوخۆی هەڵکێشایەوە. خوا هەمیشە خاوەنی دەستەڵات بوە و لە کارزانە. لەوانەی ئەهلی کتێبین، هەر کەسیان – بەر لە مەرگی – بڕوای بە عیسا دەهێنێ، دیارە [عیساش] ڕۆژی قیامەت دەبێتە شایەت لەسەریان." (سوورەی٤ ئایەی ١٥٦ تا ١٥٩)*

لیستەی کلیشەی دژ بە سەهیۆنیستی پەیتا پەیتا دوور و درێژتر دەبێتەوە. بە گشتی یەهوودییەکان بەوە تاوانبار دەکرێن کە خەریکی پاوانکارین و لە کارەکانیاندا ناڕاستن:

*"بەو ناهەقیەی کە لە جوولەکان دەرکەوت و زۆرکەسیان لە ڕێگەی خودایە وەرگەڕان، لەو شتانەی بۆیان ڕەواکرابوو، بێ بەشمان کردن. هەرا بەهۆی سووت خواردنیان، کە پێیان گوترابوو: مەیخۆن و بە فێڕۆ دارایی مەردمیان دەخوارد؛ ئێمەش*

*بۆ ئەو پێ نەزانان و سپڵانە ئازارێکی گەلێ بەژانمان ساز داوە." (سوورەی٤ ئایەی ١٦٠ تا ١٦١)*

هەر تاوانێکی بەژان دەکرێ ڕابوەستێندرێ، ئەگەر محەمەد بە پێغەمبەری خودا بناسرێ و دینی ئیسلام بە فەرمی وەرگیرێت:

*"بەڵام زۆر زاناکانیان و بڕواداران – بەتایبەت ئەو کەسانە وا نوێژ بە باشی بەجێ دێنن – هەروەها زەکات دەران و ئەوانەی کە بە خودا و بە ڕۆژی سەڵا خاوەن بڕوان و بەوەی بۆ تۆ ناردراوەتە خوارەوە و بەوەش وا پێش تۆ ناردراوە، باوەڕیان هەس؛ بە ئەوانە بەم زوانە پاداشێکی گرینگ دەدەین." (سوورەی٤ ئایەی ١٦٢)*

بەڵام ئاگادار بن! تەنانەت ئەو کاتەی یەهوودییەکان دەشیان گوت دینی ئیسلام قەبووڵ دەکەین، نابێ باوەڕیان پێ بکەین:

*"کاتێ دێنەلاتان دەڵێن: مە باوەڕیمان هێناوە؛ کەچی ئەوان دڵ بە حاشا هاتنە ژوور و بە بێ بڕوا وەدەر کەوتن. خوداش لەو شتانەی دەیانشاردەوە ئاگادارترە." (سوورەی٥ ئایەی ٦١)*

بە گشتی لە لایەن جوولەکەکانەوە مەترسیەکی مەزن بۆ سەر زەوی بەدی دەکرێ. خوداش بەو هۆیە لە لایەن محەمەدەوە مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە کە باوەڕیان پێ نەکەن و لە زمانلووسییەکەیان خۆیان بپارێزن. ئاگادارییەك کە هەزار و چورسەد ساڵ بەردەوام دەمێنێ و ئەمڕۆش هەر وەك سەردەمی خۆی لە هەموو مزگەوتە ئیسلامیەکانی ئەم جیهانەوە قاوی بۆ دەکرێ:

*"تۆش بە پێی ئەو فەرمانانەی لە خوداوە بۆت هاتۆتە خوارەوە، بە کاروباریان ڕابگە و وەدوای ئارەزوویان مەکەوە. خۆتیشیان لێ بپارێزە، نەوەکا فریوت دەن و لە هێندێک لەو فەرمانانەی کە لە ئێمەوە بۆ تۆ هات، هەڵەت بکەن. ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێڕا، سا بزانە کە خودا نیازی وایە لە بەرانبەر بازێك لە گوناهەکانیان تۆڵەیان لێ بکاتەوە، زۆربەی زۆریش لەو مەردمە لە ڕێ دەرچوون." (سوورەی٥ ئایەی ٤٩)*

بۆ خۆپارێزی لە زمانە لووسییەکەیان، لە باوەڕپێکراوان قەدەغە کراوە دۆستایەتی لەگەڵ یەهوودی و مەسیحیدا بکەن:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەم مووسایی و مەسیحیانە؛ با ئەوان دۆستی یەکتر بن. هەرکەسێکیش لەئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش لەوان دەژمێردرێ. ئەوانەی لەسەر ناهەوین، خودا ڕێیان نیشان نادا." (سوورەی٥ ئایەی٥١)*

لە پرۆسەی نازڵبوونی سوورەکاندا، دنیا بەسەر دوو چەمکی "هێمنی" و "تووڕەیی" دا دابەشدەکرێ. تووڕە بێدینەکان واتە یەهوودی و مەسیحی، هێمنیش دیارە محەمەد و باوەڕپێکراوانیەتی. لە کۆتاییشدا دیارە محەمەد و لایەنگرەکانی سەر دەکەون:

*"هەر کەسێکیش دۆستایەتی وەل خودا و پێغەمبەری خواو وئەوانە بێ کە بوونەتە خاوەن باوەڕ، سەر بە خوان و هەر گرۆیە سەر بە خوا بن، سەردەکەون." (سوورەی٥ ئایەی ٥٦)*

محەمەد هاتبوە ناو شارێك کە تا ئەو کاتە عەرەب، یەهوودی و مەسیحی ماوەی چەندین سەدە بوو لە ئاشتییدا لەگەڵ یەکتر ژیانیان دەکرد. محەمەد مرۆڤیکی بێگانە بووە لە شاری مەدینە، بۆ پلانەکانی پێویستی بە یارمەتیی و هاوپەیمان بووە و هەروەها بۆ هەڵسووڕاندنی کۆمەڵگاکەی پێویستییەکی گرنگی بە سیمبول و چاولیکەری و لاساییکردنەوەی داب نەریتە کانی ناو کۆمەڵگاکە هەبووە. هەر وەك شاری مەککە، لە مەدینەش بۆ بانگەوازی ئایینەکەی لەگەڵ کۆمەڵێک دژبەر ڕووبەڕوو بۆوە و بە ناهومێدییەوە بۆی ڕوون بۆوە کە بۆ گەورەکردنەوەی کۆمەڵە ئیسلامییەکەی یارمەتییەکی ئەوتۆی لە لایەن خەڵکییەوە پێ نەکرا. تووڕەیی و دوژمنایەتی دژ بە یەهوودی و مەسیحی لە محەمەدەوە دەستپێکرد. هەر ئەویش بووە هۆی دەستپێکردنی ڕاوو ڕووت، دەرکردن و کوشتنیان. ناتەباییەکی ئاشکرا لەگەڵ پرەنسیپی پێشووی واتە پارێزگاری لەخۆ، بەهۆی هەڵس و کەوتی لە شاری مەدینە و هێرشکارییەکەی بۆ سەر شاری مەککە، دەردەکەوێت. ئینجا بە بیانوی خەیاڵاوی و منداڵانەیەوە وەك ئاگادارکردنەوەی جوبرائیل لە پلانی کوشتنی بە دەستی مرۆڤێکی یەهوودی یا کارەساتی ناو دووکانە زێڕنگەرەکە، کوشت و کوشتاری یەهوودییەکانی بە فەرمی بەڕێوەبردووە.

لەوانەیە بارودۆخەکە زۆر لەوەش دژوارتر دەبوو ئەگەر ئەو تووڕەییە لە لایەن یەهوودییەکانەوە دەستپێکردبایە. قورئان بۆ ئەو کارەش بەڵگە بەدەستەوە دەدا. لە سەرەتاکانەوە هیچ باس لەوە ناکرێ کە یەهوودی ڕەقیان لە موسوڵمان بێ. کەچی دواتر دەگوترێ کە یەهوودی بەو هۆیە ڕقیان لە موسوڵمانە، چونکە ئەوان باوەڕیان بە خودا هەیە. تاوانێك کە تا ئەمڕۆش لە لایەن ئیسلامییەکانەوە پڕۆپاگەندای بۆ دەکرێ:

*"تۆ بەوانەی کە ئەهلی کتێبن بێژە: ئاخۆ هەرچونکە بڕوامان بە خوا هەیە و بڕوامان بەو قورئانەیە کە بۆ ئێمە ناردراوە و بڕوامان بەوانەش هەیە کە پێش قورئان لە خوداوە ناردراون، ئێوە ڕکتان لە ئێمەیە؟ ئێوەش خۆتان بەشی زۆرتان نافەرمانن." (سووڕەی٥ ئایەی ٥٩)*

بەربەرەکانی لەگەڵ جوولەکە، لەهەمان سووڕەدا پڕتینتر دەبێت. بۆ سزادانیان تاقمێك لەوان لە لایەن خوداوە کراون بە مەیموون و بەراز. سووکایەتییەك کە تەنانەت تا ئەمڕۆش بە تامەزرۆییەکی بەرزەوە لە ناو وڵاتە ئیسلامییەکاندا قاوی بۆ دەکرێ. تەنانەت سەرۆك کوماری پێشووی میسر واتە محەمەد مورسی لە ئاخەفتنێکدا کە ساڵی ٢٠١٠ بەڕێوەی برد، یەهوودییەکانی بە وەچە و لەدایکبووی مەیموون ناو برد. بە دڵنیاییەوە ئەو بۆچوونەی لە قورئان وەرگرتبوو کە دەڵێ:

*"بێژە: ئاخۆ دەتانەوێ لەوانەو ئاگادار بکەم کە سزایان لە لای خواوە لە سزای وان خراترە؟ کەسانێکن بەر نەحلەتی خوا کەوتن و خوا غەزەبی لێ گرتن و هێندێکیانی کردە مەیموون؛ هێندێکیانی کردە بەراز؛ کە ئەوانە عەبدایەتی بتیان دەکرد. شوێنی ئەوان لە گشت جێیان خراپترە و لە هەموو لەڕێ لادەرێك گومڕاتربوون." (سووڕەی٥ ئایەی ٦٠)*

هەر بەوەش هاندانەکە کۆتایی پێ نایە:

*"زۆرێک لەوان دەبینی کە بۆ تاوان و دەست درێژی و حەرام خۆری پێشبڕکەی یەکتر دەدەن؛ ئاکاریان زۆر ناپەسەندە. ئەدی بۆچی خواناسان و زاناکانیان، لە تاوان و حەرامخۆری هیچ دەستیان وەبەرناهێنن؟ دەسکردیان زۆر ناپەسەندە! جوو گوتیان:*

*خودا دەستی بەستراوە. دەك دەستیان لە زنجیر خرێ و بە نەحلەت بن، بۆ ئەوەی لە دەمیان دەرچووا [با بزانن] دەستی خودا زۆر گوشادن؛ چۆنی خۆی ئارەزوو بکا بەخت دەکا. ئاشکرایە ئەوەی لای پەروەرێنتەوە بۆت هاتووە، لە ئەندازە لادان و خودانەناسی زۆرێك لەوانە پتر دەکا. ئێمەش ئەوا هەتا ڕۆژی هەستانەوە، رکەبەری و دوژمنیمان خستە ناویان. هەرکاتێ کە ئاگری شەڕیان هەڵگرساند، خودا بۆخۆی کووژاندیەوە. تا لە هەردن، هەر بەدفەڕی پیشەیانە و دەیانەوێ خراپە بەڕێوەبەرن و خودا لە خراپەکاران خۆشی نایە." (سوورەی٥ ئایەی ٦٢ تا ٦٤)*

هەمیسان یەهوودیەکان لەعنەتیان لێ دەکرێ و لە ئاگری هەمیشەییدا دەسووتێنرێن:

*"لەو ڕەفتارە نالەبارە وا دەیانکرد، بەرگرییان لەیەك نەکرد. ئای کە چەند خراپەیان کردا تۆ زۆر لەوانە دەبینی دەبنە دۆستی خوانەناسان. چەن خراپە ئەو تۆشەی پێشی خۆیان خست: تۆشەی تووڕەیی خودا و هەر مانەوە لە ئازاردا." (سوورەی٥ ئایەی ٧٩ تا ٨٠)*

سوورەی پێنج کە ئەو ئایانەی سەرەوەی لەخۆ گرتووە، یەك لەو سوورانەیە کە ئەگەر بە شێوەی کرۆنۆلۆژی سەیر بکرێ، سوورەکانی کۆتایی سەردەمی محەمەد نیشان دەدەن. هەڵس و کەوتی کۆتایی و بڕیاردەر دژبە یەهوودییەکان بەهۆی سوورەی ٩ وە، کە ئاخرین سوورەی قورئان پێکدێنێ، ئاشکرا دەکری. شەڕێکی ماڵوێرانکەر دژبە یەهوودییەکان دەستپێدەکرێ کە تەواوبوونی یا بە وەلانانی ئایینەکەیان و هەڵگەڕانەوەیان بۆ سەر دینی ئیسلام یاخود بە دانی زەکات کۆتایی پێ دێ:

*"وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە ناڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بەدەستی خۆ سەرانەی خۆ بەنگۆ دەدەن." (سوورەی٩ ئایەی ٢٩)*

## توونـاکردنی هێزی بەنوقورەیزە

هەرچەندە محەمەد زیاتر هێزی دەگرت بەو ئەندازەیەش هەڵس و کەوتی گوماناویتر و لەهەنبەر هەموان پارانۆئید دەبۆوە. دیارە گوشاری دەوروبەریشی بارودۆخەکەی هێندەیتریش ئاستەم دەکردەوە.

لە ڕاستیشدا خەڵکانی مەککە بۆ گەمارۆدان و گرتنەوەی مەدینە لەگەڵ چەند لە هۆزەکان یەکیەتییەکیان دژ بە محەمەد پێکهینابوو. بەو پێکهاتە دەیانەویست محەمەد ناچار بکەن دەست لە گەمارۆی بازرگانی شاری مەدینە هەڵبگرێ. بە پێی مێژوونووسانی ئیسلامی، محەمەد خۆی بۆ ئەو شەڕە ئامادە کردبوو: ئەو لەترسی ئەگەری هێرش بۆ سەر شاری مەدینە، فەرمانی هەڵقەندنی خەندەقێکی لە دەوری شار دابوو. سەرەڕای ئەوەش تۆفانێکی بەهێز بووە هۆی کشانەوەی هێرشکەران بۆ سەر شاری مەدینە. باوەڕپێکراوانی ئیسلامی ئەو سەرکەوتنە، کە بە بێ شەڕ پێکهاتبوو، بە پەرجۆی خودایی دادەنێن. خودا تۆفانیکی بەهێزی بۆ پشتیوانی هێزی موسوڵمانان ناردووە.

هێزی داعیش ئەمڕۆ لە ویدیۆ پرۆپاگەنداکانیاندا مرۆڤ وەبیر ئەو شەڕە دەخەنەوە و خۆیان لە شارەکانی سووریا لەگەڵ ئەو سەردەمە و شاری مەدینە هەڵدەسەنگێنن. جێت و فرۆکەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، ئەرتەشی ئەسەد و شیعەکان بە هاوپەیمانەکانی مەککە دادەنرێن کە دژ بە هێزی ڕاستەقینەی ئیسلامی واتە خۆیان، یەکیان گرتووە. گرنگ نییە داعیش چەند لەو شەڕانە دەدۆڕێنن، یاخود چەندە شار و ناوچە لە دەست دەدەن، گرنگ ئەوەیە باوەڕی سەرکەوتوویی کۆتایی لە مێشکی شەڕکەرەکانیاندا پەروەردە بکەن. چونکە ئەو کارە بەڵێنییەکی پیرۆزە کە خودا بە پێغەمبەر و هاوڕێکانی داوە: لەشکری خودا بەسەر یەکیەتی بێدیناندا سەردەکەوێ، جا هەر ئەندازەش بەهێز بن!

لەبەر ئەوەی محەمەد ئەمجارەیان بە بی شەڕ سەرکەوتبوو، شانسی دەستکەوتنی کەل و پەلی شەڕی لێ ساندرا. واتە ئەو سەرکەوتووییە هیچ دەستکەوتێکی ماڵیی بۆ شەڕکەرەکانی بە دیاری نەهێنا. کەوابوو، بۆ پڕکردنەوەی سندوقی ماڵیی لەشکرەکەی دەبوو پلانی شەڕێکی نوێ دابڕێژرێت. باشتریش وابوو شەڕێك بەڕێوە بچێ، کە بە چالاکییەکی کەمەوە بتوانن پارەیەکی زۆر وەدەست بێنن. دوژمنی چێکراو لە شاری مەدینە دۆزرایەوە: محەمەد ئاخرین هۆزی پاشماوەی یەهوودی (هۆزی بنی قریظە) لە مەدینەی بە خەیانەتکار تۆمەتبار کرد. بە پێی هەواڵ دەبێ تاقمێك لە ئەندامانی ئەو هۆزە پەیوەندیان لەگەڵ دوژمنانی ئەو لە مەککە گرتبێ و بۆ گرتنەوەی شارەکە، زانیاری گرینگیان لەسەر بارودۆخی شاری مەدینە پێ دابێتن. تەنانەت چەند لە سەرچاوە ئیسلامیەکان لەوەش زیاتر دەڵێن: دانانی بەرنامەی شەڕ و گرتنەوەی مەدینە نەك لە مەککە بەڵکوو لە لایەن یەهوودیەکانەوە دارڕژاوە و ئیدەی ئەوان بووە، بۆ تۆڵە کردنەوەی ئەو هۆزانەی محەمەد کوشتوونی یاخود ئاوارەی کردوون.

هەر وەك جارەکانی پێشوو محەمەد و شەڕکەرەکانی ئەم جارەش بۆ ماوەی چوار حەوتوو ئەو هۆزەیان گەمارۆ دا، هەتا هەموویان خۆیان تەسلیمی سوپای ئیسلام کرد. تاوانەکەی ئەمجارەیان زۆر بە توند و تیژی و گران بۆیان تەواو بوو: سەری هەموو پیاوەکان بڕا، پیاو مەبەست ئەو کەسانەیە کە تووکەبەریان لێ هاتبێ. بە پێی بیوگرافیەکەی ابن ئیسحاق (لە دایکبووی ساڵی ٧٠٤ لە مەدینە و کۆچی دوایی لە ساڵی ٧٦٧ لە بەغدا) کە لەسەر محەمەدی نووسیوە، پێغەمبەر خۆی ئەو لێپرسینەوەی لە ئەستۆ گرتووە: "محەمەد خۆی لە گرتوخانەکان حوزوری بووە و فەرمانی داکەندنی پاتۆڵی زیندانیانی داوە و کونترۆڵی تووکە بەریانی کردووە و ئینجا فەرمانی سەربڕینیانی داوە." ژن و منداڵەکانیش وەك کۆیلە فرۆشران.

لە سەرچاوەیتردا هاتووە کە محەمەد خۆی فەرمانی کوشتنی ئەو پیاوانەی نەداوە، بەڵکوو لایەنگرێکی شاری مەدینەی ئەو کارەی بەجێ هێناوە. ئەو قەولوبڕە ڕوونی دەکاتەوە کە چلۆن ئەو بڕیارە توند و تیژە دراوە: فریشتەی سەرەکی جوبڕائیل خۆی ئەو سزادانەی بە محەمەد گوتووە. محەمەد ئەمری هەڵقەندنی چەندین گۆڕی داوە و خۆی لە سەربڕینەکاندا حوزووری بووە. تاقمێك لە سەرچاوەکان ٤٠٠ کەس ناو دەبەن

کە لەو ڕۆژەدا کووژراون. لە بڕێك سەرچاوە دا تەنانەت قسە لەسەر ٩٠٠ کەس دەکرێت.

جێی سەرنج ڕاکێشانە، کە لە سەرچاوەکانی دواتری ئیسلامیدا ژمارەی کووژراوەکانی یەهوودی کەمتر دەبنەوە و دەبنە ٤٠ کەس. بەو ئەندازەیەی عالمانی ئیسلامی لە ڕوانگەی کاتییەوە زیاتر لە سەردەمی محەمەد مەودا دەگرن، بەو ڕادەیەش ئەو پیاوکووژییەیان لا قورس و گرانتر دەبێ. دەنا چلۆن دەبێ پێغەمبەرێک کە کتێبی قورئان وەك ڕەحمەتێکی ئیلاهی بۆ هەموو مرۆڤی جیهان وێنا دەکا، لە تەنیا ڕۆژێکدا ئەو هەموو مرۆڤە بێ دیفاعە بەدیلگیراوە بکووژێ؟ ئەوە تەنیا جیهادیستەکانن هیچ کێشەیەکیان نییە پێغەمبەر وەك مرۆڤکوژ سەیر بکەن، چونکە لای ئەوان تەنیا ڕێگا بۆهەموو مرۆڤێکی بێ دین، کوشتنیانە. کردارێک کە زۆرجار و لە زۆریەك لە سوورەکانی قورئاندا دووپات دەبێتەوە.

کێشە لێرەدا تەنیا کردار و کردەوەکانی پێغەمبەر و شەڕکەر و لایەنگرەکانی نین، بەڵکوو ئەو ڕاستییەیە کە قورئان ئەو کوشتار و شەڕخوازیانە بۆ باوەڕپێکراوانی بەفەرمی کردووە:

*"خودا دینی دوژمنەکانی - وێڕای ئەو ڕکەی کە بوویان - کشاندەوە و هیچ بەهرەشیان دەس نەکەوت. لە جەنگدا خاوەن باوەڕان خودایان لایە، بەسیانە. خوا توانای بە دەستەڵاتە. ئەهلی کتێبیش، ئەوانەی پشتیوانی دوژمنان بوون، لە قەڵای هێنانە خوارێ و ترسی خستە دڵیانەوە و هێندێ لەوان بە دەستی ئێوە کوژران و هێندێکیشتان بەدیل گرتن. زەویەکان و خانوەکان و سامانیان و ئەو زەمینەش کە پاتان پێدانابوو، خودا گشتی دا بە ئێوە. خودا توانایی بەسەر هەموشتدا هەیە." (سوورەی٣٣ ئایەی ٢٥ تا٢٧)*

مێژووی ئەو تووناکردنە واتە پیاوکووژیی بە کۆمەڵی هۆزی بەنوقورەیزە وەك پەڵەیەکی ڕەش و پیس بە ژیننامەی پێغەمبەرەوە نووساوە. زۆرێک لە ئیسلامییە لیبڕاڵەکان بۆیان دژوارە، پاساو بۆ ئەو مرۆڤکوژییە بدۆزنەوە چونکە ئەو کارە دوور لە عەقڵی مرۆڤە، بە پتوونی هۆزێك گەنج و پیر، ژن، پیاو و مناڵ لەو پیلانەدا بەشدار بووبن و ئاوا بەو شێوە نائینسانییە سزا بدرێن!

ڕەنگە شەڕخوازی لەو سەدەمەدا بە ڕادەیەکی دیاریکراو لە کۆمەڵگاکاندا باو بووبێ، بەڵام تەنانەت بۆ ئەو سەردەمەش کارەساتێکی هاوچەشن نابینرێت کە لەگەڵ ئەو مرۆڤکووژییەی هەڵسەنگێنین. بە پێی یاسای ئەو سەردەمە بەدیلگیراوانی شەڕ یا لە بەرانبەر "فدیە" (خوێنبایی) ئازاد کراون یا وەك کۆیلە فرۆشراون. مرۆڤی خەیانەتکاریش لە شار و وڵات دەرکراون. ئەو کارەساتە تەنانەت بۆ ئەو سەردەمەش ئاکارێکی نامرۆڤانە و بەدوور لە ئەخلاق بووە. ئایین ناس هانس کوینگ " Hans Küng" کە زۆر بە ڕێزەوە سەیری ئیسلام دەکا، کاتێ دەچێتە سەر ئەو مرۆڤکووژییە، بە "پاکتاو کردنی قەومی" ناوی دەبا و بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارەساتە تەنیا محەمەد بە بەرپرس دادەنێ.[٢٣]

کێشەکە لێرەدا تووڕەیی و هەڵس و کەوتی زاڵمانەی محەمەد نییە، کە مرۆڤ لە کۆنتێکستێکی مێژووییدا سەیری بکا، بەڵکوو بە پیرۆزکردنی هەستی رق وکینە و تووڕەییە. پێغەمبەر ئەو کارانە بەجێ دێنی کە خودا داوای دەکا. خودا بۆ گرووپێکی تایبەتی مرۆڤ تایبەتمەندیی نەرێنی دیاری دەکا. خودا بە درۆزن و دەغەڵکار، مەیموون و بەرازیان دەناسێنێ. ئەوان تەنانەت لە ئاژەڵیش خراپترن(سووڕەی ٨ ئایەی ٢٢) و دژیان جیهاد وەڕێ دەخرێت. لێرەدا باوەڕپێکراوان بۆ خودا وەك ئامێریان لێ دێ.

ئەو کارە شەڕەکە وەك ئەرکێکی پیرۆز لێدەکا کە هەمیشەییە و هەتا سەرکەوتوویی کۆتایی وەدەست دێ، هەموو کاتێك دەکرێ بەڕێوە بچی. شەڕەکە وەك پلانیکی ئیلاهی بۆ مرۆڤ دادەڕێژرێ، بە جیهانی دەکرێ و وەك ئەرکیکی ئایینی لێ دێ. تەنانەت محەمەد خۆیشی ئەو بەربەرەکانییەی نێوان یەهوودی و موسوڵمانی وەك شەڕێکی کاتی و ئەمانەتی سەیر نەکردووە کە یەهوودیەکان لە بارودۆخێکی تایبەتدا دژ بە خۆی و سیاسەتەکەی ڕاوەستاوبن، بەڵکوو زیاتر وەك چارەنووسێکی بەربەرەکانی دوور و درێژ کە تا قیامەت درێژەی دەبێ، بینیوەیەتی:

*" هەتا موسوڵمانان دژ بە یەهوودیەکان نەجەنگن و نەیانکووژن، رۆژی قیامەت نایە. جوولەکە کە خۆیان لە پشت بەرد و دار دەشارنەوە، بەرد و دارەکان دەڵێن: ئەی*

---

[٢٣] Hans Küng: Der Islam, S. ١٥٢ f.

*موسوڵمان، ئەی بەندەی خودا، ئەوە جوولەکەیە خۆی لە پشت من شاردۆتەوە، وەرە و بیکووژە!"* [٢٤]

ئەو پەیامبەرییە دڵتەزێنە تا ئەمڕۆش ئیلهام و ئەرکێکە بۆ زۆربەی ئیسلامیستەکان کە فانتازیای تووناکردنی جوولەکان وەك ئەرکێکی پیرۆزی ئیلاهی سەیر دەکەن. پەیمانی ئاشتی و دانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان، بۆ ئەوان بێ بایەخە و بۆ کۆتایی پێ هێنان بە شەڕەکە ئەو چەشن بەڵگانە بە ئارگۆمێنت دانانێن. ئایا خودا خۆی قەومی یەهوودی بە خەڵکێك دانەناوە کە لەسەر پەیمانی خۆیان نامێنن؟ تەواوی تەمەنیان وەك خەیانەتکار دەمێننەوە و شەڕ دژ بەوان بەجێهێنانی پلانیکی ئیلاهیە کە تەنیا بە تووناکردنی هەموو یەهوودیەک کۆتایی پێ دێ؟

---

٢٤ al-Nawawī: Sahīh Muslim, Hadith Nr. ٢٩٢٢

## مەسیحییەکان لە قورئاندا

بە پێچەوانەی یەهوودیەکان، نە لە مەککە و نە لە مەدینەش کۆمەڵێکی گەورەی مەسیحی بوونی نەبووە کە مەترسی سیاسی یاخود ئایینی بۆ محەمەد و ئایینەکەی پێك هێنابێ. تەنانەت هیچ شەڕ یاخود پێکدانانێکی نیزامی لە نێوان ئەو و هۆزە مەسیحیەکان لە دەرەوەی سنووری حوکمڕانیەکەی بەڕێوە نەچووبوو. سەرەڕای ئەوانەش پەرتووکی قورئان بە رادەی یەهوودیەکان و بە تێر و تەسەلی لەسەر ئەو ئایینە هەڵوێستی گرتووە. بەتایبەت باس لەسەر ئەو ئایینە لە قورئاندا لەسەر سروشتی عیسا و "مفهوم تثلیث" دەست پێدەکا. مرۆڤ لە خوێندنەوەی ئەو باسەدا ئەو هەستەی تێدا پەروەردە دەبێ کە باسەکە نەك لە دوورگە عەرەبیەکە بەڵکوو لە دیمەشقەوە سەرچاوەی گرتبێت و وێدەچێ هەمان گفتوگۆ بن کە لە سەردەمی کەون باس لە حوکمڕانی ناوچەیی ئیمپراتۆری ڕۆمییەکان دەکەن.

لە سوورەکانی پێشوی قورئاندا هەڵس و کەوت لەگەڵ مەسیحیەکان هەر وەك هەڵس و کەوت لەگەڵ یەهوودیەکانە. بەسەریاندا هەڵدەڵێ، ئافەرینیان پێ دەڵی و بە 'ئایینی کتێب'یان دەناسێنێ. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە لێرەدا قورئان بە گشتی تەنیا لەگەڵ "ئینجیل" هەڵس و کەوت دەکا و لێکۆڵینەوە لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی ئایینی مەسیحی ناکات. لێرەدا پەرتووکی ئینجیل بە کتێبی نووسراوەی دوای مردنی عیسا داناندرێت، بەڵکوو لە لایەن خوداوە ڕاستەوخۆ بە عیسا وەحی کراوە. تەنانەت قورئان بە شێوەی پەرجۆ باس لەدایکبوونی عیسا دەکا. سوورەیەك بە ناوی "مریەم" بە پتوونی باس لەو پەرجۆیە دەکات:

*"مەریەمی کچی عیمرانیش، ئەوەی شەرمی لە کاری شوورەیی پاراست. ئەوسا ئێمە لە فووی خۆمان تێمان دەماند؛ بە وتار و کتێبانی پەروەرەندەی بڕوای هێنا و لە ڕێزەی فەرمانبەران بوو." (سوورەی ٦٦ ئایەی ١٢)*

عیسا وەك كەسێكی نیزیك بە خودا و پێغەمبەری خودا كە بە ڕۆحی پیرۆز ڕازاوەتەوە، دەناسێنرێت:

*"ئێمە خۆمان كتێبمان داوە بە مووسا و چەند پێغەمبەری تریشمان لە دوای نارد. چەند بەڵگەی ئاشكراشمان دا بە عیسای كوڕی مەریەم، لە گیانی پیرۆزی خۆشمان یاریدەمان دا. هەتا ئێستا هەر پێغەمبەرێكوو بۆ هات و شتی وای گوت كە ئێوە لێتان خۆش نەهات، خۆتان لەو بە زلتر زانی و بە هێندێكتان گوت درۆزن و هێندێكیشیانوو هەر كوشتوون." (سوورەی٢ ئایەی٨٧)*

لە ڕوانگەی قورئانەوە عیسا یەك لە پێغەمبەرانە، بەڵام نەك كوری خودا. هاوكاتیش یەك لەو مرۆڤانەیە كە دەبێ توانای پەرجۆی پێدرابێ. قورئان ئاماژە بە پەرجۆكەی دەكا و تەنانەت شتی تریشی لێ زیاد دەكا:

*"دەشیا بە پێغەمبەرێك بۆ سەر نەتەوەی ئیسرائیل. [پێیان ئێژێ:] ئەوا من لە پەروەرەندەوڕا نیشانەم بۆ هێناون. هەر لە حەری شكلی مەلێك ساز دەكەم و بە ئیزنی خودا فووی تێ دەكەم، دەبێتە باڵداری ڕاست و جگە لەوەش زگماك كوێر و پێست بەڵەكان چارە دەكەم و بە ئیزنی خودا مردوو زیندوو دەكەمەوە و هەرچی لەماڵوودا دەیخۆن، هەرچی تێشیدا ڕادەگرن، پێیان دەڵێم. ئەمانە بەڵگە و نیشانەن بۆتان، ئەگەر بڕوادار بن." (سوورەی ٣ ئایەی ٤٩)*

یەكەم ئاماژەكردن بە باوەڕداریی مەسیحیەكان لە سوورەی ٨٥ دا هاتووە. لەوێدا دەڵێ: "باوەڕپێكراوان، بە ئەمەكداریی حورمەت لە هەنبەر سووتاندنی گرووپێكی مەسیحی، پیش هاتنی ئیسلام لە یەمەن بەهۆی باوەڕەكەیانەوە ئازار دراون":

*"بەو عاسمانە بەكەلوانە، بەو ڕۆژە دیاریكراوەكەش، بە بینەر و بەوەش كە دێتە بەرچاوان، قڕان كەوتە نێوانی خەندەك لێدەران. هەر ئێڵەی بوو گڕی بەرزی ئاگربەران. خودی خۆشیان بە سەریەوە ڕۆنیشتبوون. چاوەدێری ئەو كارەش بوون كە دەربارەی باوەڕدارەكانیان دەكرد. تەنیا بۆیەش لەوانە بەركدا چووبوون، هەر*

*چونکە خوای هەرە خاوەن دەسەڵاتی شایانی تاریف کردنیان پەرەستبوو." (سوورەی ٨٥ ئایەی ١ تا ٨)*

لە سوورەی ٥٧ دا لایەنگرەکانی عیسا بە میهرەبان و دڵۆڤان دەناسرێن:

*"لەپاشان بەشوێن ئەواندا گەلێك پێغەمبەرانمان ناردن؛ دوای ئەوانیش عیسای کوڕی مەریەمن نارد و ئینجیلمان پی خەڵات کرد. دڵۆڤانی و بەزەیشمان خستە دڵی پەیرەوانی." (سوورەی ٥٧ ئایەی ٢٧)*

هەر بەو شێوەیەی عیسا زیندوو بۆتەوە و بەرەو ئاسمان ڕاکێشراوە، بە هەمان شێوەش مەسیحییەکان لە قوڕئاندا وەك باوەڕپێکراو سەیر دەکرێن و لە ڕۆژی قیامەتیش وەبەر ڕەحمەتی ئیلاهی دەکەون:

*"ئەوسا خوا گوتی: ئەی عیسا! من بۆخۆمت دەبەمەوە و لە لای خۆم جێ بەرز دەبی و لەوانەت پاك دەکەمەوە کە باوەڕیان نەهێناوە و ئەوانەش کە پەیرەوی تۆن، هەتا قیامەت زاڵیان دەکەم بەسەر بێ باوەڕەکاندا. لەپاس ئەوە گشتوو دێنەوە لای خۆم و بەو کێشە و گێرە ڕادەگەم کە لە نێوانتاندا روویدا." (سوورەی ٣ ئایەی ٥٥)*

*"ئەهلی کتێب گش وەك یەك نین؛ کۆمەڵی وایان تێدایە کە ڕوو بە خوا دەوێستن و بەشەوا ئایەتانی خوا دەخوێننەوە و سەر دەخەنە سەر سوژدە؛ بڕوایان هەیە بە خوا و ڕۆژی سەڵا و فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێگە لە خەراپە دەبڕن و بۆ خێرکردن ملە دەکەن؛ ئەوانە لە پیاو چاکانن. هەر کارێکی چاك ڕچاو کەن، بێ بەهرە نامێنێتەوە و خوا ئەوانەی لێی دەترسن، باش دەناسێ." (سوورەی ٣ ئایەی ١١٣ تا ١١٥)*

هەموو قوڕئان ناسان لەسەر ئەو خاڵە یەکدەنگن کە ئاماژەکردن بەو کۆمەڵە لێرەدا مەبەست مەسیحیەکانە. کتێبی قوڕئان لە سوورەی ٥ دا نیزیکایەتی نێوان مەسیحی و موسوڵمان نیشان دەدا:

*" هەرگا گوێ دەگرن لەوانەی کە لە خواوە بۆ پێغەمبەر ناردراون، دەیانبینی ئەسرین لە چاویان دەوەرێ و چونکە لە ڕاستیەکە دەگەن، ئێژن: ئەی پەروەرەندەمان! ئەوا باوەڕیمان هینا، سا تۆش ناومان وەل شایەتاندا بنووسە. ئێژن: جا چۆن باوەڕ بە خوا*

*ناهینین و باوەڕ بەم ڕاستیە نەکەین کە ئێستا بە ئێمە گەیشت؟ کەچی هیوامان ئەمەیە، پەروەرەندەی هەموو لامان بمانخاتە ناو گرۆی پیاو چاکەکانەوە! لە هەنبەر ئەو قسانەدا ئەوان وتیان، خوا دەیانباتە باغاتێك جۆباریان بەبەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر تیا دەبن. پاداشی ئاکارە باشەکان هەر وا دەبێ. ئەو کەسانەش کە دژ بە دین وەستانەوە و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆزانی، دیارە جەحەنەم جێیانە." (سوورەی ٥ ئایەی ٨٣ تا٨٦)*

ئەوە بەو مانایەیە کە باشترینی مەسیحیەکان ئەو کەسانەن کە کاتێ گوێیان لە قوڕئان بێ دڵیان نەرم دەبێ، محەمەد بە پێغەمبەری خودا دەناسن و وەك تاجدارێك لە بەرانبەریدا سەر دانەوینن.

## چەواشەکرانی "پەرتووك"

بە پێچەوانەی مەسەلەی یەهوودیەکان، گرۆی مەسیحی هیچ غەرەزێکی دیاریکراویان نەبوو کە بە ویستەوە دژ بە محەمەد و هاوڕێیانی بەرێوەی بەرن. ئەوان نە دژ بە محەمەد سەربزێوییان دەکرد و نە بۆ محەمەد وەك مەترسیەکی ئایینی - سیاسی لە ئەژمار دەهاتن. سەرەڕای ئەوانەش لەگەڵیان هەر وەك یەهوودی کە پەیامەکەی محەمەدیان نەدەسەلماند، هەڵس و کەوت دەکرا: مەسیحیەکان لە سەرەتاوە ناڕاستەوخۆ و دواتر ڕاستەوخۆ سووکایەتیان پێدەکرا. لە سەرەتاوە بە چەواشەکەری کتێب و دواتر بە بێ ئیمان تاوانبار کران.

*"ئەو کەسانەی دەڵێن: خودا خۆی مەسیح کوڕی مەریەمە، دیارە لە دین وەرگەڕاون. کەچی مەسیح گوتوویەتی: ئێوە ئەی بەرەی ئیسڕائیل! ئەو خودایەی بپەرەستن کە منی پەروەردە کرد و ئێوەش ئەو پەروەراندویە؛ هەر کەسێکی شەریك بۆ خودا پەیدا بکا، خوا بەشی لە بەهەشت دەبڕێ و جێی ئاگرە و هەر کەسێ ناهەقی بکا، هیچ کەسی دەهانا نایە. ئەوانەی کە گوتیان: خودا سێهەمینە لە سێ کەسان، بێ سۆ لە دین لایان داوە. جگە لە خودای تاقانە، هیچ کەس بۆ پەرەستن ناشێ. ئەگەر بێتو دەس هەڵنەگرن لەو قسانە- ئەوانەیان کەوا لە دین لایانداوە – گرفتاری ئازارێکی بە ژان دەبن. بۆچ ئەوانە پەشیمانی نابەنە بەر قاپی خودا و داوای بەخشینی لێ ناکەن؟ کە خودا لە گوناه دەبووریێ و دڵۆڤانە. مەسیحی فەرزەندی مەریەم لە پێغەمبەرێك بەولاوە چی تر نییە، کە بەر لەویش فرەیەك پێغەمبەریتر هاتوون و چوون. دایکی ئەویش ژنێکی ڕاست و دروست بوو؛ هەردووکیان خۆراکیان دەخوارد. دە بڕوانە چەند نیشانەی ئاشکرایان نیشان دەدەین. دیسان تۆ لەوە ڕامێنە، چۆنین لە هەقێ لا دەدرێن؟ بێژە ئاخۆ غەیرەز خودا ئێوە دەچن شتانی وا دەپەرەستن کە نە دەتوانێ زیانو پێ بگەیێنێ و نە پێی دەکرێ بەهرەی بۆ ئێوە تێدابێ؟ زۆر بیسەر و فەرزانەش هەر خودایە." (سوورەی ٥ ئایەی ٧٢ تا٧٦)*

بە چ شێوەیەك دەكرێ ئەم شك و وەسواسیە ڕوون بكرێتەوە؟ بەستێنی ئەو سووكایەتییە ئەوەیە: كتێبی قورئان دەڵێ، عیسا كاتێكی دیاریكراوی بۆ پێغەمبەرییەكەی بۆ دانراوە، و دوای ئەو، پێغەمبەرێك بە ناوی ئەحمەد (كە وشەی بنەڕەتیەكەی وەك محەمەدە) دەبێ بێ كە لە ئایینی مەسیحیشدا ئاماژەی پێكراوە:

*"كە عیسای كوڕی مەریەمیش گوتی: ئەی بەرەی ئیسرائیل! ئەمن پێغەمبەری خودام بۆ لای ئێوە؛ ئەو تەوراتە دەسەلمێنم كە لە پێش مندا هاتووە؛ مژدەو لی بێ پێغەمبەرێك لەپاش من دێ وەناو ئەحمەد. وەختێ بە چەند نیشانەی دیاریدەرەوە هاتە لایان، گوتیان: ئەمە هەر بە ئاشكرا جادوە." (سوورەی ٦١ ئایەی ٦)*

محەمەد باوەڕی ڕاستەقینەی بەوە بووە كە ئەو پێغەمبەرەی ناو ئینجیل دەبێ خۆی بێ. بەڵام كێشەكە لێرەدایە مەسیحیەكان لە كتێبەكەیاندا نە ناوی ئەحمدیان چاو پیكەوتبوو و نە پەیامی هاتنی پێغەمبەرێكی نوێ. ئەو بۆچوونە لە بەشێكی ئینجیلی یوحنادا سەرچاوە دەگرێ كە لەوێدا عیسا دەڵێ:

*"من دۆعا بۆ باوكمان دەكەم، ئەویش سوكنایی بە ئێوە دەدا، كە تا ئەبەد لای ئێوە دەمێنێتەوە: ڕۆحی ڕاستەقینە ناتوانی دنیا وەربگرێ، چونكە نە دەیناسێ و نەدەیبینێ. ئێوە ئەو دەناسن، چونكە ئەو لای ئێوە دەمێنێتەوە و لەناو ئێوەدایە." (یۆحنا ١٦:١٤)*

لێرەدا بە ئەگەری زۆر خراپ تێگەیشتنێك زیاتر نییە. ئەو شتەی مەسیحی بە ناوی "ڕۆحی پیرۆز" باسی لێوە دەكا، لە ناو موسوڵماناندا تەنانەت تا ئەمڕۆش وەك ئاماژەیەك بە پێغەمبەر سەیر دەكری. هەرچۆنێك بێ، بەوهۆیەی مەسیحییەكان ئەو پێشگوویيەیان نەتوانیوە یاخود نەیانویستوە بیسلمینن، زمانی قورئان لە هەنبەر ئەواندا گۆڕانی بەسەردا هات و بە پێی كات، هەڵوێستی شەڕخوازی لەهەنبەردا گرتن. لە سوورەی یەكەمی قورئاندا كە ڕۆژانە حەڤدە جار لە كاتی نوێژكردندا لە لایەن موسوڵمانانەوە دەخوێندرێتەوە، مەسیحیەكان پێكەوە لەگەڵ یەهوودی قێز و بێزارییان لێ دەكرێ:

*"لە ڕاستەڕێ شارەزامان کە، ڕێی ئەوانەی کە خۆت چاکەت لەگەڵ کردوون نەك ئەوانەی کە وەبەر تووڕەیی کەوتوون، نەك ئەوانەش کە لە ڕێگات لایان داوە." (سووڕەی١ ، ئایەی٦تا٨)*

ڕاڤەکاری قورئان ابن كثير "Ibn Kathīr" (ساڵی ١٣٠١ لە بوسرای سووریە لە دایك بووە، کۆچی دوایی: ساڵی ١٣٧٣ لە دیمەشق)، دەنووسێ، کە بە فورمولبەندی یەکەم واتە ئەو کەسانەی وەبەر تووڕەیی کەوتوون، مەبەست یەهوودیەکانە و دووهەمیان واتە لە ڕێ لادەرەکان، مەبەست مەسیحییەکانن. ابن كثير لیستەیەکی قسەکانی محەمەد دەهێنێتەوە کە لە لایەن عالمانی ئیسلامییەوە سەلمێنراون، و تێیاندا ئەو چەشنە نووسینە پشت ڕاست دەکاتەوە.[٢٥] شی کردنەوەیەك کە 'الطبری'ش دەیسەلمێنێ.[٢٦] تەنانەت ئەمڕۆش ئەو بۆچوونە لە ئارا دایە کە مەبەست لەو سووڕەیە یەهوودی و مەسیحیەکانن.

---

[٢٥] Ibn Kathīr: tafsīr, Sure ١

[٢٦] al-Tabari: tafsīr, Sure ١

## قەدەغەی دۆستایەتیکردن، دواتریش شەڕ

لە هەنگاوێکیتردا دۆستایەتیکردن لەگەڵ مەسیحی و یەهوودی لە موسوڵمانان قەدەغە دەکرێت:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەم مووسایی و مەسیحیانە؛ با ئەوان دۆستی یەکتر بن. هەرکەسیش لە ئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش لەوان دەژمێردرێ. ئەوانەی لەسەر ناهەقین، خودا ڕێیان نیشان نادا."* (سوورەی٥ ئایەی ٥١)

بە بێ بوونی هیچ بەڵگە یاخۆد هۆکارێك، هەروەها بە بێ هەڵاواردن پێش بە دۆستایەتیکردنی موسوڵمان لەگەڵ مەسیحی دەگیرێت. ڕێپێشاندەرییەکی تووناکەر، کە تا ئەمڕۆش متمانەپێکردنی پەیوەندی نێوان مەسیحی و موسوڵمانی خەوشەدار کردووە. نەک هەر ئیسلامیستەکان بۆ پەرەپێدانی شەڕخوازی و رق و کینە لە نێوان مەسیحی و موسوڵمان لەو سوورەیە کەڵك وەردەگرن، بەڵکوو زۆربەی دایك و باوکە موسوڵمانەکان منداڵیان فێر دەکەن کە لە قوتابخانەکان دۆستایەتی لەگەڵ منداڵانی مەسیحی نەکەن. هەڵس و کەوت و بۆچوونێکی ئەو تۆ دیوارێك لە نێوان منداڵان و گەنجانی موسوڵمان و کۆمەڵگا بەتایبەت لە وڵاتە بیانییەکان پێکدێنێ کە نەک هەر ژیان بە پێکەوە ژیانی چەند ئایینی دەگەیێنێت، بەڵکوو دەبێتە هۆی پێکهێنانی چەند کۆمەڵگای هاوتەریب لە پەنا و لەناو یەکتردا. دیارە دەبێ لەو پەیوەندییەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە تاقمیك لە ئیمامانی ئیسلامی ئەو سووڕەیە تەنیا لە پەیوەندیی ناکۆکی نێوان مەسیحی و موسوڵمانی سەردەمی محەمەددا دەبینن.

سەرەڕای ئەوەی کە مەسیحیەکان دژ بە محەمەد و کۆمەڵەکەی هیچ شەڕێکیان بەڕێوە نەبردووە و هیچ ئاژاوەیەکیان دژ بەو و یارانی نەناوەتەوە، لە لایەن

ئیسلامیستەکانەوە لە شەڕی مان و نەمان دژ بە بێ دینەکاندا تێکەڵاو کراون هەر وەك لە سووڕە کۆتاییەکانی قورئاندا روون کراوەتەوە:

*"وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە نارەوایان زانیوە، ئەمان بە رەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ بەنگۆ دەدەن."*
(سووڕەی٩ ئایەی ٢٩)

ئەو سووڕەیەش لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە بۆ پاساوکردنی شەڕ، دژایەتی لە هەنبەر مەسیحی و تووناکردنی شار و ناوچەکانی ژیانیان دەهێنرێتەوە. بە دەستەوەگرتنی پەرچەمی ئیسلامی دژ بە دنیای بێدینەکان لەمڕۆدا ئاکامیکی زۆر ترسێنەری بەدواوەیە. هەوڵی مرۆڤکوژی لە شاری مونیخی ئاڵمان لە مانگی یولای ساڵی ٢٠١٦ لە لایەن لایەنگرانی داعیشەوە لەسەر تویتر "Twitter" بەو وشانە پێشوازی لێوە کراوە: **"ئێوە لە هیچ جێگایەك ئەمنیەتتان نییە! ئێوە دەرگاکانی جەهەنەمتان کردۆتەوە!"**

تەنانەت ئەگەر ئەو ڕووداوانە لە لایەن ئیسلامیستەکانیشەوە بەڕێوە نەچووبێ، ئیسلامیستە ڕادیکاڵەکان بە قازانجی خۆیان کەڵکی لی وەردەگرن و پڕۆپاگەندەی خۆیانی پێوە دەکەن. هەروەها بەهۆی پەیوەندیدانی کێشەکان بە سووڕەکانی قوڕئانەوە، پاساوی کارە شەڕخوازەکانیان دەدەن و بە یارمەتی سووڕە شەڕخوازەکانی ناو قوڕئانەوە کارە نائینسانیەکانیان بە فەرمی بەڕێوە دەبەن. دەڵێن: "ئەوە ئێمە نین کە دەرگاکانی جەهەنەممان کردۆتەوە، بەڵکوو ڕۆژئاواییەکان خۆیان دەستیان بەو کارە کردووە".

## ژن لە قورئاندا

تەوەری ژن لە ئیسلامدا تەوەرێکی گەلێك جێی باس و گفتوگۆیە کە بەشێوەیەکی عاتیفی باسی لێ دەکرێت. زۆربەی ئەو باسانە لەسەر چارشێو یا لەچکە، مەلێکردنی ناو ئاو بۆ کچانی ئیسلامی لە قوتابخانەکانی ڕۆژئاوایی، بە شوو دانی بەزۆر و هەروەها کوشتنی ناموسییە. کێشەگەلێك، کە هەم بۆ کارزانان و هەم بۆ مرۆڤی ئاسایی بە بێ ئاماژەکردن یاخود دەست دانانە سەر ناوکی کێشەکانی ژن لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا زۆر جار جێی سەر لێ شێواویە.

ڕەخنەگرانی ئیسلامی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بارودۆخی پرمەترسی زۆربەی ژنانی ناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و هەڵس و کەوتی پەرتووکی قورئاندا دەبینن. باوەڕپێکراوانی ئیسلامی و هەروەها تاقمێك لە ژنانی ئیسلامی بە پێچەوانەی ڕەخنەگران، لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژن هەر وەك پیاو لەسەر مافێکی بەرانبەر لە ئایینی ئیسلامدا هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکرێت. چەوسانەوەی ژنان لە تاقمێك لە وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ داب و نەریتی ئەو وڵاتانە پەیوەند دەدەن و دەیگەڕێننەوە بۆ داب و نەریت و خوڕافاتی هۆزە کۆنەکانی وڵاتانی عەرەبی سەردەمی خۆی. هەروەها بە تامەزرۆییەوە ئاماژە بە هەڵس و کەوتی دژ بە ژنی کتێبی تەورات و ئینجیل و هەروەها ڕەفتاری تووڕەیی دژ بە ژنان لە هیند دەکەن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەو کێشەیە تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیدا نییە.

ئێستا زۆر کارێکی دژوار و قورس و گرانە پەیوەندیی نێوان ئایین و فەرهەنگ، واتە داب و نەریت جیا بکرێتەوە، چونکە ئیسلامی ئەو سەردەمە خۆی لەڕاستیدا بەرهەمێکی تێکەڵاو لە داب و نەریتی هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچانە بووە. زۆربەی یاساکانی ئەو سەردەمە لە پەیوەندی لەگەڵ ژندا لە لایەن ئایینی ئیسلامەوە یەکاو یەك وەرگیراون و تاقمێکیشیان فڕێ دراون و یاسای نۆییان لەجێ دانراوە. بەڵام ئەو

کارانە هیچ شتێك ناگۆڕن کاتێ کە ئەمڕۆ، دنیای ئیسلام لە پلەی یەکەمدایە بۆ چەوسانەوەی ژن بەتایبەت هەڵس و کەوتی تووڕە، ئازاردان و تەنگ پێ هەڵچنینی سێکسی ژنان و کیژان لە کۆمەڵگادا.

دیارە بۆ گەیشتن بەو ئازارە تاڵە ڕاستەقینەیە لە پەنا پەروەردەکردن، جیهان بینی، خەنی بوون، شەڕ و ئاشتی، ئایینیش بە بێ شك کارتێکەری خۆی بووە کە ئایا ژن مافی خۆی لەکۆمەڵگاکاندا پێدراوە، یاخود لە قەفەزێکی فەرهەنگی – ئایینی دا قەتیس کراوە. بارودۆخی ئاڵۆز و پەرێشانی تایبەتی لێرەدا ئەوەیە کە ئایین لە جیهانی ئیسلامدا هەر وەك ڕابردوو، مەزنترین هێزی پێکهیناوە. هێزی ئەو ئایینە کارتێکەریی لەسەر پەروەردەکردن، فێربوون، جیهانبینی، ئابووری و تەنانەت چۆنیەتیی هەڵس و کەوتی ئەو بنەماڵانەش داناوە کە باوەڕیان بە یاسای ئیسلامی نییە. ئەو ئایینە شوێن لەسەر چەشنی بیرکردنەوە و بەگشتی وێناکردنی مرۆڤ دادەنێ و هەروەها تێگەییشتنێکی تایبەت لە ژن لە پەیوەندایەتی سێکسیدا دەخوڵقێنێ.

ڕوونکردنەوەی نەخش و ڕەنگاڵەیی ژنان لە ئیسلامدا زۆر چەتوونە و مرۆڤ زۆر بە هاسانی لە شەڕگە لادەدا. لە لایەکەوە ڕەخنەگران، لەو لاشەوە داکۆکیکاران و ئەوانەی وا بۆچوونێکی ڕێژەییان هەیە. هەردووك لایەنەکان بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان نموونەی زۆر فناتیکانەیان دروست کردووە: لە لایەکەوە ژن خراوەتە ژێر چارشێو و عەباوە، لەملاشەوە ژنێکی ئیسلامی سەرکەوتوو، ئازاد و بە بێ داپۆشراو نیشان دەدرێ. لەپێناو دۆزینەوەی ناسنامە و وەفادارییدا – کە ڕێگایەك هەڵبژێرن بۆ ڕادیکالبوونەوە یا گرتنی ڕەوتێکی میانەڕەوانە، هەردووك لا کەڵکیان لی وەردەگیرێت. ناوەڕاستی ئەو ناوە (واتە بەشی زۆرینەی مرۆڤ) زۆر کەم ڕۆشنایی دەخرێتە سەر یاخود هەستی پی دەکرێ. ڕەخنەگر هەر وەك نیسبی گەر پێیخۆشە لە وێناکردنەکەیدا شتی سەلمێنراو ببینێ .

با سەیرێکی قورئان بکەین، بزانین ئەو پەرتووکە و ئەو داب ونەریتەی لەسەر ئەو دروستکراوە، سەبارەت بە وێنەی ژن چیمان دەداتە دەست. با بزانین کتێبی پیرۆزی موسڵمانان چی لەسەر پەیوەندایەتی ژن و پیاو و تەوەری سێکس پێیە؟ ئایا ژن جیا لە

دەوری "ژنی ناوماڵ و دایك"، کە بۆی دیاری کراوە، بە شێوەیەکیتر بوونی هەیە؟ ئایا پەیوەندایەتیی لە نێوان وێنەی ژنی ئیسلامی و دەستدرێژی سێکسیدا هەیە؟

## ژنی نموونە

بە پێچەوانەی کتێبی ئینجیل، کە تەنیا"حەوا" بە بەرپرسی خولقاندنی "گوناح" دانانێ، پەرتووکی قورئان هەم ئادەم و هەم حەوا پێکەوە بە شەریك بۆ ئەو کارە دەناسێنێ. هەردووکیان هاوکات بە مافی بەرانبەرەوە تاوانیان درایە پاڵ و لە بەهەشت دەرکران – ئەوەشیان وەك تاوانکار پێ ڕاگەیێنرا. لە قورئاندا نەگوتراوە کە حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستکراوە، بەڵکوو:

*"ئەی خەڵکینە! هەر لە نێر و مێوێکەوە ئێوەمان وەدی هێنا و کردوومانن بە چەند گەلێك و چەند هۆزێك هەتا یەکتری بناسن. بەڕێزترینتان لای خودا، پارێزگارترەکانتانن. خوا زانایە و ئاگادارە."* (سوورەی٤٩ ئایەی ١٣)

ئەگەرچی دەنگی پەرتووکی قورئان هەر وەك کتێبی ئینجیل زۆر باوك سالارانەیە و رووی گوتەی لە پیاوانە، بەڵام لای کەم جارجارە وەك زیندوەرێکی ئازاد و بێ هەڵواسین بە پیاوانەوە، باس لە ژنان دەکا کە بەرپرس بۆ کردەوەی خۆیانن:

*"پیاگ و ژنی موسوڵمان و مێروپیرەکی بە باوەڕ، پیاگ و ژنی فەرمانبەر و پیاو و ژنی قسەڕاست و پیاو و ژنی خۆڕاگر و پیاو و ژنی بێ فێز و خۆبەزل نەزان، پیاو و ژنی سەدەقەدەر و پیاو و ژنی ڕۆچەوان و پیاو و ژنی نامووس پارێز پیاوێ کە زۆر یادی خودا دەکەن، لە خوداوە لێخۆشبوون و پاداشێکی گەورەیان بۆ داندراوە."* (سوورەی٣٣ ئایەی ٣٥)

جێی سەرسووڕمانە کە کتێبی قوڕئان بەدوای گەڕانی نموونە بۆ باوەڕپێکرانی و بۆ هێنانەوەی نموونەی مێژووی ڕابردوو، بە شێوەیەکی ئوتۆماتیك ناچێتە سەر پیاوان، بەڵکوو زۆر جار لە ژنان نموونە دێنێتەوە. جا چ نموونەی ئەرێیی بێت یا نەرێنی: بۆ وێنە ژنەکانی نوح و لوت کە هەردووکیان سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ پێغەمبەر زەماوەندیان کردووە، بەڵام هەردووکیان بە لە ڕێ دەرچووگ و خەیانەتکار، تۆمەتبار کراون. یا ژنی فیرعەون کە لەگەڵ حاکمێکی زاڵمی بێ دین زەماوەندی کردووە، بەڵام بە بێ ترس، باوەڕی بە خودا بووە. هەروەها مریەمی دایکی مەسیح:

*"خوا ژنی نووح و ژنی لووت - بۆ ئەوانەی خوانەناسن - بە نموونە دێنێتەوە. هەرتك لەبن دوو عەبدی چاکی ئیمە بوون. غەیانەتیان دەگەڵ کردن. نەیانتوانی لە لای خودا هیچ شتێیان دەربارە بکەن. وترا: ئێوەش بڕۆنە ناو ئاگرەوە، وێڕای ئەوانەی دەیچنێ. خودا ژنەکەی فیرعونیش - بۆ کەسانی خاوەن باوەڕ - بە نموونە دێنێتەوە. کە لەبەر پەروەرەندەی خۆی پاڕایەوە: تۆ لە لای خۆت لە بەهەشتا ماڵێکم بۆ دیاری بکە و ڕزگارم کە لە فیرعەون و کردەوەی ئەو؛ لە کۆمەڵی ناهەقانیشم ڕاهی کە. مەریەمی کچی عیمڕانیش، ئەوەی شەرمی لە کاری شوورەیی پاراست. ئەوسا ئێمە لە فووی خۆمان تێمان دەماند؛ بە وتار و کتێبانی پەروەرەندەی بڕوای هینا و لە ڕێزەی فەرمانبەران بوو. " (سووڕەی٦٦ ئایەی ١٠ تا ١٢)*

ئەو نموونانە ڕووی خۆیان لە هەموو باوەڕپێکراوان دەکەن، کە وەبیریان دەهێناوە: "ژنان وەك نموونە دەبێ لە خزمەت پیاواندا بن". جێی سەرسووڕهێنەر لێرە دایە کە بڕیاری ژنێك بە ویستی پیاوەکەیەوە نەبەستراوەتەوە و ئەگەر ژنەکە بیەوێ دژ بە خوڕیی چۆم مەلی بکا، مەیلی خۆیەتی، بەتایبەت لەسەر تەوەری ئایین. تەنانەت ئەگەر ژنێك لەگەڵ باوەڕپیکراوێکی ئایینی پیاو زەماوەندی کردبێ، ئیتر زۆر لەو ئازادییە دوور ناکەوێتەوە. دواتر دەچینەوە سەر ئەو باسە.

## ژن و پیاو لە یەك ڕیزدا

هاونرخی ژن و پیاو بەوەدا دەناسرێتەوە، کە قورئان حوکمی داب و نەریتێکی زاڵمانە ڕەد دەکاتەوە کە لە لای هەندێك لە هۆزەکانی دورگەی عەرەبی باو بووە: "باوکەکان منداڵی لەدایکبووی کچیان بە زیندوویی لە گۆڕ ناوە، چونکە بەردەوام ئارەزووی کوڕیان کردووە":

*"کاتێ هەموو گیانەکانیش ولفی یەك بوون، لە دۆتی زیندەبەگۆڕیش پرسیار کرا: بە کیژان گونە ە کوژراوە." (سوورەی ٨١ ئایەی ٧ تا ٩)*

لە جێیەکیتردا ئەو دابونەریتە هەمیسان وەك هەڵە ناوبراوە:

*" هەر کاتێکیش مژدەی کچێ بۆ یەکێك لەمانە بچێ، ڕوخساری ڕەش هەڵدەگرێ و لەبەر خۆی پیش دەخواتەوە. لە مەینەتی ئەو هەواڵەی پێیدراوە، لە هۆزی خۆی تەرە دەبێ؛ ئاخۆ بە سووکایەتی بەخێوی بکا، یان دەناخی ئاخی ڕاکا؟ ئای چەند خراپ پێ ڕادەگەن." (سوورەی١٦ ئایەی ٥٨ تا ٥٩)*

بەهۆی ئەوە و سوورەی پێشوو ڕوون دەبێتەوە کە پەرتووکی قورئان کوڕ و کچ وەپێش یەکتر ناخا بەڵکوو هەردووکیان وەك خەڵاتی خودا دادەنێ:

*"لەو ئاسمانانە و زەمینە فەرمانڕەوا هەر خودایە و چی بخوازێ دروس دەکا؛ بە یەکێ کچ دەبەخشێت و بە یەکێ کوڕ؛ ئیتر بەمەیلی خۆیەتی. یان جڤێکی کوڕ و کچیان دەداتێ و مەیلی لێ بێ، هێندێکیانیش نەزۆك دەکا. هەر خۆی زانایە و توانایە." (سوورەی٤٢ ئایەی ٤٩ تا ٥٠)*

ئەگەر مرۆڤ ژینnامەی محەمەد وەبیر خۆی بێنێتەوە، دەتوانێ باشتر لەو چەشن نووسراوانە تێ بگا: پێغەمبەر خۆی کوڕی نەبووە، هەر بەو هۆیەش زۆرجار

خەڵکانی مەککە بە چاوی سووکەوە سەیریان کردووە. بە دانانی کوڕ و کچ لە پلەیەکدا ویستوویە خۆی لەبەرچاو خەڵکیدا ئاسایی بکاتەوە. بە پێچەوانە ناتوانێ بە تەواوی گێڕاوەیەکی ئیسلامی بێ، کاتێك داب و نەریتی کچ بە زیندوویی لە گۆڕ خستن پێش سەردەمی محمەد لە ناو هۆزەکاندا باو بووە. دەتوانێ وا بێ کە محەمەد کۆتایی بەو داب و نەریتە هێناوە. بە هۆی نووسراوەکانی ئەو سەردەمە و هەروەها بە پێی کتێبی قورئان، دەزانین کە محەمەد و زۆر پیاوانیتریش هاوکات لەگەڵ چەندین ژن زەماوەندیان کردووە، کە ئەوە خۆی بەڵگەیە کە لەو سەردەمەدا ژن کەم نەبوون.

بە شێوەیەکی هاوچەشن وێدەچێ کێشەی میراتیش چارەسەر کرابێ. ڕاوێژکارانی ئیسلامی دەڵێن محەمەد یەکەم کەس بووە کە مافی وەرگرتنی میراتی بۆ ژنان بەڕێوە بردوە. بەڵام ئەوکارە دژایەتی لەگەڵ سەرچاوەکانی پێش ئیسلام دەبێ چونکە یەکەم ژنی پێغەمبەر خەدیجە پێش هاتنی ئیسلامیش وەك ژنێکی دەوڵەمەند دەناسرێ کە میراتێکی زۆری پێ گەییوە. کە وابێت، محەمەد ئەو یاسایەی دروست نەکردووە، بەڵام قورئان بەشە میراتی ژنان ئاوا دیاری دەکا:

*"لە کەلەپووری دای و باب و خزمی نزیك – کەم بی یان زۆر- نێرینە بەشی خۆی هەیە و مێوینەش تیا بەشدارە و بەشیان بۆ بڕیاردراوە. گەر لەوەختی دابەشینی کەلەوپووڕدا، کەس و کار و هەتیوان و بی نەوایان لەوێ هەبوون، لەوماڵە شتێکیان دەنی و بە ڕووی خۆشەوە بیاندوێنن." (سووڕەی٤ ئایەی ٧ تا ٨)*

چلۆنایەتی ئەو بەشکردنە چۆن بووە لە سووڕەی ٤ دا ڕوون کراوەتەوە. کچ تەنیا نیوەی براکەی میرات وەردەگرێ. بۆ مرۆڤی ئەمڕۆیی کارێکی ناعادڵانەیە. بەڵام بۆ بارودۆخی سەردەمی خۆی ڕەنگە شتێکی ئاسایی بووبێ: لەو سەردەمەدا ژن ئیزنی بووە میراتی خۆی بۆ خۆی ڕاگرێ و نە بۆ بەخێوکردنی منداڵی و نە خەمی کڕینی ماڵ یاخود چەك بۆ پارێزگاریکردن لەسەر شانی بووە، کە ئەو ئەرکانە دەبوو پیاو دابینی بکا. سەرەڕای ئەوانەش بەشکردنی میرات تەنیا پێشنیار بووە، نەك یاسا:

*"خوا پێو ڕادەگەیێنێ: کەلەپووڕتان با بۆ نێرینە دوو بەش و بۆ مێوینە نیوەی بەشی نێرینە بێ. گەر ژمارەی مێوینە لە دوان پتر بوون، دوو بەش لە سێ بەشی میراتەکە ئەبەن. ئەگەر مێوینە یەکێ بوو، نیوەی کەلەپووڕ بۆ ئەمە. ئەگەر مردوو عەولادی*

*لەپاش بەجێ ما، دای و بابی هەرکامیان شەش یەکیان لەو ماڵە هەیە. ئەگەر هیچ فەرزەندی نییە و دای و بابی دەبێ میراتەکە بگرن، لە سێ کوت کوتێك بۆ دایکە. ئەگەر مردوو برا و خوشکی بەجێ هێشتوون، پاش دانەوەی قەرز و قۆڵە و پێك هێنانی وەسیەتەکە، دایك شەش یەکی پێ دەبڕێ. ئێوە نازانن لە بابانو فەرزەندانوو کامیان بۆ بەهرە پێدانوو نزیکترن. بڕیارێکە لە خوداوە بۆو دانراوە. خودا زانای لە کارزانە." (سوورەی٤ ئایەی ١١)*

پەرتووکی قورئان نەدەبووە قورئان ئەگەر سوورەی وای تێدا نەبایە کە ئەو وەك یەك دانانە ئەرێییەی نێوان ژن و پیاوی قەرەبوو نەکردبایەتەوە، کە وابوو سەیر نەدەبوو هەر وەك تەوەرەکانیتر دژ و پێچەوانە بوون لە هەنبەر ئەو وەك یەك دانانەی ژن و پیاویش دواتر پووچەڵ نەکرایەتەوە؟

لە قورئاندا زۆر بە شەففافی ئاماژە کراوە کە پیاوان لە ژنان بە دەستەڵات ترن، چونکە ئەوان پارە بە ژنەکانیان دەدەن:

*"پیاوان بەسەر ژناندا دەستەڵاتیان هەس، کە خوا هێندێکی لە هێندێ هێژاتر بەدی هێناوە. دیارە پیاوان ئەرکی بەڕێ چوونی ماڵیان لەسەر شانە. جا ژنانی باش ئەوانەن کە گوێ بیستن و – وەك خودا فەرمانی داوە – دوور لە شوویان شەرمی خۆیان دەپارێزن و ئاگایان لە ماڵێ دەبێ. ئەو ژنانەش لە ئەشقی بوونیان دەترسن، نسحەت کەن و جێگایان لێ جیا کەنەوە؛ ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانووی ئازاردانیان مەدۆزنەوە. خودا جێ بەرز و زانایە." (سوورەی٤ ئایەی ٣٤)*

سوورەکە سەرلە مرۆڤ دەشێوێنێ، چونکە محەمەد خۆی ساڵانێکی درێژ لە ڕوانگەی ماڵییەوە بەستراوە بە ژنی یەکەمیەوە بووە. هەم ئەلتەبەری و هەم ابن کثیر کۆنتێکستی ئەو سوورەیە ئاوا لێك دەدەنەوە: ژنێك لە لایەن مێردەکەیەوە شەپلاغەیەکی لێ دراوە. لەبەر ئەوەی جێگا دەستی مێردەکە لەسەر ڕوومەتی ژنەکە مابۆوە، چۆتە لای پێغەمبەر و شکایەتی لە مێردەکەی کردووە. لە سەرتاوە محەمەد گوتوویەتی پیاو ئیزنی ئەو کارەی نییە لە ژنەکەی بدا. ئەلتەبەری تەنانەت دەنووسێ محەمەد بە

ژنەکەی پێشنیار کردووە کە بۆ تۆڵە، ئەویش شەپلاغەیەك لە ڕوومەتی مێردەکەی بداتەوە. سووڕەی ٤ ئایەی ٣٤ بۆیە بۆی نازڵ بووە کە هەڵس و کەوتی محەمەد سەرڕاست کاتەوە: پیاو ئیزنی لێدان لە ژنەکەی هەیە، چونکە سەروەتەکەی لە ژێر ئیختیاری داناوە و دەستەڵاتی بەسەردا هەیە.[٢٧]

عالمانی کلاسیکی ئیسلامی دەستەڵاتداریی پیاو، کە لەو سووڕەیەدا هاتووە، وەك پایەیەك دەبینن کە ئەو مافە بە پیاو دەدا ژنەکەی تەمێ بکا و لە ماڵەکەیدا زیندانی بکا. سەرەڕای ئەوە، لەو سووڕەیەدا یاسایەك بۆ ژیانی هاوسەری دروست دەکرێ کە مافی جیابوونەوە تەنیا بە پیاو دەدات.

[٢٧] al-Tabari: Tafsīr, Sure ٤:٣٤; Ibn Kathīr: tafsīr, Sure ٤:٣٤

## هاوسەری و سێکس

یەکەم ئاماژەکردنی قورئان بە هاوسەرایەتی دەگەڕێتەوە بۆ سووڕەکانی مەککە واتە سووڕەی "رۆم". لێرەدا وشەی "خۆشەویستی" هاتووە، کە زۆر کەم لەو نووسراوەیەدا کەڵکی لێوەرگیراوە. لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان ئەو تێکستە لە کاتی زەماوەنددا لەسەر کارتی داوەت چاپ دەکەن:

*" هەر لە نیشانانی ئەوە کە لە خۆتان، ئاوجووتی بۆ بەرهەم هینان؛ کە پێیان بحەسێنەوە و خۆشەویستی و ئەوینی خستۆتە ناوتان. لەمەدا بۆ کەسانێ کە بە وردی سەرنجە بدەن، بەڵگە زۆرن." (سووڕەی٣٠ ئایەی ٢١)*

لە زۆربەی وەرگێڕاوەکاندا تەنیا ئاماژە بە ناوی هاوسەر کراوە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا وشەی ئەزواج "azwaj" هاوکات دەکرێ بۆ هەردووکیان واتە هەم بۆ ژن و هەم پیاو کەڵکی لێ وەرگیرێت. لێرەدا ژن و پیاو وەك یەك سەیر دەکرێن. ئەو سووڕەیە لە مەککە گوتراوە، ئەو سەردەمەی محەمەد تەنیا ژنێکی هەبووە، "خەدیجە" کە مێردەکەی خۆش ویستووە و پێی ڕاگەیوە. بەڵام دواتر ژنان لە پەرتووکی قورئاندا بەستراوە بە پیاو ناودەبرێن و وەك کەرەستەیەکی خۆشیی پیاو سەیر دەکرێن.

تاقمیك لە موسوڵمانان ئەو بۆچوونە بە هەڵە دادەنێن و دەڵین تەنانەت سووڕەیەکی تایبەتی بۆ ژنان لە قورئاندا هاتووە کە ڕێزی لێگرتوون. بەڵام ئەوان ئەو شتە لەبەرچاو ناگرن کە سووڕەش لەسەر "مانگا"، "جاڵجاڵووکە"، "زەردەواڵە" یاخود "مێروولە" هەن بە بێ ئەوەی ڕێزێکی تایبەت لەو بوونەوەرانە گیرابێت. تازە، سووڕی ٤ کە بە ناوی نساء (ژنان) لە قورئاندا هاتووە، شتی زۆر نابەدڵی لە هەنبەر ژناندا تێدا گوتراوە. بە تایبەت لەسەر تەوەری "چەند ژنە" کە زیاتر پەیوەندی بە پیاوانەوە هەیە:

*"ئەگەر لەمەڕ کیژە هەتیوەکانەوە، لەوە ترسان کە نەتوانن بە تەرزێکی حەق و ڕەوا دەگەڵیان بجووڵینەوە، دەتوانن وازیان لێ بێنن و ژنانی تر – چەندی خۆتان پێتان باشە و پێتان دەشێن – مارە بکەن؛ دوان بن یان سیان پێکەوە یا چواریش بن هەر ڕەوایە."* (سووڕەی٤ ئایەی٣)

هەر باشە کە کتێبی قورئان سنوور بۆ چەند ژنەیی دادەنێ و بەو مەرجەیان دەبەستێتەوە کە پیاو لە نێوان ژنەکانیدا دادوەر بێ. کەچی ئەو کارە لە هەمان سووڕەدا باسی لێ کراوە و بە نەگونجاو دادەنرێت.

*"ئێوە هەرچەند هەوڵیش بدەن، قەت ناتوانن دەگەڵ ژنانی خۆتاندا بێ جیاوازی ڕەفتار بکەن. سا ئەوەندە لە خۆیان دوور مەخەنەوە کە بیانکەنە هەڵپەسارده و تەخسیریان کەن. ئەگەر دەگەڵیان پێك بێن و خۆ لە گونا بپارێزن، خودا بووردنی لە لایە و دڵۆڤانە."* (سووڕەی٤ ئایەی١٢٩)

پەرتووکی قورئان ئیزن بە موسوڵمانان نادا لەگەڵ ژنێك نیزیکایەتی سێکسی بکرێ کە هاوسەری هەبێ، مەگەر ئەوەی ئەو ژنانە ئەسیری شەڕ بن. ئەوکات موسوڵمان دەتوانێ ئەو ژنانە وەك کۆیلە لای خۆی ڕابگرێ و نیزیکی سێکسی لەگەڵیاندا بکات و بارودۆخی (هاوسەری هەبێت یا نا)، هیچ لە حیساب نایە:

*"ژنی بەشووتان پێ ناشێ؛ مەگین ئەوانەی بوونەتەماڵی خۆتان. لە خوداوە ئەم بڕیارەو بۆ نووسراوە."* (سووڕەی٤ ئایەی٢٤)

لەگەڵ ئەوەدا کە پیاو ئەو مافەی پێ دەدرێ هاوکات لە تەك چەندین ژندا زەماوەند بکا، و لە پەناشیەوە ئیزنی پێ دەدری لەگەڵ چەندین کۆیلەی ژنیش بتوانێ نیزیکی سێکسی هەبێ، ژنی مێرددار ئیزنی پێ نادرێ جیا لە مێردەکەی نیزیکی لەگەڵ پیاوێکی بیگانەدا هەبێ، تەنانەت لەگەڵ ئەو پیاوەی خۆشیشی بوێ:

*"کێش دەستەنگەو ئەو ماڵەی بۆ هەڵناسووڕێ کە ژنی خاوەن باوەڕی ئازاد بێنێ، با لەو کیژە باوەڕدارانە کە بوونەتە خۆتان، مارە بکا. خوداش لە هەرکەس زیاتر لە بڕواتان ئاگادارە. هەمووتان تیرەی یەکترن؛ بە دەستووری خاوەنیان مارەیان بکەن. چۆن باوە لەناو خۆتاندا مارەییان بۆ ببڕنەوە. ئەوانیش با کەنیزانی داوێن پاک بن،*

*نەک داوێن تەڕ؛ لە ژێرەوە دۆستی نێرینەیان نەبێ. بەڵام ئەگەر لەپاش ئەوەی هاتنە بەر ڕکێفی ئێوە، دەستیان دەگەڵ پیاوی نامەحرەم تێکەڵ کرد. ئازاردانیان نیوەی ئەو ژنانە دەبێ کە شوویان هەیە و ئازادن. ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە ڕەبەنی ئازاریان دەدا. ئەگەر ئێوە خۆڕاگر بن، بێ گومان بۆتان باشترە. خودا لە هەڵە دەبووریّ و دڵۆڤانە." (سووڕەی٤ ئایەی٢٥)*

پاکی و بێگەردی ژن وەك کلیلیکی ناوەندیی لە ئایینی ئیسلامدا سەیر دەکریّ. دیارە ئەو ئایینە نوێیە دەبوو لە داب و نەریتی پێش سەردەمی ئیسلام کەڵك وەربگریّ، چونکە لەو سەردەمەدا لای عەرەبەکان ڕەچەڵەکی بنەماڵە گرنگایەتییەکی تایبەتیی هەبووە، بەکارەت پێش هاوسەری و پاکی و بێگەردی لە هاوسەریدا، هەروەها خوێنی بنەماڵەکە دەبوو خاوێن ڕابگیرێت و تێکەڵ بە خوێنی بێگانە نەکریّ. ئەو داب و نەریتە تا ئەمڕۆش هیچ گۆرانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە: پاك و بێگردی ژن زۆر بە قایمیی لەگەڵ وشەی "هاوسەری"دا گرێی خواردووە. ئەگەر ژن خەیانەت بەو یاسایە بکات و لەبەر چاوی نەگریّ، دەبێتە هۆی لێڵ و پیسکردنی هەستی شانازی و شەڕەفی سەرجەم بنەماڵەکە.

تەنانەت لە وڵاتە ڕۆژئاوییەکانیش زۆربەی بنەماڵە ئیسلامیەکان لەسەر ئەو کارە سوورن کە کچەکانیان پێش بەشوودانیان هیچ پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ خۆشەویستانیاندا نەگرن. زۆربەی کیژان لە لایەن دایك و باوکانیانەوە زۆر بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێن، ئازار دەدرێن و هەر لە سەردەمی منداڵیدا بە زۆری بە شوو دەدرێن، پێش ئەوەی نەکا شەرم و سەرشۆڕی بۆ بنەماڵەکەیان پێك بێنن. لە چەندین ساڵی ڕابردوودا کێشەی کوشتنی نامووسی لە نێو بنەماڵە موسوڵمانەکانی ئورووپادا زۆر زیاتر بووە. باوك یا برا کچ و خوشکی خۆیان دەکووژن بەو تاوانەی کە گۆیا نامووس و شەڕەفی بنەماڵەکەیانی پەڵەدار کردووە. لە زۆربەی ئەو کوشتنانەدا تەنیا دۆستایەتیکردنی کچەکە لەگەڵ کوڕێکی ڕۆژئاوایی یاخود هەوڵدانی کچەکە بۆ شێواز یا ستایلێکی ژیانی ڕۆژئاوایی بوونەتە هۆی پێکهاتنی ئەو کارەساتانە.

ئەو توورەیی و هەڵس و کەوتە ناحەزە لە هەنبەر ژنان و کیژان کە تەنیا مەبەستیان ژیانێکی ئازادانەیە، هەم لە داب و نەریتی سەردەمی پێش ئیسلام و هەم لە سەردەمی نووسینی تێکستەکانی قورئاندا دژبە نیشاندانی هەستی خۆشەویستیی ژنان ڕاوەستاوە. لێرەدا فەرهەنگ و ئایین ناتوانین لێك جیا بکەینەوە، چونکە هەردووکیان بە دووقۆڵی بانگەوازی چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردنی ژن لە کۆمەڵگا دەدەن.

## لادان لە ڕێی خودا و زینا

ئەو شتە لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا ئاشکرایە کە نیزیکی سێکسی لەگەڵ بێگانە، هەم بۆ پیاو و هەم بۆ ژن قەدەغەکراوە. بەڵام هەر وەك لە بەشی پێشوودا باسمان لێوەکرد، جیا لەو پیاوانەی لە شەڕدا کۆیلەی ژنیان وەدەست بکەوێ. بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئەو چەشن قەدەغەکردنە بەو شێوەیە لە قورئاندا باسی لی نەکراوە. لەوێدا وشەی زینا بەکار هاتووە کە بە گەندەڵ و خراپەکار مانا دەکرێتەوە.

هەر وەك ژیننامەکەی محەمەد، قورئانیش هەڵس و کەوتی سەبارەت بەو تەوەرە لە ئاگادارکردنەوەیەکی ئاساییەوە هەتا تاوانیکی گەورە دەگۆڕێ. بەهەمان شێوە بۆ خواردنەوەی ئەڵکۆڵیش یاسایەکی هاوچەشن بەدی دەکرێ کە لە سێ هەنگاودا بەڕێوە دەچێ. لە هەوەڵەوە دەڵێ:

*"لەمەڕ شەراب و قوماریش لێت دەپرسن؛ بێژە: تاوانیان گەورەیە و بۆ خەڵکیش بەهرەیان هەیە؛ تاوانەکە لە بەهرەکەیان زۆرترە." (سوورەی٢ ئایەی٢١٩)*

لێرەدا قەدەغەکردنی بە تەواوی و یەکجارەکی ئەڵکۆڵ ڕاناگەیێندرێت، بەڵکوو تەنیا ئاماژەیەك دەکرێت بە کەڵك لێوەرگرتن و زیان گەیاندنی بە مرۆڤ. لە هەنگاوی دووهەمدا لە باوەڕ پێکراوان قەدەغە دەکرێ لە کاتی سەرخۆش بووندا بۆ لای نوێژکردن نەچن:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بە سەرخۆشی لە نوێژێ نزیك مەبنەوە، هەتا تێبگەن دەڵێن چی. بە لەش پیسیش نوێژێ مەکەن – مەگین وەختێ ڕاگوزەر بن – تا کاتێ کەخۆ دەشۆرن." (سوورەی٤ ئایەی٤٣)*

لە هەنگاوی کۆتاییدا قەدەغەکردنەکە دەگوترێ، کە زیاتر لە پێشنیارێك دەچێ کە لە پشت پرسیارێکدا شاردراوەتەوە:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! شەڕاب خۆری و قوماربازی و کێل پەرەستی و گرێو لەسەر تیران کردن، لە کارەکانی شەیتانن؛ خۆتانی لێ بپارێزن، بەشکەم تووشی ڕزگاری بن. شەیتان مەبەستی ئەمەیە، بە شەڕاب خواردن و قومار ئاژاوەتان بخاتە ناو، لە نمێژ و یادی خودا وەتان گێڕێ. ئاخۆ ئێوە دەس لەو کارانە بەردەدەن؟"* (سووڕەی٥ ئایەی٩٠ تا ٩١)

وێدەچێ لەسەر سەرخۆشبوونی ئەڵکۆڵ کێشەیەك نییە، بەڵکوو کێشەکە لەسەر ئاکاری ناحەزی زێدەڕۆیی لە ئەڵکۆڵە کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی ڕق و کینە و دوژمنایەتی لەناو کۆمەڵدا.

بە شێوازێکی هاوچەشن مرۆڤ دەتوانێ ببینی لەسەر نیزیکی سێکسی لەگەڵ مرۆڤی بێگانە باس دەکرێ و پلەی یەکەمی وەك ئاگادارییەك دەنوێنێ:

*"تخوونی زیناح مەکەون؛ داوێن پیسی ئاکاری زۆر نالەبارە و ڕێبازێکی ناهەموارە."* (سووڕەی١٧ ئایەی٣٢)

وشەی زینا لێرەدا بە قاحبەگەری مانا دەکرێتەوە، لە تاقمێك لە وەرگێراوەکانیشدا بە گەندەڵ و خراپەکار مانا کراوەتەوە کە من ئەوەم پێ ڕاستە. بەو شێوەیە هەر چەشن فۆرمێکی نیزیکی سێکسی دەگرێتەوە، کە لە چوارچێوەی دیاریکردنی قوڕئان تێپەڕ بێ. بەڵام وادیارە باوەڕپێکراوان ئەو ئامۆژگارییەی قوڕئانیان نەگرتۆتە بەرچاو. لەبەر ئەوەی محەمەد شەڕەکانی دوور لە مەککە بەڕێوە بردووە و خۆی و شەڕکەرەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر ژنەکانیان بەجێ هێشتووە، وێدەچێ کاتی گەڕانەوەیان دەبێ تاقمێك لە شەڕکەرەکان پیاویان لەسەر ژنەکانیان گرتبێ. پێغەمبەر دەبێ خۆی لەو کێشەیە وەردابێ و تاوانی بۆ زینا دیاری کردبێ:

*"ئەگەر ئێوە باوەڕێتان بە خوا و ڕۆژی سەڵا هەیە، داوێن پیسانی مێر و ژن — هەریەکیان — بە لێدانی سەد تازیانە تەمێ کەن. لە ئایینی سەر بە خودا، بەزەیی هاتن بەجێ یە. با چەند کەسیش لەوانەی خاوەن باوەڕن، لەو لێدانە ئاگادار بن. مێری داوێن*

*پیس هەر دەبێ ژنی داوێن تەڕ بخوازێ؛ یان ژنی بت پەرستی بێ. ژنی داوێن تەڕیش هەروا: یان مێرد بە داوێن پیس بکا، یان مێری بت پەرستی بێ و لە بۆ خاوەن باوەڕانیش ئەم کارە بەربەست کراوە."* (سووڕەی٢٤ ئایەی٢ تا ٣)

لێرەدا، بە بۆچوونی من، ناوی مرۆڤی پیاو و ژنی هەوەسکار دروستترە لە ووشەکانی قاحبە و جندە. کاتێ ژنەکانی محەمەد واتە ئایشێ و ماریە بەوە تاوانبار کران کە لەگەڵ پیاویتر نیزیکیان بووە، تاوانی ئەو کارە توندتر کرایەوە. ئەو تاوانە توندە تەنیا تۆڵەساندنەوەیەك بوو کە بووە یاسا بۆ ئەو ژن و پیاوانەی تووشی زینا دەهاتن.

لە دەقی ئەمرۆیی قورئاندا هیچ ئاماژەیەك بە بەردەبارانکردن نەکراوە، بەڵام عالمانی پێشووی ئیسلامی لەسەر ئەو کارە سوور بوون کە پێشتر دەبێ سووڕەیەك لە قورئاندا بۆ ئەو کارە بوونی بووبێ کە دواتر لێی قرت کراوە. لە لایەن کێ و بۆچی، ئیتر روون نییە. یاسای کلاسیکی ئیسلامی خۆی بە شتێکەوە هەڵواسیوە کە ئیعتباری خۆی دەمێکە لە دەست داوە.

چلۆن کاری وا دەبێ؟ کاری وا تەنیا کاتێ گونجاو دەبێ کە مرۆڤی موسوڵمان نەك هەر بە قورئان، بەڵکوو متمانەی بەو نووسراوە و گێڕاوانەش هەبێ کە پەیوەندییان لەگەڵ پێغەمبەردا هەبووە. بۆ وێنە خەلیفەی دووهەم عومەری کوڕی خەتتاب (لە ساڵی ٦٣٤ تا ٦٤٤ حکوومەتی کردووە)دەڵێ:

"خودا پێغەمبەری کە نیعمەت و سڵاوی خوای لەسەر بێ، بە مافی ڕاستییەوە بۆ ناردوین. خوا کتێبی قورئانی بۆ نازڵ کردووە کە سووڕەی بەردەبارانی تێدایە. ئێمە ئەو سووڕەیەمان خوێندەوە، لێی تێ گەیشتین و لە مێشکی خۆماندا ڕامانگرتووە. پێغەمبەری خودا کە بەرەکەتی خوای لەسەر بێ، لەڕێگەی بەردەباران کردنەوە تاوانکارانی سزاداوە، و ئێمەش دوای ئەو، ئەو سزایەمان بەکار هێناوە. بەڵام من لەوە دەترسم، ئەگەر کاتێکی زۆر دوای سەردەمی پێغەمبەر تێپەڕ بێت، کەسێك بڵێ: ئێمە هیچ بەڵگەیەك لە کتێبی خودا بۆ ئەو کارە نابینین. دواتر دێنە سەر هەڵسو کەوتێکی هەڵە کە ئیزنی دەست تێوەردانیان نییە و خودا خۆی بۆی دیاری کردوین. لە ڕاستیدا

بەردەبارانکردن لە کتێبی خوا دا هاتووە و سزایەکی ڕەوایە بۆ ئەو کەسانەی (ژن یا پیاو) زینا دەکەن سەرەڕای ئەوەی ژیانی هاوسەرییان هەیە، ئەو کاتەی دووگیان بن یان سەریان بۆ تاوانەکەیان دانەواندبێ."[٢٨]

ئێستا هەر کەس باوەڕی بەوە بێ کە بەردەبارانکردن خراپترین و دڕندەترین شێوەی سزادانە بۆ زینا، ئەوکات تێ دەگا کە کاری زۆر ناحەزتریش هەیە: سووڕەیەك لە قوڕئانی ئەمڕۆییدا هەیە کە کوشتن بە سزای بەرحەق بۆ زینا دادەنێ. بەڵام ئەو سووڕەیە ئاماژەی بە ناوی پیاو نەکردووە. سەرەڕای ئەوەش، بۆ سزادان دەبێ چوار شاهید ئەو کارەیان بە چاوی خۆیان بینیبێ:

*"هەر ژنێکیان کە هەستوو کرد نامۆیان بەخۆ فێر دەکەن، چوار کەسی خاوەن باوەڕیان بەرنەسەرێ – لەو عانەدا کە لێك جووت بوون – وەختێ ئەوان هاتن و شایەتیان لەسەر دان، هەر لە ماڵدا قەتیسیان کەن تا بە مردن لەناو دەچن یان خودا دەرەتانیان نیشان دەدا." (سووڕەی٤ ئایەی١٥)*

مرۆڤ دەتوانێ ئەو هەستەی تێدا پەروەردە بێ کە محەمەد نەیویستووە زیناکاری ژن و پیاو بکووژێ. وێدەچێ کە ئەو کارەی تەنیا بۆ هەڕەشەلێکردنی ئەو کەسانەی تووشی زینا دێن، گوتووە، دەنا دروستکردنی جەهەننەمی لە چی بووە. ئەو کارە دوور لە باوەڕ کە مرۆڤێك ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی بێگانە لە ناو جێگادا ببینێ و بە پەلە بچێتە لای دەروجیران بۆ هێنانی چوار کەسی باوەڕداری شاهد، ئەوانیش ماوەیەك سەیری ئەو جووتە بکەن و ئینجا وەك شاهید بتوانن یارمەتیدەر بۆ بەردەبارانکردنیان بن...

---

[٢٨] Sahīh Muslim: Hadith Nr. ٣٢٠١

## سزادان و ناوبژیوانی

پەرتووکی قورئان نەک هەر هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە ژن پێش و دوای ژیانی هاوسەری نیزیکی سێکسی لەگەڵ کەسێکی بێگانە نەبێ، بەڵکوو بە تەواوی هێزیەوە هەوڵ دەدا ژن وەك گوێڕایەڵ و کۆیلەی مێردەکەی پەروەردە بکات؛ لە ئەگەری سەرپێچی لەو کارەش، دەبێ چاوەڕوانی خراپترین چەشنی تووڕەیی و عەزاب بێت. بەڵام ئەو کارە ئۆتۆماتیك بەڕێوە ناچی و دەبێ پرۆسەیەکی تایبەت ڕووی دابێ کە مێرد بتوانێ یاخود ئیزنی هەبێ ژنەکەی سزا بدات. کتێبی قورئان ئەو ئیزنە کاتێ بە پیاو دەدا کە لەڕاستیدا ژنەکە گوێی نەدابێتە مێردەکەی یا پیاوەکە شك بکات کە ڕەنگە ژنەکەی گوێی نەداتێ. دیسانیش هەر باشە کە لێدان یەکەم هەنگاوی هەڵبژاردەی پیاوەکە نییە. لە هەوەڵەوە پیاو دەبێ ژنەکەی وشیار بکاتەوە و جێی لێ جیا کاتەوە. ئەگەر هەمیسانیش گوێ بیس نەبێ، یاخود مێردەکە شکی لە گوێڕایەڵی ژنەکەی لە داهاتوودا هەبێ، ئینجا ئیزنی لێدانی ژنەکەی پێ دەدرێت.

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ زانیاری ئیسلامی و فیلەسۆفی ئایینی ئەحمەد میلاد کەریمی لە بەرنامەیەکی تلەڤیزیۆنی (SWR)ی ئاڵماندا بەشدار بوین و تەوەری باسەکەمان لەسەر ئیسلام و سێکس لە ئیسلامدا بوو. بەڕێوەبەری بەرنامە کە ژنێکی ئاڵمانی بوو، پرسیارێکی سەبارەت بە تاوان و سزادان لە سوورەی ٤ ی پەرتووکی قورئان لێ کردین و لە عالمە ئایینیەکەی پرسیار کرد: "بۆچی قورئان ئەو ئیزنە بە پیاو دەدا لە ژنەکەی بدا؟" ئاغای کەریمی خۆشەویست ئەو کارەی بە ئەرێیی دانا کە پەرتووکی قورئان بە پەلە قامچی بەدەستەوە ناگرێ، بەڵکوو بە ژنی یاغی ئەو شانسە دەدا هەڵس و کەوتی خۆی بگۆڕێ و بگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێگای ئیسلام.

ئەوەی ئایا لەڕاستیدا هەموو پیاوێك لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەو یاسایەی قورئان بەڕێوە دەبا، جێی پرسیارە. باوەکوو بە ڕاشکاوی وشەی "لێدان" لە قورئاندا هاتووە تاقمێك

دەڵێن "لێدان" مەبەست سزا و هێش پێ گەیاندنی لەشی نییە بەڵکوو لێبووردن و چاوپۆشیلێکردنە:

*"پیاوان بەسەر ژناندا دەستەڵاتیان هەس، کە خوا هێندێکی لە هیندی هێژاتر بەدی هێناوە. دیارە پیاوان ئەرکی بەڕێ چوونی ماڵیان لەسەر شانە. جا ژنانی باش ئەوانەن کە گوێ بیسن و – وەك خوا فەرمانی داوە – دوور لە شوویان شەرمی خۆیان دەپارێزن و ئاگایان لە ماڵێ دەبێ. ئەو ژنانەش لە ئەشقی بوونیان دەترسن، نسحەت کەن و جێگایان لێ جیا کەنەوە؛ ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانوی ئازاردانیان مەدۆزنەوە. خودا جێ بەرز و زانایە." (سوورەی٤ ئایەی٣٤)*

*"ئەگەر ترسان کە ژن و شوو لێك دوودڵن و وێك هەڵناکەن، کەیخودایەك لە کەس وکاری پیاوەکە و کەس و کارێکی ژنەکە بڵا ببنە ناوبژیکەر؛ هەرگا هەردوك لا ڕازی بوون پێك بێنەوە، خودا پێکیان دێنێتەوە، خودا زانا و ئاگادارە." (سوورەی٤ ئایەی٣٥)*

بەڵام چلۆن کێشەکە چارەسەر دەکرێ ئەگەر ژن بەردەوام لە لایەن مێردەکەیەوە لێی بدرێت و عەزاب بدرێ؟ لێرەدا خودا چارەیەکی گەڵێك ئاشتیخوازانەی دۆزیوەتەوە:

*"ئێوە هەرچەند هەوڵیش بدەن، قەت ناتوانن دەگەڵ ژنانی خۆتاندا بێ جیاوازی ڕەفتار بکەن. سا ئەوەندە لە خۆیان دوور مەخەنەوە کە بیانکەنە هەڵپەساردە و تەخسیریان کەن. ئەگەر دەگەڵ یەك پێك بێن و خۆ لە گونا بپارێزن، خودا بووردنی لە لایە و دڵۆڤانە." (سوورەی٤ ئایەی١٢٩)*

قوڕئان پیاو هوشیار دەکاتەوە بە وشەی دۆستانە لەگەڵ ژنەکانیان بدوێن و بە باشی بەخێویان بکەن:

*"ماڵی خۆتان – کە خوا کردوویەتە مایەی گوزەرانتان – مەدەنە دەست کەم ئاوەزان؛ [بەڵام] جلك و بژیویان لە ماڵی خۆتان بۆ دابین کەن و بە ڕووی خۆشەوە بیاندوێنن." (سوورەی٤ ئایەی٥)* [کەم ئاوەز= کەم عەقڵ و نەفام. وەرگێڕ]

ئەوەی کە پەیوەندیی هاوسەریی بۆ ئەو مەبەستە بێت کە ژن بە شێوەیەکی باش ژیانی بۆ دابین بکرێ، لە یەکەم ڕوانیندا زۆر ئەرێیی دەنوێنێ، دیارە ژنی وەك خەدیجە (ژنی یەکەمی محەمەد) جیاواز بووە. خەدیجەی دەوڵەمەند و سەرکەوتوو لە کاری بازرگانی، لە مەککە زۆر ڕێزی بۆ دادەنرا. هاوکاتیش زۆر کەم بازرگان هەبوون کە مودێلێکی وەك خەدیجە لە ژنەکانی خۆیاندا وێنا بکەن. بەڵام دەبێ لە بیرمان بێ: ئەو چەشن ژێردەستییە بەو شێوەیە قایم دەبێ کە ژیانی هاوسەری وەك مودێلێکی بەخێوکرن سەیر بکرێ.

ئەرکی بەخێوکردنێکی گونجاو تەنانەت لە سەرووی لێك جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوسەرییەکەوە جێی گرتووە. بە پێی پەرتووکی قورئان تەنیا پیاو ئیزنی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییەی پێ دراوە بەڵام ئاگادار دەکرێتەوە لە ئەگەری جیا بوونەوەدا ژیانی ژنەکەی دەبێ دابین کرابێ:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر ژنی باوەڕدارتان مارە کرد و بەر لەوەی دەگەڵیان بنوون تەڵاقتان دان، نابێ تا ماوەیەکی دیاری کراو قەتیسیان کەن؛ بەشەکەی خۆیان بدەنێ و بە ڕووخۆشی ئازادیان کەن." (سوورەی٣٣ ئایەی٤٩)*

## داپۆشراو و هەڵپێچراو

محەمەد هەرچەندە ژنی زیاتر مارە دەکرد، بەو ڕادەیەش زیاتر پرەنسیپی مافی بەرانبەری ژن و پیاو، کە لە سووڕەکانی پێشوویدا باسی لێکردبوون، لە ڕوانگەی پیاوەوە کاڵتر دەکرانەوە و لەبەر چاو وون دەبوون. وێدەچێ بیۆگرافی ژیانی محەمەد کارتێکەرییەکی مەزنی لەسەر ڕەنگاڵەیی پەرتووکی قورئان دانابێ. مرۆڤ نابێ ئەوشی لەبیر بچێتەوە کە پێغەمبەر تەمەنی بەرەو ٦٠ ساڵ دەڕۆیی، لە کاتێکدا تەمەنی زۆربەی ژنەکانی (٩ ژن) هێشتا بیست و لە بیستیش کەمتر بوو. ئەو جیاوازییە ببوە هۆی بێ گومانی، بێ متمانەیی و ترسی لەدەستدان، و بارودۆخێکی وەهای بۆ پێک هێنابوو کە ژنەکان ناچار بە داپۆشین و پێچانەوەی خۆیان کرابوون بۆ ئەوەی لە لایەن پیاونیترەوە تەماحیان نەکرێتە سەر:

*"ئەی پێغەمبەر! ژنەکانت و کچەکانت و خێزانی خاوەن باوەڕان حاڵی بکە، با خۆیان بە چارشێوەکانیان داپۆشن؛ ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوە کە بناسرێن و ئازار نەدرێن. خودا لە خەتا دەبووری و دڵۆڤانە."* (سووڕەی٣٣ ئایەی٥٩)

ئەو ئایەیەی سووڕەی ٣٣ بۆ کۆنەپارێزە ئیسلامییەکان ئەرکێکی ئایینیە کە هەموو ژنێکی موسوڵمان دەبێ پەیرەوی لێ بکا. بەڵام کاتێ مرۆڤ سەرنج بداتە کۆنتێکستی ئەو ئایەیە، دێتە سەر ئەو بڕیارە کە لە دنیای ئەمڕۆی ئێمە و بەتایبەت لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان تەنانەت لە ڕوانگەی ئایینیشەوە، هیچ مانایەکی نییە ژنی موسوڵمان ناچار بە داپۆشینی خۆی بکرێ. لەو کۆمەڵگایەی محەمەد تێیدا دەژیا، ئازار، لەکۆڵ نەبوونەوە و تەنگ پێهەڵچنینی سێکسی کارێکی ئاسایی و ڕۆژانەی پیاوان بووە. سەرەڕای ئەوەش پێغەمبەر دوژمنی کەسیی زۆری بوون و ترسی لەوە هەبوو کە لە ڕێگەی ئازار گەیاندن بە ژنەکانیەوە، زەربە لەو بدەن؛ بەو هۆیەوە، بە داپۆشاندنیان بەرگری لە کاری تووڕەیی و دوژمنایەتی کردووە. ئەوە بەڵگەی سەرەکی بۆ داپۆشانی

ژنان بووە. خۆ داپۆشان و شاردنەوەی ژنان لەژێر چارشێو لێرەدا هۆی ئایینی نەبووە، بەڵکوو زیاتر پارێزگارییەکی کۆمەڵایەتی بووە.

لەو سەردەمەوە ئیتر کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە، دیارە ئەمڕۆش لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، لێرە بێت یان لەوێ، دەستدرێژی سێکسی هەر بوونی هەیە؛ هەرچەند زۆر ڕاستییەکی تاڵە، بەڵام هیچ داپۆشانێك و هیچ یاسایەك ناتوانێ پێش بەو کارە بگرێ. هاوکات لەگەڵ سەردەمی محەمەد کە ئەو داپۆشانە هەوڵێکی تاقیکارانە بووە بۆ شاردنەوە و پارێزگاریکردنی ژنان، ئەمڕۆ زیاتر پێچەوانەکەیەتی: لەو کۆمەڵگایانەی کە زۆرینەی ژنان نە چارشێو بەسەردا دەدەن و نە خۆیان دادەپۆشن، دەکرێ زۆر زوو بکەونە بەر چاو و بەر نیشانەی ئەو کەسانەی کە بە گشتی ئیسلامیش ڕەد دەکەنەوە. تەنیا پەیوەندی تەنگاوتەنگ یاخود هاوتەریبی ئیسلام و داپۆشانی ژنان دەبێتە هۆی ئەوەی لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دوژمنایەتی و هێرشی ڕەگەزپەرستانە بکرێتە سەر ژنانی موسوڵمان ، چونکە خۆیان دادەپۆشن.

لەوساڵانەی ڕابردودا باس لەسەر داپۆشینی ژنان لە ئاڵمان گەیشتۆتە ئەوپەڕی لووتکەی خۆی. کێشەکە لەسەر ئەوەیە ئایا مامۆستایەکی قوتابخانەی ژن، یاخود دادپەروەرێکی ژنی موسوڵمان بەهۆی داپۆشینی خۆیەوە بێ لایەنییەکەی ناخاتە ژێر پرسیارەوە؟ ئەو شتەی من خۆم لەسەر ئەو باسە بۆم گرنگە ئەو پرسیارەیە کە ئایا، داپۆشان یا لەچکە بەسەردادان مانایەکی بۆ ژنی ئەمڕۆیی هەیە؟ مەبەست لە هەڵگرتنی لەچکە و چارشێوە کە لە سەردەمی خۆیدا ڕەنگە کەرەسەیەك بۆ پارێزگاریکردن لە ژن و کچ بووبێت، بۆ دەبێ ئەمرۆش یەکاو یەك بەڕێوە بچێ؟

لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا ژنی لیبراڵی موسوڵمان کە خۆیان سەریان داناپۆشن، بە شێکیان بە نێوی ئازادی پشتیوانی لەو ژنە موسوڵمانانە دەکەن کە لەچکە بەسەر دادەدەن و خۆ دادەپۆشن. بە هۆی ڕووداوێکی مێژوویی یاخود بارودۆخی کەسیی محەمەدەوە، قەدەغەیەکی ئەوتۆ نەک هەر بۆتە هۆی پێکهاتنی سمبولیکی ناسنامەیی بۆ زۆربەی موسوڵمانان، بەڵکوو بۆتە سمبولێکی تێکۆشانی سیاسی، کە لە لایەن زۆربەی گرووپە ئیسلامییەکانەوە بە مەبەستی خراپ، کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

زۆربەی سیاسەتوانانی ڕۆژئاوایی هاوکات هەوڵ بۆ نۆژەنکردنەوەی "لەچکە بەسەر دادان" دەدەن. ئایا ئەوە خۆی نیشانەی تۆلەرانس بوون و کراوەیی ڕۆژئاوا نییە، کە چالاکی ئایینی لە کۆمەڵگاکەیاندا بوونی هەیە؟ سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باراك ئۆباما لە یاریەکانی ئولمپیکی ساڵی ٢٠١٦ی ریۆ دو ژانیرۆ " Rio de Janeiro" لەگەڵ کچێکی لەچکە بەسەری ئیسلامیدا وێنەی گرتووە. ئەو گوتوویەتی، شانازی بەو کچە گەنجەوە دەکەم کە خۆی وەك نوێنەری وڵاتی ئەمریکا پێشان دەدا، هاوکات بەو کارە ویستوویە سیگناڵێکیش بۆ کاندیدی ڕێپۆبلیکانەکان دۆناڵد ترامپ بنێرێ، کە گوتبووی لە ئەگەری هەڵبژاردنی بۆ سەرکۆماریی، سەفەر و هاتوچۆی موسوڵمانان بۆ وڵاتی ئەمریکا قەدەغە دەکات.

دیارە ڕاگەیاندنێکی ئەوتۆ شتێکی بێ مانایە. بۆچوونی وا جێی لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا نییە کە جیاوازی لە نێوان ئایین، ڕەنگی پێست، یا هەر تایبەتمەندییەکیتر دابنرێت. ترامپ بەو کارەی هەموو مرۆڤێکی موسوڵمان دەخاتە ژێر گومانی گشتییەوە. هاوکاتیش وێنەیەکی ئاوا پەیامیکی نادیار و ئاڵۆزە: دەتوانی ئەو بیرە پێك بێنێ کە "لەچکە و ڕووپۆش" بەشێکی جیا نەبوەوە لە ئایینی ئیسلامە. سەرەڕای ئەوەش دەتوانێ پرۆپاگاندایەك بێ بۆ ئیسلامیستەکان کە بە زۆری دەیانەوەی ئەو کارە بەسەر ژناندا بسەپێنن. هەوکاتیش بەو کارە، ئەو ژنانە لە جیهانی ئیسلام دەخرێنە ژێر گوشارەوە کە نایانەوێ خۆیان داپۆشن. بەداخەوە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا نموونە و مودێلی ژنی ناسراو(وەك شاعیر، هونەرمەند، وەرزشکار، گۆرانی بێژ و ...) کە بتوانن کارتێکەری ڕاستەوخۆ لەسەر ئازادی ژنان دانێن، زۆر کەمن.

محەمەد لە سەردەمی خۆیدا هەنگاوێکیش زیاتر لە داپۆشینی ژنان هەڵدەگرێ، تەنانەت ئەو دواتر قەدەغە لە ژنەکانی دەکات کە نابێ لە ماڵێش بچنە دەرەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە لە ماڵدا مانەوە کردارێکی خاوێنکردنەوەی نەهاییە:

*"لە ماڵ خۆتان دەرمەکەون و وەك دەورانی سەدەمی نەزانی پێشوو، خەمڵی خۆتان نیشان مەدەن. نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ لە فەرمانی خودا و پێغەمبەر دەرمەچن. ئێوە کە خەڵکی ئەم ماڵەن خوا گەرەکیە چەپەڵیتان لەسەر لابا و پاك و خاوێنتان ڕاگرێ." (سووڕەی٣٣ ئایەی٣٣)*

ئەوەی کە گوتەکانی قورئان نەك لە کۆنتێکستەکەیدا بەڵکوو وەك یاسای گشتی سەیر دەکرێ، ئاکامێکی نەگۆنجاو و خراپی لێ دروست دەبێ: کاتێ تالەبانەکان لە ساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١ هێزی سیاسیان لە ئەفغانستان بەدەستەوە گرت، ئیزن بە ژنان نەدەدرا لە ماڵەکەیان بێنە دەرەوە. کیژەکان ئیتر ئیزنی قوتابخانەچوونیان لێ زەوت کرا. هیچ ژنێك ئیزنی کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ نەبوو تەنانەت لە نەخۆشخانەکانیش ژنانیان دەرمان نەدەکرد. دیارە تالەبانەکان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە، خۆیان بەو سووڕەیەی قورئانەوە هەڵواسیبوو. وڵاتەکەیان بە پتوونی گەڕاندرابۆوە بۆ سەردەمی ڕەش و تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست؛ هەرکەسیش دژ بەو کارەیان بوەستایە، دەبوو تاوانێکی گەورە بدات.

## موزاحیمەتی سێکسی

بۆچی پێغەمبەر لە پەیوەندیی ژیانی هاوسەری و سێکسی سەردەمی خۆیدا جێی ئامۆژگاریکردن نییە، چونکە ئەو چەندین جار زەماوەندی کردووە، ئیزنی نیزیکی سیکسی لەگەڵ کۆیلە و بەدیلکراوانی شەڕی هەبووە، هەروەها هەوڵی داوە ژنە گەنجەکانی لە هەنبەر دەست درێژی موزاحیمانی سێکسی بپارێزێ. بەڵام بەداخەوە کێشەکە لێرەدایە، کە گێڕاوەکانی قورئان نەك بەهۆی پەیوەندایەتی لەگەڵ کۆنتێکستی سەردەمی خۆیەوە سەیر دەکرێن، بەڵکوو تا ئەمڕۆش وەك یاسای دانراوی بڕواپێکراو لە ئەژمار دێن. ئەو کارە، کارتێکەریی گەلێک نەرێنی هەیە، بەڕادەیەك کە بەهۆی لکاندن بە هەڵس و کەوتی سەردەمی پێغەمبەرەوە، ئەمڕۆش دەست درێژی بۆ سەر ژنان بە کارێکی ئاسایی و فەرمی دادەنرێت. ماوەیەك پێش ئێستا وتووێژێکم لەگەڵ کەنیشکێکی ئیزەدی کورد هەبوو کە بۆ ماوەی چەند مانگێك کۆیلەی داعیش بووە و ئێستا خۆی لە دەستیان ڕزگار کردووە. ئەو کچە چەندین جار لە لایەن سەرکردەیەکی داعیشەوە دەستڕێژی سێسکی کراوەتە سەر و سەرکردەکە پێی گوتوە کە بەوکارەی لە خودا نیزیکتر دەبێتەوە. هۆیەکەشی ڕوونە: بە پێی گوتەکانی قورئان، خودا ئیزنی بە باوەڕپێکراوان داوە دەست درێژی سێکسی بکەنە سەر کۆیلە و بەدیلگیراوانی شەڕ.

ڕووداوی وا دیارە کارێکی لەڕادەبەدەر ناخۆش و سەرسووڕهێنەرە بەڵام بەداخەوە بە تاقمێك ڕووداوی لێرە و لەوێ کۆتایی پێ نایەت. ڕووداوێکی هاوچەشنی ئەو کچە ئیزەدییە کوردە، لە نیجیریاش ڕوو دەدات کاتێ کە شەڕکەرە تێرۆریستەکانی گرووپی بۆکۆ حەرام "Boko Haram" ژنان و کیژان دەرفێنن و وەك کۆیلە لای خۆیان ڕایاندەگرن.

لە ئاڵمان هەڵس و کەوتی ئەوتۆ و دەست درێژی سێکسی لە شەوی ساڵی تازەی ٢٠١٥ ی زایینی لەهەنبەر ژنان و کیژان لە شاری کۆڵن و زۆربەی شارەکانیتر باس و لێکۆڵینەوەی هەڵس و کەوتی ئایینی ئیسلام لەهەنبەر ژن و تەوەری سێکسی

ژیاندەوە. لێرەشدا لە فەزایەکی گەلێك سۆزدارانەدا دوو ئوردووگا لە بەرانبەر یەکتر ڕاوەستابوون. بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێی ئەو وڵاتە، ژنان و کچان لەو شەوەدا لە لایەن سەدان پیاوی چاوچنۆکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دەور دران، جوزیان پێوە کرا، دزییان لێ کرا، سووکایەتیان پێکرا و بەشێکیشیان دەست درێژی سێکسیان لەسەر کرا. تاوانکارەکان بە مرۆڤی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەب ناسێنران، کە تاقمێکیان وەك پەنابەر پەنایان هێنابووە بەر وڵاتەکە.

هەواڵی ئەو ڕووداوە زۆر بە هێمنی درایە دەرەوە. بەو نیازەی پەنابەر و مرۆڤی بیانی لە گومانێکی گشتی بپارێزن، ئەتنیك و ئایینی ئەو گرووپە تاوانکارانە زۆر دواتر ئاشکرا کرا. هەولێك کە دواتر بە درۆ دەرچوو. بەو کارە ئاو بەسەر ئاگری ئەو کەسانەدا کرا کە هەر هەواڵێك بە "درۆی مێدیاکان" دادەنێن و ئەو هەستەیان تێدایە کە بۆچوونەکان لە سەرەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و خەڵکی بە فریودراو دادەنرێن. ئاو بەسەر ئاگری ئەو کەسانەشدا کرا کە دەڵێن مرۆڤی بیانی یەکجار زۆرن و تێکەڵاوبوون و خۆ گۆنجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە زۆر ئەستەم و نەگونجاوە.

دیارە، شتێکی سروشتیە کە ئەستەم بتوانرێت بەستێنی ئێتنیکی و ئایینی تاوانکارەکان لەبیر بکرێت ئەگەر مرۆڤ بزانێ کە تەنیا دەست درێژی ئاسایی نەبووبێ (ئەو کارە بەهۆی خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری ئەلکۆڵ هەموو ساڵێك لە شەوی سەری ساڵی تازەدا پێك دێ بەڵام نەك بە پانتایی ئەو شەوەی ٢٠١٥ ) کە لە لایەن هەزار پیاوی لات و لوتەوە هێرشیان کراوەتە سەر. هەروەها ئەو پیاوانە هەموویان بەستێنیکی ئایینی کولتووری وەك یەکیان بووبێت.

مرۆڤ ناتوانێ ئاوا بە ساکاری سەری ئەو ڕووداوە داپۆشێ، بەتایبەت ئەو کاتە ناتوانێ، کە مرۆڤ بۆ پێشگری و کەمبوونەوەی لەمپەری خۆگونجاندن لە کۆمەڵگادا، هۆگریی لەخۆی پیشان بدات. ڕووداوێك وەك ئەوەی لە شاری کۆڵن ڕووی دا، لەو چەشنە تایبەتییەی خۆیدا هێشتا لە لایەن ئوروپاییەکانەوە نەناسراو بوو. ئەگەر مرۆڤ ئاوڕێك لە دنیای عەرەب بداتەوە دەبینێ کە بە گشتی موزاحیمەتی سێکسی لە هەنبەر ژنان و کیژان کێشەیەکی تایبەتی و جیددی کۆمەڵگایە. هەر توریستێکی ژنی ئاڵمانی

یاخود بیانی چ بە تەنیا یا لەگەڵ هەڤالێکی لە وڵاتانی میسر، تونێز یا مەراکیش بووبێ، دەزانێ کە دەکرێ هەموو دەمێک هێرشکارییەکی ئەوتۆی لەسەر بکرێ. هەروەها ئەوەش دەزانن کە زۆر ئەستەم دەتوانرێ دژ بە پیاوی موسوڵمان کە ژنی ڕۆژئاوایی بە چاوێکی سووکەوە سەیر دەکەن، هەڵوێست بگرترێ.

من خۆم لە وڵاتی میسرەوە دێم، ئەو جێیەی موزاحیمەتی سێکسی لە هەنبەر ژنان و کیژان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ببوە کارێکی ئاسایی پیاوان، چونکە مرۆڤ ئەو دیاردەیەی بە درێژایی مێژوو لەبەرچاو نەگرتووە و گرنگایەتی پێ نەداوە. لە لایەکەوە، چونکە مرۆڤ نەیویستووە دان بەوە دا بنێت کە لە کۆمەڵگایەکی ئایینی ــ ئەخلاقی دا دەستدرێژی سێکسی بەهیچ شێوەیەك نابێ بوونی هەبێ، لەو لاشەوە مرۆڤ ترسی لە کەمبوونەوەی توریست بۆ وڵاتەکەی بووە کە داهاتێکی باشی بۆ بەدیاری دێنان. ئەگەریش باس لەسەر ئەو موزاحمەتە کرابێ، هۆیەکەی گەڕێنراوەتەوە سەر قوربانی بووەکە و بەرپرسایەتیەکەی کەوتۆتەوە سەر چۆنیەتیی چەشنی بەرگ لەبەرکردن و هەڵس و کەوتی.

ئەو چەشنە درۆ هەڵبەستنە و ترس لە ڕوونبوونەوەی هەڵس و کەوتی هەڵەی خۆیان، بۆتە هۆی ئەوەی لە ژمارێکی کەمی ئەو هێرشانە و دەست درێژیانەوە بەرەو ئێپیدمیەکی ڕاستەقینە و ئاسایی و فەرمی چووە و پەرەی سەندووە. تەنانەت ٩٥ لە سەدی ژنانی میسری لەسەر ئەو دەست درێژیە سێکسیانە کە بەردەوام هەموو ڕۆژێك هەستی پێدەکەن، ڕەنج دەبەن. بەتایبەت لە دووجێژنی پیرۆزی موسوڵمانان "جێژنی قوربان" و "جێژنی ڕەمەزان" لە هەموو پارك و جێی ئاسایشی شارەکە دا، لە دەست درێژی سێکسی گشتی پیاوان بێ بەش نامێنن.

هاوکات لەگەڵ خۆپێنیشاندان لە مەیدانی تەحریر لە پەیوەندایەتی لەگەڵ بەهاری عەرەبی، هەمیسان دەست درێژی سێکسی لەسەر ژنان و کیژان گەیشتە ئەوپەڕی بێشەرمی خۆی. لەوێ تاکتیکێکی نوێیان دۆزیبۆوە کە لە شاری کوڵنیش بەڕێوە چوو: تاوان کاران دوو بازنەی داخراویان لە مرۆڤ دروست کردبوو. کاتێ قوربانییەك دەستنیشان دەکرا، لە بازنەی یەکەمدا دەوریان دەدا. لەوی پاڵی پێوە دەنرێ، خۆی لێ دەخشێندرێ، کۆمەڵەکەش بە دەنگی بەرز پێدەکەنن و هەرا و هوریا وەڕێ دەخەن،

بۆ ئەوەی دەنگی قوربانییەکە نەبیسرێ، و بە گورجی دەیخەنە بازنەی دوو هەمەوە بۆ ئەوەی لە ئەگەری یارمەتیدانی خەڵکی دووری خەنەوە. لەوێ دەست درێژیەکە درێژەی دەبێ و ئیتر ڕێی دەربازبوونی زۆر ئەستەم دەبێت.

بەڵام ئایا ئەو کارە هیچ پەیوەندایەتییەکی بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە؟ ئا و نا. من خۆم لە میسریش و لە مەراکێشیش شاهیدی ئەو چەشنە دەست درێژییە گشتیانە بووم. لە زۆربەیاندا کۆمەڵێکی ئایینی بەشدار نەبوون، بەڵکوو لە کۆمەڵی بچووکی گەنج پێکهاتبوون کە لەژێر کارتێکەری ئەڵکۆڵ و مادە سڕکەرەکاندا بوون.

بە پێی تێئۆری ئیسلامی لە باوەڕپێکراوانی ئیسلامی قەدەغە کراوە دەست لە ژنێکی بێگانە بدەن، تەنانەت ئەگەر ژنەکە دەسگیرانی خۆشیان بێ. هەروەها لە باوەڕپێکراوی زێدەڕۆی ئیسلامی قەدەغە کراوە دەست لەگەڵ ژنێک لێ بداتەوە (تەوقەی لەگەڵدا بکات) یاخود بۆ ماوەیەکی کورتیش چاو لە ژنیکی بێگانە بکات. سەلەفییەکانی میسر لەسەر ئەو بۆچوونەن کە پیاو نابێ لە ئوتوبووسدا لە سەر ئەو کورسییەی ژن لەسەری دانیشتووە، دانیشێ، چونکە گەرمای لەشی ژنەکە کە ڕەنگە هێشتا لەسەر کورسییەکە هەستی پێ بکرێ، مەیلی پیاوەکە ببزوێنێت.

بەڵام بە کردەوە، وا نییە و بەهۆی ئەو داب و نەریتە توند و تێژە ئەخلاقییەوە کە ئەویش خۆی ئاوێتەی پرۆسەیەکی جینسی بووە، پوتانسیەلێك پێکدێت کە ئەزموونەکەی بە پێچەوانە دەردەکەوێ. ئایینێك کە ژن وەك ماڵ و دارایی پیاو دادەنێ، یاخود بە مەترسییەك بۆ کاری ئەخلاقی دەزانێ، بە ڕاشکاوییەوە بەرپرسە بۆ ئەو کارە. قوڕئانێك کە بۆ بەهەشتی پیاوان ژن وەك کەرەسەیەکی خۆشیی پیاو دەناسێنێ، ڕۆڵی ژن و کچ سێکسوالیزە دەکاتەوە. باوەڕێکیش کە بۆ ژنی دیاری دەکات و دەڵێ ماڵەکەی تەنیا لەسەر ئیزنی مێردەکەی یا بە هاوڕێیی پیاوێکی بنەماڵەکەی دەتوانێ بەجێ بێڵێت، بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ تووڕەیی و زۆرداری دژ بەو ژنانە دەخولقێنێ کە ناتوانن پەیڕەوی لەو قەدەغەیە بکەن (بۆ نموونە. ئەو ژنە توریستانەی کە بە تەنیا ڕێگە دەبڕن). هەروەها پەرتووکێك کە مرۆڤێکی بێ باوەڕ وەك پوتانسیەلێکی خۆراک و

کۆیلەیەکی سێکسی داگیرکەرانی ئیسلامی دادەنێ، لایەنێکی بەرچاوی ئەو کێشەیە دەکەوێتە ئەستۆی.

نیزیکەی چل ساڵ بەر لە ئێستا بە دەگمەن ژنی میسری لە قاهیرە لەچکەی بەسەردا دەدا. دەست درێژی سێکسی لە فەزای گشتی لەسەر ژنان لەو سەردەمەدا زۆر کەم بەڕێوە دەچوو. ئەمڕۆ هیچ ژنێک ناتوانی بێ داپۆشانی خۆی لە ماڵەوە وەدەر کەوێ و سەرەڕای داپۆشانیشی، هێشتا مەترسی خۆ پێوەنان و خۆلێخشانی پیاوانی لەسەرە. ئەو کارە لە ئێران، ئەفغانستان، پاکستان و زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان بە هەمان شێوەیە، تەنانەت لە وڵاتی دەوڵەمەند و پیرۆزی عەرەبستانی سعودیش ئەو داب و نەریتە بەڕێوەدەچێ.

ئایا مرۆڤ دەتوانێت لێرەدا گومانی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان داپۆشین و دەست درێژی سێکسی لە ژنان بکات؟ پرسیارێکی گەلێك ئاستەم و دژوارە. بەشێکی ئەو دیاردەیە بە ڕاشکاوییەوە پەیوەندی بە بوونی ڕاستەقینەی ئیسلامەوە هەیە، بەڵام نەك هەمووی. چونکە لە هیندوستانیش دەست درێژی سێکسی بوسەر ژنان، کاری ڕۆژانەی پیاوانە. ئەو ڕاستییە، تاڵە بەڵام نابێ ببێتە هۆی لادان و ونبوونی ڕێگای ڕاست و مرۆڤ بە شێوازی ڕادەیی سەیری وڵاتی هیندوستان بکات. ئەو کارە لەڕاستیدا نە پەیوەندی بە نەتەوەی هیندەوە هەیە و نە دیاردەیەکی ئیسلامییە بەڵکوو کارێکی ناڕەوایە کە ڕاست لەو چەشنە کۆمەڵگا و کولتوورانەدا سەرهەڵدەدات وا ژن بە چاوی سووك و نرخی کەم سەیر دەکرێت.

## هۆمۆسێکسوالیته(هاوجنس بازی) له قورئاندا

ڕووداوی تێرۆریستی ژوئێنی ٢٠١٦ له ئۆرلاندۆی فلۆریدا بووه هۆی کوشتنی چەندین مرۆڤی هۆمۆسێکسۆئێل و باسێکی مەزنی سەبارەت بە دوژمنایەتی ئایینی ئیسلام لەگەڵ خۆشەویستی نێوان مرۆڤی هاوجنسی وەڕێ خست. سەرەڕای بڵاوکردنەوەی زانیاری دژبەر و پێچەوانەی جیاواز لەسەر تاوانکارەکە، چونکە ئەو موسوڵمان و خەڵکی ئەفغانستان بوو، هۆ بۆ ئەو کارەی دەگەڕایەوە سەر داب ونەریت، فەرهەنگ ــ ئایینی ئیسلام. ئەگەر تاوانکارەکە خۆیشی هاوجنس باز بایە، وەك تاقمێك لە مێدیاکان بڵاویان کردبۆوە، دیسانەکە ئەو کارە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەدەهات. هۆکاری پێکهێنانی ڕووداوێکی ئاوا سامناك لێرەدا دەتوانێ بریتی بێت لە خۆ بە تاوانبارزانینێکی گەڵێك مەزن و رق و کینەیەکی زۆر لە هەنبەر "تاوان" کە مرۆڤەکە بە شێوەی ئاکتیڤ خۆی لە مێشکیدا پێکی هێناوە.

لە سەرەتای مانگی جولای ٢٠١٦ لەگەڵ دوو کەسی هاوجنسباز لە شاری کوڵنی ئاڵمان کە هەردووکیان موسوڵمان بوون، چاوپێکەوتنم هەبوو. هەرکام لەوان بۆچوونی جیاوازی خۆیان لەسەر تەوەری ئایینی ئیسلام و سێکس هەبوو. ئیبراهیم گەنجێکی لوبنانیە و باوەکوو وڵاتی لوبنان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتە ئیسلامییەکانی تر لەسەر تەوەری هاوجنس بازی زۆر کراوەترە، سەرەڕای ئەوەش زۆرجار لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە جوێنی پێدراوە، سووکایەتی پێ کراوە و تف و لەعنەتی لێ کراوە. تاڵترین ڕووداو کە بەسەری هاتووە: گرووپێکی سەلەفی ئیبراهیمیان گرتوە و لە سەربانی خانووبەرەیەکی بەرزەوە خستوویانەتە خوارەوە. سەرەڕای شکانی چەندین ئەندامی دەر و ناوەوەی لەشی، ئیبراهیم لە مردن ڕزگاری بووە و دوای ئەو ڕووداوە لە لوبنان هەڵاتوە و هاتۆتە وڵاتی ئاڵمان و لێرە داوای مافی پەنابەری کردووە. لە کۆبوونەوەیەکی هاوجنسبازاندا چاوم بە ئیبراهیم کەوت و لەسەر پەیوەندی ئەو لەگەڵ بنەماڵەکەی و چۆنیەتی هەڵس و کەوتیان لەسەر ئەو کارەی و هەروەها پەیوەندی خۆی

لەگەڵ ئایینی ئیسلام، پرسیارم لێ کرد. ئیبراهیم بۆی گێڕامەوە کە ئیتر موسوڵمان نەماوە: چونکە چلۆن دەکرێ لایەنگری لە ئایینێك بکا کە بوونی ئەو دەخاتە ژێر پرسیار؟ "چۆن دەتوانم ئەو ئایینە بە هی خۆم بزانم، کە دەیهەوێ بمکۆژێ چونکە دەمەوێ بەو جۆرە بژیم کە سروشت پێکی هێناوم؟" لەگەڵ بنەماڵەکەشی ئیتر هیچ پەیوەندییەکی نەماوەتەوە، ئەوان بەهۆی هەڵس وکەوتی جنسیەکەیەوە، خۆیان لێ دوورخستۆتەوە و تەنانەت دوای رووداوی بریندارکردنەکەشی، لێیان نەپرسیوە. ئێبراهیم سەیری خەڵکی دەورو بەری دەکا و دەڵێ: "ئێرە و ئەو مرۆڤانە بنەماڵەی منن. ئەوانە یەکەم مرۆڤ لە ژیانمدان کە بەو جۆرەی کە هەم دەمسەلمێنن و خۆشەویستیان بۆم هەیە."

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا چاوم بە فەیسەڵ کەوت و بڕێك پێکەوە دواین. فەیسەڵ ئیمامێکی پاکستانیە کە پێش هاتنی بۆ ئاڵمان، لە شاری موریس لە باشووری ڕۆژئاوای ئوقیانووسی هیند ژیانی کردووە. ئیمامێکی هۆمۆسێکسۆئێل ؟ بەڵێ، مرۆڤی واش هەن. فەیسەڵ زۆر زوو هەستی بە هاوجنس بازی خۆی کردبوو، بەڵام بە بێ ویستی خۆی کەسایەتییەکی لە خۆی دروست کردبوو، کە بنەماڵە، کۆمەڵگاکەی و هاوکارەکانی لێیان دەویست. زەماوەندی کردبوو و مناڵیشی هەبوو. زۆربەی مرۆڤی ژن و پیاوی هاوجنسباز لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا چارەنووسێکی هاوچەشنیان هەیە. زۆربەیان تا کاتی مردنیش ژیانێکی دووچەشنیان هەیە. فەیسەڵ نەیدەتوانی و نەشیدەویست ئیتر ئەو چەشن دوو ژیانەی درێژە پێ بدا. کاتێ ژنەکەشی بەو کارەی زانیبوو، هەڵس و کەوتی ئەوی بۆ هەموو بنەماڵەکەی و دراوسێکانی گێڕابۆوە. کۆمەڵی دەوروبەری کەساڵیانی درێژ بوو فەیسەڵیان بە فەرمی وەك ئیمامی ئایینی دەناسی و ڕێزیان بۆی هەبوو، دوای زانینی ئەو ڕاستییە هەر هەموویان پشتیان تێکرد و بە چاوی سووك سەیریان دەکرد. ئازاریان دەدا و هەڕەشەیان لێ دەکرد. کارەکەی لە دەست دا و تەنانەت ئیزنی دیتنی مناڵەکانیشی لێ سەنرایەوە. کاتێ ئاگادار کرایەوە کە بنەماڵەکەی هاتوونەتە سەر ئەو بڕیارە کە بیکووژن، شارەکەی بەجێ هێشتووە و لەوێ هەڵاتووە.

کاتێ من پرسیارم لێ کرد، چلۆن دەکرێ ئیتر باوەڕپێکراوێکی ئایینی بمێنێتەوە، وەختێ دابو نەریتی ئەو ئایینە هەوڵی کوشتنی ئەوی داوە، وەڵامی دامەوە: "ئەوە

ئیسلام نییە کە ئەو کارە دەکات، بەڵکوو تەنیا چەشنە تەفسیرێکی ئیسلامە. دیارە قوڕئان مرۆڤی هۆمۆسێکسوئیلی شاری سدوم مەحکووم دەکا، بەڵام نەك بەو هۆیەی هاوجنس بازن، بەڵکوو بەو هۆیەی ئەوان تاوانێکی تریان کردووە." فەیسەڵ لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە هەڵس و کەوتی شەڕخوازانەی وڵاتە ئیسلامییەکان لە هەنبەر هاوجنس بازان پەیوەندیی بە قوڕئانەوە نییە، بەڵکوو ئەو کارە دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگ و هەڵس وکەوتی پیاوسالاری کۆمەڵگا. گوتراوەکانی پەرتووکی قوڕئان وا تەفسیر دەکەنەوە کە وەك پشتیوانییەك بۆ پیاو سالاری دەنوێنێ."

لە کاتی ئاخەفتنەکەماندا فەیسەڵ ماسکێکی لەسەر دەموچاوی دانابوو، چونکە تەنانت لە ئاڵمانیش لە دەست ئیسلامیستەکان لە ئەمان دا نییە و ترسی لێیان هەیە. بەو هۆیەی ئەو چاوپیکەوتنە لە لایەن کاناڵێکی تلەفیزیۆنییەوە بڵاو دەکرایەوە، نەیدەویست خۆی ئاشکرا بکا و ترسی لەوە بوو کە نەکا کەسێك بیناسێتەوە. نیگەرانییەکەشی بێ جێ نەبوو: ئەو سەردەمەی وەك پەنابەر هاتبووە ئاڵمان، پەنابەرەکانیتر لێیان دابوو، سووکایەتیان پێکردبوو و لە لایەن ئەو پیاوانەوە ئازاری پێ گەیشتبوو کە بێزاری و بێزیان لە مرۆڤی هاوجنس باز هەیە. ئەو ئازاردان و سووکایەتییە نەك هەر بە هۆی ڕازی ڕاگرتنی ئەو کەسانەوە بوو، بەڵکوو بە ڕاشکاوی لە خزمەت بچووککردنەوە و پەستکردنی کەسایەتی ئەو مرۆڤانەش بەڕێوە دەچوو.

سەرەڕای ئەوەی فەیسەڵ تا ڕادەیەك لە ئاڵمان ژیانێکی هێمنی هەیە، مرۆڤی هاوجنس باز لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان، هێرشیان دەکرێتە سەر، ئازار دەدرێن و سووکایەتیان پێ دەکرێ و هەڕەشەیان لێ دەکرێ. لای کەم لە ناو دە وڵاتی ئیسلامیدا یاساکان بە ئاشکرایی دژ بەوان ڕاوەستاون. لە ئێران، عەڕەبستانی سعودی، سوودان، و موریتانی هەڕەشەی لە سێدارەدانیان لێ دەکرێ. لە وڵاتەکانیتریش دەبێ چاوەڕوانی چوونە بەندیخانە بکەن. لەو جێگایانەش کە دەستی یاسایان پێ ناگا، لە لایەن فناتیك و مرۆڤی زێدەڕۆی ئایینیەوە هەر وەك دوو نموونەی فەیسەڵ و ئیبراهیم هەرەشەیان لێ دەکرێ.

## چیرۆکی سدوم و عموره (گمورا)

بەڵام کامیەك لەو دوو مرۆڤە لەسەر هەڵوێستی ئایینی ئیسلام لە هەنبەر هاوجنس بازدا ڕاست دەکەن؟ بە گشتی هەردووکیان مافی خۆیانە. لە پەرتووکی قورئاندا هیچ بەڵگەیەکی ڕوون بوونی نییە کە هاوجنس بازی بە کارێکی نائاسایی دابنرێ. تەنانەت وشەی "هاوجنس باز" بۆ یەك جاریش لەو پەرتووکەدا نەهاتووە. ئەو شتەی لەویدا لەسەر ئەو تەوەرە دەبینین چیرۆکی سدووم و عموورەیە کە لە کتێبی تەوڕات وەرگیراوە. ئەو چیرۆکە چەند جار لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، جارێک بە وردی و جاری واشە تەنیا وەك هەڕەشەیەکی کورت. بە پێی ئەو گێڕاوەیە، خەڵکی شاری لووت بە هۆی ئەو هەڵس و کەوتە نائاساییەوە لەعنەتی لێ دەکرێ و سزا دەدرێ. لەسەر ئەو هەڵس و کەوتە سووك و بێ قیمەتەیان باس لە نیزیکیی پیاو لەگەڵ پیاو دەکرێ:

*"لووتیشمان نارد. ئەوسا بە هۆزەکەی خۆی گوت: ئێوە کاری ئەوەندە شوورەیی دەکەن، بەر لە ئێوە کەس لە دنیا نەیکردووە.؟ ئێوە بۆ خۆ ڕەحەت کردن - لە بری ژنان - پەلاماری پیاوان دەدەن. ڕاستی ئێوە بۆ بەدفەڕی لە ئەندازەو دەرکردووە. هۆزەکەی لووت وەرامیان هەر ئەوەندە بوو : لە شاری خۆتان دەریان کەن؛ ئەمانە کەسگەلێکن کە دەیانەوێ بە پاك و خاوێنی بژین! ئیتر خۆی و کەس و کاریمان ڕزگار کرد؛ هەر تەنیا ژنەکەی نەبێ، کەوتە تەك بەجێماوان. بارانێکمان بۆ باراندن ئەمما باران! دە بڕوانە پاشەڕۆژی ئەو تاوانبارانە چۆن بووا!." (سوورەی٧ ئایەی٨٠ تا ٨٤)*

لێرەدا نوکتەی سەرنجڕاکێش پرسیاری لووتە: *"ئێوە کاری ئەوەندە شوورەیی دەکەن، بەر لە ئێوە کەس لە دنیا نەیکردووە.؟"* دەبێ کام چەشنە کارێکی "شوورەیی" بووبێت کە هیچ مرۆڤێک پێش خەڵکی لووت نەیکردبێت؟ ئەوە نابێ پەیوەندی بە هاوجنس بازییەوە هەبێ چونکە ئەو کارە هەمیشە بووە و لە هەموو کولتوورەکان و سەردەمەکاندا باسی لێوەکراوە. لە مێژووی ئیسلامیشدا هاوجنس بازی کارێکی تاقانە نییە. چ لە دیوەخانی خەلیفەکان، یاخود لە گێڕاوە و شیعر و چیرۆک و بەگشتی لە هیچ

باس و گێڕاوەیەکدا تەنانەت ئاماژەیەك بە نائاسایی بوونی ئەو کارە نەکراوە. تەنانەت لە شیعر و پەخشانی عیرفانی سۆفییەکانیشدا ئاسەواری ڕوونی هۆمۆسێکسۆئێلی پێوە دیارە. لەمرۆدا زۆربەی موسوڵمانی باوەڕدار، لای کەم تا ئەو جێگایەی مرۆڤە هاوجنس بازەکە لە بنەماڵەی خۆیان هەڵنەکەوتبێ، یاخود بە ئاشکرایی خۆی لە کۆمەڵگادا نیشان نەدابێت، دەتوانن هەڵس و کەوتی نەرم و نیانی لەگەڵدا بکەن و بیسەلمینن.

ئەدی چ ڕووداوێك دەبێ بووبێتە هۆی ئەو کارە "شوورەیی"یە؟

لە جێیەکیتری پەرتووکی قورئاندا بە وردەی ئاماژەی پێکراوە: هەر وەك پەرتووکی تەورات و ئینجیل، فریشتەکان میوانی لووت دەبن کە لە لایەن خوداوە نێردراون و بە شێوازی پیاو خۆیان نیشان دەدەن. دوای ئەوەی لووت پیاوەکانی وەك میوان لای خۆی جێ کردووە، لەبەر دەرکەی ژوورەکەیان چەندین مرۆڤی هیچ و پووچی هەوەسباز کۆدەبنەوە و دەیانەوێ لەگەڵ میوانەکانی لووت نیزیکایەتی بکەن و کاتێکی خۆش تێپەڕ بکەن. بۆ پارێزگاری پیاو یاخود فریشتەکان لە هەنبەر ئەو مرۆڤانە، لووت پێشنیاریان پێ دەکا کە لەجیاتی نیزیکایەتی لەگەڵ فریشتەکان، لەگەڵ کچەکانیدا نیزیکایەتی بکەن. بەڵام پیاوە هەوەسبازەکان ئەو پێشنیارەی رەد دەکەنەوە. دوای ئەوە لووت لە لایەن خوداوە ئەمری پێ دەکرێ، گوندەکەیان بەجێ بێڵێ و خۆی و کەسەکانی ڕزگار بکات. لە کۆتاییشدا گوناهبارەکان توونا دەکرێن. ئەوەش چیرۆکی ئەو گێڕاوەیە لە قورئاندا:

*"کاتێ کە ڕاسپاردەکان بوونە میوانی ماڵی لووت، گوتی: ئێوە کەسانێکن ناتان ناسین. گوتیان: بەڵام ئێمە شتێکمان هێناوە، کە ئەوانە لێی دوودڵ بوون. ڕاستیمان بۆ تۆ هێناوە و ئێمە دیارە درۆ ناکەین. کە چەند بەتڵێك لە شەو بووری، تۆ خاو و خێزانت بەرە و خۆت لە دوایان وەڕێ کەوە، کەسیش ئاوڕ نەداتەوە. بۆ کوێتان ڕێ نیشان دەدرێ بۆ وێ بچن. نووك و بەدی کارەکەمان لەپێش دانا؛ کە لە دەمی بەیان بەربوون ئەمانە دوابڕاو دەبن. خەڵکی شاریش - وە هەلهەلە کێشانەوە - پەیایان بوو. گوتی: ئەوانە میوانن، ڕوو زەردی ئەوەم مەکەن. ترستان لە خودا هەبێ و ئابڕووم مەبەن. گوتیان:*

*ئەدی پێمان نەوتوی نابێ کەس تخوونت کەوێ؟ گوتی: ئەوا کیژەکانم، چیتان دەوێ وەرن دەگەڵیان بکەن. دە بەگیانی خۆت سوێندەکە، ئەوانە لەبەر سەرخۆشی، سەرگەردان بوون. دەگەڵ گزینگی هەتاوێ شریخە و گرمە گرتنی.هەمووامان ژێر و ڕوو کرد و بارانێکمان لە کەستەکێ - کە ببووە بەرد - لەسەر ئەمانە داباراند." (سوورەی١٥ ئایەی(٦١ تا ٧٤)*

لە تەلموودیشدا هەر وەك لە مەسیحییەت بە پێی متی و مرقس، ئەو چیرۆکە بۆتە هۆی سیمبۆلیزیرەکردنی میوانداریەتی و چەشنە شێوازێکی خوێندنەوە کە تەنانەت کتێبی قوڕئانیش پەیرەوی لێکردووە: " *ئەوانە میوانن، ڕوو زەردی ئەوانم مەکەن*"تا چ ڕادەیەك پلانی هێرشکاری ئەو مرۆڤە هەوەسبازانە سروشتێکی سێکسێ بووبێ، لە چەندین وەرگێڕاوی ئینجیلدا باسێکی مەزن و ئاڵۆز و نائاشکاری لە ناو مەسیحییەکاندا دروست کردوە. لە وەرگێڕاوەکەی مارتین لۆتەر دا هاتووە: پیاوەکان ویستوویانە بە ئاگایی تەواو هێرش بکەنە سەر فریشتەکان. ئەو وەرگێراوەیەی لۆتەر زۆر لە سووڕەی ٢٩ی قوڕئان دەچی کە بە هۆی بەدفەڕی و هێرشکاریی ئەو مرۆڤانەوە دەبێ خودا تووناى کردبن:

*"باسی لووتیشیان بۆ بکە، ئەوسا کە بە هۆزەکەی گوت: ئێوە کاری ئەوەندە شوورەیی دەکەن، لە دنیا دا کەس بەر لە ئێوە وای نەکرد. ئێوە سواری پیاوان دەبن و ڕێگریو و کردۆتە پیشە و لە دیوەخانی خۆتاندا ئاکاری ناشیرین دەکەن؟ تەنیا وەرامی هۆزەکەی هەر ئەمە بوو: ئەگەر قسەکانت ڕاستن، ئازاری خوامان بۆ بێنە. گوتی:ئەی پەروەرەندەی من! لەسەر ئەو هۆزە بدفەڕە، یاریدە لە تۆ دەخوازم." (سووڕەی٢٩ ئایەی٢٨ تا٣٠)*

وێدەچی کارتێکەریی کرداری پڕ لە شوورەیی جۆراوجۆر پێکەوە بوونەتە هۆی هەڵوێستگرتنی خودا و شارۆمەندانی سدوومی سزا داوە. هەروەها لە کۆتایی ئەو چیرۆکەشدا هیچ پێشنیار یاخود یاسایەك بوونی نییە کە موسوڵمان بە نیەتی شەڕ بۆ هێڕشکاری دژ بە مرۆڤی هاوجنسباز هان بدا.

## خودا ڕقی لە تاوان و تاوانبارانە

هۆی ئەوەی لە تاقمێك لە وڵاتە ئیسلامیەكان مرۆڤی هاوجینس باز دەكووژرێن یا دەخرێنە زیندانەوە، چییە؟ بۆچی ئەو مرۆڤانە لە لایەن داعیش و گرووپە ئیسلامیستەكانی دیكەوە، دەستبەستراو و چاوبەستراو لە سەربانی باڵەخانەكانەوە دەخرێنە خوارەوە؟

هەر وەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد، لە پەرتووكی ئینجیلیشدا نهێنیەكی تێدایە كە بە دەنگی توورەیی دژ بە مرۆڤی هاوجینس باز هەڵوێست دەگیرێت و لە زۆربەی وەرگێڕاوەكانی ئەو پەرتووكەدا "سدوم" لە خزمەت ئاواتی رەدكردنەوە و وەدەرنانی ئەو مرۆڤانە لە كۆمەڵگادایە و تەنیا لە برێك لە بۆچوونەكاندا لەگەڵ شەهوەت و سروشتی ئینسانی لە یەك ڕیزدا دادەنرێ. سەرەڕای ئەو هەڵسەنگاندنەش هیچكات ئەو فەرمانە بە باوەڕپێكراوانی ئایینی مەسیحی نەدراوە كە مرۆڤی هاوجینس باز بكووژن، هەر وەك لە كتێبی قورئانیشدا باسی لێ نەكراوە.

ئەوەی بۆچی ئەو كارە لە تاقمێك لە وڵاتە ئیسلامییەكان وەك یاسای لێ هاتووە، هۆكاری جۆراوجۆری هەیە: زۆربەی لایەنگرانی مەسیحییەت پەرتووكی تەوڕات و ئینجیل كە بە مووسا و عیسا وەحی كراون و لە زۆر جێگادا وەك یاسای ڕۆژانەی كۆمەڵگای لێهاتووە، وەك گوتەی ڕاستەوخۆی خودا ناناسن. بەڵكوو تەنیا كەمینەیەكی فۆندامێنتالیست واتە فناتیكن كە بە جۆرێكیتر سەیری ئەو تەورە دەكەن. پشكێنەرانی پەرتووكی ئینجیل كتێبەكە و تێكستەكانی وەك نووسراوەیەكی ئینسانی سەیر دەكەن و لەسەر ئەو باوەڕەن كە هەستی ئیمپاتی (بەزەیی)، ئەزموونی كاتی و فانتازیای نووسەرەكە ئاوێتەی تێكستەكانی كتێبەكە بوون. سەرەڕای ئەوەش لە قسە و گێڕاوەكانی كتێبی ئینجیلدا خودا خۆی ئاخافتن ناكا، بەڵكوو ئەو كەسەی گێڕاوەكەی نووسیوە، جا یا خۆی بینیویە و یا لە كەسانیتری بیستووە. نووسەر زانیاریی و

گێڕاوەکانی چەندین سەرچاوەی پێکەوە پینە کردووە و چیرۆکێکی لی دروست کردووە. "گوناه + ڕووداوەی سرووشتی": **ئەوە دەبێ سزا و تاوانی خودا بێ!**

وەک چۆن کتێبی ئینجیل بە درێژایی ماویەکی دوور و درێژ نووسراوە و پەیتا پەیتا نووسراوەتەوە و زانیاری نوێی لێ زیاد و کەم کراوە، بە پێی کات و لێکۆڵینەوەی نوێ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە هەتا سەردەمی ریفۆرماسیۆن، نوێ سازییەکی ئەوتۆ بە پشتیوانی رۆحی ئینسان گەرایی لە ئاینی ئیسلامدا هیچکات پێك نەهاتووە. دیارە لە کتێبی ئینجیلیشدا سووڕەی شەڕخوازی بوونیان هەیە، بەڵام لەواندا هیچکات لە باوەڕپێکراوان داوا نەکراوە چاو لە هەڵس و کەوتی یەهوە "Jehova"[29] بکەن و بێ باوەڕ یاخود مرۆڤی بە بۆچوونیترەوە بکووژن. سەرەڕای ئەوەش سووڕە شەڕخوازەکان و یاساکانی ناو وەسیەت نامەی کۆن(تەوڕات)[30] بە هۆی نووسینی وەسیەت نامەی نوێ (ئینجیل) پووچەڵ کراونەوە. ئەگەر عیسا بڵێ: "کێ لەناو ئێوەدا بێ گوناهە، ئەو کەسە یەکەم بەردی هاویشتووە"، ڕێگا خۆشکەرە بۆ لابردنی داب و نەریتی کۆنی ئەشکنجەدانی لەشیی.

بەڵام لەبەر ئەوەی پەرتووکی قورئان بۆ هەر کام لە موسوڵمانان گوتەی ڕاستەوخۆی خودایە و مرۆڤ وەك جێنشینی خودا لەسەر زەوی سەیر دەکرێ، سووڕەکانی قورئان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئینجیل بە شێوازێکیتر دەخوێنرێنەوە و هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکرێت. لە قورئاندا ئەوە خودایە لەگەڵ مرۆڤی موسوڵمان ئاخافتن دەکا و چاوەڕوانییان لێ دەکا کاری چاك بکەن و ڕێ لە ناڕەوا ببەستن:

*"ئێوە چاکترین کۆمەڵن کە لەناو مەردمی دنیادا سەروو هەڵدا؛ فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێ لە ناڕەوا دەبەستن. باوەڕیشتان بە خوا هەیە." (سووڕەی٣ ئایەی١١٠)*

---

[29] یەهوە لە کتێبی ئینجیلدا بە مانای خودای ڕاستەقینە هاتووە.

[30] لە ئاینی مەسیحیدا نووسراەکانی ناو کتێبی تەوڕات بە وەسیەت نامەی کۆن و نووسراوەکانی کتێبی ئینجیل بە وەسیەت نامەی نوێ دەست نیشان کراون.

کاتێ خودا خۆی رق و کینەی لە هەنبەر بێدین و تاوانبار هەیە و توونایان دەکا، دیارە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ باوەڕپێکراوانیشی هەمان کردەوە لە خۆیان نیشان بدەن.

سەرەڕای ئەوەش: وەسیەت نامەیەکی نوێ، یاخود کەسایەتییەکی وەك عیسا لە ئایینی ئیسلامدا هیچکات بوونی نەبووە. لەویدا تەنیا پێغەمبەر وەك نموونەیەك و گوتەکانی وەك یاسا بۆ چۆنیەتی ژیان و هەڵس و کەوتی موسوڵمانان لە مرۆڤ قوت بوونەتەوە. کتێبی حەدیس وەك هەڵس و کەوتی ڕاستەوخۆی محەمەد و هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی نووسراوەکانی ناو قورئان سەیر دەکرێ. یەك لە ناودارترین گوتەکانی پێغەمبەر موسوڵمانان هان دەدا کە نەک هەر گوناه بە دادوەر بسپێردرێت، بەڵکوو بەشێوەی چالاکانە دژ بە گوناه بەربەرەکانی بکرێ:

*" هەرکەس لە ئێوە کارێکی ناحەز ببینێ، دەبێ بە دەستی خۆی هەوڵی گۆڕینی بدا، ئەگەر بۆی نەکرێ دەبێ بە زمانی خۆی گۆڕانی بەسەردا بهێنێت، ئەگەر ئەوەشی لە دەست نەهات، دەبێ بە دڵی بیگۆڕێت، کە ئەوەیان لاوازترین فۆڕمی باوەڕە."* [٣١]

ئەوە بەو مانایەیە، بەهێزبوونی باوەڕ لێرەدا خۆی دەنوێنێ کە باوەڕپێکراو بە هەر چەشنێك کە بۆی بگونجێ، دەبێ بەربەرەکانی لەگەڵ کاری خراپدا بکات. ئەو کارەی کە من هەمیسان لەگەڵ ڕووداوی ئورلاندۆ "Orlando" پەیوەند دەداتەوە. دیارە لە هەر کولتورێك و لە هەر وڵاتێکدا مرۆڤی زێدەرۆ هەن کە ئامادەن و توانایی ئەوەیان هەیە ڕووداوێکی تورەیی و دژ بە مرۆڤ بخوڵقێنن. بە پێی ئەو زانیاریانەی تا ئەمڕۆ بۆ ئێمە ناسراون، تاوانکارەکە یا مرۆڤێکی باوەڕداری ئیسلامی بووە کە بێ دینەکان بە گلاو و هاوجینس بازەکان وەك سەرچاوەی گوناه سەیر دەکا، یا کەسەکە خۆی هەستی گوناهباری تێدا پەروەردە کراوە و لەڕێگەی بەڕێوەبردنی ڕووداوێکی ئەوتۆ و کوشتنی مرۆڤی بێ تاوانەوە هەوڵی پاککردنەوەی گوناهەکانی خۆی داوە.

---

[٣١] Sahīh Muslim, Hadith Nr. ٧٣

## لێکۆڵینەوە لە پرسیار، ئەزمونەکەی مەترسیە بۆ گیان

تاوانکارێکی زێدەرۆ و فناتیك تەنیا بەهۆی پەرتووکی قورئانەوە ناتوانی بە فەرمی کارەکەی بەڕێوە بەرێ. ئەدی بەهۆی حەدیسەوە چی؟ گوتەیەکی پێغەمبەر لەناو حەدیسدا هەیە کە لە هەر سێ حەدیسی کۆکراوەی باوەڕپێکراوی موسوڵماناندا هاتووە: "ئەگەر ئێوە کەسێکتان دۆزییەوە، ئەوکارە دەکات کە خەڵکی لووت کردوویانە، چالاك و ناچالاکیان لی بکووژن."[32]

بەڵام تەنانەت لێرەشدا ئەو تاوانەی هۆزی لووت کردویانە لە تاریکیدا دەمێنێتەوە. دەستڕێژی سێکسی؟ ڕووتاندنەوە؟ شکاندنی داب و نەریتی میوانداری؟ هەڵس و کەوتی هاوجینس بازی؟ هەموویان گونجاون، بەڵام بە ڕوونی ئاماژە نەکراوە. سەرەڕای ئەوەش ئەو چەشن حەدیسانە بە بەڵگە بۆ بە تاوانبار زانینی هاوجینس بازی و تووناکردنیان دەهێننەوە. تەنیا لەسەر ئەگەری گوتەی گوماناوی پێغەمبەر، گرنگترین قوتابخانە ئاینیەکانی ئیسلامی بڕیاری کوشتنیان بۆ مرۆڤی هاوجینس باز دەرکردووە. بۆ ئیمام ئەحمەد بن حەمبەڵ(٧٨٠ لە بەغدا، ٨٥٥ لە بەغدا)، ئیمام مەکیك بن ئەنەس (٧١٥ لە مەدینە، ٧٩٥ لە مەدینە)، ئیمام محەمەد بن ئیدریس ئەلشافیعی (٧٦٧ لە فەلەستین، ٨٢٠ لە فەسطاط)، تاوانی هاوجینس بازی لەگەڵ خەیانەتی هاوسەریی وەك یەك دانراوە و تاوانەکەی کوشتن بووە. بەڵام زانایەکی وەك سەیید ئەبولعەلا مەودوودی (١٩٠٣ لە هیندوستان، ١٩٧٩ لە بوفالۆی نیویورك)کە وەك بیرمەندێکی مودێرنی دنیای ئیسلام سەیر دەکرێ، لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە نە لە پەرتووکی قورئان و نە لە حەدیسدا بەڵگەیەکی ڕۆون لەسەر کوشتنی مرۆڤی هاوجینس باز بوونی نییە.

---

[32] Sunan abi dawuud, Hadith Nr. ٤٤٦٢; Sunan al-turmuthi, Hadith Nr. ١٤٥٦ und Sunan ibn maja, Hadith Nr. ٢٥٦١

کە وابوو ئەو تەوەرەش هەر وەك زۆربەی تەوەرەکانیتری ئایینی، دەبەسترێتەوە بە بۆچوون و تەفسیری عالمانی ئیسلامی. لە خراپترین بارودۆخدا کوشتن بۆ مرۆڤی هاوجینس باز بە دیاری دێنێ کە تەنیا وەدوای هۆگرییەکیتری جینسی کەوتوون. لە ناوچە ئیسلامییەکانی جیهان و ڕێکخراوە و کۆمەڵە ئیسلامییەکانی ڕۆژئاوا دەبێ مرۆڤی هاوجینس باز لە مەترسیدا بژین، چونکە تەنانەت لە سەدەی ٢١یشدا هەمیشە مرۆڤی فناتیك هەن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئیزنی کوشتنی مرۆڤی تریان هەیە چونکە خودا رق و کینەی سەبارەت بەو مرۆڤانە هەیە. تەنانەت لەو وڵات و کۆمەڵگایانەی ئیسلامیش نین، هەڵس و کەوتی ناحەز و خراپ لە هەنبەر مرۆڤی هاوجینس باز بەڕێوە دەچێ، بەڵام لە هیچ جێگایەك وەك وڵاتە ئیسلامییەکان و ئایینی ئیسلام ئەو کارە بە نێوی ئەرکێکی ئیلاهییەوە بەڕێوە نابرێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بۆچوونی مرۆڤی موسوڵمان بە گشتی لەسەر هاوجینس بازی ناکرێ لە گوناە و تاوان و هەڵسو کەوت لەهەنبەر بێ دین جیا بکرێتەوە. ئیلاهی بوون و پیرۆزبوونی کتێبی قورئان و ئیزن نەدان بە گۆڕان بەسەر ئەو کتێبەدا، هەروەها پێغەمبەرەکەی وەك جێنیشینی خودا دەبێتە هۆی پێکهینانی هێزێکی باوەڕبەخۆ کە وەك دادوەرێك ڕۆڵ و جێی خودا دەگرێتەوە و بە ناوی ئەوەوە بڕیار دەدا.

لە دنیای ئەمڕۆی ئێمەدا کە زۆر بە گورجی گۆڕانکاریی بەسەردا دێ، کێشەی ناسنامە، شوناس و وەفاداری، بوونی هەیە. زۆربەی گەنجانی موسوڵمان دەتوانن لەو کۆمەڵگایانەدا هاوسەنگییەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە، ئەوان باوەڕەکەیان وەك تایبەتمەندییەکی کەسیی، لە پەنا هەموو تایبەتمەندییەکانیتردا سەیر دەکەن. زۆربەیان چاوەڕوانی تولەڕانس دەکەن و هەوڵی تۆلەڕانس بوون لەگەڵ دەوروبەریان دەدەن. بەڵام تاقمێك لەوان سەرکەوتوو نابن. بەڵگە بۆ ئەو کارە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆی جۆراوجۆر، لە زۆربەشیاندا ناهومێدی کەسیی دەبێتە هۆی خزان بەرەو رادیکاڵبوونیان.

دیارە ناکرێ پەرتووکی قورئان بە تەنیا بەرپرس بۆ ئەو کارە دابنرێ، باوەکو زۆرجار لەو کتێبە وەك ماکەی ئاگر-هەڵکەر کەڵکی لێ وەردەگیرێت، بەڵکوو لە لایەن ئەو کەسانەشەوە کە هەوڵی هەڵوەشانەوەی لیبراڵەکان دەدەن و کار بۆ دنیایەکی کراوە

دەکەن، هەروەها لە لایەن ئەو کەسانەوە کە لە لایەن گرووپە ڕادیکاڵەکانەوە پشتیوانی دەکرێن و لە ڕێگاچارەیەکی ساکار دەگەڕێن.

کاری ترۆڕیستی دواییی پاریس، ئۆرلاندۆ، نیس، اینسباخ و وورتسبۆرگ نیشاندەری ئەوە بوون کە تێپەڕبوون لە ناهومێدییەوە بۆ رق وکینە و هەروەها هەنگاوی دواتری، زیاتر ڕێگا بەرەو چالاکبوون بۆ شەڕخوازی ئاواڵەتر دەکاتەوە. باس و گفت وگۆی سادقانە لەسەر سەرچاوەکانی ئەو رق و کینەیە گرنگایەتییەکی زۆریان هەیە. فناتیزم و ناتولەڕانسی بەرهەمی لێکدانەوەی هەڵەی کتێبی قوڕئان یا حەدیس نین، بەڵکوو بەرهەمی زێدەڕۆیی کردنیانن. باسێکی سالم ئەو کاتە پێکدێ کە هەر وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، پەرتووك و سەرچاوەکان وەك بەرهەمێکی ئینسانی سەیر بکرێن. ئەو کاتەی لە لووتکەی پیرۆزییەوە بهێنرێنە خوارێ: خودا یاخود پێغەمبەرەکەی بە پێی سووڕەکان رێگا بۆ مرۆڤ دیاری نەکەن و دەستنیشانی ئەوەش نەکەن کە لە کۆتاییدا کام سووڕە ئیعتباریان هەیە، بەڵکوو مرۆڤ خۆی دیاری بکا. مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: بڕیارەکە بە خودی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە کە ئایا قوڕئان بە پەیامێکی خۆشەویستی دابنێت یان وەك پەیامی رق و کینە سەیری بکات.

## ئەو شتەی لە پەرتووکی قورئان دەمێنێتەوە

گوتەیەکی زۆر ناسراو دەڵێ، بۆچی تەفسیری قورئان کارێکی ئاوا دژوار و پڕ لە ڕیسک کردنە. علی بن ئەبی تالیب زاوای پێغەمبەر و خەلیفەی چوارمی ئیسلامی دەڵێ: **"قورئان چەندین ڕوخساری هەیە"**. سۆفیەکانیش باس لەسەر **"قات و پلەی جۆراوجۆر"**ی قورئان دەکەن. هەر مرۆڤێك بە پێی زانیاری، باوەڕ و نیازی خۆی دەتوانێ ئەو شتە لە قورئاندا بدۆزێتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێ. هەرکەس بەدوای یاسا بۆ ژیانی ڕۆژانەیدا بگەڕێ، لەوێدا دەیدۆزێتەوە؛ هەرکەس وەدوای هێزی مەعنەوی و ڕەهەندی عیرفانی کەوتبێ، نیازی خۆی لە کتێبی قورئاندا دابین دەکات؛ تەنانەت ئەو کەسانەی بەدوای یاسای ئەخلاقی کەوتوون، گەڕانیان بێ ئەنجام نابێت: عەداڵەت، یەك بوونی هەموو مرۆڤێك لە ڕوانگەی خوداوە، سەردانەواندن بۆ یاساکان، پارێزگاریی لە خولقاندن، یەك ڕوویی و نێوان خۆشی تەنانەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئایین و بۆچوونەکانیتریش. یەکیەتی لەگەڵ مرۆڤی فەقیر و لاواز و نەخۆشیش یەك لە لایەنە ئەخلاقییەکان و پرەنسیپی پەرتووکی قورئانی پێك هێناوە.

پەرتووکی قورئان لە زۆرێك لە سوورەکاندا یاسا پێکدێنێ کە دەبێتە هۆی دانانی بناخەی کۆمەڵێکی پراگماتیك. پرەنسیپێك کە لە هەمووشتێك زیاتر بەڕێوەدەچێ دوپاتبوونەوەی دادگەریی، یەکڕوویی و دڵ فراوانییە لە هەنبەر مرۆڤی فەقیر:

*"خوا بە عەداڵەت و چاکە و بەخشین بە خزم و کەس و کار، فەرمان دەدا و ڕێ نادا بە ئاکاری پیس و خراپە و دەسدرێژی. ئامۆژگاریتان لێ دەکا بەشکوو پەندی لێ وەرگرن." (سوورەی١٦ ئایەی٩٠)*

مەرجی بەڕێوەبردنی دادگەریی تەنانەت ئەودەمەش بەڕێوە دەچێ ئەگەر خۆی بە کاروباری نێوان موسوڵمان و باوەڕەکانیتریشەوە خەریك کردبێ. دوو نموونە لە سووڕەی ٥ی قوڕئان:

*"رکی کۆنیش هەڵتان نەنێ، کە نەیانهێشت بە زیارەتی کابەی ماڵی خودا بگەن. لەسەر چاکە و پارێزگاری یارمەتی یەکتری بدەن؛ نەك لەسەر تاوان و غەدر. ئەشێ لە خودا بترسن، چونکە خودا نافەرمانان زۆر بە توندی تەمێ دەکا." (سووڕەی٥ ئایەی٢ تا ٣)*

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بۆ خوا ڕاست و بێ خەوش بن و بە هەقانەت شایەتی بدەن. دوژمنی و قینی دەستەیێك هەڵتان نەنێ بە هەقانەت ڕەفتار نەکەن. بە یەکسانی و بێ جیاوازی لەگەڵ خەڵکا ڕەفتار کردن دەبێتە هۆی پتر نزیکەوەبوون بە پارێزگاری. لە خواش ترسوو هەبێ چونکوو لە هەر کارێ ئێوە دەیکەن ئاگادارە." (سووڕەی٥ ئایەی ٨)*

باوەڕپێکراوان نابێ لە مامەلە و بازرگانیشدا دادپەروەری لە بیر خۆیان بەرنەوە. لێرەدا دەبێ بیۆگڕافی محەمەد کارتێکەرییەکی زۆری بووبێ، چونکە ئەو دوای زەماوەند لەگەڵ یەکەم ژنی یەکەمی(خەدیجە) خۆی ڕاستەوخۆ لە کاری بازرگانیدا چالاك بووە:

*"خوا فەرمانوو پێ دەدا، هەرچی ماڵی ئامانەتە بیاندەنەوە بە خاوەنیان؛ هەرگایەکیش بە کاری مەردم ڕادەگەن، بێ لاگری و بە یەکسانی پێ ڕابگەن. خودا زۆر باش ئامۆژگاریتان بۆ دەکا. خودا هەمووشتێك دەبیسێ و هەمووشتێکیش دەبینێ." (سووڕەی٤ ئایەی ٥٨)*

لە سووڕەی ٥ ئایەی یەکەمدا بانگەوازی باوەڕپێکراوان دەکرێت کە لە هەنبەر پەیمانی بەستراودا دادگەرانە هەڵس و کەوت بکەن و لە سووڕەی ٢٦ دا دەڵێ:

*"ڕاست بن لە پێوانە پێوان و زیان بە کەس مەگەیەنن. کێشانەشتان بە تەرازووی بەرانبەر بێ. شت لە مەردم مەدزنەوە و پا دامەگرن لەسەر بەدفەڕی لە هەردا." (سوورەی٢٦ ئایەی١٨١ تا ١٨٣)*

لە حوزوری دادپەروەردا موسوڵمانان دەبێ ڕاستی بپارێزن تەنانەت ئەگەر قسەکەیان بە زەرەری خۆیان، دایك و باب و خزمەکانیشیان تەواو بێ:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بە یەکسانی و بێ جیاوازی [بە کاری مەردم ڕابگەن] و بۆ خوداش شایەتی بدەن؛ هەرچەندە شایەتی دانوو بە زیانی خۆتان و دایك و بابتان و خزمانیشوو بێ. [ئەر شایەتی بۆ دراوان] دارا بن یاخۆ هەژار بن، خوا بۆ ئەوان دڵسۆزترە؛ مەکەونە شوێن ئارەزووتان، نە وا لە ڕێگە لا بدەن. ئەگەر زمان بخەنە لا، یا خۆتان لە شایەتی دان بدزنەوە، لە هەر کارێ ئێوە دەیکەن، خوا هەمیشە ئاگادارە." (سوورەی٤ ئایەی ١٣٥)*

شاهیدیی بە هەڵە و درۆ بە گوناه لە حیساب دێ:

*" هەر کەس هەر گوناحێ بکا، گوناهەکەی زیان بە خۆی دەگەیێنێ و خودا زانای لە کارزانە. هەرکێ بە هەڵە یا بە قەست، تاوانێکی لێ ڕوو بدا و بیخاتە سەر بێگوناهێك، ئاشکرایە باری تاوانی بوختانی لەسەر شانە." (سوورەی٤ ئایەی١١١ تا ١١٢)*

یارمەتیدانی مرۆڤی فەقیر و هەتیوان یەك لە یاسا گرنگەکانی ناو قورئانە. یاسای یارمەتی بە نەداران ٨٠ جارلە کتێبی قورئاندا هاتووە و ٢٩جاری لە پەیوەندی لەگەڵ نوێژ و دۆعاکردندایە:

*"کاری چاك هەر ئەوە نییە ڕوو لە ڕۆژهەڵاتێ بکەن یان ڕۆژئاوا. چاك ئەمەیە باوەڕیتان بە خوا و بە ڕۆژی سەڵایە و فریشتان و کتێب و پێغەمبەرانی خودا هەبێ و لەو سامانەی – هەرچەند زۆریشو خۆش دەوێ – بەشێ بدەن بە خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێونگان و پارسەکان و عەبدانی پێ بکڕنەوە و نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ هەر گاش پەیمانێك دەبەستن نەی شکێنن؛ لە نەداری و گرفتاری و تەنگانەدا*

*خۆڕاگر بن. مرۆی بەڕاستی ئەوانەن و دیارە لە خودا دەترسن." (سووڕەی٢ ئایەی ١٧٧)*

نوکتەی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە باوەڕداران نەک هەر دەبێ یارمەتی مرۆڤی فەقیری موسوڵمان بکەن، بەڵکوو یارمەتی بە مرۆڤی بێگانە و بەدیل گیراویش بگەیێنن. پرەنسیپێك کە بە پێی سووڕەکانیتری قوڕئان توند و قایمتر دەکرێ:

*"لەو خۆراکەی کە خۆیان حەزی لێدەکەن، بە هەژار و بە هەتیو و بەدیل گیراوی دەبەخشن. ئێمە – هەر لە ڕاهی خودا – ئەم خۆراکەتان دەدەینێ، نە پاداشێکمان لێوو دەوێ نە شوکرانەش." (سووڕەی٧٦ ئایەی ٨ تا ٩ )*

لەبەر ئەوەی محەمەد خۆی هەتیو بووە، ژمارێکی زۆر لە سووڕەکان بانگ بۆ یارمەتی و لەژێر پێ نەخستنی مافی هەتیوان دەدەن:

*"مەچنە قەرەی ماڵ و دارایی هەتیوان؛ مەگین بەچەشنێ کە باشتر [بپارێزرێ]؛ تا کاتێ کە خۆی پێ دەگا. با پێوانە و تەرازووشتان بەرامبەر بێ و کەم و کوڕی تێدا نەبێ. ئێمە لە توانایی بەدەر هیچ ئەرکێ ناخەینە سەر کەس. کاتێ[بۆ ناوبژی یان بۆ شایەتی دان] قسە دەکەن، عەداڵەتتان لەبەر چاو بێ؛ جا باخزمی نزیکی خۆشتان بێ. پەیمانی خواش - بە تەواوی - بەجێ بێنن. خوا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردووە، شایەتا هەر لەبیرتان بێ." (سووڕەی٦ ئایەی ١٥٢)*

*"ماڵی هەتیو بدەنەوە بە هەتیوان. ناپاك بە پاك مەگۆڕنەوە و ماڵی ئەوان تێکەڵ ماڵی خۆتان مەکەن؛ کە تاوانێکی مەزنە." (سووڕەی٤ ئایەی٢)*

بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ یارمەتی بکا، دەبێ ئەخلاقێکی باشی کاریی هەبێ:

*"بێژە دەسا وەکار کەون، کاری ئێوە بە زوێکی زوو لە لای خودا و پێغەمبەری و خاوەن باوەڕان دیار ئەدا و بەو زوانە دەبرێنەوە بۆ لای زانا بە نادیاری و دیاران؛ ئەوسا ئاگاداروو دەکا کە چۆن کارێکتان کردووە." (سووڕەی٩ ئایەی ١٠٥)*

*"ئەو کەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕ ئاکار چاکن، باشترین کەس هەر ئەوانن." (سووڕەی٩٩ ئایەی٧)*

کارتێکەری باوەڕپێکراوان بە شێوەیەك لە شێوەکان هیچ زیانێك بۆ خولقێنەر پێك ناهێنن:

*"خراپەش مەکەن لەم زەمینە دوای باش بوونی. بە ترسەوە و بە هیوای تووشی چاکەبوون لەبەر خوا بپاڕێنەوە. ئەو کەسانەی چاکەکارن، لە بەزری خودا نزیکن." (سووڕەی٧ ئایەی ٥٦)*

## هۆگری بۆ زانست

جیا لە بانگەواز بۆ " پارێزگاریکردن لە ژینگە" قورئان "خولقاندن" بە هەلێك دادەنێ بۆ هاندانی باوەڕپێکراوان بۆ پشکنینی جیهان:

*"بێژە گەشتێ لەم سەرزەمینە بدەن و تەماشا کەن، چێکردنی چۆن دەستپێکرد؟" (سوورەی٢٩ ئایەی ٢٠)*

خۆ بە خولقاندنەوە خەریك کردن و بیرکردنەوە لەو، بەشێك لە دۆعا دەگرێتەوە:

*"ئەوانەی چ بە وێستاوی و چ لە جێوە، بە دانیشتن، چ لەسەر تەنیشت ڕادەزێن - هەر یادی خودا دەکەن و لە سازدانی ئەم عاسمانان و زەمینە ڕادەمێنن، دەڵێن: ئەی پەروەرەندەمان! تۆ ئەم دەزگایەت بە فێرۆ ساز نەداوە، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە؛ بۆخۆشت لە ئازاری بە ئاگرمان بپارێزە." (سوورەی٣ ئایەی ١٩١)*

قورئان مرۆڤی به زانست و ئەو کەسانەی سروشت دەپشکنن، بە ترس لە خودا دەناسێنێ:

*"ئاخۆ نەتدی، خودا ئاوی لەو بەرزەوە باراندووە، میوەجاتی هەمەڕەنگمان پێ ڕواند؟ لە کێوانیش ڕێگە و بانی سپی و سووری جۆراوجۆری بەڕەنگ جیای وەدی هێنان؟ ڕەشی وەك قەلەڕەشەشیان تێدا هەیە. لە مەردم و جانەوەر و پاتاڵیشدا، هەروەهایە؛ ڕەنگیان لە یەکتر جودایە. لەناو عەبدانی خودادا هەر ئەوانەی فرە زانان لێی دەترسن. خودا خاوەن دەسەڵاتی خەتاپۆشە" (سوورەی٣٥ ئایەی ٢٧ تا ٢٨)*

پەیوەندی نێوان ئەو بیرۆکە بڵاوکراوەیە کە قورئان پێش بە بیری ڕەخنەگرانە دەگرێ، چلۆنە؟ قورئان چاوەڕوانی لە موسوڵمانان هەیە ڕۆژانە مێشکی خۆیان وەکارخەن، بیربکەنەوە و بپشکنن. لە بەشێکی قورئاندا هاتووە:

*"بێژە : ئەی پەروەرەندەی من! گەشە بە زانستم بدە." (سووڕەی٢٠ ئایەی ١٤٤)*

ئەوەی کە ئەو زانستە تەنیا بە تەوەری ئایینەوە نەبەستراوەتەوە، دوو بۆچوونی محەمەد لە حەدیسدا ڕوونی دەکاتەوە:

"وەدوای زانست کەوتن ئەرکێکە بۆ هەموو باوەڕپیکراوان."

لە دەقێکیتری حەدیس دا دەڵێ: "وەدوای زانست بکەوە تەنانەت ئەگەر لە چینیش وەدەستت کەوێ."[٣٣]

بەوهۆیەی لەو سەردەمەدا لە چین هیچ موسوڵمانێکی لێ نەبووە، پشکێنەران وای بۆ دەچن کە لێرەدا مەبەست زانستی جیهانییە. زیاتر لە ٥٠ جار قورئان موسوڵمانان بۆ بیرکردنەوە هان دەدا و تەنانەت بیرکردنەوە لەسەر خودی قورئانیش. بۆ ئەو کارە لە سێ کرداری جیاواز کەڵك وەردەگرێ:

Yatafakkarun (یتفکرون =بیرکردنەوە)، yaa’kilun (یعقلون =مێشك وەکارخستن، تێگەیشتن) و yatadabbarun (یتدبرون= تەدبیر ومتمانەکردن):

*"ئەگەر ئێمە ئەم قورئانەمان ناردبایەتە سەر کەژێك، تۆ دەتدی کە داهاتووە و لە ترسی خوا لەت لەت بووە. ئەم نموونانە بۆ مردم دێنینەوە، بەشکو ئەوان ڕابمێنین." (سووڕەی٥٩ ئایەی ٢١)*

لە سووڕەی ٤ ئایەی ٨٢ دا بە مرۆڤ پێشنیار دەکرێ قورئان بە پێی عەقڵ و ژیریی خۆیان بپشکنن و بیری لێ بکەنەوە:

*"ئاخۆ ئەمانە لە قورئان ورد نابنەوە و[سەرنجی ڕانەکێشاون]؟ ئەگەر قورئان کاری کەسێکیتر بایە غەیرەز خودا، دیارە مەبەستی نارێك و دژ یەکتریان فرە تێدا پەیدا دەکرد." (سووڕەی٤ ئایەی ٨٢)*

---

[٣٣] Al-Tabarani: al-awast, Hadith Nr. ٨٥٦٧

*"ئاخۆ ئێوە کە فەرمان بەو مەردەمە دەدەن چاکەی بکەن، خۆتانی لێ هەڵداوێرن و هەر خۆشوو کتێب خوێنەوەن؟ دەسا چیتانە تێ ناگەن؟" (سوورەی٢ ئایەی ٤٤)*

دەسا چیتانە تێ ناگەن؟ یاخود ناتانەوێ تێبگەن؟

تەواو ئەو پرسیارە هۆکاری نووسینی ئەو کتێبەی منە. من دەمهەویست مێشکی خۆم وەکار بخەم و کتێبی قورئان بپشکنم و لەو پەرتووکە حاڵی بم. ڕەنگە ئەو کارە مرۆڤێکی ئاسایی هەڵبەزێنێتەوە، کە لە زۆربەی سوورەکانی قورئاندا بیرکردنەوە خۆی زانستێکە. (لە چەندین بەشی قورئانیشدا بە پێچەوانە ئەو کارە ڕەد دەکرێتەوە چونکە محەمەد بە ئاشکرایی ویستوویەتی پێش بە پرسیاری سەیروسەمەرەی لایەنگرەکانی بگرێ.) هەروەها بەوەش کۆتایی پێ نایە: تەنانەت پرسیار لەسەر خودی خوداش ئیزن دراوە و داوای دەکرێ.

قورئان لەو بەشەدا هەمیسان لە ئیبراهیم دەدوێ کە نەیویستووە وەدوای داب و نەریتی خەڵکەکەی بکەوێ، بەڵکوو بە هۆی وەکارخستنی بیر و هۆش و مێشکی خۆیەوە وەدوای خودای خۆی کەوتووە:

*" هەر ئەو دەمەش بوو کە ئێمە نیشانی ئیبراهیمن دا دام و دەزگای ئەم عاسمانان و زەمینە سەر بە کێیە، تا لە ڕێزی باوەڕدارە ڕاستەکان بێ. کە شەوی بەسەردا هات، ئەستێرەیەکی بەدی کرد. گوتی: ئەمە پەروەرێنمە. هەر کە لەبەرچاو ئاوا بوو، گوتی: هەرچی ئاوا ببێ خۆشم ناوێ. وەختێ کە دیتی مانگ هەڵات، گوتی: ئەمە پەروەرینمە. کە ئەویش لەبەر چاو نەما، گوتی: ئەگەر پەروەرێنی ڕاستەقینەم خۆی شارەزاییم پی نەڵێ، منیش لە گومڕایان دەبم." (سوورەی٦ ئایەی ٧٥ تا ٧٧)*

ئیبراهیم بە هۆی گرتنی ڕێگای خۆیەوە لە لایەن خەڵکەکەیەوە سزا درا و لە ئاگر خرا، ئەو ئاگرەی کە لە لایەن خوداکەیەوە کوژایەوە. ئەو کارە بۆ ئیبراهیم گرنگترین بەڵگە بووە کە خودا خۆی لەوێ حوزووری بووە. سەرەڕای ئەوەش کەوتۆتە گومانەوە. ئەو نەک هەر گومان لە خودا بە زمان دەدرکێنێ، بەڵکوو دەیهەوێ تاقیشی بکاتەوە. ئیبراهیم دەیویست بزانێ چلۆن خودا مردوو زیندوو دەکاتەوە. خودا ئەمری

پێ دەکا چوار باڵندە لەت و کوت بکا و لەتەکان جیاوز لەیەك هەرکام لەسەر شاخێك دابنێ و لە کۆتاییدا بانگیان بکاتەوە:

*"ئەوساش کە ئیبراهیم گوتی: پەروەرەندەم! ئەتۆ مریان چلۆن زیندوو دەکەیتەوە؟ نیشانم دە. گوتی: ئاخۆ تۆ هێشتا باوەڕت نییە؟! گوتی: بەڵێ، بەڵام من گەرەکمە ئیتر بە تەواوی دڵنیا بم. گوتی: دەسا چوار مەل بگرە و پەل پەلیان کە و بیانکە چوار کوت.؛ هەر کوتێکیان بەسەر کەژێکەوە دانێ و بانگیان بکە، بە فڕکە دێنەوە بۆلات. بشزانە خوا چەندە خاوەن دەستەڵات و کارزانە." (سوورەی٢ ئایەی ٢٦٠)*

کەابوو ئیبراهیم باوەڕی خەڵکەکەی وەلا ناوە و ڕەدی کردۆتەوە و دوای ماویەکی زۆر گەڕان و پشکنین خودای خۆی دۆزیوەتەوە. ئەو هێزی خوداکەی دەناسی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەردەوام ویستوویە خۆی دڵنیاتر بکا.

لێرەدا زەنگی تەك پەرەستی و بیری ڕەخنەگرانە لێ دەدرێ کە بەداخەوە لەمڕۆ و لە پەیوەندی ئایینی جیهانی ئیسلامیدا زۆر بە دەگمەن دەبیسرێ و دەبینرێ. تاقمێك زێدەڕۆی ئیسلامی و فناتیکی ئایینی بەسەر فازی ئیبراهیمدا بازدەدەن و هیچ زەحمەتێك بەخۆیان نادەن مێشکیان وەکار خەن و پرسیاری ڕەخنەگرانە دابڕێژن. هەرکەسیش دژ بەوان ڕاوەستێ، بە خراپتین حاڵەت گیانی لێ دەستێنن. ئەگەر ئەو فناتیکانە گوێ بۆ ڕەخنە و پرسیاری ئەو مرۆڤانە ڕاگرن، دەتوانن تێبگەن کە پشکنین، پرسیارکردن، گومانکردن و ... هەر هەموویان لە قورئاندا ئیزنیان پێ دراوە.

بەڵام سەرەڕای ئەوانەش لۆژیك و زانین لای ئەو مرۆڤە فناتیکانە بە فۆرمی بازنەییە. لە سەرەتاکەیەوە خاوەندارییی خودا بۆ خوڵقاندن و بۆ پێکهێنانی پێغەمبەر و قورئان وەستاوە. پشکێنەر و تۆش بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە هەر هەمان سەرەتاکە لە کۆتاییەکەشیدا دووپات بۆتەوە.

## مەعنەوییەت لە قورئاندا

لە قورئاندا ژماریکی زۆر سوورە هەیە کە بە شێوازێکی شاعیرانە و دڵسۆزانە، هەستی مرۆڤ دەبزوێنن. کاتێ ئەو سوورانە بە دەنگی بەرزی قورئانخوێنێکی دەنگخۆش لە بارودۆخێکی گونجاودا بخوێندرێنەوە، دەتوانن بەڕاستی مرۆڤی گوێبیست بخەنە دنیایەکیترەوە.

لێرەدا تەواو ئەو هەستە دەروونی و ڕەوانبێژییەیە مانا بە قورئان دەدات، نەك ناوەڕۆکەکەی. دوو نموونە:

*"ئەو خودایەکی ئەوتۆیە کە غەیرەز ئەو کەس بۆ پەرستنێ نابێ؛ لە نەدیار و لە دیاران ئاگادارە و دڵاوایە ودڵۆڤانە. ئەو خودایەکە- لەو بەدەر شیاوی پەرستنێك نییە – پادشایە؛ لە کامایەسی بەدوورە؛ سەرچاوەی هێمنایەتی و هێمنی دەرە؛ بەسەر هەموو شت ڕادەگا؛ گش دەستەڵات بە دەس ئەوە؛ بەسەر هەموو شتدا زاڵە؛ هیچ شتێ دەروەستی نایە. پاکە خودا لەو شتانەی ئەوان دەیکەنە شەریکی." (سوورەی٥٩ ئایەی ٢٢ تا ٢٣)*

*"خوا ڕووناکی ئاسمانەکان و زەمینە. ڕووناکی ئەو وەك تاقێکە چرای تێدا هەڵکرابێ، چراکە لە جامێکدا بێ، جامەکە وەك ئەستێرەیەك تروسکەی بێ و ماکی چرا لە زەیتوونیکی مبارەك دەس کەوتبێ؛ کە دارەکەی نە هەمیشە بەرەو ڕۆژە و نە هەمیشە لەنزارە. تۆ ئێژی ڕۆنی چراکە – بە بی ئاگرتخوونکەوتن – تیشك دەدا؛ ڕووناکی لە بان ڕووناکی. خودا هەر کەسێ حەز بکا، ڕووناکی خۆی نیشان دەدا. خودا بۆ مەردم نەزیلان دێنیتەوە. خودا بە هەموو شت دەزانێ." (سوورەی٢٤ ئایەی ٣٥)*

باوکم ئیمامێك بوو لە شارێکی بچووکی قەراخ چۆمی نیل. دەنگێکی زۆر خۆشی پێوە بوو. لە کاتی نوێژ و دۆعادا زۆر جار ئەو دوو ئایانەی بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە. تاقمێك لە باوەڕداران و بیسەران بە دەنگی باوکم وەگریان دەکەوتن.

تەنانەت زۆر جاریش کارتێکەری لەسەر منیش داناوە. بۆیە بیستنی ئەو ئایانە هەستی دڵسۆزانە لە مرۆڤدا پیکدێنێ، چونکە لە ڕوانگەی باوەڕپێکراوانەوە لە لایەن مرۆڤێکەوە نووسراوە کە بە دوای ڕاستی، دادگەری و بێخەوشیدا گەڕاوە. من لەو سەردەمەدا هەمیشە لەبەر چاوی خۆمەوە وێنام کردووە کە چلۆن محەمەد ناهومێد لە ناو غارێکدا دانیشتووە و ئەو سووڕانەی خوێندۆتەوە. دیارە جێی شك و پرسیار نییە کە محەمەد لایەنێکی شاعیرانە، دڵسۆزانە و ئەدەبی بووە کە ئەوی لە لایەنی شەڕخوازی و ڕق و کینە و تۆڵە سەندنەوەکەی جیا کردۆتەوە.

ئەمرۆشی لەگەڵ بێ، ئەو لایەن و ڕوانگەیەی وا بەسەر ناوەڕۆکی قورئاندا زاڵ بووە، بۆتە هۆی پێکهینانی شێوازێکی دڵسۆزانە لە ناو موسوڵمانان و هۆگرییان بۆ پەرتووکی قوڕئان. مرۆڤ ناتوانی ئەو هەستەیان لی بستینێتەوە، جا هەرچەند ناوەڕۆکەکەشی لەژێر ڕەخنە دابنێ.

هەر وەك چلۆن کتیبی قوڕئان چەندین ڕوخساری هەیە، هەر کام لە ئیمەش ڕوخساری جیاوازی خۆمان هەیە. مرۆڤ تووڕە دەبێ، نادادگەر دەبێ، هەمیسان دێتەوە سەرخۆ، بەدوای لێبووردن و قەرەبووکردنەوە دا دەگەڕێ. ئەگەر ئێمە قوڕئان وەك کارێکی ئەدەبی و مێژوویی ئینسانی سەردەمی خۆی تێ بگەین، دەتوانین لای کەم ڕوانگە شەڕخوازییەکەی پووچەڵ کەینەوە و زەخت لەسەر ئەو بەشانە بکەین کە باوەڕپێکراون بۆ هەست بە خۆشەویستی و لێ بووردن پێویستیان پێی هەیە. بە چاوی ئینسانی سەیر کردنی قوڕئان بە هیچ شێوەیەك نابێتە هۆی بێ بەهاکردنی ناوەڕۆکەکەی. بە پێچەوانە گرنگایەتی تێکستێك لەوەدایە کە بتوانێ خەڵک و لایەنگرانی ڕازی ڕاگرێ.

چەند مانگ لەمەوبەر باوکم کۆچی دوایی کرد. من هەموو جارێك کە گوێم لە دەنگخۆشێکی قوڕئان دەبێ، ئەوم وەبیر دەکەوێتەوە.

## زێدەڕۆیی خەون و خەیاڵێك

زۆربەی موسوڵمانان ئەورۆ یەخسیری هەڵس و کەوتی خوڕافاتیی کەسێکن بە ناوی محەمەد کە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا ژیاوە. بەڵام کەسایەتیی مێژوویی محەمەدیش خۆی یەخسیری زیادەڕەویی، هەڵمساندن، گەورەکردنەوە و هەڵس و کەوتی زێدەڕۆیانەی موسوڵمانانی ئەورۆییە. بوونی کەسایەتی محەمەد وەك سیمبولێك لە ژیانی ڕۆژانەی پەروەردەیی و سیاسی زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان، پێش بە دروستکردنی ئالترناتیوێك بۆ دۆزینەوەی ناسنامە و شوناسی موسوڵمانان دەگرێ. بە گشتیی هەموو هەڵس و کەوتێکی موسوڵمانان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی محەمەد کە لەناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا خۆی داسەپاندووە و کار و بار و پرۆسەی چۆنیەتیی ژیانی شاروەندان، سیاسەتوانان و ئایینیەکان دیاری دەکات. هاوکات زێدەڕۆییکردن لەسەر کەسایەتیی و هەڵس و کەوتی محەمەد بۆتە لەمپەرێك لەهەنبەر ڕەخنەگرتن لە ئایینەکەی.

کاتێك من هێشتا باوەڕی ڕاستەقینەم بە ئایینی ئیسلام هەبوو، پێموابوو بەهۆی خویندنەوەی ژیننامە و کتێبی قورئان و حەدیس، هەموو شتێك لەسەر محەمەد دەزانم. بەڵام ئەمڕۆ وەك مرۆڤێکی توێژێنەر کە بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئیسلام ، قورئان و محەمەد دەکەم بۆم ڕوون دەبێتەوە، هەرچی زیاتر خۆم بە محەمەد و مێژووی پێکهاتنی ژیننامەکەی و نووسراوەکانییەوە خەریك بکەم، زیاتر دژ و پێچەوانەبوون و بێ ناوەڕۆکیی ئەو ئایینەم بۆ ئاشکرا دەبێت. لە لایەکەوە ڕوانگەی ئەخلاقی و ئینسانی لە شاری مەککە، لەلایەکی دیکەشەوە ڕوخساری شەڕخواز و دژبە تولەرانسیی ئەو لە مەدینە. لە یەکەمیاندا، وەك مرۆڤێك قاو بۆ هاودەردیی، پێکەوەژیان و لێبووردن دەدات، بەڵام لە دووهەمیاندا وەك دیکتاتۆرێکی نەخۆشی ڕەوانیی کاولکاریی و مرۆڤکوژیی بەکۆمەڵ بەڕێوە دەبا. سەیر ئەوەیە هەر کەسێکیش لە ڕوانگەی خۆیەوە کردەوەکانی ئەو ئایینە بە شێوەیەکیتر لێکدەداتەوە.

زۆربەی مرۆڤی موسوڵمانی ئاشتیخواز، محەمەد وەك كەسی سەردەمی مەككە سەیر دەكەن، كە زیاتر وەك مرۆڤێكی دڵسۆز قاوی بۆ پێكەوەژیانی هەموو ئایینەكانیتر لە پەنا ئایینەكەی خۆی داوە. ئیسلامیستە فاشیست، شەڕخواز و تێرۆریستەكانیش خۆیان بە سەردەمی مەدینەوە هەڵدەواسن و وەدوای هەڵس و كەوتی شەڕخوازیی محەممەد دەكەون كە بە ناوی جیهاد قاوی بۆ لەناوبردنی ئایینەكانیتر و بێ دینەكان داوە. ئەوان محەمەد وەك شەڕكەرێك لە ڕێگای خودا و بۆ وەدیهێنانی ویستی خودا دەبینن كە بە تەواوی توانا و بێ بەزەییانە دژ بە بێ دینەكان خەباتی كردووە. لە لایەكیشەوە بۆ ڕەخنەگەران و مێژوونووسانی دنیای ئیسلام زۆر چەتوونە بتوانن هەست بە لایەنی ئاشتیخوازیی و دڵسۆزیی محەمەد بكەن و هەوڵەكانی بۆ پێكهاتنی وڵاتێكی یەكپارچەی عەرەبی و كۆتایی هینان بە حكوومەتی زۆردارانی ناوچەكە وەك ئێرانی و ڕۆمییەكان، لەبەرچاو بگرن.

لێرەدا پشكنینەكان لەسەر ژیننامەی محەمەد، قورئان و حەدیس، بەستراونەتەوە بەو شتانەی كە مرۆڤ بەگوێرەی ئارەزووی خۆی بەدوایاندا دەگەڕێ. بەو مانایە هەر وەك دەیبینین بە درێژایی مێژوویی چەند سەد ساڵەی دنیای ئیسلام هەر كەس بە ئیشتیای خۆی لایەنی چاك یاخود خەراپیان لێ دروست كردووە. زۆر ئەستەم دەكرێ مرۆڤێكی چەند ڕوخسارەی وەك محەمەد لەگەڵ هێمنیی یا تووڕەیی، چاكە یا خراپە و هەروەها ڕەش و سپی هەڵبسەنگێندرێ. هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەڵگەی مێژوویی قایم لەسەر هەڵس و كەوت و ئەوی كە لە ڕاستیدا ئەوكات چی كردووە و یاخود چی گوتووە. ئەو بەڵگانەی ئێمە ئەمڕۆ لەبەر دەستمانە، زۆربەیان دوای مردنی محەمەد ئاشكرا كراون. سەرەڕای ئەوەش مرۆڤێك لە سەدەی حەوتەمدا ژیابێ و كارتێكەریی لەسەر كۆمەڵگای ئەوكات بووبێ، زۆر بە هاسانی ناكرێ بە كەرەسە و زانستی سەدەی بیست و یەكەم بپێورێت. ئەگەر كەسایەتییەكی مێژوویی بایە وەك هەموو ناودارەكانیتر، دەكرا كردەوەكانیشی بە پێی هەڵس و كەوتە مێژووییەكەی دیاری بكرێ. بەڵام محەمەد لە سەدەی حەوتەمدا نەماوەتەوە و لە لایەن زۆربەی لایەنگرانیەوە تەنانەت لە بارودۆخی ئەمڕۆشدا وەك سیمبۆلێكی ئەخلاقی، سیاسی و كۆمەڵایەتی سەیر دەكرێ. ئەو یاسا و هەڵس و كەوتانەی محەمەد بۆ

ئایینەکەی دایناون، تا ئەمڕۆش لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا جێ پێی خۆیان لەسەر باودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەجێ هێشتووە و وەك یاسای سەرەکی بەڕێوە دەچن. ئەو یاسایانە تا ئەمڕۆش پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو، موسوڵمان و ناموسوڵمان دیاری دەکەن. تەنانەت لە وڵاتانی ڕۆژئاواش ژیانی موسوڵمانانی زۆر بە قایمی لە دەست خۆیدا ڕاگرتووە.

ئەگەرچی زۆربەی چیرۆك و گێڕانەوەکان لەسەر ژیننامەی محەمەد وەك ڕێگاچارە بۆ کێشە ئایینی و سیاسیەکانی سەردەمی خۆی هێنراونەتەوە، بەڵام بۆ زۆربەی لایەنگرانی تا ئەمڕۆش جێی باوەڕن و وەك بەڵگە، کارتێکەریی لەسەر وێنە و ڕوخساری کۆمەڵگای ئەمڕۆیان دادەنێن. گرنگ ئەویە، نەک هەر ژیانی محەمەد بۆ لایەنگرەکانی وەك خەون و خەیاڵ نەبووە، بەڵکوو زۆربەی هەڵس و کەوتەکانی لەڕاستیدا لە لایەن خەڵکیشەوە بەڕێوەبراون و تا ئەمڕۆش پەیڕەوی دەکرێن. ئەو کردەوانە ناوکی مێژووی ئیسلامیان پێکهێناوە. من بە پێی ئەو گێڕاوانە دەمهەوێ پرۆسەیەکی گونجاو لە ژیانی محەمەد و ئیسلام پێك بێنم. پەردە لەسەر کۆلکەی بنەماڵەکەی، ژیانی منداڵیی، شەڕەکانی و هەروەها زەماوەندەکانی لادەم، کە ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لە ژیانیدا گێڕاوە. هەروەها هەڵس و کەوت و گوتەکانی لە پەیوەندیی لەگەڵ جوولەکە و مەسیحیەکانی سەردەمی خۆی ڕوون بکەمەوە کە زانیارییەکی زۆرمان لەسەر ڕوانگەی محەمەد لەهەنبەر دنیای ئەوکاتدا دەدەنێ.

ئەم پەرتووکە، ژیننامەیەکی نوێی محەمەد نییە، بەڵکوو بۆچوونی خۆمە و نیزیکبوونەوەیەکە لە ژیانی محەمەد و بە پێچەوانەی زۆربەی ژیننامەکانیتر هەوڵ دەدەم ژیانی محەمەد نەك هەر لە سەرچاوە ئیسلامییەکانەوە بەڵکوو لە ڕوانگەی دژبەران و ڕەخنەگەرانی مێژوویی ئەو سەردەمە و دواتریشەوە ئانالیزە یاخود ڕوون بکەمەوە. لەخۆوە سەرتیتری ئەو کتێبەم "تۆڵە سەندنەوە" نێو نەناوە، چونکە تا ئەمڕۆش هەڵس و کەوتی تووڕە و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی نادێمکراتیکیی ناوبراو ناوکی سەرەکی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان پێکدێنێ. سەرەڕای ئەوانەش هەوڵ دەدەم لە هۆکاری هەڵس و کەوتی سیاسی و رووحی محەمەد تێبگەم و ئەزموونەکەی و هەروەها کارتێکەرییەکەی لەسەر دنیای ئەوڕۆی ئیسلام ڕوون بکەمەوە.

محەمەد منداڵێکی هەتیو بوو کە نەك لە لای بنەماڵەکەی خۆی بەڵکوو لای هۆزێکی کۆچبەری بێگانە گەورە بووە. کاتێکیش گەڕایەوە شاری مەککە، وەك کۆیلە و شوان ئاگای لە مەڕ و ماڵی تایفەکەی خۆی بوو. ئەو نەک هەر کەمبوونی خۆشەویستیی و بێ سەرپەرشتیی دایك و بابی چێشتبوو، بەڵکوو لە بوونی کەسێك وەك سیمبول بێ بەش کرابوو و کەسێکی نەبوو ڕێگای ژیانی بۆ دیاری بکات. بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ژیان یارمەتیدەری نەبووە و بەوهۆیەوە خووی بە ژیانی تەنیایی گرتبوو. دواتریش لەگەڵ بێوەژنێکی دەوڵەمەند زەماوەندی کرد و بەهۆی ئەوەوە بوو بە بازرگانێکی باش و بەڕێوەبەرێکی لێزانی کاروانەکەی. پێش ڕاگەیاندنی پێغەمبەرییەکەی و قاودان بۆ ئایینەکەی، مرۆڤێکی تاڕادەیەك سەرکەوتوو و بارودۆخێکی باشی ماڵیی لە کۆمەڵگادا هەبوو. لە چل ساڵیدا و لەپڕ، ژیانی تێك چووە. خۆی لە کۆمەڵگا دوورخستۆتەوە و زیاتری کاتی خۆی لە بیابان و بە تەنیا تێپەڕ کردووە و لە ئەشکەوتەکانی نیزیك شار لەبەر خۆیەوە بیری کردۆتەوە و گووتوویەتی لە خەیاڵیدا بەردەکان قسەی لەگەڵدا دەکەن. بە پێی سەرچاوەکان ڕەنجی نەخۆشیی ترسی کێشاوە و دایم بیری لە خۆکوژیی کردۆتەوە.

بەداخەوە هۆکاری دووربوونەوەی لە خەڵکی و بە تەنیا مانەوە و دابڕانی، لە تاریکیدا ماونەوە. بەو نووسراوەیە هەوڵ دەدەم هۆکارەکانی رووحی و کەسیی محەمەد بۆ ئەو هەڵس و کەوتانەی بدۆزمەوە. ئەو خۆی لەسەر ئەو هەڵس و کەوتەی گوتوویەتی: "دوای حاڵەتە خەیاڵاوییەکەی(فێ لێهاتن کە دواتر بە وردی لەسەری دەدوێین) بە شێوەی بەردەوام لە لایەن خوداوە پەیامی بۆ دەنێردرێ". وێدەچێ محەمەد لەڕاستیدا باوەڕی بەو خەونانەی و ئەو قسانەی کە دەبێ لە ئاسمانەوە پێی گەیشتبێتن بووبێت. خەیاڵات و وێناکردنی خەون شتێکی نوێ نەبووە و لە زۆربەی ئایینەکاندا دووپات بوونەتەوە و لەڕاستیدا ئەو ئایینانە تەنیا لەسەر خەون و خەیاڵ دروستکراون. بەڵام هەڵس و کەوتی وا شتێکی ئاسایی نییە و تەنیا هۆکاریان دەبێ حاڵەتی نائاسایی رۆحیی و نەخۆشبوونی ئەو مرۆڤانە بسەلمێنێ کە لە بەشەکانی دوایی ئەم کتێبەدا زانایان و پسپۆرانی ئەو بوارە بە زانستی نوێ هۆی نەخۆشییەکە بە وردی ڕوون دەکەنەوە.

لە سەرەتاوە ئەو پەیامە ئیلاهیانە لە رووحێکی ئاشتیخوازانە و پڕ لە تولەڕانسەوە دەهاتنە دەرێ و مەترسییەکی ئەوتۆیان بۆ بارودۆخی سیاسی شارەکە پێك نەدەهێنا. لە پەیامەکانی دواییدا زێدەڕۆییەکی تەواویان پێوە دیارە. بەڵام چلۆن بووە لە تولەڕانسەوە بەرەو شەڕ و تووڕەیی کێشراوە؟ ئەو پرۆسە کاتییە چ کارتێکەرییەکی لەسەر دروستبوونی قورئان داناوە؟ تاقمێك لە پسپۆران لەسەر ئەو بۆچوونەن کە محەمەد ناوەڕۆکی قورئانی لە نووسراوەکانی ئایینی مەسیحەوە وەرگرتووە. بەڵام کتێبی قورئان لە ڕوانگەی زمانەوانی و ناوەڕۆکەوە زۆر لەوە زیاترە کە تەنیا سەرچاوەیەکی بووبێ. زۆربەی سووڕەکانی قوڕئان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە سەردەمەکانی ژیانی محەمەدەوە هەیە. گرینگترین پرۆسە، کە لە لووتکەی ژیانی محەمەد ڕاوەستاوە، کۆچی ئەو لە مەککەوە بۆ مەدینە بووە. لێرە نەک هەر یەکەمین شاری ئیسلامی دروست کرا، بەڵکوو لێرەوە محەمەدێکی تووڕە دروستبوو کە بۆ گەیشتن بە ئاواتە سیاسییەکانی بەسەر لاشەی مردوودا تێپەڕبووە. نەک هەر ناوەڕۆك، بەڵکوو زمانی قوڕئان لە مەدینە بە ئاشکرایی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە.

ناسینی کەسایەتی محەمەد بە بێ چاوپێداگێڕان بەسەر پەیوەندیی نێوان ئەو و ژنەکانی نامومکینە. سەیر ئەوەیە محەمەد لە پەیوەندیی لەگەڵ ژنەکانیدا وەك دیکتاتۆر هەڵس و کەوتی نەکردووە بەڵکوو هەروەك لە تەمەنی منداڵیدا و بە بێ دایك و باب هەستی تەنیایی ئەزموون کردبوو، بە گەورەییش وەك مناڵێکی سەرلێشێواوی لێهاتبوو کە هەستی ترس لە ئەگەری جیابوونەوەی تێدا پەروەردە ببوو. لە بەشەکانیتری ئەم کتێبەدا لەسەر ئەو ژنانەی لە ژیانی محەمەددا گرنگ بوون و کارتێکەرییان لەسەر ژیان و هەڵس و کەوتی داهاتووی داناوە، دەدوێین: (ئامینەی دایکی، هەوەڵین ژنی خەدیجە، یەك لە کچەکانی کە ئیمانی بە پێغەمبەریی باوکی نەهێناوە و هەروەها چەند لە ژنەکانی و کەنیزەکانیتری). هەڵس و کەوتی محەمەد لەهەنبەر ژنان، چارشێو و خۆداپۆشانیان، بە منداڵی شوو کردنیان، یاسای چەند ژنە، چەوسانەوە و هەستی بە کەم دانانی ژن بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پیاو، تا ئەمڕۆش لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا هەر وەك ئەو سەردەمە بەڕێوە دەچێ و بەردەوامە.

محەمەد گیرۆدەی بەدەستەوەگرتنی هێز و سەلماندنی کەسایەتیی خۆی لە کۆمەڵگادا بووە. ئەو خۆسەلمێنییەی نەک هەرلە ژنەکانی داوا کردووە، بەڵکوو لە شەڕەکانیشیدا

لە سەربازەکەنی ویستووە. تەنیا لە هەشت ساڵی دواپینی ژیانیدا زیاتر لە هەشتا شەڕی ساز کرد. هەر چەند بەهێزتر دەبوو، بەو ئەندازەیەش وزەی بۆ پەرەپێدانی هێزی خۆی زیاتر وەکار دەخست. هەرچەند دوژمنی زیاتری لەناو دەبرد، بەو ئەندازەیەش هەستی متمانە نەکردن بە خەڵکەکان و تەنانەت سەربازەکانی خۆی زیاتر تێدا پەروەردە دەبوو. لە مەدینە هەموو هەنگاوێکی لایەنگرەکانی خۆی کۆنترۆڵ دەکرد، بڕیاری لەسەر کار و باری هەموویان دەدا و گۆڕانکاریی بەسەر خولْق و خوو، جووڵانەوە و هەڵس و کەوتیانی داهینابوو. پێنج جار لە ڕۆژدا لایەنگرەکانی بۆ دۆعا و لەڕاستیدا بۆ ئەرخەیان بوون لە متمانەپێکردنی ئەوان بە خۆی، لە دەوری خۆی کۆ دەکردنەوە. هەڕەشەی دووری لە شەیتان و ئاوری جەهەندەمی لێدەکردن و بۆ دڵنیاکردنی شەڕکەرەکانی سناریۆی ڕۆژی قیامەتی دروست کرد. دەیگوت: "گوناهبار بە قامچی دارکاریی دەکرێن و بێ دین و کافرەکان دەکووژرێن و لە ئاوری جەهەنەمدا دەسووتێندرێن". دیارە پلەی گوناهەکانیش هەر خۆی دیاری دەکردن. سووڕەکانی دواپینی قورئان بە نیازی شەڕخوازییەوە تۆوی ناتۆلەڕانسی و دژ بە ئایین و بۆچوونەکانیتری ناو کۆمەڵگیان چاند و پەروەردە کرد کە تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی دڕەندانە دڵ و بیر و هۆشی گەنجانی وڵاتانی ئیسلامییان پێ ئالوودە کردووە.

بەو هۆیەی قورئان لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانەوە وەك قسەی ڕاستەوخۆی خودا دادەندرێ، بە هەمیشەیی و بۆ هەموو کاتێك بە حیساب دێ، ئیسلامیستەکان ئەو سووڕانە وەك گوتە و ویستی خودا بەناوی جیهاد دژ بە هەموو دنیا لە ئەژمار دێنن.

ئەزموونی وڵاتانی جیهان پێمان دەڵێن، دوای گرتنی هێز، هەمیشە پرەنسیبە ئینسانییەکان پێ شل دەکرێن، هێزەکە پارێزگاری لێدەکرێ و ترس لە متمانەپێنەکردنی دەوروبەر، زیاتری کاتی زۆرداران بەخۆوە خەریك دەکەن. شەڕ، شەڕیتر ساز دەکا و وەك بازنەیەکی شەیتانی لە قابغی تێرۆر، چەوساندنەوە و زۆرەملی ئیتر ڕاناوەستێنرێت. بە ڕێککەوتنی محەمەد لەگەڵ دوژمنانی پێشووی هۆزەکەی خۆی واتە "قوڕەیش" لە مەککە، بووە هۆی وەڕێخستنی شەپۆلێکی شەڕخوازیی لە ناوچەکەدا. تەنیا لەژێر سێبەری شمشێردا محەمەد توانی ئەو خۆسەلمێنییەی کە هەمیشە بەدوایدا دەگەڕا، بدۆزێتەوە و خۆی پێ ڕازی بکا، کەچی هەر بەو کارەی،

سەرجەمی مێژووی ئیسلامیشی یەخسیر و گیرۆدە کرد. شەڕ بوو بە سەرچاوەی سەرەکی و ماڵیی بۆ محەمەد و هاوڕێیانی کە بە پێی کات گەورە و گەورەتر دەبۆوە. محەمەد بەڵێنی بە لایەنگرانی دەدا لەم دنیا لەڕێگەی گرتنی دیل و ماڵ و ژن و منداڵی دژبەرەکانیانەوە ژیانێکی خۆشیان بۆ ئامادە دەکا و بۆ ئەو دنیاش بەهەشتێکی ڕەنگینی پڕ لە هەنگوین، شەراب و ژنی رووتی بۆ ساز کردن. ئەوە کاتژمێری لەدایکبوونی ئۆکۆنۆمیی ئیسلامی بوو. شتومەکی دەستبەسەرداگیراو لەشەڕدا، کڕین و فرۆشتنی کۆیلە، مرۆڤ کوژیی، دەستدرێژی بۆ سەر نامووس و کیژ و ژنی خەڵک و دامەزرانی یاسای زەکات وەك ماڵیات، ساڵانێکی دوور و درێژ دوای مردنی محەمەدیش بارودۆخی ئابووریی زۆرداران و هێزمەندانی دنیای ئیسلامیی و داهاتی سەدەکانی داهاتوویانی گارانتی کرد. ئەمەیی یا عەبباسی، فاتمی یا مەملووک و عوسمانیەکان، هەر هەموویان ڕێگای محەمەدیان کردە پیشەی خۆیان. تەنانەت ئەمڕۆش لایەنگرانی دامەزرانی خەلافەت واتە داعیش پەیرەوی لەو رێ و ڕەسمە دەکەن. بە ناوی ئایینەوە، پێستی بە دیل گیراوانی شەڕ دەگڕوون، دەستڕێژی سێکسی دەکەنە سەر نامووسی خەڵک، کۆیلە دەکڕن و دەفرۆشن، سەردەبڕن و خەڵکی ئاسایی لە شوێنی ژیانیان ئاوارە دەکەن.

محەمەد تەنانەت لە شەڕەکانیشدا وەك منداڵێکی هەتیو مایەوە. وەك کەسێکی هەست ناسکی کەم جیکەڵدان، دەمارگرژ و تووڕە لە دەرەوەی مەیدانی شەڕ هەمیشە ناڕازی بوو و دەتگوت بە تەواوی دنیا قەرزدارە. ئەگەر دنیا ئەوی نەویستبایە، دنیایەکی تری بۆ خۆی دروست دەکرد، جا چ وەك شوانی مەڕ، چ وەک بازرگان، پەیامبەر یاخود شەڕانخێو، بۆ ڕاکردن لە ژیانی تاڵی منداڵیی هەر جارەی پەنای بۆ شتێك یاخود کەسێك دەبرد. ئەو پەنایە جارێك خەدیجە بوو، جارێك پیتەکانی قورئان، جارێك پیاوە ئایینیەکانی و جارێکیش خۆشەویستیی بۆ ژنەکانی بوون. لە کۆتاییدا ئاخرین پەنا و نیشتمانی لە مەیدانەکانی شەڕدا دۆزییەوە. ئەگەر نەیتوانیبایە دنیای دەوروبەری بە وشە ڕازی بکات، دەستی بۆ شمشیر دەبرد.

محەمەد نیزیکەی ١٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا مردووە بەڵام هێشتا نەنێژراوە. ئەو پیتانەی لەدوای خۆی بەجێی هێشتوون، لە هەر چەشن شمشیرێك تیژتر و ماڵوێرانکەرترن. مەزنترین کارخانەی یاسایی دروست کرد کە تا ئەمڕۆش هەڵس و

کەوت، دانیشتن و هەستانی دنیای ئیسلام دیاری دەکەن. باشترین رێز لە محەمەد ئەوەیە وەك مرۆڤێکی ئاسایی پیشان بدرێت و سەیر بکرێت، کە لە ڕاستیشدا وابووە. دەبێ ئەو لەگەڵ کردەوەکانی لە داهاتوو و سەردەمی خۆی بەجێ بهێڵین و لەو دنیایەی تێیدا ژیاوە لە قەبری نێن و ماڵئاوایی لی بکەین. کاری دروستی موسوڵمانانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە وەپێش ئەو شارێگایە بکەون وا بۆ محەمەدیان دروست کردووە و بە هەزاران کیلۆمیتر مەودای لێ بگرن.

## ژیاندنەوەی دووبارەی محەمەد

ژیننامەی پێغەمبەر لەسەر چ بنەمایەك نووسراوە؟

بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی نووسینی بیوگرافیی محەمەد دەبێ لە کۆتایی مێژووەکەیەوە دەست پێبکەین. مردنی لە ناکاوی محەمەد پرسیارێکی زۆری بێ وەڵام هێشتەوە و تەنانەت لەسەر هۆکاری مردنەکەشی چەندین ڕیوایەتی جۆراوجۆر لە لایەن سوننە و شیعەوە دەگێڕدرێتەوە. لە گوتەکانی محەمەد لە کتێبی حەدیسدا کە لە لایەن 'ئەلبوخاری' یەوە کۆکراونەتەوە، نووسراوە: *"محەمەد بەهۆی گۆشتی مەڕی ژەهراوی کە لە لایەن ژنێکی جوولەکەوە پێی دراوە، بەهۆی "نۆبەتێ" یەکی بەتینەوە لە جێگادا نەخۆش کەوتووە"* . عایشەی ژنی محەمەد گێڕاویەتەوە ڕەسووڵی خودا لە تەختی نەخۆشییەکەیدا کاتێك پێش مردنی پێی گوتم: *"عایشێ، لەو کاتەوە گۆشتە ژاراوییەکەم خواردووە، ئازارم هەیە. پێموابێ کاتی ئەوە هاتووە ماڵئاواییان لێ بکەم"* . [٣٤]

هەواڵی هەوڵێکی هاوچەشن بۆ لەناوبردنی محەمەد چوار ساڵ بەر لە مردنیشی بڵاو بۆتەوە. بەڵام سەیر ئەوەیە ئەو کاتەی محەمەد نەخۆش بووە، تەنانەت تاقێك لە جوولەکەکان لە مەدیینە نەمابوون. محەمەد پێشتر جوولەکەکانی مەدینە و دوروبەری شارەکەی یا کوشتبوو یا ناچار بە هەڵاتن لەو ناوچانەی کردبوون. بڵێی پێغەمبەر فەنتازیی نەکردبێ؟ یا لە ڕاستیدا نەیارانی بۆ کوشتنی جارێکیتریش پلانیان دارێژتبێ؟ دۆستی نیزیکی محەمەد، ئیبن مەسعوود لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە محەمەد کووژراوە.[٣٥] بەڵام قاتڵی محەمەد کێ بووە؟ ئەو کەسە دەبێ کێ بووبێ کە لە مردنی محەمەد بەهرەی پێ بڕاوە؟

---

[٣٤] Sahih al-Bukhari, Band ٤, Hadith Nr. ٤١٦٥

[٣٥] bn Hanbal: Al-Musnad, Band ١, S. ٤٠٨; Ibn Sa’ad: Tabaqat, Band ٢, S. ٢٤٩

پێش نەخۆشبوونە سەیر و سەمەڕەکەی، محەمەد پلانی داڕشتبوو هێرش بکاتە سەر رۆمییەکان. 'عوسمان ابن زاهید'ی بۆ سەرکردەیی لەشکرەکەی هەڵبژاردبوو. عومەر، دۆست و خەزووری محەمەد دژ بە هەڵبژاردنی عوسمان ابن زاهید بوو و ئەو کارەی بە سووکایەتیی لە هەنبەر تەواوی شەڕکەرەکان دەزانی کە لە پەنا محەمەد چەندین ساڵ بوو شەڕیان دەکرد. عەلی، کوڕی مامی محەمەد و دۆستی نیزیکی بە سەرکردەی نوێ هەڵبژێردرا کە لەڕاستیدا وەك جێنشینی داهاتووی محەمەدیش لە ئەژمار دەهات. محەمەد ئەوکات تەمەنی زیاتر لە شەست ساڵ بوو، هاوکات چەندین شەڕی هەڵدەسووڕاند و کەسیشی بۆ ڕێبەریی موسوڵمانان لە دوای خۆی بە جێنشینی هەڵنەبژاردبوو. بەڵام عومەر و دۆستی نیزیکی محەمەد ئەبووبەکریش خۆیان بە کاندیدی ڕاستەقینە دوای محەمەد دەزانی.

کاتێ محەمەد نەخۆش کەوت و لەژێر نۆبەتیی بەتیندا زەجری دەکێشا، زۆربەی دۆستان و خزمەکانی لەدەوری کۆ ببوونەوە و نەیاندەزانی چی بەسەر هاتووە. دوای ماوەیەك داوای کاغەز و پێنووسی کرد و گوتی: *"دەمەوێ بەڵگەیەکتان لە خۆم بۆ بەجێ بێڵم، بۆ ئەوەی دوای من تووشی سەرلێشێواوی نەبن"*. عومەر کە زۆر نائارام بوو، داواکەی محەمەدی رەدکردەوە و رووی کردە کۆمەڵەکە و گوتی: *"ئێمە قورئانمان هەیە، پێغەمبر زۆر نەخۆشە و دەبێ لێی گەڕێن جارێ ئیستراحەت بکات"*. ئەو کەسانەی لەوێ کۆببوونەوە، لە ماڵی محەمەد لێیان بوو بە شەڕ و هەڵا. مامی محەمەد، ئەلعەبباس ئەو هەڵس و کەوتەی بە کارەساتێك نێو بردووە کە عومەر پێشی بە نووسینی وەسیەتنامەی محەمەد گرتووە. دواتر دەبێ بە تووڕەیی محەمەد هەموویانی لە ژوورەکەی دەرکردبێ.[٣٦]

بەرپرسانی ئایینی شیعە ئەو هەڵس و کەوتەی عومەر ئاوا شی دەکەنەوە: *"محەمەد ویستوویە عەلی کوڕی مامی خۆی وەک جێگری خۆی هەڵبژێرێ، بەڵام عومەر و ئەبووبەکر بۆنی ئەوەیان کردووە و بە هەر بەهایەك کە بووبێ، ویستوویانە پێش بەو کارە بگرن"*. چەند لە عالمانی شیعە تەنانەت لەوەش تێپەڕ دەکەن و دەڵێن: *"محەمەد*

---

[٣٦] Al-Bukhari: Sahih al-Bukhari, Hadith Nr. ١١٤

*لە لایەن عومەر و ئەبووبکرەوە دەرمانخۆر کراوە بۆئەوەی دوای محەمەد خۆیان هێز بەدەستەوە بگرن"*.

محەمەد خۆی نووسراوەکانی قورئان و گوتەکانیتری کە دواتر بەناوی 'حەدیس' ناویان دەرکرد، بە شێوەی کتێب یاخود نووسراوە لەپاش خۆی بەجێ نەهێشتووە. ئەو نەتەنیا خۆی بە ئاخرین پێغەمبەر داناوە، بەڵکوو پێیوابووە دوای پەیامەکەی، دنیا کۆتایی پێ دێ. محەمەد گوتوویەتی: *"پەیامەکەی من و قیامەت ئاوا لێك نیزیکن"* (قامکی ناوەڕاست و قامکی ئیشارەی خۆی پێکەوە نیشان داوە).[٣٧] لەوانەیە تەنیا ئەو باوەڕەی هۆکار بووبێ بۆ گرنگی نەدان بۆ هەڵبژاردنی جێنشین. ئەگەرچی محەمەد نیزیکەی ٦٢٣٦ سووڕەی قورئان و زیاتر لە چەندین هەزار گوتەی حەدیسی لێ بەجێ ماوە، بەڵام گرنگترین پرسیار واتە ئەوەی کە "لەسەر چ بنەما و یاسایەك سەرکردە هەڵبژێردرێ"ی وەڵام نەداوەتەوە و بەو کارەی، دواتر کێشە و شەڕێکی خوێناوی لە مابەین بەجێماوەکانیدا هەڵگیرساندووە.

لە ڕۆژی ٨ی جوولای ساڵی ٦٣٢ ی زایینی، واتە ڕۆژی مردنی محەمەد کە لە لایەن مێژوونووسانی ئیسلامییەوە دیاری کراوە، شەڕ لەسەر هێز لە نێوان باڵە جیاجیاکانی ئیسلامی ساز کرا، دیارە هەرکام لەو باڵانە خۆیان بە بەرحەق دەزانی بۆئەوەی دوای محەمەد هێز بەدەستەوە بگرن. ئەو کێشەیە بوو بە خاڵێکی سەرەکی بۆ لێکدابڕانی موسوڵمانان و پێکهاتنی دوو بەرەی شیعە و سوننە لە داهاتوودا. زۆرینەی شیعەکان لەسەر ئەوە سوورن کە دوای محەمەد تەنیا خزمی خوێنیی و کەسێك لە بنەماڵەی خۆی دەتوانێ جێنشینیی بکات. بە پێچەوانە سوننەکان لەسەر ئەو بۆچوونەن بە سێ شێوە دەکرا کەسێك جێنشینی محەمەد بکات: هەڵبژاردنی کەسێك بە شێوەی دەنگدان لە نێوان مرۆڤە ئایینیەکان، وەدەستهێنانی هێز بەهۆی سەرکەوتوویی لە شەڕدا و هەروەها وەرگرتنی هێز لەناو ئیمپراتۆرییەکەدا بە شێوەی میراتیی.

دوای مردنی محەمەد سێ دەستە لەسەر هێز دژ بەیەکتر بەربەرەکانیان دەکرد: یەکەم هاشمییەکان کە یارانی محەمەد بوون و عەلییان بە جێنشینی بەرحەقی محەمەد دەزانی. دووهەم هۆزکانی مەدینە کە خۆیان بە میراتگری ڕاستەقینەی محەمەد دەزانی

[٣٧] Al-Nawawi: Sahih Muslim, Hadith Nr. ٢٩٥٠

و سێهەم دەستەش، عومەر و ئەبووبەکر بوون کە یەکیان گرتبوو و لە لایەن چەند هۆزی مەککەشەوە پشتیوانی دەکران.

پێش ئەوەی محەمەد بە خاك بسپێردرێ، کۆبوونەوە بۆ رێککەوتنی هۆزکانی مەککە و مەدینە لە لایەن عومەرەوە بەڕێوەچوو. تەنیا عەلی بەشداری لەو کۆبوونەوەدا نەکردووە. عومەر گوشاری بۆ هۆزکان دێنا کە سەروەریی ئەبووبەکر بسەلمێنن بەڵام لەو دانیشتنەدا بە هیچ ئەزموونێک نەگەیشتن. دیارە بۆ هەڵبژاردنی ئەبووبەکر وەك جێنشین دەبوو دەنگی علی و لایەنگرانیشی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. مێژوو نووسی شیعە بە ناوی ئەلیەعقووبی "دەڵێ عەلیان بە زۆر بەوکارە ڕازی کرد: عومەر چۆتە ماڵی عەلی، هەڕەشەی لە فاتمەی ژنی علی (کچی محەمەد) کردووە، ماڵەکەیان دەسووتێنێ، ئەگەر خۆی و مێردەکەی سەروەریی ئەبووبەکر رەد بکەنەوە. ئەو کارە بۆتە هۆی شەڕە شمشیر لە مابەین عەلی و عومەر دا. شمشیری عەلی دەشکێ و عومەر لەو شەڕەدا سەردەکەوێ."[٣٨]

لایەنگرانی عەلی تا ئەمڕۆش لەسەر میراتی محەمەد خۆیان بە فریودراو دادەنێن. لەحاڵێکدا سوننەکان ئەبووبەکر و عومەر بە خەلیفەی بەرحەقی دوای محەمەد دەزانن، شیعەکان تەنیا عەلی بە جێنشین دەناسن و دژ بە ئەوانیتر ڕاوەستاون.

ئەگەرچی بە پێی ڕێوڕەسمی ئیسلامی و هەروەها رێوڕەسمی کۆنی عەرەبیش، دەبوو مردوو لە ڕۆژی مردنەکەیدا بە خاك بسپێردرێ، محەمەد سێ ڕۆژ دوای مردنی نێژرا. شەڕ و کێشە لەسەر میرات هێندە بەتین بوو کە فریای ئەو کارە نەکەوتن. لە لایەکیتریشەوە چەند لە لایەنگرانی دژ بە ناشتنی بوون، چوونکە پێیانوابوو وەك چیرۆکی مەسیح دوای سێ ڕۆژ زیندوو دەبێتەوە و بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێ.

کاتێ هەواڵی مردنی محەمەد لە عەرەبستان بڵاوبۆوە، سەرکردەی زۆربەی هۆزکان لەبەر ماڵی محەمەد کۆبوونەوە. نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن کە محەمەد مردووە. ئەبووبەکر دەستیکرد بە قسەکردن و هەڵەیەکی گەورەی لە قسەکانیدا کرد. ئەو گوتی:

---

[٣٨] Al-Yaa’qūbi: Tarikh al-Yaa’qūbi, ٢:١٢٦

*"هەر کام لە ئێوە ڕێز و خۆشەویستیتان بۆ محەمەد هەبووە، بەڵام ئێستا محەمەد مردووە. ڕێز و خۆشەویستیتان بۆ خودا هەبێ، خودا نامرێ"*.[٣٩] بۆ ئەو هۆزانەی لە رووی خۆشەویستی بۆ محەمەد یاخود لە ترسان، ئاییینی ئیسلامیان قەبووڵ کردبوو، ئەو قسانەی ئەبووبەکر بۆ دەربازبوون، وەك کرانەوەی دەرگای ئازادیی وابوو.

لەو سەردەمەدا زۆرێک لە هۆزکان خۆیان لە ئیسلام دوورخستەوە. تاقمێکیشیان ئەگەرچی لەگەڵ ئیسلام مابوونەوە بەڵام نەیاندەویست ماڵیات بە ئەبووبەکر بدەن. ئەبووبەکر بێ تابانە وەدوای سووڕەیەکی قوڕئان کەوتبوو کە بتوانی ماڵیاتەکەی لە خەڵکیی پێ وەرگرێ. بەڵام سووڕەیەکی پڕ بە پێستی بۆ نەدوزرایەوە. خۆشی وەك محەمەد نەیدەتوانیی سووڕە لە قوڕئان زیاد بکات. بە ناچار پەنای بۆ حەدیس برد. من پێموایە لێرە بەولاوە، کاتژمێری لەدایکبوونی حەدیس دەستی پێکردووە.

زۆربەی گوتەکانی ناو حەدیس لە سەردەمی خەلافەتی ئەبووبەکر و لە لایەن عایشەی کچی ئەبووبەکر، ئەبووبەکر خۆی و بێوەژنەکانی محەمەدەوە بڵاوکراونەوە. ئەوکات زیاتر لە ٢٢٠٠ گوتەی حەدیسیان کۆکردەوە کە زۆربەی یاساکانی شەریعە و هەڵسوکەوتی ئیسلامیستەکان دەگرێتەوە. لە سەردەمی ئەبووبەکردا جگە لەوانە دوو سەرچاوەیتر بۆ حەدیس هەبوون:

ئەبوو هوڕەیرە "Abu Huraira" یەك لەوان بوو. سواڵکەرێکی شارەکانی دەوروبەر کە ماوەیەکی کەم لەگەڵ محەمەد لە مەدینە بووە و زۆر دواتریش ئیمانی بە ئاییینی ئیسلام هیناوە. ئەو کەسە زیاتر لە ٥٣٠٠ گوتەی لە حەدیس زیادکردووە. قسەکانی محەمەد لە زمانی ئەو سواڵکەرەوە یارمەتیدەرێکی گەورە بوون بۆ بەڕێوەبردنی ویستەکانی ئەبووبەکر لە سەردەمی خۆیدا. هوڕەیرە بۆ یارمەتیدانی ئەبووبەکر دەڵێ من خۆم لە محەمەدم بیستووە کە گوتوویەتی: *"لە لایەن خوداوە ئەمرم پێکراوە دژ بە مرۆڤ شەڕ بکەم تا ئەو کاتەی شەهادەت بدەن کە جیا لە اَللّه خودایەکیتر بوونی نییە و محەمەدیش پێغەمبەری خودایە کە نوێژ و تاعەت و ماڵیاتی بۆ عەبدەکانی داناوە. ئەگەر ئەوان ئەو کارانە بەڕێوە بەرن، خوێن و ماڵیان لە لایەن منەوە لە ئەماندایە"*.[٤٠]

---

[٣٩] Al-Tabari: Tarikh Al-Tabari, ٢:٢٣٣

[٤٠] Al-Bukhari: Sahih al-Bukahri, Hadith Nr. ٢٥; al-Nawawi: Sahih Muslim, Hadith Nr. ٢٢; al-Albani, ١:٧٦٦

ئەو گێڕاوەیەی ئەبووهورەیرە، لە لایەن عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە کە خۆشی ٢٦٣٠ گێڕاوەی حەدیسی لە محەمەد لابووە، سەلمێندراوە. سەیر ئەوەیە بۆچوونێکی ئاوا گرنگ کە باس لەسەر ژیان و مردن دەکات لە قورئاندا باسیشی لێ نەکراوە. ئەبووهورەیرە ساڵی ٦٤١ ی زایینی لە لایەن عومەرەوە بوو بە حاکمی شاری بەحرەین. دوای ماوەیەکی کورت گەڕاندیەوە بۆ شاری مەدینە، عومەر دەستی بەسەر ماڵ و ماڵاتی دا گرت، چونکە بە پارەی ماڵیات خۆی دەوڵەمەند کردبوو. عومەر دەبێ هێندەی جنێو پێدابێ و لێی دابێ تا پارەکەی بە تەواوەتی گەڕاندبێتەوە بۆ خەزێنەی خەلیفەکان.[٤١] تەنانەت عومەر دەبێ ئیزنی گێڕانەوەی حەدیسی لێ ساندبێتەوە و هەڕەشەی لێکردبێ ئەگەر لەوە زیاتر لەسەر محەمەد گوتەی حەدیس بگێڕێتەوە و دانەکەوێ، دەینێرێتە وڵاتی مەیموونان لە ئەفریقا.[٤٢]

ئەبووبەکر وەك یەکەمین خەلیفە دوای محەمەد، ١٢ ساڵ خەلافەتی خۆی، لە شەڕی دژبە کافراندا تێپەڕکرد. دوای ئەو عومەر ١٠ ساڵ حکوومەتی کرد. خەلافەتی عومەر وەك پێکهێنەری بەجیهانیکردنی ئیسلام لە ئەژمار دێ. عومەر لە شەڕەکانیدا فەلەستین، سووریە، عیراق و میسر [و ئێران]ی داگیر کرد. لە ساڵی ٦٤٤ی زایینی لە لایەن مرۆڤێکی ئێرانییەوە لە مەدینە کووژرا. چارەنووسێکی هاوچەشن لە ساڵی ٦٥٦ی زایینی بەسەر عوسمان وەك خەلیفەی دوای عومەر، هات. عوسمان وەك زاوای محەمەد بە مرۆڤێکی سیاسی ناسراو بوو بەڵام توانایی دووربینیی سیاسی زۆر کز بوو و بۆ حوکمرانیکردن زۆر لاواز بوو. بە پێی سەرچاوە ئیسلامییەکان دەبی عوسمان سوورەکانی قورئانی بۆ یەکەم جار وەك کتێب کۆکردبێتەوە و فۆرمی قورئانی ئەمڕۆیی لێ دروستکردبێ. بەڵام کتێبەکەی عوسمانیش هیچ دەقێکی لێ نەماوەتەوە. هەموو ئەو دەقانەی ئەمڕۆ لەبەر دەستماندان ماوەیەکی زۆر درنگتر کۆکراونەتەوە و نووسراون.

سەرئەنجام دوای عوسمان عەلی بوو بە خەلیفە و حکوومەتی بەدەستەوە گرت. عەلی ساڵی ٦٥٦ی زایینی بە خەلیفەیی هەڵبژێردرا. عایشە و لایەنگرەکانی و

---

[٤١] Helga Hemgesberg: Abū Huraira, S. ١١٣; siehe auch al-Mustadrak, Kitab at-tafsir, Hadith Nr. ٣٣٢٧

[٤٢] al-Dhahabi: ٢:٦٠٠f.

بنەماڵەی عوسمان بەو بەهانەیەی عەلی وەدوای قاتڵی عوسمان نەکەوتووە، دژ بە خەلافەتەکەی ڕاوەستان. تەنانەت عایشە لەشکرێکی دژ بە عەلی ساز کرد کە خۆی فەرماندەیی دەکرد. ئەو کارە واتە "فەرماندەی ژن"، دژ بە نووسراوەکانی قورئان بوو، چونکە ژنەکانی محەمەد تەنانەت ئیزنی لەماڵەوە دەرچوونیان بە تەنیایی پێ نەدەدرا. شەڕێکی ناوخۆیی لەناو موسوڵمانان ساز کرا کە زیاتر لە هەزاران کەسی تێدا کووژران. ساڵی ٦٦١ ی زایینی لە ڕێگای مزگەوت عەلی یان بە شمشیر بریندار کرد.

لەو سەردەمە بێ سوباتەدا هەزاران گوتەی محەمەد خرایە سەر حەدیس کە زۆربەیان بۆ بەڕێوەبردنی نیازی سیاسی ساز دەکران. گوتەکانی حەدیس بە گشتیی رۆڵێکی سەرەکییان بۆ نووسینی ژیننامەی محەمەد لە داهاتوودا گێڕا.

## ئەمەوییەکان، سەردەمی محەمەدیان نوێ کردەوە

دوای حکوومەتی چوار خەلیفەی ئەبووبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی، ئەمەوییەکان حکوومەتی بەهێزی مەککەیان شکاند، خۆیان هێزیان بەدەستەوە گرت و سیستەمی حکوومەتداریی ئیسلامییان بەتەواوی گۆڕی. لە ماوەی حوکمڕانییەکەیان کە لە ساڵی ٦٦١ وە تا ٧٥٠ ی زایینی خایاند، خەلیفایەتی لە ناو بنەماڵەکەی ئەواندا بە میرات بە یەکتر دەدرا. ئەمەوییەکان کە دواتر شاری دیمەشقیان وەك پێتەخت هەڵبژارد، هەوەڵین خانەدانیان لە مێژووی ئیسلامدا پێکهێنا. ئەمەوییەکان پێش سەردەمی محەمەدیش یەك لە بنەماڵە گەورەکانی سەرکەوتوو و بەهێزی مەککە بوون کە کارتێکەریی ئابووریی و سیاسیان لەسەر شارەکە و ناوچەکەدا هەبوو. بەردەوام لە دژایەتیی بنەماڵەی هاشمییەکاندا بوون کە ئەو کات وردە وردە بێ هێز دەبوون و کارتێکەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر بارودۆخی شاری مەککە نەمابوو. ئەمەوییەکان گرنگایەتییەکی بەرچاویان بە پەیوەندیی ئابووریی لەگەڵ سووریا دەدا و ڕێزێکی زۆریان بۆ ئیمپراتووری ڕۆمییەکان هەبوو.

کاتێ محەمەد لە سەدەی حەوتەمدا خۆی وەك پێغەمبەر بە خەڵکی ناساند، زۆربەی سەرکردەی ئەمەوییەکان بە چاوی ڕەخنەوە سەیری محەمەدیان دەکرد. سەرکردەی ئەو کاتیان بە ناوی ئەبوو سووفیان "Abū Sufyan" دوای گرتنەوەی مەککە لە لایەن محەمەدەوە ئایینی ئیسلامی بەپەلە قەبووڵ کرد- بڕیارێك لە ئاخرین چرکەدا کە دواتر بە خاڵێکی ئەرێیی بۆیان تەواو بوو. ئەمەوییەکان لە شەڕەکانی دواییێنی محەمەد دا بەشداریان کرد و نەک هەر سۆپای محەمەدیان پێ گەورەکرایەوە، بەڵکوو بارودۆخی سیاسی و ئابووری خۆشیان زۆر پێ بەهێز کرد. بەو هۆیەی دوای مردنی محەمەد دەیانزانی کە هیچ شانسێکیان بۆ جێنشینیی ئەو پێ نادرێت، و لەڕاستیشدا بە پێچەوانەی ئەبووبەکر و عومەر کە زۆر زوو ئیمانیان بە محەمەد هێنا و لە یەکەمین شەڕەکانیشیدا بەشدار بوون، ئەمان خۆیان زیاتر وەك بنەماڵەیەکی شاهانەی عەرەبی دەبینی کە

وەدوای بەرژەوەندیی ئیمپریالیستیی کەوتبێتن. لە ماوەی حوکمرانییەکەیاندا سنوورەکانی دنیای ئیسلامیان هەتا نیمچە دوورگەکانی ئیبێر لە ئیسپانیا و هەروەها هەتا ئیندووز یاخود هیندوستان گەورە کردەوە.

ئەو هێرشانەی کە بە شێوەیەکی وەحشیانە لە لایەن دنیای عەرەبەوە بۆسەر دنیای دەوروبەر دەستپێکرابوو، بە هۆی ئەمەوییەکان شێوەیەکی تارادەیەك شارستانییەتی پێ درا. ستروکتووری نیزامی و شێوەی بەڕێوەبردنی کار و باری خەڵکی و ئیدارەکردنی کاروباری شار بە چاولێکەریی لە رۆمییەکانیان، کردە سەرمەشقی خۆیان و سوپا و هێزی ئەمنیەتیی شارەکانیان تا ڕادەیەك پێ قایم کرد. یەکەمین سکە بەڵام بە نیشانەی مەسیحییەکانەوە بۆ خەلیفەکان لێ دران. کاتێ لە مەککە سکەی خەلیفەکان بە نیشانەی مەسیحییەوە درانە دەرێ، خەڵکی دژ بەوە ڕاوەستان و ئەمەوییەکانیان ناچار بە گۆڕینی سکەکان کرد.

کەسێک بەناوی عبدالله ابن الزبیر "Abd Allah Ibn az-Zubair" کە خوشکەزای ئایشە و نەوەی ئەبووبەکر یەکەمین خەلیفەی ئیسلامی بوو، ساڵی ٦٨٣ی زایینی دژ بە ئەمەوییەکان شۆڕشی کرد و بووە هۆی لێدانی یەکەمین سکەی ئیسلامی کە ناوی محەمەدی لەسەر نووسرابوو.[٤٣] پێنجەمین خەڵیفە بە ناوی عبدالملك ابن مروان " Kalif Abd al-Malik Ibn Marawān" (لەدایکبووی ساڵی٦٤٦ و مردووی ساڵی ٧٥٠ی زایینی لە دیمەشق) توانی شۆڕشەکە بە ڕژانی خوێنێکی زۆر ڕاوەستێنێ. شاری مەککە بەتایبەت دەوروبەری کەعبە بەتەاوی وێران کرا. عبدالله ابن الزبیر لە شەڕێکیتردا لە لایەن عبدالملك ابن مروانەوە تێکشکێنرا و لە شاری مەککە لەبەرچاوی خەڵکی لە خاچ درا.

عبدالملك ابن مروان وێنەی ئیسلامی بەو شێوەیەی وا ئێمە ئەمڕۆ دەیناسین، پێك هێنا و دوای شۆڕشەکەی مەککە، هەستی بە گرنگایەتیی زیندووکردنەوەی کولتووری محەمەدی کرد. لە شاری ئورشەلیم 'قودس'ی بەدروستکردن دا و ناوی محەمەدی لەسەر نووسی. تەنانەت یەکەمین قرووشی زێڕینی عەرەبیشی بە دروستکردندا کە

---

[٤٣] Al-Ish, Youssuf: Ad-dawla al-umawiyya wal-ahdath allati sabaqatha wamahadat laha, S. ٢٣٤–٢٣٦; Al-Khudri, Sheikh Mohamed: Ad-dawla al-umawiyya, S. ٢٩٢f.

ناوی محەمەدی لەسەر هەڵکەندرابوو. بە ئەمری ئەو سوورەیەکی قورئانیشیان لەسەر قودس نووسی "ئایینی ئەڵڵا ئیسلامە" کە وەك دەسپێکێك بۆ کاتی نوێ ناسرا. ئەو کارانەی وەك یەکەمین بەڵگەی مێژوویی بۆ سەلماندنی دوو نێوی "ئیسلام" و "محەمەد" لە ئەژمار دێن. ٦٠ ساڵ دوای مردنی محەمەد، بۆ یەکەم جار ناوی وەك بەڵگەیەکی نووسراوەیی لە مێژوودا دەسەلمێندرێ. پەرجۆیەك کە تا ئەمڕۆش زانایان هیچ وەڵامێکیان بۆ نەدۆزیوەتەوە.

لەژێر حکوومەتی عبدالملك ابن مرواندا مێژوو و ڕیوایەتە گێڕاوەکانی سەبارەت بە محەمەد گرنگایەتییەکی نوێیان پێ بەخشرا. لە سەردەمی ئەمەوییەکان بەگشتیی ناوچەیەکی زۆری نوێ کەوتە سەر ئیمپراتووری ئیسلامی. هاوتەریب لەگەڵ ئەوانەشدا، یەکەمین بەشەکانی بیۆگڕافی محەمەد گەڵاڵە کرا. ئەو کارە بە هەواڵی شەڕەکانی محەمەد کە لە لایەن ئامۆزایەکی ئایشەی ژنی محەمەدەوە بە ناوی مقزی "maghazi" کۆکرابوونەوە، دەستپێکرد. لەوسەردەمەدا لە هەوڵەکانی شەڕی محەمەد و سەربازەکانی بۆ پرۆپاگاندا و هاندانی سووپاکەیان بۆ گرتنی وڵاتانی دەوروبەر کەڵکیان لێ وەردەگرت. عبدالملك کە هاوکات لە چەند ناوچەی وەك عیراق و مەککە و ... دژ بە شۆڕشگێڕان لە شەڕدابوو، هەمیشە بەدوای بەڵگەی هاندەری نوێ دا دەگەڕا. لەو سەردەمەدا هەزاران گوتەی نوێی حەدیس دۆزرانەوە کە شۆڕش و ڕاپەڕینی دژ بە حاکمانیان ڕەد دەکردەوە. تەنانەت تاقمێك لە گوتەکان بە ڕاشکاویی پشتیوانی محەمەدی بۆ بنەماڵەی ئەمەوییەکان دەسەلماند. عبدالملك بە دروستکردنی قودس دەیەویست کەعبەیەکی هاوچەشنی مەککە لە ئورشەلیم دروست بکا و بەو کارە بەڵگەیەکی مێژوویی ئایینی پێکبێنێ.

ناوەڕاستی سەدەی هەشتەم لە ناوچە داگیرکراوەکانی ئێران شەڕێکی نوی لە مابەین خەڵکانی ئێرانی و ئەمەوییەکان دەستپێکرد. وەك هەڵگری کولتوورێکی بەرزی پێشوویان، ئێرانییەکان لە حوکومرانیی ئەمەوییەکان بەسەر ناوچەکانیاندا و بە حیسابهێنانیان وەك هاوڵاتی پلە دوو، ئازاریان دەچەشت. شیعەکانیش بە دژایەتی ئەمەوییە سوننەکان لەو شۆڕشەدا بەشدارییان کرد. تەنانەت عەبباسییەکانیش ئەگەرچی خۆیان سوننە بوون، بۆ ڕووخانی ئەمەوییەکان پشتیوانی ئەو شۆڕشەیان کرد. بەدوای

شەڕێکی قورسی خوێناوی و چەندین کۆمەڵکوژی، ئاخرەکەی عەبباسییەکان شکستیان بە ئەمەوییەکان هێنا و توانیان پێتەختی خەلافەتی نوێ بەرەو بەغدا بگوێزنەوە. بەڵام ئێرانی و شیعەکانی عێراق پاداشیان لەو شۆڕشە وەرنەگرت و عەبباسییەکانیش بە شێوەی ئەمەوییەکان، بە تەنیا، حکوومەتیان لەدەست خۆیاندا ڕاگرت. بۆ خۆڕاگریی لە هەنبەر شۆڕشی نوێ، عەبباسیەکان پێویستیان بە بەڵگەی نوێی ئایینی هەبوو. عەبباسییەکان لەناو خەڵکیدا وایان بڵاو کردەوە کە بنەچەکی هۆزی عەبباسی دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی مامی محەممەد واتە "ئەل عەبباس".

بەهۆی بارودۆخی سیاسی نوێ لە بەغدا، ژیننامەی محەممەد تەنیا ویست نەبوو، بەڵکوو دەبوو پێك بهاتبایە. ژیننامەیەکی تێروتەسەلی محەممەد دەبوو دەوری ئەل عبباس و بنەماڵەی هاشمی بە سناریۆی پشتیوانیکردنیان لە محەممەد ساز بکرێ و بەو شێوەیە بەڵگەیەکی مێژوویی - ئایینی بۆ خانەدانی عەبباسییەکان و پێکهێنانی خەلافەتەکەیان دروست بکرێت. خەلیفە ئەل مەنسوور "al-Mansūr" بۆخۆی فەرمانی بۆ کەسێکی پسپۆڕی حەدیس ناس بە ناوی ابن ئیسحاق "Ibn Ishāq" (لە دایکبووی ساڵی ٧٠٤ لە مەدینە و مردووی ساڵی ٧٦٨ی زایینی لە بەغدا) دەرکرد کە چارەیەك بۆ ئەو کارە بدۆزێتەوە. ئەل مەنسوور دووهەمین خەلیفەی عەبباسی و پێکهێنەری شاری بەغدا بوو لە ساڵی ٧٥٤ تا ساڵی ٧٧٥ی زایینیش خەلافەتی کرد.

ابن ئیسحاق مرۆڤیکی موسوڵمانی مێژوونووس بوو کە لە ساڵی ٧٣٧ی زایینی بۆ ئامادەکردنی کتێبی حەدیس قۆڵی لێ هەڵماڵی. ئەو کتێبەی ئەو لەسەر ژیانی محەممەد ئامادەی کردووە، وەك سەرچاوەیەکی گرنگ سەیر دەکرێت بۆ ئەو ژیننامانەی وا لە داهاتوودا لەسەر محەممەد نووسراون. ئەو کتێبە ١٣٠ ساڵ دوای مردنی محەممەد گەڵاڵە بووە و کاتێك نووسراوە کە ئەو مرۆڤانەی لە سەردەمی محەممەد و لەگەڵ ئەودا ژیابوون و ئاگایان لە ڕاستییەکان بوو، تاقێکیشیان نەمابوون.

نەک هەر لایەنە سیاسییەکان بەڵکوو هەموو خەڵکی ئاساییش هەوڵیان دەدا بزانن سەردەمی محەممەد چلۆن بووە و چی تێدا قەوماوە. بە تایبەت لەو سەردەمەدا کە وڵاتی ئیسلامیی لە باکووری ئەفریقاوە هەتا وڵاتی چینی داگرتبوو، ڕاستییەکانی چۆنیەتی ژیانی محەممەد گرنگایەتییەکی زۆری پێ دەدرا. بەو کارە هەوڵیان دەدا گێڕاوەی

خەیاڵاوی سەبارەت بە محەمەد کە لە ناو خەڵکدا دەگێڕدرانەوە، لە ڕاستییەکان جیا کەنەوە. لەو سەردەمەدا هەرکام لە هۆزەکان و خەڵکەکانی ناوچە حەماسەی تایبەت بە خۆیان دروست کردبوو. لە زۆربەی ناوچەکانی وەك ئەسکەندەرییە، بەغدا و دیمەشق, ڕۆشنبیرانی مەسیحی و یەهوودی دەژیان. ئەو شارانە نەک هەر ببوونە شوێنی ژیانی نەتەوەی جۆراوجۆر، بەڵکوو ببوونە سەکۆی بەربەرەکانی و گوفتوگۆی ئایینی لە نێوان داگیرکەرانی عەرەب لە لایەکەوە و کۆچبەرانی مەسیحی و یەهوودیش لە لایەکیترەوە. لە هەوەڵەوە چوارچێوەی بەحسەکان لەسەر ئەوە نەبوو کام لەو ئایینە ئیبراهیمیانە ئایینی خودایی و ڕاستەقینەن یاخود مەسیح یا محەمەد چ گرنگایەتییەکان بۆ مێژووی ناوچەکە هەبووە.

هەرکەس ژیننامەکەی ابن ئیسحاقی بە وردی خوێندبێتەوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە هەڵسەنگاندنی محەمەد لەگەڵ مەسیح وەك خەتێکی سوور وایە کە بە نێوان کارەکەیدا کێشراوە. هەروەها بە ڕوونی دیارە کە نووسەر جاری وایە خۆی بە ستروکتووری خوڕافاتیی تەوڕات و جاری واشە بۆچوونەکانی ئینجیل هەڵواسیوە و کەسایەتیی مێژوویی ژیانی محەمەدی بەو گێڕانەوانەی لەسەر مەسیح لەناو خەڵکیدا وەك پەرجۆ و خوڕافات باو بوون، ڕازاندۆتەوە کە هیچ نیزیکایەتییەکیان لەگەڵ نووسراوەکانی ناو قوڕئان نییە.

کاتێ ابن ئیسحاق کتێبەکەی کۆتایی پێ هێنا، حوکومرانی ئەو کات کتێبەکەی بە مێژوویەکی دوور و درێژ لە قەڵەم دا و ابن ئیسحاقی ناچار بە کورتکردنەوەی کتێبەکە کرد.[٤٤] ئەو کتێبە کە ناوی "کتێبی مەزن" ی لەسەر داندرابوو، لە سێ بەش پێکهاتبوو: بەشی سەرەتایی پێکهاتبوو لە دەستپێکی خوڵقاندن لە لایەن خوداوە هەتا هاتنی محەمەد. بەشی دووهەم ڕۆشنایی دەخاتە سەر پەیامبەریی و پرۆسەی ژیانی محەمەد لە مەککە و لە بەشی کۆتایشدا ژیانی محەمەد لە مەدینە و گەورەکردنەوەی ناوچەی حوکومڕانییەکەی بەهۆی شەڕەکانیەوە نیشان دەدا. لە چەند سەرچاوەیتردا بەشی چوارەمیشیان لێ زیاد کراوە بە ناوت "خەلیفات"، بەڵام بەو هۆیەی لە کتێبە

[٤٤] Ibn Hischām: As-sira an-nabawiyya, S. ١٢

ئۆریجیناڵەکەیدا باس لەسەر ئەو بەشە نەکراوە، چەتوون دەکرێ بێ بەڵگە بسەلمێندرێ.

ئەگەرچی هاندەری نووسینی ژیننامەی محەمەد لە لایەن ابن ئیسحاقەوە ڕوانگەیەکی سیاسیی خۆی بووە، بەڵام هەموو ناوەڕۆکەکەی تەنیا وەدوای مەبەستی سیاسیی نەکەوتووە. هەروەها ئەو کتێبە لە فەزایەکی خاڵی و بێ پشتیوانەدا پێکنەهاتووە، بەڵکوو داب و نەریت و ترادیسیۆنێکی کۆکراوەی دوور و درێژ و کۆنی مێژوویی لە پشت ڕاوەستاوە. نووسەر ئاگاداری گێڕاوەکانی سەردەمی محەمەد بووە کە لە ناو ئایینیەکاندا دەست بە دەست کراون. لێرەدا تەنیا هەوڵی نووسەر لە لایەکەوە ڕاگرتنی دڵی لایەنگرانی ئیسلامی و لە لایەکیتریشەوە لکاندنی ئەو گێڕاوانە بە بەرژەوەندیی حوکمڕانانی ئەوکاتی بەغداوە بووە. هەروەها دەبوو نووسەر وەڵام بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزێتەوە کە ئایینەکانی مەسیحی و یەهوودی چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا هەیە. پێکهاتەیەکی تێکەڵاو و چێشتێکی مجێوری لێ ساز کراوە کە گێڕاوە کۆنەکان و باسە گرنگەکانی ئەو سەردەمەی بە شێوەیەکی نوێ و بە چەشنی کرۆنۆلۆگی نیشان دەدا.

چەند لە عالمانی ئایینی ئەو کات، کتێبەکەی ابن ئیسحاقیان بە میتۆدێکی لاواز و بێ ناوەڕۆك ناو بردووە. پێکهێنەری یەك لە مەکتەبەکانی سوننە بە ناوی ئیمام مالك ابن ئەنەس(٧١٥ لە مەدینە لە دایك بووە، ٧٩٥ لە ئێبێندا[٤٥] فەوتی کردووە) نووسەری، بە شارلاتان ناو بردووە. هۆیەکەشی ئەوە بووە کە نووسەر زۆرجار وتەی لە زمانی عالمانی ئایینی بە بێ بەڵگە هێناوەتەوە و... دیارە ئەوکاتیش هیچ کۆنترۆڵێك بۆ سەلماندن و ڕاست و دروستبوونی ئەو چەشن نووسینە بێ بەڵگانە پێك نەدەهات، کاتێ سەرچاوەکەی نادیار بوایە. هەروەها ئەو گێڕاوانە دەبوو لە ڕوانگەی مەکانیی و کاتیەوە یەکتر بگرنەوە. بۆ وێنە کاتێ دەگوترێ ئەحمەد لە عەلی بیستووە و عەلیش لە پێغەمبەر کە گوتوویەتی:"..."، دەبێ مرۆڤ بتوانێ بیسەلمێنی ئەحمەد و عەلی کە هاوکات ژیاون، لای کەم جارێك یەکتریان بینی بێ. هەروەها بسەلمێندرێ عەلی

[٤٥] Ebenda شارێکە لە باشووری ئەفریقا

مرۆڤێکی باوەڕپێکراو بووە و ڕاستەوخۆ پێغەمبەری دیبێ و گێڕاوەکەش دژ بە نووسراوەکانی قوڕئان و کتێبەکانیتری ئایینی نەبێ.

سەرەڕای گومان و ڕەخنە لێکردن لە سەرچاوەکانی نووسراوەی ابن ئیسحاق، وەك بیۆگڕافی محەمەد لە لایەن لایەنگرە ئیسلامییەکانیەوە سەلمێندرا. هەر وەك باسمان لێکرد، هەم دەقە درێژەکە و هەم دەقە کورتکراوەکەی ابن ئیسحاق سەریان تێدا چوو. شاگردێکی ابن ئیسحاق بە ناوی ال بکاعی "al-Bakaa'i" ناوەڕۆکی نووسراوەکەی داوە بە کەسێك بەناوی ابن هیشام "Ibn Hischām" (ساڵی لەدایکبوونی نادیارە و دەبێ لە نێوان ساڵەکانی ٨٢٩ و ٨٣٤ دا مردبێ) و ئەوخۆی کاری لەسەر ئەو نووسراوەیە کردووە، کورتی کردۆتەوە و تێبینی خۆی تێدا نووسیوە. دەقەکەی ابن هیشام ئەمڕۆ وەك دەق و سەرچاوی سەرەکی ژیننامەی محەمەد سەیر دەکرێ. ئێمە نازانین چەند و چی لە دەقە ئوریگینالەکە قرتاندووە، یاخود چەندەی گۆڕانکاریی بەسەردا هێناوە. ابن هیشام خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا گوتوویە: "من هەموو ئەو نووسراوە و شیعرانەی بە شێوەی پەراوێزیی یا وەك سووکایەتیپێکردن لەسەر محەمەد باس کراوە، قرتاندوومن."[٤٦] ئەو کارە جێ بۆ باس لێکردن دەکاتەوە. بەو هۆیەوە، لەو کتێبەدا خۆم تەنیا بە ژیننامەکەی ابن هیشام نابەستمەوە، بەڵکوو بۆ ڕووناکی خستنە سەر ژیانی محەمەد و هاوسەرەکانی، هاوکات کەڵك لە دەقەکانیتری حەدیس و کتێبەکانیتریش وەردەگرم.

جێی سەرنجە کە بیۆگرافییەکەی ابن ئیسحاق هاوکات لەگەڵ گێڕاوەکانی هەزار و یەك شەو نووسراوە. هەردوو کتێبەکان لە بەغدا گەڵاڵە کراون. ئەو کارە شتێکی بە هەڵکەوت نەبووە، چونکە لە هیچ جێگایەکیتری ئەم جیهانە وەك بەغدا لە سەدەی ٨ و ٩ فەرهەنگی گێڕانەوەی مێژوو ئاوا بەهێز نەبووە. دیارە ئەوە هەڵسەنگاندنی کتێبی هەزار و یەك شەو لەگەڵ ژیننامەی محەمەد لە ڕوانگەی ناوەڕۆکەوە نییە، بەڵکوو لەسەر مێژووی پێکهاتنەکەیانە. لە هەردووك کتێبەکەدا چەندین کولتووری جیاوازی ناوچەکە لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو بوون. هەردووک کتێبەکان دەقی پێشوویان بووە و بە

[٤٦] Ibn Hischām: As-sira an-nabawiyya, S. ١٦

پێی کات کاری تازەیان لەسەر کراوە و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. کۆکراوەی مێژووی گێڕانەوەکانی هەردووکیان دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە هیندی و ئێرانییەکان کە سەدەی ٨ بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراونەتەوە. چەند سەدە پێشتر عەرەبەکان ئێرانیان گرت. گێڕاوەکانی هەزار و یەك شەو لە وەرگێڕاندا شێوەی عەرەبی بەخۆوە گرت، ئەو رەوایەتانەی لە فەرهەنگی عەرەبدا نەگونجاون لێی قرت کران. بەڵام ژیننامەی محەمەد بە پێچەوانە، سەرچاوەی مێژووەکەی و گێڕانەوەکانی عەرەبی بوون کە لە چیرۆکی یەهوودی، مەسیحی و خوڕافاتی ئێرانیەوە وەرگیراون، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و ستروکتۆرەکەیان لەگەڵ زمانی عەرەبی گونجاندووە. ئەو پرۆسەیە بۆ قورئانیش بە هەمان شێوە بووە، کە لە بەشەکانیتری ئەو کتێبەدا ئاماژەی پێ دەکەم.

## ئایا محەمەد لە ڕاستیدا بوونی بووە؟

زۆربەی ئایین ناسان لە سەدەی ١٩ ەوە تا ئەمڕۆ گرنگایەتی بە نووسراوەکەی ابن ئیسحاق و چۆنیەتیی گەییشتنی بە ابن هیشام دەدەن. هەروەها کۆکراوەی گوتەکانی حەدیس بۆ مێژووناسان دەورێکی گرنگی بۆ وێناکردنی ژیانی محەمەد گێڕاوە و زۆربەی ناوەڕۆکی حەدیس بە ڕاست دادەنێن، ئەگەرچی زۆریەك لە گوتەکان لە ناخی خوڕافاتەوە سەرچاوە دەگرن. پسپۆریش هەن کە هیچ بەهایەکی ئەوتۆ بەو سەرچاوانە نادەن. پسپۆری ئیسلام ناس گۆڵدزهێر "Ungar Ignaz Goldziher"، لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ ەدا حەدیسی بە کتێبێکی ساختەچییانە ناساندووە کە ماوەیەکی زۆر دوای مردنی محەمەد دراوەتە دەرێ. ئیسلام ناسی ئیتالیایی بە ناوی Leone Caetani (لە دایکبووی ساڵی ١٨٦٩ لە شاری ڕۆم و مردن لە ساڵی ١٩٣٥ لە وانکۆڤێر Vancouver) ریوایەتی ئیسلامیی لەسەر پێکهاتنی مێژووی ئیسلام بە ڕاست نەزانیوە. هەروەها Regis Blachere ی فەرانسەوی(لە دایکبووی ساڵی ١٩٠٠ لە Montrouge و مردن لە ساڵی ١٩٣٥لە پاریس)، هیچ شتێکی بەکەڵك و بەڵگەداری لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا لەسەر ژیانی محەمەد نەدۆزیوەتەوە.

لە چەند سەدەی ڕابردووەوە لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەسەر ژیانی محەمەد هەنگاوێك بەرزتر هەڵدێنی و چەند لە زانایانی ئەو بوارە نەک هەر کارەکانی ابن ئیسحاق و دواتر کۆکراوەی ابن هیشام، بەڵکوو تەنانەت بوونی محەمەدیش دەخەنە ژێر پرسیار. ساڵی ١٩٧٧ دوو مێژووناس بە ناوی مایکل کۆك "Michael Cook" و پاتریتشیا کرۆنە "Patricia Crone" کتێبێکیان بە ناوی "The Making of the Islamic World" بڵاو کردەوە. لەو کتێبەدا ئەو دوو مێژووناسە لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ئایینی ئیسلام نەك لە عەرەبستان بەڵکوو لە فەلەستین پێکهاتووە. لەو کتێبەدا باس لەسەر تێزێك دەکرێ کە محەمەد مامۆستایەکی قوتابخانە بووە و کۆلکەی بنەماڵەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی برایم و ژنەکەی هاجر، کە یەخسیرێکی میسریی بووە. لە کتێبەکەی ئەو

دوو مێژووناسەدا محەمەد نە دەوری پێغەمبەری هەیە و نە کتێبی قورئانی بۆ نازڵ کراوە، بەڵکوو وەك مرۆڤێکی ئاسایی ئایینی لە فەلەستین باسی لێکراوە.

لە ئاڵمان گرووپێکی لێکۆڵێنەر( Christoph Luxenberg, Volker Popp Karl Heinz Ohling) و چەند کەسیتر، لەسەر ئەو باوەڕەن کە وشەی ئیسلام پێش سەردەمی محەمەد ناوی فیرقەیەکی عەرەبی - مەسیحی بووە کە دوای بەدەستەوە گرتنی هێز لە لایەن عەرەبەکانەوە، وەك ئایینێکی سەربەخۆ پەرەی ساندووە. ئەو کات مەسیحییە عەرەبەکان دژ بە ئیمپراتووری ساسانی لە ناوچەکە، لەگەڵ رۆمییەکان رێك کەوتبوون و دوای زەفەرهێنان بەسەر ساسانییەکان لە لایەن رۆمییەکانەوە وەك خەڵات، لە سووریا مافی سەربەخۆییان وەرگرتووە. بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی نوێ بۆ حوکمرانییەکەیان دروست بکەن، محەمەد و قورئان هەروەها ناوی ئیسلام لە لایەن حاکمانی ئەوکاتەوە دۆزراونەتەوە.

هەروەها ئیسلام ناس سڤێن کالیش "Sven Kalisch" بە چاوی رەخنەوە سەیری مەسەلەی بوونی محەمەد وەك کەسایەتییەکی مێژوویی ئەو سەردەمە دەکات، بەڵام لەو پەیوەندییەدا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی نەکردووە. مێژوو ناسی ئینگلیزی تۆم هۆلاند " Tom Holland" (لەژێر سێبەری شمشیر) و هەروەها نووسەر و پسپۆری ئایین ناسیی زانستیی ئامریکایی رۆبێرت سپینسەر "Robert Spencer" (بوونی محەمەد؟) هەردووکیان هاتوونەتە سەر ئەزموونێکی هاوچەشن.

هەموو ئەو پسپۆر و زانایانە مێتۆدێکی هاوچەشنیان بەکار هێناوە: بە گشتی سەرچاوە ئیسلامییەکانیان لەبەر چاو نەگرتووە و تەنیا پشتیان بە بەڵگەی مێژوویی وەك سکە و تەتەڵەی نووسراوی دووسەدەی دوای مردنی محەمەد بەستووە. 'بەڵگە' هێندە کەم لەسەر محەمەد و ئیسلام دۆزراونەوە، بۆئەوە نابێ باسی لەسەر بکرێ. ئەو پشکنینانە دەیسەلمێنن کە شەست ساڵ دوای مردنی محەمەد لە تەواوی ناوچەکانی حوکمرانی عەرەباندا، نە ناوی محەمەد، نە قورئان و نە وشەی ئیسلام تەنانەت بۆ جارێکیش لەسەر سکە یا تەتەڵەکان ناویان لێ نەهێنراوە. یەکەم بەڵگە بۆ ناوی محەمەد هەر وەك پێشتریش باسمان لێوە کرد، لە ئورشەلیم و لەسەر قودس لە نێوان ساڵانی ٦٩١ و ٦٩٣ لە لایەن خەلیفەی ئەمەییەکان عەبدول مالیك ەوە بووە. تەنانەت لێرەشدا

زۆربەی پسپۆڕان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ناوی محەمەد مەبەست محەمەدی عەرەبی یاخود پێغەمبەر نییە و بەڵکوو "محەمەد" نازناوێك بووە بۆ مەسیح. لە ڕاستیدا ناوی "محەمەد" بۆ عەرەبە مەسیحییەکان پێش سەردەمی ئیسلامیش ناسراو بووە. لێرەدا بەڵام "محەمەد" ناو نەبووە و وەك عنوان بەکارهێنراوە و بە مانای ستایش هاتووە. ئۆلینگ Ohling یەك لەو پسپۆڕانە دەڵێ: "خەلیفەی ئەمەویی عەبدول مالیك لەو سەردەمەدا مەسیحی بووە و مەبەستی لەو ناوەش، عیسا بووە." هەر بەو هۆیە ڕەخنەگەران لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ناوی محەمەد و قورئان نەك لە سەدەی حەوتەم بەڵکوو لە سەدەی هەشتەم و نۆهەمدا لە دیمەشق و بەغدا دروست کراون. سەرچاوە ئیسلامییەکان دەگێڕنەوە: "یەکگرتوویی عەرەبەکان لە پێشدا بەهۆی ئیسلامەوە پێکهات و دواتر بەسەر ئێرانی و رۆمییەکاندا زاڵ بوون." لە حاڵێکدا دژبەرەکانیان و ڕەخنەگران دەڵێن: "لە سەرەتاوە هێرشکاریی و گرتنی ناوچەکان دەستیپێکردووە و ئێران، عێراق، سوریە و میسر کەوتوونەتە ژێر حوکمرانیی عەرەبەکان." دواتر حوکمرانانی عەرەب ئیسلامیان لەسەر رێ و رەسمی ئایینی مەسیحی رێك و پێك کرد و بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی هاوبەش لە نێو خەڵکانی ناوچەکە و هەروەها بە فەرمیکردنی حکوومەتێکی نوێ، ناوێکی تازەیان بۆ خۆیان ساز کرد. هەنگاوی دوابیشیان لکاندنی ناوچە گیراوەکان بە ئیمپراتۆرییە عەرەبییەکەیانەوە بوو کە بۆ ئەو مەبەستە ئەمەی ییەکان بە پێکهێنانی ئایینێکی نوێ، ئیسلامیان بەو شێوەیەی ئەمڕۆ دەرهێنا، کە ئێمە دەیبینین. لەو ناوە دا خەلیفەی ئەمەی ییەکان عەبدولمەلیك رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە.

لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ خەلیفەی ئەمەوییەکان عەبدولمەلیك وەك قەیسەر کونستانتین هەڵسەنگێنرێت کە لە سەدەی چوارەمدا ئایینی مەسیحی کردە ئایینی ئیمپراتۆریی رۆمییەکان و هەم ئایینەکە و هەم ئیمپراتۆرییەکەی کردە فەرمی و مێژووی بۆ هەمیشە گۆڕی. عەبدولمەلیك مرۆڤێکی ژیر و ڕۆشنبیر بوو. بەردەوام لەگەڵ عالمانی ئایینی باس و گفت وگۆی دەکرد و مێژووی رۆمییەکان و فەیلەسۆفەکانی یۆنانی زۆر بە باشی دەناسی. ئەو بە بی شەك کارلێکەرییەکی زۆری لەسەر مێژوو نووسانی

ئیسلامیی هەبووە. جێی باوەڕە کە عەبدولمەلیك بە مەبەستی گەیشتن بە ئاواتەکانی خۆی، دەستی لە دروستکردنی مێژوو [ی ئیسلام]دا بووبێت.

ئەو پرسیارانەی لە نێوان کێشەی ئەو تێزانەدا دادەڕێژرێن، نەک هەرجێی خۆیانە و شیاوی باس لێکردنن، بەڵکوو وەك پێویستییەکی گرنگ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و پارادۆکسەکان، هەروەها بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و باشتر تێگەیشتن لە مێژوو، دەبێ کەڵکیان لێ وەربگیرێ. ڕاست ئەو پرسیارانەی کریستۆڤ لوکزینبرگ "Christoph Luxenburg" لەسەر پێکهاتنی مێژووی قورئان دەیانکات، بۆ لێکۆڵەرانی ئیسلام گرنگایەتییەکی مەزنیان هەیە، چونکە بە ڕوونی، ئایینی مەسیحی وەك سەرچاوەی سەرەکی قورئان نیشان دەدا.

سەرەڕای ئەوانەش من خۆم هەر بەو شێوەیەی لە هەنبەر باوەڕ بە سەرچاوە ئیسلامییەکان لەسەر پێکهاتنی ئیسلامیش بۆچوون و ڕەخنەم هەیە، بە چاوی ڕەخنەوە سەیری تێزی دروستکردن و دۆزینەوەی کەسایەتیی محەمەد لە مێژووشدا دەکەم.

لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانەوە، هەر وەك گێڕاوەکانی ئیسلامی کە پلانێکی خودایی تەواو و کامیلیان لەسەر پێکهاتنی ئایینی ئیسلام هەیە، ئەو تێزانەی باسیان لێوە کرا وەك پیلانێك دەبینرێن. لە پێشدا ئەمەوییەکان و دوای ئەوان عەبباسییەکان چلۆن توانیویانە پێغەمبەرێك لە هیچەوە ساز بکەن و هەروەها توانیبێتیان سەرەڕای لێک جیابوونەوەی شیعە و سوننە و ئەو هەموو شەڕە ناوخۆییەی لەناو موسوڵمانانیدا بەڕێوەچوون، چەند سەدە ئەو سیستەمە حکوومەتییە بەڕێوەبەرن؟

ئەوە ڕاستە کە ژینانامەی محەمەد ١٣٠ ساڵ دوای مردنی نووسراوە، بەڵام پشت ئەستوور بووە بەو نوسراوە و گێڕاوانە کە پێشتر لە ناو خەڵکەکانی ناوچەکەدا هەبووە. هەروەها ئەوەش ڕاستە کە تەنانەت ئەو کاتیش کێشە لەسەر ئەو مەسەلەیە هەبووە، بەڵام عالمان و زانایانی ئەوکات لە هەنبەر ئەو ساختەکاریی و دەستێوەردانە مێژووییە هیچ هەوڵێکی هاوبەش و یەکگرتوویان نەکردوە. تەنانەت زۆر پێشتریش، یەکەم وەچەکانی دنیای ئیسلام لەسەر ژیانی محەمەد و چۆنیەتیی نووسینی ژینانامەکەی کێشە و موناقشەیان بووە. تاقمێک لەو کەسانە لە لایەن حوکمرانانی بەغداوە ڕاودەنران، قامچیکاری دەکران و تەنانەت لە بەندیخانە دەخران. بۆ وێنە ئەحمەد ابن

حەنبەل(٧٨٠ لە بەغدا، ٨٨٥ لە ئێبندا "Ebenda") پێکهینەری قوتابخانەی حەنبەڵییەکان.

ئەگەر مرۆڤ سەر بۆ تیئۆریی "دۆزینەوەی محەمەد" دانەوێنێ، دەبێ لەسەر ئەو بۆچوونەش بێ کە نەک هەر بیۆگرافیی محەمەد دەبوو ساز بکرێ، بەڵکوو بوونی سەدان کەس لە هۆزە عەڕەبەکان، کە لە مەیدانی شەڕدا کێبەرکێیان لەگەڵ محەمەد کردووە و لەناو چوون و لە گێڕاوەکانی ناو خەڵکاندا هاتوون و تەنانەت تا ئەمڕۆش لەسەر زاری موسوڵمانانن، هەمووی بە درۆ دەرچێ.

ژیننامەی محەمەد لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری پڕە لە حیماسە و ئەفسانە و خوڕافات، کە مرۆڤ زۆر بە ڕوونی دەتوانێ لە مێژوویان جیا بکاتەوە. دیارە بەشێکیشی بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی و ئایینی لێ زیاد کراوە و یاخود لێی قرتێنراوە. بەڵام وێدەچێ بەشێکیش لەو ریوایەتانە لە ناخی مێژووەوە هەڵقوڵابێ. بەتایبەت ئەو بەشانەی دژایەتیی و پارادۆکس لە تئیۆری ئایینەکەدا پێك دێنن، نەک هەر لەگەڵ زانست و تێگەیشتنی ئەمڕۆی ئێمەدا ناگۆنجێن، بەڵکوو تەنانەت بۆ سەدەی حەوت و هەشتەمیش زۆر نامۆ بوون. بۆ وێنە: محەمەد خۆی ئەو کاتەی 'وەحی' ی پێ کراوە، پێیوابووە ئەو قسانەی لە لایەن شەیتانەوە پێی گەیشتووە و تەنانەت بەو هۆیەوە ویستوویە خۆی بکووژێت. تەنیا دوای ئەوەی کە خەدیجەی ژنی پێی گوتووە "تۆ شێت نی و لە لایەن خوداوە بە پێغەمبەری هەڵبژێردراوی"، قانع بووە. دڵنیام ئەو بەسەرهاتە نە خزمەت بە محەمەد دەکا و نە بەسەرهەڵداکوتنە و نە ورەی شەڕکەرەکانی پێ بەهێز دەکات. هەروەها ریوایەتی پەیوەندیی سەیر و سەمەرەی محەمەد لەگەڵ ژنەکانی (لەگەڵ ١٣ ژن زەماوەندی کردووە، و هاوکات ٩ ژنی لەماڵێکدا بووە، ئەگەرچی لە قورئاندا تەنیا ئیزنی چوار ژن بە موسوڵمانان دراوە)، نیشان دەدات کە محەمەد هێزی ئەوەی نەبووە تەنانەت کۆنترۆلی ماڵەکەی خۆی بکات، لە خزمەت مێژوو و ژیاننامەکەی ئەودا نییە. هەروەها ناچارکردنی [زڕ] کوڕی خۆی بە جیابوونەوە لە ژنەکەی و زەماوەندی خۆی لەگەڵ ئەو ژنە و تەنانەت بۆ قانعکردنی زڕکوڕەکەی دۆزینەوەی سووڕە و باسکردنی لە قوڕئاندا، ناتوانێ شتێکی خەیاڵی بێ و دەبێ لە ڕاستیدا رووی دابێ. من خۆم ئەو ریوایەتانە کە باس لە لاوازبوونی کەسایەتیی محەمەد لە ژیانیدا دەکەن، بە ڕاست

دەزانم. هەروەها ریوایەتی "ئایاتی شەیتانی" کە محەمەد خۆی باسیان لێوە دەکات و دەبێ لە شەیتانەوە پێی گەیشتبێتن، و ئەویش وەك گوتەی ئیلاهی بە لایەنگرەکانی دابێت، هیچ مەبەستێکی ئەرێی سیاسی و ئایینی لە پشت نیە و دەبێ لەڕاستیدا بەڕێوە چووبن.

ئەو کارانەی محەمەد دەبێ وەك دڕوو بە چاوی یەکەم وەچەکانی ئایینیدا رۆچووبێ و وێدەچێ هێندەیان پێ عەیب بووبێ کە ابن هیشام ناچار بە گۆڕینی دەقی سەرەکی ژیننامەکەی ابن ئیسحاق دەکا و هەموو ئەو گێڕاوانە و بەتایبەت "ئایاتی شەیتانی" لێ دەردێنێ. هەروەها مردنی محەمەدیش وێناچێ لە درۆ بچێ و سازکرابێ. ئەو خۆی ئارەزووی ئەوە بوو لە مەیدانی شەڕدا شەهید ببێ. کەچی بە نۆبەتێ مرد و هەروەك پێشتریش باسمان لێوە کرد دەبێ دەرمانخۆر کرابێ. وەك دەبینین محەمەد لە گێڕانەوەکاندا وەك مەسیح زیندوو نەبۆتەوە!

هەر کەس قورئان بە شێوەی کرۆنۆلۆگی بخوێنێتەوە، خاڵێکی ناوەندیی تێدا دەدۆزێتەوە کە تەنیا لەسەر کەسێك دەدوێ. ئەوەی کە ئەو کەسە ناوی محەمەد نەبووبێ و یاخود دواتر ئەو ناوەی بۆ دۆزرابێتەوە، جێی باوەڕ هەیە. ئەو کات باو بووە لە پەنا ناوی سەرەکی مرۆڤ، لە نازناویش کەڵك وەرگیراوە. لەسەر مێژووی ناوی محەمەد چەندین ساڵ دوای مردنی، کە لە سکە و تەتەڵە"کەتیبە"کاندا ناوی نەهاتووە، دەتوانم ئەو ئارگۆمەنتانە بێنمەوە:

یەکەم، نەبوونی بەڵگە بۆ سەلماندنی بوونی کەسێك، بەڵگە نییە بۆ نەبوونی.
دووهەم، نەتەوەی عەرەب تا سەردەمی نووسینی قورئان بە شێوەی کتێب، نەتەوەیەکی کتێبی نەبوون و تەنیا بە شێوەی گێڕانەوە زانیاریی، خوڕافات، چیرۆك و ڕیوایەتەکانیان بۆ وەچەکانی داهاتوو ڕاگوێستۆتەوە. هۆیەکەشی ئەوە بووە کە لە سەردەمی محەمەد دا زمانی عەرەبی تەنیا ١٥ پیتی هەبووە و ئەویش بە بێ دەستووری زمان، بێ خاڵ و بێ بەیانی سەوتی. چەند سەدە دواتر زمانی عەرەبی بوو بە زمانی ئیداری و ئەدەبی.
سێهەم، سەرکەوتنی نیزامی عەرەب زۆر گورج پێکهات:

یەکەمین سەدەکان بە شەڕ و سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕەکانەوە خەریك بوون. حاکمانی نوێی ناوچەکان نیزیکیان لەو هێزانە دەکرد کە لەگەڵ ڕۆمییەکان نە دەسازان. تەنانەت هۆزە عەرەبە مەسیحییەکان کە پێشتر بۆ ساسانییەکان یا ڕۆمییەکان شەڕیان دەکرد، هاتنە ڕیزی عەرەبەکانی دژ بە هێزە کۆنە ڕووخاوە جیهانییەکان. بە بێ بوونی ئەو هێزە مەسیحییانە سەرکەوتوویی ئاوا بە پەلەی شەڕەکان بۆ وێنە شەڕی ڤۆنیکس "Phönix" لە ساڵی ٦٥١ بۆعەرەبەکان نامومکین دەبوو.

کەوابوو دوور نییە حاکمانی ئەمەی یی لە سەرەتاوە بیریان لە ئایینی ئیسلامی نوێی نەکردبێتەوە، و بۆ دۆزینەوەی لایەنگر و کێشانی مەسیحییەکانی ناوچە بۆ لای خۆیان، گرنگایەتی زیاتریان بە گوتەکانی مووسی و عیسا و ئایینی مەسیحی دابێ. هەر وەك لە سەرچاوە ئیسلامییەکانیشدا هاتووە، ئەمەی یەکان لە هەوەڵەوە دوژمنی سەرەکیی هۆزی هاشمییەکان و محەمەد بوون و زۆر درەنگتر بوونەتە هاوڕێی محەمەد، واتە ئەوکاتەی سەرکەوتوو بووە. دیارە نەك وەك باوەڕی ڕاستەقینە بە محەمەد بەڵکوو بارودۆخی سیاسی و بەرژەوەندییان وادار بەو کارەی کردوون.

کاتێ موتۆڕی سیاسیی ئەمەی ییەکان وەکار کەوت، داوای پێتەختیی لە شاری دەمیشقیان کرد. هەروەها لە یەکەم پلەدا خۆیان بە میراتگەری ئیمپراتۆریی ڕۆمییەکان دادەنا، نەك بە دامەزرێنەری ئیسلام. من لەسەر ئەو بۆچوونەم، یەکەمین خەلیفەی ئەمەی ییەکان واتە معاویەی یەکەم، بە شێوەیەك لە شێوەکان لە دوو ڕۆڵدا یاریی کردووە: لە لایەکەوە بۆ مریدە موسوڵمانەکانیان لە مەککە و مەدینە خۆی وەك سەرکردە نیشان دەدا، و لەولاشەوە بۆ مەسیحییەکانی سووریە کە ئەوکات زۆرینەی ئایینیان پێکهێنابوو، بەردی لایەنگری لە مەسیحی لە سنگی خۆی دەدا و لەوێش حکوومەتی دەکرد. ئەو لە سووریە نەتەنیا نیشانەکانی ئایینی مەسیحیی وەك سککە و تەتەڵەی... پارێزگاریی دەکرد، بەڵکوو خۆشی وەك نیشانە و پرجۆیەکی مەسیحی نیشان دەدا. هەر بەو هۆیەش چەند لە پسپۆرە مەسیحییەکان ئەمەی ییەکان بە مەسیحی دا دەنێن. سککەکان لە ناوچە عەرەبییەکان لە سەرەتای سەدەی حەوتەم واتە دوای محەمەد بەڵام پێش ئەمەی ییەکان، نیشان دەدەن کە خاچی سەر سککەکان لێکرابنەوە و بە پێی ناوچە جیاوازییان هەبووە، بۆ وێنە عەرەبی ناوچە فارس و ئێرانییەکان لە

هەوەڵەوە لە سککە کۆنەکان بە نیشانەی ئایینی زەردوشت کەڵکیان وەردەگرت. دواتر خەلیفە عەبدولمەلیك بۆ یەکگرتوویی وڵاتە موسوڵمانەکان و دروستکردنی کولتووری ئایینی یەکدەست ئەو کارانەی بە گرینگ زانی و تەنانەت بۆ بە عەڕەبکردنی کۆمەڵگاکان هەوڵی نووسینی بە زمانی عەڕەبی دا. لە ماوەی حکوومەتەکەیدا بارودۆخی سیاسی و ئابووری ئەمەی ییەکان زۆر باشتر و قایم تر ببوو. لە سەردەمی ئەودا زمانی عەڕەبی بوو بە زمانی فەرمیی ئیداری و ئایینی ئیسلام و وەك ئایینێکی سەربەخۆ خۆی لە ئایینی یەهوودی و مەسیحیەکان جیا کردەوە.

حکوومڕانیی ئەمەی ییەکان و دواتریش عەبباسییەکان لە نووسینی مێژووی ناوچەکە بە ڕاشکاویی گۆڕانکارییەکی بەرچاویان پێکهێنا. دیارە زۆربەی ئەو گۆڕانکارییانە بۆ بەرژەوەندیی حکوومەتەکەی خۆیان بووە و یەك لەوان کتێبی حەدیس کە بە ڕاشکاوی و بە تایبەتی بەسەر بەڕن و باڵای ئەمەی ییەکان دا هەڵدەڵێ. لە کۆکراوەکانی ساحیح موسلیم "*Sahih Muslim*"دا بەشێکی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ ئازایی ئەبوو سوفییان، باوکی یەکەمین خەلیفەی ئیسلامی واتە معاویە. بیۆگرافییەکەی ئەبوو ئیسحاق بە پێچەوانە لەسەر ئەمەی ییەکان و بەتایبەت ئەبوو سوفیان، زۆر باش نەدواوە. دوور نییە لە سەردەمی ئەمەی ییەکاندا نووسراوەکانی قورئانیشیان گۆڕیبێ. ئەو شتە ڕوونە کە قایم مەقامی بەغدا لە کۆتایی سەدەی حەوتەمدا چەند لە دەقە جۆراوجۆرەکانی قورئانی سووتاند و تەنیا دەقێکیانی بە فەرمی بە دنیای ئیسلام ناساند.

چەند لە پسپۆرانی ئیسلام شوناس وەك موهاناد خورشیدە کە لە شاری مونسێری ئاڵمان دەژی، ئەو تێزە ڕەد ناکاتەوە کە گێڕاوەکان لەسەر محەمەد دواتر لە لایەن ئەمەی ییەکان و عەبباسییەکانەوە دۆزراونەتەوە. خورشیدە لەسەر ئەو باوەڕەیە، ئیسلام وەك پەیامێکی ئاشتی لە دایك بووە، دواتر لە سەردەمی ئەمەی ییەکان و عەبباسییەکاندا بۆ داسەپاندنی هێز و سەلماندنی مەبەستە ئیمپریالیستییەکانیان، ئەو ئایینەیان کردووە بە ئایینی شمشیر. من بە پێچەوانە لەسەر ئەو بۆچوونەم ئیسلام بەهۆی ئەمەی ییەکان نەبووە بە شەڕخواز بەڵکوو هەر لە سەرتاوە وەحشی و شەڕخواز بووە و دواتر لە لایەن ئەمەی ییەکان و عەبباسیەکانەوە شێوەی شارستانیەتی گرتووە. پەیامەکەی محەمەد لە مەککە سەرنەکەوت چونکە بە بێ شەڕ و قڕە بوو. دواتر تەنیا بە زۆرەملی و لە ژێر سێبەری شمشیر پەیامەکەی بەسەر خەڵکیدا سەپاند.

لەگەڵ یەکەمین شەڕ کە محمەد دژ بە خەڵکانی مەککە بەڕێوەی برد، خەلاتی پاندۆرا[٤٧] ی کردەوە. کاتێك لە یەکەمین شەڕەکانیدا سەرکەوتوویی بەسەر هێنا، دژبەرانی بۆ یەکەم جار سرنج و رێزیان بۆلای محەمەد ڕاکێشرا. هەر شەڕێکی نوێ، شەڕێکیتری بەدوادا دەهات و خوازیاری و تینوویی محەمەد بۆ وەدەستهێنانی پلەو پایە، بە بردنەوەی هەر شەڕێك، لایەنگری زیاتری بۆی بە دیاری دێنا. لە کۆتاییدا ژمارەی شەڕەکانی کە محەمەد لە ماوەی هەشت ساڵدا بەڕێوەی بردن، گەیشتن بە هەشتا. بە واتەیەکیتر هەر مانگەی شەڕێکی نوێی بەڕێوە برد. بەدوای هەر کام لە شەڕەکانیدا هەڵا و کێشە لە نێوان لایەنگرەکانیدا لەسەر بەشکردنی کەل و پەل و دارایی هۆزە دۆڕاوەکان لە شەڕدا و هەروەها چۆنیەتیی ئامادەکاری بۆ شەڕی نوێ، پێکدەهات. ئەدی کەنگێ دەبێ محەمەد کاتی بووبێ پێویستییەکانی کۆمەڵگایەکی ئارام و پڕ لە ئاشتی پێك بێنێ؟

تەنیا بەهۆی ئەمەی ییەکان و عەبباسییەکان کە ناوەندی کولتوریان لە بەغدا و دەمیشق و شارەکانیتر پێکهێنا، توانیان بارودۆخێکی شارستانیی بە ناوچەکە بدەن. لەو ناوچانە کولتورێکی زانستیی پێکهات کە لە مەککە و مەدینە هەرگیز پێك نەدەهات. هەروەها لەو ناوچە چەند قەومیی و ئایینیە نوێیەدا توانرا ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی شارستانیی ناچار بە هەڵس و کەوت لەگەڵ ئایینەکانیتر بکرێ. بەهۆی یارمەتیی مەسیحی، یەهودی و ئێرانییەکان لە عێراق توانی ئایینی ئیسلام پەرە بستێنێ و تا رادەیەك هێمنیی و تۆلەرانسی لە هەنبەر ئایینیەکان و بۆچوونەکانیتر هەبێ.

قورئان و محەمەد دۆزینەوەی ئەمەی ییەکان و عەبباسییەکان نەبوون، بەڵکوو ئەوان پێکهێنەری ئیلاهیاتی ئیسلامی بوون. ئەو دۆزینەوەیەی ئەوان بۆ کونترۆڵی ئیمپراتۆرییەکی وەك ئەوکاتی ئیسلام کە زۆر لە کاتێکی گورج دا گەورە ببۆوە، گەلێك پێویست بوو. لە لایەکیشەوە ئەو ئیلاهیاتە هیچکات نەیدەتوانی سەرکەوتوو بێ، ئەگەر بنەمایەکی ڕاستیی و بیر و باوەڕێکی گشتیی ئیسلامی لە پشتی نەبایە.

[٤٧] پاندۆرا خورافاتێکی یوونانی کۆنە کە دەڵێن: مرۆڤ کاتی زەماوەند دیارییەکی سەربەستراوی پێ گەیشتووە کە ئیزنی کردنەوەی بە هیچ شێوەیەك نەبووە. ئەگەرکو بیکردایەتەوە، بەدبەختی وماڵوێرانی بەسەردا دادەباریی.

من پێموایە سێ محەمەد بوونیان بووە:

یەکەمیان ناوکی مێژوویی ئیسلام پێکدێنێ. ئەو محەمەدە، بازرگان و واعیز بووە کە لە نێوان نیمچە دورگەی عەرەبستان و سوریە لە هات و چۆدا بووە و بەهۆی زانیاریی لەسەر کولتوور و ئایینەکانیتر، کتێبی قورئانی پێکهێناوە. ئەو توانی چەند لە هۆزە عەرەبەکان یەکبخات و پێش ئەوەی ئارەزووەکەی واتە "پێکهاتنی دنیایەکی یەکگرتووی عەرەبی"، بێتە دی، دەمرێ. وێناکردن و پێکهاتنی ئایینێکی نوێ لە سووریەوە بۆ نیمچە دورگەی عەرەبستان شتێکی لۆژیکیی نییە. چونکە بەتایبەت نەتەوی حیجاز لە عەرەبستان کە ناودار بوون بە جیهالەت، تەنیا بەهۆی بوونی پێغەمبەر و کتێبێکی ناوخۆیی دەیانتوانی یەکبگرن. ئەو هۆزانە تەنیا لەگەڵ ڕیوایەت و گێڕانەوە و خوڕافاتی پێشینیانیان ژیانیان دەکرد و زۆر لەخۆباییانە شانازیان پێوە دەکردن. هێندە لەخۆبایی بوون، ئایینێکی دۆزراوە لە وڵاتێکی بێگانەیان بە هێرش بەسەر خۆیان حیساب دەکرد. ئەوان فیگۆرێکی وەك محەمەدیان کاتێك دەسەلماند، کە تەنیا و لەڕاستیدا لەناو خۆیاندا ژیانی کردبێ و مێژوویان یەك بووبێ.

دووهەمین محەمەد قارەمانێکی مێژووییە کە وەك خوڕافات لە لایەن مرۆڤە چیرۆککگێرەکانەوە دۆزراوەتەوە. ئەو ڕیوایەتە ئەفسانەییانەی لەسەر ئەو دەگێڕدرێتەوە، ئەزموونی کێشەکانی سەدەی حەوت و هەشتە کە بەتایبەت لە سووریە و عێراق بەڕێوەچوون.

محەمەدی سێهەمیش ئەو کەسەیە کە لە تەواوی بیۆگرافییەکاندا بێدەنگی لێ کراوە. محەمەدی سێهەم پێغەمبەرێکە لە ڕوانگەی ڕەخنەگەران و دژبەرانی کاتیی خۆیەوە. ئەو محەمەدە بە ڕاشکاوی کاسایەتییەکی لاوازتر و کێشەی ناسنامەی پتری لەگەڵ ئەو بیۆگرافییانە هەیە کە نووسەرانی لەسەریان نووسیوە. کێشەی سڵامەتیی و رەوانی و هەروەها دوو دڵی و ڕوون نەبوون و ناشەفافی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کۆلکەی بنەماڵەکەی، بوونەتە هۆکارێك بۆ پێکهاتنی نەخۆشیی و تووڕەیی و هەڵس و کەوتی شەڕخوازانەی ئەو. هەم لە قورئان و هەم لە بیۆگرافییەکانیدا زانیاریی بە ئەندازەی کافی بۆ لاواز بوونی کەسایەتیی و کێشەکانی تێدایە کە پلەکانی ژیانی لێ تاڵ کردووە. لەسەر زۆربەی کێشەکانیشی لەو کتێبانددا بێدەنگی لێکراوە و باسی لێنەکراوە. بەتایبەت

زانیاریی لەسەر نیزیکی محەمەد لە پیاوە رۆحانیە مەسیحییەکان و هەروەها زانیاریی لەسەر ئایینی یەکەمین ژنی واتە خەدیجە، بە ڕاشکاوی بێدەنگی لێکراوە و باسی لەسەر نەکراوە. ئەو کارە بۆتە هۆی بۆشایی و دژوپێچەوانەکردنی بیۆگرافی محەمەد کە بێ شەك جێ بۆ باس و لێکۆڵینەوە دەهێڵێتەوە.

کاری من وەك لێکۆلێنەر ئەوەیە لە بیۆگرافییەکانی ابن ئیسحاق، ابن سەعد، ال بالادهیری و کرۆنۆلۆگی ال تەبەری هەروەها لە کۆکراوەکانی ال بوخاریی و موسلیمدا بەدوای نووسراوە باوەڕپێکراوەکان لەسەر محەمەد بگەرێم کە ئەو هەستە لە مرۆڤدا پێک نەهێنن بۆ بەرژەوەندیی ئایینی یاخود سیاسی دەستکاری کرابن یاخود دۆزرابێتنەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوانە سووڕەکانی قورئان نەك بە تەرتیبی چۆنیەتیی ڕووداوەکانی ناو قورئان، بەڵکوو بە پێی نازڵبوونی کاتیان دەبێ بخوێندرێنەوە. خوێندنەوەی قورئان بە شێوەی کرۆنۆلۆگی ڕوانگەیەکی سرنجڕاکێش لەسەر بیرکردنەوە و هەڵس و کەوتی محەمەد بە خوێنەر دەدا، ئەگەرچی ناوی محەمەد تەنیا چوار جار لە قورئاندا هاتووە.

لە هەنگاوێکیتردا گێڕاوەکانی ناو بیۆگرافییەکان لەگەڵ هەڵس و کەوتی محەمەد لە سووڕەکانی قورئاندا هەڵدەسەنگێنم. لە قورئاندا ڕیوایەتی پەیوەندیدار لەسەر ژیانی محەمەد زۆر کەمن بەڵام سووڕەکان ئاوێنەیەکن بۆ ترس، هیوا و ئارەزوو، ناهومێدیی، سەرکەوتوویی و دۆڕاندن لە شەڕەکانیدا. بەو هۆیانە قورئان بۆ من، کە پێشتریش باسم لێوەکردووە، وەك بیۆگرافییەکی رۆح و رەوانییە بۆ محەمەد. لەوێدا مرۆڤ هەست بە بەرزی و نەزمی، چۆنیەتی هەڵس و کەوت و بەهێزیی و لاوازی محەمەد دەکات. لێکۆڵینەوە و ئانالیزەکردنەکەی من نە تەنیا ئەو شتانەی لەناو قورئان و بیۆگڕافییەکانیدان دەگرنەوە، بەڵکوو ئەو نووسراوانەش دەگرنە بەر کە لەسەری نەدواون و یاخود بێدەنگیان لێ کراوە.

## محەمەد و ئیسماعیل، "چیرۆکی کێشەی کەسایەتی"

### زەواج کردن یان نەکردنی دایک و بابی محەمەد

ڕەنگە بۆ کەسانێك محەمەد وەك کەسایەتییەکی مێژوویی بوونی نەبووبێ، بەڵام بۆ تاقمێک نەک هەر محەمەد بوونی بووە، بەڵکوو کۆلکەی بنەماڵەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ ٤٠ وەچە پێش خۆی. بەتایبەت عەبباسییەکان, دیارە هەر وەك باسمان لێوەکرد بۆ پێویستیی بە فەرمیکردنی حکوومەتەکەی خۆیان, لەسەر نووسین و دیاریکردنی کۆلکەی بنەمەڵەکەی زۆر سوور بوون و بوونە هۆی پێکهاتنی ژیننامەی محەمەد.

هەموو بیۆگرافنووسە کلاسیکەکان محەمەدیان بە هۆزی هاشمییەوە لکاندووە کە ئەوانیش خۆیان لە هۆزی قوڕەیشی شاری مەککە هاتوونەتە ئەژمار. ژیننامەکەی ابن ئیسحاق کۆلکەی بنەماڵەی محەمەد بە باوکی ئاینی یەهوودی و مەسیحی واتە ئیبراهیم و تەنانەت ئادەمیشەوە دەلکێنێت. لە ئایینی مەسیحیشدا بە شێوەیەکی هاوچەشن کۆلکەی بنەماڵەی مەسیح دەگەڕێننەوە سەر ئیبراهیم. ڕەنگە بەو شێوەیە ویستوویانە بیسەلمێنن کە داب ونەریتی ئایینی ئیسلام لەگەڵ ئایینە ئیبراهیمییەکانی تر سەرچاوەیەکی وەك یەکیان هەیە. بەو هۆیەی جیا لە گێڕاوەکانی ناو کتێبی تەورات هیچ بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی بوونی ئیبراهیم نییە، وێدەچێ بە هیچ شێوەیەك نەکرێ ئەو پەیوەندییە ڕوونبکرێتەوە.

لە نووسراوە ئاشوورییەکاندا کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین، هاتووە: هۆزێك بە ناوی ئیسماعیلییەکان لە ناوچە پڕ پیت و بەرەکەتەکانی سینا ژیاون. بەڵام هیچ بەڵگەیەك نیە بۆ پەیوەندیی نێوان هۆزی قوڕەیش و ئیسماعیلییەکان. هۆزی قوڕەیش تا سەدی چواری دوای مەسیحیش لە ناوچەکانی یەمەنی ئەوڕۆیی ژیاون و نە پەیوەندییان بە باکووری عەڕەبستانەوە بووە و نە بە ناوچەی سینا.[٤٨] ئەوان لە

---

[٤٨] Ali, Gawad: Al-Mufassal, ٥:٣١٩

سەدەی پێنجەمەوە کۆنترۆلی شاری مەککەیان بەدەستەوە گرتووە. هەروەها ناکرێ بسەلمێنرێت کە هۆزی ئیسماعیلییەکان لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم وا لە ئینجیلدا ناوی هاتووە، پەیوەندیی هەبووبێ. سەرەڕای ئەوانەش ئەو کاتەی هۆزی قورەیش وەك کۆچبەر هاتوونەتە شاری مەککە، هیچ ئاسەوار و ناوێك لە هۆزی ئیسماعلییەکان لەو ناوچەیە بەجێ نەمابوو. لە قورئان و ژیننامەی محەمەد [سيرة النبى] و حەدیسدا هاتووە کە شاری مەککە لە لایەن ئیسماعیلەوە ساز کراوە.

لێرەدا نەک هەر شك و نا شەفافی لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی محەمەد و ئیبراهیم دا دەبینرێ، بەڵکوو پەیوەندیی نێوان محەمەد و هۆزی قورەیشیش بە هۆی سەرچاوە ئیسلامییەکانەوە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. لە چەند ژیننامەی محەمەددا دەگێڕنەوە کە پەیوەندیی ئەو و هۆزی قورەیش لە لایەن خەڵکانی مەککەوە ڕەد کراوەتەوە و وێدەچێ محەمەد زۆر بە هاسانی نەیتوانیوە خۆی لەو پارادۆکسە لابدات. ئەو لە کۆمەڵگایەکدا گەورە بووە کە بایەخێکی زۆر بە ماقووڵبوونی هۆزەکان و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئەندامانی بنەماڵەکان دەدرا. شك کردن لە کەسایەتیی محەمەد و پەیوەندیی ناشەفافی لەگەڵ هۆزەکەی، بە شێوەیەکی زۆر جیددی محەمەدی بەخۆوە خەریك کردووە و وێدەچێ ئەو مەسەلەیە بە ڕادەیەکی زۆر ئازاری دابێ.

ئەو کاتەی قاوی بۆ ئایینەکەی داوە، جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە خزمایەتیی خوێنی و هەروەها کۆلکەی بنەماڵەیی ڕۆڵێکی ئەوتۆ بۆ بایەخی مرۆڤ لە ئەژمار نایەن و بۆ ئیمان هێنان بە ئایینی ئیسلام تەنیا باوەڕ و ترس لە خودا بڕیار دەرە. ئەو گوتەیە خۆی لە خۆیدا دژایەتیی و پارادۆکسێکی ڕوون و ئاشکرا لەگەڵ داب و نەریتی ئەوکات بووە. تەنانەت لە حەدیس دا دەبی گوتبێتی کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان نەتەوەی عەڕەب و نەتەوەکانیتردا نییە. ماوەیەك دواتر بە ڕاشکاوی لەسەر بۆچوونەکەی لا دەدا و بە شانازییەوە جەخت لەسەر نەتەوەی عەڕەب و پێشینیان و بنەمەڵەکەی دەکات. تەنانەت سووڕەیەکی تایبەت بە هۆزی قورەیش لە قورئاندا دەنووسێ. لە حەدیسدا هۆزی قورەیش بە [خوێ]ی عەڕەب نێو دەبا. مرۆڤ وەبیر گوتەی مەسیح دێنێتەوە کە لایەنگرەکانی وەک "[خوێ]ی زەوی" ناو ناون.

هەڵگەڕانەوەی محەمەد لە بۆچوونەکەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ نەتوانینی خۆ سەلماندنی لە کۆمەڵگادا بووە. ١٣ ساڵی ڕەبەق بە بێ پسانەوە هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئایینەکەی دا و نەتەنیا نەیتوانی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەڵکوو بە پێچەوانە لە شارەکەی خۆی واتە مەککە و لە لایەن خەڵکیی و هۆزەکەی خۆیەوە کەوتە ژێر پەلامار و سووکایەتی پێکردنێکی زۆر و تەنانەت خزمە نیزیکەکانیشی محەمەدیان بە درۆزن، لاسار و تاوانکار نێو دەبرد. بە پێی گێڕاوەکانی حەدیس لە لایەن ئەلترمەزی"al-Tirmidhi" ەوە، عەبباسی مامی محەمەد  بە محەمەدی گوتووە: "هۆزی قوڕەیش کۆبوونەتەوە و شانازییان بە بنەماڵەکەی خۆیانەوە کردووە. بەڵام بۆچوونیان لەسەر تۆ ئەوەیە["تۆ وەك دارێکی بەتەنیای کە لە چڵکاودا گەورە بووبی]".[٤٩] بە پێی داب و نەریتی کۆنی نەتەوەی عەڕەب دەبێ ڕابردوو و ژیانی محەمەد  سەرشێتانە، نا ئاسایی، جێی پرسیار، و هەروەها پیس و چەپەڵ بووبێ.

محەمەد لە ناو هۆزەکەیدا پرسیارێك بووە، دارێکی بەتەنیا بووە لە ناو لێرەوارێکدا. لەگەڵ ئەندامەکانی تری ناو کۆمەڵگادا جیاوازییەکی بەرچاوی هەبووە. هەتیوێکی بە تەنیا کە بێ دایك و باب، و خوشك و برا لەگەڵ بنەماڵەیەکی قەرەچی بێگانەدا گەورە بووە. ئەگەریش کوڕی یەك لە بنەماڵەکانی قوڕەیش بووبێ، بە ئەرخەیانییەوە کەسایەتییەك نەبووە کە خزمەکانی شانازیان پێوە کردبێ.

لە کۆکراوەکانی حەدیس لە لایەن 'ئەحمەد ئیبن حەنبەڵ' دا هاتووە: "ئەو هەواڵانەی خەڵکی لەسەر پێغەمبەریان دەگێڕاوە، بە گوێی دەگەیشتنەوە. دەچووە سەر منبەر و لە لایەنگرەکانی پرسیار دەکرد: من کێم؟ لایەنگرەکانی وەڵامیان دەداوە: تۆ پێغەمبەری خودای. محەمەد لە وەڵامدا دەیگوت: من محەمەدم، کوڕی عەبدوڵا، کوڕی عەبدولموتەلیب. کاتێك خودا مرۆڤی خوڵقاند منی وەك باشترینی ئەوان خوڵقاند. خودا مرۆڤی بەسەر دوو دەستەدا دابەش کردووە و منی خستۆتە ناو دەستە باشەکەوە. دواتر خودا بنەماڵەی لە نەتەوەکاندا  خوڵقاند و منی خستە ناو باشترین بنەماڵەوە. هەر بەو هۆیە من لە هەموو ئێوە ماقووڵترو کامیلترم".[٥٠]

---

[٤٩] Al-tirmidhi: Sunan al-Tirmidhi, Band ٥, S. ٥٨٤; Hadith Nr. ٣٦٠٧

[٥٠] Ibn Hanbal: Al-musnad, Hadith Nr. ١٧٨٨, S. ٣٩٦f.

ئەو ڕاستییە کە محەمەد پێویستیی بەوە بووە لەناو کۆمەڵێك خەڵکیدا پرسیار بکات، من کێم؟ یا جەخت لەسەر ئەوە بکات کە من باشترینم! دەبێ هۆی خۆی بووبی و هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ژیانی پێشووی. هەروەها کاتێك لەناو خەڵکیدا باس لەسەر پەیوەندیی ئەو لەگەڵ بنەماڵەکەی بە شێوەی نەرێیی کراوە یاخود لە پشتە سەری قسە و باس کراوە و هەروەها نەسەلماندن و وەرنەگرتنی محەمەد بۆ ماوەیەکی زۆر لە لایەن خەڵکییەوە، دەبێ زۆری ئازار دابێ و بەردەوام هەوڵی سەرڕاستکردنەوە و خۆ سەلماندنی لەناو خەڵکیدا دابێت. لە دەقێکیتری حەدیسدا بە ناوی کتاب ال - تیوریات "*kitab al-tiyuriyat*" هاتووە: کاتێ محەمەد ناوی پێشینیانی خۆی بەدوای یەکدا هێناوەتەوە، گوتوویەتی: "من لەڕێگەی هاوسەریی و لە ناو خێزاندا لە دایك بووم، نەك بەهۆی زیناحەوە." هەروەها جەختی لەسەر پاکبوونی خوێنی لە ئادەمەوە هەتا ئەو کاتەی لە دایك بووە، کردوە.[٥١] بەسەر ئەوانەشدا ژمارێکی زۆر حەدیس هەن کە محەمەد لەواندا ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو بە هیچ چەشنێك بەهۆی زیناح پێک نەهاتووە. ئەو چەشن گوتانەی حەدیس لە دەقێکیتردا بە ناوی "*subulu-l huda war-rashad*" لیستە کراون.[٥٢] هەروەها لە گێڕانەوەی دەقی ابن ساعد "Ibn Saa'ad"یشدا محەمەد جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بەهۆی خێزانێکی فەرمییەوە هاتۆتە سەر دنیا.[٥٣] لە دەقی ئەلسیرة ئەلحەلەبییە "*al-Sira al-Halabiyah*"دا نەتەنیا ئەو گوتانەی حەدیس لیستە کراون، بەڵکوو لێرەدا دەگوترێ کە پێنج سەد پشتی دایکەگەورەی محەمەد، جگە لە پەیوەندیی ئاسایی خێزان، بە هیچ شێوەیەکیتر سێکسیان لەگەڵ پیاوێکی بێگانە نەبووە.[٥٤]

ئەو ڕاستییە کە محەمەد بە شێوەی چەند پاتە و زێدەڕۆیی بەسەر بنەماڵەکەیدا هەڵکوتووە، نیشان دەدا کە چۆنیەتیی لە دایکبوونی کەوتۆتە ژێر پرسیار و بەوهۆیەوە زۆر لای گرنگ بووە کە بە شێوەیەك مەسەلەکە ڕوون بکاتەوە. ژیننامە نووسەکان

---

[٥١] Al-Salafi: Kitab al-Tiyuriyat, Hadith Nr. ٧٣

[٥٢] Al-Salihi: Subulu-l huda war-rashad, S. ٢٧٧f.

[٥٣] Ibn Saa'd: Tabaqat, ١:٤٢

[٥٤] al-Halabi: Al-Sira al-Halabiyah S. ٤٧; al-Baladhiri ١/٩١; auch in: Ibn al-Kalbi, Hischam: Jamharat an-nasab, ١/١٩

هەوڵیان داوە محەمەد جارێك وەك مرۆڤێکی ئەستەم و کەم جیکەڵدانە نیشان بدەن و جارێکیش وەك کەسایەتییەکی ماقووڵی هۆزی قورەیش. جاری وایە قسەی دژ بە داب ونەریتی ئەوکاتی مەککەی لێ بڵاو دەکرێتەوە و جاری واشە زنجیرە هەوڵێکی لۆجیکی لە پێناو پەرەسەندنی بنەماڵەکەی دراوە و وەك بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتووی کاروانچییەکان باسی لێکراوە. بێگانەبوون و نیزیکیی لەگەڵ هۆزی قورەیش کلیلی کارەکان و کەسایەتیی محەمەدن. هەم لە قورئان و هەم لە حەدیسدا جاری وایە محەمەد بەشێوەی زێدەرۆیانە بەسەر بنەماڵەی قورەیشدا هەڵدەڵێ و دواتر لە پڕێکدا وەردەسووڕێتەوە و بە تووڕەیی و شەڕەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو هۆزە دەکات. بە گشتی هەواڵەکانی پێش ئیسلام لەسەر محەمەد ئەو ئەنجامەمان دەدەنە دەست کە پێغەمبەر لەناو هۆزەکەیدا وەك مرۆڤێکی جێگەی گومان، خۆشەویست نەبووە.

هەتا زیاتر و وردتر لە نووسەرانی ژیننامەی بنەماڵەی محەمەد دەکۆڵینەوە، بەو ئەندازەیەش ناشەفافی و پارادۆکس و ناهەماهەنگیی تێدا دەدۆزینەوە. بۆ وێنە لەسەر باپیرانی بەرەی باوکیی محەمەد، قسەی دژ بەیەک و پێچەوانەیی تێدا دەبینرێ: هاشم ابن عەبدولمەناف (ڕۆژی لەدایکبوونی ڕوون نییە و دەبێ لەساڵی ٤٩٧ لە غەزە فەوتی کردبێ) وەك باوکە گەورەی هۆزی هاشمییەکان ناسراوە و چەند لە سەرچاوەکانیتر ساڵی مردنیان بە ٥١٠ نووسیوە. لە هەموو سەرچاوەکاندا لە ساڵی ٥٠٠ وەك سەرکردەیەک لە مەککە باسی لێوە کراوە و کاری بازرگانی لەگەڵ رۆمییەکان و بیزانسییەکان "Abessinien"دا کردووە. دەگێڕدرێتەوە کە لە مەککە بەو هۆیەی لە سەر ڕێگای بازرگانیی نێوان سووریە و نیمچە دوڕگەکانی عەڕەبیدا رێگر و چەتە گوشارێکی زۆریان بۆ کاروانچییەکان هێنابوو و ئیتر کاری بازرگانیی بەڕێوە نەدەچوو، قاتی و قڕی پیکهاتبوو. دەبێ ئەو کات هاشم ئیزنی هاتوچۆی تایبەتیی و پشتیوانیی رۆمییەکانی بۆ خۆی وەرگرتبێ.[٥٥] لە گەڕانەویدا هاشم لەگەڵ هەموو هۆزە عەڕەبەکانی نێوان سووریە و نیمچە دوڕگەکانی عەڕەب، رێککەوتنێکی کردووە بۆ زیندوو کردنەوەی بارودۆخی بازرگانی ئەو ڕێگایە. بەوهۆیەوە هاشم لە مەککە جێژنێکی بەرپا کردووە و چەندین وشتری کوشتۆتەوە و لە نێوان فەقیر و برسییەکاندا بڵاوی کردۆتەوە. هەروەها دەبێ نانی ویشك و ڕەق کە لە سووریەوە لەگەڵ خۆی

---

[٥٥] Al-Baghdadi: Al-Munammaq fi akhbar Quraisch, S. ٤٢

هێنابووی، شکاندبێتی و لە نێو خەڵکیدا دابەشیکردبێ. ناوەکەشی واتە هاشم لە هەشەمە "haschama" وەرگیراوە کە بە مانای "شکاندن" هاتووە. ئەو رێکەوتە لە زمانی عەرەبیدا ناوی ئیلاف "ilaf" ی لێ نراوە و لە سوورەی ١٠٦ لە قورئاندا باسی لێوەکراوە.

بە بڕوای من لەو نووسراوانەدا رۆڵی هاشم زێدەڕۆیانە باسی لێ کراوە و ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە. چونکە ئەو نەك وەك باوە گەورەی محەمەد بەڵکوو عەبباسییەکانیش کە وەك بەهێزترین ئیمپڕاتۆریی سەدەی هەشتەم ناسراون، خۆیان بەوەوە هەڵواسیبووە. بۆ وەبیر هێنانەوە هەر وەك پێشتریش باسمان لێوەکرد، خەلیفە ئەلمەنسوور، کە خۆی بە جێنشینی هاشم دادەنا، ئەمری بە ابن ئیسحاق کرد، ژیننامەی محەمەد بنووسێتەوە. سروشتییە نووسەریش لێرەدا رۆلی هاشم بە زیادەرۆیەوە بنووسێت. ئەو کارە نەک هەر بۆ پێکهاتنی نەریتی دنیای ئیسلامی گرنگ بوو، بەڵکوو بۆ سەلماندنی خەلافەتی عەبباسییەکان کە لە شەڕێکی خوێنیندا دژ بە ئەمەوییەکان سەرکەوتبوون، گرنگایەتیی هەبووە.

بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونە کە هاشم لە لایەن ژیننامەکانەوە گەورە کراوەتەوە لە سەرچاوەی ئیسلامییەکاندا دەبینرێ: "لە بڕێك سەرچاوەدا هاتووە کە هاشم لە تەمەنی ٢٤ و لە هەندێ سەرچاوەیتریش لە تەمەنی ٣٣ ساڵەدا مردووە. لە مەککە هەر وەك هەموو وڵاتە عەرەبەکان سەرکردە، بەتەمەنترین کەسی ناو کۆمەڵگا بوون. جێی باوەڕ نییە ئەو کارە گرنگەیان بە گەنجێکی وەك هاشم ئەسپاردبێ.

هەروەها رۆڵی باوە گەورەی محەمەد واتە عەبدولموتەلیب (لەدایکبووی ٤٩٧ لە مەدینە، مردنی ساڵی ٥٧٨ لە مککە)، یش زۆر گەورە کراوەتەوە. لە ڕێوایەتەکاندا چەندین دژوپێچەوانە و حیماسەی لەسەر نووسراوە. لەپێش هەمووشتێکدا ناوەکەی بۆتە پەرجۆیەك. لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بە ناوی سەیبە "Shaiba" ناوی هێنراوە کەچی لە پڕێکدا و دواتر ناوەکەی بۆتە عەبدولموتەلیب کە بە مانای عەبد یا کۆیلەی موتەلیب مانا دەکرێتەوە. وشەی "عەبد" هی سەردەمی هاید "بێ دین"ە کان، ە و هەمیشە پێش ناوی خوداکان هاتووە. داب و نەریتێك کە لە سەردەمی ئیسلامیشدا

بەڕێوە چووە. تەنانەت ناوی نووسەری ئەو کتێبەش عەبدولسەمەد، بە مانای "کۆیلەی خودا" هەر لەو نەریتەوە سەرچاوە دەگرێ. بەڵام موتتەلیب بە هیچ شێوەیەك ناوی یەك لە چەندین ناوی خوداکانی پێش سەردەمی ئیسلام لە مەککە نەبووە. برای هاشم ناوی موتتەلیب بووە. دوای مردنی هاشم براکەی واتە موتتەلیب برازاکەی لای خۆی ڕاگرتووە کە لە "یثرب"ەوە(ناوی پێشووی مەدینە) هاتبووە مەککە. بەڵام بۆچی دەبێ عەبدولموتتەلیب لە یثرب لە دایك بووبێ، ئەگەر کوڕی هاشم بووە؟

با بە چاوێکی کراوەتر سەیرێکی ئەو ڕێوایەتە بکەین: بە پێی سەرچاوە ئیسلامییەکان، کاتێ هاشم بە سەفەر بەرەو سووریە ڕۆیشتووە، لە یثرب لەگەڵ ژنێکی هۆزی خەزرەج "Khasradsch" زەماوەندی کردووە. کاتێك ژنەکە زگی پڕ بووە، ویستوویە منداڵەکەی لەناو هۆزەکەیدا و لە یثرب لە دایك بێ و لەبەر ئەو هۆیە لەگەڵ هاشم نەگەڕاوەتەوە بۆ مککە. ئەو ڕێوایەتە زۆر غەریب دەنوێنێ، چونکە هاشم وەك سەرۆك و قایم مەقام و حاکمی مەککە ناسراوە و دەبێ لەگەڵ مرۆڤێکی ئاسایی جیاوازیی بووبێ. هەر بەپێی ئەو سەرچاوانە، ژن لە پێش ئیسلامدا وەك کۆیلەی پیاو دادەنرا و دەبوو قسە لە قسەی پیاوەکەیدا نەکات. کەچی لێرە لەپڕێکدا ژنێکی چاوکراوە و لەسەر پێی خۆ ڕاوەستاو قوت دەبێتەوە و بڕیار بۆ شوێنی لەدایکبوونی منداڵی هاشم دەدا. هاشمی بەهێز و حاکم، سەر بۆ ئەو کارە دادەنەوێنێ و کوڕەکەی لەوێ لەدایك دەبێ و ناوی سایبای لاسەر دادەندرێ. هاشم بە سەفەرێکی بازرگانی چووە بۆ غەزە "Gaza" و لەوێ مردووە، بە بێ ئەوەی بنەماڵەکەی لە مەککە ئاگایان لە بوونی منداڵەکەی بووبێت.

ڕەوایەتێکی سەیر و سەمەرە کە زۆر لە ریوایەتی لەدایکبوونی محەمەد دەچێ. باوکی محەمەد، عەبدوڵا کوڕی عەبدولموتتەلیب دەبێ لەگەڵ دایکی محەمەد ئامینە زەماوەندی کردبێ و سێ مانگ دواتر لە سەفەر و ئەویش هەر لە غەزە مردبێ، بەڵام لە یثرب نێژراوە. دایکی محەمەد واتە ئامینەش هەر لە نیزیکیی یثرب نێژراوە، ئەگەرچی خەڵکی مەککە بووە. پسپۆری ئیسلام ناس تیلمەن ناگل "Tilman Nagel" ڕوونی کردۆتەوە کە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا ئاماژە بە مەککە وەك جێی لەدایکبوونی محەمەد نەکراوە. ئەو لەسەر ئەو بۆچوونەیە محەمەد لە شارێکی نێوان

مەککە و مەدینە لە پەنا بنەماڵەی دایکی بە ناوی ئوسفان "Usfan" لە دایك بووە.[٥٦] ناگل دەڵێ: "ئەو جێگایەی محەمەد لێی لە دایك بووە هەمان جێگایە کە ئامینەی لێ نێژراوە." بەو پێیە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ئامینە هیچکات لە مەککە ژیانی نەکردووە و دەبێ دایك و باوکی محەمەد هەرگیز زەماوەندیان نەکردبێ، بەڵکوو تەنیا فۆڕمێکی پارەیی و لەگەڵ یەک پێکهاتن بوو بێت بە مەبەستی پێکەوە نوستن. بەڵام سەبارەت بەوە دواتر دەدوێین. جێی باوەڕە، ئامینە پێش و دوای باوکی محەمەدیش لەگەڵ پیاویتر پەیوەندیی بووبێ، چونکە بە پێی ابن ئیسحاق ئامینە لەسەر محەمەد گوتوویە: "دووگیانیم لەسەر محەمەد لە هەموو زگەکانیتر هاسانتر و ڕاحەتتر بووە." کەچی لە بیۆگرافییەکانی محەمەد دا هەم لەسەر شوەکانیتری ئامینە و هەم لەسەر خوشک و براکانی محەمەد بێدەنگی کراوە.

بگەڕێینەوە سەر ڕێوایەتەکەی باوە گەورەی محەمەد، عەبدول موتتەلیب. نۆ ساڵ پێش مردنی موتتەلیب، کوڕەکەی واتە عەبدوڵا لەگەڵ ئامینە لە هۆزی زوهرە "Zuhra" کە بە هۆزێکی فاڵگیر مەنشوور بوون، زەماوەندی کرد. زوهرە بە عەرەبی ناوی ئەستێرەی ڤێنووسیشە. ئامینە خوشکێکی بوو بە ناوی هالا "Hala". کاتێ عەبدول موتتەلیب چاوی بە هالا دەکەوێ، بڕیار دەدا بە پەلە زەماوەندی لەگەڵدا بکات. باوك و کوڕ لە یەك ڕۆژدا دەبێ لەگەڵ ئەو دوو خوشکە زەماوەندیان کردبێ و هەر لەو ڕۆژەشدا لەگەڵ ژنەکانیان خەوتبێتن.[٥٧] لێرەشدا گومانی ئەوە دەکرێ کە پەیوەندیی نێوان دایك و باوکی محەمەد نەك بە هۆی زەماوەند بەڵکوو تەنیا بە پارە و بۆ نیزیکی سیکسی بوو بێت.

هەروەك باسمان لێکرد، عەبدوڵا سێ مانگ دوای زگ پڕبوونی ئامینە، دەمرێ. "هالا"ش زۆر زوو زگی پڕ بووە و کوڕێکی لێ بووە بە ناوی هەمزە کە دەبووە مامی محەمەد. ئەگەرچی دووگیان بوونی ئامینە لەسەر محەمەد بە پێی وتەکەی خۆی دەبێ زۆر راحەت بووبێ، بەڵام وێدەچی بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە ماوەیەکی درێژی پێ چووبێ، چونکە لە هەمان سەرچاوەدا کە باس لە دوو زەماوەندی هاوکات دەکا،

---

[٥٦] Tilmann Nagel: Mohammed، Leben und Legende, S. ٩٩f[ژیان و حیماسەی محەمەد] .

[٥٧] Ibn Saa'd: Al-Tabaqat, ١:٧٥

دەخوێنینەوە کە هەمزە چوار ساڵ لە محەمەد بەتەمەنتر بووە.[٥٨] شتی وا چۆن دەبێ؟ کاتێ باوك و کوڕ هاوکات زەماوەندیان کردووە و کوڕەکە سێ مانگ دواتر دەمرێ، لێرەدا محەمەد ئەگەر لە هەمزە بەتەمەنتر نەبێ، لای کەم دەبێ هاو تەمەن بن. دەنا دەبێ محەمەد چوار ساڵ لە زگی ئامینە دا مابێتەوە!

زیاتر لە چەندین ساڵە عالمانی ئیسلامی کە هەستیان بەو هەڵە مێژووییە کردوە، هەوڵ دەدەن بە شێوەیەك ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزنەوە. ئیمامی شافیعی دەڵێ: "دەکرێ دووگیانبوونی ژن هەتا چوار ساڵ درێژەی هەبێ." هەروەها قورئان ناس، ئەلقورتوبی "al Qurtubi" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەکرێ، ژن منداڵەکەی تا چوار ساڵ و زیاتریش لە زگیدا ڕاگرێ. تەنانەت مفتی پێشووی میسر علی جومعە "Ali Goma'a" ساڵی ٢٠١٣ لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا دەڵێ: "لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە ژن دەتوانێ چوار ساڵ منداڵەکەی لە زگیدا ڕابگرێ."

سەیر لێرەدا ژمارەی چوارە. عالمانی ئایینی لە مێژووی ئیسلامدا هیچکات باسیان لەسەر درێژبوونی ماوەی لەدایکبوونی محەمەد نەکردووە، بەڵام ئەو ڕاستییە کە زۆربەیان لەسەر ژمارەی چوار دەدوێن، نیشاندەری هەست کردن بەو هەڵە مێژووییەیە. ڕەنگە بۆیان هاسانتر دەبوو ئەگەر دەستیان لەو حیساباتە هەڵگرتایە و ئەو کارەیان بە پەرجۆیەك بۆ محەمەد بە خەڵکی بناساندایە.

لە دەقەکەی ابن ئیسحاقدا لێکۆڵینەوەی لەو چەشنە نابینرێ. لە لایەکەوە ئەو وەك ئاییینیەکی بە ئیمان هیچکات محەمەد و کۆلکەی بنەماڵەکەی نەخستۆتە ژێر پرسیار و لە لایەکیتریشەوە ئەگەر لە جێگایەك تووشی گێڕاوەی لەو چەشنانە بووبێ، بە گورجی ڕایماڵیونەتە ژێر مێز بۆ ئەوەی دڵی حاکمانی کاتی لەخۆی نەهێشێنێ. یاخود ڕەنگە دواتر لێی قرت کرابن. هەروەك پێشتریش باسمان لێوە کرد، حاکمانی ئەو کات دەقەکەی ئیسحاقیان پێ دوور و درێژ بوو و ئەویان ناچار بە کورتکردنەوە کردوە.[٥٩]

محەمەد لەگەڵ لەشکرێکی مەزن بۆ گرتنی شاری مەککە بەڕێوە بووە. خەڵکانی مەککە ئەرخەیان بوون کە محەمەد شارەکە دەگرێ. زۆربەیان بۆ نیشاندانی متمانە بە

---

[٥٨] Ibn Saa'd: Al-Tabaqat, ٣:٩

[٥٩] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, Tanta, Band ٤, S. ١٩

محەمەد یاخود لە ترسان، پێش ئەوەی شارەکە بگیرێ، بەرەوپیری ڕۆیشتن. لەو نێوەدا دوو پیاویان تێدا بووە کە پێشتر بە دروستکردنی کۆپلە شیعر ڕەخنەیان لێ گرتبوو و سوکایەتییان بە کەسایەتیی محەمەد کردبوو و بەو شێوەیە بە قەبووڵکرنی بەپەلەی ئایینی ئیسلام، دەیانویست داوای لێبووردنی لێ بکەن. ئەو دوو کەسە یەکیان عەبدوڵلا ابن ئومەییە "Abd Allah Ibn Umayya" کوڕی پووری محەمەد و ئەویتریان ئەبوو سۆفیان ابن ئەلحارث "Abu Sufiyan Ibn al-Harith" کۆڕی مامی محەمەد بوون. ابن ئیسحاق دەگێڕێتەوە، کە هەردووکیان لە ناوچەیەکی مابەین مەککە و مەدینەدا چادرەکەی محەمەد دەدۆزنەوە و لە ژنەکەی سەلامە"Salama" داوا دەکەن، محەمەد ئیزنی هاتنە ژووری ناو چادرەکەیان پێبدات. محەمەد لە هەوەڵەوە ئیزنیان پێ نادات و دەڵێ کوڕی مامی خۆم سووکایەتیی بە من کردووە و کوڕی پووریشم لە مەککە ئەوی نەدەبوو بیڵێ، لەسەر من گووتویە. بەڵام لێرەدا چەشنی وەڵامەکەی محەمەد زۆر سەیرە. بە عەرەبی وەڵامەکەی ئەوە بووە: "hataka i’rdi"، کە دەکرێ بە دوو شێوە مانا بکرێتەوە. ١. ئەو دەستڕێژی سیکسی پێکردووم و ٢. ئەو ژێدەر[٦٠]ی منی بردۆتە ژێر پرسیار و سووکایەتی پێ کردووم.

لە بەشەکانی تری ژینانامەکەی ابن ئیسحاقدا دەخوێنینەوە کە شاعیران لە ڕێگای شیعرەکەیانەوە سووکایەتیان بە محەمەد کردووە. محەمەد حوکمی کوشتنی چەند لەو شاعرانەی داوە، بەڵام ناوەڕۆکی شیعرەکان نە لە بیۆگرافییەکەی ابن ئیسحاق و نە لە بیۆگرافییەکانی تری محەمەددا ڕانەگەیێنراون. بەڵام ئیمە دەزانین کە محەمەد زۆری پێ ناخۆش بووە یەکەم، ژێدەر و سەرچاوەی بنەماڵەکەی بخرێتە ژێر پرسیار، دووهەم پێغەمبەرییەکەی بە درۆ دابندرێت. ئەو دووە وەك برینێکی پڕ لە ئازار بۆ ئەو وابوون. تەنیا لەڕێگەی داوای لێبووردنی کوڕە مام و پوورەکەی محەمەدەوە دەتوانین بزانین کە چی سەبارەت بە محەمەد گوتراوە. ئەبوو سۆفیان داوای لێبووردنی لێ کردووە بۆ ئەوەی ئەوکات گوتبووی: "محەمەد لە کۆلکەی بنەماڵەی خۆی نەکەوتۆتەوە."[٦١]

---

[٦٠] ژێدەر بە مانای سەرچاوە، کە لێرەدا مەبەست کۆلکەی بنەماڵەیە

[٦١] Al-Naisaburi: Al-Mustadrak, ٣:٥٨٨, Hadith Nr. ١٧٠٤

لە بیۆگرافییەکەی ابن ئیسحاقدا محەمەد و پەیامەکەی وەك کەسایەتییەکی ناودار و خۆشەویستی مەککە باسی لێوەکراوە. خەڵکی مەککە دەبێ نازناوی ڕاستگوو و متمانەپێکەر "*as-sādiq al-amīn*" یان لەسەر محەمەد دانابێ. هەروەها دەبێ عەشیرەتەکان محەمەدیان وەك ناجی و قوتارکەر نێو بردبێ، هەر وەك لەو ڕێوایەتەدا دەبیندرێ: دەگێڕنەوە، خەڵکانی مەککە کاتێك محەمەد گەنج بووە، خەریکی چاکسازیی کەعبە بوون. کاتێ ویستوویانە بەردە ڕەشە پیرۆزەکە لەسەر جێی خۆی دانێنەوە، هۆزەکان لێیان بۆتە کێشە، کە کام لەو هۆزانە ئەو کارە گرنگە وە ئەستۆ بگرن. کاتێ کێشەکە گەورەتر بۆتەوە، محەمەد هاتۆتە نێوانیان، عەباکەی داکەندووە، لە دەوری بەردەکەی هاڵاندووە و لە هەر هۆزێکو کەسێکی داوا کردووە کە گۆشەی عەباکە بگرن و پێکەوە بەردەکە لەسەر جێی خۆی دانێنەوە.

بەڵام چیرۆکی زەماوەندی لەگەڵ خەدیجە دەیسەلمێنێ کە هێندە لەناو خەڵکیدا خۆشەویستیش نەبووە. محەمەد ٢٥ساڵی تەمەن بوو و هێشتا ژنی نەهێنابوو. ژن نەهێنان لەو تەمەنەدا بۆ ئەو سەردەمە زۆر نامۆ بوو. لەپێشدا دیویست لەگەڵ کچی مامی خۆی واتە کچی ئەبوو تالیب زەماوەند بکات. کەچی ئەبوو تالیب بەو کارە رازی نەبووە و کچەکەی داوە بە کەسێکیتر. محەمەد شکایەتی لای کردووە، کە بۆچی کچەکەی داوە بە بێگانە و محەمەدی بێ ژن هێشتۆتەوە.[٦٢] ئەگەر تەنانەت مامی خۆی کە دەبێ ئەوی لای خۆی گەورەکردبێت، کچەکەی خۆی پێ نەدابێ، دیارە هۆیەکی بەهێزی بووە کە دژایەتیی ئەو زەماوەندەی کردووە.

کاتێك خەدیجەی چل ساڵە لەگەڵ محەمەد زەماوەندی کرد، تەمەنی ١٥ ساڵ لە محەمەد زیاتر بوو. خەدیجە پێش تەنیا مانەوەی دوو جاریتر زەماوەندیکردبوو و چەند منداڵی لەو دوو مێردە هەبووە. ژنێك لەو بارودۆخەدا بۆ ئەو کاتی کۆمەڵگای عەڕەب و تەنانەت بۆ کۆمەڵگای مودێرنی عەڕەبی ئەمڕۆش شانسێکی زۆری بۆ زەماوەندی سێهەم پێ نەدەدرا، بەتایبەت زەماوەند لەگەڵ گەنجێك کە ژنیشی نەهێنابێ. کاتێ خەدیجە هەواڵی ئەو زەماوەندە بە بنەماڵەکەی خۆی دەدا، باوکی ئیزنی ئەو کارەی پێ نادات و دژ بەو پەیوەندە ڕادەوەستێ. خەدیجە شەڕابێکی زۆر دەرخواردی باوکی دەدا

---

[٦٢] Al-Naisaburi: Al-Mustadrak, Band ٤, Hadith Nr. ٦٩٢٤

و ڕۆژی دواتر کە لە خەو هەڵدەستێ دەبینێ کار لە کار ترازاوە و خەدیجە و محەمەد زەماوەندیان کردووە. بۆچی و بە چ هۆیەك دەبێ باوکی دژ بە زەماوەندی خەدیجە لەگەڵ کوڕێکی ٢٥ساڵەی خۆشەویست و ناودار لە بنەماڵەیەکی وەك هاشمیان بووبێ؟ بڵێی چونکە فەقیر بووە نەیانویستووە پەیوەندیی لەگەڵدا بکەن؟ لەڕاستیدا ئەو کات پارە و دەوڵەمەندبوون لە مەککە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە و زۆر لە ئایین و کۆلکەی بنەماڵە گرنگتر بووە. بەڵام باسکردنی نەرێی لەسەر بارودۆخی سەرچاوەی بنەماڵەی محەمەد ڕەنگە بڕیار دەر بووبێ.

سەرەڕای ئیزن نەدانی باوك، محەمەد لەگەڵ بێوەژنی دەوڵەمەند زەماوەندی کرد. خەدیجە محەمەدی کردە بازرگان و ماملەچییەکی سەرکەوتوو. محەمەد وەك بازرگان سەفەری سوریەی دەکرد و لەگەڵ مرۆڤ و ئایین و کولتووری نوێ ئاشنا بوو. بۆ ماویەکی زۆر ئەو کارەی درێژە پێدا و خێزانیکی سەرکەوتوی بەڕەیوە دەبرد. دەبێ لە تەمەنی چل ساڵان و ڕەنگە پێشتریش تووشی نەخۆشیی "Midlife-Crisis" [قەیرانی تەمەنی مام ناوەندی] بووبێ. لەپڕێکدا بازرگانیی وەلا نا، لە ماڵی خەدیجە هاتە دەرێ و زۆربەی کاتی خۆی لە ئەشکەوتەکانی دەوروبەری شار بە تەنیا تێپەڕ دەکرد و بەردەوام لە بەرخۆیەوە قسەی دەکرد و بیری دەکردەوە، دەنگی گوێ لێ دەبوو، وێنەی دەهاتە بەرچاو، دەیگوت مەلایکە دەیانەوێ بمخنکێنن. لە ژێر خەمۆکی و ترسێکی بەهیزدا ڕەنجی کێشاوە و بەردەوام بیری لە خۆکوشتن کردۆتەوە. هۆی ئەو نەخۆشییانەی لە تاریکیدا ماونەتەوە. لە بیۆگڕافییەکانیدا هیچ کێشەی خێزانی تۆمار نەکراوە، چونکە تەنانەت لەو بارودۆخەشدا خەدیجە وەك تەنیا هەڤاڵ پشتیوانی لێکردوە و لای ماوەتەوە. هۆی ئەو هەڵس و کەوتانەی دەبێ بە گشتی نەخۆشیی دەروونی، کێشەی باسکردن لەسەر ژێدەر، ناسنامە و چۆنیەتیی سەرچاوەی کۆلکەی بنەماڵەکەی بووبێ کە لەناو خەڵکی مەککەدا لەسەر زاران بووە. لە ئەشکەوتەکاندا دوور لە مرۆڤ، هەڤاڵ، خزم و کەس و ئەو مرۆڤانەی ئازاریان پێ دەگەیاند و سووکایەتیان پێ دەکرد، خۆی شاردبۆوە و پەنای بۆ خودای خۆی بردبوو. بەڵام بڵیمەتی محەمەد لێرەدایە: لە بارودۆخی ئاوا پەریشاندا، خۆپارێزیی (تقوا)ی ساز دەکرد، و لە نەخۆشیش، شوناسێکی نوێ. ئەوە کاتژمێری لەدایکبوونی ئیسلام بوو.

## ئیسماعیل، هۆكاری چیرۆكی ئایینی ئیسلام

هەڵس و کەوتی منداڵێك چلۆن دەبێ ئەگەر لە لایەن دایك و باوك و بنەماڵەکەیەوە سەرنجی نەدرێتێ و گرنگایەتیی پێ نەدرێت؟ هاڤاڵێکی خەیاڵیی بۆخۆی دەدۆزێتەوە و باسە گرنگەکانی لەگەڵ ئەودا دەکات. ئەدی هەڵس و کەوتی مرۆڤێك چلۆن دەبێ ئەگەر لە لایەن کۆمەڵگاوە دووربخرێتەوە و گرنگایەتیی پێ نەدرێت؟ ئەو مرۆڤە هەوڵی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگایەکی تر کە زۆر لەوی پێشتری گەورەتر و مەزنتر یاخود بەنرختر بێ، دەدا. منداڵێکی کۆچەر لە شاری دینسلاکن "Dinslaken" کە نە لەگەڵ کۆمەڵگای ئاڵمانیی و نە لەگەڵ بنەڕەتی تورکییەکەی پەیوەندیی سالم و ڕاستەوخۆی هەیە و بەردەوام هەست بە جیاوازیی خۆی لەگەڵ هەردووك کۆمەڵگاکە دەکات، بە ئەگەری زۆر وەدوای دۆزینەوەی کەسانی وەك خۆی دەکەوێ.

ئەو چەشن گەنجانە بەهۆی ئینتێرنێت یاخود کۆمەڵگای دەوروبەری خۆیانەوە بەدوای گرووپێکدا دەگەڕێن کە ناسنامەی ئیسلامییان پێوە چەسپابێت، واتە لە زۆربەی ئەو نموونانەدا مەبەست ئیسلامە ڕادیکالەکانن. ئەوان خۆیان بەو گرووپانە، واتە دەرد و ڕەنج و گوشاری کۆمەڵگای دەوروبەر بەسەر هاوئایینییەکانیانەوە شوناس دەکەن، لە حاڵێکدا تەنانەت بۆ جارێکیش ئەو هەستە شوناساییەیان لە هەمبەر ئەو کۆمەڵگایەی لێی ژیاون و تێدا گەورە بوون، تێدا پێك نەهاتووە. ئەوان، دنیای کۆنی خۆیان واتە ئەو دنیایەی ئەوانی نەویستووە و لەخۆیان دوور خستۆنەتەوە، بەجێ دەهێڵن، بەرەو سووریا لێدەخوڕن، بۆ ئەوەی بەشێك بن لە ئومەتی گەورەی ئیسلامی. شەڕکەرێکی ئاکار- کێوییان لێ دوروست دەبێ، فێری سەربڕینی کافران دەبن و خەونی ئەوە دەبینن ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ تۆڵە سەندنەوە بتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی ئاڵمان. کەسێك کە لە دەرەوە سەیری ئەو گەنجانە دەکات، ڕەنگە وەک سەفەرێکی خوێناوی شێتانەی بە حیساب بێنێ، بەڵام لە ڕوانگەی خۆیان و هەڤاڵەکانیانەوە ئەو کارە تەنیا ڕێگای ڕزگارییە بۆ دۆزینەوەی مەبەستی سەرەکیی ژیان، پەرەسەندنێکی مێژوویی کە

١٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستاش دەیتوانی پێك بهاتبایە، بە بێ ئەوەی ئەمڕۆ لە ئاڵمان پێك بێت.

محەمەد لە وڵاتی خۆیدا بێگانە بوو. لەژێر گوشار و سووکایەتی پێکردنی هۆزەکەی خۆیدا ئازاری دەکێشا. ئەو بڕیاری خۆی بۆ دەربازبوونێکی مێتافیزیکی و هەوڵی گەڕان بەدوای ناسنامەیەکی گەورە و مەزنتردا دەدا. خۆ هەڵواسین بە "ئیبراهیم"ەوە یەکەم هەنگاو و دەستپێك بوو. محەمەد نەتەنیا ئیبراهیمی وەك سەرمەشقێك سەیر دەکرد، بەڵکوو وەك باوکە گەورە و پێشینیانی بنەماڵەکەی خۆی دەبینی. ئەو لە قورئاندا ناوی ئیبراهیمی ناوە "ئومەت" واتە خەڵك. ڕێگای دۆزینەوەی ئیبراهیمی بەهۆی ئیسماعیل، کوڕی ئیبراهیمەوە بوو، کە کتێبی تەوڕات کەمی لەسەر دواوە و بێ دەنگی لێهێناوە. چارەنووسی ئیسماعیل تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕوانگەی بێگانەبوون و قوربانیبوونەوە لەگەڵ هی محەمەد وەك یەك وا بوون. لە تەوڕات (یەکەم پەرتووکی مووسا)دا، ئیسماعیل وەك پێغەمبەر سەیر ناکرێ، بەڵکوو وەك "کەرێکی وەحشی" ناوی هاتووە. ئیسماعیل لە یەکگرتوویی خودا و ئیسحاق "Isaak" و منداڵەکانی دوورخرابۆوە. دایکی واتە هاجەر، یەخسیرێکی میسریی بوو، کە دەڵێن جارێك لە پەنا کانیە ئاوێك لە بیاباندا بە تەنیا ڕاوەستاوە، فریشتەیەك دێتە بەر چاوی و پێی دەڵێ: "خودا گوێی لە ئازارەکانت بووە." فریشتەکە بەڵێنی داوەتێ کە خودا لە منداڵەکانی داهاتووی ئیسماعیلی کوڕی، نەتەوەیەکی گەورە و مەزن پێکبێنێ. هەر بەو هۆیەوە ناوی کوڕەکەی ناوە ئیسماعیل بە مانای "خودا گوێی لێیە". ئەو پێشگۆییە بۆ محەمەد خاڵێکی گرنگ بووە: نەتەوەیەکی مەزن، کە لە وەچەکانی داهاتووی ئیسماعیل پێك دێن، دیارە دەبێ نەتەوەی عەرەب بێت.

لە پەرتووکی تەوڕاتدا تەنیا ئەوەندە لەسەر ئیسماعیل گوتراوە، کە لە بیابانی فەران "Pharan" لە سینا نیشتەجێ بووە و لەگەڵ کچێکی میسری زەماوەندی کردووە. دوای ئەو کۆچە، تاقە جارێك بۆ بە خاك ئەسپاردنی ئیبراهیم گەڕاوەتەوە کەنعان.

محەمەد بە کەڵك وەرگرتن لە مێژووی ئیسماعیل، بۆشاییەکانی بە شێوەی خۆی پڕ کردنەوە. ئەو نەک هەر کوڕی ئیبڕاهیمی کردە باوکە گەورەی عەرەبەکان، بەڵکوو

ڕاستەوخۆ کردی بە باوکەگەورەی خۆیشی. محەمەد لە قورئاندا ئیسماعیل گەورە دەکاتەوە و بە پێغەمبەری ناودەبات.[٦٣]

لە کتێبی تەوراتدا "ئیسحاق"ی کوڕی ئیبراهیم دەبوو ببێ بە قوربانی، پێش ئەوەی لە لایەن خوداوە مەڕێکی بۆ بێتە خوارەوە. محەمەد ئەو چیرۆکە بە جۆرێکیتر دەگێڕێتەوە: ئیبراهیم لە خەونیدا کوڕەکەی خۆی قوربانی دەکات. ئەو، خەونەکە بە ئەمرێکی ئیلاهی دادەنێ. بە پێی گێڕاوەکانی ناو قورئان :"ئیبراهیم لە خەو هەڵدەستێ، بە پەلە چەقۆیەك دێنێ، ڕادەکاتە لای کوڕەکەی واتە ئیسماعیل و خەونەکەی ئاوا بۆ دەگێڕێتەوە: "ئەی کوڕی خۆم! لە خەونمدا بینیم، من دەتکووژم. ئێستا بزانە ڕات لەسەر ئەوە چییە؟ ئیسماعیل وەڵامی دەداتەوە: ئەی باوکی خۆم! بەو شێوەیەی ئەمرت پێکراوە بەجێی بێنە، ئەگەر ئەڵڵا پێی خۆش بێت، ئەوا منیش بە سەبوورییەوە چاوەڕوانی ئەو کارە دەکەم.[٦٤] هەروەك تەورات، لە قورئانیشدا کوڕی ئیبراهیم لە چرکەی کۆتایی بەهۆی ئاژەڵێکەوە گیانی ڕزگار دەبێ.

ئایینی یەهوود مێژووی ئیبراهیم- ئیسحاق وەك پچڕانێك یاخود کۆتایی هێنانێك بە داب ونەریتێکی کۆنی قوربانیکردنی مرۆڤ لە ڕابردوودا سەیر دەکات. ئایینی مەسیحی ئەو چیرۆکە بە ڕێگاخۆشکەرێك بۆ لە خاچدانی مەسیح دادەنێ کە لێرە بەولاوە مرۆڤ نابێ خۆی بۆ خودا قوربانی بکات، بەڵکوو بە پێچەوانە، خودا خۆی بۆ مرۆڤ قوربانی کردووە. ئەو ئەزموونەی وا ئایینی ئیسلام لە چیرۆکی "ئیبراهیم- ئیسماعیل"ی وەردەگرێ، بیرۆکەی گوێڕایەڵی و سەردانەواندنە بۆ فەرمانی خودا. لە قورئاندا خودا ئافەرەم بۆ ئیبراهیم دەنێرێ لە هەنبەر گوێڕایەڵی و ئەوەی کە ئامادەیە تەنانەت کوڕەکەی خۆی بۆ بەجێهێنانی ئەمری ئیلاهی قوربانی بکات، و بە "سالح" ناوی لێ دەبات.

ئەو ئەزموونەی وا محەمەد لەو چیرۆکە، واتە ڕزگاربوونی ئیسماعیل وەریگرت بەشێك بووە لە پلانێکی ئیلاهی و هەروەها بە شێوەی زەنجیرەیی نیشاندەری ئیسماعیلە وەك باوکەگەورەی بنەماڵەکەی کە دواجار، بە خۆی کۆتایی پێدێ. محەمەد خۆی وەك

---

[٦٣] سوورەی ١٩:٥٤

[٦٤] سوورەی ٣٧:١٠٢

کەسێکی هەڵبژێردراو لە لایەن خوداوە بۆ ڕزگارکردنی جیهان سەیرکردووە و ئیسماعیلیشی بە ڕێگاخۆشکەر بۆ ئەو ڕزگارکردنە داناوە. محەمەد گوتوویە: "خودا منداڵەکانی ئیسماعیلی لە کەنعان هەڵبژارد، هۆزی قورەیشی لە نێوان کەنعانییەکاندا هەڵبژارد، بنەماڵەی هاشمییەکانی لە ناو هۆزی قورەیش هەڵبژارد، ئینجا منی لە بنەماڵەی هاشمییەکان هەڵبژارد.[٦٥] بەوهۆیە محەمەد زۆر تووڕە دەبوو ئەگەر کەسێك پەیوەندیی نێوان ئەو و هۆزی قورەیشی بخستایەتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەو کارە دەبووە هۆی پچڕانەوەی پەیوەندیی نێوان ئیبراهیم و محەمەد و لە کۆتاییدا تەگەرە خستن دەبوو لە سەر بنەمای پێکهاتنی ئیسلام.

چیرۆکی ئیسماعیل و هاجەری دایکیشی کە لە بنەماڵەکەیان دابڕابوون، لە ڕوانگەی محەمەدەوە هەر پلانێکی ئیلاهی بووە. محەمەد لە چیرۆکەکەیدا پێش بە ڕۆیشتن و کۆچی ئیسماعیل بۆ سینا دەگرێ و ناهێڵێ لەگەڵ کیژێکی میسری زەماوەند بکات، بەو شێوەیەی لە ئینجیلدا هاتووە، بەڵکوو بەرەو مەککەی ڕەوانە دەکات. بە پێی بۆچوونی محەمەد دەبێ ئیبراهیم، هاجر و منداڵە ساواکەی واتە ئیسماعیل لە بیابانێکی ئیشکدا بەڕەڵا کردبێ و بە چارەنووسی خۆیانی ئەسپاردبێ. هاجر و منداڵەکەی خەریکبوون لە توونیانە بمرن، هاجر بە ناهومێدییەوە لە نێوان دوو کێوی سەفا"Safa" و مەروە"Marwa" لە مەککە بەدوای ئاو لە هاتووچۆدا بووە. هەرکات بە یەك لە کێوەکان گەیشتووە ئاوی نەدۆزیوەتەوە، بەڵام کە سەیری کێوەکەیتری کردووە ئاوی لە ژێر دامەنی کێوەکە بینیوە و بەرەو ئاوەکە وەڕێ کەوتۆتەوە. بە بینینی تراویلکە هەر جار سەرلەنوێ وەڕێ کەوتۆتەوە. دەبێ حەوت جار لە نێوان ئەو دوو کێوەدا هاتوچۆی کردبێ. ئەو هات و چۆیە دەتوانێ بۆ محەمەد وەك 'ئیستیعارە'خوازتنەوە بۆ ڕزگاربوون لە ڕەنج و حەسرەتەکانی لێك بدرێتەوە. تا ئەمرۆش موسوڵمانان حەوت جار لە مابەین ئەو دوو کێوەدا دێن و دەچن. بڕینی ئەو ڕێگایە، یەك لە ڕێوڕەسمەکانی زیارەتکەرانە لە مەککە.

---

[٦٥] Al-Nawawi: Sahih Muslim, Band ١, Hadith Nr. ٢٢٧٦

لە کۆتاییدا فریشتەی سەرەکی، جوبرائیل، خۆی بە ئیسماعیل نیشان دەدا و بە قاچی خۆی جێگایەکی لە سەر زەویی بۆ دەستنیشاندەکا. ئیسماعیل بە دەستی ئەو جێگایەی هێندە هەڵقەندووە تا ئاوی لێ هەڵقوڵیوە.[٦٦] ئەو ئاوە دواتر ناوی نرا "ئاوی زمزم" کە دەبێ بوونی ئەو ئاوە ژیانی مرۆڤی لە مەککە گونجاو کردبێ. خواردنەوەی ئاوی کانییەکەی زمزم هەموو دەردێك، جا چ رەوانی و چ سڵامەتیی لەشی بێت، دەرمان دەکات!

مێژوو نووسانی ئیسلامی گرنگایەتییەکی زۆر بەو کانیە و ئاوەکەی دەدەن کە محەمەد کاتی خۆی بۆ دروستکردنی ئایینی ئیسلام پشتی پێ بەستووە. ابن ئیسحاق دەگێڕێتەوە کە دوای مردنی ئیسماعیل ئەو کانیە ئاوەکەی کەم بۆتەوە. باوکە گەورەی محەمەد عەبدولموتتەلیب چەند وەچە دواتر ئەو کانیەی بۆ زیارەتکەران کە ژمارەیان زۆر زیاتر ببوو، خاوێن و ئەوەدان کردۆتەوە و وەك پاسەوانی ئەو کانیە ئارەزووی ئەوە بووە منداڵێکی زۆر لەو کارەدا یارمەتیدری بن. مەرجی بەستووە ئەگەر دە منداڵی هەبێ، یەك لەوان لەبەر قوربانگەی خودای هووبال "*Hubal*" لە دەرەوەی کەعبە قوربانی بکات. کاتێ دە منداڵی بوو، ویستی مەرجەکەی وەدی بێنێ و بۆ ئەو کارە ناوی ١٠منداڵەکەی لەسەر ١٠ تیر نووسی و لە لایەن مرۆڤێکی ئایینیەوە یەك لەو ناوانەی هەڵبژارد. قوربانییەکە بە ناوی عەبدوڵڵا دەرکەوت. کوڕەکەی بردە قوربانگە بەڵام سەرکردەی هۆزەکان لە ئاخرین چرکەدا دەستیان لەو کارە پێ هەڵگرت. ئەوان پێشنیاریان پێ کرد، بچێتە خەیبەری پەنا یەثریب و لەوێ پرسیاری مەسەلەکە بە ژنێکی ئایینی بکات و بزانێ چلۆن دەتوانێت کوڕەکەی لەو قوربانی کردنە ڕزگار بکات. ژنە ئایینیەکە پەندی پێداوە: جارێکیتر ناوی عەبدوڵڵا لە مابەین ئەو و ١٠ وشتر هەڵبژێرێ. ئەگەر بێتوو ناوی عەبدوڵڵا هەمیسان دەرکەوێ، ژمارەی وشترەکانی لێ زیاد بکا و هەمیسان لەسەڕراوە یەکیان هەڵبژێرێتەوە. دوای چەندین جار هەڵبژاردن عەبدولموتتەلیب توانیویەتی کوڕەکەی بە ١٠٠ وشتر بگۆڕێتەوە و لە کوشتنی پارێز بکات. عەبدوڵڵا نەک هەر وەك کوڕی چکۆلە و خۆشەویست بوو، بەڵکوو لە داهاتوودا دەبوایە ببێ بە باوکی محەمەدیش.

---

[٦٦] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, Band ١, S. ١٥٧

ئەو چیرۆکەی عەبدولموتتەلیب و کوڕەکەی کە وەك بەردی بناغەی ئەفسانەی ئیسلام دێتە ئەژمار، دەبێ وەك شتێکی سەیر و سەمەرە چاو لێبکرێت، چونکە مرۆڤ وەبیر بەشێکی چیرۆکی ئینجیل دەهێنێتەوە. ڕەنگە ئەو ئەفسانەیە نەك بەهۆی محەمەدەوە بەڵکوو دۆزراوەیەکی مێژوونووسانی دوای محەمەد بووبێ، چونکە ابن ئیسحاق ئەو ریوایەتە بە جۆرێکیتر دەگێڕێتەوە.[٦٧] بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو چیرۆکە ڕاستەوخۆ لە لایەن محەمەدیشەوە نەگێڕدرابێتەوە، خۆی لە چەند لە سەرچاوەکانیتری جێی متمانە پێکراودا هاتووە کە لەوێدا ژێدەر و چۆنیەتیی پێکهاتنی بنەماڵەکەی و پەیوەندیی نێوان ئەو و ئیبراهیمی گوماناوی کردووە.

هەروەها لە گێڕاوەکانی ناو قورئاندا سەبارەت بە ئیبراهیم، کێشە و بارودۆخی ئاڵۆزی باوکی محەمەد لەگەڵ هۆزەکەی واتە قوڕەیش دەردەکەوێت. بە پێی یەکەم کتێبی موسا [تەوڕات]، باوکی ئیبراهیم واتە تێراخ "Terach" دەبێ جێی ژیانی خۆی لە باشووری عێراقی ئەمڕۆیی بەجێ هێشتبێت و بەرەو تورکیای ئەمڕۆیی کۆچی کردبێ. کوڕەکەی و ژنی کوڕەکەی سارا، و کوری پووری لۆت "Lot"، هاوڕێی بوون. کاتێ تێراخ دەمرێ، خودا دەبێتە هۆی ئەوی ئیبراهیم بەرەو کەنعان بڕوا. لە تەوراتدا باس لەسەر کێشەی ئیبراهیم و باوکی نەکراوە. بەڵام بەگوێرەی قورئان، نەک هەر ئیبراهیم لە بەرانبەر باوکیدا ڕادەوەستێ، بەڵکوو بە شێوەیەکی وەها توند لەگەڵ باوکی لەسەر خودا چێکراو(بوت)ەکان بەشەڕ دێ کە بە هەڕەشەی بەردەبارانکردن بۆی تەواو دەبێ.

محەمەد کەسایەتیەکی فەناتیك وئیشکی لە ئیبراهیم دروست کرد. بە پێی قوڕئان، بە تووڕەیی و تەور بە دەست دەکەوێتە گیانی ئەو "بوت"انەی تا ئەو کات باب و باپیرانی شانازییان پێوە دەکردن و زۆربەی کۆمەڵگا باوڕیان پێ هێنابوون و هەر هەموویان توونا دەکات. دوای ئەو کارە ئیبراهیم لە لایەن خزمەکانی خۆیەوە پەلامار دەدرێ و دەخرێتە ناو ئاگرەوە. خودا ئاگرەکە دەکووژێنێتەوە و ئیبراهیم ڕزگار دەبێ.

[٦٧] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, Band ١, S. ٢٠٠١ff.

ئەو رق و گرژییەی وا محەمەد لە هەنبەر هۆزی قورەیش لە خۆی نیشانی دەدا، بە گێڕانەوە، بەسەر ئیبراهیم و بنەماڵەکەیدا دێنێ. تووناکردنی "بوت"ەکان و هەوڵدانی بە زیندوویی سووتاندنی ئیبراهیم لە ئاگردا، دەگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی نەخۆشیی رەوانی محەمەد لەو سەردەمەدا. ئەو سوورەیەی وا حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە (سوورەی ٢١ ئایەی ٥١ تا ٧٠)، لە سەردەمی ژیانی محەمەد لە مەککە دراوەتە دەرێ، سەردەمێك کە تێدا محەممەد زۆر لاواز بوو. محەمەد ئارەزووی ئەوەبوو "بوت"ەکانی کعبە لەناو بەرێ، بەڵام لە ئاکامەکەی دەترسا. ئەو، مێژووی ئیبراهیمی گۆڕی و وەك هەڕەشەیەك نیشانی خەڵکانی مەککەی دا. زۆربەی سوورەکانی ئەو سەردەمە لەسەر مێژووی ئەو خەڵکانەیە کە بەهۆی کارەساتە سروشتییەکان لە لایەن خوداوە توونا کراون، چونکە باوەڕیان بە پێغەمبەرەکانیان نەهێناوە.

سەرەڕای ئەوانەش خەڵکی مەککە هەموو ئەو هەڕەشانەی محەمەدیان بە هەند وەر نەدەگرت کە لەڕێگەی سووڕەکانەوە لێی دەکردن. ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوە بووبێ کە خەڵکی ئەو سەردەمە بە پێچەوانەی محەمەد هیچ پەیوەندیی و نیازێکیان بە ئیبراهیم و چیرۆکەکەی و بە گشتی ئایینێکی نوێ نەبووە. کاتێ محەمەد ماوەیەك دواتر لە مەدینە هێزی گرت و لەشکرێکی مەزنی پێکهێنا، شارەکەی خۆی واتە مەککەی گرتەوە و هەموو "بوت"ەکانی بە تەور لەناو برد.

هەر بەو شێوەیەی ئیبراهیم وەك سیمبولێك بۆ محەمەد لە ئەژمار دەهات، محەمەدیش خۆی بۆتە سیمبولێك بۆ شەڕکەرەکانی داعیش، کاتێ ساڵی ٢٠١٥ هەموو هەیکەل و موجەسسەمەکانی مووزەی موسڵیان لەناو برد.

## بیسمارکی عەرەب، یاخود 'کۆزا نۆسترا'[٦٨]ی عەرەبی

پێش سەردەمی محەمەد زمانێکی یەکگرتووی عەرەبی بوونی نەبووە، چونکە ئەو کات هیچ نەتەوەیەك نەبووە کە خۆی بە عەرەب ناوبەرێ. لەسەر نیمچە دوورگەی عەرەبی خەڵکێکی زۆر بە زاراوەی جۆراوجۆرەوە ژیانیان کردووە و تەنیا ناسنامە و پەیوەندایەتیی و بەستراوەییان بە هۆز و بنەماڵەکەیانەوە بووە. هەر کام لەو هۆزانە، کانییە ئاو و کۆلکەی بنەماڵەی تایبەت بە خۆیان بووە و شانازییان پێوە کردووە و لە ڕاستیدا مرۆڤی ئەوکاتیش بۆ هەستکردن بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی پێویستیی بە هیچ شتێکیتر جیا لەوانە نەبووە. خەڵکانی عەشایری ئەوکات بەهۆی کۆچکردنی بەردەوام هیچ شوێنێکیان بە وڵاتی خۆیان نەدەزانی. شەڕی نێوان هۆز و نەتەوەکان زیاتر لەسەر کانییە ئاو یاخود تۆڵەسەندنەوەی خوێنی، واتە پیاوکوژی نێوان بنەماڵەکان بووە. کێبەرکیی نێوان قەبیلەکان و شانازی هۆزەکان کە هەرکام لەوان خۆیان بە بنەماڵەیەکی تایبەت داناوە، بیر و بۆچوونی وڵاتێکی عەرەبی یەکپارچەی لەناو خۆیدا دەخنکاند. چونکە ئەگەر عەرەبەکان پاشایەکیان بایە، دەبوو دیاریش بکرێ لە کام بنەماڵە بێ و لە چ ناوچەیەك پاشایەتی بکات. نە بیری گشتی بوونی بووە، نە ئایین و داب ونەریتێکی وەك یەك و نە دوژمنێکی هاوبەش کە ببێتە هۆی بەیەکەوە گرێدان و یەکگرتوویی هۆزەکان.

دەور و بەری نیمچە دوورگەی عەرەبی لە لایەن زلهێزانی جیهانییەوە داگیر کرابوو: ئیمپراتۆریی ڕۆمییەکان لە باکوور، ئیمپراتۆریی ساسانییەکان باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵات، و باشووری ڕۆژئاواش (ئەتیۆپی ئەمڕۆیی) لە لایەن حەبەشی "Abessinien" یەکانەوە قورغ کرابوون. لە یەمەن جاری وابوو هۆزە عەرەبییەکان حکوومەتیان دەکرد و جارجارەش حەبەشی یاخود ئێرانییەکان هێزیان بەدەستەوە

---

[٦٨] "Cosa Nostra (کۆزا نۆسترا) ڕێکخراوێکی مافیایی بوون لە ئیتالیا "

دەگرت. هیچکام لەو ئیمپراتۆرییە مەزنانە زەوقیان لە داگیرکردنی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای نیمچە دوورگەی عەرەبی واتە عەرەبستانی سەعوودی ئەوڕۆیی نەبوو، چونکە ئەو ناوچەیە هەم لە ڕوانگەی ئابووری و هەم لە ڕوانگەی سیاسییەوە زۆر بێ کەڵك بوو. سەرەڕای ئەوانەش، ئەو ناوچەیە تەواوی وەرزەکانی ساڵ کەش و هەوایەکی نالەباری بوو. هەر کەس بارودۆخ و مەرجەکانی ژیان لە بیابانی نەناسیبا، یا لە تونیانا دەمرد، یان ڕێگای لێ ون دەبوو. ئەگەر شانسیشی هینابا و لە هەموو ئەوانە ڕزگاری هاتبایە چەتە و ڕێگر گیانیان لێ دەستاند. بۆ هێزە جیهانییەکان تەنیا ڕێگای کاروان واتە ڕێگای یەمەن بۆ سووریە و ناوچۆمان گرنگ بوو. ئەوان چاوەدێریی گەیشتن و هاتو چۆی بارەکانیان دەکرد و بۆ ئەو مەبەستە هۆزێکی مەزنی نەتەوەی عەرەبی سەر ڕێیان بەکرێ گرتبوو. جاری وابووە کە ئێرانییەکان بۆ ماوەیەکی کورت ناوچەی سەر سنووری وڵاتە عەرەبییەکانیان داگیر کردووە، بەڵام هیچکات بە شێوەی بەردەوام نەماونەتەوە. یەك لە سەرکردە ئێرانییەکان بەو شێوەیە باسی لێ کردوون: **"ئیمە نە دۆستایەتیی ئێوەمان دەوێ نە دوژمنایەتیی!"**

تەنیا شاری مەککە بەو هۆیەی لە نێوان سووریە و یەمەندا هەڵکەوتبوو، گرنگایەتیی هەبووە. نووسەرانی ئیسلامی شاری مەککە نەتەنیا وەك گرنگترین ناوەندی ئایینی نیمچەدوورگەی عەرەبی لە پێش سەردەمی ئیسلامیدا سەیر دەکەن، بەڵکوو وەك خاڵێکی گرنگی گرێدراو لەسەر ڕێگای کاروانچییەکانیشی دادەنێن. پسپۆران و نووسەرانیتر مەککە بە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی لە ئەژمار ناهێنن. لەسەر نەخشەی رۆمییەکان کە لە سەدەی شەشەمدا کێشراوەتەوە، شارە گرنگەکانی ئەو ناوچەیە وەك تائیف و یەثریب دیاری کراون بەڵام هیچ باسێك لە مەککە نەکراوە. ڕەنگە وابووبێ کە مەککە هیچکات گرنگایەتیی بازرگانی لە ڕێگای کاروانچەیەکاندا نەبووبێ، بەڵام بە پێچەوانەکەی زیاتر ڕاستە. نەک هەر شارەکە بەڵکوو ئیسلامیش دەبێ سوپاسگوزاری ئەو ڕێگا بازرگانییە بێت.

ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە کە ئایا شاری مەککە ناوەندێکی گرنگی ئایینی بووە؟

مێژوو ناس جەواد عەلی سەبارەت بە ٢١ کەعبەی جیاواز دەدوێ، کە خۆیان بەسەر نیوچەی دوورگەی عەرەبیدا دابەش کردووە. کەعبەی مەککە تەنیا یەك لەوان بووە.

کەعبە بە مانای شەش پاڵووە و فۆرم و شکڵی ماڵێك نیشان دەدا کە خودای هۆزەکانی تێدا کۆکرابۆوە. تەنانەت مەسیحیەکانی باشوور لە نەجران "Nadjran" یش کەعبەی خۆیان بووە کە وەك کلیسا کەڵکیان لێ وەرگرتووە. یەك لە کەعبەکانی "بوت"پەرەستەکان تا ساڵی ١٩٢٥ ی زایینیش هەر ئاوەدان بووە: کەعبەی ذوالخلسە "Dhul-Khilsa" لە باکووری عەرەبستانی سعوودی لە لایەن وەهابییەکانەوە توونا کرا کاتێك هەستیان کرد کە لەوێ هێشتا رێو رەسم و داب و نەریتی بوت پەرەستی بەڕێوە دەچێ. کارەساتی هاوچەشن لە زۆربەی شارە مێژووییەکان بەڕێوە چوون، تەنانەت لە خودی مەککەش. ئەگەر ئەو بینا مێژووییانە توونا نەکرابایەن، دەمانتوانی بە هۆی دۆزراوەی کەونارناسانەوە لە شاری مەککە و مەدینە و ناوچەی دەوروبەریان، بە ڕاشکاویی زانیاریی زیاتری ئایینی پێش و دوای ئیسلامیش وەدەست بێنین.

کەوابوو چ جیاوازییەك لە نێوان کەعبەی مەککە و کەعبەکانیتردا هەبووە؟ تیلما ناگل بەو هۆیەوە ئاماژەیەکی سەرنجڕاکێشی کردووە. ئەو ئاماژە بە مێژووناسێکی مەسیحی بە ناوی سۆزومێنۆس "Sozomenos" دەکات کە ساڵی لە دایك بوونی دیار نییە و دەبی لە ساڵی ٤٥٠ی دوای زایین لە غەزە فەوتی کردبێ. ئەو پسپۆرە لە شاری ئەلخەلیل جێگایەکی مێژوویی دۆزیوەتەوە [حیبرۆن "Hebron"] کە دەبێ لە لایەن ئیبراهیمەوە دروست کرابێ. نەک هەر یەهوودییەکان بەڵکوو مەسیحی و بوت پەرستانی عەرەبیش بۆ زیارەت روویان لەو شوێنە کردووە. تا سەدی چواری دوای زایینیش دەبێ ژمارێکی زۆری زیارەتکەران هەموو ساڵێك لە وەرزی هاویندا روویان لەو شوێنە کردبێ. لەو ناوچەیە ڕەشماڵیان هەڵداوە و بە پێی داب و نەریتی خۆیان ئاژەڵیان قوربانی کردووە. بەڵام کاتێ قەیسەر کونستانتین لە ساڵی ٣٢٤ ی دوای زایین ئەو ناوچەیەی داگیر کرد، و ئایینی مەسیحی بە فەرمی کردە ئایینی رۆمییەکان، کۆتایی بەو داب و نەریتە هێنا. بە پێی سۆزومێۆس دەبێ قەیسەر ئەمری کردبێ کە شوێنەکەی ئیبراهیم خاوێن بکەنەوە، میحراب(پەرستگە) و وێنە و پەیکەری بوتەکان لەناو بەرن و لە جێی ئەوان کلیسایەك دروست کەن. ناگل لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە دوای وێرانکردنی ئەو شوێنە، کەعبە وەك نیازێك بۆ زیارەتگەرانی عەرەب لە مەککە

گرنگایەتی پێدراوە.[٦٩] "حیبرۆن"ی ئەمڕۆیی لەڕاستیدا ئەو شوێنەیە کە بە پێی ئینجیل و هەروەها سەرچاوە ئیسلامییەکان جێی ناشتنی ئیبراهیم بووە.

کەنگێ و لە لایەن چ کەسێکەوە کەعبە دروستکراوە، ڕوون نییە. جێی باوەڕە کە هەر وەك لە گێڕاوەکاندا هاتووە، کەعبە بەهۆی هۆزێك بەناوی بانو خۆزەعە " Banū Khuzaa'a" لە سەدەی چوارەمدا گرنگایەتیی پێدراوە. یەکەمین پەیکەری خوداکەیان کە دەبێ لە سووریاوە هاتبێت، لە کەعبە دامەزراندووە. ئەو بۆچوونە لە سەرچاوە ئیسماعلییەکاندا نووسراوە و تێزی ناگڵ پشت ئەستوور دەکات. چونکە ئەو پەیکەرە دەبێ هەمان پەیکەری خودا بێ کە قەیسەر کونستانتین لە ئەلخەلیل وەک بەشێك لە سووریای گەورە، لای بردبوو.

مەسیحییەکانی سووریا لە مێژووی مەککەدا دەورێکی بەرچاویان گێڕاوە. دەکرێ بگوترێ، هەرکات کەسیکی خەڵکی مەککە لە سەفەری سووریا گەڕابێتەوە، بەدوایدا هەمیشە ئاڵ و گۆڕێکی نوێ لەو شارە سارانشینە پێك هاتووە. ئەو خودایە کە وەك یەکەمین پەیکەر و بوت ناسراوە، ناوی هوبەل "Hubal" ە کە بە زوویی لە دەور و بەری مەککە ناوی زۆری دەرکردووە. هۆزی خۆزەعە "Khuzaa'a" بانگی هۆزە عەرەبەکانی دەکرد کە ئەوانیش پەیکەری خوداکانیان لە کەعبە دابنێن. لە سەردەمی پێش ئیسلام نیزیکەی ٣٦٠ پەیکەری خوداکان لە ناو و دەرەوەی کەعبە کۆکردبوونەوە.[٧٠] تەنانەت کاری مەسیحییەکان و وێنەی مەسیحیش بە پێی مێژووناس ئەلئەزرەقی "al-Azraqi" لە کەعبە هەڵواسرابوون. ڕەنگە ئەو تۆلەرانس و کۆبوونەوە ئایینییە هەمەڕەنگانە لە جێگایەکی وەك مەککە، شارەکەی کردبێتە ناوەندێکی ئایینی. ئەو تۆلەرانس و بار و دۆخە لە پێناو بەرژەوەندیی هۆزی خۆزەعە دا بوو کە داهاتێکی باشیان لە زیارەتکەران وەردەگرت.

[٦٩] Tilman Nagel: Mohammed. Leben und Legende, S. ١٥٥f.

[٧٠] Ibn al-Kalbi: Al-Asnām, S. ٢٢

## پڕۆژەی کۆنی یەکگرتوویی نەتەوەی عەڕەب

هۆزی محەمەد، واتە قورەیش، سەردەمێکی زۆر پێشتر لە یەمەنەوە کۆچیان کردبوو. زۆربەی بنەماڵەکانی ئەو ناوچەیە لە کۆتایی سەدەی چوار و دەستپێکی سەدەی پێنجەمدا بۆ مەککە کۆچیان کردووە و لەگەڵ هۆزی خۆزەع لە ئارامی و تۆلەرانسدا بە شێوەی ئاشتیخوازانە ژیاون. مرۆڤێکی کاریزماتیك بەناوی قوسەی ابن کیلاب "Qusai Ibn Kilab" توانیویە تاقمێك لە هۆزە عەڕەبەکان یەك بخات و خۆی سەرکردایەتیی هۆزی قورەیش وەدەست بێنێ. قوسەی ابن کیلاب بە پێی مێژوو نووسانی ئیسلامی چوارەمین باوکەگەورەی محەمەدە. قوسەی لە سووریا گەورە بووە و بە گەنجی ڕووی کردۆتە مەککە، هەر وەك دەیبینین بە ئیدەیەکی نوێش تەیار بووە. قوسەی لەگەڵ زۆربەی گرووپ و باندە ڕێگرەکان و شەڕکەرە وەحشییەکانی دەور و بەری مەککە خۆی ڕێکخستووە. بەوهۆیەوە توانیویە هۆزی خۆزرع بە پێی کات بە زۆریی لە مەککە وەدەر نێ. ئیتر شارەکە لە ژێر حکوومەتی ئەودا بوو، نەک هەر پارێزگاریی شت وەکی بازرگانی دەکرد بەڵکوو کارێکی وای کردبوو هۆزی قورەیش بە تەنیا خۆیان کاری بازرگانی لەگەڵ سووریا، کە دیارە لەژێر کۆنترۆڵی خۆێشیدابوو، بەڕێوەبەرن.

هەروەها ڕاگەیشتن بەسەر زیارەتکەران بە شێوەیەکی نوێ و کارزانانە لە لایەن ئەو هۆزەوە ئورگانیزە کرابوو. بە هەرکام لە دە بنەماڵەکانی قورەیش کارێکیان پێ ئەسپاردراوبوو. هەر کام لەوان بەهۆی زۆربوونی ژمارەی زیارەتکەران بەهرەی باشیان پێ دەگەیشت. هاوتەریب لەگەڵ ئەوانەش، قوسەی فۆرمێکی نوێی ڕێکخراوەی سیاسی پێکهێنا. ئەو پارلەمانێکی بنەماڵەیی پیکهینا کە وەڵامدەری پرسیارە گرنگەکان و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاری زیارەتکەران و کار و باری بازرگانی بوو. قوسەی ئەو ڕێکخراوەیەی ناو نابوو: دار ئەلنەدوە "*dār an-nadwa*" کە بە مانای "خانووی ڕاوێژکردن" بوو. هەرکام لە بنەماڵەکان نوێنەرێکیان لەو پارلەمانەدا هەبووە و

هەرکامیشیان مافی "ڤێتۆ"یان پێ درابوو، بەو مانایە کە بڕیار لەسەر پلان دانان تەنیا بە یەکدەنگی هەموو بنەماڵەکان دەدران. کێشەی نێوان بنەماڵەکانیش بە هەمان شێوە لە لایەن ئەو کومیتەیەوە چارەسەر دەکران. نە بەندیخانە هەبوو و نە سەزای لە سێدارە دان. هەر کەس کارێکی خراپی کردبایە بە پێی پلەی کارەکەی بۆ ماوەیەك یاخود بۆ هەمیشە لە شاری مەککە دەردەکرا.

بە پێی کات شارێکی بچووکی وەك مەککە، بوو بە ناوەندێکی گرنگی ئایینی، سیاسی و بازرگانی. پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ سووریا هەمیشە پەنجەرەیەکی نوێی بۆ دنیا لەسەر ئاواڵە دەهێشتەوە. بەو هۆیەوە دەستکەوتی وەها roویان لەو ناوچەیە دەکرد کە تا ئەو کات بۆ دنیای عەرەب زۆر نامۆ و بێگانە بوون. مەککە وەك زیارەتگا و جێی بازرگانی، پێویستیی بێ ئەملا و ئەولای بە ئاشتیخوازی و ئارامیی هەبوو. ئەو شارە وەك ناوچەیەکی دوور لە شەڕ و سیمبولێکی ئازادیی لێهاتبوو. پەیمانی ئاشتی لەگەڵ زۆربەی هۆزەکانی سەر ڕێگای کاروانی بازرگانیی نێوان مەککە و سووریا بەسترابوو. داهاتی ئەو کارە بازرگانییە بۆ هەموو لایەنەکان دەورێکی حەیاتیی دەگێڕا و هەر بەو هۆیەشەوە بە هەموان پارێزگارییان لێ دەکرد.

هەر بێگانەیەك لە مەککە بەدوای پاڕاستندا بگەڕایە بە پێی یاسا وەری دەگرت. سەرەڕای ئەوانە سەرچاوە ئیسلامییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە شاری مەککە پێش محەمەد بێ یاسا و بێ ئاکار بووە. قورئان، سەردەمی پێش ئیسلام بە جاهلییەت"dschahiliyya" ناو دەبات، پەرجۆیەك کە زۆر جار لە مێژوودا دووپات بۆتەوە: واتە ئایینێکی نوێ، یا ئیمپراتۆرییەکی نوێ دەبێ بۆ بە فەرمی کردنی حکوومەتەکەی خۆی، حکوومەتی کۆن "Ancien Régime" بە ئاکاری شەیتانی دابنێ. سەرەڕای ئەوانەش دەبێ محەمەد کاتێ دواتر شاری مەدینەی گرتەوە، لە زانست و گەشەسەندن و ستروکتووری بەڕێوەبردنی شارەکە و لە ئەزموونەکانی پێش سەردەمی ئیسلام بەهرەمەند بووبێ و کەڵکی لێ وەرگرتبێ: پرەنسیبی بڕیاردانی هۆزەکانی هێشتەوە و ناوی شووڕا "Schura"ی لەسەر دانا. داب و نەریتی زیارەتکردنی بوت پەرەستەکانی هەر وەك خۆی هێشتەوە. هەروەها پەیوەندیی لەگەڵ سووریا پەرە پێدا، کە بۆ محەمەد گرنگایەتییەکی حەیاتیی هەبوو. محەمەد تەنیا بوونی ئایینی هەمەڕەنگی لە مەککە بە کەڵەگایی و زۆرەملی لەناو برد و تووناى کرد، کاتێ حکوومەتی

بەدەستەوە گرت. تەنانەت رێککەوتن لەگەڵ رێگر و پیاوکوژەکانی وەك داب و نەریتی پێشووی هۆزی قورەیش وەك خۆی هێشتەوە و درێژەی پێدا.

محەمەد ئەو کارەی کرد وا قوسەی نەیتوانی بیکا. قوسەی تەنیا هۆزی قورەیشی لەگەڵ یەکتر رێك خست، بەڵام محەمەد نیزیکەی نیوەی هۆزەکانی عەرەبستانی خستە ژێر چەترێکەوە. سەرەرای ئەوانەش محەمەد پێکهاتێکی ئەفسانەیی، مێشکێکی گشتی، ئایینێکی هاوبەش و تەنانەت کتێبێکی پیرۆزیشی خەڵاتی نەتەوەکەی کرد. ئەو کتێبە بووە هۆی پێکهاتنی زمانێکی هاوبەشیش کە تا ئەمڕۆ لە ٢٢ وڵاتی عەرەبی قسەی پێدەکرێ و پێی دەنووسرێ. لەوانەش گرنگتر: ئەو دوژمنێکی هاوبەشی بۆ دۆزینەوە: ئەو دوژمەنە، هەندێک جار یەهوودییەکان بوون، هەندێک جاریش رۆمییەکان یاخود ئێرانییەکان. ئەو، ئەسڵی 'تەوحید'ی لەگەڵ داب و نەریتی کۆنی بوت پەرەستیی عەرەبی وەك فۆرمێکی هاوژین، تێکەڵاو کرد کە بۆ عەرەبستان بێگانە بوو. ئەو نەک هەر ئیبراهیمی وەك باوکی هەموو عەرەب ناساند بەڵکوو ئیبراهیم و کوڕەکەی واتە ئیسماعیلی بە سازکەرەوەی دوبارەی بینای کەعبە دانا. بە بۆچوونی محەمەد کەعبە لە لایەن ئادەم و فریشتەکانەوە ساز کراوە ئەو کاتەی لە بەهەشت دەرکراون. بەڵام هەموو ئەو حیماسە و دەستکەوتانە هیچ کارلێکەرییان نەدەبوو ئەگەر محەمەد بە زەبری شەڕ و زۆرەملی نەتەوەی عەرەبی ناچار بە یەکگرتوویی نەکردبا. بۆ ئەو کارە لە دەستکەوت و ئەزموونەکانی قوسەی، هاشم و عەبدولموتەلیب کەڵکی وەرگرت.

تاقمێك پسپۆری ئیسلامیی وەك ڤۆلکر پۆپ "Volker Popp" لەسەر ئەو بۆچوونەن کە وشەی قورەیش تەنیا وەرگێڕانی عەرەبی لە زمانی ئارامییەوە "aramäischen" یە و لە وشەی قاریشا "*qarisha*" وەرگیراوە کە نیشاندەری یەکگرتوویی عەرەب و سووریا لەسەردەمی رۆمییەکاندا بووە.[٧١] ئەو شتە ڕوونە، کە رۆمییەکان، دژ بە ئێرانییەکان، بەدوای پەیرەو و هاودەنگ و لایەنگر لەناو هۆزە عەرەبەکان لە سووریە و لە نیمچە دوڕگەکانی عەرەبیدا دەگەڕان. تەنانەت سەرچاوە ئیسلامییەکانیش ئاماژە

[٧١] Volker Popp, in: Karl-Heinz Ohlig (Hrsg.): Der frühe Islam. Eine historisch-kritische Rekonstruktion anhand zeitgenössischer Quellen, S. ٤٨

بە سەفەری هاشم باوکە گەورەی محەمەد دەکەن کە رێککەوتنێکی لەگەڵ قەیسەری رۆمییەکان دژ بە ئێرانییەکان پێکهێناوە. ال بەغدادی "Al-Baghdadi" لە "کرۆنۆلۆگیی"[٧٢]ەکەیدا لەسەر قورەیش دەگێڕێتەوە کە کەسێك بە ناوی عوسمان ابن ال هەواریت "Uthmān Ibn al-Huwairith" کوڕە پوورێکی مەسیحیی خەدیجەی ژنی محەمەد، پێشنیاری بە قەیسەری رۆمیی کردووە کە بیکا بە شای مەککە. بۆ فەرمبووکردنەوەی ئەو کارە دەبوو عوسمان ابن ال هەواریت هەوڵ بدا مەککە بکاتە شارێکی مەسیحی و هەموو عەرەبەکان بخاتە ژێر حوکمی قەیسەرەوە. قەیسەر مل بۆ ئەو پێشنیارە دادەنوێنێ بەڵام لە ڕێگای گەڕانەوەی عوسمان بۆ مەککە، لە لایەن چەند کەسی ناشوناسەوە دەکووژرێ.[٧٣]

من پێموایە ئە بەشە لە ڕاستیدا لە پەیوەندیی یەکگرتوویی نێوان هۆزی قورەیش و رۆمییەکان وەك بەرپرسی شاری سووریا رووی داوە. تەنیا عەرەبە مەسیحییەکان لە باکووری نیمچە دورگەکانی عەرەبی و سووریا توانیویانە رێککەوتنێکی وا لە مابەین مەککە و رۆمییەکانی سووریا پێك بێنن. هەر ئەوانیش بوون کە لە ساڵی ٦٢٢ ی دوای زایین لە ئاسیای بچووك یارمەتیی رۆمییەکانیان دژ بە ئێرانییەکان کرد. ئەو ساڵە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا جگە لە مێژوونووسانی ئیسلامی، بە "ساڵی عەرەب" ناونراوە. هەر لەگەڵ ئەویش رێکەوتی ئیسلامی دەستپێکردووە. بۆ موسوڵمانان ئەو ساڵە زۆر گرنگە، چونکە کۆچ یاخود هیجرەتی محەمەد لە مەککەوە بۆ مەدینە لەو ساڵەدا رووی داوە و وڵاتێکی ئیسلامیی بونیات نراوە. ڤۆلکر پۆپ لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی رۆمییەکان بەسەر ئێرانییەکاندا، مافی سەربەخۆیی بۆ عەرەبە مەسیحییەکان مسووگەر بووە. ئەوە دەیسەلمێنی کە گرتنەوەی بیزانس، دوای مردنی محەمەد بەو شێوەیە نەبووە وەك لە مێژوودا باسی لێدەکەن، بەڵکوو بیزانسییەکان بە هۆی بەرژەوەندییە ئیمپریالیستەکانیەوە ئەو ناوچەیەیان بەجێ هێشتووە و پێش ئەوەی ئەو ناوچانە بەجێ بێڵن، پەیمانی سەربەخۆییان لەگەڵ سووریە و میسر ئیمزا کردووە. حکوومەتیش هەرئەو کاسانە بەدەستیانەوە گرت کە یارمەتیدەری رۆمییەکان بوون و وەك خەڵاتێك ئەو کارەیان پی ئەسپێررا. ئەوە چەشنە

---

[٧٢] گێرانەوەی مێژوویی بە پێی رێککەوت

[٧٣] Al-Baghdadi: Al-munammaq fi akhbar quraisch, S. ١٥٤ff.

خوێندنەوەیەکی سەرنجڕاکێشی مێژووییە. جێی باوەڕە کە ئەو ڕێکەوتە دەورێکی گرنگی بۆ وەدەستکەوتنی هێز بەهۆی عەڕەبەکانەوە بینیوە بەڵام هاوکاتیش وێدەچێ کە موسوڵمانەکان تەنیا خۆیان لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە ڕێك خستبێ. کاتێ ئەوان هەستیان بە سەرکەوتوویی عەڕەبەکان بەسەر ئێرانیەکانیاندا کرد، خۆیان لەگەڵ ئەو عەڕەبانەی وا پێشتر لە خزمەت رۆمیییەکاندا بوون، خست و لەگەڵیان پێکهاتن. ئەوە تەنیا ڕێگایە بۆ ڕوونکردنەوەی سەرکەوتوویی گورجی عەرەبەکان لە ساڵی ٦٣٥ دا بەسەر سووریا و لە ساڵی ٦٤١ دا بە سەر میسر بوو.

## محەمەد و ٤٠ هەزار چەتەی عەرەب

هەڵسەنگاندنی کەسایەتی محەمەد لە لایەن موسوڵمانانەوە نەك بەهۆی تایبەتمەندیی ئەخلاقییە، بەڵکوو بەهۆی پەرستنەوەیە، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە محەمەد ئاخرین پێغەمبەری خودایە و بۆتە هۆی یەکیەتیی وڵاتە عەرەبییەکان و لە کۆتاییدا کردنیان بە هێزێکی جیهانی. چلۆن ئەو یەکیەتییە پێکهات و بۆچی ئیسلام لە ناوخۆدا تەنیا چەند ساڵێك بەهێز مایەوە، بە گشتی لەجیاتی ئەوی بە چاوی رەخنەوە سەیر بکرێت بە شێوەیەکیتر هەڵس و کەوتی لەگەڵدا دەکرێ.

هەر چەند کێشەی عەرەب لە دوای محەمەد زیاتر دەبوو، لێك دادەبڕان و بێ هێزتر دەبوون، بەو ڕادەیەش زیاتر ڕێز و خۆشەویستییان لە هەنبەر محەمەد بەهێزتر دەبوو و بۆ زیندووکردنەوەی سەردەمی پایەبەرزی ئەوکات، چاوچنۆکتر دەبوون. بەو هۆیە ڕەخنە لەسەر محەمەد تا ئەمڕۆش لەگەڵ بەرگرییەکی بەهێزی موسوڵمانان ڕووبەڕوودەبێتەوە، بەڵام نەك هەر بەهۆی کەسایەتیی محەمەدەوە، بەڵکوو زۆربەی ئەوان ئەو ڕەخنەیە بە سووکایەتیی ڕاستەوخۆ بە ناسنامە و وجوودی خۆیان مانادەکەنەوە و دایدەنێن. ڕەخنە، حیماسەکەیان دەخاتە ژێر پرسیار و ئاواتی گەڕانەوە بۆ سەردەمی محەمەد لەناو دەبا. ئەو هەستە، تێکەڵاوییەکە لە نۆستاژی، غروور و خۆپەرستیی بە بنەمایەکی پوچەڵەوە، بۆ خەونی وەدەستگرتنی هێزی دوبارە.

هەر وەك پێشتریش باسمان لێوەکرد، لە هەوەڵەوە خەڵکانی مەککە گوێیان بۆ پەیامەکەی محەمەد ڕانەگرت. تەنانەت هۆزەکەی خۆی واتە هاشمییەکان کە بێ ئەوەش بە چاوی ڕەخنەوە سەیری محەمەدیان دەکرد، هێندەیتریش خۆیان لێ دوور خستەوە. پەیامەکەی بۆ بانگەوازی خودایەکی یەکتا و هەڕەشە لە سووتاندنی ناو جەهەنەم، هیچ کارتێکەرییەکی لەسەر خەڵکیی دانەنا. دوای دەساڵی ڕەبەق کاری بەردەوامی محەمەد بۆ دووپاتکردنەوەی پەیامەکەی کە زیاتر لە ٣ هەزار ئایەی قورئانیشی بۆ دروست کردبوون، تەنیا چەند کەس باوەڕیان پێ هێنابوو. تاقمێك لەوان

کۆیلە بوون، برێکیشیان تاجری دەوڵەمەندی بنەماڵەی قورەیش بوون کە لە سەر زگی تێر، خەونی شۆڕشێکی رووحانیان دەبینی. تاقمێکیش لە لایەنگرانی، مرۆڤی دز و چەتە و ڕێگر بوون کە لە هۆزەکانیان دابڕابوون و بە تەنیا مابوونەوە.

دژایەتیی کردنی محەمەد لە لایەن خەڵکییەوە، لە هەوەڵ ساڵەکاندا زۆر بەرچاو نەبوو، چونکە ئەو کات شارەکە بۆ بانگەوازی هەموو خوداکان و باوەڕەکان زۆر کراوە بوو. لە دەور و بەر و ناوەوەی کەعبە لایەنگری هەموو باوەڕەکان قاویان بۆ خوداکانی خۆیان دەدا و تا ئەو جێگایەی مەترسییان بۆ کاری بازەرگانی پێك نەهێنابا، خەڵکی مەککە کاریان پێیان نەبوو. ئەو کارەی محەمەدیش لەوێ دەیکرد واتە باوەڕ بە خودایەکی تاقانە، شتێکی نوێ نەبوو و پێشتریش لە لایەن عەرەبە مەسیحییەکانی سوریە و یەهوودییەکانەوە بۆ خەڵکیی ناسراو بوو. سەرەڕای ئەوانەش لە مەککە گرووپێک بە ناوی هەنیف یاخود حەنیف "Hanifen" هەبوون کە دژ بە چەند خودایی و خواردنەوەی ئەڵکۆڵ و زیناح واتە نیزیکیی پیاوی ژندار لەگەڵ ژنێکیتریان لەقاو دەدا، خودای ئیبراهیمیان بە خەڵکیی دەناساند، بەڕۆژوو دەبوون، دۆعایان دەکرد و باوەڕیان بە زیندوو بوونەوە دوای مردن هەبوو.

کاتێ محەمەد دەستی بە بانگەواز بۆ ئایینەکەی کرد، قسەی لەسەر ئایینێکی نوێ بە ناوی ئیسلام نەکرد، بەڵکوو بانگی بۆ میللەتی ئیبراهیم "*millat Ibrahim*" واتە ئایینی ئیبراهیم دەکرد. بەگوێرەی ژیننامەکەی ابن ئیسحاق، دەبێ محەمەد ٣ ساڵ بە نهێنی لە نێوان لایەنگرە نیزیکەکانی و چەند لە ئەندامی بنەماڵەکەی باسی لە پەیامەکەی کردبێ. بەڵام من خۆم ئەو کارە بە زێدەڕۆیی دادەنێم، چونکە لە شارێکی ئازادی وەك مەککە هیچ پێویستییەك بەو کارە نەبووە. بە پێی نووسراوەکەی ابن ئیسحاق دەبێ محەمەد قسەی بۆ سەرانی هۆزەکەی کردبێ و پێی ڕاگەیاندبێتن باوەڕ بە خودای تاقانە بێنن. مامی واتە عەبدئەلعزی "Abd al-Uzza" تف و لەعنەتی لێکردبێ و گوتبێتی: "محەمەد، هیوادارم بکەویە جەهەنمەوە، تۆ هەر بۆ ئەو کارە قۆڕە ئێمەت لێرە کۆکردۆتەوە؟" بە شێوەیەکی هاوچەشن خەڵکانی مەککەش دواتر تەنیا بە قسە و جنێو محەمەدیان لەخۆیان دوور کردۆتەوە.

لە دەهەمین ساڵی پەیامەکەیدا کە هەروەها سەرنەکەوتوو مابۆوە، دەبێ مەحەمەد ئازارێکی زۆری کێشابێ و ژیانی پێ تاڵ کرابێ. سەرەڕای ئەوەش هەر لەو ساڵەدا ژنەکەی، خەدیجە و مامی محەمەد، واتە عەبدولموتەلیب، کە یەکەمین کەسان بوون ئیمانیان پێ هێنابوو، دەمرن. بەتایبەت مەرگی خەدیجە دەبێ زۆری پەریشان کردبێ، چونکە ئەو تەنیا کەس بوو کە هەمیشە بۆ درێژەدان بە کارەکەی یارمەتیدەر و پشتیوانی بووە. بەدوای ئەو کارەساتانە و ناهومێدیی زۆر، محەمەد بڕیار دەدا کارەکەی لە دەرەوەی مەککەوە درێژە پێ بدات. یەکەمین وێستگەی شاری تائیف بوو. بەڵام کاتێ لەوێش هەوڵی خوێندنەوەی سووڕەی قوڕئانی بۆ خەڵکی دا، تەنیا پێی پێ کەنیون و جەفەنگیان پێ کردووە. بە پێی نووسراوەکەی ابن ئیسحاق لە لایەن منداڵان و کۆیلەکانی ئەو شارەوە بەردەباران کراوە و هۆزەکانی شاری تائیف بڕیاری دەرکردنی محەمەدیان لەو شارە داوە. بریندار و سەرکوتکراو گەڕاوەتەوە بۆ مەککە. لە شاری مەککەش لەژێر سێبەری هۆزەکانیتردا خۆی وەدیار دەخست، چونکە هۆزی قوڕەیش محەمەدی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە تەنیا بۆ هاندانی هۆزەکانی تائیف دژ بە قوڕەیش مەککەی بەجێ هێشتووە.

لای کەم لەو بارودۆخەدا محەمەد دەبێ هەستی بەوە کردبێ کە بە هێمنی و ئارامی و بە بێ شەڕ و زۆرەملی، کارەکەی بۆ پێش ناخرێت. بەو هۆیەوە بۆ پێکهێنانی هێزێکی بەکرێگیراوی سەربازیی، هەوڵی پەیوەندیی لەگەڵ هۆزە چەکدارەکان داوە. دیارە کارێکی دژواری دەستپێکردبوو، چونکە لەبەرانبەر ئەو یارمەتییە هیچ شتێکی نەبووە بتوانێ سەرنجی ئەو هۆزانە بەرەو خۆی ڕاکێشێ. یار و دۆستی هاوڕێی محەمەد واتە ئەبووبەکر یارمەتیداوە و لە بەحرەینی ئەمڕۆیی کۆبوونەوەیەکی لە مابەین محەمەد و هۆزی شەیبان "Shaiban" پێکهێناوە. هۆزی شەیبان وەك هۆزێکی شەڕکەر و ئازا لە ناوچەکەدا ناسرابوون و چەند ساڵ پێشتر توانیبوویان پاشەکشە و شکەست بە ئێرانیەکان بێنن. محەمەد دەیویست پەیمانێك لەگەڵ ئەو هۆزە دژ بە هۆزی قوڕەیش پێك بێنێ و بەڵێنی بەو هۆزە دابوو، بەو مەرجەی پشتیوانی لێ بکەن،

لە ماوەیەکی کەمدا ناوچە عەرەبییەکان دەگرێتەوە و ماڵ و حاڵیان بۆ ئەوان دەبێ و ژنەکانیشیان وەك کۆیلەی سێکسی دەتوانن لای خۆیان ڕاگرن.[٧٤]

بەڵام هۆزی شەیبان پێشنیارەکەی محەمەدیان قەبووڵ نەکرد. چونکە هیچ پێویستییەك نەبوو هۆزێکی خۆشەویستی وەک شەیبان لەسەر هیچ و خۆڕایی دژ بە هۆزی قوڕەیش بچێتە شەڕەوە. تەنانەت هۆزی کینداە "Kindah"ش کە بەهۆی خزمایەتی بەرەی دایکی محەمەدەوە پەیوەندییان لەگەڵی هەبوو، ئەو کارەیان ڕەد کردەوە و هاوکاریی محەمەدیان نەکرد.

هۆی سەرەکیی ڕەدکردنەوەی پێشنیارەکەی محەمەد لە ڕوانگەی بنەماڵەکانی ئەو سەردەمە ئەوە بوو ئەو هۆزانە پشتیوانیکردنی کەسێك کە دژ بە بنەماڵەی خۆی ڕادەوەستێ، پێیان بە کارێکی بێ ئەخلاقیی و نا ئینسانی بووە. لەو سەردەمەدا کاری لەو چەشنە واتە ڕاوەستان دژ بە گۆشت و خوێنی بنەماڵەی خۆ، تەنیا لە لایەن بەکرێگیراو و دز و چەتەوە بەڕێوە دەچوو. چەند ساڵ دواتر کاتێ محەمەد ناسراو ببوو و هێزی گرتبوو، ئەو دوو هۆزە چوونە ڕیزی سوپای ئیسلام. بەتایبەت هۆزی شەیبان دەبێ دواتر لە شەڕەکانی سەردەمی عومەر دژ بە ئێرانییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕابێت. محەمەد بۆ دۆزینەوەی پشتیوانی ناچار بە ڕێککەوتن لەگەڵ چەتە، ئاوارەکان و ئەو گرووپانەی مەسەلەی ئەخلاقییان لا گرنگ نەبوو، بکەوێ.

پێش ئەوەی شەڕکەرەکانی داعیش لە سووریە و عێراق ناوچەی خەلافەت دابمەزرێنن، لەگەڵ هۆزە سونییەکان و هێزی سوپای تایبەتیی بەجێمای سەدام حوسێن کەوتن. هەروەها بڕێك لە شەڕکەرەکانیش بەهۆی دزی و حیزی و کاری خراپەوە، لە کۆمەڵگا ئورووپییەکان دابڕابوون، بۆ بە گرنگی پێدان و بە حیساب هاتنی خۆیان، بەدوای جێگایەکدا دەگەڕان، هاتبوونە ناو داعیشەوە. بە بێ ئەو پێکهاتن و ڕێکەوتنانە، هەڵمسان و گەورەبوونەوەی گرووپێکی تیرۆریستیی وەك داعیش لە ماوەیەکی ئەوا کەمدا نەگونجاو بوو.

---

[٧٤] Ibn Kathir: Al bidaya ٣:١٦٠; Ibn Kathir: Sira, ٢:١٦٦

پەیوەندیی و پێکهاتنێکی لەوچەشنە، کە لەسەر بنەڕەتی ئایینی بنیات نراوە، لە مێژووی ئیسلامدا نموونەی زۆرە و داب و نەریتێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئۆسامە بن لادن هاوکات پەیمانی لەگەڵ چەندین گرووپ بەستبوو وەك ئەو ئیسلامیستانەی وا لە وڵاتە عیرەبییەکان ئاوارە ببوون، سەرکردەی مافیا و مادە سڕکەرەکان و قاچاخچییەکانی ئەفغانستانی و .... دواتریش لەو چێشتی مجێورە ئەلقاعیدە پێك هات. لە سەردەمی نیوەی یەکەمی سەدەی ١٨ دا مەلیکی نەجد"Nadschd"، محەمەد بن سعوود لەگەڵ پێکهێنەری وەهابییەکان محەمەد ئیبن عەبدولوەهاب، یەکییەتیان پێکهێنا. ئەزموونی ئەو پێکهاتنە کە تەنانەت تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، سیستەمی پادشایی عەرەبستانی سەعوودییە. بەڵام دایکی هەموو پێکهاتنەکان لە نێوان محەمەد و دوو هۆزی مەدینەدا بووە، بە ناوی ئەلعەوس "al-Aos" وئەلخەزرەج "al-Khasradsch".

کاتێ محەمەد لە لایەن ئەو هۆزانەوە رەد کرایەوە کە ئارەزووی بوو رێککەوتنیان لەگەڵدا بکا، هەوڵی بۆ نیزیکبوونەوە لە هۆزە شەڕخوازەکانی یەثریب دا، کە لە ٤٠٠ کیلۆمیتری باکووری مەککە هەڵکەوتبوو. بەڵام بۆچی زیادە لەو هەموو ناوچانە، یەثریب؟ ئەو شارە بۆچی بۆ محەمەد هێندە گرنگ بوو؟ یەثریب ڕاست لە سەر ڕێگای بازرگانیی کاروانچییەکانی سوریە و مەککە هەڵکەوتبوو. دوای چەندینساڵ هەوڵ دان لە ڕێگای هێمنی و تەنیا بەهۆی هێزی ئاخافتن، ئەمجارە دەیویست پەیامەکەی ئەگەر بە ناچاریش بووبێ بە زۆر و لە ڕێگای شەڕخوازییەوە ڕابگەێینێ. ئەگەر هێرشی بۆ سەر کاروانچییەکانی دەور و بەری شاری مەککە بکردایە، دەیزانی کە بە پەلە هێزی نیزامی لە مەککەوە دێتە سەریان. بەڵام ئەگەر ئەو کارەی لە یەثریبەوە دەست پێبکردایە، خۆی و باندەکەشی بە بێ کێشە و کۆسپ لە ئەماندا دەبوون.

هەر وەك هۆزی قوڕەیش، هۆزەکانی ئەلعەوس "al-Aos" و ئەلخەزرەج "al-Khasradsch"یش زەمانێك لە یەمەنەوە هەڵاتبوون و پەنایان بۆ باکووری نیمچەدورگەی عەرەبی واتە یەثریب هێنابوو و لەوێ گیرسابوونەوە. لەو سەردەمە و لەو "خەمرك"[٧٥] ەدا تەنیا ٣ هۆزی یەهوودی دەژیان. یەهوودییەکان ئەو دوو هۆزەیان ڕێگا دا، بەڵام بەو مەرجەی، دەبوو تەنیا لە دەور و بەری خەمرەك جێ بۆخۆیان

---

[٧٥] خەمرك بە ناوچەیەکی سەوز و پردار دەگوترێ.

تەرخان بکەن و ئیزنی ژیان لەو ناوەیان پێ نەدابوون. لە پەنا ئەوی کە یەهوودیەکان ژیانی خۆیان بە وەرزێری، مامڵە و بازرگانییەوە هەڵدەسووڕاند، ئەو دوو هۆزە خەریکی فێربوون و بەڕێوەبردنی شەڕ و کار و باری نیزامی بوون. چەندین جار بە بێ سەرکەوتویی هەوڵی دەرکردنی یەهوودیەکانیان لەو ناوچەیە دابوو. لە نیوەی دووهەمی سەدەی شەشەمدا کەسێك بە ناوی مالك ابن عەجلان"Mālik Ibn Adschlān" کە یەك لە سەرکردەکانی ئەلخەزرەج بوو، سەرکردە یەهوودییەکانی بۆ زیافەتێك بانگشتێن کردوە و لەوی دەستووری کوشتنیانی داوە. ئەوان بەدوای ئەو کارەساتەوە توانیان چەند لە ناوچە پارێزکراوەکانی شارەکە کە تەنیا یەهوودی لێ دەژیان، بخەنە ژێر کۆنتڕۆلی خۆیانەوە. بەڵام بەشێوەی بەردەوام هەرگیز نەیانتوانی لەو ناوچەیە حوکمرانی بکەن. کوڕەکی مالك دواتر ئایینی ئیسلامی قەبووڵ کرد و شان بەشانی محەمەد ساڵی ٦٢٤ دژ بە هۆزی قورەیش لە شەڕی بەدردا بەشدار بوو.[٧٦]

ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە، کە بۆچی دوو هۆزی ئەلعەوس و ئەلخەزرەج کەوتوونەتە بەرەی محەمەدەوە؟ هۆزی ئەلخەزرەج لە چەند لاوە لەگەڵ محەمەد خزمایەتییان هەبوو. باوە گەورەی محەمەد، هاشم، لەگەڵ کچێکی ئەو هۆزە زەماوەندی کردبوو، و باوە گەورەکەی تری، واتە عەبدوولموتەلیب، لە یەثریب لەدایك ببو و سەردەمی گەنجیشی هەرلەوێ تێپەڕ کردبوو. ئەو، شەڕکەرەکانی ئەو ناوچەیەی باش دەناسی و جارێکیان کاتێ لەگەڵ کوڕی پووری خۆی لەسەر زەوییەکی پەنا کعبە کێشەیان لێ پەیدا ببوو، لەگەڵ خۆی بۆ مەککەی هێنابوون. لێرەدا دەبینین کە ئەو هۆزە پابەندی داب و نەریتی ئەو ناوچەیە واتە یارمەتی نەکردنی ئەو کەسانەی دژ بە بنەماڵەی خۆیانن، نەبوون. هۆزی ئەلعەوسیش وەك شەڕکەری بەکرێگیراو هەر کەس پارەی پێبدایەن شەڕیان بۆ دەکرد و هەر کارێك بەهرەی بۆیان تێدا بایە، بەشداریان تێدا دەکرد.

لەسەر کۆچی محەمەد بۆ یەثریب سەرچاوە ئیسلامییەکان بە شێوەی ئیدیالیستی دەدوێن و دەگێڕنەوە: "محەمەد ١٣ ساڵ بە هێمنی و لە ئارامیدا لە شاری مەککە هەوڵی

---

[٧٦] Ali, Gawad: Al-Mufassal, ٤:١٣٤

بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی داوە، بەڵام بە پێی کات دوژمنێکی زۆری بۆ پەیدا بووە و زۆر ئازاریان پێ گەیاندوە. لە کۆتاییدا خەڵکی مەککە هەوڵیان داوە محەمەد لە ناو بەرن، بەڵام خودا ئەمری پێکردووە ئەو شارە بەجێ بهێڵێ". هەروەها دەڵێن: "دوو هۆزی ئەلعەوس و ئەلخەزرەج لە یەثریب ماوەیەکی زۆر دژ بە یەکتر لە شەڕدابوون، لەو شەڕە ماندوو ببوون و بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕان کۆتایی بە شەڕەکەیان بهێنن. محەمەد ئەو دەورەی وە ئەستۆی خۆی گرتووە و وەك نێوانجیگەرێک ئەو دوو هۆزەی ئاشت کردۆتەوە و بەو هۆیەوە هەر دووکیان ئایینی ئیسلامیان قەبووڵ کردووە."

لە ڕاستیدا نە هۆزەکانی مەدینە لە شەڕ ماندوو ببوون و نە محەمەد بۆ دۆزینەوەی ئاشتی بەدوای جێگایەکدا دەگەڕا. چونکە هیچ ناوچەیەك، هیچ شارێك لە تەواوی عەرەبستانی ئەوکاتدا لە مەککە ئاشتیخوازتر نەبووە. شارەکە، بەهۆی زیارەت و بازرگانییەوە، ناچار بوو خۆی لە شەڕ دوور ڕاگرێ. بەڵام محەمەد بە هەر شێوەیەك بوو، دەیهەویست شەڕ لە مەککە ساز بکات و ئەو ئارامییە تێك بدات، هەر بۆیەش بەدوای یەکگرتوویی لەگەڵ هۆزە شەڕخوازەکاندا دەگەڕا.

پێش ڕۆیشتنی محەمەد بۆ یەثریب لەگەڵ ٧٣ کەسی هۆزی ئەلعەوس و ئەلخەزرەج دانیشتنی کردبوو. لە کۆتاییدا پەیمانی هاوکاریی ئەو دوو هۆزە و محەمەد ئیمزا کرا. هەردوو هۆزەکە دەبوو دوژمنانی محەمەد وەك دوژمنی خۆیان سەیر بکەن، بەڵام ترسیان لەوە بوو ئەگەر زەمانێك محەمەد لەگەڵ هۆزی قورەیش ئاشتیی بکاتەوە، ئەوانی لەبیر بچێتەوە. محەمەد لە وەڵامدا گوتوویەتی: "نا، ئەوە خوێنە، خوێن، ئەوە تووناکردنە، توونا کردن. من لە ئێوەم و ئێوەش لە منن."[٧٧] دوای ئەوە شەڕکەرەکان ویستوویانە ئەو یەکیەتییە تاقی بکەنەوە، پێشنیاریان بە محەمەد کردووە هێرش بەرنە سەر منا "Mena"، شارێکی نیزیك مەککە. محەمەد وەڵامی داوەتەوە: "هێشتا ئەمرمان پێ نەکراوە."[٧٨]

لە سەرچاوە ئیسلامییەکەندا گوتراوە: "محەمەد دەیویست مەککە بەجێ بێڵێ، بۆ ئەوەی لە ئاشتیدا پەیامەکەی ڕابگەیێنێ." بەڵام ئەزموونی پێکهاتنەکە هەم لە لایەن

---

[٧٧] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, ٢:١٦٢

[٧٨] Ibn Saa’d: Tabaqat, ١:١٩٠; Al-Baihaqi: Dala’il al-nubuwwa, S. ٤٤٧f.

محەمەدەوە و هەم لە ڕوانگەی هۆزەکانی مەدینەوە، تەنیا پلانی شەڕ بوو. قەولی دەسکەوت و کەل و پەلی لە شەڕ بەدەستهاتووی بە هۆزەکانی ئەلعەوس و ئەلخەزرەج دابوو. بڕیاری گرتنەوەی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان و دابەشکردنی دەسکەوتەکانی شەڕ داڕێژرابوو. ماوەیەکی کورت دوای وەڕێکەوتنی محەمەد بەرەو یەثریب ١٥٠ کەس لە لایەنگرەکانی وەدوای کەوتن.

محەمەد دەیویست لە ڕوانگەی ئابوورییەوە شاری مەککە لەژێر گوشار دابنێ. گەنم لە میسرەوە دەهات و خورما لە یەثریبەوە، محەمەد ناردنی ئەو دوو خۆاردەمەنییەی بۆ شاری مەککە لە یەهوودیەکانی یەثریب قەدەغە کرد. شەڕکەرەکانی چاوەدێریی لەنگەرگای ئەلگار"al-Gar" لە زەریای سوور کە لە پەنا شاری یەثریب بوو، دەکرد و ئەو گەنمانەی لە میسرەوە بۆ مەککە دەهاتن، بۆ خۆیان هەڵدەگرت.[٧٩] هەنگاوی دواتر هێرش بردنە سەر کاروانەکانی سەر ڕێگای مەککە بوو کە لە سووریاوە دەهاتن. محەمەد و لایەنگرەکانی بە هۆی ئەو هێرشانەوە پێداویستییەکانی ژیانیان دابین دەکرد. دواتریش جەزیە، واتە ماڵیاتی سەرانەی وەك سەرچاوەی دارایی، لە یەهوودیی و مەسیحیەکان زیاد کرد.

[٧٩] Al-Qimni: Hurub dawlat ar-rasoul, S. ٣٨f.

## ئەلسەعالیك "Al-Saa'alik"

وشەی ئەلسەعالیك بە مانای ڕێگر، ساختەچی و ڕاونراو هاتووە. ئەو کەسانە زۆربەیان ئەو منداڵانە بوون کە باوکیان نادیار بوون و لە پەیوەندیی نێوان پیاوانی هۆزی قورەیش و کۆیلەی ژنی ڕەش پێست کەوتبوونەوە. منداڵی ئەو چەشن پەیوەندییانە لە لایەن باوکەکانەوە نە دەسەلمێندران، چونکە هیچ هۆزێك پێیخۆش نەبووە، دوو ڕەگە، هەڵگری ناو و نیشانی هۆزەکەیان بێ. "ئەلسەعالیك" بەو کەسانەش دەگوترا کە بەهۆی کارێکی خراپ و نالەبار لە لایەن بنەماڵەکەیانەوە لە ماڵ دەرکرابن. بنەماڵەکەیان لە بازار و لە ناو خەڵکیدا قاویان دەکرد کە ئەو منداڵە ئیتر پەیوەندیی بەوانەوە نییە و ئەگەر لە لایەن هۆزێکیترەوە لێی بدرێ یاخود بکووژرێ، نە داوای خوێنبایی دەکرێتەوە و نە تۆڵەی دەستێنرێتەوە. ئەگەرکوو کەسێکیش بکووژێ، بنەماڵەکەی پارەی تاوانەکەی بۆ ناداتەوە.[٨٠]

لە هەموو ناوچە عەرەبییەکان لە سەعالیك دەترسان چونکە گرووپی زۆر بەهێزی شەڕکەریان لێ پێکهاتبوو. مرۆڤ ناوی "گورگەکانی" لەسەردا نابوون. هێرشیان بۆ سەر کاروانەکان دەبرد، پەیمانی پیاکوژیی بە پارەیان لە ئەستۆ دەگرت و دزێکی زۆر ماهیر بوون. هۆزە عەرەبییەکان بۆ کێشەکانیان بە کرێیان دەگرتن و لە پەنا شەڕکەرەکانیاندا ڕایاندەگرتن.[٨١]

لەسەر شاخی تێهامە "Tehama"ی دەرەوەی مەککە، سەعالیك پەیمانێکی برایانەیان بەستبوو بە ناوی "پەیمانی برایەتیی" و لەوێ پێکەوە ژیانیان دەکرد. ئەو کات چوارمین باوکەگەورەی محەمەد، واتە "قوسەی" بۆ دەرکردنی دژبەرەکانی لە شاری مەککە، لەگەڵیان ڕێ کەوت. هەروەها دووهەم باوەگەورەی محەمەد واتە عەبدولموتەلیبیش دڵی بۆیان لێی دەدا و پەیوەندیی لەگەڵیاندا هەبوو. بۆ هاتنە ناو شاری مەککە تەنیا

---

[٨٠] Al-Zubaidi: Taj al-A'arūs, ١٨:٩٢

[٨١] Ali Gawad: Al-Mufassal, ٩:٦١٦–٦١٧

لەژێر سێبەری عەبدولموتەلیبدا ئیزنیان پێ دەدرا. مامی محەمەد، "ئەلزوبەیر"یش پەیوەندیی لەگەڵیان هەبوو. تەنیا مامەکەیتری واتە ئەبوتالیب دووری لێ دەکردن و پێی کارێکی زۆر خراپ بوو هۆزەکەی پەیوەندیی لەگەڵ دز و چەتەدا هەبێت. بەڵام وێدەچوو محەمەد خۆی ئەو پەیوەندییەی پێ باش بووبێ. لە مەدینەوە هەوڵی دەدا بۆ لەناوبردنی بارودۆخی بازرگانیی شارەکە ئەو چەتانەی نیزیك شاری مەککە هان بدا و بۆلای خۆیان ڕاکێشێ. ئەو خۆی پەیوەندیی لەگەڵ "سەعالیک"ی شاخی تێهامە گرت و پێشنیاری یەکگرتنی پێکردن. محەمەد پێی گوتن: "ئەگەر ئایینی ئیسلام قەبووڵ بکەن، بە بێ هیچ مەرجێك لە ژێر پەنای خۆیدا ڕایاندەگرێ. کۆیلەکانی نێویان ئازاد دەکرێن، هەر کەس لە بنەماڵەکەی دابڕاوە، لای من بنەماڵەیەکی نوێی پێ دەبەخشرێ، ئەو کارانەی تا ئێستا کردووتانە و ئەو خوێنانەی ڕشتوتانە، پێتان دەبخشرێت و ئەو پارە و ماڵەی لەو ڕێگایەوە کۆتان کردۆتەوە، هی خوتانە و کەس ئیزنی زەوتکردنی لێتان نییە.[٨٢]

"سەعالیك" نەک هەر پێشنیارەکەی محەمەد یان قەبووڵ کرد، بەڵکوو بنەماڵەیەکی گەورە بە ناوی غەفار "Ghefar" کە لە ڕێگای دزیکردن و چەتەییەوە دەژیان، بەرەو لای محەمەد ڕاکێشران. ئەو هۆزە لە پەنا دوو هۆزی ئەلعەوس و ئەلخەزرەج دوای بەجێ هێشتنی مەککە گرنگترین پارێزگەری محەمەد بوون. ڕەنگە بۆ زۆر کەس، لە ڕوانگەی پێغەمبەربوونی محەمەدەوە، دەبێ شتێکی ئاسایی بووبێ کە یارمەتی مرۆڤی خراپ و دەرکراو و بێ سەرپەرشت بکا، ڕێگایان بدا، خۆی بە گوناهەکانیانەوە خەریك بکات و بەرەو ڕێگای ڕاست هیدایەتیان بکات. بەڵام مەبەستی محەمەد لە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەو باندانە هیدایتکردنی ئەو مرۆڤانە بەرەو ڕێگای ڕاست نەبووە و بەڵکوو تەنیا بۆ نیازی بەدەستەوە گرتن و قایمکردنی هێزی خۆی لە ناوچەکەدا ئەو کارەی کردووە. ئەو نەک هەر پێشی بە هێرشکردنی ئەو باندانە بۆ سەر کاروانچییەکان نەگرت، بەڵکوو بۆ ئەو کارە، هانیشی دەدان و تەنانەت بە کارێکی باش و لە ڕێگای خودادا دەزانی.

---

[٨٢] Ibn Sa'ad: Al-Tabaqat, ١:٢٤١

لە یەثریب محەمەد خۆی لەسەر ستروکتووری ئۆرگانیزەکردنی کاروباری نیزامی سەعالیك" ڕێك خست. ئیدەی بەرەی برایەتیی و دروشمی "یەکمان بۆ هەموو، و هەموو بۆ یەکمان" ی لەوان وەرگرت. تەنانەت دەست و قاچ پەڕانی ئەو کەسانەی خەیانەت دەکەن، کە دواتر ڕێگاشی بۆ ناو قوڕئان پەیدا کرد، لەوانەوە فێر بوو. ستراتیژی شەڕکردنیانی یەکاو یەك وەرگرت و لە شەڕەکانی داهاتوودا کەڵکی لێ وەرگرت: سەرکردەی "برایەتیی" لە حاڵەتی ئاساییدا یەك لە چواری دەستکەوتی شەڕی وەبەر دەکەوت و سێ لە چواریشی لە نێوان شەڕکەرەکاندا دابەش دەکرا. محەمەد بڕێك دڵ فەراوانتر بوو و تەنیا یەك لە پێنجی دەسکەوتی شەڕی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی تەرخان کرد. لە قوڕئاندا هاتووە: *"ئەگەر باوەڕتان بە خودا و باوەڕێتان بەوەش هەیە کە ڕۆژی لێك هەڵاواردن بۆ عەبدی خۆمان نارده خوار، ئەوەی ڕۆژێ کە دووکۆمەڵ تووشی یەك بوون؛ دەبێ ئەوەندەش تێ بگەن هەر تاڵانێکو دەس کەوت، پێنج یەکێکی بەشی خودا و پێغەمبەە و بۆ خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە. خودا توانای بەسەر هەمووشت دا هەیە."* (سوورەی ٨ ئایەی ٤١) هەروەها محەمەد ناوی "دەسکەوتی شەڕ"ی لەسەر سوورەی هەشت دانا.

تەنیا دوای یەکیەتیی لەگەڵ هۆزەکانی مەدینە و ڕێگرەکانی عەڕەب بوو کە محەمەد توانی وەك سەرکردەیەکی لێ بێ، وەهەروها سەرکەوتوویيەکانی دواتری لەشکری ئیسلامیش تەنیا بە یەکیەتیی لەگەڵ جنایەتکارەکەن وەدی هات. لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا باس لەسەر هێرش بۆ سەر کاروانەکان دەکرێ، بەڵام وەك کارێکی رەوا باسی لێ کراوە: "محەمەد و لایەنگرەکانی لە مەککە وەدەر نراون و ناچار بە بەجێ هێشتنی ماڵ و حاڵی خۆیان لە مەککە کراون." سەرەڕای ئەوی ئاوارەییەکە بەو شێوەیە نەبووە، مرۆڤ دەتوانێ ئەو پرسیارە بکات کە ئایا کارێکی ناحەز و نارڕەوا دەبێ بە هەمان شێوە وەڵام بدرێتەوە؟ هەموو ئەو هەشتا شەڕەی محەمەد لە ناوچە عەرەبییەکان بەڕێوەی بردوون، لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا یا بە ناوی شەڕی بەرگری و یا بەهۆی نیاز بۆ یەکگرتوویی نەتەوەی عەڕەب باسی لێکراوە. هەروەها دەگێڕرێتەوە کە ئەو هۆزانەی لە هەوەڵەوە محەمەدیان ڕەدکردەوە، دەبێ دواتر بە ئارەزووی خۆیان تەسلیمی محەمەد بووبێتن و ئایینی ئیسلامیان بە خۆشییەوە قەبووڵ کردبێ! بەڵام چ شتێك دبێ بووبێتە هۆی گۆڕانی بۆچوونەکەیان، ئاماژەی پێ نەکراوە. بۆچی ئەو کاتەی محەمەد پەیامەکەی لەوپەڕی ئاشتیدا بە خەڵکی دەگوت هیچ کەس

گوێی بۆ ڕانەدەگرت؟ بۆچی سووڕەکانی قورئان لە مەککە هەستی هۆزەکەنی نەجوولاند ئەگەرچی زۆر ئاشتیخوازنەتر بوو لە سووڕەکانی دواتر کە لە مەدینە درانە دەرێ و بانگی بۆ شەڕخوازیی دژ بە کافرەکان دەکرد و خوێنیان لێ دەتکا؟ هەروەها تا چ ڕادەیەك گۆڕینی بۆچوونی هۆزەکان بە ئارەزووی خۆیان بووە؟ ڕەنگە ئەو کارە بڕێکی بەهۆی ڕوانگەی بەکردەوەی کارەکە پێکهاتبێ، بەڵام بەشێکی بەرچاوی ترس بووە. سەرچاوە ئیسلامییەکان ئەوە لەبەر چاو ناگرن کە چەند لە هۆزەکەن بە هۆی ترسەوە ئایینی ئیسلامیان قەبووڵ کردوە و تاقمێکیشیان بە هەلێکی باش بۆ بەدەستەوە گرتنی هێز و سەرکەوتوویی بۆ خۆیان و هۆزەکەیان زانیوە. بەڵام لێرەدا ڕوونە کە شمشیر کارتێکەرییەکی زۆر باشتری لەسەر هۆزەکان بووە هەتا وشە.

ئێستا ئیتر دژبەرەکانی محەمەد لە مەککە دەیانزانی کە گرێو لەسەر ئەسپە سەرکەوتووەکەی محەمەد بکەن، باشترە تا دژی ڕاوەستن. یەك لەوانە خالید ئیبن ئەلوەلید بوو کە یەك لە باشترین شەڕکەرەکانی مەککە لە ئەژمار دەهات. باوکی یەك لە بەرهەڵستکارەکانی ڕاستەقینەی محەمەد بوو و لە سووڕەیەکی قورئاندا بە "زۆڵ" ناوی هاتووە. بەڵام پڕاگماتیسمی نێوان خالید و محەمەد ئەوەی لەبیر بردبوونەوە. محەمەد بۆ سەرکەوتن لە شەڕەکانی پێویستیی بە خالید بوو، و خالیدیش بۆ گەورەکردنەوەی هێز لە سنوورەکانی دەرەوەی مەککە پێویستیی بە محەمەد هەبوو. محەمەد ناوی خالیدی نابوو "شمشیری کێشراوی خودا".

پێغەمبەر حکوومەتی بەسەر گرووپێکی هەمەڕەنگدا دەکرد کە وەك چێشتی مجێور وابوون و بۆ پێکەوە ژیانیان پێویستیەکی گرنگیان بە داڕشتنی پلان و یاسا هەبوو. محەمەد یاسایەکی گشتیی ٤٧ خاڵەی بۆ شاری مەدینە داڕشت، کە دەسەڵاتی بێ ئەملا و ئەولای خۆی پێ قایم کرد و پەیوەندیی نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی دیاری دەکرد. هۆزەکانی مەدینە و یەهوودیەکانیش دەبوو تا ئەو کاتەی پارێزگاریی شارەکە دەکەن، شەڕەکانی محەمەد لە باری ماڵییەوە دابین بکەن. هەرکەس موسوڵمانێکی کوشتبایە دەیانکوشتەوە، بەڵام بە پێچەوانە، کەس ئیزنی نەبوو دەست بۆ ئەو کەسە بەرێ کە بێ دین(بێ دین لێرەدا مەبەست ئەو کەسانەیە کە ئایینی ئیسلامیان قەبووڵ

نەکردبوو)ێکی کوشتبێ. هۆزەکانی مەدینە و یەهوودیەکان ئیزنی بازرگانی لەگەڵ هۆزی قورەیش و هەر مرۆڤێکی شاری مەککەیان لێ قەدەغە کرابوو.

محەمەد یاسای نوێی بۆ وەرگرتنیماڵیات و کاروباری بازرگانی دانابوو، دەستووری هەڵقەندنی چاڵی ئاو(بیر)ی دا و خۆی بە پاك وخاوێن ڕاگرتنی شارەکەوە ماندوو دەکرد. پێنج جار لە ڕۆژدا بۆ نوێژ و کونترۆڵی بڕوا پێکردنیان، لایەنگرەکانی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوە. کەس بۆی نەبوو لەو کۆبوونەوەدا بەشدار نەبێ، تەنانەت ئەو کوێر و ئیفلیجانەی لە ناوچەیەکی دووری شارەکەش دەژیان، دەبوو خۆیان بگەیاندایەتە مزگەوت. خواردنەوەی ئەڵکۆڵ و نیزیکی پیاوی ژنداری لەگەڵ ژنیتر بۆ لایەنگرەکانی حەرام کردبوو. هەر کەس کاری حەرامی کردبایە قامچی کاری یاخود بەردەباران دەکرا. هەرکەس دزیی لە موسڵمانێکیتر کردبایە، دەستیان دەپەڕاند. هەرکەس دەغەڵیی لە هۆزێکی موسوڵمان کردبایە یاخود هێرشی بوسەر بردبایە، دەست و قاچیان دەپەڕاند. بەو یاسا دژ بە مرۆڤانەی نەزم و دیسیپلینێکی گشتیی پێکهێنا کە باوەڕپێکراویی بەشدارانی کۆمەڵگای بۆ قایمتر کرد.

بەڵام هەموو ئاو یاسایەنە بۆ هەڤاڵ و دۆستی نیزیك و باشترین شەڕکەری محەمەد، واتە خالید بە حیساب نەدەهاتن. دوو ساڵ دوای ئەوەی بوو بە موسوڵمان و سەرکردەی نیزامی سوپای محەمەدی وەئەستۆ گرت، هێرشی بردە سەر هۆزێکی موسوڵمان کە ماوەیەکی زۆر بوو دوژمنایەتیی لەگەڵیاندا هەبوو. ماڵەکەیانی وێران کرد، پیاوەکانی لێ کوشتن و ماڵ و دارایيانی بۆ خۆی هەڵگرت.

کاتێ محەمەد ئەو هەواڵەی پێ گەییشت، زۆری پێ ناخۆشبوو، بەڵام هیچ سزایەکی بۆ ژێنراڵەکەی دانەنا. لەجیاتی ئەوە دەبێ دۆعای کردبێ: "ئەڵڵا شاهیدی منە، من هیچ پەیوەندییەکم بەو کارەوە نییە کە خالید کردوویەتی."[٨٣] هەر ئەو محەمەدە چەند مانگ پێشتر دوای گرتنەوەی شاری مەککە، دەستووری پەڕاندنی دەستی ژنێکی دابوو کە زێڕ و زێوی ژنێکی موسوڵمانی دزیبوو. ئەو کارە نموونەیەکە بۆ سەلماندنی دیکتاتۆربوونی محەمەد. هەست بە هێز کردن بۆ ئەو زۆر گرنگتر بووە لە پرەنسیپی باوەڕەکەی. ئەو لە لایەکەوە سزای دزیی بە دەست پەڕاندن دەدا، لەحاڵێکدا خۆی و

[٨٣] Al-Bukhari: Sahih al-Bukhari, Hadith Nr. ٦٧٦٦

لایەنگرەکانی لە ڕێگەی کاری چەتەیی و شاڵاوبردن بۆ کاروان و دەسکەوتی شەڕەوە دەژیان. ئەوان نەک هەر ماڵ و دارایی خەڵکیان زەوت دەکرد، بەڵکوو منداڵەکانیان وەك کۆیلە دەفرۆشتن. هەمووشی هەر بە فەرمی. پێغەمبەر مرۆڤی زیناکاری بە بەردەبارانکردن سەزا دەدا، کەچی خۆی لەگەڵ ژن و کچی بە کۆیلەگیراوی شەڕ دەنوست و بەسەر شەڕکەرەکانیدا دابەشی دەکردن. هەڵس و کەوتی لەگەڵ یەهوودییەکانی مەدینەش هەروەها زۆر سالم نەبوو و پڕ بوو لە تووڕەیی و لە سەرچاوەی هێزەوە هەڵدەقولا. بەو هۆیەی جوولەکەکان نە بەشێوەی ئاکتیڤ لە بەرەی محەمەد شەڕیان دەکرد و نە پەیامەکەیان بە فەرمی قەبووڵ کردبوو، یەك بدوای یەکدا لە شاری مەدینەی دەرکران و محەمەد هەمان ئەو کارەی بە ئەنجام گەیاند، کە هۆزەکانی ئەلعەوس و ئەلخەزرەج نەیانتوانیبوو بە جێی بێنن. خانوو، زەوی و ماڵ و دارایی یەهوودیەکانی لە نێوان هۆزەکانی مەدینە و ڕێگران و ئاوارەکانی مەککەدا دابەش کرد. هەروەها ژنەکانیانی کرد بە کۆیلەی سێکسی بۆ خۆی و شەڕکەرەکانی.

هەنگاوێکی بەرز لەو سەردەمەوە بۆ ئێستا هەڵدەگرین: هەزار و چواسەد ساڵ دواتر، شەڕکەرەکانی داعیش ئەو کارە دووپات دەکەنەوە کە محەمەد لە سەردەمی خۆیدا کردوویەتی. جیهادیستەکان لاسایی هەڵس و کەوتی محەمەدی ئەوکات لە هەنبەر بێ دینەکاندا و ستراتیژی شەرکردنەکەی لە کاتی سەرکەوتوویدا دەکەن کە بە ئەرکێکی بەرگریکردن لە خۆ، لەهەنبەر دنیای ڕۆژئاوایی دادەنێن. کاتێ داعیش شاری رەقە"Rakka"ی لە سووریە داگیر کرد، یاسایەکی گشتییان دامەزراند کە ئەو کات محەمەد لە شاری مەدینە بەڕێوەی بردبوو. هەروەها بە چاولێکەری لە سەردەمی محەمەد سزای لەشیی بۆ ئەو کەسانە دانرا کە کاری "گوناهیان" دەکرد. لە شاری موسڵ و ناوچە کوردنشینەکان دژ بە مەسیحی و ئێزەدیەکان بەو شێوەیە جووڵانەوە کە محەمەد دژ بە یەهوودیەکانی مەدینە جووڵابۆوە. بەهۆی سووڕەی قوڕئانەوە ئیزن بە ئیسلامییەکان درا، لە هەر جێگایەك بێدین وەگیر بخەن، ملیان بپەڕێنن و بیانکووژن. تەنیا جیاوازی سەردەمی محەمەد و ئێستا لەوە دایە کە لە سەردەمی محەمەد کامێرای فیلم هەڵگرتن نەبووە کە بتوانن کارە نامرۆڤانەکەیان فیلمبەرداری بکەن. ئەزموونەکەی ئەوەیە کە هیچکەس بە وردی نازانێ ئەوکات چ کارەساتێکی پڕ لە

توورەیی و نا ئینسانانەیان بەسەر خەڵک هێناوە و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ کارەساتەکانی ئەمڕۆ بۆ مرۆڤ زۆر ئەستەمە.

کێشەی سەرەکی لەوەدا نییە ئەو کات محەمەد چی پێ دروست بووە و یاخود چی بە خراپ زانیوە. مرۆڤ دەتوانی بە بەڵگە بیسەلمێنێ کە بە گشتیی جیهانی ئەوکات پڕ لە کارەسات بووە، جیاواز لەوەی کێ و چ هێزێك، چ ئایین و چ ئیدیۆلۆژییەك، یاخود لە چ وڵاتێکەوە بەڕێوەچووبێ، هەموو ئەو هێزانەی شەڕیان بەڕێوە بردووە، هەمیشە بە شێوەی نامرۆڤانە و کارەسات ساز هەڵس و کەوتیان کردووە و لە سەردەمی شەڕدا ئەخلاق و کولتوورێکی سالمیان لەخۆ نیشان نەداوە. بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە محەمەد و هەڵس و کەوتی لە مەدینە بۆ زۆربەی موسوڵمانان تا ئەمڕۆش وەك سیمبولێك سەیر دەکرێ. شێوەی چلۆن بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکەی ئەو، ئێستا وەك ژیانی - سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقی، ئیدیالی خودایی لە ئەژمار دێ. ئیسلامیستەکان خەریکی دروستکردنەوەی دوبارەی خشت بە خشتی سەردەمی محەمەدن، سەردەمێکی نادیار و ناشەفافی کاتیی و مەکانیی. وڵاتێکی خودایی بە شێوەی خۆ شاردنەوە لە ڕاستییەکان لە دنیایەکی نامودێرندا. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن ئەگەر پێ لەسەر جێ پێی محەمەد دانێن، بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن مێژوو هەڵسووڕێنن. دیارە لە هەوەڵەوە محەمەدیش لاواز و کز بوو، خەڵکیی جەفەنگیان پێ دەکرد و پێی پێ دەکەنین و بەجیددیان نە دەگرت. بەڵام بەهۆی باوەڕی پۆلایینی، بەهۆی خۆڕاگریی و کارزانییەکی ماهیری بەڕێوەبەرایەتی شەڕ، توانی وڵاتێك دروست بکا کە دواتر هێزە گەورە جیهانییەکانی وەك ڕۆم و ئێران بخاتە سەر چۆك و حوکمرانی بەسەر زۆربەی وڵاتانی دنیادا بکات. ئەمڕۆ شەڕکەرەکانی داعیش بە هۆی گرتنەوەی عێراق، سووریە و میسر، هەر وەك سەردەمی محەمەد هەم لە دنیای عەرەبی و هەم لە ڕۆژئاوا لە لایەن زۆر کەسەوە تف و لەعنەت دەکرێن. بۆ ڕەخنەگرانی ئیسلامی ئەو دوانە زۆر لێك جیاوازن. ئەو کەسانەی ئەمڕۆ بە چاوی ڕەخنە سەیری داعیش دەکەن، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ محەمەد و هاوڕێکانی هەڵناسەنگێنرێن، ئەگەرچی داعیش تەنیا ئەو کارانە دەکات کە لە سەردەمی محەمەد بە کردەوە و بە قسە بەڕێوە چووە.

من نامەوێ وێنەی شەیتان لەسەر دیوار بکێشمەوە، بەڵام ئەگەر داعیش لە هێرشەکانیدا سەرکەوتووبێت و بە زوویی چاڵە نەوتەکانی خەلیج کونترۆڵ بکا،

ناتوانین بڵێین مێژوو خۆی دووپات ناکاتەوە. بیر لە هەڵگەڕانەوەی هۆزەکان لەسەر بۆچونی ئازادانەیان لە هەنبەر محەمەد بکەینەوە، زۆر زوو و بە گورجی دەکرێ هێزی خەڵکی بۆلای خۆی ڕابکێشێ. موسوڵمانان زۆر بە گورجی دەتوانن هەڵس و کەوتیان لەهەنبەر داعیش بگۆڕن و بڵێن: "خەلافەت جێگایەکە بۆ ئاشتی." دواتریش لە شۆ و بەرنامەی تەلەفیزیۆنیدا بگوترێ داعیش هیچ پەیوەندییەکی بە تێرۆرەوە نییە و ئەوە تەنیا هەڵوێستێکی حیسابکراو بووە بۆ بەجێهێنانی مەبەستی ڕۆژئاوا. هەروەها بگوترێ داعیش تەنیا وەك گرووپێکی ئیسلامیی ئیتر تەحەمولی ڕۆژئاوای نەدەتوانێ بکا و دەبوو دژ بە ئیمپریالیسمی ڕۆژئاوایی بەربەرەکانی بکا!

دیارە محەمەد کاری باشیشی زۆر کرد. بووە هۆی یەکیەتیی عەرەبەکان، یاسا و نەزمی بردە ناو ناوچەکانی ژێر کونترۆڵی خۆی و سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی دۆزیەوە کە تا ئەمڕۆش کار دەکات. داعیشیش کارێکی هاوچەشنی بەڕێوە بردووە. لە ڕەقە"Rakka" و موسڵ نەزم و یاسا حوکم دەکات. لەوێ داعیش دژ بە گەندەڵی و بەرزبوونەوەی بەهای شتومەك بەربەرەکانی دەکات. لە وڵاتی ئیسلامی هەر وەك محەمەد خۆی بە بێوە ژن و مرۆڤی هەژارەوە خەریك دەکات. هاوکاتیش هیچ مرۆڤێك نایەتە سەر ئەو قەناعەتە کە بە هۆی ئەو کارانەوە هەڵس و کەوتی داعیش بە دڵفراوانی و دڵگەرمی ئەوان دابنێ.

## گرتنەوەی مەککە: پێك گەیشتنی دوبارەی خەڵکی مەککە و محەمەد

هەشت ساڵ دوای بەجێهێشتنی وڵاتەکەی، محەمەد هاتە سەر ئەو بڕیارە کە شاری مەککە بگرێتەوە. لەشکرێکی مەزنی کۆکردەوە و دەشیزانی کە ئەو شەڕە لەسەر مەیلی ئەو تەواویی پێدێ، چونکە هێزی نیزامی مەککە بە ڕاشکاوی بێ هێزتر لە هێزەکەی محەمەد بوون. کاتێ محەمەد سەرکەوتووانە هاتە ناو شاری مەککە، هەوڵی دا رەحمەت بەسەر شارەکەدا دابارێنێ، خۆی وەك نموونەیەکی باش نیشان بدا، نەك وەك مرۆڤێکی تۆڵە سێنەر. محەمەد تەنیا ئیزنی کوشتنی ژمارەیەکی دیاریکراوی ژن و پیاوی ناو شارەکەی دا. سەرکردەی ئەو هۆزانەی پێشتر دژ بەو ڕاوەستابوون، بەخشی بەڵام دەستووری کوشتنی شاعیر و کۆیلە هەژارەکانی شارەکە کە لە ڕێگای شیعروە ڕەخنەیان لە محەمەد گرتبوو، دا.

محەمەد خۆی لەگەڵ سەرکردەی ئومەییەکان، ئەبوو سوفیان ڕێك خست کە پێشتر یەك لە دوژمنانی سەرەکیی خۆی بوو. ئەبوو سوفیان بە یەك شەو ئایینەکەی محەمەدی قەبووڵ کرد و بوو بە موسوڵمان. ئەو لە ڕاستیدا باوەڕی بە پێغەمبەریی محەمەد نەبوو بەڵام بۆ زیندوو ڕاگرتنی هۆزەکەی هیچ ڕێگایەکیتری بۆ نەمابۆوە. ئەبووسوفیان لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لە شەڕەکانی محەمەددا بەشداری کرد. بەو شێوەیە ئومەوییەکانی زیندوو ڕاگرت و کوڕی پووری، واتە عوسمان، دواتر بووە سێهەمین خەلیفەی ئیسلام. سەرکەوتوویی کۆتایی ئەو هۆزە لە لایەن کوڕی ئەبووسوفیان، واتە "موعاویە"وە، بوو کە دوای سەرکەوتوویی بەسەر عەلی چوارمین خەلیفەی ئیسلام، حکوومەتی بە دەستەوە گرت و وەك یەکەم زنجیرەی عەرەبی نیزیکەی سەد ساڵ خەلافەتیان کرد. معاویە پێتەختی خەلافەتی گۆڕییەوە بۆ دیمەشق کە چەند ساڵ پێشتر لە لایەن هێزی موسوڵمانەکانەوە داگیر کرابوو.

مرۆڤ دەتوانێ پەرەسەندنی هێزگرتنی محەمەد بەسەر چەند پرۆسەی کاتیدا دابەش بکا: لە مەککە زۆرتر خۆی بە دروشمی مەسیحیەکانەوە هەڵواسی. بۆ یەکسان بوونی

مرۆڤ لەناو خەڵکیدا بانگەوازی تۆلەرانس و خۆشەویستیی ئەو دنیا و تەنانەت لە هەنبەر دوژمنانیش دەدا. دوای مردنی خەدیجە هەوڵی ڕێککەتن لەگەڵ هۆزەکان بە تایبەت دژ بە خەڵکانی مەککەی دا. لە مەدینە لە لایەکەوە رادیکال بۆوە و لە لایەکیشەوە شارەکەی بەهۆی یاسا و داب و نەریتی نویێ قورس و قایم کرد و هەروەها ناسنامە و کەسایەتیەکی نوێی بۆ شاروەندان دروست کرد کە هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوە پارێزگاری لێ دەکردن. یەکەمین شەڕەکانی وەك شەڕی ئایینی سەیر دەکرد و بە زانیارییەوە ئەو شەڕانەی بەرەو کۆدێکسێکی ئەخلاقی هیدایەت کرد. لە هەوەڵەوە هەر چەشن تووڕەییەکی بۆ شەڕکەرەکانی دژ بە دوژمنان قەدەغە کردبوو. بەڵام کاتێك شەڕەکانی وەك کار و باری ڕۆژانەی لێهات و بوونە ڕێگایەك بۆ داهاتی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و شەڕکەرەکانی، بەرەو پلەی ئاخری رادیکالبوون هان دران. شەڕ وەك مەبەستێکی ئیلاهی لێهات و بەربەرەکانی دژ بە بێ دینەکان وەك ئەرکێکی سەرەکیی. هیچ بێ دینێك ئیزنی ژیانی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی پێ نەدەدرا. تەنانەت تا ئەمرۆش ئەو یاسایە بەڕێوە دەچێ و جیا لە موسوڵمان رێ بە هیچ بێ دینێك لە شارەکانی مەککە و مەدینە نادرێ.

محەمەد دەیزانی دژایەتیی رقەبەرایەتیی نێوان هۆزە عەرەبییەکان کە ساڵیانی درێژ بوو بەڕێوە دەچوو، بە شێوەی درێژ خایەن پێش بە پلان و بەرنامەکانی دەگرن. هەر بەو هۆیە سەرنجیانی بەرەو دوژمنێکی سێهەم واتە دوژمنی بیانی ڕاکێشا. عەرەبەکانی باکووری دوورگەکە کە لە ژێر حوکومرانی رۆمییەکاندا مابوونەوە، دژ بە کۆنترۆڵی کاروانچییەکانی ئەو ناوچەیە لە لایەن شەڕکەرەکانی محەمەدەوە بوون. لە لایەکیشەوە محەمەد هەوڵی دەدا شەڕکەرەکانی لە ناوچەکانی دەرەوەی نیمچە دوورگەکانی عەرەب ئاکتیو یاخود چالاك بکات. دوای گرتنەوەی مەککە لەشکرێکی مەزنی پێکەوەنا و رووی کردنە رۆمییەکان. شەڕکەرەکانی بەوە هان دەدا کە دوای سەرکەوتوویی دەتوانن کیژە رۆمییەکان وەك کۆیلەی سێکسیی لای خۆیان ڕاگرن.[٨٤] کۆیلەی موو زەردی رۆمی لەو سەردەمەدا زۆر ناوبەدەرەوە بوون و مشتەریی زۆریان لە بازار دا هەبوو و هەروەها بەهایەکی زۆرتریان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کۆیلەکانیتر بۆ

[٨٤] Al-Tabari: Tafsir, Sure ٩:٤٩

حیساب دەکرا. هەر وەك ئەم سەردەمە کە شەڕکەرەکەنی داعش ژنی مەسیحی و یەهوودیان لە عێراق بە کۆیلە گرتووە. لە ڤیدیۆیەکدا یەك لە شەڕکەرەکانی داعش باسی لێوە دەکات: "پڕبەهاترین کۆیلە ئەو ژن یاخود کیژانەن، کە چاوی سەوز یا هی شینیان هەبێ".

لە گێڕاوەیەکدا باس کراوە کاتێك رۆمییەکان بە چاوی خۆیان گەورەیی لەشکرەکەی محەمەدیان بینیوە، لەبەری هەڵاتوون. بە پێی گێڕاوەکە دەبێ لەشکرەکەی محەمەد لە ٣٠ تا ٤٠ هەزار شەڕکەر پێکهاتبێ. بەڵام محەمەد بەو لەشکرە مەزنەوە بە پەلە گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە. ڕەنگە گەرمای سارا و ڕێپێوانی دوور, بووبنەتە هۆکاری بە ناچاری گەڕانەوەی شەڕکەرەکانی محەمەد بۆ مەدینە. یاخود محەمەد هەر لە سەرەتاوە نەیویستبێ شاڵاو بۆ وڵاتە رۆمییەکان بەرێت، بەڵکوو تەنیا ویستبێتی بەو کارە سەرنجی هۆزە عەڕەبەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی هۆزەکان باوەڕیان پێکرد کە شکستی بە رۆمییەکان هێناوە، چونکە لەشکرەکەی بە بێ زیان گەڕانەوە شوێنی خۆیان. لەو ساڵەدا زۆربەی هۆزەکان تەسلیمی محەمەد بوون چونکە وەك هێزێکی گەورەیان سەیر دەکرد و ئەو تێڕابینییەیان تێدا دەبینی کە نەک هەر دەتوانێ یەکیەتیی لە نێوان عەڕەبەکاندا پێکبێنێ بەڵکوو هێزێکی مەزنی ناوچەییشیان لێ دروست بکات.

محەمەد چەند مانگ دواتر فەوتی کرد. زۆربەی هۆزەکان لە ئیسلام دابڕان و گوێڕاگری لە جێنشینەکەی واتە ئەبووبەکریان رەد کردەوە و نەیاندەویست ئیتر ماڵیات بدەن. ئەبووبەکر دووساڵی خەلافەتەکەی بەوپەڕی بێ بەزەیی بوونەوە بە شەڕ دژ بەو هۆزانەی گوێڕایەڵییان لێ نەدەکر، خەریك کرد. ئیسلامیستی ناودار و واعیزی تەلەڤزیۆنی، یۆسف ئەلقەرداوی "Youssuf al-Qaradawi" ئەو شەڕانە وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە و دەڵێ: **"ئەگەر لە ئیسلامدا یاسای کوشتنی ئەو کەسانەی وا لە ئایینی ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، نەبوایە، ئەمڕۆ ئیسلامێك بوونی نەدەبوو."**

عومەر جێنشینی ئەبووبەکر و دووهەم خەلیفەی ئیسلام، هەستی بەوە کردبوو کە تەنیا دوژمنێکی هاوبەش دەتوانی نەتەوەی عەڕەب لێك گرێ بدات و بە شێوەی بەردەوام یەکیان بخات. ئەو لەشکری ئیسلامی وەبیر پەیمانەکەی محەمەد هێنانەوە کە

گوتبووی: "تاجی سەری سەرکردەکانی ئێرانیی و رۆمی بە میرات وەردەگریٚ." عومەر بەهرەی لە لەشکرە مەزنەکەی محەمەد بە سەرکردایەتی خالید ابن ئەلوەلید کە بۆی بەجێهێشتوون, وەرگرت و هەروەها سەرنجی زۆربەی ئەو عەڕەبانە و خەڵکانیتری ژێر فەرمانڕەواییەکەیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا کە بە بیانووی دروستکردنی وڵاتێکی یەکگرتووی عەڕەبی تا ئەودەم لەگەڵ ئەو دوو هێزە جیهانییە هاوکارییان دەکرد. لەو سەردەمەشدا دوو هێزی ئێرانی و رۆمی بەهۆی شەڕی بەردەوامی چەند ساڵ پێشتر، یەکتریان تەواو بێ هێز کردبوو. شەڕکەرە وەحشییەکانی نیمچە دوڕگەکانی عەڕەب بە پێچەوانەی ئەو دوو هێزە، تەیار بە ورەیەکی پۆڵایین و هاندەرانەوە، تونیی وەدەستگرتنی هێز لە ناوچەکەدا بوون. لەو شەڕەدا هیچیان بۆ دۆڕان نەبوو، تەنیا سەرکەوتوویی بۆ ئەوان دەبوو، لە ئەگەری سەرکەوتوویشدا ماڵ و داراییەکی زۆر و هەروەها کیژی دوو ئیمپراتۆریی ئێرانی و ڕۆمی یان پێدەبڕا. ئەگەریش لە شەڕدا بکوژرایەن، بەهەشتی هەمیشەیی بۆ ئەوان دەبوو و لەویٚ ٧٢ کیژی باکرە کە دەبیٚ زۆر لە کیژی ئێرانی و رۆمیش جوانتر بن، لەسەریان ڕاوەستاون.

## ئایا دەتوانین ئیسلام و مافیا لەگەڵ یەك هەڵسەنگێنین؟

لە ڕوانگەی یەکیەتییەوە، دەتوانین جێنشینانی محەمەد واتە ئەبووبەکر و عومەر بە بیسمارکی عەرەبی دابنێین کە هۆزە عەرەبیەکانیان لە ڕێگەی شەڕێکی درێژخایەنەوە پێکەوە گرێداوە. محەمەد خۆی وەك پاتە "Pate"[٨٥] چەندین هۆزو بنەماڵەی لەژێر چەتری خۆیدا ڕاگرتبوو، بەهۆی دزی و هێرشی حیسابکراو، کە ناوکی ئەو چەشن ڕێکخراوانە پێکدێنن، ژیانیان کردوە و دواتریش جێنشینانی ئەو، ڕێکخراوەکەیان بەرەو پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بردوە. دیارە هەڵسەنگاندنی لەو چەشنە بە مەیلی ئیسلامیستەکان نییە، چونکە ئەوان ئایینەکەیان وەك ڕێکخراوەیەکی تاوانکار نابینن. بۆ پووچەڵکرنەوەی ڕەخنە دەبێ بڵێم ئەو هەڵسەنگاندنەی من لەسەر **چۆنیەتیی پێکهاتنی مێژوو** و **ستروکتووری هێزەکەیانە،** کە لە زۆر ڕوانگەوە لە هی مافیا دەچێ.

### مێژووی پێکهاتنیان

مێژووی پێکهاتنی ئیسلام و مافیا زۆر جار بە شێوەیەکی ڕۆمانتیك حاڵەتێکی شاعیرانەی پێدەدرێ. ڕیفۆرمیستە ئیسلامییەکان ئیدیعا دەکەن ئیسلام وەك ئایینێکی ئەخلاقی و شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی دژ بەو کلۆڵی و نابەرابەریی لە وڵاتە عەرەبییەکان پێکهاتووە، بەڵام دواتر بەهۆی ئومەویەکانەوە شێوەی ئایینێکی شەڕخوازی بەخۆوە گرتووە. بە شێوەیەکی هاوچەشن لایەنگرانی مافیا دەڵێن: "مێژووی سەرەتای مافیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. مافیا وەك بزووتنەوەیەکی بەرگریی دژ بە حکومڕانانی بێگانە لە فەرانسە دەستیپێکردووە. وشەی مافیا "MAFIA" شێوەی کورتکراوەی (Morte Alla Frnacia, Italia Anela)یە بە مانای "مردنی فەرانسە

---

[٨٥] پاتە سرکردەی مافیا بووە لە ئیتالیا

تامەزرۆیی ئیتالیایە"، کە زیاتر حاڵەتێکی ئەفسانەیی هەیە. مێژوو نووسان ئەو دەسپێکە دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم.

مافیا لە لایەن لایەنگرەکانییەوە وەك بزووتنەوەیەکی کۆنی فئۆدالی شی کراوەتەوە، کە بۆ یەکیەتیی و بەرگرییەکی عادڵانەی بەرهەمی کشتوکاڵ، خەبات دەکەن. هەروەها دەڵێن: *"مافیا لە هەوەڵەوە بزوتنەوەیەکی ئەخلاقی و عادڵانە بووە و دواتر شێوەی تاوانکاریی لێ دروست بووە. بەو پێیە ئال کاپۆن (Al Capone) بە هیچ شێوەیەك نوێنەری مافیای ڕاستەقینە نییە، ئەو لە مەبەستەکان و بۆچوونەکانی بزووتنەوەی دایك واتە سیسیلیەکان[٨٦] بە هەڵە تێگەیشتووە و بۆ گەیشتن بە ئامانجە کەسییەکانی، خۆی بە مافیاوە هەڵواسیوە"*. شێوەیەك لە ڕوونکردنەوە، کە مرۆڤ زۆر جار لە بەرپرسانی ئیسلامی دەیبیستێ، ئەگەر مەبەستی باسکردنەکە ڕوانگەی شەڕخوازیی ئیسلام بگرێتەوە.

لە ڕاستیدا هەڵمسان و گەورەبوونەوەی مافیا لە ئیتالیا بە کۆکردنەوەی پارەی هەڕەشە وەك باج، لە وەرزێرانی سیسیلیی پێش و دوای سەردەمی بێ بەستراوەیی ئیتالیا، پێك هاتووە. زۆربەی زەویدارە گەورەکانی ئەو ناوچەیە چونکە خۆیان لەوێ نەدەژیان ئاگایان لەو باج وەرگرتنەی مافیۆزییەکان لە وەرزێران نەبووە.

هەر وەك سەردەمی ساوایی ئیسلام، مافیاش بەهۆی شەڕخوازیی، ترس خستنە ناو دڵی خەڵکیی و دانانی یاسای ویشك، هێزیان وەدەست هێنا. لەو جێگایەی هێزی فەرمی وڵاتەکەی لێ نەبایە، باندی مافیا خۆی بە یاسا و ڕێکوپێکییەوە (law and order) خەریك دەکرد. مافیا نەتەنیا بەهۆی شێوازە ناحەز و گوماناوییەکەیانەوە سەرکەوتوو بوون، بەڵکوو چونکە نەتەوەی سیسیلی لە هەنبەر ئەو باندە فسی خواردبوو و زۆر بە گورجی بارودۆخێکی ئاشتیی لەگەڵ ئەو باندە پێکهینا. لە ساڵی ١٨٣٨ ی زایینی سەرۆکی گەورەی دادگا "Trapani, Pietro Cala Ulloa" دەنووسێ، *"نەتەوەکە لە بێدەنگییەکی تەواودا لەگەڵ تاوانکارەکان ڕێك کەوتووە."* [٨٧] هەر وەك زۆربەی هۆزە

---

[٨٦] سیسیلی دوڕگەیەکە لە باشووری ئیتالیا

[٨٧] Henning Klüver: Der Pate – letzter Akt, S. ٥٨

عەرەبییەکان لە هەنبەر محەمەددا خەسابوون و تەنیا لە رووی ترس و هەڵس و کەوتی هەلپەرەستانەیانەوە هێشتبوویان بەسەریاندا حاکم بێ.

**ستروکتوورەکەیان**

ڕەنگە ئەوە بە هەڵکەوت نەبێ کە دەسپێکی مێژووی مافیا لە دورگەی سیسیلیای ئیتالیا بووە، چونکە ئەو دورگەیە نیزیکەی دوو سەدە (لە ٨٣١ی زایینییەوە هەتا ١٠٧٢ی زایینی) لە لایەن عەرەبەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە. کارتێکەرییان لەسەر ژیانی ئابووریی و فەرهەنگ، زمان، بارودۆخی ستروکتووری بنەماڵە و شانازیکردنی بەردەوام بە خۆ، هەبووە. تەنانەت دوای شکستدانی رۆمییەکان لە ساڵی ٨٣١ لە ناوچەی پالێرمۆ "Palermo" باجی پارێزگاریکردن و وەرگرتنی پارەی بەزۆریشیان زۆر بە پەلە بەڕێوە برد.

ئێتیمۆلۆگ "Etymolog" ەکان کە سەبارەت بە چۆنیەتیی پێکهاتنی نەتەوەکان و مێژوویان زانیاریی بە مرۆڤ دەدەن، هەموویان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە وشەی مافیا لە زمانی عەرەبییەوە هاتووە. لە هەوەڵەوە وشەی عەرەبی مافیا "maa’fia" مەعافیە دێتە بەر پرسینەوە، ئەو وشەیە بە مانای "ڕزگاربوون" یاخود "پارێزکردن" هاتووە. ئەو دەستە مرۆڤانەی وا لە پارەی ماڵیات دان یا لە خزمەتی سەربازی ڕزگار دەبوون، ناویان مافیا بوو. وشەی عەرەبی مەلفوس "malfus" بە مانای ڕاونراو، یا بێ ئیعتبار واتە متمانە پێنەکراو، یەك لە وشەکانیترە. ئەو وشەیە لە زمانی تۆسکانییەکانی ناوەڕاستی ئیتالیادا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بووە بە مالفووسۆ"malfusso" و بەمانای "تاوانکار" یا "بێ دین"ە. وەك سێهەمین ئیمکان وشەی مەعافەر "Maa’afer" دێتە بەر پرسینەوە و سەرنج. ئەو وشەیە ناوی هۆزێکی عەرەبی بووە کە بەدوای گرتنی ناوچەی پالێرمۆ "Palermo" هێزی بە دەستەوە بووە.

مافیای دورگەی سیسیلی لە رێکەوتنی چەند بنەماڵە پێکهاتووە کە نەک بەهۆی خزمایەتی خوێنی بەڵکوو لە ڕێگەی نیزیکایەتیی کار و بار و چارەنووسی وەك یەکەوە، یەکیان گرتبوو. هەر بەو هۆیەش ناوی کۆزانۆسترا "Cosa Nostra" واتە

(شتی هەموومان)یان لەسەر دانابوو. هەموو ئەندامەکان لە ڕێکخراوەیەکی گەورەتردا کۆ دەبوونەوە و لە لایەن سەرکردەیەکی سەرکیی بە ناوی کاپۆ دی تووتی کاپی " capo di tutti capi" یەوە هیدایەت دەکران. هەر بڕیارێك لە لایەن ئەو کەسەوە دەربچوایە، هیچکام لە ئەندامەکان بۆیان نەبوو ڕەخنەی لێبگرن. محەمەدیش لایەنگرەکانی بەسەر چەند گرووپدا دابەش دەکرد. هەر کام لە گرووپەکان سەرکردەیەکی خۆیان بوو بە ناوی 'ئەمیر'، محەمەد خۆیشی لە سەرەوە "capo di tutti capi" بوو.

ڕۆڵی ژن لە ئیسلامی سەردەمی محەمەد زۆر وەك ڕۆڵی ژن لە نێو مافیا دەچێ. ژن بە ڕاشکاویی هیچ شوێنێکی لەناو ئەو ڕێکخراوانەدا پێ نەدراوە. لە هیچکام لە وڵات و ناوچە مودێرنەکانی ئورووپادا کوشتنی ناموسی بە قەرا دوورگەی سیسیلی باو نەبووە. هەروەها تۆڵە سەندنەوەی خوێنییش، سیسیلیەکان لە عەرەبیان وەرگرتووە. لە کامۆرا "Camorra" و ندرانگێتا "Ndrangheta"دوو شاری باشووری ئیتالیا، ژنان بە پێچەوانە "ناونیشانی شانازیکردنی ناموسی"یان بەخۆیانەوە هەڵدەواسی: "ئەوان خوشکی بێ دەنگین" هەر وەك لە کۆزا نۆسترا و کامۆرا، لە کالابێرێن"Kalaberien"یش ژنان کولتووری مافیا لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و وەچە بە وەچە ئەو کولتوورە بە منداڵەکان و نەوەکانیان ڕادەگوێزن. تەنانەت ئەوە دایکەکانن کە داوای تۆڵەی خوێنی دەکەن، بیرەوەریی مردوەکان پارێزگاریی دەکەن و کوڕەکانیان بۆ خۆ قوربانیکردن لەو شوێنانە ئامادە دەکەنەوە. ڕۆڵێکی هاوچەشنیش دایکەکانی ئەمڕۆیی شەهیدانی حەماس لە شاری غەزە هەیانە، کە مردنی کوڕەکانیان بە کارێکی ئازایانە دادەنێن، وەك کاری تئاتر و نمایشێك بۆ هاندانی منداڵانیتر و بۆ وەدواکەوتنی ڕێگای ئەوان، کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەو دایکانە دەبنە هۆی مانەوەی ستروکتووری خۆبەخت کردن و بە دەستی خۆیان هەم لە ڕوانگەی فیزیکی و هەم لە ڕوانگەی ڕەوانییەوە ڕێگا بۆ توند و تیژی لەهەنبەر ژنان خۆش دەکەن.

بۆ ئەندامبوون لە ڕێکخراوەی مافیایی دەبێ مرۆڤ پێشتر بە کوشتنی کەسێك یاخود هێرشبردن بۆ سەر جێگایەك بوونی خۆی لەناو ڕێکخراوەکەدا بسەلمێنێ. بۆ هەموو ئەندامان کێشانی مادەی سڕکەر یا نیزیکی لە ژنی یەکتر قەدەغە کراوە. بۆ مافیاییەکان پەیمانی برایەتی و دۆستایەتیی بەستن جگە لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوەکە قەدەغە

کراوە، مەگەر بەو مەرجەی خاڵێکی ئەرێیی بۆ ڕێکخراوەکە تێدابێ. هەر بەو شێوەیە محەمەد لە قورئاندا لایەنگرەکانی لە دۆستایەتیی لەگەڵ مەسیحی و یەهوودی دوور دەخاتەوە. تەنیا ئەو کاتەی ئەو دۆستایەتییە بۆ بنەماڵەی مافیایی بەهرەیەکی هەبێ، بۆ کاتێکی کەم ئیزنی ئەو کارەی پێ دەدرێ. پرەنسیپیکی هاوچەشن لە ناو قورئانیشدا هەیە کە لای شیعەکان ناوی 'تەقییە'یە.

## دۆست و دوژمن، گشتی و کەسیی

مرۆڤ پێویستیی بە بەهای ئینسانیی هەیە. تەنانەت پیاوانی ناموسدار کە جیا لە "کۆزانۆسترا" باوەڕیان بە هیچ شتێکیتر نییە، پێویستیان بە سیستەمێك هەیە، کە بایەخی ئینسانیان پێ بدات و جێگایان لە کۆمەڵگادا بۆ دیاری بکات. پێترا رێسکی "PetraReski"[٨٨] لەسەر مافیا دەنووسێ: *"هەر سیستەمێك پێیوابێ بە ئیدیۆلۆژییەکی تەواو و کامیل تەیار کراوە، نەک هەر وێنەیەك لە دنیای دەوروبەر، هەڵس و کەوت، یاسا و بەرنامە بۆ لایەنگرەکانی دیاری دەکات، بەڵکوو هەمیشە ئیدیۆلۆژیەکی نەگۆڕیشی بۆ دادەنێ."*

ئیسلام و مافیا وەك برایەکی سوێندخواردوو لەگەڵ یەك پێکهاتوون، بەچاوێکی گوماناوی سەیری ئەو مرۆڤانە دەکەن کە لایەنگری بنەماڵەیەك یاخود باوەڕێکی گشتیی نەبن. لە ناو خۆیاندا لەگەڵ یەکتر میهرەبان و دۆستانە هەڵس و کەوت دەکەن، بەڵام لە هەنبەر دوژمنان تووڕە و ویشکن. قورئان لە سوورەی ٤٨ ئایەی ٢٩ لەسەر یەکەم کۆمەڵی ئیسلامی بەم شێوەیە باس دەکات: *"محەمەد پێغەمبەری خودایە. ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەون، دەبێ دژ بە بێ دینەکان قایم ڕاوەستن، بەڵام لەگەڵ یەکتر میهرەبان بن."* سەیر ئەوەیە دۆژمن بە مرۆڤ داناندرێت، کوشتنی بە کارێکی ئاسایی دەزانرێ. شەڕکەرەکانی محەمەد لە کاتی نوێژکردندا چاویان پڕ دەبوو لە فرمێسك و دەگریان، بەڵام چەند خولێك دواتر بە بێ ئەوەی موچورکیان پێدابێ، دەیانتوانی سەری بێ دینێك لە لەشی جیا بکەنەوە، چونکە لای ئەوان کوشتنی بێ دینێك بەجێ هێنانی ویستی خودایە. لەوەش گرنگتر: خودا لە سوورەی ٨ ئایەی ١٧ی قورئاندا دەڵێ: *"ئێوە*

---

[٨٨] Petra Reski: Mafia. Von Paten, Pizzerien und falschen Priestern, S. ١٢٣

*ئەو بێ دینەتان نەکوشتووە، بەڵکوو خودا کوشتوویەتی."* ئەگەر خودا دەستی لەو کارەدا هەبێ ئیتر هیچ یاسایەکی سەرزەوی ناتوانێ تاوانباری بکات.

بە شێوەیەکی هاوچەشن مافیاییەک دەتوانێ لە کلیسا لەوپەڕی بەستەزمانیدا گوێ بۆ مرۆڤی رۆحانی ڕابگرێت، لە ژێر پەیکەری مریەم ئەژنۆ دادات و دۆعا بکات، بەڵام بە بێ ئەوەی هەست بە جیاوازی بکات، چەند چرکە دواتر بە ڕۆژی ڕوون، مرۆڤێك لە سەر شەقامێك گلوولە باران بکات. بۆ مافیاییەك کوشتن زۆر ئاساییە، چونکە خۆی وەك سەربازێك دەبینی و ئەو کوشتنانەش بە پارێزگاریی لە وڵاتی دادەنێ و دەڵێ: *"ئەگەر ئیتالیا لەگەڵ وڵاتێکیتر لە شەڕدا بایە، و سەربازێکی ئیتالیایی پەنجا یا شەست دوژمنی بکوشتایە، نەک هەر ئەو سەربازە وەك تاوانکار سەیر نەدەکرا بەڵکوو وەك قارەمانی شەڕ میداڵیشی پێدەدرا."* ئەو شتەی لە جیهاندا وەك ڕێکخراوێکی مرۆڤ کوژ سەیردەکرێ، بۆ مافیایی وەك کۆمەڵگا، وڵات و نەتەوە چاو لێدەکرێ. هەر بەو هۆیەوە کاتێ مافیایی کەسێك بکووژێ ویژدانی راحەتە. بۆ مافیایی بۆچوونی نەتەوەکەی گرنگە نەك هی بێگانە. هەر وەك سەربازێك کە لە بارودۆخی شەڕدا بێ.[٨٩] ئەو بارو دۆخ و هەڵس و کەوتانە حاڵەتی فەرمی و ئاسایی پێکدێنن.

## دزی و پارەی هەڕەشە بۆ پارێزگاری لێکردنی مرۆڤ

بارودۆخی ئابووری مافیاییەکان لە سەرەتاوە تەنیا بەسترابۆوە بە چالاکیی دزی و پارەی هەڕەشە بۆ پارێزگاری لێکردن. ئەگەر بنەماڵەیەکی مافیایی ناوچەیەکی نوێی یان لەژێر کونترۆڵدا بگرتایە، خەڵکی ناوچەکەیان ناچار بە دانی پارە دەکرد. هەرکەس پیزۆی "Pizzo"ی نەدابایە، دەگەیشتە ئەنجامی هەڕەشە، لێدان، ڕاونان و کوشتن. دیارە ئەمڕۆ بازاڕەکەیان زۆر بەربڵاوتر و بەرفەراوانتریش بۆتەوە.

---

[٨٩] Petra Reski: Mafia. Von Paten, Pizzerien und falschen Priestern, S. ١٩

بە جیاوازییەکی کەمەوە ئەو کارە لە سەردەمی محەمەد و جێنشینەکانیدا بەڕێوە دەچوو، کاتێك ناوچەیەکی نوێ یان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان بگرتایە. ئەوان هەمیشە ئاوا دەستیان پێ دەکرد: یا ئایینی ئیسلام قەبووڵ دەکەن، یاخود ئایینی پێشوی خۆیان ڕادەگرن و "جەزیە"[٩٠] بە ئیسلام دەدەن. ئەگەریش سەریان بۆ ئەو بۆچوونە دانەنەواندایە، دەکووژران.

تەنانەت دابەشکردنی پارەکەشیان زۆر لێك دەچوو. سەرکردەی مافیاییەکان، ئیل پاردینۆ "Il padrino" بەشێکی بەرچاو و گەورەتری پێ دەبڕا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەندامەکانیتر و بۆ بەهێزترکردنی بڕواپێکردن و سەردانەواندن لە هەمبەری، لەو بەشەی خۆی بڕێکیشی بەسەر بنەماڵەکەیدا دابەش دەکرد. قورئانیش بە هەمان شێوە یەك لە پێنجی پارەی سەرانەکە، بۆ پێغەمبەر و بنەماڵەکەی تەرخان دەکا و چوار لە پێنجیشی بەسەر شەڕکەرانی ئیسلامدا دابەش دەکات.

## گوێڕایەڵی بێ ئەملاو ئەولا

سەرکردەی سەرکردەکان لە لایەن هەموو کەسەوە دەسەلمێندرێ و سەری لەهەنبەردا بۆ دادەنەوێندرێ. ئەگەر سەرکردە بڕیارێك بدا، نە هیچ کەس لە ئەندامەکان ئیزنی قسەکردنی لە قسەی ئەودا هەیە، نە ئیزنی ڕەدکردنەوەی و نە ڕەخنەلێگرتنی. ماچی سەر دەست وەك سیمبۆلێك نیشاندەری وەفاداریی و باوەڕپێکردنی ئەندامەکان لە هەنبەر سەرکردەی مافیادایە. ئەو گوێڕاگرییە کوێرانەیە تەنیا لە هەنبەر سەرکردەدا نییە و لە هەنبەر هەموو پیر و بە ساڵاچوەکانی بنەماڵەکاندا بەڕێوە دەچێ. قورئان لە سووڕەی ٤ ئایەی ٥٩ دا بەم شێوەیە دەدوێ: *"ئەی ئەوانەی وا باوەڕتان هەیە! گوێ لە خودا ڕابگرن، گوێ لە پێغەمبەرەکەی و ئەو کەسانەی لە نێوانتاندا ئەرکی ئەمرکردنیان پێدراوە، ڕاگرن."* هەروەها لە سووڕەی ٣٣ ئایەی ٣٦ دا هاتووە: *"ئەوە بۆ پیاوێکی ئاییی یا ژنێکی ئاییی دروست نییە کە، ئەگەر خودا یا پێغەمبەرەکەی بڕیارێکیان دابێ، بێ قسەیی بکەن و ڕێگایەکیتر هەڵبژێرن."*

---

[٩٠] جەزیە پارەیەکی سەرانەیە کە دەکرێ لەگەڵ پیرۆزی ئیتالیایی هەڵسەنگێندرێت

وەك یاسایەكی گرنگ لە مافیادا هاتووە: *"کاتێ یەك لە ئەندامانی مافیا کارێکی پێ دەسپێردرێ، تەنانەت ئەگەر ژنەکەی لە حاڵەتی ژان گرتنیش دابێ، دەبێ بەجێی بێڵێ و بە پەلە خۆی بگەیێنێتە سەر کارەکەی."* پەیرەویکردن و گوێڕایەڵیی لە "پادرینۆ" لەسەرووی هەمووشتێکەوەیە. محەمەدیش ئیزنی بە هیچکام لە لایەنگرەکانی نەدەدا بە بیانوویەك، لە نوێژ یاخود شەڕەکانیدا بەشدار نەبن. ئەو دەڵێ: **"کەس ناتوانێ باوەڕێکی ڕاستەقینەی هەبێ، مەگەر تا ئەو کاتەی منی لە دایك و باوك، منداڵ و هەموو مرۆڤیتر خۆشتر نەوێت."**[٩١]

## سزادانی لاسار و ڕەخنەگر

پرەنسیپی "هەرکەس بۆ ئێمە نەبێ، دژ بە ئێمەیە"، ئایینی ئیسلام و ڕێکخراوەی مافیا پێکەوە گرێ دەدا. کاتێ ئایینیەك یاخود مافیاییەك لەسەر ئەو ڕێگایەی بۆیان دیاری کراوە لادەن یاخود ئاش بەتاڵ بکەن، بایکۆت دەکرێن و تا پلەی کوشتن مەترسیی بۆخۆیان دروست دەکەن. بۆ مافیا ئۆمێرتا"Omerta" (ئەرکی بێدەنگیی) زۆر گرنگ و ئیلاهییە. هەر ئەندامێك ئۆمێرتا واتە بێدەنگی بشکێنێ، ناوی پێنتیتۆ "Pentito" (تاوانکار)ی لەسەر دادەنرێ، لە بنەماڵەکە دەردەکرێ و لەوانەیە بشکووژرێت. لە ئیسلامدا ئەوە شەریعەتە کە دەبێ لەهەموو دۆخێکدا بەڕێوە بچێ دەنا مرۆڤی لادەر لەو یاسایە، قامچیکاریی دەکرێ یاخود دەکووژرێ. پینتیتی "Pentiti" یا خود مرتد (هەڵگەڕاوە) وەك بێ ماف سەیر دەکرێت و هەر کات مەیلیان بێ، دەتوانن ئەمری کوشتنی بدەن. بەڵام نەک هەر لادەر و ئاشبەتاڵکەری نێو باندەکەی خۆیان، ئەو چارەنووسەیان لە لایەن مافیا یاخود شەریعەتەوە بەسەر دێت، بەڵکوو نووسەر و ڕەخنەگەرانیش بە هەمان چەشن هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکرێ. تەنانەت کاریکاتۆریستیش کە لە حاڵەتی تەنزدا وێنەی محەمەد بکێشنەوە بە کوشتن سزا دەدرێن، هەر وەك هێرش بردنە سەر چارلی هێبدۆ "Charlie Hebdo" لە ساڵی ٢٠١٥ لە پاریس.

---

[٩١] Al-Bukhari: Sahih al-Bukhari, Hadith Nr. ١٥
ئەلبوخاری، "صحیح البخاری"، حەدیسی ژمارە ١٥

تا ئەمڕۆش ڕەخنەگەرانی مافیا لە مەترسیدا دەژین، هەڕەشەیان لێدەکرێ، شکایەتیان لێ دەکرێ و تاقمێکیش وەك نووسەر رۆبێرت ساویانۆ "Robert Saviano" نووسەری کتێبی گوموڕڕاه "Gomorrah" دەبێ هەمیشە بادیگاردیان بەدواوە بێت. سەلمان روشدیش بەهەمان شێوە، دوای بڵاو بوونەوەی ڕۆمانەکەی بەناوی "ئایاتی شەیتانی" فتوای کووژرانی بۆ دەرچوو. لە سی ساڵی ڕابردودا مافیا ١٣ ڕۆژنامەنووسی کوشتووە.[٩٢] لیستەی دژ بە تولەرانس لە دنیای ئیسلام زۆر لە هی مافیا دوور و درێژترە.

جیاوازییەکی مەزن و بڕیاردەر لە نێوان ئیسلام و مافیادا هەیە: ئیسلام زۆر زوو بەسەر ئەو دوژمنانەیدا زاڵ بووە، کە ڕەخنەیان لێ گرتووە و بە هەڵەکاریان داناوە، ئینجا ئەوان یاسایان دانا و مێژووی خۆیان بە دەستی خۆیان نووسی. مافیا بە پێچەوانە، سەرەڕای گەورەبوونەوە، تەنیا وەك گرووپێکی سوێند خۆر مایەوە کە لە زۆر وڵات بە لای یاسادا تێپەڕ دەبن و کاری خۆیان بەڕێوە دەبەن. بەو هۆیە لایەنگرانی ئیسلام هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ گرووپێکی تاوانکار پێ کەسری شانە و بە جنیودانی دەزانن، نەك پێچەوانەکەی.

---

[٩٢] Petra Reski: Von Kamen nach Corleone, S. ٢٨١

## کێشە و لاوازیی محەمەد لە هەنبەر ژناندا

حوکمرانان، داگیرکەران و سەرۆکی مافیاکانیش لە ڕاستیدا تەنیا مرۆڤن. زۆربەیان لە پەنا هێزەکەیاندا ژیانێکی کەسیی ناو بنەماڵەیان هەیە، کە شەرت نییە هەمیشە لەگەڵ کەسایەتیی خاوەن هێزییاندا بگونجێ. شەرتیش نییە مرۆڤی زاڵم هەمیشە چارەنووسی تەنیایی و دوور لە کۆمەڵی بێ. کەسێك کە بەردەوام بڕیار لەسەر مان و نەمان دەدا، جار و بارەش پێیخۆشە هەست بە لاوازی بکات. زۆربەی دیکتاتۆرەکان بەتایبەت لە هەڵس و کەوت لەهەنبەر ژناندا تایبەتمەندیی کەسایەتییەکەیان لە نێوان مرۆڤێکی زاڵم و منداڵێکی بێ دەسەڵاتدا جۆلانێ دەکات، کە ئەوە خۆی لەخۆیدا دژ بە یەکترە.

محەمەد بەهۆی خۆ خەریککردنی لەڕادەبەدەری بە شەڕ و هێزدارییەوە، لە بارودۆخێکی تەنیاییدا ڕەنگدانەوەکەی تەنیا لە هەڵس و کەوت لەگەڵ ژناندا دەبینیەوە. هەر چەندە بەهێزتر دەبوو، بەو ڕادەیەش هەستی بە تەنیایی زیاتر دەکرد و هەڵس و کەوتی لەگەڵ ژنەکانی سەیر و سەمەرەتر دەبۆوە. هەرچەند تەمەنی زۆرتر دەچووە سەر، بەو ڕادەیەش هەڵس و کەوتی خۆناسینی لە هەنبەر مرۆڤی دەوروبەر بە گشتی و ژنەکانی بەتایبەتی سەیرتر دەبۆوە. محەمەد لەو پەیوەندییانەدا هەمیشە وەك زاڵم و هێزدار هەڵس و کەوتی نەدەکرد، بەڵکوو زۆرجار وەك منداڵێك، جاروبار لەڕووی خۆشەویستییەوە، چەلی واش بوو لە ڕووی پەرێشانییەوە و هەروەها جاری واش بوو زاڵمانە خۆی نیشان دەدا. لە پەیوەندیی لەگەڵ ژنەکانیدا زۆر جار لە ترسی لە دەستدانیان بە شێوەی گوماناوی و بەغیلانە هەڵس و کەوتی دەکرد. لە ڕاستیدا متمانەی تەنیا بە ژنی یەکەمی واتە خەدیجە هەبوو. لەو پەیوەندییانەیدا هیچ ڕێگایەکی ڕوون و شەفاف بۆ هەڵس و کەوتی محەمەد بەدی ناکرێت. جارێك لەڕووی خۆشەویستیی و ڕێزەوە بەرەو پیریان دەهات و لەپرێکدا بچووکترین هەنگاویانی کۆنترۆڵ دەکردن، لەژێر چارشێودا دەیشاردنەوە، ئازادیی جوڵانەوەی لێ زەوت دەکردن و ئیزنی قسەکردن لەگەڵ پیاوێکی بێگانەی تەنیا بەو مەرجە پێدەدان کە دیوارێکی بەرز لە

نێوانیاندابێ. لە ڕۆژانی پێش فەوتیدا هەڵس و کەوتی لەگەڵ ژنەکانی، وەك هەڵس و کەوت لەگەڵ شتومەکی ناوماڵی لێ هاتبوو. لە هەشت ساڵی کۆتایی ژیانیدا، هەر چەند مانگێک زەماوەندی لەگەڵ ژنێکی تازە دەکرد. بەدوای خەدیجە یازدە جاریتر زەماوەندی کرد و نۆ ژنیان هاوکات لە ماڵێکدا لەگەڵی دەژیان. بەدوای ئەوانەدا زەماوەندی بە فەرمی لەگەڵ ١٤ ژنیترکرد بە بێ ئەوەی نزیکایەتی لەگەڵیاندا بووبێ. بەسەر ئەوانەشدا چەندین دووجین ژن هەبوون کە حەزی لێدەکردن، بەڵام بەهۆی خەریك بوون بە کاروباری شەڕ یاخود خۆ لادان لە بۆڵەی ژنەکانیتری، نەیتوانی مارەیان بکات. نابێ کەنیزە کۆیلەکانیشی لەبیر بچن کە لە کاتی شەڕدا وەدەستی دەکەوتن یاخود لە لایەن کەسانیترەوە پێی خەڵات دەکران.

محەمەد تەنانەت بۆ دوای مردنیشی پلانی بۆ ژنەکانی دانابوو. ئەو، شووکردنەوەی ژنەکانی دوای مردنی خۆی، لێ قەدەغە کردبوون. ئەو بڕیارە بەتایبەت بۆ عایشە، کە تەمەنێکی ئەو تۆی نەبوو و بەپێی سەرچاوە ئیسلامییەکان لە ١٨ ساڵەییدا بوو بە بێوەژن، دەبێ زۆر ئەستەم بووبێت.

یەك لەو هۆکارانەی کە لە لایەکەوە محەمەد ئاوا گیرۆدەی ژنان بووە و خۆشەویستیی بۆیان هەبووە، لە لایەکیتریشەوە متمانەی پێ نەکردوون و تەنانەت دوای مردنیشی یاسای بۆ داناون، بە ئەگەری زۆر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیەکەی. سێ حەوتوو دوای لەدایك بوونی، بۆ شیردان، بە ژنێکی چادرنیشین ئەسپاردرابوو. بۆچی دایکی، محەمەدی لە کاتێکی ئاوا زوودا بە کەسێکیتر ئەسپاردووە، بی وەڵام ماوەتەوە. خاڵی بڕیاردەر ئەوەیە کە جیابوونەوەی سەردەمی ساوایی لە دایکی، کارتێکەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی هەبووە. محەمەد دووساڵی دەستپێکی ژیانی لای دایکە شیردەرەکەی، لە بیابان تێپەڕکردووە. ماوەیەکی کورت دوای گەڕانەوەی بۆ مەککە، هەمیسان لە لایەن دایکیەوە نێرراوەتەوە بۆ لای ژنی ڕەشماڵ نشین. بۆ جاری دووهەم لەو تەمەنە ئاستەمەدا کە پێویستیی بە خۆشەویستیی دایك هەبوو، دەبوو خۆڕاگریی لە هەنبەر دووری لە دایکی بکات. مەبەست و هۆکاری دایکی واتە ئامینەش لەسەر ئەو هەڵس و کەوتەی، لێرەدا بێ وەڵام ماونەتەوە.

ڕەنگە دایکی دوای مردنی باوکی محەمەد، زەماوەندی کردبێتەوە و ویستبێتی ماوەیەك دواتر، محەمەد بەرێتە ناو بنەماڵە نوێیەکەیەوە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا کارەساتێکی ناخۆشتری بەسەر هات. محەمەد لەگەڵ دایکی بە سەفەر چووبوون بۆ سەر گۆڕی باوکی بۆ یەثریب، کە لەپڕێکدا ئامینە نەخۆش دەکەوێ و نۆبەتێ دەگرێ. ابن ئیسحاق لەو پەیوەندییەدا دەڵێ: "ئامینە لە نیوەی ڕێگای چوون بۆ مەککە لە ئەبوە "Abwā" بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە مردووە. هەر لەوێش بە خاك ئەسپێردراوە. منداڵەکە واتە محەمەد دەبێ زۆر گریابێ." گومان دەکرێ کە ئامینە نەك لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ مەککە بەڵکوو لە ناو بنەماڵەکەیدا و لە ئوسفان "Usfan"، لە هەمان ناوچەدایە کە ئەبوە "Abwā"ی تێدا هەڵکەوتووە، مردبێ. ئەوە هەمان ناوچەیە کە بە پێی تێزەکەی تیلمەن ناگڵ "Tilman Nagel"، محەمەدی لێ لەدایك بووە. محەمەد دوای ئەو ڕووداوە، لەگەڵ کەنیزێکی دایکی گەڕاوەتەوە بۆ مەککە و بە باوکەگەورەی ئەسپێرراوە. لەسەر ژیانی پێشتری محەمەد لە سەحرا، هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نییە. ئەو دەبێ وەك کۆیلە لای ئەو بنەماڵەیەی دایکە شیردەرەکەی مەڕی لەوەڕاندبێ. جارێکیان کە دەبێ چوار ساڵە بووبێ، ڕووداوێکی بۆ پێش هاتووە کە ژیننامەنووسەکان وەك پەرجۆیەکی سەیر دەکەن. دەبێ ڕۆژێك بە ترس و لەرزەوە محەمەد بۆ لای دایکە شیردەرەکەی واتە حەلیمە "Halima" هاتبێ. گێڕاویەتەوە: کاتێ خەریکی لەوەڕاندنی مەڕەکان بووە، دوو پیاوی سپی پۆش هاتوون بۆ لای محەمەد و باوشیان پێدا کردووە و لەسەر زەویان داناوە، سنگیان بە چەقۆیەك کردۆتەوە. ئەو دوو پیاوە سپی پۆشە دەبێ دوو مەلائیکە بووبن کە سنگی محەمەدیان کردۆتەوە و بە ئاوێکی متفەرك دڵیان لە کاری شەیتانیی شوشتۆتەوە. بەو کارە دەبێ محەمەدیان ئامادە کردبی کە دواتر پەیامی خودا باشتر وەربگرێ.

ئەو بارودۆخە سەیر و سەمەرە دەبێ حەلیمە "Halima"ی نائارام کردبێ و پێی وابووبێ محەمەد یا نەخۆش کەوتووە و یا جندۆکە دەستی لێ وەشاندوە. بڕیاری داوە کە محەمەد بنێرێتەوە لای دایکی لە مەککە.[٩٣] کاتی ئامینە ئەو هەلس و کەوتەی محەمەدی بیستووە، زۆری پێ سەیر نەبووە، چونکە بنەماڵەکەی باوەڕیان بە پەرجۆ

[٩٣] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, ١:٢١٤

بووە و ناویان بە فاڵگیری و پێشگوویی کردن لەناو خەڵکی ناوچەکە ناسراو بووە. باوەڕی بەوە بوو کە کوڕەکەی بە هیچ شێوەیەك لە لایەن جندۆکە و دێو و درینجەوە هێرشی نەکراوەتە سەر و تەنیا دەتوانێ مەلائیکە و فریشتە خۆیان نیشاندابێ و ئەوە نیشانەیەکە کە کارێکی گەورە و گرانی پێ دەسپێردرێت. دووساڵ دواتر لە جێگایەك لە مابەین ئەو دوو شارانەدا ئامینە فەوت دەکات.

لە تەمەنی هەشت ساڵیدا محەمەد شاهیدی مردنی باوکەگەورەی واتە عەبدولموتتەلیب بوو و ناچار کرا بچێتە لای ئەبووتالیبی مامی کە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لە پەیوەندییەکی هاوچەشندا دەژیان. ئەو کارەساتانە، لەدەستدانی ئەو خۆشەویستانە و هەروەها هەست بە گەورەبوون لە ناو بنەماڵەی بێگانە و نەبوونی کەسێکی بەردەوام وەك نموونەیەکی کەسایەتیی و فیگوورێکی بەڕێوەبەر لە ژیانی محەمەددا بوونە هۆکاری سەرەکی بۆ تەنیا مانەوە، هەستی متمانە پێنەکردن و هەڵس و کەوتی پێشبینی نەکراو، و بە تەواوی شوێنی خۆیان لەسەر کەسایەتی محەمەد بەجی هێشت.

وێدەچێ ئەو نەبوونی دایکە لە ژیانی محەمەددا، خۆی لە هەڵس و کەوت لەگەڵ ژنان دەرخستبێت. لە چەند پەیوەندییەکدا بەدوای پەنا و سەلماندنێکی دایکانەدا گەڕاوە، کە بەڕادەیەکی زۆر ئارەزووی کردووە و لە درێژایی ژیانیدا بەدوایدا گەڕاوە. لە لایەکیشەوە لەگەڵ تاقمێك لە ژنەکانی هەڵس و کەوتێکی خۆپەرستانە و زۆر ئیشکی هەبووە، کە وێدەچی بەو کارەی ویستبێتی سزای تاوانی دایکی بدات، وا لە تەمەنی مناڵییەوە بە بێ پەنا لەو دنیایە بەڕەڵڵای کردبوو.

چەند ساڵ دواتر بە دوای گرتنەوەی شاری مەککە لە لایەن محەمەدەوە، بۆ یەکەم جار چۆتە سەر گۆڕی دایکی. بە گریانەوە دەبێ دۆعای لە خودا کردبێ کە لە گوناهەکانی چاوپۆشی بکات. بەڵام خودا دۆعاکەی رەد کردۆتەوە. دەبێ ئامینە چ گوناهێکی وا گرانی کردبێ کە محەمەدی ناچار بە پاڕانەوە لای خودا کردبێ؟ مێژووناسانی ئیسلامی لەسەر ئەو باوەڕەن گوناهی ئامینە لەوەدا بووە کە کافر بووە. قورئان لە سوورەی ٩، ئایەی ١١٣ دا، دۆعاکردنی پێغەمبەری بۆ خزم و کەسی بێ ئیمانی لێ قەدەغە کردووە.

لە ڕوانگەی منەوە ئەو چەشن شی کردنەوەیە شتێکی بێ مانایە. لە کاتی مردنی ئامینەدا محەمەد کە دواتر بۆتە پێکهێنەری ئیسلام، تەنیا شەش ساڵی تەمەن بووە. ئەگەر هاتنە سەرکاری ئایینی ئیسلام بە پێوەر بۆ ئایینێکی ڕاستەقینە دابنێین، ئەو کاتەی ئامینە فەوتی کردووە هەر هەموو مرۆڤی سەر ئەم جیهانە بێ دین و کافر بوون. لە لایەکیتریشەوە هەر هەمان مێژوو ناسان ئامینە لەگەڵ مەریەمی دایکی مەسیح هەڵدەسەنگێنن و ڕەوایەتێکی هاوچەشنی بۆ دەخوڵقێنن و دەنووسن کاتی ئامینە زگی بە محەمەد پڕ بووە، لە خەونیدا خەیاڵی کردووە کە زگی بە منداڵێکی تاقانە و تایبەت پڕە و دەبێ ناوی محەمەدی لەسەر دابنێ. ماوەیەکی کورت دوای لەدایکبوونی دەبێ تیشکێکی وەها لە لەشی محەمەد هاتبێتە دەرێ کە کۆشکەکانی شاری بوسرا"Busra" لە سووریەی ڕۆشن کردبێ.[٩٤]

بەڵام سەرەڕای پشتڕاستکردنەوەی مێژوونووسانی ئیسلامی لەسەر ئامینە، محەمەد بە بێ ئارەزووی ئاشتبوونەوە لە گەڵ دایکی، لە قورئاندا ڕایدەگەیێنێ کە ئامینە لە جەهەنەمدا دەسووتێنرێت.

بڵێی ئەو ڕاستییە کە ئامینە محەمەدی لەخۆی دوور خستۆتەوە، یا تێنەگەیشتوویی محەمەد وەك منداڵێك کە دایکی لە دەست داوە، یاخود ئەو قسانەی لەناو خەڵکی دا لەسەر زاران بوون و گومانی ئەوەی کە محەمەد لە پەیوەندییەکی بێ هاوسەریدا پێگەیشتوە، ببونە هۆی ئەو ئارەزووە؟ لە نووسراوەکەی ابن ئیسحاق دا دەبێ ئامینە گوتبێتی زگ پڕبوونی لەسەر محەمەد لە هەموو ئەوانیتری راحەت تر بووە.[٩٥] هەموو سەرچاوە ئیسلامییەکان لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن کە نە پێش و نە دوای عەبدوڵلای باوکی محەمەد، ئامینە زەماوەندی لەگەڵ هیچ کەسێکیتر نەکردووە. بەو پێیەی عەبدوڵلا سێ مانگ دوای زەماوەندی لەگەڵ ئامینە فەوتی کردووە، دەبێ تەنیا جارێك لەو زگی پڕ بووبێ. ئەدی ئەو زگ پڕبوونانەی تر کە لە نووسراوەکەی ابن ئیسحاقدا باسی لێکراوە، لە کوێوە هاتوون؟ کە وابوو دەبێ پیاوانێکیتر لە گۆڕێ دا بووبن جا چ لە ڕێگەی هاوسەریی و چ لە ڕێگەی ترەوە. هەرچۆنێک بێت، لە ڕوانگەی

---

[٩٤] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, ١:٢٠٧

[٩٥] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, ١:٢١٤

محەمەدەوە دەبێ ئامینە تاوانێکی گەورەی کردبی کە نەیتوانیوە لێی ببووری. "پێغەمبەر و باوەڕپێکراوانی ڕێگایان لێ بەستراوە داوای لێبووردن لەخودا بۆ ئەو کەسانە بکەن کە تەنانەت خزمی نیزیکیشیان بن، کاتێ کە ڕوونە جێگایان لە جەهەنەمدایە" (سوورەی ٩ ، ئایەی ١١٣).

## خەدیجە وەك دایکێکی یەدەکی

هیچ مرۆڤێك بە ڕادەی خەدیجە (٥٥٥-٦١٩) کارتێکەری لەسەر ژیانی محەمەد نەبووە و هیچ کەسێك بەقەرا ئەو نەیتوانیوە هێندە گۆڕانکاریی تێدا پێك بێنێت. ئەو تاقە ژنێکی محەمەد بووە کە ژنێتری بەسەر نەهاتووە. خەدیجە، وەك هاوسەرێک، تا مردنی لەگەڵیدا ژیاوە. خەدیجەی بێوەژن و دەوڵەمەند، کاروانسەرایەك و دووکانێکی بازرگانی لە مەککە بە میرات پێ گەیبوو. محەمەد لە ڕێکخراوەی بازرگانیی خەدیجەدا سەرکەوتووانە سەرپەرشتیی کاروانێکی بۆ ڕێگای سووریا لە ئەستۆ گرتبوو. خەدیجە بۆ محەمەد تەنیا هەر خاوەن کار نەبوو بەڵکوو هاندەرێك بوو بۆ گەشانەوەی هێزی کاریی ئەو.

سەرچاوە ئیسلامییەکان باس لەسەر ئاگاليبوونی خەدیجە لە بەسەرهاتە ئایینییەکەی محەمەد دەکەن. محەمەد لەسەر هەڵس و کەوتی نائاسایی خۆی پێیوابووە کە شەیتان چۆتە کەڵیشەیەوە.[٩٦] ڕۆژێك لە ڕۆژان محەمەد بە ترسەوە خۆی بە ماڵی خەدیجەدا کردووە، بە لەرزێکی زۆرەوە داوای لە خەدیجە کردووە گەرم دایپۆشێ. ئەو بۆ خەدیجەی گێڕاوەتەوە کە شەیتان ویستوویە بیخنکێنێ. خەدیجە ئارامی کردۆتەوە و گوتوویەتی ئەوە شەیتان نەبووە بەڵکوو فریشتەی ئاسمان بووە کە خۆی نیشان داوە.

ئەگەر لە ئەمڕۆدا مرۆڤێك بە لەرزەوە بچێ بۆ لای ژنەکەی و پێی بڵێ بوونەوەرێکی تووڕە خەریك بو لە ئەشکەوتێکدا بمخنکێنێ؛ و یاخود بڵێ لەپڕێکدا سوورەیەکم بۆ نازڵ بووە، ژنەکە دەبێ نیگەران بێ کە مێردەکەی یا وڕێنە دەکا و یا

[٩٦] Ibn Saa'd: Al-Tabaqat, ١:١٦٥

دەبێ تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبێت، بە پەلە و بێ ئەملا و ئەولا دەینێرێت بۆ لای پسپۆری دەروونناسی. بەڵام بەوهۆیەی ئەو کاتی مەککە واتە سەدەی حەوتەم هیچ ناوەندێك یاخود نەخۆشخانەیەکی دەروونی بوونی نەبووە، دەبوو خەدیجە خۆی ببێتە دوکتۆر و هەوڵی چارەسەریی مێردەکەی بدا. یاخود کاتێ بارودۆخی نەخۆشیی محەمەد زۆر خراپتر بووە و لای ژنەکەی درکاندوویەتی کە دەیهەوێ بچێتە سەر کێوێک و لەوێوە خۆی بەرداتەوە، ژنێکی ژیر دەبێ شتێك بدۆزێتەوە کە بتوانێ یارمەتیدەری مێردەکەی بێ.

خەدیجە بڕیاری داوە نەخۆشیی مێردەکەی بە خەڵاتێکی ئاسمانی دابنێ. هەڵس و کەوتی خەدیجە لەگەڵ محەمەد وەك هەڵس و کەوتی دایکێك بووە لەگەڵ منداڵەکەی. سەرەڕای ئەوی دایك باوەڕی بە فانتازی منداڵەکەی نییە، هەوڵدەدا خەیاڵەکەی بە ڕاست لێ وەربگرێ، بەڵام هۆیەکی ئەرێیشی لە پەنا دادەنێ. خەدیجە داوا لە محەمەدی ترساو دەکات، کە ئەگەر جارێکیتر ئەو ڕۆشناییە هاتە دیداری بە پەلە پێی ڕابگەیێنێ.

تا ئێستا میوانە ئاسمانییەکەی محەمەد تەنیا لە ئەشکەوتی حەڕا لێی وەدەر کەوتبوو، بەڵام لەسەر ئەمری خەدیجە لێرەبەولاوە، ئیتر دەهاتە ناو ماڵەکەشیان. ڕۆژێك کاتێ روحە ئاسمانییەکە لە ماڵی خەدیجە خۆی نیشان دا، محەمەد بە دەنگی بەرز هاواری لە خەدیجە کرد: "من ئەو دەبینم!" دیارە سروشتییە کە خەدیجە نەیدەتوانی ئەو فریشتەیە ببینێت. خەدیجە داوا لە محەمەد دەکات لەسەر قاچی چەپی دانیشێ، و لێی دەپرسێ: "هێشتا هەر دەیبینی؟" محەمەد وەڵام دەداتەوە بەڵێ! ئەمجار داوای لێ دەکات لەسەر قاچی ڕاستی دانیشێ و هەمیسان لێی دەپرسێ: "ئێستا چی، هەر دەیبینی؟" محەمەد وەڵام دەداتەوە بەڵێ. "وەرە ناو باوەشم" خەدیجە دەڵێ. بەڵام لەوێشەوە فریشتەکەی هەر دەبینی. خەدیجە جلەکانی خۆی دادەکەنێ و دەڵێ ئەدی ئێستا؟ محەمەد دەڵێ ئیتر نایبینم! خەدیجە بە ئاسوودەییەوە دەڵێ: "دڵنیا بە کە ئەوە فریشتە یە و شەیتان نییە"[٩٧]

بە ئەگەری زۆرەوە، ئەگەر محەمەد هەر وەك پێشتر کەسێکی لە ژوورەکە لەبەر چاو بدیبایە، خەدیجە هەتا نێو جێگا و لەگەڵیەکتر خەوتنیش، درێژەی پێدەدا. لێرەدا بە

[٩٧] Al-Suhaili: Al-Raud al-Unuf, ١:٤٠٨–٤٠٩

ڕاشکاوی مەکرێکی ژنانە لە کاردایە. پیاوێکی لەخۆڕازیی عەرەب هیچکات ئیزن نادا مرۆڤێکی بێگانە جا چ شەیتان بێ یا فریشتە، ژنەکەی بە ڕووتی ببینێ. بەخیلی و غەریزەی ساحیب بوونی محەمەد بەسەر فانتازی و خەون و خەیاڵەکەیدا سەر کەوتووە و دەری کردووە.

شی کردنەوەی مێتافیزیکیەکەی دەڵێ: "تەنیا شەیتان خەوتنی هاوسەر لەگەڵ یەکتر سەیر دەکات. فریشتە و مەلائیکە بە پێچەوانە، کاتێ ژنێك بۆ مێردەکەی خۆی رووت بکاتەوە یاخود لەگەڵی بخەوێ، خۆیان دوور دەخەنەوە و نامێننەوە." ئەگەرچی خەدیجە خۆی ئەو کەسەی نەبینیوە، بەڵام بەو بڕیارەی، مێردەکەی ئارام کردۆتەوە و پێی سەلماندووە کە بە هیچ شێوەیەك شێت نییە.

سەیر ئەوەیە کە محەمەد دوای مردنی خەدیجە و هیجرەتی بۆ مەدینە، وەك یاسا دانەر چەند یاسای بۆ شاهیدی عەینی داناوە. بە پێی ئەو یاسایە بینینی تاوانێك لە لایەن ژنێکەوە بەهۆی کەم هۆشیی یاخود درۆزن بوونیان، تەنیا ئەو کات دەسەلمێندرێ کە لە لایەن ژنێکیتریشەوە شاهیدی بۆ بدرێ. بەڵام پیاو بە پێچەوانە پێویستیی بە شاهیدی دووهەم نەبووە. ئەو کارە بەو هۆیەوە سەیرە، کە گرنگترین بەڵگەی ئیسلامیی واتە ئەوەی کە محەمەد بە پێغەمبەریی خودا هەڵبژاردراوە، لەسەر شاهیدیی تاکە ژنێك بنیات نراوە کە ئەو ژنە تەنانەت کەسەکەشی نەبینیوە.

لەسەر ئایین و باوەڕی خەدیجەی پێش ئیسلام هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لە دەستدا نییە. تەنیا ئەو شتە ڕوونە کە دوو کوڕە مامی مەسیحی بوون: یەکیان عوسمان ابن ئەلحوەیریث "Uthmān Ibn al-Huwairith" ە کە وەك پێشتریش باسمان لێوەکرد، گوایە پێشنیاری بە قەیسەری ڕۆمیی کردووە کە بیکا بە شای مەککە؛ ئەویتریان مرۆڤێکی ڕۆحانی مەسیحی بە ناوی وەرەقە "Waraqa" بووە و لەگەڵ ئەو کوڕە مامەی باسی فانتازیکردنی محەمەدی کردوە و داوی یارمەتی لێ کردووە. وەرەقە لەو پەیوەندییەدا لەسەر بۆچوونی خەدیجە بووە کە ئەو کەسەی وا لە ناو ئەشکەوتەکەدا میوانی محەمەد بووە، ناردراوێک لە لایەن خوداوە بووە. جێی باوەڕە کە خەدیجە پێش هاوسەری لەگەڵ محەمەد ئایینی مەسیحی قەبووڵ کردبێ. چونکە لە وڵاتە عەرەبییەکان تەنیا مەسیحی و یەهوودی باوەڕیان بە خودا و ناردنی پێغەمبەر هەبووە.

## زێنەب ئەو ژنەی پێغەمبەری بەزاند

دەگێڕنەوە خەدیجە شەش منداڵی لە محەمەد بووە. دوو کوڕ کە لە تەمنی منداڵیدا مردوون و چوار کەنیشك. ئەو حیساباتە کێشەی لەگەڵە، ئەگەر مرۆڤ بڕێك سەرنجی بداتێ کە خەدیجە ئەوکاتەی لەگەڵ محەمەد زەماوەندی کردووە چل ساڵە بووە و لە تەمەنی ٦٥ ساڵیشدا مردووە. لە سووڕەی ١٠٨ی قورئاندا دەخوێنینەوە کە کەسێکی خەڵکی مەککە محەمەدی بە ئەبتەر"abtar" نێو ناوە. ئەبتەر بە مانای "نەزۆك"ە و هەروەها دەکرێ ئەو وشەیە بە نەبوونی توانای جینسیش مانا بکرێتەوە. ئەو ڕاستییەش کە محەمەد دواتر لەگەڵ یازدە ژنیتری کە تەمەنیان زۆر لە خەدیجە کەمتریش بووە و تەنانەت تاقە منداڵێکیشی لێیان نەبووە، بوونی شەش منداڵ لە خەدیجە سەیر دەنوێنێ. تەنیا یەك لە کەنیزەکانی بە ناوی ماریا، منالێکی بوو کە لێرەش لەناو خەڵکدا گێڕراوەتەوە کە منالەکە هی محەمەد نییە و تەنانەت محەمەد دواتر فەرمانی کوشتنی باوکی منداڵەکەی داوە.

تاقمێك لە ژیننامە نووسانی ئیسلامی زۆر جار لەسەر کچەکانی محەمەد بە ناوی فاتمە،"Fatima" ڕوقیە "Ruqayya" و ئوم کلثوم "Um Kulhoum" نووسیویانە. لەسەر کچە گەورەکەی محەمەد واتە زێنەب زۆر کەم نووسراوە هەیە. بڵێی بە ئانقەست زێنەبیان لە بیۆگرافی محەمەد قرت نەکردبێ، چونکە زێنەب تەنیا منداڵی محەمەد بووە کە باوەڕی بە پێغەمبەر بوونی باوکی نەبووە؟ کاتێ محەمەد بە ئازادی قاوی بۆ ئایینەکەی کرد، دەستووری جیابوونەوەی دوو کچی واتە " ڕوقیا و ئوم کولسومی لە مێردەکانیان دا، چونکە شووەکانیان موسوڵمان نەبوون. فاتمە لەو سەردەمەدا هێشتا منداڵ بوو. بەڵام زێنەب ژنی بازرگانێك بوو بە ناوی ئەبوو ئەلعاز "Abū al-A'as" و چەندین منداڵیشیان هەبوو. ئەبوو ئەلعاز باوەڕی بە پێغەمبەریی محەمەد نەبوو. محەمەد لەسەر ئەو کارەی زۆری لێ تووڕە بوو، ئەمری بە کچەکەی کردووە کە خۆی لە ئەبوو ئەلعاز جیا بکاتەوە. زێنەب بە قسەی محەمەدی نەکردووە و لای

بنەماڵەکەی خۆی ماوەتەوە. تەنانەت دەبێ هۆزی قورەیش گوشاریان بۆ ئەبوو ئەلعاز هێنابی کە لە زێنەب جیا بێتەوە، بەڵام ئەویش جوابی نەداونەتەوە و بە قسەی نەکردوون. زێنەب و مێردەکەی بەو هۆیەوە لە بنەماڵەی محەمەد دوورییان کردووە.

کاتێ محەمەد هیجرەتی کردە مەدینە، هەموو کچەکانی لەگەڵیدا هاوسەفەر بوون، تەنیا زێنەب و مێردەکەی لە مەککە مانەوە. کاتێ محەمەد و هەڤاڵانی هێرشیان کردە سەر کاروانچییەکان، زاواکەی بڕیاری دا دژ بە محەمەد شەڕ بکا چونکە محەمەد نەک هەر دەیویست بنەماڵەکەی لێ تێك بدا بەڵکوو کارە بازرگانییەکەشی کەوتبووە ژێر مەترسییەوە. بۆ ئەو و هەموو بازرگانەکانی تر، جادەی کاروانچییەتیی مەککە وەك ڕەگی حەیاتی وابوو. لە شەڕی بەدردا، ئەبوو ئەلعاز لەگەڵ خەڵکانی مەککە دژ بە شەڕکەرەکانی محەمەد بەشدار بوو. دوای دۆڕانی ئەو شەڕە، ئەبوو ئەلعاز و چەند کەسیتر بە دیل گیران. خەڵکی مەککە بۆ ئازاد کردنی ئەو ئەسیرانە پێشنیاری پارەیەکی زۆریان بە محەمەد کرد. محەمەد پێشنیارەکەی لێ قەبووڵ کردن بەڵام لەو ئەسیرانە دوو کەسی لێ کوشتن، یەکیان شاعیرێك بۆۆ بە ناوی ئەلنەذرابن الحارث "al-Nadr Ibn al-Harith" کە لە شێعرەکەیدا محەمەدی بە درۆزن ناوبردبوو و ئەویتریشیان هەڤاڵێکی ئەلنەذربوو، کە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا دەبێ پێ کەنیبێ.

زێنەب بۆ ئەوەی ئەرخەیان بێ کە محەمەد مێردەکەی ئازاد دەکا، مل بەندێکی گرانبەهای بۆ نارد کە ئەو کات لە لایەن دایکی، واتە خەدیجەوە بۆ زەماوەندەکەی پێی خەڵات کرابوو. کاتێ محەمەد مل بەندەکە دەبینێ دڵی پڕ دەبێ و وەبیر ژنە باشەکەی دەکەوێتەوە کە لە سەردەمە ناخۆشەکانی ژیانی هەمیشە هاوڕێی بووە. ئەمر دەکا ئەبوو ئەلعاز بێنن، مل بەندەکەی دەداتێ و بە بێ وەرگرتنی پارە ئازادی دەکات. بەڵام شەرتێکی بۆ دادەنێ: بەڵێنی لە ئەبوو ئەلعاز وەردەگرێ کە دوای گەیشتنەوەی بۆ مەککە زێنەبی کچی بۆ مەدینە بۆ ڕەوانە دەکات. وەك باسی لێ دەکرێ، هەستی بەزەیی محەمەد لە گێڕاوەکاندا بەڕوونی لاوازترە لە هەستی خۆبایی بوونی. محەمەد بەو کارەی هەوڵی هەڵوەشانی بنەماڵەیەکی بەختەوەر دەدا تەنیا بۆ ئەوەی پێیخۆش بوو کچەکەی لە بەرەی خۆیدا بێت. ئەگەرچی ئەو دەیزانی کە زێنەب دوو گیانە، بەڵام هێشتا گوشاری بۆ ئەبوو ئەلعاز دێنا کە لەسەر بەڵێنەکەی ڕاوەستێ.

ئەبوو ئەلعاز سەرەڕای دووگیانبوونی زێنەب و خۆشەویستیی لە هەنبەر ئەو، بەڵێنەکەی ڕاگرت و زێنەبی ڕەوانەی مەدینە کرد. لە ڕێگا کاروانەکەیان لە لایەن چەند پیاوی هۆزی قورەیش هێرشیان دەکرێتە سەر، زێنەب منداڵەکەی لەبار دەچێ و دوای ئەو کارەساتە بۆ حەسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەککە. تەنانەت ئەو ڕووداوەش محەمەد ئارام ناکاتەوە و پێ لە کەوشێك دەنێ کە بە پەلە خۆی بگەیێنێتە مەدینە. شەڕکەرەکانی نارد تا هێرشکارەکان بدۆزنەوە و ئەمری پێکردن کە بیانسووتێنن. بەڵام لەپڕێکدا بڕیارەکەی گۆڕی و گوتی: "تەنیا خودا دەتوانی مرۆڤ بە ئاور زەجر بدا، هەر ئەوەندەی دەست و قاچیان بپەڕێنن بەسە."[٩٨] شەڕکەرەکانی فەرمانی محەمەدیان بەجێ هێنا و زێنەبیان تا مەدینە هاوڕێیی کرد.

بەڵام لەوێ کارەساتێکی تر یەخەی زێنەبی گرت. ئەو کاتەی زێنەب گەیشتە مەدینە، محەمەد گوشاری بۆ هێنا تەڵاق لە ئەبوو ئەلعاز وەربگرێ و هاوسەریی پیاوێکی موسوڵمان بکات. زێنەب قەبووڵی نەکرد. لەو سەردەمەدا محەمەد، مەدینە و ناوچەکانی دەوروبەری شارەکەی بە تەواوی لەژێر کونتڕۆڵی خۆی گرتبوو. تەنانەت ڕێگای بازرگانیش لە دەست خۆیدا بوو. دەستووری هێرش بۆ سەر کاروانی ئەبوو ئەلعاز و بە دیل گرتنی ئەوی دا. لە ڕوانگەی خۆیەوە بەو کارەی دەیویست کچەکەی بە ڕێگای ڕاست هیدایەت بکا. زێنەب هەمیسان قسەی باوکی ڕەدکردەوە و پێی ڕاگەیاند کە مێردەکەی لە ژێر پارێزگاری خۆی ڕادەگرێ. خۆی بە یاسایەکی کۆنی مەککەوە هەڵواسی کە ئەگەر بێگانەیەك بێتە ناو شار کەسێکی ناو شارەکە دەتوانێ پارێزگاریی لێ بکات. ئەگەر کەسێکی بنەماڵەی قورەیش پارێزگاری بکات هیچکەس بۆی نییە هێرشی بکاتە سەر. تەنانەت ئەو کات ژنانیش دەیانتوانی کەسێك لەژێر پارێزگاری خۆیاندا ڕابگرن. زێنەب بەو کارەی و بە درکاندنی خۆشەویستیی لەهەنبەر هاوسەرەکەی کە ئەوی لە سەرووی بنەماڵەکەی و داب و نەریتدا دا دەنا، محەمەدی لای دۆستەکانی سووك کرد. محەمەد نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە کچەکەی بەو شێوەیە

---

[٩٨] Al-Baladhiri: Ansab al-Ashraf, ٢:٥٢٥ff.

هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکات. بە بێ باوەڕییەوە پرسیاری لەو کەسانە کرد کە لە دەوروبەری ڕاوەستابوون:" ئێوەش گوێتان لێ بوو، ئەو شتەی من گوێم لێیە؟".

بەهێزترین مرۆڤی عەرەبستان خەریکی دۆڕاندنی بڕیار و هەڵوێستەکەیەتی، ئەویش لە بەرانبەر کچی خۆشەویستەکەی واتە خەدیجە. لە کۆتاییدا هیچ ڕێگایەکی بۆ نەماوە، جگە لەوەی ئەبوو ئەلعاز ئازاد بکا و لەگەڵ ژنەکەیدا بیاننێرێتەوە مەککە. تەنانەت ئەو شتانەی لە کاروانەکەشی زەوت کردبوو، پێی دانەوە.

دوو ساڵ دواتر زێنەب مرد. محەمەد فەرمانی بە خاکسپاردنێکی بە ڕێی و جێی لە مەدینە بۆ دا. ئەلبەلاذەری "Al-Baladhiri" دەگێڕێتەوە: "محەمەد فەرمانی داوە مەیتی زێنەب لە تابووتێکدا لە گۆڕ نێن، داب و نەریتێك کە تەنیا لای مەسیحییەکان بینراوە."[٩٩] ئەو کارە نهێنییەکی دیکە وەدەردەخا. بڵێی زێنەب مەسیحی نەبووبێ؟ بڵێی تەنیا بەو هۆیەوە نەیویستبێ لە مێردەکەی تەڵاق وەربگرێ؟ بۆچوونێکی زۆر سەیر نییە. ئەبوو ئەلعاز ماوەیەکی زۆر لە ناوچەی مەسیحییەکانی سووریەدا بەڕێوە بووە، خزمایەتیی لەگەڵ پیاوێکی ڕۆحانی واتە وەرەقە "Waraqa" هەبووە. بە پێی هەندێك لە سەرچاوەکان هەر ئەو پیاوە ڕۆحانییە محەمەد و خەدیجەی لێك مارە کردووە. ئەو ڕاستییەش کە لە سەردەمی ژیانی خەدیجەدا هیچ ژنێکیتری نەهێناوە، ئەگەرچی تەمەنی لە خۆی زۆر زیاتریش بووە، بۆچوونەکە پشت ئەستوور دەکاتەوە.

دەگێڕدرێتەوە کە ئەبوو ئەلعاز دواتر ئایینی ئیسلامی قەبووڵ کردووە. ئەلبەلاذەری دەنووسێ: "مێردەکەی زێنەب نەچۆتە ناو ڕیزی شەڕکەرەکانی محەمەدەوە. وێ ناچێ ئیسلامیشی قەبووڵ کردبێ، چونکە ئەوکات هەر کەس ئایینی ئیسلامی قەبووڵ کردایە، دەبوو ڕاستەوخۆ و ئۆتوماتیك بچێتە ناو ڕیزی شەڕکەرەکانیەوە.

[٩٩] Al-Baladhiri: Ansab al-Ashraf, ٢:٥٢٩

## ئایشە، منالێک، کە محەمەد هەرگیز نەیدەتوانی وەك ئەو بێ

دوای مردنی خەدیجە، محەمەد لە زۆر لایەنەوە رادیکاڵ بۆوە. هەڵس و کەوتە سەیروسەمەرەکەی پێشووی بەجێ هێشت و دەستیکرد بە دانانی پلان بۆ بەربەرەکانی کردنی هۆزی قورەیش و تووناکردنی کارە بازرگانییەکەیان. هەڵس و کەوتی سێکسی و جنسیشی دوای خەدیجە دەبێ بەندەکەی دەستی بە ڕووخان کردبێ، چونکە چەند مانگ دواتر لەگەڵ دوو ژن واتە سوعدا "Sauda" و ئایشە "Aischa" زەماوەندی کرد کە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەبوو. تەمەنی سوعدا زیاتر لە حەفتا ساڵ بوو، و ئایشەش تەنیا شەش ساڵ تەمەنی بوو. سوعدا ماوەیەکی کورت بوو ببوە بێوەژن و ڕەنگە محەمەد ویسبێتی لە ڕێگای هاوسەرییەوە ژیانی دابین بکات. خۆی زیاتر لە ٢٥ ساڵ لە لایەن خەدیجەی بێوەژنەوە ئاگاداریی لێکرابوو، ئێستا دەیوست بۆخۆی ئاگای لە کەسێکیتر بێ.

ئایشەی شەش ساڵەش کچی هاوڕێی هەمیشەیی واتە ئەبووبەکر بوو. بەو هاوسەرییە ویستوویە پەیوەندیی نێوان خۆی و ئەبووبەکر قایمتر بکات. هاوکات ئەو تایبەتمەندییانەی وا لە ئایشەیدا دیبووی، هیچ ژنێکی باڵغ نەیدەتوانی بیداتێ. منداڵێکی بەستەزمان و بێ گوناە، خوێن شیرین و فرتۆڵ، لە لایەن دایك و باوکییەوە باش بارهاتبوو و زۆریش خۆشەویست بوو. تەواوی ئەو تایبەتمەندییانەی محەمەد لەو تەمەنەدا خۆی لێی بێ بەهرە بووە.

بە ئەگەری زۆر بەو پەیوەندییە ویستوویە سەردەمی منالّیی لەدەستچووی خۆیی زیندوو بکاتەوە. محەمەد منداڵانیتری بۆ ناو ماڵی خۆی بانگهێشتن کردووە، کاتی یاریکردن سەرنجی داونەتێ، کێبەرکێی هەڵاتن و خۆشاردنەوەی ڕێکخستووە و خۆشی بەشداری تێداکردووە.

لەو کاتەوە چەندین سەدەیە زەماوەند لەگەڵ منداڵی کەم تەمەن لە ئایینی ئیسلامدا بەهۆی محەمەدەوە شێوەی فەرمیی بەخۆی گرتووە. بۆ زۆربەی موسوڵمانی مودێرنی ئەوڕۆیی، زەماوەندی پێغەمبەر لەگەڵ منداڵێکی شەش ساڵە هەستێکی شوورەیی پەروەردە دەکا و بەو هۆیە بە دوو دڵییەوە بەدوای ڕوونکردنەوەیەکی لۆژیکیدا دەگەڕێن. تاقمێك دەڵێن، ڕەنگە لەو تەمەنەدا مارەی کردبێ، بەڵام نیزیکی جنسیان سێ ساڵ دواتر و لە تەمەنی نۆ ساڵەییدا بووە.[١٠٠] داکۆکیکەرەکانی بەو شێوەیە بۆی دەچن کە ئەوکات کچی نۆ ساڵە زۆر زوو بلووغ دەبوون و بۆ نیزیکی سێکسی ئامادە بوون. بەڵام یەکەم، ئایشە خۆشی دانی بەوە داناوە کە محەمەد هەر لە سەرەتاوە خۆی لێ نیزیك کردۆتەوە و بە غەیری ڕۆچوون، هەمووشتێکی لەگەڵ کردووە. لە ڕاستیدا ئەو کارانەش هەر بە سێکس لە ئەژمار دێن. دووهەم، کچێکی نۆساڵە، کچێکی نۆ ساڵەیە و چ ئەو کات و چ ئێستاش منداڵێک زیاتر نییە. هەروەها، ئەو سەردەمەش باو نەبووە کە پیاوێك لەگەڵ کچێکی شەش یاخود نۆ ساڵە زەماوەند بکات و هیچ نموونەیەك لە دەور و بەری سەردەمی محەمەد تۆمار نەکراوە کە بوونی کارێکی هاوچەشن بسەلمێنێ. تەنانەت کچەکانی محەمەدیش هەر هەموویان لە تەمەنی ئاساییدا زەماوەندیان کردووە.

تاقمێك لە داکۆکیکەرەکانی دیکەی، شک لە تەمەنی کەمی ئایشە دەکەن و دەڵێن، محەمەد مرۆڤێکی بەتایبەت ئەخلاقی بووە و بۆی نییە کارێکی لەو چەشنەی کردبێ. بەڵام ئایشە خۆی بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان و بەتایبەت سەرچاوە ئیسلامییەکان بە درێژایی ١٤٠٠ ساڵی ڕابردوو، باسی لە تەمەنی کاتی مارەکردنی کردووە. بەڵام ئەو تاقمە مرۆڤەی سەدەی بیست ویەکەم، کە دەیانەوێ بە خەیاڵی خۆیان ڕێفۆرم لە ئیسلامدا پێك بێنن، چاوی لێ دەنوقێنن و نایانەوێ ئاگایان لە مێژووی ڕابردووی خۆیان بێ. ئەوان دەیانهەوی وێنەیەکی باش و مرۆڤخوازیی لە محەمەد دژ بە دنیای ئەوڕۆ و بەتایبەت بیرمەندانی ڕەخنەگر دروست بکەن، بەڵام بەداخەوە ئاوا کارەکەیان بۆ بەرەوپێش نابرێت، چونکە نەک هەر مێژووی ڕابردووی محەمەد پیشان دەدا کە لەگەڵ منداڵێکی شەش ساڵاندا نیزیکی کردووە، بەڵکوو بە گشتی چەشنی هەڵس و کەوتی ئەو لە هەنبەر هاوسەرایەتی و کاری سێکسی باشتر دەخاتە ڕوو. ئەو هەڵس

[١٠٠] Abū Dawūd: Sunan Abi Dawūd, Hadith Nr. ٢٢١٤

و کەوتانەی نەتەنیا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەدەی بیست و یەکەمدا ڕەخنەیان لەسەرە، بەڵکوو بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی حکومڕانی خۆیشی هەر کارێکی نامۆ بووە. لەسەر ئەوە دواتر دەوێین.

ئایشە هەر وەك خۆشی دەیزانی، لە ناو ژنەکانی محەمەدا جێگایەکی تایبەتیی هەبوو. ئەو زۆر شانازی بەوەوە دەکرد کە تاقە ژنی باکرەی محەمەدە و ئەوانیتری هەر هەموویان بێوە ژن بوون. ئایشە ژنەکانیتری محەمەدی لەگەڵ زەوییەك هەڵدەسەنگاند کە لە لایەن شووەکانی پێشوویانەوە ئاودراون. هەروەها ئایشە تەنیا ژنی محەمەد بووە کە دوای مردنی محەمەد باسی لەسەر ژیانی سێکسی محەمەد کردووە. بۆ وێنە دەڵێ: "محەمەد هەموو شەوێك چۆتە لای ژنەکانی و لە باوەشی گرتوون، ماچی کردوون و یاری لەگەڵ کردوون، پێش ئەوەی بچێتە لای ئەو ژنەی وا ئەو شەوە نۆبەی بووە." [١٠١]

لە مانگی رەمەزاندا نیزیکی سێکسی پێش ڕۆژئاوابوون بۆ هەر موسوڵمانێك یاساخ کراوە. تەنانەت لە قورئاندا هاتووە ژن لە کاتی عوزردا بە تەواوی لەو کارە چاوپۆشی بکات. بەڵام ئایشە دەگێڕێتەوە: " محەمەد بۆ من یاسایەکی نوێ دانابوو. تەنانەت بۆ ئەو کاتەی لە عوزریشدا بووە، لە مانگی رەمەزان هەم ماچی کردووە و هەم زمانی مژتووە."[١٠٢] هەروەها ئایشە تەنیا ژنێکی بووە کە نەك بە 'پێغەمبەری خودا' بەڵکوو بە 'محەمەد'ی ناو بردووە. تەنەنەت جارێکیان لە محەمەدی پرسیار کردووە: "بە ڕاستی تۆ پێغەمبەری خودای؟" کاتێ باوکی ئایشە، ئەبووبەکر ئەوی بیستووە، شەپلاغەیەکی لێ داوە. بەڵام محەمەد لە هەنبەر ئایشەدا زۆر هەڵسو کەوتێکی لاوازی هەبووە و لێی گەڕاوە هەرکارێکی پێیخۆش بێت بیکات.

ئایشە تەنیا ژنیشی بووە کە ئیزنی بینینی جوبرەئیلی بووە. ئایشە بینیویە دوای قسەکردنی جوبرائیل لەگەڵ محەمەد لەسەر ئەسپێك غاری کردووە. کاتێ لە محەمەد پرسیار دەکات، ئەو پیاوە کێ بوو، محەمەد پێی سەیر بووە، چونکە تا ئێستا تەنیا خۆی

[١٠١] Ibn Kathir: Tafsir, ١:٦٩٧

[١٠٢] Ibn Hanbal: Al-Musnad, Hadith Nr. ٢٤٧٧٥

ئیزنی بینینی جوبرەئیلی بووە. کاتێ محەمەد دواتر لەگەڵ ژنەکانیتری زەماوەند دەکات، گلەیی لێ دەکەن کە بۆ ئایشە وە پێش هەموو ژنەکانیتری دەخات. لەو پەیوەندییەدا محەمەد وەڵامی داوەتەوە: "لەسەر هەڵس و کەوتی من سەبارەت بە ئایشە گوشارم بۆ مەهێنن، چونکە هیچکات ئایەم بۆ نازڵ نابێ ئەگەر لەگەڵ ژنەکانیترم لە جێگادا بخەوم، جگە لەگەڵ ئایشە.[١٠٣]

خۆشەویستیی محەمەد بۆ ئایشە بە ئاشکرایی، سروشتی جوبرەئیلیشی گۆڕیبوو. چونکە ئەگەر لەبیرمان بێت، خەدیجە وەك ژنی یەکەمی محەمەد ئیزنی بینینی جوبرەئیلی نەبووە، و تەنانەت ژوورەکەی بەجێ هێشتووە، کاتێ خەدیجە خۆی رووت کردۆتەوە. بەڵام لە هەنبەر ئایشە هەڵس و کەوتێکیتری کردووە و دەبێ مانەوەی لای ئەو هیچ کێشەیەك نەبووبێ.

سەرەڕای خۆشەویستیی محەمەد بۆ ئایشە، بە هەر شەش مانگ جارێك ژنێکیتری بەسەر هێناوە. حەفصە کچی عومەر هەڤالی نیزیکی، یەك لەوان بووە. بە پێی گێڕاوەکان محەمەد حەفصەی خۆش نەویستووە و تەنیا لەبەر خۆشەویستیی و ڕێزی بۆ عومەر ئەو کارەی کردووە. لە ناو ژنەکانی محەمەد دا بەتایبەت "زێنەب بن جەهش" و کۆیلەکەی محەمەد "ماریە"، وەك دڕوویەك بە چاوی ئایشە دا چوون. ئایشە بە شێوەیەکی نەخۆش بەخیلایەتی پێ دەکردن و لەگەڵ ژنەکانیتری محەمەد بەتایبەت حەفصە دژ بەو دوانە ڕێك کەوتبوو. کەش و هەوای ناو ماڵی محەمەد بەوهۆیە ژەهراویی ببوو.

---

[١٠٣] Al-Bukhari: Sahih al-Bukhari, Hadith Nr. ٣٧٧٥

## سەفییە، ژنێکی جوولەکەی بەدیلگیراوی شەڕ

محەمەد وەك مرۆڤێکی تینوو، کە خوێواوکی خواردبێتەوە، هۆگری ژنان بووە. هەرچەند زیاتر لەو خوێواوکەی دەخواردەوە، زیاتر تینووی دەبوو. ئەو شەڕانەی کە بەڕێوەی دەبردن، ڕێگایان بۆ خۆی و شەڕکەرەکانی دەکردەوە دەستیان بە ژنان ڕابگات. ژنانی هۆزە دۆڕاوەکان لە شەڕدا ببوونە ڕزق و ڕۆزی بۆ خۆی و شەڕکەرەکانی. جارێکیان محەمەد بۆ هاندانی شەڕکەرەکەنی گوتوویەتی: "ئەگەر شاری تابوك(Tabūk لە باکووری عەرەبستان کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕۆمییەکاندا بووە)، بگرن، هەموو کچە ڕۆمییەکان دەبنە کەنیزی ئێوە."

شەڕکەرەکان وەك خەڵات ژنە جوانە بەدیلگیراوە کانی شەڕیان لای خۆیان ڕادەگرت و ئەو ژنانەی زۆر جوان نەبوون، وەك کۆیلە دەیانفرۆشتن. سەرەڕای ئەویکە موسوڵمانان لە ڕوانگەی ئاینییەوە ئیزنی دەست لێدانی ژنێکی بێگانەیان نەبوو، بەڵام مشتەرییەکان کاتی کڕینی کۆیلەکان دەستیان لە ئەندام و مەمکی کۆیلەکان وەردەدا بۆ ئەوی ئەرخەیان بن ئەو شتەی دەیکڕن،ماڵێکی چاکە.

محەمەد دوای سەرکەوتوویی لە شەڕی بەدر بەسەر خەڵکی مەککەدا، دەستیکرد بە ڕاونانی هۆزە جوولەکەکان لە شاری مەدینە. دەستووری سەرپەڕاندنی هەموو پیاوەکانی هۆزی قورەیزە"Quraiza"ی دا و ژن و منداڵەکانیشی بە دیل گرتن. تاقمێك لە جوولەکەکان پەنایان بۆ قەڵای خەیبەر برد و خۆیان لەوێ شاردەوە. محەمەد دەوری قەڵاکەی لێ گرتن، دوای ماوەیەك هەموویان ملیان دا و خۆیان تەسلیمی محەمەد و شەڕکەرەکانی کرد. یەك لە شەڕکەرەکان داوا لە محەمەد دەکا ئیزنی زەماوەندکردن لەگەڵ ژنێکی جوولەکە بە ناوی سەفییەی پێ بدا. بەڵام کاتی محەمەد ئاگادار دەکەن کە سەفییە کچی سەرۆك هۆزی جوولەکەکان بە ناوی حویەی "Huiayy"یە، بڕیار دەدا سەفییە بۆخۆی هەڵگرێ. محەمەد هەر لە هەمان ڕۆژدا کە دەستووری سەرپەڕاندنی

مێرد و برا و خزمەکانی سەفییە دەدا، لە ڕەشماڵەکەیدا دەستدرێژی سێکسی پێ دەکا. کاتێ ڕۆژی دوایی محەمەد لەخەو هەڵدەستێ، دەبینی یەك لە شەڕکەرەکانی لەبەر دەرکەی ڕەشماڵەکە ڕاوەستاوە و کێشك دەکێشێ. محەمەد لێی دەپرسێ بۆ لەبەر دەرکەی ڕەشماڵەکەی ڕاوەستاوە، شەڕکەرەکە وەڵام دەداتەوە: "ڕەسووڵی خودا، من نیگەرانی تۆ بووم و ترسم لەو ژنە هەیە کارەساتێکت بەسەر بێنێ، ئاخە تۆ دوێنی دەستووری سەرپەڕاندنی مێرد و براو خزمەکانیت داوە!" [١٠٤]

لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا نووسراوە کە سەفییە لە هەمان ڕۆژدا لەسەر مەیلی خۆی بۆتە موسوڵمان و محەمەد زەماوەندی لەگەڵدا کردووە. جێی باوەڕ نییە سەفییە لە هەمان ڕۆژدا کە مێرد و براو و خزمەکانی کووژراون، ئایینی محەمەدی قەبووڵ کردبێ و ئەو کارەساتەی لەبیر چووبێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، هەروەك پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش لەناو هۆزە عەڕەبەکاندا لەسەر زەماوەندکردن باو بووە و تەنانەت تا ئەمڕۆش لە لایەن موسوڵمانانەوە بەڕێوە دەچێ، بە بێ مارەکردن یاخود بە عەڕەبی خوتبە"*khutba*" هیچ زەماوەندێك پێك نایەت. بەهۆی ئەو داب و نەریتەوە، بنەماڵەی هەردووك لایەن دەبێ لەسەر ئەو بابەتە پێك بێن. هەروەها بە پێی ئایینی ئیسلام بێوەژن دەتوانێ دوای چوارمانگ هەمیسان شوو بکاتەوە. تەواوی ئەو داب و نەریت و یاسا ئایینیانە لە هەنبەر ژنانی بە دیل گیراودا لە لایەن محەمەد و شەڕکەرەکانیەوە بەڕێوە نەچوون.

دەست داگرتن بەسەر ژنان و کیژان وەك دەستکەوتی شەڕ، دۆزینەوەی محەمەد نەبووە و پێش ئیسلامیش پیاوانی عەڕەب ژنی کۆیلەیان کڕیوە و وەك کەرەسەیەکی سێکسی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ کردوون. بەڵام محەمەد لەو پرنسیپەشدا زێدەڕۆیی کردوە و ئەو کارەی وەك پاژ و بەشێکی سەرەکی جیهاد لێکردووە، چونکە نەک هەر لەشکری دوژمن و بەگشتی پیاوەکان دەبوو توونا بکرایەن، بەڵکوو منداڵدانی ژنەکانیشیان دەبوو بکەوێتە ژێر ئیختیاری شەڕکەرانی ئیسلامەوە. لێرەدا مەبەستی سەرەکی تەنیا چێژ وەرگرتنی سێکسی شەڕکەرانی ئیسلام نییە، بەڵکوو بە زگ پڕکردنی ئەو ژنانە پەرەپێدان بە دنیای ئیسلامە. دەست درێژیکردنی سیکسی بەزۆریی

---

[١٠٤] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, ٣:٣٥٠

لە لایەن پیاوانی ئیسلام لە هەنبەر ژنانی بەدیل گیراو بەشێوەیەکی زێدەڕۆیانە درێژەی بووە و بە پێی کات، شێوەی فەرمی پێدراوە و دەگوترێ: "ژنانی دوژمنان و کافران دەبێ بۆ گەورەکردنەوەی کۆمەڵگای ئیسلامی تاوان بدەن."

لە دنیای مودێرنی ئەمڕۆدا کارێکی ئەوتۆ لە شەڕدا بە کارەساتی جەنگی دێتە ئەژمار و وادیارە تەنیا شەڕکەرەکانی ئیسلامی ئەو کارە بە جیهادی سێکسی و داب و نەریتێکی باشی ئیسلامی دادەنێن. دەست درێژیکردنی سێکسی بۆ سەر ژنێکی کافر و زگ پڕکردنی، بە رازی ڕاگرتنی خودا و کارێکی ئیلاهی دادەنێن. موسوڵمانانی میانەڕۆ لەسەر ئەو کارانەی سەردەمی محەمەد کێشەیەکی زۆریان هەیە، سەرەڕای ئەوەش هەوڵ دەدەن بەهانەیەك بۆ هەڵس و کەوتی محەمەد لە هەنبەر سەفییەدا بدۆزنەوە. یەك لەو ڕوونکردنەوانە دەڵێ: "سروشتییە، کاری وا لەو سەردەمەدا لەناو عەرەبەکاندا باو بووە". بەڵام، ئەگەر محەمەد نەتوانیوە ئەو هەڵس و کەوتە کۆنەپەرستانە و ئاکارە کێوییانەی پێش ئیسلام لابەرێت، تەنانەت بە پێچەوانە، گەشاندووشیەتەوە، چلۆن زۆربەی موسوڵمانانی ئەوڕۆیی ئەو هەڵس و کەوتانەی محەمەد بە مودێلێکی ئەخلاقی دادەنێن؟ ئایا پێغەمبەران لە لایەن خوداوە دەنێردرێن بۆ شۆڕش دژ بە داب و نەریتی بۆگەنیوی ناو کۆمەڵگا، یا ئەو کارە گەندەڵانە تەنیا بە دەست بەسەرداهێنانێکی ئیلاهی هەر وەك خۆی بە خەڵکی بسپێرنەوە؟

## زێنەب بن جەهش، بووکی محەمەد، و ... ژنی محەمەد

تەنانەت محەمەد لە هەنبەر ژنی زەید "Zaid"، زڕکوڕەکەی خۆیشی نەیتوانی خۆی ڕابگرێت. کاتێ ڕۆژێکیان وەك میوان چووبووە ماڵی زڕکوڕەکەی خۆی، ژنەکەی واتە زێنەب بن جەحش بە تەنیا لە ماڵەوە بووە. زێنەب دەبێ دەرکەی لەسەر محەمەد کردبێتەوە، بە بێ ئەوی خۆی داپۆشیبێت. مەحەمەد دەیبینێ و دڵەکوتە دەیگرێت. زێنەب کچی مامی خۆی بوو، بە بێ مەیلی خۆی و بنەماڵەکەی، بەزۆری درابوو بە زڕکوڕەکەی محەممەد، واتە زەید کە پێشتر کویلە بووە و محەمەد وەك کوڕی خۆی گەورەی کردبوو و بە هێنانی سوورەیەکی قوڕئان دایك و باوکی کچەکەی رازی کردبوو.[١٠٥]

لەو سوورەیەدا هاتووە: *"ئەوە شایستەی پیاو یاخود ژنێکی موسوڵمان نییە بڕیارێك کە لە لای خودا و ڕەسووڵەکەی درابێ، قسە لە قسەیاندا بکەن و نەیسەلمێنن. هەروەها ئەو کەسانەی گوێ لە خودا و ڕەسووڵەکەی ڕانەگرن، بە ئاشکرایی ڕێگای هەڵەیان گرتووە و سەرلێشێواون"*. کەوابوو زەماوەندی زێنەب و زەید بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خودا بووە. ئەو کارەی بەهۆی خوداوە پێکهاتووە، هیچ مرۆڤێك ئیزنی هەڵوەشاندنەوەی نەبووە، مەگەر ئەو کەسە خۆی پێغەمبەر بێ! خودا لەبەر خۆشەویستیی پێغەمبەرەکەی دەتوانێ رای خۆی بگۆڕێ. زەید ناچار بە جیابوونەوە لە زێنەب دەکا، بۆئەوەی خۆی لەگەڵی زەماوەند بکا.

ئیسلامی زێدەڕۆ هەوڵ دەدا هاوسەریی محەمەد لەگەڵ زێنەبیش وەك ئەمر و ویستێکی ئیلاهی ڕوون بکاتەوە. لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا هاتووە کە: "محەمەد خۆشەویستیی بۆ زێنەب هەبووە، بەڵام هەستی خۆشەویستییەکەی تەنیا لای خۆی ڕاگرتووە. کاتێ زەید لە ژنە جوانەکەی بێزار دەبێ و خۆی لێ جیا دەکاتەوە، ئەوکات محەمەد هەستە خۆشەویستییەکەی لە هەنبەر زێنەب دا نیشان دەدا". لێرەدا ڕوون

[١٠٥] Ibn Kathir: Fafsir, Sure ٣٣:٣٦

دەبێتەوە کە محەمەد لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە چەندین ڕوخساری بووە. لە لایەکەوە شووکردنەوەی ژنەکانی خۆی قەدەغە کردبوو، تەنانەت دوای مردنیشی، کەچی لە لایەکیترەوە خۆی بە بێ هیچ شەرمێك لەگەڵ ژنی کوڕەکەی زەماوەند دەکا لەحاڵێکدا کوڕەکەی هێشتا زیندووە.

لەولاشەوە زێنەب بۆ ئەو پێك گەیشتنە مەرجی دانابوو: ئیزنی ئەو کارە دەبوو لای خوداوە بدرێ. دەبێ زێنەب بۆ خودا ژنێکی تایبەتی بووبێت، چونکە سووڕەیەکی تایبەت لە قورئاندا بۆ جیابوونەوە لە زەید و هەروەها هاوسەریی لەگەڵ محەمەد بۆ تەرخان کراوە. لە مێژووی تەبەریدا دەخوێنینەوە کاتێ محەمەد لەگەڵ ئایشە خەریکی قسەکردن بووە، ئەو سووڕەیەی بۆ نازڵ بووە. محەمەد پێ کەنیوە، و گوتوویەتی: "کێ دەچێ بۆ لای زێنەب و ئەو هەواڵە خۆشەی پێ بدا؟ خودا ئەوی لەمن مارە کرد."[١٠٦] تەنانەت بۆ سەلماندنی ویستی خودا و بۆ ئەوەی محەمەد هەموو تاوانێک لەسەر خۆی لابەرێت، ناوی شوە پێشووەکەی زێنەب واتە زەیدیش لە سووڕەکەدا هاتووە. سووڕەی ٣٣ ، ئایەی ٣٧ دەڵێ:

*"وە بیر خۆتی بێنەوە، ئەو کاتەی خودا نیعمەتی بە کەسێك دابوو و تۆش هەر ئەو نیعمەتەت پێدرابوو (بە زڕکوڕەکەت زەید دەگوت): خێزانەکەت ڕاگرە و لە خودا بترسە و بەردەوام ئەو فەرمانەت دووپات دەکردەوە، و لە دڵی خۆتدا شتێکت ڕاگرتبوو کە خودا ئێستا لێت ئاشکرا دەکات، و لە خەڵکی دەترسای لە حاڵێکدا دەبوو لە خودا بترسی! کاتێك زەید لەو ژنە نیازەکەی بەسەر چوو، (و لێی جیا بۆوە)، ئێمە ئەومان بە هاوسەری تۆ هەڵبژارد، بۆ ئەوەی دینداران و ئەو کەسانەی دوای جیابوونەوەی ئەو ژنانە لە زڕکوڕەکانیان هیچ کێشەیەکیان بۆ نەیەتە پێشەوە. ئەمری خودا بۆ بەجێ هێنانە و داب و نەریتی هەڵە بۆ شوو نەکردنەوەی ئەو ژنانە دەبێ بشکێنرێت".*

---

[١٠٦] Al-Tabari: Tarikh, ٢:٢٣١

ڕوونکردنەوەی تێئۆریک بۆ ئەو هاوسەرییە پێمان دەڵێ: "محەمەد دەبێ لەگەڵ زێنەب زەماوەند بکات، بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ موسوڵمانان خۆش بکات کە لە داهاتوودا بتوانن لەگەڵ ژنی زڕکوڕەکانیان زەماوەند بکەن".

سەیر ئەوەیە، لە هەموو سەرچاوەکاندا لەسەر بارودۆخی "وەحی" و نازڵ بوونی سووڕەکان بۆ محەمەد دەگوترێ: "حاڵەتێکی خەمۆکی بووە، لەرزیوە و عارەقەی کردووە." تەنیا لەسەر نازڵ بوونی ئەو ئایەیە واتە زەماوەند کردنی لەگەڵ زێنەب، دەبێ بارودۆخێکی زۆر شاد و خۆشحاڵی بووبێت. زێنەب لە نێوان ژنەکانی محەمەد دا شانازی بەوە کردووە کە لە هەر دووك زەماوەندەکانیدا خودا خۆی دەستی تێدا بووە. دەشگوترێ ئەو هەڵس و کەوتەی زێنەب، ئایشەی زۆر ئازارداوە و هەروەها محەمەد ئەو ڕاستییەی دەزانی زۆربەی ژنە جوانەکان و بە تایبەت خزمەکانی خۆی بە مەیلەوە پێیان خۆشە لەگەڵی بن، بەڵام بەهۆی شەرم و یاخود ڕێز دانان بۆ ژنەکانیتریەوە خۆیان لێ دوور دەخستەوە. لە سووڕەی ٣٣، ئایەی ٥٠ دا هاتووە:

*"ئەی ڕەسووڵی خودا! ئێمە ژنەکانی تۆ کە خۆشەویستیی ئەوانمان بۆ تۆ حەڵاڵ کردوە، هەروەها ئەو کەنیزانەی وەك دەستکەوتی شەڕ خودا بەتۆی بەخشیون، و ئەو کچە مام، کچە خاڵ و کچە پوورانەی لەگەڵ تۆدا هیجرەتیان کردووە، بۆ زەماوەندکردن لەگەڵتدا لێمان حەڵاڵ کردی. هەر کات ژنێکی ئیماندار خۆی بە پێغەمبەر ببخشێ و محەمەدیش خۆی پێی خۆش بێ، دەتوانی بە هاوسەری خۆی هەڵبژێرێ. بەڵام ئەو چەشن زەماوەندانە تەنیا بۆ پێغەمبەرە و بۆ ئیماندارانی تر نییە. و ..."*

کاتێ ئایشە هەواڵی ئەو ئایەیەی پێ گەیشتووە، بە محەمەدی گوتووە: "من دەبینم، کە خوداکەت، شەهوەتەکەتی وەپێش خۆت خستووە."[١٠٧] بە گوێرەی ئایشە محەمەد سێ شتی پێخۆش بووە: خواردن، ژن و بۆنی عەتر.[١٠٨] تەنانەت یەهوودیەکانی مەدینە پرسیاریان کردووە: ئەوە چ پێغەمبەرێکە، کە بیر و هۆشی تەنیا لەسەر ژنان و خواردنە؟[١٠٩]

---

[١٠٧] Sahih al-Bukhari: Hadith Nr. ٤٤١٤; auch Fafsir al-Qurtubi: Sure ٣٣:٥٠

[١٠٨] Ibn Hanbal: Al-Musnad, Nr. ٢٣٩٢٣

[١٠٩] Ibn Hanbal: Al-Musnad, Nr. ٢٣٩٠١

محەمەد ناچار کرا گۆڕانکاریی بەسەر یاسایەکی شەریعەتدا بهێنێت بۆئەوەی لەگەڵ زێنەب، ژنی زڕکوڕەکەی خۆی زەماوەند بکات. تا ئەو کاتە ئیزنی زەماوەند بۆ موسوڵمانان لەگەڵ ژنێك کە پێشتر ژنی کوڕی خۆیان بووبێ، قەدەغە کرابوو. زڕ کوڕیش وەك ئەندامێکی بنەماڵە سەیر دەکرا و ئیزنی هەڵگرتنی ناوی باوکی پێ دەدرا. زەید وەك کوڕی پێغەمبەر ناسرابوو و تا جیابوونەوەی لەگەڵ زێنەب بە ناوی "زەید بن محەمەد" ناو دەبرا. محەمەد دەبوو ئەو یاسایە بگۆڕێ کە لە پێش ئیسلامەوە لە ناو عەرەبەکاندا باو بوو و ئەویش دەقاودەق هێنابوویە ناو شەریعەتی ئیسلامەوە. قورئان لە سوورەی ٣٣ و ئایەی ٤ و ٥ دا ئەو گۆڕانکارییە دەسەلمێنێ. زەید دەبوو چاوپۆشی لە ناوی پێشووی بکا بۆ ئەوەی محەمەد بتوانێ لەگەڵ زێنەب زەماوەند بکات. لە ڕوانگەی مرۆڤی ئەوڕۆییەوە وێدەچی محەمەد ئەو ئایانەی تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆی نووسیبێ. بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم کە لەڕاستیدا محەمەد پێی وابووە لەگەڵ خودا ئاخەفتن دەکا. ئەو "وەحی"یانە بۆ محەمەد وەك شوێنێک بووە کە خۆی تێدا بشارێتەوە. شوێنێك کە لە منداڵیشیدا پەنای بۆ بردووە بۆ ئەوەی هیچ بەرپرسایەتییەك لە هەنبەر هەڵس و کەوتەکانی وە ئەستۆی خۆی نەگرێ. "وحی" ئاوێنەیەك بووە بۆ ترس، ئارەزوو و هەستکردن بە گوناهباربوونی. لە بەشێکیتری ئەم نووسراوەیەدا بە وردی باس لەسەر ئەو تەوەرە دەکرێت.

هەستی گوناهباریی هەر کەسێك هەیەتی. جاری وایە ئەو هەستە وەخەبەرمان دێنێ، کاتێ هەڵوێستمان لە سنوورە دژ بە سیستەمە دیاریکراوە سروشتییەکان، تێپەر دەبن، ئەو هەستانەی بیرکردنەوە و هەڵس و کەوتمان هاوسەنگ دەکەن. بەڵام هەستی گوناهباری ناتوانێ تەنیا سیگنالێکی ئاگادارکەرەوەی سالم بێ، بەڵکوو، دەتوانی سیگنالێکی ناسالم و نەخۆشیش بێ. ئەگەر مرۆڤێك وەك محەمەد هەست بە گوناهباربوون نەکات، کاتێك دەستووری سەربڕینی سەرجەم هۆزێکی بێ پەنا و بێ تاوان بدات، بەڵام ویژدانی نائارام بێ کاتێ یەك لە ژنەکەنی لە جێ خەوی مرۆڤێکی بێگانەدا بدۆزێتەوە، ئەوە تەنیا دەتوانێ نەخۆشیی بێت.

محەمەد هەوڵی داوە لە هەر بارودۆخێك بۆی هەڵکەوتبێت، بۆ تەنیا مانەوە لەگەڵ 'ماریە'ی کەنیزی خۆی کەڵك وەربگرێت. ژنەکانی، واتە ئایشە و حەفسە، لای باوکیان

لەسەر ئەو هەڵس و کەوتەی محەمەد سکاڵایان کردووە. هەردووک باوکەکانیش لەگەڵ محەمەد لەسەر ئەو سکاڵایە کەوتوونەتە وتوویژ و داوایان لێ کردوە، خۆشیی و چێژی ژیانی، بە شێوەی عادڵانە لە نێوان ژنەکانیدا دابەش بکات. پەندێك کە وێدەچی هیچکات گوێی لێ نەگرتبێت.

جارێکیان محەمەد ماریەی لە نیزیك ژووری حەفسەدا بینیوە، ئیشتیای لێ هەستاوە و ویستویە کات بە هەدەر نەدا، دەرکەی ژوورەکەی حەفسەی کردۆتەوە و هەر لەوێ لەگەڵی خەوتووە. حەفسە بەسەریاندا هاتووە، محەمەد هەڵبەزیوەتەوە و داوای لە حەفسە کردووە، ئەو شتەی وا بینیویە، بۆ کەسی نەگێڕێتەوە ، بەتایبەت زەختی لەسەر کردووە لای ئایشە نابێ باسی بکات. حەفسە قەولی داوەتێ ئەو نهێنیەی لای خۆی ڕاگرێ، بەو مەرجەی سوێند لەسەر ناوی خودا بخوات کە هیچکات ئیتر لە ماریە نزیك نەبێتەوە. محەمەد هیچ ڕێگایەکیتری بۆ نەماوەتەوە و سوێندی بۆ خواردوە.

سەرەڕای ئەوەش حەفسە نەیتوانیوە بەڵێنەکەی ڕابگریت و بۆ ئایشەی گێڕاوەتەوە. شەڕێکی گەورەی بەدوادا هاتوە. سوورەیەکی قوڕئانی بە تەواوەتی لەسەر ئەو بارودۆخە پێ "وەحی" کراوە(سوورەی ٦٦ ئایەی یەکەم)، بۆ ئەوەی محەمەد بتوانێ جاری دیکەش لەگەڵ ماریە بخەوێتەوە:

*"ئەی پێغەمبەر، بۆچی لەخۆتی قەدەغە دەکەی ئەو شتەی خودا ئیزنی پێ داوی بۆئەوەی ژنەکانت هەمیشە ڕازی ڕابگری. خودا رەحیم و بەخشەندەیە."*

ئایەی دوای ئەو (سوورەی ٦٦ ئایەی ١)، محەمەد لە سوێندخواردنەکەی ڕزگار دەکات: *"خودا بەخشەندەیەکی گەورەیە، میهرەبانە، لە هەنبەر سوێند خواردنەکانتاندا."* محەمەد، بۆ هێورکردنەوەی ژنەکانی و سەلماندنی هەڵس و کەوتەکانی، دەبوایە جارێکیتر لە سەرەوە "وەحی" بۆ بێتە خوارەوە. لە سووڕەی ٦٦، ئایەی ٤ دا هاتووە: *"ئەگەر ئێوە بە جووتە(مەبەست دوو ژنەکەی محەمەدە) لە کاری خۆتان تۆبە بکەن، بە قازانجتان تەواو دەبێ، چونکە ئێوە دڵتان لە حەقانییەت لای داوە. ئەگەر دژ بە محەمەد یارمەتی یەکتر بدەن، خودا ئاگای لە محەمەدە، [جوبرائیل و پیاو چاکەکان لە نێو ئایینیەکاندا ئاگایان لە محەمەدە]، و هەروەها هەموو فریشتەکانیش یارمەتیدەری ئەون."*

خودا لە قورئاندا هەڕەشە لە ژنەکانی محەمەد دەکات، ئەگەر بێتوو گوێ لە پێغەمبەر ڕانەگرن، دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ئەوان لە محەمەد و ژنی باشتری بۆ دێنێ. سووڕەی ٦٦ ئایەی ٥ دەڵێ: *"هیوادارم ئەگەر تەڵاقتان بدات، خوداکەی بە جێی ئێوە ژنی زۆر باشتری بۆ هەڵدەبژێرێ. ژنی موسوڵمان، باوەڕدار، خۆ بەزل نەزان، تۆبەکار، عابد و باکرە (بندار)!"* هەروەها لە ئایەی ١٠ی ئەو سوورەیەدا ژنەکانی لە ئاوری جەهەنەم دەترسێنێ، چونکە لە هەنبەر شووەکەیان وەفادار نەبوون.

زۆر سەیر و جێی سەرسووڕمانە کە محەمەد بۆ نەزم پێدان و ڕێکوپێک کردنی ژنەکانی، چ ڕێگایەکی سەیر و سەمەرەی گرتۆتە پێش!

## ئیرەیی کردنی پێغەمبەر

چەمکی خەیانەت دواتر لە پەیوەندیی نێوان محەمەد و ژنەکانیدا، مەسەلەیەکی زۆر گرنگی لێدەرهات. دوو لە ژنەکانی بە خەیانەتی هاوسەرایەتی تۆمەتبار کران، کارێک کە پێغەمبەری زۆر ئازار دا. لێرەشدا بۆ سارێژکردنی برینەکانی پەنای بۆ قورئان بردووە. لەبەر ئەوەی ژیانی سروشتی جاروبار بۆ مرۆڤ دادگەر و عادڵە، محەمەدیش وەك هەموو مرۆڤێکیتر لە ڕوانگەی بەخیل بوونەوە لەژێر ئەزموون و تاقیکردنەوە دانراوە.

جارێکیان محەمەد هاتۆتەوەماڵێ و بینیویە گەنجێك بە ناوی طەلحە "Talha" لە ژووری ئایشە دێتە دەرێ. پێغەمبەر لەو کارە زۆر تووڕە بووە، چونکە هەر ئەو گنجە جارێك دەبێ گوتبێتی: "دوای مردنی پێغەمبەر لەگەڵ ئایشە زەماوەند دەکات".[١١٠]

وەك ئەوەی ڕایان سپاردبێ، خێرا ئایەیەکی قورئان هاتە خوارێ و هاتنە ناو ماڵی ئەسحابە بە بێ ئیزنی محەمەد قەدەغە کران. لەوە بەدواوە ئەگەر ئەسحابە بیانویستبایە لەگەڵ ژنەکانی محەمەد بدوێن، دەبوو دیوارێکی بەرز لە نێوانیاندابایە. لە بەشی دووهەمی هەمان ئایەدا زەماوەندی دوبارەی ژنەکانی محەمەدی دوای مردنی ئەو قەدەغە کرا (سوورەی ٣٣ ئایەی ٥٣). دواتر هەر لەو سوورەیەدا فەرمانی داپۆشینی سەرجەمی لەشیانی بە ژنەکانی داوە، لە کاتێ چوونە دەرەوە لەماڵ (سوورەی٣٣ ئایەی ٥٩).

طەلحە دواتر لەگەڵ خوشکێکی ئایشە زەماوەندی کرد و لەو پەیوەندییە کچێکیان لێ بوو کە ناوی ئایشەیان لەسەر دانا. طەلحە مرۆڤێکی یەکجار زۆر دەوڵەمەند بوو و دوای مردنی محەمەد ساڵانە دە هەزار دیناری بۆ ئایشە تەرخان کردبوو.[١١١] دوای

---

[١١٠] Al-Balathiri: Ansab al-Ashraf, ١٠:١٢٣

[١١١] Ibn Saa'd: Tabaqat, ٣:٢٠٢

کوژرانی سێهەم خەلیفەی ئیسلام واتە عوسمان، ئایشە طەلحەی بۆ جێنشینیی پێشنیار کرد. بەڵام کاتێ عەلی هێزی بەدەستەوە گرت، ئایشە چووە بەرەی طەلحە و دژ بە عەلی شەڕی بەڕێوە برد. ئەو شەڕە ناوخۆییە ئیسلامییە نیزیکەی بیست هەزار کوژراوی لێ کەوتەوە. لە ناو کوژراوەکاندا طەلحەشی تێدابوو. دەگێڕنەوە لە شەڕەکەدا خۆی خستۆتە بەر تیرێك، بۆ ئەوەی بەرگری لە برینداربوونی ئایشە بکات.[١١٢]

محەمەد لە شەڕەکانیدا جار و بارە یەك لە ژنەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. بڕیارەکە کە کام یەك لە ژنەکانی هاوڕێیی بکەن بەهۆی تیروپشك(قرعە) بەڕێوە دەچوو. جارێکیان تیروپشکەکە بۆ ئایشە وەدەر کەوت. دوای دامەزرانی لەشکر و دروستکردنی ڕەشماڵ لە مەیدانی شەڕ، شەوێکیان لەپڕێکدا ئایشە وون بوو. ڕۆژی دوایی لە ڕەشماڵی پیاوێکیتردا دۆزرایەوە. دوای سەرکەوتوویی لەشکری محەمەد لە شەڕەکەدا و پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ مەدینە، وونبوونی ئایشە وەك تەوەری سەرەکی کەوتبووە سەر زاری خەڵکی. بەو هۆیەوە محەمەد زۆری ئازار کێشاوە و دەبێ تەواوی ڕۆژ گریابێ. ئایشە هەر تاوانێکی لە لایەن خۆیەوە ڕەدکردۆتەوە و گوتوویەتی: "ئەو تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت چۆتە دەرێ و کاتی هاتنەوە ڕەشماڵەکەی لێ گۆڕاوە و هێندە ماندوو بووە کە زۆر زوو لەوێ خەوی لێ کەوتووە." محەمەد زۆری پێخۆش بوو باوەڕ بە ئایشە بکات، بەڵام دوای بینینی هاتنە دەرەوەی طالحە لە ژوورەکەی، لێی بە گومان بوو. خۆی بەرەو تەمەنی شەست دەڕۆیی و ئایشە هێشتا هەر منداڵێك بوو. عەلی کوڕی مامی پێشنیاری پێکرد خۆی لە ژنەکەی جیا کاتەوە. محەمەد زۆر ئەملا و ئەولای کرد، هەتا جبرەئیلی لێ وەدەر کەوێ، بەڵام کەس بە فریای نەهات. چەندین حەوتوو تێپەڕ بوو هەتا خودا بارودۆخەکەی پشکنی و هاتە سەر بڕیارێك: "ژنی پێغەمبەر پاك بووە و تەنیا چەند لە کافرانی مەدینە بۆ سووکایەتی کردن وبچووککردنەوەی محەمەد ئەو چیرۆکەیەن ساز کردووە."

---

[١١٢] Ibn Saa’d: Tabaqat, ٣:٢٠٤

بەڵام بەگشتی ئەو چیرۆکە ئاکامێکی کوشەندە و نەگونجاوی بۆ ژنان بەدواوە هاتووە کە تا ئەمڕۆش کارتێکەریی هەیە. لەوێ بەدواوە محەمەد بە شێوەیەکی زێدەڕۆیانە ژنەکانی کونترۆڵ دەکرد و ئازادی جووڵانەوەی لێ ساندنەوە. نەک هەر یاسای داپۆشینی سەرجەمی لەشیانی قایمتر کرد، بەڵکوو یاسای نوێ بۆ مرۆڤی خیانەتکاریشی، لێ زیاد کرد: "هەر کەسێکی سەڵت نیزیکایەتیی جینسی کردبایە، سەد قامچیان لێ دەدا. هەر کەسێکی هاوسەردار خەیانەتی کردبایە بەردەباران دەکرا. هاوکات، قورئان بە یاسای نوێ هەوڵی پووچەڵکردنەوەی دەنگۆ(شایعە)ی ناو خەڵکی دا. هیچ کەس ئیزنی تاوانبارکردنی ژنی هاوسەرداری نییە، مەگەر ئەوی چوار کەس بە چاوی خۆیان ئەو کارەیان بینیبێ. جا ئەو کات دەتوانن بەردەبارانی بکەن. هەر کەس بە بێ شاهید قسە وقسەلۆکی ئەوتۆ لەناو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە بە هەشتا قامچی سزا دەدرێ."

یەك لە هۆزەکانی مەدینە لەهەنبەر ئەو یاسایە ڕاوەستا: "ئەگەر من ژنەکەم لەگەڵ پیاوێك لە جێگە و نوێندا ببینم، ئایا دەبێ لەکۆڵ ئەو جووتە ببمەوە و بەدوای چوار کەس وەك شاهید بگەڕێم؟" وێدەچێ خودا بۆچوونی ئەو هۆزە بە شتێکی لۆژیکی داناوە و یاساکەی بۆ گۆڕیون: "پیاوێکی ژندار بە بێ شك بەو مەرجەی چوار جار بە نێوی خودا سوێند بخوا کە ژنەکە خیانەتی پێکردووە، دەتوانێ گوتەکەی بسەلمێندرێ." ژنە تاوانبارەکەش بۆ بەردەباران نەکردنی دەبوو چوار جار بە ناوی خودا سوێند بخوا کە ئەو کارەی نەکردووە. بەڵام لە هەر حاڵدا، دوای سویندخواردنی ژن و پیاوەکە دەبوو لێك جیا ببنەوە.

سوورەکانی قورئانی سەردەمی مەدینە زۆرتر خۆیان بەو چەشن پرسیارانەوە خەریك کردووە. زۆربەی ئەو سوورانە لەسەر دەستووری کاری باوەڕپێکراوانی ئیسلام و چەشنی هەڵس و کەوتیان ساغ بۆتەوە. زۆربەی ئەو یاسایانە لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی کێشە و ڕووداوەکانی نێوان خەڵکانی ئەو سەردەمەدا پیکهاتوون نەك بەهۆی باوەڕ بە کاری ئەخلاقی. بەڵام لەبەر ئەوەی موسوڵمانان هەموو نووسراوەیەکی قورئان بە گوتەی ڕاستەوخۆی خودا بۆ مرۆڤ دادەنێن، ڕیگاچارەکانی ئەو سەردەمە کە بۆ کێشەی نێوان خەڵکی سەردەم دۆزراونەتەوە، بە یاسایەکی نەگۆڕ و یاسایەك کە جێی قسەلێکردن نەبێت، هەروەها یاسایەکی خودایی کە بۆ هەموو کاتێك

دانراوە دادەنێن. هەر بەو هۆیەوە ژنان لە عێراق، سووریا و نیجریە تا ئەمڕۆش وەك کەرەسەی شەڕ سەیر دەکرێن و کەڵکاوەژوو(سوء ئیستفادە)یان لێ دەکرێت. ژنان ئەمڕۆ لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی لەژێر بارودۆخێکی پڕ لە ئازاردا ژیان دەکەن و ئازادییان لێ وەرگیراوە بۆئەوەی بتوانن خۆڕاگریی لە بەرانبەر حاڵەتێکی دژواری فیزیکیەوە هەتا بەردەبارانکردن لە لایەن شووەکانیان و کۆمەڵگاوە بکەن.

## محەمەد، دادوەرێکی ناعادڵ

سێ ساڵ دواتر، هەمیسان چەمکی خەیانەت محەمەدی ئازار داوەتەوە. محەمەد ئەو سەردەمە هاوکات لەگەڵ ٩ ژن [ی مارەیی] و چەندین ژن و کچی کۆیلە لەماڵێکدا دەژیان. دەبێ هەموو ڕۆژێك لەگەڵ ژنەکانی و کۆیلەکانی خەوتبێ، بەڵام تەنانەت منداڵێکی لەو هەموو ژن و کەنیزانەی نەبووە. شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە، چونکە وەك دەگێڕنەوە، پێغەمبەر کە دەبێ هێزی جینسیی لە هی ٣٠ پیاو زیاتر بووبێ، نەیتوانیوە لەو هەموو ژنە تەنیا زگی یەکیان پڕ بکات؟ جێی باوەڕ نییە کە هەڵە لە لایەن ژنەکانەوە بووبێ، چوونکە تاقمێک لەوان لە شووەکانی پێشوویان منداڵیان هەبووە.

کاتێك ماریە، کەنیزی محەمەد کوت و پڕ زگی پڕ بوو، ژنەکانیتری محەمەد دەستیان کردوە بە ئێرەیی کردن، بە تایبەت ئایشە کە دەترسا جێگا تاقانەکەی خۆی لە دەست بدا. سەرەڕای ئەوەی ئایشە خۆی سێ ساڵ پێشتر لەژێر ئەگەری خەیانەتکردندا ئازاری کێشابوو، ماریەی تاوانبار دەکرد کە لەگەڵ پیاوێکی کۆیلەی میسری پەیوەندیی جینسیی بووە و بە ئاشکرا گێڕاویەتەوە و گوتوویەتی محەمەد باوکی منداڵەکەی نییە.

کاتێ ئایشە ئەو ڕووداوەی بۆ محەمەد گێڕاوەتەوە، دەستووری کوشتنی کۆیلە میسرییەکەی داوە. بەڵام ماوەیەکی کورت پێش ئەو ئیعدامە، عەلی کوڕی مامی محەمەد دەبێ دۆزیبێتیەوە کە کۆیلە میسرییەکە یەختە کراوە.[١١٣]

لە ڕێگای ئەو گێڕانەوەیەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە محەمەد لەو هەڵس و کەوتانەیدا بە دوو پێوانە پێواویەتی. لە لایەکەوە فەرمانی کوشتنی مرۆڤێکی داوە بە بێ ئەوی هیچ بەڵگە یاخود هۆیەکی تاوانکاریی ئەو کەسەی بۆ ڕوون بوویێتەوە و لە لایەکیتریشەوە گێڕاوەکەی ئایشەی بە بێ بوونی تەنانەت شاهیدێك بۆ سەلماندنی ئەو

[١١٣] Hamed Abdel-Samad: Der islamische Faschismus, S. ١٣٥

چیرۆکە، بە ڕاست داناوە و بە گورجیی بڕیاری لەسەر داوە. بەڵام کاتێکیش درۆکەی ئایشە وەدەر کەوتووە، قامچی کاریی نەکراوە، هەر بەو شێوەیەی لە قورئانیشدا هاتووە.

گێڕاوەکانی ئایشە لەسەر ژیانی محەمەد دوای مردنی، نەک هەر وەك شتێکی جیددی سەلمێنراوە، بەڵکوو لە پەنا کتێبی قورئان وەك یاسا و ناوکی سەرەکی ئایینی ئیسلام، ژیانی موسوڵمانان دیاری دەکات. تەنانەت تا ئەمڕۆش ئایشە لە لایەن سوننەکانەوە وەك دایکێکی ئایینی دەپەرستریێت. قورئان هەوڵی پاککردنەوەی تاوانی ئایشەی داوە بەڵام لە هیچ سووڕەیەکدا ئاماژە بە قەرەبووکردنەوەی ئابڕووی لە دەستچووی ماریە نەکراوە. ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بووبی کە ماریە کۆیلەیەك زیاتر نەبووە. یاسای چوار شاهید تەنیا بۆ ژن و کچی ئازاد بەدنیا هاتوو بایەخی هەبووە. هەر وەك یاسای خۆداپۆشین، تەنیا بۆ ژن و کچی ئازاد بەدنیا هاتوو بەڕێوە چووە، بۆ ئەوەی لە کەنیز و کۆیلە جیا بکرێنەوە، ژنە کۆیلەکان نە لە ناو ماڵ و نە لە دەرێ، خۆیان دانەدەپۆشی. لەکاتێکدا بەگوێرەی یاسای شەریعەتی ئیسلامی جیا لە دەموچاو و دەست، دەبێ هەموو ئەندامیان داپۆشرابێت، ژنە کۆیلەکان ناچار دەکران بۆ سەیرکردنی پیاوان، لە سەرسینگ و مەمکیانەوە هەتا ژێر چەنەیان رووت بکەنەوە.

لێرەدا دەردەکەوێت کە یاساکانی شەریعەت نەتەنیا لە پەیوەندی مەسەلەی ئەخلاقی و پارێزگاریی لە هەنبەر پیاوانی چاوچنۆك دا پێک نەهاتوون، بەڵکوو تەنیا بۆ پاڕاستنی سیستەمێکی گەندەڵ بوون کە پێش سەردەمی محەمەدیش لەناو کۆمەڵگای عەڕەبیدا باو بووە.

## سێکس، هاوسەرایەتی و کەسایەتیی ژن: لە ڕاستیدا محەمەد چ ئاڵوگۆڕێکی پێکهێنا؟

زۆر لە پسپۆرانی ئیسلامیی لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ژنی عەرەب لە سەردەمی پێش ئیسلامدا هیچ مافێکیان نەبووە؛ دوای هاتنی محەمەد و دامەزرانی یاسای ئیسلام، کەسایەتیی و مافی ژنی لە کۆمەڵگادا دابین کراوە و لەو پەیوەندیەدا شۆڕش پیکهاتوە. بۆ وێنە دڵێن: "ژنی پێش ئیسلام هیچ مافیکیان لەسەر میرات نەبووە و دوای مردنی مێرد یا باوکەکانیان هەر وەك شتومەکی ماڵ لە ئەژمار هاتوون و لەگەڵ کەل و پەلی ماڵ لە نێوان پیاوی بنەماڵەکەیاندا دابەش کراون. ئینجا محەمەد یاسای میرات وەرگرتنی بۆ بە فەرمی کردوون، لێرەوە نیوەی بەشی پیاوێکیان بۆ بە حیساب هێناون." هەروەها دەڵێن: "ژن پێش سەردەمی ئیسلام بۆ هەڵبژاردنی هاوسەری داهاتووی تەنانەت ئیزنی گوتنی یەك وشەی پێ نەدراوە. لە سەردەمی ئیسلام ئەو یاسایە گۆڕدراوە و ئێستا بە بێ دەنگدان و پرس پێکردن بە ژن هیچ هاوسەرییەك پێک نایە."

بەڵام نموونەکانی ژیانی محەمەد پێچەوانەی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنن. لە بیوگرافییەکانیدا یەکەم ژنی واتە خەدیجە وەك ژنێکی دەوڵەمەند دەناسرێ کە ماڵێکی زۆری لە لایەن بنەماڵەکەیەوە بە میرات پێگەیوە و ماوەیەکی زۆر بە تەنیا ژیانی کردووە و وەك بێوەژن کاری بازرگانیی مێردە مردوەکەی هەڵسووڕاندووە و تەنانەت پێش هاتنی ئیسلام وەك خاوەن کار، کاری بە محەمەد داوە. بە پێی بیۆگرافییەکان خەدیجە سێهەم مێرد واتە محەمەدی، بۆخۆی هەڵبژاردوە و تەنانەت دژ بە باوکی و بە بێ ڕازیبوونی ئەویش لەگەڵیدا زەماوەندی کردووە.

دووهەم بەڵگە هاوسەریی هاشم باوەگەورەی محەمەد لەگەڵ ژنێکی خەڵکی یەثرەبە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زووتریش. لێرەدا ژنەکە ڕازی نابێ یەثرەب بەجێ بهێڵێ و لەگەڵ مێردەکەی واتە هاشم بچێ بۆ شاری مەککە، لای بنەماڵەکەی دەمێنێتەوە و هەر لەو شارەش منداڵەکەیان، عەبدول موتتەلیب لە دایك دەبێ.

پێش سەردەمی ئیسلام هەم پیاو و هەم ژن ئەو مافەیان بووە کە خۆیان جیا کەنەوە و یاخود لەیەکتر تەڵاق وەربگرن. لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام ئەو مافە لە ژن سەندراوەتەوە و بڕیاری ئەو کارە تەنیا بە پیاوە دراوە. هەروەها هەڵس و کەوتی سێکسی ژن پێش سەردەمی ئسلام بە شێوەیەکی هاوچەشن ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. پێش سەردەمی ئیسلام ژن مافی هەبووە هەم بەهۆی هاوسەریی و هەم بێ زەماوەند لەگەڵ پیاوێکی بێگانە نیزیکی سێکسیی بکات، کە دواتر ئەو مافەی لە ڕێگەی سووڕەیەکی قوڕئانەوە لێ زەوت کراوە.

لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنەگران زۆر جار لەسەر داب و نەریتی کۆنی عەڕەب، ئاماژە بە کوشتنی ناموسی دەکەن. دیارە پێش سەردەمی ئیسلامیش کوشتنی نامووسی هەبووە، و ژنان بە بەهانەی خیانەتەوە کووژراون. بەڵام ئەو نموونانە تەنیا ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ پیاوێکی جیا لە هۆزەکەی خۆیان، واتە لەگەڵ هۆزێکی بێگانە نیزیکییان کردبێت کە دەبووە هۆی لەناوبردنی ناسنامەی هۆزەکەی. ئەو کارە زیاتر پرسیارێکی ئابووری بووە تا ئەخلاقی. لە نێو هۆزەکەی خۆیاندا شتێکی ئاسایی بووە کە ژنێك یاخود پیاوێك لەگەڵ چەندین کەس پەیوەندیی و نیزیکایەتیی جنسیان هەبێ. لەو سەردەمەدا چەندین چەشنی هاوسەری پێکهاتبوون، سەردەمێك کە پێکەوە ژیانی ژن و پیاوی وڵاتانی عەڕەبی هیچکات بەو شێوەیە دڵفراوان نەبووە.

چەند نموونە:

**- هاوسەریی فەرمی**

پیاوێك لەهۆزەکەیدا داوای ژنێک لە خزمەکانی خۆی یاخود ژنێکی نێو هۆزەکەی دەکات. بۆ پێکهاتنی ئەو پەیوەندییە، باوکی ژنەکە و سەرۆکی هۆز دەبێ ڕازی بن. کاتێ لەسەر پارەی مارەییەکە پێکهاتن، ئینجا مارە دەکرێن و لە ماوەی مارەیی هەتا گواستنەوەی بووك، ئیزنی نیزیکیی سێکسیان نییە. بەدوای زەماوەندی سەرەکی و گواستنەوەی بووك، ئەو کات ئیزنی نزیکبوونەوی ژن و پیاوەکە دەدرێ. ژن و پیاو هەردووکیان مافی جیابوونەوەیان هەبووە. ئیسلام ئەو چەشن هاوسەرییەی لە

کۆمەڵگای پێشووی دەقاودەق وەرگرتووە و وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد مافی جیابوونەوە لە لایەن ژنی لێ قرت کردووە.

**- زەماوەند لەگەڵ ژنی بەدیل گیراو لە شەڕ / کەنیز**

لە سەردەمی کۆنی وڵاتانی عەڕەبیدا پیاوێك دەیتوانی لەگەڵ ژنێکی بەدیل گیراو لە شەڕدا بە بێ ئیزنی باوك، بێ پارەی مارەیی و هەروەها بە بێ ڕاگرتنی ماوەی مارەیی زەماوەند بکات. ئاڵو گۆڕی بارودۆخی ژنەکە لە یەخسیرییەوە بۆ ژنی ناوماڵ بەسترابۆوە بە لێهاتوویی ژنەکەوە. پیاو مەجبوور نەدەکرا تەنیا بۆ نیزیکی و سێکس لەگەڵ ژنێکی بەدیل گیراو، زەماوەندی لەگەڵدا بکات. تەنانەت بۆ ئەو کارە پرسیاریشی پێ نەدەکرا و پیاو دەیتوانی هەر کاتێك پێی خۆش بێ و مەیلی لەسەر بێ، دەستدرێژیی سێکسی پێ بکات. ئەگەر بە هۆی ئەو پەیوەندییە منداڵێك لە دایك بووبایە، ناوی ئەمە "amah" بە ژنەکە دەدرا کە بارودۆخێك بووە لە نێوان ژنێکی ئازاد و ژنێکی یەخسیر. محەمەد ئەو چەشن هاوسەرییەی هەر وەك سەدەمی پێشووی هێشتەوە و هەر بەو شێوەیەش لەگەڵ یەك لە ژنەکانی بە ناوی سەفییە ژیانی کردووە.

**- چەند ژنە**

لە سەردەمی پێش ئیسلامدا پیاو ئیزنی زەماوەندی هاوکاتی لەگەڵ چەندین ژن هەبووە. ژمارەی ژنەکانیش دیاری نەکرابوو و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بارودۆخی ئابووری پیاوەکەوە هەبووە. محەمەدیش لە ئیسلامدا ئەو یاسایەی وەك خۆی هێشتەوە بەڵام ژمارەی ژنەکانی کرد بە چوار. لە قورئاندا مەرجێکی بۆ داندراوە کە پیاو دەبێ لەهەنبەر هەموو ژنەکانی هەڵس و کەوتی وەك یەك بکات. لە سووڕەی چوار، ئایەی ٣ دا هاتووە: **"ئەگەر ئێوە خۆفتان هەیە لەوەی لە کاتی زەماوەند لەگەڵ کچانی چەتیو [بێ باوک]دا، دادوەرانە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا نەکەن، لەو زەماوەندە چاوپۆشی بکەن و لەگەڵ ژنێکی پاك زەماوەند بکەن. لەگەڵ دوو یا سێ یا چوار هاوسەر زەماوەند بکەن و ئەگەر ناتوانن وەك یەکیان هەڵس و کەوت بکەن،**

**تەنیا لەگەڵ یەك ژن زەماوەند بکەن و لەو ژن و کچانەی کە خاوەنیانن کەڵك وەربگرن. ئەو کارە دەبێتە هۆی پێشگری لە زوڵم و ئازار" .**

لە هەمان سوورەدا ئیماندارەکان ئاگادار دەکرێنەوە: **"هەر ئەندازەش هەوڵ بدەن، ئێوە هیچکات ناتوانن لە ڕوانگەی خۆشەویستیی دڵەوە لە ناو ژنەکانتاندا دادوەری پێك بێنن. بەڵام سەرنجتان تەنیا بۆ یەکیان ڕانەکێشن بە شێوەیەك ئەوانیتر هەست بکەن کە مێردەکەیان لە دەست داوە. ئەگەر ڕێگای ڕاست و پارێزگاریی هەڵبژێری، خودا بەخشەندە و میهرەبانە".**[١١٤]

ئەو سووڕانە ئاوێنەیەکن بۆ ناکۆکییەکەنی ناوخۆی محەمەد. سەیر ئەوەیە لەو کاتەوە محەمەد لەگەڵ ٩ ژن زەماوەندی کردبوو، ئەو ئایانەی بۆ نازڵ دەبوون. لە لایەکەوە محەمەد بۆ ئیماندارەکان تەنیا ئیزنی چوار ژن دەدا، کەچی خۆیشی ئەو یاسایە بەڕێوە نابات و لە لایەکیتریشەوە قورئان پیاوە ئیماندارەکان هان دەدا کە تەنیا لەگەڵ ژنێک زەماوەند بکەن. ئەگەرچی محەمەد یەك یا دوو لە ژنەکانی زیاتر بەکەیف بووە و جاروبار نۆبەی بۆ ئایشە یا ماریە شکاندووە، بەڵام بە گشتیی محەمەد هەوڵی دەدا هەڵس و کەوتی لە هەنبەر ژنەکانی وەك یەك بێ، هەر شەوەی جێ خەوی دەگۆڕی و لەگەڵ یەکیاندا دەخەوت و سەرەڕای ئەوانەش بەردەوام دەبوو گوێی لە ڕەخنەش بێ. بەو هۆیانەش لە نێوان ژنەکانیدا هەمیشە بەخیلایەتیی، شەڕو هەرا و هەروەها تاوانبارکردنی یەکتر بە خەیانەت باو بووە. هەر بۆیەش قورئان وەك ئاوێنەك رەنگدانەوەی ژیانی چەند ژنەی محەمەدی تۆمار کردووە. بڵێی بەو هۆیەوە ویستبێتی چەند لەو هاوسەریانەی هەڵوەشێنێتەوە، یا خود لەو پەیوەندییەدا قاوی بۆ کەسایەتیی تایبەتیی خۆی داوە و پۆستێکی بۆ خۆی دروست کردووە کە لە موسوڵمانانی دیکەی جیا دەکاتەوە و وەك مرۆڤێکی تاقانە باسی لێ دەکات؟ محەمەد زۆر جار یاسای چوار ژنەشی بۆ یارانی رەوا نەبینیوە، چونکە کاتێ عەلی کوڕی مامی کە زاوای خۆیشی بوو دەیهەویست ژن بەسەر فاتمەی کچی بێنێ، ڕازی بەو کارە نەبووە و بە بێ هێنانەوەی بەڵگەیەکی ئایینی ئەو کارەی لێ قەدەغە کردووە.

---

[١١٤] Sure ٤, Vers ١٢٩

**- هاوسەریی هەوەسی**

لە سەردەمی کۆنی عەرەبدا چەشنە هاوسەرییەکیتر باو بووە: پیاوێك بۆ کاتێکی دیاریکراو و تەنیا بە نیازی نیزیکیی سێکسی، لەگەڵ ژنێك پێکهاتوون و زەماوەندیان کردووە. بۆ قەرەبووکردنەوەش ئەو پارەیەی لە بڕیارنامەکەیاندا لەسەری پێك هاتوون ژنەکە بە تەواوەتی لە پیاوەکەی وەرگرتووە. دیارە بۆ ئەو کارە پێویستیشیان بە ڕازی بوونی بنەماڵە و سەرۆك هۆز و شتی واش نەبووە. ئەو چەشن هاوسەرییەش هەر لە لایەن محەمەدەوە دەقاودەق وەرگیراوە، هەر وەك لە سوورەی ٤ ئایەی ٢٤ دا هاتووە: "ژنی مێرددارتان لەسەر حەرامە، مەگەر ئەویکە لە شەڕ بەدیل گیرابن و بووبێتن بە خاوەنی (چونکە بەدیلبوونی ئەو ژنانە وەك تەڵاق بۆیان بە حیساب دێ) ئەوە ئەو دەستوورانەن کە خودا بۆی داناون. بەڵام ئەو ژنانەی جیا لەوانە کە بە هۆی بارودۆخی مالییەوە ساحیبی بوون بۆتان حەڵاڵە، دەبێ پاکداوێن بن و خەیانەتیان پی نەکەن. ئەو ژنانەش کە بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵیاندا دەبن (سیغە)، دەبێ مارەییەکەیان بۆ حیساب بکەن. تاوانبار نابن لەسەر ئەو مارەییەی دواتر دایبنێن، دەتوانن مارەییەکە کەم یاخود زیاد بکەن".[١١٥]

دوای ئەوەی محەمەد چەشنی زەماوەندی چەند ژنەی لەسەر ژمارە ٤ ساغ کردەوە، و نیزیکیی لە ژنێکی بێگانەی لە لایەنگرەکانی قەدەغە کرد (لادان لەو یاسایە دەبووە هۆی قامچی کاری یاخود بەردەباران کردن)، ئیزنی هاوسەریی هەوەسیشی پێ دان. بڵێی هۆی ئەوکارە ئەوە نەبووبی کە خۆی سروشتی پیاوی زۆر باش دەناسی؟ چونکە ئەو خۆی هێندە هۆگری ژنان بوو کە بەردەوام بەدوای ڕێگایەکی تازەدا دەگەڕا بۆ گەیشتنی بێ لەمپەر بەوان.

دوای مردنی محەمەد و لە سەردەمی خەلافەتی عومەر ئەو چەشن هاوسەرییە بۆ ماوەیەکی زۆر قەدەغە کرا. عومەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هاوسەریی هەوەسیی، ڕێگا بۆ دروستکردنی ژنانی خۆفرۆش لە کۆمەڵگا ئاواڵە دەکات. تا ئەمڕۆش ئەو کارە بە خۆفرۆشی دادەنرێ. تایبەتمەندییەکانی هاوسەریی هەوەسیی بەو شێوەیەن: "کاتی

---

[١١٥] Roger Paret: Sure ٤:٢٤

دیاری کراو، پارەی دیاریکراو، سێکس، بە پێی بڕیارنامە لە کاتژمێرێکەوە هەتا ٩٩ ساڵ دەتوانێ ئەو هاوسەرییە درێژەی بێ".

لە ئیسلامی سوننەدا هاوسەریی هەوەسیی تا ئەمڕۆش قەدەغە کراوە، بەڵام لای شیعەکان بە ناوی "سیغە" هەر بەڕێوە دەچێ. لە کۆمەڵگای مەلاکاندا ژنێکی مێرددار بەردەباران دەکرێ ئەگەر نیزیکی لەگەڵ پیاوێك بکات کە هەستی خۆشەویستیی بۆی هەبێ، بەڵام ژن ئیزنی هەیە هەر ڕۆژێک بۆ وەرگرتنی پارە پیاوێکی بێگانە لە باری سێکسییەوە ڕازی بکات بەو مەرجەی یاساکانی سیغە بەڕێوە بەرێ. ئەو سووڕانەی لە سەرەوە باسمان لێوە کرد، شیعەکان بە شێوەیەکیتری دەخوێننەوە. لای ئەوان ئاوایە: "ئیزنتان هەیە جیا لە ژنەکەی خۆتان بە پارە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ ژنێکیتر زەماوەند بکەن، نەك بۆ پەرەپێدانی خۆفرۆشی. دوای چێژ وەرگرتن لەو ژنانە پارەی دیاریکراوەکەیان بدەنێ." هاوڕێی محەمەد، ابن مەسعوود کە خۆی شیعە نییە دەڵێ: "لە سەردەمی پێغەمبەردا سووڕەکە بە کورتە ڕاژە(تەبسەرە)یەك ڕوونکرابۆوە کە بۆ کاتێکی دیاریکراو دەخوێندرایەوە و دواتر لێی قرت کراوە."

**- گۆڕینەوەی هاوسەر**

ئەو شتەی ئێمە ئەوڕۆ لە سەدەی بیست و یەکەمدا لەسەر تەلەفیزیۆن دەیبینین کە ژنان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە بنەماڵەکاندا دەگۆڕدرێنەوە، بۆ سەردەمی پێش ئیسلامی وڵاتانی عەرەبی شتێکی ئاسایی بووە. ئەو چەشن هاوسەرییە بە کردەوە نەماوە و هەڵوەشاوەتەوە چونکە کەمتر ژن هەبوون کە بۆ ئەو کارە سەر دانەوێنن، جیا لەو ژنانەی کە لەگەڵ مێردەکانیان کێشەیان بووە. محەمەد ئەو چەشن هاوسەرییەی قەدەغە کردووە. بەڵام ئیزنی چەشنێکیتری ژن گۆڕینەوەی داوە: پیاوێك ئیزنی زەماوەند لەگەڵ کچ یا خوشکی پیاوێکیتری بە بێ پارەی مارەیی پێ دەدرا، بەو مەرجەی ئەویش کچ یا خوشکی خۆی لەگەڵ بگۆڕایەتەوە(ژن بە ژن).

کاتێ محەمەد لەگەڵ ١٥٠ کەس لە مەککەوە بەرەو مەدینە ڕۆیی، داوا لە موسوڵمانانی مەدینە دەکات جێگاخەو و یەك لە ژنەکانیان لەژێر دەسەڵاتی براکانی مەککەیان دابنێن. دیارە بۆ حەڵاڵ بوونی ئەو کارە دبوو ژنەکانیان لەسەر رێ و

ڕەسمی ئایینی ئیسلام تەڵاق بدەن، ئەوکات براکانی مەککە دەیانتوانی زەماوەندیان لەگەڵدا بکەن. لێرەدا ڕوونە کە ژن لە ڕوانگەی محەمەدەوە تەنیا وەك شتومەک و دارایی پیاو بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان لە ئەژمار هاتوون.

**- هاوسەریی بەکرێگیراو**

ژنی دەوڵەمەند لە سەردەمی پێش ئیسلام ئیزنی هەڵبژاردنی پیاوێکی باڵابەرز، جوان و بەهێزیان هەبووە کە لە هەنبەر وەرگرتنی پارە، زگیان پڕ کەن و منداڵیان بۆ دروست کەن. ئەو(پیاوە) هیچ بەرپرسایەتییەکی لە هەنبەر منداڵ و ژنەکەدا نەدەکەوتە سەر شان. مەبەست لەو کارە تەنیا پەروەردەکردنی "ژێن"ی بەهێز و باش بووە.

لە بیۆگڕافییەکەی ابن هیشامدا هاتووە: "ژنێك لە مەککە پێشنیارێکی لەو چەشنەی بە باوکی محەمەد واتە عەبدوڵڵا کردووە. ١٠٠ وشتری پێ داوە بەو مەرجەی لەگەڵی بخەوێ.[١١٦] لەبەر ئەوەی عەبدووڵلا لە هەمان ڕۆژدا بە تەمای زەماوەند لەگەڵ ئامینەی دایکی محەمەد بووە، کارەکە سەری نەگرتووە. کاتێ ڕۆژێك دواتر عەبدوڵڵا بۆ ئەو مەبەستە دەچێتەوە بۆ لای، ژنەکە پێشنیارەکەی وەردەگرێتەوە و ئیتر بایەخی بۆ دانانێ.

ئەو هەڵس و کەوتانە نیشان دەدەن کە کۆمەڵگای مەککەی پێش ئیسلام لە ڕوانگەی هاوسەریی و سێکس دا زۆر دڵفراوان بووە و تەنانەت باوکی محەمەد ڕۆژێك دوای زەماوەندەکەی بە بێ هیچ کێشەیەك ئامادە بووە لەگەڵ ژنێکی بێگانەدا بخەوێ. لەو هەنگاوە کاتییەدا بەڵگەیەکیتر بۆ ئەو بۆچوونە دەدۆزرێتەوە کە باوکی محەمەد بە شێوەی هاوسەریی فەرمی لەگەڵ ئامینە زەماوەندی نەکردووە و دەبێ تەنیا بە بڕیارنامە و لە هنبەر پارە لە گەڵ ئامینە ڕێك کەوتبێ. ئەگەر محەمەد لە پەیوەندییەکی وا پێکهاتبێ بۆ ئەو کات شتێکی ئاسایی بووە. بەڵام محەمەد بە تەواوی هێزیەوە لە هەنبەر ئەو بۆچوونانە کە لە ناو خەڵکیدا دەگێڕدرانەوە، هەڵوێستی گرتووە، چونکە ئەو کارە کۆلکەی بنەماڵەکەی کە گەڕاندبوویەوە بۆ سەردەمی ئادەم، لێ لێڵ دەکرد.

**- خۆفرۆشیی**

---

[١١٦] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, ١:٢٠٣

ئەگەرچی عەرەبی سەردەمیٔ پێش ئیسلام، چ وەك مرۆڤی ژندار و چ وەك سەڵت، چەندین ئیمکانیان بۆ نیزیکی سیکسیی هەبووە، سەرەڕای ئەوەش لە دەوروبەری شارە گەورەکانی وەك مەککە و یەثرەب ژنانی خۆفرۆش ڕەشماڵیان لێداوە و لە بەرانبەر پارەدا لەشی خۆیان فرۆشتووە. تاقمێك لەو ژنانە خۆیان تەنیا لە ئیختیار ژمارێکی دیاریکراوی پیاوانی هۆزەکەی خۆیان ناوە. زۆر جاریش سەرۆك هۆزەکان بۆ ماوەیەك ژنێکی خۆفرۆشی هۆزی خۆیان لە ئیختیار سەرۆك هۆزەکانیتر ناوە. ئەگەر ژنێك بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە زگی پڕ بایە و کوڕی بووبایە، یەك لە مشترەیەکانی هەڵدەبژارد و دەیگوت: "ئەوە کوڕی تۆیە!" پیاوەکە ناچار دەکرا منداڵەکە بسەلمێنێ، ئەگەرچی شکڵ و شێوەی منداڵەکە لە یەکیتریش نەچووبایە. ئەگەر منداڵەکە کچ بایە هیچ بەرپرسایەتییەکی بۆ پیاوەکە نەدەبوو. ئیسلام ناسان دەگێڕنەوە کە عەمر ابن ئەلئەنەس"Amr Ibn al-A'as" دۆستی محەمەد کە دواتر وڵاتی میسری داگیر کرد، لە پەیوەندییەکی ئەوتۆ پێکهاتووە. باوکی ناچار بە سەلماندن و بەخێوکردنی کراوە سەرەڕای ئەوی شکڵ و شێوەی زۆر لە مشتەرییەکیتر چووە.

کاتێ محەمەد هاتە یەثرەب، خۆفرۆشی ژنانی قەدەغە کرد، بەڵام دەستدرێژیکردن بە ژنانی بەدیلگیراو لە شەڕی پەرە پێدا. ئەوڕۆ خۆفرۆشی ژنان لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان قەدەغە کراوە، یاخود لای کەم بە فەرمی، بەڵام بە دزیی و لە نهێنیدا چەندین ئیمکانیان بۆ کڕینی خۆشەویستیی سێکسیی هەیە. بەتایبەت لەو وڵاتانەی میوانی توریستی بیانییان هەیە وەك مەراکەش، تۆنیس، میسر و لوبنان، هۆتێلەکان و میوانخانەکان وەك قەحبەخانەیەك بۆ میوانانی لێ هاتووە. پیاوانی توریست لە وڵاتانی دوڕگە عەرەبییەکانەوە بەردەوام زیارەتی شارەکانی وەك تانگەر، بەیرووت، قاهیرە و تونیز دەکەن و لە بەرانبەر پارەدا چێژ لەو میوە حەرامکراوانە دەبینن. ئەگەر ئەو کارەش بە شتێکی ئەخلاقی دانەنێن، ئیمکانی ئەوەیان هەیە کچ یا ژنە فەقیرێك کە پێیان جوان بێ بە پارە بیکڕن و لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە بۆ وڵاتەکەیان. ئەگەر لێی تێر بن بە بێ کێشە دەتوانن بینێرنەوە بۆ وڵاتەکەی پێشوویان. هەمووشی هەر بە فەرمی و بە یاسای ئیسلامی. لێرەدا مرۆڤ لەخۆی دەپرسێ، ئایا یاساکانی ئیسلامی بایەخێکی ئەخلاقیان لە پەیوەندیی لە هەنبەر تەوەری سێکس دا هەیە؟

کاتێ مرۆڤ لە پەیوەندیی تەوەری سێکس ڕاستییەکانی دنیای ئیسلامیی لەبەر چاو بگرێ، ڕەشبینییەکی لە ڕادە بەدەری لە هەنبەر حکوومەتی دوو ڕوخسارەیی ئەو سیستەمانە تێدا پێکدێ. لە هیچ جێگایەکی ئەم جیهانە هێندە نەشتەرگەریی لەسەر پەردەی رووسووری کچان بەڕێوە ناچێ، وەك لە وڵاتە ئیسلامییەکان. هەموو موسوڵمانێك ئەو نهێنییە دەزانێ، بەڵام کەس پێی خۆش نییە وەك ڕاستییەك بیسەلمێنێ. بەتایبەت لەو وڵاتانەی وەك عەرەبستان، ئەفغانستان، ئێران و میسر کە نیزیکی سێکسی نێوان کوڕ و کچ وەك تاوانێکی گەورە سەیر دەکرێ، مزاحمی سێکسی، مەتەڵەك گوتن، و دەست وەشاندن لە ژنان بە ڕۆژی ڕوون لەسەر شەقامەکان بە ئەوپەڕی خۆی گەیون. بەڵام ئەو کارانەش هیچ گۆڕانکارییەك پێك ناهێنن چونکە مرۆڤ وەدوای خوڕافات و داب ونەریتێك کەوتووە کە نەك لە لایەن پێغەمبەرەوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ لە لایەن خوداوە هاتۆتە خوارەوە. بەو هۆیەش کە خودا نە بە شوێن و نە بە کاتەوە دەبەسترێتەوە، یاساکانی هەتا ڕۆژی قیامەت جێی متمانە و باوەڕپێکراون!

پێغەمبەر کۆمەڵگای ئیسلامیی ئاوا لە قورئاندا ڕوون دەکاتەوە: "ئێوە باشترین کۆمەڵگان، کە بۆ مرۆڤ پێلکهاتووە" سوورەی ٣ ئایەی ١١٠. چونکە ئەو سیستەمە بانگەواز بۆ شتی چاك دەدات و شتی خراپ قەدەغە دەکات، دەبێ بۆ خۆ هەڵواسین بەو کۆمەڵگایەی لە لایەن خودا و پێغەمبەرەکەیەوە بە باشترین کۆمەڵگای جیهانی ناسراوە، موسوڵمانانی ئەوڕۆییش بۆ گەیشتن بەو ئاواتە، بە تەواوی هێزەوە هەوڵی بۆ بدەن. پۆلیسی ئایینی لە وڵاتە ئیسلامییەکان یاخود گرووپی وەك بۆکۆ حەرام " Boko Haram" یا داعیش بۆ بە فەرمی کردنی کارەکانیان، خۆیان بەو سوورەیەوە هەڵدەواسن. هێزی خۆڕانەگرتن لەهەنبەر سیستەمی باوک سالاریی و ئەشکەنجەی لەشیی، ئەزموونی لاساییکردنەوە لە هەڵس و کەوت و بۆچوونی ئەخلاقیی پێغەمبەرە کە لە زۆربەشیاندا تەنانەت یارمەتیدەری خۆیشی نەبوون.

## توندوتیژی بە وشە دەست پێدەکات

لە ئایینی ئیسلامدا خۆشەویستیی، لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو دا هیچ دەورێک نابینێ. هاوسەریی، چەشنە پەیمان یاخود مودێلێکە کە ژن و پیاو ماف و ئەرکێکی دیاریکراویان لە لایەن حکوومەتەوە بۆ دیاری کراوە و هەر لە لایەن ئەوانیشەوە کونترۆڵ دەکرێ. لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە مەبەستی سەرەکی لەو هاوسەرییە تەنیا بە دنیا هێنانی منداڵ و گەورەکردنەوەی کۆمەڵگای ئیسلامیی وزۆرکردنی ژمارەی موسوڵمان لە جیهاندایە. لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا هەموو هەڵس و کەوتێکی ژن لە لایەن حکوومەتەوە بە وردی کونترۆڵ دەکرێ و لادانی لە یاسای ئیسلامیی بەو پەڕی بێڕەحمییەوە سزا دەدرێ.

ئەسید بە دموچاوداکردنی ژنی بێ چارشێو، لەناوبردنی کۆئەندامی ژن و کچ، بەردەباران کردن و کوشتنی ناموسیی، نموونەن بۆ ئاکاری کێویانە و دژ بە ژنی ئیمانداران و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگای ئیسلامیی. دیارە مرۆڤ ناتوانی تەنیا محەمەد و نووسراوەی کتێبی قورئان بۆ ئەو کارانە بەرپرس دابنێ، بەڵام ئەو دوانە کارتێکەرییەکی بەرچاویان بۆ چەوسانەوەی ژن لە کۆمەڵگادا هەبووە. توند و تیژی لەهەنبەر ژنان زیاتر بەهۆی ترس لە بەرانبەر هەست و کوڵی دەروونی ئەوانە و بەرگرییە لە ئازاد بوون و سەربەخۆییان، ترسێك کە لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە، بە خۆپارێزی و خواپەرستیی دەناسێنرێت.

کاتێ مرۆڤ سوورەکانی قورئان لەسەر ژنان دەخوێنێتەوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە ژن تەنیا وەك کەل و پەل سەیر دەکرێ و ئەرکێکی تایبەتی لە کۆمەڵگای ئیسلامی بۆ دیاریی کراوە: **"هاسان کردنەوەی کاری پیاو"**. پێش ئەوەی شەڕکەرانی داعش کچ و ژنی ئیزەدی و مەسیحی بە دیل بگرن، لە سوریا بانگاشەیان بۆ گەنجان دەکرد کە لە شەڕدا ئیزنی بە دیل گرتنی کۆیلەی سێکسی یان هەیە. بە پێچەوانەش ژن و

کچی ئیسلامی لە هەموو گۆشەکانی دنیا و بەتایبەت لە باکووری ئەفریقاوە خۆیان پێشکەش بە جیهادیستەکان دەکرد. ئەو مەلا سوننیانەی کە پشتیوانی لە کۆیلەی سێکسی دەکەن، بارودۆخەکە لەگەڵ سەردەمی پێغەمبەر هەڵدەسەنگێنن کە ئیزنی بە شەڕکەرەکانی دەدا لە شەڕی درێژخایەندا نیازی جینسیی خۆیان لەگەڵ ژنان بەجێ بێنن. لێرەدا پرسیاری ئەخلاقی هیچ ڕۆڵێك ناگێڕێ، چونکە پرەنسیپێکی گرنگتر واتە "جیهاد" مەبەستی سەرەکییە. لێردا مەبەست تەنیا هاندانی شەڕکەرەکانە بۆ پەروەردەکردن و بەهێزکردنی فانتازیای گەیشتن بە بەهەشت.

ئەو بەهەشتە چلۆن جێیەکە؟ ماڵێکی ئاسمانیی، پڕ لە ژنی ڕووت و قوت، کە لەوی ژنان بیست و چوار کاتژمێر بە دەوری شەڕکەرە شەهیدکراوەکاندا دێن و خزمەتیان دەکەن و نیازی سێکسیان بۆ بەڕێوە دەبەن. هەر کام لەو شەهیدانە ٧٢ کچی رووسووری وەبەر دەکەوێ کە هەرکام لە کچەکانیش ٧٠ کەنیزیان لەگەڵدایە. ئەلسیوطی "al suyuti" پسپۆری ئایینیی سەدەی ناوەڕاست دەنووسێ: "هەر جار کە ئێمە لەگەڵ حۆرییەك بخەوین، پەردەی کچێنی دەچڕژێت، بەڵام دوای ئەو کارە هەمیسان دەبێتەوە بە خاوەنی پەردەی کچێنی. ئالەتی سێکسی پیاوی موسوڵمان هیچکات ناخەوێتەوە و هەمیشە هەستاو و ڕەپە. چێژوەرگرتنی نووستن لەگەڵ ئەو کچانە هێندە شیرینە کە لەگەڵ هی ئەم دنیایە هەڵناسەنگێندرێ. [...] هەرکام لەو پیاوە بەهەشتییانە، لە پەنا ژنەکانی ئەم دنیایەیان ٧٠ حۆریان پێدەبەخشرێ. هەر هەموو ژنەکان ئالەتێکی سێکسی کەڵکەڵە هێن و هەڵخڕێنیان پێوەیە."

تۆماس ماول "Thomas Maul" پسپۆری ئیسلام و نووسەری بەناوبانگ، ئەو بۆچوونانەی زۆر پێ سەیرە کە مرۆڤی موسوڵمان دوای گەیشتن بە دنیاکەی تر، نەك یەکگرتن لە گەڵ خوداکەی، بەڵکوو ناوەڕۆکی سەرەکی ئازادیی خۆی تەنیا لە سێکسی بەردەوام لە قەحبەخانەیەکی ئاسمانیدا دەبینێتەوە. هاندەری سەرەکی بۆ گەیشتن بە بەهەشت، رەهابوونی یەکجاریی لە ژیانی سەرزەوییە و بۆ چێژوەرگرتن و ئیرزابوونی سێکسیی پیاوانەیە. هەموو کارێکی خراپ و چوارچێوەدار و سنووردار

وەلا دنرێن و توونا دەکرێن، دیارە تەنیا بۆ پیاو، ژن تەنانەت لە بەهەشتیش تەنیا وەك کەرەسە و کۆیلەیەکی سێکسی بۆ پیاو دەمێنێتەوە.[١١٧]

محەمەد لە پەیوەندی لەگەڵ ژندا هەم لە قورئان و هەم لە حەدیس دا وشەی وای بەکار هێناوە کە بۆ سەردەمی ئێمە زۆر دژ بە ژن دەنوێنن؛ کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمانی عەرەبی. وشەی نیکاح کە لە قورئانیشدا هاتووە، هەم بە مانای "هاوسەریی" و هەم بە مانای "هەبوونی سێکس" ە. ژن لە قورئاندا وەك زەوی کشت و کاڵ وەسف دەکرێ کە مێردەکەی هەر کات پێیخۆش بێ دەتوانی بیکێڵێت. هیچ وشەیەك بە قەرا وشەی عەرەبی "نیزیکی جینسی" وشەی هاوواتای نییە. ئەو وشەیە خۆشەویستیی نێوان دوو مرۆڤ نیشان نادا بەڵکوو توندوتیژی وەسف دەکا. لە یەکەمین وشەنامەی عەرەبی بەناوی لسان العرب "Lisan al-Arab" کە ساڵی ١٢٩٠ بڵاو کراوەتەوە، وشەی نیکاح بەم وشانە مانا کراوەتەوە: کەوتنەسەر، زۆرەبانیی، هێرشکردن، ئەنگاوتن، بریندارکردن، پێکەوەبوون، چوونە ژوورەوە، کەوتن، لێکدران، ڕۆچوونە ناو، بەسەرداکەوتن، پێوەدان، گریان.[١١٨] فتحی المسکینی "Fathi al-Miskini" نووسەری تونێسیایی لە نووسراوەیەکیدا ئەو پرسیارەی کردووە کە بڵێی بە هەڵکەوت بێ کە زۆربەی ئەو وشانە لە پەیوەندیی لەگەڵ هەڵس و کەوتی شەڕێشدا بە کار دەهێندرێن؟[١١٩] تەنیا لێرەدا نییە کە توندوتیژی لە هەنبەر لەشی ژن بە وشە دەست پێدەکات، بەڵکوو لە قورئاندا ئیزن بە پیاو دەدرێ لە ژنەکانیان بدەن.

محەمەد خۆی بۆ ئەو سەردەمە بە کردەوە مرۆڤێکی دژ بە ژن نەبووە. چەندین جار بە شێوەی ئەرێنی باسی لە ژن کردووە و پەندی دۆستانی داوە کە بە خۆشەویستییەوە لەگەڵ ژنەکانیان هەڵس و کەوت بکەن. هیچ گێڕاوەیەك نییە کە محەمەد بۆ جارێکیش لە ژنەکانی دابێ. سەرەڕای ئەوانەش هەر وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، لە قورئاندا مافی لێدانی ژن بە پیاو دراوە، ئەو کاتەی ژن لێی یاغی بێ. گومان دەکرێ کە ئەو سوورەیەی قورئان ئاگادارکردنەوەی ناڕاستەوخۆی ژنەکانی خۆی بووبێ کە

---

[١١٧] siehe dazu auch: Hamed Abdel-Samad: Der islamische Faschismus, S. ١٢٩f.

[١١٨] Ibn Manzur: Lisan al-Arab, ١١:٥٩٢

[١١٩] http://alawan.org/article١٣٢٢٥.html

گوشارێکی زۆریان بۆ هێنابوو. هەر لێرەشدا کێشەیەکی زۆر مەزن ئاشکرا دەبێ. محەمەد قورئانی وەك ئاوێنەیەك بۆ کێشە و ترس و ناهومێدیی کەسیی خۆی بەکارهێناوە و نەیزانیوە کە ئەو کتێبە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ژیانی زیاتر لە ملیاردێك مرۆڤ دیاریی دەکات کە چەندین سەدە دوای ئەو و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی محەمەد لە بارودۆخێکی جیاواز دا لە دایك بوون. ئەو لە سەردەمیکیتر و لە بارودۆخێکیتردا ژیاوە، کۆمەڵگایەك کە وەك ئاوێنە، هەڵس و کەوت و تایبەتمەندیەکانی ڕۆژانەی نیشان داوە. قسەکانی محەمەد یاخود هەڵس وکەوتەکانی لە پەیوەندی مێژووی سەردەمی خۆیدا هەڵناسەنگێندرێن، بەڵکوو بۆ ئەمڕۆی دەگوێزنەوە. هەڵس و کەوتی محەمەد وەك بۆچوونەکانی لەهەنبەر ژن، مەسیحی، یەهوودی و کافر و بێ دین، هێشتا بۆ زۆربەی موسوڵمانان وەك نموونە و سیمبولێك سەیر دەکرێن و لاسایی دەکرێنەوە. تەنانەت لەمڕۆدا بۆ زۆر لە موسوڵمانان چەتوونە بڵێن: "بە بێ ئەملا و ئەولا، لێدانی ژنان هەڵەیە! ئەگەرچی لە قورئانیشدا هاتووە." بە جێی ئەوە گوتەکانی پێغەمبەر دێننەوە کە جێ دەستی لێدانی پیاو نابێ لەسەر دەموچاوی ژن بمێنێتەوە.

تەنانەت باس و وتووێژ لەسەر خۆداپۆشینی ژنیش زۆر کەم بۆ دنیای مودێرنی ئەمڕۆ شی دەکرێتەوە. لەوە ناپرسرێ کە ئایا خۆ داپۆشینی ژن لە دنیای ئەمڕۆ دا مانای هەیە یا نا؟ مەبەست لە داپۆشینی ژن لە سەردەمی کۆندا تەنیا پارێزگاریکردنی ژن لە هەنبەر چەتە و کێشەی نێوان هۆزەکاندا بووە، کەچی دەقاودەق بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆی دەگوازنەوە. بە هەمان شێوە لەچکەش بۆتە سیمبولێك بۆ خۆڕاگریی ژنانی ئیسلامی و لە لایەن زۆربەی گرووپە ڕادیکاڵەکانەوە کەڵکی نابەجێی لێ وەردەگیرێت. سەیر ئەوەیە، جاری وایە لە کۆمەڵگادا ژنی لیبرالی ئیسلامی کە خۆی لەچکە بەسەردا نادا، بە نێوی ئازادیی پشتیوانی لە ژنانێك دەکات کە خۆیان دادەپۆشن.

پێغەمبەر لە سەردەمی خۆیدا بە ڕادەی پێویست هێز و کارتێکەریی لەسەر کۆمەڵگاکەی داناوە، کۆمەڵگایەك کە بە باشی دەیناسی. بەڵام بۆچی دەبێ هەر هەمان هێز و کارتێکەریی لەسەر کۆمەڵگایەك هەبێ کە نایناسێ و هیچ زانیارییەکی لەسەری نییە و بە پێچەوانەش مرۆڤی ئەمڕۆیی تەنیا بەهۆی گێڕاوەکان ئەو دەناسن و ناتوانن بڕیار لەسەر دروستبوون یا هەڵەبوونی هەڵس و کەوتەکانی بدەن؟ بۆچی ئەو دەبێ

بڕیار بۆ مرۆڤی سەدەی بیستویەکەم بدات: کێ چ کەسێکی خۆش بوێ، زەماوند بکات یا نەکات، چی بخوا یا چ بەرگێك لەبەر بکات؟ محەمەد خۆی زیندانییەکی مێژووی سەردەمی خۆی بووە. زۆربەی گوتەکان یاخود هەڵس و کەوتەکانی ئەزموونی ترس، هێز و لاوازبوونی کەسایەتییەکەی بوون. بۆ دەبێ مرۆڤی ئەوڕۆیی خۆ لەو قەفەسە مێژووییەدا یەخسیر بکات و لەسەر ئەو بڕوایە بێت کە تەنیا بەو شێوەیە دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات؟

## محەمەد و قورئان، گوتەی خودا یا خەونی تێکەڵ و پێکەڵ؟

پاییزی ساڵی ١٩٩٦ ی زایینی لە کتێبخانەی زانستگای ئاوکسبۆرگی ئاڵمان، ئەو جێگایەی پێشتر خوێندکاری زانستگا بووم، بەدوای کتێبی قورئاندا دەگەڕام. ئەو سەردەمە هێشتا کتێبخانەکان دیجیتال نەکرابوون و دەبوو کاتێکی زۆر بۆ دۆزینەوەی کتێب تەرخان کرابا. کاتێ کتێبەکەم دۆزییەوە لەسەر کارتەکەی شتێك نووسرابوو کە منی هەم وەك خوێندکار و هەم وەك ئایینییەك گێژ کرد. لەسەر کارتەکە نووسرابوو:

"ناوی کتێب: قورئان، نووسەر: نادیار"

ماوەیەکی زۆر لای خۆم بیرم لێکردەوە کە ئایا ئەوە سووکایەتییە، یاخود نیازێکی ئاکادمیکە. قورئان لە ژیانی مندا لە منداڵییەوە دەورێکی زۆر گرنگی گێرابوو. باوکم مەلا و مامۆستای قورئان بوو. هەر بە منداڵیی بە پتوونی تەواوی قورئانم لەبەر بوو و تا ئەمڕۆش خۆم پێوە خەریك کردووە. ئەوکات قورئان بۆ من بێ ئەملا و ئەولا گوتەی ڕاستەوخۆی خودا بوو. بەڵام ڕەنگە زانستگە نەیدەتوانی بۆچوونێکی مێتافیزیکی لەبەر چاو بگرێ و لە ڕوانگەی ئاکادمیکەوە نووسەرەکەی بە خودا دابنێ. مرۆڤ دەیتوانی ناوی محەمەد وەك نووسەر لەسەر کتێبەکە بنووسێ، بەڵام ڕەنگە من ئەوکارەشم هەر بە سووکایەتی دانابا، چونکە لە ڕوانگەی ئەو کاتمەوە محەمەد خۆی کتێبەکەی نەنووسیبوو و بەڵکوو لە لایەن خوداوە بۆی نازڵ ببوو. ئەوە تەنیا بۆچوونی من نەبوو بەڵکوو هەموو موسوڵمانێکی خاوەن ئیمان لە سەرانسەری جیهان ئەو بۆچوونەیان هەبوو و هەیە. بەڵام چ ئاڵترناتیوێکی پڕ بە پێست لەجیاتی نووسەری "نادیار" بۆ ناوەکەی هەڵبژاردرابایە، خۆشم هیچم پێ شك نەدەهات.

هەشت ساڵ دواتر لەسەر ئیسلامی زانستیی(تەوەری مێژووی پێکهاتنی ئیسلام) لە زانستگەی "ئێرفۆرت" ی ڕۆژهەلاتی ئاڵمان لێکۆڵینەوەم دەکرد. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیەم، دەبوو من خۆم لە باوەڕەکەم جیا کەمەوە کە قورئان وەك گوتەی هەمیشەیی خودا لە لایەن "جوبرەئیل"ەوە لە ساڵانی ٦١٠ و ٦٣٢ لە مەککە و مەدینە

بۆ محەمەد نازڵ کراون. بە پێی سەرچاوە ئیسلامییەکان محەمەد نە خوێندەواریی خوێندن و نە هی نووسینی بووە و قورئانیش وەك پەرجۆیەکی ئیلاهی سەیر دەکرێت. وەك پسپۆر دەمهەویست قورئان وەك نووسراوەیەکی مێژوویی و بەرهەمێکی مرۆڤی ئەو سەردەمە کە ڕەنگدانەوەی ڕووداو و باس و هەواڵی کاتی خۆی بووە، بخەمە بەر لێکۆڵینەوە. لەو ڕێگایەدا ناچار بە خوێندنەوەی کارە کلاسیکییەکان کرام، وەك هی تێئۆدۆر نۆلدکە "Theodor Nöldeke"، تۆر ئاندرا "Tor Andrae" و ڕێگیس بلاشێرە "Régis Blachère" کە بە شێوەیەکی ڕەخنەیی کلاسیك هەڵس و کەوتیان لەگەڵ کتێبی قورئان و ژیانی محەمەد کردبوو. بە هۆی خوێندنەوەی ئەو کارە کلاسیکانەوە هەستم بە چەشنە نووسینێکی لۆژیکیی مێژووی قورئان نەك وەك نووسراوەیەکی ئاسمانی بەڵکوو نووسینێکی بەرهەمی مرۆڤ کرد، کە زیاتر خۆی بە پەرەسەندنی محەمەدەوە خەریك کردبوو هەتا پەیامێکی ئیلاهی.

لە کۆتاییدا، بۆچوونەکانی کریستۆف لوکسنبێرگ "Christoph Luxenberg"م خوێندەوە کە قورئانی وەك چەشنە خوێندنەوەیەکی سوریانی- ئارامی "Syroaramische" خستۆتە بەرچاوی خوێنەر؛ بەرهەمێك بۆ کردنەوەی ڕەمزی زمانی قورئان. لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی تا سەدەی حەوتەمیش زمانی نووسین نەبوە، لوکسنبێرگ لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە سەرچاوەی نووسینی زمانی قورئان زمانی سوریانی- ئارامی بووە. ئەو سەدان ووشە لیستە دەکا کە لە زمانی سوریانی- ئارامی یەوە وەرگیراون و قورئان نووسان بە هەڵە تێی گەیبون. لە ناو ئەواندا، وشەی قورئان "*qur'an*" ە، کە لە وشەی سوریانیی "*qiryan*" وەرگیراوە و بە مانای "کتێبی پەیوەندیدار بە زانستی پەرەستن" هاتووە و مەسیحییە سوریانییەکان لە سەردەمی محەمەد لە کلیسا بۆ دۆعاکردن کەڵکیان لێ وەرگرتووە. ناوداررترین نموونە لە کتێبەکەی لوکسنبێرگ وشەی حۆری "*huri*" یە کە لە قورئاندا بە ژنی رووسووری بەهەشتی دەگوترێ و لەو دنیا دەخرێتە بەردەستی پیاوی ئیمانداری موسوڵمان. لە زمانی "سوریانی- ئارامی"دا ئەو وشەیە بە "ترێی سپی" مانا دەکرێتەوە. وشەکە، بە پێی ماناکەی، بە هەڵە وەرگێڕاوە و پیاوی ئیماندار لە بەهەشتدا لەجیاتی ژنی جوان، تەنیا میوە واتە "ترێی سپی" پێ دەدرێت. سەرەڕای ئەوەش لوکسنبێرگ پێی وانییە کە

کتێبی قورئان دزیی ئەدەبی بێت لە کتێبەکەی "سوریانی- ئارامی"، بەڵکوو ئەو کتێبە بە میراتێکی گشتیی بۆ ئایینی ئیسلام و مەسیحییەتی ڕۆژهەڵاتی دادەنێ. هیچ پیلانێك لە پشت قورئان ڕانەوەستاوە، بەڵکوو پەرەسەندنی تێکست یاخود نووسراوەیەکە، کە ڕابردووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی مەسیحی، بەڵام بە پێی کات گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بۆتە کتێبێکی سەربەخۆ.

ئەگەرچی من ئەو کات تیێۆری "لوکسنبێرگ" م ڕەدکردەوە، سەرەڕای ئەوەش بۆچوونێکی ئەوتۆم زۆر بە گرنگ زانی، لەبەر ئەوەی خۆی بە ڕاشکاوی لە لێکۆڵینەوەیەکی کلاسیکی قورئان جیا دەکاتەوە و بیرۆکەیەکی ڕوون دەدا بە خوێنەر کە چلۆن کتێبی قورئان وەك تێکستێکی ئینسانی دەتوانێ لە سەرچاوەی ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتبێت. تاقمێك لە پسپۆران کە بوونی محەمەد بە گشتیی دەبەنە ژێر پرسیار، تیێۆرییەکەیان بە نووسراوەکانی لوکسنبێرگ پشت ئەستوور دەکەن. ئەو خۆی لە دانیشتنێك لەگەڵ مندا پێی گوتم کە باوەڕی بە بوونی کەسێکی وەك محەمەد هەیە بەڵام ناوێکیتری هەیە و ناوی محەمەد نەبووە و تایبەتمەندییەکانی ژیانی جیاوازی لەگەڵ ژیانی ئەو محەمەدەدا هەیە کە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا ناوی هاتووە. بە پێی بۆچوونی لوکسنبێرگ پێغەمبەرێکی عەرەبی بوونی هەبووە کە ئێمە ئەمڕۆ بەناوی محەمەد دەیناسین. بەشێك لە قورئان تەرخان کراوە بۆ ئەو پێغەمبەرە کە ئایینێکی نوێی پێك نەهێناوە، بەڵکوو قاوی بۆ چەشنە ئایینێکی عەرەبی داوە کە لە ئایینی مەسیحیەوە وەریگرتووە و دواتر بەرەو ئایینێکی سەربەخۆ پەرەی سەندووە.

هەروەها لوکسنبێرگ دەڵێ: "محەمەدی مەککە کەسێکیتر بووە و جیاوازی لەگەڵ کەسایەتیی پێغەمبەری مەدینەدا هەبووە، هەر بەو هۆیەش زمانی قورئانی مەککە و مەدینە بە ڕاشکاوی جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ناوەڕۆکی کتێبی قورئان لە چەندین سەرچاوەی دیکەوە وەرگیراوە." لوکسنبێرگ لەو پەیوەندیەدا دەڵێ: "من واژەناسم و مێژوو ناس نیم و بۆچوونەکانم تەنیا لەسەر ئانالیزەکردنی تێکستی قورئان دانراوە."

پرسیاری سەبارەت بە نووسەری قورئان لە لایەن پسپۆرانەوە تا ئەمڕۆش بێ وەڵام ماوەتەوە. تەنانەت مێژووی بە تێکست کردنیشی لە تاریکیدا ماوەتەوە. لە سەرچاوە

ئیسلامییەکاندا هاتووە کە سێهەم خەلیفەی ئیسلام واتە "عوسمان" کە لە نێوان ساڵەکانی ٦٤٤ تا ٦٥٦ حکوومەتی کردووە، ئەو تێکستانەی کۆ کردۆتەوە، ڕێکو پێکی کردوون و سەرەنجام لەگەڵ گێڕاوەکانی باوەڕپێکراوانی ئایینی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ محەمەددا بووە، وەك یەکەمین کتێبی قورئان لەسەر پێستی مەڕ نووسیونیەتەوە. لە سەردەمی ئەودا چەند دوجین دەقی قورئان هەبوون کە لەگەڵ قورئانەکەی عوسماندا جیاوازییان بووە. خەلیفە بەهۆی ئەگەری سەرلێشێوای موسوڵمانان فەرمانی سووتاندنی دەقەکانیتری داوە، کە دەبێ نافەرمی بووبن. لە دەقەکەی خۆیشی کە فەرمی بووە، فەرمانی دروستکردنی چەندین ژمارەی داوە و بۆ هەموو ئەو ناوچانەی کە لەژێر حکوومەتی ئیسلامدا بوون ناردوونی.

بەڵام لەڕاستیدا مێژووی ئەو چیرۆکەی عوسمان چەندین کێشەی لێ پەیدا بووە. **یەکەم** لەو سەردەمەدا زمانی عەرەبی تەنیا لە ١٥ پیت پێکهاتبوو، بە بێ چۆنیەتیی دەربڕینی دەنگ و بە بێ نوختە یاخود خاڵ. تەنانەت ئەوکات یاسای گراماتیکیش بوونی نەبووە. کە وابوو زمانێکی وا ناتەواو لە تواناییدا نەبووە کتێبێکی ئەدەبی ئاڵۆزی وەك قورئانی پێ بنووسرێ. **دووهەم** هەموو دەقەکانی قورئانی سەردەمی عوسمان ئەگەر بڵێین ئەو کات بوونیشیان بووبێ، تەنانەت بە دەقەکەی خۆیشیەوە لە ناوچوون. کۆنترین دەقی قورئان کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە ناسراوە، یا هی سەردەمی خەلیفەی ئومەویی بە ناوی عەبدولمەلیك بووە یا سەردەمی کوڕەکەی واتە "ئەلوەلید"ە کە شەست ساڵ دوای مردنی محەمەد نووسراون.

لە ساڵی ١٩٧٢ ی زایینی لە مزگەوتی گەورەی سەنعا "Sana'a" لە یەمەن چەندین نووسراوەی قورئان دۆزراونەوە کە تا ئەمڕۆش بە وردی ڕێکەوتیان دیاری نەکراوە. بەڵام پسپۆران لەسەر ئەو بۆچوونە هاودەنگن کە دەبێ ئەو نووسراوانە پەیوەندییان بە کۆنترین دەقی قورئانەوە هەبێ. دوای دۆزینی وردی ئەو نووسراوانە، ڕوون بۆتەوە کە دەقێکی پالیمپسێست "Palimpsest"ە. (پالیمپسێست دەقێکی نووسراوەیە کە نوسینی سەرەکی پاككرابێتەوە و لەسەر ئەوەوە هەمیسان نووسرابێتەوە) لە یەکەم ڕوانیندا تێکستی نووسراوەکە لە دەقی قورئانی ئەمڕۆیی دەچێ. بە بۆچوونی پسپۆری قورئان ناس، گێرد پوئین "Gerd Puin" ئیسلامناسی ئاڵمانی، ئەو تێکستە دەگەڕێتەوە بۆ

سەردەمی ئەلوەلید شەشەمین خەلیفەی ئومەییەکان کە لە مابەین ساڵانی ٧٠٥ تا ٧١٥ حکوومەتی کردووە. لەو ناوەدا پسپۆران هەستیان بە گۆڕانی تێکستێکی کۆنتر کردووە، کە پاك کراوەتەوە و تێکستی تازەیان لەسەر نووسیوە. کۆنبوونی تێکستە سەرەکییەکە بە بۆچوونی دوو پسپۆری قورئان ناس بیهنام سادقی"Behnam Sadeghi" و ئووە بێرگمەن"Uwe Bergmann" دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ٦٧٨ی زایینی.[١٢٠] بەو پێیە ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەو دەقە کە لە سەردەمی سێهەم خەلیفە عوسماندا نووسراوە، لە لایەن ئومەییەکانەوە پێداچوونەوەی لەسەر کرابێ و گۆڕابێت. سادقی و بێرگمەن لەسەر ئەو بۆچوونەن کە لەوانەیە تێکستە کۆنەکەی هی سەردەمی محەمەد یاخود ماوەیەکی کورت دوای فەوتی ئەو نووسرابێ. بەداخەوە ئەو نووسراوەیە هێشتا بە مێتۆدی زانستیی ئەمڕۆیی نەپشکێنراوە. بە مێتۆدی ڕادیۆکاربۆن "Radiokarbon" توانراوە بە وردی کاتی نووسینی دیاری بکرێ. بە پێی ئەو مێتۆدە دەسەلمێنرێت کە نووسراوە کۆنەکە نابی دوای ساڵەکانی ٦٧٨ یا پێش ٥٧٨ نووسرابێ.

ئەو ڕاستییە کە تێکستە کۆنەکەی قورئان ماوەیەکی زۆر دوای مردنی محەمەد نووسراوە، بەو مانایە نییە کە قورئان خۆیشی دوای محەمەد پێکهاتووە، چونکە دەکرێ تێکست یا خود گوتەیەك کاتێکی زۆر پێش نووسینەوەی، بوونی بووبێت. بە تایبەت هەروەك دەزانین، لە کۆمەڵگایەکی وەك وڵاتە عەرەبییەکاندا زۆربەی ڕووداوەکان تەنیا بەهۆی گێڕانەوە بە وەچەکانی داهاتوویان ڕادەگوێزرێت. بنەماڵەی خۆم لە گوندێکەوە بە ناوی نیلدێلتا "Nildelta"وە هاتوون کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونەکان. تا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمیش لەوێ هیچ دەقێکی قورئان چ بە شێوەی کتێب یاخود دەستنووس بوونی نەبوو؛ بەڵام زیاد لە بیست کەس لەو گوندە بە تەواوی، قورئانیان لەبەر بوو و لە قوتابخانەکان بە شێوەی گێڕانەوە منداڵانیان فێر دەکرد. من خۆیشم هەر بە منداڵی تەواوی قورئانم لەبەر کردبوو بە بێ ئەوی کتێب یا نووسراوەیەکم لەبەر چاو بووبێ. لە ڕوانگەی زانستییەوە سەلماندن و بوونی نووسراوەیەك تەنیا بەهۆی بوونی دەستنووس(نموونەی نووسراوەیی)"Manuskripten" دەپێون. چونکە لە گوندەکەی ئێمە تا ناوەڕاستی سەدەی

---

[١٢٠] Behnam Sadeghi, Uwe Bergmann: The Codex of a Companion of the Prophet and the Qur'ān of the Prophet, *Arabica,* Volume ٥٧, Nr. ٤, ٢٠١٠, S. ٣٤٨

بیستەم هیچ کتێبێك یا نووسراوەیەك بە ناوی قورئان بوونی نەبووە، بە شێوەی زانستی بە بەڵگە لە ئەژمار نایەت.

لێرەدا دوو بۆچوون هەن: یا پێشتر کتێبی قورئانی سەردەمی محەمەد یاخود عوسمان بوونیان بووە و بەهۆی ئومەییەکان لە ناو چوون و دەقی قورئانی خۆیان لێ دروست کردووە، یا وەك داب و نەریتێکی کۆنی ئەو کۆمەڵگایە، قورئان هەر بە شێوەی گێڕانەوە زار بە زار گەڕاوە تا لە سەردەمی ئومەییەکاندا، کە زمانی عەرەبی تا ڕادەیەك پەرەی سەندووە، کردوویانە بە کتێب.

بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئومەییەکان لە نووسینی قورئاندا بەپێی بەرژەوەندی خۆیان گۆڕانکارییان تێدا کردبێ. تەنانەت ئەو گۆڕانکارییانە دەبێ لە سەردەمی چوار خەلیفەی دوای محەمەدیش پێك هاتبێ چونکە سەردەمێك بووە پڕ لە کێشە و شەڕی ناو خۆی نێوان هۆزەکان. بەو پێیەی تێکستی کۆنی قورئان بە بێ چۆنیەتیی دەربڕینی دەنگ و بە بێ نوختە بووە، دەکرێ وشەیەك بە چەند مانای جۆراوجۆر مانا کرابێتەوە. بۆ وێنە: ئەگەر وشەی ڕەببی "*rabbi*" واتە (خودای من) سەیر بکەین: ئەگەر خاڵێك لەسەر پیتی یەکەم دابنێن دەبێتە زببی "*zebbi*" کە بە شێوەیەکیتر دەخوێنرێتەوە و مانای وشەکە بە تەواوی دەگۆڕرێت و دەبێ بە (کێری من). چەند لە وشەکانیتری قورئان مانایەکی ماقووڵتریان پێ دەدرێ ئەگەر مرۆڤ خاڵ یاخود چۆنیەتیی دەربڕینی دەنگەکەیان بگۆڕێ. بۆ وێنە: لە سوورەی ٤٤ ئایەی ٥٤ دا هاتووە "ئێمە حۆریتان لێ مارە دەکەین. کرداری مارەکردن لە زمانی عەرەبی دەبێتە زەواج نەهوم "zawwaj-nāhum" پیتی "ز" لە سەرەتای کردارەکە و هەروەها پیتی "ج" لە دەقی ئەمڕۆی قورئاندا خاڵێکیان لەسەر و بن دایە. بەو پێیەی ئەو چەشن نووسینە لە نووسراوەی عەرەبیدا نە لە سەردەمی محەمەد و نە چەند سەدە دوای ئەویش باو بووە، دەتوانێ پیتی "ر" و "ح" بووبن. بەو گۆڕانە کردارەکە دەبێ بە رەواح نەهۆم "rawwah-nāhum" کە ماناکەی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ زەماوەندا نامێنێ. بە پێی شێوەی خوێندنەوەی لوکسنبێرگ سوورەکە ئاوا مانا دەکرێتەوە: " لێ دەگەڕێین باوەڕپێکراوان لەژێر داری ترێ بحەسێنەوە." ئەو دێرە زۆر لە گوتەیەکیتری قورئان دەچێ: لە

سوورەی ٦٩ ئایەی٢٣ دا بەهەشت وەك باغێكی پڕ لە داری میوە وێنا دەكرێ كە هەموو میوەكان لێیان شۆڕ بوونەتەوە و زۆر بە ساكاری لێدەكرێنەوە.

جێی باوەڕە كە حاكمان و بەڕێوەبەرانی ئایینی چەندین وشە و سوورەیان قرت كردبێ و یاخود لێیان زیادكردبێ. من بیر لە سوورەی ٤ ئایەی ٥٩ دەكەمەوە، كە تێدا نووسراوە: "ئەی ئەوكەسانەی كە باوەڕتان هەیە، گوێ لە خودا و پێغەمبەرەكەی و هەروەها ئەو كەسانەی لە نێوان ئێوەدا حاكمن، ڕابگرن." ئەو سوورەیە لە سەرەتای سەردەمی مەدینەدا گوتراوە، سەردەمێك كە محەمەد تەنیا سەد كەسێكی لایەنگر هەبوو. جێی باوەڕە كە لێرەدا وەك لە زۆربەی سوورەكانیتر داوا لە لایەنگرەكانی دەكات كە گوێ لە خۆی و خوداكەی ڕاگرن. بەڵام لێرەدا باس لەو كەسانەش دەكات كە لە ناو موسوڵماناندا حوكمی ئیسلام بەڕێوە دەبەن. دیارە جێی باوەڕە لەبەر ئەوەی ناوچەكانی دواتری سەردەمی ئیسلام زۆر بەربڵاو بوون و هەر كام لە ناوچەكان حاكمی تایبەت بەخۆیان بووە و دەبوو خەڵك هان بدرێن بۆ گوێڕاگری لەوانیش. ئەو بارودۆخە بەتایبەت بۆ سەردەمی ئومەییەكان گونجاوە، چونكە نەك هەر مەككە و مەدینە بەڵكوو ئێران، عێراق، سووریا، میسر، باكووری ئەفریقا و ناوچەكانیتریش لەژێر حكوومەتی ئیسلامدا بووە. ئایەی ڕاستەوخۆی قورئان بۆ گوێڕاگریی خەڵكی بۆ ئەو بارودۆخەیان زۆر بە كەڵك بووە. وێدەچێ ئەو سوورەیە دواتر و لە سەردەمی ئومەوییەكاندا لە قورئان زیاد كرابێ. ئەو سوورەیە تەواوكەری حەدیسیشە، كە لە موسوڵمانان داوا دەكا، باوەڕیان بە حاكمانی ئیسلامی هەبێ ئەگەر تەنانەت كارەكەیان ئەخلاقی و دادوەرانەش نەبێ. هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێكرد، سەردەمی ئومەوییەكان لەباری دروستكردنی گۆتەكانی حەدیسەوە گەلێك ناوبەدەرەوەیە. هاوكات ناشتوانین بڵێین كە قورئان بە پتوونی لە هیچەوە، لە لایەن ئومەوییەكانەوە ساز كراوە. بەڵام سەیر نییە كە ئەوان بۆ بەرژەوەندی حكوومەتداریی خۆیان لێرە و لەوێ، گۆانكاریان بەسەر قورئاندا هێنابێ.

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، سێ چەشن قورئان بوونیان بووە:

قوڕئانی پێش قوڕئان، قوڕئانی سەردەمی محەمەد و قوڕئانێ دوای قوڕئان کە لە لایەن حاکمانی ئیسلامییەوە لە قوڕئان زیاد کراوە. بەڵام چلۆن دوو قوڕئانی یەکەم و دووهەم تێکەڵاوی یەك بوون؟

## پەرجۆی پەیامە ئیلاهیەکەی محەمەد - "وەحی"

مرۆڤ دەتوانێ محەمەد بە زۆر شت تاوانبار بکات، بەڵام ناتوانین بە درۆزنی دابنێین، یاخود بە کەسێکی دابنێین کە باوەڕی بەو شتانە نەبووبێ کە خۆی بانگەوازی بۆ کردوون. هورووژان، دڵەکوتە، لێهاتوویی ئازار کێشان و خۆڕاگریی محەمەد لەسەر هەموو گوتە و کردارەکانی بەڵگەن بۆ ئەوەی کە لە ناخی دڵیەوە باوەڕی بە پەیام "وەحی" یەکەی لە لایەن خوداوە بووە. من خۆم لەسەر ئەو بۆچوونەم کە خودا نەك لەگەڵ محەمەد بەڵکوو لەگەڵ هیچ کەسێکیتر ئاخەفتنی نەکردووە. هەروەها باوەڕم بەوەش نییە کە محەمەد خۆی تێکستەکە واتە نووسراوەکانی داڕشتبێ، یا بە شێوەی دەنگ پێی درابێ و گێڕابێتەوە. ئەدی چلۆن ئەو پەرجۆیە چارەسەر دەکرێ؟ بەو پێیەی هیچکام لە ئێمە لە سەردەمی سەدەی حەوتەم لەگەڵ ئەو پرۆسەیەدا نەبووین، دەبێ هەوڵ بدەین ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە نووژەن بکەینەوە یاخود هەمیسان دایانبڕێژینەوە. بۆ ئەو کارە دەبێ نەک هەر نووسراوە و گوتەکان بە وردبینی لەژێر میکرۆسکۆپی واژە ناسییدا بپشکنین، بەڵکوو بە زانستی ڕەوان ناسیش ئانالیزەی بکەین.

ئەگەر وایدابنێین کە سەرچاوە ئیسلامییەکان بە گشتیی لەسەر ژیانی محەمەد ڕاستیان نووسیوە، دێینە سەر ئەو باوەڕەی کە: سەرچاوەی کۆنی قورئان لە بارودۆخی نیوە هوشیاری(قوم بوون لە خەیاڵات)ی محەمەدەوە سەرچاوە دەگرێ. لەو بارودۆخەدا خودا و شەیتان، بەهەشت و جەهەنەم، تەماع و دڵفراوانی، سەبووری و بێ بەزەیی بوون بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر هێلانەیان لە مێشکی محەمەد دا دروستکردبوو. بە پێی ئەو سەرچاوانە، محەمەد مرۆڤێك بووە لە نێوان کەسێکی بلیمەت و سەرشێت، هەر وەك زۆربەی حاکمان، هونەرمەندان و ئەدیبانی ناو مێژوو. محەمەدیش هەستێکی زۆر ئاستەمی بووە، کە بەهۆی ئەو لێهاتووییەوە هەستی بە چاوچنۆکی، بەرچاوتەنگی و بارودۆخی تەنگانەی مرۆڤی دەوروبەری خۆی کردووە. هاوکات

لەژێر بارودۆخی قەبووڵنەکردن، رەدکردنەوە و لەخۆدوورخستنەوەدا کە پەیتا پەیتا ئەزموونی کردوون، ئازاری کێشاوە.

هەستێك کە تێیدا لە لایەک بێ هێزیی و لە لایەکیتریشەوە هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی هێزی بێ سنوور، لەگەڵ یەکتر زۆرەبانیان گرتووە. ئەو خۆی هەمیشە ئارەزووی ئەوە بووە کە هێزێکی ئاسمانی و کامیل و تەواو پشتیوانی لێبکا، ئەهوەنی بکاتەوە و دڵخۆشی بداتەوە. ئەو هەستی بە ئارەزووەکانی دەروونی دڵی خۆی وەك ویستێك کردووە و بە شێوەی پەیامی ئایینی، نوکتەی پێشینیان، دابونەریتی کۆن، شیعر و خەیاڵات لەسەر کۆتایی پێهاتنی ئەم دنیایە، پەنا یاخود هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕادیکاڵی بۆ کێشە کەسییەکانی خۆی داوە. محەمەد لێهاتوویەکی مەزنی بووە بۆ کەڵك وەرگرتن لە هەموو ئەو بارودۆخانە و تێکەڵاوکردنی بە ڕێ و جێیان. بە چوونە ناو حاڵەتێکی رووحانی و خۆ جەزمکردن ئەزموونی ئەو تێکەڵاوییەی، وەك یەکەیەك، بە شێوەیەکی باش بۆ مرۆڤی دەوروبەری ڕاگواستووە. سەرەڕای ئەوەی نووسراوەکان سەرچاوەی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەر هەموویان بە پتوونی باس لەسەر کێشەکانی محەمەد و دەوروبەری دەکەن. بلیمەتیی محەمەد لەوەدابووە کە ئەو تێکستانە هەڵبژێرێ وا پەیوەندیان لەگەڵ کێشەکانی دەروونی و دەرەوەی خۆی هەبێ. کارزانیی محەمەد لێرەدایە کە ئەو تێکستە هەڵبژێردراوانەی وا لەگەڵ کێشەکانی ژیانی پەیوەند بدا کە ئەستەم دەکرێ بە ماڵی خۆی دانەندرێ، سەرەڕای ئەوەی کە تێکستی خۆی نین و سەرچاوەی تریان هەیە.

لەرزینە بەهێزەکەی، کاتێ لەپڕێکدا ئەو حاڵەتە نائاساییە تووشی بووە، هەروەها زمانە تووڕە و توند و تیژەکەی کە پەیام و وەحیەکەیی پێ بەیان کردووە، بوونەتە هۆی بەهێزکردنی باوەڕپێکردنی خۆی و لایەنگرانی بە پەیوەنددار بوونی پەیامەکەی بە هێزێکی ئیلاهی و ئاسمانییەوە. بە پێچەوانە دژبەرانی لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە ئەو بارودۆخەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شەیتاندا هەیە و دەبێ جندۆکە دەستیان لێ وەشاندبێت. ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیەك کە ئێمە ئەمڕۆ بە نەخۆشیی رەوانی دەناسین. زۆربەی ئەو چەشنە نەخۆشییانە پەیوەندییان بە ڤیزیۆن "Vision"

(بارودۆخێك لە نێوان خەون و خەیاڵاتدا)، وێژینگ و وەهم و نووسراوەی شەیدایی یەوە هەیە.

بە پێی کات ئەو وەهم و وەحیانە بە شێوەی لەسەر پێی خۆ ڕاوەستاو نەک هەر لە ڕاستییە ئایینییەکان و بۆچوونە ئەخلاقییەکانی، بەڵکوو لە هەموو هەڵس و کەوت و هەستە دەروونییەکانی محەمەد وەك هەستی ترس، ئازار، برین و ئارەزووکانیدا، وەك ئاوێنەیەك بۆ ژیانی ڕۆژانەی ئەو، ڕەنگیان داوەتەوە. هەروەها بۆ بڕیارەکانیشی، کە نەیتوانیوە یاخود نەیویستوە خۆی وەڵامدەرەوەیان بێت، ماهیرانە بە هەمان شێوە بەو خەونە ئیلاهیانەوە پەیوەندی داون. بەڵام کاتێ بەرگێکی ئیلاهی بۆ ئەو هەڵس و کەوتانەی دووریوە و لەبەری کردوون، بەرپرسایەتییەکەی خستۆتە سەر ئەستۆی خوداکەی و بەو شێوەیە خۆی لە وەڵامدانەوەیان پاراستووە. بۆ ئەوەی لە داهاتودا هیچ نارەحەتیەکی ویژدانی بۆ پێش نەیەت، سوورەکانی قورئانی بۆ ئارامکردنەوە، بەسەرداهەڵگوتن، ڕازی ڕاگرتن و سەرکوت کردنی خۆی هێناوەتەوە. ئەو پەیام و وەحیانەی لە سەرەتای ژیانی پێغەمبەرایەتیدا بەهۆی گوڕوتین و دڵەکوتە و هەروەها گوتە و پەندی ئەخلاقییەوە لە ناو لایەنگرەکانیدا بانگەوازی بۆ دەکردن، دواتر بە شێوەیەکی نالەبار پەرەیان سەند (زەماوەند لەگەڵ بووکی خۆی، چەتەگەری، شەڕی بەردەوام، دەستدرێژی کردنی سێکسی بە ژنان و ڕووتاندنەوە و تووناکردنی هۆزێك بە پتوونی و ...) هیچکام شایانی پێغەمبەرێکی ئەو سەردەمە نەبووە. مێژووی پەیامە ئیلاهیەکەی محەمەد بە هەمان شێوە بەڕێوە چوو وەك مێژووی هەڵس و کەوتی لەگەڵ ژنان: لە سەرەتاوە محەمەد پەنای بۆ ڕێگایەك دەبرد کە خۆی لێ دەرباز و ڕزگاربکات، کەچی لە کۆتاییدا بۆ بە یەخسیر و زیندانی هەڵس وکەوتەکانی خۆی.

## سەرچاوەکانی قورئان

قورئان نە بەسەرهات و مێژووی محەمەد دەگێڕێتەوە و نە مێژووی جیهان. نە بە شێوەی کرۆنۆلۆگی و نە وەك ستروکتورێکی بەهێزی بابەتوانی یاخود بە شێوەی ڕیوایەت هەڵس و کەوت دەکا، بەڵکوو تەنیا هەندێک گێڕاوەی کاتیی سەردەمی خۆیەتی. چیرۆکی پێغەمبەرانیش لە کتێبی قورئاندا جگە لە چیرۆکی یوسف کە لە سووڕەیەکدا بە تێر و تەسەلی باسی لێکراوە، وەك کتێبی ئینجیل نییە کە چیرۆکەکان، بە سەرەتایەك دەست پێدەکەن، بە لوتکەی مێژووەکیان دەگەیێن و لە ئەنجامدا کۆتاییەکیشیان بۆ دیاری کراوە. پچڕ پچڕ بوونی لە ڕادەبەدەری تێکستەکانی قورئان، هەروەها شێوەی هەستیاری و بیر و بۆچوونە ئاژاوەچیەکەی ڕاست لە کتێبەکەی فێرناندۆ پێسوا "Fernando Pessoa" نووسەر و شاعیری پرتەقاڵی (کتێبی نائارامیی) دەچێ. بەشێك لە نووسراوەکانی قورئان لە کارێکی ئەدەبی و شاعیرانەی ناڕێکوپێك دەچن، کە بە سەبکێکی بیرمەندییەوە دارێژرابێتن. بەشێکیتر لە نووسراوەکان ئیشکتر دەنوێنن، بۆچوونی دووروودرێژیان تێدایە کە زۆربەیان ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووداوەکانی دەوروبەری محەمەد دەدوێن. هەروەها بەشی دیکەشی تێدایە کە پرسیاری سەبارەت بە محەمەد، لایەنگرەکانی و ڕەخنەگرانی وەڵام دەدەنەوە.

هەر کەس قورئان وەك کتێبی بیوگرافیی ڕەوانیی محەمەد بخوێنێتەوە، هەست بە پرۆسەیەکی پەیوەندیدار دەکات کە پەیتا پەیتا پەرە دەستێنێ. سەردەمی ئەنتیکەی کۆن پڕ بوە لە باس و گفتوگۆ لە نێوان مرۆڤی ڕۆشنبیر و ئایینی. هەروەها لەسەر کێشە دەروونییەکانی محەمەد و شەڕەکانی، باس و گفتوگۆی ڕۆشنبیرانی ئەنتیکی کۆن لەسەر سروشتی عیسا و تەوحیدی ڕاستەقینە، ئەفسانەی پێغەمبەران لە ڕوانگەی کتێبی ئینجیلەوە و یاساکانیان لە قورئاندا لەسەر یەکتر قەڵاپەچین کراون. بەسەر ئەوانەشدا خوراfات، ئەفسانە و چیرۆکە کۆنەکانی ناو خەڵکە ئێرانییەکان و میزۆپێتامیاشی لێ زیاد کراوە. ئەوانەش چەند سەرچاوەی قورئان پێك دێنن.

قورئان خۆی مێژووی یەکەمین وەحی بۆ پێغەمبەر ڕوون ناکاتەوە، بەڵام لە سەرچاوەکانیتری ئیسلامیدا بە تێروتەسەلی باسی لێکراوە: لە چل سالەییدا محەمەد تووشی قەیرانێکی فکریی بووە. لە کارەکەی وەك بازرگانێك دەستی هەڵگرتووە، خۆی لە مرۆڤ دوور خستۆتەوە و بۆ بیرکردنەوە زۆربەی کاتی لە ئەشکەوتی حەرا دا بەسەر بردووە. بە پێی نووسراوەکانی ابن ئیسحاق، کاتێ محەمەد لەو ئەشکەوتەدا نووستوە، پیاوێك هاتۆتە لای، لە باوەشی خۆی گرتووە، بەخۆیەوە کوشیوە و ئەمری پێکردووە: "بخوێنەوە!" محەمەد گوتوویە: "من ناتوانم بخوێنمەوە." ئیسلامییەکان ئەو هەڵوێستە وەك بەڵگە بۆ نەخوێندەواربوونی محەمەد لە ئەژمار دێنن. بەڵام ئەو دێرە دەکرێ ئاواش مانا بکرێتەوە: "دەبێ چی بخوێنمەوە؟" جێی باوەڕ نییە لەو سەردەمەدا بازرگانێکی وەك محەمەد کە زۆر جار لە مابەین سووریا و مەککە لەڕێدابووە، سەوادی نووسین و خوێندنەوەی نەبووبێ. موسوڵمانان ئەو هەڵس و کەوتە و نازڵبوونی قورئان بە پەرجۆیەکی ئیلاهی دادەنێن.

پیاوەکە هەمیسان محەمەدی لە باوەش گرتۆتەوە و دوو جاریتریش لێی پرسیوەتەوە: "بخوێنەوە!" کاتێ محەمەد نەیتوانیوە ئەو کارە بەجێ بێنێ، پیاوەکە خۆی یەکەم سووڕەی قورئانی خوێندۆتەوە: *"بخوێنەوە بە ناوی خۆداکەت کە دنیای خوڵقاندووە. ئەو کەسەی مرۆڤی لە لەختەی خوێن خوڵقاندووە. بخوێنەوە، چونکە خوداکەت لە هەموو کەس گەورەترە. ئەو کەسەی کە لە ڕێگەی قەڵەمەوە فێر دەکات. ئەو شتەی فێری مرۆڤ کرد کە نەیدەزانی"* لە سەرەتای سووڕەی ٩٦ دا گەورەیی خودا ڕادەگەێیندرێ، لە کۆتاییدا دەڵێ: "ئەو کەسەت بینی کە بێ دینە و دووری دەکات؟ نازانێ کە خودا ئەو دەبینێ؟ ئەو کێشکچیانی جەهەننەم بانگ دەکا، بۆ ئەوەی بێ دینان سزا بدەن."

مێژووی یەکەم وەحی، مرۆڤ دەخاتە بیر بیرەوەرییەکانی ئاگوستینوس "Augustinus" (لە دایکبووی ساڵی ٣٥٤ لە ئەلجەزیرەی ئەوڕۆپی و فەوتی لە ساڵی ٤٣٠). ئەویش دەبێ قەیرانێکی ڕۆشنبیریی و ڕەوانی بووبێ. ئەویش کارەکەی لە مایلەند وەلا ناوە و بەدوای بیرکردنەوە لە مانای ژیان کەوتووە. کاتێ بە تەنیا لە باغێکدا لە ژێر تاقەدارێك دانیشتووە، دەنگی منداڵێکی بیستووە، کە دوو جار بانگی کردووە: "هەڵیگرە و بیخوێنەوە!" ئاگوستینوس ئەوەش وەبیر دێنێتەوە کە ڕووداوێکی

هاوچەشن بۆ پیاوێکی مەسیحی بە ناوی ئانتۆنیۆس "Antonius" (٣٥٦-٢٥١) لە میسر رووی داوە. ئەو دەنگەکەی بە دەنگی خودا داناوە کە ئەمری پێکردووە کتێبێك بکاتەوە و ئەو جێگایەی لێ بیخوێنێتەوە کە بۆ یەکەمجار چاوی دەکەوێتە سەری. ئەو، باغەکە بەجێ دەهێڵێ، دەچێتەوە ناو ماڵ، نامەکانی پاولووس لە کتێبی ئینجیلدا هەڵدەداتەوە، دەیخوێنێتەوە و ئینجا ڕوون دەبێتەوە.[١٢١] چیرۆکەکانی ئانتۆنیۆس و ئاگوستینوس ناسیاوی مرۆڤە مەسیحییەکانی سەردەمی محەمەد لە سووریا بوون.

ژنی یەکەمی محەمەد خەدیجە کوڕە مامێکی بووە بەناوی"Waraqa" وەرەقە کە زاهدی گۆشە نشین بووە. ئایینی مەسیحی قەبووڵ کردووە، بۆتە پیاوی ئایینی و بەشێکی کتێبی ئایینی "Evangelien"ی لە زمانی سوریانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی. ئەو هەواڵە لە لایەن ژیننامە نووسەکانی محەمەد، ابن ئیسحاق و ابن سەعدەوە بڵاوکراوەتەوە. وەرەقە وەك ڕاهێنەری خەدیجە لە ئەژمار هاتووە و بەو هۆیەوە کارتێکەرییەکی زۆریشی لەسەر محەمەد بووە. لە قورئاندا گێڕاوەی لەسەر عیسا تێدایە کە لە ئایینی "Evangelien" ی تۆماس و یاکۆبس(یاقووب) وەرگیراون و لە کانوونی مەسیحی دا نەهاتوون. عەڕەب و مەسیحی سوریی زۆریان پێ ناخۆش بووە لە لایەن رۆمییە بێگانەکانەوە سەبارەت بە سروشتی عیسا دەرس دابدرێن. ئەو مرۆڤانە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سروشتی خودا و مرۆڤ بە دووقۆڵی خۆیان لە دەروونی عیسادا حەشار داوە. لە میسر بە پێچەوانە پێیان وابووە کە عیسا خودایەکی بەتەواوی مانایە و هیچ سروشتێکی ئینسانی تێدا نییە. لە زۆربەی شووڕاکانی سەدەی چوار و پێنجەمدا ئەو بۆچوونە ئایینییە کە لە رۆمییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بە لادان لە ئایین دەژمێردرا. بە بێ بەستێنێکی حاڵی بوون لەو کێشە ئایینیانە، ناتوانین لە مێژووی پێکهاتنی ئایینی ئیسلام بگەین.

محەمەد لە ئەشکەوتەکە دەگەڕێتەوە و لە باوەشی خەدیجەدا و لەژێر پەتوو وەك مێژووکە دەلەرزێ. لەو بارودۆخەدا دووهەم سووڕەی قوڕئانی بۆ نازڵ دەبێ. وەحی پێدەکرێ پەتووەکە لەخۆی لادا، هەستێتە سەر پێ و هەڕەشە لە خەڵکانی مەککە بکات.

---

[١٢١] Augustinus: I’itirafat al-Qiddis augustinus, S. ١٦٥f.

لێرەشدا هەڕەشەی جەهەنم لە مرۆڤ دەکرێ، عەزابەکەی لە هیچکەس ناگوزەرێ و هەموو شتێك توونا دەکا. لەبەر دەرکەی جەهەنم ١٩ کێشکچی ڕاوەستاون(سوورەی ٧٤). هاوکات لەگەڵ وەحییەکان وشەی جەهەنەم و ئازاردانی مرۆڤی بێ دین ٤٠٠ جار ئاماژەی پێکراوە. لە هیچکام لە کتێبە ئایینییەکانیتردا جیا لە قورئان، سووتاندنی مرۆڤی بێ دین هێندە بە خەست وخۆڵی و وردەکارییەوە باسی لێ نەکراوە. ئەو گۆڕەپانانە وەك ئاوێنەیەك ڕەنگدانەوەی کێشە، ترس و هەروەها بێ متمانەیی لە هەنبەر هەموو مرۆڤێك و نائارامییەکانی دەروونی محەمەد ئاشکرا دەکەن. بە پێی ئەو ئایینە، کەمینەیەکی مرۆڤ لە هەڕەشەی خودا و ئاگری جەهەنەم و ئازارەکەی ڕزگاریان دەبێ. زۆرینەی مرۆڤ بۆ هەمیشە لە جەهەنەمدا دەسووتێن و هەڵدەپلۆخێن.

وشەی "مرۆڤ" ٦١ جار لە قورئاندا هاتووە. تەنیا تاقە جارێك ئاماژەی پێکراوە کە خودا شانازی بە منداڵەکانی ئادەمەوە کردووە و وەپێش بوونەوەرانیتری خستوون. دەنا قورئان لە هەموو قۆناغەکاندا لەهەنبەر مرۆڤ ڕەخنەی گرتووە. لە زۆربەی سوورەکاندا بە نەرێیی باس لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ کراوە. مرۆڤ جاریوایە بە نەزان، جاریوایە ناعادڵ، دەسترژد، سەقیل، لەخۆڕازی، لوت لەحەوا، بێ هۆش، فەرامۆشکار، ناسپاس، ترسەنۆك، دوودڵ و ناهومید نێودێر کراوە. سوورەی ١٠٣ مرۆڤ بە "دۆڕاو" ناو دەبا.

یەك لە سوورەکانی قورئان ناوی "قورەیش"ە. لەوێدا لە کۆلکەی بنەماڵەی محەمەد داوا دەکرێ کە خودایەکی تەنیا بپەرەستن. ئەو باوەڕە دەبێ ببێتە هۆی بەهێزکردنی پێکەوەڕاگرتنی بنەماڵەکە، و بەڕێوەبردنی باشتری کاری بازرگانی لە زستان و هاویندا(سوورەی ٦). کاری بەکردەوەی محەمەد لێرەدا بە باشی دیاری دەکرێ: ئەو تەنیا باوەڕەکەی بە سزا و پاداشی متافیزیکییەوە نابەستێتەوە، بەڵکوو بە قازانج و سوودی دنیاییشەوە پەیوەندی دەدا. ماوەیەك دوای ڕاگەیاندنی ئەو سوورەیە مرۆڤە رۆحانییەکە واتە "وەرەقە" دەمرێ. لە گێڕاوەیەکی حەدیسی صحیح ئەلبوخاری "Sahih al-Bukhari" دا دەگێڕدرێتەوە کە دوای مردنی وەرەقە بۆ ماوەیەکی زۆر هاتنەخواری سوورەکانی قورئان وەستێنراوە.[١٢٢] ابن ئیسحاق دەڵێ کە ئەو وەستانە

[١٢٢] Al-Bukhari: Sahih al-Bukhari, Hadith Nr. ٤٩٥٣

سێ ساڵ دێژەی بووە. ئەو کارە بۆتە هۆی ئەوەی محەمەد هەمیسان بکەوێتە ناو گرژی و خەمووکی و خەمبارییەکی قووڵەوە. دوودڵیەکی گەورەی تێدا پەروەردە بووە و گومانی ئەوەی کردووە بڵێی ئەو سووڕانەی بۆی نازڵ بوون لە ڕاستیدا پەیامی خودایی بووبێتن؟ دیارە ئێمە نازانین لەو ماوە زۆرەدا محەمەد چی کردووە، بەڵام دەگێڕدرێتەوە کە جاری وابووە تەواوی شەو لەسەر پێ ڕاوەستاوە و خۆی بە تەنافێکەوە بەستۆتەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە خەوتن بکات، چونکە چاوەڕوانی پەیامی ئاسمانیی کردووە. بەڵام هیچ پەیامیکی بۆ نەهاتووە. هەستی ئەوەی خوداکەی بەجێی هێشتووە و تەنیای هێشتۆتەوە، بیری خۆکوژی تێدا بەهێز کردووە. دەچێتە سەر کێوێکی دەوروبەری مەککە و بە نیەتی خۆکوژی ویستوویە خۆی بەرداتەوە خوارێ، لەو بارودۆخەدا دەبێ فریشتەی سەرەکی واتە جوبڕئیلی لە مابەین زەوی و ئاسماندا دیبێ کە لەسەر کورسییەك دانیشتووە. جوبڕئیل کە دەبێ لە لایەن خوداوە نێردرابێ لە خۆکوژییەکە پەشیمانی کردۆتەوە و پێی گوتووە: "تۆ پێغەمبەری خودای".[١٢٣]

سووڕەی دوای ئەو ڕووداوە محەمەدی ئارام کردۆتەوە: "پێش نیوەڕۆ و دوای نیوەڕۆ کاتێك هەمووشتێك ئارامە! خوداکەت نە بەجێی هێشتووی و نە لێت بێزار بووە. ڕوونە، کە بۆ تۆ ئەو دنیا، لەم دنیا باشترە. ئایا خودا تۆی وەك هەتیوێك نەدۆزییەوە و پەنای پێنەدای؟ هەروەها ئەو تۆی وونبووی، دۆزییەوە و ڕێنوێنی کردی، تۆی فەقیری دۆزییەوە و دەوڵەمەندی کردی؛ کە وایە، تۆش "هەتیو" بچووك مەکەوە و ئەو کەسانەی پرسیارت لێ دەکەن، لەخۆتیان دوور مەخەوە و لە هومووجێیەك باسی نیعمەتی خوداکەت بکە." ئەو سووڕەیە(سووڕەی ٩٣)زۆر گرنگە، نەك بەوهۆیەی کە تەنیا سووڕەیەک بێت باس لە ژیننامەی محەمەد دەکات(بۆ وێنە هەتیو و فەقیربووە)، بەڵکوو لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە دەروون و ڕۆحی نائارام و سەرگەردان و دوودڵی محەمەد ئاگادار دەکاتەوە. ئەوە خۆی بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی محەمەد نووسراوەی سەرچاوەکانی قوڕئانی ڕاستەوخۆ وەرنەگێڕاوە، بەڵکوو ئەو وەحیانەی وەك ئارەزوویەکی دەروونی خۆی بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکانی داوەتە دەرێ. هەروەها ئەو سووڕەیە بۆ محەمەد زۆر گرنگ بووە چونکە هەم شاعیرانە و هەم بە گوڕوتینەوە

---

[١٢٣] Ibn Saa’d: Tabaqat ١:١٩٦

گوتراون کە زۆر هەست جووڵێنترە لە سوورەکانی پێش وەستانەکە. هەروەها بەو کارە ویستوویەتی بیسەلمێنێ کە سوورەکانی لەڕووی نووسراوەکانی "وەرەقە"وە نە نووسیوەتەوە، هەر وەك کەسانێك پێیان وابووە و بەو کارە تۆمەتباریان کردووە.

دوای ئەو ماوە زۆرەی کە خودا لەگەڵیدا بێدەنگ مابۆوە، سوورە بەدوای سوورە بۆی نازڵ دەبوون، هەر هەمووشیان شێوازێکی هاوچەشنیان هەبوو: تێکستی کورت بەڵام شاعیرانە و بیرمەندانە کە تین و سۆزێکی مەزنیان پێوە دیارە. لێرە بەدواوە محەمەد پەیامە نوێیەکانی بە ئاشکرا لە مەککە ڕادەگەیێنێ.

پەرچەکرداری خەڵکیش لەهەنبەر محەمەد ڕەنگاوڕەنگ بوون، کەسانێك بە لەسەرخۆیی هەڵس و کەتیان لەگەڵدا دەکرد وتاقمێکیش دژایەتیان دەکرد و دەیانگوت: "ئەو درۆزنە، شێت و دێوانەیە و قورئانیش تێکەڵاوییەکی ئاڵۆزی خەونەکانیەتی". محەمەد لە هەنبەر ئەو قسانەدا خۆڕاگری دەکرد. ئەو هەوڵی نەدەدا لە گەڵ خەڵکانی مەککە لەسەر بۆچوونەکانی گفتوگۆ بکات بەڵکوو زیاتر هەوڵی دەدا ڕازی و قانعیان بکات. وەك سوورەی ٩١، یەك لە سوورە کانی دوای وەحیە نۆیەکەی. لەوێدا محەمەد هەوڵیداوە مێژووی پێغەمبەر"ساڵح" بۆ خەڵکانی مەککە بە چەند دێری کورت ڕوون بکاتەوە کە هۆزێکی عەرەبی بە ناوی "صمود"ی بۆ پەرەستنی تاکە خودایی بانگەشە کردوە، بەڵام خەڵکیی سالحیان بە درۆزن داناوە و باوەڕیان پێ نەهیناوە. خودا لێیان تووڕە بووە و ئەو هۆزەی بە پتوونی توونا کردووە. لێرەدا مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە محەمەد هێشتا نەیویستووە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی مەککە گفتوگۆ و شەڕەقسە بکات. هەوڵیداوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ وشیاریان کاتەوە و بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە بیانترسێنێ. بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵکی، زیاتر لە چیرۆکە حیماسییەکانی ناو ناوچە عەرەبییەکان کەڵکی وەرگرتووە کە بۆیان ناسراو بووە.

چەندین سوورەی قیامەتی بەهێزی ڕاگەیاند کە بەشێوەیەکی شاعیرانە هاتنی ئاخرزەمانی پێ ڕوون کردبۆوە. نموونەیەکی ئەو نووسراویە لە لایەن شاعیری ئاڵمانی فریدریش روکێرت "Fridrich Rückert" وەرگێڕراوەتە سە زمانی ئاڵمانی :

*Wann die Sonne sich wird ballen,*

*Und die Sterne zu Boden fallen,*

*Und die Gebirge wallen,*

*Und der Meere Fluten schwallen;*

*Wann Zuchtkamele sind unverwahrt,*

*Und die wilden Tiere geschaart,*

*Und die Seelen wieder gepaart;*

*Man das lebendig begrabene wird fragen,*

*Um welche Schuld es sei erschlagen;*

*Und die Bücher sind aufgeschlagen;*

*Wann der Himmel wird abgedacht,*

*Und die Hölle wird angefacht,*

*Und der Garten herangebracht;*

*Wird eine Seele wissen, was sie dargebracht.*

مانای ئەو شێعرانە کە سوورەی ٨١ دەگرێتەوە بە گشتی بەو شێوەیەیە (وەرگێڕ):

ئەوکاتەی ڕۆژ لە دەوری خۆی دەهاڵێ، (١)

ئەو کاتەی ئەستێرەکان بێ تیشك دەبن، (٢)

ئاوکاتەی شاخەکان وەجووڵە دەکەون، (٣)

ئەو کاتەی بەنرخترین شتومەکی ماڵ لە بیر بچنەوە، (٤)

ئەو کاتەی وەحشییەکان کۆببنەوە، (٥)

ئەو کاتەی زەریاکان داگیرسێن، (٦)

ئەو کاتەی هەرکەس لەگەڵ هاوچەشنی خۆی وەك یەکیان لێ بێ، (٧)

ئەو کاتەی لە کیژانی زیندوو لە چاڵ نراو پرسیار بکرێت، (٨)

بە  چ تاوانێك کوژران؟ (٩)

ئەو کاتەی نامەی کردەوەکان بکرێنەوە، (١٠)

ئەوکاتەی پەردە لەسەر ئاسمان لا بردرێ،  (١١)

ئەو کاتەی دۆزەخ (جەهەنم) ئاگری تێبەربێ،(١٢)

ئەو کاتەی بەهەشت نزیك بێتەوە، (١٣)

بەڵێ، ئەوکاتەی هەر کەس دەزانێ چ شتێکی ئامادە کردووە،(١٤)

سوێند بەو ئەستێرانەی دەگەڕێنەوە،(١٥)

وەجووڵە دەکەون و لەبەر چاو وون دەبن،(١٦)

سوێند بە شەو، کاتێ کۆتایی پێ دێ،(١٧)

بە ڕۆژ، کاتێ هەناسە دەکێشێ،(١٨)

کە ئەو "قورئانە" پەیامی پایەبەرزێکە (جوبرئیل ئەمین)، (١٩)

خاوەنی هێزە، و لە لای (خودا) خاوەنی خێوەت، پێگەی مەزنی هەیە! (٢٠)

لە ئاسمانان جێی پەرستنی (فریشتەکان) و ئەمینە! (٢١)

هاوڕاوێژی ئێوە (پێغەمبەر) شێت نیە! (٢٢)

ئەو(جوبرەئیل) ی لە تیشکی ڕووناکیدا دیوە! (٢٣)

ئەو سەبارەت بە ئەو وەحیانەی پێی کراوە بەخیلی نایەت! (٢٤)

قورئان گوتەی شەیتانی ڕەجم کراو نییە! (٢٥)

ئەدی بۆ کوێ دەچن؟(٢٦)

قورئان هیچ شتێك جیا لە وەبیرهێنانەو بۆ جیهانیان نییە،(٢٧)

بۆ کەسێك لە ئێوە کە بیهەوێ ڕێگای ڕاست پیشە بکات! (٢٨)

ئێوە هیچ ویست و ئیرادەیەك ناکەن مەگەر ئەوەی خودای عالەم، ئیرادە بکا و بیهەوێ! (٢٩)

مانای سوورەکە لە ئایەی ٢٢ دا ڕوون دەبێتەوە. محەمەد زۆر ڕەنجاو و دڵشکاو بوو، کە خەڵکانی مەککە وەك "درۆزن" و "شێت" ناویان لێ دەبرد.[١٢٤]

ئەو سوورە قیامەتییانەی قورئان لە ڕوانگەی زمانەوانیی و بابەتەوە زۆر لە سروودی مامۆستای کلیسا افرایم سووری "Ephraem" (٣٠٦-٣٧٣) کە لەسەر قیامەت نووسیونی، دەچێت. تەنانەت لە سەدەی شەشەم و حەوتەمیشدا ژمارێکی زۆر نووسراوەی مەسیحی - سوریانی هەبوون کە خۆیان بە تەوەری قیامەتەوە خەریك کردبوو. بەشێك لەو نووسراوانە کارتێکەرییئان لەسەر قورئان هەبووە. ژمارێکی زۆر نووسراوەی سوریانیی سەردەمی ئەنتیك لە پەرتووکخانەکانی ڕۆژئاوایی هەن کە زۆربەیان هێشتا وەرنەگێرراونەتەوە، یاخود لە ڕوانگەی زانستییەوە نەپشکێنراون. هەڵسەنگاندنی ئەو نووسراوانە دەتوانێ ڕووناکی بخاتە سەر سەردەمی تاریکی پێکهاتنی ئیسلام. لێرەدا مەرج نییە کە محەمەد ڕاستەوخۆ لەبەر ئەو نووسراوانەی نووسیبێتیەوە، بەڵکوو جێی باوەڕە کە لە سەردەمی کاری بازرگانی و سەفەر بۆ سووریا چاوی بەو نووسراوانە کەوتبی و ناسیاوی بووبێتن.

---

[١٢٤] Friedrich Rückert: Der Koran, Sure ٨١

## ئایاتی شەیتەنی

تەوەری "ئایاتی شەیتانی" بەهۆی رۆمانەکەی سەلمان ڕوشدییەوە ناسراوە. لەو رۆمانەدا سەلمان ڕوشدی چەند سووڕەی قورئانی بە سووڕەی شەیتانی نێو ناوە، چونکە هەرکات محەمەد ئارەزوویەکی بووبێ، فریشتەی سەرەکی جوبڕەئیل تەیار بە وەحی نوێ، بۆ بەراوردەکردنی ئارەزووەکەی، بە پەلە لێی هاتۆتە ژوور.

"پێغەمبەر بوون چەند کارێکی عەمەلییە!" سەلمان ڕوشدی لە ڕۆمانەکەیدا دەنووسێ. تەنیا حەیف ئەوەیە کە محەمەد سەوادی نووسین و خوێندنەوەی نییە ودەبێ نووسەرێکی فارس ئەگەرچی باوەڕیشی بە محەمەد نییە، وەحیەکانی بۆ دیکتە بکات و سووڕەکانی قورئانی بە ئیشتیای خۆی بۆ واتابکاتەوە. بەڵام لەڕاستیدا تەشەر و کەترە (پێدادان)ەکەی ڕوشدی نمایشێکە لە ڕاستییەکانی ژیننامەی محەمەد کە پەیوەندی بە سووڕەی ٥٣ وە هەیە. لە یەکەمین فاز یاخود هەنگاوی وەحیەکان لە مەککە، محەمەد لە هەنبەر ئاگادارکردنەوەی کافراندا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و زۆر لەسەرەخۆ و نەرم هەڵس و کەوت دەکا. ویست و ئارەزووە گەورەکەی کە لای مەزن بووە، ئەوە بووە کە لە لایەن هۆزەکەیەوە ڕێز و قەدری لێ بگیرێت و بە فەرمی بناسرێت. لە هەوڵەوە بانگەوازی بۆ خودای یەگانە دەدا، بەڵام هاوکات خۆشی لەوە لادەدا هەڵوێست لەسەر ئەو هەموو خودایە بگرێت کە وا لە ناو و دەرەوەی کەعبە کۆبببوونەوە. ئەو کاتەی محەمەد پەیامەکەی بە ئاشکرا ڕاگەیاند، کەم کەس ئەوی بە جیددی وەردەگرت، چونکە محەمەدیش تەنیا کەسێك لەو مرۆڤانە بوو کە لە دەوری کەعبە بۆ باوەڕەکانیان قاویان دەدا. محەمەد گرنگایەتیی دەدایە داب ونەریتی بوتپەرستان و باوەڕەکانیتری دەوری کەعبە بۆ ناساندنی لایەنگرانیان؛ هەروەها هات و چۆی هەزاران کەس بۆ زیارەتی کەعبەی وەك سەرچاوەی ئابووری بە کارێکی باش دەزانی. کەوابوو ئارەزووی محەمەد ئەوە بوو لابڕ یاخود ڕێگایەکی نیزیك بدۆزێتەوە لە نێوان بۆچوونە لەڕادەبەدەر ئیشکەکەی خۆی و بۆچوونی خەڵکانی مەککە

و ئەو زیارەتکەرانەی بوونی خودایان رەد نەدەکردەوە بەڵام پێیان وابوو کە خوداکانیان شتێکن لە مابەین خودا و مرۆڤ.

محەمەد لە هەوەڵەوە هەڵس و کەوتێکی تۆلەرانسی لە هەنبەر لایەنگرانی باوەڕەکانیتر هەڵبژارد و گوتی: "باوەڕی ئێوە بۆ خۆتان و هی ئێمەش بۆ خۆمان"(سووڕەی ١٠٩). دواتریش هەنگاوێك زیاتری هەڵێنا: هەم ابن ئیسحاق و هەم ئەلطەبەری دەگێڕنەوە کە محەمەد سووڕەیەکی نوێی قورئان(سووڕەی ٥٣)ی لە پێش کەعبە خوێندۆتەوە، کە چەند لە لایەنگرەکانی و چەند کەسێکی دژبەریشیان لەوێ حازر بوون. محەمەد سێ خودای گەورەی ئەوکات ناو دەبا،[ ال لات(al-Lat)، ئەلعوززا(al-Uzza) و مەنات(Manat)] و دەڵێ: "ئەوانە سەروەرانی هیمیشە زیندووی ئێمەن. مرۆڤ دەبێ هیواداری پاڕانەوەی ئەوان بێ". چەند لە خەڵکانی مەککە دەبێ پێیان خۆشبووبێ کە محەمەد بە شێوەی ئەرێنی باس لە خوداکانیان دەکات. دواتر محەمەد بەوە گەیشتووە کە ئەو بەرەوپیرچوونە نەک هەر هیچ بەهرەیەکی پێ نەگەیاندووە، بە پێچەوانە خۆڕاگرییەکەی لەهەنبەر خوداکانیان مانای تەوحیدی، تراو کردۆتەوە. لەبەر ئەوە، بڕیاری داوە ئەو سووڕەیەی بەسەر خوداکانیدا هەڵگوتووە لە قورئان قرت بکرێ. لە جیاتی ئەو، سووڕەیەکیتری بۆ هاتۆتە خوارێ: "بێ سۆ ئێوە تووشی ئازار و تووڕەیی پەروەرێنتان بووگن. جا چۆن ئێوە بۆ چەند شتێ کە خۆتان و باوانتان ناوتان لێ ناون و هیچ بەڵگەیەکی پتەوتان لە خواوە بۆ نەهاتووە، جوابەجەنگێم لەگەڵ دەکەن؟"(سووڕەی٧ ئایەی٧١). بۆ قانع کردنی لایەنگرەکانی، محەمەد گوتوویە سووڕەی پێشوو لە لایەن شەیتانەوە دەنگۆ کراوە و ئێستا سووڕەی ڕاستەقینەی لە جێ دادەنرێت.

ئەزموونی ئەو کارە بووە هۆی پێکهێنانی چەمکێکی نوێ: پرەنسیپی نەسخ (ناسخ و مەنسووخ). لێرەدا قسە لەسەر ئەو سوورە کۆنانەیە کە سووڕەی نوێتر جێ یان پڕ کردوونەتەوە و خۆیان وەلانراون. بەوهۆیەوە زۆربەی ئەو سووڕانەی باسیان لە ڕەنگاڵەیی، تولەرانس، ئازادیی باوەڕ و پێکەوەژیان لە ئاشتیدا دەکرد، بەهۆی سووڕەی نوێوە لە قورئاندا پووچەڵ کرانەوە و لێرەوە تەنیا باس لە شەڕی بەردەوام دژ بە کافران دەکرێ.

بەو ئایە شەیتانیانە یاخود گۆڕانی سووڕەکان، لە ڕوانگەی زمانی قورئانەوە قۆناغێکی نوێ دەستیپێکردوە. تا ئێرە محەمەد لە بەرنگاربوونەوەیەکی ئاشکرا دژ بە گوێڕاگرەکانی خۆی دەدزیەوە و بۆ پەرستشی چەند خودایی نفرینی لە خەڵکانی مەککە نەدەکرد و خۆی بە گێڕەوەی ڕێنوێنی و ئامۆژگاری وەرگر، قانع ڕاگرتبوو. ئیتر لێرەوە محەمەد لە سووڕەکاندا بە ئاشکرایی هەڵس و کەوتیکی شەڕخوازانەی نواندووە. خەڵکانی مەککە نەک هەر بە کافر بەڵکوو بە درۆزن و تاوانکار نێو بردوون. محەمەد زۆر ئەوەی لا گرنگ بووە کە داب و نەریتی پێشینیانی ڕانەگرتووە و وەدوایان نەکەوتووە.

سووڕەکانی سەبارەت بە ئازار و ئەشکەنجەی جەهەننەم چڕتر دەبنەوە، سەرەڕای ئەوانەش سەرنجی خەڵکانی مەککە هێشتا بۆ محەمەد ڕاناکێشرێ و گوێی نادەنێ. خەڵکی هەر وەك پێشوو محەمەد بە شێت و درۆزن دادەنێن. ئەو کێشەیە و ناهومێدی محەمەد بە باشی لە سووڕەی ٢١ (پێغەمبەران) دا ئاشکرا دەبێ. سەرەڕای ئەوەی ڕۆژی قیامەت نزیك بۆتەوە، مرۆڤ کەمتەرخەمی لە هەنبەردا دەکا: "من ئێوە تەنیا بەهۆی وەحیەکانەوە ئاگادار دەکەمەوە، بەڵام مرۆڤی کەڕ گوێی لێ نییە کاتێ ئاگادار دەکرێتەوە"(ئایەی ٤٥). محەمەد لەو سووڕەیەشدا بۆ نیشاندانی هەڵوێستەکانی و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکانی مەککە پەنا بۆ چیرۆکی پێغەمبەران دەبا کە لە کتێبی ئینجیلیشدا ئاماژەیان پێکراوە. لە سووڕەی ٢١ دا کێشەی نێوان ئیبراهیم و خەڵکەکەی دەگێڕرێتەوە کە بە شکاندنی فیگۆر(بت)ی خوداکان کۆتایی پێدێ کە خەڵکی ئەو سەردەمە باوەڕیان پێیان بووە. شکاندنی داب و نەریتی پێشینیان کە محەمەدیش لەسەر ئاڵاکەی دەینووسی، ترس لە تۆڵە سەندنەوەی خوداکان، خەڵکیی نائارام کردبوو: "ئەو بسووتێنن (ئیبراهیم) و یارمەتی خوداکانتان بدەن، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ کارێك بکەن"(سووڕەی ٢١ئایەی ٦٨). هەر وەك پەرجۆیەك ئیبراهیم لەو ئاورە ڕزگاریی دێت و دواتر ئەو وڵاتە پیرۆزە بەجێ دەهێڵێ. ئیبراهیم ٦٩ جار لە قورئاندا ناوی هاتووە.

بەو هۆیەی محەمەد هەستی بەوە کردبوو کە لە بەرامبەر خەڵکەکەیدا ئازار دەدرێ، بۆ خۆ هەڵسەنگاندن لەگەڵ پێغەمبەرانی پێشوو چیرۆکەکانی ناو کتێبی ئینجیل دووپات دەکاتەوە. هەر هەموو چیرۆکەکان لەسەر شێواز و پرۆسەیەکی هاوچەشن پێکهاتوون:

هاوارێکی بەتەنیا لە بیاباندا خەڵکی وشیار دەکاتەوە، خەڵکیش گوێی نادەنێ و ڕاستییەکان لەژێر پێ دەنێن. خودا خۆ لە کارەکە هەڵدەقوتێنێ، کافران سزا دەدا، گوندەکان کاول دەکا و تەنیا کەمینەیەکی خەڵکی کە وەدوای پێغەمبەرەکەیان کەوتوون، دەپارێزێ. محەمەد بەو کارە دەیویست بە خەڵکانی مەککە بڵێ خوداکەی نەک هەر لەو دنیا بەڵکوو لەم دنیاش ئازاریان پێ دەگەیێنێ، تەواو بەو شێوەیەی لە چیرۆکی موسا و خەڵکەکەی و نووحیشدا گێڕراونەتەوە. نوح ٤٠ جار، فەرعوونی میسر ٧١ جار و تەنانەت موسا ١٣٦ جار ناویان لە قوڕئاندا هاتووە. لێرەدا پەیوەندیی نێوان داب و نەریتی ئینجیلی و سەردەمی کاتی محەمەد زۆر سەرنجڕاکێشە. ئەو لەپ یاخود لێکخشانە، تێکست یا نووسراوەیەك وەك سەرچاوەی قوڕئان بێگانە نیشان دەدا.

بەڵام ئەو هاوار و ئاگادارکردنەوەیەی محەمەدیش گوێی بیسەری نەبوو. سەرەڕای ئەوەش، چونکە محەمەد خەڵکەکەی لەگەڵ نووح و کافرانی فیرعوونی میسردا هەڵسەنگاندبوو، خەڵکی سەرنجیان بۆ پەرجۆی پێغەمبەران لە پەیوەندیی نوح و موسادا ڕاکێشرا و پرسیاریان لێکرد: ئەدی پەرجۆی تۆ چییە؟ هەروەها پێیان گوت: تۆش مرۆڤێکی ئاسایی وەك ئێمە، بەڵام مرۆڤێکی درۆزن. ئەگەر ڕاست دەکەی و تۆ مرۆڤێکی تایبەتیی، فەرمان بدە بەردمان بەسەردا ببارێت. وەك لە (سووڕەی ٢٦ ئایەی ١٨٥ و ١٨٧) دا هاتووە.

هەڵس و کەوتی محەمەد لەهەنبەر ئەو پرسیارانەی خەڵکییدا، چ بوو؟ بە پێوونی سووڕەی ١٣ "الرعد"ی بۆ پاکانە بۆ هاتەخوارێ، کە بۆچی ئەو پەرجۆی نییە: "ئەو کەسانەی باوەڕیان نەهێناوە، دەڵێن: [بۆ محەمەد هیچ نیشانەیەکی لە خوداکەیەوە بۆ نازڵ نەبووە؟] تۆ تەنیا دەترسێنی. بۆ هەر نەتەوەیەك سەرکردەیەکی (ئەوانە هەمووی بەهانەن، نەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان)! لەجیاتی ئەوانە، پەرجۆی خودا لە سروشتدا دەبینرێ: ڕۆژ، مانگ، ئەستێرەکان و خولگەکەیان، شاخەکان، باران، هەورەتریشقە، ئاسمان، کە خودا بەبێ کۆڵەکە دایمەزراندووە. تەنانەت باغی ترێ ، زەوی دانەوێڵە و داری خورماش وەك پەرجۆ نێونراون. لە کۆتاییدا محەمەد خەڵکی بە سووڕەی ١٣ ئایەی ٣٤ ناهومێد دەکات: "بۆ ئەوکەسانەی وا تاوانیان بۆ دیاری

کراوە ، سزای دنیاکەی تریشی زۆر زیاتر دەبێ لە هی ئەم دنیایە، چونکە ئەوان ئیتر هیچ پارێزگەرێکیان نابێ".

## قورئان دوای مردنی خەدیجە

خەدیجە ژنی یەکەمی محەمەد ئەگەرچی گرنگترین کەس لە ژیانی دا بووە، تەنیا جارێکیش ناوی لە قورئاندا نەهاتووە. محەمەد بە بێ خەدیجە هیچکات نەیدەتوانی سەرەدەمی سەرەتاکانی بڵاو کردنەوەی پەیامەکەی کە چەندین جار توشی نسکۆ هاتبوو، درێژە پێ بدات. تەنانەت بە بێ ئەو نەیدەتوانی ژیان بکات چونکە ئەوکاتەی لە ئەشکەوتدا دەژیا، بێکار بوو و هیچ داهاتێکی نەبوو و تەنیا لە لایەن خەدیجەوە نان و ئاو دەدرا و بەخێو دەکرا. لە لایەکیتریشەوە خەدیجە مەزنترین یارمەتیدەری محەمەد لە ڕوانگەی ئەخلاقیی و رووحییەوە بووە و بۆی هەم وەك ژنێکی خۆشەویست و هەم وەك دایك بووە. دە ساڵ دوای پێغەمبەرییەکەی محەممەد، خەدیجە فەوت دەکا و لەگەڵ خەڵکی نارازیی مەککەی بەتەنیا بەجێ دێڵێ. محەمەد بۆ جاری دووهەم لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بەتەنیا و هەتیو دەمێنێتەوە. سەبارەت بە فەوتی خدیجە لە قورئاندا هیچ هەواڵێك نییە، بەڵام کارتێکەرییەکەی لە قورئاندا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێ.

محەمەد بڕیار دەدا مەککە بەجێ بێڵێ و لە شارێکیتر هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی بدا. لەپێشدا دەچێ بۆ شاری تائیف و لەوێ ئامۆژگاری دەکات. دەبێ بەو کارەی خەڵکی تائیفی زۆر ڕەنجاندبێ چونکە خەڵکی، کۆیلەکانی شار هان دەدەن لە شەقامەکاندا وەدوای بکەون و بەردەبارانی بکەن. ئەو کارە زۆر نامۆ دەنوێنێ بۆ ناوچەیەك کە بە میوانداریی ناودار بووە. خوێناوی و بێ هێز لە باغێکی میوەی قەراغ شار دانیشتووە و بە گریانەوە دۆعای کردووە: *"خودایە، لای تۆ شکایەت لە بێ هێزییەکەم و بێ پەنایی و سووکایەتیپێکردنی ئەو مرۆڤانە دەکەم. تۆ لە هەموو کەسێك بەخشندەتری، گەورەی بێ هێزانی و گەورەی من. بە کێم دەسپێری؟ بە کەسێکی*

*بێگانە، کە سووکایەتی بە من دەکا یا دوژمنێکی نزیك کە بەسەرمدا حاکمە؟ (...) هیچ هێزێك، هیچ حاکمێك بە بێ تۆ بوونیان نییە."* [١٢٥]

لەو بارودۆخە نزمەدا محەمەد دەستی بە فانتازی و خەیاڵات کردووە. خودا دەبێ فریشتەی کێویی ناردبێتە لای کە خەڵکی تائیف سزا بدا. شاری تائیف لە دۆڵێکی نێوان دوو کێودا هەڵکەوتووە. فریشتەی کێوەکان دەبێ ئیزنی لە محەمەد داوا کردبێ دوو کێوەکە بۆلای یەکتر ڕاکێشێ و شارەکە و خەڵکەکەی لە نێوان ئەو دووکێوەدا توونا بکا. کەچی محەمەد وەڵامی داوەتەوە: *"نا، چونکە من هیوادارم خودا لە داهاتوودا منداڵی وایان بۆ دروست بکا کە تەنیا خودا دەپەرەستن و لە بەرەی ئەودا دەمێننەوە."* ئەو گوتەیە کە لە حەدیسەکەی صحیح البوخاری دا دەگێڕرێتەوە، ڕوانگەی بارودۆخی رۆحیی محەمەد پیشان دەدا. لە نزمترین بارودۆخی بێ توانایی و بچووکبووندا پەنا بۆ فانتازی خۆی دەبا و بۆ ماوەیەك تەنانەت رۆڵی خودا بەدەستەوە دەگرێ و بڕیار لەسەر تووناکردن یا نەکردنی نەتەوە و شارێك دەدا.

محەمەد دەگەڕێتەوە بۆ مەککە و ئیدعا دەکا، کاتێ لە قووڵایی دڵیەوە لە عالەمی نوێژکردندا بووە، گرووپێکی جندۆکە لێی نیزیك بوونەتەوە. جندۆکەکان گوێیان لە دۆعاکانی محەمەد ڕاگرتووە و تووشی دڵەکوتەیەکی ئەوها بوون کە گەڕاونەتەوە بۆ لای هاوڕەگەزەکانیان و لێرەبەولاوە دەستیان کردووە بە ئامۆژگاری کردن و باوەڕیان هێناوە. بەپتوونی سووڕەیەکی قورئان "جین" (سووڕەی ٧٢) لەسەر ئەو پەرجۆیە دەدوێ. سووڕەکە بەو دێرە دەست پێدەکا: *"بڵێ: وەحی بە من کراوە کە دەستەیەك لە جندۆکەکان گوێیان لە من ڕاگرتووە. گوتوویانە، قورئانێکی سەیرمان گوێ لێ بووە، ڕێگای ڕاستمان پێ پیشان دەدا، لەبەر ئەوە، ئێمە ئیمانمان پێ هێناوە و هیچکات شەریکێك بۆ خوداکەمان دانانێین."* جندۆکەکان دەستخۆشانەیەن لە محەمەد کردووە و لە دەوری کۆبوونەتەوە: *"کاتی بەندەی خودا [محەمەد] هەستاوەتە سەر پێ، بۆ ئەوەی لە خوداکەی بپاڕێتەوە، ئەوان [جندۆکەکەن] وایان گوشار بۆ هێنابوو، نیزیك بووە هەناسەی لێ ببڕن."* ئایەی ١٩.

---

[١٢٥] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, ٢:٣٤f.

لێرەدا چاوچنۆکیی محەمەد بۆ سەلماندنی کەسایەتیی خۆی ئاشکرا دەبێ. نە هۆز و خەڵکانی دەوروبەری محەمەد لە مەککە و نە بێگانەکانی شاری تائیف سەرنجیان بۆ قورئانەکەی ڕانەکێشرا. بە پێچەوانە لە وەحیەکەیدا سەرکەوتن ڕادەگەیێنێ. محەمەد ویستی دڵی خۆی لە بوونەوەرانێك وەردەگرێ کە لە لایەن مرۆڤەوە نەسەلمێندرابوو. بوونەوەران یاخود شەیاتینی ئاگرین، باوەڕ بە قسەکانی دێنن و خۆشەویستیی لە هەنبەردا دەکەن. ئەو دێو و درنجانە محەمەد وەك پێغەمبەری خودا دەسەلمێنن و پەیامەکەی بڵاو دەکەنەوە.

دوای ئەو ڕووداوە محەمەد هەم لە ڕوانگەی بیر و باوەڕ و هەم لە لایەنی سیاسیەوە ڕادیکاڵ بۆتەوە. لەپێشدا ئیدعای کردووە کە بە سواریی ڕایکردووە بۆ زیارەتگایەکی دوور، لە شارێکی پیرۆز. لە قورئاندا و لە سووڕەی ١٧ ئاماژە بەو سەفەرەی کراوە، بەڵام تەنیا بە ئایەیەك: *"پاك و بەدوور لە دزێویی ئەو خودایەیە کە بەندەکەی لە شەوێکدا لە مسجدالحرامەوە بردووە بۆ مەسجدالاقصی کە دەوروبەری پڕ لە بەرەکەت بووە، تا تاقمێك لە نیشانەکانمانی پێ پیشان بدەین، چونکە ئەو بیسەر و بینایە."* ڕاژەوانانی قورئان ئەو شارە بە ئۆرشلیم دادەنێن. ئەو سەفەرە دەبێ دوای مردنی خەدیجە و ئازاری خەڵکی تائیف وەك سوکنایی بووبێ بۆ محەمەد. لە ئۆرشلیم محەمەد دانیشتنی لەگەڵ پێغەمبەری هەموو ئاسمانەکان کردووە. تەنانەت باوکەگەورەی هۆزەکەی خۆی واتە ئیبراهیمیش دەبێ لەوێ بووبێ. کاتێ لەوێ ویستویانە پێکەوە دۆعا لای خودا بکەن، محەمەدیان وەك ئیمام هەڵبژاردووە. چ بەفەرمی ناسینێك؟ بەڵام ئارەزو، یا خەونی ناتەوانی - توانایی محەمەد درێژەی هەیە. تەنانەت خودا بە پەیژەیەك(نەردیوان) محەمەد دەنێرێتە ئاسمان، لەوێ بەهەشت و جەهەنەمی پێ پیشان دەدات. لەوێش محەمەد پێغەمبەرانی هەموو قاتەکانی ئاسمان دەبینێ. هیچ کەس جیا لە محەمەد ئیزنی چوونە سەر بۆ قاتی ئاخری ئاسمان و دیتنی خودای نەبووە.

ئەو سەفەرە ئاسمانییە لە لایەکەوە ئاوێنەیەکە بۆ ئارەزووەکانی محەمەد کە لەگەڵ عیسی وەك یەك دابنرێت، لەولاشەوە دەبوو پەرجۆیەك ساز بکات بۆ خەڵکانی مەککە کە بۆ سەلماندنی پێغەمبەرییەکەی داوای 'پەرجۆ'یان لێ کردبوو. کەچی هەروەك پەرجۆی ئەفسانەی جندووکەکان، لێرەشدا محەمەد خۆی تەنیا شاهید بووە بۆ سەفەرە

ئاسمانییەکەی. ئەگەر بێت و مێژوونووسانی ئیسلامی ئەو مێژووەی محەمەدیان دواتر دروست کردبێ، بە چیرۆکی سەفەری ئاسمانی کۆتاییەکی شیاویان بۆ ژیانی محەمەد هێناوەتە سەر سەکۆی مێژوو. کەچی ئاوا وەك کۆرپەیەکی بێگانەیە کە لە ناوەڕاستی پرۆسەی ژیانیدا ماوەتەوە، ژیانێك پڕ لە دژایەتی و ناتەبایی و پڕ لە داخ و کەسەر بۆ ئەو ئارەزووانەی وەدی نەهاتوون.

ئەفسانەی سەفەری ئاسمانی بەهۆی پەیژەی ئاسمانییەوە کە لە مێژووی فەرهەنگی خەڵکانی ناوچەکەدا چەندین جار پێش محەمەد تۆمار کرابوون، بۆ محەمەد ئاشنا بووە. یەك لە سەرچاوەکان دەتوانێ سووڕەیەکی کتێبی ئینجیل ( ٧-١١: ٢٨ ) بووبێ. بە پێی گێڕاوەی ئینجیل یەعقووب لە خەونە خەیاڵییەکەیدا کاتێ لە بیئرشێوەع " Be'er Scheva" ەوە ڕادەکاتە حەڕران "Harran"، پەیژەیەك دەبینێ کە لە سەر زەوییەوە تا ئاسمان درێژ بۆتەوە. لەسەر ئەو پەیژەیە فریشتەکان دەبینێ کە سەر و خوار دەکەن. لە سەرسەرەوە و لە لووتکەی پەیژەکەش خودا ڕاوەستاوە.

محەمەد زۆر جار تێکستەکانی ئینجیلی وەك چەمکی لاوەکی بۆ گێڕاوەکانی خۆی بەکارهێناوە بەڵام زۆر کەم لە گێڕاوەکانی ڕاستەوخۆی ئینجیل، کەڵکی وەرگرتووە. زیاتر گێڕاوەکانی ئینجیلی ناو قورئان، لە کتێبە دواترەکانی یەهوودی و سوریانی وەرگیراوە. جاری وا بووە محەمەد گێڕاوەکانی ئینجیلی بەگوێرەی بارودۆخی خۆی، گۆڕیوە. بەتایبەت کتێبێکی یەهوودیەکان بە ناوی میدڕەش ڕەببە "midrasch rabba" بۆ یەهوودیی و مەسیحییەکانی وڵاتانی عەرەبی زۆر ناسیاو بوو. لەو کتێبەدا گێڕاوەی لەسەر موسا و ئیبراهیم تێدایە کە لەگەڵ گێڕاوەکانی ناو ئینجیل بە ڕاشکاوی جیاوازیان هەیە، بەڵام بە هەمان شێوە لە قورئاندا هاتوون. هەروەها بە ڕاشکاوی جێ پێ و شوێنەواری نووسینی تەلموود "Talmud"ی بابیلییەکان لە قورئاندا دەبینرێت.

## قورئانی مەدینە

لە مەدینە ستراتێژی محەمەد بە تەواوی گۆڕا و لەگەڵ خۆی زمانی قورئانیشی گۆڕی. لە مەککە قورئان خۆی بە کێشەی نێوان محەمەد و هۆزەکەی واتە هۆزی قورەیشەوە خەریك کردبوو. دیارە لە مەدینەش ئەو کێشەیە هەر مابۆوە بەڵام کێشەیتریشی لێ زیاد کرا. بەربەرەکانی دژبە جوولەکەکان زۆربەی سوورەکانی قورئانی سەردەمی مەدینەیان گرتۆتە خۆ. هەروەها دەنگی لایەنگرەکانی محەمەد لێرە بەولاوە زیاتر هەستی پێ دەکرێت. چونکە ژمارەیان زیاتر و کۆمەڵیان گەورەتر بۆتەوە، بەو هۆیەوە پرسیارەکان و پێداویستییەکانیشیان دیارە زیاتر بۆتەوە. قورئان خۆشی ئەو گۆڕانکارییانەی ڕاگەیاندووە. لە ڕێگەی نووسراوەکانەوە مرۆڤ هەست بە گۆڕانی محەمەد و هەڤالەکانی لە کۆمەڵێکی تا ڕادەیەك ئینسانیەوە بۆ باندێکی شەڕخوازانە و توورە دەکات.

قورئان ناس، خانمی ئانگێلیکا نویویرت "Angelika Neuwirth" قورئان بە (دەق یاخود نووسراوەی پەروەردەی کۆمەڵگا) ناو دەبا. ئەو ناوە لای کەم بۆ سەردەمی مەدینە تا ڕادەیەك ڕاستە. زۆربەی سوورەکانی ئەو سەردەمە بەو فۆڕمە دەست پێدەکەن: "هەروەها ئەوان پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە (...)، ئاوا وەڵامیان بدەوە (...)." بە گشتی قورئانی مەدینە زۆر دینامیکتر و پەیوەندیدارتر بووە بە هەڵس و کەوتی نیوان پێغەمبەر و لایەنگرەکانی.

بۆ وێنە لە سوورەی ٢دا لە لایەن خەڵکییەوە لەسەر یاساغ کرانی ئەڵکوڵ خواردنەوە گوتراوە: "ئەوان پرسیاری سەرخۆشکەر و قوماربازیت لێدەکەن. بڵێ: "هەردووکیان بۆ مرۆڤ نەخۆشی و ناسالمی دێنن. بەڵام نەخۆشییەکانیان زیاترە لە سوودیان.(ئایەی ١٩). کاتێ باوەڕپێکراوان لە کاتی نوێژکردندا لە لایەن سەرخۆشانەوە سووکایەتییان پێ دەکرا، لە سوورەی ٤ ئایەی٤٣ دا بەم شێوەیە ئاگادار دەکرێنەوە: "ئەی ئەو

کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە، لە حاڵەتی سەرخۆشبووندا لە نوێژ نزیك مەبنەوە، تا کاتێك حاڵی نەبن کە چی دەڵێن!"

یاساغە گشتییەکان زۆر جار بەستێنی شەخسییان بووە. دۆست و هاوڕێی محەمەد، "عومەر" پێش ئیمانهێنانی هەمیشە سەرخۆش بووە و لە محەمەدی داوا کردووە کە بۆچوونێکی ڕوون لەسەر عارەق خواردنەوە دەرببڕێ. لە سوورەی ٥ ئایەی٩٠ دا هاتووە: "ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە، شەڕاب، قومار، بوتەکان و ازلام(چەشنێك یاریی شانس) ناپاك و کاری شەیتانین. لێیان دووری بکەن تا ڕزگار بن." کارتێکەریی لەسەر قورئان بۆ لایەنگرانی ئاسایی زۆر چەتوون بووە و تەنیا پیاوانی گرنگ و سەرۆك هۆز و شەڕکەری وەك عومەر و خالید توانیویانە محەمەد ناچار بە هەڵوێستگرتن بکەن.

سەرەڕای ئەوانەش ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی لایەنگرەکان کتێبی قورئانیان وەك نووسراوەیەکی ئاسمانی سەیر نەکرووە و بەڵکوو بە کتێبێکیان داناوە کە خۆشیان کارتێکەرییان لە پێکهاتنیدا بووە- بیروبۆچوونێك کە بایەخ و پلە وپایەی قورئان دوای مردنی محەمەد رەد دەکاتەوە، چونکە هەرچەند لە کاتی سەردەمی وەحیەکەی محەمەد دوور دەبینەوە، بەو ڕادەیەش هەم قورئان و هەم محەمەد پیرۆزتر دەبنەوە و ڕەخنەلێگرتنیان ئەستەمتر دەبێتەوە.

لە مەدینە قورئان بۆتە پرۆتۆکۆڵی شەڕەکانی پێغەمبەر. تاقمێك لە سوورەکان سەربازان هان دەدەن بۆ شەڕ، بڕێکیان باس لە سەرکەوتوویی شەڕەکان دەکەن و ئەوانیتر شکایەت لەسەر شکەستەکان دێننە گۆڕێ. تەنانەت پرسی چۆنیەتیی بەشکردنی کەل و پەلی دەسکەوتوو لە شەڕێش، لە قورئاندا دیاری کراوە. هەروەها زۆربەی زەماوەندەکانی محەمەد لە مەدینە لە قورئاندا رەنگیان داوەتەوە. سوورەیەك بە ناوی "ژنان" بە پتوونی لە قورئاندا هاتووە کە باس لەسەر هەڵس و کەوت لەگەڵ ژن لە پەیوەندیی هاوسەریی، سێکس، سزادانی لەشی و تەڵاق دەکات.

بەو خاڵانەی خوارەوە هەوڵ دەدەم جیاوازی و چەشنی نووسینی سوورەکانی قورئانی مەککە لە سوورەکانی مەدینە ڕوون بکەمەوە:

- لە مەککە سورەکان بە ستیلێکی باشی زمانەوانییەوە دەست پێدەکەن: زۆرتری سوورەکان ئاشتیخوازانەن و بانگەشە بۆ پێکەوە ژیان دەکەن، شێوەیەکی شاعیرانەیەن هەیە، بیرمەندانەن و لەسەر ئاخری زەمان(ڕۆژی قیامەت) دەدوێن. سوورەکانی مەدینە بە شێوەی پەخشان، وەسفی و فێرکەرانە گوتراون.
- لە سوورەی هەردووك فازەکاندا باس لەسەر کێشەکانی کاتی دەکرێ. سوورەکانی مەککە خۆیان بە تێکهەڵچوون و باس و گفتوگۆ لەگەڵ کافران و بوتپەرەستانی عەرەبەوە خەریك کردووە و ئەوانی مەدینە پەرژاونەتە سەر بەربەرەکانی و شەڕە چەقە دژ بە یەهوودی، مەسیحی و بەرپرسانی ئایینە یەکتا پەرەستەکان.
- هەموو ئەو سووڕە ریتوالانەی یاسای ژیانی ژنان و سزادانی لەشی مرۆڤ لەخۆ دەگرن، لە مەدینە گوتراون.
- هەموو ئەو سووڕانەی باس لەسەر تولەرانس و پێکەوەژیانی مرۆڤ لە ئاشتی دەکەن، لە مەککە یاخود لە فازە سەرەتاییەکانی مەدینەدا گوتراون. (وەك سووڕەی ٢ ئایەی٢٥٦، "لەم دینەدا بەزۆر داسەپاندن نییە").
- هەموو ئەو سووڕانەی بانگەشەی هەڵس وکەوتی زۆرداریی و شەڕ دەکەن، لە مەدینە گوتراون. لێرەشدا مرۆڤ هەست بە ڕادیکالبوونەوە دەکا. ئەو بەشانە لە قورئان کە شەڕ وەك ستراتێژییەك بۆ بەرگری سەیر دەکەن، لە فازی یەکەمدا گوتراون و ئەو سووڕانەی مرۆڤ بە شێوەی ئاکتیو دژ بە خەڵکانی بێدین و باوەڕەکانیتر هان دەدەن پەیوەندییان بە فازی دووهەمەوە هەیە.
- ئەو سوورانەی بەسەر یەهوودی و مەسیحیدا هەڵدەڵێن، و نووسراوە پیرۆزەکانیان وەك بەڵگەیەك بۆ ئیلاهیبوونی قورئان دادەنین، لە مەککە یاخود لە سەرەتای فازی دووهەمدا گوتراون. ئەو سووڕانەی سووکایەتی بە یەهوودی و مەسیحی دەکەن، و تاوانباریان دەکەن کە کتێبە ئایینییەکانیان بەرەو گەندەڵی کێشاوە، لە فازی دووهەمدا گوتراون.

- لە قورئانی سەردەمی مەککە ئەو فریشتەیەی قورئانی پێ داوە ناوی نەهاتووە. ئەو فریشتەیە بە ناوی رووح الئەمین "Ruh amin" یا رووح القودووس "ruh al qudus" ناوبراوە. لە سوورەکانی فازی دووهەمدا بە ناوی جوبرائیل ناوی هاتووە.
- ئەو شێوە هەڵس و کەوتە تەنانەت بۆ خودی محەمەدیش هەر وایە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ موسا کە ١٣٦ جار ، یا عیسا کە ٢٥ جار ناویان لە قورئاندا هاتووە، محەمەد تەنیا چوار جار لە قورئاندا ناوی هاتووە. لە سوورەکانی مەککەدا محەمەد بە ناوی بەشیر "bashir" کە بە مانای پەیامبەر و یا نەزیر "nadhir" بە مانای هەڕەشەکەرە، ناوی هاتووە. نازناوی نەبی "nabi" یان لە فازی مەدینەوە لەسەر داناوە.

کاتێ قاوکەرانی ئیسلامیی بیانەوێ زەخت لەسەر پتانسیلی تۆلەرانس لە قورئاندا بکەن و قورئان وەك ئایینێکی ئاشتیخوازانە نیشان بدەن، لە سوورەکانی سەردەمی مەککە کەڵك وەردەگرن. بەڵام کێشەی سەرەکی، سوورەکانی سەردەمی مەدینەن کە پەیوەندیی نێوان موسوڵمانان بۆ بەڕێوەبردنی جیهاد بەتایبەت دژ بە یەهوودی، مەسیحی و ژنان و بەگشتی جیا لە موسوڵمان تەنانەت تا ئەوڕۆش گەورە دەکەنەوە. زۆربەی موسوڵمانان ئەو هەڵس و کەوتە وەك کێشەیەکی سەدەی حەوتەم واتە کێشەیەکی کاتی، نابینن بەڵکوو وەك ڕێباز و هەڵس وکەوتێکی هەمیشەیی لە ئەژماری دێنن. چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە گوتەکانی قوڕئان ڕاستەوخۆ گوتەی خودان، و ئایینی ئیسلام وەك ئاخرین پەیوەندیی نێوان خودا و مرۆڤ سەیر دەکرێ. هەر لەبەر ئەوەش، زۆر ئەستەم دەتوانن قورئان وەك بەستێنێك بۆ نووسراوەیەکی مێژوویی کاتیی سەیر بکەن. زۆرێك لە موسوڵمانانی کۆنەپارێز لەسەر ئەو بۆچوونەن کە خودا بۆ گوتەکانی پێویستیی بە بەستێن نییە، بەوهۆیەی ئەو بە کاتەوە نەبەستراوەتەوە، ناتوانین گوتەکانی تەنیا بە جێگایەك یا حاڵەتێکەوە ببەستینەوە. ئەو کارەش گونجانێکە لەگەڵ بڕیارە شەرعییەکان و هاوکاتیش پابەندبوونێکە بۆ بەڕێوەچوونی ویستەکانی قورئان.

ئەگەر ئیسلامیستەکان لەوڕۆدا بۆ بەفەرمیکردنی زۆرداریی و شەڕخوازی سەرمەشق لە سوورەکانی قوڕئان دێننەوە، بە پەلە لە لایەن ئیسلامییە لیبرالەکانەوە بە کەلکاوەژووکردن دژ بە ئایینی ئیسلام تاوان بار دەکرێن، یا ئەو ئارگۆمێنتە دێننەوە

که "له سووڕەکه تێ نەگەییون". ئەگەرێش له ڕوانگەی ڕەخنەگرانی ئایینییەوه باس لەو سووڕانه بکرێ و بگوترێ که دەبنه هۆی بڵاوکردنەوەی تۆوی رق و قین و شەڕخوازیی، به پەله ئارگۆمێنت دێننەوه و دەڵێن: ئێوەش هەر وەك ئیسلامیستەکان بۆ پشت ئەستوورکردنی بۆچوونه دژ به ئیسلامییەکانتان تەنیا ئەو جێگایانەی قورئان دەپشکنن که بۆچوونەکانتانی پێ بسەلمێنن.

گفتوگۆیەکی گونجاو لەسەرئەو شێوه هەڵس و کەوته، ئەزموونێکی ئەرێنی نابێ. هەر کام له لایەنەکان ئەوێتر تاوان بار دەکەن که خۆیان به بەشێکی تایبەتی قورئانەوه هەڵواسیوه و بەستراوه به بۆچوونەکانیان شەڕخوازی یا ئاشتیخوازیی پێوه دەلکێنن. بەو هۆیه هەڵس و کەوتی ڕەخنەگەرانی ئایینی و لیبراله ئیسلامییەکان هەر وەك فۆندامێنتالیستەکان سەیر دەکرێن. ئیسلامییه لیبرالەکان چەند له سووڕە ئاشتیخوازەکانی قورئان زەق دەکەنەوه و دەیانەوێ بیسەلمێنن که ئیسلامیستەکان له ناوکی ڕاستەقینەی ئیسلام تێ نەگەییون. به ئانقەستیش لەسەر پەیوەندیی بڕیاردەری مێژوویی نێوان ئەو سووڕانه بێدەنگی لێ دەکرێ. وەك له سووڕەی ٥ ئایەی٣٢ دا که له داکۆکیکەرانی ئیسلامی دوای هەر هێرشێکی تێرۆریستی دەیبسترێت: "*ئەگەر کەسێك، مرۆڤێکی بێ تاوان که هیچ قەتڵێکی نەکردبێ، بکووژێ، وەك ئەوه وایه که هەموو مرۆڤایەتیی کوشتبێ. هەر کەس ژیانی مرۆڤێك ڕزگار بکات، وەك ئەوه وایه که هەموو مرۆڤایەتیی زیندوو کردبێتەوه*". هیچکام له سووڕەکانیتر هێنده دیکته ناکرێ، وەك ئەو سوورەیه، چونکه: یەکەم ئەوه گوتەیه پێشنیارێکی ئیسلامی نییه بەڵکوو بڵاوکراوەی دۆعایەکی جوولەکەکانه هەر بۆیەش سەرەتاکەی که به وشەی مناڵانی ئیسرائیلی دەست پێدەکات، دادەپۆشرێ. سووڕەکه ئاوا دەست پێدەکا: "لەبەر ئەوه، بو مناڵانی بنی ئیسرائیڵ دیاری دەکەن *ئەگەر کەسێك مرۆڤێکی بێ تاوان (...)*. دووهەم سووڕەی دوای ئەو سووڕەیه جەخت لەسەر ئەوه دەکا که ئەو پەیامه هەموو ئەو کەسانه دەگرێتەوه که ڕێگای خودا نەگرنه بەر: " *تۆڵه لەو کەسانه که دژ به خودا و پێغەمبەرەکەی له شەڕدان و هەوڵی بڵاوکردنەوەی گەندەڵی لەسەر زەوی دەدەن، و به هەڕەشه هێرش بۆ سەر ماڵ و ناموسی خەڵکی دەبەن، دەبێ له سێداره بدرێن، یا دەست و لاقیان ببەڕێنن یا له وڵات دەربکرێن. ئەوه بۆ ئەو کەسانه بێ شەرمییه بۆ*

*ئەم دنیایەیان و لەو دنیاش تاوانێکی گەورەتر چاوەڕوانیان لێ دەکات*". (سوورەی ٥ ئایەی٣٣) زۆربەی کۆمێنتاتۆرە ئیسلامییەکان پێکەوە لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ئەو سوورەیە مرۆڤی هەڵگەڕاو لە دین، خوا نەناسان و ئەو کەسانەی سووکایەتی بە ئایینی ئیسلام دەکەن، و هەروەها ئەو کەسانەی دژ بە بڵاوکردنەوەی پەیامی خودا ڕادەوەستن، دەگرێتەوە. زۆربەی قوتابخانە ئایینیەکان ئەو سوورەیە وەك بەڵگەیەك بۆ کوشتنی بێدینان و خوا نەناسان دادەنێن. لە نێو عالمانی سەدەی ناوەڕاستدا کۆمەڵێك بوون کە تەنانەت موسوڵمانیش ئەگەر نوێژ و تاعەتیان بەجێ نەهێنابایە وەك کافرەکان سزا دەدران. ئەمڕۆ داعش ئەو سوورەیە بە ڕێگاخۆشکەرێک دادەنێ بۆ کوشتن و سووتاندنی دژبەرەکانیان.

دواتر ئیسلامییە لیبرالەکان دێن و دەڵێن، نا، مەبەست کەسانێکیترن، بەڵام ئێمە بە وردی نازانین کێن، مرۆڤ دەبێ کۆنتێکستەکان بە وردی بخوێننەوە. بەڵام کام کۆنتێکست؟ پینگ پۆنگ کردنی بەردەوامی سوورەکان یارمەتیدەری هیچکەس نییە. هەرکەس قورئان وەك کتێبێکی ڕێنوێنی بۆ ئاشتی بەکار بێنێ، تەواو هەمان کار دەکات کە ئیسلامیستەکان لەو کتێبە بۆ ڕێنوێنی هەڵس و کەوتەکانیان لە هەنبەر بێدینەکان بەکاری دێنن. چونکە هەردووك لا قورئان وەك کەرەسەیەك بۆ سیاسەتی خۆیان بەرز دەکەنەوە. بە شێوەیەکی رادیکالتریش ناکرێ دژ بە سوورەکانی قورئان هەڵس و کەوت بکرێ چونکە دنا لەشکرێکت دوژمن بۆ ساز دەبێ. باشتر وایە مرۆڤ هێرش بکاتە سەر ئەو جێگایانەی ئیعتباری قورئان وەك ڕێنوێنێك بۆ پرسیاری سەبارەت بە توورەیی، ئاشتی و مافی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لە ڕاستیدا لەبەر دوو لایەنی ئاشتی و شەڕخوازییەکەی کتێبی قورئان دەبێ وەك نووسراوەیەکی ناتەبا و پێچەوانە سیربکرێت کە تەنیا پەرەسەندنی کۆمەڵگایەکی ٢٣ ساڵە لەخۆ دەگرێ، و لە ئاشتیدا بووە کاتێك چەکی نەبووە و شەڕخواز بووە کاتێك میلیشیای بووە و وەدوای حکوومەت کردن کەوتووە. تازە بۆ سەدەی بیست ویەکەم بە هیچ شێوەیەك ناکرێ لە کتێبی قورئان وەك یارمەتیدەرێکی ئەخلاقی کۆمەڵگا کەڵك وەربگیرێت. هەرکەسیش لەژێر ناوی ئاشتی ئیسلام لەسەر ئەو کارە سووربێ، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لە ئیسلامییە ڕادیکالەکان دەکا.

تەفسیری کاتیی قورئانیش هیچ ڕێگاچارەیەك نییە، بەڵکوو ڕزگارییەکە بۆ زاڵبوون بەسەر تێکستەکەیدا کە تێکشکان و ڕۆچوونێکی سەردەمی خۆی بووە. بەڵام تا ئەو کاتەی نووسراوەکانی قورئان وەك کەلامی ڕاستەوخۆی خودا سەیر بکرێن، ئەوکارە نەگونجاو دەبێت. چلۆن دەتوانێ مرۆڤی بێ هێز و بێ توانا وشەی بێ هەڵە و پڕمانای خودا مانابکاتەوە؟ تەفسیرێکی مێژوویی - ڕەخنەیی تەنیا ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێ کە قورئان وەك بەرهەمێکی ئینسانی، وەك نووسراوە، کە تەنیا مرۆڤ و کێشەکانی سەدەی حەوتەم لەخۆ دەگرێ، سەیر بکرێ.

## محەمەد و جوولەکەکان

### چیرۆکی "پیلانێك"

ساڵی ٧٠ی زایینی دوای کاولکردنی پەرستگەکانی ئۆرشلیم لە لایەن ڕۆمییەکانەوە زۆرێك لە عیبرییەکان فەلەستینیان بەجێ هێشت. چەند لەو هۆزانە لە شاری یەثریب لە نیمچە دورگەکانی عەرەبی نیشتەجێ بوون، ئەو جێگایەی پێنسەد ساڵ دواتر لە لایەن محەمەدەوە ناوی مەدینەی لێنرا. دیارە ئەو کاتیش لە مەدینە بڕێك کێشە لە نێوان هۆزەکانی جوولەکە و عەرەب دا هەبوون بەڵام هەمووجارێك جوولەکەکان دەیانتوانی بوونی خۆیان لەو ناوچەیەدا بسەلمێنن. ئەو هۆزانە سەری خۆیان بە زەوی کێڵانەوە خەریك کردبوو و لە پاڵ ئەوەشدا شەراب و کەرەسە و پێداویستییەکانی ناوماڵ و چەکیان دەفرۆشت. تەنانەت گەشانەوەی ژیانی شەوانەی شارەکەشیان لە ئەستۆی خۆیان گرتبوو. لە ناوچەکەدا خۆیان لە کێشەی نێوان هۆزە عەرەبەکان لا دەدا و لە شەڕی نێوان هۆزە عەرەبەکانیشدا بێ لایەن دەمانەوە. جاری واش بوو وەك نێوانجیکار لە نێوان هۆزە عەرەبەکان کە لەسەر زەوی ئاو و ... کێشە و ناکۆکیان لێ پەیدا دەبوو، ئەرکی ئاشتکردنەوەی ئەوانیان لە ئەستۆ دەگرت. هەتا سەروگوێلاکی محەمەد پەیدا بوو.

پێش کۆچەکەی لە مەککەوە بۆ مەدینە محەمەد یەك لە هۆگرانی ترادیشۆن و داب و نەریتی یەهوودییەکان بوو. لە سوورەکانی مەککەیدا عالمانی یەهوودی وەك شاهیدێك بۆ بۆچوونە ئایینیەکانی خۆی لە ئەژمار دێنێ. یەهوودی و مەسیحی و باوەڕە ئایینییەکەیان بە فەرمی دەناسێ و وەك "ئەهلی کتێب" ناویان لێ دەبا. تەنانەت لە ساڵی یەکەم لە مەدینەش هەوڵی نیزیکایەتی لە جوولەکەکان داوە و لە یاسا و قاخە ئایینییەکانیان کەڵکی وەرگرتووە. هەروەها داب و نەریتی پاك و خاوێنیی، دووریی سێکسی لە ژن لە کاتی عادەتی مانگانە، خواردنی گۆشتی بەراز و ... زۆربەی ڕێکەوتەکانی لە کۆمەڵگای یەهوودیەوە کۆپی کردەوە. وشەی عەرەبی شەریعەت تەنیا

وەرگێڕاوی دەقاو دەقی وشەی هالاخا "halakha"یە کە لە زمانی عیبریدا هەمان مانا دەدا. هەردووك وشەکان بەمانای "ڕێگا" یاخود "ڕێگا ڕۆیشتن"ن. تەنانەت ڕێگا و شوێن و قیبلەی نوێژ و دۆعاشی لە هەوڵەوە لەگەڵ جوولەکەکان بەش کرد. موسوڵمانەکان لە دووساڵی هەوڵی بەهێزبوونی ئایینی ئیسلام دەبوایە بۆ نوێژ و دۆعا روو لە ئورشلیم بکەن. لێکۆڵینەوەی گرووپێکی رابینی ئاڵمانی لەسەر "محەمەد چلۆن لاسایی یەهوودییەکانی کردەوە؟" لە ساڵی ١٨٣٣ لە شاری بۆن ڕچەی بۆ ئیسلامی مودێرن شکاند. لەو هەواڵەدا بۆ یەکەمجار بەهوی بڵاوکردنەوەی چەندین گێڕانەوە کە لە سەرچاوە کۆنەکانی یەهوودیدا کۆکراونەتەوە، ڕادەگەیێندرێ کە محەمەد چەندین یاسا و قاخەی لەوانەوە وەرگرتووە.

محەمەد نەک هەر بۆ شێواز بەخشین بە کۆمەڵگاکەی وەك وێنە و مودێلێك پێویستیی بە یەهوودییەکان هەبوو، بەڵکوو وەك هاو خەباتێك دژ بە عەڕەبە بوت پەرەستەکانی سەیر دەکردن. محەمەد ئارەزووی ئەوە بوو کە چونکە ئەوان شان بە شان دژ بە بوت پەرەستان یارمەتی ئەو دەدەن، ڕەنگە دواتر بتوانێ بیانهێنێتە سەر ئایینی ئیسلام. لە ڕێکەوتنەکەی مەدینەدا محەمەد ئەرکی بۆ جۆولەکەکان دانابوو کە لە ئەگەری هێرشی دوژمن بۆ سەر ئەو شارە، شان بە شانی موسوڵمانەکان بەرگری بکەن. زیاد لەوانەش، دەبوو لایەنی ماڵی شەڕەکانیش وە ئەستۆ بگرن و سات وسەودای بازرگانی لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام نەکەن. ئەو ڕێکەوتنەی ئاخر ڕاستەوخۆ دژ بە وەرزێرانی یەهوودی کە خورمای شاری مەککەیان دابین دەکرد و هەروەها بازرگان و کارگەرە دەستکارەکان کە بەرهەمی کارەکەیان بە سنووری ئەو شارەدا تێپەڕ دەبوو، ڕاوەستا. هیواداربوونی هۆزە جوولەکەکان بۆ خۆ کشانەوە لە کێشەی نێوان محەمەد و عەڕەبەکانی مەککە بە ڕاشکاوی هەرەسی هێنا.

کاتێ محەمەد، چەند مانگ دوای نیشتەجێ بوونی لە مەدینە، هێرشی کردە سەر کاروانچییەکانی ڕێگای مەککە و مەدینە، یەهوودییەکان و هۆزەکانیتر نەیانتوانی بێ لایەن بمێننەوە. ساڵی ٦٢٤ ی زایینی شەڕی بەدر بوو بە یەکەمین شەڕی نێوان محەمەد و هۆزی قورەیش. لەبەر ئەوەی شەڕەکە لە شاری مەدینە پێك نەهات، هێشتا جوولەکەکان فانتازیای مافی بێ لایەنیی خۆیان لەسەردا پەروەردە دەکرد. بەڵام

محەمەد بە شێوەیەکیتر بیری دەکردەوە. ئەوە دروشمی محەمەد بوو: "هەرکەس لەگەڵ ئیمە نەبێ، دژ بە ئێمەیە". دوای سەرکەوتوویی شەڕی بەدر کە دژ بە خەڵکانی مەککە بەڕێوەچوو، محەمەد دەستیکرد بە ڕاوکردنی هوز بەدوای هۆزی یەهوودییەکان.

دەقی گێڕانەوەی سەرچاوە ئیسلامیەکان لەسەر ئەو ڕاونانە دەڵێ: ژنێکی موسوڵمان ویستوویە لای زێڕفرۆشێکی جوولەکە لەهۆزی بەنی قەینوقە "Banū Qainuqā" زێڕ بکڕێ و لەهەمان دوکاندا لە لایەن جوولەکەیەکەوە سووکایەتی پێکراوە. دواتر دەبێ جوولەکەکە چارشێوی ژنەکەی لەسەری لابردبێ. پیاوێکی موسوڵمان لەوی خۆی تێکەڵاوی کێشەکە کردووە و بارودۆخەکە وا ئاستەم بۆتەوە کە موسوڵمانەکە پیاوە جوولەکەکەی کوشتووە. دوای ئەو کارەساتە یەهوودییەکان تووڕە بوون و پیاوە موسوڵمانەکەیان کوشتۆتەوە. محەمەد ئەو کارەی بە شکاندنی ڕێککەوتەکەی مەدینە داناوە و دوو حەوتووی تەواو جێی ژیانی هۆزی "Banū Qainuqā"ی گەمارۆ داوە، هەتا هەموویان خۆیان تەسلیمی محەمەد کردووە. لە ڕاستیدا لە ناخی دڵیەوە ویستوویە هەموویان بکووژێ، بەڵام بە نێوانجیکاریی هۆزێکی نوێ موسوڵمان تاوانەکەیان بۆ کەم کردوونەوە: هەموو ئەندامانی هۆزەکە ناچار بە ڕۆیشتن لە مەدینە کران بە بێ ئەوەی ئیزنی بردنی ماڵ و دارایی خۆیان پێ بدرێ. وێدەچێ ئەو چیرۆکە تەنیا بەهانە بووبێ بۆ ڕاونانی یەکەم هۆزی جوولەکە لە مەدینە.

ئەو کارەی محەمەد لە هەنبەر هۆزی "Banū Qainuqā"ە کردی سیستەمێکی پێکهێنا کە لێرە بەدواوە دوای هەر شەڕێکی محەمەد دژ بە خەڵکانی مەککە، یەك لە هۆزە جوولەکەکان یا دەردەکران یاخود دەکووژران. محەمەد ئەو کارەی لە هۆزە بێهێزەکانەوە وەك هۆزی "Qainuqā Banū" دەستپێکرد کە هیچ چەکێکیان بۆ بەرگری لەخۆیان نەبوو. ئەندامەکانی ئەو هۆزە وەرزێر نەبوون، زۆربەیان بازرگان بوون و پەیوەندییان لەگەڵ بازرگانان و خەڵکانی مەککەدا هەبوو. سەرەڕای ئەوانەش محەمەد بۆ شەڕکەرە نوێیەکانی پێویستی بە جێگاو ڕێگا هەبوو کە لە ناوچەکانیترەوە بۆ مەدینە هاتبوون.

بە ماوەیەکی کورت دوای ڕاونانی هۆزی "Banū Qainuqā" لە مەدینە، زمانی قورئان دژ بە جوولەکە بە تەواوی دەگۆڕدرێت. خەڵکانی "ئەهلی کتێب" لێرە بەدواوە

بە کەسانێک لەقەڵەم دەدرێن کە ساختەکارییان لە کتێبی تەورا کردووە و قیبلەی موسوڵمانان بە حوکمی محەمەد لە ئورشلیمەوە بەرەو مەککە دەگۆازرێتەوە. ئەو خاڵەی ئاخری زیاتر هۆیەکەی ئەوە بوو کە لایەنگرەکانی محەمەد هیچ پەیوەندییەکیان لە نێوان خۆیان و ئۆرشەلیم بەدی نەدەکرد. بەڵام کەعبە لە مەککە پەیوەندییەکی جیاواز و تایبەتیی بۆ خەڵکانی عەرەب هەبوو.

ساڵێك دواتر محەمەد شەڕی ئوحود "Uhud" ی دژ بە هۆزی قورەیش و هاوپەیمانەکانی دۆڕاند. لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا ئەو شکستە کە لە پەنا چۆمێکی نیزیك شاری مەدینەوە بەڕێوەچووە، وەك تاقیکاریی ئیلاهی لەسەر موسوڵمانان تۆمار کراوە. ئەو شکستە نەک هەر بووە هۆی کز کردنی خۆپەرەستی لەڕادەبەری موسوڵمانەکان، بەڵکوو بۆشاییەکی گەورەی لە سندوقی ئابووری پێکهێنا. یەك ساڵ بەبێ دەسکەوت و کەل و پەلی شەڕ و گرتنی یەخسیری جەنگی کە لەهەنبەر پارە دەیانتوانی بیانگۆڕنەوە، محەمەد و شەڕکەرەکانی خستە بارودۆخێکی خراپی ئابوورییەوە. هەر بەوەش کۆتایی نەهات: شەڕکەرەکانی دوای ئەو شکستە لە ڕوانگەی رەوانیی و باوەڕ بەخۆییەوە کز و لاواز ببوون، تاقمێك دوودڵییان تێدا پەیدا ببوو کە ئایا خودا لە لایەنی ئەوان ماوەتەوە؟ محەمەد نەک هەر دەبوو شەڕکەرەکانی هەمیسان ڕێکوپێك بکاتەوە بەڵکوو دەبوو بە پەلە بۆ کڕینی چەك و پێداویستی شەڕکەرەکانی سەرچاوەی ئابووریتر بدۆزێتەوە. هەر بەو هۆیەوە بڕیاری ڕاو و رووتکردنی دووهەم هۆزی جوولەکە واتە هۆزی بەنونن نذر "Banū N-Nadīr" ی دەرکرد و بۆ ئەو کارەشی بیانویەکی دۆزییەوە. محەمەد لەو پەیوەندییەدا گوتوویەتی کە فریشتەی سەرەکی جوبرائیل هاتۆتە لای و پێی گوتووە پیاوێکی هۆزی نذر پلانی داڕشتووە کە محەمەد بکووژێ. دوای ئەو پەیامە ئیلاهیە محەمد هێرشی کردۆتە سەر ئەو هۆزە کە ژیانیان بە کاری وەرزێریی دابین دەکرد، دەستووری سووتاندنی بەرهەم و مەزراکانیان دەدا، هۆزەکەیان لە ناوچەکە دەردەکا و ماڵ و داراییان لێ زەوت دەکا.

دایدەنێین ئەو دوو چیرۆکە "ژنە کووژراوەکە و پلانی کوشتنی محەمەد"، هەردووکیان لەڕاستیدا قەومابن. سەرەڕای ئەوەش ئەو کارانە نابێ ببنە هۆی پاساوکردن بۆ بەفەرمیکردن و هەڵوێستگرتنی محەمەد دژ بە دوو هۆزی بێ گوناە و

بێ پەنای یەهوودی. بۆچی بەهۆی دووکەسەوە دەبێ بە پتوونی هەموو مرۆڤەکانی ئەو دوو هۆزە سزا بدرێن؟ لێرەدا ڕوونە کە محەمەد بە چ شێوەیەکی ڕادیکاڵ و بێ پێوانە هەڵس و کەوتی کردووە. تەنیا ویستوویە تێزێك کە وەك پاساوێك بۆ مەبەستی کۆمەڵکوژیی (لە پەناشیەوە بۆ پڕکردنەوەی سندووقی ئابووری) بدۆزرێنەوە. مووی لەشی مرۆڤ ڕاست دەبێتەوە کاتێ سووڕەی ٥٩ی قورئان سەیر بکرێ. بە ئایەی ٢ دەرکردنی جوولەکە کان لە ناوچە عەرەبییەکان نەک هەر پاساو دەکرێ، بەڵکوو هاوکاتیش وەك ئەسڵێکی سەرەکی ئایینی ئیسلامی لێ دەردێ: *"ئەو، کەسێکە کە کافرانی ئەهلی کتێب لە یەکەمین تووشبووندا (لەگەڵ موسوڵمانان) لە ماڵەکانیانی دەرکردن. هیچکات گومانی دەرکردنیان نەدەکرد، خۆشیان پێیان وابوو قەڵاکانیان لە عەزابی ئیلاهیان ڕزگاریان دەکات. بەڵام خودا لەو کارەی کە بۆخۆشیان گومانیان لێ نەدەکرد، هاتە سەریان ترسی خستە ناو دڵیانەوە، بەشێوەیەك کە بە دەستی خۆیان و بە دەستی دیندارەکان وێرانیان کردن، کەوابوو وریا بنەوە و پەندی لێوەرگرن، ئەی ئەوانەی وا تێڕوانینتان هەیە"* .

زمانی قورئان لێرەوە هەم لەهەنبەر یەهوودی و هەم مەسیحی زۆر شەڕخوازانەیە. لە موسوڵمان یاساغکراوە دۆستایەتیی لەگەڵ یەهوودی و مەسیحیدا بکەن و یەهوودی بە نەتەوەیەك ناوبردراون کە لە لایەن خوداوە ڕەد کراونەتەوە و نەفرەیان لێکراوە و بە مەلعوون داندراون؛ تاقمێکیشیان بەهۆی تووڕەیی خوداوە بوونەتە مەیموون و بەراز. تەنانەت تا ئەمڕۆش زۆربەی موسوڵمانان یەهوودی بە نەوەی مەیموون و بەراز دادەنێن.

دوو ساڵ دواتر هەمیسان هۆزی قوڕەیش خۆیان لەگەڵ هۆزە عەرەبییەکانیتر بۆ گرتنەوەی مەدینە ڕێکخست. بەو کارە، خەڵکانی مەککە دەیانویست گەمارۆدانی شارەکە لە لایەن محەمەدەوە کە ڕێگای بازرگانی و ئابووری لێ سەقەت کردبوون، ناچار بە شکاندن بکەن. مێژوونووسانی ئیسلامی بەو هۆیەوە دەنووسن کە محەمەد دەستووری هەڵکەندنی خەندەکێکی گەورە لە دەوری شارەکەی داوە بۆ ئەوەی نەتوانن شارەکە بگرن. بەسەر ئەوەشدا دەبێ تۆفانێکی مەزن یارمەتی دابن کە دوژمن پاشەکشە بکات. ئەو کارە لە لایەن موسوڵمانانەوە وەك پەرجۆیەك سەیر دەکرێ. خودا یارمەتی کردووین و بۆتە هۆی ناردنی تۆفان بۆ ڕاونانی کافران. ئەمڕۆ، شەڕکەرەکانی داعیش

لە ویدیۆ پرۆپاگەندەکەیاندا بە شانازییەوە مرۆڤ وەبیر ئەو شەڕە دەخەنەوە و بارودۆخی خۆیان لەگەڵ مەدینەی ئەوکات هەڵدەسەنگێنن. ئەمریکاییەکان و شیعەکانیش بە هۆزی قورەیش و هاوپەیمانەکانیان دادەنرێن و دیارە لە کۆتاییشدا تەنیا لەشکری خودا سەرکەوتوو دەبێ.

بەهۆی کشانەوەی دژبەرەکان، محەمەد ئیتر نەیدەتوانی هەمیسان دەستکەوتی مالی وەدەست بێنێ. کەوابوو دەبوو بەدوای ڕێگایەکی نویٚ بۆ شەڕهەڵایساندنێکی نوێدا بگەڕێت. بۆ ساز کردنی شەڕ، سێهەم هۆزی جوولەکەی شاری مەدینە واتە بەنوو قورەیظە"Banū Quraiza"ی بە خەیانەتێکی گەورە تاوانبار کردن. چەند پیاوی ئەو هۆزە دەبێ بە مەبەستی هێرشکردن بۆسەر شاری مەدینە پەیوەندییان لەگەڵ دوژمنانی محەمەد لە مەککە بووبێ. تاقمێك لە سەرچاوە ئیسلامییەکان ئیدیعا دەکەن کە ئەو یەکیەتییەی دژ بە محەمەد بە پیلانی یەهوودیەکان دوای هێرشکردنی محەمەد بۆ سەر هۆزە جوولەکەکان و دەرکردنیان لە مەدینە، پێك هاتووە. دیارە هەر وەك گێڕاوەکانی پێشوو لێرەشدا تەنیا گێڕاوەی سەرچاوە ئیسلامییەکان بە فەرمی دەناسرێ: هەر وەك دوو جارەکەیتر ئەمجارەش شەڕکەرەکانی محەمەد چوار حەوتوو دەوری جێی ژیانی هۆزی"Quraiza" یان داوە تا هەموو خۆیان تەسلیم کردووە. بەڵام بڕیاری ئەمجارەیان زۆر سەختتر بووە: بە پتوونی هەموو پیاوەکانی ئەو هۆزە دەکووژرێن و هەموو ژن ومنداڵەکانیشیان بە یەخسیر دەگیرێن و دەفرۆشرێن. ئەگەرچی ئەو بڕیارە نەك لە لایەن محەمەدەوە بەڵکوو بڕیاری یەك لە لایەنگرەکانی مەدینەی بووە، بەڵام دواتر محەمەد گوتوویەتی کە ئەو بڕیارە لە لایەن فریشتەی سەرەکی جوبرەئیلەوە پێی دیکتە کراوە. محەمەد دەستووری هەڵقەندنی قەبرێکی زۆری داوە و خۆیشی کاتی کوشتارەکە بەشدار بووە. چەند لە سەرچاوەکان ٤٠٠ پیاو و لە سەرچاوەکانیتریش ٩٠٠ پیاو ڕادەگەیێنن کە لەو ڕۆژەدا قەتڵی عام کراون. سەیر ئەوەیە کە لە سەرچاوەکانی دوتردا ئەو ئامارە دەبی بە چل کەس. هەرچەند زیاتر عالمانی ئیسلامی لە سەردەمی محەمەد دوور دەبنەوە، بەو ئەندازەیەش زیاتر ئەو چەشن گێڕاوانە لایان جێی شەرم کردن بووە. چلۆن دەکرێ پێغەمبەرێك کە بە پێی قورئان رەحمەتەکەی هەموو مرۆڤایەتی لە خۆ دەگرێ، لە ڕۆژێکدا ئەو هەموو یەخسیرە بێ پەنا و بەستەزمانە کوشتاری بەکۆمەڵ

بکرێن؟ تەنیا جیهادیستەکان هیچ کێشەیەکیان نییە کە پێغەمبەر وەك پیاوکوژی بەکۆمەڵ سەیر بکەن، چونکە بۆ ئەوان گیان و سەر و ماڵ و ژن و منداڵی هەموو بێ دینەکان جیا لە ئیسلام بێ بەهایە و کوشتنیان ڕەوایە. بۆچوون و هەڵس و کەوتێك کە خۆی لە قورئانیشدا دەبینێتەوە.

کێشەی مەزن لێرەدا ئەو کارەساتانە نین کە محەمەد پێکی هێناون، بەڵکوو پاساو کردن و پاکانەکردنی ئەو کارانەی محەمەد لە لایەن قورئانەوەیە کە پەیوەندی و پێکەوەژیانی نێوان موسوڵمان و یەهوودی تەنانەت ئێستاشی لەگەڵ بێ، نەگونجاو کردووە. لە سوورەی ٨ دا یەهوودی لە ئاژەڵ بە خراپتر دێتە ئەژمار. خەیانەت وەك تایبەتمەندییەکی کەسی و تایبەتیی بۆ نەتەوەی یەهوودی دەستنیشان دەکرێ: "ئەوانە هەر ئەو کەسانەن کە تۆ پەیمانت لەگەڵدا بەستوون، هەمووجارێك پەیمانەکەیان دەشکێنن و هیچ ترس و باکێکیان لە خودا نییە". ئایەکانی ٥٦-٥٥. تەنانەت تا ئەمڕۆش ئەو بەشە لە قورئان لە لایەن تاقمێك موسوڵمانانەوە کە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسڕائیل ڕەد دەکەنەوە، لە ناخی دڵەوە دەگوترێتەوە، چونکە نەتەوەی یەهوودی تەنانەت لە لایەن خوداشەوە بە نەتەوەیەکی پەیمان شکێن ناونراوە.

ساڵێك دواتر محەمەد وەدوای تاقمێك لە پیاوانی هۆزە یەهوودییەکان دەکەوێ کە خۆیان لە ترسی محەمەد لە قەڵای خەیبەر کە دەکەوێتە باکووری مەدینە شاردبۆوە. ژمارێکی زۆری پیاوی ئەو هۆزە دەکووژرێن، ژنیان بە یەخسیر دەگیرێن. لەو ناوەدا ژنێك بە ناوی سەفییە کە چەند کاتژمێر پێش ئەوەی محەمەد لەخۆی مارە بکات، مێرد و براکەی لە هەمان ڕۆژدا دەکووژێ. مێژووی تووناکردنی هۆزی Quraiza یەك لە ناحەزترین پەڵە ڕەشەکانی بیوگرافی پێغەمبەر لە ئەژمار دێ. زۆربەی موسوڵمانە لیبرالەکان لایان گرانە پاساو بۆ ئەو کۆمەڵکوژییە بدۆزنەوە، چونکە دەبێ هۆزێك بە پتوونی لەو خەیانەتەدا بەشدار بووبن، کە هەمووشیان وەبەر تیغی تیژی قەسابانی ئەو کارەساتە کەوتوون. پسپۆری ئیسلامناسی شاری فرایبۆرگی ئاڵمان عەبدلحەکیم ئورگی "Abdel-Hakim Ourghi" لە نووسراوەیەکیدا لە ڕۆژنامەی باشووری ئاڵمان(١٩ی ژانویەی ٢٠١٥)دا ڕوونی دەکاتەوە کە بنەڕەتی توورەیی و پیاوکوژیی ئیسلام لەکوێوە دێ و ئەو هەڵس و کەوتە بە مێژووی پێکهاتنی ئیسلام لە سەرەتایەوە دەلکێنێتەوە و وەك نموونە ئاماژە بە کارەساتی پیاوکوژیی هۆزی Quraiza دەکات. لەگەڵیدا بۆ ئەو

گێڕاوەیە ڕوونکردنەوەیەکیش دێنێتەوە، کە زیاتر لە پاساو دەچێ. ئەو دەنووسێ: "هەڵس و کەوتی پێغەمبەر تەنیا لە بارودۆخە مێژووییەکاندا ڕووندەکرێتەوە: لە لایەکەوە توورەیی و زۆرداری لەو سەردەمەدا کارێکی ئاسایی بووە، لەو لاشەوە ئایینەکانیتر لە مەدینە زیانیان بە ویستی سیاسی ئایینی نوێی ئیسلام دەگەیاند".

ئەوە ڕاستە کە زۆرداری و توورەیی لەو سەردەمەدا لەگەڵ ژیانی ئاسایی خەڵکی تێکەڵاو بووە، بەڵام هیچ نموونەیەك نابینرێ کە هۆزێك سەرەڕای خۆتەسلیم کردنی بە پتوونی توونا بکرێ. ئەو کات ئەسیری شەڕ یا لە بەرانبەر پارە دا ئازاد دەکران یا وەك یەخسیر دەفرۆشران. خەیانەتکاریش تەنیا لە شارەکە یاخود وڵاتەکە دەردەکران. تەنانەت بۆ ئەو سەردەمەش کارەکەی محەمەد کارەساتێکی نائینسانی بووە.

ئارگۆمێنتەکەی عەبدلحەکیم ئورگی نەک هەر کورتی دێنێ بەڵکوو کێشەیەکی گەورەشی تێدا دەدۆزرێتەوە، چونکە ئەو دەیتوانی وەك ئەندازیارێك یارمەتیدەری داعش بێت. ئایا لە عیراقی سەردەمی هێرشی ئەمریکاییەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە زۆرداری و توند و تیژیی ئاوێتەی ژیانی خەڵکی نەبووە؟ ئێزدی و مەسیحیش لە ڕوانگەی سیاسی و ئایینییەوە مەترسیان بۆ وڵاتی ئیسلامی پێکنەهێناوە؟ شەڕکەرەکانی داعش دەتوانن دوای ئەو ڕوونکردنەوەیەی ئورگی خۆیان وەك قوربانی پیلانیکی ئینترناسیۆناڵی سەیر بکەن، چونکە ڕۆژئاوا هێرشی بردۆتە سەر ئەو وڵاتە نوێیە، ئەوانیش وەك مافی ڕەوای خۆیان، بە ئەرکی سەر شانیان دەزانن پارێزگاری لە ناوچەکانی خۆیان بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە هەڵس وکەوتی نەگونجاو و ناسازانەی محەمەد لە هەنبەر بێ دینان و دژبەرانی سیاسی وەك مودێلك، شەڕکەرەکانی داعش ڕێنوینی دەکات: سەربڕینی بەئاشکرایی سەربازانی عێراقی و سوریی، کە لە لایەن شەڕکەرانی داعشەوە، وەك خاین بە دینی ئیسلام سەیر دەکرێن، بە لاسایی و چاولێکەریی لە هەڵس و کەوتی پێغەمبەر پاساو دەدرێتەوە. بۆ وێنە سووتاندنی فڕۆکەوانی ئۆردەنی بۆ ئیسلامییەکان وەك تاوانێك بۆ هاوکاریی ئەو کەسە لەگەڵ هێزە ئەمریکاییەکان سەیر دەکرێ.

ڕوونکردنەوەکەی عەبدلحەکیم ئورگی لەسەر زۆرداریی و تووڕەیی دەتوانرا لە لایەن هیتلێریشەوە لە پەیوەندیی نێوان هێزە یەکگرتووەکان و نەتەوەی یەهوودی بە باشی کەڵکی لێ وەربگیرێت. دیارە لام ڕوونە کە ئەو هەڵسەنگاندنە دەبێ بە ئیحتیاتەوە سەیر بکرێن، بەڵام ئەو کارەساتەی محەمەد بەسەر یەهوودییەکانی مەدینەی هێنا، لە چەند ڕوانگەوە و بە مودێلێکی بچووکتر دەتوانێ لەگەڵ کارەساتی نازییەکان هەڵسەنگێنرێت. من بە خاترجەمییەوە دەتوانم ئەو هەڵسانگاندنە بەڕێوەبەرم، چونکە مەبەستی من لێرەدا چلۆنایەتیی یان گەورە و بچووکی تووڕەییەکە نییە بەڵکوو ئەو لایەنە هەڵس و کەوتە رۆحیەیە کە لە پشتی کارەساتەکان ڕاوەستاوە. لە کتێبی بۆچی ئاوشویتس[١٢٦] "Warum Auschwitz?" نووسینی گوونار هاینزۆن " Gunnar Heinsohn" سوسیۆلۆگی شاری برێمەنی ئاڵماندا هۆکار و هاندەری ئادۆلف هیتلێر بۆ بەڕێوەبردنی کارەساتەکانی لە گۆشەنیگایەکی سەیرەوە باس کراون. بە بۆچوونی ئەو، هیتلێر وەدوای پرسیاری ویژدانی خۆی کەوتووە. هیتلێر توند و تیژی بەکارهیناوە و ویستوویە پیاوکوژی بەڕێوە بەرێ، کەچی جوولەکەکان بە خۆیان و ١٠ یاسای ئایینییەکەیانەوە و بە تایبەت یاسای "تۆ نابێ بکووژی" لەسەر ڕێگای قوت بوونەتەوە. بە واتایەکیتر بە کوشتنی ئەخلاقیی ویژدانەکەی لە قابغی یەهوودیەکاندا، ئەو لەمپەرەی بۆ بەڕێوەبردنی کارە نائینسانییەکەی خۆی لەسەر ڕێ لابردووە. بە پێی بۆچوونەکەی گوونار هاینزۆن هیتلێر دەبێ بە سەردانی سەرچاوە کۆنەکانی ئاڵمانی ویستبێتی لە سەدەی بیستەمدا شتێکی نوێ پێکبێنێ. بەشێوەیەك کە ئەو خەڵکانەی "یاساخ بوونی کوشتن" بەو شێوەیەی لە ١٠ یاسای ئایینیدا نووسراوە، بسڕنەوە و ڕێگا بۆ کوشتن و تووناکردنی نەتەوەیەك بە پتوونی خۆش بکات.

ڕەنگە ئەو بۆچوونە لە نیگای یەکەمدا وەك تێزێکی سەربەرەوخوار بنوێنێ، بەڵام کاتێ مرۆڤ دەنگی ڕاستەقینەی هیتلێری گوێ لێبێ، قورساییەکی تایبەت بەخۆی پەیدا دەکا. بۆچی هیتلێر جیهانی یەهوودییەتی سامناك و تاوانکار دەبینی، دیکتاتۆر خۆی ڕوونی دەکاتەوە. "بەهۆی بوونی هەڵس و کەوتی سەرنج نەدان و زوڵم و ستەمی خەڵکەکان وەك مافێکی سەردەمی 'کۆن'، ژەهری ئەو چەشن هەڵس و کەوتانە وەك 'یاساخکردنی کوشتن' و 'بیری یەکبوونی مرۆڤ' لە مێشکیاندا پەروەردە کردبوو.

---

[١٢٦] ئاوشویتس یەك لەو شوێنانەیە کە نازییەکان مرۆڤ کوژییەکەی خۆیان تێدا بەڕێوە بردووە.

هەموو ئەو شتانەی ئەمڕۆ بۆ مرۆڤ وەك یەکگرتوویی نەتەوەی جیهانی کە شانازی پێوە دەکرێت، من بە نەخۆشیی دەزانم." تەنانەت هیتلێر ئەو پرنسیپ، هەڵس و کەوت و داب ونەریتە کۆنانە بە هۆی سەرەکیی بۆ هەرەسهێنانی دەوڵەتی ئاڵمان لە شەڕی جیهانی یەکەمدا دادەنێ. هەروەها هیتلێر دەڵێ: ئەو هەڵس و کەوت و داب و نەریتە کۆنانە کە لە لایەن سەربازانی ئاڵمانییەوە بەڕێوەچووە و باوەڕیان پێی بووە، بۆتە هۆی کزکردنی ویست و ورەی شەڕکەرەکان بۆ سەرکەوتوویی کە تەنیا بە کوشتن و تووناکردن بێ ئەملا و ئەولا وەدی دەهات، و ئەوەش هۆکار بووە بۆ هەرەسهێنانیان.

تەواو کێشەی محەمەدیش لەگەڵ یەهوودییەکان ئەوە بووە. ئەوان داب و نەریتی قوربانیکردنی مرۆڤیان وەلا نابوو، کەچی محەمەد بە پێچەوانە ئەو داب ونەریتەی زیندوو کردەوە و بۆ بەڕێوەبردنی پلانە شەڕخوازەکانی بۆ گرتنەوەی وڵاتانی عەرەبی و دەوروبەری وشەی شەهیدی لەجێی وشەی قوربانی دانا. لە ڕوانگەی ئەوەوە یەهوودییەکان رەقیبێکی ئایینی زۆر بەهێز لە ناوچەکە بوون. دیارە لەو ناوچەیەش تەنیا نەتەوەیەك وەك هەڵبژاردەی تایبەتیی ئیلاهی دەبوو بوونی هەبایە. محەمەد بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی دەبوو نەتەوەی کۆنی "کوشتن حەرامە" بکووژێ ، بۆ ئەوەی مانای ئیلاهیی ژیان و مردن ڕوون بکاتەوە.

تەنانەت هانس کوینگ "Hans Küng" وەك مرۆڤێکی ئایین ناس کە هۆگریی بۆ ئایینی ئیسلام هەیە، کاتێ لەسەر هۆزی"Quraiza" دەنووسێ، لە خاوێنکردنەوە و لەسافی دانی نەتەوەیی دەدوێ. ئەو، محەمەد ڕاستەوخۆ بۆ ئەو کارەساتە بە بەرپرس دادەنێ.[١٢٧]

خاڵێکی هاوبەشی تر محەمەد و هیتلێر لێك نیزیك دەکاتەوە. هەردووکیان شەڕی دژ بە یەهوودیان بە کەلتوور، فەرهەنگ و مێژووی خەڵکەکانیانەوە گرێداوە و بانگەوازیان بۆ سووککردنی ئەو نەتەوەیە داوە. محەمەد کێشەی نێوان ئیسلام و یەهوودی نەك وەك کێشەیەکی سیاسی کاتی خۆی، بەڵکوو وەك کێشەیەکی درێژخایەن سەیر کردووە کە تا کۆتایی هاتنی ئەم دنیایە درێژەی دەبێ. محەمەد دەڵێ: "*ڕۆژی*

---

١٢٧ Hans Küng: Der Islam, S. ١٥٢f.

*قیامەت هێشتا کاتی نەهاتووە، تا ئەو کاتەی موسوڵمان لە بەربەرەکانی دژ بە جوولەکە دایە و دەیکووژێ، تا ئەو کاتەی جوولەکە خۆیان لە پشت دار و بەرد دا دەشارنەوە، و بەردەکان و دارەکان دەڵێن ئەی موسوڵمان، ئەی بەندەی خودا، ئەوە جوولەکەیە لە پشت من خۆی شاردۆتەوە، وەرە و بیکووژە"*.[128]

ئەو هەڵس و کەوتەی محەمەد تا ئەمڕۆش لە لایەن زۆربەی ئیسلامیستەکانەوە وەك شەڕێکی ئیلاهی دژ بە نەتەوەی یەهوودی بەڕێوەدەچێ ، کە تێیدا یەهوودی بە نەتەوەیەکی هەمیشە خەیانەتکار دەناسرێ و تا ئەوکاتەی تەنیا یەهوودییەکیش لەسەر دنیا مابێ، ئەو شەڕە کۆتایی پێ نایە. ئەو پرەنسیپە بۆ هیتلێر و هاوڕێکانیشی هەر وا بوو: ئەوکاتەی ئاخرین یەهوودی بکووژرێ ئەوکات قیامەت دەست پێدەکا.

بەتایبەت هەڵس و کەوتی قورئان لەهەنبەر نەتەوەی یەهوودی بەڵگەیەکیترە بۆ سەڵماندنی ئەوەی کە قورئان و کەسایەتی و فیگوری پێغەمبەر نەك شەست ساڵ دوای مردنی لە لایەن ئومەوییەکانەوە دۆزراوەتەوە، بەڵکوو لەڕاستیدا پێشتر بوونیان هەبووە. چونکە شەست ساڵ دوای مردنی پێغەمبەر یەهوودییەکان هیچ ڕۆڵێکی گرنگیان وەك دوژمنی موسوڵمان نەبووە و هیچ مەترسیەکیان بۆ حاکمانی ئیسلامی ئەو سەردەمە پێش نەهێناوە. بە پێچەوانە لەناو کۆمەڵگادا هەم لە سەردەمی ئومەوییەکان و هەم دواتر لە سەردەمی عەبباسییەکاندا خۆیان بە باشی لەگەڵ کۆمەڵگاکان گونجاندبوو. لە سەردەمی هێزداریی حاکمانی ئیسلامیدا تێئۆریی دژ بە یەهوودی هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەدەگێڕا، بە پێچەوانە یەهوودییەکان لە سەردەمی گەشانەوەدا وەك دوکتۆر، وەرگێڕ، شاعیر و هەروەها وەك ڕاوێژکاری خەلیفەکان سەرکەوتوانە کاریان دەکرد. هەمیشە سەردەمی کزیی کۆمەڵگا و کاتی شەڕ و هەڵا و بارودۆخی سیاسی بێ سوبات بوونەتە هۆی ژیانەوەی دوژمنایەتیکردن لە هەنبەر نەتەوەی یەهوودی و تەنانەت مەسیحیەکانیش.

---

[128] Al-Nawawi: Sahih Muslim, Hadith Nr. ٢٩٢٢

## بلیمەت، سەرشێت، نەخۆشییەکانی پێغەمبەر

کۆتایی سەدەی هەشتەم مێژوونووسی ڕۆمی تئۆفان "Theophanes" (٧٥٠-٨١٨) گوتویە، محەمەد لەژێر کاریگەریی نەخۆشیی گەشکە دا ڕەنجی کێشاوە و زۆر جار فێی لێهاتووە. ئەو نووسەرە هەواڵێک سەبارەت بە یەك لە ژنەکانی محەمەد دەنووسێ کە شکایەتی لەو بارودۆخە کردووە و ئەگەرچی خۆی لە بنەماڵەیەکی ماقووڵەوە هاتووە، بەڵام ناچار بووە خۆی بەو نەخۆشییە فەقیرانەیە ی محەمەدەوە(فێ لێ هاتن) خەریك بکات.[١٢٩] لە سەرچاوە ئیسلامییەکانیشدا باس لە فێ لێ هاتنی محەمەد کراوە، بەڵام لەواندا ئەو بارودۆخە نەك بە نەخۆشیی بەڵکوو بە حاڵەتی وەرگرتنی وەحی ئاسمانی لە لایەن خوداوە مانا کراوەتەوە. لە سەدەی ناوەڕاست وێنەی ئەو نەخۆشییەی محەمەد لە باسەکانی دنیای مەسیحییەتدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ مەسیحییەکان ڕاهینانی ئاییینی محەمەد وەك ڕاهێنانی شەیتان سەیر کراوە و فێ لێ هاتنی محەمەدیش بۆتە هۆی بەهێزکردنی ئەو وێناکردنەیان.

ناودارترین نەخۆشی فێ، لە سەدەی نۆزدە فئودۆر داستایۆفسکی " Fjodor Dostojewski" گۆڕانکاریی بەسەر وێنەی نەخۆشیی فێ لێهاتنداهێنا. ئەو دەنووسێ، کە نەخۆشیی فێ لێهاتن [پەرکەم] دەتوانی زۆر ئیلهام هێنەر بێ. ئەو گەشەنگ (تشنج)انە "زەمینییەتی بەرزی سۆزدارانە لەخۆ دەگرێ، کە لەو بارودۆخەدا کات ڕادەوەستێ". داستایۆفسکی وەبیر وەحیەکانی محەمەد دەکەوێتەوە: "بە ئەگەری زۆر

---

[١٢٩] Frank R. Freemon: »A Differential Diagnosis of the Inspirational Spells of Muhammad the Prophet of Islam«, *Journal of Epilepsia,* ١٧/١٩٧٦, S. ٤٢٣–٤٢٧

ئەو حاڵەتە یەك لەو چرکەساتانە بووە کە محەمەد لە کاتی فێ لێهاتندا درکاندوویەتی کە بۆ کاتێکی زۆر کەم میوانی بارەگای خودا بووە".[١٣٠] داستایۆفسکی لە ڕۆمانەکەیدا (مرۆڤی گێژ) لەسەر فێ لێهاتنی شازادە میشکین و ئەزموونەکانی دەدوێ کە زۆر لە خەون و خەیاڵەکانی محەمەد دەچن.

سروشتییە هەمووکەس ئەزموونی گرنگی فێ لێ هاتنی پێغەمبەرانەی نییە. هەروەها سروشتییە کە مرۆڤ ئەزموونی زەینییەتی رووحانی بە نەخۆشی دانەنێت. بەڵام پسپۆران لەسەر ئەو بۆچوونەن کە شکڵێکی تایبەتیی ئەو نەخۆشییە پەیوەندیی لەگەڵ ئیمانداریی لەڕادەبەدەر و خەون و خەیاڵاتدا هەیە، کە بە ناوی نەخۆشی صرع لوب تمپورال (TLE)Temporallappenepilepsie مەنشوورە. هەروەها گوتە و گێڕاوەی شەخسیی نەخۆشەکانی تووشبووی ئەو نەخۆشییە (TLE) وێنەیەکی شەفاف بۆ مرۆڤ دەخەنە ڕوو، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لە نێوان نەخۆشییەکە و ئەزموونی رووحانی تێدا بەدی دەکرێ.

لە شەوێکی جەژنی پاک (Ostern)دا، [کە جەژنێکی مەسیحییە]، ئەو کاتەی داستایۆفسکی لە سیبریای تاراوگەی خۆی دەژیا، دۆستێکی کۆنی میوانی دەبێ. داستایۆفسکی خەونێکی پێغەمبەرانە کە لە حاڵەتی فێ لێهاتنیدا بەسەری هاتبوو، بۆ هەڤاڵەکەی بەم وشانە وێنا دەکا:

*"دەنگ و هەرایەکی بەرز لە هەوادا دەوری منی گرتبوو، من بێهوودە هەوڵم دەدا خۆم بجووڵێنمەوە. هەستم کرد ئاسمان بەسەر زەویدا دەکەوێ، و من لەناو خۆیاندا جێ دەکەنەوە. لە ڕاستیدا من لە خودا هێندە نیزیك ببوومەوە کە هەستم دەکرد پێمەوە نووساوە. ئەو لەناو مندا بوو، بەڵی خودا بوونی هەیە، من دەگریام. ئێوەی مرۆڤی ساغ و سالم، ئاگاداری هیچ نین، کە ئێمەی نەخۆش لە حاڵەتی فێ لێهاتندا کاتێکی چەند خۆشمان هەیە. محەمەد لە قورئانەکەیدا گوتوویەتی، بەهەشتی بینیوە و چۆتە ناویەوە. هەموو ئەو مرۆڤە شێت و بلیمەتانە زۆر لەسەر ئەوە سوور بوون کە محەمەد درۆزن و شارلاتان نیشان بدەن. بەڵام نا، محەمەد لە ڕاستیدا کاتێ فێی گرتنەکەی لە بەهەشت*

---

[١٣٠] Frank R. Freemon: »A Differential Diagnosis of the Inspirational Spells of Muhammad the Prophet of Islam«, *Journal of Epilepsia,* ١٧/١٩٧٦, S. ٤٢٣–٤٢٧

*بووە. ئەویش قوربانیی ئەو نەخۆشییەی من بووە. من نازانم ئەو خۆشیی و چێژە، چرکە، خولەك یاخود کاتژمێرێك درێژەی بووە، بەڵام باوەڕم پێ بکە، ئامادە نێم بارودۆخی فێ لێهاتنم لەگەڵ تەواوی چێژی ئەو دنیایە بگۆڕمەوە!"* [١٣١]

شازادە میشکین لە کتێبەکەی داستایۆفسکی دا لە چەند ڕوانگەوە زۆر لە محەمەدی سەردەمی مەککە دەچێ. ئەو لە بنەماڵەیەکی ماقووڵی فەقیر سەری هەڵداوە، بڵیمەتێکە، بەڵام کارتێکەرییەکەی لەسەر دەوروبەری وەك منداڵێك وایە، کە لە پەرەسەندن دوا کەوتبێ، گەورە نەبووبێت و هەر وەك کاتی منداڵیی مابێتەوە. حاڵەتی فێ لێهاتنەکەی بۆ ئەو وەك ڕاکردن لە دنیا بووە، دنیایەك کە نە ستایشی دەکا و نە لێی حاڵی دەبێ. لە کتێبی "مرۆڤی گێژ"دا نووسەر حاڵەتی فێ لێگرتنەکە بە چوونە ناو دنیایەکی مێتافیزیکی بەیان دەکا. بۆ شازادە میشکین ئەو حاڵەتە وەك هەستێکی پایەبەرز لەگەڵ بەختەوەرییەوە گرێدراوە و بەوەوە بەستراوەتەوە:

*"لە قووڵایی نارەحەتی و خەمناکیدا، و لە تاریکیی دەروونی و خەمووکی و عەزابدا، مێشکی بۆ ساتێك هاوچەشن وەك کارەبا ڕۆشن بۆتەوە (...) و هەموو هێزی ژیانی بە گرژ بوون تەنراوە(...). هەستی ژیانی، هەستی ئاگالەخۆبوونی لەو ساتەدا چەند بەرانبەر هێزی گرتووە(...). هۆشیاریی، تێگەییشتوویی و دڵی، هەر هەموویان لەپڕێکدا بەهۆی تیشکێکی نائاسایی پڕ کراونەوە، هەموو دڵەکوتەیەك، هەموو دوودڵییەك، هەموو نائارامییەك کۆتاییان پێ هاتووە و کۆچیان کردووە، و ئارامییەکی مەزنیان پێکهێناوە کە پڕ بووە لە هاوئاهەنگی، چێژ، خۆشحاڵی و هومێدوارییەکی ڕوون و ئاشکرا، پڕ لە هەست و ئاخرین هۆی خولْقاندن. بەڵام (...) ئەو تیشکە لە هەوەڵەوە وەك ئاگاداربوونەوە چرکەیەکی خایاند، کە ساتێك دواتر فێ لێگرتنەکەی بەدوادا هات(...) ئەو جێگایەی بارودۆخی گرنگی ئاگالەخۆبوونی و هەستێکی بەرزی خۆناسیی، هەروەها بەدوایاندا بەرزبوونەوەی بوونی خۆی هەست پێکردوە".* [١٣٢]

---

[١٣١] zitiert nach: Jan Dirk Blom: A Dictionary of Hallucination, S. ١٥٥

[١٣٢] Fjodor Dostojewski: Der Idiot, ٢. Teil, ٥. Kapitel

داستایۆفسکی ئەو هەستە بە "بەرزترین پلەی هارمۆنی جوانیی وێنادەکا"، هەروەها وەك "هەستێکی بێ پێشینە و پێشتر نەبینراو و هەست پێنەکراوی، نەپێواو، بەرانبەریی، هاوتایی و ورووژاندن"ی دادەنێت، هەر وەك لە کاتی تاعەتدا، بە پلەی بەرزی ئاوێتەکردنی ژیان گەیشتن. لە لایەکیتریشەوە حاڵەتی فێ لێگرتن بە پێچەوانە ئەو هەستانە وەکار دەخەن: (...) بێ فیکری، تاریکیی واتایی یاخود مانایی و گەوجی دەبنە ئاسەوار و ئاکامی ئەو ساتە بەرزە کە بە ڕوونی لەبەر چاوی تێپەڕ دەبن. ئەو لەخۆی پرسیار دەکات: *"چ لەگەڵ ئەو ڕاستییە دەکرێ؟"* [١٣٣]

شیکردنەوەکەی داستایۆفسکی وەك بۆنی نەشئەبوون لە کاتی فێ لێهاتندا لە لایەن پسپۆرانی ئەمڕۆی دەمار ناسەوە دەسەلمێنرێت. دەمارناسی ئینگلیزی جان هولینگز جاکسن "John Hughlings-Jackson" لە سەدەی١٩ دا ئەو هەڵس و کەوتەی بە وڵاتی روئیایی"dreamy state" ناوبردووە.[١٣٤]

بەڵام با بگەڕێینەوە بو لای محەمەد: چەندین نیشانە هەن کە هەڵس و کەوتی محەمەد لە کاتی وەحیەکەیدا دیاری دەکەن و هەر ئەو نیشانانەش لەو کەسانەدا دەبینرێن کە توشی نەخۆشی TLE هاتوون. لە تاقمێك لە حەدیسەکاندا دەخوێنینەوە کە محەمەد کاتی وەرگرتنی وەحیەکانی (گوتەکانی قورئان) گوێی لە زەنگوڵە بووە، وەك وشتر پرخەی کردووە و تەنانەت لە هەوای ساردیشدا عارەقەیەکی زۆری کردووە و لەو حاڵەتەدا بە هیچ شێوەیەك نەکراوە قسەی لەگەڵدا بکرێ. زۆر بە توندیی لەشی لەرزیوە و تف و کەف لە دەمیدا کۆ بۆتەوە. جێی باوەڕ نییە کە حەدیس نووسان دواتر ئەو بارودۆخانەیان لەخۆوە نووسیبێ چونکە هیچ خاڵێکی ئەرێنی یاخود هیچ سوودێکی بۆیان نەبووە. ئەو هەڵس و کەوتانە تەنیا بارودۆخی ئاسایی مرۆڤێکی فێ لێهاتوون، کە مێژوونووسانی ئیسلامی بە پەرجۆی وەحی بۆ محەمەد لە ئەژمار دێنن.

دیارە مرۆڤ و ڕەخنەگرانی سەردەمی محەمەد ئەوکات ئەو هەڵس و کەوتانەیان بە نیشانەی نەخۆشیی و وازوازی بوونی داناوە. لە ١٦ بەشی جۆراوجۆری کتێبی قورئاندا محەمەد ناچار بە ڕەدکردنەوەی ناوی شێت کراوە کە مرۆڤی دەوروبەی

---

[١٣٣] Fjodor Dostojewski: Der Idiot, ٢. Teil, ٥. Kapitel

[١٣٤] Théophile Alajouanine: »Dostoiewski’s epilepsy«, *Brain* ٨٦/١٩٦٣, S. ٢٠٩–٢١٨

لەسەریان دانابوو. بۆ وێنە لە سوورەی ١٥، ئایەی ٦ دا نووسراوە: "گوتیان: ئەی ئەو کەسەی قورئانت بۆ نازڵ بووە، تۆ بەڕاستی شێتی!" شیکەری قورئان ئەلڕازی " Al Razi" بەم شێوەیە دەدوێ: "پێغەمبەر کاتی وەرگرتنی وەحی لە لایەن خوداوە کەوتۆتە بارودۆخێکی هاوچەشنی بێهۆشییەوە، هەر لەبەر ئەوەش، مرۆڤی دەوروبەری پێیانوابووە کە شێتە."[١٣٥]

ئەو شتەی ناوی شێتیان لەسەر داناوە، دەبێ هەر فێ لێهاتنەکەی بووبێ. ئەو نیشانانەی محەمەد لەو بارودۆخەدا بوویەتی، مرۆڤی ئەو کات یا بە پەیوەندیی لەگەڵ خودای داناوە، یا لەگەڵ شەیتان! خەڵکی مەککە محەمەدیان بە شەیتان دانابوو و لایەنگرەکانیشی بە پێغەمبەری خودایان دەناسی.

[١٣٥] Al-Razi: At-Tafsir al-Kabir, Sure ١٥:٦

## Hypergraphia (هیپپێرگرافیا)

دیاردەیەك كە پەیوەندیی لەگەڵ نەخۆشیی TLE دا هەیە هیپپێرگرافیا یاخود نووسینی شەیداییە. بە پێی ئەو تاقیكارییەی وا لە لایەن هێلە و لایف هانزن " Helle und Leif Hansen"ەوە بەڕێوە چووە، داستایۆفسكی و سوێرێن كیكەگارد "sören Kierkegaard" فەیلەسوفی دانماركی كە لەژێر نەخۆشیی TLE دا رەنجیان كێشاوە، دوای فێ لێهاتن، لە زۆربەی ئەو بارودۆخانەدا كاری نووسینی بەپەلە و گورجیان بەڕێوە بردووە.[١٣٦]

لە تاقیكارییەكدا، نامەیان بۆ چەند مرۆڤی نەخۆش نووسیوە، كە هەموو چەشنێک نەخۆشییان لەناودا بووە، تەنیا نەخۆشەكانی تووشبووی TLE بە خێراییەكی مامناوەندی ١٣٠١ پیت وەڵامی نامەكەیان داوەتەوە. نەخۆشەكانیتر بە نیزیكەی ١٠٦ پیت وەڵامیان داوەتەوە. سەدا حەوت تا دەی نەخۆشەكانی TLE ڕاستەوخۆ دوای فێ لێهاتن بە پەلە وەڵامیان داوەتەوە.[١٣٧]

لە پەیوەندیی لەگەڵ محەمەد، لە قورئان دا هاتووە كە پێغەمبەر دوای تەواوبوونی ئەو حاڵەتە ڕۆحانییە (وەحی) نووسراوەكانی قورئانی یەك بەدوای یەكدا و پەیتا پەیتا گوتووە. زۆرجار هەوڵی داوە هەموو ئەو تێكستانەی پێی وەحی كراوە بەپەلە و زۆر بە گورجی چەندین جار بخوێنێتەوە. خودا دەبێ لە سوورەی ٧٥ ئایەی ١٦ دا ئەمری بە محەمەد كردبێ كە خۆڕاگری بكات:"زمانت لە ڕێگەی پەلەكردن بۆ خوێندنەوەی ئەو (قورئان) مەجووڵێنەوە". هەڵەی كورتی كێشەی ئاخەفتنیش (زمان گیران) بە نیشانەی نەخۆشیی TLE لە ئەژمار دێ.

---

[١٣٦] Heidi Hansen, Leif Bork: »The intriguing secret of machinery«, in: *Kritik,* Nr. ٨٣, Kopenhagen ١٩٨٨, S. ١١٨–١٢٨

[١٣٧] Bettina Schmitz, Michael Trimble: Psychiatrische Epileptologie. Psychiatrie für Epileptologen – Epileptologie für Psychiater, S. ٧٣

تاقمێك لە ئیسلامناس و ڕۆژهەڵات ناسانی ڕۆژئاوایی ئەو تیئۆرییە بە ڕاست دەزانن کە محەمەد لەژێر نەخۆشیی فێ لێهاتندا ڕەنجی کێشاوە. بڕێکیشیان ئەو نەخۆشییەی پێغەمبەر ڕەد دەکەنەوە و نایانەوێ لە بیۆگرافییەکانی پێغەمبەردا نیشانەی نەخۆشبوونی بسەلمێنن. دەیوید س. مارگۆلیووث "David S. Margoliouth" پسپۆری ئینگلیزی نەک هەر پێی وابووە محەمەد نەخۆشی فێ لێهاتن (پەرکەم)ی هەبووە، بەڵکوو لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە زۆرجاریش بە ئانقەست خۆی خستۆتە ناو ئەو حاڵەتەوە.[١٣٨] هەروەها پسپۆری ئەمریکایی دانکن بلاك مەکدوناڵد "Duncan Black Macdonald" دەڵێ ئەگەر مرۆڤ ژیانی محەمەد بە وردی بپشکنێ، دێتە سەر ئەو باوەڕە کە محەمەد نەخۆشیی "پاتۆلۆژیك"ی هەبووە. پسپۆری زانستیی و ئیسلام ناسی سوئێدی تۆر ئاندرائە " Tor Andræ" ئەو بۆچوونەی مەکدوناڵدی ڕەد کردۆتەوە و بە پێی زانستی سەردەمی خۆی دەڵێ: ئەو نەخۆشییە لە حاڵەتی ئاسایی خۆیدا ناتەواوبوونی ئەندامی و ڕەوانی بەدوادا دێ کە لە محەمەددا نابینرێ. بە بڕوای ئەو ئەگەر محەمەد فێشی لێهاتبێ، دەبێ حاڵەتێکی ئاسایی و سەرەتایی ئەو نەخۆشییە بووبێ. تەنانەت پسپۆر و ئیسلام ناسی سکاتلەندی و. مۆنتگۆمێری وات "W. Montgomery Watt"یش ئاسەواری هیچ نەخۆشییەك لە محەمەددا نابینێ. ئەو لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە محەمەد لە سەرەتای سەرکردەییەوە تا ئەو کاتەی مردووە، هێزی کاریی لە دەست نەداوە و کونترۆڵی تەواوی بەسەر کارەکەیدا بووە.[١٣٩]

بەڵام فرانك ر. فرێمۆن "Frank R. Freemon" دەڵێ ئەو ئیسلامناسانەی نەخۆشییەکەی محەمەد ڕەد دەکەنەوە، یا نەخۆشییەکە بە باشی ناناسن یا سەروکاریان لەگەڵ مرۆڤی تووشبووی ئەو نەخۆشیە نەبووە.[١٤٠] فرێمۆن لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە ئەگەرچێ زانیارییەکانی بۆ بڕیارێکی زانستیی کەمن، بەڵام چەمکی 'ڕەوانی بوون' بۆ محەمەد پڕ بە پێستە. ئەو لیستەیەکی نووسیوە کە ئارگۆمێنتی هەم دژ بەو پێشبینییە و هەم بە سوودی پڕۆگنۆزەکەی تێدایە. ئارگۆمێنت بۆ پێشبینیی بارودۆخی محەمەد:

---

[١٣٨] David Samuel Margoliouth: Mohammed and the Rise of Islam, S. ٤٦

[١٣٩] W. Montgomery Watt: Muhammad. Prophet and Statesman, S. ١٩

[١٤٠] Frank R. Freemon: »A Differential Diagnosis of the Inspirational Spells of Muhammad the Prophet of Islam«, *Journal of Epilepsia,* ١٧/١٩٧٦, S. ٤٢٣–٤٢٧

فێ لێهاتن (paroxysmal onset)، کەوتن و بێهۆش بوونی لەپڕێکدا، دیتن و بیستن لەو بارودۆخەدا و خەیاڵات کردن. ئارگۆمێنت دژ بە پرۆگنۆز یاخود پێشبینییەکە فرێمۆن دەڵێ: تەمەنی محەمەد بۆ ئەو نەخۆشییە کە یەکەمجار لە چل ساڵیدا وەحی بۆ هاتووە، جێی پرسیارە. ئەو تەمەنە بۆ نەخۆشیی TLE زۆر درەنگە. بەڵام فرێمۆن لێرەدا دوو نیشانەی گرنگ لەسەر بیوگرافی محەمەد لەبەر چاو ناگرێ، کە ئەو لە تەمەنی منداڵی و لاویەتیشدا نەخۆشییەکی هاوچەشنی بووە بەڵام ئەوکات وەك سوورەی قورئان نەنووسراونەتەوە. لە تەمەنی چوار ساڵاندا محەمەد گوتوویە دوو مرۆڤ بە جل و بەرگی سپییەوە ئەویان توند لە باوەش گرتووە، سینگیان کردۆتەوە و دڵیان بە ئاوی متفەرك خاوێن کردۆتەوە.[141] لە یەك لە گێڕاوەکانیتردا هاتووە کە لە تەمەنی گەنجیەتی، لەپڕێکدا لەبەر دەرکەی کەعبە کەوتۆتە سەر زەوی. چاوەکانی خێل ببوون و بەرەو ئاسمان زەق ببوونەوە. هاواری مامی کردووە کە بەری(گەڵ وگونی) داپۆشێ.[142]

ئەو نموونانەی سەرەوە دوو لەو بابەتانەن کە لەسەر تەمەنی گەنجیەتی محەمەددا گێڕراونەتەوە، دەنا ئەو تەمەنە تایبەتەی واهەیە ئەگەر بە ئانقەستیش بووبێ، بە پتوونی لە تاریکیدا ماوەتەوە. پسپۆری ئیسلام ناس تیلمەن ناگل "Tilman Nagel" لیستەیەکی بەبەڵگەی بۆ ئاماژەکردن بە نەخۆشییەکەی محەمەدی بڵاو کردۆتەوە: نیشانەکان لە حاڵەتی فێ لێهاتنی محەمەد: (بە ڕادەیەکی زۆر ئارەقەی کردووە، سەرەگێژە، ماندوویی). ناگل ئاماژە بەوەش دەکا کە زۆربەی قەیسەرانی ڕۆمیش ئەو نەخۆشییەیان لەگەڵ بووە.[143]

دوکتۆرێکی تورک بە ناوی دەدە قورقود "Dede Korkut" لە کتێبی The " Life Alert Medical Case of Muhammad" دا چەند لە نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە لیستە دەکا کە محەمەدیش تووشی بووە و لە مرۆڤی تووشبووی ئەو نەخۆشیی TLE یەشدا دەبینرێن. بەتایبەت بیستنی دەنگی زەنگوڵە بۆ ئەو یەك لەو نیشانە گرنگانەیە بۆ نەخۆشبوونی

---

[141] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, ١:٢١٦

[142] Al-Bukhari: Sahih al-Bukhari, Hadith Nr. ١٥٠٥

[143] »Legende und Heilsbringer«, ein Interview mit Tilman Nagel, *Der Standard,* ٤. Juli ٢٠٠٨

محەمەد.[١٤٤] ئەوەش لەسەر محەمەد دەزانین کە رقی دنیای لە دەنگی زەنگوڵە و مۆسیقا بووە. لە گوتەیەکی حەدیسدا دەڵێ: "*هیچ کاروانێك لە لایەن فریشتەکانەوە ئاگاداری و هاوڕێیی ناکرێن ئەگەر سەگ یا زەنگوڵە لەگەڵیاندا هاوڕێ بێ*".[١٤٥] لە گوتەیەکیتری حەدیسدا دەڵێ: "*زەنگوڵە شمشاڵی شەیتانە*".[١٤٦]

بە ئەگەری زۆر دەنگی زەنگوڵە بۆتە هۆی فێ لێهاتنی محەمەد. دوای گرتنی ناوچە مەسیحییەکان لە لایەن لەشکری ئیسلامەوە لە زۆربەی ئەو ناوچانەدا دەنگی زەنگوڵەی کلیسایان قەدەغەکردووە. بۆ زۆربەی لایەنگرانی داعیش دەنگی زەنگوڵە تەنانەت تا ئەمڕوش قەدەغەیە. دەدە قورقود "Dede Korkut" هەروەها چەند تایبەتمەندیتریش لیستە دەکا کە پەیوەندییان بە نەخۆشیی TLE وە هەیە و لای محەمەدیش بینراون: دڵەکوتە، رق و قین، کینەیی بوون، هەستی تاوانباری، خەمۆکی، خەمباری و بیری خۆکوژی، زێدەرۆیی ئەخلاقی، وزەی ئاڵوگۆڕی سێکس، زێدەرۆیی سێکسیی هیپەرگرافی یاخود پارانۆیا.[١٤٧]

عەبباس سادقیان دەمارناسێکی ئێرانییە کە ئەزموونێکی زۆری لەسەر مرۆڤی توشبووی نەخۆشیی TLE هەیە. ئەویش لەسەر ئەو نەخۆشییە لە کتێبەکەیدا بە ناوی شمشیر و مقەست "Sword and Seizure"، ئەو بۆچوونە پشت ئەستوور دەکا: "فێ لێهاتنی محەممەد و بنیاتنانی ئیسلام" Muhammad's Epilepsy and the Creation of Islam بۆ ئەو بیستنی دەنگی زەنگوڵە و بینینی خەون و خەیاڵ لەو بارودۆخەدا دوو نیشانەی ڕوونی ئەو نەخۆشییەن. دوکتۆر عەبباس سادقیان لە کەسایەتیی محەممەددا نیشانەی تێکچوونی هەڵس و کەوت، پارانۆیا و خۆپەرستی دەبینێ. ئەزموونێکی هاوچەشنیش نووسەری ئێرانی عەلی سینا لە کتێبەکەی بە ناوی تێگەیشتن لە محەممەد "Understanding Mohammad" دا پێی گەییوە.

---

[١٤٤] Korkut, Dede: Life Alert. The Medical Case of Muhammad, S. ٥٤f.

[١٤٥] Al-Nawawi: Sahih Muslim: Kitab al-Libas, Hadith Nr. ٢١١٣

[١٤٦] Al-Nawawi: Sahih Muslim: Kitab al-Libas, Hadith Nr. ٢١١٤

[١٤٧] Korkut, Dede: Life Alert. The Medical Case of Muhammad, S. ٣٥

بە پێی بۆچوونی ئەو پسپۆرانە وێدەچێ محەمەد لە ڕاستیدا لەژێر نەخۆشییەک جیا لە فێ لێهاتن، ڕەنجی کێشابێ کە نیشانەکانی تەنیا بە فێ لێهاتن ڕوون ناکرێنەوە. وەك کێشەی شەڕخوازی یاخود کێشەی ئیمپاتی یا سۆز. زەجرکێشان و هەڵس و کەوتە سرنجڕاکێشەکانی محەمەد ئەو کات و ئێستاش بۆ مێژووی ئیسلام و زۆربەی موسوڵمانان تا ئەمڕۆش ئاکام و ئاسەواری خۆی بەجێ هێشتووە. لە سوورەی ٣٣ و ئایەی ٢١ دا قورئان لە موسوڵمانان داوا دەکا محەمەد وەك مرۆڤێکی نموونە سەیر بکەن. ژنەکەی محەمەد واتە ئایشە بەم وشانە سەبارەت بە محەمەد دەدوێ: "ئەو(محەمەد) قورئانێك بوو لەسەر دوو قاچ" ئەو ئاخەفتنەی ئایشە لە سوورەی ٥٣ دا دەسەلمێرێت: "*ئەو قسانەی محەمەد دەیانکات هەر هەموویان وەحی خوداین*". ئەو چەشنە سووڕانە تا ئەمڕۆش لە دنیای ئیسلامدا بەرگریی لە ڕەخنەگرتن لە خۆی و کارەکانی دەکەن. تاقمێك لە رفۆرمیستەکان هەوڵیان داوە لە نێوان نووسراوەکانی قورئان و گوتەکانی حەدیس و سیرە، یان ژیننامەکانیدا جیاوازی دابنێن، بەڵام نە لە لایەن عالمان و نە لە لایەن خەڵکییەوە پشتیوانیان لێ نەکراوە. بۆ عالمانی ئیسلامی، ئیسلام تێکەڵاوییەکە لە قورئان، حەدیس، ژیننامەکانی محەمەد و داب و نەریتی ئیسلامی. بە بۆچوونی ئەوان هەر کەس هەوڵی جیاکردنەوەی ئەوانە بدات، هەموویان بە تەواوی لێک هەڵدەوەشێنێت.

ڕەخنەی ڕاستەوخۆ لە محەمەد لە لایەن هەموو موسوڵمانانەوە رەد دەکرێتەوە و بە شتێکی نامۆ دادەنرێت، چونکە محەمەد پێغەمبەر و ئەو کەسەیە کە وەحی بۆ هاتۆتە خوارێ و تەنیا شاهیدە کە قورئان لە ڕاستیدا لە لایەن خوداوە نێردراوە. ڕەخنە گرتن لە کەسایەتیی محەمەد دەتوانێ ناڕاستەوخۆ پەیامەکەی و هەروەها پایەی ئایینەکە، کە تەنیا لەسەر ئەو و گوتەکانی ئەو ساغ بوونەتەوە و موسوڵمانان بوون و شوناسی خۆیان لەوەوە دەزانن، بەرێتە ژێر پرسیار و لاوازی بکات. هەر بەو هۆیەوە زۆربەی ڕێفۆرمیستەکان ملی بۆ خوار دەکەنەوە و بەپەلە دەیسەلمێنن کە محەمەد و قورئانەکەی بە هەموو شێوەیەك بپارێزن، بەتایبەت کاتێ وەدوای دۆزینەوەی هۆکار بۆ پۆتێنسیالی شەڕخوازی یاخود تەوەری پەرەسەندنی ئایینی ئیسلام دەکەون.

زۆربەی ڕێفۆرمیستەکان بە هیچ شێوەیەك نەک هەر خۆی لێ نادەن، بەڵکوو بیریشی لێ ناکەنەوە کە گۆڕانکاریی بەسەر نووسراوەکانی قورئان یا هەڵس و کەوتی

کەسایەتی محەمەد دا بێنن و خاڵە زەقەکانیش بە هەڵەی مێژوونووسان و حەدیس نووسانی دوای سەردەمی محەمەد دادەنێن. پاوانخوازییەکەیان هەمیشە ئەوەیە کە عالمانی ئیسلامی یا لە نووسراوەکان تێنەگەیشتوون، یاخود گۆڕانکارییان بەسەردا هێناوە. چونکە هەم قورئان و هەم پێغەمبەر نییەتیان باش بووە. بۆ دووپاتکردنەوە بڵێم: ئەو ڕیفۆرمیستانە، بێ ئەوەی خۆیان ویستبێتیان، بەو بۆچوون و هەڵوێستانەیەن لەگەڵ کۆنزێرواتیوەکان و تەنانەت تێرۆریستەکانیش پەیمانیان بەستووە. لەبەر ئەوەی ئەوان قورئان و محەمەد وەك بەرزترین و مەزنترین هێز دەناسێنن، هەڵس و کەوتە گوماناوییەکان و هەڵەکانی محەمەد نەک هەر دادەپۆشن بەڵکوو ئەو هەڵس و کەوتانە وەك نموونەیەکی باش بە موسوڵمان پێشان دەدەن. بەو هۆیەشەوە زۆربەی هەڵس و کەوتە نا سەلامەتەکانی محەمەد بە میرات بە موسوڵمانان گەییون کە لە بەشەکانی داهاتوودا شی دەکرێنەوە:

- خۆ پەرەستیی و شەیدایی بۆ بەڕێوەبردنی کاری ناحەز،

- تێکەڵ وپێکەڵبوون و وەسواسی فکری و کردەوەیی؛

- پارانۆیا؛ و

- نەبوونی توانا بۆ گوێڕایەڵ کردن بۆ ڕەخنە.

## خۆ پەرستی و شەیدایی بۆ بەڕێوەبردنی کاری ناحەز

محەمەد خۆی وەك ئاخرین پێغەمبەرێک سەیر کردووە کە پەیامی کۆتایی لە لایەن خوداوە پێدراوە. ئەو لە قورئاندا خۆی وەك کەسایەتییەکی نەجیب بە تایبەتمەندیی ئەخلاقی بەرزەوە ناساندووە(سوورەی ٦٨ ئایەی ٤). هەروەها لە سوورەی ٢١ ئایەی ١٠٧ دا خۆی لە قورئاندا وەك رەحمەتی ئیلاهی بۆ سەرجەم مرۆڤی سەر ئەم هەردە لە قەڵەم دەدا. هەروەها، پێداهەڵگوتن و ئافەرین کردن لە خۆیشی لە لایەنگرەکانی چاوەڕوان کردووە.

تەنانەت تا ئەمڕۆش هەر کات موسوڵمانان ناوی بێنن بە پەلە "سڵاوی خودای لەگەڵ بێ"ی بەدوادا دەڵێن. محەمەد خۆی ئەو دێرەی لە قورئاندا بۆ موسوڵمانان پێش نووس کردووە. لەوێدا و لە سووڕەی ٣٣ ئایەی ٥٦ دا نووسراوە: "*خودا و فریشتەکان سڵاو بۆ پێغەمبەر دەنێرن، ئەی ئەو کەسانای ئیمانتان هێناوە، سڵاوی بۆ بنێرن و تەسلیمی فەرمانی ئەو بن*". هەروەها محەمەد بۆ لایەنگرەکانی ڕوون دەکاتەوە کە بە بێ خۆشەویستیی ئەو، ناتوانن باوەڕی ڕاستەقینەیان هەبێ:" *هیچکام لە ئێوە ناتوانن باوەڕێکی ڕاستەقینەتان هەبێ تا ئەو کاتەی منتان لە دایك و باب، منداڵ و هەموو مرۆڤی ئەم جیهانە خۆشتر نەوێ*".[١٤٨]

لەبەر ئەوەی لە ژیانی منداڵی و گەنجیدا نە هەستی بە خۆشەوستی و نە بە فەرمی ناسینی کەسایەتیی خۆی کردووە، هەستی بایەخداربوونی کەسایەتییەکەی زۆر لاواز بووە و هەمیشە بە هەڵس و کەوتی مرۆڤەکانیترەوە بەسترابۆوە. عەلی سینا لەسەر خۆپەرستیی محەمەد بەو شێوەیە دەدوێ: "مرۆڤی خۆ پەرست پێویستیی بە ستایشکردن هەیە. ئەو بازنەیەك بە دەوری خۆیدا دەکێشێتەوە، و خۆی وەك ناوەندی بازنەکە سەیر دەکات. ئەو، لایەنگرەکانی بۆ ناو ئەو بازنەیە ڕادەکێشێ، پاداشیان

[١٤٨] Al-Bukhari: Sahih al-Bukhari, Hadith Nr. ١٥

دەداتێ و هانیان دەدا بۆ ستایش کردنی خۆی. ئەو کەسانەی لە دەرەوەی بازنەکە ماونەتەوە، وەك دوژمنی خۆی سەیر دەکات."[١٤٩]

ئەو کاتەی محەمەد هێشتا هێزی سوپایی نەبوو، خەونی بەهێزبوون و حکوومەتکردنی دەبینی و بەو کارە ڕۆحی خۆپەرستیی خۆی ڕازی ڕادەگرت. ئەو خەونی بە دێو و درنجەوە دەبینی، کە بە کۆمەڵ بۆ لای دەهاتن و لە کۆتاییدا باوەڕیان بەپەیامەکەی دەهێنا. بە سواری ئەسپ کۆچی بۆ ئورشەلیم دەکرد، خۆی وەك ئیمام و پێشنوێژی هەموو پێغەمبەرەکانی تر لە ئەژمار هینابوو، هەڵدەفڕێ بۆ ئاسمان و لەگەڵ خودا لەسەر تەختێك دادەنیشت. کاتێ هێزی سوپاییشی هەبوو، هەتا سەرجەم ناوچەکانی دەوروبەری خۆی نەخستە ژێر حوکمی خۆیەوە، ئارام نەبۆوە.

خۆپەرستیی هەم پەیوەندیی بە متمانە بەخۆ بوونەوە هەیە و هەم بە گرێی خۆ بەکەمزانینەوە. خۆپەرستان بە داخوازی و هاواری بێ ئەملا و ئەولا بۆ گوێڕایەڵی و یاسای تایبەت، ناودێر کراون. دەشزانین کە ژمارەی ژنەکانی محەمەد زۆر لەوە زیاتر بووە کە بۆ لایەنگرەکانی بە فەرمی ئیزن داوە. تەنانەت زەماوەند لەگەڵ بووکەکەی خۆیشی تەنیا بە هۆی یاسای تایبەتی کە لە قورئانیشدا باسی لێوە کراوە، مومکین کردووە. ئەو یەك لە پێنجی دەسکەوتی شەڕی بۆ خۆی هەڵدەگرت و پاشماوەکەشی بەسەر شەڕکەرەکانیدا دابەش دەکرد. بڕیارەکانی بەهۆی هێزی قورئانەوە جێی ڕەخنەلێگرتنیان لێ بەستراوە(سووڕەی ٣٣ ئایەی ٥٦). زۆربەی ئەو کەسانەی پشتیان تێکردووە و یاخود ڕەخنەیان لێ گرتووە، دەبوو بکووژرێن.

زۆربەی جار خۆپەرستان هەست بە ئیمپاتی(سۆز) ناکەن و ویست و هەستپێکردنی ئەوانیتر نابینن و یاخود گرنگایەتیی پێ نادەن. هەڵس و کەوتی محەمەد لە هەنبەر هۆزە جوولەکەکان و دەستڕێژی سێکسی بە سەفییە لە ڕۆژی کووژرانی باوك و برا و مێرد و بنەماڵەکەی، دوو نموونەی زەقن بۆ کێشەی نەبوونی هەستی ئیمپاتی پێغەمبەر. خۆپەرەست نەتەنیا داوای گوێڕایەڵی و سەردانەواندن لە لایەنگرەکانی دەکات، بەڵکوو داوای خۆ قوربانیکردنیشیان لێ دەکات. لە پشت هەر دیکتاتۆرێك

---

[١٤٩] Ali Sina: Understanding Muhammad. A Psychobiography of Allahs Prophet, S. ٦١

خۆپەرەستێك ڕاوەستاوە. ئەو سەروەری و ملهوڕیی و زۆرداریبە ڕەنگە هەمیشە داوای ئەوە لە مرۆڤ نەکەن کە وەك کەسایەتییەك پەرستشیان بکەن، بەڵام چاوەڕوانیی لە لایەنگرەکانیان دەکەن کە بە هەموو هێزیانەوە بۆ مەبەستەکانیان پشتیوانیان لێ بکەن. ئەو هەڵس و کەوتانە پڕ بە پێستن بۆ هیتلێر، ستالین و محەمەد. سەرەڕای ئەوەش خۆپەرەستیی دەبێتە هۆی هەڵس و کەوتی لەخۆبایی بوون، بەسەر خۆدا هەڵگوتن و ئاکامەکەشی دەبێتە ئاکار-خراپی لە هەنبەر بچووکترین ڕەخنەدا.

## ئاڵۆزی و وەسواسی فیکری و کردەوەیی

محەمەد مرۆڤێکی لە ڕادەبەدەر کۆنترۆڵچی بووە. ئەو هەڵسو کەوتەشی تەنیا لە خوداکەیەوە وەك ئاوێنەیەك لەخۆی داوەتە دەرەوە. خودایەکی بەخیل، کە ٢٤ کاتژمێر کۆنترۆلی مرۆڤ دەکا و نەك هەر بۆ کردەوەکانیان بەڵکوو بۆ بیرکردنەوەش سزایان دەدات:

*"هەر شتێك لە ئاسمان و زەویدا بێت، هێ خودایە. لەبەر ئەوە، ئەو نیازەی لە دڵتان دایە چ ئاشکاری بکەن یا بیشارنەوە، خودا بەو پێوەرە هەڵس و کەوتتان لەگەڵدا دەکات، هەرکەسێکیشی بیهەوێ (ئەگەر شایانی بێ) دەیبەخشێ و هەرکەسیشی پێ خۆش بێ و شیاوی بێ سزای دەدات. خودا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە".* (سوورەی ٢ ئایەی ٢٨٤).

محەمەد لایەنگرەکانیشی زۆر بیرمەندانە کۆنترۆڵ دەکرد. پێنج جار لە ڕۆژدا بە بیانوی نوێژکردن لە دەوری خۆی کۆ دەکردنەوە. هیچ بیانوویەکیشی بۆ بەشدار نەبوون، جگە لە نەخۆشییەکی قورس یا سەفەری ڕێی دوور، لە لایەنگرەکانی قەبووڵ نەدەکرد. محەمەد بەهۆی یاساکانی حەدیسەوە هەموو پێویستیی یاخود هەڵس و کەوتێکی بۆ لایەنگرەکانی ڕوون کردبووەوە: ریتمی خەوتن، چەشنی جل و بەرگ لەبەرکردن، چالاکی سێکسی، کاروباری سەفەر، خواردن، خواردنەوە - و ئیتر بۆ هەموو شتێك بە ڕوونی و وردی یاسای بۆ دانابوون. تەنانەت بۆ چوونە سەر ئاودەست یاخود با لێبوونەوەش یاسای خۆی بۆ داناون.

زۆربەی ریتوال یاخود ڕێ و ڕەسمی ئیسلامیی لە دووپاتبوونەوەی بێ مانا پێکهاتوون، وەك نوێژکردن و ڕێ و ڕەسمی خۆ خاوێنکردنەوە. بە پێی ئەو ڕێ و ڕەسمانە هەر موسوڵمانێك دەبێ لە ڕۆژدا پێنج جار، تەنانەت لەو ناوچانەی ئاویش

وەگیر ناکەوێ، بۆ نوێژکردن خۆی بشواتەوە. هەر کام لە ئەندامانی لەش دەبێ سێ جار بە ئاو خاوێن بکرێنەوە. ئەگەر بێتو ئاو وەگیر نەکەوێ، ئیزن بە مرۆڤی موسوڵمان دراوە، بە هەمان شێوە، بتوانێ بە خۆڵ و زیخیش دەستنوێژ بگرێ. هەر کەس ئەو ڕێ و ڕەسمە بەجێ نەهێنێ، دەبێ تاوانی بۆ بدا: محەمەد لایەنگرەکانی بە سزادان دەترسێنی کە هەر کەس نەتوانی بۆ دەستنوێژ دەستی بە ئاو یا زیخ بگەیینێ، لە قیامەت لەلایەن خوداوە دەسووتێنرێت.

ئەو چەشن هەڵس و کەوتانە تەنیا پرسیاری خاوێن ڕاگرتنی مرۆڤ نەبووە کە بەهۆی پیس و پڵۆخی مرۆڤی ئەو سەردەمە و گۆمانی حەمبەڵی بوونی محەمەدەوە بێت، ئەو کارە زۆرتر پەیوەندیی بە ناچار کردنی مرۆڤ لە لایەن محەمەدەوە بۆ کۆنترۆڵی ئەوان بووە. تەنانەت تا ئەمڕۆش سەرەڕای پاك و خاوێنبوونی مرۆڤی ئەم سەردەمە، هەر موسوڵمانێك ناچار بە خاوێنکردنەوە یاخود دەستنوێژگرتنی پێش نوێژ دەکرێ، تەنانەت کاتێك دەستی لە ژنێك بکەوێ یا بای لێ بێتەوە، تەواو بەو شێوەیەی محەمەد بۆی دیاری کردوون.

مرۆڤ دەبێ بە لاقی ڕاستی بچێتە ناو مزگەوتەوە، بەڵام بۆ چوونە ناو ئاودەست دەبێ قاچی چەپی وەپێش خات. پێش چوونە ژوور بۆ ناو ئاودەست دەبێ دوعا یاخود ناوی خودا بهێندرێ بۆ پارێزگاریکردن لە مرۆڤی موسوڵمان لە هەنبەر جندووکە و دێو درینج کە دەبێ هەمیشە خۆیان لە جێگای تاریك و تەنگ و ترینجدا شاردبێتەوە. دوای تەواوبوون لەسەر کاری ئاودەست هەمیسان ناوی خودا بۆ سپاس دەهێندرێ کە لە بەرانبەر ئەو بوونەوەرە مەترسیدارانە پارێزگاریی لێکردووە. لیستەی دۆعاکانی ڕۆژانەی مرۆڤێکی موسوڵمان بەو نموونانە درێژە پێدەدەین:

هەر موسوڵمانێکی باش و تەواو بۆ سەلماندنی ئایینی بوونی خۆی، دەبێ هەنگاو بە هەنگاو لاسایی هەڵس و کەوتی پێغەمبەر بکاتەوە. لەوێدا مافی چارەنووس، نەرمی نواندن، خۆڕێکخەری و خوڵقێنەریی هیچکام پێشبینی نەکراون، ئەو ئەرکانە بۆ عالمانی ئیسلامیی ئەمڕۆیی بارودۆخێکی هاسانتر بۆ حاکمبوونیان بەسەر موسوڵماناندا پێکدێنن.

تەواوی کاتی بەرنامە تەلەفیزیۆنیەکان بەوە پڕ بۆتەوە پرسیاری ئاسایی ڕۆژانە لە ڕوانگەی محەمەدەوە بۆ موسوڵمانان ڕوون بکەنەوە. کێشەی گەورە لێرەدا ئەوەیە کە مەبەستی سەرەکی سرنجڕاکێشانی مرۆڤ بۆ پاك و خاوێنی یا هەڵس و کەوتی ڕاست و دروست نییە، بەڵکوو ئەوەیە کە هەر مرۆڤێك خۆی لەگەڵ ئەو یاسایانەی محەمەد دایناون ڕێك نەخات و بەجێیان نەهێنێ، بە چاوی مرۆڤێکی پیس و چەپەڵ و گوناهبار سەیر دەکرێن.

گوتە و کردارەکانی محەمەد بوونەتە هۆی ئەوەی تا ئەمڕۆش موسوڵمانان بە مەرجی ئەوەی هەموو ئەو یاسایانەی محەمەد بۆی داناون بەڕێوە بەرن، خۆیان بە کەسانێکی سەربەست و نزیك بە خودا هەست پێدەکەن. موسوڵمان بۆی نییە تەنیا بەشێك لە ڕێ و ڕەسمەکان بەجێ بێنێ و ئەوانیتریان بەڕێوە نەبا. ئەو سنوور و چوارچێوەیە کە وەدوای هەر هەنگاوێکی محەمەد بکەون، بە ناچار زۆربەی گەنجی موسوڵمان دەخاتە بازنەیەکی شەیتانییەوە، کە هەست بە گوناهبار بوون و ترس لەهەنبەر زۆربوونی تاوان، زۆر بە ساکاریی بەرەو ڕێکخراوە ڕادیکاڵەکانیان ڕێنوێنی دەکا. چونکە تەنیا لەو ناوەدا، مرۆڤ دەتوانێ هەست بەو ژیانە سیمبولیکە بکات کە پێغەمبەر و مرۆڤی دەوروبەری ١٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا بەڕێوەیان بردووە. ترس لەوەی نەکا مرۆڤ ڕوانگەی بگۆڕدرێ و بگەڕێتەوە سەردەمی تاوانباریی، لەناو تاقمێکی موسوڵماناندا دەبێتە هۆکار، بۆ شەهید بوون و بەختکردنی ژیان. لە نەهایەتدا ڕێگای دەرچوون لەو گێچەڵە زۆر سامناکە: مرۆڤی شەهید نەک هەر چاوپۆشی لە هەموو گوناهەکانی دەکرێ، بەڵکوو بۆ هەمیشە جێگای لە بەهەشتدا گارانتی دەکرێ.

ئەوەندەی محەمەد لایەنگری زیاتر دەبوون، بەو ئەندازەیەش بارودۆخەکە و کۆنتڕۆلکردنیشیانی بۆی دژوارتر دەبوو و هەستی گومانی زیاتر تێدا پەروەردە دەبوو. تاوانبارەکان بە سزای ئەندامیی(لەشی)، سزادەدران و بێ دینەکان بە کوشتن. محەمەد ڕێگا چارەی کێشەی کۆنتڕۆڵی مرۆڤی دەوروبەری خۆی بە شێوەیەکی لەڕادەبەدەر سەرسووڕهێنەر دۆزییەوە و ئەو ئەرکەی بە فریشتەکان ئەسپارد: فریشتەکانی وەك هەواڵبەری نهێنی لەسەر شانیان دانا. بە گوێرەی قورئان لایەنگرەکانی محەممەد لە

دوو فریشتە دەترسێنرێن کە لەسەر شانیان وەك سیخوڕ وەستاون، چاوەدێرییان لێ دەکەن و ٢٤ کاتژمێر هەموو کردەوەکانیان دەنووسنەوە (سوورەی ٥٠ ئایەی ١٧ و ١٨). هاوکات لەگەڵ ئەویدا کە شەیتان لە هەر کات و ساتێکدا هەوڵیداوە ئیماندارەکان لێ ڕێی ڕاست لا بدات، فریشتەکانی سەر شان وەك سیخوڕێك هەموو هەڵس و کەوتێکی مرۆڤیان بە چاك و خراپەوە نووسیوەتەوە. دابەشکرانی ئەرک بەسەر فریشتەکاندا بە شێوەیەکی باش و ڕێك و پێك هاتۆتە یارمەتیی محەمەد.

مەترسیی لە ڕێگای ڕاست ترازان لە لایەن شەیتانەوە و سووتانی هەمیشەیی لە جەهەنەم، کە زیاتر لە ٤٠٠ جار لە قورئاندا هاتووە، بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر موسوڵمانان لە ژێر گوشار دادەنێن. لایەنگرەکانی محەمەد دەبوو ڕۆژ بە ڕۆژ قایمتر باوەڕی خۆیان بە ئایینی ئیسلام بسەلمێنن. هەر هەڵەیەك لە هەڵس و کەوتیاندا بە گومانی کارتێکەری شەیتان لەسەر مرۆڤەکە مانا دەکراوە. تەنانەت تا ئەمڕۆش ئەو هەڵس و کەوتانە هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە. ئەزموونەکەشی ئەوەیە کە نەتەنیا بیری دژ بە ئایینی و ڕەخنە لغاو کراوە، بەڵکوو تەنانەت بیرێکی ئازادی کەسیی یاخود بچووکترین بڕیار کە جیاوازیی لەگەڵ نووسراوەکانی قورئان یاخود هەڵس و کەوتەکانی محەمەد دا هەبێ لە مرۆڤ قەدەغە کراوە. لێرەدا بەڵگە و لۆژیکی مرۆڤ لە حیساب نایە، بەڵکوو تەنیا بڕیارەکانی محەمەد بە گرنگ دەناسرێن و مرۆڤ ناچار بە بەجێهێنانی ئەوان دەکەن. هەر چەشن لادانێك لەو یاسایانە بە تاوان دێنە ئەژمار و هەر گوناهێك دەبێتە هۆی خۆ بە تاوانبار زانینێك. ئاواتی خۆ شوشتنەوە لەو تاوانانە، مرۆڤی موسوڵمان ناچار دەکات هەمیسان بە هەستی دەروونی خۆیەوە بنووسێتەوە و بۆ هەوڵدانی قەرەبووکردنەوەی تاوانەکەی هێندەیتر گیرۆدەی ئایینەکەی بکرێتەوە. مرۆڤ دەکەوێتە بازنەیەکی شەیتانییەوە کە لێدەرچوونی زۆر دژوارە. ئیسلامیستەکان و تێرۆریستە ئیسلامییەکان بە مەیل و خواستەوە باس لە تاوانەکانی پێشوویان دەکەن و لەگەڵ ڕابردووی تاوانبارییانماڵئاوایی دەکەن. مەترسی گەڕانەوە بۆ هەڵس و کەوتی پێشوویان وەك موتۆڕێکی بەهێز بەرەو رادیکاڵبوونیان هان دەدا و ئورگانیزەیان دەکا. جا چ ناویان داعیش، سەلەفی، ئەلقاعیدە یا تالبان بێ، هەر هەموویان خۆیان بە درێژەپێدەری ڕێگای محەمەد دەزانن و دیارە خۆشیان بە تەنیا ڕێگای ڕاست دادەنێن.

## پارانۆیا

هەر کەس خۆی دەستیکەم بگرێت، بە ئەگەری زۆر دوژمنانی دەوروبەریشی دەستیکەم دەگرێ. بە پێی هەواڵی سەرچاوە ئیسلامییەکەنی سەردەمی محەمەد، پازدە جار هەوڵی کوشتنی محەمەد دراوە. سێ یان لە لایەن عەرەبە بێ دینەکان و دوازدەشیان لە لایەن یەهوودییەکانەوە بەڕێوە چووە. پێشتریش لەو نووسراوەیەدا ئاماژەم پێکرد کە فریشتەی سەرەکی جبرەئیل محەمەد لە پلانی پیاوێکی جوولەکە بە مەبەستی کوشتنی ئاگادار دەکاتەوە. پێغەمبەر بە بێ پشکنین یاخود هەبوونی بەڵگە، تەنیا لەسەر فانتازی و خەیاڵاتی خۆی هێرش دەکاتە سەر تەواوی هۆزەکە، کە لە کۆتاییدا بووە هۆی دەرکردنیان لە مەدینە و ئاوارە کردنیان.

هەروەها ئاماژەم پێکرد کە محەمەد پێش مردنی گوتبووی ژنێکی جوولەکە هەوڵی دەرمانداوکردنی داوە. ئیمامی شاری ڤیەنا- عەدنان ئیبراهیم "Adnan Ibrahim"، ئێستا ئەو ڕووداوە مێژووییە زیندوو دەکاتەوە و لە ئامۆژگاریی بۆ ئیسلامییەکاندا سوێند دەخوات تۆڵەی ئەوکارەی وا لە هەنبەر محەمەد کراوە، لە جوولەکەکان دەکاتەوە. بەو کارەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان یەهوودی سەردەمی محەمەد و یەهوودی ئەم سەردەمە پێکدێنێ: *"هیوادارم خودا لعنەت لە نەتەوەی یەهوودی بکات. (...)ئەوان تەنیا گزی و فێڵ، خەیانەت و کوشتن دەناسن"*.

خاڵی ترسهێنەر لەو گوتەیەدا ئەوەیە: عەدنان ئیبراهیم وەك مرۆڤێکی ئایینی ئەوتۆ نەناسراوە کە رق و کینە لە ناو نەتەوەکاندا بڵاو بکاتەوە. کۆتایی نامەی خوێندنەکەی لە زانستگەی ڤیەنا "ئازادیی ئایین لە قورئان" بووە. ئەو مرۆڤە نەك هەر بۆ موسوڵمانانی وڵاتە عەرەبییەکان وەك ئیمامێکی نموونە لە ئەژمار دێ، بەڵکوو لە ئورووپا و بە تایبەت لە وڵاتی ئوتریش بەهۆی پێکهێنانی ڕێفۆرمی نوێی ئیسلامیی وەك مارتین لوتەر کینگ سەیر دەکرێ. سەیر ئەوەیە تەنانەت لە زمان ئەو مرۆڤەشەوە

ئامۆژگاریی ئاگرین دێتە دەرێ، سەرەڕای جنێو دانی بە داعیش و گوتنی ئەوەی کە ئیسلامی ڕاستەقینە لە لایەن ئیسلامیستە ڕادیکاڵەکانەوە دزراوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئەو ئیسلامییە ڕادیکاڵانە کێن، و کێ ئەوانی بەو ڕێگایە کێشاوە؟ عەدنان ئیبراهیم وەڵامەکەی هەر لەو ئامۆژگارییەیدا دەداتەوە. ئەو دەڵێ: *"داعیش پرۆدوکت یاخود بەرهەمی دوژمنانی ئیسلامە بۆ هەڵوەشانەوە و کۆنترۆڵی باشتری وڵاتە ئیسلامییەکان."* تێئۆرییەکی ئاژاوەچییانە کە ئەویش هەر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی محەمەد. محەمەد نەک هەر یەهوودییەکانی سەردەمی خۆی کونترۆڵ دەکرد، بەڵکوو شەڕێکیماڵوێرانکەری لە نێوان موسوڵمان و یەهوودی وەها وەڕێخست کە بە گوێرەی ئەوان تا قیامەت درێژەی دەبێ و لە کۆتاییدا بە سەرکەوتوویی موسوڵمانەکان تەواویی پێ دێ. ئەو توونا کردنە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕزگاری و ئازادیی موسوڵمانانەوە هەیە. دوای ئەو ڕزگارییەش قیامەت دێ.

هەستی گوماناوی بوونی محەمەد تەنیا لە هەنبەر یەهوودییەکاندا نەبووە، بەڵکوو هەموو نەتەوەکانیتری سەر زەویش دەگرێتەوە. ئەگەرچی لە قورئاندا نووسراوە کە خودا مرۆڤی بەسەر نەتەوە و هۆزەکاندا دابەش کردووە، بۆ ئاشنابوون لەگەڵ یەکتر... (سوورەی ٤٩ ئایەی ١٣)، کەچی محەمەد بارودۆخی پێش قیامەت بۆ وەچەکانی داهاتوو ئاوا بەیان دەکات:

*"ڕۆژێك دادێ کە نەتەوەکانیتر وەك خەڵکی برسی کە لە دەوری خواردەمەنی کۆ دەبنەوە، بەسەرتاندا دادەبارێن، (...) ئێوە لەو ڕۆژەدا ژمارەتان یەکجار زۆر دەبێ، بەڵام لاواز وەك کا لە بەرابەر سێڵاوێکدا. ئەوان هیچ ترسێکیان لە ئێوە نییە، چونکە ئێوە دڵتان لاوازە. (...) دڵەکانتان بۆیە کز و لاواز دەبێ، چونکە ئێوە ژیانتان خۆش دەوێ و ڕقتان لە مردن دەبێ".* [١٥٠]

ئیسلامیستەکان ئەو گوتەیەی محەمەد تا ئەمڕۆش لە دانیشتنەکانیاندا دووپات دەکەنەوە و بارودۆخی ئەمڕۆی موسوڵمانان بە بەڵگەیەک بۆ پێشبینییەکانی محەمەد

---

[١٥٠] Abū Dawūd: Sunan abu Dawūd, Hadith Nr. ٤٢٩٧

لەمەڕ ئەم سەردەمە مانا دەکەنەوە و بە هاندەرێك بۆ گەڕانەوە بۆ سەردمی هێز ودەسەڵاتی ئەو کاتی دادەنێن. ئەو ئاواتە کاتێك پێکدێ کە مرۆڤی موسوڵمان مردنیان زیاتر لە ژیان خۆش بوێ و جیهاد بەڕێوە بەرن. دروشمی شەڕکەرە تیرۆریستەکان دژ بە ڕۆژئاوا لەخۆوە دروست نەکراوە کە دەڵێ: *"ئێوە ژیانتان خۆش دەوێ، ئێمەش مردنمان خۆش دەوێ"*. تەنانەت بۆ زۆربەی ئەو موسوڵمانانەی شەڕخوازی رەد دەکەنەوە، دابەشکردنی مرۆڤی سەر ئەم هەردە بەسەر دیندار و بێدین وەك یاسایە. بەهۆی پێغەمبەرەکەیان و هەستی گوماناوییەکەی لە هەنبەر نەتەوەکانیتر دیوارێکی بەرز لە نێوانیاندا کێشراوە. لە هیچ جێیەکیتری ئەم هەردە بە قەرا وڵاتە ئیسلامییەکان باس لە تیئۆریی خەیانەت لە پەیوەندی لەگەڵ خۆیان و دنیای ڕۆژئاوا و یەهوودییەکان ناکرێت. بەو چەشنە هەڵس و کەوتە تەنیا کێشەکان جێگۆڕکی دەکرێن، دوژمن بە تاوانکار دادەنرێت و بەحیسابی بێ لیاقەتی خۆیان، بەرپرسایەتیی لە هەنبەر ئەرکەکانی کۆمەڵگا وەلا دەنرێت.

## ناتەوانیی گوێڕایەڵی لە ڕەخنە

ئەگەرچی لە هیچ جێیەکی قورئاندا بە ڕوونی نەنووسراوە کە مرۆڤ بەهۆی سووکایەتیکردن بە محەمەدەوە لە سێدارە بدرێ، بەڵام لە ژیننامەی محەمەددا زۆر جار باس لە مرۆڤی وا کراوە کە لەسەر کفر کردن و گاڵتەکردن بە پێغەمبەر، بە ئەمری محەمەد لە سێدارە دراون. بە پێی گێڕاوەکان ژمارەی ئەو کەسانە بە چل کەس دەگەن کە لە نێویاندا شاعیر و دەنگبێژیان تێدایە کە تەنیا ویستوویانە لە ڕێی هونەرەکەیانەوە قەشمەرە بە محەمەد و ئایینەکەی بکەن. تەنانەت لەو سەردەمەشدا بێدینی توانیویەتی بکوژ و جەرگبڕ بێ. النضر ابن الحارث "Al-Nadr Ibn Al-Harith" یەك لەو مرۆڤانە بووە. ڕۆشنبیرێکی خەڵکی مەککە، مرۆڤێکی دەنگخۆش کە سەری خۆی بە داب و نەریت و گێڕاوەکانی ئێرانی و یەهوودییەوە خەریك کردبوو و ڕۆژێك لە کۆبوونەوەیەکی خەڵکی مەککە دا سێ پرسیار لە محەمەد دەکا:

- خەوتووی افسس "Ephesus" کێ بوو؟
- ئەو پیاوەی بە دوو شاخەوە تەواوی زەوی گەڕاوە کێ بووە؟
- ڕۆح چییە؟

محەمەد نەیتوانیوە لەو کۆبوونەوەیەدا کتوپڕ وەڵام بداتەوە و بەڵێنی بە النضر ابن الحارث داوە ڕۆژێکی لەسەر ڕاوەستێ هەتا وەحی ئیلاهی پێ دەگا و ئینجا وەڵامی دەداتەوە. چەندین ڕۆژ تێپەڕ دەبێ بە بێ ئەوەی هیچ وەحیەك بۆ محەمەد بێتە خوارێ. دوو حەوتوو دواتر قورئان بە فریای هاتووە.[١٥١] لەپێشدا محەمەد بە گێڕاوەیەکی نامێژوویی لەسەر ئەسکەندەری مەزن بۆ ڕۆونکردنەوەی پیاوی دوو شاخ وەڵامی داوەتەوە. لە وەڵامی چیرۆکی خەوتووی افسس دا کە مرۆڤێکی ئایینی مەسیحی بە

[١٥١] Ibn Hischām: Sirat an-nabi, ١:٣٧٩

ناوی یەعقووب سارۆگ "jakob Sarug" (٤٥١-٥٢١) بووە و سروودێکی سەبارەت بە زۆرداریی ڕۆمییەکان وەك نیشانەیەک لە هەنبەر مرۆڤی ئایینی مەسیحی هەڵبەستووە کە محەمەد بە پتوونی لە سوورەی ١٨ بە ناوی "جەهەنەم"، وەك چیرۆکێکی ڕاستەقینە دەیهێنێتەوە. لەسەر پرسیاری سروشتی رۆح محەمەد وەڵامێکی سەرچڵی داوەتەوە: "ئەوان لەسەر رۆح لێت پرسیار دەکەن. بڵێ: رۆح کارێکی ئیلاهییە و لەسەر ڕۆح، زانیارییەکی کەم بە ئێوە دراوە" (سوورەی ١٨ ئایەی ٨٥).

ابن الحارث وەڵامەکانی محەمەد رەد دەکاتەوە و قورئان بە لاساییکەر و دووپاتکەرەوی گێڕاوە و خوڕافاتی سەردەمی کۆن ناو دەبا. هەروەها دەڵێ: ئەو خۆی دەتوانی ریوایەت و گێڕاوەی زۆر باشتر لە هی قورئان بگێڕێتەوە.[١٥٢] ئەو ڕاستییە کە ابن الحارث لە ناو کۆمەڵێکی خەڵکی مەککە ئەو سووکایەتییەی بە محەمەد کردووە، دەبوو تۆڵەی لێ بسەنرێتەوە. کاتێ دواتر محەمەد بووە حاکمی مەدینە، شەڕێکی مەزنی دژ بە خەڵکانی مەککە دەست پێکرد. لە نێوان ٧٠ کەسی بەدیلگیراوی شەڕ کە وەدەستی کەوتبوون، ابن الحارث یشیان لەگەڵدا بوو. لەگەڵ ئەوشداکە هەموو بەدیلگیراوەکان لە بەرانبەر پارەدا ئازاد کران، محەمەد دەستووری دا ابن الحارث و هەڤاڵێکی لە سێدارە بدرێن.[١٥٣]

شتێکی هاوچەشنیش لە حەدیسە کۆکراوەکانی ئەبوو داوود "Abū Dawūd" دا دەخوێنینەوە: " *ڕۆژێک محەمەد لە بەر دەرکەی مزگەوت تەرمی ژنێکی مردوو دەبینێ. ئەو لە نوێژکەرەکان پرسیار دەکات کێ ئەو ژنەی کوشتووە. پیاوێکی کوێر هەستا سەر پێی و گوتی: رەسووڵی خودا من ئەو ژنەم کوشتووە. ئەو ژنە کۆیلەی من بوو و دوو منداڵی وەك دەنکی یاقووتم لێی هەیە. ئەو دوێنێ سووکایەتی بە رەسووڵی خودا کرد. من پێم گوت کارەکەی باش نییە و نابێ شتی وا بڵێی. بەڵام ئەو سەرەڕای ئەوەش هەمیسان سووکایەتییەکەی خۆی دووپات کردەوە. لەسەر ئەو کارەی، من ناچار بە کوشتنی کرام، چونکە خۆڕاگریی ئەو سووکایەتییەی ئەوم نەبوو. لەسەر*

---

[١٥٢] Ibn Hischām: Sirat an-nabi ١:٣٧٧f.

[١٥٣] Ibn Hischām: Sirat an-nabi ٢:٣١٢

*قسەی ئەو پیاوە محەمەد رووی دەکاتە نوێژکەرەکان و دەڵێ*: **ئێوە هەمووتان شاهیدن کە خوێنی ئەو ژنە بە حەڵاڵ رژاوە".** [١٥٤]

کاری ترسێنەر لەو چیرۆکەدا تەنیا ئەوە نییە کە مرۆڤێك دایکی منداڵەکانی خۆی بەو تاوانەی کە گۆیا سووکایەتی بە محەمەد کردووە، دەکووژێ، بەڵکوو باوکردنی زۆرداریی و تووڕەیی لەناو بنەماڵە شەخسییەکاندایە. بەو کارە بەڕێوەبردن و ئیزنی کوشتن لە چوارچێوەی حاکمان و زۆرداران دێتە دەرێ و دەچێتە ناو ماڵەکانەوە.

هەر لە هەمان کۆکراوەکانی حەدیسدا چیرۆکێك لەسەر ژنێکی یەهوودی دەگێڕدرێتەوە کە لە لایەن هەڤاڵێکی محەمەدەوە خنکێندراوە، چونکە ژنەکە سووکایەتی بە محەمەد کردووە یاخود لە پشت سەری محەمەد قسەی کردووە. لێرەشدا محەمەد پشتیوانی لە مرۆڤکوژەکە دەکا و کارەکە بە شتێکی ئاسایی و فەرمی دادەنێ. [١٥٥]

کاتێ من لە مانگی ژوێنی ساڵی ٢٠١٣ لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسێک لە شاری قاهیرە بۆچوونی خۆم لەسەر ئەوە ڕاگەیاند کە ئیسلامی فاشیستی لە سەردەمی محەمەدەوە دەستپێکردووە، پرۆفسۆرێکی زانستگەی ئەلئەزهەر بانگی بۆ کوشتنی من دا و بۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ ئەو کارەی چیرۆکی کوشتنی ژنی پیاوە کوێرەکەی گێڕایەوە.

هەمیشە لە کاتی بێ هێزی و سەردەمە نائارامەکاندا یاسای سووکایەتیپێکردن بە شتە پیرۆزەکان توند و تیژتر دەکرێنەوە. محەمەد نەک هەر بەرگریی لە کوشتنی ڕەخنەگران نەدەکرد، بەڵکوو پلانی بۆ لەناوبردنی شاعیران و ئەو مرۆڤانە دادەڕشت کە تەنیا وەك 'حەنەك' ناوی ئەویان لە شیعرەکانیاندا هێنابوو، وەك شاعیر كعب ابن الشرف "Kaa’b Ibn al-Ashraf" کە محەمەدی تۆمەتبار کردبوو بەوەی تێکستی قورئانی لە نووسراوە یەهوودییەکانەوە دزیوە بە بێ ئەوەی لە مەبەست و ناوەڕۆکی نووسراوەکان تێ گەیشتبێت. محەمەد لە هەنبەر ئەو چەشنە گوتانە، بەتایبەت خستنە ژێر پرسیاری خوداکەیدا بە هیچ شێوەیەك خۆڕاگریی نەدەکرد، هەر بەو هۆیەش

---

[١٥٤] Abū Dawūd: Sunan abu Dawūd, Hadith Nr. ٤٣٦١

[١٥٥] Abū Dawūd: Sunan abu Dawūd, Hadith Nr. ٤٣٦٢

فەرمانی کوشتنی ئەو شاعیرە یەهوودییەی داوە. تەنانەت فەرمانی کوشتنی ئەو کەسەشی دا، کە پێشتر وەحیەکانی بۆ دەنووسیەوە.

محەمەد سوورەیەکی بۆ خوێندبۆوە کە لەوێدا خودا پەرەسەندنی کورپەڵە یا پێزی لە دانە بچووکەکانی سپێرمەوە بۆ خوێنی دەڵەمە و گۆشت و ئێسقان ڕوون کردۆتەوە. نووسەرەکە بۆخۆی کومێنتارێکی لەسەر ئەو سوورەیە بەو شێوەیە نووسیبوو: "کە وابوو ستایشی خودای موبارەك دەکەین، کە باشترین خوڵقێنەرە!" محەمەد بە نووسەرەکە دەڵێ بەڵێ، خوداش ڕاست بەو شێوەیە سوورەکەی بۆ نازڵ کردووم و ئەمری پێدەکا ئەو گوتەیە لە ئاخری سوورەکە زیاد بکات. نووسەرەکە، گومانی لە وەحیەکانی محەمەد تێدا پێکهاتووە و ویستوویە محەمەد تاقی بکاتەوە. جارێك بەجێی ئەو گوتەیەی وا محەمەد بۆی خوێندۆتەوە، شتێکیتری تێدا نووسیوە. دواتر بینیویە کە محەمەد جیاوازیی نێوان وەحیەکانی خودا و نووسراوەی نووسەرەکەی هەست پێ نەکردووە. نووسەرەکە ئایینی ئیسلامی وەلا ناوە و لەناو خەڵکیدا گێڕاویەتەوە کە قورئان گوتەی خودا نییە. لەبەر ئەوە محەمەد حوکمی کوشتنی نووسەرەکەی داوە. تەنیا بەهۆی ناوبژی کردنی چەند کەس لە بازرگانە دەوڵەمەندەکان و عوسمان کە دواتر بوو بە خەلیفەی ئیسلام، محەمەد لەو کارە پەشیمان کراوەتەوە. بەڵام ئەو بەخشین و لێبووردنە نەبووە هۆی ڕزگاریی شاعیر و نووسەرەکانیتر بەڵکوو لەسەر ڕەخنەیەکی بچووك لەهەنبەر سوورەکانی محەمەد، گیانی خۆیان بەخت کردوە.

هەر کەس سووکایەتی بە محەمەد کردبایە ژیانی خۆی دەخستە مەترسییەوە. ئەو کارە وەك یاسای لێهاتبوو، بەڵام لەهەر جێگایەك و لە هەموو مێژوویەکی ئیسلامیدا بەڕێوە نەچووە. لە نێوان سەدەی هەشتەم و یازدەهەمدا ئەو یاسایە لە بەغدا و ئیسپانیا هیچ ڕۆڵێکی نەدەگێڕا چونکە بارودۆخی بەهێزی نیزامی و ئابووری بۆ پتەوی و خۆڕاگری بەهێزی دنیای ئیسلام بەرپرس بووە. وەرگەڕانەوە و لادان لە دین لە نێوان شاعیران و ئەدیباندا ببوو بە مۆد. کەچی لە سەردەمی خاچ پەرستەکانەوە تاوانی توند و تیژی لادان لە دین و سووکایەتی کردن بە پێغەمبەر، بەرپرسانی ئایینی لێك نیزیك کردۆتەوە و بۆ پێشگری لەو کارانە ڕێکی خستوون. باوکە گەورەی مودێرنی سەلەفییەکان ابن تەیمییە "Ibn Taimiyya" لە سەدەی ناوەڕاستدا پەرتووکێکی بە ناوی

"شمشیری کێشراو لەهەنبەر سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر"دا نووسی و سەدان بەڵگەی بۆ لە سێدارەدانی ئەو چەشن مرۆڤانە هێنایەوە.

تا ئەمڕۆش زۆربەی موسوڵمانان لەسەر ئەو باوەڕەن کە سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر شایانی سزادرانە، بەڵام لەسەر چەشنی سزادانەکە دەنگی جیاوازیان هەیە. تاقمێك دەڵێن، تەنیا خودا بۆی هەیە، ئەو مرۆڤانەی بە پێغەمبەر سووکایەتی دەکەن، سزا بدا و بڕێکیش لەسەر ئەو بۆچوونەن کە موسوڵمانی ڕاستەقینە دەبێ تۆڵە لەو مرۆڤانە بستێنێتەوە. بە دوای هێرشی داعیش بۆ شارلی هێبدۆ "*Charlie Hebdo*" دیارە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی ئەو کارەیان بە فەرمی مەحکووم کرد، کەچی لە مێدیاکانی وڵاتانی عەڕەبیدا هەست بە خۆشحاڵیی خەسارگەیاندنی ئەو کارە دەکرا. عەڕەبستانی سەعوودی لە سەرەخۆشی پاریسدا بەشداری کرد بەڵام چەند کاتژمێر دواتر بلاگ نووس رائیف بدەوی "Raif Badawi" لە شاری جەددە بە هۆی ڕەخنە گرتن لە ئایینی ئیسلام، قامچیکاری دەکرێت و دە ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت. سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ کۆمەڵێکی خەڵکی لە کابولی ئەفغانستان لاوێکی ئەفغانیان بەردەباران کرد، بەو تاوانەی گوایە قورئانی سووتاندووە. مامۆستایەکی ژنی قوتابخانەی ئینگلیزی لە سوودان زیندانی کرا بەو تاوانەی ناوی بووکە ورچەکەی خۆی نابوو محەمەد. هەروەها کلووپی تۆپی پێی شاڵکە لە ئاڵمان لەبەر ئەوەی لە سروودێکیاندا گوتبوویان: "محەمەد پێغەمبەرێك بوو کە لە تۆپی پێ نەدەگەیی"، کەوتنە ژێر ڕەخنەی زۆر توندی ئیسلامیستەکانەوە. سەرەڕای ئەو هەموو رەخنانەش لای کەم ناوەندی ئیسلامی لە ئاڵمان ڕایگەیاند: "محەمەد نەیدەتوانی زانیاری لەسەر تۆپی پێ هەبێت."

نەخۆشییەکانی پێغەمبەر بە ئازارە کەسییەکانی خۆیەوە دەستی پێکردووە بەڵام خۆراك و پێویستییەکەی وێنەیەك بووە لە خوداکەی کە نە جێی خستنە بەر باسە و نە بەرپرسایەتیی دەکەوێتە سەر. خودایەك کە مرۆڤ لە ڕێی دوورەوە هیدایەت دەکا و هەمووشتێك بەهۆی یاسا و قەدەغەکانیەوە کۆنتڕۆڵ دەکا. ئەو ئاگای لە ئاکاری مرۆڤ هەیە و بۆ هەر هەڵەیەك و تەنانەت بۆ بیرکردنەوەی جیا لە یاساکانی خۆیشی، سزایان دەدا و ئیزنی لە ژێر پرسیار خستنی خودایان پێ نادات. هەموو بڕیارێک هەر خۆی دەیدا و هەمووشتێکیش خۆی کۆنتڕۆڵی دەکا. خودا خۆی مێژوو و چارەنووسی مرۆڤی

دیاری کردووە، نەك مرۆڤ و ئاکارەکانی. لێرەشدا هەم کێشەی سەرەکی و ناوەندیی دەستپێدەکات و هەم ئاماژە بە ڕێگاچارەکەی.

ئەوشتەی دنیای ئیسلامی نەخۆش کردووە، تەنیا ئەوکاتە دەتوانێ سارێژ بکرێت کە موسوڵمانان بتوانن خۆیان لە نەخۆشییەکانی پێغەمبەرەکەیان دوور بخەنەوە: باوەڕ بە چارەنووس، وەسواسی بیر و بۆچوون، متمانەبەخۆیی، پارانۆیا، ناتەوانیی گوێڕایەڵی لە ڕەخنە و هەروەها هەستی تووڕەیی. وێنەی چەواشەکردن و بە لاڕێدابردنی خودا، کە وەك نموونە و ڕێنموونیەك بۆ کۆمەڵگای لێهاتووە، دەبێ بخترێتە ژێر ڕەخنەوە. ڕێفۆرمێك کە ئیزنی نەبێ سێ یەی 'محەمەد، خودا و قورئان' بخاتە بەر ڕەخنە، ڕێفۆرم نییە بەڵکوو خۆفریودانە. ئیسلامی فناتیك و ناتولەرانسی، بەرهەم و درێژەی تێنەگەیشتن لە تێکست و نووسراوەکان نییە، بەڵکوو بەرهەمی زێدەڕۆییە. ڕێفۆڕمی بیرکردنەوە ئەو کات دەستپێدەکات کە موسوڵمانان هەوڵ بدەن محەمەد لەناو چوارچێوە و قەفەزە پیرۆزەکەی ئازاد بکەن و تەنیا بە مرۆڤێکی دابنێن. تازە ئەوکاتە دەتوانن خۆیان لە بەندیخانەکەی ڕزگار بکەن و ببنە بەشێك لە مێژووی ئێستا، مێژوویەك کە نەك لە لایەن خوداوە بەڵکوو لە لایەن مرۆڤەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

## خەڵاتی شارلی هێبدۆ بۆ موسوڵمانان

چەندین ساڵ بەر لە ئێستا موسوڵمانێکی زۆر بە ئیمان بووم. لەگەڵ خوێندکارێکی ئاڵمانی لە ئاوکسبۆرگ ببووم بە هەڤاڵ کە پلانی دانابوو لە داهاتوودا ببێ بە مامۆستای ئایینی. ڕۆژێك پێکەوە دانیشتبوین و لێی پرسیم ئەگەر پێم خۆش بێ، نوکتەیەکی پێکەنینم بۆ بگێڕێتەوە. گوتی:

قەسابێکی شاری مونیخ دەمرێ و دەچێ بۆ بەهەشت. پێتروس "Petrus" لەبەر دەروازەی بەهەشت پێشی پێ دەگرێ و دەست دەکا بە دۆزینی گیرفانەکانی. پێتروس کاڵباسێکی قەڵەوی سپی لە گیرفانیدا دەدۆزێتەوە و لە قەسابەکە دەپرسێ ئەو شتە چییە و بۆ پێتە. قەسابەکە لە وەڵامدا دەڵێ: "ئەوە خواردەمەنی منە، من بە بێ ئەوە ناتوانم بژیم." پێتروس پێی دەڵێ تا ئەو کاتەی نەزانم ئەو شتەی پێتە چییە، ناهێڵم بچیە ژوورێ. پێتروس لە عیسا پرسیار دەکا ئایا ئەو شتە درێژە قەڵەوە دەناسێ؟ عیسا وەڵامدەداتەوە: "نا نازانم پێتروس، لە دایکم بپرسە، چونکە ئەو زیاتر لە بازاڕ خواردەمەنی دەکڕی و خۆی بەو شتانەوە خەریك دەکرد". پێتروس لە مریەم پرسیار دەکا ئایا ناسیاوی ئەو خواردەمەنییە درێژە هەیە؟ دایکی خودا، کاڵباسەکە لە دەستیدا ڕادەگرێ و بە سەبرا ڕێکی دەکوشێ ئینجا دەڵێ: "شتی ئەوتۆم تا ئەمڕۆ نەبینیوە، بەڵام زۆر لە داعباکەی روح القدس دەچێ!"

دوای گێڕانەوەی ئەو نوکتەیە بە جێی پێکەنین شۆکە ببووم. چلۆن دەکرێ باوەڕپێکراوێك کە دەیهەویست ببی بە مامۆستای ئایینی سووکایەتی ئاوا بە مرۆڤە پیرۆزەکانی ئایینی مەسیحی بکات! من خۆم لە کۆمەڵگایەکەوە هەڵکەوتبووم کە گاڵتەی زۆر تێدا دەکرا و بە مەیلەوە بە هەموو شتێك پێدەکەنیم. بەڵام گاڵتەپێکردن بە ئایین و بەتایبەت پێغەمبەر، شتێک بوو بە هیچ شێوەیەك بیریشم لێ نەدەکردەوە. تازە، باسی پاکبوونی مریەم لە قورئانیشدا ناسراو بوو. سووڕەیەك لە قورئاندا تایبەت لەسەر دایکی عیسا نووسراوە.

گێڕانەوەی ئەو نوکتەیە ترسێکی زۆری لە دڵی مندا پێکهێنا کە نەکا خوێندکارە ئاڵمانییەکانم شتێکی ئەوتۆ لەسەر پێغەمبەر بگێڕنەوە و گاڵتەی پێ بکەن. من لەوە دەترسام هەرچەند زیاتر خۆم لەگەڵ کۆمەڵگای ئاڵمانی تێکەڵاو بکەم، بەو ڕادەیەش نەخۆشیی ڕەخنە لە ئایین و شتە پیرۆزەکانم تێدا پەروەردە بێت. وەك مرۆڤێکی ئایینیی موسوڵمان و بە پێی قورئان دەبوو کەسایەتیی پێغەمبەرم لە هەموو کەس و تەنانەت لە دایك و باوکی خۆشم خۆشتر بوێ. ترس لە هەنبەر سیمبولە پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام منی خستە تەنیاییەکی بێ ئەملاو ئەولاوە. هاتمە سەر ئەو قەناعەتە کە بۆ پارێزگاری لە ئایینەکەم خۆم لە کۆمەڵگای ئاڵمانی و هەڤاڵەکانم دوور بخەمەوە.

چەند لە هاوڕێیانی محەمەد ئەو کات خۆشەویستیی خۆیان بە کوشتنی ئەو مرۆڤانەی لە پشت سەری قسەیان کردووە یاخود ڕاستەوخۆ دژایەتیان لەگەڵدا کردووە، دەربڕیوە. مرۆڤکوژەکانی شارلی هێبدۆ لاسایی هاوڕێکانی محەمەدیان کردۆتەوە. ئەوان دەیانزانی کە محەمەد ئەو کارەی ئەوانی پێ باشە و بەختەوەرییان بۆ بە دیاری دێنێ. وشەی عەرەبی سوخرییە "sukhriyya" بە مانای تانە یا حەنەك لە قورئاندا زۆر نەویستیار و نەخوازراوە چونکە زۆر جار خەڵکانی مەککە گاڵتەیان بە محەمەد کردووە.

ئەو کات لەو بارودۆخەدا نەبووم کە پیرۆزبوونی پێغەمبەر بخەمە ژێر پرسیارەوە، هەر بەو هۆیەوە لە زانستگە لە خوێندکارە ئاڵمانییەکان دووریم دەکرد. هرچەند زیاتر گۆشەگیر دەبووم بەو ڕادەیەش بۆچوونی هاوکارەکان و مێدیاکان لەسەر ئیسلام بۆم دژوارتر دەبوو. مرۆڤی ئاڵمانی دەوروبەرم بە دوژمن دادەنا و ئەوانەم پێ بێ ڕێزی بوو. دروشمم ئەوە بوو: "چونکە من موسوڵمانم، کەوابوو بێحورمەتیم پێ کراوە."

ساڵێك دواتر ئەو کاتەی هەوڵم دا بە گشتی لەگەڵ ئیسلام و تەوەری ئایین بە شێوەی ڕەخنەیی هەڵس و کەوت بکەم، هەستم پێکرد کە نووسراوە و گوتەی ڕەخنەئامێز دەتوانێ چەندە گرنگ بێ. کاریکاتۆرەکانی ساڵی ٢٠١٥ ی دانمارك بۆ گۆڕینی تێفکرینی من لەسەر تەوەری ئایین دەورێکی زۆر گرنگیان گێڕا. تاقمێکی زۆر لە موسوڵمانان دەچوونە سەر شەقامەکان و بە خۆنیشاندان خۆشەویستی خۆیان سەبارەت

بە پێغەمبەر و بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان نیشان دەدا. چەندین مرۆڤ لەو بارودۆخە نائارامەدا گیانی خۆیان لە دەست دا. کەس نەبوو بڵێ گیانی ئەو مرۆڤانە زۆر گرنگتر و بەنرخترە لە چەند وێنەی ڕەخنەئامێزی محەمەد.

دواتر چووم بۆ کۆپنهاگن پێتەختی دانمارك و لەگەڵ "Flemming Rose" ئەو ڕێداکتۆرەی بەرپرس بوو بۆ بڵاو کردنەوەی کاریکاتۆرەکانی محەمەد، چاوپێکەوتن و گفتوگۆم کرد. لەگەڵ تاقمێك مرۆڤی ڕۆشنبیر رووبەروو بوومەوە کە نە ڕق و کینەیان لەدڵدا بوو، نە لە لایەن ڕەگەزپەرستەکانەوە هیدایەت دەکران. یەك لەو مرۆڤانە گوتی: " ئەوە هیچ ڕێگاچارەیەك نییە ئێمە بێدەنگی لێ بێنین و محەمەد بەچاوی ڕەخنەوە نیشانی جیهان نەدەین، بەڵکوو ڕێگای دروست ئەوەیە کە موسوڵمانان فێر بن بە چاوی ڕەخنە لەگەڵ ئایین و تەوەرەکانیتر هەڵس و کەوت بکەن. من ئەو گفتوگۆیەم بە ڕۆژنامەیەکی ناوبەدەرەوەی میسر پێشنیار کرد کە بڵاوی بکەنەوە. لای کەم بەشێوەی دیجیتالی و لەسەر کامپیۆتر بۆ چەند خولەکیش بووبێ نیشانیان دا. ترسەنۆکیی ڕۆژنامەی لیبڕالی بووە هۆی دەرهێنانەوە و سڕینەوەی ئەو گفتوگۆیە.

لەپڕێکدا دەمتوانی هەست بە بیر و بۆچۆونی هاوپۆلە ئاوکسبۆرگییەکەی ئاڵمانم بکەم. ئەو بە ئایینەکەی خۆی پێ دەکەنی، چونکە ئازادانە و بە بێ هیچ گوشار، دوگم یاخود زۆرداربییەك بیری دەکردەوە. تەنیا ئازادی و ئازادبوون ئەو بارودۆخە بۆ مرۆڤ پێکدێنێ کە باوەڕەکەی ڕابگرێ و هاوکاتیش، کاتێ بەچاوی ڕەخنەوە سەیری دەکات، مەودای لێ بگرێ. کێشەی زۆربەی موسوڵمانان تەنیا لەو جیاوازییەدا خۆی دەبینێتەوە.

مێژووی ڕەخنە لە ئورووپا مێژووی ڕزگار بوون لە خوداکان و دەستپێکی مێژووی ڕۆشنبیرییە. لە سەردەمی رێنسانسدا ڕەخنەگرتن ئەدەبیاتی پێشکەوتوویی ڕووناکبیران بووە. پەرەسەندنی ئەدەبی زمانەوانی بەهۆی دانتە "Dante" و نووسراوەکەی بە ناوی "کومێدی خوداکان"ەوە هانگاوێکی بەرز بووە بۆ ڕزگاربوون لە دۆڵپای ئیشکی دوگم. ئێراسموس "Erasmus" ی رۆتێردام "Rotterdam" تەنیا رۆحی منداڵیی دانتەن. کارە ئەدەبییەکەی بەناوی ستایشی شێتانە "Lob der Torheit" پڕیە لە ڕەخنەی ئینسانی لە

دنیای ئایینی مەسیحی. ئەو، سەردەمێك دەستی بە ڕەخنەی خوڵقێنەر کرد کە هێشتا دۆزین و پشکنینی بیروباوەڕ لە لایەن کلیساوە بەڕێوەدەچوو.

لە سەردەمی ڕۆشنبیریدا "ڕەخنە" وەك کەرەسەیەکی ڕاهێنان بە مەبەستی فێرکردنی کۆمەڵانی خەڵك بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی خۆی لە کۆمەڵگادا بەرز کردەوە. ولتێر "Voltaire" فیلەسۆفی فەرانسەیی تەنیا منالێکی ئێراسموس بوو. زمانی ژەهراویی ڕەخنەگرانەکەی ئەو لەسەر کلیسا و ئایینی مەسیح ڕێخۆشکەرێك بوو بۆ پێکهاتنی شۆڕشی فەڕانسە کە بەردی بناغەی ئازادیی مرۆڤی ئەمڕۆیی دانا.

هەروەها شیلێر "Schiller" و گوتە "Goethe"ش لە کۆتایی سەدەی ١٨ دا نووسراوە ڕەخنەئامێزەکانیان کارتێکەریی لەسەر کۆمەڵگای ئورووپایی هەبوو. لە سەدان ئەدیب، ڕۆشنبیر و شاعیرانیترەوە بگرە هەتا دەگاتە شارلی هێبدۆ، کارتێکەرییان لەسەر ڕاهێنانی مرۆڤ بووە. ڕەخنەی سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتیی هەمیشە بەشێکی گرنگی خۆخاوێنکەرەوەی کۆمەڵگاکان بووە. تەنز، شۆخی و ڕەخنە دەتوانن گرێی فەرهەنگیی نەتەوە و کۆمەڵگا بکەنەوە.

بەو هۆیانەوە، ملهوڕەکان زۆرجار وەك نەخۆشیی حەساسییەت هەڵس و کەوتی تووڕە لەگەڵ تەنز و تەوس دەکەن، چونکە شۆخی و تەنز ترسی مرۆڤی ئاسایی لەهەنبەر زۆرداران بێڕەنگ دەکاتەوە. کاتێ ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٨٩ فتوای کوشتنی سەلمان روشدی دا، ئەو کارە تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە سەلمان روشدی پێغەمبەر و ژنەکانی لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە پیشان دابوو، بەڵکوو چونکە ئەو لە ڕۆمانەکەیدا "ئایاتی شەیتانیی" گاڵتەی بە خودی خومەینیش کردبوو.

لە پرۆسەی مێژووی ئایینی ئیسلامدا هەمیشە تۆمەت لێدان و "سووکایەتی کردن بە پێغەمبەر" لە لایەن حاکمانی کاتییەوە وەك بەهانەیەك بۆ سەرکوت کردنی دژبەرانی سیاسی کەڵکیان لێ وەرگیراوە. ئەگەر موسوڵمانان لەسەر پیرۆزڕاگرتنی کەسایەتیی پێغەمبەرەکەیان پێداگری بکەن، یارمەتیی ڕاستەوخۆ بە ڕاگرتن و بەهێزکردنی حاکمان دەکەن و پێش بە گۆڕانکاریی دەگرن.

تەنانەت یارانی ڕۆژئاوایی ئایینی ئیسلامیش کە کەسایەتییەکی تایبەتیان بۆ دۆزینەوەی حەسانەوەی دەرووونی لە محەمەد دروست کردووە، هێچ یارمەتییەك بە موسوڵمانەکان نادەن. ڕۆژێك دادێ کە مرۆڤی موسوڵمان منەتباری ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر دەبن. لەبەر ئەوە، من خۆم کاریکاتۆرەکانی شارلی هێبدۆ وەك خەڵاتێک بۆ موسوڵمانانی دەزانم، بەختەوەرییەك کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئەوی بە هێمنی و لەسەرخۆیی لەهەنبەر تێکستە پیرۆزەکان و کەسایەتییە ئایینییەکان هەڵس و کەوت بکرێت. ئەو کاریکاتۆرانە وەك شۆکی دەرمانی بوون بۆ موسوڵمانان، هەتاکوو سەرئەنجام موسوڵمانان بتوانن بزانن کێشەی سەرەکی، وێنەی ئیسلام لە ڕۆژئاوا نییە، بەڵکوو ئەو کردەوە و ئاکارانەیە وا بە ناوی ئیسلامەوە بەڕێوە دەچن.

هێرشکردنە سەر شارلی هێبدۆ دەبێ بۆ موسوڵمانان هەلێك بێ، تابۆی ڕەخنەگرتن لەسەر محەمەد کۆتایی پێ بێنێت، چونکە هیچ شتێك پیرۆزتر لە ژیانی مرۆڤ نییە، هیچ شتێك لە جیهاندا پڕبایەختر لە ئازادی و مافی مرۆڤ نییە. ڕەنگە دنیای ئیسلام پێویستی بە مارتین لۆتەر نەبێ و تەنیا ئێراسموس، ولتێر "Voltaire" یا خود چەندین شارلی هێبدۆ بتوانن چارەسەری کەن.

## فاشیزم و ئیسلام

فاشیزم چەشنە ئایینێکی سیاسییە. لایەنگرەکانی لەسەر ئەو باوەڕەن کەهەڵگری ڕێگای ڕاستەقینە تەنیا ئەوانن. لە سەر سەرەوە کەسێك بە ناوی سەرۆك ڕاوەستاوە کە بێ هەڵەیە و ئەرکێکی ئیلاهی لە سەر شانە بۆ یەکگرتوویی ئۆممەت و بەربەرەکانی کردنی دوژمنان و زەفەر بەسەردابردنیان. ئیدیۆلۆژی فاشیستی وەك ژارێکی ماڵوێرانکەر، لایەنگرەکانی بە قین و هەڵوێستی تۆڵە سەندنەوە، پەروەردە دەکات. ئەوان بە گشتیی دژبەریی دنیای مودێرن، ڕۆشنبیریی، مارکسیزم و بەتایبەت سەهیۆنیسم دەکەن و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەسەر لاشەی مردوودا دەڕۆن و تا پلەی مردن تێدەکۆشن.

هەموو تایبەتمەندییەکانی فاشیزم، ئیسلامی مودێرنیش دەگرێتەوە، کە شان بەشانی ئەوان لە سەدەی بیستەمدا پێکهاتووە. فاشیزم و ئیسلام هەردووکیان لەژێر گوشاری هەستی ڕووخان، دۆڕان و کوشتن و تووناکردنی کەسایەتی و ئیدیۆلۆژییەکانیان هەڵقوڵاون. ئامانجی ئەو دوو لافاوە تەنیا گەیشتن بە ئیمپراتوورییەکە کە مەبەستی سەرەکیان تەنیا لەناوبردنی دوژمنانیانە. تاقمێکیان ڕەگەزپەرستییان کردۆتە پیشەی خۆیان و بڕوایان بە نژادی ئاریایی هەیە و هەندێکیان بە خەیاڵ، دنیای خۆیان بە باشتر و ڕاستەقینەتر لە هەموو ئیدیۆلۆژییەکانیتر دەزانن.

کاتێك "بێنێتۆ موسولینی" Benito Mussolini لە ئیتالیا حیزبە فاشیستییەکەی خۆی دامەزراند، بیری لەوە دەکردەوە کە بە شێوەیەك ڕێبازەکەی لەگەڵ ئیمپراتۆریی مێژوویی ڕۆم گرێبداتەوە. بە ڕاشکاویی ئەو بۆچوونەی موسولینی لە "حەسەن ئەلبەننا" شدا بەدی دەکرێ کاتێ چەند ساڵ دواتر حیزبی "ئیخوان ئەلموسلمین"ی پێکهێنا، ئەویش ڕابردووی ئیسلامی وەك مێژوویەکی مەزن و نەگۆڕ سەیر دەکرد.

نووسەری تۆنێزیایی - فەرانسەوی"عەبدولوەهاب مەدیب" Abdelwahab Meddeb کێشەی سەرەکیی دنیای ئیسلامی مودێڕن لەوەدا دەبینێ، کە موسوڵمانان وەك سەردەمی سەدەی ناوەڕاست ئیتر ناتوانن بەڕێوەبەری هێزی جیهانی لە دنیادا بن. ناوبراو جیاوازیی مابەین ئەو ڕابردووە پڕ لە شانازییەیان و ئەو ڕاستەقینە تاڵەی ئەوڕۆیی، وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی کێشەی کێشە ئیسلامییەکان دژبە دنیای ڕۆژئاوا دەبینێ. لایەنگریی و دژبەریی بەردەوامی دنیای ئیسلام و ئەو هەستە چێکراوە کە گۆیا لە مێژوودا باش مامەلەیان لەگەڵدا نەکراوە، موتورێکی بەهێزی بۆ بەرەو پێش بردنی ئیسلامی فاشیستیی پێکهێناوە.

## بەردی بناعەی فاشیزم

ئەدیبی ئیتالیایی ئومبێرتۆ ئێکۆ "Umberto Eco" لە کارە ئەدەبییەکەی خۆیدا چوار نووسراوەی لەسەر ئاکار و سروشت بە گشتیی نووسیوە و لەواندا چاردە تایبەتمەندیی بۆ پێکهاتنی بنەڕەتیی فاشیزم ناو بردووە. یەك لەو تایبەتمەندییانە "فیرقە- نەریت" یاخود (گرووپ و دەستەی بەڕێوەبەری داب و نەریت)ە کە لە ڕوانگەی ئەو مرۆڤانەوە بەهۆی باوەڕیان بە ڕاست و ڕوونبوونی تەوەرەکەوە، ناکرێ هیچ بەربەرەکانی لەگەڵدا بکرێ یاخود گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. تەنانەت شیکردنەوە و ڕەخنە لێگرتن لە بۆچوونەکەشیان یاساغە. ئەو تایبەتمەندییە، تەوەری سەرەکی و ناوەندیی بیرکردنەوەی ئیسلامییەکانیشە. هیچ ڕێگایەك بۆ ڕەخنەگرتن لەسەر قورئان ناهێڵنەوە و پێیان وایە هەموو زانیارییەکانی نێو قورئان دروست و تەواون و هیچ کەم و کەسرییەکیان نییە. ئیسلامی سیاسی پێیوایە ئەمرێکی ئیلاهی بەدەستەوەیە و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگا، ئەرکی سەرەکیان پێ بەخشراوە کە ئەو ئەمرە ئیلاهییە بە بێ ئەملا و ئەولا بەجێ بێنن.

ئەگەرچی لە دنیای مودێرنی ئەوڕۆییدا ڕووداوەکان پەیتا پەیتا لە گۆڕانکاریدان و زانست گەلێک پرسیاری سەبارەت بە پەرجۆی ژیان و پێکهاتنی دنیای دەوروبەرمانی وەڵام داوەتەوە، بەڵام بۆ سەلەفییەکان و جیهادیستەکانی ئیسلامی کە نووسراوەکانی ناو قورئان بە قسەی خودا دەزانن و سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی ناوەڕۆکی ئەو کتێبە

'ئاسمانی'یە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زانیارییەکانی ئەمڕۆدا، بێ مانا و دوور لە لۆژیك دەنوێنێ، ئەوان گوێ لە ڕاستییەکان ناگرن و ڕێگای نادورستی خۆیان درێژە پێدەدەن.

بۆ "ئومبێرتۆ ئێکۆ" تایبەتمەندیتری فاشیزم کە لەگەڵ دوگم و ئیراسیۆنالیزم "irrationalism" واتە دوور بوون لە عەقڵییەت گرێدراوە، بریتین لە "ڕەدکردنەوەی ڕەخنە"، "ترس لە بێگانە" و "machismo"(پیاوەتی)، هەر ئەوانەش ناوکی سەرەکیی و خاڵی گرنگی ئەم باسەن.

ئێکۆ دەڵێ فاشیزم بەهۆی ئەو وەسواس "obsession"ە وە دەژین کە دژبەران لە هەنبەر بۆچوونەکانی ئەوانیان هەیە. هەر بەو هۆیەشەوە بەردەوام هەست بە "humiliation" یا سەرکۆتە کران دەکەن و هەردەم بیر لە تۆڵەسەندنەوە دەکەنەوە. لێرەدا ئەو شەڕ و دوژمنایەتییە وەك بەرژەوەندییەکی تاکەکەسی لێ دێت. ئەو شەڕە ئیتر بۆ زیندوومانەوە و درێژەدان بە ژیان نییە، بەڵکوو ژیانێکە بۆ شەڕکردن-پرەنسیپێك کە سەداسەد لە لایەن ئیسلامیی و جیهادیستەکانەوە بەڕێوەدەچێت. جیهاد لە ئایینی ئیسلامدا تەنیا بە ناوی بەرگریکردن لە خۆوە نەهاتووە بەڵکوو بە مانای کار و خزمەت بە خودا و رێبازی ئەو هاتووە کە تا کۆتایی کات(هاتنی قیامەت) دەبێ درێژەی هەبێ و پێش کۆتایی پێهاتنی دنیا، دەبێ هەموو بێ دینەکان لەناوچووبێتن.

ئەو بۆچوونە دەبێتە هۆی پێکهێنانی تێزێك: **"فاشیزم و ئیسلام نەخۆشییەکن کە بە ئاوڕدانەوە و پشتبەستن بە مێژوو، خۆیان بە دۆڕاو دەزانن."** فاشیزم پێش ئەوەی خۆی لە وڵاتانی ئورووپادا بڵاو بکاتەوە، لە ئیتالیا پەرەی سەند. زیاد لە هەموو وڵاتەکانیتر بۆچی لە ئیتالیا؟ ئیتالیای ئەوکات بارودۆخێکی سیاسی ناسەقامگیری هەبوو، حیزبە سیاسییەکان کەوتبوونە گیانی یەکتر، بارودۆخی ئابووری لە ئەوپەڕی خراپیدا بوو و کۆمەڵگا لەژێر زەختی کاتۆلیکەکاندا زەجری دەکێشا. پایەی بەهێزی کلیسا لە کۆمەڵگادا هەستی وەك پیاوسالاری، شانازی، پلەبەندی، یەکبوون، هێزبەدەستەوەگرتن و ڕاستەقینەی بێ شەرت و مەرجی لە کۆمەڵگادا قاو دەکرد. تەواوی ئەو تایبەتمەندییانە خۆیان لە فاشیزم دا دۆزییەوە.

تەنانەت لە وڵاتانی وەك ئینگلیز و فەرانسەش لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدی بیستەم چالاکی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و فاشیستی بەهێزی تێدا وەڕێکەوت. بەڵام ئەوانە لە مەیدانی سیاسیدا هیچ هێزێکی بەرچاو نەبوون. مێژووناس ئێرنست نۆلتە "Ernst Nolte" جووڵانەوەی نیزامی-کاتۆلیکیی "L’Actionfrançaise" ساڵی ١٩٩٨ ی فەرانسە بە سیمبۆلێك دەزانێ بۆ پێکهاتنی ڕێکخراوە فاشیستییەکانی ئیتالیا و ئاڵمان. ئەو جووڵانەوەیە کە لە ڕاستیدا ویست و بۆچوونی ئایینیە کاتۆلیکەکان بوو، دەیهەویست بۆچوونە مودێرنەکان بخنکێنێ و خەڵک بگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مەسیحیی konservativ یاخود موحافزەکار. بەڵام ئەو ویستەیان هەرگیز نەیتوانی کۆمەڵانی خەڵک وەڕێبخات و دوای داگیرکردنی فەرانسە لە لایەن هێزی ئەڕتەشیی ئاڵمانەوە ئەو جووڵانەوەیە گرنگایەتی خۆی بە تەواوەتی لە دەست دا.

سێ ساڵ دواتر و بەدوای کێشەی ئابووری ساڵی ١٩٢٩ ئۆسوالد موسلی "Mosley Oswald" لە بریتانیای گەورە ڕێکخراوەیەکی فاشیستیی بە ناوی:"British unionoffascists" پێکهێنا. بە قسەی خۆی نیزیکەی پەنجا هەزار لایەنگری کۆکردبۆوە. موسلی بۆ فێربوونی فرۆفێڵی سیستەمی فاشیستیی سەفەری ئیتالیای کرد و دواتریش بە ئیلهام وەرگرتن لە "SS" ە ئاڵمانییەکان بەرگی ڕەشی بۆ حیزبەکەی هەڵبژارد. بە دوای کۆدیتای ڕۆهم "Röhm"(ناوی نازییەکی ئاڵمانییە) و هەروەها دەسپێکی شەڕی جیهانی دووهەم، ئەو چالاکییەش گرنگایەتیی خۆی لە دەست دا.

تەنیا لە دوو نەتەوەی ئیتالیایی و ئاڵمانیدا ئاگری فاشیزم هەڵگیرسێنرا و لایەنگرەکانی توانیان هێز بەدەستەوە بگرن و کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. وشەی ئیتالیایی فاسکیۆ"fascio" لە وشەی لاتینیی فاسکێس "fasces" وەرگیراوە و بە مانای یەکگرتوو هاتووە. کاتێ بێنیتۆ موسولینی "Benito Mussolini" لە ساڵی ١٩١٩ دا حیزبە فاشیستییەکەی خۆی بە ناوی "Fasci diCombattimento"پێکهێنا، سوێندی خوارد کە بۆ وەدەستهێنانی هێزی جیهانی، مەبەستی سەرەکی حیزبەکەی پشتبەستن و درێژەپێدان و سازکردنەوەی ئیمپراتوریی ڕۆمی کۆن بێ.

هەروەها فاشیزم لە ئاڵمانیش بەدوای ڕووخانکاریی، بارودۆخی ئابووری ئاڵۆز و سەرلێشێواویی چەندین حیزب پێکهات کە وەك سەگی هار هەموویان بەربوونە گیانی

یەکتر. وێدەچوو سوسیال ناسیۆنالیستەکان تەنیا ئاڵترناتیو بوون کە خەونی تێکڕووخاوی ئیمپریالیستی پێشوویان بۆ زیندوو بکاتەوە و خەجاڵەتیی دۆڕانی شەڕی یەکەمی جیهانی بشواتەوە و ڕووناکایی بۆ وڵاتی ئاڵمان بەدیاری بێنێ. تێکەڵاوییەك لە بێ دەسەڵاتیی و فانتازی وەدەستهێنانەوەی هێز بارودۆخێکی لەباری بۆ سوسیال ناسیۆنالیستەکان پێکهێنابوو.

تێکەڵاوییەك لە بێ دەسەڵاتیی و باوەڕ بۆ وەدەستهێنانی هێزی جیهانی لە ئیسلامیستەکانیشدا بەدی دەکرا. لە بەر ئەو هۆیەی کە ئیسلام نیزیکەی شەش سەد ساڵ دوای زایین هاتۆتە سەر جیهان و لایەنگرەکانی خۆیان بە بەرحەق، ئاخرین و تەواوترین ئایین دادەنێن و ئەگەرچی لە دنیای مودێرنی ئەوڕۆیی وەك سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵس و کەوت دەکەن، بەڵام لە ڕووخانی ئیمپڕاتووری عوسمانییەوە تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە ڕێگای خۆیان لە نێوان سێ ڕییەی دنیای مودێڕن، سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست و کۆمەڵگای وەدواکەوتووی ئایینیدا هەڵبژێرن. ئیسلامییەکان تێکەڵاوییەك لە سیستەمی نیزامی و دیکتاتۆری بۆ نێزیکبوونەوەی ئەستەم بەڵام بە پاڕێز لە دنیای مودێڕن، وەك ئاڵترناتیوێکی سیاسی دەبینن.

سەدەی بیستەم بە گشتیی سێ شوڕشی گەورەی دژ بە دنیای مودێرنی بەخۆوە بینیوە. فاشیزم، بۆڵشویزم و ئیسلام. هەر سێك جووڵانەوەکان بە کەڵك وەرگرتن لە تکنیکی دنیای مودێرن بەربەرەکانیان لەگەڵ ئازادی، ئازادی تاکەکەسیی، بیرکردنەوەی ئازاد، مافی مرۆڤ و مافی چارەنووسی نەتەوەکان کردووە و هەر سێکیان ئەو هەڵس و کەوتە ئاساییانە کە مافی ڕەوای هەر مرۆڤێکە، بە کێشەیەکی گەورەی دژ بە کۆمەڵگا دەبینن. بۆ بولشویکەکان وڵات ئەو جێگایەیە کە پرۆلتاریای تێدا چەوساوەتەوە. بۆ نازییە ئاڵمانییەکان برلین دنیای زێرینی نابوودکردنی خوو و خدەی مرۆڤی ئەو وڵاتە بوو و بۆ ئیسلامییەکانیش وڵات جێگای گوناهباریی و لەناوبردنی خوو خدەی ئینسانی یە.

لەو وڵاتانەی فاشیست، کومۆنیست یا ئیسلامیستەکان هێزیان بەدەستەوەیە، بەندیخانەیەکیان لە کۆمەڵگا پێکهێناوە کە هەموو هەڵس و کەوتێکی مرۆڤیان بە تەواوی

لەژێر کونترۆڵی خۆیان گرتووە. گۆڕانکاری و بیری نوێ بە هەڕەشەیەکی گەورە دەناسرێ و بە زۆرەملیی بارودۆخێکی چێکراویان بۆ زەخت خستنە سەر مرۆڤی ناو کۆمەڵگا پێکهێناوە کە ژیانیان لە خەڵک تاڵ کردووە. ئەوان تەنیا بۆچوونی خۆیان بە ڕاستەقینە دادەنێن و هەر کەسێك جیا لەو بازنەیە هەڵس کەوت بکات بە هەڵەکار و خەیانەتکار بە ئەژمار دێنن. بۆ ئەوەی ڕەخنە لەسەر خۆیان لابەرن، سیناریۆیەك ساز دەکەن بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی ترس و وەحشەت لەناو خەڵکیدا. وڵاتەکە یاخود کۆمەڵگا دەکەوێتە بارودۆخێکەوە کە وەك شەڕکردن وبەربەرەکانی کردن لەگەڵ دوژمنێکی ڕاستەقینە دەنوێنێ. نازییەکان لەو پەیوەندییەدا جوولەکە و کومونیستەکانیان بە دوژمنی ناوخۆ و دواتر وڵاتە یەکگرتووەکانیان بە دوژمنی بیانی دەناسی. لە رووسیە بە پێی مێژوو و کات، لە سەرەتاوە نازییەکان و دواتر دێمۆکراسیی ڕۆژئاوایان بە دوژمنی خۆیان دەزانی، لەوێدا ڕەخنەگران و ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆیی بە دوژمنی وڵات، گێرەشێوێنی ناو خەڵکیی و سیخوری وڵاتانی ڕۆژئاوا دەناسران.

لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانیشەوە سێ چەشن دوژمن هەبوون و هەن: "**ڕۆژئاوا**" وەك دوژمنی دوور، "**ئیسرائیل**" وەك دوژمنی نیزيك و "**دوژمنی ناوخۆ**" وەك ڕەخنەگر، ریفۆرمیست، خاوەن بیری سێکۆلاریی و سیاسەتوانان - کە وەك دەستی درێژکراوەی ڕۆژئاوا سەیر دەکرێن. لەو وڵاتانەی وا ئیسلامی فاشیستیی هێزیان بە دەستەوەیە وەك ئێران، سوودان، نیجریا، سومالیا و شاری غەزەی فەلەستین، دیکتاتۆری زۆر سامناك پێکهاتوون کە هێز و فەرمانڕەوایی خۆیان تا ئەوڕۆش هەر ڕاگرتووە و بە هیچ چەشنێك ئامادە نین دەست لە تاوان و چەوسانەوەی خەڵکی هەڵبگرن. لەو وڵاتانەشدا کە ئیسلامییەکان بێ هێز کراون و کورسی حکوومەتیان لێ ئەستاندراوەتەوە- وەك ئەلجەزایر، ئەفغانستان، مالی و لیبی، بە چالاکی تێرۆریستیی و زۆرەملی وڵاتیان ماڵوێران کردووە و بوونەتە هۆی کوشتنی هەزاران مرۆڤی بێگوناە- چارەنووسێك کە میسر و سوریەشی گرتۆتەوە. سەرەڕای ئەوانەش، ئیسلامی سیاسیی وەك تەنیا ڕێگای ڕزگاربوونی مرۆڤ، بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای وڵاتانی ئیسلامیی داپۆشیوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە چ کۆمەڵانی خەڵك و چ سیاسەتوانان نەیتوانیویانە لە بەرانبەر سیستەمی دێموکراتیکیی وڵاتانی ڕۆژئاوا دا ڕێگاچارەیەکی جێگر بدۆزنەوە. بەتایبەت هەستی نا سالمی شانازیکردن بە ڕابردوو و مێژووی کۆن، بۆتە هۆی ئەوی کە نە تەنیا لە وڵاتە عەڕەبییەکان بەرگریی لە هاوکاریی دولایەنە لەگەڵ دنیای مودێرن

بکرێت، بەڵکوو بە شێوەی سیستماتیک هەستی رق و کینە سەبارەت بە دنیای مودێڕن و ڕۆژئاوا لە مرۆڤدا پەروەردەببێت. هەر وەك دەبینین ئەزموونی ئەو پەروەردە کردنەش خولْقانی وەچەیەکی ناهومید، سەرلێ شێواو و تووڕەی کۆمەڵگایە. تاقمێکیان تووڕەییەکەیان ئاڕاستەی بەربەرەکانی کردنی هێزدارانی ناوچەکە کردووە و هەندێکیشیان جێی خۆیان لە پەنای ئیسلامییەکاندا دۆزیوەتەوە.

بە گشتیی لە دنیای ئیسلامدا چەند شێوە دیکتاتۆر پێکهاتوون کە من ناوی "دیکتاتۆریی پیواز"یان لەسەردا دەنێم. ئەوانە لە چەندین توێژ پێکهاتوون:

دیکتاتۆریی بەکۆمەڵ وەك بنەماڵەی موبارەك، قەزافی، حوسەین، بن عەلی یاخود ئەسەد. توێژی دواتر دیکتاتۆریی هێزی نیزامییە. بەدوای ئەودا دیکتاتۆریی ئایینییە، کە بارهێنان و مانیپولیرەکردن یاخود شوشتنەوی مێشکی بەشدارانی کۆمەڵگا بە ئەرکێکی گەورە دادەنێ. دوایین توێژیش دیکتاتۆری کۆمەڵایەتییە کە بە بیروبۆچوونی کۆنی خۆیان چۆنیەتی ژیان لە چوارچێوەی بنەماڵەدا دیاری دەکەن.

هەرکام لە توێژەکانی ئەو پیوازە دیوارێکی درێژ و بەرزە کە دنیای ئیسلام لە دنیاکانی تر جیا دەکاتەوە- دیوارێك کە گۆیا شوناسی خۆی دەپارێزێ. ئەو گەنجانەی لە شەقامەکان خۆپێشاندان دەکەن، توێژێکی پیوازەکە لێ دەکەنەوە و بە گورجی ڕووبەڕووی توێژێکیتر دەبنەوە. لە کۆتاییدا ڕەنگە تەنیا ناوکی پیوازەکە، واتە ئایین، بمێنێتەوە. ئەوە خۆی جێی پرسیارە کە ئایا ورە و توانایی مرۆڤە گەنجەکان هێندە بەهێز هەیە کە بتوانێ بەربەرەکانی لەگەڵ ئایین بکات و ئەو ناوکە لە ناو بەرێت؟ ئەگەر بشتوانن ئەو قۆناغە تێپەڕ بکەن و زەفەر بەسەر ئەو توێژەشدا بێنن، دەبینن کە پیوازەکە تەنیا لە ترس پێکهاتووە و هیچ شتێکی بەکەڵکی لێ هەڵناوەرێت کە بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوە ببێت. لەو قۆناغەدا دەتوانین باس لە 'شۆڕش' بکەین. هەتا ئەو شۆڕشە پێکنەهاتبێ، مەلا و کاربەدەستانی ئایینی درێژە بە شوشتنەوەی مێشکی گەنجەکانمان دەدەن و تەنانەت خۆیان لە بازنەیەکی گەورەتریشدا بڵاو دەکەنەوە.

## برایانی موسوڵمان (اخوان المسلمین) یا نوێنەرانی ئیسلامی فاشیستی

تاقمێك لە ئیسلام ناسان، برایانی موسوڵمان یاخود ' ئیخوانەلموسلیمین' بە دەست ڕۆیشتوترین هێزی جووڵانەوەی موسوڵمانی سوننە و ناودێر بە چالاکیی زۆرەملە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەناسن. هەر ئەو ئیسلام ناسانەش باس لەسەر ئیسلامی مودێرن دەکەن کە گۆیا لەگەڵ دیموکراسیدا تێکەڵاویی هەیە. بۆ وێنە پەیتا پەیتا ناوی ئێردۆگان و حیزبەکەی لە تورکیا واتە 'ئا. ك. پ.'، ڕەشید ال گانووچی و حیزبەکەی (ال ناهادا) لە تونێس یاخود برایانی موسوڵمان لە میسر بە نموونە دەهێننەوە. ئەگەرچی ئێستا دەزانین کە هەر سێك حیزبەکە بە نادیموکراتیك لە ئاو دەرهاتوون و بە حیزبی شەڕ و گێرەشێوەن ناسراون، هێشتا ئەو ئیسلامناسە ڕۆژئاواییانە دەست هەڵگرنین و پێیان وایە ئیسلامی مودێرن دەبێ لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە بوونی هەبێ.

ئەوان ئەو ڕاستییە لەبەر چاو ناگرن کە مرۆڤی ئیسلامیی لەهەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە بن یاخود هەر ڕەنگ یا ناوێکی سیاسییان لەسەر خۆیان دانابێ، ئەگەر ئایینەکایان بە ڕێگای سیاسیدا بەرن، تەنیا ڕێبازێك دەگرن و ئەویش پێکهێنانی کۆمەڵگای ئیسلامی و دامەزرانی یاسای شەریعەت و دواتریش تێکۆشین بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای جیهانی ئیسلامە. ئەوان لە قووڵایی دڵیانەوە دژ بە دێموکراسین، بەڵام وەك کەرەسەیەك بۆ گەیشتن بە هێزی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگرن و بەتایبەت لەو جێگایانەی پێویستییان پێی هەبێ، وشەی دیموکراسی وەك گۆپاڵ بە دەستەوە دەگرن.

دیارە ئێردۆگان ئەزموونی تێکڕووخانی مامۆستاکەی واتە "نەجمەدین ئەربەکان"ی بینیوە کە دەیهەویست لە تورکیا کۆمەڵگایەکی ئیسلامی سیاسیی پێك بێنێ. هەر وەك بینیمان ئێردۆگان بە ڕێگای مامۆستاکەیدا نەڕۆیی. لە هەوەڵەوە خۆی وەك سیاسەتوانێکی سێکولاری ئورووپایی نواند کە دەیهەوێ دژ بە کۆرۆپسیۆن یاخود گەندەڵیی کۆمەڵگا چالاکی بکات و پێکهێنەری شۆڕشی ئابووری لە تورکیا بێ. دوای هەڵبژاردن و وەدەستهێنانی هێز وەك پیاوی یەکەمی دەوڵەت و بەدوای هەستاندنەوەی

هێز لە نیزامییەکان کە چەندین سەدە بوو هێزی سیاسی بڕیاردەری وڵات بوون، وردە وردە ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی بە تایبەت دژ بە ڕۆژئاواییەکان نیشان دا. لەسەر کێشەی گەندەڵی حکوومەتەکەی کە لە دێسامبری ٢٠١٣ پەتەی کەوتە سەر ئاو، وەزیری ئابووری ئەوکات ئاغای چاکلایان(Caglayan) ئەو گەندەڵییەی بە پیلانێکی سەهیۆنیستیی دژ بە دەوڵەت و حیزبەکەیان و هەروەها دژ بە وڵاتی تورکیا زانی و هۆیەکەشی گەڕاندەوە بۆ بەخیلی پێداهاتن لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا بەهۆی گەشانەوەی بارودۆخی ئابووری تورکیا. بە تێئۆریی پیلان، هەوڵ درا کە کێشە سەرەکییەکەیان داپۆشرێ، کە لە ڕاستیدا ئەو تاکتیکە یەك لە تایبەتمەندییەکانی هەرە بەرچاوی فاشیزمی کۆنە کە لە هەموو سیستەمە فاشیستییەکاندا باو بووە.

برایانی موسوڵمانی میسریش چەندین جار تا ئێستا هەوڵیان داوە بە زۆرەملی هێز بەدەستەوە بگرن. جاران هەڵبژاردنی دیمۆکراتییان وەك جنێو بە موقەدەسات دەزانی، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە حاکمییەت تەنیا ویستێکی ئیلاهییە و مرۆڤ ئیزنی ئەو کارەی نییە، کەچی کاتێک بە زۆر نەیانتوانی هێز وەدەست بێنن، ئەگەرچی هیچکاتێکیش بڕوایان بە دێموکراسی نەبوو، تاکتیکی خۆیان گۆڕی و پەنایان بۆ هەڵبژاردنی خەڵکیی برد.

ئەوان ساڵی ٢٠١٢ لە هەڵبژاردنی میسر سەرکەوتن بەڵام ساڵێک دواتر هێزیان لە دەست دا و لەسەر کاری سیاسی لابران. بەجێی قامکدانان لەسەر هەڵەکانیان کە ببووە هۆی شکستخواردن و هەرەسهێنانیان، هۆیەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ دوژمنانی ئیسلام لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات. دسامبری ٢٠١٣ سەرکردەکانی برایانی موسوڵمان دادگایی کران. تاوانەکەیان فتوادان و کوشتنی خەڵک لە ڕێپێوانەکاندا بوو- فتوایەك کە لە ڕاستیدا ئیدەیەکی کۆنی فاشیستەکانە و هەمیشە دژ بە ڕەخنەگەر، لادەر و بیری جیاواز بەڕێوە چووە.

برایانی موسوڵمان لە کاتی پێکهێنانی حیزبەکەیان واتە ساڵی(١٩٢٨)وە سناریۆی هاوچەشنیان گێڕاوە و دەیگێڕن. هەر وەك هەموو بزووتنەوە فاشیستییەکان ئەو کارەی خۆیان بە دوو شتەوە گرێداوە: "تووڕەیی" و "خوێن". لەو کاتەوە کە نیزیکەی ٨٦

ساڵ تێپەڕ بووە، برایانی موسوڵمان چ لە میسر و چ لە هەموو وڵاتانیتری ئیسلامی نەیانتوانیوە ڕێگاچارە یاخود پلانێك بۆ داهاتووی خۆیان بدۆزنەوە و سەرەڕای ئەوەش چاوەڕوانن حکوومەت بەدەستەوە بگرن. هەر کەس و هەر حیزبێك بیانەوێ هاوکارییان بکەن دەبێ بێ شەرت و مەرج ئەو دروشمانەیان بسەلمێنن: **"پێغەمبەر سەرکردەمانە، قورئان یاسامانە، جیهاد ڕێگامانە و مردن لە ڕێگای خودادا مەزنترین ئامانجمانە."** بەو پێیە لە هەر بارودۆخێک دابن و هەر نێو و نیشانێك لە خۆیان بنێن، ئەو چوار دروشمە وەك چوارگۆشێك، مۆری فاشیزم لە نێوچاویان دەدا و ڕوخساری ڕاستەقینەیان بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەکات. هەر وەها بەو هۆیەی کە دەڵێن: **هەر کەس لەگەڵ ئێمە و بۆ ئێمە نەبێ، دژ بە ئێمەیە،** مرۆڤ دەتوانێ لە نێو برایانی موسوڵماندا هەستی ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی ئیسلامیی وێنا بکات. القاعیدە یەك لە منداڵە لەدایکبووەکانی ئەو ڕێکخراوەیە. تەنانەت هەڵس و کەوت، بۆچوون و ڕۆح و هەمووشتێکیان هەر وەك ئیدئۆلۆژیی سوسیال ناسیۆنالیستەکان دەچێت. ئەگەرچی ریشەی ئەوان بۆ سەردەمێکی کۆنتر دەگەڕێتەوە.

کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی هاوکات بوو لەگەڵ مۆرکردن بۆ کۆتایی پێهێنان بە گەڵێک هێزی مەزن. بۆ وێنە هابسبۆرگ (Habsburg)ەکان و پرۆیسەکان(Preußen)، لە ئوروپا تێکشاندران. خەونی ئیمپریالیستیی ئوتریش – مەجارستان و یەکگرتنی وڵاتە ئاڵمانییەکان بە پووچ دەرهات. تزاری رووسی و بنەماڵەکەی کووژران و بەجێی حکوومەتی پاشایی شۆڕشگێڕانی سوور جێیان گرتنەوە. ساڵی ١٩٢٤ ئیمپراتووریی عوسمانیی بە تەواویی تێکشکێندرا و لەگەڵ خۆی خەلافەت کە چەندین سەدە بوو وڵاتانی ئیسلامیی لەژێر یەك چەتردا ڕاگرتبوو، لە ناوبرد.

بەدوای ڕووخانی ئەو هێزانە، دەسەڵاتداریی نوێ وەدوای سیستەمێك کەوت کە ئیدیۆلۆژییەکەیان هاوسان بوو. لە ئاڵمان و ئیتالیا فاشیزم خۆی بڵاو کردەوە. لە ئاڵمان سوسیال ناسیۆلیستەکان حکوومەتیان بەدەستەوە گرت. لە رووسیە کومۆنیستەکان وەك ئایینێکی نوێ هێزیان بەدەستەوە گرت. لە وڵاتە ئیسلامییەکانیش دوای ڕۆوخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی وەك هەتیوێکی بێ باوك مانەوە و نەیانتوانی بڕیار بدەن کام یەك لە ڕێگاکان هەڵبژێرن. لەو ناوەدا سێ ئیدیۆلۆژی بۆ سەرنجراکێشانی کۆمەڵی خەڵکی بەربەرەکانیان دەکرد: ئیسلامیستەکان، ناسیۆنالیستەکان و پان عەرەبیسم.

زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی لەژێر ئیستعماری ئینگلیزییەکان و فەرانسەوییەکاندا چەشنێک ڕق و کینەیان سەبارەت بە ڕۆژئاوا تێدا پەروەردە ببو کە قاودان بۆ حکوومەتێکی مودێڕنی دێمۆکراتیکی لاواز کردبوو. ئەگەرچی ئیدەی کۆمۆنیستی لە نێوان ڕۆشنبیراندا و بە تایبەت لە میسر و سووریە زۆر زوو خۆی بڵاو کردەوە، بەڵام بەهۆیەی ئایینی ڕەد دەکردەوە، بە شێوەی گشتی و جیددی نەیتوانی کۆمەڵگا بگرێتەوە.

لەو بارودۆخە پڕ کێشە و لەناو ئەو هەرج و مەرجە ئاڵۆزەدا بە بێ پەیوەندیی لەگەڵ یەك، دوو جووڵانەوە پێکهاتن کە ئامانجی هەردووکیان زیندووکردنەوەی سەردەمی خەلافەت بوو. ساڵی ١٩٢٤ لە هیندوستان سەید ئەبولعەلا مەودوودی " SayyidAbul Ala Maududi"جووڵانەوەیەکی ڕێکخست، کە بیر و بۆچوونی "جیهاد"یشی زیندوو کردەوە. مەودوودی لە هەوەڵەوە دەیویست دژ بە سەروەریی ئینگلیزییەکان لە هیندوستان "ئوممەت" یەکگرتوو بکات. ئەو، موسوڵمانەکانی بۆ شەڕ دژ بە ئینگلیزییەکان هان دەدا: *"وەرنە دەرێ و شەڕ بکەن! ئەو کەسانەی خودا ڕەد دەکەنەوە لە ناو بەرن! [...] ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە ڕاستبوونی ئیسلام هەیە، هیچ ڕێگایەکیترتان بۆ نامێنێتەوە، جیا لەوی کە بە تەواوی هێز و تواناتانەوە هەوڵ بۆ دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی بدەن."* بیر و بۆچوونی مەودوودی بە گورجی لە هەوەڵەوە خۆی لە هیندوستان بڵاو کردەوە و دواتریش پاکستان و ئەفغانستانی گرتەوە. ئیدیۆلۆژیی تالەبانەکان تا ئەوڕۆش زیاتر لەسەر ئەو بیر و بۆچوونە هەڵدەسووڕێ.

چوار ساڵ دواتر واتە ساڵی ١٩٢٨ لە شاری ئیسماعیلییەی کاناڵی سوئێز، ڕێکخراوەی برایانی موسوڵمان پێکهات. مامۆستای عەرەبی ٢٢ ساڵە حەسەن ئەلبەننا "Hassan Al-Banna" دوو ئامانجی جووڵانەوەکەی ڕوون کردەوە: یەکەم هەنگاو کۆمەڵگای ئیسلامی لە هەر شتێکی غەیری ئیسلامی پاك کەنەوە و هەنگاوی دووهەم هەوڵ بۆ دامەزرانی خەلافەت بدەنەوە. هەواڵی دوو هەنگاوی ئەلبەننا بە گورجیەکی زۆر خۆی لەناو وڵاتە ئیسلامییەکاندا و بە تایبەت لە میسر و سووریە، بڵاو کردەوە. ئەو بزووتنەوەیە ئەوڕۆ لەزیاتر لە حەفتا وڵاتدا نوێنەری هەیە. تەنانەت لە ئورووپا و

ئەمریکاش برایانی موسوڵمان هەم لە ڕوانگەی سیاسی و هەم لە ڕوانگەی ئابوورییەوە زۆر چالاك و بەهێزن.

ئەگەرچی هیچکام لە بزوتنەوەکانی "ئەلبەننا" و "مەودوودی" نەیانتوانی بە تەواوی سێڵاوی شۆڕشێکی ئیسلامی وەڕێ بخەن، بەڵام چەندین گرووپی نیزامی و تێرۆریستیان لێ دورست بوو کە وەڵامدەرەوەی زۆربەی تێرۆر و شەڕ و توووڕەیەکانن لە دنیای ئیسلام، ئاسیا، ئورووپا و هەروەها ئەمریکا. بە گلۆبالیزیرە بوونی جیهان ئەو دوو بزووتنەوەیە لێك نیزیك بوونەوە. لە ساڵی هەشتاکاندا نەوەکانی "ئەلبەننا" و "مەودوودی" لە ئەفغانستان یەکیان گرتەوە و بە پارەی سەعودییەکان و تەقەمەنی مودێرنی ڕۆژئاواییەکان دژ بە رووسەکان هاتنە مەیدانەوە. دوای کۆتایی پێهاتنی حکوومەتی سۆڤیەتیی لە ئەفغانستان ئیسلامییەکان نە تەنیا تفەنگەکانیان دا نەنا بەڵکوو پێکەوە بۆ وەدیهێنانی خەونەکانی "ئەلبەننا" و "مەودوودی" واتە درێژەپێدانی جیهادی ئیسلامی، رێکخراوەی ئەلقاعیدەیان پێکهێنا.

## برایانی موسوڵمان و نازییەکان

ساڵی ١٩٤٦ی زایینی پێکهێنەری حیزبی برایانی موسوڵمان حەسەن ئەلبەننا لە قاهیرە لە قسەکانیدا سەبارەت بە موفتی بیت المقدس یاخود ئەمین ئەلحوسەینی کە لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانیدا وەك تاوانکاری شەڕ و هەروەها هاوکاری رژیمی"NS" هەڵاتبوو و لە بەندیخانەیەکی فەرانسەوە داوای پەنابەریەتی لە وڵاتی میسر کردبوو، جێی خۆی لە پەنا برایانی موسوڵماندا کردەوە، دەڵێ: *"موفتی بەقەرا نەتەوەیەك نرخ و بایەخی هەیە. موفتی فەلەستینە و فەلەستین موفتییە. ئاخ ئەمین! تۆ چ مرۆڤێکی مەزن و باشی کە سەر بۆ هیچ کەس دانانەوێنی. چ مرۆڤێکی بەجەرگی. ئێمە چاوەڕوانین و دەمانەوێ بزانین گەنجانی عەرەب چلۆن مرۆڤێکی وا بە جەرگ وەردەگرن کە بە یارمەتی هیتلر و ئاڵمان ئیمپراتووریەکی پێك هێنا و دژ بە سەهیۆنیزم تێدەکۆشی. ئالمان و هیتلر ئیتر هیچ، بەڵام ئەمین ئەلحوسەینی ئەو تێکۆشانە درێژە پێدەدا!"*

حەسەن ئەلبەننا بۆ یەکەم جار نەبوو کە ئەمین ئەلحوسەینی دەناسی، بەڵکوو پێشتریش لە کۆدتای ساڵی ١٩٤١ی عیراق کە بە یارمەتیی ئاڵمان پێکهات، وەك میوانێکی گرنگی هیتلر یەکتریان دیبوو. بروووسکەیەکی ساڵی ١٩٢٧ دەیسەلمێنی کە ئەوان پێشتریش پەیوەندیان لەگەڵ یەکدا بووە. لەو بروووسکەیەدا ئەلبەننا بە موفتی راگەیاندووە کە دەیهەوێ جوڵانەوەیەك بە ناوی "برایانی موسوڵمان" پێك بێنێ. ئەمین ئەلحوسەینی پێشوازی لەو کارە دەکات و خۆشحاڵیی خۆی ڕادەگەیێنێ. لە وێنەیەکی کۆنیشدا کە ئەو دوو کەسە لە پەنا یەکدا نیشاندەدا، پەیوەندیی پێشویان دەسەلمێندرێ.

پەیوەندیی نێوان رژیمی نازی ئاڵمان و ئەمین ئەلحوسەینی بە شێوەیەکی زۆر باش تۆمار کراوە. لەگەڵ هیتلێر لەسەر کێشەی یەهوودییەکانی جیهان و هەروەها پێکهێنانی

وڵاتێکی عەرەبی لە فەلەستین پیکهاتوون بەڵام بە شێوەی بۆچوونی رژیمی نازییەکان و ... .

بەڵگەی نهێنی بریتانیا نیشانی داوە کە لە مابەین نازییەکەن و برایانی موسوڵمانی میسر بۆ کز کردنی ئینگلیزیەکان لە شەڕی دووهەمی جیهانی و لە باکووری ئەفریقا، پەیوەندییەکی بەهێز بوونی هەبووە.

بێ شەك حەسەن ئەلبەننا یەك لە لایەنگرانی دڵسۆزی موسولینی و هیتلێر بووە. ئەلبەننا لەو دوو کەسایەتیەدا پێشەوا و رێبەر و رێنوێنییەکی مەزن دەبینێ و وەك نموونە و مودێلێکی کارساز سەیریان دەکات. هەرکات لەسەر ئەو دوو کەسە قسەی کردبێ تەنیا بە ناوی پێشەوا و رێبەر ناوی لێبردوون. خۆیشی چۆن لە وڵاتانی ئیسلامی بۆ کەسایەتیی ئایینی و سیاسی باوە، وەك "ئیمام" یاخود "قائید" ناو نەبردووە، بەڵکوو ناوی خۆی نابوو "ئەلمورشید"- ناوێك کە تا ئەو کات کەس لەسەر خۆی دانەنابوو. دواتر خومەینیش ئەو ناوەی لەسەر خۆی دانا.

لە یەك لە نووسراوەکانی ساڵی چلەکاندا ئەلبەننا دەنووسێ: *" هیتلێر و موسولینی وڵاتەکەیان بۆ پێکهاتنی یەکیەتیی، نەزم، پێشکەوتوویی و بەهێزکردن، بە شێوەیەکی ئوسوولی رابەریی کردووە. ئەوان بەهۆی رێفورمی ناوخۆییەوە، وڵاتەکەیان بۆ جیهانی دەرەوە رازاندۆتەوە. ئەوان هومێدیان لە دڵدا زیندووکردۆتەوە و ئازایەتیی و بەردەوامییان لە کارەکەیاندا نیشان داوە. ئەوان کێشەکان و مرۆڤە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایان لەژێر یەك ئاڵا و یەك هێزدا کۆکردەوە و هەرکات ئەو پێشەوایانە دەستیان بە قسەکردن کردووە، مرۆڤ گوێ بۆ راگرتوون و سەری رێزی بۆ دانەواندوون."*

ئەلبەننا بەتایبەت بەهای بۆ پەیوەندیی و گرنگپێدانی موسولینی و هیتلێر بە هێزی نیزامی دادەنا و بەختەوەریی بە کارلێکەری و هاندانی ئەو رەهبەرانە بۆ وەرێخستنی کۆمەڵانی خەڵکەوە دەکرد. بۆ ئەوەی قسەی خۆی بە هەموو خەڵک بگەیێنێ، حەوتوونامەیەکی بە ناوی "ئەلتەتهیر" دا دەرەوە. ئەو ناوە پێشتر و لە ساڵی ١٩٢٦ لە شاری کۆبۆرگ "Coburg" لەسەر حەوتوونامەی ناسیۆنال- سوسیالیستەکان دانرابوو.

ئەلبەننا لە زۆربەی نووسراوەکانی ئەو حەوتوونامەیەدا هێرشی بۆ سەر دیموکراسی بردوە و ئارەزووی کردووە کە بریا دنیای ئیسلام رێبەرێکی وەك موسولینی و هیتلێری ببایە. ئەلبەننا لە تیتری نووسراوەیەکیدا بە ناوی "ئاغای موسولینی پرینسیپی ئیسلامی بەیان کردووە" ئاماژە بە قسەکردن و هاندانی سەربازەکان دەکات کە موسولینی ساڵی ١٩٣٥ لەسەر تانگێکی شەڕ بە راوەستانەوە ئەدای کردووە: *"ئیتالیا دەبێ لە ئێستاوە ببێ بە وڵاتێکی نیزامی، کە تەنیا لە پێناو بردنەوەی شەڕ، ژیان بکات. من لە دانیشتنەکانی پێشووم لە کابینەتەکاندا هاتوومەتە سەر ئەو بڕیارە کە نیزامیبوون وەك سیمبۆلێکی سەرەکی خەڵکی ئیتالیا لێبکەم. لەمڕۆ بەولاوە پێناسەی هاوڵاتی ئیتالییایی و نیزامیبوون دەبنە یەك. هەر ئیتالیاییەك لە نێوان تەمەنی هەشت و بیست و پێنج ساڵە دەبێ لەژێر ئەو چەترەدا کۆبکرێتەوە. ئەوە ئیدەیەکی نوێیە، کە لە هیچ مێژوویەکدا نەبینراوە. لەڕاستیدا بەڵگەی زۆرمان هەیە کە بۆچی لە نەتەوکانیتردا ئەو توانایی و لێهاتووییە نەتوانراوە بەڕێوەبچێ. بە پشتبەستن بە مێژووی ڕابردوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هیچ نەتەوەیەك جیا لە ئیتالیایی ناتوانێ خەڵکەکەی بە تەواوەتی نیزامی بکات."*

ئەلبەننا بە هێنانەوەی بەڵگە و دروستکردنی لیستەیەك دەیسەلمێنێ کە بۆچی نەتەوەکان لێك بڵاو دەبنەوە و بۆ سەلماندنی گوتەکەی ئیمپراتووریی رۆمی کۆن بە نموونە دێنێتەوە: *"ئەو کات ئیمپراتوورییەکان توونا دەبوون چونکە شەڕکەرەکانیان لە پێناو ئاسایش و رەفاهی کۆمەڵگادا کۆکرابوونەوە و رۆحی شەڕکەرییان لێ ئەستێندرابوو، چونکە وڵاتان و نەتەوەکانی دەوروبەریان ڕەنگە لە ڕوانگەی شارستانییەتییەوە دواکەوتووتر لەوان بووبن، بەڵام لە ڕوانگەی هێزی نیزامییەوە بەهێزتر و شەڕکەرتر بوون!"*

خاڵی گرنگ و بڕیاردەر لە یەك لە قسەکانی ئەلبەننادا دیاری دەکرێت کە دەڵێ: *"من دەبێ بۆچوونی موسولینی سەرڕاست کەمەوە و وەبیری بێنمەوە کە ئیدەی بە نیزامیکردنی بەتەواوی کۆمەڵگا نەك بەهۆی فاشیزمەوە دۆزراوەتەوە، بەڵکوو بۆ یەکەم جار، سێزدە سەدە پێش ئێستا، بەهۆی ئیسلام هاتۆتە گۆڕێ! کەمتر سوڕە لە قوڕئاندا هەیە کە موسوڵمانەکانی بۆ ئازایی، خۆڕاگریی و شەڕکەریی و بۆ جیهاد لە*

*ڕێگای خودادا هان نەدابێ."* لە کۆتایی وتەکانیدا ئەلبەننا چەندین سووڕە و گوتەی محەمەد بۆ سەلماندنی بۆچونەکەی کە ئیسلام حکوومەتێکی نیزامییە، دەهێنێتەوە. ئاماژە بەوەش دەکا کە جیاوازیی نێوان حکوومەتی ئیسلامی و فاشیزم لەوە دایە کە فاشیزم بۆ ئامانجی دنیایی تێدەکۆشێ و ئیسلام بۆ وەدیهێنانی ئەمری ئیلاهی و راگرتنی میراتی خودایی لە سەر زەوی بەربەرەکانی دەکات!

لە سەرەتای پێکهێنانی جووڵانەکەیانەوە ئیدەی شەڕی چەکداریی دیاری کرابوو. ئەو بۆچوونەی ئەلبەننا لە"Logo" لۆگۆی(دروشم) حیزبەکەیاندا رەنگی دەدایەوە کە بریتی بوو لە دوو شمشیری ڕاستەوچەپی زوڵفەقار و کتیبی قوڕئان. لە خوارەوەشیدا سووڕەیەکی قوڕعان نووسرابوو، لە سوورەکەدا هاتووە: *" خۆتان لە بەرانبەر ئەواندا(مەبەست کافران و بێ دینەکانە) چەکدار بکەن تا ئەو جێگایەی دوژمنانی خودا و دوژمنانی ئێوە کە ئێوە نایانناسن بەڵام خودا دەیانناسێ، بترسێنن. دڵنیا بن ئەو کارەی ئێوە لە ڕێگای خودادا دەیکەن هەمویتان بۆ قەرەبوو دەکرێتەوە و لەو دنیا پاداش دەدرێتەوە."* لەسەر کاتی پێکهاتنی ئەو لۆگۆیە بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام تاقمێك پێیان وایە کە وەك چۆن نازییەکەن لۆگۆی تایبەت بەخۆیان بووە، ئەوەش لۆگۆی تایبەت بە دنیای ئیسلامە. بەڵام ئەو پەیامەی لە سەرەتای پیکهاتنی حیزبەکەوە بە ڕوونی جەختیان لەسەر کردوە، ئەوەیە: **<u>"پێغەمبەر سەرکردەمانە، قورئان یاسامانە، جیهاد ڕێگامانە و مردن لە ڕێگای خودادا مەزنترین ئامانجمانە."</u>** پەیامێکی ڕوونی شەڕخوازیی- کە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوام بەدوای کەوتوون. ئەو پەیامە شەڕخوازییە ئەوکات لە ساڵەکانی ١٩٢٢ رووی خۆی لە ئیستعمارگەری ئینگلیزەکان و هێزە دیموکراتخوازەکان لە میسر کردبوو. هەر لەو ساڵەدا میسر بە فەرمی سەربەخۆیی خۆی راگەیاند بەڵام لەژێر کارلێکەری ئینگلیزەکاندا مابۆوە. لە لایەن ئەو ڕووناکبیر و سیاسەتوانانەی لە ڕۆژئاوا دەژیان بەیاننامەیەك بڵاو کرایەوە کە لە ڕوانگەی برایانی موسوڵمانەوە لە رادەبەدەر ڕۆژئاوایی بوو و چونکە بۆنی دیموکراسی لێ دەهات، دژ بەو بەیاننامەیە راوەستان. لە ناوەڕۆکی ئەو بەیاننامەیەدا قسە لەسەر مافی یەکبوونی ژن و پیاو، مافی ئازادیی مێدیاکان و ئازادیی باوەڕ و فیکری بێ سنوور کرابوو. یەك لە ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە ناوی 'یۆسف قەتاوی' بوو. مرۆڤێکی بە ڕەگەز جوولەکە کە دواتر پۆستی وەزارەتی ماڵیی پێدرا و یەك لە پێکهێنەرانی یەکەمین بانك لە دنیای عەرەبدا بوو. ئەو کاتەی حیزبی برایانی

موسوڵمان پێکهات، کۆپتە وێسا واسف کە مەسیحی بوو، سەرکۆماری پارلمان بوو. برایانی موسوڵمان دژ بە واسف و جوولەکە و مەسیحی کە پۆستی گرنگی وڵاتەکەیان لە دەستدابوو، ڕاوەستان. دەیانگوت: *"موسڵمان تەنیا دەبێ لەژێر فەرمانی مرۆڤی موسوڵمان و شەریعەتی ئیسلامدا بێ."* ئەمڕۆ نەوەکانی قەتاوی لە تەبعید دا دەژین و نەوەکانی واسف بیر لەوە ناکەنەوە کێ دەبێتە سەرکۆمار بەڵکوو خەمی ئەوەیانە کەنگێ لە لایەن فاشیستە ئیسلامییەکانەوە کلیسا یا قوتابخانەکانیان دەتەقێتەوە!

جێی سەرسووڕمانە کە ئەوکات سەرەڕای دژایەتیی ئەو مرۆڤە نادیموکراتانە، لیبرالەکان و حیزبە چەپەکان دەنگی زیاتریان هێناوەتەوە. لە سی ساڵی ڕابردووەوە مەلیک فارووق هەوڵی بەرگری کردن لە پەرەسەندنی دیموکراتیی و هەروەها بێ هێزکردنی پارلمانی لە وڵات داوە. حیزبە چەپەکان و لیبرالەکان دژ بە مەلیک فارووق چالاکییان کردووە. قوتابیانی زانستگاکان و کارگەرانی وڵات خۆپێشاندنیان لەسەر شەقامەکان بۆ یەکەمین جار لە مێژووی میسر دژ بە شا ڕێکدەخست. برایانی موسوڵمان کە تا ئەوکات وەك حیزبێکی فەرمی بە حیساب نەدەهاتن، هەوڵیان دەدا بە خۆ هەڵواسین بە ناسیۆنالستەکان واتە "میسر ئەلفەتاة" (گەنجانی میسر)، لە بەرانبەر ئەو چالاکییانە هێزێکی گونجاو بە چاولێکەری لە حیزبی "NSDAP" (حیزبی ناسیۆنال سوسیالیستی کرێکاریی ئاڵمان) پێك بێنن کە تەنانەت بۆ سڵاوی حیزبی، دەستیان وەك نازییەکان بۆ یەکتر هەڵدێنا! لەو حیزبەدا دوو ئەفسەری گەنج بەشدار بوون کە دواتر چارەنووسی وڵاتی میسریان بەدەستەوە گرت: کەماڵ عەبدول ناسر و ئەنوەر السادات. هەردووکیان پەیوەندییەکی نیزیکیان لەگەڵ حیزبی برایانی موسوڵماندا هەبوو. بەو شێوەیە برایانی موسوڵمان و "میسر ئەلفەتاة" مودێلێکی حیزبیی هاوچەشی نازییەکانی ئاڵمان و ئیتالیایان لە میسر پێکهینا. خۆیان چەکدار کرد و لایەنگرەکانیان بە لەبەرکردنی کراسی قاوەیی فێری فێڵ و فنوونی شەڕ دەکرد. بە لاساییکردنەوە لە فاشیستەکانی ئاڵمان و ئیتالیا بە هەڵگرتنی مەشخەڵی ئاور بە شەقامەکاندا دەگەڕان و دروشمی "میسر لەسەروی هەمووشتێکەوە"یان دەدا کە دەقاودەق لاساییکردنەوەی ئاڵمانییەکانیان بوو، ئەوانیش مەشخەڵ بەدەست بە شەقامەکاندا دەگەڕان و دەیانگوت: "ئاڵمان لە سەرووی هەمووشتێکەوە"!

هاوکات لەگەڵ شەڕی دووهەمی جیهانی بە هۆی پەیوەندی ئەنوەر ئەلسادات لەگەڵ سازمانی ئەمنیی ئاڵمان، لە میسر دەگیرێ و دەخرێتە بەندیخانەوە چونکە ئەو کات هێزی سەربازیی میسر نەیاندەویست لەو شەڕەدا بەشداری بکەن. بەڵام بەوهۆیەی فاروق شا پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ رۆم و برلین، بە نزیکتر لە لەندەن دەزانی، هەوڵی پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی رژیمی فاشیستیی ئاڵمان دەدا. بەو هۆیەی هیتلێر گرنگایەتیی وڵاتی میسری بۆ ئینگلیزییەکان دەزانی، هاوکاریی فاروق شای بە مەیلەوە وەرگرت. فاروق شا لە لایەن برایانی موسوڵمان و حیزبی گەنجەکانی میسریشەوە پشتیوانی دەکرا.

تا دەستپێکی شەڕی دووهەمی جیهانی ژمارەی لایەنگرانی برایانی مەسوڵمان بە شێوەیەکی ئەوتۆ نەبوو. بەڵام بەزوویی بەهۆی بانگەشەی نازییەکانی ئاڵمانی بە شێوەیەکی سیستماتیك لە میسر دەستی بەکار کرد و وردە وردە فەزای سیاسی نێو خەڵکی دژ بە سەهیۆنیستەکان ژەهراوی کرد. حەسەن ئەلبەننا لە حەوتوونامەکەیدا بۆ هاندانی خەڵکی و بەتین ڕاگرتنی ئاگر دژ بە سەهیۆنیستەکان کەڵکی وەردەگرت. بۆ نموونە دەینووسی: *"وڵاتانی برلین، رۆم و تۆکیۆ لەگەڵ دنیای ئیسلام نزیکایەتییەکی گرنگیان هەیە"*. گوشاری بۆ ئەنیستیتۆی ئەل ئەزهەر دەهێنا کە ڕووناکبیرانی ئیسلامی بۆ ئەو وڵاتانە بنێرن تا نهێنی سەرکەوتوویی ئەو نەتەوانە وەك دەرس فێر بن و بۆ زەفەر بردنە سەر دژبەرانی ئیسلامی لە وڵاتی خۆیان کەڵکی لی وەربگرن. لە یەك لە هەواڵەکانی ئەو حەوتوونامەیەدا برایانی موسوڵمان نووسیبوویان کە گوایە هیتلێر ئایینی مەسیحی وەلاناوە و بۆتە موسوڵمان و بە نهێنی سەفەری مەککەی کردووە و ناوی خۆی ناوە "حاجی محەمەد هیتلێر!" ئەوان بە تەواوی تواناییانەوە بۆ بێ هێزکردنی ئینگلیزییەکان هەوڵیان دەدا، نازییەکان لەبەر چاوی خەڵکی خوێنشیرین نیشان بدەن. تەنانەت لەناو خەڵکیدا بڵاویان کردبۆوە کە ئەگەر ئاڵمان هێرشی نیزامی بۆ سەر میسر بکات، تەنیا بۆ لەناوبردنی بنکەی ئینگلیزییەکانە و مزگەوتەکان و خەڵکی موسوڵمانی میسر دەپارێزرێن. یەك لە ئەدیبانی ناسراوی میسر بە ناوی 'تەها حوسەین' کە وەزیری پەروەردەی ئەو کاتی میسر بوو، ڕەخنەی لە مەلیک فاروق و برایانی موسوڵمان گرت و پەیوەندیی ئەوانی لەگەڵ نازییەکانی ئاڵمانی بۆ خەڵك ڕوونکردەوە. هەروەها 'عەباس ئەلعەقاد' ئەدیب و نووسەر و ئەندامی پارلەمانی میسر برایانی موسوڵمانی بە هاوکاریکردن لەگەڵ نازییەکان تۆمەتبار کردبوو و گوتبووی

"برایانی موسڵمان بۆ بڵاوکردنەوەی بیری فاشیستی لە میسر لە هێزە ئەمنیەکانی ئاڵمان پارە وەردەگرن." تێز و بۆ چوونێک کە ساڵی ۲۰۰۹ جێفری هێرف Jeffry Herf لە کتێبێکیدا بە ناوی"Nazi Propaganda for the Arab World" بە تێر و تەسەلی باسی لێ کردووە."

## پرۆگرامی پەنجا خاڵە

هاوکات لەگەڵ شەڕی دووهەمی جیهانی حیزبە دێموکراتەکانی میسر لێك دابڕان و لە یەکتر جیا بوونەوە: تاقمێکیان پێیان باشتر بوو لە بەرەی ئینگلیزییەکاندا بمێننەوە و دوای تەواوبوونی شەڕ سەربەخۆیی وڵات داوا بکەن. ئەوانیتر لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە میسر دەبێ لەو شەڕدا بێ لایەن بێ ، چونکە میسر هیچ پەیوەندییەکی بەو شەڕەوە نییە. هەندێکیشیان دەچوونە سەر شەقامەکان و دژ بە 'فاروق شا' خۆپێیشاندانیان دەکرد. برایانی موسوڵمان یارمەتیی فاروق شا یان دەدەدا و بە دژایەتیی دێموکراسیخوازەکان دروشمی "خودا لەگەڵ فارووق شایە"یان بە دەستەوە گرتبوو. حەسەن ئەلبەننا چەندین جار پێشنیاری کردبوو کە فارووق شا وەك ئەمیر الموئمنین و سەرۆکە ئایینیەکان بۆ دامەزرانی خەلافەت هەڵبژێردرێ! فارووق شا ساڵی ١٩٣٦ی زایینی برووسکەیەکی بۆ حاکمانی ئەوکاتی عەرەب نووسیبوو کە لەلایەن ئەڵبەنناوە ئامادە کرابوو، و لەوێدا داوای بەجێ هێنانی پرۆگرامێکی پەنجا خاڵەی کردبوو. لەم نووسراوەیەدا ئاماژە بە چەندێك لەو خاڵانە دەکەین. ئەو برووسکەیە و پەنجا خاڵەکەی رووخساری ڕاستەقینەی فاشیستیی برایانی موسوڵمان وەدەر دەخەن:

- هەڵوەشاندنەوەی هەموو پارتە سیاسییەکان و لێ ستاندنەوەی هێزی سیاسی لە ئوممەت بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو.
- ریفۆرمێك بەسەر یاسا دابهێندرێت و شەریعەتی ئیسلامی وەك تەنیا یاسای وڵات بە فەرمی بناسرێ.
- گەورەکردنەوە و بایەخدان بە گرووپە گەنجەکان و راهێنانیان بە پێی یاساکانی جیهاد.
- بەهێزکردنی پەیوەندیی وڵاتانی ئیسلامی لە پێناو پێکهێنانی خەلافەت.

- بڵاوکردنەوە و بەهێزکردنی ڕۆحی ئیسلامی لە نێو ئومەتدا.
- کونترۆلی هەڵس و کەوت و بووچوونی کەسیی لە نێوان کارمەندان، چونکە ئیتر جیاوازییەك لە نێوان ژیانی کاریی و ژیانی کەسیی، بەدی ناکرێ.
- دیاری کردنی کاتژمێری کاتی کار لە پێناو وەدیهێنانی وەزیفەی ئیلاهی و ئایینی.
- ڕوونکردنەوەی کاتی کاریی، پشووەکان و ... هتد، بە پێی یاساکانی ئیسلام.
- هاندان و ڕاهێنانی خویندکارە ئایینیەکانی "ئەل ئەزهەر" لە بواری نیزامی، پەروەردە و بەڕێوەبردن و ...

ئەو پەنجا خاڵانە تا ئەوڕۆش وەك یاسا و کۆڵەکەی پێکهێنەری پرۆگرامی نەتەنیا برایانی موسوڵمان بەڵکوو زۆربەی بزوتنەوە ئیسلامییەکان گرنگایەتییان هەیە. ئەو داواکارییانە کە ٧٦ ساڵ لە تەمەنی تێپەڕ بووە، ئێستاش دوای بردنەوەی دەنگی برایانی موسوڵمان لە ساڵی ٢٠١٢، لە پارلمانی میسردا قسە و باسی لەسەر دەکرێ.

دوای هەڵبژاردنی محەمەد مورسی وەك سەرکۆماری وڵات، برایانی موسوڵمان ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا کە هەمیسان پرۆگرامە پەنجا خاڵەکەیان بهێننەوە گۆڕێ. چوارچێوەیەکی بەندیخانە ئاسایان بە دەوری خەڵکدا کێشا کە کۆمەڵانی گەل تەنیا بە هێزی تووڕەیی و شەڕ و لێکدان و شێوەی نادێموکراتیك دەیانتوانی خۆ لەو دۆڵپایە ڕزگار بکەن.

## پێکهێنانی گرووپی تێرۆر بە چاولێکەری لە SA[١٥٦] و SS[١٥٧]

هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی ڕێزی بۆ شەڕخوازی هەبێ، دێموکراسی بە مەترسییەکی گەورە بۆ کۆمەڵگادابنێ، جیهان و بەشدارانی کۆمەڵگای خۆی بەسەر دیندار و بێ دیندا دابەش بکات و جیهاد بە تەنیا ڕێگای ڕزگاریی بناسێ، ئیتر تەنیا ئەوە پرسیاری کاتە دەنا بێ ئەملا و ئەولا بۆ توونا کردنی دژبەرانیان، دەست بۆ شەڕی چەکداری دەبەن. برایانی موسوڵمان لە پلەی یەکەمدا حیزبە چەپەکان بە دوژمنی خۆیان دەناسن، ئەگەرچی حەسەن ئەلبەننا ئیدەی دادگەریی سوسیالیستیی بە ئیسلامی ڕاستەقینە دادەنێ. ئەلبەننا دەیزانی کە ئەو کات دەنگدەرانی میسریی زۆربەیان دەنگی خۆیان بە حیزبە چەپەکان دەدەن و وا بە پەلە هیچ چارەیەکی بۆ ئەو کێشەیە ناتوانێ ببێ، بەجێی گرنگیدان بە هەڵبژاردن بڕیاری گێرەشێوێنی و شەڕی ناو شەقامەکانی دا!

بە هەڵگیرساندنی شەڕ و ڕەخساندنی بارودۆخێکی ترسێنەر لەسەر شەقامەکان، لایەنگرەکانی خۆی دژ بە هەموو حیزبە چەپەکان ئورگانیزە دەکرد. لە هەوەڵەوە لایەنگرەکانی تەنیا بە شێواندنی خۆپێشاندانی حیزبە چەپەکان و کارگەرەکانەوە ماندوو کردبوو کە ئەوەش خۆی یەك لە هەڵس و کەوتەکانی نازییە ئاڵمانییە کان بوو دژ بە دێموکراسیی ئەو کات. تەنانەت حەسەن ئەلبەننا بە چاولێکەریی نازییەکان هێزێکی ئەمنییەتیی بۆ برایانی موسوڵمان پێکهێنا و ناوی "ئەلجیهاد- السری" لەسەر دانا. بەڵام چلۆن لە ماوەیەکی کورتدا ئەو گرووپە دەستی بەسەر چەك و پارە و کەرەسەیەکی زۆردا گرت، جێی پرسیارە و تا ئەوڕۆش وەك نهێنییەك ماوەتەوە. ئەگەرچی یارمەتی سعوودیەکان بە شێوەی بەردەوام پشتگرمی کردبوون، بەڵام زۆربەی کارناسان لەسەر

---

[١٥٦] لقی نیزامی نازییەکان
[١٥٧] حیزبی کاری سوسیال ناسیۆنالیستی ئاڵمان

ئەو باوەڕەن کە نهێنی گەورەبوونەوە و خۆڕاگری و سەرکەوتووییان دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی، پشتیوانیی و چاولێکەریی لە سازمانە فاشیستییە ئەمنییەکانی ئاڵمان و ئیتالیا.

علی ئەشماوی "Ali Ashmawi" کە پێشتر سەرۆکی هێزی ئەمنییەتی برایانی موسوڵمان بوو و دواتر لێیان جیا بۆوە، لە کتێبێك بە ناوی "مێژووی نهێنیی برایانی موسوڵمان" دا دەنووسێ: *"حەسەن ئەلبەننا نە تەنیا سترۆکتووری هێزی نهێنیی نازییەکان و گشتاپۆی وەك سیمبۆلێك بۆ حیزبەکەی هەڵبژارد، بەڵکوو پێشتر زانیارییەکی بەرچاوی لەسەر نازییەکان و بزووتنەوەی ژێرزەمینیی سەهیۆنیستەکان کۆکردبۆوە!"* لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکیی ئەلبەننا ئەوە بوو کە گرووپێکی ئیسلامی سەدەی ناوەڕاست کە لە نێوان ساڵەکانی ١٠٨٠ تا ١٢٧٠ چالاکییان هەبووە، زیندوو بکاتەوە، کە چەندین کەسایەتیی سیاسیان تێرۆر کردبوو و گرووپەکەیان بە ناوی ئاساسینەکان"Assassinen" چووبوە ناو مێژووەوە.

مارکۆپۆلۆ لەسەر ئەو گرووپە گوتوویەتی: "ئەو گرووپەم وەك فیرقەیەکی حەشیش کێش هاتە بەرچاو کە لە بارودۆخی نەشەبووندا دەست دەکەن بە کوشتنی مرۆڤەکان! ناوی گرووپەکە لە زمانی لاتیندا بە مانای پیاوکوژ "Attentäter" هاتووە. پێکهێنەری ئەو گرووپە کەسێکی ئێرانی بووە بەناوی حەسەن سەبباح(١٠٣٤ تا ١١٢٤). وەك دەگێڕنەوە حەسەن سەبباح لە ترسی تووفانێکی بە هێز، لایەنگرەکانی بردۆتە باغێك لەسەر کێوی ئەلەمووت. پیش ناردنیان بۆ شەڕێکی بێ ئەمان، بۆ ئەوەی بارودۆخی بەهەشتیان بۆ وێنا بکات، لەوێ حەشیش و تریاکێکی زۆری بۆ کێشان لە نێوانیاندا بڵاو کردۆتەوە و هاوکات خواردەمەنییەکی باشی داونێ و چەندین ژنی جوانیشی بۆ دەستەبەر کردوون. لایەنگرەکانی هێندە گیرۆدەی حەسەن سەبباح بوون، حازر بوون خۆی بۆ بە کوشتن بدەن. سەیر ئەوەیە حەسەن سەبباح هەر دووك کوڕەکەی خۆی بەهۆی نافەرمانی کردنەوە لە سێدارە داون. مرۆڤ لەو گێڕاوەیەدا جیهادیستەکانی ئەوڕۆیی دەبینێتەوە کە بۆ گەیشتن بە بەهەشتی چێکراو لە لایەن ئایینیەکانەوە، لە هیچ کارێکی ناڕەوا ناگوزەرێن و بە شانازییەوە بەرەو مەرگ دەڕۆن. تەنانەت خومەینی کلیلی بەهەشتی پلاستیکیی بە ملی مناڵانی ئێرانییەوە هەڵدەواسی و بەرەو مردن و چوون بۆ بەهەشتی دەناردن.

یەك لە ئارەزووە گەورەکانی حەسەن ئەلبەننا ئەوە بوو، گرۆۆپێك لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە کە بە بێ ڕەخنە لێگرتن و بێ ئەملا و ئەولا هەر وەك نازییەکان یاخود ئاساسینەکان حوکم و بڕیارەکانی بەجێ بێنن. پرنسیپی "گوێڕاگریی بێ سنوور" تا ئەمڕۆش وەك یاسایەکی سەرەکیی لەناو برایانی موسوڵماندا ماوەتەوە. پێش ئەوەی ئەندامانی کاری نهێنی ئەو حیزبە هەڵبژێردرێن، لە لایەن حەسەن ئەلبەنناوە بە وردی کونترۆڵ دەکران. لایەنگرانیان دەمانچە بەدەست و دەست لەسەر قورئان مەجبوور بە سوێندخواردن دەکران کە لە ڕێگای حیزبەکەیاندا بۆ هەمیشە گوێڕاگر، وەفادار و چالاك بمێننەوە.

سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ حەسەن ئەلبەنا لە هەڵبژاردنی پارلماندا بەشداریی کرد. کاتێک لەو هەڵبژاردنەدا دۆڕاندی، هەڕەشەی دەکرد کە بە ٢٠٠ هەزار لایەنگرەوە هێرش بۆ سەر پارلمان دەبات، وەك چۆن هیتلێر ساڵی ١٩٢٢ هەوڵی کۆدتای لە ئاڵمان دا! ماوەیەك دواتر سەرۆك وەزیری کاتی بە ناوی ئەحمەد ماهیر کە لە چەپەکان بوو بە دەست گەنجێك بە ناوی مستەفا ئەلعزاوی تێرۆر کرا. ساڵێك دوای ئەو تێرۆرە ڕوون بۆوە کە ئەو گەنجە ئەندامی نهێنیی برایانی موسوڵمان بووە.

بۆ ڕزگارکردنی میسر لە چنگی چەپەکان و بریتانیای گەورە و دامەزرانی حکوومەتێکی ئیسلامی، یەك لە هەرە ئارەزووە گەورەکانی حەسەن ئەلبەننا ئەوە بوو کە ئاڵمان لە شەڕدا سەرکەوتوو بێ. بە خۆشییەوە ئاڵمان دۆڕاندی و ئارەزووەکەی حەسەن ئەلبەننا کوێربۆوە. دوای کۆتایی شەڕ، فارووق شا خۆی لە سیاسەت کێشاوە. لە ساڵی ١٩٤٧ بەولاوە برایانی موسوڵمان چەندین چالاکیی تێرۆریستییان لە شارەکان و بەتایبەت سینەماکان و دژ بە یەهوودییەکان بەڕێوەبرد.

کاتێك وڵاتی ئیسرائیل پێکهات، بەهۆی شەڕخوازیی وڵاتانی میسر، ئۆردۆن، عێراق، و لوبنان دژ بەو پێکهاتە، لایەنگرانی ئەلبەننا هەلێکی نوێیان بۆ درێژەپێدان بە کارە تێرۆریستییەکانیان دەست کەوت. زۆربەی لایەنگرانی برایانی موسوڵمان چوونە ناو ڕێزەکانی سوپای میسر و فەلەستینەوە.

## دێموکراسی بە ناوی 'ئەسپی ترۆیا'وە[١٥٨]

بە چاولێکەریی لە هیتلێر، حەسەن ئەلبەنناش دژ بە سیستەمی چەند حیزبیی راوەستابوو و لە کۆمەڵگایەکی چەند حیزبیی دێموکراتیکدا بەربەرەکانی نێوان حیزبەکانی بە کەم و کورتیی و دژ بە ویستی نەتەوە موسوڵمانەکان دەزانی. کاتێ کۆدتاکەی هیتلێر دوای ساڵی ١٩٢٣بۆ وەدەستهێنانی هێزی سیاسی سەرنەکەوت، بۆ ئەو مەبەستە، ناچار بە هەڵبژاردنی رێگایەکیتر کرا. بەڵام سەرەڕای ناچاربوون و بەشداریی بەزۆریی ئەو لە کۆمەڵگای دێموکراتیدا، ڕوخساری ڕاستەقینە و هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی بە ڕاشکاویی هەر نیشان دەدا و نەیدەشاردنەوە. دێموکراسی بۆ ئەو وەك کەرەسەیەك بوو بۆ وەدەستهێنانی هێزی سیاسی. زۆربەی حیزبەکانیتر لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هیتلێر و حیزبەکەی مەترسییەکی گەورە بۆ کۆمەڵگا نیین و دەتوانن کۆنترۆڵیان بکەن. هیتلێر بە کەڵک وەرگرتن لە یاساکانی سیستەمی دێموکراسی بەرە بەرە هێزی بەدەستەوە گرت و ئەو سیستەمەی بە پێی کات بەرەو دیکتاتۆری هیدایەت کرد.

بارودۆخێکی هاوچەشن بۆ برایانی موسوڵمان لە هەنبەر تێگەیشتوویی و کەڵکوەرگرتن لە سیستەمی دێموکراتیك بەدی دەکرا. بە دوای مردنی سەرکردەکەیان حەسەن ئەلبەننا، حیزبی برایانی موسوڵمان هەستیان بەوە کردبوو کە بۆ وەدەستهێنانی هێزی سیاسی نابێ لە هیچ کارێك چاوپۆشی بکەن. هەوڵی یەکەمیان خۆ نیزیککردنەوە لە 'بزووتنەوەی سەربازان و ئەفسەران' بە سەرکردایەتیی 'جەماڵ عەبدولناسر' بوو. گرووپەکە بە تێکشکاویی و سەرشۆڕیی لە شەڕی فەلەستین گەڕابۆوە. نەیانتوانیبوو

---

[١٥٨] ئەسپی ترۆیا: ئەسپێك بوو کە لە دار دروستکرابوو و لە گێڕاوەکانی وڵاتی یووناندا کە گوایە سەربازەکان خۆیان لە زگی ئەودا شاردۆتەوە، زەفەریان بەسەر دوژمنەکەیان هێناوە.

ئیسرائیلییەکان تێك بشکێنن و ئینگلیزییەکانیش هەر وەك پێشتر لە وڵاتدا مابوونەوە و شا فارۆقیش لەوە بێ هێزتر بوو کە بتوانێ ئاڵ و گۆڕێك پێك بێنێت.

برایانی موسوڵمان لێرە بەولاوە بە ڕاشکاویی دژ بە شا فاروق ڕادەوەستن و پشتیوانیی لە کۆدتای ساڵی ۱۹۵۲ دژ بە شا دەکەن. شا ناچار بە وازهێنان لە دەوڵەت دەکرێ و هەڵدێ بۆ ئیتالیا. دوای رۆیشتنی شا، بەربەرەکانی بۆ وەدەستگرتنی هێز لە نێوان حیزبەکانی میسر دەستی پێکرد. جەماڵ عەبدولناسر دەیویست سوسیالیزم دامەزرێنێ و برایانی موسوڵمانیش دامەزرانی وڵاتێکی ئیسلامییان لە مێشکدابوو. چەپەکان و لیبراڵەکانیش خەریکی تێکۆشان بۆ دامەزرانی دوبارەی دێموکراسی لە کۆمەڵگادا بوون. ناسر لەگەڵ ئەوانیتردا، لەپێناو رێفۆرمی دێموکراتێك تێکۆشانی دەکرد، کەچی برایانی موسوڵمان بە چالاکیی تێرۆر و گێرەشێوێنیی، فەزاکەیان دەشێواند. دوای پووچەڵبوونەوەی تێرۆری ناسر لە ساڵی ۱۹٥٤ سەرکردایەتیی برایانی موسوڵمان گیران. هێندێکیان لە سێدارە دران و چەند کەسیشیان خرانە بەندیخانەوە. رێکخراوەی برایانی موسوڵمان بۆ دووهەمجار لە مێژوودا قەدەغە کرا و زۆربەی لایەنگرەکانی خرانە بەندیخانەوە. لە زیندانەوە لایەنگرانی دەرەوەیان هاندەدا بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیی تێرۆر نەك هەر لە میسر بەڵکوو لە هەموو وڵاتەکانی دیکەش. سێ گرووپی ترسێنەری ئیسلامیی ئەو کات لە برایانی موسوڵمان جیا بوونەوە و بە ناوەکانی "ئەلجیهاد ئەلئیسلامی"، "ئەلجەماعة ئەلئیسلامی" و "بزووتنەوەی تەکفیری ئەلهیجرە" چالاکییان دەکرد.

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا شەپۆلێکی تازەی تێرۆر وڵاتی میسری داگرت. کارخانە و پێگەی نیزامیەکان کەوتنە بەر هێرشی ئیسلامییەکان و کاول کران. ئەو تێروررانە بووە هۆی لە سێدارەدرانی سەرانی ئەو بزووتنەوەیە کە یەك لەوان 'سەید قوتب' بوو. بیر و باوەڕ و بۆچوونەکانی قوتب وەك باوکی جیهادێکی نوێ لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان تا ئەوڕۆش لە لای ئیسلامییەکان پیرۆزە.

دوای دۆڕانی شەڕی شەش ڕۆژەی ۱۹٦۷ کە دووهەمین سەرشۆڕیی بۆ ناسر بوو، برایانی موسوڵمان هەمیسان هاتنەوە سەر گۆڕەپانی سیاسەت و بە گوشار خستنە سەر بەرنامە سێکۆلارە سوسیالیستییەکەی ناسر کە سەری نەگرتبوو، دروشمی

"ئیسلام تەنیا چارەسەرە" یان بۆ دامەزرانی وڵاتی ئیسلامیی بەرز کردەوە. برایانی موسوڵمان دەنگی زۆربەی شاروەندانیان بۆ لای خۆیان راکێشا بەڵام بەهۆی بەهێزبوونی سیستەمی ئەمنیی و نیزامی ناسرەوە، دەنگیان دەر نەدەهات. ئەو فەزا سیاسییە بووە هۆی ئەوەی زۆربەی لایەنگرانی برایانی موسوڵمان وەك مامۆستای قوتابخانەکان، دوکتور و موهەندیس، وڵاتیان بەرەو عەرەبستانی سعودی بەجێ هێشت و بە شێوەی بەردەوام و گەلێک چالاکانە تەبلیغاتیان بۆ جیهادی ئیسلامی سەید قوتب دەکرد.

دوای مردنی ناسر لە ساڵی ١٩٧٠، ئەنوەر سادات هاتە سەر کار. ئەنوەر سادات بە تەواوی هێز هەوڵی پسانەوەی پەیوەندیی لەگەڵ رووسیەی دەدا و زیاتر سیاسەتەکەی بۆ لای ڕۆژئاوا لێدەخوڕی. بەڵام ناسریستەکان و مارکسیستەکانی وڵات دژ بە ئەنوەر ڕاوەستان. ئەو بارودۆخە بووە هۆی زیندوو کردنەوەی برایانی موسوڵمان. دواتر ئەنوەر سادات بەهۆی پەیماننامە ئاشتییەکەی کە لەگەڵ ئیسرائیلی بەست، لە لایەن گرووپی تێروریستیی جیهادی ئیسلامییەوە کوژرا و دوای هاتنە سەر کاری حوسنی موبارەك هەمیسان بە هێزی نیزامی وڵاتی بۆ ماوەیەك ئارام کردەوە. هەندێك لە جیهادیستەکان وڵاتیان بە جێ هێشت و بۆ جیهاد دژ بە رووسییەکان روویانکردە ئەفغانستان. لە ئەفغانستان بۆ دووهەمین جار وەهابییەکان و برایانی موسوڵمان یەکتریان گرتەوە. دوای تەواوبوونی شەڕ گەڕانەوە بۆ وڵاتانی میسر، ئەلجەزایر و عەرەبستان و لەوێوە شەپۆلێکی چالاکیی تێروری نوێیان دژ بە پۆلیس، گەڕۆکە بیانییەکان و ئەو بیانییانەی لە وڵاتانی عەرەبی دەژیان، وەڕێخست. مەبەستی سەرەکیان لە پێشدا بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگا عەرەبییەکان و لە نهایەتدا بە جیهانیکردنی ئیسلام بۆ هەموو نەتەوەکانی دنیا بوو. لە ماوەی سی ساڵ حکوومەتی موبارەکدا ئیسلامیستەکان بە تەواوی هێزەوە لەو شوێنانەدا کە دەوڵەت نەیتوانیبوو سەرکەوتووبێ، چالاکییان دەکرد و قوتابخانە، نەخۆشخانە و ... بۆ خەڵک دروست دەکرد و ئەو باوەڕەیان لە خەڵکیدا پێکهێنابوو کە برایانی موسوڵمان تەنیا ئاڵترناتیون بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری وڵات.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١١ و ٢٠١٢ ی میسر و تونێسدا زۆرینەی دەنگەکان بە برایانی موسوڵمان درا. هەوڵیان دا لەو دوو وڵاتە دەوڵەتێکی ئیسلامی دامەزرێنن. بە تایبەت لە وڵاتی میسر هەر وەك پێشتریش باسمان لێکرد، پرۆگرامی پەنجا خاڵەیان وەك یاسای نوێی وڵات هێنایە پارلەمان. بە پێچەوانەی هیتلێر کە زۆربەی دەنگی خەڵکی ئاڵمانی لە پشت بوو، لێرەدا خەڵکی سیاسی و ڕووناکبیرانی میسر لێیان وەدەنگ هاتن. کۆمەڵانی خەڵک رژیمی موبارەکیان ڕووخاند چونکە لەوە زیاتر نەیاندەتوانی دیکتاتۆریی تەحەممول بکەن. دێمۆکراتەکان لە هەڵبژاردن دا سەرکەوتوو نەبوون چونکە زۆربەی فەقیر و ناوچە فەقیرنشینەکان دەنگی خۆیان بە برایانی موسوڵمان دا. دوو مانگ دوای هەڵبژاردن، مورسی بوو بە سەرۆك کۆماری وڵات، ریشێکی دانا و شەقێکی لە دێموکراسی هەڵدا. ساڵێك دواتر بە ملیۆن خەڵك چوونە سەر شەقامەکان و داوای لاچوونی مورسییان کرد. ئەگەرچی مورسی بە دەنگی زۆرینەی خەڵکیی و لەسەر هەڵبژاردنی دێموکراتیك هاتبووە سەر کار، بەڵام ئەو کارە نەك وەك کودتا بەڵکوو وەك پێداویستییەك دەبوو پێك بهاتبایە.

## ئیبراهیم و دامەزرانی بناغەی فاشیزم



هەموو ساڵێك موسوڵمانان جەژنی قوربان بەڕێوە دەبەن. لەگەڵ ئەو جەژنە بیرەوەریی ئیبراهیم و کوڕەکەی زیندوو دەکرێتەوە. ئەو چیرۆکە لە تەورات، ئینجیل و قورئاندا باسی لێکراوە. باوکە گەورەی جوولەکە، مەسیحی و موسوڵمانەکان لە خەونیدا دەبینێ چلۆن کوڕەکەی خۆی بۆ خودا قوربانی دەکات. بە پێی چیرۆکی قورئان ئیبراهیم بەیانی لە خەو هەڵدەستێ، بە پەلە چەقۆیەك دێنێ و بۆ گێڕانەوەی خەونەکە دەچێ بۆ لای کوڕەکەی:

*"کوڕی خۆم! لە خەونمدا بینیم کە من دەتکووژم. ئێستاش سەیر کە، دەڵێی چی؟ کوڕەکە گوتی: باوکە! ئەو کارەی پێت دروستە و ئەمرت پێ کراوە، بەجێی بێنە! کاتێك هەردووکیان رازی بە خواستی خودا بوون و ئیبراهیم کوڕەکەی لەسەر زەوی راکێشا، خودا بانگی لێ کرد: هۆ ئیبراهیم! تۆ وەفاداریی خۆت بۆ من سەلماند! ئەرخەیان بە کاری وات بۆ قەرەبوو دەکرێتەوە. ئەرخەیان بە کە ئەوە تەنیا تاقیکردنەوە بوو..."*

لە کۆتاییدا خودا ئیبراهیم لە کوشتنی کوڕەکەی پەشیمان دەکاتەوە و پاداشی دەداتێ کە بە جێی کوڕەکەی ئاژەڵێك بکووژێتەوە.

مەبەستی ئەو چیرۆکە چەندین لایەنی هەیە: ئیبراهیم ئامادەیە بێ ئەملا و ئەولا، بە بێ هەستکردن یاخود تێگەیشتن لە لایەنی ئەخلاقی و بە بێ لەژێر پرسیارخستن، ئەمری خودا بەجێ بهێنێ. ئەو تەنانەت ئامادەیە بۆ ئەو کارە، کوڕەکەی خۆی قوربانی بکات.

لێرەدا دوو یاسای سەرەکیی فاشیستەکان دەبینرێ: **گوێڕایەڵیی بێ شەرت و مەرج و خۆ قوربانیکردنی بێ سنوور**. ئیبراهیم بەو هەڵس و کەوتەی یاخود بە ئامادەبوون و گوێرایەڵی، کۆڵەکەی ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی ئایینی ئیسلامی دامەزراند. وشەی ئیسلام لە کرداری عەرەبی "ئەسلەمە" وە دێت و بە مانای 'خۆ خستنە ژێر فەرمان [تەسلیم بوون]' هاتووە.

لایەنێکیتری ئەو چیرۆکە ئەوەیە ئیبراهیم لە بڕیارەکەیدا کوڕەکەشی دێنێتە کایەوە کە وەك منداڵێك نە لە وشەی خودا و نە لە قوربانیکردن تێدەگا. ئەوەش تاکتیکێکە کە فاشیستەکان کەڵکی لێ وەردەگرن: بارودۆخێك لە ناو کۆمەڵگادا سازدەکەن کە وێدەچی خەڵکەکە بڕیاردەر بن، لە حاڵێکدا بڕیارەکە زۆر پێشتر دراوە. بۆ وێنە لە داگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانیدا "گوبیلز" یەك لە نازییەکانی ئاڵمان، لە کاتی قسەکردنی بۆ کۆمەڵێکی خەڵک، پرسیاریان لێ دەکا: "شەڕی مان و نەمانتان دەوێ؟" مەبەست لەو پرسیارە ئەگەری سەرنەکەوتوویی لە شەڕەکەدایە کە تاوانەکە بگەڕێتەوە سەر خەڵکی کۆمەڵگا.

فاشیزم جاروبار لەگەڵ یەکتاپەرستیی بە خزم دەردەچن. ئەو ئایینانەی باوەڕیان بە چەندین خودا هەیە، لە ڕاستیدا زۆر لە ئایینە ئیبراهمیەکان کراوەتر و سەبوورترن. چونکە لە ئایینی چەند خوداییدا ئەرکەکان بەسەر چەندین خودا دا دابەش دەکرێن. خودایەك بەرپرسە بۆ مردن، ئەویتریان بۆ ژیان، یەکیان بۆ خاپوورکردن و ... بەو شێوەیە ئەو خودایانە نەتەنیا تەواوکەری کاری یەکترن، بەڵکوو بە یەکترەوە بەستراونەتەوە. ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ئایینی چەند خوداییە، مافی هەڵبژاردنیان هەیە و بە پێی پێداویستیی پەنا بۆ یەك لەوان دەبەن. خودای ئایینە ئیبراهیمیەکان بەغیلە و هیچ خودایەکی تر لە پەنا خۆی ناتوانێ تەحەممول بکات. ئەو ئیدەیە کە خودا یەکتایە، بە تەنیایی ئێمەی خوڵقاندووە، هەموو شتێك لە ژێر ئیختیاری ئەو دایە، خۆی

دەزانێ چی بەسەر ئێمە دێنێ، بیست و چوار کاتژمێر لە ڕۆژدا کۆنترۆڵمان دەکا، خەون و خەیاڵەکانمان دەناسێ، ژیانمان بە هۆی کاری ڕەوا و ناڕەوا دەپێوێ و ئەگەر هەڵە بکەین بە ئاگری جەهەننەم دەمانسووتێنێ، یەکەمین بناغەی سەرەکیی ئایینی دیکتاتۆرییە کە سەرچاوەیە بۆ هەموو دیکتاتۆرییەکانی دیکەی جیهان. لە هەموو دیکتاتۆرییەکدا کەسێك، ئیدعای ڕێگای ڕاستیی دەکات و هەوڵ دەدا خەڵکیی بەرەو ئەو ڕێگایە هیدایەت بکا و بۆ ئەو کارەش چاوەڕوانیی دەکات کە خەڵکەکە بێ ئەوەی ڕەخنەی لێبگرێ یاخود گومانی لێ بکرێت، وەدوای بکەوێ و ویستەکانی بەجێ بێنیت.

## ئیبراهیم، محەمەد و برینی لێکدابڕان

زۆر لەمێژبوو ئیبراهیم بەدوای شتێکی ئیلاهی دا دەگەڕا. دوای ماوەیەکی زۆر بە خەیاڵ خودای ڕاستەقینەی خۆی دۆزییەوە. بە پێی گێراوەکانی تەورات و ئینجیل دوای ئەو دۆزینەوەیە بۆ خزمەتکردن بە خوداکەی و ناساندنی بە مرۆڤەکانیتر, تایفە و بنەماڵەی خۆی بەجێ هێشت. بە گوێرەی قورئان، ئیبراهیم تایفەکەی بەجێ ناهێڵێ و بۆ دژایەتیی لە هەنبەر باوکی(ئازەر) کە باوەڕی بە چەند خودایی هەبووە، لای بنەماڵەکەی دەمێنێتەوە. ئیبراهیم خوداکان واتە بوتەکانی باوکی دەشکێنێ و داوا لە خەڵکی دەکا کە دەست لە پەرستنی بوت هەڵبگرن. فناتیکەکان لەسەر ئەو کارەی ئیبراهیم کە گوایە ئەتکی بەسەر خوداکانیاندا هێناوە، هێرشیان کردە سەری و خستتویانەتە ناو ئاورەوە. بەڵام خودا ئاورەکە دەکووژێنێتەوە و ئیبراهیم وەك پەرجوێیەك لە سووتاندن ڕزگاریی دەبێ.

محەمەد وەك تاجرێکی گەنج، دوای ساڵیانی درێژ سەفەرکردن بۆ دیمەشق و ناوچەکانیتر لەگەڵ زۆربەی تاجرانی یەهوودی و مەسیحی ئاشنا دەبێ. لەو تاجرانەوە بە باشی چیرۆکی ئەو دوو ئایینە فێر دەبێ. بەتایبەت چیرۆکی ئیبراهیمی وەك ناوەندی سەرەکیی بۆ ئایینی ئیسلام کە دواتر قاوی بۆدا، هەڵبژارد و تاقانە کوڕی خۆیشی ناو نا ئیبراهیم.

بۆ ئەوەی پەیامە ئیلاهییەکەی بە جوولەکە و مەسیحیەکانی عەرەبستان بگەیێنێ و سەرنجی ئەوانیش بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، کەسایەتیی ئیبراهیم و چیرۆکەکەی بە تامەزرۆییەوە وەك باوکە گەورەی هەموان، هەڵبژارد. تەنیا بەو جیاوازییەی کە محەمەد کوڕی ئیبراهیم واتە ئیسماعیلی لەناو ئینجیلدا کە ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو، دۆزییەوە. سەبارەت بە کوڕی ئیبراهیم لە هاجەر کە یەخسیرێکی میسری بوو دەگێڕێتەوە کە ئیبراهیم هەر دووکیانی لە بیابان بە تەنیا بەجێ هێشتووە، چونکە زارای ژنی ئیرەیی بەو دوانە بردووە.

بە پێچەوانەی ئینجیل محەمەد لەسەر ئەو باوەڕە بووە ئیبراهیم ویستوویەتی ئیسماعیل قوربانی بکات نەك ئیسحاق. هەروەها لە قوڕعاندا باس لە دروستکردنی کەعبە لە لایەن ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی بۆ زیارەتی موسوڵمانان، کراوە. کەعبە پێش محەمەد وەك ناوەندێکی ئایینی عەرەبەکان بووە و پێش ئیسلام هەموو قەومێک ئیزنی ئەوەی هەبوو بوت یاخود خوداکانی خۆیان لە ناو یا لە دەوری کەعبە دابنێن. شاری مەککە، کە لە مابەین دیمەشق و یەمەن دا جێی گرتبوو وەك ناوەندێکی بازرگانی گرنگایەتیی بۆ ناوچەکە هەبوو و زۆربەی هۆزەکان هات و چۆیان تێدا دەکرد. مەسیحییەکان ئینجیل و وێنەی مریەمیان لێ هەڵواسیبوو. ناوەندێکی ئایینی-بازرگانی پێکهاتبوو کە زۆربەی بازرگانەکانی ناوچە لەوێ کڕین و فرۆشتنیان دەکرد. بارودۆخێکی گونجاو لە نێوان مرۆڤە ئایینیەکان و ئایینی جیاواز لە ناویان پێکهاتبوو، کە هەرکام بە ئازادییەوە بانگەوازیان بۆ باوەڕ و بۆچوونەکانی خۆیان دەکرد.

کاتێك محەمەد ویستی پەیامە ئایینیەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە، خەڵکیی لێیگەڕان بە ئازادی قاو بۆ ئایینەکەی لە کەعبەی شاری مەککە، بکات. ناوبراو لە هەوەڵەوە خۆی دێموکرات نیشان دا و گوتی: "ئێوە و باوەڕی خۆتان، من و باوەڕی خۆم". بەڵام دواتر کاتێك محەمەد ویستی بوت یا خوداکانی دەوری کەعبە بسووتێنێ، لە نێوان ئەو و تایفەکانی تردا کێشە پێکهات کە ئەمان زیاتر نیگەرانی تێکچوونی بارودۆخی بازرگانی لە کەعبە بوون. پیش هاتنی ئیسلام لە نیوان تایفە کانی عەرەبدا پەیتا پەیتا شەر و ناخۆشی پێکدەهات کە ئەوکات لە لایەن دوو زلهێزی ناوچەکە واتە فارسە ساسانییەکان و رۆمیەکان، کونترۆڵ دەکران.

بەڵام بە پێچەوانە محەمەد خەونی بە ئیمپڕاتۆڕییەکی سەربەخۆی عەرەبییەوە دەدیت و کەعبەی وەك ناوەندێکی ئایینی بۆ لایەنگرەکانی دادەنا. تەنانەت باپیری محەمەد قوسەی ابن کیلاب "Qusai Ibn Kilab" زۆر جار هەوڵی دابوو تایفە عەرەبییەکان هانبدا بۆ یەکگرتوویی و پێکهێنانی وڵاتیکی عەرەبی دژ بە زلهێزەکانی ناوچە. بەڵام ئەو مرد و خەونەکەی وەدی نەهات. نەوەکەی واتە محەمەد لێرەدا ڕێگای باپیری خۆی گرتە بەر و هەوڵی بۆ یەکگرتوویی بنەماڵە عەرەبەکان دا. ماوەی سێزدە ساڵ بەردەوام لە مەککە قاوی بۆ ئایینی ئیسلام دا بە بێ ئەوەی سەرکەوتوو بێ. کەمتر لە سەد کەسێك

وەدوای کەوتبوون کە زۆربەیان یەخسیر و دیل بوون. دواتر کاتێك لەگەڵ لایەنگرەکانی مەککەیان بەجێ هێشت و بەرەو مەدینە وەڕێ کەوتن، شانس رووی تێکردن. محەمەد توانی متمانەی دوو تایفەی ناوداری ناوچەکە بە ناوی ئەوس"Aos" و خەزرەج"Khazradsch" وەدەست بهێنێت.

لە هەوەڵەوە، لە مەدینە، محەمەد خۆی لە یەهوودییەکەن نیزیك دەکردەوە. داب و نەریتەکەیانی بە دڵ بوون. یاسا رەوا و قەدەغەکانی ئایینی جوولەکەی زۆر پێ باش بوو. بۆ وێنە، دەستووری دۆعاکردن، بەڕۆژووبوون، خەتەنەکردن، خاوێنکردنەوەیان و هەروەها کارە قەدەغەکانیان بەتایبەت نەخواردنی گۆشتی بەرازی زۆر پێ باش بوو. تەنانەت ئورشەلیم (قودس) ی وەك کەعبەی موسوڵمانان بۆ رووتێکردن لە کاتی دۆعا و نوێژدا هەڵبژارد. یاسا رەوا و قەدەغەکانیانی نێو نا شەریعەت کە لە وشەی یەهوودی هالاخا(Halacha)وە ڕاستەوخۆ وەرگێڕراوەتەوە و لە عەرەبی و عیبریدا بە مانای ڕێگایە.

تەنانەت محەمەد رێککەوتێکی ٥٢ خاڵەی لەگەڵ یەهوودیەکان ئیمزا کرد. بە پێی ئەو رێککەوتە ئازادیی ئایینیان زامن کرابوو و یەهوودیەکان دەبوو لە شەڕدا یارمەتیی سوپای ئیسلام بدەن و ئیزنی مامله کردن لەگەڵ شاروەندانی مەککەیان نەبێ. محەمەد بە هیوابوو لەبەر ئەوەی ڕێزی زۆری بۆ ئیبراهیم دادەنا و چیرۆکەکانی تەورات و ئینجیلی لە ناو قورئاندا گونجاندبوو، یەهوودییەکان و مەسیحیەکان ئایینی خۆیان وەلانێن و ئایینی ئیسلام قەبووڵ بکەن. بەڵام زۆرینەی مرۆڤی خاوەن ئەو ئایینانە خۆیان لە ئایینی ئیسلام دەپاراست و خۆیان لێ دوور ڕادەگرتن. بەتایبەت یەهوودیەکانی مەدینە خۆیان بێ لایەن نیشان دەدا و نەیاندەویست بارودۆخی ئابووری خۆیان لەگەڵ عەرەب و نەتەوەکانیتر بخەنە مەترسییەوە. تاقمێکیان لەگەڵ تاجران و خەڵکی مەککە کە لە شەڕ دژبە محەمەدا بەشدار بوون، پەیوەندیی و مامڵەیان هەبوو. محەمەد دژ بەو یەهوودیانە هەڵوێستی گرت و فتوای لەناوبردنی هۆزی 'خەیبەر' ی یەهوودییەکانی دا. تا ئەوڕۆش موسوڵمانەکان هاواری دروشمی "خەیبەر، خەیبەر، ئێوەی جوولەکە، سوپای محەمەد دەگەڕێتەوە بۆ گیانتان" دەکەن.

لێرە بەولاوە پێغەمبەری ئیسلام رووی خۆی لێ وەرگەڕاندنەوە و گوتی هەر کەس بە قسەی خۆش بۆ لامان نەیەت، دەبێ بە زۆر بەرەو ڕێگای ڕاست هیدایەت بکرێ.

کاتی محەمەت شاری مەککەی گرتەوە، ئیتر قسەکەی خۆی واتە "ئێوە و باوەڕی خۆتان، من و باوەڕی خۆم" ی لەبیر چۆوە و بە چاولێکەری لە ئیبراهیم، هەموو بۆت و خوداکانیانی لە دەرەوە و ناوەوەی کەعبە، لێ سووتاندن و تووناى کردن. تەنانەت دەستووری کوشتنی بۆ پیاوێکی بێ چەك دەرکرد کە لە ترسا پەنای بۆ ناو کەعبە بردبوو. دەستووری دا شاری مەدینە لە یەهوودی و مەسیحی پاك بکرێتەوە. گرووپێکی پێکهێنا کە ئەرکیان کوشتنی ئەو کەسانە بوو کە دژ بە محەمەد چالاك بوون. ئەو گرووپە نە تەنیا تێرۆریان دژ بەو سەرکردانە بەڕێوەدەبرد کە دژ بە محەمەد لە شەڕدابوون، بەڵکوو رەحمیان بە شاعیران و ڕەخنەگرانی یەهوودیش دا نەدەهات و ئەوانیشیان دەکوشت.

بەتایبەت حوکمی کوشتنی ژنێکی پیر لە لایەن گرووپە تایبەتییەکەی محەمەدەوە زۆر بێ بەزەییانە بوو کە محەمەدی بە درۆزن ناو بردبوو و نەیهێشتبوو چل کەس لە بنەماڵەکەی (نەوە و منداڵەکانی) شەڕ بۆ محەمەد بکەن. محەمەد گرووپە تایبەتە مرۆڤکوژەکەی بە سەرکردایەتی زڕکوڕەکەی خۆی 'زەید'، بۆ تەمێ کردن ناردە سەریان. زەید حوکمی کوشتنی هەموو منداڵ و نەوەکانی ئەو ژنەی دا و تەنیا ژنێکی جوانی هێشتەوە و وەك کۆیلە لەگەڵ خۆی برد و خەڵاتی محەمەدی کرد. زەید ژنە پیرەکەی لە دوو ئەسپ بەست، کە ئەو ژنە پیرە بەستەزمانەیان بە زیندوویی لێك هەڵدڕی و کردیان بە دوو لەتەوە. محەمەد بەو کارانەی ترس و وەحشەتێکی زۆری لەناو کۆمەڵگادا بڵاو کردەوە و تۆوی Intoleranz"ئین تۆلەرانس"(نائارامی و نا سەبووری)ی لەناو دڵی ئیسلامدا چاند. تۆیەك کە بە پێی کات گەورە و گەورەتر بۆتەوە و تا ئەوڕۆش بەری دارەکەی میوەی پێوەیە.

بەهۆی هەڵوێستەکانی محەمەدەوە خودای ئیسلام خودایەکی تووڕە و بێ بەزەییە. خودایەك کە تەنیا حوکم دەردەکا و هەرگیز ماملە ناکات. هەر کەس بە قسەی نەکات، بە ئاوری جەهەنەم دەیسووتێنێ. بڕیاردەری ژیان و مردنە و هەرگیز نابێ بخرێتە

ژێر پرسیارەوە. حوکومڕان و خودایەکی بەخیلە، کە چاوی دیتنی هیچ خودایەکی تری لە پەنا خۆی نییە و بۆ بەجێهێنانی ویستەکانی بەسەر لاشەی مردوودا دەڕوا.

زیاتر لە نیوەی ئەو شەڕانەی محەمەد لە وڵاتە عەرەبییەکان دایگیرساندن، دژ بە ئەو یەهوودییانە بوو، کە نەیاندەویست بچنە ژێر فەرمانیەوە. لە پڕێکدا زمانی قورئانیش دژ بە یەهوودیەکان گۆڕرا و ئیتر بە چاوی دوژمن سەیر کران. لە هەوەڵەوە بە ناوی نەتەوەی خاوەن کتێب ناونران و دواتر بوون بە ساختەچی کتێب. دوژمنایەتیی قورئان لە هەنبەر یەهوودییەکان هێندە توند بوو کە ناوی مەیموون و بەرازیان لەسەر دانرا. سێ تایفەی گەورەی یەهوودی لە مەدینە بە تەواوی دەرکران و چوارەمیان بە خائین و دژ بە نەتەوەی عەرەب لە قەڵەم درا و بە فەرمانی محەمەد هەموو پیاوەکانیان کوژران و منداڵ و ژنەکانیان وەك کۆیلە فرۆشران. لێرە بەولاوە مەدینە لە یەهوودییەکان پاك کرایەوە و قیبلەی موسوڵمانان لە ئورشەلیمەوە بەرەو مەککە گوێزرایەوە.

ئەو کێشەیە، لە سوورەی ٨ی قورئاندا هاتووە و یەهوودییەکان بە هۆی خیانەت کردنەوە بە ئاژەڵ دادەنێ: *"لە ڕاستیدا ئەو کەسانە لای خودا ئاژەڵن، کە باوەڕیان نەبێ و باوەڕ نەهێنن. ئەوان ئەو کەسانەن کە لەگەڵیان پێك هاتووی و هەمووجارێك پێکهاتنەکە تێك دەدەنەوە، و هیچ باکێکیان لە خودا نییە. هەر بۆیە، ئەگەر تۆ لە شەڕدا تووشی ئەو کەسانە هاتی، ..."*

بەو شێوەیە پڕۆژەیەك بە ناوی "پاك کردنەوەی وڵاتی عەرەبی" پێکهات کە دەبوو دوڕگەی عەرەب بۆ دامەزرانی پایەی ئیمپراتۆریی ئیسلامی کە بە زوویی بۆ خزمەت بە ئوممەت دەبوو گەورەتریش بێتەوە، لە هەموو بێدینەکان پاك بکرێتەوە. لێرەوە کاتژمێری یەکەمی لە دایکبوونی فاشیزم دەستیپێکرد.

کاتێ محەمەد مرد، قورئانی بە شێوەی ریوایەت و هەروەها هەزاران گێڕاوەی حەدیسی بۆ موسوڵمانان لە خۆی بەجێ هێشت کە بە وردی هەڵس و کەوتی موسوڵمانان لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا دیاری دەکات. لەواندا تەنانەت باس لەسەر چۆنیەتیی هەڵس و کەوت لەسەر مەبال کراوە، بەڵام گرنگترین ئەرك واتە هەڵبژاردنی

جێنشینی لەبیر چوو، و ئەو کارە دوای چەند ساڵ بووە هۆی کێشە و ناڕەزایەتییەکی مەزن لە مابەین موسوڵمانان و دوو شاخەی سوننی و شیعەی لێ ساز کرا.

جیاوازی مابەین شیعە و سوننی لەوە دابوو کە شیعە تەنیا خزم و بنەماڵەی محەمەد بە جێنشینی ڕاستەقینە دادەنێن و لە ڕوانگەی سوننییەکانەوە هەموو مرۆڤێکی ناو دە تایفەی مەککە، مافی جێنشینی محەمەدیان هەبووە. ئەو جیاوازییە بووە هۆی شەڕێکی سامناکی مەزن لە ناو ئەندامانی کۆمەڵگادا کە بزووتنەوە و خۆگەورەکردنەوەی ئیسلامیی چەند ساڵ دوای مردنی محەمەد ڕاوەستاند و کزی کرد.

لەژێر کارتێکەریی ئەو دابڕانە، بە پێی کات چەمکی "حاکمییەتی ئەڵڵا" یاخود حوکومرانیی خودا پێکهات. ئەو ئیدەیەی لە پشت چەمکەکەوە بوو تەنیا ئەوە نەبوو کە خودا، بە تەنیا ئەرکی توانایی حکوومەتکردنی بە کەسێك دابێ بەڵکوو، ئەو خۆی لە ڕێگای پێغەمبەران و نوێنەرانیانەوە لەسەر ئەم هەردە حکوومەت دەکا. بەو شێوەیە حاکم، نوێنەری خودایە لەسەر زەوی و بەڕێوەبەری خواستەکانی ئەویشە. ئەرکی هەموو موسوڵمانێکە کە گوێڕایەڵی حاکمان بن. هەر ڕەخنەیەك، هەر قەبووڵ نەکردنێکیش دەبێتە هۆی لەژێر پرسیار دانانی خودا.

لای شیعەکان چەمکی حاکمییەتی ئەڵڵا بووە هۆی پێکهاتنی ئیمامەت و لای سوننییەکان خەلافەت. لە قورئاندا هاتووە: "لێکدابڕان لە کوشتن خراپترە!" دروشمێك کە فاشیستەکانیش بەڕێوەی دەبەن. هەر کەس لە باوەڕ یا ئیدیۆلۆژییەکە لا بدا بە خائین ناودەبرێت.[١٥٩]

لەو وڵاتانەی وا هێشتا بە تەواویی حکوومەتی ئیسلامیان تێدا دانەمەزراوە وەك میسر، مەراکێش و ئوردۆن، دەگوترێ کە ئێمەی موسوڵمان هەموو چەشنەکانی حکوومەتداریمان تاقی کردۆتەوە. لە ناسیۆنالیزمەوە هەتا مارکسیزم و هەروەها سەرمایەداریی. ئەو سیستەمانە لە دنیای ئیسلامدا میوەیان نەداوە و نائیسلامیی و بێگانەن. یەك لە خەونە هەرە گەورەکانی سەلەفییەکان و جیهادیستەکان ئەوەیە کە

---

[١٥٩] . فەرهەنگێك کە تەنانەت حیزبە کوردییەکانیشی لەژێر کارتێکەریی خۆی داناوە. وەرگێر

چەرخی مێژوو بەپێچەوانە بەرەو دواوە و بۆ ناو ئەو کۆمەڵگایە بگەڕێننەوە کە محەمەد دایمەزراندبوو. هەروەها لە درێژەی ئەو کارەدا دەڵێن: "ئەو کاتەی کۆمەڵگا بە تەواویی ئیسلامی کرابێت، بۆ بەڕێوەبردنی ویستی خودا و پێغەمبەر دەبێ تەواوی دنیا داگیر بکرێ و بێ دینەکان و بابییەکان توونا بکرێن!"

## ابن حەنبەل، سەلاحەدین و خەونی یەکگرتن

چوار لە قوتابخانەکانی ناسراوی سونییەکان بریتین لە مالکی، شافعی، حەنبەلی و حەنەفی. ئەو موسوڵمانانەی باوەڕیان بە یەك لەو چوار مەکتەبەیە، بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ دنیای مودێڕنی ئەوڕۆیی، بە پێی لێکدانەوە و بۆچوونی هەرکام لەو قوتابخانانە، ئیزنی هەڵبژاردنیان لە نێوان چەندین هەڵس و کەوتدا هەیە. بەڵام بەو مەرجەی لە بازنەی یاسا سەرەکیەکانی ئیسلام دەرنەچن. ئەو چوار قوتابخانە کۆنسێرڤاتیو (موحافزەکار)انە، ئەگەر لە قورئان یا حەدیسدا سەبارەت بە تەوەرێك بە ڕاشکاوی باسی لەسەر نەکرابێ، ئەو ئیزنە بەخۆیان دەدەن کە یاسای نوێ پێکبێنن. بەڵام چونکە محەمەد هەزاران بڕیاری لەسەر هەڵس و کەوتی موسوڵمانان لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە، دیتنەوەی کون و قوژبنێ بۆ دانانی یاسای نوێ زۆر ئەستەمە.

ئایینی حەنبەلی کە لە سەدەی نۆهەم بەدوای لێکدابڕانی موسوڵمانەکان و پێکهاتنی سوننی و شیعە، لە لایەن "ابن حەنبەل"ەوە (٨٥٥-٧٨٠) لە بەغدا پێکهات، لە ناو ئەو چوارەدا لە هەموویان موحافوزەکارترە. شاری بەغدا لەو ساڵانەدا یەك لە شارە هەرە کراوەکانی دنیا بووە کە بە پێی شەریعەتی ئیسلام بەڕێوە نەچووە. ئەڵکۆڵ، سەما و ڕەقس و گۆرانی و شاد و خۆشحاڵبوون کاری ڕۆژانەی خەڵک بووە. تەنانەت لە دیوەخان و حوزوری خەلیفەکاندا شاعیرانی موسوڵمان، یەهوودی و مەسیحی موشاعیرەیان کردووە و هەرکام ئایینی ئەوانیتریان خستۆتە بەر ڕەخنە. لە شێعرەکاندا کەسایەتییە ئایینییەکان و بەتایبەت محەمەد ڕاستەوخۆ لەژێر ڕەخنە گیراون، بە بێ ئەوەی پێی نارەحەت بن یاخود ڕووی خۆیانی پێ گرژ بکەن. هەروەها جێی سەرنجە، لەو سەردەمەدا قوتابخانەی ئیسلامی پێکهاتوون کە هەڵە و پەڵە و ئیلاهی بوونی قورئانیان خستۆتە بەر پرسیارەوە. یەك لەو قوتابخانانە ناوی معتزلە (Mu'tazila) بووە کە نووسراوەکان و سوورەکانی قورئانیان تەنیا بۆ سەدەی حەوتەم بەڕاست زانیوە. بەو هۆیەی ژیانی مرۆڤ لە بەغدا و لە سەدەی نۆهەمدا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ

مەککەی سەدەی حەوتەمدا هەبووە، لایەنگرانی معتزله خۆیان بە سەردەمی محەمەد و یاساکانی ئەو سەردەمەوە نەبەستۆتەوە. هەڵس و کەوتێك کە لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانی ئەوڕۆییدا شتێکی نەگونجاوە. ئەوان تەنانەت پێکەوەژیانی چەند ئایین بە نەگونجاو دەزانن.

بە گەورە بوونەوە و هەڵمسانی ئیسلام لە ناوچەی ئیمپراتۆرییەکانی ئێران و رۆم، بیرمەندانی ئیسلامی لەگەڵ فەیلەسوفانی یونانی و یەهوودیی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەبووە کە بۆتە هۆی پێکهاتنی بۆچوونی نوێ لەناو ئیسلامییەکاندا. ئیسلامییەکان فێر ببوون بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئایینەکانی تر دەبێ ڕێگای سەبووریی هەڵبژێرن و خۆیان بە ئارگۆمێنتی گونجاو تەیار بکەن. لەو بارودۆخەدا ابن حەنبەل ترسی لێ پەیدا بووە و گوتوویە: *" لە حاڵەتێکی وادا کە پەیتا پەیتا قوتابخانەی نوێ پێکدێن و ئیسلامییەکان شاخەی نوێیان لێ دەبێتەوە و لێك بڵاو دەبنەوە، گەڕانەوە بۆ سەر نووسراوەکانی قورئان و یاساکانی سەردەمی محەمەد باشترین ڕێگایە."* بەو هۆیە قوتابخانەیەکی لە رادەبەدەر کۆنسێرڤاتیوی پێکهێنا کە ناوك و ناوەڕۆکی تیئۆریکی ئیسلامییە فەناتیکەکانی تا ئەوڕۆش پاراستووە. بەڵام لە سەردەمی ئەوکاتی بەغدادا، سەرەتا کەس گوێی بۆ رانەدەگرت. نەتەنیا گوێشیان لێ نەگرت، بەڵکوو بەهۆی هەڵس و کەوتی لە ڕادەبەدەر توندیەوە، خستیانە بەندیخانەوە.

هاوکات لەگەڵ هێرشی خاچپەرەستان بۆ سەر ئەو ناوچانە، ئیسلامییە فناتیکەکان هەلێکی باشیان بۆ ڕەخسا. ئەودەم ئیتر مرۆڤ بیری لە ئیمپراتۆرییەکی ئیسلامیی یەکپارچە دەکردەوە کە بتوانێ لە هەنبەر خاچپەرەستەکاندا راوەستێ و شکستیان بدات. سەلاحەددینی ئەییوبی یەك لەو فناتیکانە بوو کە هەوڵی ئەو کارەی دا. ئەو بانگەشەی جیهادی ئیسلامیی دەرکرد و لە ساڵی ١١٨٧ دا، ئۆرشەلیمی لە دەست مەسیحییەکان ئازاد کرد و خەونی یەکیەتیی موسوڵمانانی وەك سیمبولێك لە مێژوودا تۆمار کرد. دوای سەلاحەددین هەرکام لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەویان وەك نموونە و سەردەمی ئەویان وەک سەردەمیکی زێڕینی رێنسانس بۆ یەکیەتیی موسوڵمانان سەیر کردووە.

## ابن تەیمیه (Taymiyya)، سەید قوتب و پرنسیپی جیهاد

دوای هێرشی مەغوولەکان بو سەر دنیای ئیسلام لە سەدەی سێزدەهەمدا، فناتیکەکان هەمیسان دەورگێڕانێکی بەرچاویان بۆ ڕەخسا. شاخەی حەنبەلیی محافزەکارەکان بە هۆی کەسێك بەناوی "ابن تەیمیه" زیندوو کرایەوە کە ئەوڕۆ وەك باوکی رووحانیی سەلەفییەکان و وەهابییەکان لە ئەژمار دێ. تەنانەت ئوساما بن لادنیش زۆر جار خۆی بەو کەسەوە هەڵدەواسی، بەتایبەت بۆ بەڕێوەبردنی جیهادە ئیسلامییەکەی لە سەرانسەری دنیادا.

"ابن تەیمیه" (١٣٢٨-١٢٦٣) بەڕێوەبردنی یاساکانی شەریعەتی ئیسلامیی بێ ئەملاو ئەولا، وەك ئەرکی سەرەکی بەرنامەی کارەکەی دانابوو و بەردەوام کۆنترۆڵی بەڕێوەبردنی دەکرد. هەرکەس یاساکانی شەریعەتی بەڕێوە نەبردبا، بێ بەزەییترین رەفتاری لەگەڵ دەکرا. ابن تەیمیه لەسەر 'توحید' واتە یەك بوونی خودا زۆر سوور بوو. ڕەخنەی لەسەر سۆفییەکان بوو و گوشاری لەسەر دادەنان کە لە پەنا خودا ڕێزیان لە مرۆڤە رووحانییە ئایینییەکانیان دەگرت و بەردەوام دەچوونە سەر قەبرەکانیان. ناوبراو بەتایبەت دژ بە رازاندنەوەی قەبری ئەو ئایینیانە بوو. شاخەی شیعەشی بە ڕێگایەکی هەڵە دەزانی و بەهۆی دوژمنایەتیی لەگەڵ عەلەوییەکانی سوورییە کوشتنیانی بە حەڵاڵ دەزانی. فیلەسۆفانی ئیسلامی سەدەی ناوەڕاستی ڕەد دەکردەوە و دەیگوت: "مرۆڤ بە لۆجیك و سەبووریی بە هیچ جێگایەك ناگا و دەبێ تەنیا یاسا ڕاستەقینەکانی ئیسلامیی بەڕێوە بچن."

هەڵس و کەوتی "ابن تەیمیه" یەك لە هۆکارە سەرەکییەکانە بۆ ڕووداو و کارەساتەکانی ئەوڕۆی فەناتیکەکان. کۆتایی سەدەی سێزدە شاری دیمەشق لە لایەن مەغوولەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرا. تەنانەت لەو سەردەمەدا ابن تەیمیه گیرا و خرا بەندیخانەی مەغوولەکانەوە. دوای ئازادبوون، دیمەشقی بەجێ هێشت و لە میسر و

دوڕگەکانی عەرەبییەوە قاوی بۆ جیهادی ئیسلامیی دەدا. ئەو، جیهادی نەك وەك تەنیا ڕێگا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام بەدەستەوە گرتبوو، بەڵکوو وەك ئەرکێکی ئیلاهی، بۆ ویست و رازی ڕاگرتنی خودا بە شێوەیەکی بەردەوام لە ناو لایەنگرەکانیدا قاوی بۆ دەکرد و ئەو هەڵس و کەوتەی بە ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێك لە هەنبەر بێدینەکان و ئایینەکانیتر دەزانی.

ابن تەیمیە توانی حوکومرانی ئەوکاتی میسر بە ناوی "ابن قالاوون" رازی بکا کە دژ بە مەغوولەکان شەڕ بکات و خۆشی لەو بزووتنەوە چەکدارییەدا بە شێوەی چالاك بەشداریی کرد. سەرەڕای چالاك بوون، بۆچوونەکانی ابن تەیمیە تا چەندین سەدە دوای خۆی، لە ناو ئیسلامیستەکاندا ناوی دەرنەکرد، تا لە سەدەی هەژدەدا کەسێك بەناوی "ابن عبدالوهاب" زیندووی کردنەوە و ئەو مەکتەبەی بە تەنیا ڕێگا بۆ خاوێنکردنەوەی دنیای ئیسلام لە بێ دینەکان دانا. ابن عبدالوهاب بە توونا کردنی قەبری سۆفییەکان لە دوڕگەکانی عەڕەبی دەستی بە کار کرد و قاوی دەکرد کە جیهاد دەبێ بکرێتە چالاکیی سەرەکی بۆ هەموو موسوڵمانان. بۆچوونەکانی ابن عبدالوهاب وەك کۆپییەکی خراپی ابن حەنبەل و ابن تەیمیە لە عەرەبستانی سعوودی وەك سیستەمی یاسایی بەڕێوە دەچێ. هەروەها وەك پایە بۆ تێگەیشتن لە جیهادی دنیای مودێرنی ئیسلام دەناسرێت.

لە سەرەتاوە سەید قوتب (١٩٦٦-١٩٠٦) وەك ئەدیبێک دەستی بە کار کرد. چوونە نێو دنیای ئەدەبیی، بەهۆی ناسین و دۆستایەتیی نیزیك لەگەڵ خەڵاتهەڵگری نۆبێل "نەجیب مەحفووز" (Naguib Mahfuz) دەبەستێتەوە. قوتب یەك لە هەوەڵین کەسان بووە کە ساڵی چلی سەدەکانی ڕابردوودا لەگەڵ چەندین نووسراوەی ئەدەبیی ئەو نابغە عەڕەبە ئاشنا بووە. لە ساڵی چلەکاندا 'قوتب' لە لایەن ناوەندی وەزارەتی فێربوونەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ فێربوونی سیستەمی ئەمریکایی ناردرا بۆ ئەمریکا. کاتێك لە نیزیکەوە لەگەڵ کۆمەڵگای ئەمریکا ئاشنا دەبێ، سەری سووڕ دەمێنی لە هەنبەر زۆرێك لە هەڵس و کەوتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ڕەگەزپەرستی، بێ یاسایی و گرنگایەتیی پارە لە دنیای ئەمریکاییدا کە ئاوێتەی کاری ڕۆژانەیان ببوو. هەموو ئەو هەڵس و کەوتانە بوونە هۆی ڕووخانی کەسایەتیی ئەو و کارتێکەرییەکی بەهێزیان لەسەر ژیانی قوتب دانا کە تا ئەوکات لە ڕوانگەی ئەستەمی ئەدەبییەوە سەیری جیهانی

دەکرد. دوای ماوەیەك بەهۆی کەوتنە سەر ڕێگای ئایینەوە ئاشنایی لەگەڵ نووسراوە و کارەکانی سەید ئەبولعەلا مەودوودی هیندی پەیدا کرد و دەستیکرد بە خوێندنەوەیان.

مەودوودی کە بەهۆی هەرەسهێنانی بزووتنەوەی خەلافەتی ئیسلامیی ساڵی ١٩٢٤ بە تەواویی تێکڕووخابوو، موسوڵمانانی جیهانی هان دەدا بۆ ڕەدکردنەوەی مودێرنییەت و گەڕانەوەیان بۆ بنەڕەتی ئیسلام. مەودوودی جیهادی نەتەنیا وەك ڕێگایەك بۆ بەرگریی نەفس چاولێدەکرد، بەڵکوو وەك کەرەسەیەك بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ هەمووشتێکی سەر ئەم هەردەی دەزانی کە لە هەنبەر دنیای ئیسلام و یاساکانیدا قوت ببانەوە. ئیسلام بۆ ئەو زۆر زیاتر بوو لە تەنیا ئایینێك: سیستەمێك بوو کە هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤی لەبەر دەگرت. ئیسلام بۆ ئەو سیاسەت، زانست، مرۆڤ خۆشەویستیی، سڵامەتیی، رەوان شوناسیی، کۆمەڵگاناسیی، دنیای ئابووری و یاسادانان بوو. ئەو سویندی بۆ پێکهێنانی شۆڕشێکی ئیسلامی خواردبوو کە دەبوو رەوەندی مێژوویی جیهان بگۆڕێ و بانگاوازی موسوڵمانانی جیهانی دەکرد کە هەموویان جیاواز لەوەی لە وڵاتێکی ئیسلامی دەژین یا نا، وەك ئەرکێکی سەرەکی بەشداریی تێدا بکەن. داوای لە ئەدیبان، بیرمەندان و فەیلەسوفانی ئیسلامی دەکرد کە پێخۆری پێویست بۆ ئەو شۆڕشە بۆ موسوڵمانان ئامادە بکەن. هەروەها ئەو دەڵێ ئەگەر پایەی زانستی ئەدەبیی و ئایینی لە ئاڵمان لە لایەن "فیختە، گۆتە و نیچە" وە دانەنرابایە، هەرگیز سوسیال ناسیۆنالیستەکانی ئاڵمان نەیاندەتوانی ئاوا سەرکەوتوو بن. هەروەها زۆر جار جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە: **"سەرکردەیەکی بە توانای وەك هیتلێر و هەڤاڵەکانی هێندەیتر ئەو جووڵانەوەیان گەشە پێدا."**

هەر وەك چۆن لە فاشیزمدا گرنگایەتیی بە خۆبەختکردن دەدرێ، مەودوودیش ئومەتی موسوڵمان هان دەدا بۆ خۆبەخت کردن. قوتب ڕێگای مەودوودی درێژە پێدەدا و دەیگوت: **"ئەگەر باوەڕتان بە ڕاستبوونی ڕێگای ئیسلام هەیە، هیچ ڕێگایەکیترتان بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەیکە بە تەواوی تواناتانەوە هەوڵ بۆ پێکهێنانی بدەن. یا سەرکەوتوو دەبن، یاخود لەو ڕێگایەدا خۆتان قوربانی ئەو شەڕە دەکەن! "**

بانگ ئاوازێك، کە بەردەوام بوونی هەمیشەیی "جیهاد" بۆ گەنجانی داهاتووی ئیسلامی زیندوو رادەگرێت. چونکە تەنیا بەهۆی جیهادەوە گەنجێکی موسوڵمان دەتوانێ بێدەسەڵاتی و داماویی خۆی قەرەبوو بکاتەوە. لە شەڕدا یا سەرکەوتوو دەبێ و ویستی خودا لەسە زەوی بڵاو دەکاتەوە، یاخود دەکووژرێ و جێگای بەهەشتی هەمیشەیی دەبێ.

قوتب بە چاولێکەری و لاساییکردنەوە لە ڕێگا و هەڵوێستەکانی مەودوودی هەر لە ئەمریکا نووسراوەکانی خۆی تەواو دەکات. لە یەکەمین نووسراوەیدا بە ناوی "ئەمریکایەک کە من ناسیم" شکایەتی خۆی لای دنیای ئیسلام دەکا کە ئیزن بە گەندەڵی و فاسیدبوونی کۆمەڵگای ئیسلامی دراوە و هۆگریی و پشتیوانی لە هاتن و کڕین و فرۆشی کالا و شت و متی ڕۆژئاوایی و بەتایبەت ئەمریکایی دەکرێ و هیچ بەرگرییەکی لێ ناکرێ. ئەو سەردەمەی قوتب لە ئەمریکا بوو، بڕیاری دروستکردنی وڵاتی ئیسرائیل درا. قوتب لە شکستی ئەڕتەشی ئیسلام ئاگادار کرا و ساڵێك دواتر هەواڵی کوشتنی حەسەن ئەلبەننا پێکهێنەری برایانی موسوڵمانی پێ گەیشت. قوتب گەڕایەوە بۆ قاهیرە، ساڵی ١٩٥١ چووە ناو ڕێکخراوەی برایانی موسوڵمانەوە و بوو بە یەك لە گرنگترین بیرمەندانی ئەو ڕێکخراوەیە. دوو کتێبی بە ناوی "کێشانەوەی ڕێگا" و "داهاتووی ئەم ئایینە" تا ئەوڕۆش وەك گرنگترین ڕێنیشاندەر بۆ ئیسلامیستەکان سەیر دەکرێ. وەك ئیسلامیستێکی چەپ پێشتر پشتیوانیی لە سیاسەتی سوسیالیستیی ناسر دەکرد. بەڵام دوای هەوڵی برایانی موسوڵمان بۆ کوشتنی ناسر لە ساڵی ١٩٥٤ و قەدەغەکردنیان لە لایەن ناسرەوە، رووی خۆی لە ناسر وەرگەڕاندەوە و حکوومەتەکەی بە نا ئیسلامیی ناو برد. ئەو گوتی: *"نابێ موسوڵمانان گوێڕاگریی ناسر بکەن چونکە شەریعەتی ئیسلامی بەڕێوە نابا"*. لێرە بەولاوە قوتب میسری نەتەنیا وەك وڵاتێکی ئیسلامیی سەیر نەکردووە، بەڵکوو بە وڵاتی بێ باوەڕ و کافری داناوە و بۆ دانانی شەریعەتی ئیسلام بە پێویستی زانیوە کە دەبێ شۆڕشی ئیسلامی تێدا بکرێ. کۆمەڵگای بە جاهیلییەت(نەزانی) تاوانبار کردووە. وشەیەك کە ابن تەیمیە بۆ هەموو کۆمەڵگایەکی غەیری ئیسلامیی بەکارهێناوە. قوتب داوا لە موسوڵمانانی جیهان دەکات کە پێش هەمووشتێک خۆیان لە غەیری ئیسلامییەکان پاك بکەنەوە. تەنیا ئەو کاتە کۆمەڵگایەکی ڕاستەقینەی ئیسلامی سەربەخۆ پێك دێت کە هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا بە ئیمانەوە باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هەبێ. قوتب هیوادار بوو بەهۆی

هۆکاری "دۆمینە" کە ئەگەر یەك لە بەردەکان بکەوێ دەبێتە هۆی خستنی هەموو ئەوانیتریش، وڵاتە ئیسلامییەکان یەك بەدوای یەکدا لە چنگ کافران پاك بکرێتەوە.

لە مرۆڤی ئایینی هیندیی، واتە مەودوودییەوە وشەی "حاکمییەتی ئەڵڵا" ی وەك گۆپاڵێك بەدەستەوە گرت کە بۆ بەڕێوەبردنی دێموکراسی، ناسیۆنالیزم و مافی حکوومەتکردن تەنیا حوکومرانیی خودای لەسەر ئەم هەردە بۆ ئومەتی موسوڵمان بە ڕەوا دەزانی. لە ڕوانگەی قوتبەوە رژیمی حاکم دەتوانێ مافی حاکمییت تەنیا بە خوداوە ببستێتەوە و بە ناوی ئەوەوە حکوومەت بکات. ئەو یاسا و پێکهاتانەی جیاوازییان لەگەڵ نووسراوەی قورئان هەبێ، مشروعیەت یاخود رێپێدانیان نابێ. لەو کۆمەڵگا ئیسلامییانەش وا ئومەت بە جاهیل و نەزان دادەنێ و پێی جنێو بە موقەدەساتی ئیلاهییە، دەبێ حکوومەتی خودا بە زۆریی و بێ ویستی خۆیان، بەسەر خەڵکیدا بسەپێ.

چەند مانگ پێش هەڵبژاردنی سەرەک کۆمار لە میسر، 'مورسی' سەبارەت بە سەید قوتب دەڵێ: **"من نووسراوەکانیم خوێندۆتەوە و لەواندا ئیسلامی ڕاستەقینەم دۆزیوەتەوە."** زۆرینەی ئەندامانی برایانی موسوڵمان ئەمڕۆ لایەنگری سەید قوتب و قوتابخانەی جیهادی ئەون.

## دوژمنایەتیی وڵاتانی عەرەب لەگەڵ یەهوودیەکان

ئانتۆن چێخۆڤ (Anton Tschechow) لە یەك لە چیرۆکە کورتەکانیدا دەگێڕێتەوە: "دوو نەخۆشی نەخۆشخانەیەك هێندە یەکتریان ناخۆش ویستووە و رقیان لە یەکتر بووە، چاوی دیتنی یەکتریان نەبووە. هیچ ڕۆژێك نەبووە کە لەگەڵ یەکدا کێشەیان نەبێ. ڕۆژێك پەرستارەکان بە یەك لەوان رادەگەیێنن کە ڕەقیبەکەی مردووە. پەرستارەکان پێیان وادەبێ مردنی ڕەقیبەکەی پێخۆش دەبێ و سەما دەکات، بەڵام بە پێچەوانە ڕۆژێك دواتر ئەویتریشیان بە مردوویی لە سەر زەویی ژوورەکەی دەدۆزرێتەوە. پسپۆران دەڵێن، بەربەرەکانی و دژایەتیی لەگەڵ یەکتر مانای بە ژیانیان دابوو. کاتێك یەکیان دەمرێ، ئیتر بۆ ئەویتریان درێژە بە ژیان هیچ مانایەکی نامێنێ. هەر بەو هۆیەوە ئەویتریشیان مردووە. ژیانیان نە پێکەوە دەگونجا و نە بێ یەکتر!"

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ئەو چیرۆکە زۆر لە پەیوەندیی نێوان موسوڵمانان و یەهوودییان دەچێ. لە هیچ جێگایەکی ئەم هەردە، بە قەرا وڵاتە عەرەبەکان هێندە ڕەق و دژایەتیی و دوژمنایەتیی لە هەنبەر یەهوودییەکان نابیندرێت. ڕەنگە هۆی ئەو رق و کینەیە بگەڕێتەوە بۆ دامەزرانی وڵاتی ئیسرائیل و دژایەتیی ئەو دوو نەتەوەیە لە هەنبەر یەکدا! ڕەنگە پرۆپاگەندا یاخود تەبلیغاتی نازییەکان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا گوێبیستی ڕاستەوخۆی لە وڵاتە عەرەبییەکان پەیدا کردبێ و ئانتی سەهیۆنیسمی چالاك کردبێ! لە ڕاستیدا ڕەنگە کتێبەکەی هیتلێر "شەڕی من" دژ بە یەهوودیی، کارلێکەرییەکی زۆر مەزنتری لە ناو عەرەبەکاندا بووبێ هەتا قورئان! پێش دروستبوونی وڵاتی ئیسرائیل نازییەکان لە باکووری ئەفریقاوە دژ بە یەهوودییەکان پرۆپاگاندەیان دەکرد و وێنەیەکی سەیر و سەمەرەیان لە یەهوودییەکان لە دنیای عەرەبدا دروست کردبوو.

یاخود ڕەنگە مرۆڤ دەبێ چەند هەنگاوێک بۆ دواوە هەڵێنێتەوە و هۆکار و تۆوی رق و کینەی ئەو دوو نەتەوەیە لە کاتێکی دوورتردا بدۆزێتەوە! لە زۆر زووەوە تۆوی

رق و کینە دژ بە یەهوودی، بە گشتیی زیاتر وەك وێنەیەکی چێکراو لە لای موسوڵمانان و هەروەها لە سەراسەری ئەم جیهانە و بەتایبەت لە وڵاتە مەسیحییەکانیشدا، کە یەهوودی بە قاتڵی مەسیح دەزانن، چێندراوە.

یەهوودییەکان وەك نەتەوەیەکی بچووك لە مێژوودا بەردەوام لەژێر گوشار دابوون و نەیانتوانیوە خۆیان و وڵاتەکەیان پەرە پێبدەن، لە حاڵێکدا موسوڵمانان بەهۆی شەڕ و زۆرەملیی لە ئێرانەوە هەتا ئیسپانیایان لەژێر کونترۆڵی خۆیان گرتبوو. ٩٥ لە سەدی یەهوودییەکان تا سەدەی شازدە لەو ناوچەیەدا دەژیان. تا ئەو کاتە چەندین شەپۆلی راکێشانی نەتەوەی یەهوودی بۆ ناو دنیای عەرەب بەڕێوە چووە، کە یەکەمیان زۆر پێشتر لە سەردەمی پێکهاتنی ئیسلام بووە. دووهەم شەپۆل لە سەدەی ١٥ دا و بەدوای گرتنەوەی ئیسپانیا لە لایەن وڵاتە مەسیحییەکانەوە بەڕێوەچوو. زۆربەی یەهوودیەکانی ئەو کات مەجبوور بە جێگۆرکێ بۆ باکووری ئەفریقا و میسر کران و لەو وڵاتانە بە گەرمی وەرگیران. ئیمپراتۆریی عوسمانی بارودۆخێکی باشی بۆ رێکخستن تا لە ئەستەمول و شارەکانیتر جێگر بکرێن. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا زۆر لە یەهوودییەکانی ئورووپایی لە ترسی مەسیحییەکان هەڵاتن و لە فەلەستین گیرسانەوە. بەڵام ئەم جارەیان بەگەرمی وەر نەگیران. هاوکات لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتوریی عوسمانی و خەلافەتی ئیسلامیی لە ناوچەکەدا رق و کینەیەکی زۆر لە هەنبەر یەهوودییەکان پەرەی سەند.

هۆیەکی دیکەی کێشەی نێوان موسوڵمان و یەهوودی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میراتەی ئیبراهیم بۆ ئەو دوو ئایینەی بەجێ هێشتبوو. بە دوای هێرشی رۆمییەکان لە ساڵی ٧٠ ی دوای زایین، بۆ سەر ئورشەلیم ، زۆر لە یەهوودییەکان لە فەلەستینەوە بەرەو شاری یەثریب "Yathrib" کە ٥٠٠ ساڵ دواتر لە لایەن محەمەدەوە ناوی 'مەدینە'ی لەسەر دانرا، کۆچیان کرد. عەڕەبەکانی پێش سەردەمی ئیسلام هاتنی یەهوودییەکانیان بۆ ئەو ناوچەیە بە کارێکی ئاسایی دەزانی و هیچ هەڵوێستێکی نەرێییان لە هەنبەردا نەگرتبوون. بە پێچەوانە ئەو چەند سەد ساڵەی پێش ئیسلام دوو نەتەوەی یەهوودی و عەڕەب لە پەنا یەکتر و پێکەوە بە ئاسوودەیی و لە ئاشتیدا ژیاون. پێکەوە مامڵەی چەك و شەڕاب و کەرەسەی جۆراوجۆریان کردووە. دوای هاتنە سەر کاری محەمەد،

ئەو بارودۆخە گۆڕا. هەر وەك پێشتریش لەم نووسراوەیەدا باسی لێکرا، لە هەوەڵەوە محەمەد خۆی وەك موریدێکی یەهوودی بۆ راکێشانی یەهوودییەکان بۆ لای موسوڵمانان، نیشاندا. دواتر کێشەی نێوان یەهوودی و موسوڵمان کە وەك لەمپەرێك پێشی بە خەونە سیاسییەکانی محەممەد گرتبوو، بە کێشەیەکی درێژخایەنی دادەنا و دەیگوت **"دنیا ئەو کاتە ئاخر دەبێ کە موسوڵمانان لەو شەڕەدا هەموو جوولەکەکانیان کوشتبێ و کاتێ لەو شەڕەدا جوولەکە لە بن بەردی پەنا دارەکان خۆیان شاردبێتەوە، بەردەکان هەرا لە موسوڵمان دەکەن: هۆی موسوڵمان، هۆ، تۆی بەڕێوەبەری ویستی خودا، ئەوە جوولەکەیە لە ژێر ئەو بەردە خۆی شاردۆتەوە، وەرە، بیکووژە!"**

ئەو هەڵوێستە نامرۆڤانە تا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە و پیشەی زۆربەی ئیسلامیستەکانە کە بەربەرەکانی و شەڕ دژ بە یەهوودی بە ئەرکێکی ئیلاهیی دادەنێن. بە هیچ شێوەیەك ئامادەی ئاشتیی لەگەڵ ئەو نەتەوەیەدا نین و نایانهەوێ کۆتایی بە شەر دژ بە یەهوودی بێنن. یەهوودی بە خائین و خۆفرۆشی هەمیشەیی دادەنێن و شەڕ دژ بەوان بە ویست و پلانێکی ئیلاهی دەزانن کە تەنیا بە تیاچوون و نابوونی نەتەوەی یەهوودی کۆتایی پێدێ.

دوای مردنی محەمەد و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بەهۆی شەڕ و گرتنی زۆربەی ناوچەکانی دوور و نزیك، پەیوەندیی موسوڵمانان لە هەنبەر نەتەوەکانیتر و ئایینەکانیتر بارودۆخێکی سیاسیی و محافزەکارانەی پەیدا کرد. زۆربەی کارناسان و پسپۆران یا جوولەکە و مەسیحی و یا نەتەوەی غەیری عەرەب بوون. زۆربەی دوکتورەکان، پیشەکارەکان و وەرگێڕەکان کە بۆ پێکهێنانی ئیمپراتووری نوێی ئیسلامیی گرنگایەتییان هەبوو، لە نەتەوەکانیتر بوون. لە سەردەمی عەبباسییەکاندا واتە مابەین سەدەی ٩ و ١١ کە بە سەردەمی زێڕین دەناسرا، کولتوور و فەرهەنگە رەنگاوڕەنگەکان لە بەربەرەکانی یەکتردا بوون. زۆر لە یەهوودیەکان لە بواری زانست، ئەدەبیات و شیعر و فەلسەفە لای خەلیفەکان نێوێکیان بۆ خۆیان دروست کردبوو. هەر وەك پێشریش باسمان لێکرد، لە دیوەخانی خەلیفەکاندا مووشەرعێن لە نێوان شاعیرانی موسوڵمان، یەهوودی و مەسیحیدا بەڕێوەدەچوو. ئەگەر سەبووری و تولەرانسی موسوڵمانانی سەدەی ٩ لەگەڵ سەدەی ٢١ دا هەڵبسەنگێنین، دەبینین کە چ

گۆڕانکارییەکی سەیر لە ماوەی ئەو هەزار ساڵەی ڕابردوودا پێکهاتووە. ڕەنگە تەنیا وەبیرهێنانەوە و ئاماژە بە کێشانەوەی کاریکاتۆری محەمەد لە دانمارك بەڵگەیەکی کافیی بێ بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە.

دیارە کە فەرهەنگی یەهوودی و عەرەبی و بەگشت ناوچەکە لەو مێژووە دوور و درێژەدا کارتێکەرییان لەسەر یەکتر بووە و تەنانەت کتێبەئایینیەکان بۆ وێنە تەورات بە عەرەبی وەرگێڕراوە. ئایینی یەهوودی بەهۆی بەربەرەکانی و پەیوەندیی نێوان فیلەسۆفانی ئیسلامیی و یەهوودی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بە پێی کات ئایینێکی جیاواز لە هی ئەو کاتی لێ دروست بووە و بۆتە هۆی پێکهاتنی بیرمەندانی نوێی یەهوودی. بەڵام کارلێکەریی دنیای عەرەب لە سەدەی ١٩ بەولاوە لەسەر یەهوودییەکان بە ڕاشکاویی بێ هێزتر بۆتەوە و زۆرتر فەرهەنگی ئورووپایی جێی گرتۆتەوە.

## چیرۆکی ئاندالۆزی (ئیسپانیا)

پێکەوە ژیانی یەهوودیی، مەسیحی و موسوڵمان لە ئیسپانیا ئەفسانەیەکی رۆمانتیکی لێ پێك هات کە کاتێکی زۆر دواتر دۆزرایەوە. کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ترس و خۆفێکی سامناك لە نێو ڕووناکبیرانی یەهوودی پێك هاتبوو لەهەنبەر ئەو هەموو تووڕەییەی دژ بە سەهیۆنیسم لە ئورووپادا بەڕێوەدەچوو. ئەو ڕووناکبیرانە لە مێژووی وڵاتەکە بەدوای نموونەیەکدا دەگەڕان کە ژیانی هاوبەشی نێوان یەهوودیەکان و لایەنگرانی ئایینەکانی تر بسەلمێنێ. لەو گەڕانە مێژووییەدا تووشی چیرۆکی ئاندالۆزی بوون. موسوڵمان، مەسیحی و یەهوودی ماوەی هەشت سەد ساڵ لە ئیسپانیا لە بارودۆخێکی پڕ لە سەبووری و خۆشەویستی و ئاشتیدا لەگەڵ یەکتر ژیاون. "خەمرەك"[١٦٠] یێکی پڕ لە سەبووری و تۆلەرانس پێکهاتبوو کە مافی بەرانبەریی بۆ هەموو ئایینەکان لەبەر چاو دەگرت.

هەر وەك پێشتریش لەو نووسراوەیەدا باسمان کرد، سەدەی نۆهەم لە ئیسپانیا و هەروەها لە بەغداش یاساکانی شەریعەت بەڕێوە نەدەچوون، شەراب بە ئاشکرایی دەخورایەوە و ساز و ئاواز و سەما لای خەڵکیی زۆر ئاسایی بوون. یەهوودیەکان پۆستی باشی ئیداریان هەبوو، لە گۆڕەپانی سیاسی و نیزامیدا زۆر چالاك بوون. لە سەدەی یازدەدا شاعیر و خاوەن ئایینی ناوداری یەهوودی سامۆئیل ابن نەگریلا "Samuel Ibn Naghrillah" وەك وەزیری گەورە و قازی لە دیوەخانی شا بەربەری هابووس لە شاری گراناداى ئیسپانیا هەڵبژێررابوو. کاتێ ابن ناگریلا وەك سەرکردەی نیزامی وڵات دیاریی کرا، مەلا موسوڵمانەکان بەربوونە بۆڵەبۆڵ و ڕەخنەیان لێ گرت و بەو کارەیان ئارامیی ناوچەکەیان تێکدا. ئەو ناکۆکییە بە گوێی لایەنگرانی ابن حەنبەڵ لە باکووری ئەفریقا گەیشتەوە. ئایینیە توندڕەوەکان دژ بە یەهوودی و مەسیحی و ئەو موسوڵمانانەی وا یاسای شەریعەتیان بەڕێوە نەدەبرد کەوتنە چالاکی. کاتێ دوای

[١٦٠] کانی و شینایی لەناو بیاباندا

مردنی ابن ناگریلا کوڕەکەی یۆسف بە وەزیر هەڵبژێردرا، موسوڵمانە توندڕەوەکان هەوڵیان دا بە زۆرەملی پێش بەو کارە بگرن. ئەزموونی ئەو کارە بووە هۆی هێرشکردنی موسوڵمانە توندڕەوەکان بۆ سەر گەڕەکی یەهوودیەکان لە شاری گرانادا و لە نهایەتدا کاولکردن و ڕووخاندنی خانووبەرەکان و کوشتنی مرۆڤی یەهوودی. لەو کارەساتەدا وەزیر یۆسف و ٤ هەزار یەهوودی کوژران.

لە سەدەی ١٢ دا ئیسلامییە توندڕەوەکان زۆربەی ناوچەکانی ئیسپانیایان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان گرتبوو. ئەو بێ ئینسافانە ژیانی خۆش و پڕ لە تۆلەرانس و ئەو "خەمرەك"ەیان تێکدا، کە لە ئیسپانیا لە نێوان بۆچوونە هەمەڕەنگەکانی کۆمەڵگادا پێکهاتبوو. سەما و ئاواز و خواردنەوەی ئەلکۆل قەدەغە کرا. یاسای "اهلی زەممە" کە کاتی خوی لە لایەن محەمەدەوە بەڕێوەدەچوو و هەڵس و کەوتی موسوڵمان لەگەڵ غیری موسوڵمانی دیاری دەکرد، هاتەوە گۆڕێ. ئەگەرچی مەسیحی و یەهوودی لە ڕوانگەی ئایینییەوە بە شێوەی نیسبیی(رادەیی) ئازاد بوون، بەڵام ئیزنی ئەسب سوارییان نەبوو، ئیزنی دروستکردنی خانوبەرەی چەند قاتیان نەبوو، هەروەها پۆستی گرنگی ناو ئیدارەکانیان لێ ئەستێندرابۆوە و دەبوو نیشانەیەك لەسەر جل و بەرگیان هەڵواسن کە ئایینەکەیان دیاری بکات. ئەو زەخت و گوشارهێنانە، بووە هۆی ئەوی زۆربەی ئەو مرۆڤانە لە ئایینی خۆیان چاوپۆشیان کرد و بوون بە موسوڵمان.

ئەوکات فەلسەفە لەگەڵ ئیهانەت بە موقەدەسات لە یەك پلەدا دادەندرا. لە شاری قرطبە"Córdoba" ی ئیسپانیا کتێبی نووسەر و فیلەسۆف ابن روشد"Averroës" سوتێندرا. نووسەر، کە نووسراوەکانی ئەرەستووی کۆ کردبۆوە و هەولی شیکردنەوەی شێوەی راهێنان لە سەدەی ناوەڕاستی دابوو، لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە لە ئیسپانیا بە مورتەد و بێ دین ناسرا و ناچار کرا بچێتە تەبعیدگا. هەروەها چارەنووسێکی هاوچەشن بۆ فەیلەسۆفێکی یەهوودی بە ناوی موسا بن مەیموون هاتە پێش کە ناچار بە هەڵاتن بۆ قاهیرە کرا. هەر وەك ابن موسا زۆربەی یەهوودیەکانی ئیسپانیا لە ترسی گیانی خۆیان و منداڵەکانیان یا ئایینی ئیسلامیان قەبووڵ کرد و یا ناچار بە هەڵاتن کران.

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانە، لەوپەڕی زەریای ناوەڕاست، ئیسلامیستەکان دژ بە خاچپەرستەکان لە شەڕدابوون. تا ئەو کات ئورشەلیم (قودس) شارێکی بچکوولانەی ناوچەکە بوو و گرنگایەتییەکی ئەوتۆی لە مێژووی ئیسلامدا نەبوو. بەڵام کاتێك مەسیحییەکان ئورشەلیمیان گرت و چەندین مرۆڤی موسوڵمان و یەهوودیان لە سێدارە دا، لەپڕ، ئورشەلیم بوو بە ناوەندێکی ئایینی گرنگ دژ بە دوژمنانی ئیسلام. بۆ پاکانەی شەڕ دژ بە مەسیحییەکان چیرۆك و ئەفسانەی قەدیمی و کۆن وەك سەفەری محەمەد لە مەککەوە بۆ ئورشەلیم لە ناو قەبر هێنرا دەرەوە و زیندوو کرایەوە.

کۆتایی سەدەی پازدە مەسیحییەکان توانیان زۆربەی ئەو ناوچانەی لە ئیسپانیا لە ژێر کۆنترۆڵی موسوڵمانەکاندا بوو، بگرنەوە. ساڵی ١٤٨٠ی زایینی راونانی موسوڵمان و یەهوودی لەو ناوچەیە دەستی پێکرد. لە مابەین ساڵەکانی ١٤٩٢ تا ١٥٢٦ ئیتر ئەو ناوچانە لە موسوڵمان و یەهوودی پاککرانەوە. هەر دووك گرووپەکان ناچار بە هەڵاتن کران. زۆربەی یەهوودییەکان بەهۆی کارزانی، ڕووناکبیریی و زانستیانەوە، بەگەرمی وەرگیران و لە باکووری ئەفریقا و ئیمپراتۆریی عوسمانی گیرسانەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوی دوکتۆر و مامۆستا و کارزانی بانکیی یەهوودی لە دیوەخانی خەلیفەکانی عوسمانیدا حەسابوونەوە و رۆڵێکی گرنگیان لە هەڵسوڕاندنی کار و باری کۆمەڵگادا هەبوو، هاووڵاتییە یەهوودییەکانی تر وەك مرۆڤی پلە دوو لە کۆمەڵگادا سەیر دەکران. لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ بەولاوە ئیتر یاسای ئیسلامیی باوی نەما و باس لە ماڤی بەرانبەر بۆ مرۆڤ دەکرا، بەڵام ئەو مافە تەنیا لەسەر کاغەز مایەوە. تەنیا لە فەرانسە و بەدوای شۆڕشی فەرانسەدا مافی بەرانبەر بۆ یەهوودییەکان لە کۆمەڵگادا مسووگەر کرا.

بەهۆی کزبوونی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە، ئەو ناوچانە کەوتنە ژێر ئیستیعماری فەرانسە و ئینگلیز. باکووری ئەفریقا کەوتە ژێر دەستی فەرانسە. میسر، سوودان، عیراق و فەلەستینیش کەوتنە ژێر ئیستعماری بریتانیا.

ئەو یەهوودییانەی بۆ ئورووپا کۆچیان کردبوو، شانسێکی باشیان بۆ داهاتوویان دەبینی و هیوادار بوون، بەهۆی یاسا دێموکراتەکانی ئەو وڵاتانەوە، وەك هاووڵاتیی

پلە یەك چاو لێ بکرێن. بە پێچەوانە، موسوڵمانەکان ئەو بارودۆخە و ئەو ئازادییەیان بە مەترسییەکی گەورە لەهەنبەر ناسنامە و ئایینەکەیان دەزانی.

چیرۆکی ئیسپانیا وەك پێخورێك بۆ دیموکراسیی و تۆلەرانس و بنیات نانی کولتوورێکی هاوبەشی عەرەب و یەهوودی تەنیا ئەوندە بڕی کرد هەتا ناوچە عەرەبنشینەکان لەژێر کۆنترۆڵی زلهێزەکاندا بوون. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە زۆر بە قازانجی موسوڵمانەکان دەبوو ئەگەر یەهوودی و مەسیحی ئایینی خۆیان راگرتبایە، چونکە بە ڕاشکاوی دەبوو ئەوان زۆر زیاتر لە موسوڵمانەکان ماڵیات بدەن. تەنانەت چوارسەدساڵ دوای سەرکەوتنی وڵاتە ئیسلامییەکانیش، ٦٠ لە سەدی هاوڵاتیانی سووریا و میسر مەسیحی بوون. لە لایەکیتریشەوە دوو کارەساتی گەورە: هێرشی خاچپەرەستان و مەغوولەکان بۆ سەر ئەو ناوچانە هێندەیتر بوونە هۆی دواکەوتوویی و کاولکاریی ناوچە موسوڵمان نشینەکان.

## سەهیۆنیزم، ئیسلامیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەب

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا چەتری ناسیۆنالیزم زۆربەی وڵاتانی دنیا و تەنانەت وڵاتە عەرەبییەکانیشی داپۆشی. لەوێ دوو بزووتنەوەی وەرێخست کە دواتر چارەنووسی ناوچەکە بە درێژایی چەند سەد ساڵ و تەنانەت تا ئەمڕۆش لەژێر کارتێکەریی خۆیدا هێشتۆتەوە: **سەهیۆنیزم** و **پان عەرەبیسم**. هەر دووک بزووتنەوەکان هەستێکی بەهێزی ناسیۆنالیستیان لە مرۆڤدا پەروەردە دەکرد و هەر دووکیان مەبەست و ڕێگایەکی وەك یەکیان هەبوو.

مەبەستی سەرەکیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی یەهوودییەکان ئەوە بوو کە دژ بەو شەپۆلە ئانتی سەهیۆنیستییەی بە تایبەت لە ئوورووپا پێکهاتبوو، ڕاوەستێ و وڵاتێکی ئازاد بۆ یەهوودییەکانی جیهان پێك بێنێ. عەرەبە ناسیۆنالیستەکانیش هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتە ئستعمارییەکانیان دەدا و بە چاولێکەریی لە بیسمارك "Bismarck" کە ساڵی ١٨٧١ دەیهەویست ئاڵمانێکی یەکگرتوو پێکبێنێ، خەونی وڵاتێکی یەکپارچەی عەرببیان لە ناوچەکەدا دەبینی. ماوەیەکی زۆری نەکێشا، ئیسلامی مودێرن پێی نا سەر سەکۆی سیاسەت و بە پێی یاساکانی شەریعەت داوای وڵاتێکی ئازاد بۆ موسوڵمانانی کرد.

لێرە بەدواوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە مەیدانی شەڕی ئەو دوو بزووتنەوەیە. ئاسمان دەڕووخێ و دنیا بە ئاخر دەگات، ئەگەر بێتوو عەرەبەکان لەو شەڕە دا بیدۆڕێنن! لە مێژوودا ئەو دوو نەتەوەیە زۆرجار دژ بەیەك هەڵسووڕاون. بەڵام ئەمجارەیان یەهوودییەکان زۆر ووشیارانەتر و زیرەکتر لە بەرانبەر عەرەبەکان ڕادەوەستن. شۆکێك و پەرجۆیەك، کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. تەنانەت پێش دروستبوونی وڵاتی ئیسرائیلیش، عەرەبەکان لە نەزم و چالاکی و یەکگرتوویی سەهیۆنیستەکان سەریان سووڕ مابوو. بەڵام ئەو پرسیارە سەرنجڕاکێشە دێتە پێش کە بۆچی سەهیۆنیستەکان کە پێشتر لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوور لە

ناوچەکە دەژیان، سەرەڕای بارودۆخی ناسەقامگیریان، توانیان وڵاتێکی دیمۆکراتێك پێك بێنن، لە حاڵێکدا ئەو کارە بۆ عەرەبەکان کە بە شێوەی ڕادەیی بارودۆخێکی باشتریان هەبوو، مسۆگەر نەکرا؟

لە کۆنگرەی سەهیۆنیستەکاندا ڕۆژنامەنیگاران، پارێزەران، نووسەران و تێئۆریسیەنەکان، قوتابیانی زانستگە، و بە گشتیی بیرمەندانی کۆمەڵگا چ ژن و چ پیاو، بەشدار بوون. بەڵام لە میسر، سوریە، تورکیا و هەروەها ئێرانیش تەنیا پیاو و بەتایبەت مرۆڤە فناتیکە ئایینییەکان بڕیاردەر بوون!

بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی یەهوودییەکان لەسەر دوو سەکۆ هەڵدەسووڕا: یەکەم، سەکۆی سیاسیی سەهیۆنیستیی بوو کە بە هەموو توانایانەوە بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی یەهوودییەکان لە کۆمەڵگای زلهێزەکاندا پرۆپاگاندەیان دەکرد. ئەوان توانیان نەک هەر سەرنجی ئوتریش- مەجارستان، ئاڵمان، فەرانسە و بریتانیای گەورە بۆ ماڤی پێکهێنانی وڵاتی خۆیان راکێشن، بەڵکوو سەرنجی سیاسەتوانانی ئیمپراتووریی عوسمانیشیان بۆ لای خۆیان راکێشا. تەنانەت بۆ وەرگرتنی بەشێك لە وڵاتی فەلەستین، هێرزل "Herzl" سەردانی خەلیفەکانی ئیسلامیی لە ئیستامبوولی کرد.

دووهەم سەکۆ، سەکۆی عەمەلیی و پراکتیکیی سەهیۆنیستەکان بوو کە راگواستنی یەهوودییەکانی لە هەموو ناوچەکانی ئەم جیهانەوە بەرەو وڵاتی تازە پێکهاتوو لە فەلەستین، ئۆرگانیزە کرد و بارودۆخێکی سیاسی پێکهێنا کە ئیدەی سوسیالیستیی لە کۆمەڵگادا دابمەزرێنن. لە دوورەوە وزەیەک پێکهاتبوو کە توانی نەک هەر ئایین، داب ونەریت و ... فەرهەنگی یەهوودیی بۆ فەلەستین راگوێزێت، بەڵکوو بیری ماڤی مرۆڤیش بۆ ئەو ناوچەیە بەدیاری ببات.

لە فەلەستین هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا وەك ڕووناکبیران، وەرزێران، کارگەران و شەڕکەرە ئازادیخوازەکان کۆ بوونەوە. کاتێک بێن گوریۆن"Ben Gurion" لە ساڵی ١٩٤٨ داوای وڵاتی ئیسرائیلی کرد، هەموو هێزەکان و حیزبەکان بە یەکگرتوویی پشتیوانیان لێ کرد. سەرەڕای ئەو هەموو کێشەیەی ناوچەکە و پەیتا پەیتا هەڕەشەی وڵاتانی عەرەبی دەر و جیران، مرۆڤ بڕیاری بۆ دامەزرانی سیستەمێکی دێموکراتیك

دا. ئیسرائیل یەکەمین وڵاتی دێموکراتیك لە ناوچەکەدا بوو. ئیسرائیل توانی هەموو یەهوودییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیا بە کولتوور و دابو نەریتی جیاوازەوە لە ناو خۆیدا کۆبکاتەوە.

لەولاشەوە یەکگرتن و پرۆژەی پێکهاتنی وڵاتێکی یەکگرتووی عەرەبی بەهۆی نەبوونی چەمک بە تەواوی هەڵوەشایەوە. بە جێی دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کێشەی ناوخۆیی و بەربەرەکانی لەگەڵ ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگا، بە شەڕخوازیی لوولەی تفەنگەکانی خۆیان ڕاستەوخۆ بەرەو ڕۆژهەڵات و ئیسرائیل نیشانە گرت و هەموو کێشەکانی ناو کۆمەڵگایان خستە سەر شانی ئەوان و بە تاوانباری سەرەکیی ناساندیانن.

ساڵی ١٩٣٤ لە شاری "کۆنستانتین" ی ئەلجەزایر کارەساتێکی مرۆڤکوژییان بەسەر شاروەندانی ئیسرائیلیدا هێنا. لێدوانی دژ بە سەهیۆنیستیی شارەداری فەرانسەوی (ئەو کات زۆربەی ناوچەکانی باکووری ئەلجەزایر لە ژێر کۆنترۆڵی فەرانسە دا بوو)، بووە هۆی هاندانی عەرەبەکان بۆ هێرش کردنیان بۆ سەر یەهوودییەکان. زۆربەی یەهوودییەکانی ئەلجەزایر ناچار بە کۆچ بەرەو ئورووپا و بەتایبەت بۆ فەرانسە کران. دوای هاتنە سەر کاری سوسیال ناسیۆنالیستەکانی ئاڵمان، ساڵانە بە دەیان هەزار یەهوودیی ئورووپایان بەجێ دەهێشت و بەرەو فەلەستین دەڕۆیشتن.

هەم عەرەبە ناسیۆنالیستەکان و هەم ئیسلامیستەکان بارودۆخێکی گونجاویان بۆ بەربەرەکانی سەهیۆنیزم بۆ هەڵکەوت. سەلەفیی سووریی بە ناوی رەشید رەزا "Rachid Reda" یەك لە گرنگترین مامۆستایانی حەسەن ئەلبەننا پلان و پڕۆژەی داهاتووی یەهوودییەکان بە مەترسییەك بۆ سەر وڵاتانی ئیسلامیی دەناسێنێت و چەند ساڵ دواتر ئەمین ئەلحوسەینی (موفتی) لە کۆنگرەیەکی ئیسلامی لە ئورشەلیم بۆ یەکەم جار داوای پاککردنەوەی فەلەستین لە یەهوودییەکان دەکا و ئەنجامی ئەو کارە دەبێتە هۆی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئادۆڵف هیتلێر. برایانی موسوڵمان هەستیان بەوە کردبوو کە چ لە لایەن خەڵکی و چ لە لایەن شاوە ئەو بیرۆکەیە پێشوازیی لێدەکرێ. حەسەن ئەلبەننا هەموو ناکۆکییەکانی سەردەمی محەمەد دژ بە یەهوودییەکانی زیندووکردەوە و ئەو وتانەی محەمەدی کۆ کردەوە کە دژ بە یەهوودییەکان

نووسرابوون. قسەکانی خۆی بە وتەکانی محەمەد رازاندەوە و حەماسەی شەڕی کۆتایی دژ بە یەهوودییەکانی زیندوو کردەوە. ئەوان هیتلێر و کتێبەکەی "شەڕی من" یان وەك سیمبۆلێك بۆ بەربەرەکانی دژ بە یەهوودی ئەژمار دەکرد. ساڵی ١٩٣٧ مەزنترین هێرشی عەرەبەکان دژ بە ئینگلیز و یەهوودییەکان دەستیپێکرد. بریتانیاییەکان بە توندیی وەڵامی هێرشەکانیان دانەوە، شاری یافا"Jaffo" یان وێران کرد و بزووتنەوەکەیان تێکشکاند. سەرجەم سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە ناچار بە هەڵاتن کران. تەنانەت موفتیش رای کرد و دوای چەندین وێستگە، لە ساڵی ١٩٤١ دا خۆی لە برلین حەساندەوە و لەوێوە موسوڵمانانی جیهانی بۆ جیهاد هان دەدا. تەنانەت نازییەکان ئیستگای رادیۆیی بە زمانی عەرەبیان بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەی دژ بە سەهیۆنیستەکان بۆ دامەزراند. موفتی زۆر بە تامەزرۆیی، لە رادیۆکەیەوە هەواڵی کوشتاری سێ ملیۆن یەهوودیی، کە لە لایەن هیملەر"Himmler"ی ئاڵمانییەوە بەڕێوە چووبوو، بە دنیای عەرەب راگەیاند. بە شوێن ئەو هەواڵەدا برایانی موسوڵمان لە قاهیرە بەربوونە چالاکیی و هاندانی موسوڵمانان دژ بە یەهوودییەکان. دووکان و بازاری یەهوودییەکانی میسریان وێران کرد، لە سەر شەقامەکان بە عالەمی ئاشکرا هێرش دەکرا سەر یەهوودییەکان. هەر لەو ساڵەدا لە بەغداش ئەو چالاکییانە درێژەی پەیدا کرد.

ساڵی ١٩٤٧ لە لایەن یونۆ "UNO" وە دابەشبوونی فەلەستین بەڕاست گەڕا. یەهوودییەکان لە خۆشحاڵیدا سەمایان دەکرد. عەرەبەکانیش خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد، شەڕێك کە دواتر دۆڕاندیان. کاردانەوە و زیانی ئەو شەڕە، کەوتە سەر شانی عەرەبەکانی فەلەستین و هەروەها یەهوودییە عەرەبەکانی میسر، عیراق، ئەلجەزایر و مەراکیش. یەهوودییەکانی ئەو وڵاتانە ئاوارە و دەربەدەر کران. زۆربەیان گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل و هەندێکیشیان کۆچیان کرد بۆ ئورووپا. زۆربەی فەلەستینییەکانیش ئاوارەی وڵاتە عەرەبییەکان کران و لەوێ وەك هاووڵاتیی ژمارە دوو سەیر دەکران.

ساڵی ١٩٥٠ بیرمەندی گەورەی حیزبی برایانی موسوڵمان سەید قوتب لە کتێبەکەیدا بە ناوی "شەڕی ئێمە دژ بە یەهوودییەکان" دوکۆمێنتێکی گرنگی دژ بە یەهوودییەکان

بۆ ئیسلامیستەکان بەجێ هێشت. قوتب لەو کتێبەدا دژ بە یەهوودییەکان ئەو ئارگۆمێنتانەی هێناوەتەوە:

- یەهوودییەکان لە ڕۆژی هەوەڵی پێکهاتنی ئیسلامەوە دژی موسوڵمانان ڕاوەستاون.

- هەوڵی جیاکردنەوەی موسوڵمانان لە ئایین و قورئانەکەیان داوە.

- دژ بە محەمەد و هاوڕێکانی ڕاوەستاون. خوێنی مرۆڤیان ڕشتووە بۆ ئەوەی تووڕەیی خۆیان دژ بە موسوڵمانان درێژە پێبدەن. بەو هۆیانەوە، خوداش هیتلێری بۆ ناردوون بۆ ئەوەی بەسەریاندا زاڵ بێ. خودا لە داهاتوودا بۆ تەمبێ کردنی جوولەکەکان کەسانیتریش دەنێرێ.

لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا، تۆوی رق و کینە دژ بە یەهوودیەکان چەندرا و تەنانەت لە قوتابخانەکان وەك مێژوو و ... بە دەرس گوترایەوە. ماوەیەك دواتر بە هۆی ماهوارە لە کاناڵی تەلەویزیۆنیی وەك ئەلمنار، ئەلئەقسا و ئەلجەزیرە ئەو رەق و کینەیە بۆ تەواوی دنیا هەناردرا. تەنانەت بەرنامەی تایبەت بۆ منداڵان لەسەر ئانتی سەهیۆنیزم ساز کراوە.

ئەگەر گەنجێکی فەلەستینی بەهۆی لەدەست دانی ماڵ و وڵاتەکەی رق و کینەی سەبارەت بە ئیسرائیلییەکان هەبێ ڕەنگە جێی لێ حاڵیبوون بێ. بەڵام جێی پرسیار و سەرسووڕمانە کە بە گشتیی ئەو ڕق و کینەیەی وا دژ بە سەهیۆنیزم لەناو گەنجانی ئیسلامیدا پەروەردە بووە کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەهوودیدا نییە، لە کوێوە هاتووە؟ ئەگەر گەنجێکی مەراکێشی لە کازابلانکا، پاکستانیی لە لەندەن، تونێسی لە بەرلین، سۆمالیی لە کۆپنهاك و لوبنانی لە مالمۆیی سوئێد رەق و کینەیەکی وەك یەکیان تێدا پێکهاتبێ و هەموویان خەونی لەناوبردنی نەتەوەی یەهوودی لە مێشکیاندا بپەروەرێنن، ئیتر ئەو کێشەیە ناتوانرێ بە ناکۆکی نێوان عەرەب و ئیسرائیل ڕوونبکرێتەوە. ئەو کێشەیە کێشەی سەرجەمی دنیای ئیسلامە کە گەنجانی مەسوڵمان لە منداڵییەوە دژ بە ڕۆژئاوا و ئیسرائیل پەروەردە دەکا. کاتێک پۆلیسی لەندن ناوچە ئیسلامییەکان کۆنترۆل دەکا و هاوکات یەهوودی لە شارەکانی سوئێد رادەکەن و خۆ دەشارنەوە، ئەوە ئیتر کێشەیەکە کە ئارامیی تەواوی ئورووپا تێکدەدا. ئانتی سەهیۆنیزم

وەك نەخۆشییەكی كۆن، مێشكی گەنجانی موسوڵمانی وا بەخۆوە خەریك كردووە كە هەر كات دەتوانێ چالاك بێ و كارەساتێك پێكبێنێ.

## بێگانە لە وڵاتی خۆ، باروودۆخی کۆپتەکان

٢٥ ی ژانویەی ٢٠١٢ یەکەم ساڵوەگەری شۆڕشی میسرە، ئەو بزووتنەوەیەی رژیمی موبارەکی ڕووخاند. سەمیر لە کاتژمێری چواری بەیانییەوە لەسەر پێیە. ئەو جێیەی ئەو لێی دەژی لە موقەتەم، گەرەکێکی قاهیرە لە باشووری ڕۆژئاوای ناوەڕاستی شارەکە هەڵکەوتووە. هێشتا هەوا هەر تاریکە و تەنانەت مانگیش بەدەرەوە نییە. تەمەنی سەمیر ١٩ ساڵە. ئەو زۆر ماندوو و تووڕەیە و دەڵێ: "من قیبطیم، زبڵی شەقامەکان کۆ دەکەمەوە، بەڵام خۆ من بۆخۆم زبڵ نیم!" بۆ سەر کارەکەی وەڕێدەکەوێ. ماڵەکەی ١٢ کیلۆمیتر لە جێی کارەکەی دوورە. ساڵێك بەر لە ئێستا بۆ خۆپێنیشاندان دژ بە رژیم ئەو ڕێگایەی هەتا مەیدانی تحریر دەپێوا. ئەمڕۆش هەمان ڕێگا دەپێوێ بەڵام تەنیا بۆ کۆکردنەوەی زبڵی شەقامەکان. ئەو دووکانانەی موسوڵمانەکان لە قاهیرە بە چاوی ڕەخنەوە سەیری دەکەن، دووکانی قیبطییەکانن. ٦ لە سەدی خەڵکی قاهیرە قیبطین کە لایەنگری ئایینی مەسیحین. ئەوان ساڵیانی درێژە پێخۆری بەرازەکانیان لەو ماکە خۆراکییانەی وا لە زبڵی شارەکە جیا دەکرێتەوە، ئامادە دەکن. بەڵام ئەو کارە دوو ساڵ لەمەوبەر لەپڕێکدا کۆتایی پێ هات.

ئیسلامیستەکان بە هۆی ئانفلانزای بەرازەوە، ئیزنی کوشتنی هەموو بەرازەکانی باشووری قاهیرەیان وەرگرت. سەمیر وەك ڕۆژ لێی ڕوونە کە بەهانەی ئەو ئیسلامیانە تەنیا ئەو نەخۆشییە نەبووە و بەڵکوو مەبەستیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە، تەنیا هێرش بۆ سەر بێ دینەکان بووە.

ڕووخانی رژیمی موبارەك نە تەنیا هیچ ئاڵوگۆڕێکی سەبارەت، بە چاوی سووك سەیرکردنی کەمینەکان و بە تایبەت قیبطییەکاندا نەهێنا، بەڵکوو بە پێچەوانە خراپتریش بۆتەوە. هەر بەو هۆیە سەمیر ساڵڕۆژی شۆڕشەکە جێژن ناگری. زۆربەی قیبطییەکان وڵات و ماڵ و حاڵیان بەجێ هێشتووە. بەڵام سەمیر دەڵێ: "من دەوڵەمەند نیم و ناتوانم خەرجی سەفەرەکەم بدەم، لە ڕاستیدا پێشم خۆش نییە بڕۆم، من وڵاتی خۆم خۆش

دەویَ. بەڵام ئیتر توانایی بە مۆڕەوە چاولێکردنی تاقمێک لەو موسوڵمانانەم نییە کاتێك سەیری سەلیبی سەر دەستم دەکەن کە بە خاڵ کوتاومە." سەمیر هەڤالی موسوڵمانی زۆرن. ئەو دەزانێ کە هەموو موسوڵمانەکان وەك یەك نین. تەنانەت کاتێك مەسیحییەکان ڕۆژی ٩ ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ لە بەرانبەر ساختمانی تلەویزیۆن کۆ ببونەوە، زۆرێك لە موسوڵمانەکان لەگەڵیان خۆپێنیشاندانیان دەکرد. ڕۆژێک قیبطییەکان دەیانهەویست بۆ ماڤی ئازادیی ئایین، خۆپێشاندان بکەن، سەربازێکی ئەڕتەش سڵاوێکی گەرمی لە سەمیر کرد. کاتێک سەمیر لێی نیزیك بۆوە، زانی کە ئەوە تەڵەیە و بە دوو سەربازی تر گرتیان و بەربوونە لێدانی. دواتر سەمیر بینیی کە سەربازەکان چەندین مەسیحیان وەبەر تانگ دا و پان و فلْچیان کردنەوە. زنجیری تانکەکە پیاوێکی کردبو بە دوو لەتەوە کە هەوڵی ڕزگارکردنی ژنەکەی دابوو. ئەو ڕۆژە نیزیکەی ٣٠ قیبطی کووژران و سەدان بریندار بوون.

ئەو شتەی سەمیری شۆکە کرد دڕەندەیی و نامەردیی سەربازەکان نەبوو، چونکە ئەوان بەزەییان بە تاقمێك لە موسوڵمانەکانیشدا نەدەهات، بەڵکوو ئەوە بوو کە چەندین موسوڵمان بە تەواوی توانایانەوە بۆ سەرکوتکردن و لێدانی مەسیحییەکان یارمەتیی سەربازەکانیان دەکرد و رق و کینەیەکی سەیر لە چاویاندا دەبینرا. سەربازەکان کەسێکی مەسیحیان گرت، بە هاوکاریی چەند موسوڵمان کەلەپچەیان لە دەستیدا و تا توانیان تێیان هەڵدا، دواتر خستیانە ناو ئاوی نیلەوە. سەیر ئەوەیە ساڵێك پێشتر موسوڵمان و مەسیحی شان بە شانی یەکتر دژ بە رژیم خۆپێنیشاندانیان دەکرد. من ئەو کات هەستم دەکرد کە ئەو شۆڕشە ئیتر بە هێزی خۆی ناکۆکیی نێوان ئایینەکان چارە دەکات. بەڵام بەداخەوە دوو حەوتوو دوای شۆڕش، لێکدان و شەڕ لە نێوان موسوڵمان و مەسیحی لە شاری ئەسکەندەرییە دەستپێکرد.

سەمیر هیچ هیوایەکی بە داهاتووی میسر نییە بەڵام تا ئەو جێگایەی دەتوانێ هەوڵی خۆی بۆ پێکهێنانێ ئازادی و سەلماندنی کەمینەکان دەدا. زۆری پێخۆشە بچێ بۆ قوتابخانە، بەڵام لەبەر کارکردن، کاتی نییە و دوای کار هەوڵ دەدا خۆی لە ماڵەوە دەرس بخوێنێ. پێیخۆشە لە داهاتوودا ببێ بە پارێزەر. ڕەنگە لە پۆستێکی وادا خەڵکی

بە چاوێکیتر سەیری بکەن! بەڵام بە نارەحەتییەوە دەڵێ: "ئەگەر لە داهاتوودا ببم بە پارێزەر، چی لەو خاڵەی سەر دەستم بکەم؟"

نەتەنیا لە میسر بەڵکوو لە هەموو دنیای ئیسلام مەسیحیەکان دەچەوسێندرێنەوە. لە عێراق کۆنترین کۆمەڵی مەسیحی جیهان بە هۆی سووتاندنی کلیساکان و کوشتار و تێرۆری مرۆڤەکان، خەریکە وەچەیان لە ناو دەچێ. هیچ ساڵێك نییە لە کریسمەسدا، لە وڵاتە ئیسلامییەکان کلیسا نەسووتێندرێ یا مەسیحی نە کووژرێ. دسامبری ٢٠١٣ سی و پینج مرۆڤی مەسیحی بە بۆمبێکی ناو سەیارە کاتێ دوای دۆعاخوێندن لە کلیسا دەهاتنە دەرێ، کووژران. لە یەك لە ترسهێنەرترین فیلمی ویدیۆیی کە لەسەر یوتیوب داندراوە، مرۆڤ دەبینی کە چلۆن دوو ئیسلامیست لەسەر شەقامێکی عێراق ماشێنێکی باریی رادەگرن، لە لێخوڕ و دوو کەسیتری ناو بارییەکە پرسیار دەکەن ئایینیان چییە؟ لە ترسانە و بە لەرزەوە دەڵێن موسوڵمانن! دایاندەبەزێنن. یەك لە ئیسلامیستەکان سەبارەت بە چۆنیەتیی نوێژی بەیانی لێیان دەپرسێ! کاتێک ناتوانن هیچ زانیارییەك بدەن، هەرسێکیان دەخەنە سەر چۆك و تیربارانیان دەکەن!

کاتێك مرۆڤ بەهۆی نەتەوەی جیاوازەوە، یاخود ئایین و باوەڕێکی ترەوە لە لایەن ئەو بێ ئینسافانەوە بکووژرێ، تەنیا دەتوانین ناوی فاشیزمی لەسەر دابنێین. دیارە و سروشتییە کە مرۆڤ ناتوانێ گشت موسوڵمانان بۆ ئەو کارانە بە بەرپرس دابنێ و هەموویان بە یەك چاو سەیر بکات. لەوانەیە کارەساتی وا زۆربەی موسوڵمانانی جیهانیش نیگران بکات. بەڵام بەداخەوە ئەو کەسانە هیچ هەڵس و کەوت و هەڵوێستێك لە خۆیان نیشان نادەن و بەو کارەیان وێدەچێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لەو کارەساتانە بکەن.

مرۆڤی ناو کۆمەڵگای ئیسلامییەکەن دیوارێکیان بە دەوری خۆیاندا کێشاوە، خۆیان لە پەنا ئایینەکەیان حەشار داوە، دیوارەکەیان قایمترین پەرێزە بۆ مرۆڤی فناتیك و دیکتاتۆر و باشترین زیندانە بۆ خەڵکی ناو کۆمەڵگاکە!

## پێکهاتنی دیکتاتۆریی ئیسلامی

ئایینی ئیسلام لە بۆشاییدا و خۆبەخۆ پێك نەهاتووە، بەڵکوو بەشی زۆری بە کەڵکوەرگرتن و چاولێکەریی لە مێژوو، گێڕانەوە، چیرۆك و خوڕافاتی ئایینی یەهوودی و مەسیحیی بووە. تەنانەت فەرهەنگ و کولتوورەکەشیان بە چاولێکەریی لە فەرهەنگی سەدەی ناوەڕاستی خەڵکانی ئێرانی و لاساییکردنەوە لەوان بووە. فەن و فنوونی هێزی نیزامیشیان کۆپییەك بووە لە ڕۆمیەکان.

ئیسلام لە سەرەتای پێکهاتنیدا زۆر کراوە بووە و دژ بە زانست و بیرمەندانی ئازاد نەوەستاوە. سەبارەت بە ئایین و ئیدیۆلۆژیەکانیتر هەڵسوکەوتی ئاساییان بووە و هیچ کۆنترۆڵێکی ئەوتۆیان لە هەنبەردا نەکردوون. هەر ئەو کراوەیی و تۆلەرانس و ئازادییە ڕێژەییەی نەتەوەی عەرەبی سەدەی ناوەڕاست لە هەنبەر بیرکردنەوەی ئازاد بۆتە هۆی گەشانەوەی ئابووریی وڵاتەکەیان.

زۆربەی ڕووناکبیرانی ئیسلامیی پێیان وایە گەشەکردنی کولتووریی وڵاتانی عەرەب لە سەدەی ناوەڕاست پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکەدا هەبووە. بەڵام لە ڕاستیدا ئایینی ئیسلام هیچ پەیوەندییەکی بەو گەشەساندنەوەیەوە نەبووە، بەڵکوو تەنیا کارتێکەریی زانایان و فیلەسۆفانی ئێرانی، یەهوودی، مەسیحی و یونانی بووە هۆی گۆڕینی فەرهەنگ و شێوەی ژیان لە وڵاتانی عەرەب کە تا ئەوکات بە شێوەی جاهیل و نەزان و دوور لە شارستانییەت دەژیان. کاتێك سەدەکانی ٩ و ١٠ لە بەغدا و ئیسپانیا یاساکانی شەریعەت بەڕێوە نەدەچوو، ئایینەکان و بۆچوونە جۆراوجۆرەکان لە پەنا یەکتر بە ئاسوودەیی و بێ ژانەسەر لەگەڵ یەکدا دەژیان. ئەو پێکەوە ژیانە ببوە هۆی پێکهاتنی کۆلتوور و فەرهەنگێکی مودێرن لە ناوچەکە. ابن سینا، فارابی، خوارەزمی، یۆهانێسی دیمەشقی و مەیموونی و ... وەك ماتۆڕی سەرەکیی ئەو پڕۆسەیە، هیچکامیان عەرەب نەبوون. زلهێزەکانی ناوچە

وەك داگیرکەرەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئەو کات بوونە هۆی وەرگێڕانی زۆربەی کاری ئەدەبی و فەلسەفەی ئێرانی و یۆنانی بە عەرەبی که بە ناوی "ئەل- قودەما" لە ناو کۆمەڵگادا ناسرا بوون. هاوکات بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ فەیلەسۆفان و ڕووناکبیرانی ئێرانی، یەهوودی و مەسیحی و دامەزراندنی باسی جیاوازیی مابەین یاسا سروشتییەکان و هێزی پێکهێنەر، بۆچوون و سەیرکردنیکی نوێیان لە کۆمەڵگادا پێکهینا. هاوتەریب لەگەڵ ئەوانە بە شێوەی سیستماتیك، ئایینی کەلام پێک هات کە بووە هۆی پێکهاتنی فەلسەفەی نوێی ئیسلامی. لێرەبەدواوە مرۆڤ باسی لەسەر متافیزیك دەکرد. ئازادیی بیرکردنەوە بە هۆی مرۆڤە ئایینیەکان بە پێی کات، کورت و کورتتر دەبوونەوە و لە پەناشی وردە وردە یاساکانی شەریعەت زیاتر پەرەیان دەسەند. لەو بارودۆخەدا کەمینەکان کەوتبوونە ژێر گوشار و بەرە بەرە ئایینیەکان داوای پایە سەرەکییەکانی ئیسلامیان دەکرد: **"قورئان وەك کەلامی ئیلاهی، یاساکانی و جیهادی ئیسلامی لە ڕێگای خودادا"**. هەرچەند مەودای کاتیی لەگەڵ سەردەمی محەمەد زیاتر دەبۆوە، بەو ئەندازەیەش قورئان و یاسا ئیسلامییەکان ئیلاهیتر، پیرۆزتر و متفەرکتر دەبوونەوە و گرنگایەتیی زیاتریان پێدەدرا.

هێرشی خاچپەرستەکان و دواتر هێرشی مەغوولەکان و کاولکرانی بەغدا بوونە هۆی ناکۆکیی و شەڕی نێوان موسوڵمان و ئایینەکانیتر. هۆ سەرەکییەکانی دۆڕاندنی شەڕ و کاولکردنی بەغدا وەك ناوەندێکی تۆلەرانس بۆ پێکەوە ژیانی ئایینەکان، بە هەڵەی نیزامی نەدەناسران بەڵکوو هۆی ئەو شکەستەیان بە کزبوونی باوەڕی ئایینی خەڵکەوە دەبەستەوە.

ئایینی ئیسلام کە لەسەر ئەسڵی حاڵیبوون لە "فیقە" (fiqh) دامەزرابوو، ژیانی بەخۆی تەنگ کرد و راکید و وێستاو مایەوە. **"هەموو زانیارییەك لە قورئاندا هەیە"!** ئەوە هەڵوێستی مرۆڤە ئایینیەکان بوو کە موسوڵمانانی لە دنیای زانستیی جیا کردەوە. **"باوەڕی ئایینی دەبوو لە کارتێکەریی دنیای دەوروبەر پاک بکرێتەوە!"** ئەزموونی ئەو هەڵوێستانە بووە هۆی بە شەیتانی دانانی فەلسەفە و زانست و لە کۆتاییدا گوشار هێنان بۆ سەر کەمینەکان و بەتایبەت بۆ سەر ژنان.

فاکتۆرێکی تریش هاتە گۆڕێ، کە گرنگایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پەراوێز دەکرد: دۆزینەوەی ڕێگای دەریایی لە ساڵی ١٤٩٨ لە لایەن ڤاسکۆ دا گاما " Vasco da Gama" ی پرتەقاڵییەوە بووە هۆی گواستنەوەی ڕێگای ئاویی کڕین و فرۆش لە ناوچەکە. ئەو ئاڵ و گۆڕە نەك هەر لە ڕوانگەی بازرگانییەوە زیانێکی مەزنی لە وڵاتانی عەرەبی دا، بەڵکوو ئیتر زانستی نوێی ڕۆژئاواییش دەرکەیان لەسەر داخرا و ئیدەی نوێ لەو ناوچەیە کوێر بۆوە.

هەروەها گۆڕانکاریی سیاسەتی فێربوون، خێرایی بە ڕووخاندنی کاتە زێڕینەکەی ئەو ناوچەیە دا. لە سەردەمی بەختەوەریی پێش ئەو گۆڕانکارییەدا، قوتابخانەکان لە پەنا قورئان زانستی بیرکاریی، فەلسەفە و پزیشکی و زۆر تەوەری تریان فێری قوتابیان دەکرد. دوای کاولکرانی بەغدا، ئەو ئیمپراتوورییە بەسەر چەند ناوچەی بچووك (سەلجووقەکان، فاتمیەکان و عەبباسییەکان و دواتریش مەملووك و سەفەوییەکان) دا دابەشکرا کە دژ بە یەکتر دایم لە شەڕدا بوون. پارەی پێویست بۆ ئەو شەڕانە پێشتر لە قوتابخانەکان بۆ فێربوون و پەروەردەکردن بەکار دەهێنرا. لەو قوتابخانانە دواتر تەنیا قورئان و ئایین دەرس دەدرایەوە. مامۆستای قوتابخانەکان وەك کۆیلە بۆ خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام چاولێدەکران. هەر مامۆستایەك هەڵوێستی بگرتایە یا دەردەکرا یا قوتابخانەکەی بە تەواوەتی دادەخرا. گوێڕایەڵی و وەفاداربوون لە بەرانبەر ئایین، جێگای بە مانا و گرنگایەتیی بیرکردنەوەی ئازاد تەنگ کرد. لێرە بەولاوە فێربوون تەنیا تەلقینێکی ئایینی بوو بۆ دەستکاریی و مانیپولیرەکردنی مناڵان. ئەو بارودۆخە بوە هۆی تەریك کەوتنەوەی وڵاتانی ئیسلامی و دابڕانیان لە دنیای دەرەوە. سیاسەتی فێربوون بە شێوەی ئایینیی، تەنانەت تا ئەوڕۆش بەو ئارگیومێنتەی کە: **"هەموو زانیارییەك لە قورئاندا هەیە"** لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکانی ناوچەدا بەردەوامە.

## ئیمپراتۆری عوسمانی و ئورووپا

ئەگەر موسوڵمانەکان لە گەڵ مێژووی دۆڕاوی ڕابردووی خۆیان بە شێوەیەك ڕووبەڕوو ببنەوە، زۆربەیان لەسەر ئەو باوەڕەن کە داگیرکەرانی مەسیحی هۆی سەرەکیی ئەو دۆڕاندنەیان بوون. لە پەرتووکە مێژووییەکاندا باس لەسەر هێرشی مەغوولەکان و وێرانکردنی بەغدا ناکرێ ئەگەرچی ئەوان بوونە هۆی تیوونا کردنی فەرهەنگ و زانستی نەتەوەی عەرەب. هێرشکەرەکانی مەغوول ساڵی ١٢٥٨ بە پتوونی پەرتووکەکانی کتێبخانەی بەغدایان خستە ناو چۆمی فەرات"Eufrat" ەوە، بیرمەندان و زانایان لە سێدارە دران، هونەرمەندان و مرۆڤە کارزانەکان بەرەو ئاسیای ناوەڕاست ڕەوانەکران، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو پیاوکوژی، کاولکاریی و جنایەتانەی مەغوولەکان، منداڵانی موسوڵمان لە قوتابخانە فێر دەکرێن کە خاچپەرستەکان مرۆڤیکی تووڕە و شەیتانین، ئورشەلیم دەبێ ڕزگار بکرێ و ... . هۆیەکەی ڕەنگە ئەوە بێ، چونکە مەغوولەکان دواتر بوون بە موسوڵمان و بە پێی بڕیاری جیهاد و گەورەکردنەوەی دنیای ئیسلام، بە چاوێکیتر سەیر دەکران.

بە پێچەوانە ئورووپاییەکانی ئەورۆ کە بە نەوەی خاچپەرستان دادەنرێن، وەك دوژمنی دێرینەی دنیای ئیسلام سەیر دەکرێن. بەدوای خاچپەرستەکاندا کۆلۆنییەکانی ئورووپایی پێکهاتن و ئەو ناوچانەیان رووتاندەوە و هێندەیتریش مرۆڤی ئەو وڵاتانەیەن بە قوردا بردەخواری و دژ بە خۆیان هانیاندان. بەڵام هەر وەك دەزانین، لە نێوان هێرشی خاچپەرستان لە سەدەی ١٣ هەتا هێرشی ناپلیۆن بۆ میسر لە ساڵی ١٧٩٨ تەواو ٥٠٧ ساڵ مەودای کاتیی بووە کە دنیای ڕۆژئاوا لەو ماوەیەدا هیچ کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر گەشانەوەی وڵاتانی عەرەبی نەبووە. لە ماوەی ئەو ٥٠٧ ساڵەدا وڵاتە ئیسلامییەکان چیان کردوە؟ چ شتێك لەو ماوە درێژەدا بووە هوی ریکوردی زەقی نەزانیی؟

با جارێکیتر ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەینەوە:

بەدوای کاولکرانی بەغدا و کزبوونی بارودۆخ لە ئیسپانیا، تورکەکان وەك زلهێزی نوێی ناوچەکە هێزیان بە دەستەوە گرت. بوون بە موسوڵمان و ئیمپراتۆریی عوسمانیان پێکهێنا و لە ماوەیەکی کورتدا گەلێك شەڕی سەرکەوتووانەیان بەڕێوە برد، کۆنترۆلیان بەسەر قوستەنتەنیە (ئەستەمووڵ) کە ناوەند و دڵی رۆمیەکان بوو، داگرت. ئەڕتەشی عوسمانی دوو جار لە بەر دەروازەکانی شاری ویەنی ئوتریش قوت بوونەوە: (١٩٢٩ و ١٦٨٦). ئەوان دەیانگوت: **"فتوحات و سەروەرییەکەیان تەنیا بۆ گەورەکردنەوەی وڵاتی ئیسلامییە!"** ڕەنگە بەو بۆچوونە بکرێ بڵاوبوونەوە و گەورەبوونەوەی حەشیمەتی تورك لە ئورووپا ڕوون بکرێتەوە، بەڵام ئەگەرچی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵیانی درێژ بوو خەڵکی ئەو ناوچانە ئایینی ئیسلامیان وەرگرتبوو، سەرەڕای ئەوەش عوسمانییەکان پێش ئەوەی دەست بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بگرن، بە براکوژیی ساڵی ١٥١٦ هێرشیان بردە سەر سووریە و دواتر میسر و ژمارێکی زۆر موسوڵمانیان قەتڵ و عام کرد. چوارسەد ساڵ حوکمرانی عوسمانییەکان بەسەر وڵاتە عەرەبییەکاندا، لە مەراکیشی ئەمڕۆییەوە تا ئێران، بووە هۆی دابڕانی ئەو بەشەی دنیا لە کولتووری ئورووپایی. تەنانەت ئیدیۆلۆژییە کزەکان و حیزبە محافزەکارەکانیشیان قەدەغە کرد و ڕوخسارێکی دژ بە مرۆڤیان بۆ ژنانی کۆمەڵگا وەرێخست. جیاکردنەوەی رۆڵ و ئەرکی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا ئەگەرچی لە وڵاتە عەرەبییەکان ساڵانێکی زۆر بوو بەڕێوە دەچوو، هێندەیتریش زەق و توند و تیژتر کرایەوە. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا لە ڕوانگەی نیزامییەوە عوسمانییەکان لە ئورووپادا بەهێز بوون، بەڵام نەیانتوانی بە شێوەی بەردەوام جێ پێی خۆیان بکەنەوە و خۆیان دابمەزرێنن.

لە سەدەی پازدەدا یۆهانێس گوتنبێرگی ئاڵمانی کەرەسەی چاپی وەك خەڵات بە دنیا بەخشیی کە بۆ هەمیشە کارتێکەرییەکی مەزنی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی دانا. ئەو دۆزراوەیە زانستیی ئایینی و پاشایی کە تا ئەوکات تەنیا لەدەست خۆیاندابوو، تێکشکاند و دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی بۆ هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا هاسان کردەوە و بۆی بردنە ناو ماڵەکەیانەوە. بەهۆی چاپکرانی کتێب و نووسراوەکان بیری بیرمەندانی وەك هیووم"Hume"، کانت"Kant" و دێکارت"Descartes" و کارە ئەدەبییەکانیتر لە هەموو

ناوچەكانی ئورووپا بڵاو كرایەوە. مرۆڤ دەستی بە زانست نەك هەر بە زمانی لاتینی بەڵكوو بە زمانی دایكییش ڕاگەیشت. بە بێ ئەو كەرەسەیە نە زانست و زانیاریی و نە دواتر شۆڕشی پیشەسازی دەیتوانی گەشە بكات.

لە ئیمپراتووری عوسمانی دەنگەكان بەرز دەبوونەوە بۆ وەرگرتنی ئەو كەرەسەیە و ڕاگرتنی زانیاریی و ئەسپاردنیان بە وەچەكانی داهاتوو. بەڵام بەڕێوەبەرانی ئایینی كە لە ناوچەكە زۆر بەهێز بوون، بەو ئارگۆمێنتە كە كەرەسەی چاپ دەتوانێ هەڵە لە كتێبی ئایینی قورئاندا پێك بێنێ و ئەگەر كتێبی قورئان كۆپی بكرێ و ژمارەی زور بێ، كۆنترۆلی ناوەرۆكی لە دەست دەر دەچێ، بە ڕاشكاویی ئەو كەرەسەیان رەدكردەوە. بەو شێوەیە دنیای ئیسلام بۆ ماوەی زیاتر لە سێسەد ساڵ لەو دۆزراوە گرنگە و كارتێكەرییەكانی دوور مایەوە. یەكەمین كەرەسەی چاپ لە ساڵی ١٧٢٩ هێنرا بۆ ئەستەموول بەڵام تەنیا لە دیوەخانی خەلیفەكاندا مایەوە و بۆ كاروباری ئاسایی كەڵكی لێوەردەگیرا. لەگەڵ ناپلئۆن ساڵی ١٧٩٨ ئەو كەرەسەیە هێنرا بۆ قاهیرە، كەچی لەوێش مەلاكان و ئایینیەكانی ئەلئەزهەر دژی راوەستان و بە كەرەسەی شەیتانی ناویان برد.

ئورووپا توانی لە ماوەی چەند دەیەدا نووسراوە لە ئایینەوە بۆ زانست، لە مێتافیزیكەوە بۆ مەعریفەت ناسیی بگۆڕێ و هاوكات لەگەڵ رەوەندی سەدەی ١٨ فەلسەفە و تەكنیكی نوێی لە ئورووپا پەرەپێبدا و بە هۆی پیشەسازیی و شۆڕشێكی ڕۆشنبیری پێشكەوتووەوە ئاڵوگۆڕێكی بنەڕەتی بەسەر كۆمەڵگادا بێنێ، لە كاتێكدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جاڵجاڵووكەی بێهۆشی و خورافات كۆمەڵگایان تەنیبوو.

## عەبدول وەهاب و چەمکی نوێکردنەوە

هاوکات لەگەڵ گەشەسەندن و دۆزینەوەکان لە باکوور، مرۆڤێك لە دوڕگەکانی عەڕەبییەوە هەوڵی دەدا بە شێوەی رادیکال ڕێفۆڕم بەسەر بیر و بۆچوونەکاندا بێنێ. محەمەد ابن عەبدولوەهاب (١٧٩٢-١٧٠٣)، پێکهێنەری بزووتنەوەی وەهابییەکان، داوی قەدەغەکردنی هەموو بیرێکی غەیری ئیسلامی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا دەکرد. ئەو دەیگوت: **"تەفسیری وشە بە وشەی قورئان دەبێ ببێ بە ئەرکی سەرەکی بۆ خەڵکیی و بەربەرەکانی بکرێ لەگەڵ هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئیسلام نییە و تەنانەت عارفانی ئیسلامییش. ئەو کونسێپت و چەمکە دەبێ لەسەر پێغەمبەرایەتی محەمەد بنیات بنرێ. خودا هەر سەد ساڵ جارێك 'تازەکەرەوەیەک' دەنێرێ بۆ نوێکردنەوەی باوەڕ. نوێکردنەوە لێرە و لەو پەیوەندییەدا بە مانای گەڕانەوە بۆ بنەما و سەرەتاکانی پێکهاتنی ئاینی ئیسلامە."**

کاتێك حوکمرانی میسری، محەمەد عەلی پاشا لە سەرەتای سەدەی ١٩ دا هەوڵی تێکشکانی ئەو بزووتنەوەیەی دا، لە لایەن ئینگلیزییەکانەوە پێشی پێگیرا چونکە تاجدارانی ئینگلیزی لەگەڵ هۆزی سعوودییەکاندا دۆستایەتیی دێرینیان هەبوو.

تا ئەوڕۆش وەهابییەکان دۆستی نزیکی پادشاکانی سعوودین. ئەوان پشتیوانی حکوومەتی مۆنارش یاخود پاشایەتی دەکەن، و وەک وەڵامێك، پادشاکانیش ئەرکی فێرکردن و بارهێنانی ئاینی لە وڵاتیان بەوان ئەسپاردووە. تەنانەت وەهابییەکان ئیزنیان پێدراوە وەك پارێزەری ئەخلاقی لەسەر شەقامەکان ئەو مرۆڤانەی لە کاتی نوێژی جەماعەت تەنیا سەیر دەکەن، یا ئەو ژنانەی ڕەعایەتی حیجابی ئیسلامی ناکەن، بیانگرن و بیانخەنە زیندانەوە. ئەو ئەرکە لە وڵاتانی ئیسلامی بەشێوەیەکیتر بۆ بارهێنان و ڕاهێنان و شوشتنەوەی مێشکی مرۆڤ لە منداڵییەوە و هەروەها بۆ ڕاگرتنی حورمەتی ئیسلامیی لە کۆمەڵگادا، لە لایەن مەقاماتی ئاینییەوە بەڕێوە دەچێ. ئەوان

بە سانسۆرکردنی مێژوو، ئیسلام دەڕازێننەوە و دوژمنەکانیانی پێ مەحکووم دەکەن. ئەوان دژ بە هەر کراوەییەك رادەوەستن و هەوڵ دەدەن پاوانخوازیی زانست لای خۆیان بمێنێتەوە. هەوڵ دەدەن وێنەی دوژمنانیان لە پەرتووکەکانی قوتابخانە و مێدیاکاندا ئاکتیو و تازە راگرن و کۆمەڵگا هان دەدەن بۆ خۆڕاگری و ڕاوەستاویی لە بەرانبەر هێرشکاریی و هەڕەشەی دەرەوەی وڵات.

دوابەدوای کارەساتی ١١ی سپتامبری ٢٠٠١ وڵاتە عەرەبییەکان کەوتنە ژێر گوشاری ڕاستەوخۆی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان. مرۆڤ دەبوو پارێز لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی نەرێنی لەناو پەرتووکەکانی قوتابخانە لە هەنبەر ڕۆژئاواییەکان و ئایینەکانیتردا بکات و نەهێڵی هەستی رەق و کینە لە ناو منداڵاندا پەروەردە بکرێ. لەڕاستیدا ئەو داواکارییە بەتایبەت لە لایەن وڵاتانی سعودیی و میسرەوە بەڕێوەچوو. چەند لە ناوەڕۆکی نووسراوەکان کە دەبوونە هۆی چاندنی رق و کینە دژ بە ڕۆژئاواییەکان، یا قرت کران و یا گۆڕانکاریان بەسەردا هات. چەند دێڕێکیش بۆ پێکەوە ژیانی ئایین و نەتەوەی جیاواز لە کتێبی قوتابخانەکان زیادکران. بەڵام دەستیان لە قسە و گوتارەکانی قوڕعان و محەمەد نەدا و لە کتێبە دەرسییەکاندا هەر وەك خۆیان هێشتیاننەوە. ئەو دژ و پێچەوانەیە نەك هەر لە قوتابخانە بەڵکوو بە هەموو باڵای کۆمەڵگای ئیسلامییەوە دەبینرێ، چونکە ئەو کێشەیە تەنیا مێژوو ناگرێتەوە و بەڵکوو ئایینێك دەگرێتەوە کە دنیای بەسەر دوو دەستەی موسوڵمان و کافردا دابەش کردووە. ئەو هەڵوێستە پەیوەندیی بە بارودۆخی جوغرافیایی ناوچەکە و هەروەها هەستی خۆ بەکەمزانین لە هەموو بوارەکانی ژیان لەهەنبەر ڕۆژئاواییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەنگە هیچ ڕێگایەکیتر بۆ موسوڵمانەکان نەهێڵێتەوە، بتوانن خۆڕاگریی لە هەنبەر هێزی ڕۆژئاوادا بکەن.

بەتایبەت ئەو سەرلێشێواوی و سەرشێتییە بە تەواوی مانا لە وڵاتی سعوودیا هەستی پێدەکرێ: لە لایەکەوە سیاسەتی- وزەی دۆستانەی کاربەدەستانی ناوچەکە لە هەنبەر واشینگتۆن، کراوەیی وڵات بۆ کاروباری بازرگانی لەگەڵ هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامادەبوونی پشتیوانیی نیزامی و جێ تەرخانکردن بۆ چەکدارانی دەریایی ئەمریکا، لە لایەکیتریشەوە بوونی گرووپێکی فەناتیکی دژ بە مرۆڤی وەك وەهابییەکان لە وڵات کە هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکیان لەژێر کۆنترۆڵ دایە و بڕیار لەسەر ژیانی

خەڵکی دەدەن. دیارە جێی سەرسووڕمان نییە کە ١٥ لە ١٩ تیرۆریستی ١١ سپتامبری ٢٠٠١ هاوڵاتیانی عەرەبستانی سعوودی بوون.

دوای گۆڕینی ناوەڕۆکی کتێبی دەرسی لە عەرەبستان، واشینگتۆن پۆست لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠٠٦ دا چەند کتێبی دەرسیی قوتابخانەکانی عەرەبستانی سعوودی خستە ژێر زەرەبینەوە: ئەزموونی کارەکەیان ئەوە بوو کە لەو کتێبانەدا هەر وەك پێشوو ئایینی ئیسلام بە تەنیا ئایینی ڕاستەقینە دێتە ئەژمار و جیهاد دژ بە کافران و مشرکان دەبێ وەك ئەرکی سەرەکی موسوڵمانان سەیر بکرێ. لەو هەواڵەی واشینگتۆن پۆست دا ئاماژە بە چەند نموونە کراوە:

لە کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا هاتووە:

" بەم دوو وشانە ئەو دێرانەی خوارەوە پڕ بکەنەوە: **ئیسلام – جەهەننەم**.

هەر ئایینێك بە غەیری ..... هەڵەیە.

هەر کەس موسوڵمان نەبێ، دەکەوێتە ..... ."

لە یەك لە کتێبەکانی پۆلی چوارەم کە بە خەیاڵ پاکسازییان کردوە نووسراوە:

"باوەڕی ڕاستەقینە بە مانای ئەوەیە کە تۆ رق و کینەت لە هەنبەر کافران و مشرکان هەبێ و هەڵس و کەوتی توندیان لەگەڵدا بکەی." یا:

"هەرکەس وەدوای ڕێگای محەمەد بکەوێ، و دان بەسەر تاقانەبوونی خودا دا بێنێ، ئیزنی دۆستایەتیی لەگەڵ ئەو کەسانە نییە کە دژ بە خودا و رەسووڵەکەی بن تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە خزمی نیزیکیش بێ."

لە کتێبی پۆلی شەشەمدا هاتووە:

"نەتەوەی یەهوودی مەیموونن، خەڵکانی شابات(Sabbat)، هەروەها مەسیحییەکان بەرازن، کافرانی لایەنگری مەسیح."

بەو شێوەیەش، لە پۆلی یازدەدا فێری ئیدیۆلۆژی جیهاد دەکرێن:

" بەربەرەکانی بکە لەگەڵ کافر، ژێردەستیی، نابەرانبەریی و ئەو کەسانەی وا ئەوانە قەدەغە دەکەن؛ ئەوە لوتکە و بەرزترین جێگای ئیسلامە. ئەو ئایینە بەهۆی جیهادەوە پێکهاتووە و بەهۆی ئاڵای جیهادەوە چۆتە سەریێ."

ئەو چەشنە راهێنانە، نەك هەر لە عەرەبستانی سعوودی بەڵکوو لە ١٩ وڵاتی ئورووپایی کە ئاکادێمی سەعوودییان لێ دامەزراوە، بەدەرس دەگوترێنەوە. تەنانەت ئەگەر لە داهاتوودا ئەو چەشنە بۆچوونانە لە کتێبی دەرسیش قرت بکرێن، ناتوانن هەڵس و کەوتی مامۆستایانی ئیسلامی پێ بگۆڕن.

مرۆڤ دەبێ ئەو ڕاستیە بزانێ کە تێرۆڕ، ئەزموونی سیاسەتی فێربوون و راهێنانی ٢٠٠ ساڵی ڕابردووی ئیسلامییە لە هەموو وڵاتانی جیهان. مەلای ناو مزگەوتەکان و کەسایەتییە ئایینیەکانیش بۆ بەدەستەوەگرتنی هێز لە ناوچەکان، کارتێکەریی لەسەر کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو دادەنێن. کارتێکەریی ئایینیەکان لەسەر کۆمەڵگا بە رادەیەك بوو کە بۆ وێنە جەماڵ عەبدولناسر بۆ وەدەستهێنانی هێزی سیاسی لە ناوچەکە و راکێشانی دەنگی خەڵکی بۆ لای خۆی، نەیتوانی بە ساکاریی لە پەنا ئایینی بوونی کۆمەڵگا تێپەڕبێ و زانستگەی ئەلئەزهەری کردە ئەنیستیتۆیەکی دەوڵەتی و راهێنان، بە شێوەیەك کە فەرهەنگ و داب ونەریتی ئایینی ڕاستەوخۆ لە مێدیاکانەوە پرۆپاگاندایان بۆ دەکرا.

## فەرهەنگی گووگل و ئینترنێت

پێنج سەد ساڵ دوای گوتنبرگ دنیای ڕۆژئاوا خەلاتێکیتری بە ناوی "ئینترنێت" بۆ مرۆڤ بە دیاری هێنا کە بە قەرا کەرەسەی چاپ ئاڵوگۆڕی بەسەر دنیادا هێنا. کەرەسەیەك بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی دەیانەویست خەڵکەکەیان بە چەکی زانیاریی و زانست پۆشتە بکەن. هەر وەك پێشبینی دەکرا لە هەوەڵەوە عالمانی ئیسلامی دژ بە ئینترنێت فتوایان دەردا و خەڵکی موسوڵمانیان لە کەڵکلێوەرگرتن لەو کەرەسە گرنگە دوور دەکردەوە و بە کارێکی شەیتانییان دادەنا. بەڵام ئەمجارەیان بە پێچەوانەی سەردەمی هاتنی چاپ، بۆیان نەچووە سەر و وەڵامیان نەدرایەوە. زۆربەی گەنجە موسوڵمانەکان لە ڕۆژدا چەندین کاتژمێر لە ئینترنێتدا لەسەر ئایین و سیاسەت بەحس دەکەن، گوێ لە مۆسیقای ڕۆژئاوایی دەگرن و فیلمی سێکسی چاو لێدەکەن. ئەو کەرەسەیە ئەگەر بە شێوەی ئەرێنی کەڵکی لێ وەربگیرترێ، دەتوانێ هەڵوێستی ئەخلاقی ئەو گەنجانە بگۆڕێ و یاخود هۆگرییان بۆ فێر بوونی زانیاریی زانستیی بەهێز بکات. ئەگەر ئەورۆ گەنجێکی موسوڵمان لە لایەن مامۆستای قوتابخانە یاخود مەلای ئایینیەوە زانیارییەکی پێبدرێ، بە دڵنیاییەوە ئەو زانیارییە وەك شتێکی تەواو و کامیل وەرناگرێ، بەڵکوو ئەو ئالترناتیوەی هەیە کە لە ئینتیرنێتدا ڕاستبوونی زانیارییەکە چەك بکات.

ئەوە وەچەی فەیس بووك بوو کە توانی دژبە موبارەك و موورسی لە میسر، دژبە بن عەلی لە تونیس، دژبە سالح لە یەمەن، دژ بە قەزافی لە لیبی و هەروەها دژ بە ئەل ئەسەد لە سووریە، چوونە سەر شەقامەکان. ئەو وەچەیەی ئەورۆ لەگەڵ ئینترنێت سەروکاری هەیە، کونجکۆڵە و بە چاوی ڕەخنە سەیری تەوەرەکان دەکات و ئیتر لەخۆوە و بێ بەڵگە سەر بۆ هیچ ئیدیۆلۆژییەك دانانەوێنێ.

من ساڵی ٢٠١٢ لە قاهیرە بەشداریم لە دانیشتن (میزگرد)ێك بە هاوكاریی پسپۆڕێكی زانستیی برایانی موسوڵمان كرد. ئەو گوتی: "ئەگەر خودا یارمەتیدەرمان بێ، دەمانهەوێ لە پێنج ساڵی داهاتوودا ژمارەی توریستە بیانیەكانی میسر دووبەرابەر كەینەوە!" گەنجێك لەناو تەماشاچییەكان هەستا سەر پێی و گوتی: "من خۆم موسوڵمانم، پێنج جار لە ڕۆژدا نوێژ دەكەم، بەڵام ئەگەر هەڵە نەبم، ئێمە لێرە باس لەسەر تەوەری ئابووری و توریست دەكەین. ئەوە چ پەیوەندییەكی بە ویستی خوداوە هەیە؟ تكایە پیمان بڵێن، چ پلانیكتان بۆ ئەو كارە هەیە و چلۆن دەتوانن پلانەكە دامەزرێنن؟ چەندە بودجە بۆ ئەو پڕۆژەیە تەرخان كراوە؟ لە كوێ هوتێلی نوێ دروست دەكەن؟ تكاشم ئەوەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو كارە واز لە خودا بێنن! چونكە ئەگەر سبەینێ كارەكەتان بۆ جێ بە جێ نەكرێ، نامەوێ لە ئێوە ببیستم كە ئەوە ویستی خودا بووە!"

من لەسەر گوتەكەی ئەو گەنجە " ئەوە چ پەیوەندییەكی بە ویستی خوداوە هەیە؟" تەواو سەرم سووڕ ما، چونكە ئەو قسەیە لە زمانی گەنجێكی موسوڵمانەوە دەبیسترا.

سپاس بۆ ئینترنێت كە تەنانەت ئیدەی"Säkularismus" دنیاگەرایی لە دنیای عەرەب بە شێوەیەكیتر باسی لەسەر دەكردرێ. جاران سێكۆلاریزم وەك گوناهێكی مەزن سەیر دەكرا، بەڵام دوای ئەو ئەزموونە نەرێیەی ساڵە ٢٠١٢ لە میسر و لەسەر برایانی موسوڵمان كرا، بووە هۆی ئەویكە جودایی دەوڵەت و ئایین ئیتر باسێكی سەیر و سەمەڕ نەبێ و خەڵكی بتوانن بە ئاسایی باسی لەسەر بكەن.

دوای تەواوبوونی وتارەكەم لەسەر "فاشیزمی ئایینی" لە قاهیرە، گەنجێكی میسری هات بۆ لام و گوتی: "ئەگەر بە شێوەی بنەڕەتیی سەیری قسەكانی ئێوە بكەم، ئێوە ڕاست دەكەن، بەڵام شێوەی قسەكردنەكەتانم پێ هاندەرانەیە. زۆر كەس لەو چەشن قسەكردنە ترس و وەحشەتیان هەیە. بۆ وێنە ئەگەر ئێوە بڵێن: (دەبێ ئایین لە سیاسەت جیا بكرێتەوە)، ئەو هەستە لە مرۆڤدا پێك دێ كە ئایین فاكتۆرێكی خراپە، سەرەتانێكە لە كۆمەڵگادا كە دەبێ چارە بكرێ. چۆنە ئەگەر ئێوە بە جێی ئەو بڵێن: (ئێمە مەبەستمان لەو جوداییە، پارێزگاریكردنی ئایین لە بەرابەر سیاسەت دایە!) لێرەدا سیاسەت وەك شتێكی سەر زەوی و مرۆڤی، ناشیرین سەیر دەكرێ و ئایین وەك شتێكی ئیلاهی و پاك. من بۆچوونی ئەو گەنجەم پێ كریاتیو"kreativ" بوو. چەشنی هەڵسوكەوتی من

لەگەڵ ئەوە ناگونجێ، تەوەرێك، شتێك یا كێشەیەك بە شێوەی دیپلۆماسی بڕازێنمەوە. بەڵام مەسەلەی گرنگ لێرەدا ئەوەیە كە وردە وردە گەنجانی موسوڵمان بەوە گەییون، بیری سیاسیی خۆیان بە فاكتۆر و رێگری ئایینەوە كە وەك لەمپەرێك لەسەر ڕێگای ژیانی ئاسایی كۆمەڵگادا شین بووە، خەریك دەكەن. ئەو ڕاستییەم پێ گرنگە كە ئەوڕۆ باسێكی زانستی لەسەر رۆڵی ئایین لە كۆمەلگادا لە نێوان گەنجانی عەرەب ساز بووە كە نەتەنیا گەنجی ئاسایی بەڵكوو گەنجە فناتیكەكانیش بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆیان تێدا بەشدارن. تەنانەت ئەوانیش ئەو مێدیا نوێیە واتە فەیس بووك و ئینتیرنێت بەكار دێنن.

## بژی ئوسەما، هەرەسهێنانی کۆمەڵگا، تیرۆریزم

کەمینەیەکی موسولْمانەکان لە هەموو گۆشەکانی ئەم جیهانەوە خۆشحاڵیی خۆیان سەبارەت بە کارەساتی ١١ی سپتامبری ٢٠٠١ نیشان دا و وەك سەرکەووتوویيەکی مەزنی ئیسلامیی لەهەنبەر زلهێزی لووت لە حەوای ئەمریکا لە ئەژماریان هێنا. ژومارێکی زۆر کەم لە موسولْمانان ئەو کارەساتەیان بە کارێکی هەڵە و ناڕاست لە قەڵەم دا و مەحکوومیان کرد. بەڵام سەیر ئەوەیە، بەشی بەرچاوی موسولْمانانی جیهان نەیاندەزانی لە هەنبەر ئەو کارەساتە خۆیان لە تیرۆریستەکان دوورخەنەوە، یاخود شانازی بەو کارەوە بکەن! ماوەیەکی زۆری نەکێشا کە چەندین تیۆری لەسەر چۆنیەتیی روودانی ئەو کارەساتە دروست کرا: "موسولْمانەکان بە هیچ چەشنێك تیرۆریست نین، ئەو کارەساتە لە لایەن لایەنگرانی موساد و "سی ئای ئیی"ەوە بەڕێوەچووە!" لە میسر یەك لە پێشەوایانی ئایینی لەسەر تلەویزیۆن رایدەگەیێنیێ کە لەو رۆژەدا هیچ یەهوودییەك نەکووژراوە ولە ٤ هەزار کارمەندی یەهوودیی ناو ئیدارەی "World Trade Center" تاقیکیان لەسەر کار نەبوون! درووییەکی ئاشکرا بۆ تاوانبارکردنی ئیسرائیل کە مرۆڤ تەنیا پێکەنینی پێی دێ. بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە دەبێ موساد پێشتر ٤ هەزار کەسی لەو کارەساتە ئاگادار کربێتەوە: **"تکایە ڕۆژی ١١ی سپتامبر مەچنە سەر کارەکەتان، ڕەنگە لەو ڕۆژەدا شتێك بقەومێ!؟"** هەر وەها جێی باوەڕ نییە کە چوار هەزار کەس وەك شەریکی ئەو پیاوکوژییە بێدەنگی لێ بێنن و ئەو کارەی موساد ئاشکرا نەکەن! جێی سەرسووڕهێنەر ئەوەیە کە هەمان پێشەوایانی ئایینی کە ئەو کارە دەخەنە ئەستۆی ئیسرائیل، بە تۆڵەیەکی ئیلاهی و خودایی لەهەنبەر سیاسەتی تووڕەی ئەمریکای دادەنێن. مرۆڤ سەری لێ شێواوە و نازانێ، ئەو کارە لە لایەن خوداوە بەڕێوە چووە یا یەهوودیەکان بوونەتە هۆی ئەو کارەساتە!

لە ساڵی ٢٠١٢ فرانسیس فوکویام "Francis Fukuyama" پسپۆری سیاسی- زانستیی ئەمریکایی نووسراوەیەکی بە ناوی "بژی ئوسەما"بڵاو کردەوە. نووسەر لە

گوتارەکەیدا سەری سوور ماوە لە پشتیوانیکردنی و پێشوازیی بارچاوی ژمارێکی زۆری موسوڵمانانی جیهان لە ئوسەما، سەرەڕای ئەویکە تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ کێشەیەکی وڵاتی ئیسلامیی چارە بکا. لەڕاستیدا ئوسەما وەك کوڕی زانستکاری خانووبەرەسازی دەوڵەمەندی سەعوودی هیچ بینایەکی لە دنیای ئیسلام دروست نەکردووە، بەڵام بۆتە هۆی ڕووخاندنی دوو بینای بەرز لە ئەمریکا. ئەو نەتەنیا لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا دژ بە فەقیریی، کێشەی ئابووری، بێ کاریی یا بێ سەوادی تێ نەکۆشاوە، بەڵکوو لە هیچ جێگایەك باسیشی لەو کێشانە نەکردووە. ئیتر بۆچی سەرەڕای ئەوانەش لە لایەن موسوڵمانەکانەوە وەك پاڵەوان سەیر دەکرێ؟ تەنیا هۆیەکەی ئەوەیە کە زۆربەی کۆمەڵگاکانی عەرەبی لە هەنبەر کێشەکانی ناو خەڵکی بە بونبەست گەییون و هیچ ڕێگا چارەیەك ناتوانن بدۆزنەوە. هەر وەك هەمیشە بۆیان هاسانترە هۆی هەرەسهێنانی کێشەکانی کۆمەڵگاکەیان نەك لە لای خۆیان، بەڵکوو لای دوژمنانیان بدۆزنەوە.

نووسەر خەڵکی وڵاتە ئیسلامییەکان ئاگادار دەکاتەوە کە پێش ئەوەی کارەساتێکی جیهانی هاوچەشنی وەك سەردەمی هیتلێری لێ بکەوێتەوە، بەچاوێکی کراوە سەیری ڕووداوەکان بکەن چونکە پەشیمانیی دواکارەسات هیچ بەهرەیەکی بۆ کەس نابێ. تەواوی هەوڵ و تەقەلایان لەسەر بەتینکردنی رق و ترسی خەڵکی لەهەنبەر دۆزینەوەی تاوانبارێك بۆ کێشەکانی کۆمەڵگا و هەروەها هێز و وزەی خۆیان بەپتوونی بۆ تووناکردنی تاوانبارەکە تەرخان کردووە. دیارە بۆ ئەوان زۆر ساکارترە بەجێی بیر کردنەوەی زانستیی بۆ چارەکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا، خۆیان لە هەنبەر دوژمنێکی چێکراو و سازکراو ئامادە بکەن، یاخود خۆیان بە گرووپێکی تایبەتی ناو کۆمەڵگاوە خەریك بکەن. هەروەها زۆر ساکارترە بۆ ئەوان خۆیان لەسەر ڕووخانی دوو ساختمانی دوور لە وڵاتەکاین خۆشحاڵ بکەن هەتا خۆیان لەسەر ملیۆنان منداڵی بێ دایك و باب و بێ جێ خەف، نارەحەت بکەن. کێشەکان لە زۆربەی کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا هێندە زەق و بەرچاون کە مرۆڤ ئیتر نازانێ لەکوێوە دەبێ دەستپێبکات، بەڵام بەربەرەکانیکردن لەگەڵ دوژمن، لە کلاسە دەرسییەکان، لە قوتابخانە، لە سەر مەنبەری مزگەوتەکان و لە مێدیاکاندا بە بێ وەستان درێژەی هەیە.

ئوسەما بن لادن و حیزبەکەی ئەلقاعیدە، لە سێ سەرچاوەوە، هەوڵی بەڵێنیی خورافات و پێخۆر بۆ هاندانی لایەنگرەکانیان دەدەن:

- رۆحی بەردەوام نەخۆشی مێژووی دنیای ئیسلام،

- هێزی هەڵمساوی بێ بەڵگەی ئیسلامیی و

- لافاوی هەمیشەیی و بێ کۆتایی دولاری- نەفتیی بۆ بەختەوەری مرۆڤ بە بێ کارکردن.

محەمەد عەتا و ١٨ تێرۆریستی تر منالّی وەچەیەکن کە لە وڵاتی خۆیاندا بە شێوەیەکی کونزێرواتیو گەورە کراون و لە دنیای مودێرنی ڕۆژئاوا میوەی بڤ لێکراویان تاقی کردۆتەوە و وەك گوناهێك لە سەر دڵیان ماوەتەوە. رق و کینەیان لە هەنبەر ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا هێندە گەورە بوو کە بۆ هێش و ئازار گەیاندن بەوان، ئامادە بوون گیانی خۆیان و هەزاران بێگوناهیتر فیدا بکەن.

بڵێی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە چەندە کات، پارە، فانتازی و نەخشەکێشان پێویست بووبێ؟ ئایا ئەوکارە هیچ کێشەیەکی وڵاتانی ئیسلامی چارە کرد؟ یا بە پێچەوانە چەندە بە زیانی خەڵکانی ئیسلامی تەواو بوو؟

ئەو نۆزدە گەنجە لە ڕۆژئاوا فێری زانست ببوون. بەجێی بەهرەگرتن لەو زانستە و کەڵکلێوەرگرتنی بۆ چارەکردنی کێشەکانی کۆمەڵگاکەیان، هێندەیتریش رادیکاڵ بوونەوە. ئەوان لە بەهای ئازادی تێ نەگەیشتن و بڕیاری خۆیان بۆ ئایینەکەیان دا کە وەك دیوارێکی بەرز لە بەرابەر ئازادیدا ڕاوەستاوە. وێدەچی خۆیان بە گوناهبار زانیبێ و ویستبێتیان ئەو جێگایەی گوناهەکەیان تێیدا پێکهێناوە، لەناو بەرن. ئەوان بۆ چارەکردنی کێشەی کۆمەڵگاکەیان بەدوای دۆزینەوەی هەڵە لە کۆمەڵگا و فەرهەنگ و خوڕافاتی خۆیاندا ناگەڕێن بەڵکوو رق و کینە لەهەنبەر کولتوور و فەرهەنگێك پەروەردە دەکەن کە تەنانەت تێدا ئازادتر لە کۆمەڵگای خۆیان جووڵاونەتەوە و بەختەوەرانەتر تێیدا ژیاون. ئەو نۆزدە کەسە نوێنەری ئیسلامی فاشیستین کە بە شێوەیەکی نالەبار تۆوی رق و گێرەشێوێنی لە کۆمەڵگادا پەروەردە دەکەن. بەڵام جێی خۆشحاڵییە کە لە دنیای ئیسلام دەرسەدێکی کەم دەبنە تێرۆریست و

ئەمڕۆ زۆرینەی بەشدارانی کۆمەڵگا کار دەکەن، پێدەکەنن، فیلم سەیر دەکەن، گوێ دەدەنە موسیقا و خۆیان بە یاری فوتبال و وەرزشەکانیترەوە خەریك دەکەن. بەڵام سەرەڕای ژیانی ئاسایی لە کۆمەڵگا، ویرۆسێکی مەترسیدار لە ناو خۆیاندا راگرتووە کە هەر کات دەتوانی خۆی بڵاو بکاتەوە. ئەو ویرووسە ناوی جیهادە. جیهادێك کە لە سەرچاوەی مێژوویی ئیسلام و لە محەمەدەوە هەڵدەقوڵێ و شتێك نییە کە ئیسلامی ئەوڕۆیی دۆزیبێتیەوە. هاندان و پەروەدەکردنی رق و کینە دژ بە ئایینەکان و بۆچوونەکانی غەیری ئیسلام تەنیا لە نووسراوەکانی سەید قوتب و ماودودیدا نابینرێن بەڵکوو سەرچاوەکەیان قورئانە. مرۆڤ ناتوانی لە ئیسلام تێ بگا بە بێ ئەوەی ناوەڕۆك و ناوکی سیاسییەکەی نەناسێ. ئیسلامی ئەو کات ماوەیەکی کورت دوای پێکهاتنی لە ڕوانگەی سیاسییەوە زۆر سەرکەوتوو بوو و تەنانەت هەر لە سەردەمی محەمەددا وڵاتی ئیسلامی پیکهات. محەمەد بۆ گەورەکردنەوەی هێز و پان و بەرین کردنەوەی وڵاتەکەی دەستی بە شەڕ کرد و بەڵێنی پێکهێنانی جیهانی گەورەی ئیسلامی بە لایەنگرەکانی دا. ئەو شەڕە و مردن لە پێناو پێکهێنانی جیهانی ئیسلام لە لایەن زۆربەی ئیسلامییەکانەوە وەك ئەرکێکی ئیلاهی دەناسرێ و هەزار و چوارسەد ساڵ دوای مردنی محەمەد هێشتا هەر هەوڵی بۆ دەدرێ.

## جیهاد و ئارەزووی سێکسیی پیاوانی عەرەب لە بەهەشت

قورئان لە سوورەی ٩ دا موسوڵمان هان دەدا بۆ شەڕ لە ڕێگای خودا. ***"خودا ژیان و دارایی ئەم دنیای باوەڕپێکراوان لە بەهەشت قەرەبوو دەکاتەوە؛  ئەوان شەڕ بۆ خودا دەکەن، ئەوان دەکووژن و دەکووژرێن [...] ئێوە بەهۆی ئەو کارەوە خۆشحاڵ دەبن، چونکە سەعادەت و بەختەوەریی ڕاستەقینە بۆ ئێوە بە دیاری دێنێ."***

بەڵام ئەو بەهەشتە چۆنە و چلۆن دەنوێنێ؟ لەوە دەچێ فانتازیا و خەونی پیاوێك بێ کە لە بیابان ژیابێ:

کەش و هەوایەکی ئارام، نە گەرمای زۆر و نە سەرما. باغێکی ژێر سێبەر لە پەنا ڕووبارێك کە ئاوی ڕوون و شەڕابی پێدادێ، جێ بۆ ڕاکشان ئامادە کراوە، و مرۆڤ بە خواردنەوەی ئەو شەرابە هیچ سەرێشەیەك ناگرێ. حۆری بەهەشت بە جلوبەرگی ناسکی هاوریشەمەوە کە بە ئاستەم مەمکە گەورەکانیان دەشارێتەوە، هەروەها کەنیز و نۆکەری حەرەم کە بەردەوام بۆ شەهیدەکان سینی پڕ لە میوە، گۆشتی باڵندە و کووپەڵەی پڕ لە شەڕاب دەهێنن، لەوێ ڕاوەستاون. حۆرییەکان هەر وەك لە قورئاندا هاتووە، وەك "یاقوت و مرواریی" دەنوێنن. بە بۆچوونی وشە ناس کریستۆف لوکسەنبرگ "Christoph Luxenberg" هەڵەیەك لە وەرگێڕانی وشەی "حۆری" دا پێکهاتووە. ئەو دەڵێ: *"ئەو وشەیە لە سوری – ئارامی "Syroaramäischen" وەرگیراوە و بە مانای ترێی سپی هاتووە."*

لە قورئاندا لەسەر ژمارەی دانە مرواریەکان(حۆری) کە لە بەهەشت بە شەهیدەکان دەدرێ، بێ دەنگی کراوە! بەڵام چەند جار لە حەدیسدا باسی لێوە کراوە کە شەهیدەکان ٧٢ حۆرییان پێ دەدرێ. هەرکام لەو حۆرییانەش ٧٠ کەنیزی جوانچاکیان لەگەڵە کە ئەوانیش هەر لە خزمەت شەهیدەکاندان. بەو شێوەیە هەرکام لە شەڕکەرەکانی خودا کە لەڕێگای ئەودا شەهید دەبن، وەك خەڵات ٥٠٤٠ ژنیان پێ دەدرێ.

لەسەر تایبەتمەندیی و چۆنیەتی بارودۆخی حۆرییەکان و چێژی سیکسی کە تەنیا بۆ شەهیدانی ڕێگای خودا تەرخان کراوە، نووسەران و بیرمەندانی ئایینی هەرکام فانتازیا و خەونی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەو نووسراوانەی وا ئەوان ئەوکات لەسەر کردەوەی سێکسی لە بەهەشتدا نووسیویانە، هیچ نووسەرێکی ئەمڕۆیی دنیای عەرەب نەتەنیا ئیزنی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو شێوە نووسینەی نییە، بەڵکوو لە ڕوانگەی ئەخلاقیەوە هەرگیز ئیزنی نووسینی وا بەخۆیان نادەن .

ئەلسیوتی"al-Suyuti" نووسەر و ئایینیی سەدەی ناوەڕاست ئاوا دەنووسێ: *" هەرکات مرۆڤ لەگەڵ یەك لە حۆرییەکان بخەوێ، دواتر هەمیسان پەردەی بەکارەتی دەدوورێتەوە و دەبێتەوە بە حۆرییەکی باکرە. داعبا واتە "ئالەت"ی پیاوی موسوڵمان هیچکات نانیشێتەوە و هەمیشە ڕەپە. چێژی سێکسی لەو دنیا هێندە شیرین و خۆشە کە لەگەڵ هی ئەم دنیایە هەڵناسەنگێنرێت [...] هەرکام لە شەهیدان ۷۰ حۆری لە پەنا ژنەکانی ئەم دنیایەیان پێ دەدرێ. هەرکام لەو حۆرییانە مێینەیەکی خۆش و بەچێژی وایان پێ بخشراوە، کە شتێکی تایبەتییە و لەگەڵ هی ئەم دنیایە بە تەواوی جیاوازە."*

ئیسلام ناس تۆماس ماول "Thomas Maul" ئەو چەشنە نووسینانەی لا سەیرە و دەڵێ: لەو دنیا بە جێی بیر لە نیزیکی خودا و مرۆڤ بکرێتەوە، هەموو بیر و بۆچوونیان تەنیا لەسەر سێکس لە قەحبەخانەیەکی ئاسمانیدا دەخولێتەوە. ڕۆڵی سەرەکیی بەهەشت تەنیا ڕازی ڕاگرتنی نیازی سێکسیی پیاوانی موسوڵمانە و لە ڕوانگەی ئایینیەوە ژنان تەنانەت لە بەهەشتیشدا وەك کەرەسەیەکی سێکسیی پیاوان سەیر دەکرێن.

بۆچوونی زۆربەی سیستەم و ئیدیۆلۆژییە تۆتالیتێرەکان (کە هەموو شتێکیان تەنیا بۆ خۆیان دەوێ) وەك یەکن: *"پیاو کار دەکات، بۆ وڵاتەکەی شەڕ دەکات، ژنیش تەنیا پیشەی متمانەکردن و باوەڕ بە پیاوە و بەڕێوەبەری کاری ماڵ و ئاگاداری لە منداڵەکانە. کردەوەی سێکسیی تەنیا لە پێناو زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگادایە کە بە چاوێکی تایبەت بۆ بەرژەوەندیی ناسیۆنالیستیی نیشتمانی، سەیر دەکرێ."*

پەیوەندیی نێوان سێکس و ئیسلام لە مێژوودا دژایەتی و ناسازگاریی لەگەڵ خۆشیدا هەیە. ئەگەر بیر لە دنیای ئیسلامی سەدەی ناوەڕاست بکەیتەوە، ژن وەك کەرەسەیەکی سێکسی سەماکەر بۆ خۆشیی پیاو بە شێوەی رووت و قووت لە حەرەم نیشان دەدرێ. بیر لە دنیای ئیسلامیی ئەمڕۆ بکەیتەوە، ژنێکی ژێر چارشێو و داپۆشراو دەبینی کە بە پێی کات زیاتر و زیاتر لە سەکۆی چالاکیی کۆمەڵگا دوور دەخرێتەوە.

مرۆڤ کاتێ نووسراوە کۆنەکانی ئیسلامی دەخوێنێتەوە، ناتوانی بزانێ کە بۆچوونی ئایینی ئیسلام سەبارەت بە ژن چییە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا ژن لە ڕوانگەی پیاوەوە تەنیا وەك کەرەسەیەکی سێکسی سەیر دەکرێ. ژمارێکی زۆر ڕێگا چارە و پەندی ئایینی بۆ موسوڵمانان دیاری کراون کە دەچنە قووڵایی تەوەرەکانەوە. بۆ وێنە چلۆن پیاوان دەتوانن بە باشترین شێوە بە چێژی سێکیی بگەن.

پەیوەندیی سەیر و سەمەرەی ئیسلام لەگەڵ ژن و سێکس لە کاتی محەمەدەوە دەستپێکردووە. کاتێك محەمەد منداڵ بوو، دایکی مرد. یەکەم ژن کە لە ساڵی ٥٩٥ ی زایینی زەماوەندی لەگەڵ کرد، ١٥ ساڵ لە خۆی پیرتر بوو. خەجیجەی بێوەژن محەمەدی کردە شەریکی کاری بازرگانی خۆی و وەك مامۆستاو دایکێك ئاگای لێی بوو. تا ئەو کاتەی خەجیجە زیندوو بوو، محەمەد لەگەڵ هیچ ژنێکیتر زەماوەندی نەکرد. کاتێ خەجیجە ساڵی ٦١٩ ی زایینی لە تەمەنی شەست ساڵیدا مرد، محەمەد چەندین جار ژنی تازە کردەوە. لە پەنا سەودای کچی زاما "Sauda bint Zama" دا، لەگەڵ ئایشێی کچی دۆست و خزمی خۆی ئەبووبەکر زەماوەندی کرد کە تەنیا ٦ ساڵ تەمەنی بوو. دوای مردنی محەمەد ئەبووبەکر بوو بە یەکەم خەلیفەی ئیسلامیی. بەدوای ئایشەدا حەفسەی کچی عومەر دووهەمین خەلیفەی ئیسلامیی، هەروەها کچێکی عەرەبی یەهوودی و کچێکی قبتیی خەڵکی میسری هێنا؛ بە قسەی خۆی، تەنیا بۆ مەبەستی ستراتیژیکی لەگەڵ ئەو ژنانە زەماوەندی کردووە! دوای مردنی خەجیجە محەمەد ١١ ژنی تری هینا. زۆربەی ئەو ژنانەی لە تەمەنی ٥٥ساڵان بەولاوە هێنا و لەو پەیوەندییانەدا هیچ منداڵێکی لێ نەکەوتەوە.

بۆ سازکردنی وێنەیەکی بەهێزی سێکسی لە محەمەد تەنیا نووسەرانی دوای ئەو بەرپرسن، کە پێیان وابوو محەمەد هێزی ٣٠ پیاوی تێدایە. ئیغراق و زێدەڕۆییەك بە

هەموو ئەو بیۆگرافییانەی محەمەدەوە دەبینرێت کە دواتر لەسەری نووسراون. ئەو زێدەڕۆییانە هەر لەخۆوە نەهاتوون. ئەو کاتەی ئیسلام لە شەرەکانیدا وڵاتانی دەوروبەری بە خیرایی گرت، لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا مرۆڤی بەهێز (لە ڕوانگەی سێکسییەوە) لەگەڵ مرۆڤی شەڕکەر و ئازا وەك یەك دادەنران. یەك لەو ئازایەتییانەی محەممەد شەڕی دژ بە یەهوودییەکان بوو کە بووە هۆی سەربڕینی هەموو تایفەکە و بە ئەسیر گرتنی ژن و منداڵەکانیان. بە پێی نووسراوەکانی ئەو سەردەمە یەك لە سەربازەکانی محەممەد داوای ژنێکی ئەسیر لە محەمەد دەکات کە وەك ئەسیری سێکسی کەڵکی لێ وەربگرێ. ئەو سەربازە ژنیکی جوانی بە ناوی سەفییە هەڵبژاردبوو. بەڵام کاتێ محەمەد ئاگادار کرا کە ئەو ژنە کچی سەرکردەی خێڵەکەیە، سەفییەی بۆ خۆی هەڵگرت. هەر لەو ڕۆژەدا و هاوکات لەگەڵ کوشتنی مێرد و باوك و براکانی، دەستدرێژی سێکسیی لە سەفییە کرد.

مەبەستی سەرەکی سێکس وەك دەستکەوتێکی جیهاد، تەنیا شەر و جیهاد و کوشتنی پیاوەکان نەبوو، بەڵکوو دەبوو زەفەر بەسەر منداڵدانی ژنەکانیشیاندا بێنن. لێرەدا تەنیا چێژی سێکسی یا بیرەوەریی دروستکردن بۆ دۆژمنان مەبەستی سەرەکی نییە بەڵکوو تەنیا مەبەستی گرنگ زاو زێ و گەشەپێدانی دنیای ئیسلامە. دەستدرێژیکردن بە نامووس و کەرامەتی ژنان و کچان بەو خوڕافاتە ئایینیەوە تەوجیە دەکرێ و شەرعییەت بەو کارە نالەبارە دەدات. محەممەد دواتر لەگەڵ سەفییە زەماوەندی کرد، بەڵام ئەو خوڕافات و هەڵوێستە نائینسانییە وەك چاولێکەرییەك بۆ موسوڵمانان، تائەمڕۆش لێی بەجێ ماوەتەوە.

ژن وەك ئەسیر و دارایی بەجێماوە لە شەڕ، دۆزینەوەی محەممەد نییە و پێشتریش هەر بەڕێوە چووە. دیارە لە دنیای مودێڕنی ئەوڕۆیی ئەو هەڵس و کەوتە وەك کارێکی نابەجێ سەیر دەکرێ و تەنیا لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانەوە سێکسی جیهادیی واتە دەستدرێژی سیکسی بە ژنانی ئەسیر لە شەڕدا وەك داب و نەریتێکی باش و ڕەوای ئیسلامی لێ هاتووە. بە گوێرەی موسوڵمانان، دەستدرێژی بە ژن یا کچێکی کافر و بێ دین و منداڵ دروستکردن لەو پەیوەندییەدا، وەك کارێکی گرنگ لە ڕێی خودادا سەیر دەکرێ.

لە پەیوەندیی نێوان ئایشەی منداڵ و ژنەکانیتری محەمەد کە لەگەڵ یەکتر دەژیان، محەمەد گوتوویەتی: ***"زەماوەند لەگەڵ کچی بچکوولەی باکرە بکە، منداڵدانیان لێهاتوویی بۆ منداڵ دروستکردن باشترە، لێوەکانیان شیرینترە و زۆر هاسانتر دەتوانرێ رازی بکرێن."*** لەناو ژنەکانی محەمەددا ئایشە تەنیا کچی باکرە بوو. لە جێگایەکیتردا محەمەد دەڵێ: *"من پێتان دەڵێم، خۆشەویستیتان هەبێ لەهەنبەر ژنەکانتاندا."* محەمەد یاسای مافی میراتی ژنانی بەڕێوەدەبرد، کە تا ئەو کات هیچ مافێکیان لەسەر میرات وەرگرتن نەبوو. هەروەها ئەو بە قسە دەیگوت: *"لە بەرانبەر خودادا ژن و پیاو وەك یەك وان!"* لە جێگایەکیتردا گوتوویەتی: ***"من چاوێکم بە جەهەننەمدا گێڕا و بۆم ڕوون بۆوە، زۆربەی مرۆڤی ئەو ناوە ژنانن."***

هەڵوێستی توند و تیژی محەمەد لە هەنبەر ژنان ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ بەغیلایەتیی و متمانە نەکردنی خۆی. لە یەك لە نووسراوەکاندا سەبارەت بە محەمەد و متمانە نەکردنی بە ئایشە دەگوترێ: " ئایشە منداڵێک بووە و محەمەدیش پیاوێکی پیر. لە یەك لە شەڕەکاندا ئایشە هاوڕێی دەبێت. لە گەڕانەوەدا ئایشەی لێ ون دەبێ. ڕۆژی دوایی لە چادری پیاوێکیتردا دەدۆزرێتەوە. پێش ئەوەی محەمەد بگەڕێتەوە بۆ مەدینە، ئەو باسە ببووە باسی سەر زاری خەڵکی شارەکە. محەمەد لەسەر ئەوە زۆر وەڕەز بووە و هەموو ڕۆژەکە گریاوە. کوڕی مامی "عەلی" پێشنیاری پێکردوە، ژنەکەی لەخۆی دوور بخاتەوە. ئەو کارە نەتەنیا بۆ ئابرووی ئایشە باش نەبوو بەڵکوو غوروور و خۆپەرستیی پیاوبوونی محەمەدیشی عەیبدار دەکرد. کەوابوو چ بکرێ باشە؟ بە خۆشییەوە لێرەدا قورئان هاتە فریای. لە قورئاندا هاتووە: *"کافران ئەو چیرۆکەیان دروست کردووە، بۆ هێرشکردن بۆ سەر کەسایەتیی محەمەد و بێ حورمەتیکردن بەو."*

ئەو چەشن گێڕانەوانە لە ناو خەڵکیدا بەردەوام هەبوو و دەگوترێ کە یەك لە ژنەکانی محەمەد لەگەڵ کۆیلەیەك پەیوەندیی سێکسیی بووە. لەسەر ئەو کارە محەمەد دەستووری کوشتنی کۆیلەکەی داوە. کاتێکی کورت پێش کوشتنی کۆیلەکە لە لایەن "عەلی" یەوە ڕووندەبێتەوە کە کۆیلەکە یەختە کراوە و توانایی سێکسی پیاوەتیی هەر نەبووە. لێرە بەولاوە محەمەد زیاتر ئاگای لە ژنەکانی بووە و بۆ کونتڕۆلی باشتر، بۆ لەبەرکردنی جل و بەرگ و پەیوەندیگرتنیان لەگەڵ پیاوی بێگانە یاسای بۆ ژنەکانی

داناوە. ژنەکانی دەبوو بەتەواویی خۆیان داپۆشن و ئیزنی قسەکردن لەگەڵ پیاوی بێگانەیان تەنیا بە مەرجێك هەبوو کە دیوارێکیان لە بەیندا بێت. ڕۆژێك محەمەد دێتەوە ماڵی و دەبینی دوو لە ژنەکانی لەگەڵ پیاوێکی کوێر قسە دەکەن. بە تووڕەیی پرسیاریان لێ دەکا، بۆچی ئەو سنوورانەی بۆی داناون بەڕێوەی نابەن و خۆیان لە پشت دیواردا ناشارنەوە؟ یەك لە ژنەکان دەڵی: ئەو پیاوە کوێرە و ئێمە نابینێ. محەمەد بە تووڕەیی وەڵامی دەداتەوە: ***"ئەو کوێرە، بەڵام خۆ ئێوە کوێر نین!"***

## "ژن" وەك كۆیلەی پیاو لە شەریعەتی ئیسلامیدا

لە ڕاستیدا متمانە نەكردنی پیاو بە ژن و هەڵس و كەوتی سێكسیی لە ئیسلامدا، لە ئایینی یەهوودییەوە وەرگیراوە. خەتەنەكردن، [پاساخ بوونی] نیزیكی سێكسیی كیژ و كوڕ پێش زەماوەند و هەروەها بەردەبارانكردنیشیان میرات و كولتووری یەهوودییەكانە بۆ موسوڵمانان. ئایینی ئیسلام بە درێژایی مێژووی خۆی تەنانەت لە یەهوودییەكانیش زیاتر گرنگایەتیی بەو تەوەرانە داوە و وێنەیەكی نەرێیی لە ژن دروست كردووە كە تا ئەمڕۆش لە كۆمەڵگای ئیسلامیدا هەر بەردەوامە. نیزیكیی سێكسی نێوان ژن و پیاوی زەماوەندنەكردوو بۆ ڕاگرتنی بە خەیاڵ حورمەت و غیرەتی بنەماڵە، بە كارێكی هەڵە و تاوان دەناسرێت و ئارگۆمێنتە كەیان ئەوەیە: ئەگەر ژن هاوكات لەگەڵ چەند پیاو نیزیكی سیكسی هەبێ و زگی پڕبێ، ناتوانرێ بزانرێ كێ باوكی منداڵەكەیەتی. بەڵام بە پێچەوانە پیاو لە كۆمەڵگادا ئیزنی هەیە هاوكات لەگەڵ چەندین ژن پەیوەندیی سێكسی هەبێ. باوك نەک هەر وەك كەسی سەرەكی لە بنەماڵەدا بە حیساب دێ، بەڵكوو بە پێچەوانەی یەهوودییەكان كە دایك ئایینی منداڵ دیاری دەكات، ئایینەكەشی بە میرات دەبێ بدرێ بە منداڵەكانی. لەبەر ئەو هۆیانە لە كۆمەڵگای ئیسلامیدا ژنیان ئیزۆلە كردووە و بە تەنیایان هێشتۆتەوە و بە شێوەیەكی جیاواز هەڵس و كەوتیان لەگەڵ دەكرێ و دایم لەژێر كۆنترۆڵدان. چارشێو تەنیا نیشانەی متمانەپێكردنی كۆمەڵگا بە ژن لە پەیوەندیی لەگەڵ دنیای دەوروبەریدا نییە، بەڵكوو نیشانەی متمانە پێنەكردنی مێردەكەشیەتی.

تۆماس ماول "Thomas Maul" لە كتێبەكەیدا بە ناوی "سێكس، جیهاد و دیكتاتۆر" دەڵێ: نیزیكبوونەوەی ژن لەگەڵ پیاو بە بێ زەماوەند و باكرەبوونی ژن پێش زەماوەند جگە لە هۆكاری نامووسی و سەربڵیندیی بنەماڵەكان لە ناو كۆمەڵگادا، هۆی دیكەشی هەیە. تۆماس ماول كتێبی یاسای كۆماری ئیسلامی ئێرانی خستۆتە بەر لێكۆڵینەوە و بۆی ڕوون بۆتەوە كە بایەخی پەردەی كچێنی كچ لە بەهای ژیانی گرنگترە.

لە ئیسلامدا یاسای دیە "diyya" یاخود پارە و خوێن بایی بەڕێوە دەچێ. لە هەنبەر کوشتن یا بریندارکردندا، تاوانبار دەبێ پارە بە کەسەکە یاخود بنەماڵەی مردووەکە بدا. هەر وەك چۆن ژن نیوەی پیاوی لە میراتی بنەماڵەکەی پێ دەبڕێ، خوێن باییەکەشی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پیاو، نیوەی ئەوە.

ئەو حیساباتە سەرنج ڕاکێشتر دەبێ کاتێك ئەندامی لەش بریندار بکرێ. لە مادەی ٢٩٧ ی کتێبی یاسای کۆماری ئیسلامیدا خوێنبایی کوشتنی پیاوێك سەد وشترە. نرخ و بایەخی گونی پیاوی موسوڵمان لەو کتێبەدا بە هەمان ئەندازە بەراوەرد کراوە، بەڵام نرخی گونی لای چەپی ٦،٦٦ وشتر و هی لای ڕاستی تەنیا ٣،٣٣ وشترە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شەریعەتی ئیسلام کە دەڵێ: **"گونی چەپ بەرپرسە بۆ زاوزێی کور و هی ڕاست بۆ کچ".** لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانەوە گونی چەپی پیاو بایەخی لە گیانی ژنێك زیاترە کە لە حاڵەتی کوشتنیدا تەنیا نیوەی پیاو واتە ٥٠ وشتری بۆ دانراوە.

لە مادەی ٤٤١ی کتێبەکەدا هاتووە ئەگەر کچێك دەستڕێژی سێکسی پێبکرێ و پەردەی کچێنیی بدڕێت، خوێنبایی ئەو کارە زیاترە لە حاڵەتی کوشتنی. لە ئێران ژن بەردەباران دەکرێت ئەگەر لەگەڵ پیاوێك کە خۆشەویستیی بۆی هەبێ نیزیکی بکا، بەڵام ئەگەر لەشی خۆی بەهۆی یاسای "سیغە" لە ڕۆژدا چەندین جار بە پیاوان بفرۆشێ، کارێکی شەرعییە. ئەو یاسایە بۆ خۆشگوزەرانی پیاوان داندراوە و پیاو دەتوانێ بە پێی توانایی جینسی و مادی بە بێ ئەوەی سنووری یاساکانی ئیسلامیی بریندار بکات، هەرچەند ژنێك پێی خۆش بێ سیغە بکات.

لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاو گرنگ نییە، بەڵکوو خێزان دروستکردن چەشن، مودێلێك، یا خود پێکهاتنێکە کە تێیدا هەرکام لە دوو لایەنەکە بڕێك مافیان هەیە و ئەو مافانە لە لایەن شەریعەتی ئیسلامییەوە بۆیان دیاری کراوە و هەر لەوێشەوە کونترۆڵ دەکرێ. مەبەستی سەرەکی ئەو پێکەوەبوونە تەنیا زیادکردنی ژمارەی مرۆڤی موسوڵمان لە وڵات و جیهاندایە. هەر هەڵسوکەوتێکی تر جگە لەو یاسایانەی شەریعەت بۆی داناون بە توندی تاوان دەدرێت. ئەسید بە دەموچاوی ژن و

کچی بێ چارشێودا رژاندن، هەروەها لە خەتەنەکردنەوە هەتا کوشتنی نامووسی و بەردەبارانکردن، فۆرمی دیکەی دژایەتی کۆمەڵگای ئیسلامی لە هەنبەر ژنانن. ئەو چالاکییانە تەنیا خوێڕیەتی و ترسی کۆمەڵگای ئیسلامییە لەهەنبەر هەستی ئازادی و بێ بەستراوەیی ژن بە پیاو- ترسێك کە دەبێتە هۆی خۆپارێزیی.

کاتێك ڕاستییەکانی دنیای ئیسلام بە چاوی کراوەوە سەیر بکەین، بە ناچار تووشی بەدبەختیەکان و دوو ئەخلاقی ئەو ئایینە دەبین کە لە هەڵس و کەوت لەگەڵ تەوەری سێکسدا بەڕێوە دەچێ. لە هیچ جێگایەك هێندە نەشتەرگەریی دروستکردنەوەی پەردەی بەکارەتی کچان بەڕێوە ناچێ، جگە لە وڵاتانی ئیسلامی. هەموو کەس ئەو ڕاستییە بەچاو دەبینێ، بەڵام کەس خۆی تێناگەێینێ و بە ئاشکرا گوێی خۆیانی لێ کپ دەکەن! لەو وڵاتانەی کە کردەوەی سێکسی یاساخ کراوە، وەك ئەفغانستان، ئێران یا میسر، چاوحیزیی، دەست وەشاندن، دەستدرێژی و مەتەڵەك وتن بە کچان و ژنان لە سەر شەقامەکان و لەبەر چاوی خەڵکیی گەیشتۆتە ئەوئەوپەڕی بێشەرمی خۆی.

ئیسلامیستەکان بۆ شەڕی ناو سووریا و جیهاد دژ بە دوژمنانی ئیسلام بۆ ڕاکێشانی گەنجەکان بەڵێنی دەستدرێژی سێکسیی بە کچان و ژنانی بە دیل گیراو، واتە جیهادی سێکسی دەدەن. گەنجانی لە کۆمەڵگا دوورکەوتوو کە هیچ شانسێکیان بۆ ژیانێکی ئاسایی پێ نادرێ، لە هەموو وڵاتانەوە روو لە سووریا دەکەن. پێشەوایانی سوننی بە چاولێکەریی لە سەردەمی محەمەد کە ئیزنی بە سەربازەکانی دەدا نیازی سێکسی خۆیان لەگەڵ ژنان و کچانی بەدیل گیراو بەڕێوەبەرن، پرۆپاگەندە بۆ جیهادی سیکسی دەکەن. جیهادێك کە نەک هەر نیازی سێکسی شەڕکەرەکانی لەم دنیایە، بەڵکوو لە دونیای تر واتە بەهەشتیش گارانتی دەکا!

## شیعە و فاشیزم

دوای دوو شەو مانەوە لە ناوەندی شاری بەیرووت، بە هەموو قاوەخانە و بار و کلووبی شەوانەیەوە، دەتوانم بڵێم کە بەیرووت هیچ دەستیکەمێکی لە ژیانی ئورووپایی نییە. بەڵام ئەوە تەنیا هەڵەی چاو بوو. سێهەمین ڕۆژ چووم بۆ گەڕەکی داهییە"Dhahiya" لە باشووری بەیرووت. لە ناوەڕاستی بەیرووتەوە دوای دە خولەک بە تاکسی، سیمای شارەکە بە تەواوی دەگۆڕدرێ. بە دەگمەن ژنی بێ حیجاب دەبینرێت. لەسەر دیواری ماڵەکان وێنەی شەهیدانی شەڕی دژ بە ئیسرائیل بەرچاو دەکەوێت کە لە خوارەوەی وێنەیەکدا نووسراوە: **"ئێمە هەرگیز لە بیرمان ناچێ! باشووری بەیرووت لە دەست حیزبوڵلا دایە."**

بە پەنا زانستگە و کەمپی ئاوارەکاندا تێپەڕ دەبین، ئەو جێیەی فەلەستینیەکان تێدا دەژین، ئەو فەلەستینیانەی لە بەیرووت لە دایك بوون، دوای چەندین ساڵ ژیان لەوێ، هیچ کارێکیان نادرێتێ و هێشتا هەر ناوی ئاوارەیان لەسەر ماوە. ئەوان دەبێ ئاوارە بمێننەوە، بۆ ئەوەی زەمانێک بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین! جێی سەرنجە کە فەلەستینیەکانی کانادا، ئەمریکا یا ئورووپا بە شێوەیەکیتر دەژین. زۆربەیان هاووڵاتی ئەو وڵاتانەیان وەرگرتووە و کاری زۆر باش وەك دوکتۆری، دادوەری و یا بازرگانییان بە دەستەوەیە. تەنانەت ئەو فەلەستینیانەی لە ئیسرائیل دەژین هاووڵاتی ئەوێیان وەرگرتووە و هەندێکیان لە پارلەماندان. زۆربەیان لایەنی ڕاستەقینەی سیاسەتیان قەبووڵکردوە و هەوڵ دەدەن بە پێی توانا و لە چوارچێوەی یاسای وڵاتدا خەونەکانیان وەدی بێنن، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە ناسنامەی عەرەب بوونی خۆیان لەبیرچووبێتەوە. ئەوان فێر بوون کە کێشەکانی خۆیان لە ڕێگای هێمنەوە و بە پێی یاسا چارەسەر بکەن.

بە پێچەوانەی هەڵس و کەوتی ئەو وڵاتانە لە هەنبەر فەلەستینیەکان، وڵاتە عەرەبەکان تراژێدی ئاوارەکانی فەلەستینی بەرچاو ناگرن، بۆ وەرگرتنی هاووڵاتی بوونی وڵاتانی عەرەبی وەك عەرەبستان، لوبنان و کوەیت یارمەتییان نادەن، بەو بەهانەیەی کە گۆیا دژ بە بەرژەوەندیی فەلەستینیەکانە و ئەگەری گەڕانەوەیان بۆ فەلەستین دژوار دەکات.

لەسەر تابلۆیەك لە نێوان دوو وێنەی ئایەتوڵا خامنەیی و شێخ حەسەن نەسروڵا دا نووسراوە:**"خۆڕاگریی و شۆڕشی چەکدارانە شانازی نەتەوەیی یە".** هیچ بزووتنەوەیەك وەك حیزبوڵا نەیتوانیوە وا بە خێرایی یاساکانی فاشیزم کۆپی بکا و بەکاری بێنێت:

- ئیدەی دژ بە سەهیۆنیزم

- چەکدار و میلیشیای کراس رەش، نەك تەنیا هاوتەریب لەگەڵ ئەرتەش، بەڵکوو دروستکردنی هێزیکی دووهەم لە نێو وڵاتدا.

- گوێڕاگریی بی ئەملا و ئەولا لە پێشەواکانیان، ئامادەیی بۆ شەڕ و بە خۆشییەوە بەرەوپیری مەرگ رۆیشتن و ...

بە چاولێکەری لە شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩ ی ئێران، رۆحانیانی شیعە وەك محەمەد حوسەین فەزلوڵڵا، پرینسیپی "ویلایەتی فەقیە" یان بۆ لوبنان بە دیاری هێنا. هەروەها بە چاولێکەریی وەك مودێلێکی گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی [سپای پاسدارانی شۆڕش] لە باشووری لوبنان بۆ مەبەستی خۆڕاگریی، ئەرتەشێکی شیعەیان لە هەنبەر هێرشی ئیسرائیلیەکان بۆ سەر لوبنان دروست کرد. ئەو کارە بە فتوای ئایەتوڵا خومەینی بەڕێوە چوو کە ئیزنی بە حیزبوڵای لوبنان دا خۆ لە شەڕی لوبنان هەڵقوتێنێ. هەر وەك چۆن خۆکوژانی خومەینی لە شەڕی ئێران و عێراق دەورەیان دەبینی، حیزبوڵڵای لوبنانیش دەستیکرد بە چالاکیی خۆکوژی دژ بە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان. ٢٣ ی ئۆکتوبری ١٩٨٣ دوو ماشینێ باری کە بە ماکەی تەقینەوە تەیار کرابوون، لە لایەن حیزبوڵڵاوە بەرەو ناوەندی نیزامی ئەمریکاییەکان لە بەیروت هیدایەت کران و بیناکەیان بە تەواوی خاپوور کرد و ٣٠٥ مرۆڤی تێدا کوژران. ٢٤١ کەسیان ئەمریکایی و ٥٨ چەتربازی فەرانسەوی و ٦ کەسیشیان شاروەندی ئاسایی بوون.

ئەو چالاکییە خۆکوژییە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی جیهاندا دەنگی دایەوە نەك بەهۆی کارەساتەکەوە، بەڵکوو بەو هۆیەوە کە دوای ئەو کارە نالەبارە، ئەمریکا هێزەکەی خۆی لە لوبنان کێشاوە. لە کۆتاییدا ئەو کارە لە ڕوانگەی دەوڵەتی ئێرانەوە سەرکەوتووییەکی مەزن لە بەرانبەر شەیتانی گەورە واتە ئەمریکادا بوو. دوای ئەو خۆکوژییە حیزبوڵڵا لە وڵاتانی ئیسلامی وەك کەڵی براوە دژ بە ئەمریکا ناسرا.

چەندساڵ دواتر لە ناوچەی فەلەستینیەکان حەمەس هاتە سەر سەکۆی سیاسەت. ئەوانیش بە خێرایی نەک هەر ئیدیۆلۆژی فاشیستییان کردە پیشەی خۆیان، بەڵکوو بە تەکمیلی واتە خۆکوژیی وەك چالاکیی سەرەکی، کەڵکیان لە تاکتیکی فاشیستەکان وەرگرت. ئەو کۆنسێپتە لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی جیهان قوتابخانەی بۆ دامەزرا.

چالاکیی خۆکوژی وەك: ئوتوبووسەکانی تەل ئەڤیڤ"Tel Aviv"، شەمەندەفەری لەندەن، توریستی لوکسور(میسر) و شرم الشیخ، سەفارەتی ڕوژئاوایی لە کێنیا و تانزانیا، ناوەندی ئایینی یەهوودیەکان لە جیربای تونێس، ورلد ترێد سێنتەری نیویۆرك، پینتاگۆنی واشینگتۆن و ... کە هەر هەمویان لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە بەڕێوەچوون. هەروەها چەندین خۆکوژیی تر لە عێراق، پاکستان، ئەفغانستان، میسر، مەراکێش و ... کە لەسەر خودی موسوڵمانەکان بەڕێوەچوون و لە نەهایەتدا بە دەیان هەزار کووژراو و بریندراری لە دوای خۆی بەجێهێشت.

کارتێکەریی ئێران لەسەر حیزبوڵڵا بە ڕادەیەك زۆرە، کە هەر هەموو بزوتنەوە نیزامی و سیاسیەکانیان بە ئەمر و پارەی مەلاکانی ئێران بەڕێوە دەچن. خامنەیی بە کەسی سەرەکی حیزبوڵڵا و حەسەن نەسروڵا وەك قۆڵی سیاسی ڕێکخراوەکە دەناسرێن. لە ساڵی ١٩٩٢ وەوە ئەو حیزبە لە پارلەمانی لوبنان کاندیدای هەیە. حیزبوڵڵا هەم لە لایەن شیعەکانی لوبنان و ئێران و هەم بەهۆی تەبلیغاتی بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیی 'ئەلمەنار'ەوە خۆی بە دنیا ناساندووە. هەروەها بە بەشداری لە شەڕەکانی ساڵی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٦ ی لوبنان دژ بە ئیسرائیل سەرنجی موسوڵمانانی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەو حیزبە کشانەوەی سەربازانی ئیسرائیل لە باشووری لوبنانی

وەک گەورەترین سەرکەوتنی خۆی بە جیهان ناساند و خۆی وەك بەهێزترین حیزبی دژ بە ئیسرائیل بە دنیای ئیسلام و جیهان فرۆشت.

چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ هانی فەحس"Hani Fahs" وەك خاوەن تێزی شیعەکانی لوبنان بۆ بەڕێوەچوو. وەك مەلایەکی گەنج لەگەڵ یاسر عەرەفات دۆستایەتیی هەبووە. ئەوڕۆ لەسەر عەرەفات دەڵێ: **"عەرەفات نازییەکی گەورە بوو، کە هەمیشە دەیهەویست هەڵەیك بە هەڵەی گەورەتر جێبەجێ بکات."** یەکەمین برووسکەی یاسر عەرەفات کە بۆ خومەینی نارد، لە ژێر دەستی فەحس و بە دەستکاری و ساف و سۆفیی ئەوەوە بەڕێوە چوو و بە دەستی خۆی لە شاری نەجەف نامەکەی تەحویلی خومەینی دا، کە ئەوکات وەک تەبعیدیی لە عێراق دەژیا. فەحس ساڵی ١٩٧٨ لە پاریسیش سەردانی خومەینی کرد و دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەتا تاران وەدوای کەوت. بەڵام فەحس نەیتوانی ببێ بە چێگوارای ئیسلامی و دوای ماوەیەك ئێرانی بە دڵهێشاوی بەجێ هێشت. ئەو بینی چلۆن شۆڕش نەك هەر ڕۆڵەکانی خۆی، بەڵکوو سەرجەمی وڵاتی هەڵلووشی و قووتی دا.

فەحس بە هێنی و ئاسوودەیی لە ژووری نشیمەنەکەی باشووری شاری بەیروت دانیشتبوو. لە سەر دیواری ژوورەکەی چەند وێنە هەڵواسرابوو کە ئەویان لەگەڵ خومەینی، عەرەفات و چەندکەس لە سیاسەتوانانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان دەدا. وێنەیەك لە ئەحمەدی نژادیش لە نێویاندا بوو. لە وێنەکەدا ئەحمەدی نژاد و دایکی هوگۆ چاوێز "Hugo Chavez" سەرکۆماری مەرحوومی وێنزوێلایی یەکتریان لە باوەش گرتووە. فەحس هەستی بەوە کرد کە من سەیری ئەو وێنەیەم کرد و ماوەیەك لەسەری راوەستام. ئەو بە پێکەنینەوە گوتی: "ئەحمەدی نژاد باشترین بەڵگەیە بۆ هەرەسهێنانی شۆڕشی ئیسلامی. ئەو وێنەیەش باشترین بەڵگەیە بۆ دوو روویی مەلاکانی ئێران، چونکە لە لایەکەوە ژنان لە ئێران سزا دەدرێن ئەگەر لەچکەی سەریان بڕێك خوار دانێن، کەچی لەو وێنەیەدا جەنابی ئەحمەدینیژاد ژنێکی سەرڕووتی لە باوەش گرتووە! لەڕاستیدا ئەو وێنەیە زۆر جوانە ئەگەر ئەو ئەحمەقە خەراپی نەکردبایە".

بۆچوونی فەحس لەسەر حیزبوڵڵاش زۆر ڕوونە: "حیزبوڵڵا دەستی فاشیستەکانی لە پشتەوە بەستووە. ئیدیۆلۆژی، ستروکتور و هەموو هەڵوێستێکیان فاشیستییە. ئەو شتەی ئەوڕۆ لە سووریيە روو دەدا سەرسووڕ هێنەرە. حیزبوڵڵا بۆ پارە بۆتە پیاوکوژی رژیمی ئەسەد. گەورەترین هەڵەی حیزبوڵڵا بەستراوەیی بە دوو وڵاتی دیکتاتۆری ئێران و سوریاوەیە. بەو کارەی زیان لەخۆی و لە لوبنانیش دەدا."

پرسیارم لێکرد، ئایا شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش فاشیستی بوو؟ لێرەشدا بۆچوونەکەی زۆر ڕوونە: "هەر شۆڕشێك لە رەوەندی بەڕێوەچوونیدا بە شێوەیەك فاشیستییە. ڕەنگە ئەو شتە چارەنووسێکی پاڕێزهەڵنەگر بێ. بەڵام شۆڕشێك کە بە ناوی خودا و بۆ بەجێهێنانی ویستی ئەو بووبێ، هەنگاوێك زیاتر هەڵدەگرێت و لە پڕێکدا مرۆڤی پیاوکوژ دەبنە پیاوی خودا و ئۆپۆزیسیۆنەکانیش دەبنە مرۆڤی دژ بە خودا. مرۆڤکوژی و هەڵواسین دەبنە کاری ڕۆژانە و ئەخلاقی ئایینی. دژ بەوە ناتوانرێ هیچ کارێك بکرێت!"

هەروەها فەحس دەڵێ: "ئێران کۆمەڵگاکەی خۆی لە زیندان خستووە. ئەو کارە چۆن مسسوگەر بووە؟ یەکەم بەهۆی شەڕی ئێران و عێراق و دواتر شەڕی ئیدیۆلۆژیکی نێوان مەلاکانی ئێران و دنیای ڕۆژئاواوە، کۆمەڵگاکە قایم راگیراوە. ئەوەش بە شێوەیەك کارێکی فاشیستییە. خۆ هەڵواسین بە ئایین و یاساکانیەوە و ئیدەی حکوومەتداری خودایی، جا چ شیعە و چ سوننی لەسەر زەوی، چەرخی کۆمەڵگای ئیسلامی رادەوەستێنێ و بێ ڕۆحی دەکات".

## فاشیزم وەك سیستەمی دەوڵەتی

ئێران یەکەمین وڵاتی ئیسلامییە کە ئیسلامی فاشیستیی مودێرنی وەك سیستەمی دەوڵەتی دامەزراندووە. زیاتر لە ٣٥ ساڵە لە ئێران فاشیزمی ئیسلامی بە هەموو هێزیەوە خۆی بە ئیعدامی دژبەرانی رژیم، کۆنترۆڵی تەواوی شاروەندان، چەوسانەوەی ژنان و کەمینەکان و هەروەها بە شێوەیەکی دڕندانە دژ بە یەهوودیەکان خەریك کردووە.

شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ بۆمەلەرزەیەکی سیاسی بوو کە ئەو کات ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و تەواوی دنیای لەرزاندەوە. ئەو شۆڕشە نەک هەر بووە هۆی پێکهاتنی شەڕی یەکەمی خەلیج لە نێوان ئێران و عێراق، بەڵکوو شەڕی ناوخۆی ئەفغانستانیشی بە دیاری هێنا، کە تا ئەوڕۆش ئەزموونە نەرێنیەکانی کارتێکەریی لەسەر سیاسەتی جیهانی داناوە. هەروەها شەڕی ناوخۆی لوبنانیش کە هێزە رادیکاڵەکان هەوڵیان بۆ هێنانی ئەو شۆڕشە بۆ لوبنان دا، بەرهەمی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بوو.

ئەو شۆڕشە ئیسلامییە شەپۆلێکی سەرنجڕاکێشی لەناو وڵاتانی ئیسلامی، تەنانەت لە وڵاتە سوونییەکانیش کە لە ڕوانگەی ئیدیۆلۆژیکییەوە جیاوازییەکی گەورەیان لەگەڵ شیعەکان هەیە، وەرێخست. ئیدەی "سیستەمی دەوڵەتی خودایی" کە بەپێی یاساکانی شەریعەت بەڕێوەدەچێ، بۆ یەکەمین جار لە دنیای مودێرنی ئەوڕۆییدا لە تێئۆرییەوە بە کردەوە دامەزرا.

بزوتنەوە دژ بە محەمەد رەزا شای ئێران چەند هۆی هەبوو، کە ئێمە لێرەدا ناتوانین هەموویان ناوبەرین. هۆی کۆمەلایەتی رۆڵێکی سەرەکی لەو نائارامییەدا هەبوو. ئەو شۆڕشە شۆڕشی کاریگەری یاخود شۆڕشی وەرزێران نەبوو، بەڵکوو شورشێکی دانشجوویی بوو. رق و کینەی چەپەکان و هەروەها ئیسلامییەکان لە شا و رێکخراوی دڕندەی نهێنی ساواك ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو. ئەمنستی ئینترناشنال ساڵی ١٩٧٧

باس لە هەزاران دژبەری سیاسی لەو وڵاتە دەكات. چەپەكان و ئیسلامیستەكان لەسەر خۆتێوەردانی سیاسەتی ئەمریكا لە وڵات و كارتێكەریی سیاسەتوانانی ئەمریكی لەسەر شا زۆر تووڕە بوون. بەڵام هەر زەختی سەركۆماری ئەمریكایی جیمی كارتێریش بووە هۆی ئازادكردنی چەند سەد زیندانی سیاسی و ئیزنی كۆبوونەوە و خۆپیشاندانی گشتیی. لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین كە سیاسەتی ئەمریكا بووە هۆی گونجاو كردنی شۆڕش لە ئێران.

یەكەمین پرۆتێستەكان لە لایەن چەپە سێكۆلارەكان و دانیشجووەكانەوە ئۆرگانیزە كرا. چەپەكان لە ساڵی پەنجاكانەوە دژ بە بنەماڵەی شا چالاكییان كردووە. شا لە ساڵی ١٩٥٣ بەهۆی بەرگریی خەڵكی دژ بە رژیم ناچار بە دەركردن لە ئێران كرا، دوابەدوای كۆدتای نیزامی كە لە لایەن "سی ئای ئەی"یەوە بەڕێوەچوو توانی هەمیسان هێز بەدەستەوە بگرێتەوە. سەرەک وەزیرانی چەپ، واتە محەمەد موسەدیق بێ هێز كرا و ملی كردنی نەوت هەڵوەشێنرایەوە. كارناسانی نەوتیی ئەمریكایی و بریتانیایی ئیزنی كاریان لە ئێران هەمیسان پێدراوە. كاتێ محەمەد رەزا شا هێزی بەدەستەوە گرت، ئێران هەنگاوێكی بەرزی بەرەو مودێرنیزە بوون هەڵگرت. بەشێكی بەرچاوی پارەی نەوت بە ناوی "شوڕشی سپی" بۆ ڕێفۆرمی ئابووری و كۆمەڵایەتی تەرخان كرا. هەر لە سەرەتاوە ناكۆكی نێوان دەوڵەت و مەرجەعانی شیعە و بەتایبەت مەلا رووحوڵڵا مووسەوی [خومەینی] دەستی پێكرد.

هاوتەریب لەگەڵ ئیسلامیستەكانی ئۆپۆزیسیۆن فیدائیانی خەلق وەك بزووتنەوەیەكی چەپ پێكهات كە بۆ گۆڕینی بارودۆخی وڵات، شەڕی چەكدارانەی دەست پێكرد. رژیمی شا بە توندی وەڵامی دانەوە و بەهۆی شەڕ و پێكدادانی نێوان ئەو دوو لایەنە، بە كوشتن و سووتاندن بارودۆخێكی نالەباریان بۆ وڵات پێك هێنا. كاتێك ڕۆژئاواش رووی لە شا وەرگەڕاندەوە، شا ناچار بە ڕۆیشتن لە وڵات كرا و شۆڕشی ئیسلامی دەستیپێكرد.

ئایەتوڵڵا بە مانای "پەرجۆ" یاخود "نیشانەی خودا"یە. لە ساڵی ١٩٤٣ ئەو كەسەی لێرەدا لەسەری دەدوێین و ئەوكات ئایەتوڵڵا نەبوو، ناوی تەنیا مەلا رووحوڵڵا

مووسەوی بوو. لەو ساڵەدا مانیفیستێکی سیاسی بە ناوی "کشف الاسرار" بڵاو کردەوە، لەوێدا چۆنیەتی پێکهاتنی سیستەمی دەوڵەتی ئیسلامیی ڕوونکردۆتەوە. لەو کتێبەدا مووسەوی نووسیویە: "رژیمی ئیسلامی رژیمی بەرحەقی خوداییە و یاساکانی نە دەگۆڕدرێن و نە دەستیان تێ وەردەدرێت." سێ ساڵ دواتر گرووپێکی بە ناوی فیدائیانی ئیسلام پێك هێنا. ئەو گرووپە کە بە گشتی لە فەقێی ئایینی پێکهاتبوو، ئەرکیان پەروەردەکردن و ناساندنی کۆمەڵانی خەڵك لەگەڵ یاساکانی شەریعەت، هەروەها ناساندنی ئیدیۆلۆژی جیهاد و شەهادەت بوو.

لە ساڵی ١٩٦٣ وە ناوی مەلا بوو بە ئایەتوڵڵا خومەینی و وەك عالمێکی مەزنی ئایینی شیعە دژایەتیی لە هەنبەر شۆڕشی سپی شا دەستپێکرد. خومەینی ئەو ڕێفۆرمەی بە پرۆسەیەکی دژ بە یاساکانی ئایینی ئیسلام دەبینی. بەتایبەت یاسای یاساخکردنی مارەیی و بەمێرددانی کچ لە تەمەنی کەمدا، چونکە ئەو یاسایە دژ بە یاسای ئیسلام رادەوەستا کە لە نۆ ساڵانەوە ئیزنی زەماوەندی بە کچ دەدا.

چەند خاڵ لە ڕێفۆرمی سەردەمی شا:

- لابردنی سیستەمی فئۆدالی و بەشکردنی زەوی کە تا ئەوکات بە دەست زەویدارانەوە بوو، بەسەر کەشاوەرزاندا.

- بە دەوڵەتیکردنی هەموو لێرەوار و دەشتایی و سەوزاییەکان.

- شەخسی کردنی ئیمتیازی کارخانە دەوڵەتییەکان.

- مافی شەریکبوونی کارگەران لە قازانجی کارخانەکاندا.

- بەشداریکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا

- پیکهێنانی سپای دانیش و سپای تەندورستی.

خاڵەکانی شۆڕشی سپی ساڵی ١٩٦٣ بە فەرمی لە لایەن خەڵکییەوە بەڕێوەچوو. دووساڵ دواتر کەسێکی ئێران بە ناوی ئەسەدوڵڵا عەلەم کە لە بەهاییەکانی ئێران بوو، بوو بە وەزیری شا. ئایینی بەهایی وەك ئایین لە لایەن ئیسلامییەکانەوە بە فەرمی

ناناسرێ و وەك بێدین مامڵەیان لەگەڵ دەكرێت. خومەینی، هاتنە سەركاری "عەلەم"ی بە مەترسییەك بۆ ناسنامەی ئیسلامیی لە ئێران دەزانی و پێیوابوو موسوڵمان هیچكات نابێ لەژێر فەرمانی كەسێكی ناموسوڵماندا بێت. لە قومەوە فتوای ڕاپەڕینی خەڵكی دژبە شا و رژیمەكەی دەر كرد: **"هەستنە سەر پێ بۆ شۆڕش، جیهاد و ڕیفۆرم، چونكە ئێمە نامانەوێ لەژێر دەستی جنایەتكاراندا ژیان بكەین. مافی خۆمانە وەدوای ڕێگای پێغەمبەر و ئیمامەكانمان بكەوین."**

دوابەدوای ئەو قسانە، سەرەتا خومەینی گیرا و دواتر بۆ توركیا و لەوێشەوە بە تەبعید رەوانەی عێراق كرا. لە ساڵی ١٩٧٠ لە عێراق دووهەمین و گرنگترین مەنیفێستی خۆی نووسی:

"كتێبی [حكوومەتی ئیسلام] كە لەوێدا چۆنیەتی حكوومەتداریی بە یاساكانی ویلایەتی فەقیهی ڕوونكردۆتەوە."

زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنە چەپەكان پشتیوانیان لە شۆڕشی خومەینی دەكرد. ئەگەرچی ڕوخساری دژ بە دێموكراسی و دژ بە مرۆڤی و هەروەها كۆنسێپتەكەی بەهۆی مانیفیستەكانییەوە بۆ هەموو لایەنەكان بە تەواویی ڕوون بوو، بەڵام بەداخەوە چەپەكان هەڵس و كەوت و بۆچوونەكانی خومەینییان بە جیددی نەگرت و زۆر درەنگ وەخۆ كەوتن. ڕەنگە هۆی پشتیوانیان لە خومەینی تەنیا هەڵس و كەوتی دژ بە ڕۆژئاوایی ئەو بووبێ.

خومەینی بە تەواوی حكوومەتی خەڵكیی رەد كردەوە و دەیگوت حكوومەت بۆ دامەزرانی ویستی خودا لەسەر زەوی، حكوومەتی خودا و یاساكانیشی تەنیا یاسای شەریعەتە.

چوار ساڵ پێش مانیفیستی دووهەمی خومەینی واتە ساڵی ١٩٦٦ خامنەیی كە دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ دوای مردنی خومەینی بوو بە جێنشینی، كتێبێك بە ناوی "داهاتووی ئەو ئایینە" ی لە عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر فارسی كە "سەید قوتب" بیرمەندیی برایانی موسوڵمان لە میسر نووسیبووی. لەو كتێبەدا بیر و بۆچوونی "حكوومەتوڵڵا"

یاخود حکوومەتی خودا شی کراوەتەوە، کە دواتر خومەینی کەڵکی لێ وەرگرت. قوتبیش داوای شۆڕشێکی ئیسلامی دەکرد کە ئوممەتی موسوڵمان بەپێی سەردەمی محەمەد هەڵس و کەوت بکەن و کۆمەڵگا بەتەواوی لە شتە نائیسلامییەکان پاك بکەنەوە. ئەگەرچی لە ڕوانگەی ئیدیۆلۆژیکییەوە جیاوازییەکی مەزن لە نێوان مەلاکانی سوننی و شیعەدا هەیە، سەرەڕای ئەوەش، کتێبی قوتب بە خێراییەکی زۆر لە ئێران لە نێو مەلاکاندا دەنگی دایەوە. بەتایبەت خومەینی کە عەرەبی زۆرباش دەزانی و کتێبەکەی قوتبی بە عەرەبی خوێندبۆوە، گرنگایەتییەکی زۆری بەو کتێبە دەدا و لە بۆچوونەکانی قوتب بۆ پێکهێنانی شۆڕشی ئیسلامی کەڵکی وەرگرت.

جێگای سەرنجە، کاتێك دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی و بەڕێوەبردنی یاساکانی قورئان بێتە کایەوە سوننی و شیعی بەو هەموو جیاوازییە مەزنە ئیدیۆلۆژیکییەوە، لێك نیزیك دەکاتەوە و هەردووکیان رووخساری فاشیستی وەك یەکیان دەبێ: **"خودا داهێنەری یاساکانە، یاساکانی خودا هەمیشەیی و نەگۆڕن و بەحسیان لەسەر ناکرێ، هەرکەس دژ بە ویستی خودا بێ، بێ دینە و دەبی لەناو بچێ."**

لە ساڵی ١٩٨٧ ەوە چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن دژ بە رژیمی شا زیاتر بوونەوە. دوای فتوای خومەینی دژ بە فیلمی ڕۆژئاوایی، زیاتر لە ٢٥ سینەمای ئێران سووتێندران. تەنیا لە شاری ئابادان ٤٠٠ کەس لە سینەمادا سوتێندران. خومەینی کە ئەوکات لە پاریس بوو، لەگەڵ چەپەکان رێککەوتن و شۆڕشەکەیان بە شێوەیەکی رێك و پێکتر ئورگانیزە کرد.

بەهۆی گوشاری خەڵکیی بۆ سەر رژیمەوە، لە ژانویەی ١٩٧٩ شا ناچار بە بەجێهێشتی ئێران کرا. مهدی بازرگان بوو بە وەزیری یەکەمی ئێران. یەکەمی فێبرواری ئەو ساڵە خومەینی گەڕایەوە بۆ ئێران و بەڵێنی ئازادی بە هەموو ئێرانییەکان دا. لە مانگی ئاپریلدا رێفراندۆمێکی بۆ پێکهێنانی کۆماری ئیسلامی پێکهێنا. زۆرینەی ئێرانییەکان و تەنانەت چەپەکانیش بە "ئەرێ" وەڵامی خومەینیان سەلماند، وێدەچوو کەس کتێبەکەی[حکوومەتی ئیسلامی] و بۆچوونەکانی خومەینی نەخوێندبێتەوە! دوای رێفراندۆمەکە ئەو بە تەنیا بڕیاری چۆنیەتیی دروستکردنی وڵاتی ئیسلامی دا.

چەپەکان و لیبرالەکان کە تا ئەوکات زۆر چالاکتر لە ئیسلامیستەکان لە شۆڕشی دژ بە رژیمی شا بەشداریيان کردبوو و هەر ئەوانیش ببوونە هۆی گونجاو بوونی گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران، یا ئیعدام و یا ناچار بە تەرکی وڵات کران. تەنیا لە دووساڵی هەوەڵی دوای شۆڕش زیاتر لە ١٢ هەزار مرۆڤ ئیعدام کران. بە ملیۆن کارناس و ڕۆشنبیری ئێرانی ناچار بە رۆیشتن لە ئێران کران. لە ماوەی ٣٥ ساڵ حکوومەتی ئیسلامی ژمارەی ئیعدامکراوان لە سەدها هەزار کەس تێپەڕ بووە.

بە چاولێکەری لە نازییەکانی ئاڵمان، ساڵی ١٩٧٩ سوپای پاسدارانیان لە ئێران پێکهێنا کە شان بە شانی ئەڕتەش و سازمانە نهێنییەکان خەڵکیان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان گرتبوو. ماوەیەکی کورت دوای پێکهێنانی سوپای پاسداران، سوپای بەسیجیان دروستکرد کە وەك گۆپاڵبەدەستی رژیم هەرکەس بچووکترین ڕەخنەی بگرتایە، وەبەر گۆپاڵیان دەدا. دەتوانین بە ڕاشکاوییەوە بڵێین رۆڵی سوپای پاسداران و سوپای بەسیج، سەداسەد چاولێکەریی لە دوو سوپای نازییەکان بوو. هەردووك سوپاکان لە رەوەندی شەڕی ئێران و عێراقدا گەورەتر و پڕ ئەزموون بوونەوە. ئەمڕۆ تەنیا سوپای پاسداران ١٣٠ هەزار چەکداری هەیە. دڕەندەیی و دژ بە مرۆڤیی دوو سوپای ئێران لە ساڵی ٢٠٠٩ و دوای شۆڕشی سەوز بە شێوەی ئاشکرابۆ جیهان ڕوون بۆوە.

خاڵێکیتری هاوبەشی نێوان ناسیۆنال سوسیالیستەکانی ئاڵمانی و ئیسلامیستەکانی ئێرانی، دژایەتیی بێ ئەملا و ئەولا لە هەنبەر سەهیۆنیزمە. سەیر ئەوەیە کە ئێران نە سنووری لەگەڵ ئیسرائیلە و نە دژایەتیی ئەرزیی. زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵە یەهوودی لە ئێران دەژین. بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتە عەڕەبییەکان، ئێران سووکایەتی موستەعمەرەبوونی ئەزموون نەکردووە و تەنانەت هیچکات شەڕی دژ بە ڕۆژئاوا و ئیسرائیل نەدۆڕاندووە. ئانتی سەهیۆنیزمی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سێ سەرچاوە:

- ئێران لە ساڵی بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی سیاسی و ئابووری لەگەڵ ئاڵماندا هەبووە. ٨٠ لە سەدی کەرەسەی ماشێنی کارخانەکانی ئێران لە ئاڵمانەوە دێ. نەك هەر کەرەسەی مودێرن بەڵکوو ئیدیۆلۆژی نازییەکانیش بۆ نێو ئێران هاتووە. هاوکات لەگەڵ شەڕی

دووهەمی جیهانی ئاڵمان ئیستگای رادیۆیی ڤیا "via" ی بۆ ئێران دامەزراند. تەنانەت لە شاری تسێزن "Zeesen" لە نیزیك برلین ئاڵمانییەکان ئیستگایەکی رادیۆییان بە زمانی فارسی، عەرەبی، تورکی و هیندی دامەزراند کە پرۆپاگەندای خۆیان بۆ وڵاتانی ئیسلامی پێ بڵاو دەکردەوە. بە پێچەوانەش ئێران بە هۆی ماکەی خاوی سروشتییەوە بۆ ئاڵمان وەك وڵاتێکی گرنگ لە ئەژمار دەهات. ئێرانییەکان هەر وەك ئاڵمانی خۆیان وەك هیندوئوروپایی و ڕەگەزی "ئاریا" دەناسن و لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا لایەنگری ئاڵمانییەکان بوون.

- دووهەمین سەرچاوە بۆ ئانتی سەهیۆنیزم لە ئێران نووسراوەکانی سەید قوتبن، کە تێیاندا بەربەرەکانی موسوڵمانانی لە هەنبەر یەهوودیەکان بە ویستێکی خودایی داناوە، ئەو چالاکییە لە سەردەمی محەمەدەوە دەستیپێکردووە و تا کۆتایی پێهاتنی ئەم جیهانە هەر درێژەی دەبێ.
- سێهەمین و گرنگترین سەرچاوە نووسراوەی سەرەکی ئیسلام یاخود قورئانە کە لەوێدا یەهوودیەکان بە خەیانەتکار و وەچەی مەیموون ناسێنراون.

لە سەرەتاکانی یەکەمین ساڵی شۆڕشی ئێران خومەینی قاوی یەکەمین "ڕۆژی قودس"ی دا، بۆ یەکیەتیی لەگەڵ فەلەستینیەکان. لە دووهەمین "ڕۆژی قودس" لە ساڵی ١٩٨٠ دا گوتی: **"ئیسرائیل سەرچاوەی خراپی و پایگایەکی ئەمریکایە. من زیاتر لە بیست ساڵە سەبارەت بەو مەترسییە وشیاریی بە خەڵک دەدەم. ئێمە هەموومان پێکەوە و یەکدەست دەبێ دژ بە ئیسرائیل ڕاپەرین، وڵاتی ئیسڕائیل توونا بکەین و وڵاتی فەلەستین بینا بکەینەوە."**

دوای خومەینی سیاسەتوانانی ئیسلامیی ئێران بە گشتی و شێوەی جۆراوجۆر دژ بە ئیسرائیل چالاکیان کردووە. تەنانەت ئەحمەدی نیژاد وەك سەرکۆماری ئێران بە ئاشکرا بە دنیای راگەیاند کە دەیهەوێ ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جوغرافییایی پاك بکاتەوە!

## "تەقییە" درۆکردن لە ڕێگای خودا

تەقییە "Taqiyya" بە مانای "ئاگاداربوون" یاخود "ترس" هاتووە و لە ئایینی شیعەدا نیشاندەری ئەوەیە کە کاتێك مرۆڤی ئایینی بەهۆی ئایینەکەیەوە گیانی لە مەترسیدا بێ، ئیزنی ئەوەی هەبێ ئایینەکەی بشارێتەوە، یاخود درۆی بۆ بکات. ئەو پرەنسیپە لە سەردەمی پێکهاتنی ئیسلامەوە سەری هەڵداوە. ئەوکاتەی وا موسوڵمانان لە مەککە کەمینەیەکی کز بوون. ئەو سەردەمە موسوڵمانەکان بۆ خۆپارێزی لەهەنبەر خەڵکانی دیکەی مەککە ئیزنی ئەوەیان هەبوو ئایینەکەیان بشارنەوە و تەنانەت حاشاشی لێ بکەن. ئایەی ٢٨ ی سوورەی ٣ ئەو پرەنسیپە ئاوا ڕوون دەکاتەوە:

*"دیندار ئیزنی دۆستایەتی لەگەڵ بێ دیندا نییە. هەر کەس ئەوکارە بکات، ئیتر هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ خودا نامێنێ. بەڵام ئەگەر بارودۆخی دیندارەکە بکەوێتە مەترسییەوە، دەتوانی بۆ فریودان، دۆستایەتی لەگەڵدا بکات."*

ئیسلامی ئەوکات بەهۆی فتوحاتەوە زۆر بە گورجی سەرکەوتوویی وەدەست هێنا و لە زۆربەی ناوچەکان ئەگەر زۆرینەش نەبایەن، بەهۆی ناوبانگ دەرکردنیان ئیتر پێویستیان بە شاردنەوەی ئایینەکە نەبوو. بەڵام لە لای شیعەکان کە ماوەیەك دوای مردنی محەمەد خۆیان جیاکردەوە، ئەو هەڵس و کەوتە بە شێوەیەکی تر پەرەی سەند. ئەوان بۆ پاراستنی خۆیان لە هەنبەر دوژمنانیان پەرەیان بە تەقییە دا. هەر شیعەیەك ئیزنی پێدرابوو بۆ پاراستنی گیانی خۆی و بنەماڵەکەی حاشا لە ئایینەکەی بکات و تەنانەت درۆش بکات.

خومەینی ئەو پرەنسیپەی بەکار هێنا و بۆ خۆتێترینجاندن لەناو سیستەمی پاشایی و وەرگرتنی زانیاریی، تەنانەت ئیزنی بە لایەنگرەکانیدا کە خۆیان بە بێ دین بناسێنن. خومەینی دەنووسێ: *"ئەگەر بارودۆخ وا ئیجاب بکات کە یەك لە موسوڵمانان ناچار*

*بە چوون بۆ ناو ڕێزی ڕژیمی شایی بکرێ، وەك ئەرکێکی گرینگی ئیلاهی دەبێ خۆی لێ بپارێزێ، مەگەر ئەویکە ئەو پەیوەندییە سەرکەوتنێکی بۆ ئیسلام تێدابێ."*

تەنانەت هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی پێکهاتنی شۆڕشی ئیسلامیشدا بەو مێتۆدانە بۆ لێک بڵاوکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆن، بە پلانی پێشتر داڕشتوو، ئیسلامییەکان چوونە ناو سەفی حیزب و سازمانە سیاسیە چەپەکان و دێمۆکراتخوازەکان و بە لارێیاندا بردن و هەرەسیان پێهێنان. لای کەم دەبوو حیزبە سیاسیەکان لە هەڵس و کەوتی خومەینی تێبگەن، چونکە هەموو ئەو سیاسەت و کارانەی بەسەریان هێنان، لە کتێبەکەی واتە "وڵاتی ئیسلامی" دا بە ڕوونی نووسیبووی.

لە پەیوەندیی نێوان جیاوازیی ئایینی شیعە و سوننەدا فەحس نوکتەیەکی پێکەنینیی بۆ گێڕامەوە: *"مەلایەکی فارس و مەلایەکی عەرەب تووشی ژنێکی جوانچاك دەبن. هەردووکیان هەوڵ دەدەن بەدزیەوە و بە چاو لێداگرتن بە چاوی ڕاستیان سەرنجی ژنە جوانەکە بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. ئەگەر کەسێك ئاگای لێ بێت، بۆ خۆ بەدەستەوەنەدان مەلا عەرەبەکە لەپڕێکدا بە چالاکیی قامکێك بە چاویدا دەخشێنێ و وا نیشان دەدا کە شتێك چۆتە چاویەوە. بەڵام ئەگەر ئەو بارودۆخە بۆ مەلا ئێرانییەکە بێتە پێشەوە، بۆ سەلماندنی ئەوی کاری وای هەرگیز نەکردووە، ئامادەیە دەساڵی ڕەبەق چاوی ڕاستی بقووچێنێ!"*

لە فەحسم پرسی، ئایا دەرەتانی ڕیفۆرم لە ڕژیمی مەلای ئێراندا هەیە؟ ئەو بە هومێدێکی کەمەوە گوتی: *" ڕیفۆرم بەسەر چی دا بێ؟ مەلا خوی بە خوداوە هەڵواسیوە، خوداش بێ هەڵەیە. مەلاکان ناتوانن و ئیزنیان پێ نادرێ ڕەخنە، یا دژ بە بۆچوونەکانی خومەینی لەسەر دەوڵەت و یاسای ئیسلامی هەڵوێست بگرن. ئیدەی ویلایەتی فەقیە جێی ڕیفۆرمی نییە."*

سەرەڕای هەڵکێشان و هاوار و قاودان بۆ رووحانی وەك سەرکۆماری ئێران کە گۆیا پەیوەندیی ئەوتۆی بە مێشکی ڕژیمی مەلاکانەوە نییە و مرۆڤیکی خوێن شیرن، موحتەرەم و خەڵکییە و کەسایەتی ئەو لەگەڵ هی ئەحمەدی نژاد جیاوازیی هەیە، بەڵام من بە مرۆڤێکی مەترسیداری دەبینم، چونکە ئەگەرچی لە پشت پەردەدا هەمووشتێك هەر وەك خۆی ماوەتەوە، رووحانی خەون و پەیامی گۆڕانی بە دەستەوگرتووە. ڕەنگە

مەلاکان لە لایەکەوە بۆ نەرمکردنی بارودۆخەکە پرۆگرامی ئەتۆمیی چەند ساڵێک وەدوا خەن و لە لایەکیتریشەوە بە شکاندنی بایکۆتی ئابووری برێك شاروەندانی ناوخۆیشی پێ ئەهوەن کەنەوە، بەڵام لەسەر مەبەستەکایان سوورن و درێژە بە کارەکەیان دەدەن.

بۆ وێنە رووسیا ناتوانێ لە ناوەوە رێفۆرمی بەسەردا بێت. کاتێ گۆرباچۆڤ هەوڵی بۆ ئەو کارە دا، ڕوخساری وڵاتەکە بە تەواوی تێکڕووخا. ڕەنگە پاپای مەسیحیەکان فرانچیسکۆش بتوانێ هەڵس و کەوتی کلیساکان بگۆڕێ، کارتێکەری لەسەر چۆنیەتیی کۆبوونەوەکان بکا، ئەگەرچی کارێکی زۆر ساکاریش نابێ، بەڵام هەرگیز ناتوانێ رێفۆڕمێکی بە تەواوی بەسەر کلیسای کاتۆلیکەکاندا بێنێ. چونکە هەر رێفۆڕمێك رێفۆرمێکی تری بەدواوە دەبێت و ڕەنگە مرۆڤ لە کۆتاییدا ئەو پرسیارە لەخۆی بکات کە لە سەدەی ٢١ دا کلیسامان بۆچییە؟

"هانی حەفس" ساڵی ٢٠٠٩ لایەنگری بزووتنەوەی سەوزەکان بوو دژ بە ئەحمەدی نژاد. بەڵام ئەو تاقە مەلایەک نەبوو کە لە بەری ئەو بزووتنەوەیە دژ بە رژیمی ئێران بووبێ. لەوم پرسی، ئایا ئەو بزووتنەوەیە دەستپێکی کۆتاییە بۆ رژیمی ئیسلامی مەلاکان؟ گوتی:

*"ڕەنگە، بەڵام ئەو کارە کاتێکی زۆر دەکێشێ. ئەو شتەی لە رژیمی خومەینی بەجێ ماوە، پارە، سەرباز و کەرەسەی ئەمنییە، کە زۆر بە ساکاری لەناو ناچێ. بەڵام ئەو شتەی تووانایان کردووە ئەوەیە کە گەنجەکان ئیتر هیچ باوەڕێکیان بە ئیدەی شۆڕشی ئیسلامی نەماوەتەوە. ئەو کارە رژیم چڕتر دەکا و دەبێتە هۆی خۆکوژیی رژیم لە ناو خۆیەوە. گوشارهێنان بۆ سەر رژیم دەبێ لە دەرەوە و ژوورەوەی وڵات بەڕێوەچێ، کاتێ مەلاکان هەست بەوە بکەن کە بە تەنیا ماونەتەوە، ئەو کات گۆڕانکاریی پێك دێ."*

من بە لاسارییی گوشار بۆ فەحس دێنم کە چلۆن جودایی ئیسلام و دەوڵەت لە رژیمی مەلاکاندا گونجاو دەبێ؟ ئەو دەڵێ:

*"زۆربەی پێشەوایانی ئایینی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئیسلام هەم ئایینە و هەم دەوڵەت. بەڵام ئیسلام هێزی ئەوەی نییە دەوڵەت پێکبێنێ، لای کەم دەوڵەتێکی مودێرنی ئەوڕۆیی کە بتوانێ لە عەمەلدا کار بکات. ڕەنگە لە سەردەمی محەمەد و ساڵەکانی حەوسەدی زایینیدا و لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەرەتانی شتێکی وا پێك هاتبێ، بەڵام لە ڕاستیدا دەوڵەتێك کە تەنیا لەسەر ئایین ساغ بووبێتەوە، ناتوانی هەموو شاروەندان رازی بکات، بەڵکوو تەنیا ئەو کەسانە رازی دەکا کە وەدوای هێزی رژیم کەوتبێتن. ئەگەر بە چاوی کراوە سەیری مێژووی ڕابردوو بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە: هەر کات ئایین دەستی لە کاروباری دەوڵەت دابێ، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی کارەسات..."*

فەحس باوەڕی بە وڵاتی ئیسلامی نییە. دەڵێ ئەو شتە هەرگیز پێك نایە، چونکە شیعەکان دەیانهەوێ ئەو وڵاتە لەسەر بۆچوونی خۆیان بەڕێوە بچێ، سوننەکان جۆرێکیتریان پێ باشە و بۆچوونی سۆفییەکانیش بە ڕێگایەکیتریدا لێدەخوڕێ. لە کۆتاییدا نەتەنیا وڵاتێکی ئیسلامی پێکنایە بەڵکوو بشێوییەک وەك ئەوەی ئێرانی لێ دەردێت کە نەتەنیا یەهوودی و بەهایی بەڵکوو مەسوڵمانی سوننەش دەخرێنە ژێر گوشارەوە. لە میسر رق و کینە دژ بە شیعەکان زیاترە هەتا لە هەنبەر جوولەکە.

مرۆڤ سەری لێ شێواوە و فەحس ئەو سەرلێشێواویە بە سروشتی ئەو چەشنە دەوڵەتدارییانەوە دەلکێنێ. مێژوو بوی ڕوونکردوینەتەوە کە بارودۆخێکی هاوچەشن لە ئوروپا بووە هۆی پێکهاتنی شەڕی سی ساڵە. شیعە یا سوننە، ئێمە دەبێ تێ بگەین کە دنیای مودێرنی دێموکراتیك دژبە دنیای ئایین نییە، بەڵکوو لە پیناو پێکەوەژیانی هەموو مرۆڤەکاندایە. هەرکەس دژ بە ژیانی ئارام و بێ قڕە بێ، دیارە نەخۆشیی و کێشەیەکی گەورەی هەیە کە دەبی چارەسەر بکرێ.

## چارەنووسی ئاتێئیستەکان لە میسر

پێشەوایانی وڵاتە عەرەبییەکان شەڕێکی ناوخۆییان وەڕێخستووە. لە وڵاتانی وەك میسر، مەراکێش، ئێران و تونیس سێکۆلارەکان و هێزە ئایینییەکان چەند ساڵە لەسەر چۆنیەتیی کارتێکەری ئایین لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتداری و یاساکانی قسە دەکەن. بەرە بەرە ئاتێئیستی عەرەبیش لەو قسانەدا بەشداریی دەکەن و بۆ گۆڕینی سیاسەتی ناوچەکە تێدەکۆشن.

من چاوم بە پێنج کەس لەو کەسایەتیانە کەوت، گەنجانێک کە سەرەڕای ئەو بارودۆخە دژوار و مەترسیدارە دەنگی خۆیان بەرزکردۆتەوە و گیانی خۆیان لەسەر دەستیان داناوە. من لە بارودۆخی ئەوان تێدەگەم کە چی دەکێشن!

یەکیان ناوی موئمینە کە لە ڕاستیدا ناوەکەی دژ بە کردەوەکەیەتی. لە عەرەبیدا موئمین بە دیندار دەگوترێت. موئمین چەند ساڵێکە بووە بە ئاتێئیست. تەمەنی ٢١ ساڵە و لە زانستگەی ئەلئەزهەری قاهیرە، کە وەك ناوەندی سوننیەکانی ئیسلامی ناسراوە، قوتابی بەشی موهەندیسیە. زیاتر لە دووساڵ وەرگەڕانی لە ئایینی ئیسلام لای خۆی شاردۆتەوە و نەیوێراوە باسی لێ بکا. دوای ڕۆوخانی رژیمی موبارەك غیرەتی بەخۆی داوە و بنەماڵە و دۆستە نیزیکەکانی ئاگادار کردووە کە ئیتر باوەڕی ئایینی نییە. زۆربەیان دوای گوێڕاگری لەو، شۆکە بوون. بەڵام دوای ماوەیەك موئمین بۆی ڕوون دەبێتەوە کە بەتەنیا نەبووە و چەند لە دۆستانی نیزیکی بارودۆخێکی هاوچەشنیان بووە، بەڵام ئەوانیش لەخۆیان ڕانەدیوە باسی لێوە بکەن. موئمین لەگەڵ چەند لە هاڤاڵانی لاپەڕەیەك لەسەر فەیسبووك دەکەنەوە و ناوی دەنێن "یەکیەتیی ئاتێئیستەکانی میسر". دوای ماوەیەك هەزاران کەس بەشداری ئەو لاپەڕەیە دەکەن کە زۆربەیان بە ناوی ڕاستەقینە و تەنانەت بە وێنەوە خۆ دەناسێنن. پرۆسەیەکی نوێ و تازە بۆ دنیای عەرەب. موئمین دەڵێ:

*"لە ڕاستیدا سروشتی ئایینی بوونی مرۆڤی میسری بەو جۆرەی ئیسلامییەکان باسی لێوە دەکەن، بوونی نییە. لە هەر بنەماڵەیەکی میسریدا کەسێکی ئاتێئیست یاخود لای کەم موسوڵمانێک کە تەنیا بەهۆی ترس لە کۆمەڵگا و بنەماڵەکەی، خۆی وەك ئایینی نیشان دەدا و باسی لێوە ناکا، هەڵکەوتووە".*

ناوەڕاستی مانگی فێبرواری ٢٠١٣ لە مزگەوتێکی قاهیرە یەك لە بەرپرسانی برایانی موسوڵمان کۆبوونەوەیەکی وەرێخستبوو بە ناوی "ئاتێئیست چۆن بیر دەکەنەوە؟" موئمین و سێ لە هەڤاڵانی لەو دانیشتنەدا بەشدار بوون. موئمین دەڵێ:

*" هەشتا خولەکی تەواو لەسەر ئاتێئیزم و تێئۆری پەرەسەندن، قسەی قۆڕ وبێ مانا و هیچ و پووچیان گێڕاوە. کاتێك لە کۆتاییدا بەحس لەسەر ئەو بۆچوونە دەستپێکرد، بۆم ڕوون بۆوە کە زۆربەی بەشداران ئاتێئیست بوون. تەنانەت ژنیان تێدابوو کە بە لەچکەوە بەشدارییان کردبوو. زۆربەیان لە ڕۆشنبیرانێك هەڵکەوتبوون کە خۆیان پێشتر موسوڵمان بوون. ئەوڕۆژە ئێمە شکستمان بە ئایینیەکان لە ماڵی خۆیاندا هێنا".*

کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە بووە هۆی وەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەکیتر کە بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی زیاتری خەڵکیی پێکهاتبوو. ئەو بزووتنەوەیە بە ناوی "سێکۆلارەکان" لە قاهیرە و ئەلکساندریا و سێ ناوچەیتری میسر چالاکی هەیە. لەو ناوچانە کۆبوونەوە و باس و ڕوونکردنەوە لەسەر سێکۆلاریزم پێك دێنن. وشەی سێکۆلاریزم هەر وەك ئاتێئیزم لە ناو موسوڵمانانداا مانایەکی زۆر نەرێنی پەیدا کردووە. موئمین پێیوایە ئەگەر باوەڕی ئایینی سیاسییە، دەجا ئێمە وەك ئاتێئیست کە باوەڕیشمان نییە، ئوتوماتیك دەبێ سیاسی بین. تا ئەو کاتەی کەسانی بێ باوەڕ لە لایەن ئایینیەکانەوە سووکایەتیان پێ دەکرێ و تا ئەو جێگایەی ئایین خۆی لە بۆچوونی کەسیی مرۆڤەکان تێهەڵقوڵتێنێ، ئەو بۆچوونانەی ئێمە بە شێوەی بۆچوونی کەسی نامێنن و دەبێ بە شێوەیەکی گشتیی پارێزگاریان لەهەنبەردا بکرێ.

ئەو بارودۆخە حاڵەتێکی سیاسی ڕاستەقینەی لێ پێکهات، کاتێ موئمین منی بۆ دانیشتنێکی ئێوارە بانگێشتن کرد و لەوێدا باسی فاشیزمی ئیسلامی کرا کە سەرچاوەکەی نەك برایانی موسوڵمان بەڵکوو ڕاست بۆ سەردەمی پێکهاتنی ئایینەکە دەگەڕێتەوە. باس و دانیشتنەکە لەسەر ئینتێرنێت بڵاو کرایەوە و ئەنجامەکەی، هەر

وەك پێشتر لەو نووسراوەیەدا باسم لێوە کرد، بوو بە فتوای کوشتنی من و تەنانەت موئمینیش کە لە پەنام دانیشتبوو. ئەو کارە شەپۆلێکی بەرچاوی سەرهێشە و ڕەخنە بۆ موئمین و هەڤاڵەکانی لە لایەن ئاینیەکانەوە پێک هێنا، بەڵام هەزاران لایەنگری نوێشی بۆ ئەوان بە دیاری هێنا. موئمین دەڵێ: "لە بەربەرەکانی دژ بە ئیسلامیزم لە هەوڵەوە بۆ بەکارهێنانی هەموو هێزی خۆمان کۆتایی مان دەکرد، بەڵام لە سنووری دەوروبەری مەیدانی بەربەرەکانیدا ئاودیدەتر بوین و ناچاریان کردین بە هێزێکی پتەوترەوە دژیان راوەستین".

## فتوای تیرۆری مەلاکانی ئێران

بۆ ماوەی ساڵێك ئەوە یەكەم جارە كە ئەو لە قاوەخانەیەكی سەر شەقام دادەنیشێ. هەڵس و كەوتی لەگەڵ من زۆر دۆستانەیە، بەڵام خۆیم بە تەواوی لێ نیزیك ناكاتەوە. چاوەكانی بێ وەستان لە گەڕاندان، بەردەوام سەیری هاتوچۆی مرۆڤی سەر شەقامەكە دەكا، بەڵام وێناچی ترسی لە شتێك هەبێ. ئەو تەنیا چاو بە دوای ئەو ڕاوچیانەدا ناگێڕێ كە دەیانهەوێ گیانی لێ بستێنن، بەڵكوو وەدوای سەرەتا و مێژوویەك بۆ دروستكردنی كاری هونەری كەوتووە. ئەو گەنجێكی ئێرانییە بە ناوی "شاهین نەجەفی" كە لە دەوروبەری ژیانی خۆیدا، بەدوای دۆزینەوەی شیعر بۆ دروستكردنی گۆرانیەكانیەتی.

ڕۆژی ١٠ی مای ٢٠١٣ بە بۆنەی هەشتاهەمین ساڵوەگەڕی سووتاندنی كتێب لە ئاڵمان، لە شاری برلین لەگەڵ شاهین یەكترمان بینی. یەك ساڵ پێشتر ئایەتوڵاكانی ئێران فتوای كوشتنی شاهینیان دابوو و ناچار بە خۆشاردنەوەیان كردبوو. مەلاكانی ئێران بە هۆی دروستكردنی گۆرانییەك بە ناوی "ناجی" كە لەوێدا شاهین داوای لە جێنشینێكی محەمەد كردووە بگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی و ئێران لە چنگ مەلا دیكتاتۆرەكان ڕزگار بكات. مەلاكان سەد هەزار دۆلاریان بۆ كوشتنی دیاری كردووە. هەروەها لەو گۆرانییەدا ئەو مرۆڤە ئایینیە دەبوو خۆشەویستیی، ویاگرا و مەمكی سیلیكۆن بۆ بەختەوەركردنی ئێرانییەكان لەگەڵ خۆی بێنێ. شاهین دەڵێ:

*"مەبەستی من سووكایەتی بە كەسایەتیی و بۆ هاندانی ئایینیەكان نەبووە. ئەو دەڵێ هەرگیز نەمویستووە هێرش بۆ سەر ئایین بكەم. ئەوە كاری ئەو كەسانەیە كە وەك كەرەسەیەكی چەوسێنەر كەڵكی نەرێنی لە ئایین وەردەگرن. من بۆ دروستكردنی كاری هونەریم لە هەموو ئەو تەوەرانە كەڵك وەردەگرم كە كارتێكەرییان لەسەر ژیانی من و هاووڵاتییەكانم هەبێ، كە ئایین و سیمبولەكانیشی بەشێكن لەو شتانە. بۆ من تەنیا*

*کاری هونەرییەکەم گرنگە و لە سەر هەمووشتێکیترەوەیە. بە هۆنەرەکەشم جگە لە گەیشتن بە ئازادیی هیچ مەبەستێکیترم نییە."*

ماوەیەکی زۆربوو کارە هونەرییەکانی شاهین وەك دڕوویەك بە چاوی مەلاکانی تاران دا دەچوو، چونکە کارەکانی ئەو لای گەنجانی ئێرانی زۆر پەسەند بوو. ساڵی ٢٠٠٤ کۆنسێرتەکەی کە لە شاری لەدایکبووی خۆی لە بەندەری ئەنزەلی بەڕێوەبرد، لە لایەن گۆپاڵبەدەستانی رژیمەوە هێرشیان کرایە سەر و شاهین لە لایەن ڕێکخراوەی ئاسایشەوە گیرا و ئەشکەنجە کرا. دوای بەربوون، ماوەیەك خۆی شاردەوە و ساڵی ٢٠٠٥ توانی بە دزیەوە بێ بۆ ئاڵمان. سەیر ئەوەیە کاتێ لەگەڵ شاهین باس لەسەر مەلاکانی وڵاتی ئەو و برایانی موسوڵمانی وڵاتەکەی من دەکەین یەکجار زۆر خاڵی هاوبەشیان تێدا دەبینینەوە کە زۆر سەرنجڕاکێشن:

- هەردوك وڵاتەکە بەدوای شوڕشێکی تاڕادەیەك ئارام کە دروشمی ئازادیی و بەرانبەرییان بەدەستەوە گرتبوو، هاتنە سەر کار.

- هەردووك وڵات وشەی دێموکراسییان وەك کەرەسەیەك بە دەستەوە گرت و هێشتا رەورەوەی دێموکراسی وەڕێ نەکەوتبوو هەوڵی تووناکردنیان دا.

- لە لووتکەی سیاسی هەردووك رژیمەکان دیکتاتۆرێکی ئاینی ڕاوەستاوە کە بە بێ بەزەیی و نائینسانانە لە هەنبەر هەر چەشن ڕەخنەیەك هەڵوێست دەگرن.

- لە هەردووك وڵات نەک هەر ڕەخنەگەرانی ئاینی بەڵکوو نووسەران و تەنانەت هونەرمەندانیش لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدان.

دیکتاتۆر یا بەهۆی حەماسەتەوە دەژین یا بەهۆی ترسەنۆکی خەڵکییەوە. هونەرمەندی وەك شاهین نەجەفی هەوڵ دەدەن بە نوکتەی خۆش و ووشیاریی هونەرییەوە، چڕنووك لە هەڵس و کەوتە خوڕافاتییە ئاینیەکان بگرن. سیاسەتی کاربەدەستانی رژیم ترس خستنە ناو خەڵکی ئاسایی یە و هەر کەس بچووکترین ڕەخنەیان لێ بگرێت هەوڵی توونا کردنی دەدەن.

بەڵام شاهین و نموونەکانی دیکەی وەک ئەو لەو کارانەی رژیم ناسڵەمێنەوە و درێژە بە کارەکەیان دەدەن. یەك ساڵ دوای فتوای کوشتنی، ئێوارەی مانگی مای کونسێرتێکی بەڕێوە برد. ساڵۆنی کۆنسێرتەکە پڕبوو لە خەڵك. کاتێ هاتە سەر سەکۆ، خەڵکی کە زۆربەیان ئێرانی ئاوارە و تەبعیدکراو بوون بە چەپڵە و هۆڕا کێشان ساڵۆنەکەیان وەلەرزە خست. یەك لە ئێرانییەکان دەڵێ:

*"شاهین بە شیعری گۆرانییەکانی ئێران لە ئێمە نیزیك دەکاتەوە. تەنیا بە دێرێك بەقەرا کتێبێك زانیاری بە مرۆڤ دەدا. ئەو بەدەنگی بەرز ئەو رەخنانە دەڵێتەوە کە زۆربەی خەڵکی ناو ئێران تەنیا بیری لێ دەکەنەوە و ناوێرن بە زمان بیانڵێن. ئەو دەنگی خۆی دژبە دیکتاتۆر بەرز دەکاتەوە و بەو هۆیە خۆشمان دەوێ".*

تەماشاچییەکان بە دەنگی بەرز گۆرانییەکانی لەگەڵ دەڵێنەوە. پێش دەستپێکی هەر گۆرانییەك دەنگی ناجی، ناجی بەرز دەبێتەوە. بەڵام لەسەر ئەو گۆرانییە حوکمی کوشتنی بۆ دەرچووە و نایهەوێ ئەو گۆرانیە بڵێ. بڵێی ترسی لی پەیدا بووبێ یاخود ئاگربەسی لەگەڵ رژیم کردبێ؟ سروشتییە هیچکام لەوانە نین و تەنیا ئەو گۆرانیەی بۆ ئاخر راگرتووە. لەپڕێکدا دەپەڕێتە سەر سەحنە و بە "هەی ناجی" دەست پێدەکا و لە ناو شەپۆلی خەڵکیدا بەردەبێتە مەلە کردن. شاهین دەڵێ: *"من خۆم وەك ماسیم و شانۆ و تەماشاچییەکان بۆ من وەك ئاو وان. بە بێ ئەو کارە ناتوانم بژیم".*

## ئەوە چ چەشن باوەڕێکە، ئەوە چ خودایەکە؟

لە شێوەی ئاسایی خۆیدا کاتێ کەسێکی بنەماڵە دەمرێ، لە لایەن خزم و کەسانییەوە هەوڵ دەدرێ بەو بۆنەوە بیر لە پەرجۆی مردن بکرێتەوە و لە مانای ژیان تێبگەن و باوەڕی ئایینیان پێ قایمتر بکەن. بەڵام ئەو کارە بۆ "نادیا" تەواو بە پێچەوانە بەڕێوەچوو. نادیای ٢٥ ساڵە کە ئێستا دانێشجووی بواری فەرهەنگ و هونەرە، لە منداڵییەوە پەیوەندییەکی خۆشەویستیی یەکجار زۆر عاتیفی لەگەڵ باوەگەورەیدا هەبوە. کاتێ هاوینی ٢٠١٢ باوەگەورەی لە شاری "سفاکس"ی Sfax تونێس مرد، نادیا ویستی مەیتەکەی تا خستنە ناو قەبرەوە هاوڕێی و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ بکات. بە پێی ترادیسیۆن یاخود ڕێ و ڕەسمی ئایینی، کاتی ناشتنی مردوو ژنان ئیزنی بەشداربوون لەو مەراسمەیاندا نییە. نادیا بەهۆی خۆشەویستیی باوەگەورەیەوە ئەو ڕێ و ڕەسمەی لەژێر پێی نا و لە پشت دیوارێکی پەنا قەبرەکە شاهیدی ناشتنی بوو.

بەڵام لەپڕێکدا پیاوێکی ئایینی چاوی بە نادیا کەوت کە لەوپەڕی ئارامیدا ماڵئاوایی لە باوەگەورەی خۆی دەکرد. هاوکات یەك لە ئەندامانی بنەماڵەی نادیا بە گورجی خۆی گەیاندە سەری و بە تووڕەیی بەسەریدا قیژاند: ***"لاچۆ، بڕۆ، لێرە گوم بە! ژن پیس و ناپاکن و ئیزنی بەشداربوون لە ناشتنی مردوویان نییە. بەشداربوونی تۆ بۆ باوەگەورەت دەبێتە هۆی عەزاب و ڕەنجکێشانی لەو دنیا. بڕۆ گوم بە!"***

نادیا بە چاوی پڕ لە گریان بەرەو ماڵێ دەگەڕێتەوە. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەوڵی تێگەیشتن لە مانای ئایین و ڕێ و ڕەسمەکانی دەدات: *"ئەوە چ باوەڕێکە کە دیوارێك لە مابەین من و باوەگەورەی خۆشەویستمدا دروست دەکات؟ ئەوە چ خودایەکە بە پیاو ئەو مافە دەدا کە دەست لەسەر ژن هەڵبێنێتەوە و لێی بدا؟"* بە بێ بیر لێکردنەوە مەقەستێك و تیغی مووتاشین دێنێ و سەری خۆی پاك دەتاشێ. نادیا دەڵێ: ***"لەگەڵ تاشینی پرچم، ماڵئاواییم لە ئایینەکەشم کرد."***

نادیا بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ دەبێ، جگەرەیەك لە قوتووی سیغارەکانی دەردێنێ و بە ئارامی دەیکێشێ. بە ڕیز فرمێسك بە چاوەکانیدا دێنە خوارێ. لە دەوری ئێمە لە رەستوورانێکی تۆنێس چەندین کەس بە دەنگی بەرز قاقا لێدەدەن. نادیا بە گۆشەی چاوێکی ئاگای لە پێکەنینی ئەو مرۆڤانەیە.

نادیا، وەك خوێندکارێکی هونەر، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ لەهەنبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی سەبارەت بە ژن لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا دەکرێ، خۆی هێمن ڕابگرێت. لە دوو ساڵ و نیوی رابردوەوە، چوار حەوتوو لە سەر شەقامەکان ماوەتەوە و دژ بە دیکتاتۆریی "بن عەلی" مانی گرتووە. نادیا و سەدان هەزار مانگرتووی تر، بۆ مافی بەرانبەر و ئازادبوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا چالاکییان کردووە. بەڵام نەیاندەزانی کە دوای ڕووخاندنی ئەو دیکتاتۆرییە ئیسلامیستەکان دێنە سەر کار و بە تەواوی کۆمەڵگا دەگۆڕن.

پێشتر لە وڵاتی تونێس باوەڕی ئایینی رۆڵێکی ئەوتۆی لە کۆمەڵگادا نەبوو. سیاسەت و ئایین لێك جیا کرابوونەوە. بەڵام ئەمڕۆ دوای تێرۆری چەندین کەسایەتی چەپ، ترس و نائارامیەکی زۆر کەوتۆتە ناو ئۆپۆزیسیۆن و ڕووناکبیرانی سێکۆلارەوە. دوو هاوکاری هونەریی نادیا هەر یەکەو هەشت ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە، چونکە کاریکاتۆری "محەمە"دیان لەسەر ئینتێرنێت بڵاو کردۆتەوە.

نادیا دەڵێ: حیزبی ئیسلامی "ئەلنەهضە" (بە مانای دوبارە لە دایکبوو)، لە یەکەم دەنگداندا ٤٠ لە سەدی دەنگەکانیان هێناوە. کاتێ ئەو ئیسلامییانە دوای چەندین ساڵ خۆشاردنەوە، کە وەك جرجەمشك لە دەوری شارەگەورەکاندا دەژیان، ئێستا هێزی سیاسیان لە ناوەڕاستی شارەکان بەدەستەوە گرتووە و بە گورجی هەوڵی بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگا دەدەن. تەنانەت ژنە ئیسلامییەکانیش چالاك بوون. لە ئۆتوبووس و تاکسیدا جنێوم پێدەدەن و قسەی پیسم پێدەڵێن، چونکە قەڵافەتم وەك پیاو وایە و لەچکە بەسەردا نادەم. نادیا دەڵێ، لەو کۆمەڵگایەدا بە سێ هۆکار دەچەوسێمەوە:

***"یەکەم چونکە ئاتێئیستم، دووهەم چونکە ژنم و سێهەمیش چونکە ژنم بەڵام خۆم وەك پیاو لێکردووە."***

دوای سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا سەلەفییەکان چەندین جار هێرشیان کردۆتە سەر بار و بۆردێل(قاحبە خانە) و بەرنامەی موزیك و ... . تەنانەت هێرشیان کردۆتە سەر قوتابخانە و زانستگەی شارەکانیش. پەرچەمی تونێسیان لە زانستگەکان لێکردۆتەوە و لە جێی ئەو دروشمی "ئەلقاعیدە" یان هەڵواسیوە. ئەگەرچی سەلەفییەکان ئەندامی حیزبی "ئەلنەهضە" نین، بەڵام چالاکیان بۆ دەکەن چونکە لە لایەکەوە دەیانەوێ ئیسلامیستەکان لە وڵاتدا بەهێز بکەن و لە لایەکیتریشەوە خۆیان بە کۆمەڵگا بناسێنن و بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی نیشان بدەن کە ئاڵترناتیویتریش لە وڵاتدا هەن.

زۆر جار نادیا ناتوانێ لە ڕاستیەکانی ناو کۆمەڵگا تێ بگا. خۆی و دۆستێکی بە ناوی عەلا لەسەر فەیسبووك زۆر چالاکن. ئەو دوانە و زیاتر لە پێنج سەد کەسیتر بەهۆی ئینتێرنێتەوە لەسەر بارودۆخی سیاسی وڵات بەحس دەکەن. بەڵام نادیا هیوایەکی کەمی هەیە کە وەك هەڤاڵە میسرییەکانیان لە تونێس بتوانن لە بەرانبەر ئیسلامیەکاندا گۆڕانکاریی پێک بێنن. ترسێکی زۆر لەناو کۆمەڵگادا هەیە وزۆربەی چالاکان ئارەزوویان گەڕانەوە بۆ سەردەمی "بن عەلی" یە، چونکە ئەو دایم دەیگوت: **"بە تەواوی هێزمەوە پارێزگاریی تونێس لە بەرابەر ئیسلامیستەکان دەکەم."** نادیا پێیوایە ئەو ئارەزووە، بەڵگەیە بۆ تەسلیم بوونی کۆمەڵگا لە هەنبەر ئیسلامییەکان لە تونێس.

زۆربەی گەنجەکان بە جێی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دۆڵپایانە روویان کردۆتە مادەسڕکەرەکان. نادیا دەڵێ من نازانم داهاتووی وڵات بەرەو کوێ دەچێ، بەڵام ئەگەرچی بڕیارێکی زۆر چەتوونە بۆ من، ئەوە بە باشی دەزانم کە من هیچ منداڵێك لەو کۆمەڵگایەدا نەهێنمە دنیاوە.

من رووبەڕوی نادیا دانیشتووم و لە وشەی بڕیاردەر و پڕ بە پێست دەگەڕێم، چونکە پێمخۆش نییە وت و وێژەکەمان ئاوا کۆتایی پێ بێ. دوای ماوەیەك گوتم: *"لەو سەردەمانەدا هیچ مرۆڤێك ئەو ئیمکانەی نە دەدی کە نەتەوەی عەرەب دژ بە دیکتاتۆریی هەستێ و بیرووخێنێ. کێ دەزانێ، ڕەنگە شەپۆلێکی دوو هەم وەڕێکەوێ!*

*ئێمە دەبێ تەنیا خۆڕاگریی بکەین و هیوامان لە دەست نەدەین."* جا ئیتر نازانم بەو قسانەم هومێدێکم تێدا زیندوو کردەوە یان نا؟

دوای ڕووخانی دیکتاتۆریی میسر و تونێس، نائارامی لە ناو بنەماڵەی شای مەراکێش دروست بوو و بڕیاریاندا ئیزنی شۆڕشێکی ئارامی کۆنترۆڵکراو بدەن. قوتابیانی زانستگاکان و ئیسلامییەکەن بۆ پێکهاتنی ڕیفۆرم لە وڵات ڕژانە ناو شەقامەکانەوە. توڕەیی خەڵکیی رووی خوی لە شا محەمەدی شەشەم نەکرد بەڵکوو زۆرتر رووی خۆی لە چەپەکان کرد. چەند یاسایەك بۆ ڕازی ڕاگرتنی لیبڕالەکان پەسەند کرا. هەڵبژاردن کرا و ئیسلامیەکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی مەڕاکێشدا ئیزنی پێکهینان و دروستکردنی دەوڵەتیان پێدرا.

## سەلەفییەکان و جیهادیستە فاشیستەکان لە ئورووپا

لامیە قادر "Lamya Kaddor" مامۆستای وانەی ئیسلامیە لە ئاڵمان و لە وڵاتی سوریاوە هاتووە. ئەو، شەڕی ناو وڵاتەکەی واتە سووریا، بە نگەرانییەوە سەیر دەکات. ئەو، دەبینێ کە خەڵکانی وڵاتی دایك و بابیی چلۆن کەوتوونەتە گیانی یەکتر و گۆڕەپانێکی قەتڵ و عامیان پێکك هێناوە کە کەس نازانێ بۆچی و لەسەرچی، کێ دژ بە کام کەس بەربەرەکانی دەکات. ئایا مرۆڤ دەتوانێ ئەو شەڕە، شەڕی ناوخۆیی نەتەوەکان و یاخود برا کوژیی ناو لێ بنێت؟ بەڵام سەیر ئەوەیە بڕیاری شەڕەکە لەجیاتی ئەوەی لە 'حەڵەب' و 'حەما' و 'دیمەشق' ەوە دەرچێ، زیاتر لە تاران، ریاز و مۆسکۆ بڕیار دەدرێت! شەڕکەرەکانیش لە لوبنان، عیراق، کوەیت، جەزائیر، مەراکێش و لەڕاستیدا لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە هاتوون. تا دێسامبری ساڵی ۲۰۱۳ تەنیا لە ئاڵمانەوە نیزیکەی ۲٤۰ کەس بەشداریی ئەو شەڕە یاخود ئەو جیهادەیان کردووە. لە ئورووپاوە بە گشتیی نیزیکەی ۲ هەزار شەڕکەر بەشدار بوون.

وەك چەند ساڵ بەر لە ئێستای عیراق، ئەوڕۆ سوریا بۆتە مێغناتیسێك بۆ ڕاکێشانی مرۆڤی ئاژاوەچی، سەلەفیی و جیهادیست. لەمیە قادر بە سەرسووڕماویەوە دەڵێ پێنج قوتابی ئەویش لە ئاڵمانەوە چوونەتە ڕێزی ئیسلامیستەکان. پێنج مرۆڤی گەنج کە پێشتر هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئیسلامدا نەبووە. هەر هەموویان بە شێوەی ئاسایی دۆستی کچیان بووە و مەشرووبیان خواردۆتەوە. ئەو پێنج کەسە هیچ پەیوەندییەکیان بە سوریاوە نییە، تەنانەت عەرەبیش نین. چوار کەسیان خەڵکی تورکیان و ئەویتریان لە کۆسەڤۆی ئەلبانیاوە هاتووە. چ شتێك بووە هۆی ئەوی ئەو پێنج گەنجە بچنە ناو سەفی جیهادیستەکانەوە؟ چۆن و کێ ئەوانی بردە سوریا؟

لەمیە قادر دەڵێ: *"بە بڕوای من ئەوان نە دەزانن ئەو شەڕە لەسەر چییە و نە ئاگاداری لایەنەکانی دژبەری ئەو شەڕەن. ڕەنگە ئەو پرسیارانە بڕیاردەریش نەبن*

*بەڵکوو بڕیاردەر ئەوەیە کە لەوێ ئەرکێکیان پی ئەسپێرراوە!"* هەروەها دەڵێ: *"هەر پێنجیان قوتابخانەیان کۆتایی پێ هێناوە بەڵام هیچکامیان نەیانتوانیوە کار پەیدا بکەن. چەندین تایبەتمەندیی نێوان ئەو پێنج گەنجە (وەك ئیسلامیی بوون، بیانی، لە بەشێکی تایبەتی شار و دوور لە ئاڵمانی ژیاون، بەهۆی نەتەوەکەیان و ژیانی سوسیالیی ڕاستەقینەیان هەستیان بە خۆکەمبینی کردووە، بێ هیچ پلانێك بۆ داهاتوو تووشی سەرلێشێواوی بوون و لە هەنبەر چەڵەمەکانی ژیانیان تەنیا بە تووڕەیی و زۆرلێکردن وەڵامیان دراوەتەوە و خۆشیان خوویان بە تووڕەیی گرتووە و...)* *دەستیان داوەتە دەست یەکتر و تووشی ئەو کارەیان کردووە."*

هەروەها لەمیە قادر دەڵێ: *"هەر پێنج کەسیان پێشتر بەهۆی کاری نالەبار، دزی، شەڕ و لێکدان و مادەسڕکەرەکان و تاقمێکیان چەندین جار، لە لایەن پۆلیسی ئاڵمانەوە سزا دراون. لە بارودۆخێکی ئاوادا ڕەنگە بەهۆی ئیزۆلیرەبوونیان لە کۆمەڵگادا توشیان بە تووشی سەلەفیەکەوە بووبێ کە ئەویش خۆی ئەزموونی ئەو گەنجانەی بینیبێ و بە ڕێگای ئەواندا ڕۆیشتبێت، ئینجا لە بێ دەرەتانی و ناچاریی و لە گەیشتنە بن بەستی ئەو گەنجانە بۆ فریودانیان کەڵکی وەرگرتبێت و بۆ لای خۆی ڕایکێشابێتن.*

*کاتێ سیستەمی حاکم هیچ ئیمکانێک بەو گەنجانە نادات و هەستی بەکارنەهاتوویی ناو کۆمەڵگایان تێدا پەروەردە دەکا بە شێوەیەک کە خۆیان بە سەرباری کۆمەڵگا دەزانن، سەلەفییەك زۆر بە ساکاری و بەو بەهانەیە کە نەخێر ئێوە بۆ دنیای ئیسلام بەکارهاتوون و ئیسلام پێویستی پێتانە و دەتوانن دنیا بگۆڕن، بەرەو ئەو ڕێگایەیان بکێشێت. ئەو کارە هەستی دەرووونیان وەك مرۆڤێکی بەکارهاتوو و پێویست بۆ دنیای ئیسلام و بەتایبەت تێکۆشان لە ڕێی خودا و بۆ خودا، تێدا پەروەردە دەکات و مانا بە ژیانیان دەدا."*

سەلەفیەکان و ئایینیە توندڕەوەکان لە وڵاتە ئورووپاییەکان کەڵکی خراپ لەو بۆشاییەی نێوان گەنجانی بیانی موسوڵمان و کۆمەڵگا وەردەگرن و بەرەو مەرگیان ڕێنوێنی دەکەن. زۆربەی ئەو گەنجانەی لە لایەن کۆمەڵگا و بەرپرسانی وڵاتەکانەوە بە تەنیا دەهێڵرێنەوە، دەکەونە تۆڕ و تەڵەی ئیسلامییە فاشیستەکان. سەلەفییەکان و ئیسلامیستەکان لە هەوەڵەوە ستروکتوورێك بەو گەنجانە دەدەن. پێنج جار لە ڕۆژدا بە

شێوەی جەماعەت نوێژیان فێردەکەن، بەشێوەی گرووپ، فێری خوێندنەوەی نووسراوەی سەلەفییەکانی میسر و عەرەبستان و وڵاتانی ئیسلامیان دەکەن و بۆ هاندانیان ویدیۆی ئیسلامییان پێ پیشان دەدەن.

مرۆڤی گەنجی وەك پێنج قوتابیەکانی لەمیە قادر، سەلەفییەکان بە چاوی سیمبولێك سەیر دەکەن و وەدوایان دەکەون. گەنجان بەدوای قەرەباڵغبووندا دەگەڕێن و سەلەفییەکان بۆیان ئامادە دەکەن، ئەوان لە کۆمەڵگایەك دەگەڕێن کە تێیدا هەست بە سەلماندنیان بکرێ، ئیسلامیستەکان ئەو بارودۆخەیان بۆ پێك دێنن. لە لایەکەوە بە هاوکاریکردنیان قەولی قەرەبووکردنەوەی کارە خراپەکانی پێشوویان پێ دەدەن و لە لایەکیتریشەوە کارێکی خوداییان پێ دەسپێردرێ کە تا ئەو کات کەس ئەو تێڕادیویەی نەداونێ و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی پەروەردەکردنی هەستی گرنگبوونی کەسایەتییان. سەلەفییەکان، بە بەرنامە و پلانی پێشتر داڕێژراو، بۆسەیان بۆ ئەو چەشن مرۆڤانە ناوەتەوە و دەزانن بە غوسڵێکی گورج وبەپەلەی ئایینی دەتوانن ئەو گەنجانە بۆلای خۆیان ڕابکێشن.

تاقمێك دەڵێن سەلەفییەکان هێدین و ناکرێ لەگەڵ ئیلامیستی توندڕەودا هەڵسەنگێنرێن! یەك لە گرنگترین کەسایەتیی سەلەفییەکان شێخ ئەبوو ئیسحاقی میسرییە کە وەك موتوڕی ئیسلامیستەکان ناسراوە و تا ئێستا چەندین جار بۆ هاندانی سەلەفییەکان هاتۆتە ئاڵمان. تاقمێك لە سەلەفییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە وشەی کافر زۆر وشەیەکی نەرمە لەبەر ئەوەی تەنیا ئەوە دەنوێنی کە کەسێک باوەڕی بە بۆچوونی ئەویتر نەبێ و تەنانەت موسوڵمان لە ڕوانگەی مەسیحی و یەهوودیەکانەوە بە کافر لە ئەژمار دێ، چونکە بۆ وێنە باوەڕی بە لە خاچدانی عیسا نییە. بەڵام کاتێ گوێ بۆ قسەکانی شێخ ئیسحاق لەسەر کافر ڕاگرین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چەندە مەترسیدارە. ئەو پێیوایە **کافر لە ئاژەڵ مەترسیدارترە**. دوایش پرسیار دەکات: *"چلۆن لە هەنبەر ئاژەڵ هەڵس و کەوت دەکەین؟"* هە ربۆخۆیشی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: *"مرۆڤ سواریان دەبێ، دەیانبا بۆ بازار و دەیانفرۆشێ، دەیانکووژێ و لێکیان هەڵدەدڕێ!"*

لەسەر ئەو بۆچوونە هەرکەس وشەی کافر بە زماندا بێنێت، یەکەمین هەنگاوی بۆ کاری توند و خراپ هەڵێناوەتەوە. ئەو کەسەی بۆچوون و ئایینیتر بە ئاژەڵ نێو دەبات، لە ڕاستیدا ڕێگای تێرۆڕ و کوشتن خۆش دەکات. لەسەر ئینتێرنێت بە ئەندازەی کافی ڤیدیۆی کوشتن و سەربڕینی کافر هەیە، کە بە وشەی ئەڵڵاهوئەکبەڕ دەستپێدەکا. بە هەمان شێوە کاتی کوشتنەوی ئاژەڵیش بۆ بەڕێوەبردنی داب و نەریتی ئیسلامیی لە وشەی ئەڵڵاهوئەکبەر کەڵك وەردەگرن. لە ڕوانگەی منەوە سەلافییەکانیش بە بێ ئەملا و ئەولا لە ریزی ئیسلامییە فناتیکەکاندان و هیچ مامڵەیەکیان لەگەڵدا ناکرێ.

زۆر لە گەنجانی موسوڵمان دەکەونە داوی سەلەفییەکانەوە چونکە بەداخەوە ئەو ڕێگایە هێشتا نەگیراوە و بە فەرمی بۆیان ئاواڵەیە. ئەگەر ئەو گرووپانە لە ئورووپا یاساخ بکرێن، بۆ گەنجان ڕوون دەبێتەوە کە نیزیک بوونەوە لە وانە، تاوانە و ڕەنگە زۆربەیان چاوترسێن بکرێن. تەنانەت ئەگەر تاقە کەسێکیش چاوترسێن بکرێ، هێشتا هەر زۆرە. ڕەنگە پێنج قوتابیەکانی لەمیە قادر ئەگەر نیزیک بوونەوە لە ئیسلامیستەکانیان بە تاوان بزانیبایە، بۆ دەربازبوون و دوورکەوتنەوە لە تاوانێکیتر، لە دەرگایەکی دیکەیان بدایە و ڕێگایەکی باشتریان هەڵبژاردایە.

## شێوەکانی زێدەڕۆیی و توندڕەوی

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە نووسەر ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر زێدەڕۆیی گەنجانی موسوڵمان لە ئاڵمان بڵاویکردەوە، چەند جیاوازی دەستنیشان کردووە:

لە پلەی یەکەمدا کونزێرواتیو یاخود "خۆپارێزی کۆن" و لایەنگرانی ئەو چەشنە بە گشتیی لە نێوان ئەو مرۆڤە کۆچبەرانەدا دەبینرێت کە لە وڵاتانی باوك سالارییەوە هاتوون و پلەی زانستیی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا زۆر نزم راگیراوە و داب و نەریتی کۆن لەناویاندا باوە. ئەو شێوە خۆپارێزییە پێویستیی ئەوتۆی بە باوەڕی ڕاستەقینەی ئایینییەوە نییە، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانە، بۆ نیشاندانی هەڵس و کەوتی خۆیان، ئایینیان وەك کەرەسەیەك بەدەستەوە گرتووە. ئەو زۆرەملی و تووڕەییەی لەو فەزا و بارودۆخەدا پێك دێ، وڵاتانی میوان ناگرێتەوە و زۆرتر بە شێوەیەکی فناتیکانە ئەندامانی خودی بنەماڵەکان دەگرێتەوە. بیانووشی ئەویە کە ڕەنگە قورس و قایمی و یەکپارچەیی و تەواوەتی بنەماڵەکە بخاتە مەترسییەوە. بەتایبەت لەو چەشنەدا ژنان لەژێر گوشار دەخرێن. ئەزموونی ئەو زێدەڕۆییە کوشتنی ناموسی و مارەیی بە زۆرییە.

ئەو مرۆڤە گەنجانەی کە لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی کزدا گەورە دەبن، زیاتر بەرەو ئەو زێدەرۆییە شۆڕ دەبنەوە کە ناوی "ڕاکردن لە ڕاستەقینە" ی لێنراوە. لێرەدا نە بنەماڵە و نە کۆمەڵگا ئەو توانایییەیان نیە مۆدێل ژیانێکی گونجاو بۆ ئەو گەنجانە دەستەبەر بکەن.

ناهومێدی، بێ بەش بوون و پرێسپێکتیڤ یاخود دووربینییەکی کاریی پڕ لە هەڵە، هۆکارن بۆ ئەوی بەتایبەت گەنجانی کوڕ گرووپی تووڕە و تاوانکارانە پێك بێنن و ڕێگایان بەرەو کاری نالەبار بۆ خۆش بکرێ. چونکە لە کۆمەڵگا و لە ماڵەوەدا

حیسابیان بۆ ناکرێت، کەسایەتی و خۆدەرخستنی خۆیان لەو گرووپانەدا دەبیننەوە. ئەو فێنۆمێنە لە هەموو شارەکانی وڵاتانی ئورووپاییدا بە ڕاشکاوی دەبینرێ. لێرەشدا مەرج نییە ئەو مرۆڤانە لەڕووی ئیمان و باوەڕی ڕاستەقینەی ئایینیەوە ئەو کارە بکەن بەڵکوو مۆتۆڕی سەرەکیی تەنیا بارودۆخی سوسیالی و کۆمەڵایەتی ئەوانە. بەڵام ئایین دەتوانێ ببێ بە فاکتۆڕێک بۆ یەکیەتیی و یەکگرتوویی ئەو گەنجانە. بۆ وێنە ئەگەرچی گەنجێکی تورك و عەرەب نەتوانن یەکتر تەحەمول بکەن، بەڵام لەهەنبەر گەنجانی رووسی یاخود ئایینەکانیتر زۆر بە گورجی یەکدەگرن.

هەروەها تاقمێك بە ناوی "پێشرەوی ئایینی" هەن کە دووریی لە داب و نەریتی کۆنی ئیسلامی و ئایینی دەکەن و خۆیان بە پێش سواری شۆڕشی ئایینی- سیاسی دادەنێن. ئەو فۆڕمە بۆ قوتابیانی زانستگەی وڵاتانی عەڕەب بە تایبەت و دنیای ئیسلام بە گشتی، جێی سەرنجە. لە پێشدا خۆیان لە ژینگەی بنەماڵەکەیان دوور دەخەنەوە و خۆیان بە تەنیا دەهێڵنەوە و دەبنە پاروویەکی هاسان بۆ گرووپە رادیکاڵەکان.

لێرەدا دوو ڕوانگە بەدی دەکرێ: ئیسلامی بوون لە رووی باوەڕەوە و گێرەشێوێنی و هاندان بەرەو جیهادی جیهانیی ئیسلام. پێشتر ئیسلامیستەکان بەسەر دوو گرووپی سەلەفی و جیهادیستدا دابەشکرابوون کە هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا نەبوو. هەردووکیان خۆیان بە هەڵبژاردە و پێشرەو بۆ دنیای ئیسلام دەزانی و هەوڵی ڕاکێشانی گەنجانی ئیسلامییان لە توێژە ناوەڕاستەکانی کۆمەڵگاوە بۆ لای خۆیان دەدا. سەلەفییەکان پێشتر سیاسی نەبوون و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە کۆمەڵگای ئیسلامیی بەهۆی داب ونەریتەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت نەك بەهۆی سیاسەتەوە. دروشمیان ئەوە بوو: **"سیاسەت پیس و چەپەڵە، خۆتانی لی دوور بخەنەوە"**. بە پێچەوانەی جیهادیستەکان خۆیان لە هەڵس و کەوتی تووڕە دوور دەخستەوە.

ئەو جیاوازییە ئیتر لە دنیای ئەمڕۆی سەلەفی و جیهادیستەکاندا بەدی ناکرێ. لەڕاستیدا کێشە و بەربەرەکانی نێوان سەلەفییەکانی عەرەبستانی سعوودی و شیعەکانی ئێران خۆی لە پانتاییەکی گەورەتردا دەبینێتەوە. ئەو دوو هێزە ناوچەییە لە زۆربەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ چالاکییان هەیە و بەشدارن. بەتایبەت لە سووریا لایەنگرانی هەردوولا زۆر چالاك بەشداری دەکەن. ئێران

پشتیوانی لە رژێمی ئەسەد دەکا و سعوودیەکان لە پشت ئیسلامیستەکان ڕاوەستاون. سەلەفییەکانی وڵاتانی ئیسلامی و هەروەها هی ئورووپا کە پێشتر هیچ هەڵوێستێکیان لەسەر کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نە دەگرت، ئەورۆ لە لایەن سعوودیەکانەوە بە هومو چەشنێك دژ بە دنیای ڕۆژئاوا و ئێران هان دەدرێن. شاروەندانی کەمینەی شیعە کە چەندین ساڵە لە هێمنی و سوڵحدا لەو ناوچەیە دەژین، ئێستا لە لایەن سەلەفییەکانەوە ژیانیان پێ تەنگ و تاڵ کراوە.

جاران بۆ ئەوی مرۆڤ بتوانێ بچێتە ناو ڕیزی سەلەفییەکانەوە دەبوو ساڵیانی درێژ دەورەی ئایینی ببینێ، زۆربەیان مەقام و کاری باشیان لە ناو کۆمەڵگادا هەبوو و بە باشیی بە زمانی عەرەبی ئاخەفتنیان دەکرد. ئەورۆ ئەو تایبەتمەندییانە بە ڕاشکاوی هاتۆتە خوارەوە و زۆربەیان مرۆڤی بێ کار و تاوانکارن و ... دەرکەیان بۆ هەموو کەس ئاواڵە کردووە. تەنانەت تاقمێك لە گەنجانی ئورووپایی بەهۆی ئیزۆلەبوونییان لە کۆمەڵگادا و بۆ خۆ دەرخستن، خۆیان لەو گرووپەدا دەبیننەوە. ئەگەر چاوێك بە بریتانیای گەورە، هولەند، بێلژیك، دانمارك، ئاڵمان یا فەرانسەدا بگێڕین، بە ڕاشکاوی دەبینین گەنجانی موسوڵمان زیاتر و زیاتر خۆیان لە کۆمەڵگای وڵاتە ئورووپاییەکان دوور خستۆتەوە و جەغزێکیان بە دەوری خۆیاندا کێشاوە و دنیایەکی تازەیان بۆ خۆیان دروست کردووە. مرۆڤی سەلەفی وەك ئەنجم چۆدەری " Anjem Choudary" لە بریتانیا بە عالمی ئاشکرا دژ بە دێموکراسیی ئورووپایی پرۆپاگەندا دەکا و داوای جیهادی ئیسلامی لە ئورووپا دەکات و دەیهەوێ لە ناوەڕاست شاری لەندندا شەریعەتی ئیسلامی بەڕێوە بەرێت. سەیر ئەوەیە ئەو کارە لە لایەن بەرپرسانی کلیسای وڵاتەکەوە بە ناوی تۆلەرانس تەحەمول دەکرێت!

بە ناوی تولەرانسەوە لە ناوەڕاستی ئورووپا ئیزن بە گرووپی رادیکاڵی ئیسلامیی دەدرێ کۆمەڵگای تایبەت بەخۆیان هاوتەریب لەگەڵ کۆمەڵگای ئورووپایی دروست کەن. بەو کارە نەتەنیا ژنانی ئیسلامی لەژێر بەند و یەخسیری خۆیان ڕادەگرن بەڵکوو بارودۆخی ئەمنی وڵاتەکەش دەخەنە ژێر مەترسییەوە. لە زۆربەی شارەکانی وڵاتانی ئورووپایی بۆ وێنە لە شاری لەندن بەشێکی شارەکەیان بۆخۆیان تەرخان کردووەکە تێیدا تەنیا یاساکانی ئیسلامی حکوومەت دەکەن؛ سیاسەتوانان و کاربەدەستانی ئەمنی

ناوچەکە دەستیان لەو بەشەی کۆمەڵگا شتۆتەوە و هیچ دەخاڵەتیکی تێدا ناکەن. ئەگەریش بەهۆی کارەساتیکەوە، بیانەوێ هەڵوێست پیشان بدەن، ئیتر زۆر درەنگ بووە. تۆوی تەقینەوەیان لەناو مێشك و دڵی گەنجانی موسوڵماندا وا چاندووە کە هەمووکات چاوەڕوانیی کاری توورەیی، تەقینەوەی بۆمب و کارەساتێك دەکرێت.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە : **"کێ دەتوانی ئەو شەپۆلەماڵوێرانکەرە رابوەستێنێ؟"**

زۆربەی ئەو موسوڵمانانەی لە ئورووپا دەژین بە دوور لە کاری سیاسین و ئارەزووی باشترین بارودۆخ و داهات بۆ منداڵەکانیان دەکەن. ئەگەر ئەو بەشەی کۆمەڵگا بەچاوی تێرۆریست سەیر بکرێن، کارێکی هەڵەیە و مەترسییەکە بۆ تێکدانی ئاشتی. بەڵام لێرەدا ئەو بەشە زۆرینەیە کە کەمتر هەڵوێست لەهەنبەر توورەیی کەمینەی موسوڵماندا دەگرێت، جێی پرسیارە. دیارە ئەوان دەتوانن خۆیان لە کەمینەکە جیا بکەنەوە، بەڵام زۆر ئەستەم دەکرێ ئەو بەشە دژ بە فناتیکەکان ئورگانیزە بکرێن. تەنیا کاری ئەو زۆرینەیە بۆتە چاولێکردنی بێ هەڵوێست و بێ لایەن. بازنەیەکی شەیتانی پێك هاتووە کە لە لایەکەوە کەمینەکە بەهۆی چالاکبوونیەوە ترسێکی یەکجار زۆری خستۆتە ناو کۆمەڵگای ئورووپاییەوە و لە لایەکیتریشەوە بەهۆی ناچالاك بوونی زۆرینەکە، هەموو موسوڵمانەکان بە یەك چاو سەیر دەکرێن و لە ڕوانگەی ئورووپاییەکانەوە هەموو سەلەفی و ئیسلامیست دەنوێنن.

دیارە هیچ موسوڵمانێکی ئاسایی پێی خۆش نیە بەردەوام ئایینەکەی تاوانبار بکرێ، هەروەها هیچ گەنجێکی خوێندکاری موسوڵمان لە ئوورووپا خۆی بە بەرپرس بۆ کاری نالەباری سەلەفییەکان و جیهادیستەکان یاخود تێرۆر لە وڵاتە ئیسلامییەکان یا بەردەبارانی ژن لە ئێران دانانێن. بەڵام کاتێ ژمارەیەکی زۆر لەو ئیسلامییە ئاساییانە دژ بە کاریکاتۆری محەمەد دەچنە سەر شەقامەکان و هەڵوێست لەهەنبەر فیلمێکی دژ بە ئیسلام دەگرن، مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە بە هەمان شێوە تاقمێك لەو موسوڵمانە ئاساییانە دژ بە کاری توورەی سەلەفییەکان و جیهادیستەکانیش بڕژێنە ناو شەقامەکان و مەحکوومیان بکەن. چونکە ئەوکارە نەتەنیا دژ بە کەرامەتی ئیسلام وەك ئایینەکەیانە، بەڵکوو داهاتووی منداڵەکانیشیان لەو کۆمەڵگایەدا خەوشدار دەکا.

هاوکات کاربەدەستانی وڵاتە ئورووپاییەکان و هەروەها بەرپرسانی ئایینی وڵاتەکانیش دەکەونە ژێر پرسیارەوە، کە بۆچی پێش بە چالاکیی ئەو مرۆڤە تووڕانە ناگرن.

موسوڵمانە لیبرالەکان بە پێچەوانەی کۆنزێرواتیوەکان خۆیان وەك گرووپی گەورە ئورگانیزە ناکەن، چونکە ئەوان خۆیان وەك تاك سەیر دەکەن. هەروەها بە پێچەوانەی زێدەڕۆکان هیچ خواست و مەیلێکیان بۆ وەدەستهێنانی هێز و کارتێکەریی سیاسی لە ناو کۆمەڵگادا نییە. لێرەدا تەنیا ئەو بێ دەنگی و هەڵوێست نەگرتنەیان دەبێتە هۆی ئەوی سەلەفی و جیهادیست خۆیان بە نوێنەری هەموو موسوڵمانان دابنێن و بەناوی ئەوان چالاکیی ئیسلامی بکەن.

پێشتر، تورکەکان بەتەنیایی گرووپی خۆیان هەبوو و عەرەب و ئێرانیش هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نەبوو، ئەمڕۆ سەلەفی و جیهادیست هەموویانی لەژێر یەك چەتردا کۆکردۆتەوە و هەموویان بە یەك زمان قسە دەکەن. مەترسی گەورە بەتایبەت لەئاڵمان ئەوەیە کە ئەو گرووپانە دەیانەوێ بە شێوەی یاسایی وەك رێکخراوە مەسیحی و یەهوودیەکان کارتێکەرییان لەسەر کۆمەڵگا هەبێ و چالاکیی سیاسی بکەن.

دیارە کۆمەڵگاکانی ئورووپایی لە سەدەی ٢١ بەملاوە بەرەو پێکەوە ژیانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان هەنگاو هەڵدێنن و هەندێک پێداویستیی ژیان وەك خویندن، کار و مافی مرۆڤ زیاتر سێڵاوی هاتنی مرۆڤی وڵاتانی هەژار بۆ وڵاتە ئورووپاییەکان خۆش دەکات. لێرەدا ئەگەر کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە بە پلانی پێشتر داڕێژراو بۆ ئەو مرۆڤانە و ئێزن نەدانی ئیزۆلیرەبوونیان لە کۆمەڵگادا و هەروەها یاساخ کردنی گرووپە تووڕەکان، بارودۆخێکی باش و لەبار بۆ ئەو مرۆڤانە دروست بکات، ڕەنگە داهاتووی پێکەوە ژیانی ئارام و هێمنی بەشدارانی کۆمەڵگا گارانتی بکرێ. ئیسلامییەکان دەبێ فێر بن بەشێوەیەکیتر لەگەڵ ڕەخنەگرتندا هەڵس و کەوت بکەن. مرۆڤی ئاڵمانی دەبێ فێر بن کە تەنانەت کەسێکی موو ڕەشی مەراکیشیش دەتوانێ ئاڵمانی بێ. دیارە کێشەی وڵاتانی ئیسلامی کارتێکەریی لەسەر کۆمەڵگای ئاڵمان و وڵاتانیتری ئورووپاش دادەنێ و دەبێتە هۆی گۆڕانی پێکەوە ژیان و تووڕەیی مرۆڤی هەموو لایەنەکان.

مەزنترین ئارەزوو و هومێدی من ئەوە بوو کە گەنجانی موسوڵمان لێرە بە فێربوونی زانست و پیشەسازی و هەروەها گەورەبوون لە وڵاتی ئازاددا، چێژی ژیانی ئازاد و مودێرن بۆ وڵاتانی ئیسلامی بە دیاری بەرن. بەڵام کێشەی ئیدیۆلۆژیکی و ستروکتووری ئیسلامی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا و هەروەها دژایەتیی بەشێکی بەرچاوی ئوروپاییەکان لە هەنبەر ئیسلامیەکان، کارتێکەریی پێچەوانەی هەبووە. بە تایبەت لە ئاڵمان هەڵسو کەوتی سەیر و سەمەرە کە تەنانەت لە کازابلانکا و ئیستانبوولیش ئیتر باویان نەماوە، هەمیسان لە نێوان موسوڵمانانی ئێرەدا زیندوو کراونەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لە وڵاتانی ئیسلامی دژ بە فناتیکەکان بەرگری و شۆڕش دەکرێ، لێرە بیری فاشیستیی سەلەفی و جیهادیستی زیاتر و زیاتر پەروەردە دەکرێت. لێرە ویرووسی نەخۆشییەکە زۆر چالاکترە لە ویرووسی وڵاتانی ئیسلامی.

بۆ لەناوبردنی ئەو ویرووسە دەبێ هەردووک لایەنەکان بە شێوەی بەردەوام چالاکی بکەن. بێ لایەنی و بێدەنگی بە ڕادەی خودی سەلەفی و جیهادیستەکان بۆ کۆمەڵگای ئوروپایی مەترسیدارە.

## قسەی کۆتایی

کۆمەڵناس و سیاسەتوانی زانستیی وەك ئێرنست گێلنەر "Ernest Gellner" و فرانچیس فوکویاما "Francis Fukuyama" ئیسلامگەرایی وەك جووڵانەوەیەك دەبینن کە ئەمڕۆ ڕۆڵ و کارتێکەرییەکی بۆ دنیای ئیسلام هەیە کە هاوچەشنی ئەو کارتێکەرییانەیە وا سوسیال – ناسیۆنالیستەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئورووپا بوویان. من خۆم دنیای ئیسلام وەك پیاوێکی پیری بێ دەستهەڵات دەبینم کە گۆچانێکی بەدەستەوەیە و بە تووڕەیی لە دەوری سەری خۆی هەڵدەسووڕێنێ و هەر کەس لێی نزیك بێتەوە، پلارێکی تێدەگرێت. ئەو دەهۆڵ و هەراوهوریایەی ئیسلامیستەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان وەڕێیان خستووە، بۆ من نەک هەر نیشانەی بەهێزبوون نییە بەڵکوو تەنانەت هی بێ هێزیی ئەوانە؛ ڕاست وەك نەڕاندن و هاوار کردن لە لێرەوارێکدا. بەڵام هەر ئەو بێ هێزییەی ئیسلامیستەکانە کە مەترسیدارە.

فاشیزم لە ناو نەتەوەکانی ئاڵمانی و ئیتالیایی لە فازێکی هاوکاتدا پێکهات، سەردەمێك کە ئەو وڵاتانە بۆ وێناکردن لە نێوان بارودۆخی فەرهەنگی و ناسنامەی نەتەوییان، لەگەڵ دنیای ڕاستەقینە زۆرانیان دەگرت. **ئێمە لێرەین، لەولاش ئەوانیترن کە دوژمنی ئێمەن و لێمان دوورن.** بە شێوەیەکی هاوچەشن موسوڵمانانی جیهان لە بەرێك کە لە مابەین خوازیاریی سوننەتیی ئایینیی لە لایەکەوە و زانست و ژیانی ڕاستەقینە لە لایەکیترەوەیە، ڕاوەستاون. بارودۆخێکی هاوچەشن لە سەدەی بیستەمدا دوو جار جیهانی تووشی کارەسات کرد. ئیسلامی فاشیستی لەو سەردەمەدا پێکهات و تا ئەورۆش لایەنگرێکی زۆری هەیە. بەڵام خۆهەڵواسین بە فاشیزمەوە و هێزگرتن و هەڵمسان لە فازێکی تایبەتیی کاتیدا هیچ سوودێکی ئەوتۆی نابێ چونکە بەهۆی ئەزموونەکانی مێژوویی، فاشیزم بەردەوام نامێنێ و زۆر بە زوویی توونا دەبێ. مانی فاشیزم بە شەڕ، شوشتنەوەی مێشکی مرۆڤ و قوربانیدانەوە، بەستراوە. بەڵام لە

کۆتاییدا فاشیزم هەمیشە شکەستی هێناوە. پرسیار تەنیا ئەوەیە: چەندە درێژەی دەبێ؟ یاخود بە چ نرخێك ئەو سەرکەوتنە تەواو دەبێ؟ بەداخەوە تا فاشیزم لە ئوروووپا چۆکی پێ دادرا، چەندین ملیۆن مرۆڤ لەو شەڕەماڵوێرانکەرەدا گیانیان لە دەست دا. شارەکان و ژینگەی مرۆڤ و ئاژەڵ لە ناو چوون و تەنانەت دوای زەفەربردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بەسەر ئەو دێوەزمە ماڵوێرانکەرەشدا، بۆ ساڵیانی درێژ شەڕی سارد لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەستیپێکرد. بلێی تا ڕووخانی فاشیزمی ئیسلامی، مرۆڤ بتوانێ لەو مەیدانی شەڕەدا بە زەرەر و زیانێکی کەمتر ڕزگاریی بێ؟ ئایا ماگنەتیزمی مودێرنیتە و دێموکراسییەت دەتوانن لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بارودۆخێکی ئەوتۆ پێکبێنن کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتەکانی ڕۆژئاوا، قوربانی کەمتر بدرێ یاخود ژینگە و بوونەوەرەکانی زیانێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوێت؟ بڵێی بێ ئاگایی و بێگانەیی مرۆڤ لە وڵاتە ئیسلامییەکان بۆ کاری بەکۆمەڵ و هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ژیانێکی پڕ لە هێمنیی، هیچ ئاکامێکی بەدوادا نەیەت؟

ڕەنگە مرۆڤ لە میسر پێشی بە دروستکردنی وڵاتی ئیسلامیی برایانی موسوڵمان گرتبێ، بەڵام ئەوە بەمانای کۆتایی هێنان بە ئیسلامیزم بە گشتیی نییە. تەنانەت بە مانای لەناوچوونی برایانی موسوڵمانیش نییە، چونکە هەر وەك پێشتریش باسمان لێوە کرد، ئەوان نەك هەر لە میسر بەڵکوو لە نیزیکەی حەفتا وڵاتی جیهانیدا چالاکییان هەیە و تۆڕێکی گەورە بە دەرەتانی ماڵیی یەکجار زۆرەوەیان پێکهێناوە.

بەڵام هیوادارم بارودۆخ بۆ پێکهێنانی وڵاتێکی ئیسلامی بە ئیسلامیستەکان تەنگ بکرێت. مەلاکانی ئێران توانیان چەند ساڵ پێش ئێستا وڵاتێکی ئیسلامی دیکتاتۆر پێکبهێنن و خۆیان لەژێر سێبەری شەڕی سارددا بشارنەوە و بە هۆی چاڵاوی نەفتی وڵاتەکە و بارودۆخی سیاسی و ئابووری خۆیانەوە، سەرەڕای دابڕان و ئیزۆلەبوونیان لە زۆربەی وڵاتانی دنیا، خۆڕاگریی بکەن. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردووەوە زۆر ئەستەم دەکرێ دیکتاتۆرییەکی ئاوا دژ بە مرۆڤ خۆڕاگری بکا یاخود یەکی نوێ دروست بکرێت، چونکە بە جیهانی بوون و بەستراوەیی ئابووریی جیهانی بە یەکەوە و هەروەها پەیوەندیی مودێرنی مرۆڤ لەسەر ئەم هەردە پێش بە دروستبوونی دۆڵپای وەك مەلاکانی ئێران دەگرێت. تەنانەت دیکتاتۆریی وەك کۆریای باکوور یا تورکمەنستانیش ناتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن.

لە کۆنفرانسێك کە ساڵی ٢٠١٣ لە برلین گیرابوو، باسێکم لەگەڵ سیاسەتوانی زانستیی ئەمریکایی بەناوی فرانچیس فوکویاما "Francis Fukuyama" لەسەر تێزێك بە ناوی کۆتایی مێژوو "End of History" دامەزراند. دوای ڕووخان و لێکبڵاوبوونەوەی وڵاتە کومونیستەکان بە گشتی و رووسیە بەتایبەت، فوکویاما لەسەر ئەو باوەڕیە کە سیستەمی دێموکراتی لیبرالی وەك تەنیا ئاڵترناتیو جێی ئیدیۆلۆژی وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە. من لێم پرسی، ئایا دێمۆکراتیی و ئازادیی وڵاتە ئیسلامییەکانیش دەگرێتەوە؟ ئەو گوتی:

"بە بڕوای من ئیسلامیزم کۆتایی پێ نایە، چونکە پوتێنسیالی ناهومێدیی لە ناو گەنجانی موسوڵمان یەکجار زۆرە و پەرەسەندنی ئابووریی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیی زۆر نزمە. بە پێچەوانەی چین کە وردە وردە بارودۆخی ئابووری جیهانیان لەژێر باڵی خۆیان گرتووە، لە وڵاتانی ئیسلامیی بە ڕاشکاویی و گورجی بەرەو وەستان دەڕوا. دیارە بەهۆی ئینتێرنێت و کەرەسە پەیوەندییەکانی جیهانییەوە، ئەو وڵاتانە دەتوانن بزانن لە دنیادا چی ڕادەبرێت. ڕەنگە مرۆڤ بتوانی بەهۆی مانگرتن یاخود چالاکیی سیاسی یەك یا دوو دیکتاتۆریش بڕووخێنێ، بەڵام دوای ماوەیەك تێدەگەن کە بەهۆی بارودۆخی کزی ئابووری هیچ گۆڕانکارییەکیان بۆ بەڕێوە ناچێت. ڕەنگە شۆڕشێك لێرە و ڕووخانێك لەوێ پێك بێ، بەڵام هەمووشتێك هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە. تەواو ئەو بارودۆخە بۆ ئیسلامییە فەناتیکەکان جا هەر نێوێکیان لەسەر بێ، وەك زەوییەکی پڕ پیت و بەرەکەت وایە. ئیسلامییەکان ڕەنگە نەتوانن وڵاتێکی ئیسلامی سەربەخۆ پێکبێنن، بەڵام لەسەر تەرم و پەیکەری رووخاوی بەجێماوەی وڵاتەکان یاسای شەریعەت دادەمەزرێنن وەك لە عێراق، سوریە، لیبی، سومالیی، ئەفغانستان و مالیا ئەنجامیان دا. چەند فاکتۆرێك کارتێکەری ڕاستەوخۆیان بۆ پێکهێنانی ئەو بارودۆخە هەیە:

- ٦٥ لە سەدی موسوڵمانانی جیهان تەمەنیان لەژێر سی ساڵە.
- پلەی بێکاریی لەناو گەنجاندا بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر گورج دەچێتە سەرێ.
- وزە و پۆتێنسیالی تووڕەبوون وەك رژانی نەوت بۆ ناو ئاورە و وێناچێ وزەی ئەو گەنجانە وا بە زوویی بەرەو ماندوویی بڕوا، چونکە کێشە

دروستکردن لە کۆمەڵگای ئیسلامی زۆر ساکارترە هەتا ڕێگاچارە دۆزینەوە بۆ کێشەکان.

- بەرپرسانی وڵات خۆیان بە کێشەی وڵاتەکانەوە ماندوو ناکەن، هیچ ئالترناتیوێکیتر بۆ گەنجان نامێنێتەوە و بە ناچار بەرەو بزوتنەوە ئیسلامییەکان وەڕێ دەخرێن.

ئیسلامیستەکان باوەڕیان بە ڕیفۆڕمی ئابووری و سیاسی نییە. مافی حاکمییەتیان بە خودا ئەسپاردووە و خەڵکیان لە بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان دوور خستۆتەوە. ئەوان باوەڕیان بە بەربەرەکانی هەمیشەیی خودا دژ بە تووڕەیی لە جیهاندا هەیە، کە ئەنجامەکەی زەفەربردنی "چاکە" بەسەر "خراپە"یە. تەنیا ئەو کاتەی وڵاتی خودایی دانەمەزرابێ، تەنیا ئەو کاتەی هەموو مرۆڤی جیهان نەبووبێتن بە موسوڵمان، ئاشتیی و خۆشیی جیهان داناگرێ. تا گەیشتن بەو کاتە، جیهاد بەشێوەی بەردەوام درێژەی دەبێ.

هاوکات بەو هۆیەی ئایینی ئیسلام هێندە شاخ و باڵی لێ بۆتەوە و هێندە گرووپی جیاوازی لێ ساز کراوە و هیچکامیشیان ئەویتر بە ڕێگای ڕاست دانانێن، یەکبوونی موسوڵمانانی جیهان تەنیا وەك خەون و خەیاڵی لێ هاتووە. تەنانەت محەمەد کاتی خۆی پێش بینی کردبوو کە ئیسلام بەسەر ٧٢ ڕێگادا بڵاو دەکرێتەوە کە ٧١ لەوان دەچنە ناو جەهەنم و تەنیا یەکیان دەچێتە ناو بەهەشت. سەیر ئەوەیە کە هەرکام لەوان خۆیان بە گرووپە بەهەشتییەکە دادەنێن."

کێشەکانی سوریا، لیبی، ئەفغانستان، پاکستان، عێراق، لوبنان و یەمەن، گەورەبوونەتەوە و هەڵمسانی فەناتیکەکان لە وڵاتانی خەلیج و شەڕی باوەڕی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعوودی، هەر هەموویان زەمینەی شەپۆلێکی نوێ بۆ رادیکالبوون ساز دەکەن کە زۆر بە هێزتر دەبێ لە هەموو ئەوانەی پێشوو، چونکە ئەو شەڕ و لێکدانە تەنیا سنووری وڵاتە ئیسلامییەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو ئەو شانۆیە جیهان دادەگرێ. تەنانەت ئیسلامیستەکان لە ڕۆژئاوا زۆر هاسانتر دەتوانن خۆیان ئورگانیزە بکەن و لایەنگری ئیزۆلەکراوی ناو کۆمەڵگاکان فریو بدەن. سوسیال ناسیۆنالیستەکانی ئاڵمان دوای ١٢ ساڵ شکەستیان خوارد. کومونیزم توانی ٧٢ ساڵ

خۆڕاگریی بکات. ئیسلامیستەکان سەرەڕای ئەو هەموو شکەستەیان پەیتا پەیتا لایەنگری نوێ بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، چونکە خۆیان بە خودا و پلانی ئەوەوە هەڵواسیوە.

بە بڕوای من فاکتەرێکیتریش بۆ سەرکەوتن دەبێ لێی زیاد بکرێ ئەویش گوشاری لاوەکییە، کە فاشیستەکانی ئاڵمان و ژاپۆنی هێنا سەر ئەژنۆ. لە ژاپۆن دێموکراسی ئەو کات پێکهات کە قەیسەریان لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی خولار کردەوە. دێموکراسی لە ئاڵمان ئەو کات دەستیپێکرد کە پلان و ویستی هیتلێر بۆ خەڵکی ڕوون بۆوە و کەسایەتییەکەیان لە پێشەواوە بۆ مرۆڤێکی خوێنڕێژ بە خەڵکی ناساند. بەڵام لە دنیای ئیسلامدا هیچ کەس ئەو غیرەتە بەخۆی نادا کە هێزی ئاسمانی لەژێر پرسیار دابنێت و ڕەخنەی لێ بگرێ. وێدەچێ زۆربەی موسوڵمانانی جیهان ئەستەم تێ بگەن کە ئازادیی و دێموکراسی ناتوانن خۆیان لەگەڵ بوونەوەرێکی نەبینراوی ئاسمانیی سازگار بکەن کە لە ڕێگای دوورەوە کونترۆڵ دەکات. نایانەوێ تێ بگەن کە ئەوە نەك باوەڕ بەڵکوو کردەوەی مرۆڤە کە بڕیاردەرە و هیچ ئیدیۆلۆژییەکی ئەم جیهانە شایانی ئەوە نییە کە مرۆڤ، مرۆڤی تر بکووژێ یاخود گیانی خۆی بۆ فیدا بکات.

هیوادارم بمتوانیبایە لەو نووسراوەیە دا وێنای بکەم کە سووپێرمارکتی قورئان چەندە پڕە و چەندە کەل و پەلی جیاوازی بۆ خوێنەران و باوەڕپێکراوان تێدا کۆبۆتەوە. بە داخەوە ئەو کەل و پەلانەی ناو قورئان بەهۆی ڕێک و پێکییەکی نادیار لە جێی خۆیاندا دانەنراون. ڕێکەوتی کەڵک لێوەرگرتنی زۆربەی کەل و پەلەکان دیار نین و جار و بار تەنیا ئەو کاتە دەبینرێن کە کۆنتێکستی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی لەگەڵ ڕاستییەکانی ئێستا هەڵسەنگێندرێن. هەموو موسوڵمانێکیش لەو سۆپێر مارکتە شت ناکڕن، ئەگەرچی ئەو سۆپیر مارکتە بەگشتی بە باشیش دادەنێن. ئەو کەسانەی لەو دووکانەدا دەخولینەوە، نیازی جیاوازیان هەیە. تاقمێك سەرنجیان بۆ ئەو بەشانە ڕاکێشراوە کە لەگەڵ بارودۆخی ژیانیان، لەگەڵ کار، بیرکردنەوە و گوتەکانیاندا دەگونجێ. کەسانێك تامەزرۆییان بۆ ئەو بەشانە هەیە، کە ئالترناتیوێك بۆ بارودۆخی ژیانی کاتییان بۆ پێك دێنێ و یارمەتیدەریان دەبێ بۆ خۆ نواندن و هەست بە کەسایەتی خۆ کردن. مرۆڤێکی ژن یا پیاوی موسوڵمان کە لە سروشتیدا ئاشتیخوازە، یاخود بەو

شێوەیە ڕاهێنراوە، بەدوای سووڕە ئاشتیخوازەکانیەوەیە و ئەو پەرتووکە بە ئیسلامی ڕاستەقینە دادەنێ. ئەو باوەڕپێکراوانەی سەر بۆ شەڕخوازی دادەنەوێنن و خۆیان لە کۆمەڵەکانیتر بە جیاواز دەناسن، لە لایەن بەشە شەڕخوازەکانی کتێبی قوڕئانەوە ڕادەکێشرێن.

بەڵام هەر وەك گوتمان: هەموو کەسێك لە ناو ئەو سوپێرمارکتەدا شت ناکڕێ. زۆربەی هەرەزۆری موسوڵمانان لە ڕێگای خوێندنەوە یا گوێ ڕاگریی ئاگاداری سووڕەکانی قوڕئانن. لەو ڕێگایانەوە هەست بە هەستێکی گەرم دەکەن کە ئەوان ئەندامی شتێکی مەزن و گەورەن یاخود پەیوەندایەتیان بە کارێکی ئیلاهییەوە هەیە و هەر بەو هۆیە ئاگاداری ئەوە نین کە ئایا ئەو نووسراوەیە بۆنی رق و کینەی لێ دێ، یاخود ئاشتیخوازانەیە. زۆربەی موسوڵمانان ئاگاداری ناوەڕۆکی نووسراوەکانی قوڕئان نین. هەروەها هەموو باوەڕپێکراوێك، ئیسلامییەکی ڕاستەقینە نییە. هەروەك مەسیحییەکان یاخود باوەڕپێکراوانی ئایینەکانیتریش زۆربەی لایەنگرەکانیان ئاگاداری ناوەڕۆکی نووسراوەکانی ئایینەکەیان نین. زۆربەی موسوڵمانان هەڵس و کەوتێکی ئارام و بێ قرەی ئایینی وەك کاتۆلیك، یەهوودی، یا مەسیحیەکانیان هەیە. مرۆڤی ئۆرتۆدۆکس، نەریت خوازی خۆپارێز لە هەرکام لە ئایینە گەورەکان دا دەبینرێن.

مەسیحییەکان شەڕی خاچپەرەستی و فازی کۆلۆنیالیزمی خۆیان هەبووە، کە مرۆڤ دەتوانی بەکورتی بڵێ: "پرەنسیپی لە پێش هەمووشتێکەوە "شمشیر" و ئینجا پەرتووکی 'ئینجیل'". مەسیحییەکان وەپێش مێژووی چەند بەرەیی و جیابوونەوەی کلیساکانیان کەوتوون و بەپێی کات کارەساتی براکوژی و لێکهەڵبڕانیان کۆتایی پێ هێناوە و لە بزووتنەوەی گشتیدا هەمیسان یەکیان گرتۆتەوە، ئەگەرچی هێشتا بۆ گەیشتن بەو یەکیەتییە کارێکی زۆریان لە پێشە.

هەڵبڕانی سوونە و شیعە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و وێدەچێ کە فراکسیۆنی ئاشتی هەڵنەگر لە بەرانبەر یەکتردا هیچکات وەك ئەمڕۆ هێندە بە هێز نەبووبێت. شەڕی دژ بە بێدینان، کە بە پێی قوڕئان ئەو دەمە کۆتایی پێ دێ کە هەموویان توونا کرابن، نیزیکایەتی ئایینەکان نەگونجاو دەکات. تا ئەو کاتەی هێزە ئیسلامییەکان شەڕی جیهانیان لە مێشك دابێ و شەڕەکە بە ئەرکێکی ئیلاهی دابنێن، ئەو نیزیکییە هیچکات

پێك نایەت و هیوای پێکەوە ژیانی پڕ لە ئاشتی و ئارامی هەموو مرۆڤ کوێر دەکرێتەوە.

بەڵام تاوانی ئەو ڕووداوە ناتوانین تەنیا لەسەر شانی قورئان دانێین. مرۆڤ ناشتتوانێ بە گشتی بڵێ کە ئیسلام ئایینێکی شەڕخوازانەیە. بەڵام بە ڕاشکاوییە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ بەهۆی پرەنسیپی ڕاوێژکارانی ئەو ئایینەوە، بارودۆخێك هاتۆتە ئاراوە کە بەشێکی تایبەت لە سوورەکانی قورئان گرنگایەتییەکی تایبەتیان پێدراوە و لەم ڕێگەیەوە زۆربەی سوورە ئاشتیخوازەکانی بێ ڕەنگ و پووچەڵ کردۆتەوە.

ئەو کێشەیە ئەوەشی لێ زیاد دەکری کە پێشتریش باسمان لێوەکرد، ئەویش دانانی کتێبی قورئان نەك وەك تێکستێکی ئینسانی بەڵکوو وەك مانیفێستێکی ئیلاهی و گوتەی کۆتایی خودا کە بەسەر شوێن و کاتدا تێپەڕ دەبێ و گۆڕانی بەسەردا نایە. لەبەر ئەوە، بە بڕوای من ناتوانرێ نووسراوەی قورئان بەو شێوەیە سەیر بکرێت کە شێوازی پێشووی بوویەتی: حکوومەتی محەمەد و کۆمەڵەکەی، هەڵسو کەوتێك لەسەر ڕووداوەکان و بارودۆخی سەردەمی کاتیی خۆیەتی، وەك کۆمەڵێکی ئایینی تازەپێگەیشتوو.

ئەگەر مرۆڤ ئەو بۆچوونەی لەبەر چاو بێ، پەرتووکی قورئان دەتوانێ بەو شێوازە بە ڕوونی خۆی دەستەبەندی بکات:

- **بەشی بەڵگەیی**، کە خۆی بە پەروەردەکردنی کۆمەڵەکەی محەمەد و هەڵس و کەوت لە هەنبەر خەڵکانی مەککە، یەهوودی و تەنانەت بە ژنەکانی محەمەدەوە خەریك کردووە. ئەو بەشەی قورئان لە ڕاستیدا دەکرێ تەنیا لە کۆنتێکستی مێژوویی سەردەمی کاتیی خۆیدا بخوێندرێتەوە و لێی تێ بگەین، چونکە ناوەڕۆك و ڕوانگەی ئایینیەکەی لەسەر سروشتی سیاسی – مێژوویی سەردەمی خۆی ساغ بۆتەوە و نابێ هیچ کارتێکەرییەکی لەسەر ژیانی ئەمڕۆی موسوڵمانان هەبێ.

- **بەشی یاسایی**، کە بۆ دابینکردنی ئاسوودەیی، خۆشی ژیان و بەرگریی لە کۆمەڵی محەمەد و جار جارەش لەسەر وت و وێژ لەگەڵ دوژمنانی پێشووی ساغ بۆتەوە.

ڕەنگە مێتودی بێ بەزەییانە بۆ تاوانی لەشیی دژبەران و بەجێ نەهێنەرانی یاساکان بۆ سەردەمی خۆی شتێکی ئاسایی بووبێ، چونکە لەو سەردەمەدا هێچ ئاڵترناتیوێکی تر بوونی نەبووە. بۆ وێنە پەڕینی دەستی مرۆڤ بەهۆی هەوڵی دزینی دوبارە، بۆ ئەو سەردەمە کە بەندیخانە بوونی نەبووە، بۆ ترساندنی مرۆڤ و پاراستنی ماڵ و دارایی شاروەندان بە کارێکی باش دانراوە. لەمڕۆدا وڵاتێك بە سیستەمی مافناسیی و یاساییەوە ئیمکانی زیاتری بۆ سزادانی مرۆڤی تاوانکار هەیە. لە ڕاستیدا ئەو سووڕانەی قوڕئانیش بۆ سەردەمی ئێستای ئێمە متمانە و ئیعتباری خۆی لەدەست داوە و لە دنیای مودێرندا ئیتر ناتوانن بۆ دابینکردنی ئارامی کارتێکەرییەکی ئەرێییان هەبێ. بە هەمان شێوە بۆ ئەو کەسانەی ئەڵکۆڵ دەخۆنەوە یاخود زینا دەکەن، مافی بنەماڵە، یان مافی میرات و سوود خۆری و هتد... ناکرێ یاسای ئەو سەردەمە بەکار بێنین. بۆ ئەو سەردەمە دانانی یاسای پەیوەندیدار لەگەڵ بارودۆخی تایبەت بە خۆ، پێویست بووە و زۆریش بێ بەزەییانە و دوور لە مافی مرۆڤ بوون. لەمڕۆدا لە هەرکام لە وڵاتانی مۆدێرن - چەند ئایینیی و دێمۆکراتەکان هەوڵی پێکهێنانی کۆمەڵگایەك دەدرێ کە هەر مرۆڤێك بە هەر تایبەتمەندییەکەوە تێیدا هەست بە بەختەوەری بکات.

- **بەشی ئەدەبی**، کە خۆی بە گێڕاوەکان و چیرۆکی پێغەمبەرانی ناو کتێبی قوڕئان و هەروەها هەواڵ لەسەر خۆشیی بەهەشت و سووتانی جەهەننەمەوە خەریك کردووە، بە تامەزرۆییەوە داب و نەریتی سەدەی حەوتی وڵاتە عەڕەبییەکان دەگێڕێتەوە. مرۆڤ نابێ ئەو مێژووە زۆر بە گرنگ دانێ، بەڵکوو تەنیا وەك گێڕاوەی سەیر بکات. عارفان دەمێکە چارەیەکیان بۆ دۆزیوەتەوە: ئەوان سووڕەکانی جەهەننەمیان لە قوڕئاندا ڕووحانی کردوە و بە شێوەی خوازتنەوە (استعاره) لێی تێ دەگەن. بۆ ئەوان جەهەننەمی ڕاستەقینە زیاتر بە جیابوونەوە لە خودا و بەرەنگاربوونەوە لە تاوانەکانیان دادەنێن.

- **بەشی گشتی ئەخلاقی**، پێکهاتووە لە دادپەروەریی، یەکڕوویی، یەکسانی، یەکیەتیی، بەفەرمی ناسین و سەلماندنی خوڵقاندن و بە گرنگ زانینی کاری ئەخلاقی و وەفاداریی. ئەو تایبەتمەندییانە بێ شك گرنگترین هاندەر بۆ ناسنامەی هەر مرۆڤێکن و تەنیا پەیوەندییان بە باوەڕپێکراوانی موسوڵمانەوە نییە. هەر کۆمەڵگایەکی بەکارهاتوو و کاریگەر لەم جیهانە جا هەر ئایین یا باوەڕێکیان هەبێ، کۆمەڵگاکەیان

لەسەر ئەو تایبەتمەندییانە بونیات ناوە. ئەگەر عالمان و مامۆستایانی ئایینی زیاتر کاتی خۆیان بەو تایبەتمەندییانەوە خەریك كردبایە، بۆی هەبوو کۆمەڵەکانی ئەم جیهانە زیاتر لێك نیزیك ببانەوە.

- **بەشیَ مەعنەوی سوورەکان،** كە لەوێدا هەر مرۆڤێکی باوەڕدار سوکنایی و هیواداری تێدا دەدۆزێتەوە.

بەڵام مرۆڤ چلۆن هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو سوورانە دەکات کە پەیوەندییان لەگەڵ محەمەد دا هەیە؟ لە ڕوانگەی منەوە ڕەخنەیەکی وشیارانە لەسەر گوتە و کردەوەی پێغەمبەر کارێکی یەکجار زۆر گرنگە. تەنیا بۆ ئەوەی گەنجانی موسوڵمان لە هەنبەر بەڵگەهێنانەوەی گرووپە ئیسلامیستە ڕادیکاڵەکان خۆیان ئامادە کردبێ. بەهۆی تەڵە دانان لە سەر ڕێی ئەو گەنجانەوە هەستی کەمیی ویژدانیان تێدا پەروەردە دەبێ کە گۆیا ژیانیان بە پێی گوتەکانی قورئان بەڕێوە ناچێ. ئەگەر گەنجانی موسوڵمان فێر بن بەشەکانی قورئان بە پێی کۆنتێکستەکەی تێ بگەن، نەک هەر دەتوانن باوەڕەکەیان ڕابگرن، بەڵکوو خۆیان بۆ تێگەیاندن و ڕوونکردنەوەی کەسانیتریش ئامادە بکەن.

پرسیارێکی هاوچەشن ئاڕاستەی هەڵس و کەوت لەگەڵ سوورەکانی ئاشتی و شەڕخوازی ناو کتێبی قورئان دەکرێ. بە بڕوای من تێگەیشتن لە هەردووکیان دەبێ لە پەیوەندایەتیی لەگەڵ کۆنتێکستەکانیاندا سەیر بکرێن، هەر بەو هۆیەشەوە نەیانتوانیوە تا ئەمڕۆش ئیعتبارێکی گشتی بۆخۆیان پێکبێنن. لە قورئاندا تەنیا "ڕەش و سپی"، "دۆست و دوژمن"، و هەروەك بینیمان بەتایبەت دوژمنێك کە ناتوانن لەگەڵ محەمەد و کۆمەڵەکەی ژیانێکی هاوبەشیان هەبێ، بوونیان هەیە. دیارە ئەمڕۆ هۆگرییەك لە دنیای گلوبالیزە و ئاڵۆزی ئەمڕۆیی بوونی هەیە کە هەوڵی دابەشکردن دەدا، بەڵام ناتوانێ بە کردەوە کار بکات و سەرکەوتوو بێ. بەربەرەکانی سیاسی – ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتان لەسەر ئەم هەردە زۆر لەوە ئاڵۆزترن کە مرۆڤ بتوانێ شماتیکێکی ڕوون بۆ جیاکردنەوەیان بدۆزێتەوە. ئێمە لەمڕۆدا لە دنیایەکی چەند کولتووری - نەتەویی - ئایینیدا دەژین. پەرتووکی قورئان کە یەهوودی و مەسیحی بە کافر لە ئەژمار دێنێ، مەبەستی یەهوودی و مەسیحی و ئاتیستی ئەمڕۆیی نییە. ئەوان

گرووپێکی تایبەت بە خۆیان بوون کە لە سەرەتاوە رەقیبی کاتیی محەمەد بوون و دواتر کێشە و شەڕیان لێ پەیدا بووە. پێغەمبەر لە ماوەی ٢٣ ساڵ حکوومەتیدا چەندین جار بۆچوون و هەڵس و کەوتی خۆی بە پێی کۆنتێکست و بارودۆخ لە هەنبەر ئەو گرووپانەدا گۆڕیوە.

لەسەر ئەو بۆچوونە جیاوازانە، مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ خوی خەریك بکات، کە ئیلاهی بوونی تێکستەکانی ناو قورئان لە ژێر ڕەخنە دابنێ و یاخود لای کەم بێلایەنی بکا. ئەگەر ئەو کارە پێك نەیەت، خودا وەك کاتی بێ بن دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانکاریی و ڕیفۆرمێك پێك نایە. چونکە خودا پێویستیی بە کۆنتێکست نییە، گوتەکانی لە سەرووی کات و شوێنەوە وەستاون و ئەگەر لە پەرتووکی کۆتایی و سوورەی کۆتایی قورئاندا دەڵێ: **"بێ دینەکان بکووژن"** دەبێتە فەرمانێك بۆ هەموو سەردەم و کاتێك.

ئەگەر مرۆڤ بە پێچەوانە، تێکستەکانی ناو قورئان بە تێکستی ئینسانی دابنێ، دەتوانێ ئەو سووڕانەی کە لە پەیوەندیی لەگەڵ کۆنتێکستی مێژوویيدان، ڕێك و پێك بکا و سووڕە گشتییەکان کە هێزی ڕۆحیی دەجوولێننەوە یا پەندی ئەخلاقیان بۆ مرۆڤ پێیە، بەرجەستە بکاتەوە. لەسەر پرسیاری شەڕ یاخود ئاشتی، ئەو نووسراوەیە نەك هیچ یارمەتیدەرێك بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکوو سەر لە مرۆڤیش دەشێوێنێ. ئەگەر مرۆڤ بۆ سەلماندنی ڕوخساری ئاشتیخوازیی، بۆ تێگەیشتن لە ڕادەی ئیدیعای سیاسی کەڵك لە تێکستەکانی قورئان وەرگرێ، نووسراوەکە لە پلەیەکی باڵاتر دادەنرێ. بە هەمان شێوە ئەو تێگەیشتنە بۆ سەلماندنی ڕوخساری شەڕخوازی و خراپکاریش جێی باوەڕە ئەگەر مرۆڤ بەدوای سەلماندنی شەڕخوازی کەوتبێ. کتێبی قورئان تەیار بە دوو ڕوخساری ئاشتی و شەڕخوازییەوە، نە زۆر و نە کەم، هەوڵی پشتیوانیکردنی زۆرانبازیی محەمەد لەگەڵ دوژمنانی دەوروبەری بۆ پێکهێنانی ئایینێکی نوێ دەدەن. دروشمی "هەموو بێدینەکان بکووژن، جا لە هەر جێیەك تووشیان هاتن"، زیاتر پەیوەندی بە بیوگرافی پێغەمبەرەوە هەیە کە بەردەوام لە بارودۆخێکی پارانۆیادا دوژمنی لە دەوری خۆیدا بینیوە. چلۆن و چەند جار هەوڵی داوە فانتازیای هێزی تەواو و کامیلی خۆی بسەلمێنێ، کە بەهۆی نموونەکانی هەڵس و کەوتی لەهەنبەر یەهوودی و مەسیحیەکانەوە ڕوون دەبێتەوە. ئەو کاتەی ئەو خەڵکانە نەیانویستووە

پێغەمبەرییەکەی و ئایینێکی نوێ بسەلمێنن یاخود پشتیوانی لێ بکەن، لە پلەی ئایینی نموونە و مرۆڤی ئەهلی کتێبەوە بەرەو بێ دین و خەیانەتکار نەزمی کردوون.

پەرتووکی قورئان نەک هەر بەهۆی فۆرمی وەحی کردنەوە، بەڵکوو بەهۆی بەڵگەی مێژووییشەوە، دانەبڕاو لە کەسایەتی محەمەد، بەردەوام چالاك بووە. تەنیا ئەگەر ئەو کاتەی مرۆڤ ئەو پەیوەندییەی ناسیوە و هەڵوێستی پەرتووکی قورئانی وەك دژەکردەوە لە بەرانبەر بارودۆخێکی تایبەتدا وێناکردووە، توانیویەتی ئەو نووسراوەیە لە لووتکەی ئیعتباری گشتی بێنێتەخوارەوە. ئەو کارە هەم بۆ موسوڵمان و هوم بۆ غەیری موسوڵمان وەك یەك وایە، چونکە ئەو کاتەی وڵاتانی ڕۆژئاواییش ڕەهەندێکی سیاسی بە قورئان دەدەن، مرۆڤ نابێ پێی سەیر بێ کە ئیسلامیستەکانیش بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێ وەرنەگرن. بۆ ئەوان ئەو کتێبە، کە لە پەنا هەموو ڕوانگەکانیتریەوە شکۆ بە ئاگری شەڕ دەدا، ئیزنی بە کۆیلە کردنی ژن و منداڵ دەدا و بێزاری و نفرەت لە لایەنگری ئایینەکانیتر دەکات، وەك تەرح و نموونەیەکی شەڕخوازییە. بۆ خەڵکانیتری دنیاش "شۆڕشگێڕانی نیقابدار دەبنە خوازەی ئیسلام".

یەکیان ئاوا یەك لایەنەیە، لە کۆتاییدا چەوت وهەڵە، وەك ئەویتریانە. ئەوە کورتکراوەیەکە، کە بۆ هەردووك لا زۆر ڕاحەت و ئاسوودەیە. ئاڵقەیەکی شەیتانیی کە زۆر چەتوون دەکرێ زەفەری بەسەردا بێنێ و لێی دەرباز بێ. یەکەم هەنگاو، دەبێ ئەوەبێ، کە کتێبی قورئان وەك نووسراوەیەکی سیاسی و یاسایی سەیر بکرێ. ئەو کتێبە فانتازی و ئاواتێکی سیاسی ناڕاستەقینەی خوڵقاندووە کە لەسەر شەیدایی پوختەکراو بونیات نراوە. لێرەدا تەنیا بە چەکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی - ڕەخنەیی دەکرێ ناڕاستەقینەبوونی پووچەڵ بکرێتەوە. ئەو کارە تەنیا ئەو کاتە پێکدێ کە مرۆڤ بتوانێ مەودا لەو تێکست و نووسراوەیە بگرێ. وێناکردنی ئەو کتێبە وەك گوتەی خودا پێش بە لێکۆڵینەوە و پەرەسەندنی ناوەڕۆکی پەرتووکەکە دەگرێ بە تایبەت بۆ لێکۆڵینەری موسوڵمان. هەڕەشەکردنی فناتیکەکان و ترس لەوەی نەکا زیان بە هەستی باوەڕپێکراوان بگا، دیوارێکی قایمی پێکهێناوە کە سەرەڕای ئەوەی تێپەڕبوون لەو دیوارە زۆر ئاستەمە، سیمێکی چوکڵەداریشی بە دەوری تێکستەکەدا کێشاوە. ئەو

دیوارە دەبێ بەهۆی زانست، ئازایەتی، ڕاست و دروستی و یەك ڕەنگییەوە بڕووخێنرێت.

ئورووپا ئەوکات توانی خۆی لە دۆڵپای هێزی ئایین و عەزابی سەدەی ناوەڕاست ڕزگار بکات کە فەرهەنگی پرسیارکردن بووە جێگری فەرهەنگی وەڵامدانەوە. شك، گومان و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی شۆڕشێکی زانستییان وەڕێخست کە هەموو دنیا بەهرەی لێ وەرگرت. سەرەڕای ئەوەش مەسیحییەت لەناو نەچوو، بەڵکوو تەنیا لە گۆڕەپانی سیاسیدا ئازاد کرا. یەك لە مەزنترین چالاکییە مودێڕنەکان ئەوە بوو مرۆڤیان لە بارودۆخێکی ئەوها دانا کە بتوانێ خۆی لە ژێدەر، ئایین و نەتەوە جیاکاتەوە و مەودای لێبگرێ، خۆی لەو بازنەیە بێنێتە دەرێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە دوورەوە بە چاوی ڕەخناوییەوە سەیری بکات. لێرەدا مەبەست ئەوە نەبووە کە مانا و کۆنسێپتی ژێدەر، ئایین و نەتەوە ڕەد بکاتەوە، بەڵکوو بە شێوەی کەسیی خۆی لە هەنبەر کۆیلەتیی کۆمەڵایەتی، باوك سالاری و فناتیزم پارێزگاری بکات. تەنیا ئەو کەسەی بە شێوەی ڕەخناوی لەهەنبەر خۆی و کۆمەڵگا و مانا و کۆنسێپتی فەرهەنگ – ئایین هەڵس و کەوت بکا، دەتوانی بزانێ کە ئەم دنیایە تەنیا لە ڕەنگی ڕەش و سپی پێک نەهاتووە. دوو وشەی وەك باش و تووڕە، باوەڕدار و بی باوەڕ، ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە، "ئەوان" و "ئێمە" بوونیان نییە. ئەوانە لە کۆمەڵگایەکی کراوەدا کە ئێمە پارێزگاری لێ دەکەین، ئیتر جێگایان بۆ نەماوەتەوە.

بەوهۆیەوە مرۆڤ دەبێ لە ئاڵمان و هەموو وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا نەهێڵێت تەوەری ئیسلام ببێتە کەرەستەیەك بۆ ڕاستەکان. ئەوە هاوکات بەو مانایەشە کە بە کراوەیی و ئازادی لەسەر کێشەکان باس و گفتوگۆ بکرێت. تاقمێکیانم لەم نووسراوەیەدا ئاماژە پێکرد. فۆندامینتالیزم، نەفرەت لە ژنان و ئازارگەیاندنی سێکسی، دژایەتی تێکەڵبوونی نەتەوەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگا، دروستکردنی کۆمەڵ لەناو کۆمەڵدا و هەروەها تێرۆر، چەند نموونەی ئەو کێشانەن. بێدەنگیکردن و خۆفریودان کارەکەمان هێندەیتر لێ چەتوونتر دەکاتەوە و دەبێتە هۆی گرنگایەتی نەدان بە هەزاران باوەڕپێکراوی موسوڵمان لەم وڵاتانە کە ساڵیانی درێژە هەوڵی ژیانیکی پڕ لە ئارام و ئاشتییان داوە.

هەروەك چلۆن زۆربەی جار "بێدەنگیی زۆربەی مرۆڤی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی" جێی پرسیارە، ئێستاش "بێدەنگی زۆرینەی موسوڵمانان" بۆتە پرسیارێك. ئەوە ئیتر ڕەزامەندانە نییە کە دوای پێکدادان و تیرۆری ئیسلامیستەکان تەنیا بگوترێ: "ئەو کەسانە لە ئایینی ئیسلام خراپ کەڵك وەردەگرن و ئەوە ئیسلامی ڕاستەقینە نییە. ئەوان لە قورئان ناگەن و بە هەڵە لێی تێ گەییون. چونکە ... خودا ...".

ڕەخنەگران دەتوانن دژ بە قورئان هەر شتێك بنووسن، بەڵام ئەوە لەدەستی ڕەخنەگراندا نییە بەڵکوو تەنیا لە دەستی خودی موسوڵماناندایە بە چ شێوەیەك کەڵك لە پەرتووکی قورئان وەربگرن. ئەگەر بیانەوێ هەر وەك تا ئێستا ئەو کتێبە بە گوتەی خودا و نەگۆڕ دانێن و هەر ڕەخنەیەك بە سووکایەتی و هێرش بۆسەر هەستی کەسی خۆیان لە ئەژمار بێنن، ئەودەم بێ ئەوەی بیانەوێ پشتیوانیان لە ئیسلامیستە فناتیکەکان کردووە کە بە ناوی قورئان دەکووژن، ڕاوەدەنێن و کاری شەڕخوازی بەڕێوە دەبەن. بەڵام ئەگەر بیانەوێ کتێبی قورئان بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەلێگرتن ئازاد بکەن، ڕەنگە بەو هەڵوێستەیان شانسێك بە ڕێفۆرم و گۆڕانی ئایینەکەیان بدەن. بەو کارە خودی پەرتووکی قورئان ڕێفۆرمی بەسەردا نایە بەڵکوو شێوازی بیرکردنەوەی موسوڵمانان و هەڵس و کەوتەکانیان لە هەنبەر تێکستێکی پیرۆز و ئیلاهی گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

لە کتێبی قورئاندا هەردووك پەیامەکان بوونیان هەیە: "پەیامی خۆشەویستی" و "پەیامی ڕق و کینە". ئەوە تەنیا بڕیاری باوەڕپێکراوی موسوڵمانە کە بە کامیەك لەو پەیامانە ئیعتبار بدا. ترۆریستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە کارێکی ئازایانەیە، بە ناوی خودا و پێغەمبەر و قورئانەوە خۆیان بتەقێنینەوە. بە بڕوای من زۆر لەوە ئازایانەتر دەبوو ئەگەر موسوڵمانان کتێبە پیرۆزەکەیان لە ئاسمانەوە هێنابایەتە خوار و وەك تێکستێکی ئینسانی سەیریان کردبا. تەنیا بەو شێوەیە دەکرێ بۆ بەشی ئاشتیخوازیی ئەو کتێبە گوێگر پەیدا بکرێت.

بڕیارەکە تەنیا لای مرۆڤە. بە دڵنیاییەوە وەڵام سەبارەت بە داهاتووی ئایینی ئیسلام لە ئاسمانەوە ناکەونە خوارەوە!

تەواو



ئەو کتێبە لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکاندا بە شێوەی دیجیتاڵی بڵاو بۆتەوە

www.rojhalat.de

www.bokan.de

Email: redaktion@rojhalat.de